٣

# هەزار و یەك شەوە



@Muhammad N Hassan

و: جەوهەر مەحمود داراغا



کتێبی
PDF
Ktebi_PDF
238
posts
19.2k
followers
7
following
Promote
Edit Profile
پەڕەی فەرمی 📚 کتێبی PDF 📚
Public Figure
لێرە
باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان
بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە
.
Ganjyna
.
لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان
drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_
Ktebi_PDF
با لێبوردە بیت
سەحەر
ژیانی پێغەمبەران

@Muhammad N Hassan

# هەزار و یەك شەوە (٣)

وەرگێڕ: جەوهەر مەحمود داراغا

# ناوەرۆك


| | |
|---|---|
| چیرۆكی بلوقیا و جانشا | ٩ |
| چیرۆكی بلوقیا دوای دابڕانی لە جانشا | ٤٨ |
| پاشماوەی چیرۆكی حاسب | ٥١ |
| چیرۆكی سەند وباد | ٦٠ |
| چیرۆكی یەكەم سەفەری | ٦٣ |
| چیرۆكی سێ یەم سەفەر | ٧٣ |
| چیرۆكی پێنجەم سەفەر | ٧٨ |
| چیرۆكی شەشەم سەفەر | ٩٣ |
| چیرۆكی قوم قومی سلێمان | ١٠٤ |
| سەر بوردەی پاشایەك و كوڕەكەی و كەنیزەكێك و وەزیرەكانی | ١٢٤ |
| چیرۆكی مەكری ژنانی . یەكەم وەزیر | ١١٧ |
| وەزیر دووەم و چیرۆكی مەكری ژنان | ١٢٩ |
| سێ یەم وەزیر و چیرۆكی مەكری ژنان | ١٣٣ |
| چیرۆكی وەزیری چوارەم و مەكری ژنان | ١٣٨ |
| وەزیری پێنجەم چیرۆك لەمەكری ژنان | ١٤١ |
| چیرۆكی وەزیری شەشەم لە بارەی مەكری ژنانەوە | ١٤١ |
| چیرۆكی عومەری بازرگان و سالم و سەلیم و جۆردی كوڕی | ١٧١ |
| بەسەرهاتی جۆدر و عبدالسلام المغربی | ١٧٤ |
| سەربووردەی سەفەرەكەی جۆدر لە گەڵ عبدالصمدی مەغریبی | ١٧٩ |
| بەسەر هاتی گەڕانەوەی جۆدری بۆ لای دایكی | ١٨٨ |
| سەر بووردەی گیرانی سالم وسەلیم لە لایەن شاشەمسەوە | ١٩٣ |
| چیرۆكی دروست كردنی كۆشكەكە | ١٩٧ |
| بەسەر هاتی تووڕە بوونی (شا شمس) لە جۆدر | ١٩٨ |
| سەر بووردەی كڕنووش بردنی شاشمس بۆ جۆدر | ٢٠٢ |
| جۆدر دەبێتە زاوای شاشمس | ٢٠٣ |
| چیرۆكی كوشتنی جۆدر و سەلیم بەدەستی سالم | ٢٠٥ |
| كوژرانی سالم لە سەردەستی ژنی جۆدر | ١٩٧ |
| سەربووردەی (عەجیت) و(غەریب) | ١٩٨ |
| چیرۆكی خەونەكەی عەجیب و منداڵ بوونێكی سەمەرە! | ٢٠٧ |
| سەر بووردەی دیل بوونی (مرداس) لە لای برای (حەمل) | ٢٠٣ |
| سەربووردەی ئازاد كردنی (مرداس)و چەكدارانی لە لایەن غەریبەوە. | ٢٠٤ |
| سەر بووردەی جەنگی غەریب بۆ دێو سەعدان | ٢١٤ |
| سەربووردەی دیل بوونی (دێوسەعدان) و كوڕەكانی لە لای غەریب | ٢١٧ |
| پێك گەیشتنی غەریب و فەخرتاج | ٢١٩ |
| چیرۆكی سەفەرەكەی غەریب لە گەڵ فەخرتاج بۆ دۆڵی گوڵان | ٢١٢ |

سەر بووردەی گەڕانەوەی غەریب و فەخرتاج بولای باوکی شاسابوور ٢٢١
چیرۆکی شەڕی نێوان غەریب و(سەمسام)ی ڕێگر ٢٢٣
چیرۆکی ئیسلام بوونی نەتەوەی سەمسام ٢١٧
بەسەرهاتی گەیشتنی غەریب و فەخرتاجی شازادە شا سابوور ٢١٨
سەر بووردەی شادبوونەوەی فەخرتاج بە باوك ودایکی ٢٢٠
چیرۆکی هەڵاتنی مرداس لە عەجیب و
كوژرانی دایكی غەریب بە دەستی عەجیب ٢٢٢
چیرۆکی گەیشتنی سوپێی غەریب بە دوورگەی (دامغ)ی مامی ٢٢٦
چیرۆکی گەیشتنە(بابل)ی سوپێی غەریبو جەنگی لە گەڵ شا(جمك) ٢٢٧
چیرۆکی (دیل) بوونی شا جمك لە لای دێوەکەی شاخ ٢٢٨
چیرۆکی فڕاندنی غەریب بە دەستی سەیار ٢٣١
چیرۆکی ئازاد کردنی غەریب و دێوسەعدان بە دەستی "سهیم" ٢٣٣
چیرۆکی جەنگی دامغ لەگەڵ سوپێی عەجیب ٢٣٦
چیرۆکی شەڕی غەریبو گرتنی بەدیل گرتنی جەمرقان ٢٤٥
چیرۆکی سەفەری غەریب بە دوای عەجیب ٢٤٨
چیرۆکی ناردنی جەوامەرد لە لایەن جەلەندی کوڕی کەرکەرەوە ٢٤٩
چیرۆکی جەمرقان لەگەڵ (قورجان)ی کوڕی شاجەلەند ٢٥٠
چیرۆکی گەیشتنی سوپێی دێوسەعدانو پاڵپشتی کردنی سوپێی ئیسلام ٢٥٢
چیرۆکی جەنگی دێو سەعدان لەگەڵ سوپێی جەلەند ٢٤٦
چیرۆکی گەیشتنەوەی غەریبو سوپاکەی ٢٤٧
چیرۆکی ناردنی نامەی غەریب بۆ جەلەندی کوڕی کەرکەر ٢٥٧
سەربووردەی ڕفاندنی جەلەندی کوڕی کەرکەر لەلایەن (سهیم)ەوە ٢٥٩
سەربووردەی كوژرانی جەلەندی کوڕی کەرکەر بە دەستی شاغەریب ٢٦١
سەربووردەی دیل بوونی شاغەریب و سەهیم لای شای پەرییان ٢٦١
چیرۆکی ئیسلام بوونی(مرعش) لەسەردەستی غەریب دا ٢٦٣
چیرۆکی جەنگی کلینجانو قورینجان لەگەڵ گاوران ٢٦٥
چیرۆکی سەردانەکەی شا(مرعش)وغەریب بۆ شاری(یافپ) ٢٦٦
چیرۆکی پیلانی بەرقان بۆ بە(دیل) گرتنی (مرعش) ٢٦٨
چیرۆکی جەنگی نێوان شا غەریبو بەرقانو دیل بوونی ٢٦٩
سەربووردەی جەنگی نێوان لە شكری شاغەریبو بەرقان شا ٢٧١
جەنگی غەریب شاو بەرقان شینە شای پەریانو كوژرانی هەردووکیان ٢٧٣
چیرۆکی چوونەکۆشکی(ئەبڵەق)
مارەکردنی کچی شینەشای پەریان ٢٧٥
چیرۆکی گەیشتنەوە نزیکی شارەکەی
غەریبوهاتنی سوپێی گاوران بۆ سەرشارەکە ٢٧٦
چیرۆکی جەنگی نێوان سوپێی غەریب شا وسوپێی (رعد) شا ٢٧٠

چیرۆکی جەنگی (غەلایب)و (کەللەبەران) ٢٧١
چیرۆکی بە(دیل) گرتنی (رەعد) شا بەدەستی شاغەریب ٢٧٤
چیرۆکی جەنگی لەشکری غەریب و لەشکری (رەعد) شا ٢٨٣
سەر بووردەی ئیسلام بوونی (رەعد) شاو
سەفەری غەریب بۆ وڵاتی (هیند) ٢٨٤
چیرۆکی کوژرانی تورکنان بەدەستی شاغەریبو
کردنی (رەعد) بە پاشا لە جێی ئەو ٢٨٥
چیرۆکی هەواڵ هێنانی رۆستەم بە مردنی فەخرتاج ٢٨٨
چیرۆکی زاڵ بوونی ڕۆستەم بەسەر سوپێی عەجەم ٢٩٠
سەربووردەی هاتنی سوپێی کوڕی شاسابوور ۆمردشا
پاشای شیراز بۆ شەڕی شاغەریب ٢٩٣
سەربووردەی رۆیشتنی شاوەرد بۆلای (سەیران)ساحری برای ٢٩٤
چیرۆکی فڕێ دانە دەریای شاغەریب ٢٩٥
چیرۆکی دەرهێنانی غەریب لە دەریا لە لایەن
چەند کەشتی یە وانێکەوە ٢٩٧
چیرۆکی ئیسلام بوونی (زلزال) و
گەڕانەوەی لەگەڵ غەریب دا بۆلای باوکی ٢٩٩
چیرۆکی دیل بوونی غەریب لای خاتوو جانشا پاشا ٣٠١
چیرۆکی کوژرانی خاتوو جانشا ٣٠٣
چیرۆکی جەنگی نێوان غەریبو موراد شا ٣٠٥
چیرۆکی شاد بوونەوەی غەریب بە مورادشای کوڕی ٣٠٧
چیرۆکی عەبدوڵای کوڕی موعەممەری قەیسی
لەگەڵ عەتەبەی حەبان ٣٠٩
چیرۆکی (هێند)ی کچی نوعمانو حەجاج ٣١٣
چیرۆکی خەزێمەی بەشەرو عەکرەمەی فەیاز ٣١٤
چیرۆکی یونسی کاتبو وەلیدی کوڕی سوهەیل ٣١٨
چیرۆکی (اسحاق)ی (موسڵ)ی و(أبي مرة)ی شەیتان ٣٢٢
چیرۆکی جەمیل لە بەردەمی هارونە رەشیددا ٣٢٤
چیرۆکی سکاڵای دەشتەکی یەك
لای معاویە لە دەست مەروانی کوڕی حەکەم ٣٢٩
چیرۆکی حسێنە روتە لە بەردەم هارونەرەشیددا ٣٣٣
چیرۆکی ئیسحاقی موسڵی وکەنیزەك و گوێرەکە ٣٣٦
چیرۆکی ئیبراهیمی باوکی ئیسحاق لەگەڵ لاوە جوانەکە ٣٣٩
بەسەرهاتی (ابی عامر)ی وەزیر لەگەڵ شاناسر ٣٤١
چیرۆکی ئەحمەد دەنەفوحەسەن شومان
لەگەڵ (زەینەب)ی دەستبڕ ٣٤٣

بەسەرهاتی "دایکی زەینەب"ی دەستبڕو ژنی باچاوەش ٣١٥
چیرۆکی دایکی زەینەبە دەستبڕو کوڕە بازرگانو خومچی یەکە ٣٤٨
چیرۆکی دایکی زەینەبی دەستبڕو خوومچیو
حەماڵو جوولەکەوسەرتاش ٣٥٩
چیرۆکی دایکی زەینەبی دەستبڕو کۆچەریەکە ٣٦٢
بەسەرهاتی پیرەژنە دەلیلەی دەستبڕو کۆمەڵەکەی (احمد دنف) ٣٦٥
بەسەرهاتی حەسەن شومانو زەینەبو دایکی ٣٦٨
بەسەرهاتی بەحشینی پلەوپێیە (دەلیلە)و (کچەکە)ی لەلایەن خەلیفەوە ٣٧٠
بەسەرهاتی عەلی زیئبەقو شەربەتفرۆشەکە ٣٧٠
چیرۆکی "باسم"ی ئاسنگەرو هارونە رەشید ٤٠٨
چیرۆکی بەدر باسمی کوڕی شاشەهرەمانو کچی سەمەندەل شا ٤٤٩
بەسەرهاتی پێك گەیشتنی پاشاو کەس‌وکاری گوڵنار
بەسەرهاتی مناڵ بوونی گوڵناروبردنی لە لایەن خەلیفەوە بۆ ناو دەریا ٤٥٥
بەسەرهاتی رێپێدانی پاشا بە گوڵنار بۆ گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی ٤٥٧
بەسەر هاتی راوێژ کردنی گوڵناری دەریا
بە براکەی بۆ ژن هێنانی بەدرباسم ٤٥٨
بەسەرهاتی هەواڵ دانی خاڵی (بەدرباسم)
بەدایکیو تووڕەبوونی دایکی ٤٦١
سەربووردەی چوونی ساڵح بۆ خوازبێنی بۆ لای شاسەمەندەل ٤٦٢
بەسەرهاتی هەڵاتنی بەدرباسم بۆ دوورگەیەكو گەیشتنی بە جەوهەرە ٤٦٤
بەسەرهاتی سیحرەکەی جەوهەرە لە بەدرباسمو
کردنی بەباڵندەوگەڕانی ساڵح بە شوێنیدا ٤٦٦
بەسەرهاتی رۆیشتنی گوڵنار بۆلای دایکی بۆ پرسینی هەواڵی کوڕەکەی ٤٦٧
بەسەرهاتی گیرانی بەدرباسم ٤٦٨
بە دەستی راوچیان بە باڵندەیی فرۆشتنەوەی بە پاشا ٤٦٨
بەسەرهاتی گەیشتنی بەدرباسم بەشاری ساحران ٤٧٢
بەسەرهاتی بە هێستربوونی خاتوو لاب، بەهۆی سیحری بەدرباسمەوە ٤٧٩
بەسەرهاتی هاتنی کەسوکاری بەدرباسم شا بۆ رزگار کردنی شابەدرباسم ٤٨٢
بەسەرهاتی مارەبڕینی جەوهەرە لە شابەدرباسم ٤٨٣
چیرۆکی سیف الملوك و بەدیعە جەمال ٤٨٤

## شەوی ٥٠٠

# چیرۆکی بلوقیا و جانشا

شەهرەزاد گێڕایەوە لەولایشەوە (تیفەموس)شا —(١٥٠٠)باری کوتاڵی ئاوریشم و زێڕ و زیو و بەشێکی زۆر لە بابەتی رازاندنەوەی بووك بار کردە سەر پشتی چەند وشتر و هێسترێك. دایە دەست عەین زاری وەزیر، نامەیەکیشی بۆ نووسی کە ناوەرۆکەکەی وابوو (سڵاو لە شا بەهرەوان، حەزدەکەین ئەوە بزانن کە ئەستێرەناسان وفەلەکی و بەختگرەوانانمان کۆ کردووەتەوە، دوای تێڕوانین و بەخت گرتنەوە، ناسینەوەی ئەستێرەی بەخت پێیان راگەیاندوین. کە خوا کوڕێکمان پێ دەبەخشێت، لە کچەکەی ئێوە- وا عەینەزاری وەزیرم، رەوانەی لای ئێوە کردووە و، هەموو پێداویستی یەکانم، لە گەڵیدا ناردووە. کردوومەتە وەکیلی خۆم بۆ مارە بڕین. تکایە کارەکەی پشت گوێ مەخەن. جێ بەجێ بکەن. ئێمەش ئەوچاکەیەتمان بیرناچێت، بەئاگا بن و سەرپێچی مەکەن، لەم بڕیارە. ئەوەش بزانە ئەی (بەهرەوان)شا. خوا مەملەکەتێکی داوەپێم. (شەهلان) کوڕمی پێ بەخشیوم. ملك و سامانێکی زۆری پێ بەخشیوم. گەر کچەکەتم پێ ببەخشیت. دەبیتە یەك و هەمووساڵێك هێندەت پارە بۆ دەنێرم. کە لێت زیاد بێت.

ئەمجا (تەیفەموس)شا. نامەکەی بە جۆری تایبەت مۆر کرد. دایە دەستی عەینزاری وەزیری. فەرمانیشی پێدا کە بەرەو خۆراسان بکەوێتە رێ. ئەویش کاروانی خستە رێ تاگەیشتە، نزیك شاری شا (بەهرەوان). ئەمجا هەواڵی نارد بۆ شا کە وەزیری شا تەیفمۆس هاتووە. بەهرەوان شا. هەر زوو فەرمانی دا کە پیاوانی دەوڵەت. بچنە پێشوازیان و خواردن و پێداویستی کاروانەکەیان بۆ ئامادە بکەن- ئالیك بۆ هێستر و ئەسپەکانیان بەردن. ئەوانیش چوونە بەخێر هێنانیان. (١٠) رۆژ لە ژێر دەوار دا مانەوە، تاکو ماندوویان بحەوێتەوە. دواتر بەرەو شار بوونەوە. بەهرەوان شا. بەرەو پیریان چوو. پێشوازی لێکردن کە نامەکەی وەرگرت و کەخوێندیەوە، زۆر خۆشحال بوو. رووی کردە وەزیری میوانی و وتی:

(مژدەبێت. شا تەیفموس بە ئاواتی خۆی دەگات ئەگەر داوای گیانیشم بکات دەیدەمێ). ئەمجا شا بەهرەوان چووە لای کچەکەی و دایکی، هەواڵەکەی پێگەیاندن.

دواتر پێیان وت:

چۆنت پێ باشە وا بکە. ئەمجا شا بەهرەوان، گەڕایەوە بۆ لای عەینزاری وەزیری میوان، وەزیری میوان دوومانگ، بەمیوانی مایەوە. ئەمجا بەشای وت:

دەمەوێت، لە دیاریەکەت بێ بەشیمان نەکەیت و کاتی گەڕانەوەم بۆ وڵاتەکەم هاتووە.

پاشاش وتی:

بەچاوان. ئەمجا هەموو پیاوان و سەرانی دەوڵەتی بانگ کرد. قەشەو پیاوانی کڵێسە بانگکران. کچەکەی لە شا (تەیفموس) مارە کرد. ئەمجا جیازیەکی، زۆر لە باری جۆراوجۆر و شتی نەختینە، پارچەی زێڕ و زیویی گرانبەهای لە گەڵدا نارد. کە زمان ناتوانێ وەسفیان بکات. فەرمانیشی دا شار بە جوانترین شێوە رازایەوە، ئەمجا عەینزاری وەزیر کچە پاشای بە بووکی بردەوە بۆ وڵاتی خۆی. کەهەواڵ گەیشتە شا (تەیفموس). فەرمانی دا شار برازێنەوە دوای چەند مانگێك شازادە، سکی پڕ بوو دوای نۆمانگ کوڕێکی بوو. کە دەتوت، مانگی چواردەیە. کە پاشا ئەم هەواڵەی پێ گەیشت ناردیە شوێن ئەستێرەناسان و کتێبگرەوەکان و ساحران دا و پێی وتن:

دەبێت، کتێبی بۆ بگرنەوە، فاڵی بۆ بگرنەوە. سەیری دوارۆژی ئەم کوڕەمم بۆ بکەن. ئەوانیش دوای کۆڵینەوەی وتیان ئەم کوڕە بەختیارە. بەڵام کە تەمەنی دەگاتە(١٥)ساڵان تووشی نارەحەتی دەبێت. گەر دوای ئەو نارەحەتیە ژیا. پیاوێکی گەورە و پاشای لێ دەردەچێت. لە باوکی بە ناوبانگ تر دەبێت. ئەگەر بەو نارەحەتیەش مرد. ئەوا چار نییە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٠١

شەهرەزاد گێڕایەوە کە پاشا ئەم هەواڵەی بیست زۆر دڵی خۆش بوو. ناوی نا (جانشا). ئەمجا خستیە قەبێڵی مامان و دایانەکانی کۆشك. تاکو بۆی پەروەردە بکەن. کە تەمەنی گەیشتە (٥)ساڵان خرایە بەر خوێندن و وای لێهات، کە (ئنجیل) بخوێنێتەوە. فێرە سواری و شەڕە شیر و رمبازێن کرا. دواتر گەورەتر بوو، بووە پاڵەوانێکی بەناوبانگ و بۆ راوو شکار دەچووە شاخ، رۆژێکیان تەیفموس شا، بۆ راوو شکار فەرمانی دا. سوپا و پیاوانی دەربار لە گەڵیدا دەرچوون. شا و جانشای کوڕی دەشت و دەریان بڕی. پاش نیوەڕۆی سێ یەم رۆژ، ئاسکێك، لەبەردەم جانشاوە رایکرد. ئەویش بەغار کردن شوێنی کەوت. (٧) لە کۆیلەکانی تەیفموس شا چاویان لەم کارە بوو، شوێن جانشا کەوتن. تا گەیشتنە سەر دەریایەك ئەمجا بە (٧)کۆیلە و جانشا، پەلاماری ئاسکەکەیان دا، تاکو بیگرن. بەڵام ئاسکەکە خۆی فڕێ دایە، دەریاکەوە دواتر کۆیلەکان چاوەڕێی گەڕانەوە بوون. بەڵام جانشا، دوورگەیەکی دووری بینی لە دەریاکەدا.

پێی وتن:

دەمهەوێت بچین بۆ ئەو دوورگەیە. ئەمجا بەلەمێکیان پەیدا کردو سوار بوون، بەرەو ئەو دوورگەیە. بە دوورگەکەدا بڵاو بوونەوە، کەوتنە تەماشا کردن. ئەمجا ئاسکەیان لە گەڵ خۆیان هێنایەوە. ناو بەلەمەکەو بەرەو ئەو کەنارە سەوڵیان لێدا کە لێوەی هاتبوونە ناوەکەوە. بەڵام تاریکی شەویان بە سەردا هاتوو ڕێگەیان ون کرد. ڕەشەبایەکی توند بەو شەوە هەڵی کرد. بەلەمەی لە گەڵ خۆیدا برد. سەرنشینەکان هێندە ماندوو بوو بوون، لە بەلەمەکەدا، خەویان لێ کەوت، تا ڕۆژ بووەوە. سەیریان کرد بەلەمەکە دەڕوا. بە هەر چوار لادا دەریایەو دەریا، لەو لایشەوە تەیفموس شا، زۆر بۆ کوڕەکەی گەڕا نەیدۆزیەوە. ئەمجا فەرمانی دا. هەر کۆمەڵێك سەرباز و بەرەو لایەك بڕۆن. ئەوناوچانە بپشکێنن. بەلکووکوڕەکەی بۆ بدۆزنەوە. کۆمەڵێك بەرەو دەریا چوون. کە گەیشتنە کەنار دەریا. چەند کۆیلەیەکی جانشایان بینی کە پاسەوانێکی چەند ئەسپێکی زین کراو بوون. ئەوانیش هەواڵی جانشایان لێ پرسی. کۆیلەکان هەواڵی چوونەبەلەمەوە و ناو دەریایان پێ وتن. کۆمەڵە سەربازەکە ئەسپەکان و کۆیلەکانیان هێنایەوە و هاتنەوە. کە پاشا ئەم هەواڵەی بیست زۆر گریا و تاجەکەی لە سەری فڕێ دا، لە پەشیمانی دا، پەنجەی خۆی گەست. ئەمجا کەوتە نامە نووسین، بۆ دوورگەکانی سەر دەریای نارد. کە کوڕەکەی بەم ناونیشانانە ون بوو، ئەمجا (١٠٠) کەشتی ئامادە کردو، پاشماوەی سەربازەکانی سوار کرد. (١٠)ڕۆژ بەنێو دەریادا گەڕان. بە دەستی خاڵی گەڕانەوە. جانشا و کۆیلەکانی نێو بەلەمەکە بایەکی توند بردنی، تاکو گەیاندنیە، دوورگەیەك. جانشا و (٦)کۆیلە کە مابوونەوە دابەزین وچوونە دوورگەکەوە. گەشتنە سەر کانی و ئاوێك. پیاوێکیان دوور بەدوور بینی کە دانیشتبوو. چوون بۆ لای وسڵاویان لێ کرد. ئەویش بەزمانێك وەڵامی دانەوە کە لە جریوەی باڵندە دەچوو، کابرای هەر سەیری ئەم لا و ئەو لای خۆی دەکرد لە کاتێکدا کۆیلەکان سەریان سوڕمابوو!! کاتێکیان زانی پیاوەکە بوو بە دوولەتەوە. هەر لەتێکی بۆ لایەك چوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٠٢

شەهرەزاد گێڕایەوە ئەمان لەم حاڵەتەدا بوون. کە خاڵکێکی زۆریان بینی کە بە لاپاڵەکەدا هاتنە خوارەوەو بۆ سەر کانی و ئاوەکە.

ئەمجا بەهەمان شێوە، هەریەکەیان بوون بە دوو لەتی وەکویەکەوە ئەمجا هاتنە وێژەی جانشا و کۆیلەکانی تاکو بیان خۆن. جانشا چارەی نەماو هەڵات کویلەکانیشی بەدوایدا.

بەدەم ڕاکردنەوە (٣) کۆیلەی جانشا خوراو (٣) کۆیلەیان مانەوە. هەر خێرا چوونەوە کەنار دەریا و سواری بەلەمەکە بوونەوە و کەوتنە سەوڵ لێدان. بەرەو ناوەڕاستی دەریاکە. ئیدی دەریا و بایەکە، بەلەمیان دایە تەکان. بێ ئەوەی جانشا و کۆیلەکان بزانن، بۆ کوێ دەچن؟ لە نێو بەلەمەکەدا، ناسکەکەیان سەر بڕی و کەوتنە خواردنی گۆشتەکەی. شەو و ڕۆژ بەدەم باوە بوون دواتر کەوتنە کەناری دوورگەیەکی دی. سەرنجیان دا، پڕە لە دارو درەختی بەردار، ڕەز وباغ و کانی و ڕووبار. کە هەر لە بەهەشت دەچوو، جانشا زۆری ئەو دیمەنانە پێخۆش بوو. بە کۆیلەکانی وت:

دەمەوێت هەواڵی ئەم دوورگەیە بزانم! کۆیلەیەکیان وتی:

هەر ئێستا دادە بەزم و دەڕۆم پێیدا دەگەڕێم و هەواڵی دوورگەکەتان بۆ دێنم. جانشا وتی وانابێت. هەر ئێستا هەر سێکتان بڕۆن. منیش لە بەلەمەکەدا، چاوەڕێتان دەکەم. هەرسێ کۆیلەکە دابەزین چوونە دوورگەکەوە. ئەوانیش ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای دوورگەیان پشکنی کەسێکیان تیا دا نەدی. بەرەو ناوەڕاستی دوورگە چوون. سەیریان کرد. لە دوورەوە، قەڵایەکی سپی دیار بوو لە مەڕمەڕ دروست کرابوو. چوار دەوری بەرەز و باغ گیرابوو. کانی و ئاوو گوڵ وگوڵزار، سەدان جۆری بولبول و قومری وچیمەن ولالەزار، لە ناو کۆشکەدا، ڕەز وباغ، بۆنی گوڵ دڵی بووژانەوە دەماغ. لە ناوەڕاستی حەوشەکەیدا حەوز و ئاوێك بوو لە قەراغیدا. بەر هەیوانێك بوو چەندین کورسی لێ دانرابوو، لە ناوەڕاستی کورسیەکاندا، تەختە مێزێك بوو. کە لە زێڕی ساغ دروست کرابوو، چەندین نەخش و گۆی مرواری تیا بوو، ئەمجا ناو کۆشك خوارو ژوور هەموو گەڕان. کەسیان نەدی، بە پەلە گەڕانەوە چیان دی بوو. بۆ جانشایان گێڕایەوە. جانشا هێندەی دی لای شیرین بوو وتی:

بابڕۆین چونکە دەبێت بە چاوی خۆم بیبینم. لەنگەری بە بەلەمەکە خست و بەستیەوە، شوێنیان کەوت. کەگیشتنە قەڵاکە. بەناویدا گەڕان، چوونە ڕەز و باخەکەوە لە میوەکانیان خواردن. ئیدی ئێوارەیان بەسەردا هات. بۆیە گەڕانەوە ناو کۆشك جانشا لە سەر تەختە زێڕینەکە دانیشت. کۆیلەکان لە سەر کورسیەکان، ئەمجا جانشا بیری کورسی پاشایەتی باوکی کەوتەوە، بیری دایك و باوك و وڵاتی کرد. بۆیە دەستی کردە گریان. کۆیلەکانیش لەگەڵیدا، دایانە پڕمەی گریان.

ئیوارە، گوێیان لە قریشکە و زریکە بوو. لەدەریاوە، کە سەیریان کرد. کۆمەڵێکی زۆر مەیمون هاتن ‹‹١١٠٠››، تومەز ئەم قەڵا و کۆشکە هی ئەو مەیمونانەیە! . مەیمونەکان کە بەلەمەکەیان لە کەنار دەریابینی بووە، بەلەمەیان تێك شکاندبوو و بەرەو قەڵا و تەلارەکە بۆ بەرنەوە. کە هاتنە ناو قەڵا بینیان جانشا لەسەر کورسی شا دانیشتووە. ئەمجا هەندێك لە کەڵەکانیان هاتنە پێش لە تەختە زێڕینەکەی کە جانشای لە سەر دانیشت بوو

کرنووشیان بۆ برد. یەك سەعات دەستیان بە سنگەوە بۆ گرت. ئەمجا هەندێکیان هاتنە پێش، چەند ئاسکێکیان هێناو بردیان لە حەوشەکەدا سەریان بڕی و گۆشتەکانیان جنین و لە شیشیان دان، دواتر کەوتنە برژاندنیان دواتر لە سەر چەند سیخەیەکی زێڕین ئامادەیان کردو، لە بەر پێی جانشادا سفرەیان رازاندەوەو بە ئیشارەت فەرموویان لێ کرد. ئەمجا لە گەڵیانـدا کۆیلە وچەندین مەیموون کەوتنە نانی ئێوارە خواردن. ئەمجا سفرەو خوان هەڵگیرا دواتر چەندین جۆری میوە ئامادە کرا کەمیوە خورا سینی لابرا. جانشا بەئیشارەت لە گەورەی مەیموونەکانی پرسی:

ئەم قەڵا و تەلار و رەز و باخە رازاوەیە هی کێ یە!؟

گەورە مەیموون بە ئیشارەت تێی گەیاندن:

کە ئەمانە حەزرەتی سولیمان کوڕی داود خاوەنی بووە، سڵاوی خوایان لێ بێت وساڵی جارێك سەری لێرە داوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٠٣

شەهرەزاد گێڕایەوە ئەمجا مەیموونەکان بەئیشارەت، جانشایان تێ گەیاند. کە لێرە بەدوا تۆ پاشای ئێمەیت، ئاسوودە بە هەرچیت ویست لە پەزێراییتداین. هەر چی یەك بفەرموویت جێ بەجێی دەکەین. ئیدی مەیموونەکان شوێنەکەیان چۆڵ کرد. جانشا لە سەر تەختەکەی لێ نووست و کۆیلەکانیش هەریەکەو لای خۆیەوە نووست. تاکو رۆژ بووەوە. ئەمجا چەندین جەنگاوەری مەیموون پەیدا بوون، کە هەریەکەیان سواری پشتی سەگێك بوو. سەگەکە رەشمەیەکی، زێڕی لە دەمدابوو، ئەو سەری بەدەست سوارە مەیموونەکەی سەر پشتی یەوە بوو. چەندین گەورە وەزیری مەیموونیش لە دەوروبەری جانشا وەستابوون و دیار بوو. چاوڕێی فەرمان بوون.

دواتر جانشا کە سەیری ئەو سوپێی مەیموونەی کرد، کە سەگ سوارن، زۆری بەلاوە سەیر بووە! ئەمجا گەورە وەزیری مەیمون، ئیشارەتی بۆ جانشا کرد فەرموو سواربەو لە گەڵمان تەشریف بێنە. ئەویش خۆی و (٣) کۆیلەکەی سواری ئەسپی ئامادەکراو بوون. شوێنیان کەوتن. تاچاو بڕ بکات سوارەی مەیموون بوون ریزیان بەستبوو. ئەسپەکانیان سەگ بوو. رۆیشتن تاکو گەیشتنە سەر دەریا، لێرەدا جانشا، بەلەمەکەی خۆیانی بیر کەوتەوە. بۆیە بەئیشارەت پرسی:

چی لێهاتووە؟

گەورە وەزیری مەیموون بەئیشارەت تێی گەیاند کە ئەو بەلەمەیان شکاندووە، ئەمجا پارچەکانی پیشان دان. تێی گەیاندن، کە ئەم کارەیان بۆیە کردووە، ئێمە ئیوە دەکەینە پاشای خۆمان، بەڵام وتوومانە نەبادا لێمان تووڕەبن و هەڵێن و دوورگەکە بە جێ بهێڵن بۆیە بەلەمەکەمان شکاندووە.

ئەمجاجانشا رووی کردە (٣) کۆیلەکەی و وتی:

کە وابوو . دەبێت ئارام بین لە گەڵ ئەم مەیموونانەدا تا بزانین خوا چیمان بە سەر دێنێ!! ئەمجا لەوێیشەوە رۆیشن تاکو گەیشتنە کەناری رووبارێك. کە چیایەکی بلند لە تەنیشتیەوە بوو. جانشا کۆمەڵە غۆریلایەکی زۆری بینی. لە گەورە وەزیری مەیموونی بە ئیشارەت پرسی:

ئەوانە چی دەکەن بەو لاپاڵی شاخەوە!؟

مەیموونیش لە وڵامدا وتی:

ئەو غۆریلانە دوژمنی ئێمەن. هاتوونەتە سەرمان تاکو پەلامارمان بدەن و بمانکوژن!! جانشا سەری لێیان سوڕما چونکە ئەوان سواری ئەسپ بوون هەروەکو مرۆڤ کە غۆریلاکان، سوپێی مەیموونیان بینی هاتنە جەنگیان و تاوێر وبەردێکی زۆریان بۆ خلۆر کردنەوە و مەیمونێکی زۆر کوژران. ئەو غۆریلانە هەندێکیان سەری لە سەری گا دەچوو هەندێکیشیان لە سەری وشتر دەچوو. جەنگێکی گەورە روویدا و مەیموونەکان تێك شکان. ئیدی جانشا ئارامی لە بەر هەڵگیرا و فەرمانی دا، بە (٣) کۆیلەکە، کە تیر بارانیان بکەن. تاکو بەریان لێ بگرن و بیان گێڕنە دواوە. ئەمجا غۆریلاکان زۆریان لێ کوژرا شکستیان خوارد و بەرەو دوا گەڕانەوە و هەڵاتن. کە مەیموونەکان ئەو سەرکەوتنەی جانشایان بینی و هەڵاتنی غۆریلاکان لە ئاوی رووبارەکە پەڕینەوە ئەو بەر و شوێن غۆریلاکان کەوتن و دووریان خستنەوە، ئەمجا هەر پێشڕەویان کرد، تا گەیشتنە شاخێکی بلند. پارچە بەردێکی مەڕمەڕی درێژی بینی لە سەری نووسرابوو ئاگادار بە ئەی ئەو کەسەی بەم رێگایەدا دەڕۆیت، دەبیتە پاشای مەیموونان هەرچی دەبینیت دەبێتە هی خۆت. بەڵام گەر بە رێگەی رۆژهەڵاتدا بڕۆیت رێگاکەی دوورە و (٣)مانگت پێ دەچێت . کە ئەم رێگایە بەناو غۆریلاکان و دڕندەکاندا و دێو و درنج دادەڕوات. دواتر دەگاتە سەر دەریایەك کە چوار لای زەویەکدا درێژ بووەتەوە، گەر بە رێگای رۆژئاوا بڕۆیت، (٤)مانگە رێ یە!! ئەو سەریشی بە دۆڵی مێرووولە کۆتایی دێت. گەر چوویتە ناو ئەو دۆڵەوە، ئاگاداری خۆت بە لەو دۆڵی مێروولە، دوای ئەویش دەگایتە بەردەم شاخێکی بلند، کە وەکو ئاگر دەسوتێ و گەرمە ئەویش (١٠)رۆژە رێیە!! .

## شەوی ٥٠٤

شەهرەزاد گێڕایەوە جانشا، کە ئەو ئاگادارییەی خوێندەوە و باسی ئەو رووبارەی زانی کە زۆر خێرایە و دەبریسکێتەوە، و تەنیا شەوان وشك دەبێت. لەو بەریشیەوە، شارێکی جوولەکە نشینی لێیە کە بێ ئاگان لە ئاینی موحەممەد(د ــخ) تا منیش لە نێو مەیموونانda بم ئەوانیش بەسەر وڵاتی غۆریلاکاندا زاڵن، ئەوەشی زانی بوو، کە ئەو ئاگاداریە کاتی خۆی، حەزرەتی سولەیمان، سڵاوی خوای لێ بێت نووسیویەتی. کەجانشا خوێندیەوە دەستی کردە گریان، ئەمجا لای کردەوە لای (٣) کۆیلەکەدا و نووسینی سەر مەڕمەڕەکەی پێ وتن، ئەمجا کە زانیان سەرکەوتن هەر بۆ خۆیانە بە دڵخۆشی یەوە گەڕانەوە، بۆ قەڵاکەی خۆیان ساڵ ونیوێك. جانشا حوکمڕانی مەیموونەکانی کرد. جانشا فەرمانی دا کە مەیموونەکان خۆیان سازدەن بۆ چوونە راوو شکار، کەوتنە ئەو دەشت و چۆڵەوە ئیدی ئەم دۆڵ و ئەو شاخیان کرد. تاگەیشتنە دۆڵی مێروولە، ئەمجا کە سەیری کرد هەمان شوێنی ئاگادار کردنەوەی سەر بەردە مەڕمەڕەکەیە، فەرمانی دا، باروبنە بخەن بۆ حەواننەوە. بۆماوەی (١٠) رۆژ لەو شوێنەدا مانەوە. جانشا هەرسێ کۆیلەکەی خۆی بە جیا کۆ کردەوەو پێی وتن:

( دەمەوێت، خۆمان بدەین بەم دۆڵی مێروولەوە، هەڵبێین و لەم مەملەکەتی میموونانە رزگارمان بێت وخۆمان بکەین بە شاری جوولەکەکاندا. لەوێیشەوە، بڕۆین بەرێی خۆمانەوە تا بزانین خوا چیمان بەسەر دێنێ! ).

ئەوانیش وتیان:

بە سەر چاوان و پەسەندمانە. ئەمجا بێ دەنگ بوون. تا شەو درەنگ بوو، شمشێریان لە خۆیان دا و خنجەریان لە کەمەر، خواردنیان برد و سوار بوون و کەوتنە رێ بەبێ ئەوەی بهێڵن مەیموونەکان پێیان بزانن. ئەو شەوە تاکو بەرە بەیان بەرێوە بوون. بۆ بەیانی کە مەیموونەکان روانیان، جانشا و(٣) کۆیلەکە ون بوون زانیان هەڵاتوون. هەندێکیان سوار بوون بەرەو رێ ی رۆژ هەڵات بەشەکەی تریان سوار بوون بەرەو دۆڵی مێروولە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٠٥

شەهرەزاد گێڕایەوە لە کاتێکدا مەیموونەکان بەرەو دۆڵی مێروولە دەڕۆیشتن جانشاو (٣)کۆیلەکەیان بینی. کەوتنە غار تا بیان گرن، بەڵام جانشا و کۆیلەکان خێراتر بوون و خۆیان کرد بە دۆڵەکەدا. دەیانویست جانشا بکوژن. هێندەیان زانی لە زەویەوە هەزاران

مێرووله دەهاتنە دەرەو کە هەریەکەیان بەهێندەی سەگێك دەبوون. کەمەیموونەکانیان بینی پەلاماریان دان و دەیان خواردن. بە (١٠) مەیموون پەلاماری مێرووڵەکەیان دەدا. دەیانکرد بە دوو کرتەوە، جەنگ تا دەمەو ئێوارە درێژەی کێشا. جانشا و (٢)کۆیلەکە غاریان دا بەرەو قوڵایی دۆڵەکە. کە رۆژ بووەوە، مەیموونەکان جارێکی دی پەلاماری جانشایان دایەوە. کاتێکیان زانی مەیموونێك پەیدا بوو. کە وەکو فیل شفرەی درێژی هەبوو. جانشا هاواری کردە کۆیلەکان( شمشێرەکانیان لێ رادەن بیان کوژن). کەوتنە شەڕەوە، ئەمجا مەیموونە شفرەدارەکە، پەلاماری کۆیلەیەکی داو کردی بە دووکەرتەوە، ئەمجا میموونێکی زۆر لە جانشا کۆ بوونەوە.، ئەویش ئیشارەتی بۆ دوو کۆیلە کە کردو هەڵاتن. تاکو گەیشتنە سەر رووبارێك کە مێرووڵەیەکی گەورەی لێ بوو کۆیەلەیەکیان هەڵی کوتایە سەر مێرووڵەکەو بەشمشێرێك کردی بە دوو کەرتەوە. مێرووڵەکانی دی پەلاماریان داوە، هەر لەوێدا خواردیان. لەولایشەوە میموونەکان لەجانشا جارێکی دی کۆبوونەوە، کە بیکوژن. بۆیە جانشا ئیشارەتی بە تەنیا کۆیلەکەی کەمابووەو دەجنگا، دا. خۆیان روت کردەوە و چوونە رووبارەکەوە کەوتنە مەلە کردن بۆ ئەو بەر لە ئاوەکەوە پەلاماری لقی درەختی شۆڕەوەبووی دا و بەسەریدا رۆیشتە ئەو بەری ئاوەکە. بەڵام ئاوەکە هێندە تیژرەو بوو کۆیلەیەکی برد و خنکا جانشا لەوبەرەوە جلەکانی ووشی و هەڵی خست و دەمەو ئێوارە مەیموونەکان گەڕانەوە وڵاتی خۆیان. لەملایشەوە جانشا هەر خۆی مابووەوە. تا دەمەو ئێوارە گریا. شەوخۆی کرد بە ئەشکەوتێکدا، زۆریش دەترسا. هێندە ماندووبوو، تا بەرەبەیان خەبەری نەبووەوە، ئیدی چەند شەو وچەند رۆژ بەڕێگاوە بوو. لە برسانا گیای دەخوارد. تاگەیشتە شاخە داگیرساوەکە ی وەك ئاگر وابوو، لە ویشەوە درێژەی بە رۆیشتنەکەی دا. تاگەیشتە ئەو رووبارەی شەوان وشك دەبوو. سەیری کرد رووبارێکی گەورەیە، لەو بەریەوە شارێکی گەورە و مەزن دیارە کە شاری جوولەکەکانە. چەند شەو مایەوە تا رۆژی شەممە هاتەوە. کەرووبارەکە وشك بوو. پەڕیەوە، خۆی کرد بە شارە جوولەکەدا. تاتوانی بەو شارەدا گەڕا کەچی کەسێکی نەبینی. ئەمجا دەرگای ماڵێکی کردەوە. سەیری کرد، ئەندامانی خێزان، بێدەنگ دانیشتوون، هەرگیز قسە ناکەن، ئەمیش وتی:

من نامۆم بەم شارەو، برسیمە) ئەوانیش بە ئیشارەت تێ یان گەیاند ( بە ئارەزووی خۆی تێر بخوات بەڵام بێدەنگ بێت) ئەویش تێری خوارد و ئەو شەوە لەو ماڵە نووست.

شەهرەزاد هەستی کردی شەو درەنگ بوو بۆیە بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٠٦

شەهرەزاد گێڕایەوە کە ڕۆژ بووەوە، خاوەن ماڵ بەخێر هاتنی کرد و لێی پرسی:

لە کوێوە هاتویت؟ و بۆ کوێ دەچیت؟ کە جانشا ئەمەی بیست زۆر گریا چی بەسەر هاتبوو بۆی گێڕایەوەو، باسی وڵاتی باوکی کرد.

جوولەکە کە سەری سوڕما! ئەمجا وتی:

ئەم شارەمان نەبیستووە. هێندە هەیە کە جاروبار بازرگانەکان باسی شاری یەمەنیان بۆ کردووین.

جانشا لێی پرسی:

ئەو کاروان چیە؟

بازرگانەکان نەیان دەوت یەمەن چەند دوورە لێرەوە؟ جوولەکەکە وتی:

بەڵێ دەیانوت . دووساڵ و سێ مانگ ڕێگا دوورە.

ئەمجا پرسیەوە جا ئەو کاروان چیانە کەی دێنەوە ئەم شارە؟

جوولەکەکە وتی:

ساڵی داهاتوو. جانشا دیسان دەستی بە گریان کردەوە. چونکە، دووری وڵاتەکەی و دایك و باوکی بیرکەوتەوە و لە کوشتنی هەر سێ کۆیلەکەی.

جولەکەکەپێی وت:

مەگری کاکە گیان لای ئێمە بهێنەوە تاکو کاروانچیەکان دێنەوە. ئێمە تۆیان لە گەڵ ڕەوانە دەکەینەوە. جانشا (٢) مانگ لە لایان مایەوە ڕۆژانە دەچووە شار و بەناو کۆڵان ماڵەکانیدا دەگەڕا، ڕۆژێکیان گوێی لێ بوو، کەسێك جاڕی دەدا کەسێك نییە لە گەڵم بێت هەر لە بەیانیەوە تا ئێوارە کارم بۆ بکات. منیش کەنیزەکێك و(١٠٠٠) دیناری بدەمی!!؟ - کەس وڵامی نەدەدایەوە. جانشاله دڵی خۆیدا وتی:

ئەگەر کارەکەی ترسناك نەبێت(١٠٠٠)دینار و، کەنیزەکێکی شۆخ و شەنگ کرێ نادات! ئەمجا جانشاه چووە بن دەستی کابراو وتی:

من ئەو کارە دەکەم! کە جاڕچی ئەمەی بیست جانشای لە گەڵ خۆی بردەوە بۆماڵ، کە چوونە ژوورەوە، خانوویەکی خۆشی بینی و بازرگانێکی جوولەکە لە سەر کورسیەك دانیشتبوو، کە لە داری ئەبەنووس دروست کرابوو.

کابرای جاڕچی ڕووی تێکرد قوربان ئەوە (٣)مانگی ڕەبەقە من لە م شارە دا جاڕ دەدەم، کەس وڵامی نەدایەوە بۆ ئەم کارە ئەم لاوە نەبێت. ئەمجا بازرگان بەخێر هاتنی کردم و لەگەڵ خۆی بردمیە ژوورێك، کە هەموو شتەکانی ناوی گران بەها بوون دانیشتن. دواتر

فەرمانی دا سفرەیان رازاندەوە. پێکەوە نانیان خوارد. دوای ئەوە میوە هات. دەستیان بە میوە خواردنیش کرد. ئیدی ناسك و نازدار. ئیشارەتی دایە. چووە تەنیشت جانشاوە دانیشت و کە توورەکە پارەکەی دایە پێی وت:

ئەمە (١٠٠٠) دینارەکەو ئەوەش کەنیزەکەکە. ئەو شەوە مایەوە، بۆ سبەینی بەیانیدا، خۆی کرد بە گەرماودا. کە هاتە دەرەوە، خزمەتکاران پەزیراییان کرد. بازرگان هاتەوە، ئەمجا سفرە رازێندرایەوە، پێکەوە نانیان خوارد. دیسان میوە دانرایەوە. ئیدی، ئێوارە بازرگانەکەجانشای جێ هێشت و پێی وت:

سبەینێ کارەکەم بۆ دەکەیت، ئەو شەوەش مایەوە. بۆ رۆژی دواتر بەیانی چووە گەرماو خزمەتکاران، خاولی و بەرگی نوێ یان بۆ ئامادە کرد. بە هەمان شێوە بازرگانەکە هاتەوە. ئەمجا پێی وت:

ئیدی کاتی کارەکەت هاتووە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٠٧

شەهرەزاد وتی:

جانشا وتی:

بەچاوان، ئەمجا بازرگانەکە فەرمانی دا(٢) هێستر بێنن، بۆیان ئامادە کرد، خۆی سوار بوو، ئەمجا فەرمانی دا جانشایش سواری ئەویتر بوو. هەر لە بەیانیەوە تا نیوەڕۆ رۆیشتن. گەیشتنە کێوێکی بڵند، کە لوتکەکەی نەدەبینرا. بازرگان دابەزی.

بە جانشایشی وت:

کە دابەزێت، ئەمجا، گوریسێك و چەقۆیەکی دایە جانشا و پێی وت:

هەر ئێستا ئەو هێسترە سەر ببڕە، ئەمجا جانشا چاکەتەکەی داکەندو بە گوریسەکە چوار پەلی هێسترەکەی بەستەوەو پاڵێکی پێوە ناو هێسترەکە کەوتە زەوی ئەمجا، سەری بڕی. چوار پەلیشی لێکردەوە و خستیە سەرلاشەکەی. ئەمجا بازرگان فەرمانی دایە سکی هەڵبدڕێت و پاکی بکاتەوەو بچێتە ناوی. کە کارەکەی کرد ئەمجا بەجانشای وت:

کە بچێتە ناو سکەیەوە. ئەمجا وتی:

ورگی هێسترەکەم کە دووریەوە و دام خست بە سەرتا، لە ناوەوە هەر چیەکت بینی بە دەنگی بەرز پێم بڵێ. ئەمجا کە ورگی هێسترەکەی دووریەوەلە کەلاکەکە دوور کەوتەوە.

دوای ساعەتێك باڵندەیەكی زۆر گەورە هات و هێسترەكەی بەچنگەكانی گرت و بڵندی كردەوەو بردی. تاگەیاندیە سەر لوتكەی كێوەكە و دەستی كرد بەخواردنی. جانشایش بە چەقۆكە ورگی هێسترەكەی دڕی و هاتە دەرەوە. كە سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی كرد، لە چەند كەسێكی مردووی ووشك بووەوە زیاتر هیچی دی نەبینی. ئەمجا كە سەیری لاشەكانی كرد وتی:

(لا حول ولاقوە الا بالله العلی للعظیم) بازرگان هاواری كرد.

جانشا وتی:

لەو بەردانەی دەوروبەرت هەڵبدە خوارەوە. تاكو شوێنەكەت بزانم و رێگای هاتنە خوارەوەت پیشان بدەم. جانشا نزیكەی (٢٠٠)بەردێكی هەڵدایە خوارەوە، ئەو بەردانە یاقوت و مرواری و زوبرجەد و زێربوون. ئەمجا جانشا بە بازرگانەی وت:

(رێگام پیشان بدە با بەردی ترت بۆ فڕێ بدەمە خوارەوە. بازرگانەكەش، كەوتە كۆكردنەوە و خستینەناو هۆرێكەوە و خۆیشی سواری هێسترەكە بوو. لێیداو رۆیشت. جانشا كە بازرگانەی بینی پشتی تێ كرد. بەكوڵ بۆ خۆی گریا(٣)رۆژ لەو دەورە دا مایەوە- دواتر كەوتە رێ. خواردەنی تەنیا گژوگیاو بەری درەخت بوو. بەسەر كێوەكەدا كەوتە رێ. (٢)مانگ بەڕێوە بوو. ئەمجا گەیشتە كلكەی كێوەكە ودوور بە دوور دۆڵێكی بینی كە پڕ بوو لە درەخت و داری بەدار چەم و روبار، باڵندەو بولبولان نزایان دەچڕی بۆ پەروەردگار. جانشا زۆر دڵشاد بوو. سەعاتێك رۆیشت تا گەیشتە دۆڵەكە. ماوەیەكی دی رۆیشت جۆگە ئاوێكی بینی و كەناریدا شۆڕبووەوە. تاگەیشتە دوڵەكە. ئیدی هەر بەدۆڵەكەدا دەڕۆیشت و سەرنجی ئەملاوئەولای خۆی دەدا. دواتر كۆشكێكی بڵندی بینی. جانشا بەرەو رووی چوو، تاگەیشتە بەردەم دەروازەكەی، لەوێدا پیرەمێردێكی نوورانی بینی. كە گاڵۆكێكی پێ بوو. كە لە مرواری نەخشی رازابووەوە. لە بەر دەروازەكە دانیشتبوو. ئەمیش چووەلای و سڵاوی لێ كرد،پیرەكەش وەڵامی دایەوەو وتی(دانیشە كوڕەكەم)، جانشایش لای دانیشت. ئەمجا پیرەمێردە پرسی:

(لە كوێوە هاتووی؟ چونكە تائێستا ئادەمیزادێك رێی نەكەوتووەتە ئێرە! ! بۆ كوێیش دەچیت؟ ). جانشا كە ئەمەی بیست بەكوڵ گریا، پیرەمێرد وتی:

(ئەو گریانە، ببڕەوە! دڵم خەریكە دادەكەوێت). هەستاو چوو، خواردنی بۆ هێناو جانشای تێر كرد. ئەمجا پێی وت:

ئەمەوێ چیت بەسەر هاتووە بۆم بگێڕیتەوە. ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. پیرەمێردكە ئەمەی بیست سەری سوڕما ! ! ئەمجا پرسی:

تۆیش پێم بڵێ کێ خاوەنی ئەم دۆڵ و رەز وباخە وئەم کۆشکە بڵندیە. پیرەمێردەکەش وتی:

( ئەمانە هەمووی هی حەزرەتی سولیمانی داودە. سڵاوی خوای لێبێت. منیش ناوم شێخ نەسرە پاشای باڵندەیان. ئەوەش بزانە، حەزرەتی سولیمان منی کردوتە جێگری خۆی، بۆ ئەم کۆشکە و باڵندەکانی دنیا، ساڵانە هەرچی باڵندەی دنیا هەیە دێنە ئێرەو لە گەڵما کۆدەبنەوە. هەر بۆیەش من لە لای ئەم کۆشکە ماومەوەتەوە ئەمجا جانشا بەدەم گریانەوە پرسی:

مامە پیرەگیان من وڵاتەکەم دوورە! چۆن بگەمەوە ئەوێ؟ پێرەمێرد وتی:

کورم لەنزیك کێوی قافەوەی، ناتوانیت بگەیتەوە وڵاتی خۆت. بۆیە لێرە لەم کۆشکەدا، رۆژانە بەسەر بەرە. بخۆ و بخۆرەوە بێخەم. تا کاتی هاتنەوەی باڵندەکان. ئیدی دەتدەم بە باڵندەیەکی بەهێز بتباتەوە وڵاتی خۆت. ئیدی جانشا مایەوە، بە ئومێدی گەڕانەوەی باڵندەکان. کە هاتنەوە. هەر رەگەزەو جۆرە باڵندەیەك نوێنەری ناردە لای شێخ نەسرو، دەستیان ماچ کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بۆیە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٠٨

شەهرەزاد گێڕایەوە لەولایشەوە، جانشا، کەوتە گەڕان بەناو ئەو کۆشکە فراوانەدا. تاگەیشتە ئەودەرگایەی کە شێخ نەسرە، ئاگاداری پێدابوو. کە نابێت بیکاتەوە. ئەویش سەیری ئەو دەرگایەی کرد، کە لەسەر دالانێك بوو، قفڵێکی زێڕینی لێ درابوو.

لە دڵی خۆیدا وتی:

ئەم دالانە چاترینیانە ئاخۆ چی تیابێت!؟ کە ئاوا مامە شێخ ناهێڵێت بیکەمەوە؟ نەخێر دەبێت هەر بیکەمەوەو بچمە ژوورەوە، بزانم چی تیایە!؟ ئەمجا دەستی برد وقفڵەکەی کردەوە، کە چووە ژوور سەیری کرد، گۆمێکی جوانی تیایە، لەتەنیشتیەوە، کۆشکێکە، بچووك. کە دیوارەکانی لە بلوور و زێڕ و زیو هەڵچنراوە. پەنجەرەکانی لە یاقوت و مەرمەڕ و (زوبیرجد)ە کە وەکو بەردی مەرمەڕ قالب کراوە. لەناوەڕاستی کۆشکە کەدا، حەوز و فوارەی زێڕین بوو. لەسەر کەنارەکانی درندە و باڵندەی زێڕین دانرابوو. لە دەمیانەوە، ئاو دەهاتە خوارێ. گەر بایەك هەڵی بکردایە، جۆرە ئاوازێك لە دەم و دەنووکیانەوە، پەیدا دەبوو. وەکو بخوێنێ وابوو. لە بەردەم حەوزەکەدا، هەیوانێك هەبوو، سەکۆیەکی تیادا نرابوو. بە مرواری و زێڕ دروست کرابوو. کە دەوارێکی پەردە وکوللەی بۆ

هەڵخرابوو، لە ئاوریشمی سەوزی کاڵ، بەهەندێ گوڵ و نقێم رازابووەوە لە سەر تەختەکە پیشتی یەك و لە ژێریدا فەرشێك راخرابوو. کە کاتی خۆی حەزرەتی سولیمان خاوەنی بوو، سڵاوی خوای لێ بێت، بە لایەکانی کۆشکەکەدا، رەز وباخ بوو، جۆرەکانی میوەی پیا شۆڕ ببووەوە. کە جانشا ئەمەی بینی سەری سوڕما! ! ئیدی بە شتە سەر سووڕهێنەکانی ئەو کۆشکەکەدا چاوی گێڕا، ئەمجا خۆی کرد بە کۆشکەکەدا و ئەو بەرهیوان و تەختەی بینی سەر ی سوڕما! چوو لە سەر ی راکێشا و ماوەیەك لێی نووست. کە هەستا لە کۆشك چووە دەرەوە، لە بەر دەروازەکەیدا کورسیەك دانرابوو، لە سەری دانیشت. کەچی لە ئاسمانەوە (٣)باڵندە، هاتنە خوارەوە کە لە کۆتر دەچوون. چوونە سەر دەریاچە بچکۆلەکەوپەڕ و باڵیان فڕێ داو و بوونە (٣) کیژۆڵەی زۆر جوان و کەوتنە گەڕان بەناو رەز و باخەکەدا. کە جانشا ئەمانەی بینی زۆر سەری سوڕما لە جوانیان! بەرەو روویان چوو تاگەیشتە لایان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٠٩

شەهرەزاد گێڕایەوە کە جانشا لێیان نزیك بووەوە، سڵاوی لێ کردن. ئەوانیش وەڵامی سڵاوەکەیان دایەوە. ئەمجا لێ پرسین:

( ئێوە کێن؟ لە کوێوە هاتوون؟ )

کیژە بچووکەکەیان وتی:

(لە مەلەکوتی خوای گەورەوە هاتووین بۆ بینینی ئەم شوێنە) جانشا، سەری لە جوانیان سوڕمابوو! ئمجا بە کیژە بچووکەکەی وت:

(بەزەییت بە حاڵمدا بێتەوە، سۆزت بۆم هەبێت). ئەویش وتی:

(کۆڵ بدە، لەم قسانەبرۆ بە رێی خۆتەوە. کە جانشا ئەمەی بیست کەوتە گریان ئەم شیعرەی هاتە سەر زمان .

سکاڵای خۆم کە بردە لای

وتی: قەت نەیکەیت سکاڵای

وتم: دڵیشت کە بەردە گیانە

لە ئاوی نێو بەردی هەڵقوڵای کیژەکانە

زۆر خۆشحاڵ بوون بەو شیعرانە، ئەمجا جانشا چووە ناو رەزەکەوە و چەندین جۆر مێوەی بۆ لێ کردنەوە و هێنایە بەردەمیان. ئەوانیش خواردیان. ئەمجا بەرگەپەڕینەکانیان لە بەر کردەوەو دایان لە شەقەی باڵ، جانشا تا لە چاو ون بوون سەیری کردن. کە

دیارنەمان، یەك ئاهی هەڵکێشا و بوورایەوەو کەوت، بەدرێژی ئەو ڕۆژە بەئاگانەهاتەوە، لەولایشەوە، شێخ نەسر بەباڵندەکان گەیشت و پێی وتن:

لاوێکی جوان دوورە وڵات کەوتووەتەوە و بەڵکو لە گەڵ خۆتان بیبەن. ئەمجا گەڕا بە شوێن جانشادا. نەیدۆزیەوە، کەوتە پشکنینی ناو کۆشك. کە گەیشتە ئاستی دەرگاکەی جانشای دۆزیەوە کەلەسەر زەوی کەوتووە، چووئاوی گوڵاوی بۆ هێناو پرژاندی بەسەر دەم و چاویدا. جانشا کە بە ئاگا هاتەوە، لە شێخ نەسر زیاتر کەسی دی نەبینی زۆر خەفەتبار بوو. شێخ نەسر وتی:

( کوڕەکەم، ئەم وت دەرگای ئەم داڵانەیان مەکەرەوە؟ ).

ئەمجا پێی وت:

کە چی بەسەر هاتووە لێرەدا بۆی بگێڕێتەوە. بۆ خۆی باشترە. ئەمجا جانشا، بەسەر های خۆی و (٣)کۆترەکەی کە (٣)کیژی جوان بوون، بۆ گێڕایەوە. شێخ نەسریش پێی وت:

ئەوە بزانە، ئەو (٣) کیژە هەموو ساڵێك لەم کاتەدا، دێنە سەر ئەم گۆمە و تا دەمەو عەسر دەگەڕێن و کات بەسەر دەبەن و ئەمجا دەدەنەوە لە شەقەی باڵ و دەڕۆن.

جانشا پرسی:

وڵاتی ئەو کیژانە لە کوێ یە؟

شێخ وتی:

بەو خوایە منیش نازانم.

شێخ نەسر وتی:

(هەستە کوڕم، گوڕ وەبەر خۆت بێنەوە. با بەو باڵندانە دا ڕەوانەی وڵاتی خۆت بکەمەوە). کەجانشا ئەمەی بیست، هاوارێکی کرد و بوورایەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥١٠

شەهرەزاد گێڕایەوە کاتێ جانشا بە ئاگاهاتەوە، خۆی دا بەسەر پێڵاوەکانی شێخ نەسرداو گریا ئەمجا وتی:

(بابەگیان، نامەوێت بەگەڕێمەوە وڵاتی خۆم، دایك و باوکم بیر چووەتەوە دەمەوێت یارمەتیم بدەیت. خوا یارمەتی تۆیش بدات. بەڵکوو، یەکێك لەو(٣) کیژە مارە بکەم، بەزەیيت پێمدا بێتەوە).

شێخ نەسر وتی:

بەو خوایە کوڕەکەم، نەنەوکیژانە دەناسم و نەدەزانم خەڵکی کام وڵاتن!! بەڵام، رێگات دەدەم، لێرە بمێنەوە تاکو ساڵی ئایندە و ئەوان دێنەوە. تۆیش خۆت لە نێو رەز وباخەکەدا بشارەوە، تاکو دەنیشنەوە. کە بەرگە پەڕینەکانیان داکەند ورۆیشتنە گەران بچۆپەڕێکی یەکێك لەو کیژانەی، کە بەدڵتە لە بەرگەکەی بکەوە دوایی کە دێنەوە بۆ لەبەر کردنەوەی بەرگە پەڕەکانیان ئەوەیان، کە پەڕەکەی لای تۆیە، دێتە لات و دەڵێت ( براکەم، پەڕەکەم بدەوە! تابە جلەکانمەوە بکەم و لەبەری بکەم). تۆیش بۆی مەگێڕەوە، تامن لە بەخێر هێنانی باڵندەیان دەبمەوە و دێمە لای ئێوە و دەکەومەنێوانتانەوە و پێکتان دێنم لە سەر ئەوەی بتگەیەنێتەوە نیشتمانی خۆت منیش هەر هێندەم لە توانادایە). ئیدی جانشا، مایەوە لە نێو کۆشکەکەدا، رۆژانی بە قامکان هەژمارد دەکرد. کاتێك رۆژی گەڕانەوەی باڵندەکان هات مام نەسر هات و بیری جانشای خستەوە، کە دەبێت چی بکات لە بەرگە پەڕینەکان و چۆن خۆی داشارێت، تا دێنەوە سەر گۆمەکە. وتیشی وا منیش دەڕۆمە پێشوازی باڵندە و گیانلەبەران. جانشاوتی:

بە چاوان. بەرەو رەز وباخەکە رۆیشت و لە نێو درەختێکدا خۆی شاردەوەو. رۆژی یەکەم و دووەم و سێ یەم چاوەڕێ بوو، باڵندەکان نەهاتن. کەوتە دڵەڕاوکێ و گریان بۆ خۆی. هێندە گریا، بێهۆش بوو. کە بە ئاگا هاتەوە، چاوی لە سەر گۆمەکە و ئاسمان و سەرە رێیەکان بوو، لە کاتێکدا لە دڵەڕاوکێدا بوو، هێندەی زانی(٣) باڵندەی گەورە، کە بەهێندەی باز دەبوون. پەیدا بوون. لە کەناری گۆمەکە نیشتنەوەو سەیری ئەم لاولای خۆیان کرد. کە کەسیان نەبینی، وەکو جاران بەرگە پەڕینەکانیان داکەند وکەوتنە پیاسە بە نێو رەزەکەدا. دڵخۆش و بەختەوەرانە لە قاقای پێکەنینیان دەدا. کیژە گەورەکەیان وتی:

دەترسم خەڵك لە نێو کۆشکەکەدا خۆیان لێمان داگرتبێت! کیژە ناوەنجیەکەیان وتی:

خوشکێ، ئەو کۆشکەی لێی دەترسیت، لە سەر دەمی حەزرەتی سولیمان بەدواوە، ئەمرۆڤ نە جنۆکە ی تێ نەچووە! کیژە بچووکەکەیان بە پێکەنینەوە وتی:

بەو خۆایە، خوشکینە گەر کەسیشی تیا بێت، کەسی ناوێت من نەبێت!! دەستیان کردە بە پێکەنین و جانشایش سەیریان دەکات.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

# شەوی ٥١١

شەهرەزاد گێڕایەوە کە جانشا بینی دوور کەوتنەوە، بەڕاکردن چووە سەر بەرگەکانیان و لە جل و بەرگی کیژەبچووکەکە پەڕێکی کردەوە. (٣) کیژەکە لە دوورەوە کە جانشایان بینی کەوتنە دڵە خورپە! بە پەلە گەڕانەوە لە جانشایان پرسی:

تۆ کێت؟ چۆن هاتوویتە ئێرە؟ بۆچی پەڕێکی خاتوو(شەمسە)ت برد؟

ئەویش پێی وتن:

ئێستا چیرۆکی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە، خاتوو شەمسە هەڵیدایە (هەواڵی تۆ چییە؟ بۆچی پەڕی منت لە نێو خوشکەکانمدا هەڵبژارد؟ دەمناسیت؟ ).

جانشا وتی:

ئەم پەڕەت نادەمەوە تا مام نەسری پاشای باڵندەکان نەگاتە ئێرە! ئیدی جانشا خۆی کردەوە بە کۆشکدا. ئەمجا خاتوو شەمسە شوێنی کەوت. جانشای بینی لە سەر تەخت دانیشتبوو، سڵاوی لێ کرد. لە نزیکەوە دانیشت و پێی وت ( بۆمان بگێڕەوە، تا بزانین چیت بە سەر هاتووە؟ ) کە جانشا ئەمەی بیست هێندە گریا تاکو بەر سنگی بەفرمێسك تەڕ کرد. خاتووشەمسە وتی:

کۆڵ لە گریان بدەو بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. ئەمجا هەمووی بۆ گێڕایەوە.

کە خاتوو شەمسە بە سەرهاتی بیست پێی وت:

کەوابوو، گەر حەزت لەمن کردووە، ئەوا مارەم بکە، بەڵام ئێستا پەڕەکەم بدەوە با بڕۆمەوە بە دایك وباوکم بڵێم. دوایی دەگەڕێمەوە بۆ ئێرە و لەگەڵ خۆم هەڵت دەگرم و دەتبەمەوە نیشتمانی خۆت. جانشا زۆر گریا ئەمجا وتی ( ( جا ئەوە راستە بم کوژیت!؟ ).

خاتوو شەمسە وتی:

چۆن دەتکوژم!؟ کە تا ئەوکاتە (٢) خوشکەکەیشی هاتبوون. جانشا لە وەڵامدا وتی:

( چونکە تاکو دەگەڕێیتەوە، شێت دەبم بۆت و سوێم دەبێتەوە! ). هەرسێکیان دایانە قاقای پێکەنین.

ئەمجا شەمسە وتی:

( بێخەم بە شوت پێ دەکەم، ئەمجا خوشکێکیان چووە ناو رەزەکەوەو هەندێ میوەی هێناو پێکەوە خواردیان.

مام نەسری پاشای باڵندەکان پەیدابوو هەموویان لە بەری هەستان ودەستیان ماچ کرد.ئەویش، فەرمانی داپێیاندانیشتن، ئەمجا رووی کردە خاتوو شەمسە و پێی وت:

ئەمە زۆر کوڕێکی دڵپاك و بەڕەوشتە، شازادەیە و کوڕی پاشا (کابل)ە. ئێستاش ئاگاتەوە ولاتی خۆی بەلکو ببیەیتەوە. ( دەبێت، سوێندم بۆ بخۆیت، کە تاکو لە ژیاندا بیت، خەیانەتی لێ نەکەیت) ئەویش سوێندێکی مەزنی خوارد، کە غەدری لێنەکات. ئەمجا وتیشی کە شووی پێ دەکات. مام نەسر، رووی کردە جانشا و وتی:

( سوپاس بۆ ئەو خوایەی کە ئاوا نێوانی هەردووکتانی یەك خست. جانشا زۆر دڵخۆش بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥١٢

شەهرەزاد گێڕایەوە دواتر جانشا و خاتوو شەمسە (٣) مانگی رەبەق لەو کۆشك و رەزو باخەدا مانەوە ئەمجا خاتوو شەمسە وتی:

دەمەوێت بتگەیەنمەوە نیشتمانی خۆت و لەوێ جارێکی دی مارەم بکەیتەوە.

جانشا وتی:

بە چاوان. ئەمجا چووە لای مام نەسر و پرس و رای پێ کرد و وتی:

نیازی کارێکی وامان هەیە . دەڵێیت چی؟

پاشای باڵندەکان وتی:

بڕۆنەوە، بۆ نیشتمانی خۆت بەڵام ئاگات لە خاتوو شەمسە بێت. ئەمجا خاتوو شەمسە داوای بەرگەکەی کرد و وتی:

مام نەسر پێی بڵێ بەرگەکەم بداتەوە مام نەسر فەرمانی پێدا وئەمجا بەپەلە رۆیشت بەرگەکەی هێنا و لە بەری کرد و وتی:

بێنە دەستت و چاوت بنووقێنە و هەر دوو گوێت بگرە، توند خۆت گیر بکە بە منەوە بانەکەویت. ئەمجا مام نەسر بانگی کرد:

پەلەمەکە باولاتی کابلت بۆ وەسف بکەم نەکو لێتان تێك بچێت. ئەمجا بۆی وەسف کرد و پێیشی وت کە ئاگای لە جانشا بێت، خاتوو شەمسەش بە دوو خوشکەکەی وت:

بڕۆنەوەبۆ ماڵەوەو هەواڵی من و جانشایان پێ بڵێن. ئەمجا خاتوون دای لە شەقەی باڵ و وەکو بایەکی زۆر توند فری. دوو خوشکەکەیشی خواحافیزیان کرد و دایان لە شەقەی باڵ

بەرەو ماڵی خۆیان. ئەو رۆژە تاکو عەسر خاتوو شەمسە بە ئاسمانەوە فڕی. دواتر دۆڵێکی سەوزی بینی، بە جانشای وت:

لەم رەز و باخەدا دەنیشمەوەو ئەم شەو لێرە دەمێنینەوە. ئیتر نیشتنەوەو کەوتنە گەڕان بە ناو ئەو رەز وباخ و کانیاوانەدا. ئەمجا ئەو شەوە لێی نووستن تاکو بەیانی، دیسان کەوتنە فڕین، تاکو نیوەڕۆ، ئەمجا خاتوو شەمسە چەندین باڵەخانە و خانووبەرەی بینی و لەو وەسف دەچوون کە مام نەسر بۆی کردبوون. دواتر مێرگوزارێکی سەوزی جوانیان بینی، بۆیە خاتوو شەمسە شۆڕبووەوە. ئەمجا چوونە ناو مێرگزارەکەوە، کە پڕ بو لە درەخت ودار هەر هەموو بەردار خاتوو شەمسە لە جانشای پرسی:

ئەزانی چەندەمان رێگا بڕیوە؟ جانشایش وتی:

نازانم! ئەویش وتی:

رێگای(٣٠)مانگی رەبەقمان بڕیوە! جانشایش وتی:

سوپاس بۆ خوا سەلامەتین.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥١٣

شەهرەزاد گێڕایەوە جانشا دانیشت و خاتوو شەمسە بە تەنیشتیەوە، کەوتە خواردن و خواردنەوە. هێندەیان زانی، دوو کۆیلە هاتن بۆ لایان کە یەکێکیان ئەو منداڵە بوو، کە کاتی خۆی لە لای ئەسپەکانی جانشا دانرابوو. تا ئەمانیش بچنە بەلەمەکەوە. دووەمیشیان ئەوەبوو کە بۆ راوشکار لە گەڵی هاتبووە دەر. کەجانشایان بینی ناسیانەوە و سڵاویان لێ کرد و پێیان وت:

( بەیارمەتیت دەچین مژدە دەدەین بە باوکت، ئەمجا کە مژدەیان دایە باوکی دەوار و رەشماڵی بۆ ناردن لە گەڵ پێداویستی حەوانەوە. کە شتەکان گەیشتە لای جانشا و خاتوو شەمسە دەوار و رەشماڵیان هەڵدا و(٧)رۆژ مانەوە تا ماندوویەتیان دەربچێ. دواترکاروانیان بەڕێ کردو جانشایان بە ئاهەنگ گێڕانەوە هێنایەوە کۆشکی پاشای باوکی. دووکۆیلەکەی کە چوو بوونە لای (تەیفموس )شا و داوای مژدانەیان کردبوو. پێی وتبوون مەگەر جانشاتان هێناوەتەوە بۆم؟

ئەوانیش وتبوویان:

بەڵێ جانشا ئێستا لە نزیکی خۆتەوەیەو لە مێرگی (کرانی)یە. کە ئەمەی لێ بیستبوون لە خۆشیدا بورابووەو. کە هۆشی هاتەوە، فەرمانی بە وەزیریدا پارەیەکی باش

بدات بەو دوو کۆیلەیە. ئەمجا وەزیریش پارەیەکی زۆری دایە ئەو دوانەی هەواڵەکەیان هێنا و پێی وتن:

ئـەوەش مژدانـە، راسـت بێـت یـان نـە! ئـەوانیش سـوێندیان خـوارد کـە درۆ ناکـەن و تەنانەت، نانیشمان لەگەڵ خواردووە. ئەمجا ناردوویەتی دەواریـان بـۆ هێنـا و دایـان کوتـاوە، (٧) رۆژ لە مێرگی (کرانی)دا، دەمێنەوە، چاوەڕێی وەزیران و پیاو ماقوڵانی مەملەکەتن، تـا بچنە پێشوازیان.

ئەمجا پاشا لە دووانەکەی پرسی:

کوڕەکەم چۆنە؟ وتیان:

قوربان دڵخۆش و شادمانە و پەریەکی لـە گەڵدایـە، دەڵێـی لـە بەهەشـتەوە هێناویـەتی. هێندە ناسك و نازدارە، ئەمجا پاشا فەرمانی دا رەشماڵ هەڵبـدرێ، لـەدەهۆل و زوورنـا بـدرێ ئاهـەنگ بگێـڕدرێ. هـەواڵ بدەنـە دایکـی جانـشا، بـا ئـەویش دیوەخـان بـۆ پێشوازی ژنـان برازێنێتەوە. دواتر لە کاتێکدا، جانـشا و شەمـسەی پـەری، دانیـشتبوون رووانیـان پێشەنگی سـوپا و پاشـا ووەزیـران دەرکـەوتن، جانـشا هەسـتایە سـەر پـێ و بـەرەوڕوویان چـوو. کـە سەرکردەکانی سوپا بینیان ناسیانەوە و لە ئەسپەکانیان و دابـەزین و ئـەملاو ئـەولایان مـاچ کرد. ئەویش رۆیشت تا گەیشتە باوکی.

شەهرەزاد هەستی کرد   شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥١٤

شەهرەزاد گێڕایەوە کە پاشا جانشای بینی، خۆی لـە سـەر ئەسـپەکەوە هەڵدایـە خـوارو جانشا باوەشی پیا کرد، ئەویش تێـر ماچی کـرد و خـاتوو شەمـسەیان سـوار کـرد و لەشکر بەرەو شـار بـووەو. شـا تـەیفموس لـە ناوەڕاسـتی سـوپادا، جانـشا لای دەسـتە راسـتی یـەوە و خاتووشەمـسە لای دەسـتە چـەپی یـەوە، ئـەمجا دەوار و رەشمـاڵ هەڵـدرا. ئاڵایـان هـەڵکران، رەشمـاڵی ئاوریـشم بـۆ خاتووشەمـسە لێـدرا و ئـەویش بـەرگی پـەڕی داکەنـد و چـووە رەشماڵەکەیەوە. هێنـدەی زانـی جانـشا و بـاوکی بـەرەو رووی هـاتن. ئـەمیش بـەرزە پـێ لـە بەریان هەستاو بەرەو پیریان چوو. کە گەیشت کڕنوشی بۆ پاشا برد. ئەمجا بەرەو دەوارەکە بوونەوە، شا تەیفموس لە سەر کورسیەك دانیـشت، جانـشا لای دەسـتە راسـتی یـەوە، خـاتوو شەمسە لای دەستە چـەپییەوە. ئـەمجا بـەخێر هـاتنی خـاتوو شەمـسەی کـرد و رووی کـردە جانشا، پرسی:

ها له ماوه دوورەی ون بوونەتدا چیت کرد؟ جانشایش، بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. تەیفموس شا کە بەسەرهاتەکەی بیست زۆر سەری سوڕما! ئەمجا رووی کردە خاتوو شەمسە (سوپاس بۆ خوا کە سەرکەوتوو بوویت و کوڕەکەمت بۆ گەڕانەوە. ئێستاش حەز دەکەم، حەزت لە چی یە تا بۆت جێ بە جێ بکەم؟ ). ئەویش وتی:

حەزم لە کۆشکێکە لە نێو رەز و باخێکدا بێت و جۆگەلە و رووباری بە ژێردا بڕوات! باوکی جانشا لە وەڵامدا وتی:

بە چاوان. ئەمان لەم گفتوگۆیەدا بوون کە دایکی جانشا خۆی کرد بە لایاندا، بەخۆی و ژنانی وەزیران و گەورە پیاوانی شارەوە. جانشا هەستا و بە گەرمی دایکی بە خێر هێناو دەستی ماچ کرد، دایکی لە خۆشیدا فرمێسکی رشت. ئەم شیعری وت:

شادی هێرشی وا بۆ هێناوم ... پاراوم دەکا ئەشکی رژاوم

دەڵێی بە فرمێسك دیدەم ... هۆگرە بەخەم و خۆشی نابڕێ لە چاوم!

ئەمجا کەوتنە گێڕانەوەی پەژارەیان بۆ یەکتری، هەربەدەم رۆیشتنەوە چوونە رەشماڵێکەوە. تەیفموس شایش چووە رەشماڵەکەی خۆیەوە. هێندەیان زانی کۆیلەیەك هاتە ژوور و مژدەی هاتنی خاتوو شەمسەیان پێ بوو. کە دایکی جانشا ئەمەی بیست هەستایە سەر پێ وبەرەو رووی چوو، باوەشیان بە یەکدا کرد و بەخێری هێنا. ئەمجا ژنان ودایکی جانشا و بووکەکەی چوونە رەشماڵی تایبەت بەژنانەوە. تەیفموس شا، زۆر خۆشحاڵ بوو، فەرمانیدا، کە شاباش و دیاری بدەنە، ئامادە بووان. بۆ ماوەی(١٠) رۆژ لە وشوێنەدا مانەوەو ئاهەنگ گێڕرا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥١٥

شەهرەزاد گێڕایەوە شا تەیفموس فەرمانی دا، سوپا ئامادە بێت بۆ گەڕانەوە بۆ شار. کە ئامادە بوون سوار بوو کوڕەکەی لە دەستە راستی یەوە و پیاوان و وەزیران لە دەستی چەپیەوە بەرێکەوتن. بە گیشتنە شاریان، فەرمانی دا، ئاهەنگ بگێڕدرێ و شەقام و کوچەو بازاڕ برازێتەوە. دایکی جانشا و خاتوو شەمسە بەرەو کۆشك بوونەوە. سفرە و خوان لە شوێنە گشتییەکاندا ئامادە کرا بۆ هەژاران و نەداران، ئاهەنگ و شایی لەو شارەدا(١٠) درێژەی بوو. خاتوو شەمسە پەری کە ئەمەی بینی زۆر دڵخۆش بوو. ئەمجا شاتەیفموس ناردیە شوێنی وەستایانی بینا سازیدا فەرمانی دا لە رەز و باخی دیاری کراودا، کۆشکێك بۆ

جانشا دروست بکەن. پێیەکانی لە بەردی مەرمەڕبێت. ئەوانیش خۆیان ئامادە کرد و دەستیان پێکرد. کاتێك پێیە مەرمەڕەکان گەیشتن، جانشا فەرمانی دا، یەکێکیان هەڵیکۆڵن. ئەمجا جلە پەڕینەکانی خاتوو شەمسەی، خستە ناوی و خستیانە ناو کۆشکەکەوە. ئەمجا شایی و زەماوەندی جانشا و خاتوو شەمسە دەستی پێکرد. شار رازایەوە، کە کۆشکەکەی تەواو بوو جانشا و خێزانی گواستیانەوە بۆ ئەوێ. ئیدی هەر کەسەو چووەوە بەرێی خۆیەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٥١٦

شەهرەزاد گێڕایەوە ئەو ئێوارەیەی گواستیانەوە، کۆشکەکە، خاتوو شەمسە دانی بە خۆیدا گرت، تانیوە شەو. کە جانشا نووست، بە بۆن بەرگە پەڕینەکەی دۆزیەوە، کەلە کام پێیە دایە، ئەمجا خشتە مەرمەڕەکەی دەرهێناو سەرقاپێکی قورقوشمی بەسەریدا بەربووەوە، ئەویشی دەرهێنا و دەستی گەیشتە بەرگە پەڕینەکەی دەرهێنا و قاڵبەکانی خستەوە شوێنی خۆی. لەبەری کرد و هەر ئەو کاتە فڕیە سەربانی کۆشکەکەو بانگی کرد جانشام بۆ بانگ بکەن با خواحافیزی لێ بکەم. ئەوانیش، چوون جانشایان بە ئاگا هێناو وتیان:

خاتوو شەمسە داوای تۆ دەکات. کە جانشا چوو، لێی پرسی:

( بۆچی ئەم کارەت کردووە؟ ).

ئەویش وتی:

(زۆرم پیخۆش بوو کە تۆم گەڕاندەوە، باوك و دایکتم بینی. ئێستاش ئەگەر تۆ منت خۆش دەوێت، وەرە بابڕۆین بۆ وڵاتی من و بۆ(قەڵای جەوهەر تکنی)دوای کەمێك دای لە شەقەی باڵ و رۆیشتەوە بۆ وڵاتی خۆی. کە جانشا ئەمەی لە خاتوو شەمسە بیست، پەژارەیەکی گەورە لێی داو بوورایەوە بردیانە ناو کۆشك. هەواڵەکەیان دایە باوکی، ئەویش سوار بوو بەرەو کۆشکی جانشا، کەگەیشت بینی کوڕەکەی درێژ بووە لە سەر زەوی، داوای گوڵاوی کرد و پرژاندی بەسەریدا. کوڕەکەی کە بەئاگا هاتەوە، باوکی لێی پرسی، ئەویش وتی:

( بابە گیان ئەوژنەی من لە پەریان بوو، بەرگێکی پەڕینی هەبوو دەیپۆشی و پێوەی دەفڕی. منیش ئەو بەرگەم لێ شاردبووەوە. لە نێو یەکێك لە کۆڵەکە مەرمەڕکانی ناو

کۆشکدا. کەچی بە شوێنیدا گەڕاوەو لە سندوقی ناو پێیە مەرمەڕەکەدا، دەری هێناوە و پێی فڕیە سەربان. کە چووم پێی وتم:
تۆم گەڕاندەوە وڵاتی خۆت. بەدایك و باوکت شاد بوویتەوە، ئێستاش ئەگەرمنت خۆش دەوێت، فەرموو شوێنم بکەوە، بۆ نیشتمانی من. منیش لە پەژارەدا بوورامەوە. ئەویش لێیداو ڕۆیشت. تەیفموس شا وتی:
(بێخەم بە کوڕی خۆم. لای خۆمانەوە. بازرگانان و کاروانچیان رادەسپێرین، هەر کە هەواڵی ئەو قەڵای (جەوهەر تکنی) بۆ هێنایین، دەڕۆینە لای دایك و باوکی، بەڵکوو ئەمە خوایە لەوێیش مارەی ببڕیت! ). ئەمجا فەرمانی دەرکرد(٩) وەزیرەکەی کۆکردەوە وپێی وتن:
بازرگانان و کاروانچیان و گەڕۆکەکان کۆبکەنەوە. کە کۆبوونەوە راسپێریەکەی پێ ڕاگەیاندن. ئەوانیش سەریان بادا کە قەڵایەکیان بەو ناوەوە نەبیستووە. کە شاتەیفموس ئەمەی بیست ئەمجا چەند کەسێکی پارە پێدا کە سیخوڕانە بکەونە شوێن ئەو قەڵایە. ناردنی بۆ وڵاتانی دوورو دوورگەکانی ناو دەریا. ئەوانیش دوای دوومانگ پشکنین هەروا گەڕانەوە، بە شایان ڕاگەیاند کە هیچیان بۆ نەکراوە. ئەمجا شایش بەدەم قوڵپی گریانەوە بەرەو لای کوڕەکەی بووەوە. کە چووە ژوورەکەی سەیری کرد. ناوی خاتوو شەمسەی لە سەرزمانە. شایش بەناچاری پێی وت کە هیچ هەواڵێك لەو قەڵایەوە نییە!! . جانشا دەستی کردە گریان.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٥١٧

شەهرەزاد گێڕایەوە لە نێوانی شا تەیفموس و پاشا هێند دا، دوژمنایەتی هەبوو کاتی خۆی. شا تەیفموس پەلاماری ئەوی دابوو. سەربازێکی زۆری لێ کوشتبوون. سامانێکی زۆری بەتاڵان برد بوون. (١٠٠٠) پاڵەوانی هەبوو، هەریەکێکیان (١٠٠٠)خێڵی لە ژێر دەست دا بوو، هەر خێڵێك(٤٠٠٠) سوارەی جەنگاوەری هەبوو. چوار وەزیری هەبوو، هەریەکەیان چەندین پاشاو سەرکردەی لە ژێر رکێفدا بوو. هەروەها پاشای(١٠٠٠)شار بوو. کە هەر شارەو(١٠٠٠) قەڵای هەبوو. کاتێ پاشای هێند ئەوەی بیستەوە، کە تەیفموس شا، سەرقاڵی کێشەی کوڕەکەیەتی و لە حوکمڕانی دوورە پەرێزە، هەموو وەزیرەکان و سەرکردەی سوپێی کۆکردەوە، پێی وتن:

(ئـەوە بیرتـان چـووەتەوە کـە شـاتەیفموس، پـەلاماری شـارەکانیان دایـن!؟ بـاوکم و برایەکمی کوشت و سامانی دارایی ولاتەکەیان بردین! یەکێکتان نییە، کەسێکی نـەکوژرابێت لەوهێرشەدا، یـان سـامان و مـاڵی نـەبرابێت ئێـستاش بیـستوومە بـە کوڕەکەیـەوە سـەرقاڵە. سوپاکەشی ژمارەیان کەم بوتـەوە. کـاتی ئـەوە هـاتوو، خـاو نـەبین لـە پـەلاماری دا. خۆمـان تەیار بکەین و بجەنگین و تۆڵەی خۆمانیان لێ بکەینـەوە. خـۆی و کوڕەکەشـی دەکـوژرێن و مەملەکەتەکـەی دەخەینـە ژێـر دەسـتی خۆمـان، کـە وەزیـران و پیـاو مـاقوڵان، سـەرکردە سەربازییەکان ئەمیان بیست وتیان:

بەچاوان. ئەمجا بلاوەیان لێ کرد و هەریەکە چووە شوێنی کاری خـۆی و دەسـت بـەکار بوو، (۳)مانی رەبەق، سەربازانیان پڕ چەك و مەشق کرد. ئەو سوپا مەزنەی هیند دەرچـوو بەرەو سنوورەکانی ولاتی (کابل) کە ولاتی تەیفموس شا بوو. کە چوونەناوەوە، شـارەکانیان روتاندەوە گەوەر پیاوانیان کوشت. لاوەکانیان بەدیل گرتن، هەواڵەکەیان گەیاندەتەیفەموس شا ئەویش زۆر تووڕە بوو. وەزیرەکـانی کـۆ کـردەوە میرەکـانی هەرێمـەکان و سـەرکردەکانی لەشکریش، پێ وتن:

( ئاگـادارین کـە کەفیرشـای هینـد هاتۆتـە ولاتەکەمانـەوە. داوای جـەنگمان لـێ دەکـات. لەشکرێکی هێندە مەزنی هێناوە مەگەر خوا بزانێت چەند سـەربازە.! . نوێنـەرێك هەسـتاو وتی:

پاشا بۆی دەچینە گۆڕەپانی جەنگەوە. شاتەیفەموس، فەرمانی دا سوپا ئامادە بکەن. شەهەرەزاد هەستی کرد دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥١٨

شـەهرەزاد گێڕایـەوە ئـەمجا جـەنگاوەران و رم بەدەسـتان و زرێپۆشـان و لـە هـەموو لەجۆرەکانی چەکی جەنگ، بۆیـان چوون، ئاڵایـان لـێ هـەلگرد و دایـان لـە شـەیپوری جـەنگ و تەپڵی هێرش بردن. تەیفموس شا کەوتە پێشەنگ سپاوە بەرەو سوپێی شا(کەفیر). کـە سـوپاکە گەیشتە دۆڵێکی سەر سنووری (کابل). شا تەیفموس فەرمانی دا، سوپا لایدا. ئەمجا کـە سـوپاکە حەوایەوە، شا نامەیەکی بۆ شا کە فیر نووسی تێیدا هاتبوو ئەگەر پاشایەك دادپەروەر بوویتایە هـەڵت نەدەکوتایـە سـەر ولاتـی دی و سـامانی رەمـەکی خەڵکەکەت تـالانی نـەدەکرد. ئێـستاش نەچووە، بـچێت . دەتـوانن، دەسـت لـە یەخـەی رەمـەکی خەڵکـە کـە بـەر بـدەن و بێـدەنگ بگەڕێنەوە. ئەگەر نا ئەوەئەرز و ئەوە گەز بۆم وەرە گۆڕەپانی جەنگەوەخۆت بگرە لەبەر گورز

و شمشێرماندا. نامەکەی مۆر کرد ودایە دەستی جەنگاوەرێکی و ڕەوانەی کرد چەند سیخوڕێکی لە گەڵ نارد کە بە نهێنی چاودێری بەکەن. ئەویش دای لە ئاوەزنگی و بەرەو سوپێی کەفیرشا، کەلە دوورەوە سەیری کرد. کۆمەڵێکی زۆر دەوار هەڵدرابوون کە لە ئاوریشم دروست کرابوون. ئالآکانیان ئاوریشم بوو لە نێوانیاندا دەوارێکی گەورە لێدرابوو، کە ئاوریشمی سووربوو. نوێنەرەکە گەیشت وتی پەیامی شا تەیفموسم هێناوە بۆ شا کەفیر. بردیان بۆ ئەودەوارە سووره. لە دەرگاوە سەیری ناوەوەی کرد شا کەفیری بینی لەسەر کورسیەکی زێڕین دانیشتبوو. وەزیرەکان میران و سەرکردەکانی لە دەوروبەر بوو، ئەمجا پیاوێکی دەرگاوانی دەواری شاکەفیر نامەکەی لێ وەگرت و بردیە ژوور. کە خوێندیەوە، کاغزی هێناو نووسی:

(ئەمەوێ شا تەیفموس ئەوە بزانیت کە ئێمە بۆ تۆڵە سەندنەوە هاتووین! ڕیسوایی خۆمان دەسەندینەوە. ولآتتان کاول دەکەین خانووەکان بە پێوە ناهێڵین. گەورەکان دەکوژین منالەکان جێ ناهێڵین. سبەینێش بۆت دێمە گۆڕەپان. تا تێبگەیت کە چۆنەجەنگ و چۆنە زۆران. ئەمجا مۆری کرد و دایە دەست نوێنەرەکە. تا بیباتەوە شا تەیفموس. کە گەڕایەوەو نامەکەی دایە دەست تەیفموس شا، خوێندیەوە. فەرمانی دا بە عەینزاری وەزیری، کە (١٠٠٠) جەنگاوەر ئامادە بکات و نیوە شەو هەڵکوتێتە سەر سوپاکەی شا کەفیر. نوێنەرەکە کڕنوشی بۆ برد و وتی:

پاشان جەنگاوەرانی کەفیرشا، هێندە زۆرن کەلە ژمارە نایەن. بە هەزاران پاڵەوانی هەیە. ئەمجا وەزیر کەوتە خۆی و لەشکری پێکهێنا. تا نیوە شەو ڕۆیشتن لە نیوەی ڕێ. وەزیر و سوپاکەی لوتیان تەقی بە لەشکرەکەی (عەینزار)ی وەزیردا. ئەمجا جاڕی شەڕیان دا تابەرەبەیان جەنگ سەر وەربوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێ دەنگ بوو.

## شەوی ٥١٩

شەهرەزاد گێڕایەوە کە ڕۆژ بووەوە و سوپێی شا کەفیر بینی جەنگاوەرێکی زۆر کوژران بەرەو دوا هەڵهاتن. شا کەفیر کە ئەمەی لە سەرکردەکانی ئەو سپێیە بیست زۆر توند بوو، پرسی:

بۆچی هەڵهاتوون!؟

وتیان:

قوربان بەرێ کەوتین، تانیوەشەو تووشی سوپێی عەینزاری وەزیری شا تەیفموس هاتین و کەوتینە جەنگەوە- سوپێی ئەو زۆر زۆر بوون، پاڵەوانی زۆریان هەبوو، شەڕەکەمان

نزيك دۆڵی زەهران تووش بوو. زۆرمان لێ کوژرا کە وەزیر دەینەراند بەسەر فیلەکانیدا، فیلەکان توند دەبوون و زۆرێکی لە جەنگاوەرانمان شێلا ! ! تەپوتۆزێك هەستا کەس کەسی نەدەبینی جۆگەلەی خوێن هەستابوو. گەر هەڵناهاتینایە ئێمەش کوژرابووین. پاشایش وتی:

رۆژتان لێ تووڕەیەو بەخێر نەیەنەوە، لەولایشەوە عەینزاری وەزیر، بەسەرکەوتووی گەڕایەوەو، شا تەیفموس پیرۆزبایی لێ کردو فەرمانی دا بیکەن بە شایی و لۆغان کەسوپاکەی بەسەر کردەوە. بۆی دەرکەوت کە (٢٠٠)جەنگاوەری پاڵەوانی لێ شەهید بووە. لەولایشەوە شا کەفیر سوپێی ئامادەکراوی هێناو هاتە گۆڕەپانی جەنگ. سوپاکەی (١٥) ریزیان پێکهێنا هەر ریزی (١٠٠٠٠) سەربازی جەنگاوەر بوون. (٣٠٠)پاڵەوانی لە گەڵدا بوو کە هەر یەکەیان سواری فیلێك بووبوون. ئالای خۆی لێ هەڵدا شەیپووری لێدا پاڵەوانان خۆیان نواندو داوای زۆرانبازیان کرد. تەیفموس شایش سوپاکەی لە (١٠)ریزدا وەستان و هەرریزێ (١٠٠٠٠) سەرباز بوو. (١٠٠)پاڵەوانی هێنابوو. بەسوارەیی لای راست وچەپیان لە پاشایان گرتبوو. ئەمجا هێرشیان کردە سەریەك و شەیپووری جەنگ لێدرا تەپڵ و کەرەنا کوترا. دەنگی شەڕ شمشێرو، زرەنگەکوتانی قەڵغان قیژەی جەنگاوەران، حیلەی ئەسپان گوێی کەڕ دەکرد. جەنگ تاکو شەوی خایاند. ئەمجا سوپاکە لێك بوونەوە و هەرلایەك بۆ دەوارانی خۆیان چوونەوە. کە کەفیرشا سەرژمێری سوپاکەی کرد بینی (٥٠٠٠) جەنگاوەری کوژراوە زۆر توند بوو. شاتەیفموسیش کە سەر ژمێری سوپاکەی کردەوە، بۆی دەرکەوت کە(٣٠٠٠) جەنگاوەری کوژران. ئەویش زۆر تووڕە بوو. بەرەبەیانی رۆژی دواتر شاکەفیر سوپاکەی هێنایەوە هەمان شوێن و ریزی کردن پێی وتن:

( کەستان هەیەبێتە گۆڕەپان بانگ بکات بۆ جەنگ! !؟ . (بەرکیك)پاڵەوان، بەسواری فیلەکەیەوە هاتە پێش، پاڵەوانێکی زۆر بەهێز بوو. کڕنوشی برد و وتی:

رێم بدە بچمە مەیدان بۆیان. ئەمجا فیلەکەی تاو دا بەرەو گۆڕەپان کە گەیشت نەراندی پاڵەوان هەیە بێتە بەرانبەرم؟ کە شا تەیفموس، ئەمەی بیست وتی:

کێ دەچێتە جەنگی ئەو پاڵەوانە؟ . یەکێك راست بووەوەو کە ئەسپێکی زۆر جوانی لە ژێردابوو وتی:

پاشا رێم بدات دەچمە بەرانبەری. ئەمجا (بەرکیك)ی پاڵەوان غاریدا (بەرکیك)پرسی: ئەمەتۆ کێ ی وامن دەشکێنی و هەر خۆت بەتەنیا لەگەڵمدا دەجەنگیت؟ پاڵەوانەکەی شا تەیفموس وتی:

ناوم(غەزنەفەر)ی کوڕی کەفحیلم. بەرکیك وتی:

ئا . ئا . ناوی تۆم لە وڵاتی خۆمان بیستووە. ئەمجا رمی لە بندەستی خۆی دەرهێناو هەڵی کوتایە سەر بەرکیك. ئەویش شمشێری بەدەستەوە، کەوتنە شەڕ کردن. بەرکیك شمشێرێکی بۆ (غەزنەفەر)داهێنایەوە. بەڵام بەرخودەکەی کەوت و سەلامەت بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٢٠

شەهرەزاد گێڕایەوە کە غەزنەفەر ئەم شمشێرەی لە بەرگیك بینی پەلاماری داو رمەکەی لەسەر سنگی گیر کرد ولەودیوەوە بە پشتی فیلەکەشی چەقاند. کەبەرکیك کوژراو کەوتە زەوی پاڵەوانێکی دی لێ پەیدا بوو نەڕاندی:

ئەوە چۆن وێرات ئەم برایەم بکوژیت. شا تاوڵی بۆ غەزنەفەرهێنا. شمشێرێکی بۆ داهێناوە، زرێپۆشەکەی، فریای کەوت. بەڵام کەمێك رانی بریندار کرد. ئەمیش هێرشی کردە سەری و شمشێرێکی بۆ داهێنایەوەوکردی بە دوو کەرتەوە. ئیدی بوو بە ژاوە ژاو. ئەمیش غاری داو خۆی کردەوە بە سوپاکەی خۆیاندا. شاکەفیر فەرمانی دا پەلاماریان بدەن. شەڕبووە. شەڕی دەستەویەخە. حیلەی ئەسپان وهاواری جەنگاوەران وناڵەی شمشێران تێکەڵاو بوون. ترسنۆکان هەڵاتن. پاڵەوانان پێکدا هاتن. لە تەپڵ درا شەیپوور و کەرەنا گوێی کاس دەکرد. تاکو نیوەڕۆ شەڕی پێکادان بوو. ئەمجا هەر لایە و فەرمانی دا بگەڕێنەوە دواوە. جەنگ وەستا. کەشا تەیفموس سوپاکەی سەر ژمێری کرد بۆی دەرکەوت(٥٠٠٠) جەنگاوەری کوژران چوار ئالآیشیان کەوتوون. بۆیە زۆر تووڕە بوو. شا کەفیر دوای سەر ژمێری سوپێی خۆی بۆی دەرکەوت (٦٠٠) جەنگاوەری کوژراوە، نۆ ئالآیشیان کەوتووە. جەنگی نێوان ئەم دوو سوپێیە (٣)رۆژی خایاند. ئەمجاشا کەفیر نامەیەکی نارد شا(فاقون)ی سەگ). شا کەفیر خۆی بە خزمی شا فاقونی سەگ دەزانی لە دایکەوە. کە هەواڵ گەیشتە شافاقونی سەگ سوپاکەی کۆکردەوە و بەرەو لای شا کەفیر بەڕێ کەوت. لە کاتێکدا شاتەیفموس بەخەمی خۆیدا کەوتبوو، یەکێك هاتوو پێی وت:

کە تەپ و تۆز لە دوورەوە بڵند بووەتەوە. شایش فەرمانی دا بڕۆن بزانن، ئەو تەپوتۆزە چیە؟

کە هاتنەوە وتیان:

لە نزیکیان خۆمان داگرت، تاکو تەپ و تۆز رەویـەوە. روانیمـان(٧)ئـالاَّ هەلَّگرابوون لـە ژێر هەر ئاڵایەکدا نزیکەی (٣٠٠٠)سەرباز دەڕۆیشتن. ئەو هەمووسەربازە خۆیان کـرد بـەناو سوپاکەی شا کەفیردا. کە(فاقونی سەگ) گەیشتە لای کەفیرشا، سڵاوی لێکرد و پرسی:

(ج باسە چۆنن لەم شەڕەدا؟ ). شاکەفیر وتی:

ئەی نەتزانیوە، شاتەیفموس لە گەڵ باوکم دا جەنگاوە. برایەك و بـاوکمی کوشـتووە!!؟ ئێستاش بۆ تۆڵە سەندنەوە هاتووم.؟ شا(فاقون) پێی وت:

( پیرۆزیـی رۆژت بەسـەردا ببارێـت) ئـەمجا شـا کـەفیر فـاروقی سـەگی بـانگ کـردە دەوارەکەی خۆی و زۆر دڵخۆش بوو. ئەمە حاڵی شا کەفید وتەیفموس شا بوو. لەولایشەوە، جانشا دوومانگ بوو، نەدەهاتە دەرەوە لە کۆشك و رێـی بـاوکی نـەدەدا، ببینێـت! تەنانـەت رێی بە کەنیزەکەکانیش نەدەدا، پەزیرایی بەکەن. بۆیە باوکی کەوتە دڵەڕاوکێ. بەهەنـدێ لەوانەی دەوروو‌بەری وت:

ئەرێ باوکم ماوەیەکە دەنگی نییە!!؟

وتیان:

باوکت لە جەنگ دایە لە گەڵ شا کەفید.

ئەمجا وتی:

ئەسپەکەم بۆ زین بکەن. بابچم بۆلای باوکم

وتیان:

بەچاوان.

کە ئەسپیان بۆ هێناسوار بوو، لە دڵی خۆیدا وتی:

دەچمەوە شارەکەی لێی بووم و یەکسەر بۆ ماڵی جوولەکەکە. ئێ بەڵکو یەکەمجار چۆن یارمەتی دام ئەمجارەش یارمـەتیم بداتـەوە کەسـیش نازانێـت خێـر لـە چـی دایـە!! . ئـەمجا (١٠٠)سوارەی جەنگاوەری لە گەڵ خۆی برد و رۆیشتن، خەلکیش دەیان وت:

(ئەرێ بەخوا وا جانشا چووە جەنگی دوژمن و بووە پشتگیری باوکی ! تاشێوان بـەڕێوە بوون کە گەیشتنە مێرگێکی گەورە لایان دا. شەو مانەوە. کە نیوە شەو، سەیری کرد هەموو نووستوون، خۆی بەستوو سوار ئەسپەکەی بوو ئاوەزنگی لێدا بەرەو رێگای بەغداد. چونکە ویستبووی هەر دووساڵ جارێك کاروان لە بەغداوە دەڕواتە ولاتی جولەکەکان. لە دڵی خۆیدا وتی:

بەس فریایان بکەوم. لەگەڵیان دەڕۆمە ولاتی جولەکەکان. بۆبەیانیا (١٠٠) جەنگاوەرەکە سەیریان کرد، نە جانشا دیارە و نە ئەسپەکەی ئیدی بـەو نـاوەدا کەوتنـە غـار و گـەڕان بـە شـوێنی دا. بۆیـان نەدۆزرایـەوە. گەڕانـەوە بـۆ لای بـاوکی و چـیان بەسـەرهاتبوو بۆیـان

گێڕایەوە. شا تەیفموس توند بوو. ئاگری لێدەباری. تاجەکەی سەری فڕیدایە سەر زەوی و وتی:

( لاحول ولاقوه الا بالله العلی العظیم لەم لاوە دوژمن بەرانبەرم وەستاوەو، لەولایشەوە کوڕەکەم ون بووە! ).

وەزیرانی وتیان:

( ئارام بە شای زەمانە ئارام بوون خێری پێوەیە). جانشایش، پەژارەی جەنگی باوکی بوو، پەژارەی لەدەست دانی ژنەکەی بوو. شەونەخوونی دەکێشا. لەولایشەوە باوکی:

کە زۆربەی سوپاکەی کوژران وجەنگی دۆڕان هەڵات لە بەردەم کەفید شادا و پاشماوەی سوپا کەی گێڕایەوە ناو شار و خڕ دەروازەکانی شاری داخست لەبەردەم سوپێی شاکەفیدا. ئیدی هەموو مانگێك کەفیدشا. سەربازەکانی دەهێنایە بەردەم دیوارەکانی شا تەیفموس و (٧)شەو (٨)رۆژ دەمانەوەو داوای بەشەڕ هاتنیان لە شا دەکرد. دواتر دەڕۆیشتەوە بۆ تیمارکردنی بریندارەکانیان، کە سوپێی شا کەفید دەگەڕایەوە، خەڵکی شارەکە دەکەوتنە هەڵچنینەوەی دیوارەکانی شار و سازدانی مەنجەنیقەکان و چاك کردن و پاك کردنەوەی چەکەکانیان، (٧)ساڵی رەبەق، جەنگ سەرومڕبوو لەنێوان شا کەفید و تەیفموس شادا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٢١

شەهرەزاد گێڕایەوە کە جانشا، کەوتە رێ لەم شارەوە بۆ ئەو شار، هەرجارێ دەی پرسی:

دەیان وت، ئەو شارەمان نەبیستووە. هەر بەرێوە بوو، تاکو لە بازرگانێکی پرسی:

ئەویش وتی:

یەکێکە لەولاتانی رۆژهەڵات. لە خەوارزمەوە نزیکە دەچیتە شارێك ناوی (شەمعوون)ە، دواتر دەگەیتە خەوارزم. لەو شارەوە ساڵێك و سێ مانگ دوورە. جانشا ئارامی گرت. تائەوقافڵەو کاروانە کەوتە رێ ئەویش لەگەڵیاندا رۆیشت. دوای چەند رۆژ کاروانەکە گەیشتە، شاری (مەرزقان) کەجانشا چووە ئەوشارەوە کەوتە پرسیار کردن، لەقەڵای (جەوهەرتکنی) بەڵام کەسێ زانیاری نەبوو. ئەمجارە، شوێن کاروانێك کەوتوو سەفەری کرد بەردو (هیند). ئەمجا گەیشتنە (خۆراسان). لەوێش چووە شاری (شەمعوون). و شاری جولەکانی پرسی:

! بۆیان باس کرد و خسیانەسەر ڕێگاکەی، چەندین شەوو ڕۆژ بەڕێوە بوو. لە سەر رووبارەکەی تەنیشت شاری جولەکان دانیشت چاوەڕێی کرد، ڕۆژی شەمە هاتەوە رووبار وشك بوو. ئەمجا پەڕیەوە ئەو بەرو چووە شارەکەوە. ئەمجا چووەوە، ماڵی جوولەکەکە سلاّوی لێکردن. ئەوانیش بەخێریان هێنا. نانیان بۆ دانا. ئەمجا لێیان پرسی:

(ئەوە لە کوێ بوون، کە ئاوا ون بوون؟ ). ئەویش وتی:

زەوی خوا فراوانە، ئەوشەوە مایەوە لایان، بۆ بەیانی دا چووە بازاڕ، بۆ پرسیار کردن، لە بازاڕ جارچیەکی گوێ لێ بوو دەی وت:

(کە تاکونیوەڕۆکارمان بۆدەکات، کرێ یەکەی کەنیزەکێك بێت!؟ ). جانشا وتی:

(ئەی جارچی من ئامادەم). جارچی وتی:

(شوێنم بکەوە). لەگەڵی چوو تاگەیشتنە ماڵی بازرگانە جوولەکەکە، هەرئەوەی کە جاری یەکەم، لە گەڵیا چووبوو، بۆ ئیش کردن). بازرگانەکە بە پیریەوە هاتو بەخێری هێنا. ناردی خواردنیان خستەبەردەم. شەو مایەوە ڕۆژی دواتر، کەنیزەکەکە و پارەشی وەرگرت، ئەمجا شوێنی کەوت، بەرەو چیا، بەهەمان شێوەی جاران، بازرگانەکە، دیسان چەقۆ و گوریسەکەی دەرهێنا، بەجانشای وت:

ئەوئەسپە چوار پەل بیبەستەوبەیدەبەزەویدا، ئەوەش کێردسەری ببڕە. ئەویش جێ بەجێی کرد. و ناوسکی پاك کردەوەو بازرگانە جوولەکەکە پێی وت:

کارەکەی تۆ ئەوەیە دەچیتە ناوسکی ئەم ئەسپەوە. کێردەکەش بەرە لە گەڵ خۆت . بازرگان کە ورگی ئەسپەکەی بەسەردا دووریەوە خۆی چووە دووریخۆی داگرت. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێ دەنگ بوو.

## شەوی٥٢٢

شەهرەزاد گێڕایەوە دوای کەمێك باڵندەیەکی مەزن داهاتەوەو بۆ سەر ئەسپە دووراوەکە. بڵندی کردەوەو، بۆ ئاسمان. دواتر بردیە سەر لوتکەی شاخەکەو کەوتە خواردنی و کەجانشا هەستی کرد بە کێردەکە، ورگی دووراوی ئەسپەکەی دڕی و هاتە دەر. باڵندە مەزنەکە دای لە شەقەی باڵ. جانشایش چووە لوتکەیەك کە بەسەر بازرگانەکیدا دەڕوانی. بازرگان هێندەی چۆلەکەیەکی مابوو. هێندە چیاکە بڵێند بوو. ئەمجا بازرگان هاواری کرد لە جانشا کە هەندێ بەردی بۆ فڕێ بداتە خوارەوە، تاکو ڕێگای پیشان بدات. جانشایش وتی:

زۆرهەڵەی من ئەو پیاوەم کە (٥)ساڵ لەمەوپێش، منت هێنایە ئەم شوێنەو دواتر جێت هێشتم. چاوەڕێ مەبە بەردت بۆ فڕێ بدەم. ئەمجا جانشا هەمان ڕێگای جارانی گرتەبەر بەرەو مام (نەسر)پاشای باڵندەیان. چەندین شەو و ڕۆژ بەڕێوە بوو. لەگژ وگیا و بەری درەخت و ئاوی کانیاوی خواردەوە. تاکوگەیشتەوە هەمان کۆشك و مام نەسریشی بینی لە بەردەروازەکەیدا وەکوجاران دانیشتبوو. جانشا باوەشی پێدا کردو دەستەکانی ماچ کرد. مام نەسریش پرسی کە چی هێناویەتە ئێرە!؟ جانشا دەستی کردە گریان و بۆی گێڕایەوە چۆن خاتوو شەمسە گیاندیەوە وڵاتی خۆی دواتر چۆن فڕیە سەربانی کۆشکەکەی و پێی وت:

ئەگەرتۆیش منت خۆش دەوێت، لەگەڵمدا وەرە بۆ قەڵای(جەوهەرتکنی). مام نەسر سەری سوڕما! ئەمجا سوێندی خوارد بەحەزرەتی سولیمان کە لەژیانیدا، قەڵایەکی بەو ناوە نەبیستووە!! . جانشایش وتی:

جا من چی بکەم، وا ئەم خەمە کوشتوومی!؟ ). مام نەسر وتی:

کوڕەکەم دەبێ بمێنیتەوە تاکاتی هاتنی باڵندەکان دێتەوە کەهاتن پرسیارت بۆ دەکەم، ئەمجا سوپاسی کردو چووەوە کۆشك و گۆماوەو ڕەز وباخەکە. چاوەڕوانی ئەوڕۆژەی کرد، کە باڵندەکان گەڕانەوە ڕێ ورەسمی خۆیان وەکوساڵان بەجێ گەیاند. مام نەسریش لە هەموو جۆرەکانی باڵندەی پرسی بەڵام ئەو ناوە، نامۆ بوو پێیان. جانشا کە ئەمەی زانی هێندە خەمی خوارد بوورایەوە. ئیدی مام نەسر باڵندەیەکی مەزنی راسپارد کە جانشا بگەیەنێتە وڵاتی (کابل). شوێن و شێوەی شارەکەی تێگەیاند. باڵندەش خستیە سەری پشتی و دای لە شەقەی باڵ. دوای ئەوەی مام نەسر ئامۆژگاری کرد، کە گوێیەکانی بگرێت و خۆی توند بگرێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٢٣

شەهرەزاد گێڕایەوە باڵندەمەزنەکە، جانشای هەڵگرت و فڕی. دوای فڕینی شەو و ڕۆژێك لەلای (شابەدری). شای دڕندەکان نیشتەوە، ئەمجا ڕووی کردە جانشا و وتی:

پێم وابێت ڕێمان هەڵەکردووە! جانشا وتی:

کەوابوو تۆ بڕۆ من لێرە جێ بهێڵە. باڵندە مەزنەکە ڕۆیشت و جانشای لای، شای دڕندەکان، جێهێشت. ئەمجا شابەدر لێی پرسی:

کورِم تۆ کێیت؟ له کوێوه هاتوویت؟ چی دەکەی لەگەڵ ئەم باڵندەمەزنە! ؟، ئەویش خۆی پێناساندوو بەسەرهاتی خۆی بۆگێڕایەوە. شای باڵندەکان زۆری پێ سەیربوو! پێی وت:

بەگیانی حەزرەتی سولیمان من ئەو قەلایە پێ نازانم پاداشتی ئەوە دەدەمەوە، کە ڕێنمایمان بکات. تاکو تۆی بۆ بنێرم. بگرە، کورم ئەم پارچانە، ئەوانەی لێی نووسراون لە بەریان بکە، بەڵکو دڕندەکان بێن. تاکو لێیان بپرسین. جانشایش دەستی بەخوێندنەوەیان کرد. سەعاتێکی نەبرد، دڕندەکان پەیدا بوون. هەر جۆرە دڕندەیەك و بەجیا هاتن و سڵاویان لە شا بەدری کرد.

ئەویش لە هەموویانی پرسی:

کەقەلای جەوهەر تکنی لە کوێیە؟ . کەسیان نەیان بیستبوو. کەجانشا بەمەی زانی، دەستی کردە گریان و لە دڵی خۆیدا وتی:

خوزگە، لەگەڵ باڵندەکەدا، بڕۆیشتمایە! ) شابەدری، کەبەو شێوەیە جانشای بینی وتی:

(بێ خەم بە برایەکی لە خۆم گەورەترهەیە ناوی شاشماخە! کاتی خۆی سەرپێچی لەحەزرەتی سولیمان کردووەو لەو برایەم وشانەسر، بەتواناتر لەنێو دێو ودرنجاندا نی یە! . لە ئەو پرسیاردەکەم، چوونکە براکەم شای هەموو دێو ودرنجانی جیهانە! ئەمجا نامەیەکی بۆئەو برایەی نووسی ودایەجانشا و سواری پشتی یەکێك لە دڕندە بەتواناکانی کرد و ئامۆژگاری کرد، کە بگەیەنێتە لای ئەوبرایەی. ئەمجا کەوتە ڕاکردن. چەندین شەو ورۆژ بەرێگاوە بوون تا ئەنجام گەیشتنە لای شاشماخ. ئەمجا دڕندەکە، جانشای دابەزاند و پێی وت:

بڕۆ شاشماخ بدۆزەوە.

خۆیشی لەو شوێنە وەستا. جانشا رۆیشت تاکو شاشماخی دۆزیەوە. ئەمجا کڕنوشی بۆ برد ودەستی ماچ کردو، نامەی براکەی دایە، شایش کە خوێندیەوە رێزی جانشای گرت. دواتر وتی:

کورەکەم من ناوی ئەم قەلایەم بیستووە! جانشا دەستی کردە گریان. دواتر شاشماخ وتی:

بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. جانشایش هەر لە نووکەوە، تا کۆتایی بۆی گێڕایەوە. شماخ سەری لێی سوڕما. ئەمجا وتی:

(کوڕم برواناکەم حەزرەتی سولیمان خۆیشی ناوی ئەم قەلایەی بیستبێت! بەلام من ڕەوانەی، لای ئەوپیاوە پیرەت دەکەم کە لە ئەشکەوتێکدا بە قەد ئەم شاخەوە دەژی. ئیش وکاری هەر خوێندنی (قسەم)و(دۆعا)و(سێحر) بووە. کاتی خۆی کە لەحەزرەتی سولیمان

یاخی بووم، ئەو پیاوە پیرە، بە(قسەم و سێحر و تەلسەم) منی گرتوو، بەندی کردم. ئەگەر نا کەس توانای گرتنی منی نەبوو. ئەو پێرەمێردە، هەموو باڵندەو درندەکان پەزیرایی دەکەن، هێندە گەڕاوە. بە هەر چوار لادا سووڕاوەتەوە. دوورگە و وڵات و هەرێم نەماوە، نەی دیبێت! بڕواناکەم ناوچەیەك هەبێت ئەونەیزانێت. دەتنێرم بۆ لای ئەو، بەلکو ئەوقەلایەت نیشان بدات. خو ئەگەر، ئەویش نەزانێ ئیدی کەس بۆی نادۆزرێتەوە. هێندە سێحر بازە گالۆکێکی پێیە، لە سێ بەش پێك هاتووە. پارچەی یەکەمی کە لە زەوی دەچەقێنێت، دوعای بەسەردا دەخوێنێت. گۆشت وخوێن دێتە دەرەوە. کەدووەم دەچەقێنێت بەسەریدا دەخوێنێت. شیر وماست دێتەدەرە. سێ یەمیشیان کەدەچەقێنێت بەسەریدا دەخوێنێت گەنم و جۆ دێتەدەر، ئەمجا گالۆکەکەی دەردێنێت و بەرەو کلێسەکەی دەگەڕێتەوە. کلێسەکەی ناوی(ئەلماس)ە! ئەو قەشەیە هەرچی دەسکارێکی سەرسوڕهێنەر بەخەیالتدا بێت، دەیکات، ناوی، (یەغموس)ە بەباڵندەیەکی مەزندا تۆ ڕەوانەی لای ئەو دەکەم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٥٢٤

شەهرەزاد گێڕایەوە ئەمجا سواری پشتی باڵندەیەکی چوار باڵی کرد، کەهەر باڵێکی (٢٠) گەز درێژ بوو. پێیەکانی لە پێی فیل دەچوو، شا شماخیش یاریەتی دەرێکی هەبوو ناوی (تمشون)، بوو کەکاری ئەوەبوو، ڕۆژانە دەبوو (٢)(باڵندە)ی بۆ ئەم باڵندەیە ڕاو یکردایە و دەرخواردی بدایە چونکە ئەم باڵندەیە هێندە گەورە و قورس بوو، ساڵی (٢) جاران دەیتوانی بفڕێت. شاشماخ فەرمانی بەم باڵندە دا، جانشا بخاتە سەر پشتی و بێگەیەنێتە لای قەشە(یەغموس). ئەویش چەندین شەو و ڕۆژ فڕی، تا گەیشتە قەلا و کلێسەی (ئەلماس). جانشا لە سەر پشتی دابەزی، خۆی کرد بە کلێسە کەدا کەڕوانی، قەشە یەغموس خەریکی خواپەرستی یە، ئەمجا کڕنوش بۆ بەرد و، لەبەردەمیدا وەستا، کەقەشە یەغموس بینی پێی وت:

بەخێر بێیت کوڕم ئەی دوورە هەواران. چی تۆی گەیاندە ئێرە!؟ . جانشا دیسان دەستی کردەوە بەگریان، چیرۆکی خۆی هەموو بۆ گێڕایەوە. کەقەشە یەغموس بەسەرهاتەکەی بیست هەر زۆر سەری سوڕما و وتی:

( بەو خوایە کورِم بەدرێژی تەمەنم ئەو قەڵایەم نەبیستووە! کەسیش باسی نەکردووە و نەش بینراوە!، لە گەڵ ئەوەشدا لە سەردەمی نوح پێغمبەرەوە من هەم! تاکو سەردەمی حەزرەتی سولێمان من حوکمڕانیم کردووە، بەسەر دڕندەو باڵندەکانەوە. هەروەها دێوو درنج، بەڵام پەلەمەکە تا دەمی هاتنی دڕندە و باڵندەکان و دێو و درنجان. لێیان دەپرسم بەڵکوو خوا بۆت ئاسان بکات. ئەمجا جانشا مایەوە، کە کاتی هاتنی دڕندە و باڵندەکان هات. کەوتنە پرسیار کردن. لە قەڵای (جەوهەر تکنی). هیچ زانیاریەکیان دەست نەکەوت. جانشا دایەوە پرمەی گریان و نزاو پاڕانەوەی کە خوا دەروویەکی لێ بکاتەوە. دواجار باڵندەیەکی گەورەی رەش پەیدا بوو، دەستی قەشەی ماچ کرد. ئەمجا قەشە پرسیاریلێ کرد، ئەویش وتی:

قوربان کاتی خۆی ماڵمان، لە نزیك قولەی قافەوە، بوو. جارێکیان باوك ودایکم حەوت شەو ورۆژ ون بوون و نەهاتنەوە. رۆژی هەشتەم کە هاتنەوە بۆلامان وتیان:

ئێمە بە دیل گیراین لەو دیو قوللەی قافەوە، ئێمەیان بردە بەردەم پاشاکەیان، لە دوورگەیەك ناوی (جەوهەر تکنی بوو). پاشاکەش ناوی (شهلان) بوو. پاشاکەیان ویستی بمانکوژێت ئێمەش زۆر پاڕاینەوە، بۆیە ئازادیان کردین وا هاتووینەوە. ئەمجا باڵندە رەشەکە وتی:

( دەستی شکاوم ئێستا باوك و دایکم بمایە، ئەو قەڵایەیان پیشان دەدان.

جانشا زۆر گریا، دواتر رووی کردە ئەو و وتی:

( دەمەوێت فەرمان بدەیت بەم باڵندە بمباتەوە بۆ هێلانەو هەوارە کۆنەکەیان. لەشاخی (بلوور)کە نزیك کێوی قافە، ئەویش فەرمانی دایە باڵندە رەشکە. ئەویش خستیە سەر پشتی و چەندین شەو و رۆژ بەڕێوە بوون. کە گەیشتنە کێوی(بلوور) لایان دا دوای حەوانەوە، خستیەوە سەر پشتی خۆی و فڕی. دوو رۆژی دی فڕی. ئەمجا گەیشتنە ئەو شوێنەی هێلانە کۆنەکەی باڵندە رەشەکەی لێ بوو، نیشتنەوە. کە جانشا ئەمەی بیست و دەستی کردە گریان. ئەمجا پێی وت:

ئێستاش بمبە ئەو رێگایەی باوك ودایکت بۆی دەچوون ودواتر دەگەڕانەوە خواردنی بۆ دەهێنان! . باڵندە رەشەیش وتی:

بەچاوان خستیەوە سەر پشتی و دای لە شەقەی باڵ. (٧) شەو (٨) رۆژ فڕینی درێژەی بوو. دواتر لە سەر کێوێکی بڵند نیشتەوە. ئەمجا جانشای دابەزاند و پێی وت تائێرە شارەزا بووم. زیاتر ناتوانم بڕۆم. جانشا سوپاسی کرد و ئەویش دای لە شەقەی باڵ و گەڕایەوە، لە بەر ماندوویەتی رێگا جانشا لە سەر لوتکەی چیا بڵندەکە خەوی لێ کەوت. کەبە ئاگاهاتەوە، بریسکەی روناکیەکی بینی لە دوورەوە. زۆرسەری سوڕما! نەیزانی ئەوە رووناکی

و بریسکەی ئەو قەڵایە یە، کە ئەم بۆی دەگەڕێت!، دوو مانگە ڕێ لەمەوە دوورە، کێوێکی مـرواری ڕێـژە! خانووەکـانی لـە زێـڕی، بـەردەکانی یـاقوتی سـووره (١٠٠٠) منـارەی تیایـە، لەمەعدەنی گرانبەها دروست کراون. هەر لە بەر ئەمەش ناونراوە، قەڵای( جەوهەر تکنی).
پاشای ئەو وڵاتی کێوە ناوی(شەهلان)ە و باوکی (٣)کیژۆڵەیە!
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٢٥

شەهرەزاد گێڕایەوە لاولایشەوە، خاتوو شەمسە. بەسەرهاتی خۆی لـە گەڵ جانـشادا، بۆ دایـك و بـاوکی گێڕابـووەوە. پێـی وتبـوون کەچـەندە جانـشای مێـردی خۆشـی دەویـست و ئەمیش چەندە، ئەوی خوش ویستووە!! ئەمجا باوکی مەملەکەتێکی گەورەی حـوکم دەکـرد. دایك و باوکی کیژەبچووکەکەیان بە دڵ نـەبوو. شـەهلان شـایش فـەرمانی دابـوو، بـە دێـو و درنجەکانی خـۆی، هەرکـە مرۆڤێکیـان بـینی، بیگـرن و بیهێـنن بـۆی، ئـەمجا بـاوك و دایکی تێگەیاندبوو کە جانشا هەردێت و دەم دۆزێتەوە چونکە پـێم وتـوە گـەرمنت خـۆش بوێـت، وەرەبـۆ ( قـەڵای جەوهـەر تکـنی). جانـشا رووی کـردە روناکیەکـە. لـە ئەولایـشەوە، شـازادە شەمسە دێوێکی راسپاردوو، بو کارێك. دوای گەڕان ئادەمیزادێکی دوور بەدوور بینی. بەپەلە بەرەو رووی چوو. ئەمجا سڵاوی لێکـرد. جانـشا زۆری لـێ ترسـا. دوایـی وەڵامـی سڵاوەکەی دایەوە. دێوەکەی پرسی لە ناوی کرد، ئەویش وتی:

ناوم جانشایە پەریەکم دەستگیرکرد دواتـر، یـەکترمان خـۆش ویـست مـارەم کـرد. دوای ئەوەی بردمە کۆشکی باوکمـەوە. لەدەسـتم هـەڵات. ئیـدی بەسـەرهاتی خـۆی بۆگێڕایـەوە و دەستی کردە گریان. کە دێوەکە گوێی لەهەنسکەکانی گریانی بوو، بەزەیی پیا هاتەوەو پێـی وت:

(مژدە بێت بە ئاواتی خـۆت گەیـشتیت و شـازادە شەمـسەش تـۆی زۆر خـۆش دەوێـت و دایك وباوکی و هەموو دانشتوانی شاریش لە بەر خاتری شازادە شەمس تۆیان خۆش دەوێت !)ئەمجا دێوەکە هەڵی گرت و بردیەوە قەڵای (جەوهەرتکنی). خێراخۆیان گەیانـدە شازادە شەمسەو مژدەیان پێدا لەهـەمان کاتـدا مـژدەیان دا، بـە شاشـەهلان. دواتـر مژدانەشـیان لـە دایکی خاتوو شەمسە سەند. ئـەمجا شاشـەهلان سـوار بـوو، فـەرمانی دا هـەموو دێـو وخێـوو درنجان سوار بوون و چوونە پێشوازی جانـشا. هـەر کـە جانـشای بـینی باوەشـی پێـدا کـرد. جانشایش دەستی شا شەهلانی مـاچ کـرد. ئـەمجا فـەرمانی دا بـەرگی ئاوریـشمیان بـۆ هێنـا. گۆڕیان. تاجی شاهانەی سەری خۆی کردە سەری جانشا و فەرمانی دا، باشترین ئەسـپی یـان

بۆ هێنا سواری ببێت ئەمجا لە گەڵ شادا بەرەو کۆشك بوونەوە. سەرانی مەملەکەت راست و چەپیان لێ گرتبوو. کە چوونە کۆشکەوە جانشا سەری لەو کۆشکەسوڕما. کە دیوارەکانی لە زێڕی زەرد و مرواری دروست کرابوون. زەویەکەی زومرود و زوبەرجەد بوو. جانشا کە ئەمانەی بینی فرمێسك بە چاوانیدا دابارین و شاژن وشاشەهلانیش بۆیان دەسڕی . پێیان وت:

ئیدی مەگری ئەوەتا بە ئاواتی خۆت گەیشتیت! .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٢٦

شەهرەزاد گێڕایەوە ئەمجا، هێنایانە کۆشکی ناوەندی شارو، فەرمانیان دا، بەخزمەتکار و کەنیزەکان، لە پەزێڕایدا بن. ئەویش کەسەیری ئەم دیوار و پێیە و دەرگا وبانانەی کرد، هەموویان لە زێڕو زێوو مرواری و بەردی بەنرخ دروست کرابوون سەری سوڕما! . دواتر فەرمانی شاشەهلان دەرچوو بیبەن بۆ کۆشکی حوکمڕان. بردیانە خزمەت شاشەهلان و ئەویش لەبەری هەستا و لای خۆیەوە داینا و بە خێری هێنا. دواتر شاژن هات و بەهەمان شێوە بە خێری هێنا. ئەمجا وەزیران و سەرکردەکانیش دواتر خاتوو شەمسە هات و دەستی جانشای ماچ کرد. ئەویش لە شەرمدا سەری داخست. دواتر خوشکەکانی هاتن. دایکی خاتووشەمسە پێی وت:

کە لە کچەکەی ببورێت نەدەبوو، ئەو هەڵەیەی لەگەڵ بکات. کە جانشا ئەمەی لە خەسوی بیست لە شەرماندا بوورایەوە. ئەمجا بۆنی گوڵاویان هێنا و دایان بە لوتیدا ئەویش بە ئاگاهاتەوە. خەسووی وتی:

بۆمان بگێڕەوە چۆن گەیشتوویتە ئێرە لە کاتێکدا، دێوو درنجان ئێرەیان بۆ نادۆزرێتەوە. چونکە لەمێژە ئێمە لە پاشایان و سەرکردەیان یاخی بووین.! ! جانشا لە نووکەوە بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە. ئیدی ئەو هەمووماندووبوون و ترس و بیمەی خۆی بۆ باس کردن. ئەمجا رووی کردە خاتوو شەمسە وتی:

( ئەو هەموو دەردسەری و دەربەدەری یە لە پێناویی تۆدا بوو! ). خەسووی پێی وت:

( ئەوا بە ئاواتی خۆت گەیشتیت . ئەوە، خاتوو شەمسە، دەکەینە کەنیزەك و مانگی داهاتوو، لێت مارە دەکەین خوا یار بێت شایی بۆ دەگێڕین (١٠٠٠) دێوت دەخەینە ژێر دەست وەروانەی وڵاتی خۆتت دەکەینەوە. کە هەر یەك (دێو)یان لە چرکەیەکدا شاکەفید

تەفروتوونا بکات. ئەمجا هەموو ساڵێك کۆمەڵێك دێو درنجت بۆرەوانەی وڵاتەکەتدەکەین. چیتان پێویست بوو، بۆتان بکەن. شاشەهلان چووە سەر تەختی پاشایەتی و فەرمانی دا (۷) شەو و (۷) رۆژ ئاهەنگ و شایی و لۆغان بکەن لە مەملەکەتدا. تا ماوەی مانگێك خۆ ئامادە بکەن بۆ مارە برین و ئاهەنگی گواستنەوەی، شازادە شەمسە. جانشا بۆ ماوەی (۲)ساڵ لەوڵاتی ماڵە خەزوران مایەوە. زۆر بە ختیارانە لە گەڵ خێزانەکەیدا بەسەری برد. بە خاتوو شەمسەی ژنی وت:

باوکت پەیمانی ئەوەی دا پێمان، کە بچینەوەوڵاتی خۆم. بەڵام من پێم باشە ساڵێك لە لای ماڵی باوکم بین وساڵێکیش لێرە بمێنین. کە ئێوارە هات خاتوو شەمسە چووە لای باوکی و بیروڕای مێردەکەی پێ ڕاگەیاندو پەیمانەکەی بیر خستەوە کە داوێتی بە مێردەکەی. باوکیشی، وتی:

بەچاوان بەڵام هێندە مۆڵەتم بدەن با دێو و درنجانتان بۆ ئامادە بکەم.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٢٧

شەهرەزاد گێڕایەوە شاشەهلان، دێو ودرنجانی ئامادە کردن. لەگەڵ یەك تەختی شاهانەدا. کە لە زێڕ و زیو، یاقوت دروست کرابوو. پەردەی ئاوریشمی سەوزی کاڵی بە چوارلادا دادرابوو. کە بە چەندین رەنگ چنرابوو چەندین گوێ مرواری پێدا هەڵواسرابوو. ئەمجا جانشا و خاتوو شەمسە لە سەری دانیشتن فەرمانی دایە چوار دێو چوار لای بگرن و ئامادەبن هەڵی بگرن، خاتوو شەمسە خواحافیزی لە دایك باوکی و خوشك و براکانی کرد. فڕین جانشا و خاتوو شەمسە لە سەرتەخت و شەهلان شا و دێوەکان لە گەڵیاندا تاکو نیوەڕۆ لە ئاسمانەوە بوون، ئەمجا نیشتنەوە، کەمێك حەوانەوە و شا ئامۆژگاری جانشای کرد، کە ئاگای لە کچەکەی بێت و بە دێو و درنجەکانی دەوروبەری تەختەکەی وت کە ئاگایان لە بوك و زاوا بێت. ئەمجا خۆیان گەڕانەوە دێوەکان فڕینەوە و بووك و زاوا بەشانەوە، خێراییان لە رۆژێکدایە هێندەی(۳۰) مانگی رێبواری پیادە بوو، بۆ ماوەی (۱۰)رۆژ بە ئاسمانەوە بوون یەکێك لە دێوەکان شارەزای وڵاتی کابل بوو. کە شارەکەی بینی فەرمانی دا، بنیشنەوە ئەو شوێنە شاری تەیفموس شابوو لەو کاتەدا، کە ئەمان نیشتنەوە، شاتەیفموس هەڵات بوولەجەنگ و سوپاکەی شکا بوو. شاکەفید زۆری بۆ هێنابوو. شاتەیفموس ماڵئاوایی لە وەزیرەکان کرد و چووەوە بۆ ماڵی خۆیان بۆ گەردن ئازادی لە خێزانەکەی. خەڵکی شار هەموونیگەران و بەخەم بوون. هاوارو قیژەیان بوو. ئالەم کاتەدا

جانشا فەرمانیدا لە کۆشکەکەی باوکیدا نیشتنەوە. ئەمجا کە جانشا و خاتوو شەمسە ودێوەکان سەرنجیان دا، شار لە بشێوی و شپرزەییدایە. جانشا بە ژنەکەی وت:

سەیری باوکم بکە چەندە شپرزەیە! .

کە خاتوو شەمسە ئەمەی بینی بەدێوەکانی وت:

نادەی بتان بینم جۆرێك لە سوپێی شاکەفید بدەن یەکێکیان بە زیندوویی مەهێڵن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دردنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٢٨

شەهرەزاد گێڕایەوە کەسوپێی شا کەفید تێك شکا هەڵاتن بەرەو دوا، خاتووشەمسە بە چاو ئیشارەتی دایە دێوێکی مەزنیان لە هەر هەموویان بەتواناتر بوو کە (شا کەفید)ی بەدەستی بەستە بۆ بهێنێت. دێوەکەش، لە جەنگا سەر وەرِبوتا نیوە شەو. ئەمجا تەختی پاشایەتیەکەی بە جانشا و خاتوو شەمسەوە هەڵگرت و بردیە نزیك سوپێی شاکەفیدو خۆی کرد بەو دەوارەی کە شاکەفیدی تیا بوو، سەیری کرد شا کەفید لە سەر سەکۆی شاهانە راکشاوە هەر پەلاماریداو زۆری بڵند کردەوە. کە شاکەفید سەیری خوارەوەی کرد، لە ترسا هێندەی نەمابوو ببورێتەوە. کەوتە لە خۆدان، دواتر دێوەکە کە ناوی (قوتاش)بوو، یەکسەر گەیاندیە سەر تەختی پاشایەتی جانشا و ژنەکەی لەولایشەوە شا تەیفموس کەکوڕەکەی بینی هێندە شاد و بەختیار بوو لە خۆشیدا بوورایەوە. ئەمجا گوڵاویان بەروویدا پژاند، کە بە ئاگاهاتەوە باوەشی کرد بەکوڕەکەیدا بەسەریەکتردا گریان. بێ ئەوەی بزانێت، کە دێوەکانی خاتوو شەمسە لەجەنگی سوپاکەی شاکەفید دان! ئەمجا خاتوو شەمسەی بووکی چووە بەردەم خەزووری و دەستەکانی ماچ کرد و، پێی وت:

گەورەم بابچینە سەر بانی کۆشکەکە. تا ببینیت چۆن، پەلاماری سوپامەزنەکەی شا کەفیدیان داوە ئەمجا چوونە سەر بان و سەیری جەنگە مەزنەکەی دێوانی باوکی شەمسەیان کرد ئیدی هەر رم بوو، دەکرابە فیلەکانی سوپێی شا کەفیدا و سەرووخوارووی سوپا گیرابوو. تەفروتوونا کرابوون. تەپوتۆز بڵند بووەوە. شاتەیفموس هەر دەیروانی و دەگریا. جەنگ دوو رۆژ درێژەی کێشا و سوپێی کەفیدشا تێك شکا. ئەمجا جانشا فەرمانی دا تەختی پاشایەتیەکەی لە ناوەراستی حەوشەی کۆشکی شادا بۆ دامەزرێنن، شا تەیفموسیش فەرمانی دا بە دێوێك کە ناوی (شەموال)بوو، شا کەفید، زنجیر بکات و بیبات، بۆ زەوی رەش و لەوێ بەندی بکات. ئەمجا مزدە بەری نارد بۆ لای دایکی جانشا کە هەواڵەکەیان دایە.

بەپەلە سوار بوو بەرەو کۆشك بۆ بینینی کوڕەکەی. کە هاتە ژوورەوە باوەشی بە جانشای کوڕیدا کرد و تێر ماچی کرد و بە سەریا گریا. خاتوو شەمسەش وەستابوو دواتر، خەسووی باوەشی کرد بە بووکەکەیدا و تێر وپڕ یەکتریان ماچ کرد. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٢٩

شەهرەزاد گێڕایەوە شا تەیفموس فەرمانی دا، دەروازەکانی شار کرانەوە. مژدەی سەرکەوتن. بۆهەموو هەرێمەکانی مەملەکەت نێردرا. هاوڵاتیان دەستیان کردە ئاهەنگ گێڕان. لە هەموو لایەکی مەملەکەتەوە، دیاری بۆ پادشا دەهێنراو، پیرۆزبایی سەرکەوتنیان لێ دەکرد و پێخۆش حاڵیان بەگەڕانەوەی کوڕەکەی دەردەبڕی. شاتەیفموس فەرمانی ڕازاندنەوەی شاری دا. چونکە سەر لەنوێ ژن هێنانی کوڕەکەی دوبارەکردەوە و ئاهەنگ گێڕڕا، خۆیشی(١٠٠٠) کەنیزەکی بە دیاری دایە جانشای کوڕی، دواتر خاتوو شەمسە، رووی کردە دیوەخانی خەزووری و داوای لێ خۆشبوونی بۆ شا کەفید کرد. پێی وت:

تۆ ئازادی بکە و بابگەڕێتەوە مەملەکەتی خۆی. پەیمانت دەدەمێ:

هەرکاتێ سوپێی ئامادەی جەنگی تۆ و سوپاکەت کرد، دێوێکی بۆ دەنێرم و بەدەستی بەستە دەیخەمە بەر دەستت. شا تەیفموس، دڵی بووکەکەی بۆ نەشکا و وتی:

بەچاوان. ئەمجا ناردیەوەبە شوێن (شەموال) و فەرمانی پێدا، بڕوات شا کەفیدی بۆ بێنێت. دێوەکەش چوو، بەزنجیر و پێوەندەکەیەوە، هێنایە بەردەمی شاتەیفموس، فەرمانی دا، دەست و پێیان کردەوە. ئەمجا ئەسپێکی شەلیان بۆ هێنا و پێش ئەوەی سواری بکەن و بەرێی بکەنەوە بەرەو مەملەکەتی خۆی شاتەیفموس هەڕەشەی لێ کرد. کە ئەگەر جارێکی دی سوپا ئامادە بکاتەوە بۆ جەنگین لەگەڵ مەملەکەتی تەیفوس شادا، ئەوا فەرمان دەدات بە دێوێك . بە دەستی بەستە بیهێننەوە بەردەمی!! . ئەمجا بە شێرزەیی شا کەفیدیان ڕەوانەی مەملەکەتەکەی کردەوە. شا تەیفموس و دایکی جانشا و خاتوو شەمسە، ژیانێك خۆش و ئاسوودەیان بە سەر برد. گەنجەکەی لە نێوان دوو گۆڕەکەدا کە دانیشت بوو، ئەمەی بۆ بلوقیا گێڕایەوە. ئەمجا وتی:

منیش ئەو جانشایەم کە ئێستا لە بەردەمتام کاك بلوقیا. بلوقیا سەری لەم چیرۆکە سوڕما .!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٣٠

شەهرەزاد گێڕایەوە لەدوایدا بلوقیا بە جانشای وت:

براکەم ئەی نهێنی ئەم دووگۆڕەی لە نێوانیان دا دانشتووی و دەگریت چییە!!؟ .

ئەویش وتی:

ئەو بزانە بلوقیا گیان ئێمە بە شادی وبەختیاری دەژیاین، ساڵێك لە قەڵای (جەوهەر تکنی) دەماینەوە . ساڵی دواتر دەهاتینەوە مەملەکەتی باوکم. ئەویش بەهۆی ئەو تەختی پاشایەتیەی، کە پێمان درابوو. چوار دێو هەڵیان دەگرت و دەیان فڕاندین بە ئاسماندا.

بلوقیا پرسی:

کاك جانشا دووری نێوان قەڵاکە و وڵاتی ئێوە چەندبوو؟ جانشا وتی:

نێوانیان(١٠) رۆژ فڕین بوو کە هەر رۆژەی دوو مانگ ڕێگایان دەبڕی ! چەند ساڵ بەو شێوەیە بەسەرمان برد. تا ئەم جارە ئەم شوێنەیەمان بەخۆش زانی نیشتینەوە. تەختەکەمان جێ هێشت و چووینە کەناری دەریا بۆ سەیران. تێروپڕمان خواردەوە ولێی دانشتین. دواتر خاتوو شەمسە وتی:

حەزم لە مەلەیە منیش لە گەڵ کەنیزەکەکانیدا جێم هێشت و بە پیاسە بەکەناری دەریاکەدا، رۆیشتم تاکو لێیان دوور بکەومەوە. کاتێکم زانی قریشکەیان لێ پەیدا بوو، لەناو هەموویان دا خۆی دا بە ڕانی خاتوو شەمسەداو کوشتی. کەنیزەکەکان بەروتی هاتنە دەرەودو خۆیان کرد بە ئو دەوارەدا کە هەڵمان دابوو، بەڵام دوانیان، خاتوو شەمسەیان بە مردوویی هەڵگرت و هێنایانە بەردەمم، منلە پەژارەی ئەو کارەساتەدا یەکسەر لە هۆش خۆم چووم. کەنیزەکەکان:

ئاویان بەدەم و چاومدا پژاند. کە هۆش خۆم هاتمەوە کردمە شین و هاوار. دواتر فەرمانم دا بە دێوەکان کەتەختەکەی لە گەڵ خۆیان ببەن و هەموویان بگەڕێنەوە قەڵای (جەوهەر تکنی) و هەواڵەکە ببەنەوە بۆ دایك وباوکی خاتووشەمسە، ئەوانیش لێیان داو فڕین و رۆیشتن زۆری نەبرد، دایك وباوکی هاتن و تەعزیەیان بۆ داناو ئەم گۆڕەیان بۆ هەڵکەند، ئەمجا خەزوورم بەمنی وت:

کوڕەکەم وەرە بۆ خۆت لای ئێمە ببە منیش وتم:

ناتوانم بەڵام داواتان لێدەکەم، کە بە تەنیشتیەوە گۆڕێکی دی هەڵبکەنن و منیش دەچمەناوی. بەڵکو لایەنی کەم بەتەنیشت خاتوو شەمسەوە بم. خەزوورم بە قسەی کردم و فەرمانی دا، گۆڕی دووەم لێبدەن! . دواتر خواحافیزیان لێ کردم و رۆیشتن. ئەم گوڕەی

تەنیشی خێزانەکەم، ئەوگۆڕەیە، کە بۆیان هەڵکەندووم. ئەمجا دەستم بەگریان کرد ئەم شێعرەم وت:

بەبێ تۆ خۆ ماڵم وێرانە
دڵ تەنگ و چاو بە گریانە
نە سەبووریم بە کەس دێت و
نە ڕووناکە ئەم ژیانە

کەبلوقیا، ئەم بەسەرهاتەی بیست هێندە سەری سوڕمابوو، وتی:
بەوخوایە وەکو هەموو سەرزمنینت گێڕا بم، ئاوا سەرم سوڕما! و ئەمجا وتی:
سوپاست دەکەم. گەر ڕێیەکی ئارام و بێ ترسم نیشان بدەی جانشایش هەستاو، ڕێگاکەی نیشانداو، ئەویش خواحافیزی کرد و ڕۆیشت.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێ دەنگ بوو.

## شەوی ٥٣١

## چیرۆکی بلوقیا دوای دابڕانی لە جانشا

شەهرەزاد وتی:
ئەم قسانە پاشای ماران بۆ (حاسب کریمە دین)ی دەکرد ئەمجا حاسب کریمە دین لێی پرسی:
ئەم هەواڵانەت لە کێ بیست!؟ ئەمیش وتی:
(٢٥) ساڵە مارێکی گەورەم ناردووە بۆ (میسر) بۆ ئەوەی نامەیەکی سڵاوو هەواڵ پرسینم بۆ بگەیەنێتە (بلوقیا) ئەویش، گەیاندویەتی (شموخ)ی کچی، کە لە وڵاتی (میسر)بوو. ئەویش گەڕاوەو پرسی کردووە. کەنیشانیان داوە، نامەکەی پێداوە. کە بلوقیا خوێندویەتەوە وتێی گەیشتووە، لەمارەکەی پرسیوە کە ئاخۆ لەلای پاشای مارانەوە هاتووە؟ مارەکەش دەڵێت بەڵێ، ئەویش پێی دەڵێت ( دەمەوێت، لەگەڵتا بێم چونکە کارێکم پێیەتی) مارەکەش دەڵێت بەچاوان. ئەمجا دەیباتەوە بۆلای کچەکەی. خواحافیزی لێدەکات و دەڵێت چاوانت بنووقێنە، کەچاو دەکاتەوە، لەو شاخەیە کە منی لێم. ئەمجا دەیبات بۆ لای ئەومارەی کە نامەکەی لێ وەرگرتووە. ئەویش سڵاوی لێ دەکات و پێی دەڵێت ئاخۆ نامەکەی گەیاندووەتە بلوقیا؟ ئەویش دەڵێت بەڵێ گەیاندم و ئەمەش خۆیەتی. ئەمجا بلوقیا بەخێری دێنێت. هەواڵی پاشای مارانی لێ دەپرسێت. ئەمیش وەڵامی دەداتەوە خۆی

و سوپاکەی گەڕاونەتەوە، کێوی قاف، هاوین دەگەڕێنەوە هەرکاتێك بگەڕێتەوە کێوی قاف، من لە جێی خۆی دادەنێت، تادەگەڕێتەوە چیت دەوێت بۆت جێ بەجێ دەکەم؟ .

بلوقیا پێی وت:

دەمەوێت ئەوڕووەکەم بۆ بێنیت. کە دەکوترێت و ئاوەکەی دەخورێتەوە. ئیدی ئەو کەسە نە لاواز و بێ توانایە نەپیردەبێت و دەمرێت.!

ئەویش وتی:

بۆت ناهێنم تاکو پێم نەڵێی دوای جێ هێشتن ئەو تۆو عەفان چوونە سەر گۆڕی حەزرەتی سلیمان چیت بەسەرهات!؟ ئەمجا بلوقیا، بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. بەسەرهاتی جانشایشی بۆ گێڕایەوە.

ئەمجا وتی:

داخوازیەکم بەجێ بێنە با بڕۆمەوە بۆ وڵاتی خۆم. مارەکە سوێندی خوارد ( بەگۆڕی حەزرەتی سلێمان نازانم ئەو رووەکە لە کوێیە!! ئەمجا بەو مارەی وت کەهێنابووی بێگەیەنەوە، وڵاتی خۆی.

مارەش وتی:

بەچاوان. و مارەکە بە بلوقیای وت:

چاوانت بنوقێنە، کەدوایی چاوی کردەوە. خۆی لە کێوی (مقتەم) دابینیەوە. ئەمجا گەڕایەوەبۆ ماڵی خۆی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٣٢

شەهرەزادوتی:

کە مارەکە گەڕایەوە، ماری جێگیری هات بۆلای و سڵاوی لێکرد و پێی وت:

( بلوقیا سڵاوت لێ دەکات) هەواڵی بلۆقیای پێدا چۆن سەفەری کردوەو لە گەڵ جانشا کۆبۆتەوە.

ئەمجا شای ماران بە حاسب کریم الدینی وت:

ئەو ئەم هەواڵەی پێم داوە حاسب وتی:

هەواڵی بلوقیاچی بوو، ئەوکاتەی لە میسر گەڕایەوە؟ ئەویش وتی:

( کەبلوقیا جانشای جێهێشت چەند شەو و چەند ڕۆژ بەڕێوەبوو تا گەیشتەسەر دەریایەکی مەزن. ئەمجا پێیەکانی بە مەرهەمێك کە پێی بوو چەور کرد و بەسەر دەریاکەدا پەڕیەوە چووە دوورگەیەکەوە. پڕ ڕەز وباخ بوو. چەندین جۆری بەری میوەی پێوەبوو. کەوتە گەڕان بەو درەختانەدا. درەختێکی زۆر مەزنی بینی گەڵاکانی هێندە گەورە بوون، دەتوت چارۆکەی بەلەمن. سەیری بن دارەکەی کرد. سفرەیەکی بینی کە هەموو جۆرە خواردنێکی لە سەر بوو، بەسەردرەختەکەیشەوە باڵندەیەکی لەمرواری دروست کراو هەبوو. کەقاچەکانی لە زیوو بوو خەریکی ویرد و سەڵاوات دان بوو لە (محمد)، (د. خ). کە بلوقیا ئەمەی بینی، پرسی:

( تۆ کێیت؟ و چ کارەیت؟ .

باڵندەکە وەڵامی دایەوە ( من لە باڵندەکانی بەهەشتم. ئەی نازانیت . خوا کە ئادەمی لە بەهەشت کردە دەرەوە. چوارگەلایشی تێوە ئاڵێنرا !؟ کە کەوتە سەر زەوی، گەڵایان کرم خواردی، دوای ئاوریشمی لێ دەرچوو. ئەوەی دی ئاسك خواردی. ئیستاش بۆیە(مسك)ی لێ دەگیرێت. سێ یەم هەنگ خواردی، کەئێستاش هەنگوین دروست دەکات. چوارەمیشیان لەولاتی هێند کەوتەوە، ئەوتا هێندیەکان (بەهارات) بەرهەم دێنن. منیش هەموو دنیا گەڕاوم، تاکو خوا ئێرەی پێ بەخشیم! کە هەموو شەو و ڕۆژێکی هەینی یان هەموو قوتبەکان و ئەولیاکان دێنە ئێرەو لە خواردنی ئەم سفرەیەی بەردەمت دەخۆن. کەوابوو وەکو میوانانی خوایان لێ دێت. کەلە خواردن دەبنەوە. سفرەکە دەبرێتەوە بەهەشت. بێ ئەوەی کەم بکات!! .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٣٣

شەهرەزاد گێڕایەوە کە بلوقیا تێری خوارد، دەستی کێشایەوەو سوپاسی خوای، کاتێکیان زانی خدری زیندە، پەیدا بوو، سڵاوی خوای لێ بێت. بلوقیا هەستا بڕوات. باڵندەکەوتی:

دەی هەواڵی خۆتم پێ بڵێ. بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. بلوقیاش، هەر لە نووکەوە تاکۆتایی چی بەسەرهاتبوو، بۆی گێڕایەوە. ئەمجا فەرمووی(ئێرە و وڵاتی میسر چەندە لەیەکتر دوورن!؟ ) ئەویش وتی:

((٩٥)ساڵە ڕێیە!! ). کە بلوقیا ئەمەی بیست دەستی کردە گریان. ئەمجا دەستی خدری زیندەی (سڵاوی خوای لێ بێت) ماچ کرد. پێی وت:

خدری زیندەش فەرمووی:

( پەنا بەخوا دەگرم ڕێم بدات. دەتگەیەنمەوە وڵاتی خۆت پێشئەوەی تیا بچیت). هەر لەوێدا زۆری نزا کرد و پاڕایەوە خوایش نزاکەی پەسەند فەرموو، خستیە دڵی (خدری زیندە) سڵاوی خوای لێ بێت، کەبیگەیەنێت، ئەمجا فەرمووی:

( سەرت بڵند بکە خوا نزاکەی تۆی پەسەند کرد. هەردوو دەستت، توند بگرە بەمنەوە. چاوانت بنووقێنە. ئەمجا فەرمووی چاوانت بکەرەوە، بلوقیا سەیری کرد، لەبەردەرگای ماڵی خۆیانە، وستی دەستی ماچ بکات و سوپاسی خوا بکات کە ئاوڕی دایەوە. کەس لە دەوری نەبوو. بۆیە خۆی کردبە ژووردا، کەدایکی، بلۆقیای بینی، هاواری بۆ کردو لەخۆشیدا بوورایەوە، ئاویان هێناو کردیان بەدەم وچاویدا هۆش خۆی هاتەوە. بلوقیاش لە خۆشیاندا، دەمێك پێدەکەنی و دەمێکیش دەگریا، لە کاتێکدا دایکی باوەشی پێدا کردبوو بۆنی دەکرد، ئەمجا دانیشت و بلوقیا بۆی گێڕایەوە، کەچۆن (خدری زیندە) سڵاوی خوای لێ بێت، هێناویەتەوە بەر قاپی. ئەوانیش سەریان سوڕماو دەستیان کردە، گریان. تاماندووبوون. ئەمجا شار ئاهەنگی گێڕاو گەورە پیاوان دەستە . دەستە هاتنە بەخێرهێنانی لەنێو شاردا بوو بەشایی و لۆغان. بلوقیا دیاریەکی زۆری لە هەرێمەکانەوە بۆهات شاری ماران، ئەمانەی بۆ (حاسب کریم الدین) گێڕایەوە (حاسب) کە ئەمانەی بیست دڵی هێندە پڕ بوو، دەستی کردە گریان.

ئەمجا وتی:

( دەمەوێ بگەڕێمەوە سەر زەوی و بچمەوە نیشتمانی خۆم). شای ماران وتی:

دەترسم کە چویتەوە، سەر زەوی، لەوێ سوێندەکەت بشکێنیت و پەیمانەکەی کەداوتە بەمن، کە هەرگیز نەچیتە گەرماو بشکێنیت! . ئەمجا حاسب جارێکی دی سوێندی بۆ شای ماران خوارد کە هەرگیز لە گەرماو خۆی نەشوات. ئەمجا مارەکە بردی و لە شوێنێکەوە لە نزیك بیرێکەوە، هێنایەوە سەر زەوی.

## شەوی٥٣٤

## پاشماوەی چیرۆکی حاسب

شەهرەزاد گێڕایەوە زەردەپەڕی ئەو ئێوارەیە خۆی کردەوە بە ماڵداو یەکەمجار دایکی بینی. بەرەو رووی چوو، ئەملاو ئەولای ماچ کرد. ئەمجا ژنەکەی پێی زانی، هات و هەردوو دەستی ماچ کرد. ئەمجا چوونە ژوورەوە دوای ئەوەی دانیشت، سەیرێکی کردن پرسیاری هاواری دارکەرەکانی کرد. ئەوانەی ئەمیان خستبووە بیرەوە. ئەوانیش وتیان:

( دوای گەڕانەوەیان ئیدی دابڕینیان واز لێ هێنا و چەندین خانووبەرە و ریزە دوکانیان کڕی و بوونە بازرگان، بەلاّم زوو زوو سەرمان لێ دەدەن و زەخیرە و خواردنمان بۆ دێنن و پێیان لێ نەبڕیوین! . یەك مجار کە بەبێ تۆ گەڕانەوە، هاتن وتیان:

گوایە گورگ تۆی خواردووە! حاسب وتی:

(دایەگیان سبەینێ بچۆ بۆلایان وبڵێ حاسب کریم الدین هاتووەتەوەو وەرن بەخێری بێننەوە ). رۆژی دواتر دایکی چووە ماڵی داربڕەکان و قسە کەی حاسبی پێ وتن. ئەوانیش، کە بەمەیان زانی چوونە لای کۆمەڵێك بازرگانی ناوبازاڕ و چییان کردبوو لە حاسب، بۆیان گێڕانەوە و ئەمجا پرسیان پێکردن چی بکەن باشە!؟ هەریەکەو لای خۆیەوە جل وبەرگی نوێی بازرگانەیان ناردەماڵەوە بۆ حاسب. بازرگانانی ناوبازاڕ وتیان:

ئەرکی سەر شانمانە کە هەریەکەتان نیوەی پارەو سامان و کۆیلەو کەنیزەکە کانتان ببەخشنە حاسب. ئەوانیش ئەو فەرمانەیان پەسەند کرد. ئەمجا چوونە ماڵی حاسب و بەخێر هاتنەوەیان کرد و پێیان وت:

(ئێمە سامانەکەمان، هەمووی بەهی تۆ دەزانین. ئێستاش هەر یەکەمان نیوەی سامانەکەی خۆی دەبخشێت بەتۆ چۆنیش دەڵێیت ئێمە سەرمان لە رێت دایە). حاسب وتی:

ئەوەی رۆیی رۆیی!! ئێستاش هەر هاواری یەکەی جارانن و سوپاس بۆ بەخشینەکەتان). ئەوانیش، دڵیان خۆش بوو پێیان وت:

کەوابوو، لەگەڵمان وەرە دەرەوە باناوبازاڕ و شارەکەببینی! دوایش دەچینە گەرماو خۆمان دەشۆین.

حاسب وتی:

سوپاستان دەکەم بەلاّم سوێندم خواردووە، هەرگیز ناچمە گەرماو بۆ خۆشتن!! ).

ئەمجا هاواریکانی پێیان وت:

کەوابوو فەرموو بۆ ئێوارە دەعوەتی ماڵمان ببە ئەویش وتی:

بۆ ئەمەیان بەچاوان. ئەمجا لەگەڵیان رۆیشت و(٧)شەو، هەر ئێوارەو میوانی ماڵی یەکێکیان بوو. حاسب بەهۆی سامانی هاواریکانیەوە دەوڵەمەند بوو. بووەخاوەنی خانووبەرەو ریزە دوکان و بازاڕ، ئەمجا بازرگانانی هاواریی هاتن بۆ لای و ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە. ماوەیەکی زۆر بەخۆشی و بەختیاری ژیانی گوزەراند. وارێکەوت رۆژێکیان هاواریەکی خۆی بینی، تازەلە گەرماو هاتبووە دەرەوە. بەرەو رووی چوو باوەشی پێدا کردو ئەملاوئەولای ماچ کرد. ئەمجا فەرمووی گەرماوی لێکرد کەخۆی بشوات.

حاسبیش وتی:

سوپاست دەکەم بەڵام من سوێندم خواردووە هەرگیز لە گەرماودا خۆم نەشۆم!! .
کابرای هاوارییش وتی:

سێ بەسێ تەڵاقی هەرسێ ژنەکەم کەوتبێ دەبێت، بێیە ژوورەوە خۆی بشوات. حاسب کەسەری سوڕما بوو دەستێکی کەوتە ئەملاو یەکێکی دی ئەولای ئەمجا هاواری کرد:

( حەز دەکەیت منداڵەکانم هەتیو بکەون!؟ ماڵ وێران ببن!؟

هاوارییەکەشی کەوت بەسەر دەست وپێیدا وتی:

چیم لێ دەکەیت!؟ تازە سوێندم خواردووە. ناتروخاوەن گەرماو هاتن و لێی پاڕانەوە. لایە زۆر و لایە پاڕانەوە کردیان بەگەرماوەکەدا. روتیان کردەوەبردیانە ژووری گەرم. هەریەکەم جامەئاویان بەسەردا کرد. هێندەیان زانی چەند پیاوەێك هاتنە ژوورەوەو بەحاسبیان وت:

(دەی هەستەو خۆت وشك بکەوە ) تازە بوویتە دوژمنی سوڵتان!! . بردیانە دەرەوەو هەواڵیان نارد بۆ وەزیر. ئەویش (٦٠)سەربازی نارد، ئەمجا سەرکردە، چەند کەسێکیانی بردە ناو گەرماوەکەوە لەولایشەوە(١٠٠)دیناریان دایە، خاوەن گەرماوەکە. سەربازەکان و وەزیر و حاسب، کەوتنە ڕێ، تاگەیشتنە بەردەم کۆشکی سوڵتان، چوونە ژوورەوەو کەمێك دانیشتن وسفرەوخوان دانرا. ئەمجا خواردن خورا. کەتێریان خوارد، سوپاسی خوایان کرد. ئەمجا وەزیر، دوو دیاری دایە حاسب هەریەکەیان (٥٠٠٠)دینار بوو. ئەمجاپێی وت:

(خوابەزەیی بەئێمەدا هاتووەتەوە کەنەخۆشی یەکەی سوڵتان لەسەردەستی تۆدا چارەسەر دەبێت. ئەویش بەگوێرەی ئەو(فاڵ)ەی، بۆمان گرتووەتەوە). حاسب سەری لەم قسەوباسە سوڕما!! ئەمجا لە هەر (٧) دەروازەی کۆشکەوە، گەورە پیاوانو سەرانی دەوڵەت هاتنە لای سوڵتان. کەناوی(کرزوان)بوو. یەکێك بوو لە پاشایانی عەجەم. ئەم سوڵتانە(٧)هەرێمی حوکم دەکرد و (١٠٠) جێگرو (١٠٠)جەلادی هەبوو.؟ حاسب، چووە بەردەم سوڵتان کە دەستەسرێکی بەسەر دەم وچاویدا، درابوو، دەستی برد، لایداو رووی بینی، کڕنووشی بۆ سوڵتان بردو نزای چاك بوونەوەی بۆ کرد، ئەمجا(شەمهون)ی گەورە وەزیری هاتەپێشەوە، حاسبی برد، لای دەستەراستی سوڵتانەوە داینا سفرەو خوان ئامادە کرا دواتر کەنان خورا، دەست شۆردرا، ئەمجا(شەمهون) هەستاو گەورە پیاوان بەدوایدا. رووی کردە حاسب و وتی:

(داوای هەرچی بکەی پێت دەدەین. خوای دەکرد نیوەی مەملەکەتەکەی سوڵتانیش دەبوو. چونکە چاك بوونەوەی پێستی دەم و چاوی سوڵتان لەسەر دەستی تۆدا دەبێت!! ).
ئەمجا لە حاسب هاتە پێش و دەستەکانی ماچ کرد و وتی:

( ئەمەبوو ئەو ئیشەی کەبەتۆمان بوو). حاسبیش وتی:

( هەرچەند من کوڕی دانیال پێغەمبەرم، بەڵام هیچ لە پزیشکی و تیمار کردن نازانم!! کاتی خۆی منیان نارده لای پزیشکان، بۆ فێربوون. (٣٠)رۆژ هەوڵیان لەگەڵ دام. بەڵام هیچ فێر نەبووم! زۆر حەز دەکەم بمتوانیایە، سوڵتانم چاك بکردایەتەوە! ). گەورەوەزیر وتی:

( لەسەری مەرۆ دەمت دابخە ئەوە بزانە هەمووپزیشکانی سەر زەوی کۆبکەنەوە، ناتوانن ئەم سوڵتانە چاك بکەنەوە چونکە تەنیا لەسەر دەستی تۆ دا شاگرزدان چاك دەبێتەوە). حاسبیش وتی:

(ئاخر چۆن لەسەر دەستی مندا چاك دەبێتەوە، نەدەزانم نەخۆشی یەکەی چیە و نەدەرمانەکەشی!!؟ ). وەزیر پێی وت:

( دەرمانی شاگرزدان، لای تۆیە). حاسب وەڵامی دایەوە ( گەر بمزانیایە بەچی چاك دەبێتەوە هەرئێستا تیمارم دەکرد! ). گەورە وەزیر وتی:

( نە بابەگیان دەرمانی ئەم نەخۆشی یەی سوڵتان شای مارانە تۆیش لای شای ماران بوویت شوێنی پێ دەزانیت ). ئەمجا حاسب زۆر پەشیمانی ئەوە بوو کە چوەتە گەرماوە بوو. ئەمجا وتی:

(ئاخر ئەمە چۆن دەبێت خۆ من هەرگیز شوێنی شای ماران نازانم!؟ ). وەزیر وتی:

( خۆت گێل مەکە زانیاریمان هەیە کە تۆ (٢)ساڵی رەبەق لەلای شای ماران ماویتەوە! . ئەمجا وەزیر چوو ئەو کتێبەی هێنا کەنیشانەی پزیشکی حاسبی تیایە. ئەمانەی بۆ خوێندەوە ئەو پزیشکەی لای شای مارن(٢)ساڵی رەبەق ماوەتەوە دواتر، هێناویەتەوە سەرزەوی لەنیشانەکانی ئەو پزیشکە ئەوەیە کەلەگەرماو خۆ بشوات. پێستی ورگی رەش دەبێتەوە. چارەسەری نەخۆشی سوڵتان تەنیا لەسەردەستی ئەوپزیشکەیە). ئەمجا وەزیر لە خوێندنەوەکە بووەوە، بزەیەك گرتی وتی :

ئادەی سەیری ورگی خۆت بکە! حاسبیش کەسەیری ورگی خۆی کرد بینی بەڕاستی رەش بووەتەوە. ئەمجا وتی:

(بەڕێز من هەرلە منداڵیەوە، ورگم رەش بووە.

ئەمجا وتی:

براکەم ئەوە بزانەئێمە خاوەن گەرماوەکانمان راسپاردووە کە ئەوانەی ورگیان رەش دەبێتەوە، بیان گرن و بیبیان دەنە، دەستی ئێمەوە. بۆ ئەو کارەیان پاداشتیان دەدەینەوە. ئیدی چاوەڕێی تۆ بووین! ئەگەرنا ئێمە تۆمان بۆچییە!؟ ). ئەمجا رووی کردە حاسب و وتی:

( مادام ئاوایە، تۆ تەنیا شوێنی شای مارانمان پیشان بدە خۆمان دەتوانین بیگرین). شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٣٥

شەهرەزاد گێڕایەوە:

حاسب، ئـەم قـسەیەی وەزیـری بیـست، زۆر پەشـیمان بـوو، لـە چـوونە گەرماوەکـەی. وەزیران و گەورە پیاوانی دەوڵەت یەکە، یەکەو بەکۆمـەڵ دەهـاتن و پرسیاری شوێنی(شای ماران)یان لێ دەکرد. بـەڵام حاسـب هـەر نکـۆڵی کـرد. تـاکو، گـەورە وەزیـر ئیـدی خـۆی پـێ نـەگیرا و(جـەلاد)ی بـرد بـۆی. فەرمانیـدا روتـی بکەنـەوە ئـەمجا جـەلاد بـەربووە گیـانی و بەقامچی!! زۆری لێدا. هێندەی لێدا خەریك بوو بمرێـت. ئـەمجا وەزیـر، جـەلادی لـە لێـدان خست و بە (حاسب)ی وت:

( ئێمە بەڵگەی ئەوەمان لایە، تۆ شوێنی(شای ماران) دەزانیت. نکۆڵی چی لێ دەکـەیت؟ ). دوای کەمێك رووی تێکردەوە ( باشە تەنیا شوێنی هاتنە دەرەوەی خۆتمان پێ بڵێ لە ژێر زەوی . ئێمە، کاری خۆمان دەکەین وهیچ زیانێکی بۆ تۆ نابێت). جێی هێـشت، رۆژی دواتـر ناردی حاسبیان بۆ هێنا رووی خۆشی دایە ئەمجا فەرمانی دا، پاداشتیان کرد. حاسب ناچار بەقسەی وەزیری کرد. گەورە وەزیر کەرازی بوونی حاسبی بـینی زوو لێـی خـۆش بـوو. بـۆ رۆژی دواترپێش کاروانەکە، رۆیـشتن تـاکو گەیـشتنە کێوەکە. ئەمجاپێـشیان کـەوت بردنیـە ئەشکەوتێکەوە. خۆیشی هەر ئاخی هەڵدەکێشا و دەگریا. رۆیشتن تا گەیشتنە ئەو بیرەی کە کاتی خۆی لێی هاتبووە دەرەوە.

ئەمجا وەزیران بەدەوری بیرەکەدا دانیشتن، گەورە وەزیریش، کاتێ کە خۆی قەشـە بـوو، لە کڵێسەدا، زانستە رۆمانیەکان فێر بوو بوو، ساحرێکی بەتوانا بوو. بۆیە ئـاگرێکی کـردەوە. هەندێ بخووردی کردە ئاگرە کەوە کە دوکەڵەکە بڵند بووەوە. کەوتە خوێنـدنی (عەزیمـە). کە عەزیمەکەی تەواو کرد، بخووردی تری کردە ئاگرەکەوەو، (عەزیمـە)ی دووەمـی خوێنـد. کەتەواوی کرد(عەزیمە)ی سێ یەمیشی خوێند. ئەمجا، وەزیری سێحرباز وتی:

( وەرە، وەرەوە ئەی شای ماران، بیرەکە، ئاوی تیا نەما بووە دەرگایەك، بەرد وخۆڵ بەو نـاوەدا بـڵاو بـووەوە کـە هەنـدێك لەدانـشتوانی دەوری بیرەکـە بوونـە ژێـر گـەڵ و بـەردەوە مردن. ئەمجا ئەژدیهایەك لە دەرگاکە هاتە دەرەوە. بەهێندەی فیلێك دەبوو. ئاگر لە چاوانی و دەمیەوە، وەکو پشکۆ دەهاتە دەرەوە لە سـەر پـشتی مارێـك هـەبوو.؟ کەسـەرو کەللەی لـە مرۆڤ دەچوو ئەو مارەی سەر پشتی چاوی گێڕا. کەحاسبی بینی پێی وت:

( خۆ تۆ پەیمانت دا سوێندت خوارد، کە هەرگیز نەچیتە گەرماوەوە ئێستا چیت پـێ بڵێم خۆ دەشزانم قەزاو قەدەری خوا گەڕانەوەی نییە چی لـە ناوچاوانمان نوسـرابێت هـەر ئەوەیە؟ . دیارە قەدەری خوایە دەبێت مـن بکوژرێم و بـەمن شـا( کـرزدان) ئەخۆشـیەکەی

چاك بێتەوە). ئەمجا (شای ماران) دەستی کردە گریان حاسبیش بۆی گریا. دواتر گەورە وەزیر ساحیری ویستی دەستی بۆ ببات، شای ماران هاواری کرد، دەستت لابە بەدفەسالّ با باوەشێك گڕ فرێ نەدەمە سەرت و بتکەم، بەکۆی زوخالّ! ئەمجا نانگی حاسبی کردو فەرمانی پێدا ( برۆ ئەو سینی یەی کەهێناویانە بۆم بهێنە و دەستم بدەرێ و بم خە سەر ئەو سینی یە بمخە سەر سەرت و پێشیان بکەوەو برۆ! ! حاسبیش بەقسەی کرد کەچوونە دەرەوە لە ئەشکەوتە بیرەکە، وەکو جارانی خۆی لێ هاتەوە، لەکاتێکدا کە بەرێوە بوون شای ماران بە دزیەوە بەحاسبی وت:

حاسب هەرچەند، پەیمانەکەت شکاندو سوێندەکەت کەوت بەلاّم لەبەر ئەوەی ئەمە لەچارەی من نووسرابوو). حاسب قسەکەی پێ بری و وتی:

فەرمایشتە. چی دەلّێیت وادەکەم. ئەی شای ماران، ئەویش وتی:

کە( کەگیشتنە مالّەوە وەزیر پێت دەلّێت وەرە سەری ببڕە، تۆیش بە قسەی مەکە وبلّێ، نازانم سەری ببڕم. تاکو بەدەستی خۆی سەرم ببڕێت، دواتر شا کرزدان دەنێرێتە شوێنی ئەویش گۆشتەکەم دەکاتە مەنجەلّێکی مسەوە. مەنجەلّەکەش دەخاتە سەر، (کوانوو)یەك. پێش ئەوەی بڕوات پێت دەلّێت ئاگری کوانووەکە بکەرەوە. با گۆشتەکەکەفاو بکات. ئەمجا کەفێ گۆشتەکە بگرەوەوبیکە ئەولوولەیەوە، تاسارد دەبێتەوەدواتر بێخۆرەوە نەخۆشی لەشت دا ناهێلّێت. جاری دووەم کە کەفاوی کردەوە، خۆم دەخۆمەوە، چونکە منیش نەخۆشیەکم هەیە. ئەمجا هەردوو لوولەکە شووشەکەت دەداتێ و خۆی دەڕوات، بۆ لای پاشا. کەیەکەم جار گۆشتەکەم کەفێ گرت، بیکە لوولەشووشەکەوە نەکەی بیخۆیتەوە. چونکە ئەگەر بیخۆیتەوە، سودێکی نابێت بۆت، کەجاری دووەم گۆشتەکەم کەفێ گرت، بیگرە وبیکە لوولە شووشەکەوە. لێی بگەرێ تاکوسارد دەبێتەوە. هەلّی بگرە بۆخۆت، دواتر بیخۆرەوە. کەلای شا کرزدان گەرایەوە، داوای شووشەکەفاوی دووەمی کرد، شووشەکەێ یەکەمی بدەرێ، ئەمجا، سەیری بکە بزانە چی لێ دێت!؟ . کەخۆیشت قاپی پڕ بەکەفێ دووەمت خوارد، مێشکت دەبێتە کانگای زانست و زانیاری ئەمجا گۆشتەکەم، پارچەپارچە بکەو بیدە، بە سولّتان کرزدان. با قوماشەکەی هەر بەسەر دەم و چاویەوە بێت. تا نیوەڕۆ، چاوەڕێ بکە، ئەمجا شەربەتی بدەرێ بابیخواتەوە، دواتر کەسەرپۆشەکەت لەسەر لادا پشت بەخوا، چاك بووەتەوە. دەم وچاوی وەکویەکەمجاری لێ هاتووەتەوە. ئەم ئامۆژگاریەم لە گوێ بگرەو پەیڕەوی بکە ئەمجا پێکەوە ڕۆیشتن تاگەیشتنەمالّی وەزیر و بە حاسبی وت:

(لە گەلّم وەرە ژوورەکەوە). کەچوونە ژوورەوە، وەزیران و گەورەپیاوان هەستان و بەرەو مالّ بوونەوەو دەوروبەر چۆلّ بوو. حاسب سینی یەکەی لە سەر سەری داگرتبوو ئەو سینیەی کە شای مارانی لە سەر بوو. شەمهوری وەزیر بەحاسبی وت:

ئەوە كێردی تیژ و شای ماران سەر ببڕە و گۆشتەكەی پارچەپارچە بكە. حاسب وتی:
من نازانم سەری ببڕم. خۆت سەری ببڕە. ئەویش هەر لە سەر سینیەكە سەری بڕی. حاسبیش دەستی كردە گریان. شەمهور دەستی كردە پێكەنین وتی:
خەڵك چۆن بۆ سەربڕینی مار دەگریێت. هەی كاڵفام!؟ مەنجەڵی بۆ ئامادە كرد و خستیە سەر كوانوو، داری بۆ ئامادە كرد. تاكو ئاگر لە ژێرمەنجەڵەكەدا بكاتەوە ئەو مەنجەڵەی كە گۆشتی شای مارانی تیا بوو. دوو قاپی شووشەی ئامادە كرد. دایە دەست حاسب و ئاگری كردەوە. لەو كاتەدا، خزمەت كارێك هات و بە شەمهوری وەزیری وت:
كە سوڵتان داوای دەكات. وەزیریش قاپە شووشەكانی دایە حاسب و پێی وت:
وائاگرم خستووەتە ژێر مەنجەڵەكە كەكوڵا كەف دەكات. كەفەكەی بگرەو بیكە ئەم قاپەیانەوە. ئەمجا ئاوەكەی دەگۆڕیت و ئاوی دی بكە مەنجەڵەكەوە. كەجاری دووەم كەف كرد. كەفەكە بگرەو بیكە ئەم قاپەی تریانەوە. ئەمجا وتی كەف یەكەمجار دوای ساردبوونەوەی بیخۆرەوە. نەخۆشی لە لەشت دا، ناهێڵێت. كەف جاری دووەمیش بۆ من هەڵبگرە. كە هاتمەوە، دەیخۆمەوە. چونكە منیش، كەمێ نەخۆشیم هەیە. ئەمجا لە گەڵ خزمەتكارەكەی چووبۆلای سوڵتان.
شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٣٦

شەهرەزاد گێڕایەوە ئەمجا حاسب چاوەڕێ بوو، تاگۆشتەكە، كەف كرد كەفەكەی لێگرت و كردیە قاپەشووشەكەوە. ئەمجا ئاوەكەی گۆڕی و ئاگری ژێر مەنجەڵەكەی خۆش كرد. دیسان كەف كردەوە، ئەو كەفەیشی لێ گرت و خستیە قاپی دووەمەوە. ئەوەیانی بەجیا لە شوێنێكدا هەڵگرت. كە گۆشتەكە كوڵا، مەنجەڵەكەی داگرت و چاوەڕوانی وەزیری كرد. كە وەزیر لای سوڵتان گەڕایەوە لە حاسبی پرسی:
ها چیت كرد؟ ئەویش وتی:
چۆنت ئامۆژگاری كردم بەو شێوەیەم كرد. ئەمجا وەزیر وتی:
كوا قاپی شووشەی یەكەمجاری كەفەكە، وتی:
ساردم كردەوەو خواردمەوە. وتی:
ئەی بۆ هیچ بە لەشتەوە دیار نییە!؟ حاسبیش وتی:

چۆن لەشم هیچی لێ نەهاتووە ئەوەتا هەموو لەشم گەرم راهاتووە و خەریکە دەسوتێم!؟ ). کەوەزیری فێڵباز بێدەنگ بوو، بەخەیاڵی خۆی حاسب تووشی بووە. بەوکەفەوە، ئەمجا داوای کەفی جاری دووەمی کرد و وتی:

بەڵکو بیخۆمەوە و منیش وەکو تۆ چاك ببمەوە! ئەمجا کەفی قاپە شووشەکەی هەڵقوڕاند- کە پێی وابوو ئەو کەفە کەفی کوڵاندنی جاری دووەمی گۆشتی (شای ماران) بوو – ئەو وەزیرە هێشتا هەموو کەفەکەی نەخواردبووەوە کە قاپەکەی لە دەست کەوتە خوارەوە و خۆیشی کەوت و دەم ودەست مرد! ! رەحەمت لە و کەسەی وتوویەتی:

ئەوەی کە چاڵی بۆ خەڵکی هەڵکەن خۆی تێ دەکەوێت مەگەر بە دەگمەن!! .

کە حاسب ئەوەی بینی زۆر ترسا وای لێهات، ترسی خواردنەوەی کەفی کوڵی دووەمی بوو. دواتر بیری کەوتەوە، کە (شای ماران) چۆنی ئامۆژگاری کرد. قاپی دووەمی هێنا کە بۆ خۆی دانا بوو، کەفاوەکەی خواردەوە. دواتر سەرنجی لە خۆیدا ز زۆر شادمانە مێشکی کراوەیەو پڕە لە زانست و زانیاری. ئەمجا هەندێك لە گۆشتە کوڵاوەکەی خستەسەر سینیەمسەکەو بردی بۆ سوڵتان. لە رێگا سەری بڵند کردەوە. سەیری ئاسمانی کرد، هێندە چاوی کراوەبوو، ئەستێرەکانی بینی. دووریەکانی دەزانی، ببووە شارەزای ئاسمان و مانگ وخۆر. کەسەیری زەوی کرد، چ میتاڵێك لە ژێر زەویدا هەبووایە، ئەو دەیبینی! ئەمجا هەر رۆیشت تاگەیشتە دیوەخانی شاکرزدان مەنجەڵە گۆشتەکوڵاوەکەی، دانا کڕنوشی بۆ شا کرزدان برد. ئەمجا پێی وت:

( قوربان شەمهوری گەورە وەزیش تۆ خۆش!! ). شایش کە ئەمەی بیست توند بوو؛ وتی:

( ئیستا لەلام بوو چووە دەرەوە، تاگۆشتە کوڵاوەکەم بۆ بێنێت! چۆن مرد!!؟ ). ئەمجا دەستی کردە گریان. ئیدی بۆ گێڕایەوە کە چۆن کەفی گۆشتەکەی خواردو، دواتر سکی ئاوساو مرد. شایش بەدەم هەنیسك هەڵدانەوە وتی:

ئیستا دوای ئەو من چی بکەم؟ حاسب هەڵیدایە (بێخەم بە قوربان. بەو گۆشتە کوڵاوە، (٣)رۆژ لە سەریەك برینەکانت دەهەنووم بە جۆرێك، کە ناهێڵم، جێگەی برینەکان دیار بێت. شاکرزدان وتی:

( منیش هەموو ئاواتم ئەوەیە، لەم نەخۆشی پێستە رزگارم بێت! ). ئەمجاحاسب گۆشتەکوڵاوەکەی بردە بەردەم شا و هەندێکی دایە بیخوات هەندێکیشی خستە سەر برینەکانی دەم وچاوی. دواتر سەر پۆشەکەی دایەوەبەسەریدا، وتی:

ئیدی لێی بنووە، ئەویش لێی نووست تاکو ئێوارە، دواتر بە ئاگای هێنایەوە، هەندێ شەرابی دایە و ئەویش نوستەوە. رۆژی دواتر لە خەو هەستا، رۆژی دووەم و سێ یەمیشی

هەربەو شێوەیە بوو. دواتر سەیری دەم وچاوی کرد، روانی دەم وچاوی پێستی هەڵداوە!! . ئارەقێکی زۆری کردووەتەوە. ئێوارەی رۆژی سێ یەم بەتەواوی لەشی وەکوجاران چاك ببووەوە. رۆژی دواتر چووەوە سەرتەختی پاشایەتی. وەزیران و گەورە بەرپرسان، هاتنە سەردانی و بەخێر هاتنەوەی . پاشایش حاسبی لای خۆیەوە دانا دواتر پێکەوە، نانیان خوارد، پاشا فەرمانی دەرکرد ئاهەنگ بگێرن و بیکەن بە شایی و لۆغان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٣٧

شەهرەزادوتی:

کە وەزیران و پیاوانی دەوڵەت و سەرکردەکانی سوپا هاتن بۆ دەربڕینی پێخۆش بوونیان بە چاك بوونەوەی لەو نەخۆشیە پاشایش رووی تێکردن و وتی:

بەرێزان، ئەوا ئەم حاسب عەبدالکریمەم خستە شوێنی شەمهوری خوالێخۆش بوو، کردمە گەورە وەزیر. ئەمجا هەموویان بەروودوا چوون و ئەم لاو ئەولای حاسبیان ماچ کردو پیرۆزباییان پێ وت. پاشایش خەڵاتێکی گەورەی گەورە وەزیرانی کرد. سینی یەکی زێر یان بۆ هێنا کە برێك زێر ومرواری لەسەر بوو. بچووکترین پارچەیان، نەرخەکەی(٥٠٠٠)دینار بوو(٣٠٠)کەنیزەك و (٤٠٠) کۆیلەیشی بەخەڵات پێدا. کەهێندەی کیژە حبەشیان شۆخ و شەنگ بوون. دواتر فەرمانی دا (٥٠٠)باری هێستر شتومەك درابە حاسب. وەزیران و گەورەپیاوان گەورە وەزیریان بەرەو کۆشکی ئامادە کراویان کردەوە. ئیتر، لەوێ مایەوە و خەڵکەکەش چوونە پیرۆزبایی هاواری داربەرەکانی هاتنە سەردانی، ئەمجا کەس وکارەکەی خۆی بەخێریان هێنا. بەرەو کۆشکی شەمهور چوو. دەرگای مۆرکرد دوای ئەوەی شت ومەکەکانی بردەوە بۆ کۆشکی خۆی، کاتی خۆی حاسب بێ ئاگابوو، لە زانستەکان، ئێستا بەهۆی شارەزایی لەهەموو زانستەکاندا، ناسراوی ناوکۆمەڵگابوو. بەتایبەتی دوای ئەوەی نەخۆشیەکەی پاشای تیمار کردوو چاك بووەوە. ئیدی کیمازان و ئەستێرەناس و رۆحانی بوو. رۆژێکیان لە دایکی پرسی( دایەگیان دانیالی باوکم زانابوو، ئاخۆ کە مرد، دوای خۆی هیچی لەوزانستەی خۆی بۆ جێ نەهێشتووم!؟ . دایکی هەستاو چووە ژوورەکەی دی و سندوقێکی بۆهێنا. ئەمجا وتی:

( کورەکەم کاتی خۆی کەسکم بە تۆ پڕ بوو پێی وتم:

رەنگە کورت ببێت کە گەورە بوو داوای شتەکانی باوکی لێ کردیت:

ئـەم سـندوقەی بـدەرێ پێـی بڵـێ هـەر ئەمـەی هـەبوو). کـە (٥) پەڕەکـەی خوێنـدەوە، هێندەی دەی فێری زانستەکان بوو. ئیدی بەدرێژی تەمەنی بە بەختیاری وشادمانی ژیانی بردە سەر دواتر خوابردیەوە بۆ خۆی

شەهرەزاد هەستی کرد  شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٣٨

## چیرۆکی سەند وباد

شەهرەزاد وتی:

دەیگێڕنەوە، لـە سـەردەمی خەلیفـە هارونەرشـید دا کابرایـەکی حـەماڵ هـەبوو، نـاوی (سـەندوباد) بـوو. رۆژێکیـان کـۆڵێکی قورسـی خـستبووە سەرشـانی. گەیـشتە بـەر دەروازەی کۆشکێك، سەکۆیەك لە بەر دەمیدا بوو. لە دەروازەکەیشەوە، بۆنێکی خۆش دەهات، ئـەویش بارەکەی داگرت ولە سەر سەکۆکە لێی دانیشت، تاکو کەمێك بحەوێتەوە. کـەگوێی هەڵخست دەنگی ئاوازو گـۆرانی دێـت. بولبـول و کـەناری وباڵنـدەی خـوش خـوان: دەیـان خوێنـد! پـێ دەچوو زیکری خوا بکەن! بۆیـە سـەند وبـادیش بـەدەم گـۆرانی وتنـەوە خـۆی بەژوورەکـەدا کـرد. گەیـشتەدالانێك و لـەوێوە بـۆ رەزوبـاخێکی خـۆش، پـڕ بـوو لەخەزمـەتکار و کۆیلـە. کەمەگەر هەر لەماڵە سوڵتانەکاندا هەبێت. کەسەری بەرز کردەوە، لە دڵی خۆیدا وتی:

( پەنابە تۆ پەروەردگار ئەی رۆزی دەری بێ هـەژمار! خوایـە . پـەنا بـەتۆ دەگـرم ئـەی بـووردەی گوناهـان. پـەنا بـەتۆ دەگـرم لـە خەوشـەکانم دا. چـەند بـەتوانا ولێهـاتووی!؟ بەتـەگبیری بـۆ کۆیلـەکانی خـۆت!! کەهەنـدێکیان تێـر و تەسـەلن، هەندێکیـشیان وەکـومن برسین.

هەیانە لە سایی سێبەردا نووستون
هەشیانە وێڵن، هەژارن ماندوون
زۆرم پێ سەیرە، کەبەم شێوەیە
کە هێندە غەم وپەژارەم زۆر بوون
خەڵکان دڵخۆش بەبێ ماندوویی
منیش بەم شێوەم لێ دەکات گەردوون
دنیا لە کەیف شادمانیدا

منیش له خەمدا بووم سەرنگوون
منیش وەك ئێوە ئێوەش وەکو
من لەیەك مۆر(نوتفە) هاتووینەتەبوون
کەچی نیوانمان کەهێندە دووره
وەکو شەراب و بیبەرێکی توون

که سەندوباد لە شیعرەکەی بووەوە گەڕاوەو بارەکەی بەکۆڵیدا دایەوە. تاکو بڕوات. منالێکی دووربەدوور بینی، که تاکو بلێی ناسك و جوان بوو. هات و دەستی گرت و پێی وت:

( وەرە ئاغام بانگت دەکات). هەرچەند ویستی خۆی بدزێتەوە بەڵام بێ سوود بوو. دیسان بارەکەی داگرتەوە، لەگەڵ منداڵەکەدا رۆیشت، کەسەیری کرد ماڵێکی زۆر جوان و رازاوە بوو.! ! لەولایشیەوە کۆمەڵێك پیاو ماقوڵ دانیشتبوون. لە ناوەڕاستیشدا، چەندین جۆر (نوقڵ) و (میوە) و و شەرابی ترێ دانرابوو. کۆمەڵێك کەنیزەك سازو جونبوش وعود بەدەست بوون.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٥٣٩

لە سەرووی کوڕەکەوە پیاوێکی پیری خاوەن کەسێتی دانیشتبوو. کە کەمێ لە لاجانگەکانی سپی بووبوو. سەند وباد دڵی پێی کرایەوەو وتی:

( ئێرە بەهەشتە یان کۆشکی سوڵتانە!؟ ). ئەمجاکڕنووشی بۆ برد و، سڵاوی لێ کردن. خاوەن ماڵ فەرمووی لێ کرد. تاکو دابنیشێت. ئەویش لە نزیك خۆیەوە داینا. و هەندێك خواردنی خۆشیان بۆ دانا. ئەمجا ئەویش ناوی خوای هێناو دەستی پێکرد. تاکو تێر بوو. وتی:

( سوپاس بۆ خوا. ئەمجا دەستی شت و سوپاسی خانەخوێی کرد. خاوەن ماڵ وتی:

( بەخێر هاتیت وخوا رۆژت پیرۆز بکات. ئەمجا وتی:

ئەی حەماڵ، ئەوە بزانە، ناوەکەت وەکو ناوی من وایە.، منیش ناوم (سندوبادی بەحریە)یە!! ئەوی راستی بێت، حەزدەکەم ئەو شێعرەی لەناو دەرگاکەدا خوێندتەوە بۆم بڵێیتەوە. حەماڵەکە شەرم گرتی، وتی:

( بۆ خاتری خوا لێم وەگەرێ، نەبوونی و ماندووبوون، مرۆڤ فێری کەم رەوشتی دەکات! ئەویش وتی:

( شەرم مەکە تۆ وەکو برای منت لێ هاتووە هەر بەڕاستی حەزم لەوشیعرە بوو). ئەمجا حەماڵەکە، شیعرەکەی بۆ دووبارەکردەوە. ئەویش زۆری پێ دڵخۆش بوو، بەو شیعرە بۆیە وتی:

ئەی کاکی حەماڵ، ئێستا چیرۆکی خۆمت بۆ دەگێڕمەوە، بەسەرهاتی پێش ئەوەی ئەم شوێنەم بۆ ببێت و ئاوا بەختیار ببم!! خۆ منیش بێ ماندوو بوون و تاڵاو چێشتن، نەگەیشتوومە، ئەم پلەیە. (٧) جار سەفەرم کردووە، هەرجارەی چیرۆکێکی سەیرم دیوە. ئیدی قەزاو قەدەری خوا وابوو بەسەرهاتەکان عەقڵ نەیبڕیون. کەسیش ناتوانێت، لە قەدەری خۆی هەڵبێت.

## چیرۆکی یەکەم سەفەری

هێندە بزانن، باوکم بازرگان بوو دەوڵەمەند و خاوەن سامان بوو. کە مرد من مناڵ بووم. هێشتا نەفام و کرچ وکاڵ بووم. کەگەورە بووم، دەستم گرت بەسەریدا و زۆرباش وخۆش ژیانم کاتێك بەئاگا هاتمەوە، کەسەرم بە ئیفلاسی یەوە نابوو. ئەو چیرۆکەم بیر کەوتەوە کە جاروبارێك باوکم بۆی دەگێڕامەوە. ئەیوت:

حەزرەتی سولیمان کوڕی داود (سڵاوی خوای لێبێت) وتوویەتی:

٣ شت لە ٣ شت تر باشترن:

١- رۆژی مردن، باشترە لە رۆژی لەدایك بوون. ٢ - سەگێکی زیندوو لە (٧)ی تۆپیو باشترە. ٣ - گۆڕ باشترە لە هەژاری. ئەمجا چیم هەبوو، کۆم کردەوە. لەسامان وجل و بەرگ و نەختینەی گران بەها. خانووبەرەکەم و ئەو شتانەی هەم بوو فرۆشتم. (٣٠٠٠) دەرهەمم پارە کۆکردەوە. ئەمجا ئەم شیعرەم بیرکەوتەوە و شارم بەجێهێشت:

بەماندوو بووونت پێیدار دەبیت
پلە وپێیەت ویست شەوبێدار دەبیت
لە بنی دەریا مرواری هەیە
کە پێیەدار بوویت بەئازار دەبیت
بەبێ ماندوو بوون ناگەیتە بەرزی
تەمەنت دڕواو خەفەت بار دەبیت

ئەمجا چووم پێداویستی سەفەرم کڕی و سواری کەشتی بووم و کەوتمە ڕێو چەندین شەو و ڕۆژ گەیشتینە (بەسەرە) لەگەڵ چەند بازرگانێکدا بووم، ڕۆیشتین تاگەیشتینە چەند دوورگەیەك. لە یەکێکیان لاماندا. کە وەکو بەهەشت رازاوە بوو. ئیدی کەشتیەکە لەنگەری خست. سەرنشینەکانی دابەزین، ئەمجا کوانوویان دروست کرد و داری وشکیان تیا سوتاند. هەندێکیان کەوتنە، چێشت لێنان و هەندێکی دی قاپ وقاچاخیان شت. هێ وایان بوو، وەکو من سەیریان دەکرد. ئیدی دەستمان کرد بەنان خواردن و یاری وپێکەنین. شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بیدەنگ بوو.

## شەوی ٥٤٠

شەهرەزاد وتی:

دوای کەمێك و لەگەرمەی نان خواردندا، خاوەن کەشتیەکە قیژاندی. خەڵکینە فریای خۆتان بکەون رابکەنەوە ناو کەشتیەکە. ئەمەی ئێمە لە سەرین نەهەنگێکی گەورەیە و زەوی نییە. ڕۆیشتنی ساڵان و کۆن بوون، ئەوهەموو خۆڵ و و لەی لە سەر پشت کۆبوتەوەو دارو درەخت و گژوگیای لە سەر رواوە. ئەوەتا کەئاگرتان لە سەر پشتی کردۆتەوە، هەستی بە گەرمیەکەی کردوو، جوڵا ئیدی ئیوەش دەکەونە دەریاوەو دەخنکێن. ئیتر قاپ وقاچاخ و کوانوو ئاگریان جێ هێشت و خۆیان فڕێدایە کەشتیەکەوە. هەندێکیان فریانەکەوتن نەهەنگەکە چووەوە بنی دەریاوە شەپۆلەکان هەندێکیانی قوت دا. بەڵام خوای مەزن رزگاری کردم. ئەویش بەهۆی تەشتێکی گەورەوە بوو، کە خۆم پێوە گرت و نەخنکام. منیش کەوتمە لنگە فرتێ. تەشتەکەم دەجوڵاند. کەشتیەوانیش لەنگەری هەڵگرتەوە و کەوتە ڕۆیشتن، بێ ئەوەی گوێ بداتە خنکاوەکان و ئەوانەی هاواری رزگارکردنیان بوو. منیش هەرسەیری ئەوکەشتیەم کرد. تالە چاوان ون بوو. ئیدی بەوحاڵەوە شەوم بەسەرداهات. شەو و ڕۆژێکم پێچوو، ئیدی بایەکە یارمەتی دام و گەیشتمە کەناری دوورگەیەك. کە پڕبوو لە درەختی بڵند وباڵا و سەوزایی. کە بەسەردەریاکەدا شۆڕبوونەوە. منیش خۆم بەلقی دارێکدا هەڵواسی و پێیدا چوومە سەر زەوی دوورگەکە. کەسەیری بنی پێیەکانم کرد. بینیم ماسی لێی کرانـدبووەوە. کە لە ترسی دەریاکە ئاگام لە بنی پێم نەمابوو. هەرگەیشتمە سەر زەوی خۆم دا بە زەویدا و بێ ئاگا بووم، تاکو ڕۆژی دووەم بە ئاگا نەهاتمەوە. کە سەرنج دەدەم هەتاو لێی داوم و لەگەرما بەخەبەر هاتووم. سەیری پێیەکانم کرد:

ئاوی بوون. ئیدی هەندێ جار لە سەر ئەژنۆ دەڕۆیشتم. جارەجارەیش بە سکەخشێ. لە دوورگەکەدا کانیاوی ئاوی پاکی تیا بوو. بەروبوومێکی زۆری لەبەری رەز و باخەکان تیا بوو. کەخۆم پێ تێر دەکرد.

ئیدی بە خۆمدا هاتمەوە و هێز وتوانام بۆ گەڕایەوە. بۆیە کەوتمە گەڕان بەو دوورگەیەدا و سەیری کارەجوانەکانی پەروەردگارم دەکرد، گالۆکێکم لە لقی دار بۆ خۆم دروست کردو پێی دەگەڕام. رۆژێکیان بەکەناری دەریادا دەڕۆیشتم لە دوورەوە تارماییەکم بینی. بەرەو رووی رۆیشتم کەلێی نزیك بوومەوە، ماینێکی مەزنی بەستراوە بوو. کەلێی چوومە پێشەوە حیلەیەکی کرد و ترساندمی، کەئاوڕم دایەوە، پیاوێك لە ژێر زەویەوە هاتە دەر! بەرەو رووم هات و پرسی:

(تۆ کێیت؟ لە کوێوە هاتوویی؟ بۆچی گەیشتوویتە ئێرە!؟ ). منیش لە وەڵامیدا وتم:

( کەسێکی نامۆم! کەشتیەکەمان شەپۆلی دەریا تێکی شکاند و خوا تەشتێکی پێ بەخشیم خۆم پێیدا هەڵواسی و بەلنگە فرتێ گەیشتمە ئەم دوورگەیە. پیاوەکە، کە ئەمەی بیست دەستی گرتم و لەگەڵ خۆی منی بردە ژێر زەویەکەوە. تاگەیشتینە هۆڵێکی گەورە، خواردنی بۆ هێنام، تێرم خوارد. ئەمجا وتی:

ئێستا بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. منیش چیم بەسەرهاتبوو، هەموویم بۆ گێڕایەوە، زۆر سەری سوڕما!! . منیش وتم:

( تو وخوا ئەوا بەسەرهاتی خۆمم بۆ گێڕایتەوە دە تۆیش پێم بڵێ بۆچی لەم ژێر زەمینە دا دەژی؟ ئەومایننەشت بۆ لە کەنار دەریاکە بەستوتەوە؟ ). ئەویش وتی:

( ئێمە چەند کەسێکین، یاوەری شا(میهرەجان)ین چاودێری ئەسپەکانی دەکەین. هەموو سەری مانگێك دێینە ئێرە. چەند (مایین)ێك لە کەناری دەریا دەبەستینەوە. بۆ ئەوەی ئەسپە ئاویەکانی نێو دەریا بە بۆن پێی بزانن و بێنەدەر. دواتر لە گەڵ مایینە بەستراوەکاندا جوت ببن. بەم کارە، مایینەکانی شا(میهرەجان) ئاوس دەبن، دواتر چەند نۆ مایەکمان دەست دەکەوێت. بەخێویان دەکەین، ئەونۆمایانە کەگەورە دەبن لە دنیادا لەوێنەیان نیە!! زۆریش گرانبەهان!! ئەم کاتانەش، کاتی هاتنە دەرەوەی ئەسپە ئاوییەکانەو جوت بوونیان. جا براگیان خوایار بێت، کەجوت بوونەکە دروست بوو، لە گەڵ خۆم دەتبەمەوە مەملەکەتی خۆم باوڵاتی ئێمەش ببینی! ئەوەش بزانە!، لە ئێمە زیاتر کەس لەم دوورگەیەدا نییە!! گەر لێرە بمێنیتەوە لە تەنیاییدا دەمریت! کەس پێت نازانێت. بەڵکو ئەمەخوایە دواتر رەوانەی نیشتمانی خۆتت بکەمەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو

# شەوی٥٤١

شەهرەزاد وتی:

ئێمە لەم گفتوگۆیەدا بووین، کەماینەکە حیلانی! گوێمان لە دەنگێکی بڵند بوو. ویستی ماینەکە لەگەڵ خۆی ببات. بەڵام ماینەکە بەسترابووەوە، ماینەکە کەوتە جوتە وەشاندن. ئەمجا بەشمشێر و قەڵغانەوە چوووەدەرەوەو کەوتە پێکداکێشانی شمشێر و قەڵغانەکەی. ئەسپە ئاوی یەکە سەری لێ تێکچوو، بۆیە بە پەلە خۆی کردەوە بە دەریاکەدا، ئەمجا چەند کەسێکی دی. بەماینەکانیانەوە هاتن. ماینەکانیان بەستەوەو هاتنە ژێر زەمینەکەوە لەمنیان پرسی! منیش جارێکی دی بەسەرهاتی خۆم گێڕایەوە بۆیان دوایی خواردنیان دانا منیش لەگەڵم خواردن. ئەمجا کەگەڕانەوە بۆ وڵاتی خۆیان، منیان لە گەڵ خۆیان برد، دواتر بردمیانە بەردەم شا (میهرەجان) سڵاوم کرد و وەڵامی دامەوە. لێی پرسیم منیش بەسەرهاتی خۆم بۆ ئەویش گێڕایەوە. پاشایش زۆر ڕێزی لێنام و وتی:

( کوڕم ئەوە رۆژت تەواو نەبووە! ئەگەرنا بەرگەی ئەو نەگبەتیانەت نەدەگرت! ) ئەمجا لەخۆی نزیک کردمەوە، جل و بەرگی نوێی پێدام، کردمیە بەرپرسی کەشتیەکانی مەملەکەت. وام لێ هات بوومە نزیکانی شا میهرەجان ئیدی کە دەچوومە کەنار دەریا بۆ کارەکەم، لە شاری بەغدام دەپرسی، تاکو بوم ڕێك بکەوێت و بگەڕێمەوە نیشتمانی خۆم. بەڵام کەس نەبوو. هیچ بزانێت. لە بارەی بەغداوە!! ماوەیەکی باش بەم شێوەیە مامەوە. تاکو رۆژێکیان چوومە لای شا (میرەجان)، روانیم کۆمەڵێك کەشتیوانی هیندی لەلای بوون. سڵاوم لێکرن. ئەوانیش لەمنیان پرسی کە خەڵکی کوێم!؟ منیش لەوڵاتی ئەوانم پرسی وتیان هەر کۆمەڵەو لەوڵاتێکەوە هاتووین. هەندێکیان (شاکر)ین کەئەم شاکریانە. زۆر بە رەوشتن و پەلاماری کەس نادەن و شەڕانی نین. کۆمەڵێکیتریان (بەراهیمە)ن. ئەمانە هەرگیز مەی ناخۆنەوە. پاك وبێگەردن. حەزیان لە ئاواز وگۆرانی و مەڕو ماڵاتە. بەڵام هەندێکیان(٧٢) جۆرن! منیش زۆرم بەلاوە سەیر بوون!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٤٢

شەهرەزاد وتی:

کابرا وتی:

لە مەملەکەتی شا(میهرەجان)دا، دوورگەیەکم بینی ناوی(کابل)بوو. کە بەدرێژایی شەو، مرۆڤ تێیدا گوێی لە دەنگی دەف دەبوو. خاوەنانی ئەو دوورگەیەو سەفەرکەران دەیان وت:

گوایە ئەوەدەنگی وەلییانە زیکر دەکەن. لە دەریایدا، ماسیم دی بوو، درێژی نزیکەی(٢٠٠)باڵ دەبوو. ماسیم تیا دیبوو، کەرووی وەکو رووی کونەبەبوو، بوو. لەوسەفەرەمدا شتی سەرسوڕهێنی زۆرم دی!! گەرباسیان بکەم، درێژە دەکێشێت. رۆژێکیان کەبە کەناری دەریادا دەرۆیشتم و وەکو جاران گۆچانێکم بەدەستەوە بوو، کەشتیەکم بینین کە کۆمەڵی بازرگانی تێدا بوو، کە گەیشتنی کەشتیەکە لەنگەری خست، منیش کەوتمە نووسینی ئەو شتومەکانەی کە لێی دادەگیران. دواتر لە خاوەن کەشتیم پرسی:

( هیچی تر ماوە لە کەشتیەکەدا؟ ). ئەویش وتی:

( بەڵێ، لە ژووری کەشتیەکەشدا، شتی تر ماوە، بەڵام ئەو شتانە، خاوەنەکەیان لە گەڵ نیە. چونکە لە رێگە خاوەنەکەی خەنکا!! ئیستاشتەکانی بوتە سپاردە لای ئێمە. جا دەمانەوێت، بۆی بفرۆشین و پارەکەی لە بەغدا بدەینەوە بەکەس و کاری خنکاوەکە. منیش پرسیم( خاوەنە خنکاوەکەی ناوی چی بوو؟ ). خاوەن کەشتی وتی:

ناوی سندوبادی دەریا بوو، لە دەریادا خنکا شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٤٣

شەهرەزاد وتی:

کە ئەم قسەیەم بیست، بەوردی سەرنجم دا. قیژاندم و وتم:

( ئەی سەرۆك من خاوەنی ئەو شتومەکانم. کە باست کرد. من سندوبادی دەریام، کەوا کەشتیەکەمان لە دوورگەیەك لای دا دوایی هاوارت کردە ئێمە کە ئەمە دوورگە نیە فریای خۆتان بکەون! ! من لە کۆمەڵەی بەجیماوەکانی نێو دەریا بووم. بەڵام ئەوە بوو خواپاراستمی و بەهۆی تەشتێکەوە، کە بەردەستم کەوت لە دەریاکەدا بەلنگە فرتێ، کەوتمە مەلە کردن تاکو گەیشتمە، ئەم دوورگەیە. دواتر خوا بۆ رەخساندم کە بەشا (میرەجان) بگەم. ئیدی لە گەڵ خۆیان منیان هێنایە ئەم شارە. ئیدی هێندە پەسەندیەی شابووم

لێرەدا کاری پێم دا ئێستاش ئەم شتومەکانەی لای ئێوە سامانی منە!! سەرۆکی کەشتیەوانان وتی:

( لاحول ولاقوە الاباللە العلی العظیم)

ئەمجا وتی:

شتومەکی تۆ لای ئێمە نیە! ئاخر ئێمە سندوبادمان بینی لە دەریاکەدا. لەگەڵ کۆمەڵێك کەس خەنکان وتیاچوون!! . تۆیش گوێت لەقسەکەی من بوو، کە وتم خاوەنەکەی خنکاوە ئاوا خۆت کردە خاوەنی! براکەم ئەم سامانە بەتۆ رەوا نییە. چونکە کۆمەڵێك بوون، خۆمان بینیمانن. چۆن خنکان. کەچی تۆیش دەڵێی، ئەم سامانە هی منە!! چۆن دەبێت؟ منیش وتم:

سەرۆك گوێم لێ بگرە، بەسەرهاتەکەت بۆ دەگێرمەوە. ئەوکاتە بۆت دەردەکەوێت. کە درۆناکەم. ئیدی منیش، لە بەغداوە چۆن دەرچووین تاکوگەیشتینە دوورگەکەی کەتیاییدا هەندێکمان خنکان، هەندێ شتیشم بۆ گێرایەوە، کە لەنێوان خۆم و خۆیدا، روویدا بوو. ئیدی باش بوو، بروایان پێ کردم و بارەکانیان دایەوە پێم. پیرۆزبایی رزگار بوونیان لێم کرد. هەموویان وتیان:

هەرگیز بروامان نەدەکرد کە رزگاربیت و نەخنکێیت. بەڵام باش بوو، خواتەمەنێکی نوێی بۆ نووسی بوو. ئەمجا بەناو شتومەکەکانم دا گەرام و نەختینەیەکی گرانبەهام هەڵبژارد و بە دیاری دام بە پاشا. ئەویش زۆر خۆشحاڵ بوو. نەختینەکەم بەلایەوە زۆر گرینگ بوو. راستی قسەکانی منی بۆ دەرکەوت. ئەویش خەڵاتی منی کرد. ئەمجا شتومەکەکانم هەموو فرۆشتن و کەوتمە بازارِ شتومەکەکانی ئەم شارەم کڕی. لەو جۆرانەی لەشاری بەغدا رەواجیان هەبوو. بارەکانی خۆمم ئامادە کرد وچوومەوە لای پاشا و زۆر سوپاسم کرد و خوا حافیزیم لێ کرد و پێم راگەیاند، کە دەگەرێمەوە بۆ وڵاتی خۆم شاری بەغدا. ئەویش فەرمانی دا هەندێ خەڵاتیان پێ دام و رۆیشتم. شتومەکەکانم بارکردە کەشتیەوەو لەگەڵ بازرگانانـدا بەرەو بەغدا بوومەوە. چەند شەو و رۆژ لە دەریادا سەفەرمان کرد. دواتر گەیشتینە شاری بەسرە. لەوێ زۆرمانپێنەچوو. دواتر بەرەو شاری بەغدا بووینەوە. بارەکانی خۆم داگرت و خۆم بەرەو ماڵ و گەرەك بوومەوە. دراوسێکان بەخێریان هێنامەوە. هاواری وخزمان، هاتن بۆ بەخێر هێنانەوەم. ئەمجا کەوتمە فرۆشتنەوەی بارەکانم. قازانجێکی زۆرم کرد و سەرمایەیەکی گەورەم پێکەوە نا. ئەمجا دوکانێکم بەو پارەیە دانایەوە. خانووبەرەیەکی زۆرم پێ کری. کەوتمەوە بەسەر بردنی رۆژانێکی خۆش و خواردن و خواردنەوەی خۆش و جل وبەرگی زۆر نایاب لەبەرکردن. ژیانم بەتەواوی گۆرا و رۆژانی سەختم بیر چووەوە. ئەوە بوو کەنیزەك و خزمەتکارانێکی

زۆرم کڕین. ئیدی کەوتمەوە ژیانێکی بەختەوەرانە. جا خوا یار بێت سەفەری دووەمتان، لە (٧) سەفەرەکەم بۆ دەگێڕمەوە. ئەمجا سندبادی دەریا، ئێوارە خوانێکی بۆ سندبادی وشکایی سازدا. فرمانیش دا، (١٠٠) میسقاڵ زێڕی خەڵات بکەن. پێی وت:

ڕۆژێکی خۆشمان پێکەوە بەسەر برد. کابرای حەماڵ، خەڵاتەکەی وەرگرت و ڕۆی بە ڕێی خۆیەوە، هەر بیری بەلای ئەو ڕووداوە سەیر و سەمەرەیەوە بوو ! ئەو شەوەی لە ماڵی خۆی بردە سەر. بۆ سبەینێ بەیانی، هاتەوە بۆ ماڵی سندوبادی دەریا. چووە ژوورەوە، ئەویش بەخێری هێناو لای خۆیەوە داینا، کەهاوڕیکانی هەموویان هاتن و ئامادە بوون، خواردن و خواردنەوە ئامادەکرا. کەتێر خوراو خورایەوە، سەندوباد دەستی پێکردەو وتی:

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٥٤٤

شەهرەزاد وتی:

ئەوە بزانن، ژیانێکی خۆش وبەختیارم بەسەردەبرد. لەهیچم کەم نەبوو. جارێکیان هات بەبیرمدا کەپێویستە سەفەرێك بکەم، چەند شوێن و هاواری وناسیاوان ببینم. بۆیە هەندێك شت وەکی بازرگانیم ئاماد کردو دەست لەدەست وپەنا بەخوا، چوومە کەنار دەریا، بۆ سەفەر کردن. لەوێ کەشتی گەلێکی فرەم بینی هەندێکیان، هاتبوون و باریان دادەگرت هەندێکیان بار دەکران و چاوەڕوانی سەفەر کردن بوون. منیش کەسەرنجم دا کەشتیەکی نوێی تیا بوو. لەسەر سەفەر بوو. خەڵکێکی زۆری لەسەر بوولە بازرگان و گەڕۆکان. بڕیارم دا، بەو کەشتیە سەفەر بکەم. کەشتی کەوتە ڕێ بەدەریادا. ئێمەش کەوتینە یەکتر ناسین و هاواری گرتن. چەندین دوورگە چووین و ئەم شار و ئەو شار گەڕاین. دواتر لە دوورگەیەك لامان دا بەناو ئەو ڕەز و باخ و چۆم و ڕووبار و کانیاوانەدا گەڕاین. مێرگوزار وباخ. سەوزی و گوڵزار و بڵندی شاخ. جریوەی مەلان . بۆنی گوڵان ناسکی خونچە وسونبولان هەوای فێنك، گەشەی دەدا بەگیان. هەر کۆمەڵەو بەلایەکدا کەوتنە گەڕان. منیش کەوتمە پیاسە. پێشیان وتبووین، ئەم دوورگەیە، مرۆڤی تیا نییە و چۆڵە. بەڵام شادی و بەختەوەری بۆنی گوڵ و مێخەك و لەیلاخ دای لەدەماخ. بۆیە چوومە سەر کانیەك لەبن دارێکی سەوزی جوانندا بوو. دوای ئاو خواردنەوە، کە مێ ڕاکشام بۆحەوانەوە. تۆمەز خەو بردبوومیەوە و لێی نووستبووم. ئیدی کەبەناگا هاتمەوە سەیری

ئەملاوئەولام کرد، کەسی تیا نەمابوو چوومە کەنار و شوێنی کەشتیەکە، سەرنجمدا چۆڵ!!
تومەز منیان بیر چووبوو. ئیدی خەم دایگرتم. کەوتمە سەرزەنشتی خۆم و بۆڵە بۆڵ. کە
خۆم بەخۆمم کرد.! لەهیچم کەم نەبوو! ئەمجا بەخۆم وت ئاخر بۆ هیچم سود وەرنەگرت
لە سەفەری یەکەمم!؟ کەخەریك بوو تیابچم! !

ئەمجا وتم:

( اناالله وانا الیه راجعون).

شەهرەزاد هەستی کرد  شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٤٥

شەهرەزاد وتی:

کابرا وتی:

کەوتمە گەڕان بەنێو دوورگە کەدا. جێم بەخۆم نەدەگرت!! دواترچوومە سەر درەختێکی بڵند و لەوێوە بەچواردەورمدا روانیم لەدەریاو چەند دوورگەیەکی دی و ئاسمانی شین زیاتر هیچی ترم نەبینی. بەڵام تارماییەکی سپیم بینی، ئیدی لەدرەختەکە هاتمە خوارەوە و بەرەو لای ئەو تارماییە چووم. رۆیشتم ورۆیشتم کەگەیشتم سەیرم کرد گومەزێکی بازنەیی مەزنە و چووە بەئاسماندا. بەچوار لایدا سووڕامەوە شوێنێکم نەبینی کەلێوەی بچمە ژوورەوە. کەس نەیدەتوانی پێیدا سەربکەوێت. هێندە لووسو نەرم بوو، شوێنی وەستانی خۆم دیاری کرد و کەوتمە پێوانەی. چێوەی بنکەکەی و(٥٠) هەنگاو بوو. کەوتمە بیر کردنەوەی فێڵێك بۆ چوونە ناوی. کات زەردەپەڕی ئێوارە بوو، ماندوویش بووم. هێندەی پێ نەچوو دنیا تاریك بوو، وام زانی رۆژئاوا بووەو شەوە ئێستا! سەرم بڵند کردەوە روانیم باڵندەیەك بەئاسمانەوەیە زۆر زۆر گەورەیە!! باڵەکانی پان وپۆڕ بەری رۆژی لە دوورگەکە گرت. منیش زۆرم پێ سەیر بوو! ! بیرم کەوتەوە کە کاروانچیان و گەڕۆکان، باسی باڵندەیەکی زەبلاحیان بۆ گێڕابوومەوە. ناوی (رەخ) بوو. خواردنیان گۆشتی فیلە. ئەمجا زانیم کەئەو گومەزەی من چێوەکەیم پێوا و(٥٠) هەنگاو بوو، دەرگایشی تیا نەبوو، لێوەی بچمە ژوورەو. هێلکەی ئەو باڵندە رەخەیە!! . ئیدی زۆر لە کاری خوا عەجێبەب مام! ئالەم کاتەدا بوو، باڵندە زەبەلاحەکەی خاوەنی هێلکە مەزنەکە پەیدا بوو. ئەمجا لە سەری نیشت و ئەو هێلکە مەزنەی خستە ژێر باڵەکانیەوە و لەسەر هەڵنیشت! پەنا بەوخوایەی، کە نووستنی نیە! منیش عەگالەکەم لەسەرم کردەوەو هەڵم وەشاندەوە تاکو درێژیەکەیم

کرد. دووهێندەی ئەمجا لە ناوقەدی خۆمم گرێ دا و جەمسەرکانیم بەست بە پەنجەی پێی باڵندەکەوە. شەوگار کردی و من کردم ولەترس ئەوەی نەبادا، کەباڵندەکە فڕیە ئاسمان، من بێئاگابم و بکەومە خوارەوە. نەم وێرا بنووم!! بەیانی قیژەیەکی کرد و دای لە شەقەی باڵەکانی و فڕیە ئاسمان، هێندە بڵندبووە، وام زانی کەشکەلانی فەلەکە. ئەمجا شۆڕ بووەوە تاگەیشتە سەر شوێنێکی بڵند. ئیدی بە پەلە عەگالەکەم لە پەنجەی کردەوەو! کەوتمە ڕۆیشتن، لەو شوێنە. هەلگەڕامەوە سەیری باڵندە زەبەلاحەکە بکەم، کە دەڕوانم لوولەکێکی ئەستووری درێژ بە چنگەکانیەوەیە. کە وردتر سەرنجم دا، مارێك بوو، تا بەرزبووەو سەیرم کرد. بەشوێنێکی بەرزەو بووم، لە دامێنی شاخەدا، دۆڵێك بوو کە بڕواناکەم، کەسێك توانیبێتی بەو کێوەدا سەرکەوتبووبێتە لوتکە بۆیە لە دڵی خۆمدا وتم:

سەد خۆزگە هەر لە دوورگەکەدا بوومایە. بەس نەبوو . ئەو هەموو مێوەی لێ بوو. دەمخوارد و لە ڕووبارو کانیاوەکانیم دەخواردەوە. لاحول ولاقوە الابالله العلی العظیم. لە بەلایەك ڕزگار دەبم. بەلایەکی لەوخراپتر تووشم دێت!! ). ئەمجاورەم دایەبەرخۆم و بەرەو دۆڵەکە بوومەوە. کەوتمە ڕۆیشتن. سەرنجی بەردەکانی ئەو دۆڵەم دەدا هەموویان ئەڵماس بوون!! لەو ئەڵماسەی ئاسنیان پێ کون دەکردو شووشەیان پێ دەبڕی، خۆیشی هیچی لێ دروست نەدەکرا. هەرگیز نەدەشکێنرا و لەت نەدەکرا هێندە ڕەق بوو تەنیا بەبەردی قورقوشم نەبێت. ئەودۆڵە جمەیشی دەهات، لەماردا. هەرچۆنێك دەمڕوانی ماری گەورە بوو. کەدرێژی هەریەکەیان بە هێندەی دارخورمایەك بوو. ڕەنگە فیلیشیان بەردەم بکەوتایە قوتیان بدایە!! . ئیدی زۆر پەشیمان بووم و بەخۆم وت:

( بەوخوایە بەدەستی خۆم بەرەو مەرگ و تیا چوون چووم! ). ئەو مارانە تەنیا بەشەو دەهاتنە دەرەوەو بەرۆژ خۆیان دەشاردەوە لەترس ئەوەی ئەو باڵندە زەبلاحەی ناوی(ڕەخ)ە، یان هەڵۆ نەیان خوات. زۆر ڕۆیشتم و تاریکم بەسەرداهات. گەڕام بۆ شوێنێك تێیدا بنووم، زۆریش لەونەژدیهایانە دەترسام. ئیدی خواردن وخواردنەوەم لەبیر چووبووەوە. ئەشکەوتێکم دۆزیەوە. خۆم پێیدا کرد. سەیرم کرد لە دەم ئەشکەوتەکەدا، گابەردێکم بینی، کەچوومە ژوورەوە بەردەکەم جوڵاندو دەمی ئەشکەوتەکەم گرت. لەدڵی خۆم دا وتم:

ئەمشەویش جێی خۆم کردەوە، کە ڕۆژ بووەوە تێردەگەڕێم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٤٦

شەهرەزاد وتی:

کە دەڕوانم، لەدەمی ئەشکەوتەکەدا مارێك لە سەر هێلکەکانی پەپکەی خواردووە. ئیدی ئەو شەوە لە ترسدا خەو نەچووە چاوم. کەرۆژ بووەوە بەترسەوە گابەردەکەم جولاند، تاکو شوێنی چوونە دەرەوەم تێدا دروست کرد و چوومە دەرەوە. هەر وەکو سەرخۆش گێژو وێژ بووم. کەوتمە رۆیشتن بەدۆڵەکەدا. هێندەم زانی لاکێکی گۆشت کەوتە خوارەوە لە کێوەکەوە. منیش ئەوەم بیر کەوتەوە، کە بازرگانان و گەڕۆکەکان دەیان گێڕایەوە، کە ئەوانەی بەردی ئەڵماسیان دەهێنا، دەبوو، چەند سەر مەڕبکرن. پێستەکانیان بگرن. ئەمجا لەسەر کێوەکەوە بەریان دەدایەوە لاکەکەش بەر ئەو بەردە ئەڵماسانە دەکەوت و پێوەی دەنووسا و لە گەڵ خۆیدا ڕایدەدایەوە خوارەوە. دوڵەکەش هێندە قوڵ و لێژ بوو کەس نەی دەتوانی داببەزێتە خوارەوە. ئەمجا بازرگانەکان، چاوەڕوانی یان دەکرد، تا دەمەونیوەڕۆ. کەهەڵۆ و واشە و رەختەکان برسیان دەبوو، شۆڕ دەبوونەوە، ئەولاکانەیان بە بەردە ئەڵماسەکانەوە، چنگ پیادا دەکرد و دیان هێنایە سەر شاخەکەو دەیان خواردن. ئەمجا بازرگانان دەگەڕان بۆ شوێنی لاکە خوراوەکان و بەردە ئەڵماسەکانیان کۆ دەکردەوەو دەیان هێنایەوە و بۆ شار و دەیان فرۆشتن. ئەمەش تەنیا ڕێگا بو بۆ بەدەست خستنی ئەڵماس. جا بۆیە کە لاکە گۆشتەکە کەوتە بەردەمم یەکسەر بۆی چووم و وردە بەردە ئەڵماسەکانم لێ کۆکردەوە و خستمە ناو تووڕەکەکەمەوە. ئیدی جلەکانم خوێناوی ببو، بۆیە کەوتمە پاك کردنەوەی، هێندەم زانی بازرگانی خاوەن لاك پەیدا بوو، کەوتە ئەم دیو ئەو دیوی لاکەکە. هیچی لە بەردەئەڵماس پێوە نەبوو. بۆیە دەستەکانی بەیەکدا داو هاواری کرد:

( لاحول ولاقوه الابالله العلی العلظیم). ئەرێ خۆ هیچی ئەڵماس پێوە نییە!! منیش چوومە پێشەوە لێی. کە منی بینی سەری سوڕما!! پرسی:

تۆ کێیت و لێرە چی دەکەیت!؟ منیش وتم:

من مرۆڤم بێخەم بە بازرگان بووم و لێم قەوماوە. بەسەرهاتێکی سەیرم هەیە ! ! گەیشتنم بۆ ئەم کێو و دۆڵە لە خۆیدا چیرۆکێکە. منیش ئەڵماسێکی زۆرم پێیە. هەندێکت لێ پێ دەدەم. ئەمجا بازرگانەکە زۆر سوپاسی کردم و لەگەڵیدا گەڕامەوە، کە هاواری بازرگانەکانی منیان بینی بەخێریان هێنام. منیان لەگەڵ خۆیان برد. لە ڕێگا چیرۆکی خۆمم بۆ گێڕانەوە. لە بەشە ئەڵماسەکەی خۆم هێندێکم دایە بازرگانەکە، بازرگانەکانیش وتیان:

( بەوخوایە . تەمەنت لە نوێ نووسراوەتەوە. ئەگەر نا کەس نەگەیشتووە تە ئێرە و بەزیندوویی مابێتەوە! ! ). ئەمجا بۆ شەودا، بێخەم بە دڵێکی خۆشەوە لێی نووستم. بۆ بەیانی بە ناو ئەژدیهاکاندا، دۆڵەکەمان بڕی. بەرێکەوتین. تاکو گەیشتینە دوورگەیەك کەدرەختی (کافوور)ی تێدا بوو. کەلە سێبەری هەرداریکیدا . (١٠٠) کەس جێی دەبووەوە. ئەگەر کەسێك بیەوێت کافوری لێ بگرێت دەبێت. قەدی دارەکە کون بکات. دواتر ئاوی لێ دێتە دەرەوە و پێوەی وشك دەبێتەوە ئەمجا لێی دەکاتەوە و دەیبات. لەو دوورگەیەدا، ئاژەڵێك دەژی، پێی دەوترێت ( کەرکەدەن). کەهەر وەکو مانگا و گامێشەکانی لای خۆمان دەبرێن بۆ لەوەڕاندن. لە دۆڵی ئەڵماسیشدا کۆمەڵێکی باشم هێنابوو. هەندێکم پێ فرۆشتنەوە. دینار ودەرهەمێکی باشم پێ بوو. لە تەکیاندا چەندین شارو وڵاتم بینی. ئەم دۆڵ وئەوشاخم کرد و لە رەگەزانێکی زۆری مرۆڤم بینی. کەلەشارەکاندا، کڕین و فرۆشتنمان کرد تاکو گەیشتنە شاری (بەسرە) چەند رۆژێکی کەم تێیداماینەوە. ئەمجا گەیشتینەوە شاری بەغدا چوومەوە کۆڵانەکەی ماڵی خۆمان. خۆم کرد بەماڵداو کۆمەڵە بارێکم لە گەڵدا پێ بوو. کەلە بەغدا دا وێنەی نەبوو. سەرەڕای کۆمەڵێك بەردی ئەڵماسم پێ بوو. ئیدی کەوتمەوە خۆشی و ماندوییم دەرچوو. خواردن وخواردنەوەم باش بوو. ترس و نامۆیەکەم بیر چووەوە. ئیدی هاوارێکانم سەریان لێ دەدام و هەواڵی ئەو شارو وڵاتانەم لێ دەپرسرا منیش چیرۆکی خۆم بۆ دەگێڕانەوە. زۆریان پێ سەیر بوو. ئەوانیش پێخۆشحاڵیان دەردەبڕی بۆ رزگار بوونم و هاتنەوەم بەسەلامەتی. ئەمەبوو سەفەری دووەمم.

ئەمجا پێی وتن:

خوایاربێت، سەفەری سێ یەمیشتان بۆ دەگێڕمەوە. دوای ئەوەی سەندوبادی دەریا چیرۆکی سەفەری دووەم بۆ سەندوباد وشکایی گێڕایەوە، زۆریان پێ سەیر بوو.! ! ئەمجا نزیکەی (١٠٠)مسقاڵ زێڕیشی دایە سەندوبادی وشکایی و ئێوارە لای خۆی مانەوە. بۆ سبەینێ لە گەڵ گزنگی خۆرا رۆیشتن و لەدەرگای ماڵی سەندوبادی دەریای دا، ئەویش بەخێرای هێنایە لای خۆی داینا. چاوەڕێیان کرد تاهەمووان کۆبوونەوە. تێریان خواردو خواردەوە. ئەمجا سەند وبادی دەریا دەستی بەقسە کردن کردو وتی:

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٤٧

# چیرۆکی سێ یەم سەفەر

شەهرەزاد وتی:

سەندوباد دەستی بەقسەکردن کرد و وتی:

ئەم سەفەرەم لە سەفەری پێشوتر، سەیرتر بوو.! ! دوێنێ بۆم گێڕانەوە کەچەندە ماندوو بووم لە سەفەرەکەمدا. بەڵام دواتر بەخێر وخۆشیدا کەوتم و حەوامەوە. ماوەیەکی زۆر لە بەغدا دا ماوەوە، دواتر تاسەی سەفەرکردن و کەڵکەڵەی ڕۆیشتن دای لە کەللەم. بۆیە بارێکی فرەی شتومەکی بازرگانیم ئامادە کرد و خۆم پێچایەوەو بەرەو شاری(بەسرە) کەوتمە رێ. بارەکانم گەیاندە کەناردەریا. لەوێ چاوم گێڕا، کەشتیەکم بینی خەڵکانێکی بەڕەوشت و بازرگانانێکی نوێژکەر و لە خوا ترسی تیا بوو. بارەکانم باری کەشتیەکە کرد و پشت بەخوا بەڕێ کەوتین. دڵمان خۆش بوو، ئەمە دوورگە و ئەو دوورگەی زۆرمان کرد، لەم شار بۆ ئەوشارو کڕین وفرۆشتنمان کرد. ماوەیەك بێخەم کارمان بەڕێ چوو. ڕۆژێکیان سەرۆکی کەشتیەوانان، هاواری لێ هەستاو دەم چاوی خۆی ڕنیەوە. گوریسەکەی دەستی فرێدا. ئێمەش زۆرترساین و بانگمان لێ کرد، ئەوە بۆ دەقیژێنیت!؟ . هاواری کرد:

چۆن ناقیژێنم!؟ رەشەبا کەشتیەکەمانی گەیاندە چیای(زوغب). ئەوچیایەی کە هۆزێکی تێدا دەژی، دەچینەوەسەر مەیمون!! هەر کەشتیەك هاتبێتە ئێرە گەڕانەوەی نەبووەو سەر نشینەکانی تیا چوون!! دڵم هەواڵی پێداوم، کە تیا دەچین. هێشتا قسەکەی تەواو نەکردبوو، کە مەیموونەکان چواردەوری کەشتیەکانمانیان دا. هێندە زۆربوون لە ژمارە نەدەهاتن. بۆیە نەمان وێرا لە گەڵیان بەشەڕبێین. نەبادا، بارەکانیشمان تیا بچێت، ئەمجا کەوتینە فرتاندنی گوریسەکانی کەشتیەکە و دایان بەدەم باوە، تاکو گەیشتینە کەناری دوورگەکەیان. ئێمەیان لە دوورگەکە دابەزاندو خۆیان کەشتیەکەیان برد. بەهەمووبارەکانی ناویەوە، ئەوشەوە لە دوورگەکەداماینەوە بۆ سبینێ دا کەوتینە ئەوناوە لە بەری درەختەمیوەکانمان دەخوارد و لە کانی و جۆگە ئاومان دەخواردەوە. لە دوورەوە خانووێکمان بینی. بەرەو رووی چووین. کەگیشتین، روانیمان چوار دەوری دیواری تۆکمەی بڵند بوو. دەروازەیەکی توتاکی تیا بوو، کە لە داری ئەبەنوس دروست کرابوو. کردمانەوەو چووینە حەوشەکەیەوە. ئەمجا بەهەموولاکانیدا دەرگا بوو ژوورێکیان چێشت خانە بوو، قاپ وقاچاخ بەدیوارەکەیدا هەڵواسرابوو. لەبەردەمی کوانوو و ئاگردانەکەیدا چەندین ئێسك کەوتبوو. بەڵام کەسمان لەوکۆشکەدا نەدی بەلامانەوە سەیربوو. ئیدی گەڕاینەوە حەوشەکە وهێندە ماندوو بووین لاڵ وپاڵ لێ کەوتین. تاکو خۆرئاوا لێی نووستین.

هیندەمان زانی زەوی لە ژێرماندا دەلەرێتەوە. نالەیەك لە ئاسمانەوە هات. کەسەیرمان کرد، مرۆڤێکی زەبەلاحەوبەهێندەی دار خۆرمایەك درێژەو دووچاوی پێوەیە لە گڕی سوور دەچن. دانەکانی وەکو شفرەی بەراز بوو، دەمی دەتوت بیرە. دووگوێی هەبوو، بە سەر شانەکانیدا شۆڕ بووەوە. کە ئەم کەسە زەبەلاحەمان بینی زۆرمان لەترسا بوورایەوە. رەنگی زەرد بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٤٨

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا زەبەلاحەکە بەرەو روومان هات و لە ترسانا فریای هیچ نەکەوتین! سەیرێکی کردین و ئێمەش واقمان ورما بوو

لە نێو ئەو هەمووە دا، دەستی دایە من و بڵندی کردمەوە. هەندێك ئەم دیو و ئەو دیوی کردم. منیش هێندە خەفتبارو ماندوو بووم. تەواو کەڕولاڵ بوو بووم. بۆیە نەفسی نەچووە سەرم و بەری دامەوە. یەکێکی دی بڵند کردەوە. بەهەمان شێوە، سەرنجی داو ئەویشی بە دڵ نەبوو. بەری دایەوە. سێ یەمیش بەوشێوەیە، چوارەم جار دەستی دایە، سەرۆکی کەشتیەوانی کەشتیەکەمان. بۆ نەگبەتی خۆی، قەڵەو بوو. بەدڵی زەبەلاحەکە بوو. بۆیە دای بەزەویدا و پێی خستە سەر ریسی ملی و لاشەکەی راکێشا و ملی لێ کردەوە. ئەمجا لە دارێکی درێژیەوە ئالاندو دوواری دووفاقی لەم لاو ئەولای ئاگرێکی گەورە، کەبۆی کردەوە. دانا دارە درێژەکەی بە لاشەکەوە خستە سەر دوودارە دووفاقەکە و دوای کەمێك کەوتە خولاندنەوەی دارەکە، تاجوان برژاندی. ئەمجا لەسەر بەردێکی گەورە دانیشت و وەکومریشك گۆشتە برژاوەکەی پارچەپارچە کرد، دەستی کردە خواردنی. کەلێ بووەوە ئێسکەکانی فرێ دایە ئەودیو حەوشەکەوە. ماوەیەك دانیشت، ئەمجا پاڵ کەوت و خەو بردیەوە. پەرخەیەکی دەهات، لە دەنگی ئاژەڵ دەچوو. تاکو رۆژی دواتر لێی نووست. بۆ سبەینێ، هەستاو لێی دا و رۆیشت. ئێمەش دەستمان کرد بەگریان وشین و شەپۆڕ لەنێو خۆماندا وتمان:

( سەد خۆزگە، لە دەریادا، بخنکانایە، یان مەیموونەکان بیان خواردینایە، ئاوا، هاواریکەی خۆمان نەبینیایە بەسەر ئاگرەوە). دیسان وتمان:

( پەنابەخوا پێدەچێت، لەم دوورگە چۆڵەدا بمرین و کەس پێمان نەزانێت! ! ). ئەمجا دەستمان کردەوە بە گەڕان بە دوورگەکەدا. تابەڵکوو شوێنێك بدۆزینەوە تێیدا بحەوینەوە.

ئێوارەمان بەسەرداهات و ئێمەش لە ترسانا گەڕاینەوە، بۆ کۆشکەکە. دیسان زەوی ژێرمان دەلەریەوە. کە سەرنجماندا زەبەلاحە رەشەکە، دیسان هاتەوە، گیانمان بەهەمان شێوە کەوتەوە هەڵبژاردنمان. دواتر ئاگری بۆ کردەوە و بەشێوەی جاری پێشوو یەکێکمانی سوور کردەوە. دوای ئەوەی تێری لێ خوارد و ئێسکەکانی فڕێ دایە، دەرەوەی کۆشکەکە. لە سەر زەوی لێی راکشا و نووست. پرخەی لە پرخەی ئاژەڵی سەر بڕاو دەچوو. بۆ سبەینێ بەیانی لێیدایەوە و رۆیشت بەرێی خۆیەوە. ئیدی کۆبووینەوە و وتمان:

بخنکین باشترە تاکو لەسەر ئاگر بسوتین. یەکێکمان وتی:

ئەگەر چاوەرێی بکەین:

ئەم زەبەلاحە یەکە یەکە دەمانگرێت و دەمان برژێنیت و دەمانخوات. برادەرینە چاکتر وایە ئێمەش بیر لە کوشتنی زەبە لاحەکە بکەینەوە. منیش هەڵم دایە ( براکان وەرن با داربەستێکی مەزن لە قەدی ئەم دارانە دروست بکەین و بچینە ناویەوەو خۆمان بدەین بەدەست بەزەیی باو شەپۆلەکانی دەریاوە. چونکەگەر بخنکێین لەو باشتر ئەم زەبەلاحە بمان برژێنێت. ئەگەر رزگاریشمان بوو، ئەوە خوا بەزەیی بەم موسڵمانانەدا هاتووەتەوە. خەڵکەکە وتیان:

بەراستی بیرۆکەیەکی بەجێ یە. ئێوارە، دیسان زەوی ژێرمان لەریەوە سەرمان بڵند کرد. زەبەلاحە رەشەکەمان بینی. هاتەوە گیانمان، هەموومان دەترساین. ئەویش بەئارەزووی خۆی یەکێکی لێ هەڵبژاردین و بەهەمان شێوە ملەکەی لە لەش کردەوەو ئاگرێکی گەورەی بۆ کردەوە ولەسەری برژاندی. ئێمەش چاو بەفرمێسکەوە، تێمان دەڕوانی دواتر لە جێگەکەی دوێنی شەویدا، لێی نووستەوە. فیشکەی لوتی بەدەنگی با دەچوو. ئێمەش(٢)شیشمان ئامادە کردبوو. هەر کەنووست بردمان خستمانە ناو ئاگرەکەوە داری ترمان پێوەنا کە جوان سوور بوونەوە، هێنامانە دەرو، هەرشیشە سوورەبوومیان کردبە چاوێکیدا. وبەهەمووومان پاڵمان بەشیشەکانەوە نا زەبەلاحەکە ناڵەیەکی کرد و بۆمان هەستا بەڵام ئێمە کوێرمان کردبوو. بۆیە کەسمانی نەدەبینی! بۆ ئێوارە زەبەلاحەرەشەکە پەیدا بووەوە، ئەمجارەیان ژنەکەشی لەگەڵ خۆی هێنابوو. کە پێیان دادەنا، زەوی دەلەریەوە. ئێمەش هێندەی دی ترساین هەمووومان خۆمان هەڵدایە ئەو داربەستەی دروستمان کردبوو. خۆمان دا بە دەم دەریاوە. بەهەردووکیان شوێنمان کەوتن و بەر بەردیان داین. کە زۆرمان بەو بەردانە لێ کوژرا تەنیا من و دووکەسی تر بە زیندووییماینەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد   شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٤٩

شــەهرەزاد گێڕایــەوە ئــەو ڕۆژە تــاکو ئێــوارە بــە دەریــادا ڕۆیــشتین. شــەوێ لــە نــاو داربەستەکەدا لێی نووستین. نیوەشەو لە زرمەوگرمەیەك بەئاگا هاتین. کە ڕوانیمان یەك ئەژدیهایە زۆر ئەستوور و درێژ، پەلاماری داین و ئێمەش تەقەلای خۆپاراستن ونقوم نەبوونی داربەستەکەمان بوو. تومەز مرقی لە یەکێکمان خۆش کردبوو. هێندەمان زانی شالاوی بۆ هێناین، یەکێکمان کەوتینە بەر دەمی ئەو مارە گەورەیە و، هەتا شانەکانی برد بەدەمدا.، گوێمان لە قرچەقرچی شکاندنی ئێسکەکانی بوو. دواتر قوتی دا. خۆی کردەوە بە دەریاکەدا و ڕۆیی بەرێی خۆیەوە. ئیتر ئەو شەوە لە ترس و خەمی ئەوهاوارێیەمانەدا تاکو بەیانی پەرێشان بووین. لە نێوان خۆماندا وتمان:

( پەنا بۆ خوا تووشی چ کارەساتێك بووین!! خۆش! لە خنکاندنی دەریا ڕزگار بوین، تووشمان بووبەتووشی ئەو زەبەلاحە ڕەشەوە .! ئەمجا لە دەست ئەویش هەڵاتین و دڵمان خۆش بوو، ڕزگار بووین ئێستاش تووشی ئەم ئەژدیهایە بووین!! ئەمەچ نەگبەتیەکە!!؟ ئەمجا گەیشتینە دوورگەیەك و هەردووکمان لەنگەرمان خست و چووینە دوورگەکەوە. تاکو ئێوارە گەڕاین و لە بەری درەختە میوەکانمان خوارد و لە جۆگەلەکاندا ئاومان خواردەوە. شەو وامان بە چاك زانی بە دارێکی گەورەدا، هەڵبگەڕێین، لە ترسی ئاژەڵە دڕندەکان کە سەرکەوتین من چوومەلای سەرەوەی هاوارێکەمەوە و جێم خۆش کرد بۆ نووستن وحەوانەوە. هێندەم زانی ئەژدیهایەکی دی پەیدا بوو. هەندێ سەیری ئەم لاو ئەولای خۆی کرد. دواتر بە ئەو درەختەی ئێمەی بەسەرەوە بووین هەڵگەڕا. ئێمەیش زەق زەق سەیرمان دەکرد. کەوتینە پەلەقاژەی خۆ قوتارکردن. بەڵام بێ سوود بوو. دارەکە هاوارێکەمی هەڵ لووشی. ئەمجا بەدارەکەدا پێچی خوارد. گوێم لە تەقەی شکاندنی پەراسووەکانی بوو. ئەژدیهاکە چووەوە سەر زەوی لێیدا و ڕۆیشت. منی داماویش، ئەوشەوە تاکو بەیانی هەڵەلەرزیم و بۆ هاوارێکەم گریام. ئەمجا لاسك و تووڵە تەڕەکانم لە خۆ کردەوە، کە خۆم پێ لە دارەکەوە بەستبوو. بۆ ئەوەی کەخەوم لێکەوت نەکەومە خوارەوە. هێندە ترسابووم نیوە مردووبووبووم. ئیدی کەوتمە ڕۆیشتن گەیشتمە ئەو سەری دوورگەکە ئاورێکم دایەوە. کەشتییەکەم بینی. زۆر خۆشحاڵ بووم. خێرا لقە دارێکی سەوزم شکاندەوەو کەوتمە ڕاوەشاندنی سا بەڵکوو ئەمەخوایە بم بینن. سوپاس بۆ خوا. منیان بینی و هاتنە کەنار دەریا. ئەمجا سواریان کردم. تێریان کردم. دواتر لێیان پرسیم. منیش چیرۆکی خۆم بۆ گێڕانەوە. ئیدی سوپاسی خوام کرد و ئاسوودە بووم. کە بیرم لە خۆم دەکردەوە وام دەزانی خەوم بینیوە! شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو ، بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٥٠

شەهرەزاد وتی:

سەندو باد وتی:

کەوتینە سەوڵ لێدان بەدەریادا. پشت بەخوا بەوەی باش بووشنەی بایەکە یارمەتی دەرمان بوو. چەند رۆژێك بەسەر دەریاوە بووین. دواتر گەیشتینەدوورگەیەك ناوی دوورگەی (سەلاهیتە)بوو. کەشتی لەنگەری خست و بازرگانەکان کالاکانیان داگرت و بردیانەناوشار. دەستیان بە فرۆشتنی کرد. کەشتی یەوانیش منی بانگ کردو پێی وتم:

( براکەم تۆ باسی لێقاومانی خۆتت کرد و منیش بەپیاوێکی لە خواترس و باشم زانیویت بۆیە متمانەی خۆمت پێ دەبەخشم و کالایەکی زۆرم لەلا بەجێ ماوە هی کەسێکە. خۆیمان لێ ون بووە. جا تویش وەکو ئەوبازرگانانە کالاکانی ببە بازاڕ ەوەو چەندیت بۆ لێ فرۆشرا، بیان فرۆشە. منیش وتم:

بەچاوان. نزاو پاڕانەوەت بۆ دەکەم. ئەمجا حەماڵەکانی بانگ کرد و پێی وتن:

ئەوبارانە بگەیەننە بازاڕی شارو بیدەنە ئەم پیاوە. ئەوانیش وتیان:

قوربان. بەناوی کێوە بیان نووسین؟ سەرۆك وتی:

بەناوی سەندوبادی دەریاوە. کە لەدەریادا خنکا. ئێستاش ئەم پیاوە، بۆی دەفرۆشێت. کە ئەمەم بیست لە دڵی خۆمدا وتم:

( بەوخوایە سەندوبادی دەریا منم لە گەڵمدا خەڵکێکی زۆر خنکان). ئەمجا لە سەرۆکی کەشتیەوان چوومە پێشەوە و پرسیم ( قوربان تۆ سەندوبادی دەریا ببینیت . دەیناسیتەوە؟ ). ئەویش وتی:

( نە چونکە شێوەم بیر ناکەوێتەوە هێندە دەزانم ناوی سەندوبادی دەریا بوو). ئێمەش کالاکانی دەدەین بە تۆ لێی بفرۆشە. لە پارەکەشتێك حەقی ماندووبوونەکەت دەدەین. تا دەگینەوە شاری بەغدا. بۆی دەکەینەوە بەپارە. لەوێش خۆیان دۆزیەوە ئەواپارەکەی دەدەینەوە، گەر خۆیشمان نەدۆزیەوە، پارەکەی دەدەینەوە بەخێزان و کەس و کاری. کابرای نووسەری کالاکان وتی:

بیروڕایەکی پەسەندە ئیدی خۆم بۆ نەگیراو ڤیژاندم ئەی سەرۆك ئاخر من سەندوبادی دەریام. ئەمجا وتم:

ئاخر بۆ نەگبەتی، لە شوێنێکدا هێندە ماندووبووم خەوێکی قووڵم کرد،کاتێك بەئاگاهاتمەوە ئێوە جێتان هێشتبووم. بازرگانەکانی ئەڵماس دەناسن لەگەڵ ئەواندا بووم. کە ئەمەی بیست خەڵکەکەی کۆ کردەوەو باسی ئەمەی منیان کرد. تیایاندا بوو، بڕوای

پێکردم. هەندێکیش بڕوایان پێ نەکردم. هێندەم زانی بازرگانێکیان کە گوێی لە ناوی دۆڵی ئەڵماس بوو، هاتە پێشەوە رووی لە بازرگانەکان کردو وتی:

وابــزانم بیرتــان مــاوە کــەبۆم گێڕانــەوە، چــۆن کاتێــك لاکــە گۆشــتەکەم لەدۆڵەکــەوە هاتەوەسەرەوە، پیاوێکی پێوەبوو. ئەوەنەبوو گاڵتەتان بە قسەکەم دەهات! وتیان:

بەڵێ. ئەوەت بۆ گێڕاینەوە ئیمەش بڕوامان پێ نەکردی. ئەمجا بازرگانەکەوتی:

ئەمە ئەو پیاوەیە، کە بەلاکی مەڕە سەر بڕاوەکەی منــەوە، لــە دۆڵەکــەوە ســەرکەوتەوە سەر شاخ! گیرفانەکانی پڕکردبوولە بەردە ئەڵماسی گرانبــەها! هێندەشــی بەشــی مــن دا. کە لەوە زۆرتر بــوو، بەلاکــە گۆشــتەکەوە بهاتایــە ســەرەوە لەگــەڵمان هێنامانــەوە تــاکو(بەسـرە) ئێمەش خواحافیزیمان لێ کردو ئەو چووەوە بۆ شاری خۆی و ئێمەش بەرەو وڵاتــی خۆمـان بووینەوە. پێیشی وتین ناوم(سەند وبادی دەریا)یە. ئەم کاڵایانەش، هەمووی هــی خۆیــەتی. هەر بە قسە کردنەکەیشیدا دیارە درۆ ناکا!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٥

شەهرەزاد وتی:

کەسەرۆکی کەشتیەوان ئەمەی بیست، ماوەیەك باش سەرنجی منی دا. دواتر پرسی:

بارەکانت، لــە چیدا بــوون. چــۆن بــوون؟ ئــەمجا ســەندوباد هەنــدێ، بەســەرهاتی نێوان هەردوکیانی گێڕایەوە ئیدی گومانی رەویەوە و باوەشی پێدا کرد و پیرۆزبایی رزگـار بوونی کــرد و بارەکالاکــانی دایــەوە پــێم. ئیــدی زۆر دڵخــۆش بــووم چــونکە قــازانجێکی زۆریــشم لە کالاکــان کــرد. ئــەمجا لــە دوورگەکــەدا خــەریکی کــڕین وفرۆشــتن بــووین. تاگەیــشتینە وڵاتی(سەند). لــەوێش کــڕین وفرۆشــتنمان کــرد. ئیــدی لەوســەفەرەمدا شــتی ســەیرم بــینی. لەوانە ماسیم بــینی لەوێنــەی مانگــادا. ئــاژەڵی ئــاوی وەکــو(کــەر) وابــوون. باڵنــدەم بــینی لە سەدەف دەریا دەهاتنە دەرەوە. لەدەریادا هێلکەی دەکــرد. ئــەمجا گەڕاینــەوە تــاکو گەیــشتینە شاری (بەسر)ە. چەند شەوێکیش لەوێ مامەوە. ئەمجا گەڕامــەوە شــاری بەغــدا لەوێیــشەوە گەڕامەوە گەڕەکی خۆمان. دواتر خۆم کردەوە بەماڵدا. مــاڵ و منــاڵ زۆردڵیــان خــۆش بوو. دواتر هاواریکــانم هاتنــە ســەردانم. منــیش دەســتم کــردە خێرکــردن. بەخــشینەوەی بەســەر بێوەژنان وهەتیووانــدا. ئیدی ژیان گوزەرانی خــۆم ومــاڵ و منــاڵم زۆر بــاش بــوو. بــەجۆرێك ماندوو بوون وکێشەو چەرمەسەریەکانی خۆمم بیر چووەوە. لەوسەفەرەدا زۆرم سوود کرد

له بازرگانیەکەم و زۆر شوێن و وڵاتانم بینی. خوا یار بێت سبەینێ سەفەری چوارەمی خۆمتان بۆ دەگێڕمەوە. ڕۆژی دواتر بۆ بەیانییەکەی سەند وبادی زەویی و وشکایی، نوێژی بەیانی کرد و چێشتەنگاو، ڕۆیشتەوە بۆ ماڵی سەند وبادی دەریا، چووە ماڵی وسڵاوی کرد. ئەویش بەخێری هێنا و وتی چاوەڕێی هاوارییان دەکەین کەهاتن، سەندوبادی دەریا دەستی پێکرد وتی:

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٥٢

شەهرەزاد وتی:

سەندوبادی دەریا وتی:

کەسەکانم بۆم گێڕانەوە، کەلە سەفەری سێ یەممدا چەند دەوڵەمەند بووم، ئیدی زۆر خۆش ژیام و لەهیچم کەم نەبوو. بەڵام نەفسی پیسم، خستمیەوە سەر کەلکەڵەی سەفەرکردن و بازرگانی کردن. بۆیە دیسان کاڵایەکی زۆرم ئامادە کرد و خۆم بۆ سەفەری چوارەم ئامادەکرد. ئەمجا کاروانم ڕێکخستنەوە بەرەو شاری (بەسرە). ئەمجا کاڵاکانم باری کەشتیەکی دی کرد. چەندین ڕۆژ و شەو بەدەریادا کەوتینە رێ. چەند جارێك لە وشکایی لاماندا کاڵامان کڕی و فرۆشت. تاکۆ ڕەشەبایەکی دەریا ڕۆژێکیان هەڵی کردو ژیانمان کەوتە مەترسیەوە. کەوتینە نزاو پاڕانەوە. دوای کەمێك، شەپۆلێکی دەریا کەشتیەکەی تێك وپێك شکاند. چی کاڵا و بارەکانمان بوو، نووقمی دەریا بوو. ئەوەی خنکا خنکا!! من وچەند کەسێکی دی، خۆمان بە تەختەیەکی درێژی کەشتیەکە دا هەڵواسی و کەوتینەپێ مەلە. خۆمان دا بەدەم شەپۆلی دەریاوە. شەو و ڕۆژێك لە نێو دەریاکەدا ماینەوە. دواتر شەپۆل هێندەی دی توند بوو. ئێمەش زۆر ماندوو و شەکەت بووین. هێندەمان زانی لە کەناری دوورگەیەك گیرساینەوە. ئەمجا چووینە وشکایی و ڕوانیمان، دارو درەختێکی زۆرمان بینی. ئێمەش برسی و تینوو و ماندوو کەوتینە گەڕان و خواردنی بەری درەخت. هێندەمان خواردگە گوڕمان بۆ بێتەوە و تینوێتی خۆمان شکاند، لە ئاوی جۆگەلەکان. دواتر کەوتینە گەڕان، خانوویەکمان لەدوورەوە، بەدی کرد. ئەمجا بەرەورووی ڕۆیشتین. تاگەیشتینە بەردەرگاکەی ئێمە بە پێوە بووین. بیرمان لەوە دەکردەوە، چۆن بچینە ژوورەوە. هێندەمان زانی، کۆمەڵێك مرۆڤی ڕوت وقوت هاتنە دەرەوە. هەر نەشیان دواندین و قۆڵبەستیان کردین وبردینیانە ژوورەوە، بۆ بەردەم پاشاکەیان. ئەویش ئیشارەتی پێداین کە دابنیشین، دانشتین. ئەمجا خواردنیان بۆ هێناین. کە لە تەمەنمدا، خواردنی لەو جۆرەمان نەدیبوو! !،

هەرچەندم کردنەفسم نەچووە سەری و نەمخوارد. بۆ خۆیشم هەر کەمخۆر بووم، سەیرم کرد هاوارێکانم وەکو شێتیان لێهات وهەردەیانخوارد! دواتر جۆرە رۆنێکیان هێنا هاواریکانم خواردیانەوە. ئیدی حاڵیان زۆر تێك چوو. چونکە زۆریان خواردو زۆریشیان لەو رۆنە خواردەوە. زۆرم خەم بۆ خواردن خۆیشم زۆر لەم خەڵکە روتانە دەترسام. دواتر زۆرم سەرنج دان و بیرم لێ کردەوە تاکو بۆم دەرکەوت، ئەو رۆنەمان بۆ ئەوە دەخوارد دەدەن تاکو گەدەمان بکێشت و زۆر بخۆین. چونکە قەڵەومان دەکەن و دامان دەبەستن بۆ ئەوەی بەبرژاوی بمانخەنە بەردەم پاشاکەیان. بەڵام پیاوانی دەروبەرەکەی پاشا گۆشتی مرۆڤیان هەر بە کاڵی دەخوارد. ئیتر رۆژانە هاورکانمیان دەبردە دەرەوە. هەروەکو ئاژەڵ دەیان لەوەڕاندن. ئەوانیش بەهۆی ئەو خواردنە سەیرەوە حۆل و کاس و هێربببوون. منیش لە بەر ئەوەی لە خواردنەکەی ئەوانم نەدەخوارد و زۆرکەمیش خواردنی ترم دەست دەکەوت، زەرد و لەڕ و لاواز ببووم. بە جۆرێك پێستم بەسەر ئێسکاندا نووسابوو! کە پاسەوانە روتەکان منیان بەم شێوەیە بینی پشتگوێیان خستم نەدەهاتن بە لامدا. رۆژێکیان هەلم قۆستەوە و خۆم دزیەوە. دەشت و دۆڵم گرتە بەر، دواتر شوانێکم بینی لە سەر تەپۆڵکەیەك لە نێو دەریادا. کە دواتر سەیرم کرد، بۆم دەرکەوت، کە ئەو هەر ئەو کەسەیە کەهاورێکانی منیان دایە دەست تاکوسەرپەرەشتیان بکات. کەمنی بینی، زانی من ئەو کەسەی نێو هاورێکانمم کە ئەو خواردنە لەعنەتیەم نەدەخوارد. دەیان زانی بیرو ژیرم لەدەست نەداوە. بۆیە بانگی کردم بگەرێوە دواوەو رێی لای راستی خۆت بگرە، تا دەگەیتە رێی (سوڵتانیە). منیش بەقسەم کرد و گەرامەوە دواوە. سەرنجم دا بەلای راستی خۆمدا رێ یەك هەیە. پێیدا رۆیشتم، سەعاتێك هەر بەراکردن رۆیشتم هێندە دەترسام ! هەندێ جاریش، رام نەدەکرد. بەدەم رێوە ماندوویم دەردەچوو. کە بەدوای خۆمدا لام کردەوە، کابرای شوانم نەبینی ئیدی بەدەم رێوە خۆرم لێ ئاوا بوو. ئەمجا، لە رێگا کە لامدا، شوێنێکم سازداتێیدا بنووم. بەڵام هێندە دەترسام خەو نەچووە چاوانم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٥٣

شەهرەزاد وتی:

نیوە شەو هەستام و کەوتمە گەران بە نێو دوورگەکەدا. تابەرەبەیان، گەرام. کە بەیان بوو خۆر تیشکی بەسەر دەشت و دۆڵدا پەخشان بوو، زۆرم برسی بوو، لە بەری درەختەکان

وگژوگیا خۆم تێر کرد. له کانیاوان تێرم خواردەوە. ئەمجا کەوتمەوە گەڕان بەدوورگەکەدا، شەو و رۆژێك گەڕام، تاکوهەفتەیەك من بەو دوورگەیەدا سووڕامەوە. بەیانی هەشتەم رۆژ، تارماییەکم لە دوورەوە بینی . رووم تێکرد، هەر رۆیشتم ئێوارە، گەیشتمە لای. هەر لە دوورەوە، ورد ورد سەرنجم دا. چونکە هێندە ترسابووم لەو مرۆڤە روتانە. هەر مەپرسن، تێگەیشتم. کۆمەڵە کەسێکن، بۆ (بیبەر) کۆ کردنەوە هاتوون. کەمنیان بینی دەستیان لەکار هەلگرت و بەڕاکردن بەرەو رووم هاتن. پرسیان:

تۆ کێیت؟ لەکوێوە هاتوویت؟

لە وەڵامدا وتم:

من پیاوێکی داماوم. زۆرم نەگبەتی بەسەرهاتووە!! ئەمجا چیم بەسەرهاتبوو بۆم گێڕانەوە. ئەوانیش وتیان:

باشە چۆن لەومرۆڤە روتانەرزگارت بووەو نەخوراویت!؟ ئەوان مرۆڤ خۆرن! منیش بۆم گێڕانەوە، چ خواردنێکیان داوە بەهاوریکانم و من لێم نەخواردووە! ئەمجا بردمیانە کەشتیەکەیانەوە، خواردنی بەلەزەتیان بۆم دانا تێرم خوارد و دواتر کەوتنە سەوڵ لێدان. دوای ئەوەی گەیشتینەوە، وڵاتیان، منیان بردپیشانی پاشای خۆیان دام. منیش کڕنووشم بۆ برد. کەبە سەرهاتەکەمی پرسی منیش چیم بەسەرهاتبوو، بۆم گێڕایەوە. ئیدی پاشا و وەزیرانی زۆریان پێی سەیر بوو!! فەرمانی داتێرم بکەن. کە تێرم خوارد دەستم شت وسوپاسی گوزاری پەروەردگارم کرد. ئەمجا بردمیان شاریان پیشان دام. روانیم، شارێکی رازاوەو خۆشە. بازاڕ ێکی رازاوەوپڕ کۆتاڵ و شتومەك. خواردن. بەڵام ئەوەی بەلامەوە سەیر بوو ئەوە بوو سوارەکانیان، زینیان بەکارنەدەهێنا و پشتی ئەسپەکانیان روت بوو. ئیدی کە گەڕامەوە، بردمیانە لای پاشا. منیش، پرسیم:

قوربان ئەوە بۆچی ئەسپەکانی شاری ئێوە زین ناکرێن و سواری پشتی ئەسپەکان دەبن بەروتی؟ خۆ زین خستنە سەر پشتی ئەسپەکان، تۆکمە بوونی سوارەکەیە. ئەوەی سەر پشتی ئەسپی زین کراو توند وتۆڵ ترە و، کەمتر ماندوو دەبێت !؟ پاشاش وتی:

لەم وڵاتەدا نەزینمان بینیوەو نەبەکاریشمان هێناوە! منیش وتم:

ئەگەر پاشام رێم بدات، زینێکتان بۆ دروست دەکەم تاقی بکەنەوە پاشاش وتی:

چی دەکەیت بیکە ئازادیت، ئەمجا وتم:

چەند کەسێکم بخە بەردەست. ئەمجا ناردم چەند پارچە تەختەیان هێنا، ئەمجا چوومە لای ئاسنگەر. وێنەی ئاوزەنگیم بۆ کرد. کە بۆم دروست بکات. ئیدی هەموو شتەکانم ئامادە کرد. کە زینەکەم تەواو کرد، ناردم باشترین ئەسپی پاشایان هێنا، زینەکەم

خسته سەر پشتی و توند بەستم. ئاوزەنگیم بەم دیو و ئەو دیوی ئەسپەکەدا شۆڕ کردەوە. ئەمجا بەردمە بەردەم پاشا. کەبینی:

سەری سوڕما. سوار بووهەندێك هاتووچوو. دواتر زۆری سوپاس کردم. فەرمانی دا خەلاتێکی باشیان کردم. ئیدی کە گەورە وەزیر، پاشای بینی، ئەویش داوای(زین)ی لێ کردم. دواتر وەزیرانی دی. ئەمجا گەورە پیاوانی دەوڵەت و دەوڵەمەندانی شار، منیش درێغیم نەکرد. ئاسنگەرانم فێری ئاوزەنگی دروست کردن کرد. زیندروانم فێرە (زین) دروست کردن کرد. جارێکیان لای پاشا دانیشتبووم، پرسی:

بڕوانە کاکە گیان تازە تۆ بوویتە خوشەویستی ئێمەو ناسراوی شار. بێ تۆ هەڵناکەین. بۆیە، داوایەکم لێت هەیە ! منیش پێم وت:

گەورەم، خاوەن چاکە تۆیت. تۆ رێزت گرتم. هەرچی پارەو سامانم بەهی خوا و تۆ دەزانم. بۆیە هەرگیز ناتوانم لە فەرمانی بەڕێزتان دەربچم. هەمیشە خۆم بە خزمەتکارت دەزانم). پاشا وتی:

دەمەوێت ژنێکی شوخ وشەنگ و دەوڵەمەند وخانەوادەت بۆ بهێنم. بۆ ئەوەی ببیتە هاو وڵاتی شارەکەمان. لە لای خۆم، لە کۆشکدا، نشتەجێت دەکەم. خۆزگە بەقسەت دەکردم. کەئەمەم لە پاشا بیست شەرمم کرد وسەرم داخست و نەهاتمە گۆ. ئمجا پاشاپرسی:

(ئەوە بۆ قسە ناکەیت کوڕەکەم؟ ). منیش وتم:

( پاشای زەمان فەرمان فەرمانی خۆتە چۆنت پێ باشە سەرم لە رێتە). ئەمجا فەرمانی دا قازی و شایەت ئامادە بوون. ناردی بەدوای ژنێکی جوانی شوخ و شەنگ دا. کەهات، زۆر جوان و خان ومان بوو. خاوەن خانووبەرە و پارەو سامان بوو. خانەدان بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٥٤

شەهرەزاد وتی:

دوایی ژنەکەم خانوویەکی پێدام و تێیدا نشتەجێ بووین. ئیدی کەنیزەك و خزمەتکاری بوون. زۆر بە بەختیاری ژیانم دەبردە سەر. هەموو خەم و پەژارە و ماندوویەتیم بیر چووەوە. ئەمجا لەدڵی خۆمدا وتم:

هەرکاتێك بیری وڵاتی خۆم کرد لەگەڵ خۆم دەیبەم. هەر خوایش لە دوا رۆژ بە ئاگایە زۆرم ژنەکەم خۆش دەویست. ئەویش بەهەمان شێوە. ماوەیەکی زۆر بەشادی وبەختیاری

ژیاین. قەدەری خوا وابوو، دراوسێ یەکمان ژنەکەی مرد، منیش بەرێو رەسمی ئەوکاتە، چوومە سەرخۆشی کردن بینیم زۆر خەفەتبارە رەنگ زەرد و بەپەژارە. هەندێك دڵخۆشیم دایەوە پێم وت:

براکەم باش بیربکەرەوە، نقوڵانەی مردن بۆ خۆت لێ مەدە! ئەویش وتی:

کاکەگیان ئەم دوانیوەڕۆیە لەگەڵ ژنەکەمدا منیش دەنێژن. لێرەلای ئێمە وا باوە!! تۆیش دەڵێیت:

خوا یار بێت ژنێکی دیت لە چارە دەنووسرێت. بۆنی خوالێخۆش بووی لێ بێت.! ! .

منیش وتم:

( بەو خوایە ئەمە باوونەریتێکی زۆر خراپە! لەتوانای کەسدا نیە. ئێمە لە وتووێژ کردندا بوون، خەڵکێکی زۆری شار هاتن وسەرەخۆشیان لە پیاوە ژن مردووەکە کرد بە مردنی خۆی و ژنەکەی. ئەمجا تابوتیان هێنا ژن و پیاوەکەیان کفن کرد و خستیانە ناو تابوتەکەوە بەرەو لاپاڵی کێوێکی مەزندا بوونەوە. لەوێ، سەبەتێکیان هێنا و ژنە مردووەکەیان تێکرد. سەبەتێکی دیان هێناو مێردە زیندووەکەیان تێکرد. گۆزەیەکی گەورەی پڕ لە ئاویان ب مێردەکە و (٧) کولێرەیان بۆ تێکرد. ئەمجا بەردێکی گەورەیان پاڵدا دەمی چاڵێکی زۆر قووڵ دەرکەوت. یەکەمجار ژنە مردووەکەیان شۆڕ کردەوە ئەمجا پیاوەکەیان بە گوریس شۆڕ کردەوە بەخۆی و گۆزە ئاوو (٧) کولێرەکەوە. ئەمجا کە ڕێوڕەسمەکە تەواو بوو، بەردە گەورەکەیان ڕاکێشایەوە، سەر دەمی چاڵە قووڵەکە و بڵاوەیان لێکرد و مێردە داماوەکەیان، جێهێشت ! منیش بە خۆم وت:

( بەوخوایە . ئەم مردنە گەلێك سەخت ترە لە مردنی ئاسایی! ). ئەمجا چوومە لای پاشای مەملەکەت و وتم:

( گەورەم هیچ ڕەوانیە لەگەڵ مردوودا زیندووش لە گۆڕ بنرێت لەشارەکەتاندا). پاشاش وتی:

( ئەم ناشتنی ژن لە گەڵ مێردە مردووەکەیدا، یان مێردی زیندوو لە گەڵ ژنە مردووەکەیدا، باو و نەریتێکی کۆنە ولە باو و باپیرانمانەوە بۆمان ماوەتەوە). ئیدی منیش لێم پرسی:

( ئەی باشە من خەڵکی ئەم شارەی ئێوە نیم گەر ژنەکەم مرد منیش پێوە گۆڕ دەکەن!؟ ). ئەویش وتی:

( بەڵێ). ئەمجا کەوتمە بیر کردنەوە. بەخۆم وت:

( ڕەنگە من پێش ژنەکەم بمرم!! ). زۆری پێنەچوو، ژنەکەم نەخۆش کەوت. دوای چەند ڕۆژێك مرد. ئەمجا بەهەمان شێوە خەڵکی هاتنە، سەرخۆشی خۆم لەخۆم و کەس

وکاری ژنەکەم. بەمردنی ژنەکەم. ئەمجا مردووشۆری ژن، ژنەکەمیان شت و جوانترین بەرگیان لە بەر کرد. زێڕ و مروارییەکی زۆری خۆی یان پێوە کرد. ئەمجا تابوتیان بۆ هێنا تێیان کرد و چووینە دەم چاڵە قووڵەکە بەردەیان لەسەر لاداو تابوتەکەیان شۆڕ کردەوە. ئەمجا هەموو هاتنە لای من و سەرخۆشی خۆمیان لێ کردم لەکاتێکدا، منیش هاوارم دەکرد:

من پیاوێکی بە ئێرە نامۆم!! فێری ئەم ڕێ ورەسمە نیم . بەڵام کەس گوێی لێ نەگرتم. ئەمجا پەلاماریان دام (٧)کولێرەو گۆزەیەکی گەورە، ئاویان هێناو هەر بەزۆر بە گوریس بەستمیانەوەو شۆڕیان کردمەوە. بۆ ناوچاڵە قووڵەکە. ئەمجا بەردە گەورەکەیان خستەوە سەر دەمی چاڵە قووڵەکە و جێیان هێشتم. کەوتمە بیر کردنەوە و لە دڵی خۆمدا وتم:

دەهێنم هەرچییەکم لێ بکەن. ئیدی نەمدەزانی کەی شەو و چ کاتێ ڕۆژە!! بۆنی مردووان ئێسکان نەمدەوێرا خواردنیش بخۆم تاکو تەواو برسی دەبووم زۆرتینووشم نەبوایە ئاوم نەدەخواردەوە. تاکو بەشم بکات. لە دڵی خۆمدا زوو زوو دەموت:

( لاحول ولاقوه الابالله العلی العظیم ئای لەم نەگبەتییەی بەسەرمدا هات ولێرە ژنم مارەکرد.! ! خۆزگە لە دەریادا بخنکامایە یان لەو شاخە بمردمایە! زۆر لەم جۆرە مردنەم باشتر بوو).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٥٥

شەمرەزاد وتی:

سەندوباد وتی:

منیش لە شوێنی خۆم جوڵام و لە سوچێکەوە جێگەیەکم بۆ نووستنی خۆم ساز دا. ئیدی خەوم دەهات. دەنووستم و چەندیش بە ئاگا بوومایە بنی چاڵە کە دەگەڕام، کاتێکم زانی چاڵەکە ڕووناك بووەوە،تومەز بەردەکەیان دیسان لاداوەتەوە. هێندەم زانی دوو لاشە هاتنە خوارەوە. گوێم گرت. ژنێك هەر قریشك و هۆڕی بوو. منیش پارچە تەختەیەکم بە دەستەوەگرت. وردە وردە چوومە نزیکی ژنەکەوە. تێلاکەم دایە ناو شانیدا و کەوت. ئەمجا جارێکی دی دام هێنایەوە بۆ سەری و ژنە داماوەکە دەم ودەست مرد. منیش ئەمجا پەلاماری گۆزە ئاوەکەیم داو دەستم گێڕا، (٧)کولێرەکەیشم هێنا. گەروام نەکردایە، خۆم لە برسا دەمردم. ئیدی فێر بووم، هەرجارەو لاشەی مردوویەکیان شۆڕدەکردەوە، خێرا دەم کوشت و بەشە خۆراك و ئاوەکەیم دەهێنا و لەسەری دەژیام، جارێکیان نووستبووم، هەستم

کردشتێك دەجوولێتەوە. لە دڵی خۆمدا پرسیم! ئاخۆ ئەم شتە چیە؟ . منیش بی خشەوتەپە بۆی چووم وتێلاکەشم پێ بوو. کە هەستی پێم کرد هەلات و رای کرد. ئەمجا شوێنی کەوتم. کەسەیری سەردوەو دەمی ئەشکەوتەکەم کرد، رووناکی یەك بەهێندەی ئەستێرەیەك دیاربوو، جاروباریش دیار نەدەما! ! منیش وردە وردە بەرو رووناکیە کە چووم. تاکو لێ نزیك دەبوومەوە، بەردەمم رووناك تر دەبووەوە. لە دلّی خۆمدا وتم( رەنگە دەرگایەکی تری ئەم ئەشکەوتە بێت. یان ئەوەتا لە دەرەوە هەلّ دراوە! تومەز ئەم هەلّکەندنی کونە درێژە هی درندە گۆشت خۆرەکانە کە ئەو کونەیان لێداوە، لێوەی دێنە ئەشکەوتەکە و گۆشتی مردووەکان دەخۆن و دەچنە دەرەوە. ئیدی شایەتمانێکم هێناو بڕوام بە خۆم نەدەکرد. کە جارێکی دی رزگارم دەبێت!! لە خۆشیدا وام دەزانی خەو دەبینم. ئیدی جارێکی دی گەڕامەوە بنی ئەشکەوتەکە. جلّ وبەرگی مردووەکانم داکەند و خۆم گۆڕی و جلی ئەوانم لە بەر کرد. ئەمجا دەستم کردە پێچانەوەی ئەو زێڕ وزیوانەی کە لە گەلّ مردووەکاندا شۆڕیان دەکردەوە و لە بەرگەکانمەوە ئالاّن و بە کێشم کرد و هەموویانم بردە دەرەوەی ئەشکەوتەکە. ئەمجا لە سەر زەوی روانیم کەدامێنی شاخەکە دەریایە کەوتمە گەڕان بەو لاپالّی شاخەدا. خۆم دایە دەست خوا وتم:

بەلّکو دەرویەکم لێ بکرێتەوە کەشتیەك بێت و رزگارم بکات. ماوەیەکی باش لەوێ مامەوە. جارو بارێ دەچوومەوە ناوە ئەشکەوتەکە ودەگەڕام بۆ زێڕ و شتومەکی گرانبەها. دەم هێنایە دەرەوە. رۆژێکیان بەلای دەریادا لام کردەوە کەشتیەکم بینی شەپۆل بلّندی دەکردەوە و نەوی دەبووەوە بۆیە لە جل و بەرگی مردووان بەرگێکی سپیم هێناو بەستم بە سەری دارێکی درێژەوەو کەوتمە ئیشارەت دان بە کەشتیەکە. خواوڕاسان منیان بینی. بۆیە بەلەمێکی بچووکیان نارد، چەند کەسێك سەولّیان تێدا لێ دەدا. گەیشتنە لام دەستیان گرتم، خۆم شتومەکی نێو بەرگی مردوانەکەم خستە ناو بەلەمەکەوە. ئەمجاپرسیان:

تۆ کێیت؟ چۆن گەیشتویتە ئێرە؟ لە وەلاّمدا وتم:

من بازرگانم. لە کەشتیەکەدا بووم، شەپۆلی دەریا کەشتیەکەی تێك شکاندین، ئیدی منیش کەوتمە سەر پارچە تەختەیەك . ئەمەندەی پێمە لە شتومەکەگران بەهاکانم رزگار کردوون. لەم دوورگەیە گیرسامەوەو خوا نەیکوشتم!! ئەوانیش سەولّیان لێدا تاکو گەیشتینە لای کەشتیە گەورەکە. ئەمجا چوومە لای سەرۆك کەشتیەوان برێ لە زێڕەکانم پێدا. ئەمجا وتم:

تۆ بویتە هۆی رزگار کردنم لەمردن. بۆیە تاماوم سوپاس گوزارتم. کەچی هیچی لێ وەرنەگرتم و وتی:

کاکەگیان ئێمە هەرکەسێك پێویستی بە یارمەتی بێت، یارمەتی دەدەین. بۆ پارەو سامان یارمەتیمان نەداویت! گەر کەسێك برسی بوو یان تینوو تێری دەکەینو ئاوی دەدەین. پۆشتەی دەکەینەوە، ئەمە کارانەشمان لەبەر خاتری خوایە. منیش نزای چاکەم بۆ کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٥٦

شەهرەزاد وتی:

سەند وبادی دەریا وتی:

ئیدی کەوتینە سەفەر لەم دەریا بۆ ئەو دەریا لەم دوورگەوە، بۆ ئەو دوورگە. کارو پیشەم نزا کردنی رزگار بوونم بوو. هەر جارە بیری ناوئەشکەوتەکە و مردنی ژنەکەم دەکەوتەوە وروکاس دەبووم!! . دواتر خوا پشت پەنامان بوو. بەسەلامەتی گەیشتینە شاری (بەسرە). کەچەند رۆژێکی کەم مامەوە. دواتر بەرەو شارەکەم شاری بەغدا بوومەوە. بە پەلە خۆم کرد بە گەرەکی خۆماندا، لەویشەوە بۆ ماڵەوە. کەس و کارم زۆر خۆشحاڵ بوون بە گەرانەوەم. ئەمجا کەوتمە پرسیارکردنی هاواریکانم. ئەوانیش پیرۆزبایی گەرانەوەیان لێکردم. ئەمجاژیانم ئاسایی بووەوە. زۆر بە خۆشی و بەختیاری رۆژانم دەبردە سەر، تیکەڵاوی هاواری و دۆستان و خزمانم بووە. کە خەم و پەژارەی سەفەرەکەم بیر چووەوە. ئەمەش سەفەری چوارەم و بەسەرهاتەکەی بوو. جا پشت بەخوا سبەینێ کەهاتیتەوە ئێرە، سەفەری پەنجەمتان بۆ دەگێرمەوە. کە چیرۆکەکەی لە سەفەری چوارەم سەر سورهێنەر ترە!! . ئەمجا(١٠٠) میسقاڵ زێری خەڵات پێدا. سفرە راخرا دەست بەنان خواردن کرا. ئەمجا سەندوبادی حەماڵ بەرەوماڵی خۆی بووەوە، هەروەها میوانەکانی تریش، سەندوبادی وشکایی بەرەبەیانی رۆژی دواتر بۆ نوێژی بەیانی هەستا. ماوەیەك هات و چوو کە رۆژ بووەوە، دیسان بۆ ماڵی سەندوبادی دەریا چووەوە. بەخێرهێنرا و لێی دانیشت.

## چیرۆکی پێنجەم سەفەر

کە کۆمەڵێك کۆبوونەوە سەندوبادی دەریا وتی:

ئەوە بزانن، کە گەرامەوە، کەوتمە خۆشی وبەختیاریەوە. چونکە زێر وزێوێکی فرەم لەگەڵ خۆم هێنابوو. ئیدی دوای ماوەیەك ماندوو بوون و ترس و لەرزەکەی سەفەری

پێشووم بیر چووەوە. هێندەم شوێنان و وڵاتان بینی و چێژم لە گێڕانەوەی سەفەرەکەم وەردەگرت. بۆیە کەڵکەڵەی سەفەری پێنجەم دایەوە لە کەللەم. شتوومەکەی گرانبەهام کڕی و بارو بارخانەم بۆ سەفەر ئامادە کردەوە. رووم کردەوە شاری(بەسرە). کەشتیەکی تۆکمە و جوانم بینی. هێندەم بەدڵ بوو کڕیم!! . کە شتومەکەکانی ئەو کەشتیە نوێ بوون. ئەمجا سەرۆکی کەشتیەوانم بۆ بەکرێ گرت. کۆیلە و خزمەتکار و بارو بارخانەم خستە کەشتیەکەمەوە. هێندێك بازرگانی ناسیاوم هاتن و کرێی بارەکانیان داو شتەکانیان لە کەشتیەکەم بار کرد. ئەمجا ناوی خوامان هێناو بەدڵێکی خۆشەوە، کەوتینە رۆیشتن، بەدەریادا. ئەم دوورگە بۆ ئەو دوورگە، ئەم دەریا بۆ ئەو دەریا، تێیاندا کڕین وفرۆشتنی خۆمان کرد. چەندین شەو ورۆژ بەڕێوە بووین. تاکو گەیشتینە دوورگەیەك، کەچۆڵ وهۆڵ بوو. لە خەڵك و هیچ ئاوەدان. بوونەوەرێکی تیا نەبوون گۆمەزێکی گەورە نەبێت. ئیدی شارستانی تیانەبوو. کەلێی چووینە پێشەوە، تێگەیشتین کە ئەوگومەزە هێلکەی باڵندە(رەخ)ە! ئەوانیش کەوتنە پیاکێشانی تاکو توانیان کونی بکەن. ئیدی ئاوی پێدا هاتبووە خوار. دواتر چووبوونە ناوی و (بەچکە رەخ)ێکی تیا بوو دەریان هێنابوو. گۆشتەکەیان برژاندبوو، ئەمانەیان کردبوو، بەڵام لەبەر ئەوەی من لە کەشتیەکەدا مابوومەوە، ئاگام لە هیچ نەبوو.

شەهرەزاد هەستی کردشەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٥٧

شەهرەزاد وتی:

سەندوبادی دەریا وتی:

هێندەم زانی چەند کەسێك گەڕانەوە ناو پاپۆڕەکە یەکێکیان بانگی کردم:

وەرە لێرەوە سەیری ئەو گومەزە بکە. کە سەیرم کرد، پێم سەیر بوو!! دوایی وتی:

ئێمەش لەدوورەوە پێمان وابوو گومەزە کەچی ئەو هێلکەی باڵندەی رەخە! ئیدی منیش هاوارم کردبۆ سەرنشینەکان کە کاری وانەکەن:

نەی شکێنن. بەڵام گوێیان لێ نەگرتم هەرچەند وتم خاوەن هێلکەکە، دەمان کوژێت، کوڕە کاری وامەکەن، بێ سوود بوو. سەرنشینەکان سواری کەشتیەکە بوونەوە پێم وتن:

کارێکی خراپتان کرد. بەسەرۆکی کەشتیەکەم وت:

بهێڵن، تاکو باڵندەی خاوەن هێلکەکە نەگەڕاوەتەوە! کەمێك ڕۆیشتن. کەچی کەشتیەکە بووە سێبەر ئێمەش سەرمان بڵند کرد کە ئاخۆ چی بەری ڕۆژی گرتووە؟ سەریرمان کرد:

دوو باڵندەی ڕەخن و باڵەپان وپۆڕەکانیان بەسەر کەشتیەکەدا بڵاو کردۆتەوە. خۆم وسەرنشینان زیرەمان کرد هێندە ترسا، بەڵام هێندەی پێ نەچوو باڵندەکان لێیان داو، ڕۆیشتن! خەڵکەکە دڵیان خۆش کرد، کە گوایە ڕزگاریان بوو بەڵام دوای سەعاتێك ڕۆیشتن، هێندەمان زانی پەیدا بوونەوە. بەڵام ئەمجارەیان هەریەکەیان بەردێکی تاوێری گەورە بەقاچیانەوەیە. ڕەخێکیان لە ئاستی کەشتیەکەمان بەردە گەورەکەی بەر دایەوە. بەڵام بەختمان یار بوو، کەمێك لەو لا کەشتیەکەوە کەوتە دەریاوە. ئاوەکە شەپۆلێکی هێندە مەزنی دا کە هێندەی نەمابوو، کەشتیەکە قلْپ بکاتەوە. دواتر باڵندە ڕەخەکەی دی تاوێرە بەردی خۆی بەردایەوە بەسەرماندا کە لە تاوێرە بەردی پێشوو بچووکتر بوو، بەر دواوەی کەشتیەکەمان کەوت و کەشتیەکە تێك شکا بەبەرچاومەوە ئەو هەموو سەرنشینەی کەوتنە دەریاکەوە و خنکان. منیش چونکە خوا نەیویست بمرم، تەلاشە تەختەیەکم بەردەست کەوت و خۆم پێدا هەڵواسی و کەوتمە لنگە فرتێ و بۆقە مەلە دوای ماندووبوونێکی زۆر لەم دوورگەیە گیرسامەوە. ئەمجا سەعاتێك خۆم لێدا بەزەویدا، چاوم لێك نا تاکو حەوامەوە. ئەمجا کەوتمە گەڕان بەناو دوورگەکەدا. ڕەز وباخ، دارو درەخت، کانی وئاو و ڕووبار، بولبولان دەیانخوێند لە سەر چڵان! ! خۆشیان دەکرد دڵان لە میوە خۆم تێر کرد. دەمم لەئاوی کانی خست!! ئەمجا سوپاسی خوام کرد. ئەمجا کەوتمەوە گەڕان، ماوەیەك ڕۆیشتم جۆگەلە ئاوێکم بینی. کابرایەکی پیر نوورانی لە سەر دانیشتبوو. کەخۆی بە گەڵای درەختەکان پۆشی بوو. لەدڵی خۆمدا وتم:

( ڕەنگە ئەم پیرەمێردە یەکێك بێت لەسەر نشینانی کەشتیەکەی خۆمان کەشەپۆلی دەریا تێکی شکاند. بۆیە لێم پرسی:

(مامە پیرە بۆچی لێرە دانیشتوویت؟ ). ئەویش سەرێکی بادا ئیشارەتی بۆ کردم کە دەستی بگرم وبیپەڕێنمەوە بۆ ئەو بەری جۆگە ئاوەکە. منیش وتم:

ئەم خێرە دەکەم بەڵکوو خوا لێم وەربگرێت. خستمە قەڵاندۆشکانم و بردمە ئەوبەر ئاوەکەوە. ئەمجا پێم وت:

فەرموو داببەزە. کابرا هەردوو لاقی لەملم گیر کردوودانەبەزیی! !، کەسەیر پێ یەکانم کرد وەکو پێستی گامێش وابوو. ویستم لە کۆڵ خۆمی بکەمەوە. کەچی هەردوو ڕانی لەملم توند کرد. کە دنیای لە بەرچاوم تاریك کرد، لە هۆش خۆم چووبووم. کە بە ئاگا هاتمەوە لەسەر زەوی کەوتبووم ئەمجا کەوتە پێ لەقە دان لە پشتم. هەر بە کۆڵینمەوە بوو: لەئازاری بە پشت دا کێشانەکە، خەریك بوو گیانم دەردەچوو. بۆیە کە هەستامەوە سەر پێ

لێم نەبووبووەوە. ئەمجا ئیشارەتی ناو رەز و باخەکەی کرد. منیش ناچار چوومە دارستانەکەوە و ئەویش بەسەر شانمەوە دەستی کردە میوە خواردن. ئیدی شەو و رۆژ بە کۆڵمەوە بوو! شەوانە قاچەکانی لە ملم توند دەکرد:

ئەمجا کەمێ دەنووست، کە هەڵدەستایەوە، قاچەکانی دەدایەوە بەپشتما. دەبوو خێرا هەڵبستامایە. ماوەیەك ئاو بە کۆڵمەوە بوو. منیش پەشیمانی ئەوە بووم، کە کاتی خۆی بەزەییم پێدا هاتەوە. بەخۆم دەوت:

من بە خێر چاکەم لەگەڵ کرد کەچی ئاوا بە خراپە بەسەرمدا شکایەوە. بۆیە خێرا خێرا سوێندی ئەوەم دەخوارد کە هەرگیز:

خێر وچاکە نەکەم!! . تاکو رۆژێکیان چوومە شوێنێك، کە (یقتین)ێکی زۆری تیا بوو. شوێنێکی زۆریش وشکانی بوو. یەکێکی گەورەی وشکمم هەڵگرت. سەرکەییم لێ کردەوە و چۆڵم کرد. ئەمجا بردمە لای دار مێوێك و پڕم کرد لە ترێ ئەمجا سەر قایم نایەوە. دواتر خستمە بەر خۆرەکە، چەند رۆژێك جێم هێشت، دواتر بووبە(شەراب). ئیدی رۆژانە لێم دەخواردەوە تاکو، ماندوویەتیم دەر بچێت بە ژیانی پڕماندوویەتم درێژە بدەم. رۆژێکیانکە مۆتەکەکەی سەرشانم سەرنجی دام، داوای کرد بەشی بدەم، منیش وتم:

شتێکی زۆر خۆشە. ئیدی هێندە سەرخۆش بووبووم:

کەوتمە سەماو راکردن لە نێو دارستانەکەدا. ئەمجا هەرکە داوای کرد:

یەقتینەکەم دایە دەست. دەستی کردە خواردنەوەی هیچی تیا نەهێشت و هەمووی خواردەوە. ئیدی زۆر سەخۆش بوو، ماسولکەکانی خاو بوونەوە و خۆی بەسەر شانمەوە بۆ نەدەگیرا !، بۆیە دەستم برد هەردوو لاقیم لە سەر شانم لاداو تاکو توانیم لەسەر شانمم هەڵدایە خوارەوە. ئیدی:

بڕوام بەخۆم نەکرد کەوابە ئاسانی رزگارم بووە! !

شەهرەزاد هەستی کرد  شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٥٨

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا گەڕامەوە سەری و لە دڵی خۆمدا وتم:

( خۆ ئەم شتە بە ئاگا بێتەوە، دەمکوژێت!! نەبەخوا کۆڵی لێ نادەم). ئەمجا بەردێکی گەورەم بڵند کردەوە و کێشام بەسەریدا. گۆشت وخوێنی تێکەڵ بوون. دڵم حەوایەوە و

بێخەم بووم، دەستم کردە، ستایشی خوای مەزن کە رزگارم بووە کەوتمە رێگا بەناو دوورگەکەدا. تاکو گەیشتمەوە ئەو کەنارەی لێوەی هاتمە دوورگەکەوە. سەرنجی دەریام دا، لە دڵی خۆم دا وتم:

تۆ بڵێی خوا هێندە تەمەنم بداتێ، بگەڕێمەوە نیشتمانی خۆم و بەماڵ وکەس و کارم شاد بمەوە. ئیدی بەو ئومێدەی کە بەڵکوو رۆژێك بێت پاپۆڕێك لەم کەنارانە لەنگەر بگرێت و لە گەڵیان بگەڕێمەوە. لەو دەوروبەرەی کەنارە دوور نەدەکەوتمەوە. رۆژێکیان، کەشتی یەك رووی کردە کەنارو منیش لە خۆشیدا جێم بەخۆم نەدەگرت. کە لە کەنار لەنگەری خست. بەرەو لایان بەڕاکردن رۆیشتم. کەمێنیان بینی هەمووبەرەو رووم هاتن. لێم کۆبوونەوە و کەوتنە پرسیار کردن. منیش بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە. زۆریان پێ سەیر بوو لەو مێردەزمەیەی سەر کۆڵم رزگارم بووە. وتیان:

چـووبێتە کـۆڵی هـەر کەسـێك، دانەبـەزیوە. تـاکو لـە ژێریـدا مـردووە. ئـەوە ناوی(پیرەدەریا)یە!! چاکت کردووە کوشتوتە. ئەمجا بردمیانە ناو پاپۆڕەکەوە تێریان کردم. هەندێ جلّ و بەرگیان پێم بەخشی. منیش خۆم پێ پۆشی. ئەمجا کەوتینەوە سەفەر چەندین شەو و رۆژ سەفەرمان کرد. تاکو گەیشتینە شارێك خانووەکانی بڵند و هەموویان:

بەسەر دەریادا دیانڕوانی. شارەکە ناوی (شاری مەیموون)بوو. دانیشتوانی شەوانە لە ترسی مەیمون ماڵەکانیان جێ دەهێشت و شاریان چۆڵ دەکرد و دەچوونە بەلەمەکانیانەوە. تـاکورۆژ دەبـوووەوە. چـونکە شـەوانە مەیمونـەکان لـە شـاخ دەهاتنـە خـوارەوە دەچـوونە شارەکەوە. ئیدی هەرکەسێك شەو بمایایەتەوە، تیا دەچوو بە دەست مەیمونەکانەوە. منیش کە چوومە ئەوشارە بۆ گەڕان. هەتا هاتمەوە، کەشتیەکەمان رۆشت بوو. مـن بـەجێما بووم. بۆیە کزۆڵە لە قەراخ رێگایەکی شارەکە لێی دانیشتم. یەکێکی خەڵکی شارەکە، بەلامـدا رەت بوو، کەمنی بینی هاتە لام و پرسی:

دەڵێیت نامۆی بەم شارە؟ وتم:

بەڵێ کەشتیەکەمان جێی هێشتووم. کابرا دەستی گرتم و وتی:

کاکـە شـەو لێـرە بمێنیتـەوە، مـەیمون لـە نـاوت دەبـات. لـە گـەڵ مـن وەرە بـا بـچینە کەشتیەکەی ئێمەوە. شەو دەمێنینەوە بـۆ بـەیانی دەرگەڕێینـەوە. منـیش لـە گـەڵی چووم. کەشتیەکە میلێك لەکەنارەوە دوور کەوتـەوە. ئیـدی شـەوانە ئەمـە ئیـشیان بـوو. رۆژانـەش دەگەڕانـەوە. ئـەم دوورگەیـە کـەوتبووە سـەروو(سـۆدان)ەوە. سـەیرەکە لـەوەدا بوویـەکێك لەوانەی منیان دەبردەبەلەمەکەیانەوە، لێی پرسیم:

براکەم تۆ هیچ پیشەیەك نازانیت،

خۆتی پێ بژێنیتا؟ منیش وتم:

نە بەخوا براکەم من بازرگان بووم و پارەدار تەنانەت کەشتی یە تێك شکاوەکەشم هی خۆم بوو. پارەو سەرمایەیەکی زۆرم هەبوو، کە کەشتیەکەم تێك شکا، خوا پارچە تەختەیەکی لە دەریادا پێ بەخشیم و رزگارم بوو. ئەمجا دەستی گرتم و تووڕەکەیەکی پێدام و وتی:

بابڕۆین دەت دەمە دەست هەندێ ناسیاوم کە دەچن بەرد دێنن و لە شار دەیفرۆشن. بەڵکو تۆیش بتوانیت شتێك پارە کۆبکەیتەوە و پێی بچیتەوە وڵاتی خۆت. ئەمجا لەگەڵم هاتە دەرەوەی شار و کەوتە بەرد کۆکردنەوە و شێوەی بەردەکانی فێر کردم. لە گەڕانەوەدا منی دایە دەست چەند کەسێك کە هەر ئەمە کاریان بوو. پێی وتن:

ئەم پیاوە نامۆیە بەم شارە، لە بەر خاتری خوا یارمەتی بدەن. ئەوانیش خوا هەڵناگرێ وتیان:

بەچاوان. ئەمجا شوێنیان کەوتم. چوینە دۆڵێکەوە پڕ بوو لە درەخت و مەیمونێکی زۆری تێابوو. کەوتینە بەرد تێ گرتنی ئەو مەیمونانەی سەر دارەکان. ئەوانیش میوەیان تێ دەگرتین. کە روانیم زۆربەی بەری درەختەکان، گوێزی هیندی بوون. منیش درەختێکی گەورەم هەڵبژارد، کە مەیمونێکی زۆری بەسەرەوە بوو. گوێز هیندیەکانی بن دارەکەم کۆ کردەوە، زۆر بوون. هێشتا بەردیشم پێ مابوو، ئەوان هاتن و گوێزە هیندیەکانی منیشیان کۆ کردەوە. سەرلەنوێ هەریەکەو ئەوەندەی دەیتوانێت گوێزیان بۆ دانا:

کە بیدا بە کۆڵیدا. دەمەو ئێوارە، گەڕاینەوە ناوشار، کۆڵی خۆم بردەوە ماڵی ئەوکابرایەی، گرتمیە خۆی. ئەویش پێ وتم:

بڕۆ بیبە بازاڕ ەوە بیفرۆشە و سوود لە پارەکە ببینە. ئەمجا هەموو رۆژێك دەچوومەوە ئەو دۆڵەو کۆڵێکی باشم گوێزی هیندی دەهێنایەوە. نزای خێرم بۆ خانەخوێکەم کرد

شەهرەزادهەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٥٩

شەهرەزاد وتی:

سەندوبادی دەریا وتی:

ئیدی ماوەیەکی باش ئەمە کارم بوو. پارەیەکی زۆرم پێکەوە نیا هاوارێکانیشم زۆریان یارمەتی دەدام. دەچوومە بازاڕ ەوە بەدڵی خۆم شتم دەکڕی و درێغیم لە خۆم نەدەکرد.

ڕۆژێکیان کە لەسەر کەناری دەریا بووم، کەشتیەکم بینی، هاتە کەنار ولە دوورەوە هاتبوو. بۆیە بەپەلە چوومەوە بۆ ماڵ و بەو پیاوەم وت:

کە بردمیەوە ماڵی خۆیان و داڵدەی دام. کە دەمەوێت سەفەری بەرەو وڵاتی خۆم بکەم.

ئەویش وتی:

بەدڵی خۆت، منیش دوعای خێرم بۆ کردو خواحافیزیم لێ کرد. ئەمجا چووم لە گەڵ خاوەن کەشتیەکەدا ڕێکەوتم. هەرچی گوێزی هیندیم هەبوو لە ماڵدا هەموویم بار کرد و کەشتی کەوتە دەریاوە و چەند شەو و ڕۆژ بەسەر دەریاوە بووین. ئەم دوورگە و ئەو دوورگەمان کرد. لە دوورگەیەك بێبەرم کڕی. کە دەبوو، بەجۆرێك بار بکرێت کە گەڵای پانی درەخت هەبوو پێمانـدا دەدا تاکو باران و شێی دەریا تەڕی نەکات. ئەمەش بە گۆڕینەوەی دەمانکرد. گوێزی هێندیم دەدا، بەبیبەری توون. لە دوورگەیەکی دی برێکی باش گوێزی هیندیم فرۆشت. دارچینی لێ بوو منیش برێکم لێ کڕی و خستمە کەشتی یەکەوە. خوا چەندهێندەی زیانەکەم قەرەبووی بۆ کردمەوە و پارەیەکیباشم دەست کەوت و قازانجێکی فرەم کرد. هۆزی ئەو دوورگەیەی( دار چین)یەکەم لێ کڕی، زۆر نالەبار و خوا نەناس بوون. هەمیشە سەرخۆش و خراپە کار بوون. هەرئیسلامەتیان نەبیست بوو. لە کەناری دوورگەیەکی دی مەلەوانان:

بەکرێ بۆ خەڵکەکە ڕۆ دەچوونە دەریاوە و مرواریان لە بنی دەریادا دەر دەهێنا. منیش چەند مەلەوانێکم بانگ کرد و برێك گوێزی هیندیم پێدان بەو مەرجەی لە بەختی من بچن بە قوت دا چیان دەستگیر بوو بۆم دەربێنن. کەهاتنەوە سەرئاو یەکێکیان وتی:

گەورە کەسی(بەخت یار)ی وەکو تۆم هێشتا نەدیوە. هەر بە سەر دەریاوە بووین تاگەیشتینەوە، شاری بەسرە، چەند شەوێکیش لەوێ مامەوە. دواتر گەڕامەوە شاری بەغداو، لەوێوە بەرەو ماڵ بوومەوە. ئەمجا هەندێك خێر وچاکەم کرد وسوپاسی خوام کرد، کە بە سەلامەت گەڕاومەتەوە. شت و مەکەکانیشم، بردە گەنجینەوە. ئەمجا سەندو بادی دەریا، فەرمانی(١٠٠)میسقاڵ زێڕیان بەخشی بە سەندو بادی وشکانی. ئەمجا کە میوانەکان نانیان خوارد هەریەکەو بەرەو ماڵی خۆیان بووەوە. بۆبەیانی ڕۆژی دواتر سەندو بادی وشکانی، چووەو ماڵی سەندو بادی دەریا و، دانیشت تاکو هەمووهاوارییان هاتن. ئەمجاسفرەوخوان بۆ نیوەڕۆ ئامادەکرا. میوانەکان نانیان خوارد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٦٠

## چیرۆکی شەشەم سەفەر

شەهرەزاد وتی:

سەندوبادی دەریا گێڕایەوە ماوەیەکی زۆر لە بەغدا مامەوەو بە بازرگانیەوە سەرقاڵ بووم. خۆشی و ئارامی و بەختیاری، خەم و پەژارەی پێنجەم سەفەری بیر بردبوومەوە. رۆژێکیان لە دوکان پاڵم لێدا بووەوە. سەیرم کرد:

چەند هاوارییەکی بازرگانم، هاتنە سەردانم کەپێیانەوە دیار بوو لە سەفەر هاتبوونەوە. هێندە بەخۆشی وتامەزرۆییەوە، باسی سەفەرەکەی خۆیان بۆ کردم کەئیدی کەڵکەڵەی سەفەر کردن، کەوتەوە سەرم. بۆیە رۆژێکیان هەندێك شتی نەختینە و گرانبەهام بار کرد و خۆم پێچایەوەو رووم کردە شاری بەسرە. کەشتیەکم بینی، سەیرم کرد هەندێکیان هاواریمن. بۆیە بارەکەم سەرخستە پاپۆڕەکەوەو دەست بەدەست وهێز لە خوا کەشتی کەوتە رۆیشتن. ئەم شار و ئەو شار و ئەم دوورگە بۆ ئەو دوورگە ! لەشاران لامان دا. سەیری ولاتان وئاوەدانیانمان کرد، بە دڵی خۆمان کڕین و فرۆشتنمان کرد و بەخت یاوەرمان بوو. رۆژێکیان کە بەرێوە بووین. هێندەمان زانی سەرکردەی کەشتیەوانان کەوتە خۆدا کێشان و هاوار و لە خۆدان لە داخدا خۆی دا بەتەختی کەشتیەکەدا، ئێمەش چوینە سەری پرسیارمان کرد، وتی:

کەشتیەکەمان لە رێی ئاسایی خۆی دەرچووە ! رێمان ون کردووە! هەموو بپارێنەوە. خوا بەزەیی پێماندا بێتەوە. ئەگینا هەموو تیا دەچین. دوای ماوەیەك کەشتیەکە خۆی کێشا بەکەناری شاخێك دا. پارچە پارچە بوو. ئەوانەی خنکان تیا چوون. ئەوانەی بەخت یاوەریان بوو، کەوتنە کەناری کێوەکەو من یەکێك بووم، لەوانە. کە بە کەناردا، رۆیشتم ئەویش دوای حەوانەوە و خۆ وشك کردنەوە، روانیم دوورگەیەکە کەنارەکانی پڕە لە جۆراوجۆری شت ومەکی کەشتیە تێك شکاوەکان. هەر لە زەخیرە وخواردنەوە تاکو کۆتاڵ وپێویستیەکانی مرۆڤ. گەیشتمە سەر کانیەك کە ئاوکەی لە دامێن چیاوە دەهاتە دەر. تێرم لێ خواردەوە. لە کەنارەکانی یاقوت و مەرجان و زیڕ کەوتبوون! کەهەر لە دوورەوە بریسکەیان دەهات. کەنارێکم بینی، شتێکی لیخنی سپی دەر دەدا وەکو مۆمی تواوە. دەڕۆیشت و دەڕۆیشت تا دەگەیشتە ناو دەریا لەوێ کەرە دەرياییەکان دەیان خوارد دواترفڕێیان دەدا نێو دەریا و سەر ئاو دەکەوتن. شەپۆلی دەریا فڕێی دەدانە رۆخی دەریاکە، بازرگانانیش دەهاتن و کۆیان دەکردنەوە و دەیان بردنەوە شار و دەیان فرۆشتن. بەڵام عەنبەری خاویش بۆخۆی لە زەوی دەردەهات و گەرمایی خۆر دەیتوانەوەو دەرژا سەر

زەوی کە بۆنی ئەو لاپاڵ و دۆڵی بەر شاخەی پڕ کردبوو. کە دەتوت میسك رژاوە. بەڵام نەدۆڵەی ئەو(عەنبەر)ەی لێ دەڕۆیشت کەس نەی دەتوانی:

دەستی پێی بگات. چونکە چواردەوری زەنجیرەچیایی بڵند بوون. ئیدی دەستمان بە گەڕان کردو سەرمان لەکاری خوا سوورمابوو بۆ ئەو نیعمەتانەی لەو دوورگەیەدا هەبوو. چونکە نەشارەزاش بووین زۆر دەترساین ئیدی رۆژێ ژەمێکمان خواردن دەخوارد. لەو برە زەخیرەیەی لەکەنار دەریا کەوتبوون، بەهۆی تێکشکانی کەشتیە کانەوە، زۆریشمان لێ مرد ئێمەش بەو کۆتالأنەی کەنار دەریا کفنمان بۆ دەرکردن ولە گۆڕمان دەنان. تاکو دەورو بەرم هەموو مردن، خۆم بەتەنیا لەو دوورگەیەدا بەتەنیا مامەوە. جاروباریش بۆ خۆم دەگریام. چونکە گەربمردمایە کەس نەبوو بم نێژێ!! . بۆیە لە دڵی خۆمدا وتم:

خۆزگە پێش هاوارێکانم بمردمایە لایەنی کەم خۆ دەنێژرام! ئەمجا وتم:

( لاحول ولا قوه الا بالله العلی العظیم).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٦١

شەهرەزاد وتی:

سەندو بادوتی:

کەئومێدم لە ژیان بڕی و زەرد ولاواز بووم. لە کەناری دەریا گۆڕێکم بۆ خۆم هەڵکەند و لە دڵی خۆمدا وتم:

هەر کە زانیم، ئیدی توانای هەستان و رۆیشتنم نەماوە. ئەوا تێیدا رادەکشێم. تاکو گیانم دەر دەچێت، ئیدی وردە وردە با خۆڵ دەکاتەوە بەسەرمدا و چاڵەکە پڕ دەبێتەوە. ئەمجا کەوتمە لۆمە کردنی خۆم کە هێندە هێڕ بووم لەوڵاتی خۆم چوومە دەرەوە. رێزی ئەو خۆشی و بەختیاریەم نەزانی. ئاوا دەربەدەر بووم و بێ کەس و بێ دەر دەمرم. لەسەفەری یەکەم و دووەم و سێ یەم و چوارەم و پێنجەم، هەر تێنەگەیشتم، کە بەم شێوەیە . تووش نەبم:

کە ئاوام بەسەر هات، دەبوایە تۆبەم بکردایە و جارێکی دی سەفەرم نەکردایە. دوای ئەوەی دەستم لە خۆم شت:

هات بە بیرمدا کەبۆچی بەلەمێکی بچووك بۆخۆم دروست نەکەم و خۆم نەدەم بە دەم ئەو رووبارەوە!!؟ خۆم و بەختم! بەڵکوو بەلای شارێك، دێ یەکدا بڕوات و رزگارم ببێت.

گەر خنکایشم، لەمردن لەم دوورگەیەم پێ باشترە. بەدەم کۆکردنەوەی دارو قامیش و دروست کردنی گوریس لە رەگ و ریشەی درەختان ولاسکە نەرمەکانەوە بەزدییم بە خۆمدا دەهاتەوە. ئەمجا کە داربەستەکەم تەواوبوو خستمە رووبارەوە و سواری بووم و خۆم دا بەدەم ئاوەکەوە، لەومەرجان و مرواری و وردە زێڕێکی زۆرم لە گەڵ خۆم هەلگرتبوو، هەندێك (عەنبەر)یش. هەرچیەکم لە زەخیرە و خواردن کۆ کردبووەوە، خستمە ناو بەلەمە داربەستەکەمەوە. دوو سەوڵیشم لە دوو تەنیشی بەرامبەری یەك بەستبووەوە.

شاعیران وتوویانە

دەرچۆ لەوماڵەی تەنگە دڵت لێی باخەفەتباربێت، کەسی خانە خوێی
ماڵ و جێ، نەما بۆت دەکرێتەوە بەلام خۆت تیا چوویت:
نایتەوە جێ ی
کێشەو رووداوت، کەبەسەرداهات خەم دەڕوا وشادی دەگەیتەوە پێ ی
لە هەر کوێی زەوی مەرگتی لێ بوو ئەوا . میوانی گۆڕەکەی ئەوێی

ئەوەبوو، ئاوی رووبار خۆم و داربەستەکەمی برد، تاکو ئەشکەوتێکدا چووە خوار و بووە تاریك و نوتەك، جاری وابووە، داربەستەك دەیدا لە لیواری رووبارەکەو هەندێ جاریش سەرم بەر بنمیچی ئەشکەوتەکە دەکەوت. بۆیە لەسەر داربەستەکە راکشام. لەدڵی خۆمدا وتم:

خۆزگە ئەم بەلەمەم دروست نەکردایە باشە ئەی ئەگەر ئەم داربەستە نەچوو بە ئەشکەوتەکەوە چی!!؟ خۆ دەبێت لەم تازیکە ئەنگوستەچاوەدا بمرم! زۆری ماندوو کردم و پەژارەی پێ نۆشیم. کەماندوویەتی کارێکی پێم کرد، خەوم لێ کەوت. کاتێ بەلەمەکەدەیدا بەکەناری رووبارەکەی ناوئەشکەوتەکە بەئاگاهاتمەوە و کە بەرایی یە پان و پۆڕدەبووەوە لێی دەنووستمەوە. نازانم چەندە بوو نووستبووم. کە بەئاگا هاتمەوە، دەوروبەرم رووناکەو داربەستەکەیان بەستووەتەوە و کۆمەڵێك لە هیندی یە سوورەکان دەوریان داوم. بەزمانی خۆیان پرسیاریان لێ کردم، منیش لە خۆشی ئەوەی لەو ئەشکەوتە تاریکە رزگارم ببوو، جێم بە خۆم نەدەگرت. ئەوان پرسیاریان دەکرد و من لێیان تێ نەدەگیشتم، پێم وابوو خەون دەبینم! هێشتا نووستووم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٦٢

شەهرەزدا وتی:

سەندو بادوتی:

خۆم بێدەنگ کرد، چونکەلە زمانی ئەوانم نەدەزانی. هێندەم زانی یەکێکیان هاتە نزیکم و سڵاوی لێ کردم بەزمانی عەرەبی رەوان. منیش وەڵامیم دایەوە. ئەمجا پرسی تۆ ناوت چییە؟ لەکوێوە هاتوویت؟ بۆ کوێ دەچیت؟ ئەو دیو ئەم کێوە شاری لێیە؟ چونکە ئێمە نازانین! منیش پرسیم! ئێوە کێن؟ ئێرە کوێ یە؟ ئەویش وتی:

ئێمە کشتکارین و زەوی دەکێڵین. هاتین ئاژەڵەکانمان ئاو بدەین تۆمان بینی لەم داربەستەدا نووستبوویت! ئێمەش بەلەمەکەی تۆمان گرتەوەو بەستمانەوە. تاکو بەشێنەیی بە ئاگا بێیتەوە. جا تۆ پێمان بڵێ بۆ چی گەیشتوویتە ئێرە!؟ منیش وتم:

بۆ خاتری خوا یەکەمجار تێرم بکەن . دوایی وەڵامی هەموو پرسیارەکانتان دەدەمەوە! ئەمجا ناردی خواردنیان بۆ هێنام. کە تێرم خوارد کەمێ تینم هاتەوە بەر، سوپاسی خوام کرد، ئەمجا زۆر خۆشحاڵ بووم کە لایەنی کەم چوومەوە نێو مرۆڤ و لەو دوورگە چۆڵە رزگارم بوو. ئەمجا بەسەرهاتی خۆم بۆ گێڕانەوە. بەتایبەتی تەنگی ئەو رووبارە تاریکەی ژێر شاخە بڵندە کە! ئەوانیش لە نێوان خۆیاندا بڕیاریان دا بم بەنە بەردەم پاشایان تاکو ئەم بەسەرهاتە ببیستێت! خۆم داربەستەکەمیان لەگەڵ خۆیان برد بەو هەموو یاقوت و مرواری وزێڕەوە، بۆلای پاشاکەیان. ئەویش بەخێری هێنام وپرسیاری سەفەرەکەی منی کرد، منیش چیم بەسەر هاتبوو، بۆم گێڕایەوە. پاشایش سەری سوڕما! ئەمجا چوومە بەلەمەکەمەوە، یاقوت ومرواری و زێڕ و عەنبەر و بەردە بەنرخەکانم هێنا و پێشکەشی پاشام کرد. پاشا دیاریەکانی پەسەند کرد و زۆری رێزگرتم. ئەمجا خستمیە ناو پیرانی مەملەکەتەکەیەوە. ماوەیەکی باش، لەکۆشکی پاشادا مامەوە. ژیانم بەم شێوەیە دەگوزەرا تاکو رۆژێکیان بیستم بڕێك بازرگانی شار کۆبوونەتەوە و دەیانەوێت بەرەو شاری بەسرە سەفەر بکەن. منیش بەخۆم وت:

ئەمەهەلە و بۆم هەڵکەوتووە. لەگەڵیان دەچمە سەفەر. بۆیە خۆم گەیاندە پاشاو پێم وت:

دەمەوێت لەگەڵ هەندێك بازرگانی شار سەفەر بکەم و بڕۆم. پاشایش وتی:

ئاخر هۆگرت بووین، لێرە لە وڵاتی ئێمە بمێنەوە. منیش وتم:

گەورەم بیری ماڵ ومنداڵ و نیشتمانەکەم دەکەم. پاشا وتی:

کەوابوو بەدڵی خۆت. ئەمجا ناردی بە شوێن ئەو بازرگانانەدا، منی دایە دەستیان و ئامۆژگاری کردن ئاگایان لێم بێت. دیاریەکی زۆری پێدام. چەند دیاریەکیشی لە گەڵ مندا نارد تاکو بیدەمە، خەلیفەهارونەرەشید لە شاری بەغدا. منیش خواحافیزیم لە هاوارییانم کرد. لەگەڵیان سواری کەشتی بووم، چەند شەو رۆژ بەرێوە بووین. پشت بەخوا با یارمەتی دەرمان بوو. ئەم دوورگە بۆ ئەو دوورگە، ئەم دەریا بۆ ئەودەریا تاکو گەیشتینە شاری (بەسرە) بەسەلامەتی چەند شەوێك لەوێ مامەوە. دواتر بارەکانم بارکردەوەو بەرەو شاری بەغدا کەوتمەوە رێ. دوای ئەوەی لەماڵی خۆم ماندوویەتیم دەچوو بەدیاریەکانەوە، خۆم گەیاندە کۆشکی خەلیفە هارونە رەشید. دیاری یەکانم پێداو، چیم بەسەرهاتبوو، لە سەفەرەکەمدا بۆم گێڕایەوە، ئەمجا لەماڵی خۆم هاوارییانم و دەر و دراوسێکانم هاتنە سەردانم و بەخێریان هێنامەوە. دوای ماوەیەك هارونە رەشید ناردی یە دووم. کەچوومە لای لێی پرسیم:

کە ئەم دیاریانە کێ ناردوونی!؟ منیش وتم:

( قوربان بەو خوایە نازانم ئەوشایەی ئەم دیاریانەی بۆ ناردووی ناوی چی بوو! مەملەکەتەکەشی نازانم ناوی چی یە! هێندە دەزانم لە داربەستەکەمدا خەوم لێ کەوتبوو، بەلەمەکەمیان گرتبووەوە و بەستبوویانەوە، ئەمجا بردمیانە لای پاشەکەیان، منیش دیاریەکی زۆرم پێ بوو، پێم بەخشی. ئیدی بەسەرهاتی سەفەرەکەی خۆم بۆ گێڕایەوە.

خەلیفە سەری لەم چیرۆکە سوورما. نووسەرانی بانگ کرد و فەرمانی پێدان کە بەسەرهاتەکەم بنووسنەوە، بۆ ئەوەی بچێتە مێژووەوە و ون نەبێت. خەلیفە هارونە رەشید خەلاتێکی زۆر باشی کردم. ئەوە بوو دوای ماوەیەك حەوامەوەو چونکە قازانجێکی زۆرم کردبوو، ژیانم بەخۆشی وکامەرانی بەسەردەبرد. ئەمجا سەند وبادی دەریا فەرمانیدا(١٠٠) میسقاڵ زێریان بە خەلات بەخشی بە سەندو بادی وشکانی. ئەویش سوپاسی کرد و رۆیشت ئەو شەوەی لە ماڵی خۆیان بەردە سەر. بەیانی دوای ئەوەی نوێژی بەیانی کرد، چاوەڕێی کرد تا خۆر وبان گەرم بوو. ئەمجا بەرێ کەوتەوە بەرەو ماڵی سەندوبادی دەریا چاوەڕێیان کرد، تا هاوارییان کۆبوونەوە. ئەمجا سەندوبادی دەریا دەستی بە گێڕانەوە کرد و وتی:

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٦٣

شەهرەزاد وتی:

سەندوبادی دەریا وتی:

ئەوەبوو، لە شەشەم سەفەرم کە گەڕامەوە قازانجێکی زۆرم کردبوو. زۆر بەختیار و شادمان بووم، ماوەیەکی زۆرم بردەسەر. ئیدی کەڵکەڵەی سەفەرێکی دی کەوتەوە سەرم و تاسەی بینینی شوێنانی دی، وای لێکردم خۆم بۆ سەفەرێکی دی ئامادەبکەم. بارو بارخانەیەکی باشی بازرگانیم ئامادە کرد و بارم کردن و بەرەو شار بەسرە بوومەوە. کەشتی یەکم بینی کۆمەڵە بازرگانێکی دەوڵەمەند و ناسراوی تیا بوو. منیش بارە بازرگانیەکانم سەرخست، کەشتی کەوتەڕێ بە دەریادا، با یارمەتی دەرمان بوو. دوای چەندین شەو و رۆژ، گەیشتینە وڵاتی(چین). ئیدی زۆر خۆشحاڵ بووین، بە گەیشتنمان، ئێمە هێندەمان نەما بوو، بگەینە کەنارو لەنگەر بگرین هێندەمان زانی بایەکی توند هەڵیکرد بارانێکی بەخۆڕەم باری!! هێندە بە لێزمە بوو، کەخۆمان و بارەکانمان تەڕ بووین. کەوتینە هاوارو قیژەو پاڕانەوە لە خوا کە رزگارمان ببێت. سەرۆکی کەشتیەوان بە کۆڵەکەی ناوەڕاستی کەشتیەکەدا هەڵزنا کە بڵند بووەو سەیری چوار لای کەشتیەکەی کرد، بەپەلە هاتە خوارەوەو کەوتە هاوار هاوار و لە خۆدان و وتی:

تازە تیا چووین. خواحافیزی لە یەکتر بکەن چونکەرێمان ون کردووە و چووینەتە دەریایەك، کە لەو پەڕی دنیایەوە رێ دەرنابەین! ! ئێرە پێی دەوترێت هەرێمی شاهان و گۆڕی حەزرەتی سلەیمان لێرەیە! سڵاوی خوای لێ بێت. پڕە لە ئەژدیهای دەریا و نەهەنگ. هەر کەشتیەك گەیشتبێتە ئێرە دەرباز نەبووەو تێك شکێنراوە! ! سەرۆکی کەشتیەوان هێشتا قسەکەی تەواونەکردبوو هێندەمان زانی کەشتیەکە لە رووی ئاوەکەوە بڵند بووەوە و دەنگێك هات:

لە هەورە بروسکە دەچوو. ئێمەش رەنگمان پەڕی و وامان زانی تیا چووین!! هێندەمان زانی (نەهەنگ)ێك بەرەوکەشتیەکە هات لە شاخێکی بڵند دەچوو. ئێمەش شایەتمانمان هێناو خۆمان بۆ مردن ئامادە کرد. کاتێکمان زانی نەهەنگی دووەمیش هات ! باوەشمان بەیەکدا کرد و خواحافیزیمان لە یەك کرد. روانیمان نەهەنگی سێ یەمیش پەیدا بوو. دەستیان کرد بە سووڕاننەوە بەدەوری کەشتیەکەماندا. کە هێندەی نەمابوو کەشتیەکەشمان قوت بدەن!! ئەمجا بایەکی توند وتیژ هەڵی کرد. کەشتیەکەی تێك و پێك شکاند و هەموو سەرنشینان کەوتنە دەریاوە وبارەکانی ناو کەشتیەکەش نقووم بوو. منیش لە ناوەکەدا هەندێك نقووم بووم و هاتمەوە سەر ئاوو، هەرچی بەرگێکم لەبەردا بوو دامکەند و فڕێم دا

تەنیا دەرپێیەك نەبێت. کەوتمە مەلە کردن بەرەو پارچە تەختەیەکی شکاوی کەشتیەکە و خۆم پێیدا هەڵواسی. ئەمجا چوومە سەری و ئەم دیوو ئەو دیویم توند بە دەست گرت. شەپۆلەکان بڵندیان دەکردمەوە و نقووم دەبوومەوە. زۆریش دەترسام بەڵام چارم ناچار بوو. کەوتمە لۆمە کردنی خۆم کە بۆچی ئەم سەفەرەم کرد و جاری پێشوو عارم نەنا!!؟ بەخۆم وت:

سەندوباد هەموو جارێك تۆبە دەکەیت بەڵام کە دەحەوێیتەوە بیرت دەچێتەوە و تێ هەڵدەچیتەوە و خۆت تووشی ئەم ترس و لەرزە دەکەیتەوە. ئاخر خۆ من زۆر دەوڵەمەندم. ئەم تەماعبازیەم لەچی یە؟ ئەمجا بیری ئەو ژیانە خۆشەم کەوتەوە، کە لە بەغدادا بەسەرم دەبرد. دەستم بە گریان و پاڕانەوە کرد بو بەخۆم وت:

( تۆبە بێت تۆبە). کەجارێکی دی سەفەر ناکەم و ئەمە دوایەمین سەفەرم دەبێت. رۆژی یەکەم و دووەم بەسەر تەختەکەوەو تەختەکەیش بەسەر دەریاوە بوو. دواتر لە کەناری دوورگەیەك تەختەکە گیرسایەوە و هەرچۆنێك بوو، شەکەت و ماندوو، لە کەناری دابەزیم. خۆم گەیاندە درەختە بەردارەکان و خۆم تێر کرد و لەو دەوروبەرە، رووبارێکی مەزنی تیژڕەوم بینی و تێرم خواردەوە. کە ماندوویەتیم دەرچوو بیری سەفەری پێشووم کەوتەوە. بەخۆم وت:

ئەمجارەش وادەکەم گەر خوا کردی و رزگارم بوو، تۆبە بێت، جارێکی دی سەفەر ناکەم. گەر تیاش چووم، ئەوە هەر رزگارم دەبێت لەم خەم و پەژارەیە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٦٤

شەهرەزاد وتی:

کەوتمە کۆکردنەوەی داری کاج بێ ئەوەی دارەکە بناسم. لە تاڵی جۆرەگیایەك گوریسم دروست کرد و بەو دارە درێژانە داربەستێکم لێ دروست کرد خستمە ئاوی رووبارەکەوە وسواری بووم. ئیدی رۆژی یەکەم و دووەم و سێ یەم بەو رووبارەدا تەختە بەستەکەم رۆیشت. کەتینووم دەبوو . لە ئاوی رووبارەکەم دەخواردەوە. هێندە برسی بووم وەکو جووجکی نەخۆشم لێ هاتبوو. دواتر گەیشتمە دامێنی شاخەکەو رووبارەکە بەرژێریدا رۆیشت و منیش هێندەی دی ترسم لێ نیشت، هێندەش برسی بووم خەوم لێ کەوت کە بە ئاگا هاتمەوە، لە کەناری شارێکی گەورەدام. کە خانووبەرەکانی گەورە و جوان بوون.

خەڵکێکی زۆری تیا بوو. کەمنیان بەو شپرزەیە بینی تۆڕێکی ماسی گرتنی گەورەیان بۆ هەڵدام .! ئەمجا داربەستەکەمیان لەئاوەکە دەرهێنا، منیش رەنگی مردووم لێ نیشت بوو. لە نێو خەڵکەکەدا، پیاوێکی پیری بەکەسێتی هەندێ بەرگی جوانی بۆ هێنام. لەبەرم کردن. ئینجا دەستی گرتم و بردمی بۆ گەرماو، کەجوان خۆم شت، دەستی گرتم و بەرەو ماڵی خۆیان. لەوێش بەخێریان هێنام. خواردنیان بۆ هێنام وتێریان کردم. ئەمجا سوپاسی خوام کرد. کە تێر بووم، کەرزگارم بوو.

ئەو پێرەمێردە شوێنێکی لە ماڵەکەی خۆیدا بۆ تەرخان کردم. فەرمانی بە خزمەتکارانی ماڵ دا، پەزێراییم بکەن و خواردنم بۆ بێنن. ئیدی، حەوامەوە. رۆژی چوارەم هاتەلام و پێی وتم:

کوڕی خۆم کاتی ئەوە هاتووە، لەگەڵ مندا بەرەو کەناری دەریا ببیتەوە.

کاسبی یەك بکەیت و شت وەك بکڕیت و بفرۆشیت. منیش زۆرم پێ سەیر بوو. چونکە ئەوپێی وتم:

کەلوپەلەکانت:

بفرۆشەو پارەکەی وەربگرە بۆیەلە خۆم پرسی: کەلوپەلی چی؟ ئەمە چ قسەیەکە!؟ شەهرەزدا هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٦٥

شەهرەزاد وتی:

پێرەمێرد وتی:

هەستە بابڕۆین. گەر کەلوپەلەکانت پارەی باشی کرد، بیان فرۆشە، ئەگەرنا، لە گەنجینەکانی خۆم دا بۆت هەڵدەگرم، تائەو کاتەی پارەی باشت بۆ دەکات. ئەوجا بیان فرۆشە. منیش، کەمێ بیرم کردەوە، دواتر بەخۆم وت:

شوێنی دەکەوم بزانم چی دەبێت. ئەمجا پێم وت:

بەچاوان مامەپیرە. چۆنت پێخۆشە وادەکەم. هەرکارێك تۆ بیکەیت، خوا یار بێت پیرۆزە. لە قسەت دەرناچم. کەگەیشتین، پیرەمێرد فەرمانی دا حەماڵەکان دار بەستەکەیان کردەوەو ئەمجا دارسەندەڵەکانیان خستە مەزارەوەو هاواریان بۆ فرۆشتنی کرد. دوای

کەمێك نرخەکی گەیشتە(١٠٠٠٠) دینار. ئەمجا کڕیارەکان بێدەنگ بوون. پیرەمێردەش هاتە لامەوەو وتی:

ئەونرخەت بەدڵە، تاکو پارەکەی وەرگرم؟ یان حەماڵی بۆ بگرم بیبەینەوە گەنجینەکانم و هەڵیان بگرین!!؟ منیش وتم:

خۆت چۆنت پێ باشە، وابکە. ئەویش وتی:

دە باشە، مادام وای لێهات، لەگەڵ ئەو(١٠٠٠٠) دیناردا (١٠٠) دیناریشی دەخەمە سەر و بۆخۆم هەڵی دەگرمەوە دەڵێی چی؟ منیش وتم:

پەسەندمە. ئەمجا پارەکەی پێدام و فەرمانی بە خزمەتکارانی دا، تەختەکانی بۆ ببنەوە گەنجینەکانی خۆی و پێکەوە ڕۆیشتینەوە، لەماڵەوە، ناردی سندوقێکی بچووکیان هێنا. پارەکەی بۆ ژماردم و دواتر خستیە ناو سندوقەکەوە ودایخست و کلیلەکەی دایە دەستم. دوای چەند ڕۆژێك پیرەمێرد وتی:

( کوڕەکەم دەمەوێت شتێکت پێ بڵێم:

حەزیش دەکەم بەقسەم بکەیت). پرسیم:

ئەو شتە چیە؟ وتی:

کوڕەکەم من بازرگانێکی دەوڵەمەندم وەکوخۆت دەم بینی، بەڵام خوا کوڕێکی نێرینەی پێ نەبەخشیم! تەنیا کچێکی تازە پێگەیشتووم هەیە. لەجوانیدا، کەم وێنەیە! سامانێکی باشی هەیە. وەرە، با لێت مارە بکەم و لەسەر ئەم ماڵە دابنیشەو ببە کوڕم. منیش هەمووسامانێکی خۆمت دەدەمێ، بۆخۆت دەبینی کە هێندەم بەبەرەوە نەماوە لە ژیاندا. منیش بێدەنگ بووم. دیسان پیرە وتی کوڕەکەم وەرە بە گوێم بکە. با ببیتە خاوەن سامانەکەم. ئەگەر بتەوێت سەفەر بکەیتەوە بۆ نیشتمانی خۆت، کەس ڕێگرت نابێت. ئەمجا منیش بێدەنگیەکەم شکاند و وتم:

بەوخوا مامەگیان، من ماندووبوون و کێشەو مل ملانێیەکی زۆرم بینیوە! تۆیش هێندە باش بوویت بۆم وەکو باوکم سەیرت دەکەم. دیسان چۆنت پێ باشە وابکە و بە دڵی خۆت. ئەمجا خزمەتکاری نارد، قازیان هێناو شایەت ئامادە بوو مارەی کچەکەی لێ بڕیم. بەڕاستی کچەکەی جوان و خان ومان بوو بایی هەزار هەزاران دینار زێڕی پێوە بوو، هەرزوو خۆشم ویست. ژیانێکی ئاسوودەم لە گەڵدا بەسەر برد. دوای ماوەیەك باوکی مرد، ئیدی سامان و خزمەتکاران و خانووبەرەکانی کەوتنە ژێر دەستم. هاوڕێکانی پلەوپێیەی خەزوورمیان پێ بەخشیم و متمانەیان پێ دام. بوومە سەرۆکی بازرگانانی شار. ئەمجا کە تێکەڵی خەڵکی شارەکە بووم، بۆم دەرکەوت، هەموو سەری مانگان ڕەنگیان دەگۆڕڕێ وباڵدەگرن و دەفرنە

ئاسمان و دواتر دەگەڕێنەوە سەر زەوی. چوومە لای هاوارییەکم داوام لێ کرد کەلەگەڵ خۆی هەڵم بگرێت و بمبات.

ئەویش وتی:

شتی ئاوا نابێت!

منیش وتم:

لە شاردا، هەر ژن و منداڵ دەمێننەوە نافڕن! پیاوی چاك بە لەگەڵ خۆتدا، بامنیش بفڕم و بمبە، زۆرم تەقەلادا لە گەڵیدا تاکو رازیم کرد. ئەمجا خۆم ئامادەی فڕین کرد ئەویش بەوەی هاوارێکەی بیخاتە سەر باڵەکانی خۆی کەسەری مانگ هات کابرا خستیە سەر باڵەکانی و فڕین هێندە بڵند بوونەوە، گوێیان لە زیکری خوا بوو، کەفریشتەکان دەیانکرد. ئەمجا، ئاگر باران کران، کە خەڵکی شار بەم کابرایەیان زانی، منیان بردە سەر لوتکەی شاخێکی بڵند و جێیان هێشتم.

منیش زۆرم خەم خواردو وتم:

( لاحول ولا قوه الابالله العلی العظیم). خوایە گیان سوپاس گوزارتم لە کێشەیەك رزگار دەبم تووشی کێشەیەکی تر دەبم لەوەی پێشوو گرانترە. ماوەیەك لەو لوتکەی شاخە مامەوەو نەمدەزانی بۆ کوێ بچم. رۆژێکیان دوو لاوی شۆخ وشەنگم بینی، هەر یەکەیان گۆچانێکی زێڕینی بەدەستەوە بوو. منیش چووم بۆ لایان و سڵاوم لێکردن. ئەوانیش وەڵامیان دامەوە.

ئەمجا لێم پرسین:

( بۆخاتری خوا پێم بڵێن ئێوە کێن؟ چ کارەن؟

ئەوانیش وتیان:

دوو بەندەی خواین. ئەمجا گوچانەزێڕە سوورەکەی خۆیانیان پێم بەخشی و رۆیشتن ئیدی بۆ خۆم لە سەر لوتکەی ئەو شاخە مامەوە. کەوتمە رێ و گۆچانەکانم بەدەستەوە بوو. رۆژێکیان ئەژدیهایەکم بینی لە شاخەکە هاتە دەرەوە و مرۆڤێکی هەڵ لووشی بوو تاکو بن دەستی، هەڵلوشی بوو کابرایش دەی شیراند:

هەر کەس رزگارم بکات خوا لە لەبەڵاو کێشە رزگاری دەکات.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٦٦

شەهرەزاد وتی:

وتی:

منیش بە گوچانەکەی دەستم کێشام بەسەری ئەژدیهاکەدا پیاوەکە لە دەمی کەوتە خوارەوە. کابرا، بەڕاکردن هات بو لام سوپاسی کردم و وتی:

ئیدی من هاوارییەتی تۆ دەکەم. پەزێڕاییت دەکەم. منیش بەخێرم هێنا. ئەمجا هاتین بەڕێوە. کۆمەڵە خەڵکێکم بینی، کە ورد سەرنجم دا ئەو هاوارییەم بینیەوە. کە کاتی خۆی منی خستە سەر باڵەکانی و فڕاندمی بەرەو ئاسمان، چوومە لای و سڵاو م لێکرد. گلەییم لێ کرد و وتم:

هاوارێیەتی چۆن وادەبێت؟ . کەتۆ فڕێم بدەیتە سەر ئەم لوتکە شاخە.! !؟ زۆرم رێز گرت. ئەویش وتی:

براکەم خەڵکی شارەکە بەهۆی زیکری خواکەی تۆوە، ئاگرباران کران. بۆیە ئێمەش لە رقی خۆماندا تۆمان فڕێ دایە سەر لوتکەی ئەو شاخە!! منیش پەیمانم دا گەر جارێکی دی بمخەیتەوە سەر باڵەکانت هەرگیز زیکری خوا ناکەم. من چووزانم ناوی خواهێنان زیانتان پێ دەگەیەنێت!؟ ئیدی بەزەیی پێمدا هاتەوەو رازی بوو، کە فڕیەوە، خستمیەوە سەر باڵەکانی و گەڕامەوە شارەکەی خۆم و چوومەوەماڵ. شازادەی ژنم زۆری پێخۆش بوو کە بەسەلامەتی گەڕاومەتەوە. کە بەسەرهاتی فڕینەکەم بۆ گێڕایەوە . ئامۆژگاری کردم:

کە هاوارییەتی ئەو تیرەیە نەکەم ئەوانە برایانی شەیتانن. نایانەوێت ناوی خوابیستن. منیش وتم:

هەڵسووکەوتی باوکت لەگەڵ ئەمانەدا چۆن بووە؟ ئەویش وتی:

باوکم تێکەڵیان نەدەبوو. ئەمجا پێی وتم:

بەقسەی من دەکەی هەموو خانووبەرەو سامانەکان دەکەیتە پارەو باڵێرە بارکەین و بڕۆینەوە بۆ نیشتمانی تۆ خۆ من دایك و باوکم نەماوە ئیدی دڵم بەم وڵاتە ناکرێتەوە. ئیدی منیش دەستم کرد بە فرۆشتنەوەی خانووبەرە وسامانەکانی پێرەمێردی خەزوورم. ئەمجاکەوتمە چاودێری بازرگانان، کە بەڵکو منیش کەل وپەلی بازرگانی بکرم و لە گەڵیان سەفەربکەم. هێندەم زانی چەند بازرگانێك تەختەیان کڕی بوو، کەپاپۆڕێکیان بۆ دروست بکەن تاکو پێکەوە، سەفەری بازرگانی پێوە بکەن. منیش چوومە لایان و بەپارە یارمەتیم دان، ئەوانیش منیان لە گەڵ خۆیان برد. کەدواتر سەفەریان بۆ شاری بەغدا کرد. ئەمجا خۆم وژنم گەیشتینەوە بەغدا لەوێوە چووینە گەڕەکەکەی خۆمان. لە گەڵ ژنەکەمدا،

خۆمـان کـردەوە بـەماڵی خۆمانـدا و کـەس و کارەکـەم باوەشـیان پێـدا کـردم و بەیـەك شادبووینەوە. کەس و کارم، سەفەرەکەمیان دەستنیشان کرد، کـە (٢٧)ساڵم پێچووە!! ئیدی ئومێدیان بڕی بوو لەوەی جارێکی دی من ببینەوە!! ئیـدی منـیش ئـەوە دوا سەفەرم بوو. ئـەمجا زۆرم سوپاسی خـوام کـرد کە لـە سـەلامەتی گەڕاومەتـەوە، مـاڵی خـۆم. سەندوبادی وشکانی، داوای لێبۆردنی لەسەندوبادی دەریاکرد، بەوەی کەماندووی کردووە. ئیدی ژیانیان بەخۆشی و بەختیاری بەسەربرد تاکو خوا بردنیەوەبۆخۆی و مردن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٦٧

## چیرۆکی قوم قومی سلێمان

شەهرەزادوتی:

دەگێڕنەوە، لە کۆندا، لەسەر دەمانی دێریندا یەکێك لە خەلیفـەکان نـاوی: ( عبـدالملك کوڕی مەروان) بوو لە نێو گەورە پیاوانی مەملەکەتەکەیدا، دانیشت بوو. باسـی سـەردەمانی کۆنیان دەکرد، مێـژووی خواناسـان، نـاوی حـەزرەتی سولەیمان کەوتـە نێوانیانـەوە. سڵاوی خوای لێ بێت. وتیان:

خوای گەورە، ئەو دەسەڵات و سامانەی بەوەی بەخشی بـوو لـە دنیـادا بـەهیچ کەسێکی نەبەخشی بوو. جنۆکە ودێوو درنجی لە ژێر رکێف دابوو، تەنانەت دەیتوانی دێوەکان بەند بکات. جنۆکەکان بگرێت و لە قوم قومۆکەیان بخات، کە قوم قومۆکە، لە شـێوەی مەسینەی حەو تجۆشی بچووکدا بوو. ئەمجا کەدەیخستنە ناویـەوە، قوڕقـوشمی بەسـەردا، دەتواننـەوەو مۆری خۆی، دەدا لەسەری قوم قومۆکە کە. مۆری حـەزرەتی سـەولەیمان بەناوبانگە. تاڵبی کوڕی سەهل گێڕایەوە. کە کابرایەك لە گەڵ کۆمەڵێکدا، بەکەشتی یەك سەفەر دەکات بەرەو وڵاتـی(هینـد). دوای چـەند رۆژێـك، بایـەکی تونـد، لـەدەریادا هـەڵ دەکـات ونیوەشـەوێکیان کەشتی یەکە بەرەو زەویەکی خوا دەبـات. کـە رۆژ دەبێتـەوە، سەرنـشینان لـە کەشتی یەکە دادەبەزن دەکەونە گەڕان. کاتێك دەزانن کۆمەڵێك قولەرەش روت و قوت لە ئەشکەوتێکەوە بـەرەو روویـان دێـن ! ! پاشـاکەی خۆیـان لـە گـەڵ دەبێـت و تـەنیا ئـەویش زمـانی عـەرەبی دەزانێت. لێیان دەچێتە پێشەوەو بەخێر هاتنیان دەکات. ئەمجا لێیان دەپرسێت ئێوە کێن؟ لەسـەرج نـاینێکن؟ ئـەوانیش، وەڵامـی دروسـتی دەدەنـەوە. پاشـاکەش پێیـان دەڵێت گوێ

مەدەنیێ! ئێمەش هەر کۆمەڵێکمان لەسەر ئاینێکین، چونکە تاکۆ ئێستا، کەس نەهاتووەتە وڵاتی ئێمەو ئاینی ئیسلام و پێغەمبەرمان (د. خ) نەبیستووە!! ئەمجا لەگەڵ خۆی سەرنشینانی بردەوەو، میوانداری بەگۆشتی ئاژەڵ و باڵندە و ماسی کردن!! چونکە هێشتا فێری چێشت لێنان نەبوو بوون. ئەمجا، پاشا و یاوەرانی سەر نشینانیان لەگەڵ خۆیان بردن بۆ گەڕان. چوونە بازاڕەکانیان و دوایی بردنیان بۆ سەر دەریا. لەوێ لای ماسیگرێکدا وەستابوون، دوای ئەوەی ماسیگرە تۆڕەکەی لە ئاوەکە دەرهێنا. ماسیەکانی لە سەر زەوی ڕشت. قوم قومۆکەیەکی تیا بوو. ماسیگرەکە، شکاندی، دووکەڵێکی شینی زۆری لێ هاتە دەرەوە و دواتر کەسێکی زۆر ناشیرین، لە نێو دووکەڵەکەدا، پەیدا بوو کەسەری لە ئاسمان توند کردبوو. هێندەی چیایەك بڵند بوو. بەدەنگێکی زۆر گەورە هاواری کرد:

تۆ بە ئەی حەزرەتی سولەیمان تۆبە ! ئەمجا ئەو کەسە درێژە زەبەلاحە لێی داو ڕۆیشت و لە چاوان ون بوو!! . خەلیفە( عبدالمالك کوڕی مەروان)، سەری لەم بەسەرهاتە سوڕما!! وتی:

( پەنا بەخوا . کە ئەو نیعمەتانەی بە حەزرەتی سولەیمان داوە!! ). لە نێوان کوڕەکەی خەلیفە عبدالمالك کوڕی مەرواندا ( نابغەی زەبیانی) شاعیر هەبوو. ئەویش وتی:

بۆ ڕاستی ئەم بەسەرهاتە، پێشینان ئەم شیعرەیان وتووە

بۆ سولەیمان فەرمانی خوا بوو

بەسەر هەمواندا فەرمان ڕەوا بوو

گوێ ڕایەڵانی ئاسوودە دەژیان

ملهۆڕ بەند دەکراو سوك و ڕیسوا بوو

بۆیە، جنۆکە و دێۆ وخێو گەر ملهۆڕیان بکردایە لە مەسینەی مسین دا، بەند دەکران وسەریان مۆری حەزرەتی سولەیمان دەکران و فڕێ دەدانە دەریاوە. خەلیفە عبدالملك وتی:

( بەو خوایە زۆر حەز دەکەم مەسینەیەکی مسینی ئاوا ببینم!! ). تاڵب کوڕی سەهل وتی:

( قوربان ئەو کارە ئاسانە. نامەیەك بنووسە بۆ عبدلعزیزی خەلیفەی برات داوای لێ بکە نامەیەك بنووسێت بۆ (موسی)، کە بچێت بۆ وڵاتی خۆرئاوا تابگاتە، ئەو شاخە بڵندە، چونکە دەریا لە نێوان وڵاتی ئەو و ئەو کێوە بڵندەدا نیە و دەیگاتێ .! چەندت بوێت لەو مەسینە مسیانە، بۆت دێنێت). میری موسڵمان بیر وڕاکەی پێ باش بوو ئەمجا وتی( تاڵب ئەوا تۆم کردە نوێنەری خۆم و ڕەوانەی ئەو وڵاتەت دەکەم بچۆلای (موسی) و فەرمانی پێ بدە ! چەندەش پارەت دەوێت لەبەردەستتدایە! دریغی مەکە! ) ئەویش وتی:

بە چاوان قوربان، ئەمجا هەر لەوێدا فەرمانی دا نامە یەکیان، بۆ خەلیفە عبدلعزیزی برای بنووسی، نامەیەکیش بۆ (موسی)، تێدا فەرمانی پێدا، کە خۆی بەردو ئەوشاخە بڕوات. ئەمجا فەرمانی دا، کۆمەڵێك سەرباز لەگەڵ خۆی ببات و ئاڵای مەملەکەت هەڵ بکات. هەرچی پارەو سامانێکیش بۆ سەفەرەکەیان پێویست بوو لە خەزێنەی دەوڵەت وەری بگرن. کە نامەکان گەیشتن، خێرا سوپا رێکخرا و بەرەو وڵاتی میسر سەفەریان کرد. دوای ماوەیەك گەیشتن و میری وڵاتی میسر، زۆر رێزی گرتن و خزمەتی کردن. دواتر سوپێیەکی لە گەڵ نادرن بەرەو وڵاتی:

(موسای کوڕی نەسر). کە گەیشتن، موسا رێزی گرتن و میوانداری کردن. نامەکەی میری موسڵمانانی خستە سەر سەری و وتی:

بەچاوان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٦٨

شەهرەزاد وتی:

میر مووسا، گەورەپیاوان و زانایانی کۆکردەوەو پێی وتن:

خەلیفە ئەم نامەیەی بۆ من ناردووەو ئەم داواکاری یەی هەیە. ئێمەش دەبێت گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بین. ئێوە چۆن تەگبیر دەکەن!؟ ئەوانیش دوای کەمێك وتیان:

قوربان، ئەم کارە تەنیا بە مام سەمەدی کوڕی عبدلقدوسی سمودی دەکرێت. چونکە پیاوێکی زنا و سەفەرێکی زۆری کردووە. دەشت و دۆڵ و بیابانێکی زۆری بڕیوە. میر موسا ناردی بە شوێنیدا، کە بۆیان هێنا پێی وت:

مام سەمەد:

خەلیفە عبدالملك کوڕی مەروان، داوای سەفەرێکی ئاوای لێمان کردووە، ئێشتاش، من ناشارەزای ئەو رێگاو شوێنەم. بیستوومە تۆش شارەزای ئاخۆ فەرمانی خەلیفە جێ بەجێ دەکەیت و لە گەڵمان دێیت!؟ مام سەمەد وتی:

قوربان رێگاکە هەڵەت و نشێوەو زۆرمان پێ دەچێت. میر موسا پرسی:

چەندمان پێ دەچێت؟ مام سەمەند وتی:

بە(٢)ساڵ و چەند مانگێك دەگەنە ئەوێ لەوسەریشەوە هێندەی ترمان پێدەچێت. نەسرانیەکان دراوسێمانن و دوژمنمانن. بۆیە دەبێت کارێ بکەیت، بەسەفەر کردنت

پەلاماری دەوڵەتەکەمان نەدەن. میر موساش هارونی کوڕی خستە شوێن فەرمانڕەوایی خۆی فەرمانی بەسوپا دا، کە گوێڕایەڵی فەرمانەکانی بن. هارونی کوڕیشی پیاوێکی بەتوانا و ژیر بوو. ئەو شوێنەی قوم قومۆکەکانی لێیە کەوتۆتە کەناری دەریا، کە خانووبەردیەکی زۆری تێدایە و پڕە لە رەز وباخ . بەڵکو خوا، تۆی خۆش بوێت و رێگەمان ئاسان بکات. میر موسا پرسی:

پێش ئێمە هیچ پاشایەك چووەتە ئو وڵاتە؟ مام سەمەد وتی:

بەڵێ قوربان، کاتی خۆی وڵاتی(دارانی رۆم)ی شای ئەسکەندەریە بووە! ئەمجا کەوتنە رێ و سەفەریان دەست پێ کرد. دوای ماوەیەك مام سەمەد بە میری وت:

فەرمووبا بچینە ئەو کۆشکەوە، کەدەبێت پەندی لێ وەربگیرێت. کە گەیشتنە بەر دەروازەکەی، بینیان کراوەیە چوونە حەوشەکەیەوە. دوو ریزە پلیکانەیان بینی بەرەو سەر دەچوو کە لە بەردی مەرمەڕ دروست کرابوو. بن میچی کۆشکەکە بەر زێڕ و زیو نەخشابوو لە سەر دەرگایەك بە زمانی (یۆنان)ی شیعرێك نوسرابوو. مام سەمەد وتی:

گەورەم بۆت بخوێنمەوە؟ میر وتی:

بەڵێ ئەی پیاوی بەسوود و پیرۆز. ئەویش ئەم شیعرەی خوێندەوە

قەومێکن ئاوا هەن بەنەمری جێماو بۆ(شا)یان ئەوەتا دەگری

ئەم کۆشکە بۆیان گەواهە کەوا بەیکگرتوویی ژینیان تێپەڕی

بە جۆرێك مردن لەیەکی کردن کۆ ناکرێنەوە، ئەم سەرو سەری

میر موسا، کە ئەمەی بیست هێندە گریا بوورایەوە. کە بە ئاگاهاتەوە لە بەر خۆیەوە وتی:

تەنیا خوای تاکو تەنیا نەمرە! ! ئەمجا چوونە ژوورەوەو دووەم دەرگایان بینی. میرموسا وتی:

فەرموو مام سەمەد بیخوێنەوە

لەم گۆمەزەدا زۆر هاتوون و چوون ئەنجام نەمان و ئەوانیش تیاچوون

سەیری دەستکاری ئەوانە بکەن بەسەر هاتیانەو ئەوانە مێژوون

ئای کە خواردە بوون بەرگیان پۆشی دوایش لە خاکدا گردە نشین بوون

دیسان میر موسا دەستی بە گریان کردەوە. رەنگی زەرد هەڵگەڕا. وتی:

ئێمە بۆ کارێکی مەزن دروست کراوین. ئەمجا کۆشکەکە گەڕان، کەسی تیا نەبوو. دوای ئەوەی هاتنەوە حەوشەکەی، چەند گۆڕێکیان بینی. یەکێکیان، بەردی مەرمەڕ بوو لەسەر کێلێکی نووسرابوو

چەندێکمان بینی مابوون، چەند مردن

دواتر بەودیودا کەوتنە کۆچ کردن
خواردیان بێخەم بوون، خواردیانەوە
دڵشاد بوون کەوتنە گۆرانی وتن
پێش ئەوەی پیاڵەی مردن بنۆشن
مەعلووم موحتاجی حسابی وردن

میر مووسا بەدەم گریانەوە، بۆ گۆمەزەکەی سەری داموکایەوە، (٨)دەرگای بینی، کە لە داری (سەندەڵ) دروست کرابوو. بزمارەکانی زێـڕ بـوون ! گـۆی زیـونی لێدرابوو ! دەرگای یەکەم لێی نووسرابوو

مردی ومیراتیت بەجیما لە دوا
قەدەرە گیانت دەکێشی و دەڕوا
ماقرێ نادەی گەر لە ژیندا بیت
لە ئاگریشت گەر بخەن بەخوا!
تاقەدەری خوا نەکاتە سەرت
کەس بەئاسانی سامانت ناخوا
نەدەوڵەت دادی دام ونەسوپا
نەهاوسێ و هاواری و کاری نا ڕەوا
باخۆشی دنیا لە خشتەت نەبا
بێ لە کردەوەت هیچی تر ناخوا

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٦٩

شەهرەزاد وتی:

میرمووسا هێنـدە گریـا بـێ هـۆش بـوو، کـە بـەئاگا هاتـەوە، روانـی پارچـەیەك ئاسنی گـەورەی بـینی. مـام سـەمەد بـەم شـێوەیە دەسـتی بەخوێندنـەوەی کـرد ( بـەناوی خـوای نـەمرەوە . کـەهاوتای نییـە. بـەناوی خـوای خـاوەن عـزەت و جەبـەروت). دوای ئـەوە، مـام سەمەد دەستی بەخوێندنـەوە کـرد ( ئـەی ئـەو کەسـەی گەیـشتوویتە ئـەم شـوێنە، پەند و ئامۆژگـاری لــە ڕووداوەکــانی ژیــان وەربگــرە. دنیــا فریــوت نــەدات! دنیــای، درۆزن و هەڵخەڵەتێنـەر. هـەڵت نەخەڵـەتێنێ. دنیـا وەکـو(سـەراب)وایـە سـەرنجت ڕادەکێـشێ و کە

دەگەیتە دنیا، دەورانی ئەوە نییە و سەرابە، شەیتان بۆ مرۆڤی دەڕازێنێتەوە. ئەمانە سیفەتی دنیان، هەواداری مەبە، من خاوەنی (٤)هەزار ئەسپ بووم. (١٠٠٠) ژنم هەبوو، لە کچە پاشایان، کە جوان بوون وەکو ئەستێرەی ئاسمان. (١٠٠٠) ساڵیش تەمەنم بوو. هێندەم سامان هەبوو، کە هیچ پاشایەکی سەر زەوی نەی بوو چونکە پێم وابوو، جێیان ناهێڵیم و نامرم. ئا لەم کۆشکەدا بە ئاسوودەیی ژیانم بەسەر دەبرد، تاکو خواگیانی کێشام. کاتێك زانیم هەڵەم هەر دەبێت بمرم و بە جێی بهێڵم، نووسەرم بانگ کردو ئەمانەم پێ نووسی. ئەمجا ناردم بە شوێن سەرۆکی سوپاو فەرمانمدا :

با سوپا بەرگی جەنگ بپۆشن، کە ئامادەبوون وتم:

بچن بە گژ خودا دا مەهێڵن گیانم بکێشن. سەرۆکی سوپا وتی:

قوربان کاری وا ناکرێت، خوا دەروازەی بێ دەروازەیە. ئەمجا فەرمانم دا سامانەکەیان بۆ هێنام کە (١٠٠٠) گونیە بوو. هەر گونیەیەك (١٠٠٠)(قنتار) زێڕی سوور بوو. ئەمجا وتم:

کێ ئەتوانێ نەهێڵێت بمرم ئەم سامانەی پێ دەبەخشم، بەڵام کەس نەهاتە پێشەوە بڵێت من دەتوانم. ناچار خۆم دایە دەست قەدەر. گەر دەتەوێت بزانی من کێم!!؟ ( من کوش کوڕی شەدادی کوڕی عادی گەورەم). ئەمجا ئەم شیعرەی تیا نووسرابوو

کوڕی شەدادم، ون مەکەن ناوم لە سەر زەویدا، (ئازا) ناسراوم
هێندە، مەزن بوو لەشکری وڵات لەدەوروبەرم نەترساوم
کەسواردەبووم سوپام بەدواوە لەنێو هەزاران هەزار وەستاوم
سامانم بەخشی بەوەی نەهێڵێت مردن بمبات و ببڕێ هەناوم
ئاخری مردن، یەخەی پێگرتم و ئالەم گۆڕەدا، بەبێ کەس ماوم
نەکەی بێ ئاگا ژین بەسەر بەری و بلێی، تاکو سەر، نامرم ماوم
شەهرەزاد هەستی کرد   شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٧٠

شەهرەزاد وتی:

میر مووسا دیسان دەستی بە گریان کردەوە، دواتر کەوتنە گەڕان. چوونە دیوەخانێکەوە، مێزێکی درێژی تیابوو، کە لە بەردی مەڕمەڕ دروست کرابوو. ئەمەی لە سەر نووسرابوو ( لەسەر ئەم سفرەو خوانە(١٠٠٠)پاشای لار کوێر- واتە چاوێکیان کوێر بوو، نانی خواردووە. (١٠٠٠)پاشای دووچاو ساغ نانیان خواردووە. کە دواتر هەموویان مردوون و لە گۆڕ نراون). میر مووسا، فەرمانی دا ئەمانەی بۆ بنووسنەوە.

میر مووسا ئەو سەفەرەی لە گەڵ خۆی لەو کۆشکە هێنایە دەرو نەی هێشت هیچ شتێك ببەن. ئەمجا سوپا کەوتەوە رێ بۆ سەفەر کردن و مام سەمەد، چاوساغیان بوو رێگای پیشان دەدان. (٣) رۆژ بە رێوە بوون. ئەمجا گەیشتنە بەردەم گردێك سەیریان کرد ئەسپ سوارێکی مسین، بەسەر گردەکەوەیە، رمێکی مسینی بە دەستەوەیە، بریسکەکەی ناوی چاوی دەبرد. لەسەری نووسرابوو ئەی ئەو کەسەی گەیشتوویتە ئێرەو رێ دەرنابەیت بەرەو شار، گەر دەتەوێت بەرەو شاری مسین برۆیت بەری دەستی ئەم سوارە بخورێنە .

رووی کردە هەر لایەك بەرەو ئەوێ، برۆ و بێخەم بە. میر مووسا دەستی سوارەی خوراند یەکسەر سوارەکە رووی بەلایەکی دیدا سوڕاند. ئیدی سوپاکە بەرەو ئەولایە سەفەریان کرد. شەو و رۆژێك بەرێوە بوون. ئەمجا پێیەیەکیان بینی، کە لەبەردی مەرمەڕ دروست کرابوو، لە بنیدا کەسێکی زەبەلاح لە زەوی چەقی بوو تاکو هەردوو بن باڵەکانی. چوار باڵی هەبوون. دووباڵیان دەستی مرۆڤی پێوە بوو دووباڵیشیان وەکو چنگ و نینۆکی شێر بوون. نووکی سەری لە کلکی ئەسپ دەچوو. چاوەکانی بە پشکۆی ئاگر دەچوون، لە نێوچاوانیدا چاوێکی گەورە هەبوو. ئەم زەبەلاحەهاواری دەکرد:

( پەنابە خوا بۆ ئەم بەلایەی تووشی هێناوم! تاکو رۆژی دوایی ئەمە حاڵمە). میر مووسا فەرمانی دا کە مام سەمەد لێی نزیك ببێتەوە و پرسیاری لێ بکات. مام سەمەد وتی:

قوربان نازانم ئەم زەبەلاحە چی یە! لێی دەترسم. میر مووسا وتی:

مام سەمەد پێ دەچێت دەوروبەری نەبینێت! ئەمجا مام سەمەد لێی چووە پێش و پرسی:

ناوت چی یە!؟ بۆچی لێرەدا بەندیت؟ زەبەلاحەکە وتی:

من ناتان بینم! ناوم( داهش کوری ئەعمەش)ە و خوا خۆی لێرەدا بەندی کردووم و تارۆژی دوایی دەمێنمەوە! منیش دێوێکم وەکو دێوانی دی. ئەمجا میر پێی وت:

لێی بپرسە بۆچی لێرەدا بەند کراوە؟ کەمام سەمەد ئەم پرسیارەی لێ کرد، دێوەکە وتی:

بەسەرهاتی من سەر سووڕ هێنە! هەندێ لە منالانی شەیتان بتێکیان هەیە کە لە (عەقیقە)ی سوورە. یەکەکێك لە پاشایانی دەریا دەیپەرست. کە زۆر بەدەسەلات و ترسناك بوو. بەهەزاران هەزار جنۆکەی لە ژێر رکێفدایە. ئەو جنۆکانە فەرمانی منیش جێ بەجێ دەکەن. ئەوجنۆکانە لە حەزرەتی سولەیمان هەلگراونەتەوە. کچی ئەوشا ترسناکە، زوو زوو دەهاتە پەرستنی ئەو بتە. منیش دەچوومە ناو بتەکەوەوفەرمانم دەدا و ئەوانیش فەرمانەکانی منیان جێ بەجێ دەکرد. ئەو کچە شازادەیە جوان و بێ وێنە بوو. منیش

وەسفی ئەو شازادەیەم بۆ حەزرەتی سولەیمان کرد ئەویش ناردیە لای باوکی خوازبێنی کرد. پێی ڕاگەیاند:

( دەبێت کچەکەتم بدەیتێ و ئەو بتە بشکێنیت و دانی پیا نێیت خوایەك هەیە منیش پێغەمبەری خوام. گەر ئەم فەرمانەم جێ بەجێ نەکەیت:

ئەوا سوپێیەکت بۆ دێنم ئاسمان و زەوی پڕبکات. کفن بۆ خۆت ئامادە بکە). کە ئەم نامەیە گەیشت بە شای باوکی کچەکە! زۆر تووڕە بوو. وەزیرانی کۆ کردەوەو لێی پرسین:

چی دەڵێن؟ ئەوەتا دواوای کچەکەم دەکات دەڵێت دەبێت ئەو بتەش بشکێنن. ئەمجا دەبێت بچینە سەر ئایینەکەی ئەویش. ئەوانیش وتیان:

باشە قوربان تۆ لە ناوەڕاستی ئەم دەریایەیت سوپێی ئەو دەگاتە مەملەکەتی تۆ؟ گەر توانی سوپاکەی بگەیەنێتە ئێرە، ئەوا دێوو درنج بۆ تۆ دەجەنگن وسوپێی سولەیمانی کوڕی داود تێك و پێك دەشکێنن. چاکتریش وایە پرس بە خوایە بتەکەت بکەیت. ئەمجا ئەویش یارمەتی سوپاکەت دەدات. کەوابوو هەر دەبێت لە گەڵیدا بجەنگیت، ئەمجا پاشا فەرمانیدا قوربانیان بۆ بتە عەقیقە سوور کرد. ئەمجا پاشا کڕنووشی بۆ برد و بەگریانەوە وتی:

خوایە بەئاگام لەهێز و توانات
بۆیە خۆم خستە بەرسایە و پەنات
فەرمانت بدە . با بەجێی بێنم
بۆ سەرکەوتنم هاتوومە داوات

ئەمجا دێو چوار دەستەکەی تا بندەستی لە زەوی چەقی بوو. بە مام سەمەدی وت:

منیش بێ ئەوەی هەست بەگەورەیی و بە توانایی حەزرەتی سولەیمان بکەم، چوومەوە ناو بتە سوور و ئاوام وت:

بەڵام وەکو تۆ من لێی نەترسام
چونکە لە توانای ئەو من بە ئاگام
گەربێتە جەنگم، زوو بۆی دەکێشم
گیانی دەکێشم هەرواش بەتەمام

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٧١

شەهرەزاد وتی:

کەپاشا ئەمەی بیست ورەی پەیدا کرد و، سوپێی ئامادەی جەنگ کرد. ئەمجا ناردی بەشوێن نوێنەری حەزرەتی سولەیماندا یەك زللەی لێدا وقیژاندی بەسەریدا کە چوویتەوە لای پاشات پێی بڵێ ( ئەگەر سوپاکەی نەهێنێت بۆ جەنگمان ئێمە هەڵدەکوتینەسەرتان).

ئەویش گەڕایەوە لای حەزرەتی سولەیمان و رووداوەکەی بۆ گێڕایەوە. کەحەزرەتی سولەیمان پێغەمبەر، سڵاوی خوای لێ بێت، ئەمەی بیست زۆر تووڕە بوو. بانگی (دمریات)ی گەورە وەزیر کرد، کە هات پێی وت:

فەرمان بدە کە دێو و درنج خۆیان ئامادەی جەنگ بکەن. حەزرەتی سولەیمان خۆیشی فەرمانی بە سەربازەکانی دا، هەرچی درندەو باڵندە و جنۆکەکان هەبوو، کۆی کردنەوە. فرندەکانی بەسەر سەریەوە بە ریز دەفرین و سەرباز و درندەکانیش بەدوایدا لە سەر زەوی دەڕۆیشتن، تاکو گەیشتنە دوورگەی ئەم پاشایە. ئەمجا نوێنەری نارد، پێیان وت:

حەزرەتی سولەیمان پێت دەڵێت بتە سوورەکەت بشکێنە بەخوای تاك وتەنیا بڕوا بێنە، لە سەر یاسای خوا کچەکەتم لێ مارە ببڕە. خۆت هاوڵاتیانت بڵێن:

( اشهد ان لا الەالاالله. واشهد ان سلیمان نبی الله). گەر ئەمەتان وت:

ئەوە سەلامەت و پارێزراون. گەر بڕوایش ناهێنن، قەڵاکانتان، رێگرمان نابن و دەستمان هەردەتانگاتێ! چونکە با لە ژێر رکێفم دایە. فەرمانی پێ دەدەم بەناوی خواوە هەمووی لەبن دەربێنێ و ئەوسا دەتان کەمە پەند. کە نوێنەری حەزرەتی سولەیمان گەڕایەوە وتی:

( پاشاکەیان دەڵێت جەنگ هەڵدەبژێرین با بێتە گۆڕەپان بۆمان). ئەمجا پاشا هەڵگەڕاوە، فەرمانی دا بە دێودرنجی دوورگەکانی بە جنۆکەکانی سەرشاخانی دەوروبەری، بەسەربازەکانی خۆی و گەنجینەکانی چەك و جبەخانەی بۆخستنە سەر پشت. پێغەمبەری خوا حەزرەتی سولەیمانیش سوپێی رێك خستەوە و فەرمانی بە درندەکان دا بەسەر لای راست و چەپی مەملەکەت دا دابەش بن. ئەژدیها و ماران لە ناوە راستیانەوە پەلاماری مەملەکەت بدەن( ئاسەف کوڕی بەرحینا)ی وەزیری لای راستەوە دانا (دمریات)ی گەورە وەزیریشی لای چەپەییەوە دانا. سوپا بەرەو مەملەکەت کشاو جەنگ دەستی پێکرد. دوو شەو و دوو رۆژ جەنگین. سوپاکەی من پێشەنگ بوو پەلاماری (دمریات)و سوپاکەیمان دا. ئەمجا بە جەنگاوەرانی خۆم وت:

لێرە بووەستن، وادەچم داوای جەنگی (دمریات) دەکەم شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

# شەوی٥٧٢

شەهرەزاد وتی:

دێو ە زیندەبەچاڵەکەی تابن دەستی لە زەویدا بوو وتی:

هێندەم زانی(دەریات)ی دێو بۆم هاتە مەیدان (دەریات) لە کێوێکی مەزن و سەخت دەچوو. پەلاماری یەکمان دا، بەجۆرێك نەعرەتەی لێدا، کەوام زانی ئاسمان درا هێندەمان شالاو بۆ یەکتر برد، هەردووکمان ماندوو شەکەت بوو بووین. باڵندەکان لە ئاسمانەوە دادەهاتنە خوارەوەو بە دەنووك وبە باڵ بەر بوونە دەم و چاوی سەربازان و دێو و درنجانمان. هاوار وناڵەی، شەرکەران دەگەیشتە ئاسمان. دێوان لەگەڵ دێوان و جنۆکەکان لە گەڵ جنۆکەکان سەربازان لە گەڵ سەربازان، دەجەنگان. ئیدی توانای شەڕی( دەریات)م نەما. رووی سوپاکەی خۆمم رەش کرد و هەڵاتم حەزرەتی سولەیمان فەرمانی دا و وتی:

شوێن ئەو دێوە جەنگاوەرە بکەون و بیگرن. شوێنم کەوتن:

تاکو ئێرە ئیدی خۆم دا بە دەستەوە. بەم جۆرەیان لێ کردم. سوپاکەشمان تێك شکا. مەملەکەتەکەیشمان کەوتە ژێر رکێفی حەزرەتی سولەیمانەوە.

ئەمجا میر مووسا پرسی:

بەکام رێگادا بەرەو شاری مسین بڕۆین؟ ئەویش وتی:

بە ئەو رێگەیەدا، دواتر دیواری قەلایەك دەبینن کە دەڵێی قالبی مس کراوە. (٢٢) دەروازەی هەیە هیچیان ناکرێتەوە و دیاریش نین!! کەگەیشتن سوپاکەیان دابەزاند. دوای حەوانەوە، بەو دیوارە بڵندەدا گەڕان یەك دەرگایان بۆ نەدۆزرایەوە.

میر مووسا وتی:

تاڵب کارێ بکە بچینە ئەم شارەوە. تاڵب وتی:

قوربان (٢) رۆژ بحەوێینەوە خوا یار بێت، رێگایەك دەدۆزینەوە. میر مووسا چەند وشتر سوارێکی فەرمان پێدا، بەدەوری ئەو دیوارە بڵندەدا بگەڕێن، بەڵکوو دەروازەیەك بدۆزنەوە. ئەو دوو رۆژە بە سواری بەو دیوارە بڵندەدا سووڕایەوە.

رۆژی سێ یەم وتی:

مریم لەم شوێنەی خۆمان نزم تر نییە لەم دیوارە درێژەدا. ئەمجا میر مووسا:

مام سەمەد و (تاڵب)ی برد و بەسەر شاخەکە بەرامبەری دا سەرکەوتن. لەو بڵندیەوە سەیری ناو شارەکەیان کرد. زۆریان پێ سەیر بوو !! شارەکە پڕ بوو، لە کۆشکی زۆر بڵند. چەندین رووبار و درەختی بەرداری تێدا بوو. ئاسمانی بە باڵندەی جۆارو جۆر بوو، بەڵام (کوندەپەپوو) لە سەر دیواران نیشتبووەوە.

ئەمجا میر مووسا وتی:

پەنا بەخوا هەر خۆی ناگۆڕڕێ. ئەمجا سەیری سووچێکی دی، شارەکەی کرد، چەند پارچە تابلۆیەکی بینی دەبریسکانەوە. لە سەر تابلۆیەکیان بە (یونان)ی نووسرابوو ئەی مرۆڤ بۆچی دوا رۆژی خۆتت لە بیر چووە!؟ رۆژانی تەمەنت بە فیڕۆ داوە، نازانیتمردن لە بەردەمتایە!!؟ کە هەر دێت تاڵاوی بچێژی. پێش ئەوەی لە گۆڕ بنرێیت بە خۆتدا بچۆوە. سەرکردەیانی سوپا پاشایانی خاوەن کۆشکی پان وپۆڕ دوایی خانوویان بوو بە تەنگی گۆڕ. ئەمجا ئەم شیعرەی لە سەر نووسرابوو

ئەو پاشای خاکی خۆی ئاوەدان کرد
دواتر تەمەنی تێپەڕان و مرد
ورد ورد ڕزین و بوونەوە بە خۆڵ
کران بە قوڕی ڕێگا وبان و پرد
کوا سەربازان وشاڵاوی جەنگیان
سامانی شاهان، کوا؟ بۆ کوێیان برد؟

میر مووسا فرمێسك بە چاوانیدا هاتە خوار و وتی:

( بەو خوایە خۆگرتنەوە، لەچێژەکانی ژیان، باشترین کارە. ئەمجا فەرمانی دا ئەو شیعرەی بۆ بنووسنەوە. تابلۆیەکی تری بینی، لە سەر نووسرابوو( ئەی مرۆڤ بەچی خۆش خەیاڵی؟ ئەوە چیە، کە مردنی بیر بردویتەوە!؟ نازانی دنیا کۆتا دەبێت، بۆ کەس تاسەر نییە!؟ کوان ئەو شاهانەی عێراقیان ئاوەدان کردوە؟ کوان ئەوانەی وڵاتی ئەسفەهانیان ئاوەدان کردوە؟ ئاوەدان کردنەوە و کۆشکەکانی یان دادیان نەدان. ئەمجا لە سەر تابلۆکە نووسرابوو

کوان ئەو کەسانەی وڵات بەدەس بوون
خەریکی پارەو هەواو هەوەس بوون
خاوەن لەشکر بوون، لوتیان بەرز بوو
لەگۆڕنران و بێ کار و کەس بوون
کوانێ کیسرا شاو قەڵا تۆکمەکەی؟
هەر وەك نەبووبن! بێ فریاد رەس بوون

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٧٣

شەهرەزاد وتی:

میر مووسا بەدەم، فەرمانی دا ئەوەیش بنووسنەوە. ئەمجا دوور بەدوور سەیری تابلۆی سێ یەمی کرد، کە لە سەری نووسرابوو( ئەی ئادەمیزاد رۆژ دەڕوا تەمەن کەم دەبێتەوە کاتی مردنت نزیك دەبێتەوە. تۆیش دوارۆژت کۆ بکەرەوە، لەو دنیا دروست وەڵام بدەوە). لەژێر ئەمەشدا ئەم شیعرە بوو

لە کوێ یە ئەوەی ئاوەدانی کرد

لە (هیند) و(سەند)ا، حوکمڕانی کرد؟

زنجی و حەبەشیان، بەڕێوە دەبرد

چەند زوڵمی کرد وچەند زیندانی کرد.

چاوەڕێی وەڵام لەوان ناکرێ!

مرد و میوانی ی گۆڕستانی کرد

میر مووسا دیسان بە گریایەوە. ئەمجا سەیری تابلۆی بە بریسکەی چوارەمی کرد، نووسرابوو ( ئادەمیزاد پەروەردگارت، ئارامە و هێمن تۆش لە حەزتدا، نقووم وون! . ئەم دنیا پشتی پێ نابەسترێ کاتێکت زانی مردن دێتە رێ! ). ئەمجا ئەم شیعرە نووسرابوو

لەکوێ یە ئەوەی قوللەی دروست کرد

بەرزی کردەوەو تاکو هەوری برد

لەکوێن نیشتەنی قەڵا سەختەکان؟

سەفەری مەرگیان گرتەبەر ورد ورد

ئێستاش گیراوی گۆڕی خۆیانن

تاکو حسابی رۆژی دەست و برد

رۆژێ دێ خوا هەر خۆی دەمێنێ

ئەم خەڵکەشی گیانی زوو سپارد ومرد

میر مووسا فەرمانی نووسینەوەی ئەمەشی دا و ئیدی بەرەو دامێنی چیاکە شۆڕبوونەوە. ئەمجا لە نێو لەشکرەکەی دا ئەو رۆژە هەر خەریکی بیر کردنەوە بوون، لە چوونە ناو ئەم شارەوە. میر مووسا بە (تاڵب کوڕی سەهل)ی وەزیر و دەوروبەری وت:

هەر چۆنێك بێت دەبێت بچینە ژوورەوە. بەڵکوو شتی وای تیا بێت میر مۆسڵمانانی پێ خۆش ببێت. تاڵب وتی:

خـوا تـۆ و مـیر مۆسـڵمانان پێیـەدار بکـات. پەیژەیـەکی درێـژ دروسـت دەکـەین تـاکو هێندێکمان بگەینـە سـەر ئـەم دیـوارە بڵنـدە و شـۆڕ ببنـەوە، تـاکو لـەو دیـوەوە بگـەڕێن بۆ دەروازەکان. میر مووسا وتی:

منیش ئەمەم لە خەیاڵدا بوو قسەیەکی بە جێ یە. ئەمجا دارتاشان و ئاسنگەرانی بانگ کرد و فەرمانی پێدان، ئەوانیش لە ماوەی مانگێکدا، کارەکەیان کرد. ئەمجا هەڵیان پەسارد بە دیوارەکەدا و بە هێندەی بوو. ئەمجا میر دەست خۆشی لێکردن. ئـەمجا رووی کـردە دەور و بەرەکەی و پرسی:

کـێ دەتوانێـت، سـەر کـەوێت بەسـەریدا و بگـەڕێت وبـە هـەر فێڵێـك بـووە. بەدزیـەوە دابەزیت و بگەڕێت بۆ دەروازەکان؟ یەکێك هاواری کرد:

قوربان من ئامادەم سەر بکەوم. میریـش سوپاسـی کـرد. سـوپاکە لـە خـوارەوە سـەیریان کرد، ئەمەی سەر دیوارەکە چەپڵەیەکی لێدا و بەدیو ناو شارەکەدا خۆی فڕێ دایە خوارەوە. چاوەڕێ یان کرد، سوودی نـەبوو، یـەکێکی دی چـووە سـەر دیـوارە فـرە بەرزەکـە و ئـەویش خۆی هەڵدایە خوارەوەو دەنگی نەما! ئمجا سێ یەم کەس و چوارەمیش چوونە سەرەوەو ون بوون. میر مووسا وتی:

جا کاروا بڕوات هەموو سوپاکەم لە دەسـت دەدەم و سـوودمەند نـابین ). دوای ئـەویش، چەند کەسێك سەر کەوتن و ژمارەیان بوو بە (١٢) کەس. بۆیە میر مووسا پێی وتن:

درێژە بە سەفەرەکە مان بدەین، باشترە. ئەمجا مام سەمەد وتی:

من بۆ ئەم کارە باشترم، ئەزموونم هەیە. میر مووسا وتی:

مام سەمەد، نابێت تۆ سەرکەویت چونکە تـۆ چاو ساغی ئـەم سـەفەرەی ئێمـەیت گـەر خوانە خواستە، وەکو ئەوانی دی تیا چوویت ئێمەیش تیادەچین. مام سەمەدیش وتی:

( کێ دەڵێت ئـەم نهێنی یـە، لـە سـەر دەسـتی منـدا چـارە سـەر نابێـت!!؟ ). خەڵکەکە، هانیان دا کەسەر بکەوێت. کە سەر کەوت خەڵکەکە وتیان:

( لاحول ولا قوە باللە العلی العظیم). مام سەمەدیش کە گەیشتە سـەر دیـوارە بەزرەکە، دەستی کردە پێ کەنین! یەك ساعەت، لە سەر دیوارەکە دانیشت و کەوتە خوێندنەوەی ئەو ئایەتانەی کە نزایە بۆ رزگار بوون دەخوێندرێن. ئەمجا هەستایە سەر پێ. ئـەمجا بـەدەنگی بەرز هاواری کرد:

ئـەی مـیر مووسا خـوا لـە فـڕ و فێڵـی شـەیتان بـەهۆی پیرۆزیـی ( بـسم اللە الـرحمن و الرحیم)ەوە رزگاری کردم، ئەمجا ماوەیەك رۆیشت، گومەزێکی بـینی. کـەل دامێـی یـەوە (٢) دەروازەی زێرین هەبوون کە دانەخرابوون و بێ دەسك بوون. ئەمجا بەدەنگی بەرز وتی:

( منیش خەریك بووم، خۆم فڕێ بدەمە خوارەوە چونکە لە خوارەوە (١٠) کەنیزەکی جوان ئیشارەتیان بۆم کرد،، کەخۆی فڕێ بدەم بەلام کە سەرنجی ناو گۆمەئاوەکەم دا سەربازەکانم بینی لە بنی گۆمەکەدا خنکا بوون، ئیدی بۆم دەرکەوت کە ئەمە فڕوفێڵە و خۆم فڕێ نەدایە گۆمەکەوە).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٧٤

شەهرەزاد وتی:

مام سەمەند سەرنجی دەرگاکەی دا، بینی هەر دەرگایەکیان وێنەی ئەسپێکی پێوەیە. لە ئاستی ناوکی دا، بزمارێکی زێڕین هەیە. ئەمجا بە زمانی یونانی لە سەر دەرگاکە نووسراوە بۆ ئەوەی ئەم دەروازەیە بکەیتەوە دەبێت ئەم بزمارەی ناوکی ئەسپەکە (١٢) جار بخولێنیتەوە. ئەمجا هاتە خوارەوە بزمارەکەی لە گەڵ میر مووسا دا دۆزیەوەو (١٢) خولی پێدا. دەروازە کرایەوە. ئەمجا چوونە ناو شار لە وێوە خۆیان کرد بە دالآنێکدا. دەرگایەکی دیان کردەوە. روانیان چەندین دنگە و سەکۆ هەیەو هەریەکەیان مرۆڤێکی مردووی خودە بە سەرەو رم و شمشێرەکەی لاوە دانراوە.

مام سەمەد وتی:

رەنگە کلیلەکان لای ئەم هۆزە بێت. ئەمجا بە سەکۆکاندا گەڕا سەرنجی دا دنگەیەکیان لەوانی دی بڵندترەو پیاوێکی لە هەموویان پیرتری بەسەرەوەیە. ئەمجا دانەویەوەو بەرگەکانی کەمەری بەرز کردەوە. سەیری کرد کلیلەکان بە کەمەریەوە بوو. مام سەمەد لە خۆشیدا خەریك بوو لە هۆش خۆی بچێت. ئەمجا کلیلەکانی هێناو دەروازەی شاری پێ کردەوە. هاواری کرد:

( الله اکبر)، جەنگاوەرانی سوپاکەش بە دوایدا هاواریان کرد زۆر بەخۆشی و شادیەوە. چەك و جبەخانەکانیان کردەوە، ئەمجا لەشکرەکە هەموویان سوپاسی مام سەمەدیان کرد.

میر مووسا هاواری کرد:

( نیوەی سوپا لە دەرەوە لەئامادە باشیدا بن. نیوەشی لە گەڵ ئێمە بە چەکەکانیانەوە بێنە ناو شار). ئەمجا مردوانی سەر دنگە (سەکۆ)کانیان هێناو ناشتیان، و چوونە ناوەوە سەیریان کرد، پاشا و وەزیران و گەورەپیاوانیان بە هەمان شێوە لە ناو جێگای ئاوریشمدا

راکشاون و مردوون. ئەوانیشیان ناشت. ئەمجا چوونە بازاڕ ی شارەکە، سەرنجیان دا دوکانان کراوەن. شت و مەك، کوتاڵ و قاپ و قاچاخیان لە دوکاندایەو بازرگانان و خاوەن دوکانان، لە دوکانەکانیاندا مردوون. کە پێستیان بە سەر ئێسکیاندا نووساوەو بوون بە پەند!.

ئەمجا ئەو بازاڕ ەیان جێ هێشت و چوونە گوزەری قەزازەکانیان. قوماشێکی زۆریان بینی، نەخشی زێڕین کرابوو. لە ولایشەوە کاسە و کەوچکی زێڕین لە دوکانانـدا دانرابوو. لە لاتریشەوە، دوکانی(بۆن) و گوڵاو بوو. هەر لە(مسك)و (عەنبەر) دوە، تاکو(کافور) بوو. دوکاندارەکانیان، وەکو بازرگانان، لە جێی خۆیان مردبوون. لەولاوە کۆشکێك هەبوو، کە چوونە ژوورەوە، چەندین شمشێری هەڵکێشرا و کەوتبوون. ئاڵا و بەیداخ شکابوون. کە بە نێو ژوور و داڵانەکانیدا گەڕان، چەندین سەکۆی زێڕین هەبوون، کە خەڵکیان لەسەر بوو. بە ئاڵتون لە سەر دیوارەکانی نووسرابوو. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٧٥

شەهرەزاد وتی:

کە میر مووسا بەرامبەر ئەم کۆشکە وەستاو سەری لەو ئەندازەیە و دروست کردنی سوڕما! ئەم شیعرەی بینی:

سەیر کەن: ئەوانەی کە نشتەجێی بوون
چیان لێ هات و بە چ دەردێ چوون
چاکەی خۆت بکە بۆ ڕۆژی دوایی
ژیانی ئێرەت ئەزموونە ئەزموون!
کەماڵی خۆیان، ڕازاندۆتەوە
چارەنووسیان لە لانەبووە ڕوون!
چیان دروست کرد:چەندە تێکۆشان
سوودێکی نەبوو ئەوەتا مردوون!
زۆریشیان خوارد و خواردەوە دواتر
لە گۆڕا لەشیان کرم ومار خواردوون

میر مووسا وەکو جاران هێندە گریا . لە هۆش خۆی چوو! کە بەئاگایان هێنایەوە فەرمانی دا ئەم شیعرەش بنووسنەوە بۆم. لە نێو کۆشکەکەدا تەختە بەردێکی گەورەی بینی کە بە دەوریدا تەختە بەردی نەخش کراو بوون بە زێڕ و زیو، کە لەو بازنە گەورەی

ناوەویدا چەندین حەوز و فوارە هەبوون. لە بەردی مەڕ مەڕ دروست کرابوون. زەخرەفەی جوانیان لەسەر دورست کرابوون. بە ژێریانـدا ئاوەڕۆکەیان دەچووەوە سەر گۆمە ئاوێکی کەنار رازاوە. ئەمجا میر مووسا بە مام سەمەدی وت:

پێشمان بکەوە، با لێرە کەمێك دابنیشین. دواتر بەرەو گەنجینەیەك بوونەوە، روانیان پڕە لە چەکی جەنگ و جبەخانەخوودەی نەخشاوی زێڕینی تیابوو، رمی نووك زێوینی تیابوو، قەڵغانی داودی و شمشێری هیندی تیا بوو. کە پەردەی نەخشاوی بەسەردا دادرابووەوە.

ئەمجا گەنجینەیەکی دیان کردەوە پڕ بوو لە قاپ و قاخ وو پێویستیەکانی سفرەو خوان ! پیاڵەکانی مەی خواردنەوە کە لە زێڕ وزیو دروست کرابوون. پێیدا گەڕان، ئەوەی بە دڵیان بوو برديان بۆ خۆیان. کە ویستیان لە دەرگاوە بچنەوە دەرەوە، بینیان دەرگاکە، لە داری سایع و ئەبەنووس دروست کرابوو ! کە بە پارچەی زێڕ رازابووەوە. قفڵی زیوی پێوە بوو. کە بێ کلیل کە دەبوو بە فێڵی تایبەت بکرانایەتەوە ! ئەمجا مام سەمەد دەچووە پێش و بەرانایی خەریکی کلۆمەکەبوو دواتر بۆی کرایەوە و جەنگاوەران چوونە دالانەکەوە. سەیریان کرد، دیوارەکانی بە وێنەی باڵندە و درندەکان رازاوەتەوە، کە بە زێڕی سپی و زیو رازابوونەوە. ئەمجا چوونە هۆڵێکەوە کە بە بەردی مەڕمەڕ دروست کرابوو ! لە نێو بەردەکاندا نقێمی مرواری و یاقوت بوو ! کە میر مووسا و مام سەمەد سەریان لێ سوڕما. ئەمجا جۆگەلەیەکیان هاتە بەردەم، میر مووسا داوای لە مام سەمەد کرد بیان پەڕێنێتەوە. مام سەمەد دەیزانی ئەم جۆرە فریودانێکە و نە ئاوەو نە هیچ پەڕاندنیەوە. ئەمجا چوونە حەوشە لەویش گومەزێکی مەزنیان دی. بەسەر ئەویشدا گومەزێکی بچووکتر هەبوو ! کە بە شیشی لە زومرود دروست کرا و دەورە درابوو ! چەند باڵندەیەکی بەسەرەوە بوو، کە قاچەکانیان لە زومرود بوو. بۆ نەخشاندن دانرابوون، لە بەر پێیاندا. کۆمەڵێك یاقوتی تەڕ دانرابوون ! لەم لایشەوە حەوز و فوارەیەك بوو، کە لەسەر کەنارەکانی باڵندەی زێڕین دانرابوون. لەولاترەوە، سەکۆیەك لە بەردی مەڕمەڕ بوو کەنیزەکێك راکشابوو، لە نێو بەرگێکی ئاوریشم دا لێوەکانی سوور و تەڕو پاراو ! میر مووسا هەر کەبینی سڵاوی لێکرد. مام سەمەد پێی وت:

میرم ئەو کیژە ناسکەگیانی تیا نەوماوە ! ئەمە (مۆمیا) کراوە ! ! چاوەکانی هەڵکۆڵراون و دوو گۆی یاقوتی تیا دانراوە بۆیە دەبریسکێتەوە! ! تاجێکی زێڕینی لە سەر کرابوو!! (تاڵب کوڕی سەهل) وتی:

میرم کەلە بەرامبەری ئەم کەنیزەکە مۆمیا کراوەدا دەجووڵێتەوە پیت وایە ئەمە چاوانی دەجووڵێنێت! . میریش وتی:

( پەنا بە خوا کە بەگیان کێشان مرۆڤ بە خەم دەکات! ).
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٧٦

شەهرەزاد وتی:

ئەو سەکۆ مەرمەڕەی کیژە جوانەکەی بەسەرەوە بوو پلیکانەیەکی هەبوو، (٢) کۆیلەی بەسەرەوە بوو. یەکێکیان سپی پێست! ئەوی تریان رەش پێست بوو ! یەکێکیان شتێکی بەدەستەوە بوو پۆڵایین!! لە نێوان ئەو(٢) کۆیلەیەدا تابلۆیەکی زێڕین هەبوو لەسەری نووسرابوو ( بسم الله الرحمن الرحيم. الحمدلله خالق الانسان وهو رب الارباب، بسم الله الباقی السرمری، بسم الله مقدر القچا و القدر ئەی ئادەمیزاد بێ ئاگا لە مەودای ئاواتەکانت! لە دوا چارەنووست!! ئاخۆ نازانیت مردن بانگت دەکات!؟ دەست لە بینە قاقات دەخات!!؟ ئامادەی گیان کێشان بە بۆ ئەو دنیا لە تێکۆشان بە! (ئادەم) و(نوح) کوان؟ کوا(قەیسەر) و(کیسرا)خان؟ تاقی(کیسرا) و دیوەخان؟ کوا سەرکردە و پاڵەوان؟ دەوڵەتیان و نیشتمان؟ کوا شەدادی کوڕ عاد؟ کوا (کەنحان) ی ( ژوالاوتاد)؟ هەموویان بە خاك و خۆڵ بوون ولاتانیان لێ چۆڵ بوون!! . ئەی خوێنەری ئەم تابلۆیە بمناسە من (تورمز)ی شازادە و پاڵەوانم. بێ سنوو بوو نیشتمانم! دادپەروەر و بەخشندە لە کۆمەڵ پەسەندیدە! ئەی خوێنەری ئەم تابلۆیە گەر پرسیاری مردنمان دەکەن چاك بزانن (٧)ساڵی رەبەق وشکە ساڵی بوو دڵۆپێك باران نەدەهاتە خوارەوە، هەرچیمان بوو خواردمان کار گەیشتە ئەوەی ئاژەڵەکانمان سەربڕی تانەمرین لە برسانا! دواتر کاروانێکمان بەرێ کرد، بەرەو ولاتانی دەوروبەر و هەموو سامانی ولاتم کۆ کردەوە و لە گەڵ ئەوکاروانەدا ناردم، تا بەڵکو زەخیرەو خواردنمان بۆ بێنن، بەڵام دوای چەند مانگ بەسامانە کەمانەوە، گەڕانەوەو هیچیان دەست نەکەوتبوو، بۆیە چارەمان نەما و دەروازەکانی شارمان داخست و هەر یەکەو لە ماڵی خۆی دانیشت و خۆمان دایە دەست خوا و چاوەڕوانی لە برسا مردن بووین. بڕوامان بە خوا هەیەو قەزاو قەدەری تۆش، سەرنج لە خۆت بدە ئە ی مرۆڤ، لاجانگە سپیەکەت، بانگت دەکات بۆ مەرگ بۆ مردن. بەئاگا بە هەر دەبێت بمریت. ژیان و دنیا بۆ (فیرعەون) نەما. (نەمروود)ی ملهووڕ لە کوێ یە!؟ ئەوانە هەموو خۆیان لە بەرامبەری مەرگدا بۆ نەگیرا و تیاچوون!! .

ئەی ئەو کەسەی دەمان بینی پەند و ئامۆژگاری لە ئێمە وەربگرن. ئافەرین بۆ ئەوانەی بە گوناهی خۆیان زانیووە لە خوای خۆیان ترساون، بۆ ئەوانەی توێشە بەرەیان بۆ (رۆژی

دوایی) پڕه. له بەر ئەوەی خوا ئاسانکاری گەیشتن بە ئێرەی بۆ کردوون، تادەتوانن زێڕ و زیوو پێداویستی لە گەڵ خۆتان ببەن، بەڵام نەکەن دەست لە ئەو پێداویستیانە بدەن کە بە جەستەی خۆمانەوەیە، چونکە خۆمان پێ پۆشیوە!! لە خوا بترسن، کاری لەم جۆرە مەکەن. چونکە دەبێتە مایەی تا چوونتان. تۆ باڵی خۆتان بە ئەستۆی خوتانە. ئیدی خواتان لە گەڵ، ئەمجا میر سووسا سەیری پلەی خوارەوەی کرد ئەمەی لە سەر نووسرابوو

چۆن دەبێت مرۆڤ پرزە بڕاو بێ
توانا و بە ورە نابێ دۆڕاو بێ
چەندە بە هەڵپەیتبۆ ئەم دنیایە
باپیرانیشمان رۆشتن بێ مایە!
رەواو نارەوا جیا نەکرانەوە
( ئەجەل) بردنی و نەگەڕانەوە
لە گۆڕی تەنگدا، کاتی ئەوق بوون
کردەی خراپیان بۆیان تەوق بوون
تەقەلا بدە توێشەبەرەت بێ
تا تەحەمولی ئەو سەفەرەت بێ!

کە میر (مووسا)، ئەم شیعرەی خوێندەوە هێندە گریا تاکو بوورایەوە. کە بە ئاگا هاتەوە فەرمانی دا دەی شت ببەن و ئەو زێڕ و زیوەی تێ بکەن . ( تالیب کوڕی سەهل) وتی:

ئەم کەنیزەکە بە جێ بێڵین. کە ئەو هەموو زێڕەی پێوەیە!؟ ئاخر ئەو زێڕانە، بە دیاری بنێریت بۆ میری موسڵمانان، بەو هۆیەوە لێی نزیك دبێتەوە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٧٧

شەهرەزاد وتی:

میرمووسا وتی:

کاکە ئەی ئامۆژگاری کەنیزەکەکەت نەبیست؟ ئەوەی لەسەر تابلۆکە نووسرابوو.

ئەویش وتی:

جا دەبێت لە بەر ئەو چەند ئامۆژگاری یە ئەو هەموو زێڕ و زیوە جێ بهێڵین.؟ لە کاتێکدا ئەو مردووەو سوودی لێ نابینێت!؟ ئەمجا بە پلیکانەکەدا چووە خوار و گەیشتە لای (٢) کۆیلە کە، دەستی بۆ زێڕەکانی برد، کۆیلە یەکیان تەورێکی دا بە پشتی دا ئەویتر شمشێرێکی لە ملی دا و پەڕاندی ! میر مووسا کە ئەمەی بینی وتی:

لەوەلاتر بچێت بەم هەموو زێڕ و زیوە چاوانی تەماعی تێر نەبوو تاکو خۆی بە کوشت دا!! ئەمجا میرمووسا فەرمانی دا وشترەکانیان لە و زێڕ و زیوو ئەختینانە بار بکەن. ئەمجا کە کاریان تەواو بوو دەرگا و دەروازەکانی شاریان داخستەوەو کەوتنە رێ بەلاپاڵی شاخێکدا، کەئەویش بەکەناری دەریا کۆتایی دەهات. ئەو شاخە چەندین ئەشکەوتی تیابوو. کە سەرنجیان دا خێڵێکی تابوو، خەڵکەکانی هەموو دەم دادڕاو بوون. هەر چۆنێك دەنگیان بهاتایە لێیان تێ نەدەگەیشتن! .

کە میر مووسا ئەمانەی بینی هەموویان هەڵاتن و خۆیان کردەوە بە ئەشکەوتەکاندا لەبەر دەمی ئەشکەوتەکاندا ژن و منداڵەکانیان چاوەڕوانیان دەکرد پیاوە دەم داقڵیشاوەکان، رایان کرد. پرسی:

( شیخ عبدالمحمد) ئەمانە چین؟ ئەویش وتی:

قوربان ئەمانەش لە خۆمانن و خواپەرستن! ئەمجا میر پرسی:

ئێوە جنۆکەن یا ئادەمیزادن؟ میر مووساش وتی:

ئێمە ئادەمیزادین. ئەمجا سەرۆکی قولەکان وتی:

ئێمەش مرۆڤین! خواناس و موسڵمانین! ! میر مووسا پرسی:

ئاخر چۆن موسڵمان بوون. خۆ مرۆڤ ناگاتە ئێرە! ئەویش وتی:

بەهۆی ئەم دەریایەی بەردەمتانەوە کەناوی( کەرکەر)ە. میر موسا پرسی:

باشەچۆن موسڵمان بوون نەپێغەمبەرتان بۆ هاتووەو نە رێگای وڵاتانتان بەسەرەوەیە!؟

سەرۆکی قولە دەم دڕاوەکان وتی:

ئەوە بزانە لەم دەریایەوە، کەسێك دێتە دەرەوە و ئامۆژگاریمان دەکات بانگمان دەکات ( ئەی نەوەکانی حامی کوڕی نوح شەرم بکەن لەوەی دەتان بینی و ئێوە ئەو نابینن! بڵێن:

( لا اله الا الله محمد رسول الله). من ( ابوالعباس الخچر) م. پێشتر یەکتریمان دەپەرست ئەوا خوا بانگی کردین بۆ پەرستنی خۆی ! !

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٧٨

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا سەرۆکی دەم داتلیشاوان وتی:

ئەم پیرەمێردەی دەریا چەندین رستەی فێر کردین لەوانە ( لا اله الا الله وحده لاشريك له). هەر وەها( له الملك و له الحمد و يحى و يميت. وهو على كل شى قدير). بەهۆی ئەم رەستە گەلەوە لە خوای خۆمان نزیك دەبینەوە. هەموو شەوانی هەینی یەك روناکی دەبینین لە ئاسماندا! گوێمان لە دەنگێکە دەڵێت ( سبوح قدوس . رب الملائكه والروح. ماشا ء الله كان، وما لم يشا لم يكن، لاحول و لا قوه الا با لله العى العظيم). میر مووسا وتی:

( ئێمە لە پیاوانی خەلیفە عبدالملك کوڕی مەروانین. بە هۆی( قوم قومۆکەی مسین)ەوە هاتووین، کە لە نێو دەریای ئێوەدا هەیە و دێوی تێدا بەند کراوە هەر لە سەردەمی حەزرەتی سولەیمانی کوڕی داودەوە، ئێمەش فەرمانمان بەرسەردا دراوە هەندێك قوم قومۆکانە بەرین! سەرکردەکە وتی:

بەچاوان. ئەمجا فەرمانی دا، بە مەلەوانان خۆیان کرد بە بنی دەریاکە داو (١٢) قومۆمەکەی بۆ دەرهێنان! هەموویان سەریان سوڕما و دەست خۆشیان لێ کرد:

میر مووسا وتی:

خۆزگە هەندێك لەو گۆشت ماسی یەمان دە گەیاندە میری موسڵمانان.

ئەمجا خوا حافیزیان کرد و بەرەو وڵاتی شام بوونەوە. کە گەیشتنەوە لا خلیفە عبدالملك کوڕی مەروان، میر مووسا چی بینی بوو، لە سەرفەرەکەیدا بۆی گێرایەوە. هەواڵی (تاڵب کوڕی سەهل)یشی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا خەلیفە وتی:

خۆزگە منیش لە گەڵتان دەبووم، تاکو وەکو ئێوە ماندوو ببومایە! هەر جارە و سەری قوقمۆکەیەکی دەکردەوە و شەیتانێك دەهاتە دەرەوە و دەیوت بەم بەخشن ئیدی سەرپێچی ناکەم. خەلیفە سەری لەم قم قمۆکانە سوڕما! لە تەختە تەختێکی بۆ کچی دەریا دروست کرد. کچی دەریایان تێکرد، بەڵام گەرمای زۆر کۆشتی ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا پارەیەکی زۆری یان بەخشی یەوە. میر مووسا پێی وت:

کوڕەکەت بخە شوێنی خۆت و خۆیشت بڕۆ بۆ (قودس)ی پیرۆز هەر خەریکی خواپەرستی یە. ئەویش بە قسەی کردو لە قودس مایەوە تاکو لەوێ وەفات نامەی بۆ بکرێت، ئەمە بوو چیرۆکیماڵی (مسین).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٧٩

# سەر بوردەی پاشایەك و کوڕەکەی و کەنیزەکێك و وەزیرەکانی

شەهرەزاد وتی:

دەگێڕنەوە لە سەردەمی زوو لە سالانێکی زەمانی پێشوو، پادشایەکی بەتوانا هەبوو، لەشکری زۆری لە گۆڕەپان بوو. خاوەنی بۆدجەو پارەو سامان بوو، بەلام چووبووە سالەوە و وەجاخی کوێر بوو. ناچار رووی کردە خواو نزایەکی زۆری کرد کەخوا کوڕێکی پێ ببەخشێ:

تاکو دوای خۆی لەسەر تەختی شاهانەی دابنیشێ. خوا نزاکەی پەسەند کرد و ژنەکەی بە کوڕێك دووگیان بوو. لە تەمەنی(٥)سالەیدا، کوڕەکەی دایە دەست زانایەکی زیرەك و بەتوانا کەناوی (سەندو باد) بوو. کەتەمەنی بووە(١٠)سالان دایە دەست زانایەکی تر تاکو فێری ئەدەب و هۆنەری بکات. تاکو کوڕە وای لێهات بووە زانایەك کەس نەبوو شان بدات لە شانی لە ئەدەب و هۆنەردا دواتر کۆمەلێك پالەوان و شۆڕەسواری عەرەبی دەشتەکی بۆ بەکرێ گرت تاکو فێری سوارچاکی و جەنگین و شەڕە شیری بکەن.

رۆژێکیان ئەستێرە ناسێکی ساحیر، چووە لای پاشا و پێی وت:

گەورەم، سەیری تالعی کوڕەکەتم کردووە بۆم دەرکەوتووە لە هەفتەیەدا، قەشەیەك دەبێتە هۆی تیا چوونی!! ئاگادار بە. پاشایش پرسی:

ئەی چارە چی یە؟ فالچی وتی:

بەقسەی من دەکەیت لە رەز وباخێکدا ئەم هەفتە دای بنێ با نەگەڕێت! پاشا دەم ودەست فەرمانیدا، کە رەز وباخەکەی خۆی بۆ ئامادە بکەن کەنیزەکانی سەماکەر و گۆرانی بێژان و مۆسیقا ژەنان ببەنە رەز و باخەکە نەهێلن، (٧)رۆژ کۆڕەکەم بچێتە دەرەوەی رەزەکە ئەمجاپاشا دەستی کوڕەکەی دابە دەستی چاکترین کەنیزەکی دەرباری خۆیەوە. هەر ئەو رۆژە کە چووە کۆشکی رەز و باخەکەی باوکی کەنیزەکێك دلی چووە کوڕە پاشاوە هێندەی عاشق بوو، کە خۆی بۆ نەگیرا و چوو بە کوڕەی وت:

زۆرم خۆش دەوێیت! کوڕە پاشا زۆر تووڕە بوو! کچەکە خۆی دابە سەر دەست و پێی دا، بەلام بێ سوود بوو. دوانیوەڕۆی هەر ئەو رۆژە کەنیزەکە چووە کۆشکی پاشا و دەستی کردە گریان وخۆی فرێ دایە بەر پێی پاشا وتی:

گەورەم کوڕەکەت دەستی بۆ بردم ویستی ئەمجا کەوتە هەنسك دان ! پاشایش هێندە تووڕە بوو ئاوەزی لە دەست داو هەر لەوێدا، فەرمانی کوشتنی کوڕەکەی خۆی دا. وەزیران و پیاو ماقوڵانی مەملەکەت بەپەلە کۆبوونەوەیان کرد بۆ تاوتوێ کردنی ئەم فەرمانە شاهانە. وەزیرێکی کارامە و زیرەکیان لێ هەستاو وتی:

برایان بۆ خۆمان دەزانین کە دوای تەقەلا و هەوڵێکی زۆر و ئەم لا ولا خوا ئەم کوڕە تاقانەی بەخشی بەم پاشا پیرە ناکرێ ئێمە دەشت بخەینەسەر دەست و دەممان دابخەین!! ئەوەیش بزانن ئەم کوڕە لە سێدارە بدرێت دوای ماوەیەك پاشامان یەخەمان دەگرێت بەبیانووی ئەوەی کەسمان هەوڵمان نەداوە پەشیمانی بکەینەوە لەم فەرمانە شاهانەیە! بۆیە رێگام بدەن بچمە لای و بەناوی خۆم ئێوەوە هەوڵ بدەم پاشگەزی بکەمەوە لەم کارە بەدە!، وەزیرەکان بیرۆکەکەیان بەدڵ بوو، کە کۆڕەکەیان تەواوبوو، ئەم وەزیرە چووە دیوەخانی پاشا و لەوێوە بۆ ژووەوە، کە لە بەر دەمیدا وەستا:

کڕنووشی بۆ برد و وتی:

پاشای زەمان گەورەی هەمووان حەزم کرد ئەوەت پێ بڵێم: ئەگەر(١٠٠٠) کوڕی ترت هەبێ و کیشەیەکی لەم شێوەیەت هاتە بەردەم تاوانە فەرمانی کوشتنی کوڕێکت لەو(١٠٠٠)کوڕە دەربکەیت، چونکە مەکرو فێڵبازی ژنان زۆر زۆرە! ژنان بەفێڵ ومەکریان هەزاران کارەساتیان دروست کردووە کەم کەس دەتوانێت بەئاسانی:

لە فێڵ و پیلان گێڕانیان رزگار بێت! تو خوا کەس شتێکی لە مەکر وفێڵی ژنانی بۆ گێڕاویتەوە؟ ئاخر کێ دەڵێت ئەمەش پیلان نی یە بۆ کوڕەکەتی دروست کردبێت!؟ پاشا وتی:

تۆ هیچ دەزانیت لە بارەی مەکری ژنانەوە!! ؟، وەزیر وتی:

بەڵێ قوربان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٨٠

## چیرۆکی مەکری ژنانی . یەکەم وەزیر

شەهرەزادوتی:

ئەو وەزیرە دەستی بە گێڕانەوە کرد و وتی:

دەگێڕنەوە ئەی پاشای بەختیار بەتوانای سەردار. پاشایەك هەبوو كاتی خۆی، زۆر مێ باز بوو، ژن خوازبوو، ڕۆژێكیان لە پەنجەرەی ژوورێكی كۆشكەكەیەوە كەنیزەكێكی زۆر جوانی خانومانی ناسك بە سەر بانی ماڵە دراوسێكەیانەوە دەبینێت. دەكەوێتە پرسیار كردن لە كەنیزەكەكانی خۆی! پێی دەڵێن: كە ئەو ماڵە ماڵی وەزیرێكی خۆیەتی، ڕۆژی دواتر لەسەرای دەوڵەت دەنێرێتە شوێنی، بەفەرمانێكی شاهانە دەی نێرێتە كارێك لە دەرەوەی شار تاكو جێ بەجێی بكات. دواتر بەهەر فروفێڵێك بێت، پاشا خۆی دەكات بەماڵی وەزیرەكەدا و دەكەوێتە قسەكردن لە گەڵ كەنیزەكەكە. كەنیزەك دەپرسێت خێرە ئاوا پاشا بەم سەردانە گەورەی كردووین؟ پاشایش دەڵێت جوانی و ناسكی تۆ منی هێناوەتە ئێرە بەقوربانت بم! كەنیزەكەیش دەڵێت قوربان من شایانی خزمەتكارێكی ماڵی تۆیش نیم!! تۆ فەرموو دابنیشە با شتێكت بۆ ئامادە بكەم بیخۆیت قوربان تۆ میوانی ئازیزی، ئەمجا كەوتە نازونووك و وتی:

كەنیزەكە هەستاو كتێبێكی بۆ هێناو دایە دەست پاشا پێی وت:

خۆت بەو كتێبەوە خەریك بكە تاكو خواردن ئامادە دەكەم. پاشایش دانیشت و كەوتە خوێندنەوەی سەرنجی دا چەند ئامۆژگاری و پەندی تیایە كەباس لە خراپی (زینا) دەكاتا، كەنیزەكەكە(٩٠) قاپی خواردنی بۆ ڕازاندەوە، لە گەڵ پاشادا دانیشت. پاشا لە هەر قاپە و كەوچكێكی خوارد. سەرنجی دا ئەوبڕە خواردنانە یەك تام و چێژیان هەیە! زۆر سەری سوڕما! بۆیە پرسی:

ژنەكە ئەم خواردنانە هەرچەند زۆرن! بەڵام یەك تام و چێژیان هەیە! كەنیزەكەكە وتی:

خوا پێیەدارت بكات ئەمە پەندێك بوو، بۆ ئەوەی تێی بگەیت!! ئاخر لە كۆشكەكەی خۆتدا(٩٠) كەنیزەك هەیە تەریق بووەوە هێندە بەپەلە ماڵەكەی جێ هێشت موستیلەكەی دەستی لە ژێر پشتی یەكەدا لێ بەجێما!! . دوای ماوەیەك وەزیرەكەی لە سەفەر گەڕایەوە چووە لای پاشا و پێی وت:

كە كارەكەی بۆ پاشا جێ بەجێ كردووە. كە وەزیرەكە گەڕایەوە ماڵ شەو بۆ نووستن چووە سەر جێگاكەی كەپشتی یەكەی گواستەوە موستیلەكەی بینی! بێدەنگ هەڵی گرت ماوەی ساڵێك، وەزیر قسەی لە ژنەكەی دابڕی بێ ئەوەی ژن ئاگای لە هیچ بێتا ئەمجا ژنەكە چووەوە ماڵی باوكی وسكاڵای لە مێردەكەی كرد و وتی:

سالێکه قسەی لێ دابڕیووم! . باوکی پەیمانی پێدا کە لای پاشادا ئەم گلەییەی لێ بکات. خەزووری وەزیر چاودێری دەکرد. تاکو ڕۆژێکیان زانی زاواکەی لای پاشایە و(عەسکەری قازی)یش لێیە!! کەچووە لای پاشا ڕووی تێکرد و وتی:

گەورەم ڕەزوباخێکم هەبوو پێوەی ماندوو بووم تاکو پێگەیشت. کاتی بەرهەم هێنانی پێشکەش بەم وەزیرەتم کرد. ئەویش بە ئارەزووی خۆی لە بەرەکەی خوارد ئێستاش ئەم کابرایە ناچێت بەلای ڕەز وباخەکەیدا وپشت گوێی خستووە!! بۆیە ڕەزەکە سیس و پیس بووە! پووکاوەتەوە و جوانی لە دەست داوە!، ئەمجا پاشا ڕووی کردە وەزیر، وەزیریش لە وەڵامدا وتی:

گەورەم خەزوورم ڕاست دەکات بەڵام منیش دوا جار کە چوومە ڕەزوباخەکەوە، شوێن دەستی شێرم لە ناویدا بینی، بۆیە ترسام و ئیتر ئەم وێرا جارێکی تر بچمەوە ناو ڕەز وباخەکە!! پاشایش زیرەکانە تێ گەیشت جێ دەستەکە موستیلەی خۆیەتی! بۆیە پاشایش وتی:

کاکی وەزیر بێخەم بە بگەڕێوە ڕەزوباخەکەت! چونکە ئاگادارم و بەگۆڕی باوو باپیرانم ئەو شێرە دەستی بۆ هیچ نەبردووەو ڕەزەکە سەلامەتە! وەزیر وتی:

بەسەرچاوان. ئەمجا دواتر ناردی بە دوای ژنەکەیدا و هێنایەوەو دڵی دایەوە دیسان وتوویانە بازرگانێك بووە ژنێکی هەبوو زۆری خۆش ویستووە! ئەمەندە جوان بووە، دڵی لەو ژنە پیس بووە! بۆیە توتیەکی بەسەرەوە کردووە بە چاودێر ژنەکەشی خزمەتکارێکی گەنجی لە ماڵدابووە خۆشی ویستووە و ڕێزی گرتووە. جارێکیان کە بازرگان لە سەفەر دەگەڕێتەوە، لە توتی یە دەپرسێت ئەم ماوەیە چیت دیوە بۆم بگێڕەوە. توتی پێی دەڵێت لە ماڵەکەتدا، خزمەتکارێکی لاوی تورکی هەیە. ژنەکەت زۆری ڕێز ڕێز دەگرێت و شەوانە دەیباتەلای خۆی. بازرگانەش لە ژنەکەی تووڕە دەبێت. ژنەش پێی دەڵێت پیاوەکە باڵندەیەکی بێ ژیر وبیر چی یە تۆ وا بڕوای پێ دەکەیت!؟ ئا تۆ شەوێك لە ماڵی هاواری یەکت بمێنەوە بۆ بەیانیدا وەرە پرسیاری لێ بکە! بزانە قسەی منە یان نە شەو مێردەکەی نەهاتەوە. ئەم ژنە پیلان گێڕە فێڵبازە پارچە قوماشێکی هێناو تەڕی کرد ئەمجا قەفەزی توتی یەکەی پێ داپۆشی. ئەو شەوە چەند جارێك ژنی بازرگان ئاوی پژاند بەسەر قوماشی سەر قەفەزی توتیەکەدا. ئەمجا چرایەکی داگیرساوی لە قوماشەکە نزیك دەکردەوە! و دووری دەخستەوە. تاکو بەیانی چەند جارێك ژنەبازرگان ئەم کارەی دووبارە کردەوە. ڕۆژیی دوایی بازرگان هاتەوە. ئەمجا توتی یەکەی هێناو لێی پرسی:

( ئەرێ ئەمشەو من لێرە نەبووم لەم ماڵەدا چی ڕوویدا؟ توتی لە وەڵامدا وتی:

حا بۆچی له بەر باران و هەوره برووسکە! کەس خەوی لێ کەوتووە!؟ کە بازرگان ئەمەی بیست دەستی کرده پێکەنین و وتی:
روت رەش بێت درۆزن! ئەمشەو ئاسمان سایەقە بوو. دڵۆپەیەك باران نەباریووە! توتی یە کە وتی:
( چیم دیوه ئەوه دەگێرمەوه) ژنەکەی وتی:
( ئەم وت ئەم توتیە ژیریی نیە و درۆ دەکا؟ )، ئەمجا بازرگان دڵی پاك بووەو لە گەڵ ژنەکەی پێك هاتەوه. بەڵام ژنەکەی پێی وت:
تاکو ئەو توتی یە سەر نەبڕیت لەگەڵت ئاشت نابمەوه! بازرگان لە بەر چاوی ژنەکەی توتی یەکەی سەر بڕی، دوای چەند رۆژێك پاشا لە گەڕانەوەیدا کۆیلەتورکەکەی بینی لە ماڵیان هاتە دەرەوه! ! بازرگان راستی قسەکانی توتی یەکەی بۆ دەرکەوت! درۆزنی ژنەکەی بۆ دەرکەوت. چووه ماڵەوه دوای پەشیمانی لە سەر بڕینی توتی یەکە، ژنەکەی خۆی کوشت و سوێندی خوارد تا لە ژیاندا بێت ژن نەهێنێت! ئەمجا وەزیر وتی:
گەورەم پەلە مەکە لە بڕیارداندا بە کوشتنی کوڕەکەت چونکە پەشیمانی سوودی نییە!!
بە چیدا دەزانیت ئەو کەنیزەکە راست دەکات!!؟ پاشا لە بڕیارەکەی پەشیمان بووەوه، رۆژی دووەم کەنیزەکەکە چووەوه لای پاشا و دەستی کردەوه بە گریان و وتی:
کەی ئەمە رەوایە؟ تۆ فەرمان دەربکەیت و وەزیرەکەت جێ بە جێ کردنی رابگرێت!؟ لەکاتێکدا گوێ رایەڵی پاشا لە جێ بە جێ کردنی فەرمانەکانیدایە ئەوه پاشاکیان دەگێڕنەوه کابرایەك هەبوو رۆژانە دەچووه کەنار دەریا هەموو رۆژێ کوڕەکەی شوێنی دەکەوت، لە کەناری دەریا مەلەی دەکرت باوکەکەشی گوێی نەدەدایە و ئامۆژگاری نەدەکرد، تاکو رۆژێکیان هێندە مەلەی کرد بازۆڵەکانی ماندوو بوون توانای مەلەی نەما و خەنکا و مرد. باوکیشی کە کوڕەکەی بینی نقوومی ئاوەکە بوو، خۆی هەڵدایە ئاوەکەوەو کوڕەیش لە تاو خۆی باوەشی بە باوکیدا کرد، لە پەل وپۆی خست، دواتر هەردووکیان خنکان.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٨١

# وەزیر دووەم و چیرۆکی مەکری ژنان

شەهرەزاد وتی:

وەزیری دووەم چووە بەردەمی پاشا و کڕنووشی بۆ بردوو وتی:

گەورەم دوای تەمەنێکی زۆر و خەم و پەژارەیەکی فرە خوا بەسەری کردیتەوەو کوڕێکی پێ بەخشیت! تاکو ببێتە جێ نشینت. داواکارم پەلە نەکەیت لە بڕیارەکەتدا. گەورەم، باوەکو ئەم بازرگانەت لێ نەیەت کە هەر ئێستا بە سەرهاتەکەیت بۆ دەگێڕمەوە دەیگێڕنەوە بازرگانێك هەبووە ڕێکپۆش و پاك و خاوێن. ڕۆژێکیان پیرە ژنێك دێتە بەر دوکانەکەی و (٢) کولێرەی پێ دەبێت. بازرگانەش بانگی دەکات و مامەڵەی لە گەڵ دەکات و بە هەرزانترین نرخ لێی دەکڕێت. ئێوارە لە گەڵ خۆی دەیباتەوە. ڕۆژی دواتر پیرە ژن دێتەوەو بەهەمان نرخ لێی دەکڕێتەوە(٢٠) ڕۆژی ڕەبەق، بازرگان کولێرەی پیرە ژن دەکڕێتەوە! بازرگان سەرنجی دا پیرە ژن دیار نەما! چەند ڕۆژ چاوەڕێی کرد، بێ سوود بوو! ڕۆژێکیان بازرگان دەڕواتە بازاڕ یکی تر بۆ شت کڕین. بەرێکەوت پیرە ژنە دەبینێت! دەچێتە لای و چاك وچۆنی لە گەڵ دەکات. ئەمجا دەپرسێت ئەوە بۆچی دیارنیت!؟ خۆ من هەر چاوەڕێی کولێرەکانی تۆ بووم! پیرە ژن بێدەنگ دەبێت. بازرگان هێندەی تر دەبێتە مەراقی لێی دووبارە دەکاتەوە، بۆیە پیرەژن بەشەرمەوە دەڵێت چیت لێ بشارمەوە من کارەکەریماڵێکی دەوڵەمەندم. پیاوی ماڵەکە دەکەوێت و ڕانێکی دەشکێت، جەراحێك هاتە ماڵەوەو بۆی گرتەوە و ئامۆژگاری کرد کە دەبێت(٣) هەفتە ڕۆژی (٢)گونگ هەویر چەور لە ڕانی بنێن، تاکو چاك دەبێتەوە. ئیتر٢ گونکی ڕۆژی پێشووم دەهێنایەوە و دەم کرد بە (٢)کولێرە و تۆیش لێت دەکڕیمەوە! دواتر کابرا مرد. (٢) گونك نەما کولێرەی تۆیش نەما!! . بازرگانە بەدەم (هێڵنج) دانەوە، هەر دەڕۆیشت و دەی وت:

( لا حول ولا قوە الا بالله العلی العظیم). دوای ماوەیەك بازرگانە هێندەی بیر لەو(٢) گونکە کردەوە تا نەخۆش کەوت و مرد.

ڕۆژی سێ یەم کەنیزەکەکە خۆی کرد بەلای پاشادا و یەخەی خۆی دادڕی و وتی:

قوربان هێندە گوێ لەو وەزیرە خراپەکانت مەگرە! تۆیش مەبە بەو پاشایەی هێندە گوێی لە گەورە وەزیرانی خۆی گرت تاکو تۆووش بوو! پاشا لێی پرسی:

( ئەوە چۆن بووە؟ ).

کەنیزەکەکە وتی:

دەیگێڕنەوە ئەی پاشای زەمان خاوەنی فەرمان ! پاشایەك هەبووە یەكێك لە كوڕەكانی خۆش ویستووە، لە كوڕەكانی تری لە بەردڵان تربووە، ڕۆژێكیان ئەو كوڕەی بە باوكی دەڵێت حەزم لە ڕاو شكارە! باوكەكەی دەخاتە تەكی و دەڵێت چاودێری بكەو پێداویستی یەكانی ڕاوی بۆ ئامادە بكە. وەزیر دوای خۆ ئامادەكردن كوڕە دەبات و دەردەچن بۆ ڕاو. شوێنێك دەبینن مێرگ و ئاوەنیایە زۆر خۆش و لەبارە، شوێنی ڕاو شكارە، لادەدەن. ڕۆژێكیان كوڕە وەزیر لە بەر دەمیدا ئاسكێك هەڵدەستێت و بەلایەوە زۆر جوان دەبێت بەوەزیر دەڵێت دەمەوێ بەتەنیا شوێن ئەم ئاسكە بكەوم. وەزیریش ڕێی دەدات وئەویش شوێنی دەكەوێت! ئەو ڕۆژە تاكو ئێوارە بە دوای ئاسكەكەوە دەبێت. لە دەشتێكی چۆڵ و ڕوت دا شەوی بەسەردا دێت! كوڕە پاشا سەری لێ تێك دەچێت و ڕێی گەڕانەوەی ون دەكات! . تاكو بەیانی بەسواری ئەسپەكەیەوە دەبێت. بەیانی تاكو نیوەڕۆ ملی ڕێ دەگرێت، تاكو دەگاتە شارێك. دەچێتە ناو شار دەڕوانێت، ماڵەكان كاول و كەلاوەن، كەسی تیا نییە، (كونەبەبوو) لەسەریان دەخوێنێ. لە كاتێكدا كوڕە پاشا سەیری وێنەیەكی سەر دیوارێكی دەكرد، لای كردەوە كچێكی زۆر جوانی بینی لە بن سێبەری دیوارەكەدا دەگریا! لێی نزیك بووەو پرسی:

( تۆ كێیت؟ ). كچەش وتی:

(كچە چێشت لێنەری ماڵی پاشام! ڕۆژێكیان هاتمە دەرەوە، بۆكارێكی خۆم، دێوێك فڕاندمی! بەلام هێندەی گڕی بەردە سوتاوی تێ گیرا ئەو گڕ گرت و نزم بووەو منی فڕێدا چاوم لێی بووسوتا و مرد. ئەوە(٣)ڕۆژە دەمم لە نان و ئاو نەداوە! كە تۆم بینی وتم:

ئەمجارەش خوا نەی كوشتم!! كوڕە پاشا بەزەیی پیادا هاتەوەو، لە پاشكۆی خۆیەوە سواری ئەسپەكەی كرد و پێی وت:

بێ خەم بە گەر خوا بە وڵاتی خۆمی شاد كردمەوە دەتنێرمەوە بۆ وڵاتی خۆت. دوای كەمێك ڕۆیشتن، كچە وتی:

دام بگرە تەنگە تاوم. دەچمەئەودیو ئەودیوارە رووخاوەوە، هەر ئێستا دێمەوە. دابەزی ڕۆیشت. كەهاتەوە شتێكی زۆر ناشیرین و نینۆك درێژ و بڵح بوو. كوڕە پاشا زۆر ترسا و گیانی كەوتە لەرزین! ناشیرینەكە بازێكی دا و چووەوە پاشكۆی ئەسپەكەو پرسی:

ئەوەچی یە؟ بۆ تێك چوویت!؟ كوڕە پاشا وتی:

كارێكی گەورەم بیر كەوتەوە!

ناشیرینەكەش وتی:

سوپاكەی باوكتی بۆ بنێرە! ئەویش وتی:

بەو سوپێیە چار ناكرێت! ئەمجا وتی:

ماڵ و سامانی باوكتی تیا خەرج بكە. كوڕە وتی:

ئەوەیشم فریا ناکەوێت! ناشیرینەکە وتی:

ئەوە چی یە دەڵێن خوایەکمان هەیە لە ئاسمان یارمەتیمان دەدات!؟ دە خوایەکەت بانگ بکە با رزگارت بکات لە دەستم! کوڕە پاشا چاوانی بەرەو ئاسمان بڵند کردنەوە! دوای کەمێك سەیری ئەو ناشیرینەی کرد، لە پڕێکا لە ئەسپەکە کەوتە خوارەوە وسوتا! ئەمجاکەنیزکەکە وتی:

پاشا گیان بەلای خۆیەوە پاشا ئەو وەزیرەی لە گەڵ کوڕەکەی نارد ئاگای لێ بێت وئامۆژگاری بکات کەچی:

رێی بە کوڕە پاشا دا کە شوێن ئەو ئاسکە بکەوێت. چونکە دەیویست کوڕە پاشا تیابچێت! بۆیە تۆش ئاگات لە خۆت بێت. وەزیرەکانت هەڵت نەخەڵەتێنن!! . پاشاش وتی:

کوڕەکەم لە سێدارە دەدەم! کەنیزەکە چووە دەرەوەو وەزیری سێ یەم چووە ژوور بۆ لای پاشا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٨٢

## سێ یەم وەزیر و چیرۆکی مەکری ژنان

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار خاوەنی بڕیار. وەزیری سێ یەم، بە هاواریکانی وت:

هەر دەمەم بە پاشادا گەیشت کارێك دەکەم هەر زوو پەشیمان بێتەوە لەم بڕیارە ناڵەبارە. کە چووە دەرباری پاشا کڕنووشی بۆ برد و وتی:

دەگێڕنەوە راوچی یەك هەبووە، سەگێکی هەبووە زۆری خۆش ویستووە. رۆژێکیان دەچێتە ڕاو دەچێتە ئەشکەوتێکەوە بۆ حەوانەوە، کونێك لە دیواری ئەشکەوتەکەدا دەدۆزێتەوە پڕ دەبێت، لە هەنگوین. راوچی یەش گۆزەیەکی پێ دەبێت، پڕی دەکات لە هەنگوین. دەیدا بە شانیدا و دەگەڕێتەوە و سەگەکە بەدوایەوە، یەکسەر دەیبات بۆ بازاڕ بۆ فرۆشتن. لە بەر دوکانێکدا دەوێسێت، کابرای دوکاندار دەیەوێت هەنگوینەکە ببینێت، راوچی سەری گۆزەکە هەڵدەداتەوە، کابرا قامکی تێدەکات و دەی هێنی بەدەمیدا تاکو بزانێت چۆنە. دڵۆپەیەك هەنگوین دەکەوێتە سەر زەوی کۆترێك لەولاوە مێرووله دەبینێت دەوری دڵۆپە هەنگوینی سەر زەویان داوە. بەباڵە فڕەیەك دەنیشێتەوە، لە دڵۆپە کە بخوات!

پشیلەی کابرای دوکاندار دێتە دەرو پەلاماری کۆترەکەدەدا! سەگی کابرای راوچی کە پشیلەکەی دەبینێ ملی کۆترەکە دەشکێنێ پەلاماری پشیلەکە دەدات و لە جێدا دەیکوژێت. خاوەن دوکان و پشیلەکە سەگەکە دەکوژێتەوە! راوچی پەلاماری دوکاندار دەدا و دەیکوژێ. لەم کەین وبەینەدا هەواڵ دەگاتەوە ئاوایی دوکاندار و دێی کابرای راوچی. دانیشتوانی هەردوو دێ یەکە بەشمشێر بەردەبنەگیانی یەك و شەڕی دەستەو یەخە ! ! هێندە لە یەکتر دەکوژن کە لە ژمارەنایەن! مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێت چەند کوژرا! ئەمجا وەزیر وتی:

پاشا گیان مرۆڤ دەبێت بە فەرمایشەکانی خوا رەفتار بکات و لێ بووردن سیفەتی خۆشەویستانی خوایە! پاشا کە ئەمانەی لە وەزیر بیست دەم ودەست بڕیاری دا لە کوڕەکەی خۆش بێت و نەی کوژێت. ئەمجا دوابەدوای وەزیر کەنیزەکە سکاڵا کەرەکە چووە بەردەم پاشاو وتی:

ئەی پاشای توانا بە هەموو شت زنا، من سکالای خۆم کرد تۆیش دادپەروەر نەبوویت و تۆڵەت نەسەندم لە بەر ئەوەی غەدر کەر و تاوانبار کوڕی خۆتە! بەڵام دەست بە نزام وەکو چۆن کورە پاشای سەرخست بەسەر وەزیردا ئاوا کێشەی منیش سەربخاتا بەسەرکوڕە کەتدا! پاشایش وتی:

ئەوبەسەرهاتە چۆن بووە؟ کەنیزەکەکە وتی:

بیستوومە پاشایەك لە زەمانی کۆندا هەبوو تەنیا کوڕێکی بوو. کاتێك کوڕەکەی گەورە بوو کچەپاشایەکی بۆ خوازبێنی کرد. ئەو کیژە جوانەی بووکی کورە ئامۆزایەکی هەبوو. کاتی خۆی ناردبوویە خوازبێنی، ئەم کیژە. بەڵام بووکی پاشا پێی قایل نەبوو بوو. کە ئامۆزای کچە ئەو شوو کردنەی بیستەوە، دیاری و بەرتیلێکی زۆری نارد بۆ یەکێك لە وەزیرەکانی باوکی داوای لێکرد، کە مێردی کچە ئاموزاکەی واتە زاوای کوڕی پاشای بۆ بکوژێت. ئەمجا بۆ وەزیری نووسی بوو، زۆر بەغیلی دەبەم بە مێردی کچە ئامۆزام. هەوڵم بۆ بدە با تەڵاقی بدات. ئەگەرنا مێردی ئامۆزاکەمم بەهەر پیلانێك بێت بۆ بکوژە.

وەزیر دیاری یەکانی کوڕە مامی وەرگرت و هەواڵی بۆ نارد کە بێخەم بێت ئەوکارەی بۆ جێ بەجێ دەکەم. دوای چەند رۆژێك پاشا ناردی بە شوێن کوڕە وەزیر و رای سپارد کە بابێت بۆ شاری ئێمەو هەر لێرە کچەی لێ مارە دەبڕێت و دەیکاتە بەردەوە، کە کوڕە و وەزیری باوکی بەمەیان زانی دیاری وپێداویستی ژن هێنانیان ئامادە کرد. وەزیر(١٠٠٠)سەربازی شمشێر بەدەستی سوارەی خستە تەکی کوڕەکەی و رەوانەی شاری پاشای کرد. دوای ئەوەی سەرپەرشتی کاروانەکەی بە ئەو وەزیرە سپارد کە بەرتیل و دیاری لە کچەپاشا نیدی بەهەرپیلانێك بێت. پەیمانیش دابوو ئەم کوڕە وەزیرە دوور بخاتەوە وەزیریش وتی:

ئەم (هەلە)و رەخساوە! دەبێت لە رێگە پیلانێك بۆ زاوا دابنێم. رۆژی دواتر كاروان و (١٠٠٠) سەربازە كەوتنە رێ. رێگایەكی زۆریان بڕی وەزیر بیری كەوتەوە كە لەو دەوروبەرەدا كانی یەك هەیە هەر پیاوێك لێی بخواتەوە دەم ودەست دەبێت بە ئافرەت!! بۆیە فەرمانی دا كاروان لابدات، بۆ حەوانەوە و دەوارو رەشماڵ هەڵبدەن. ئەمجا ڕووی كردە كوڕە وەزیری (زاوا) و وتی:

لەم دەوروبەرەدا كانی یەكی سازگار هەیە وەرە بائەسپەكان غار بدەین و بگەڕێین تا دەیدۆزینەوە. كوڕە وەزیر ئەسپەكەی ژێری غاردا و وەزیر بەدوایدا دوای ماوەیەك گەڕان دۆزیانەوە. كوڕە وەزیر لە سەر زینەكە هاتە خوارەوە. دەست و دەم وچاوی شت. ئەمجا دەستی كردە خواردنەوەی ئاوەكە هێندەی زانی لەشی گۆڕرا و بووە ئافرەت!! زاوا بەسەرسوڕمانەوە سەرنجی خۆیدا هەر چەندی كرد وكۆشا سوودی نەبوو ئەمجا كەوتە گریان و لەخۆدان! وەزیریش لە گەڵیدا كەوتە گریان و خۆی وادەر دەخست كە بێئاگا بووە، لەو كارەساتە. زاوا بووڕایەوە، كە بەئاگا هاتەوە وەزیر لێی پرسی:

كوڕەكەم ئێستا چی بكەین!؟ زاوا وتی:

برۆ ئەم هەواڵە بگەیەنە بە باوكی وەزیرم. منیش لێرە ناجووڵێم. یان دەبێت ببمەوە بە كوڕ یان لێرە دەبم تا دەمرم. وەزیرە رۆیشت و كوڕە وەزیری زاوا كەببوو بە ئافرەت(٣) شەوو(٣) رۆژ لەسەر ئەو كانی یە مایەوە و دەمی بۆ خواردن نەبرد! خۆی دایە دەست ئەو خوایەی كە كەس نائومێد ناكات. شەوی چوارەم ئەسپ سوارێك هاتە سەر كانی یەكە كە تاجێكی شاهانەی بە سەرەوە بوو، سوارەكە پرسی:

( ئەرێ كێ تۆی هێنایە ئێرە؟ ئەویش بۆ گێڕایەوە، كە زاوا بوو، دەچوو ژنەكەی بگوێزێتەوە، دواتر وەزیرێك هێناوی یە سەر ئەم كانی یەو ئاوای لێ هاتووە كە سوارەكە دەی بینێت. سوارەكە وتی:

ئەو وەزیرە خائنە بە تۆ! چونكەئەم كانی یە تەنیا یەك كەس شوێنەكەی زانیوە. ئەمجا وتی:

وەرە پاشكۆم سوار بە ئەمشەو تۆ میوانی ئازیزی ماڵی منیت!، زاوای بە ئافرەت بوو وتی:

نازانم تۆ كێیت؟ شوێنت ناكەوم! سوارەكە پێ كەنی و وتی:

من كوڕی شای پەریانم تۆیش كوڕی پاشای مرۆڤیت، بێخەم بە لابردنی خەم وپەژارەت بەلامەوە ئاسانە.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

# شەوی ٥٨٣

شەهرەزاد وتی:

کورەپاشا چووە پاشکۆی کورەپاشای پەری یان. ئە و ڕۆژە تاکو نیوەشەو بەڕێوە بوون. کورە پاشای پەری یان لە کورە پاشای ئادەمیزادی پرسی:

پێتوایە چەندەمان ڕێگا بڕیوە؟ کورە پاشای ئادەمیزاد وتی:

نازانم! ئەویش وتی:

ڕێگەی ساڵێکمان بڕیوە! کورە پاشای ئادەمیزاد خەمی لێ هات و وتی:

( جا باشە من چۆن بگەمەوە وڵاتی خۆم!؟ ). کوڕی پاشای پەری یان وتی:

ئەوە کێشەی تۆ نییە! من لە چاو تروووکانێکدا دەتبەمەوە وڵاتی خۆت! تۆ بیر لە چاك بوونەوەی خۆت بکەرەوە، چاك بوونەوەکەشت لای من زۆر ئاسانە.

ئەمجا گەیشتنە زەویەکی سەوزی مێرگوزار، پڕ لە درەختی بەردار. چەندین کۆشکی تیا بوو. کورە پاشای پەری یان، چووە ناو چەند کۆشکێکیان وە تاکو کچە زاوا بیان بینێت. ئەو شارە پاشایەکی بە هەیبەتی هەبوو. کوڕی پاشای پەریان کوڕی زاوای بـردەوە مـاڵی خۆیان. ئەو ڕۆژە تاکو نیوە شەو خزمەتی کورەپاشای ئادەمیزادیان کرد. نیوە شەو، سوار بوونـەوە، کەوتنە ڕێ تا گەیشتنە زەویە کی ڕوتمەنی وشك و ڕەش. بەردە ڕەشەکانی لە بەردی دۆزەخ دەچوون. کورە پاشا پرسی:

( ئەم دەشتە ناوی چی یە؟ ). کورە پاشای پەری یان وتی:

ناوی دەشتی دەهمایە شاپەری(٢) باڵ خاوەنیەتی. کەس ناوێرێت، بچێتە ئـەم دەشتەو، مەگەر خۆی ڕێی پێ بدا!! لێرە بوەستە تامن دەچم داوای لێدەکەم ڕێگامان بدات. کورە پاشا وەستا ئـەویش ڕۆیـشت و دوای سـەعاتێك گەڕایـەوەو دەسـتیان کـردەوە بـە ڕۆیـشتن. دوای ماوەیەك چوونە سەر کانی یەك کەلە لاپاڵی کێوە ڕەش دا بوو. ئەمجا کوڕی شای پەری یان وتی:

دەی دابەزەو بـڕۆ لـەو ئـاوە بخۆرەوە. ئـەویش دابـەزی و چـوو لـە ئـاوەی کانی یەکەی خـواردەوە. دەم ودەسـت بـووە بـە کوڕەکـەی جـاران! کـورە پاشـا هێنـدە دڵخـۆش بـوو هەر مەپرسە! ئەمجا پرسی:

برا ئەم کانی یە ناوی چیە؟ ئەویش وتی:

ئەمە ناوی کانی ژنانە! هەر ژنێك ئاوی لێ بخواتەوە دەم ودەست دەبێتـە پیـاو!! تۆیش سەپاسی خوابکە کە ئاوا ڕزگار بوویت! ئەمجا کوڕی شای پەری یان کـوڕی شـای ئـادەمیزادی گەهاند ماڵ. دەستیان کرد بە نان خواردن. نیوەشەو کوڕی شای پەری یان لێی پرسی:

حەز دەكەیت هەر ئەمشەوبچیتەوە ماڵی خۆتان!؟ ئەویش وتی:

زۆر!! . ئەمجا كوڕی شای پەری یان كۆیلەیەكی رەشی بانگ كرد و رای سپارد( هەر ئێستا ئەم لاوە دەگەیەنێتەوە ماڵی مامی لە ولاتی خۆیان نابێت خۆری بەیانی لێی بدات. تەنیا لە ولاتی خۆیدا نەبێت! . كۆیلە دێوە رەشە كەناوی(راجز) بوو هات و وتی:

بەچاوان. كە كوڕە پاشا ئەو دێوەی بینی سەری سوڕما! ئەمجا كوڕی شای پەری یان وتی:

سواری ملی ئەم دێوە ببە و چاوانت بنووقێنە! ئەویش بەقسەی كرد. بەرەبەیان دێوە كە كوڕەپاشای كە دابەزاند وتی:

چاوانت بكەوە، وتی:

ئەمەماڵی مامەتە! ئەمجا لێی دا و رۆیشت. كوڕە هێندە ماندووی سەفەرەكەی بوو لە سەر بانی كۆشكەكەی مامی لێی نووست كە خۆروبان گەرم بوو، بە هەروەباندا هاتە خوارەوە. یەكەم كەس مامی بینی. ئەم لاولای ماچ كرد و وتی:

خەڵكی لە دەرگاوە دێنە میوانیمان كەچی تۆ لە ئاسمانەوە باریت! ئەمجا دانیشتوانی كۆشك بە خێریان هێنا. فەرمان دەركرا هەمووله كووچە و سەر كۆڵانێك خواردن كرا. خەڵك بۆ خواردن بانگ كرا. ئاهەنگ مانگێك سەرو مر بوو. تێیدا بووك بۆ زاوا گوازرایەوە كوڕە مامی هێندەی ئیرەیی برد دڵی تەقی و مرد! ئەمجا كاروان بەرەو ماڵە باوانی زاوای نوێ بەرێ خرا . جیازی بووكەی لە گەڵ برا. كەنیزەكەكە وتی:

ئاوا خوا كێشەی كوڕە وەزیری بۆ چارەسەر كرد ! خوا بكات، تۆیش فەرمانەكەت بە جێ بێنی و وەزیرە فێڵبازەكان بە دەردی ئەو وەزیرە بەرتیل خۆرە بچێت! هەر لەوێدا پاشا وتی:

بێخەم بە كوڕەكەم لە سێدارە دەدەم. كەنیزەكە هاتەدەرەوە. بەدوایدا وەزیری چوارەم چووە ژوورەوە، بۆ لای پادشا كڕنووشی بۆ برد كە پاشا رێی پێ دا. وتی:

گەورەم لەم فەرمانە شاهانە بە پەلەمەبە! پیاوی ژیر هەمیشە بیر لە ئەنجامی كاری خۆی دەكاتەوە. پێشینان وتوویانە ( هەركەس لە كاری رانەمێنێ . كاڵەك ئەژنۆ دەشكێنێ!! ). با وەكو ئەو كابرایەت لێ نەیەت كە ژنەكەی فێڵی لێ كرد. پاشاپرسی:

( ئەوە چۆن بووە؟ ).

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٨٤

# چیرۆکی وەزیری چوارەم و مەکری ژنان

شەهرەزاد وتی:

وەزیر وتی:

گەورەم لەبارەی مەکری ژنانەوە دەگێڕنەوە کابرایەك بە شمشێرێکی روتەوە لەسەر سەری پاشایەك دەوەستێت. ئەم پیاوە حەزی لە کەنیزەکێکی پاشا کردبوو. رۆژێکیان بەمناڵی خزمەتکارێکی دا نامەیەك دەنێرێت بۆ کەنیزەکەکە پێی دەچێت و مناڵە ناگەڕێتەوە، ناچار کابرا خۆی دەڕواتە نهۆمی دووەم و لە دەرگای کەنیزەك دەدات. کەنیزەکەش پێش ئەوەی دەرگا بکاتەوە مناڵە هەڵدەگرێت و لە پەنجەرەی ژوورەکەیدا دەیشارێتەوە! ئەمجا دەرگا لە کابرای شمشێر بەدەست دەکاتەوە. لە کاتی قسەکردنیاندا کە دەرگا دەدرێتەوە! شمشێر بەدەست دەپرسێت ئاخۆ ئەمە کێ بێت وا لەدەگا دەدات؟ کەنیزەکە کە دەڵێت ئەمە مێردەکەمە! کابرای شمشێر بەدەست دەڵێت ئاسانە ئێستا دەرگا دەکەمەوە. کە هاتە ژوور تۆ دەست بکە بە جنێو دان بەمن ئەمجا بڕۆ دەرەوە! کابرایش بەقسەی کرد، کە مێردە کە هاتە ژوورەوە خەزێنەداری دەوڵەتی بینی و شمشێرێکی روت بەدەستی یەوە، جنێو بە ژنەکەی دەدات! ئەمجا لێی دا و رۆیشت. دواتر مێردەکە پرسی:

ئەرێ ژنەکە ئەمە چی بوو؟ ژنەی مەکر باز وتی:

پێش هاتنەوەی تۆ مناڵێك بە هەناسە برکێ و بەڕاکردن هات و خۆی دا بەسەر دەست و پێم دا ! وتی:

بە قوربانت بم لە کوشتن رزگارم بکە! یەکێك شوێنم کەوتووە بەشمشێرێکی روتەوە دەیەوێت بم کوژێت. منیش مناڵەم لێ شاردەوە. ئەوە بوو ئەم کابرایەی بینیت، بۆم هاتە ژوورەوە! ئەو هەموو جنێوەی دا! بەخوا گەر لە کاتی خۆیدا پەیدا نەبوویتایە بەو شمشێرە سەری لە لەشم جیا دەکردەوە! یاخوا بەخێر بێتەوە. مێردەی دڵپاکیش وتی:

خواپاداشتی خێرت بداتەوە خێرێکی باشت دەست کەوتووە! ئەمجا پاشا گیان کابرای شمشێر بەدەست لەترسی حەیای خۆی، نەی ویست شوورەیی بڕوات،، بۆیە کوڵی لە ژنەکە دا. کەنیزەکەیش، بەدیار چاوی مێردەکەیەوە بانگی مناڵەی کرد و وتی:

وەرە کورم مەترسە چووە دەرەوە کابرای شمشێر بەدەستی بانگ کرد و وتی:

براکەم لە خوا بترسە، ئەوەش مناڵەکە بیبە. پاشا بە وەزیری وت:

برۆ بێخەم بە کوڕەکەم لە سێدارە نادەم!

که وهزیر هاته دهرهوه دیسان کهنیزهکه مهکربازه که چووه لای پاشا کرنووشی بۆبرد دهستی بهقسه کردن کرد، وتی:

ئهی پاشای مهزن له ودیو دهرگاوه گوێم لێ بوو، ئهو وهزیره منی به مهکرباز دانا. بۆیه بریارم داوه گهر تۆڵهم لهکورهکهت نهسهندیت پیاڵهیهك ژههر دهخۆمهوه بۆ ئهوهی:

تاکو له ژیاندا بیت خوێنی منت له گهردن بێت! ویژدانت ئازارت بدات! ئهمجا دهستی کرده گریان و ههنسك دان!! . ئهم وهزیرانه من به مهکرباز دادهنێن کهچی خۆیشیان تابلێی فێڵبازن. ئهمجا زۆر بهتاسووقهوه وتی:

خۆزگه بهسهرهاتی( کهنیزهك وزێرهنگهرکهم بۆ دهگێرایتهوه! پاشا پرسی:

( ئهو سهربووردهیه چۆن بووه؟ ).

شههرهزاد ههستی کرد شهو درهنگ بوو . بێدهنگ بوو.

## شهوی ٥٨٥

شههرهزاد وتی:

کهنیزهکه مهکربازه که دهستی به گێرانهوهی کرد و وتی:

بیستوومه ئهی پاشای بهختیار ئهی زانای وشیار زێرهنگهرێك بووه، زۆری حهز له خواردنهوهو(وێنه) بووه. رۆژێکیان دهچێته سهردانی هاواری یهکی، کهسهیری وێنهیهکی سهر دیوارهکه دهکات وێنهی ژنێکی زۆر جوانه! که ههرگیز وێنهی وا جوان وسهرسور هێنهری نهدی بوو! رووی کرده خانهخوێ و وتی:

( خۆزگه دهمزانی ئهم کیژهی له کوێ دیوه!؟ ). خانهخویش وتی:

( کوره براکهم کێ دهڵێت ئهم وێنهیه له ئهندێشهی خۆیهوه نهی هێناوه!؟ زێرنگهر عاشقی وێنهکه بوو ! له خانه خوێی پرسی:

وێنهکێشهکهی دهناسیت؟ ئهویش وتی:

بهڵێ که بردی بۆلای، پێیان وتن:

وێنهکێشهکه سهفهری کردووه، ماوهیهك زێرنگهر چاوهرێی کرد. دوایی چووهوه و لێ پرسی:

وێنهکێش وتی:

( براکهم ئهوه وێنهی کیژێکی گورانی بێژه ناسراوه، ئاههنگی وهزیران و گهوره پیاوان سازدهکات و له وڵاتی هیندستان نیشته جێ یه ! زێرنگهر وتی:

عاشقی بووم و خۆم دهگهیهنمه هیندستان!! وێنهکێش وتی:

کاکە گیان چی تۆ دەگەیەنیتە هیندستان؟ تۆیەك لەوڵاتی فارس و کیژێك لە وڵاتی هیند!! . زێڕنگەر گەڕایەوە ماڵ لە چەند رۆژێکدا خۆی ئامادە کرد و سەفەری کرد بەرەو هیندستان. دوای ماوەیەکی زۆر ماندوو بوونێکی فرە گەیشت. دوای چەند رۆژێك چووە ناوبازاڕ کەمێ گەڕا . ئەمجا چووە دوکانی عەتارێك، لێی پرسی:

پاشاکەتان چۆنە لەگەڵتان؟ . کابرای عەتار وتی:

پاشایەکی تابلێی زیرەك و دانا و دادپەروەر و بەبەزەیی بەرامبەر هاو وڵاتیانی. زۆریش رقی لە سیحر بازە! ئیتر ژن بێت یان پیاو! بکەونە بەردەستی، رەوانەی ئەو بیرە قووڵەی دەرەوەی شاریان دەکات و بەری یان دەداتە ناوی یەوە! . ئەمجا زێڕنگەر هەواڵی وەزیرەکانی پرسی!؟ عەتارەکەیش کەوتە قسەکردن لەسەر یەکەیەکەی وەزیرەکان تا گەیشتنە سەر باسی کیژە گۆرانی بێژی وەزیران و وتی:

ئەم کیژە گۆرانی بێژە لای فڵانە وەزیریانە. زێڕنگەر بەدڵی خۆشەوە لە دوکانەکەی هاتە دەرەوە. ئەمجا چەند رۆژێك کەوتە بیرکردنەوە بۆ دانانی پیلانێك تاکو ئەو کەنیزەکەی دەست بکەوێت. دواتر دوای هەوڵێکی زۆر توانی کۆمەڵێك دز ببینێت، لە گەڵیان رێکەوت و پارەی پێ بەخشین کە بیان باتە سەر ماڵی ئەو وەزیرەی کچە گۆرانی بێژی تیابوو. ئەو کۆمەڵە دزە لە شەوێکی باو باران و بۆرفت دا چوونەسەر ماڵی وەزیرەکە، گەیشتنەهۆڵێکی گەورە، چەند چرپێیەکیان بینی کە بەقوماشی ئاوریشم رازابوونەوە. هەر نوێنی نووستنێك چرپاکەی مۆم دانێك بە ژوور سەری یەوە بوو. مۆمێکی تێدا بە داگیرساوی دانرابوو. زێڕنگەر سەرنجی دا لە نێو ئەو هەموو چراپێیەو شوێنی نووستن دا، چرپێیەك بوو لەسەر سەکۆیەك دانرابوو. کە لەبەردی مەرمەڕ دروست کرابوو، لای پێ یەکانیەوە مۆم دانێ بوو. لە نوێنی هەموویان رازاوەتر بوو. تێگەیشت، ئەوە نێچیرەکەی خۆیەتی! چووە ژوور سەری چەقۆیەکی تیژی بەدەستەوە بوو. کیژە، کە زێڕنگەری بە چەقۆیەکەوە لە ژوور سەری بینی زۆر ترسا لە دڵی خۆیادا وتی:

ئەمە دزە زێرەکانی خۆمی بخەمە بەردەست، نام کوژێت. بۆیە سەندوقی زێڕ و زیوەکەی خستە بەردەستی زێڕنگەر و وتی:

هەرچیەك دەبەیت بۆ خۆت مەمکوژە چونکە دوایی پەشیمان دەبیتەوە. ئەمجا زێڕنگەر فەرمانی دابە دزەکان، کە زێڕ و زیوی کەنیزەکەکان ببەن و بڕۆن. خۆیشی چەقۆکەی هێنا سەر شانی کەنیزەکەکەدا برینداری کرد و سندوقەکەی برد و رۆیشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٨٦

شەهرەزاد وتی:

کەنیزەکەمەکربازە وتی:

گەورەم زێڕنگەر ڕۆژی دواتر سندوقی زێڕ و زیوەی هەڵگرت و چووە سەرای حوکمڕان داوای کرد ڕێگەی پێ بدەن بچێتە لای پاشا کەچووە ژوورەوە کڕنووشی بۆ برد و نزای پێیەدار بوونی بۆ کرد و وتی:

گەورەم من کابرایەکی خەڵکی خۆراسانم.، ئارەزووم سەفەر و گەڕۆکی یە! دوێنێ ئێوارەیەکی درەنگ گەیشتمە بەر دەروازەی دیواری بازنەی شار داخرابوون. ناچار منیش ئەو شەوە لە بەر دەروازەکە و لە دەرەوەی شار لێی خەوتم بەرەبەیان کۆمەڵێك کەنیزەك هاتنە سەرم یەکێکیان نووکە شەقێکی تێ هەڵدام کە چاوانم کردەوە چی ببینم یاخوا دوژمنەکەشت نەی بینێت. کۆمەڵێ ژنی جوان. هەریەکەیان سواری گەسکێك بوو، تێگەیشتم ئەمانە ساحیرن! منیش بە چەقۆیەوە پەلاماری ئەوەم دا کە شەقەکەی تێ هەڵدام و چەقۆکەم لێ داوە شاندەوە دام لە شانی ڕاستی و خوێنی پێدا هاتە خوارەوە. ئیدی دایان لە گسکەکانیان و فڕین ولەبەر چاوم ون بوون. بریندارەکەیان ئەم سندوقەی لێ کەتە خوارەوە. منیش خەڵکی ئەم شارە نیم! تەماعیشم لەم زێڕ و زیوەدا نیە چونکە خواناسم و پشت لە دنیا، جا ئەمەش سندووقەکەیە فەرموو! پاشایش دەست خۆشی لێ کرد، زێڕنگەرەیش کڕنووشی بۆ بردەوەو هاتە دەر. لێی داو ڕۆیشت. پاشایش سندوقەی کردەوە. ملوانکە و بازنگ وپاوانە زێڕەکانی ئەم دیو ئەو دیو کرد. پارچەیەکیانی ناسی یەوە. پاسەوانەکەی بەردەرگای بانگ کرد و وتی:

بڕۆ فلان وەزیرم بۆ بانگ بکە دوای کەمێك وەزیر چووە بەردەم پاشا و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

فەرموو گەورەم، پاشا لێی پرسی:

ئەم زنجیرە زێڕە ئەوە نیە کە من بە دیاری دامە کیژە گۆرانی بێژەکەی تۆ!؟ وەزیریش وتی:

بەڵێ قوربان، پاشا فەرمانی پێدا دە هەر ئێستا بچۆ ئەو کیژە گۆرانی بێژەم بۆ بێنە با زێرەکەی بەدەمەوە بە خۆی. وەزیر بە دڵێکی خۆشەوە، گەڕایەوە کۆشکەکەی خۆی و کیژە گۆرانی بێژەی هەر ئەو ڕۆژە لە بەردەم پاشادا ئامادە کرد. ئەمجا پاشابە وەزیری وت:

سەیری سەر شانی ڕاستی بکە بزانە بریندارە؟ وەزیر کەسەیری کرد وتی:

بەڵێ گەورەم بریندارە ئەمجاهەر لە وێدا فەرمانی شاهانەی بۆ دەرکرد:

که ساحیره دەبێت ببرێت و بەر بدرێتەوە بیرەکەی کەنار شار. پاسەوانان کیژەی گۆرانی بێژیان گرت و بردیان فەرمانی شاهانەکەی بەسەردا بەسەپێنن، لە ولایشەوە کابرای زێرنگەر بەدڵێکی خۆشەوە، چووە ئەوخانەی کەتێیدا نیشتە جێ بوو. ئەو شەوە لێی نووست بۆ رۆژی دواتر(١٠٠٠) دیناری لە توورەکەیەکی پارە خست و هەندێ خواردنی برد و چووە دەرەوەی شار بۆ لای بیرەکە سەڵاوی کابرای پاسەوان کرد و خواردنەکەی داناو قۆڵی لێ هەڵکرد و فەرمووی لە پاسەوانی بیرەکە کرد. دەستیان کرد بە خواردن. کە لێ بوونەوە زێرنگەر بەروویەکی خۆشەوە، رووی کردە پاسەوانی بیرەکە و وتی:

زۆر حەز دەکەم بەسەرهاتی خۆمت بۆ بگێرمەوە پاسەوان وتی:

خۆ ئێرە چۆڵە ومنیش هیچ ئیشێکم نیە فەرموو زێرنگەر وتی:

خاڵەگیان من خەڵکی خۆراسانم و لەوڵاتی فارسەوە هاتووم. ئەوە چەند مانگە بەرێوەم تاکو گەیشتمە ئەم (وڵاتی هیند)ەی ئێوە هۆی ئەم سەفەرەم دوورە و درێژمیش عاشق بوونم بوو بە گۆرانی بێژی دەرباری وەزیرانی ئێوە هتد

زێرنگەر بە دوور و درێژی بۆی گێرایەوە کە چۆن کۆمەڵێ دزی بەکرێ گرت و چوونە سەر ماڵی فلاّن وەزیر وچۆن سندوقە زێرەکەی بردوومتە لای پاشا و فریوی داوەو چۆن فەرمانی شاهانەی پێ دەرکردووە کە گوایە کیژە گۆرانی بێژ(ساحیرە! )یە. ئەمجا رووی کردە پاسەوان و وتی:

ئێستاش دەزانم ئەو کیژە گورانی بێژە بمرێت سوودی بۆ تۆ نیە جا براکەم ئەگەر رێم بدەیت بەم پەتە درێژە ئەوکیژە گۆرانی بێژە دەر بێنمەوە و لە گەڵ خۆم بیبەمەوە بۆ خۆراسانی فارس. تۆ سوودمەند دەبیت. ئەمجا توورەکە پارەکەی دەرهێنا و وتی:

(١٠٠٠)دیناری بەخشیش تێدایە! منیش لێرەوە بەرەو وڵاتی خۆم دەرۆم و کەسێکی شارەکەی تۆ ئەم کیژە نابینێت تاکو خەبەرت لێ بدات! پاسەوان سەراسیمە بوو!! سەری لەم کارە سورما! ئەمجا (١٠٠٠)دیناری لێ وەرگرت و کیژەیان دەرهێناوەو زێرنگەر لە گەڵ خۆی بردی. ئەمجاکەنیزەکە مەکربازە، بە پاشای وت:

گەورەم بڕوانە ئەوپیاوە چەند فێڵباز بوو وەزیرەکانی تۆیش وەکو ئەو زێرنگەرەن. بەقسەیان مەکە لەو دنیا چۆن وەڵام دەدەیتەوە؟ شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٨٧

شەهرەزاد وتی:

کەپاشا ئەمەی لە کەنیزەکە مەکربازەکە بیست جارێکی تر پەشیمان بووەوەو وتی:

قسەی تۆیە منیش پەشیمان بوومەوەو کوڕەکەم لە سێدارە دەدەم!

کەنیزەکە دیسان کڕنووشی بۆ برد ئەمجا هاتەوە دەرەوە، وەزیری پێنجەم چووە ژوورەوە و کڕنووشی بۆ پاشا برد، وتی:

گەورەم خوا پێیەدارت بکات پەلەمەکە لە بڕیارەکانتدا، باوەکو ئەوکابرایەت لێ نەیەت کە پەشیمان بووەو تا لە ژیاندا بوو پێ نەکەنی!! پاشایش وتی:

ئەوبەسەرهاتە چۆن بووە.

# وەزیری پێنجەم چیرۆك لەمەکری ژنان

دەڵێن کابرایەك بووە، دەوڵەمەند و خاوەن خانووبەرە و ریزە دوکان و رەز وباخ ژیانێکی زۆر بەختیارانە ژیاوە. تەنیا کوڕێکی هەرزەکاری بووە. دواتر کابرای دەوڵەمەند دەمرێت و ئەوهەموو سامان و پارەیە بۆ ئەوکوڕەی دەمێنێتەوە. کوڕەکەی بێ گوێدان و بیرکردنەوە کەوتە خەرج کردنی سامانی باوکی و تەخشان وپەخشانی ریزە دوکان و خانووبەرەکانی. دوای ماوەیەك کەوتە فرۆشتنی کەنیزەك و کۆیلەکانی باوکی! کار گەیشتە ئەوەی هیچی بەدەستەوە نەما! ناچار دەچووە گۆڕەپانی کرێکاران. رۆژێکیان پاڵی بە دیوارێکەوە دابوو چاوەڕێی ئەوەی دەکرد یەکێك بیبات و کاری پێ بکات، تاکو بژیوی ئەو رۆژەی پەیدا بکات. کابرایەك هات و سڵاوی لێکرد ئەمیش وەڵامی دایەوە و پرسی:

ئاخۆ مامە پێشوتر منت ناسی بوو؟ کابرا وتی:

نەخێر کوڕم. ئەمجا کوڕە لێی پاڕایەوە کەبەڵکوو کارێکی بۆ بدۆزێتەوە! کابرا وتی:

کوڕەکەم هاتووم کارێکی زۆر ئاسانت پێ بکەم ئەویش ئەوەیە ئێمە (١٠) پیرەمێردین لە خانویەکدا پێویستمان بە کەسێکی وەکو تۆیە پەزێراییمان بکات! جا پارەیەکی باشیشت دەدەمێ، جلّ وبەرگت لەسەر ئێمەیە لەگەڵ خواردن دا! کوڕە وتی:

بەسەرچاوان،

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

# شەوی٥٨٨

شەهرەزاد وتی:

وەزیر هاتەوە سەر چیرۆکەکەی وتی:

پاشا گیان کوڕە شوێن پیرەمێرد کەوت و ڕۆ یشتن. پیرەمێرد خۆی کرد بە گەرماودا و کوڕە بەدوایدا. ئەمجا بە کوڕەی وت:

دەی بەرگەکانت دابکەنەو بچۆ ژوورەوە. بەناترم وتووە بت شوات. منیش ئەم بەرگە چڵکنە کۆنە شڕانەت فڕێ دەدەم و دەنێرم بەرگی نوێی جوانت بۆ بێنن. پارەی دا بە ناترێك بەرگەکانی بەرێت و بە ئەو درێژی و پانی یە دەستێ بەرگی نوێی گرانبەهای لە سەر بکڕێتەوە و کۆنەکان فڕێ بدات. ئەمجا بە بەرگی نوێوە کوڕە شوێن پیرەمێرد کەوت و بەرەومالْ بوونەوە. کە چوونە ژوورەوە کوڕە سەیری حەوشە و باخەکەی کردو کۆشکێکی نایاب زەوی و پێیەکانی لە بەردی مەڕمەڕ بوو. چەند هۆڵی گەورەی تیابوو کە لە ناوەراستی هەر یەکەیاندا حەوز و فوارە هەبوو. پەنجەرەکانیان دەیڕوانی بەسەر باخەکەدا. بولبولان دەیانخوێند. بنمیچی ژوورەکان بە هێڵی زێڕین زەخرەفە کرابوون. پیرەمێرد ئەو هۆڵانەی گێڕا دواتر بردی یە هۆڵێکەوە و لە ریزی پیراندا دانیشت. هەر(١٠) پیرەمێردە دەگریان کوڕە زۆری پێ سەیر بوو! ویستی بپرسێت، بەڵام بیری کەوتەوە! ئامۆژگاری کراوە. هەرگیز نەپرسێت و نهێنی مالْ بپارێزێت، ئەمجا پیرە هەستایەوەو چوو سندوقێکی هێنا و پێی وت:

( کوڕە شیرینەکەم ئەم سندوقە بگرە (٣٠٠٠٠) دیناری تیایە بووجەی خەرجی ماڵەکەیە. پێداویستی یەکانی مالْ و پێداویستی خۆتی لێ بکڕە! کە پارەکە تەواو بوو، داوای پارەی تر بکە! کوڕەش چەندین شەو و ڕۆژ لەو پارەیەی خەرج کرد. ڕۆژێکیان پیرەمێردێکیان مرد. ئەوانیش شتیان و لە باخچەی پشتەوەی حەوشەکەی خۆیان خستیانە گۆڕ. ساڵان هات و ساڵان چوو، بەرە بەرە لە پیرەمێردەکان دەمرد. تاکو خۆی و ئەو پیرەمێردە مانەوە کە کاتی خۆی هێنایەوە بۆ مالْ! چەند ساڵێك پێکەوە بوون. دواتر ئەم پیرەمێردەش نەخۆش کەوت، کوڕە خزمەتێکی باشی کرد، کە دەستی لەمیش شت، ڕۆژێکیان پێی وت:

بۆ خۆت دەزانی ئەوە(١٢)ساڵی ڕەبەقە باشترین پەزێراییم کردوون. ماندوو بووم لەگەڵتان. پیرەی نەخۆشیش وتی:

ڕاست دەکەیت کوڕم درێغیت لێ نەکردین! یەکە یەکە ئەوان مردن مردنیش لە ڕێی هەمووکەسێکدایە. کوڕەش وتی:

( ده ئێستا پێم بڵێ نهێنی ئەوگریانەتان چی یە!؟ پیرەمێردەی نەخۆش لە وەڵامدا وتی:

کوڕە شیرینەکەم، تۆ پێویستتبەو زانیاریە چی یە؟ من هەموو جارێك نزام کردبێت پاڕاوەمەتەوە خوا ئەوەی بەسەری هێناوم بەسەر کەسی تری نەهێنێت! جا گەر دەتەوێت وەکو ئێمە خەفەتبار بیت و چاو بەگریان، ئەوا، ئەو دەرگایە بکەرەوە. ئیشارەتی دەرگای ژوورێکی بەرامبەری کرد، کەناو ژوورەکەت بینی پەشیمان دەبیتەوە. لەکاتێکدا پەشیمانی سوودی نابێت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٨٩

شەهرەزاد وتی:

وەزیرەکە درێژەی بە چیرۆکەکەی دا و وتی:

پیرەمێرد نەخۆشی یەکەی سەخت تر بوو. دوای چەند رۆژێك مرد. کوڕە ئیفلاس کردووەکەش بە رێوڕەسمێکی جوان شتی ولە باخەکەی دواوە ولە لای گۆڕی پیرەمێردەکانی دی ناشتی. چەند شەوێك بەتەنیا مایەوە. رۆژێکیان چووە بەردەم ئەو دەرگایەی کە پیرمێرد پیشانی دابوو ئامۆژگاری کردبوو، نەیکاتەوە، سەیری کرد:

تۆڕی جاڵجاڵۆکە دایپۆشی بوو. (٤) قفڵی ژەنگاوی زۆر کۆنی لێدرابوو، ویستی بیکاتەوە ! بەڵام ئامۆژگاری پیرەمێردەکەی بیر کەوتەوە بۆیە لێی دوور کەوتەوە. بەڵام هەر (٧) رۆژ خۆی بۆ گیرا ! رۆژی هەشتەم هەر(٤)قفڵەکەی شکاند چووە ناوەوە داڵانێکی تەنگ بوو کوڕە دەستی کرد بەرۆیشتن، نزیکەی (٣) سەعاتێك بەداڵانەکەدا رۆیشت. ئەمجا چووە سەر کەناری دەریایەك کوڕە کەوتە روانین بە هەرچوار لادا هێندە دیمەنێکی دڵفرێن بوو چاو لێی تێر نەدەبوو لە ناکاودا هەڵۆیەکی زۆر گەورە لە ئاسماندا پەیدا بوو، داهاتەوە بۆ کوڕە و چنگی پیا کرد و بەرز بووەوە. زۆر رۆشت. دواتر لە دوورگەیەکدا لە ناوەراستی دەریایەکدا نیشتەوەو کوڕەی ئازاد کرد! کوڕە هەر چەند بە دوورگەکەدا گەڕا کەسی نەبینی، سەراسیمە بوو. نەیدەزانی روو لە کوێ بکات! ماوەیەك مایەوە تاکو رۆژێکیان لە کەنار دەریا دانیشت بوو، لە دوورەوە چەند کەشتی یەکی بینی.! زۆر دڵی خۆش بوو لە دڵی خۆیدا وتی:

بەڵکو رزگار بوونم لەم چۆڵەوانیەدا لەسەر دەستی ئەم خاوەن کەشتی یانەدا بێت. هێندەم زانی بەلەمێك لە نزیکمەوە بریسکە دەداتەوە، لەداری (کاج) دروست کرابوو.

دووسـەولّی پێـوە بـوو دەبریـسکایەوە و لـە تەختـەی ( ئەبـەنووس) دروسـت کرابـوون. تەنیشتەکانی بە پارچە پلێتی زێرین رازابووەوە. کە هاتنـە پێـشەوە، دەڕوانم (١٠) ئـافرەتی تیایە بەرگی ئاویشمیان لە بەردایە هێند جوانن دەڵێی مانگی چواردەن! . کیژێکیان تاجێکی زێرینی لە سەر دایە بـەگۆی مـرواری ویـاقوت رازاوەتـەوە بـە نقـێم دەروورە دراوە. هەستا و بازی دایەکەنارەکە و دەستی گرتم و وتی:

بـەخێر بێیـت زاوای شـیرین! دەسـرۆکەیەکی ئاوریـشمی کـردەوەو بـڕێ زێـڕی تیـابوو پێشکەشی کوڕەی کرد. ئەمجا دەستی کوڕەی گـرت و بـردی و سـواری بەلەمەکـەیخۆیانیکرد، کەسەیری ناو بەلەمەکەی کرد، فرشێکی تیا راخرابوو هێندە نایاب و جوان بوو! لـە وێنـەی نەبوو. کوڕە کەوتبووە نێوان (١٠) ئافرەتەوە یـەك لـە یـەك جوانـتر بـڕوای بـە چاوی خۆی نەدەکرد و پێی وابوو لە بەهەشتایە. ئەمجا بەلەم بەدەریادا کەوتـە سـەوڵ لێـدان، ماوەیـەك رۆیـشتن تاگەیـشتنە کـەنار دەریـا. ئـەمجا کیـژان دا بـەزین و منیـان بـرد، کـە روانـیم، سەربازانێکی زۆر هەموو پڕ چەك وئاڵا شەکاوەن! تەپڵ و کەڕەنا، هێندە زۆرن مەگەر خوا بۆ خۆی بزانێت ژمارەیان چەندە. هێندەم زانی(٤) شـۆڕە سـوار هـاتن و ئەسـپێکیان پـێ یە زین کراو، قەڵپووز زێڕین نقێم تێ کراو، سواریان کـردم(٢) سـوارەیان لای راسـت و چەپیان گـرتم. سـوارەیەکیان لـە پێـشەوە بـوو. سوارەیەکیـشیان بـە دوام کـەوتبوو زۆر بـە رێـزەوە بردمیـان. تاگەیـشتینە مێرگـوزارێکی ئاوەنیـای سـەوز، لەوێـدا چـەندین کۆشـك و تـەلار هەبوون! شارێکی خۆش و رازاوە . پڕ بوو لە رەزو بـاخ و بێـستان، رووبـار و کـانی و ئـاوێکی زۆر، گوڵ و گوڵزار و جۆرەکانی بولبول.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٥٩٠

شەهرەزاد وتی:

کوڕەی کرێکار و خزمەتکاری داماو، کەگەیشتنە نێو ئەو کۆشك و تەلارانە، سەیری کرد سوپێیەك سـەربازی بـینی، کـە لـە نێوانیانـدا پاشـای مەملەکـەت بـوو. چـەندین پاڵەوانی سەربازی بەدەورەوە بوو. بەرەو رووم هاتن. کوڕە سـەیری کـرد، پاشا لـە پـشتی ئەسپەکەی هاتە خوارەوە. لاوەکە وتی:

منـیش ناچـار دابـەزیم. کـە پێـك گەیـشتین باوەشـی پیـا کـردم و ماچی کردم منیش کەوتمە ماچ کردنی. ئەمجا وتی:

فەرموو تۆ میوانی منی.

ئێمە رۆیشتین. پاڵەوانان سەربازان پێ بەپێی ئێمە دەرۆیشتن تاکو گەیشتینە کۆشک دابەزین و خۆمان کرد بە ژووردا. دەستی کورە بەدەستی پاشاوە بوو. ئەمجا لە سەر کورسییەکی زێرین دایان نا !

پاشا رووپۆشی لە سەر دەم وچاوی لادا کورە سەری لە جوانی ئەو کیژە سوڕما!! پێی سەیربوو پاشا ئافرەتە! ئەمجا رووی کردە کورە و وتی:

ئەوە بزانە ئەو هەموو سەربازەو ئەو لەشکرە زۆرە پڕ چەکەی تۆ بینیت هەموویان ئافرەتن!! . یەك پیاوی تیا نیە! پیاوانی ئێمە لە کێڵگە کار دەکەن، خێزان بەڕێوە دەبەن، کۆشك و تەلار دروست دەکەن مەملەکەت ئاوەدان دەکەنەوە ! وەك دەبینیت ژنان پارێزگاری لە نیشتمان دەکەن. دەوڵەت دەبەن بەڕێوە. ئەمان لەم گفتوگۆیەدا بوون، وەزیرێك هاتە ژوورێ، کورە سەرنجی دا پیرەژنێکی بەهەیبەت و وریا بوو. پاشا فەرمانی پێدا بڕوات قازی و شایەت ئامادە بکات. ئەمجا پاشا کەوتە دواندنی کورە و هەوڵی دەدا نامۆیی و شەرمی بیر بباتەوە. تاکو رووی بکێرتەوە. لە کورەی پرسی:

دەتەوێت مارەم بکەیت ببمەژنت؟ کوڕەش، هەستا و کڕنووشی بۆ کیژە پاشا برد ئەمجا وتی:

من کۆیلەی تۆم! کیژەش وتی:

ئەو هەموو وەزیر و لەشکر و سەربازانە لە پەزێرایی تۆدان! بە ئارەزووی خۆت فەرمان بدە کاری دەوڵەت بەڕێوە بەرە. هەرچی یەك دەکەیت بیکە ئەمجا دەستی راکێشا بۆ دەرگایەك و وتی:

تەنیا ئەو دەرگایە نەبێت کە نابێت بیکەیتەوە، ئەوەبزانە کەکردتەوە پەشیمان دەبیتەوە! !

شەهرەزدا هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی٥٩١

شەهرەزاد وتی:

پیرە ژنە وەزیر هەرخێرا قازی و شایەتی ئامادەکرد و بردییە بەردەم پاشا لەوێدا مارە بڕرا لە کورە وئاهەنگ و زەماوەند ساز درا. چەندین رۆژ خواردن لە کۆچەو بازاڕ دا پێش

کەش کرا ماوەی (٧) ساڵ کوڕە بەختیارانە لەو وڵاتەدا ژیا ! دوایی بیری دەرگا کەی کەوتەوە کە ئاگادار کرابوو نەکات بیکاتەوە لە دڵی خۆیدا وتی:

ڕەنگەهێندەی زێڕ و زیوو نەختینەی تێدا بێت کە زۆر گرنگ بێت بۆیە پێم نالێن! بۆیە زۆرخەریکی دەرگاکە بوو کردی یەوە سەیری کرد هەرئەو هەڵۆیەی تیایە کە کاتی خۆی هەڵی گرت و بردی بۆ دوورگە کە و فڕێ ی دا. بۆیە وتی:

بەخێر نەیەیتەوە (بەڵا)م لێت دا! ئەمجا کەوتە ڕاکردن و بۆ ئەوەی دەربازبێت لێی. بەڵام هەڵۆ زەبەلاحەکە شوێنی کەوت وگرتی و فڕ ی یەئاسمان دوای سەعاتێك گەیاندی یەوە ئەوشوێنەی کاتی خۆی فڕاندبووی. (٢) مانگ کوڕە گریا و بیری ژنەکەی کرد و خەمی لەو ژیانە پڕ کامرانیەی خۆی خوارد وچۆن ئەو هەموو سەڵتەنەتەی لە دەست دەر چوو!؟. شەوێکیان کە خەوی زڕابوو دالغەی هەرلای ژنەکەی بوو گوێی لە دەنگ بوو، دەیوت:

( هەی هووا! زۆر سەختەجارێکی دی بەوبەختیاریە ی پێشوت بگەیتەوە!! بۆ خۆت هەر ئاخ و داخت بێت! ). هەرچەند سەیری ئەم لا ولای خۆی کرد، کەسی نەبینی! . ئەمجا چووە ناو کۆشکی پیرەمێردان. ا بۆی دەرکەوت کە ئەم بەسەر هاتەی ئەمیان بەسەرهاتووە بۆیە کۆڕی گریانیان دەبەست! ! . ئیدی لۆمەی نەکردن. لەو ڕۆژەوە ئەو کوڕە پێکەنینی تەرك کرد و لەخانووەدا مایەوە تاکو مرد. دراوسێ ماڵی لە نێو گۆڕەکانی (١٠)پیرەمێردەدا ناشتی یان. ئەمجا وەزیرەکە وتی:

هەمیشە پەلە کردن و بیرنەکردنەوە لە ئەنجامی کارەکان، پەشیمانی و پەژارەی بەدوواوەیە! هەر لەوێدا پاشا وتی:

ئەوا بڕیارم دا کوڕەکەم لە سێدارە نەدەم. ڕۆژی شەشەم کەنیزەکەکەچووە لای پاشاو کڕنووشی برد. ئەمجا وتی:

تۆ مافی من پێ شێل دەکەی. ئێستا من بەسەرهاتی:

خزمەتکارێکی پیاوخراپت بۆ دەگێڕمەوە! دەی سەلێنم پیاوان مەکربازترن لە ژنان. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٥٩٢

شەهرەزاد وتی:

کەنیزەکە کەوتە گێڕانەوەی چیرۆکی خزمەتکارە پیاو خراپەکە، تاکو بیسەلێنێ: کەپیاوان فێڵبازترن لە ژنان. وتی:

گەورەم دەگێڕنەوە دەڵێن: پیاو ماقووڵێك ڕۆژێکان دەچێتە مەزادخانەی کۆیلە فرۆشان دەبینێت هەرزکارێك دەفرۆشن. بەدڵی دەبێت دیکرێت و لە گەڵ خۆی دەیباتەوە. دەیخاتە بەردەستی ژنەکەی. ماوەیەك بوو، کۆیلەکە لایان بوو. ڕۆژێکیان پیاوەکە بە ژنەکەی وت:

( ئەمڕۆ ئەوە بۆ ناچیتە ڕەز و باخەکەمانەوە بای باڵت بدەو بۆخۆت بحەوێرەوە. ژنەکەی سوپاسی دەکات. کۆیلەکە گوێی لەم گفتوگۆیەیان دەبێت هەرشەو خواردن ئامادە دەکات. چەند جۆرێکی میوە و کۆمەڵێك شیرینی و نوقڵ! بەوشەوە، ئەو سێ جۆرە دەگەیەنێتە ڕەزەکە و هەر کۆمەڵەو لە ژێر درەختێکدا دا دەنێت! بۆ ڕۆژی دواتر ئەسپ بۆ ژنی کابرا ئامادە دەکرێت. ژنەش بەسەر پشتی ئەسپەکەوە بانگی کۆیلەکە دەکات و دەڵێت لەگەڵم وەرە، دوای ماوەیەك گەیشتنە ڕەزەکە. لە کاتێکدا بە ناویدا پیاسەیان دەکرد قەلە ڕەشێك قیراندی.

کۆیلەکەیش وتی:

ڕاست دەکەیت! ژنەکە وتی:

ئەو قەلەڕەشە چی وت؟ وا تۆ وتت:

بەڵێ ڕاست دەکەیت؟ کۆیلەکەش وتی:

خانمەکەم ئەوە دەڵێت لە ژێر ئەو درەختەدا، ئیشارەتی بۆ درەختێك کرد، خواردن هەیە فەرموون بچن بیخۆن! ژنە بەرەو ئەو بن دارە چوو. کەسەیری کرد خواردنی لێیە! دانیشتن وتێریان خوارد. ژنە سەری سوڕما! لەوکۆیلەیەو بڕوای کرد کە ئەو کۆیلەیە زمانی باڵندە دەزانێت! ئەمجا دەستیان کردەگەڕان. جارێکی دی قەلەڕەش قیراندی. کۆیلەکەش وتی:

ڕاست دەکەیت! کە ژنە لێی پرسی؟ وتی:

دەڵێت لە بن ئەو دارەی تردا گۆزەیەك ئاوو شەرابێکی کۆن هەیە! بچن بیخۆنەوە! ژنە بەرەو ئەو درەختەچوو سەیری کرد گۆزە ئاوەکە و شەرابە کۆنەکەی لێیە!! هێندەی تر کۆیلەکەی لە لا مەزن بوو. گومانی تیا نەما کە ئەم کۆیلەیە لە زمانی باڵندە دەزانێت! دوای خواردنەوەیان دەستیان کردەوە بە گەڕان. دوای ماوەیەکی تر دیسان قەلەڕەش قیراندی یەوە، کۆیلەکەش وتی یەوە ڕاست دەکەیت، ژنەش کە لێی پرسی وتی:

دیسان دەڵێت لە ژێر ئا ئەو درەختەدا شیرینی و نوقڵ هەیە!! بەهەمان شێوە ژنە بەرەو ئەو بن درەختە ڕۆیشت و دانیشتن و دەستیان کرد بە شیرینی و نوقڵ خواردن. ئەمجا دەستیان کردەوە بە گەڕان بە نێو باخەکەدا. دیسان قەلەڕەش قیراندی یەوە! کۆیلەکە بەردێکی هەڵگرت و گرتی یە قەلە ڕەش. ژنەکە پرسی:

قەلە ڕەش چی وت؟ وابەردی تێ دەگریت؟ کۆیلەکە وتی:

هیچ نیە! ژنەکە وتی:

توو سەری خۆت:

چی وت؟ کۆیلەکە وتی:

شەرم دەکەم پێت بڵێم!! ژنەکە هێندەی تر حەزی کرد بزانێت چی وتووە، بۆیە چەند جارێك پێی وت:

پێم بڵێ، ئەویش دەیوت:

ناڵێم! دوایی سوێندی دا، کۆیلەکە وتی:

ئەوەی راستی بێت قەلەرەش وتی:

کۆیلەکە بڕۆ مێردی ئەم ژنە بکوژە و ژنەکەی مارە بکەرەوە! منیش بۆیە بەردم تێگرت. کە ژنە ئەوەی بیست هێندە پێکەنی بەپشت دا کەوت! تومەز مێردی ژنەکە لە دواوەیانە ! بانگی کۆیلەکەی کرد و وتی:

ئەوە بۆچی ژنەکەم لە سەر پشت درێژ بووەو دەگری؟ کۆیلەکە وتی:

ئەوە لە سەر ئەو درەختە کەوتە خوارەوە. ئازاری زۆرە! ماوەیەکە لەوێدا درێژ بووە تاکوبحەوێتەوە. کە ژنەکە مێردەکەی بینی بە سەر سەری یەوە، دەستی کرد بە ناڵین و ئاخ و ئۆف! وتی:

بڕواناکەم جارێکی دی بژیم!! ناچار مێردەکەی هۆڕێکی بۆهێنا کە (دوو)تای هەبووخستی یە سەر پشتی ئەسپەکە و ژنەکەی خست تایەکیان و کۆیلەکەش تایەکەی تری! بەو شێوەیە بردی یەوە ماڵ! ئەمجا کەنیزەکەکە وتی:

پاشا گیان ئەوەیە مەکربازی و فێڵبازی:

کە ئەوکۆیلە پیاوە کردوویەتی!! ژن زۆر داماوە! ئەمجا دەستی کردە گریان. پاشایش کە ئەو کەنیزەکە خۆشەویست ترین کەنیزەکی بینی بڕیاری دایە کەنیزەکە کە کوڕەکەی بکوژێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٩٣

شەهرەزاد وتی:

کەکەنیزەکەکە هاتە دەرەوە. وەزیری شەشەم چووە ژوورەوە کڕنووشی بۆ پاشا برد و وتی:

خوا پێیەدارت بکات گەورەم. نارەوا:

وەکو دوکەڵ وایە زۆو دەپووکێتەوە! تۆیش پەلەمەکە لە بڕیارەکەتدا. خوا رەواش وەکو پێیە و کۆڵەکە وایە ! هەرگیز ناڕووخێت ئەوەش بزانە مەکری ژنان گاڵتەی پێ ناکرێت! ! ئەوەتا خوا لە قورئاندا فەرموویەتی:

( ان کیدکن عظیم).

بیستوومە ژنێك یەك مەکر و فێڵی لە پیاوانی دەوڵەت کردووە کە لە دنیادا وێنەی نەبووە!

پاشاوتی:

چۆن بووە؟

## چیرۆکی وەزیری شەشەم لە بارەی مەکری ژنانەوە

دەگێڕنەوە بازرگانێك کچێکی بووە، پیاوێك مارەی کردووە، کە سەفەری زۆر کردووە و هەر جارە مانگ و دوومانگی پێچووە. کچە بازرگان کوڕێکی هەرزکاری بووە زۆری خۆش ویستووە. رۆژێکیان کوڕەی شەڕ دەکات لە گەڵ پیاوێك پیاوەکە لای (والی) سکاڵای لە دەست دەکات. والیش فەرمان دەدات، کوڕەکەی بەند بکەن. ژنە خۆی دەگەیەنێتە لای والی و دەردە دڵ دەکات و دەڵێت ئەو پیاوەی سکاڵای بۆ هێناویت گەلەکۆمەی لە کوڕەکەم کردووە. شایەتی درۆیان لێداوە! کە والی سکاڵا نامەی خوێندەوە تێگەیشت، وتی:

وەرەوە ماڵی من دواتر کوڕەکەت دەدەمەوە دەستت. ژنەکە وتی:

کاری واناکەم من نامۆم بە ئێرە! والی وتی:

کەوابوو کوڕەکەت بەرنادەم، ژنەکە وتی:

کە مەسەلەکە ئەوکارە بێت تۆ وەرە ماڵی من و رۆژەکە لەماڵمدا بەو بحەوێرەوە! . والی پرسی:

ماڵتان لە کوێ یە؟ ژنەکە وتی:

لە فلان گەڕەکە و فلان کۆڵان! .

ژنە لای والی هاتە دەرەوەو چووە لای قازی و وتی:

قوربان بەوردی لە کێشەکەم بڕوانە خوا پاداشتی خێرت بداتەوە! قازی وتی:

کێ غەدری لێ کردوویت؟ ژنەکە وتی:

قوربان كەس غەدری لیٚ نەكردووم! برایەكم هەیە والی لە زیندانی توند كردووە! داوا دەكەم تكا لە والی بكەیت تاكو براكەم لە زیندان ئازاد بكات. قازی چاویٚكی بە جوانی ژنەكەدا گیٚڕا ئەمجا وتی:

زۆر باشە تۆ بڕۆوە بۆ ماڵی ئیٚمە ولە ناو ئافرەتەكاندا دانیشە تاكو دەنیٚرم بۆ لای (والی) تاكو براكەت ئازاد بكات. ئەگەرپیٚویستی بە پارەش بوو ئەوا خۆم دەیدەم! ژنەش وتی:

تۆ قازی یە كیت شەرواڵ پیسی بكەیت ئیدی گۆڕ وایە سەرزەنشتی رەمەكی خەڵكەی نەكریٚت! ! قازی وتی:

گەر ناچیتەوە بۆ ماڵی من هەر ئیٚستا بڕۆ بە ڕیٚی خۆتەوە چاوەڕیٚی هیچ مەبە!! ژنە چاری نەما و وتی:

تۆ كە هەر لە سەر ئەوكارە فیٚزەونە سووریت تۆ وەرە بۆ ماڵی من. قازی پرسی:

ماڵتان لە كویٚ یە؟ ژنە وتی:

لە فلاّن گەڕەك و فلاّنە كۆلاّن. ئەمجا ژووانی هەمان رۆژی هاتنی قازی پیٚدا.

شەهرەزاد هەستی كرد  شەو درەنگ بوو بیٚدەنگ بوو.

# شەوی ٥٩٤

شەهرەزاد وتی:

وەزیرەکە دەستی بە گێڕانەوەی مەکری ژن کرد و وتی:

گەورەم ژنـە رووی کـردە وەزارەت و چووە لای وەزیـر. سکاڵای گـرتنی براکـەی کـرد و، پاڕایەوە کە کەسی نییە بەڵکو بۆی ئازاد بکات. وەزیرەش بەهەمان شێوە پێی وت:

ئەمشەو لەماڵی من دەبێت ئەوە براکەت بۆ بـەردەدەم، ئەگـەرنا بـڕۆ بـە ڕێـی خۆتـەوە ژنەش پرسی وتی:

بەڵێ باشە بەڵام دەبێت تۆ بێیت بۆ ماڵی من! وەزیر پرسی:

ماڵتان لە کوێ یە؟ ژنە هەمان ناو نیشانی ئەوانی تری پێدا. ئەمجا ژووانی هەمان ڕۆژی پێدا ئەویشی بە جێهێشت و چووە سەرای حوکمڕان و بەردەم پاشای مەملەکەت. کە سکاڵای خۆی بۆ کرد و وتی:

نامۆم بەم شارەو بێکەسم و هەر ئـەوبرا گیراوەم هەیـە! پاشا مرقـی بـۆ خـۆش کـرد و وتی:

دەبێت شەوێك لە ماڵی خۆماندا بیت و لە باخەڵم دا بیـت!! ژنـە جوانکیلەکـە سـەرێکی باداو بەهەمان شێوە ماڵی خۆی بە پاشا وت و ژووانـی هـەمان ڕۆژی دایـە ئـەمجا بـەرەو لای دارتاشێك چوو، کە چووە دوکانەکەیەوە سڵاوی لێکرد و وتی:

دەمـەوێت(٤) سـندوقی تەختـەم بـە درێـژی بـاڵای زەلامێـك بـۆ دروست بکـەیت. ئـاخۆ هەر(٤) یان بایی چەندن؟ دارتاش سەیری جوانی و نازداری ژنەکەی کرد و وتی:

بایی(٤) دینارە، خۆگەر شەوێك دەم بەیتەوە بۆ ماڵی خۆتان ئـەوا پـارەم مـەدەرێ! ژنـە سەرێکی بادا و وتی:

زۆر باشە بەڵام بۆ ماڵی خۆتان ئەوا پارەم مەدەرێ! ژنە سەرێکی بادایەوە و وتی:

زۆر باشە، بەڵام دەبێت سەندوقەکان بکەیتە(٥) دانە. ئـەمجا بەهـەمان شـێوە، ماڵەکـەی خۆی پێ وت کە لە کوێ یە! هـەمان ژووانـی هـاتنی پێـدا. کـە(٥) سـندووقە کـە تـەواو بـوو، حەماڵی بۆ گرتن و هەر (٥)سندووقەی بردەوە بۆ ماڵ. لەهۆڵی دانیشتن سندووقەکانی دانا. ئەمجا ناردی (٥) دەست بەرگی پیاوانی بۆ هات. هەر یەکە و لە ڕەنگێك! خۆیشی بەرگی زۆر جوان و ڕازاوەی پۆشی و خۆی جوان کرد و خواردن و میوەی ئامادە کرد، کە ئەو ڕۆژە هات، ژنە چاوەڕێی کرد، یەکەم کەس قازی بوو کە هاتە ماڵەوە، ژنە کڕنووشی بۆ برد و بەخێری هێنا دوای کەمێك وتی:

ئەوە بەرگی پاکم ئامادە کردووە خۆت بگۆڕە با بحەوێیتەوە. ئەم کڵاوەش بکە سەرت، کە قازی بەرگەکەی لەبەر کرد، کڵاوەکەی لە سەر کرد هێندەی زانی لە دەرگا درا. قازی هاواری لێ هەستاو وتی:

ژنەکە تۆ بڵێی کێ بێت لە دەرگای دا؟ ژنەکە وتی:

رەنگە مێردەکەم بێت! قازی وتی:

ئەی هاوار بۆ کوێ بچم؟ چیم لێ دەکەیت !؟ ژنەکە وتی:

چارەم چی یە دەبێت بچیتە ئەم سندوقەی خوارەوەیان! قازی بە قسەی کرد و ژنەش قفڵێکی لە دەرگای سندووقەکە دا! ئەمجا چوو دەرگای کردەوە، سەیری کرد (والی)یە. ژنە کە بینی کڕنووشی بۆ برد و بەخێری هێنا ئەمجا فەرمووی لێکرد. بردییە هۆڵی سندووقەکان، داینا ئەمجا کەوتە گفتوگۆ و بەهەمان شێوە پێی وت:

ماڵ ماڵی خۆتە! ئەمڕۆ میوانی کەنیزەکی خۆتیت. لەبەر ئەوە جل وبەرگت دابکەنەو ئەم بەرگەسوورە لەبەر بکەو ئەم کڵاوەش لەسەر بکە، تاکو بحەوێیتەوە. ئەمجا وتی:

ئەوەش کاغەز و قەڵەم، فەرمانی ئازاد کردنی براکەمم بۆ بنووسە مۆری بکە با دڵم ئاو بخواتەوە و بێخەم بم! والیش وتی:

بەچاوان. ئەمجا نووسی:

هەڵگری ئەم نامەیە گەیشتەلات، کوڕەکەی بە ناوی فلانی کوڕی فلانەو لە بەندیخانە ئازاد بکە و هیچ پرسیاریش لە هەڵگری نامەکە مەکە و خێرا دەستی بدە بە دەستی یەوە ئەی خەزێنەدار. ژنە نامەکەی لێ وەرگرت وهێندەی زانی لە دەرگای دەرەوە درا! والی ترس لێ نیشت و پرسی:

ئاخۆ کێ بێت؟ ژنەکە وتی:

رەنگە مێردەکەم بێت! . ئەمجا(والی) وتی:

بۆ خاتری خوا چیم لێ دەکەیت!؟ ژنەوتی:

باشترین شت ئەوەیە بچیتە ئەم سندووقی دووەمەوە! ئەویش چاری نەبوو بەقسەی کرد. ژنەش دەرگای سندووقەکەی بە قفڵ داخست ئەمانە روی دا قازی لە ناو سندووقی یەکەمداهەمووی بیست!! ئەمجا کەژنە چووە کردنەوەی دەرگای دەرەوە، روانی وەزیر ی بەڕێزە! کڕنووشی بۆ برد و بەهەمان شێوە هێنایە ژوورەوە و کەوتە پەزێرایی کردنی، وتی:

خوا ئەم سەردانانەمان لێ نەبڕێت ماڵەکەت رووناک کردەوە. ئەمجا وتی:

خۆت دابکەنەو ئەم بەرگە سووکەڵەیە لەبەر بکە تاکو بحەوێیتەوە، بەرگە شینەکەی هێنا و کڵاوێکی سوور وتی،

گەورەم ئەمە بەرگی رابواردنە. بەدەم گفتوگۆ وە، بەرگەکانی لە بەر وەزیر کرد، هێندەیان زانی لە دەروازەی دەرەوە درا ! وەزیر پرسی:

ئاخۆ کێ بێت؟ ژنەکە وتی:

رەنگە مێردەکەم بێت! ! وەزیرکەوتە پاڕانەوەو وتی:

چیم لێ دەکەیت!؟ بمشارەوە. ژنە وتی:

چار نیە. بچۆ ناو ئەم سندوقەوە تا مێردەکەم بەرێ دەکەم. دواتر دێم و دەرت دەهێنم! وەزیر لە ترسا چووە سندووقی سێ یەمەوە و ژنەش دەرگاکەی قفلّ دا ! ئەمجا چوو دەروازەی دەرەوەی کردەوە، سەیری کرد پاشا خۆیەتی! !

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٥٩٥

شەهرەزاد وتی:

ژنە دەرگای کردەوە و کڕنووشی بۆ پاشا برد و فەرمووی لێکرد. وتی:

هەنگاوێکی تۆ بەرەو مالّم ناگۆڕمەوە بە سامانی دنیا. ژنە وتی:

گوێت بێنە پێشەوە، باشتێکت پێ بلّێم، پاشا وتی:

چی دەلێی بلّێ! ژنە وتی:

ئەو بەرگەم بۆ ئامادە کردوویت لە بەری بکە، جل و بەرگی پاشا هێندە بە نرخ و نایاب بوو، بایی(١٠٠٠) دینار دەبوو ! پاشا بێخەمانە قسەی دەکرد بەدەم گۆڕینی جل وبەرگەکەیەوە. کە ژنەکە بە (١٠) درهەم بۆی کڕی بوو. هێندەیان زانی لە دەروازەی دەرەوە درا، پاشا وتی:

کەی ئەمە کاتی سەردانە!؟ تۆ دەچیت دەری بکەیت؟ یان خۆم بچم بە پاسەوانان بلّێم لە دەرەوە بە کوشتن بیکوژن!؟ ژنەوتی:

گەورەم ئەوە چۆن دەبێت!؟ ئاخر گەرەك هەوو دێنە سەرمان! !، پاشاوتی:

ئاخۆ کێ بێت!؟ ژنەکە وتی:

رەنگە مێردەکەم بێت! ! پاشا وتی:

ئەی چی لەمن دەکەیت؟ ژنە وتی:

زۆر ئاسانە بچۆ ناو ئەم چوارەم سندووقەوە تاکو زانایانە و بە زمانی شیرین بە رێی دەکەم و دێمەوە خزمەتت گەورەم! . پاشا وتی:

بە دڵی خۆت سەر کەوتە چوارەم سندووق و چووە ناوی. ژنەش وەکو سندووقەکانی تر دەرگای سندووقی پاشایشی قفڵ دا. ئەمجا چوو دەروازەی دەرەوەی کردەوە، سەیری کرد: کابرای دار تاشە ! بەخێری هێنا و فەرمووی لێ کرد. بۆ هەمان هۆڵ کە سندووقەکانی لێیە. کەوتنە گفتوگۆ ژنە وتی:

کوڕی باش ئەوسندووقە پێنجەمە زۆر بچووکە! وەکو ئەوانی تر نییە!! دارتاش سەیرێکی کرد وتی:

نا نا هەمان پێوانەی سندووقەکانی تری هەیە! ژنە وتی:

تۆ زۆر سەیری ئەی من پێم نەو وتیت بەهێندەی قەبارەی مرۆڤێك بێت!؟ بازرگان وتی:

ئەوە بەڕاستتە!؟ ژنی جوان وناسك ئەوە جێی (دوو) کەسیی تیا دەبێتەوە. ژنە وتی:

چەندە ئینکاریت خۆزگە خۆت دەچوویتە ناوی تا بزانە جێت دەبووەوە؟ دارتاشەکە وتی:

مەرج بێت هەرئێستا بچمەناوی تا بزانیت قسەی منە! ! . هەستاو چووە ناوی. ژنەکە چاوەڕێی کرد، تاکو تەواو تێیدا خزا دەرگاکەی داخستەوە و وەکو ئەوانی دی قفڵ لێدا. ئەمجا کاغەزەکەی برد بۆ لای خەزنەدار و دایە دەستی، خزنەدار کەنامەکەی خوێندەوە ماچی کردو وتی:

هەر ئێستا چوو براکەی ئازاد کرد و دایە دەست ژنە ! هەردووکیان بە پەلە هاتنە دەرەوە. لە ڕێگا خوشکە بە براکەی وت:

بە چ شێوەیەك لە بەندیخانە ئازادی کردووە. ئەمجا پێی وت:

براگیانەکەم. ئیتر ناتوانین لەم شارەدا بژین ! دەبێت کە گەیشتینەوە ماڵ هەرچیەکمان بۆ هەڵ دەگیرێت، لە گەڵ خۆمان لە ماڵ دەری بێنین و ڕووبکەینە شارێك کەس نەمان ناسێت. براکەشی ڕازی بوو. ئەمجا خۆیان کردەوە بە ماڵدا. گوێیان لێ بوو، قازی هاواری دەکرد، بۆ خاتری خوا میز مەکەن بە سەرمدا! ژنەش دەستی کردە پێ کەنین. براکەشی زۆر ترسا بوو. ئەمجا هەندێ شتومەکیان بردو دەرگایان لە سەر داخستن و لێیان دا و ڕۆیشتن و شاری یان بە جێ هێشت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی٥٩٦

شەهرەزاد وتی:

وەزیر درێژەی بە قسەکانی داو وتی:

گـەورەم ئـەو پیـاوە مەزنانـەی دەوڵـەت، پاشـا و وەزیـر و والـی و قـازی لـە نێـو سندووقەکانیاندا مانەوە و دارتاشیش لە سندووقی پێنجەمدا. ماوەی (٣) ڕۆژ بە برسێتی و تینوویەتی. والی هاواری لـێ هەستا پیـاوی چـاك بـن میـز مەکـەن بەسـەرما بـۆن کوشـتمی وەزیر بە دەنگیدا والی ناسی یەوە کەوتنە قسە کردن. ئەمجا والی گوێی شل کرد بۆ هـاواری قازی و پرسی:

قازی گیان ئەوە خۆتیت! !؟ ئەوا . پاشایش گـوێی لـێ گرتـوون و بێـدەنگ بـووە! ئـەمجا وەزیر وتی:

ئـەرێ خـۆ ئـەوە ئـەم ژنـە مـەکربازە سـەرانی دەوڵەتی هـەموو لـە سـندووقاندا بەنـد کردووە! ! تەنیا پاشا نەبێت! ! پاشایش خۆی بۆ نەگیرا و هاواری کرد:

زۆر هەڵەیت وەزیری بەڕێز چونکە من یەکەم کەس بووم کە کەوتمە داو و تەڵەی ئـەم ژنە مەکربازەوە! ! ئەمجا لە گەڵ ئەو هـەموو تینـوو بـوون و برسـی یەتییـە دا و سـەرە ڕای ئـەو تـووش بوونـەیان هـەموو دایانـە قاقـای پێکـەنین، کـەوا چـیان بەسـەر هـاتووە!؟ ڕۆژی چوارەم دەر و دراوسێ کۆبوونەوە و وتیان:

ئەوە (٣) ڕۆژە ئەم ماڵە بێدەنگە.! نەبادا ئەو ژن و مێردە لە ژوورەوە شـتێکیان بەسـەر هاتبێت! ! یەکێکی تریان وتی:

بڕوا بکەن گەر لێیان قەوما بێت و ئێمـە خەبـەر نـەدەین بـە والـی، دواتـر دەوڵـەت بـە کارەساتەکە بزانێت ئێمە دەبەن و بەندمان دەکەن! ! بۆیە بڕیاریـان هـەر لەوێـدا دا. ئـەمجا چەند جارێك لە دەرگایان دا، بەڵام دەنگ نەبوو. دەرگوازەکەیان شکاند و چوونە ژوورەوە، کە گوێیان لە هاوار و ناڵەی کەسـانی نێـو سـندووقەکان بـوو، دەرگـای ئـەو هۆڵەشـیان شـکاند و چوونە ژوورەوە. سەریان سـوڕما کـە گوێیـان گـرت، سندووقەکان قسە دەکـەن! ! یـەکێکیان وتی:

ئێوە جنۆکەن لە نێو ئەم سندووقانەدا ئاوا قسە دەکەن!؟ دراوسێ یەکی تریان وتی:

دەڵێن جنۆکـەکان دەچـنە شـێوەی ئـادەمیزادەوە و وەکـو خۆمـان قـسە دەکـەن! !، قـازی هاواری لێ هەستا و وتی:

کوڕە بۆ خوا خەڵکینـە فریامـان بکـەون جنۆکـەی چی وتەڕەماشـی چی! !؟ مـن قـازی شارم! گوێ بگرن. باهەندێك لە ئایەتەکانی قورئانتان بۆ بخوێنم. قازی لە نێـو سـندووقەوە

دەستی کردە قورئان خوێندن. ئەمجا خەڵکەکە چون دارتاشێکیان بانگ کرد و سندووقەکانیان هەڵبچڕی. پاشا و وەزیر و والی و قازی و دارتاش هاتنە دەرەوە. هەموویان پیس و پۆخڵ و برسی و تینوو، داروسێکان جل و بەرگیان بۆ هێنان. چونکە خوشك و براکە بەرگەکانیان بردبوو. ئەمجا لە سەر شۆڕکەکەی ماڵەکە بردیانن شتنیان! بەرگیان لەبەر کردن و لە حەوشەکەدا تێریان کردن. ئەوە پێنجەش کەوتنە پێکەنین بە خۆیان.

وەزیرەکە وتی:

پاشا گیان ئەوەش یەکێك بوو لە بەسەر هاتەکانی مەکری ژنان ! جا بۆیە دەبێت خۆت لە مەکری ژنان بپارێزیت. کوڕەکەت مەکوژە دەنا پەشیمان دەبیتەوە! . پاشا وتی:

بەقسەت دەکەم فەرمانێکی شاهانەی تری دەرکرد، تێیدا لە کوڕەکەی خۆش بوو.

وەزیرەکە جارێکی تر کڕنووشی بۆ پاشا برد وهاتە دەرەوە. ڕۆژی حەوتەم کەنیزەکەکەیان قوڵبەست کرد و پاسەوانان کردیان بە ژووردا و وتیان گەورەم، ئەم کەنیزەکەت لە دەرەوە ئاگری کردۆتەوەو خەریك بوو خۆی تێ فڕێ بدات و خۆی بسوتێنێت. ئێمەش گرتمان و نەمان هێشت ! کە پاشا پرسی:

بۆچی خۆت دەسوتێنی؟ کەنیزەکەکە وتی:

گەورەم گەر حەقم لە کوڕەکەت نەسەندی چارم نیە! وەسیەتم کردووە و ماڵ و سامانم بەخشی وەتەوە. بیان هێشتایە خۆم سوتاند بوو. کارێکم دەکرد، تۆیش وەکو ئەوپاشایە پەشیمان بوویتایە کەچی بەسەر ژنە حەمامچی یەکە هێنا بوو! ! . پاشا پرسی ( ئەو چیرۆکە چۆن بوو!؟ )شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٩٧

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار خاوەنی بڕیار کەنیزەکە مەکربازەکە وتی:

دەگێڕنەوە ژنێك زۆر خواناس و خۆگرەوە بوو. خەڵکەکە بە پیرۆزیان ناو دەبرد و ڕێز و پیرۆزی لەماڵی پاشادا زۆر بوو. ڕۆژێکیان هەر وەکو جاران خۆی کرد بە ماڵی پاشادا لای شاژنەوە لێی دانیشت و دەستی بەسەریدا هێناو دوعای خێری بۆ کرد. دوای کەمێك شا ژن زنجیری لە ملی داکەند و وتی:

ئەمەم لای خۆت بۆ هەڵبگرە گەرماوەکەمان گەرمە دەچم دەستێك لە خۆم دەدەم. ژنیش زنجیرەکەی لێ وەرگرت و خستی یە ژێر بەرماڵەکەی ژێر خۆی. شا ژنە چووە

گەرماوەوە و ژنیش هەستا و نوێژی دابەست. هەر هێنـدەی زانـی باڵندەیـەك فـڕی بـە سـەر بەرماڵەکە و زنجیرەی لە کاتی کڕنووشـی ژنـەدا راکێشا و بـردی و خـستی بـە درزی دیـواری ژوورەکـەدەوە و لێیـدا و ڕۆیـشت. ژنـە خواناسـەش سـەری بڵنـد کـردەوە و نوێژەکـەی کـرد و سـەلامی دایـەوە، لێـی دانیـشت، دوای ماوەیـەك شـا ژن لـە گـەرماو هاتـە دەر و سـەری وشـك کردەوە و بە ژنە خواناسی وت:

زنجیرەکەم بدەوە، با بیکەمە ملم. ژنە دەستی بردە ژێر بەرماڵە کە دەستی گێـڕا زنجیر نەمابوو! ئەمجا هاواری کرد هەی ڕۆ بەوخوایە لە جێی خۆم نەجوڵاوم! باشە زنجیرەکە چی لێهات؟ شاژن کەنیزەك و خزمەتکاری کۆ کردەوەو لێی پرسین بـەڵام بـێ سـوود بـوو. ناچار پاشای مێردی تێگەیاند. پاشاش لە ژنەکەی پرسی!؟ ژنەسوێندی خـوارد کـە ئاگای لـە هـیچ نیـە، بـەڵام پاشا بـڕوای نـەکرد و فەرمانیـدا بەنـدی یـان کـرد. دوای ئـەوەی زۆریـان لێـدا ! پاسـەوانان بردیـان بـۆ بەندیخانـە. ڕۆژێکیـان پاشـا لـە ماڵـەوە بـوو لافـاوێکی زۆرهەسـتا! دەوروبەری کۆشك بوو بە ئاو و بڵند بووەوە. پاشا و ژنەکەی کەوتنە هاوار و ویستیان بچنە نهۆمی سـەرەوە، پاشا باڵندەیـەکی بـینی، سـەری کـرد بـە درزێکـدا و بـە دەنـووك زنجـیرە زێڕەکەی راکێشایە دەرەوە. پاشا شوێن باڵندە کەوت و زنجیرەکەی لێ سەندەوە. کـە سـەیری کرد ئەو زنجیرەیە کە ژنەخواناسەی پێ تاوانبار کرد و بەندی کـرد. زۆر پەشـیمان بـووەوە. کە لافاو کە نیشتەوە و مەترسی نەما پاشا بەپەلە ناردی بە شوێن ژنە خواناسدا و کە هـات سەری ماچ کرد و زۆر گریا بە سەریدا! داوای لێبووردنی لێکرد. ئەمجا زۆری هەوڵدا لەگەڵی بەڵام پارەی لێ وەر نەگرت و ڕۆیشت. ژنەخواناس بڕیاری دا کە ئـیتر نەچێتە هـیچ ماڵێـك بۆیە دایە ئەو بیابان و کێوە ژیانی لە چۆڵەوانیدا بەسەر برد تاکو ئەو ڕۆژەی مرد. لەبارەی فێڵبازی نێرینە وغەداری یەوە گەورەم دەگێڕنەوە، جوتێ کۆتری نێر ومێ زەخـیرەی گـەنم دەخەن لە هێلانەکەیاندا بۆ وەرزی زستان. کە زستان دێت، کۆترە نێر یەخەی کۆترە مێ ی ژنی دەگرێت و دەڵێت ئەم گەنمە لە بەر چاوم کەمی کـردووە! ژنەکـەی دەڵێت بـەو خوایـە من ئاگام لە هیچ نیە. کۆترە نێر دەڵێت نەخێر هەر تۆ خواردوتە! دەبێتـە شـەڕیان، کۆترە نێر هێندە باڵەکانی دەکێشێت بە ژنەکەیدا و دەنووك دەدات لە سەر و دەم وچاوی مـرداری دەکاتـەوە. دوای ماوەیـەك کـۆترە نێـر سـەیری گەنمەکـە دەکاتـەوە دەڕوانێـت زۆرە. بۆیـە تێدەگات کە غەدری لە کۆترە مێ ی ژنی کردووە! پەشیمان دەبێتەوە لەو کارە بەدەی، بەڵام پەشیمانی دادی نـادات. ئـەمجا بەتەنیـشت کۆترەی ژنیـەوە رادەکێـشێت و خـواردن نـاخوات وهەر دەگری تاکو ئەویش لە برسانا مردار دەبێتەوە.

ئەمجا کەنیزەکەی پاشا تێ هەڵدەچێتەوە و دەڵێت گەورەم یـەکێك لـە پاشـایان کچێکی دەبێت زۆر جوان دەبێت لە نێو کەنیزەکەکانی تریـدا ! هـەمووجارێك لێـی دەپرسـن دەڵێت

بەکوڕە پاشا نەبێت شوو ناکەم! ئەویش بەو مەرجەی لە گۆڕەپانـدا بـە سـەرمدا زاڵ بێت، ئەگەر منیش بە سەر ئەودا زاڵ بووم ئەوا شمشێر و ئەسپ و جل و بەرگی بـەری خۆی لێ دەسەندم و ناوچەوانی بە مۆری خۆم داخ دەکەم تـا بزانێـت کـە مـن ئـازادم کـردووە! ئیدی ناوبانگی جوانیەکەی دەرچووبوو. بۆیـە لـە هـەموو لایەکـەوە دەهاتنـە گۆڕەپـان بـۆ شـەڕی بەرامبـەرێن! ! . ئـەویش بەسـەریاندا زاڵ دەبـوو یـەکێك لـە کـوڕە پاشـایانی عەجـەم ئەمـە دەبیسێت، خۆی بۆ ئەوشەڕی بەرامبەرێنە ئامادە دەکات، کاروانێـك لـە دیـاری و خـەڵات بۆ پاشاو پێداویستی ڕێگا ئامادە دەکات و سامانێکی زۆر هەڵدەگرت وڕێگا دەگرێتـە بـەر. کە دەگاتە مەملەکەتی ئەوشازادەیە پاڵەوانە دیـاری یـەکانی پـێش کـەش پاشـا دەکـات و دەڵێت گەورەم دەمەوێت کچەکەت ببینم! پاشایش دەڵێت کوڕەکەم کچەکەم بـۆ هەڵبـژاردنی مێرد مەرجی داناوە! منیش هەرگیز زۆری لێ ناکەم. کوڕەش دەڵێت گەورەم منیش هـەر بـۆ ئـەو زۆرانبـازی یـە ئەوهـەموو ڕێگـا دوورەم بڕیـوە. ئـەمجا جاڕچـی جـاڕ دەدات کـە سـبەینێ زۆرانبازی نێوان شازادەی پاڵەوان و شازادەیەکی عەجەمە ڕۆژی دوایی کوڕە پاشا لە گۆڕەپان ئامادە دەبێت تەماشاچی یەکی زۆر ئامادە دەبـن هـەموو سـەریان لـە چـەك و زرێپۆشـەکەی کوڕە پاشا سووڕ دەمێنێ! ! ئەسپ و زین و قەڵپووزی زێڕین گورز و ڕمی سێ پـەڕە! شازادە ئامادە بوو ئەمجا کوڕە پاشا خۆی بە تەماشاچیان ناساند و کەوتنە شاتاوڵ بۆ یـەکتر بـردن. زۆر مانـدوو بوون هیچیان ئەوی تری نەبەزانـد! ! کـچە شـازادە کـەوتـە بیرکـردنـەوە بـەخۆی وت:

ئەم کوڕە بەڕاستی پاڵەوانـە! ! ڕەنگـە بەسـەرم دا زاڵ بێـت و زوو زەردی تەماشاچیانم بکات! باشتر وایە فێڵێکی تری لێ بکەم ئەمجا دەستی برد، ڕووپۆشەکەی لەسـەر دەم وچاوی لادا! کوڕە پاشا کە ئەو ڕوخسارە جوانە بێگەردەی بینی هەر زوو حەیرانی بوو ! بە جۆرێك عاشقی ئەو جوانیە هێزی لێ بڕی! شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٩٨

شەهرەزاد وتی:

کەنیزەکە کە دەستی بە گێڕانەوەی فڕوفێڵی کوڕەپاشا کردو وتی:

گەورەم کە شازادەی بینی، کوڕە پاشا سەر و دەستی ون کرد و عاشقی جوانی ڕوخساری بـوو هەڵەکـە ی قۆسـتەوە و هەڵمـەتی بـۆ کـوڕە پاشـا بـرد و وکـوو هـەڵۆ لـە سـەر زیـنی ئەسپەکەی دەرهێنا و دای بە زەویدا ئەژنۆی خستە سەر سنگی ! ئـەمجا مـۆرە گەرمەکەیان

بۆ هێنا و ناوچەوانی پێ داخ کرد. فەرمانی دا جل و بەرگیان لە بەر داکەند، ئەسپ و شمشێر و جلّ وبەرگیان برد. خۆیشیان بەرەڵا کرد.

کوڕە پاشا کە هاتەوە هۆش خۆی زۆری خەفەت خوارد و گریا بۆیە بە لەشکرەکەی وت:

ئێوە کۆیلە و خزمەتکاران ببەنەوەو بگەڕێنەوە، تاکو تۆڵەی خۆی ئەکاتەوە! ناگەڕێتەوە. سامان وپارەو نەختینە زێڕ و زیوەکانی گلدایەوە و ئەوانی بەڕێ کرد. کە کاروانە کە گەیشتنەوە وڵات، پاشایان بە ئاگا هێنا لە کارەساتەکە ئەویش زۆری خەفەت خوارد و وتی:

دەڵێن چی با سوپا ئامادە بکەین و بچینە سەریان و وڵاتیان کاول بکەین!؟ وەزیران وتیان:

ئێمە پێمان باشە مۆڵەتی کوڕەکەت بدەین باخۆی چارەسەری خۆی بکات! پاشاش بە قسەی کردن. لەولایشەوە کوڕە پاشا دوای حەوانەوە، دەستێ بەرگی پیرانەی لە بەر کرد و خۆی گەیاندە ئەو باخەی پاشا کە کچەپاشا زۆر زوو دەچووە سەیرانی.

خۆی کردە پیرەمێردێکی دەست لەرزۆك! چووەلای باخەوانەکە و پێی وت:

براگیان هەر لە گەنجیەوە رەزەوان بووم ئێستاش ئاوارە بووم و کەوتوومە ئێرە داوات لێ دەکەم لای خۆت جێگام بکەیتەوە لەم باخەدا خێرت دەگات! باخەوان زۆری پێخۆش بوو، وتی:

هەوڵ دەدەم نان و خواردنیش بدەم پێت بەڵام دەبێت باخەوانێکی ئیش کەر بیت. پیرەمێردەش سوپاسی کرد. رۆژی دواتر شتومەکی خۆی هێناو باخەوانی باخەکەش ژوورێکی دایەو شتومەکەکەی خۆی تێ کرد. ماوەیەك خەریکی کار کردن بوو لە باخەکەدا. رەزەوان زۆری لێ رازی بوو. رۆژێکیان باخەکە پڕ بوو لە کۆیلە و کەنیزەك کوڕە پاشای پیرەمێرد پرسی:

وتیان شازادە دێتە باخ بۆ گەشت و گوزار ئەمیش خۆی کۆ کردەوە و هەندێ ملوانکەی زێڕ و زیوی بردە بن دارێکی باخەکە و دانیشت بەدیاری یەوە. کۆمەڵێ کەنیزەك هاتن یەك لەیەك جوانتر بوون. شازادەی ناسی یەوە و سەیری کرد وەکو مانگ لە ناوئەستێران دیار بوو. گەیشتە لای و سەیری بەردەمیان کرد، ملوانکەی زێڕ و زیوی جوان لە بەردەمیدایە شازادەی پاڵەوان پرسی:

مامەپیرە ئەم زێڕ و زیوانە دەفرۆشیت؟ ئەویش وتی:

نە ! شازادە پرسی:

ئەی!؟ کوڕە پاشای پیرەمێرد وتی:

دەیدەم بەو کەنیزەکەی شووم پێ بکات! ! . شازادە دایە قاقای پێکەنین! کەنیزەکەکان بەدوایدا، شازاد وتی:

دەی باشە ئەوا ئەم کەنیزەکەیانم لێ مارە کردیت! کوڕە پاشای پیرەمێرد وتی:

دەزگیران وەرە پێشەوە، خۆی ملوانکەکەی کردە مل و وتی:

منت پەسەندە جوانکیلە کەنیزەکەش بە پێکەنینەوە وتی:

بەڵێ ! ئەمجا زێڕەکانی برد و لێیان داو بە پێکەنینەوە ڕۆیشتن. جاری دووەم هاتنەوە کوڕە پاشایش بەهەمان شێوە لە سەر ڕێ یاندا دانیشت. دیسان هاتن و بە هەمان شێوە کیژە پاڵەوانی شازادە کەنیزەکێکی تری دایەو پیرە کوڕە پەسەندی کرد و زێڕەکەی پێ بەخشی! بەم شێوەیە تاکو کیژە پاڵەوانی شازادە کەنیزەکەی بەدەستەوە نەمابوو. هەر جارەو کەنیزەکێکی پێدابوو.

کەنیزەکەیش زێڕ و زیوی خۆی بردبوو. شازادەی پاڵەوان بیری کردەوە وتی:

باشە بۆچی منیش برێك لەو زێڕانە وەرنەگرم!؟ بۆیە ڕۆژێکی دیاری کرد و تێیدا وەکو جاران لە گەڵ کەنیزەکەکاندا چووەوە پیاسەی ڕەز وباخ. لە ڕێگا پێی وتن:

ئێوە کۆڵ لە من بدەن و لە شوێنێکی تری باخەکەوە بن کە ڕۆیشتن بەرگی کەنیزەکێکی لە بەر کرد و چووەوە هەمان شوێن سەیری کرد پیرەمێردەلێی دانیشتووە. سڵاوی لێ کرد و پرسی:

ئەم ملوانکە زێڕ و گوارە و مستیلانە هەر زۆر جوانترن لەوانەی جارانی پێشوو !

پیرەمێردەش وتی:

شووم پێ بکە وپێشکەشت بێت! شازادەی پاڵەوان وتی:

واپەسەندم کردیت کوڕە پاشایش وتی:

ئەو هەموو زێڕەت پیرۆز بێت، ئەمجا شازادەی پاڵەوان وتی:

دەزانیت من کێم!؟ کوڕە پاشا وتی:

ئەی چۆن ناتناسمەوە ! تۆ کچەشای پاڵەوانیت! من ئەوە (٢) مانگە خۆم ناوەتەوە بۆ بینی تۆ من(بەهرام)ی کوڕی پاشای عەجەمم لە وڵاتی دوورەوە هاتووم عاشقی تۆ بووم ئەمجا سمێڵ و ڕیشە سپی یەکەی لادا ! دەستی کرد بە پێکەنین و وتی:

ئەوە بەپێی خۆت هاتیتە بەردەستم ورازی بوویت شووم پێ بکەیت! شازادەش کەهەموو گیانی لە شەرم دا دەلەرزی زۆر سەری سوڕما لە ئارامی و کۆڵنەدانی ئەم کوڕە قۆزە پاڵەوانە! لە دڵی خۆیدا وتی:

ئەگەر ئەمە بکوژم نابێت ! دیارە منی زۆر خۆش دەوێت! ئەمجا دەستی کردە ملی و ڕێکەوتن هەر ئەمشەو سواری ئەسپ ببن وتێی بتەقێنن بەرەو وڵاتی کوڕە پاشا! کە شەو

هات کچە (٢) ئەسپی ئامادە کرد و هەردووکیان بەو شەوە سوار بوون و رۆیشتن بەرەو ولاتی کوڕەپاشا دوای ماوەیەکی زۆر گەیشتنە ولاتێکی دراوسێ ی مەملەکەتی باوکی لایان دا هەواڵیان نارد کە گەیشتوونە فلان دەوڵەتی دراوسێ پاشایش سەرباز و وەزیرانی ناردە پێشوازی کوڕە و بووکەکەی! ئەمجا فەرمان درا دوای ئەوەی بەسەلامەت گەیشتنەوە ولاتی کوڕە پاشا ئاهەنگ گێڕ ڕا لە شارا زەماوەند کرا لەهەموو سەر کووچە و کۆلانێکدا خواردن ئامادە کرا ! دوایی هەواڵیان نارد بۆ پاشای باوکی کچە شازادەی پالەوان کە جیازی کیژەکەی ئامادە بکات. باوکی کچەش زۆر بە خۆشحاڵیەوە نوێنەری لە وەزیران نارد بۆ ئامادە بوون لە ڕێ و ڕەسمی ئاهەنگی ژن هێنانەکە دا. ئەوە بوو بە خۆشی و شادی ژیانیان بردە سەر، تاکو مردن لەیەکی جۆێ نەکردنەوە.

ئەمجاکەنیزەك هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا و وتی:

بڕوانە پاشا گیان ئەو کوڕە پاشایە بە چ فێڵبازی یەك دەستی بەسەر ئەو شازادە پاڵەوانەدا گرت!؟ ئەمجا دەستی کردە گریان. پاشا زۆر تووڕە بوو وتی:

بێخەم بە کوڕەکەم دەکوژم.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٥٩٩

شەهرەزاد وتی:

ئەی پاشای مەزن، هێندە ڕێم بدە بەسەرهاتێك لە مەکری ژنانت بۆ بگێڕمەوە چونکە دەزانم ئەوکەنیزەکە مەکربازە زمان سازە پەلە مەکە چونکە پەلەکردن پەشیمانی لە دوایە! ! چیرۆکی وەزیری حەوتەم لە بارەی مەکری ژنانەوە دەگێڕنەو ژنێك دەبێت مێردەکەی (پەنجێیی) یەکی دەداتێ و پێی دەڵێت بڕۆ بۆلای برنج فرۆش و برنجی پێ بکرە. ژنەش پارەکە دەبات و دەڕواتە بازاڕ و بۆ دوکانی برنج فرۆش. برنجەکە دەکڕێت، دوایی دوکاندار هەندێ دەی دوێنێ و پێی دەڵێت ئەم برنجە ئەگەر لە کاتی لێناندا کەمێ شەکری تێ بکەیت زۆر خۆش دەردەچێت. ژنەش دەڵێت ئەمەم نەبیستووە! دووکاندار دەسرۆکە کەی لێ وەردەگرێت و لە دەرگای گەنجینەی دووکانەوە دەیدات دەست شاگردەکەی و دەڵێت بەهێندەی قورسی پەنجا فلسەکەی شەکری بۆ بکێشەو و لە گەڵ برنجەکەدا بۆی بکە دەسرۆکەکەیەوە. بە چاویش ئیشارەتێکی دەداتێ. شاگردە تێدەگات، دەسرۆکەی بۆ پڕ دەکات لەگڵ هەر چوار چمکی دەسرۆکەکە جوان دەبەستێت! دەیداتە ژنەکە. ئەوداماوەش

دەیبات و وا دەزانێت برنجی پێ یە! کەگەیشتەوەماڵ دەسرە پڕەکەی لە بەردەم پیاوەکەیدا دانا، چوو مەنجەڵێکی هێنا پیاوەکەی تووڕە بوو وتی:

ئەرێ بەڕاست بۆچی ئێمە خانوو دەکەین وا گڵت بۆهێناوم!؟ ژنەکەش بێ بیرکردنەوە و خۆ تێکدان وتی:

( ئۆی پیاوەکە خۆ ئەوە سەریشت لە من تێکدا! ! لە جیاتی ئەوەی (بێژنگ)بێنم خۆڵەکەی ببێژمەوە مەنجەڵم هێنا. بۆم نەگێڕایتەوە؟ مێردەکەی وتی:

نا! ژنە وتی:

ئەوە لە ناو بازاڕ دا پەنجا فسی یەکەم لە دەست کەوتە خوارەوە، پێم شەرم بوو، بەرپێی خۆم بگەڕێم ناچار، گڵی دەورو بەری خۆم کۆ کردەوەو وتم:

لە ماڵ پێیدا دەگەڕێم و پەنجێیی یەکە دەدۆزمەوە! ئەمجا چوو مەنجەڵەکەی خەستەوە شوێنی خۆی و بێژنگەکەی هێناو لە دڵی خۆیدا وتی:

ئەمە کاری شاگردە کەیە! ئەمجا بە مێردەکەی وت:

بە قوربانت بم تۆ چاوت باشترە، ئەو گڵەم بۆ لە بێژنگ بدە. ئەمجا وەزیر رووی کردە پاشا و وتی:

گەورەم ئەو ژنە مەکربازە ئەو تەپوتۆزەشی کرد بەسەرمێردەکەیدا و فریویشی دا خەڵەتاندی، بۆیە دەڵێم ژنان مەکر بازن ! ئاگات لە خۆت بێت. پاشا لەوێدا فەرمانی دا کوڕەکەی لەسێدارە نەدەن. رۆژی هەشتەم پەروەردە کەرەکەی کە ناوی (سەندوباد)بوو، دەستی کوڕە پاشای گرت وهێنایە لای باوکی! ئەمجا کرنووشیان بۆ پاشا برد. (سەند وباد) بەزمانێکی شیرین کەوتە پیا هەڵدانی پاشا و سوپاسی هەموو وەزیرەکانی کرد بۆ ئەو دڵسۆزیەی نواندیان لەم کێشەیەدا. زمانێکی پاراو ورەسا و رەوشتێکی بڵندی نواند پاشای سەر سام کرد!

شەهرەزادهەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٠٠

شەهرەزاد وتی:

کە پاشا ئەم قسانەی بیست، کوڕەکەی بانگ کرد و ناوچاوانی ماچ کرد و دەستی بە سەریدا هێناو، ئەنجا بە (سەندوباد)ی وت:

ئەی باشە ئەم حەوت رۆژە ئێمە سەرقاڵی ئەم مەکربازی یە بووین بۆچی ئەم کورەم هیچی نەوت؟ کورەپاشا وتی:

باوکی خۆشەویستم لە سەرەتادا هێندە تووڕە بوویت هەرچیەکم بوتایە بڕوات پێ نەدەکردم! ئەمجا پاشا پرسی:

گریمان من تۆم لە سێدارە بدایە کێ تاوانبار دەبوو؟ من! یان کەنیزەکەکە؟ یان سەند وباد؟ کوری پاشا هەڵی دایە باوکە گیان حەز دەکەم ئەم سەربوردەیەت بۆ بگێرمەوە. دوای کەمێك بێدەنگی وتی:

کابرایەك چەند میوانێك لە ناکاودا خۆیان دەکەن بەماڵیدا، خانەخوێیش کەنیزەکێکی بانگ دەکات و پارەی دەداتێ پێی دەڵێت برۆ دۆم بۆ بکرە و زوو بگەرێوە. کەنیزەکە دەچێت دۆیەکە دەکرێت و بۆی دەکەنە گۆزەکەیەوە. ئەمجا دەگەرێتەوە، لە رێگا لەبن دیوارێکی دادەنێت تاکو بحەوێتەوە. دوومار لە پاساری دیوارەکەدا دەبێتە شەریان. دڵۆپەیەك ژەهر دادەکەوێتە گۆزەکەوە بێ ئەوەی کەنیزەکەکە پێی بزانێت! ! کەنیزەك گۆزەکە دەداتەوە بە شانیدا وبەرەو ماڵ دەبێتەوە. دوای ماوەیەك خانەخوێ دەڵێت ئادەی کەنیزەك نان بێنە و دۆیەکەمان بۆ دابنێ. کچەیش دۆیان بۆ لە کوچەڵە دەکات و لە بەردەمیاندا دای دەنێت. دوای نان و دۆ خواردن هەردوو میوانەکە و خانەخوێ یەکە بەلادا دێن و دەمرن.

کورە پاشا دەڵێت هەریەکەولای خۆیەوە بڕیار بدات. لەو مردنی (٣) کەسەدا کێ تاوانبارە؟ هەموو بێدەنگ دەبن. کەس ناتوانێ بڕیار بدات! ! بۆیە هەرخۆی روو دەکاتە باوکی و دانیشتوان دەڵێت پێم وایە کەسیان تاوانبار نین! ئەو(٣)یە رۆژیان تەواو بووە دەبوو بمردنایە جا خوا ئەوەی کردووەتە هۆکاری مردنیان. پاشا زۆر دڵخۆش بوو، بەو قسانەی کورەکەی، خەڵکەکەش سەریان لە زیرەکی کورەپاشا سورما.

کوری پاشاوتی:

من خۆم بەزانا و دانا نازانم ! چونکە چاك دەزانم ( پیرەکوێرە سێ ساڵان و (٥)ساڵانەکەی لەمن زیرەك تر و دانا ترن). ئەوانیش وتیان:

باسی ئەو (٣)یەمان بۆ بکە کە لەخۆت زیرەك تر و دانا ترن)، کورە پاشا وتی :

کابرایەکی بازرگان بووە زۆرگەڕاوە! شارانێکی زۆری بینیووە، جارێکیان دەیەوێت سەفەر بکات بۆ ولاتێك، بۆیە دەگەرێت، بۆکەسێك کەلەو ولاتەوە هاتبێتەوە، کە دەیدۆزێتەوە دەچێتە لای و لێی دەپرسێت لە ولاتەی لێی گەڕاویتەوە چ شتێك زۆر رەواجی هەیە؟ ئەویش دەڵێت داری (سەندەڵ ). بازرگانەش هەموو دەستمایەکەی دەداتە (تەختەی سەندەڵ) و باری دەکات و دەیبات بۆ ئەو ولاتە. ئێوارەیەکی درەنگ پێش ئەوەی

کاروانەکەی بکات بە شارەکەدا پیرە ژنێك دەبینێ، کە سڵاوی لێ دەکات، پیرە ژنە کە لای رانەمەڕێکەوە دەبێت دەپرسێت لە کوێوە هاتوویت؟ کە تێ دەگات لە وڵاتی دوورەوە هاتووە و نامۆیە بەشارە کە ئامۆژگاری دەکات و دەڵێت خەڵکی ئەم شارە زۆر دەستبڕن! بارەکەت دەشکێنن و دواتر بە هەرزان لێت دەسەندن. ئاگات لە خۆت بێت . شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٠١

شەهرەزاد وتی:

کابرای بازرگان بارەکانی بردە ناوشار و لەوێوە بۆ ناو بازاڕ، بازرگانێکی لێ پەیدا بوو، لێ پرسی:

لە کوێوە هاتوویت براگیان؟ ). ئەویش وتی:

لە فلان وڵاتەوە، ئەمجا پرسی:

ئەی بارەکانت چی یە؟ کابرای بازرگان وتی:

تەختەی (سەندەڵ)م هێناوە چونکەبیستوومە لێرە پارەی باش دەکات. کابرای کڕیار وتی:

بەهەڵە پێیان وتوویت لای ئێمە ئەو تەختە سەندەڵە ئاگری پێ دەکرێتەوە و چای پێ لێدەنرێ ! ئەمجا بەدەم قسەکردنەوە دەی باتە خانێکەوە چایەکی بۆ دەکرێت لە چا خانەکەی. بازرگانەکە سەرنج دەدات ئاگری ژێر قۆریەکە بە داری (سەندەڵ) کراوەتەوە. ئیدی زۆر خەم دەخوات. ئەمجا کابرا بەبازاڕ دا دەگەڕێت تاکو بارەکانی بفرۆشێت. کابرایەکی لارکوێر لێ پەیدا دەبێت، بازرگان کە سەیری دەکات چاوێکی کوێرە و چاوەکەی تری شینە! لارکوێر لێی دێتە پێشەوەو لێی تێدەگات نامۆیە ب شارەکە یەخەی دەگرێت و هاوار دەکات ئەم پیاوە کاتی خۆی چاوێکی کوێر کردووم گەلێك یەکتر دەهێنن و دەبەن دوایی دوکاندارێك دەبێتە کەفیلی بازرگانە نامۆکە مۆڵەتی بدات سبەینێ پارەی دەداتێ و تۆڵەی چاوی بۆ دەداتەوە. کابرا دەڕوا و دەچێتە لای پینەچی یەك تاکێ لە نەعلەکەی پێی دەداتێ و دەڵێت ئەمەم بۆ بدوورەوە لە شەڕی من و لارکوێردا بچڕا چەند دەڵێت بەسەر چاو. لە ولاوە کە چاوڕێ دەکات دەڕوانێت کۆمەڵێك دانیشتوون قومار دەکەن زۆر لە بازرگانە دەکەن قورماریان لە گەڵ بکات. لەویش جەردەیەك پارەی لێ دەبەنەوە ! ئەمجا پیرە ژنە رێی دەکەوێتە دوکانی پینەچی کە دەڕوانێ کابرای بازرگان دەناسێتەوە پێی دەڵێت ئەی پێم نەوتیت خەڵکی ئەم شارە دەستبڕن ئاگات لە خۆت بێت!؟ بازرگان دەڵێت بە خوا

قسەکەی تۆ بوو. ئەمجا لیی دەپرسێت چارەم چی یە؟ پیرەژن دەڵێت هەستە وەرە ماڵی پیرە کوێرەت پیشان دەدەم. ئەو کوێرە زۆر زیرەکە سیحرە باز! شارەزایە ! برۆ لە شوێنێکدا خۆت بشارەوە تەنیا گوێی لێ بگرە! ! سوود لە ئامۆژگاریە کانی وەردەگریت، بەو هۆیەوە بەسەر دوژمنانت دا زاڵ دەبێت. ئەو پیاوە پیرە کوێرە شەوانە وانەی فرۆفێڵ،،دەست برین! فرویودان بە دەستبڕانی ناو بازاڕ دەڵێتەوەشەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٠٢

شەهرەزاد وتی:

کابرای بازرگانی نامۆ بەو شارە هەر ئێوارە چووە ماڵی پیرە کوێرە و لە شوێنێکدا خۆی شاردەوە کە چاوی لە پیرە کوێرە و ژوورەکەی بوو، بەڵام کەس چاوی لەم نەبوو. ئەمجا هێندەی زانی کۆمەڵێك پیاو خراپ هاتن، سڵاویان کردو دەستیان کردە باسی کاری ئەو رۆژەی خۆیان. بازرگانی نامۆ کە سەرنجی وردی دانیشتوانی دا (٤)کەسەکەی تیابوو کەفریویان دابوو شەریان پێ فرۆشت بوو! کەدەست کرابە گفتوگۆ کردن کابرای کڕیاری دار (سەندەڵ) وتی:

گەورەم ئەمرۆ لە بازاڕ دا دار سەندەڵم لە بازرگانێکی نامۆ بە شارەکە کڕی. پیرە کوێرە پرسی:

چۆن چۆنی!؟ دەستبڕ وتی:

هەر زۆر هەرزان! هەموو بارەکەم لێ کڕیوە بە پڕ دەبەیەك لە هەر شتێك کە خۆی هەڵی ببژێرێت! ! . پیرە کوێرە وتی:

جا بەو خوایە ئەو براوەیە و تۆ دۆڕاویت!

دەستبڕ وتی:

کورە نابێت! پیاوی چاك بە !، دەستبڕ خەمی لێ هات، پیرە کوێرە وتی:

کێ دەڵێت ئەوکابرا بازرگانە ناڵێت پڕ دەبەیەك زێرم دەوێت !؟ دەستبڕ وتی:

هەر قازانجمە! چونکە دار سەندەڵەکە دوو هێندە زێڕ دەکات پیرە کوێرە کەمێ راما! ئەمجا وتی:

حا ئەگەر دار سەندەڵەکان هێندە گران بوو، ئەوسا بەڵکووبیانوت پێ بگرێت وبڵێت پڕ دەبەکە کێچم دەوێت، نیوەی (کێچ)ەکان (نێر) و (نیوە یان مێ)، ئەو دەم چی دەکەیت!؟ دەستبڕ بێدەنگ بوو.

لار کوێرێك کەوتە قسە کردن و وتی:

ئەی پیرە پیتۆڵ من ئەمڕۆ بازرگانێکم بینی نامۆ و سادە! بۆیە لە ناو بازاڕەکەدا یەخەم گرت و هێنام و بردم هاوارم کرد:

کاتی خۆی ئەم پیاوە چاوێکی منی کوێر کردووە! موسڵمانینە فریام بکەون ! بازرگانی داماو دوای قسە وباسێکی زۆر لە گەڵ ناو بژی وانان دا رێکەوتن سبەینێ قەربووی چاوە کوێرەکەم بکاتەوە کۆمەڵە دووکاندارێك بوونە کەفیلی کە سبەینێ بێتەوە بازاڕ دەکە! پیرە کوێرە وتی:

حا هەر تۆ دۆڕاویت:

بەخێر نەیەتەوە! (لار کوێر) وتی:

چۆن!؟ پیرە کوێرە وتی:

باشە لەبەر چاوی ئەو کابرایانەی ناو بازاڕ وتی:

بەسەر چاو قەر بووی دەکەمەوە بەلام بەو مەرجەی هەر یەکێکمان چاوێکی دەربێنێت! هەر دوو چاوەکە کێشانە دەکەین گەر بە هێندەی یەك بوون ئەوا من قەرەبووی هەر دوو چاوەکەت بۆ دەکەمەوە! ئەو کاتە ئەو چاوێکی دەمێنێتەوە! بەڵام تۆ کوێر دەبیت! ئەوکاتە چی دەکەیت!؟ لار کوێر بێدەنگ بوو.

ئەمجا کابراکەی قوماری لەگەڵ بازرگانەکە کردبوو پرسی:

ئەی تۆخوا پیرە ژیرە من؟ پیرە ژیرە پرسی:

تۆ چ گرەوێکت کردووە!؟ کابرای قومار باز وتی:

لە گەڵ کابرایەکی نامۆدا گرەوم کردووە کە ئەگەر ئاوی ئەو دەریایەی بۆ خورایەوە ئەوە دەبێت هەموو سامان و دارایی خۆمی دەدەمێ! ئەگەریش بۆی نەخورایەوە ئەوە دەبێت هەمووسامان و دارایی خۆی بداتە من! !، پیرە کوێرە وتی:

بە خوا براکەم گەر زیرەك بێت ئەو لە تۆی دەباتەوە! قومارباز وتی:

چۆن ئەو دەیباتەوە؟ پیرە کوێرە وتی:

بیانوت پێ دەگرێت ودەڵێت دەبێ تۆیش دەمی دەریاکەم بۆ بگریت و ئاوەکەی بکەیت بە دەممەوە! ! . کابرا بێ دەنگ بوو. ئەوا بازرگانی نامۆش گوێی لە پیرە کوێرە و قسەکانیەتی! رۆژی دوایی کابرای بازرگانی نامۆ شوێن کێشەکانی کەوت، چووڵای کابرای قومار باز پێی وت:

برۆ بابچین ئاوی دەریاکەت بۆ بخۆمەوە! فەرموو، بازرگان وتی:

دەبێت دەمی دەریاکەم بۆ بگریت و ئاوەکەی بکەیت بە دەممەوە ! قومار باز وتی :

جا ئەوە چۆن بەمن دەکرێت!؟ کە قومار باز بێدەنگ بوو، وتی:

گرنگ نییە هەموو سامانەکەت لێ ناسەندم (١٠٠٠) دینار وەرە دەرەوە. قومار باز پارەکەی دایە و سوپاسیشی کرد. ئەمجا چووە بازاڕەکەی دی و لای دووکاندارەکانی کەفیلی، کابرای لار کوێرە پەیدا بوو. بازرگانی نامۆ لە بەر چاوی خەلکەکە وتی:

فەرموو یەکێ چاوێکمان دەردێنین! کێشانەیان دەکەین! گەر هاوتا بوون ئەوا فەرمبووی هەردوو چاوەکەت بۆ دەکەمەوە. (لار کوێر) بێدەنگ دەستی بازرگانەی ماچ کرد و وتی:

برۆ گەردنت ئازاد بێت! خەلکەکە بەدەم پێکەنینەوە دەست خۆشیان لە بازرگانەکە کرد. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٠٣

شەهرەزاد وتی:

کابرای بازرگان چووە لای کڕیاری (دار سەندەڵ)ەکەی کە دارێکی ورد کراوی سوورە و وەکو دارچینی دەهاڕرێت! . کابرای کڕیار وتی:

براکەم رێکەوتوین کە بۆ هەر (دەبەیەك )دار سەندەڵ دەبەیەك شتی ترت بۆ پێوانە بکەم! جا ئارەزوو دەکەیت:

سەر بەسەر زێڕت بۆ دەکێشم ! بازرگان وتی:

پەیمانەکەمان وابووە من ئەوشتە هەڵبژێرم نەك تۆ!! کڕیار وتی:

راست دەکەیت. بازرگان وتی:

کەوابوو، بۆ هەر (دەبەیەك) سەندەڵ دەبەیەك (کێچ)م دەوێت نیوەیان نێر نیوەکەی تریان مێ! ! کڕیار سەری داخست و وتی:

بەخوا برا ئەوە دەست من ناکەوێت! فەرمووبا برۆین دار سەندەڵەکەت لە مەخزەندایە بت دەمەوە، ئەمجا بازرگان، لە گەڵیدا رۆیشت و سەندەڵەی بار کرد و هێنایەوە بازاڕ، دوایی بە نرخێکی باش فرۆشتی یەوە و بە پەلە گەڕایەوە وڵاتی خۆی. ئەمجا لە کوڕە پاشایان پرسی:

تۆ بۆ باوکت گێڕایەوە کە منالێکی (٣)سالانی زیرەکیش هەبووە، کوڕە پاشا رووی لە باوکی کرد و سەری دانەواند وبۆ (سەند وباد)ی پەروەردەکاریشی بەهەمان شێوە، ئەمجا وتی:

سەرتان نەیشێنم کابرایەکی فالّ چی (شەروالّ پیس) دەبێت، دەبیستێت ژنێکی زۆر جوان لە شارێکی تر هەیە. دیاری یەکی باش لە گەلّ خۆی دەبات و خۆی دەگەیەنێتەمالی، ژنە چونکە ئەو کاری دەبێت بەرزە پێ لە بەری هەلّدەستێت و بەخێری دێنێت. کابرا کە دا دەنیشێت، دەلّێت بە خوا خولێت نەسەندێت ئەم کورەت سادە و بێدەنگە! ژنەش دەلّێت وانیە زۆر زیرەك و قسە زانە ! دوای کەمێك (٣)سالانە دەگری، ژنە دەپرسێت چیتە کورم؟ منالە دەلّێت برنجی ناو مونجەلّەکە هەلّگێڕ و وەرگێڕ بکە با نەسوتێت بە بنکی مەنجەلّەکەوە! دایکەکەی دێت و بە قسەی دەکات، دوای کەمێك منالّەکە دەگری و دایکە لێی دەپرسێتەوە، (٣)سالاّن دەلّێت رۆنت تێ نەکردووە! بیرت نەچێت، کابرای میوان توورە دەبێت و دەلّێت مێشکت بردین! ئەمەندە مەگری. منالّەکە دەلّێت من جاری یەکەم گریام سوودی هەبوو، بەنجەکە نەسوتا. جاری دووەم گریام شتێك چووبووە چاومەوە، بەهۆی فرمێسکەکانمەوە چاوم پاك بووەوە. بەلاّم تۆ بۆ کارێك هاتوویت زۆر بێ سوودە.

تۆ پێت شەرم نییە لە شارێکی ترەوە دەگەیتە مالّی ئێمە بۆ داوێن پیسی؟

کابرای میوان زۆر شەرم لە خۆی دەکات ! بێدەنگ لە مالّەکە دێتە دەرەوە و دەگەڕێتەوە بۆ مالّی خۆیان (تۆبە) دەکات و دواتر هەتا دەمرێت داوێن پیسی ناکات! !، ئەمجا کوڕە پاشا دەست بە قسە کردن دەکاتەوە و دەلّێت بەلاّم بەسەر هاتی (٥)سالاّنە بەم شێوەیە بووە :

(٤) هاواری رێدەکەون کەپێکەوە بازرگانی بکەن. بۆیە بە هەر چواریان (١٠٠٠) دینار دەکەنە دەست مایە و دەڕۆن، دوای ماوەیەك دەگەنە رەز و باخێك، لادەدەن و توورەکە پارەکەی دەستمایەیان، لایَ رەزەوانی رەزەکە دادەنێن. دوای هەندێ گەڕان، گۆمە ئاوێك لە ناو رەزەکەدا دەبێت دەچنە سەری، یەکێکیان دەلّێت ئەوە من گیای (خۆ شتن)م پێ یە، بۆچی نەچینە ئەم گۆمەوە خۆمان بشۆین؟ ئەوانیش دەچنە گۆمەکەوە ودەست بە خۆشتن دەکەن، یەکێکیان دەلّێت خۆزگە شانەیەکمان پێ دەبوو ! یەکێکی دی دەلّێت زۆرئاسانە ئەوە ژنەکەیە لێمانەوە دیارە بڕۆ بلّێ شانەیەکم بدەرێ، کابراش دێتە درەوە و خۆی پۆشتە دەکاتەوەو دەچێتە لای ژنەی رەزەوان، پێی دەلّێت ئەو توورەکە پارەیەم بدەرەوە، ژنە دەلّێت ناتدەمێ تاکو هەر چوارتان ئامادە نەبن. کابراش دەلّێت ئاسانە بانگیان بکە و بپرسە بیدەمێ؟ ژنەش بەدەنگی بەرز دەلّێت بیدەمێ؟ ئەوانیش هاوار دەکەن بەلّێ بەلّێ بیدەرێ کابرا توورەکەکە وەر دەگرێت و تێی دەتەقێنێت و دەڕوات . شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.،

# شەوی ٦٠٤

شەهرەزاد وتی:

کوڕە پاشا درێژەی بە قسەکانی دا بۆ باوکی و وتی:

(٣) هاوارێکە درەنگانێ چوونە لای باخەوان یەکێکیان پرسی:

ئەوە بۆچی شانەکەت نەدا بە هاوارێکەمان؟ ژنەرەزەوان وتی:

شانەی چی سەرت بتاشن؟ . داوای تووڕەکە پارەکەی کرد! ! ئەمجا هەرسێکیان کێشایان بە سەری خۆیاندا و وتیان:

کچێ نابێت! ! بەخوا بوو بڕایەوە ئەی بانگم نەکردن و پرسم پێ نەکردن؟ خۆتان وتتان:

بیدەرێ! ئەوانیش یەخەی ژنەیان گرت و دایانە دەست پۆلیس. ڕۆژی پرسینەوەی دادگا ژنە دەستە پاچە بوو نەیدەزانی چی بکات. کەوتە دەم وچاو ڕنینەوەی خۆی، کوڕێکی (٥)ساڵان چووە سەرەڕێی و لێی پرسی:

خاتوون ئەوە بۆچی دەگریت!؟ ژنەلێی تووڕە بوو پاڵێکی پێوە نا بەڵام مناڵەکە بەزەیی پیادا هاتەوە و دیسان لێی پرسی یەوە؟، ژنە وتی:

ئاخر تۆیەکی (٥) ساڵان چی دەزانیت!؟ تاکو بۆت بگێڕمەوە، ئەمجا وتی:

(٤) پیاو بە ناخێری گیانیان پارەیان دا و چوونە باخەکەوە، تووڕەکەیە پارەیان پێ بوو کە (١٠٠٠) دیناری زێڕی تیا بوو. لای من دایان نا و وتیان:

هەرکەسێکمان داوای ئەم تووڕەکە پارەیەی کرد، مەیدەرێ تاکو سیانەکەی ترمان ڕازی نەبین. منیش لێم وەرگرتن. دوای ئەوەی بەرمز و باخەکەدا تێر گەڕان، ئەمجا هەر چواریان چوونە گۆمە ئاوەکە و لەو لا منەوە کەوتنە مەلە کردن. دوای کەمێك یەکێکیان هاتە لام، وتی:

تووڕەکە پارەکەم بدەرێ! منیش وتم:

ناتدەمێ ئەی نەتان وت دەبێت هەموو ڕازی بن ئەمجا دەتان دەمەوە!؟ پیاوەش وتی:

جا ئەوە زۆر ئاسانە هێنامیە دەرەوە و هاواری کردە سیانەکەی ناو گۆمە ئاوەکە و وتی:

پێی بڵێن با بم داتێ! سیانەکەش هاواریان کرد بیدەرێ، درەنگانێ سیانەکەی تر هاتنە لام و وتیان:

تووڕەکەکەمان بدەرێ با بڕۆین، منیش وتم:

ئەی خۆتان نەتان وت:

بیدەرێ!؟ منیش تووڕەکەکەم پێدا و ڕۆیشت!

ئێستا ئەم سیانەی تر سکالاّیان لە سەر تۆمار کردووم دادوەریش بە متمانەی دراوسێ یەکمان منی ئازاد کردووە ! ! ئێستاش (٣)پیاوەکە هەر لای دادوەرن، منالّەکەش وتی:

دە هەر ئێستا بگەڕێوە لای دادوەر و پێی بڵێ گەورەم بیرم چوو ئەوە بڵێم: ئەم سیانە کاتی خۆی بەمنیان وتبوو، کە بە بێ ڕەزامەندی سیانەکەی ترمان نەبێت تووڕەکە مەدە بە چوارەم! ! ژنە باخەوان بەهەڵە داوان خۆی گەیاندەوە لای حاکم و قسەی منالّە (٥)سالاّنەکەی پێ وت ! دادوەر لە (٣) پیاوەکەی پرسی:

ئەم ژنە ڕاست دەکات؟ ئاخۆ وتوتانە بە ڕەزامەندی (٣) شەریکەکەی تر تووڕەکە بدرێت بە چوارەم؟ وتیان:

بەڵێ قوربان. ئەمجا دادوەر بەدەم گۆڕینی بڕیارەکەوە پێی وتن:

کەواتە ئەم ژنە ئازاد دەکرێت و دەبێت بە هەر دوولامان بگەڕێین بە شوێن هاوارى هەلاّتووەکەتاندا، هەر لەوێدا ژنە بە دڵخۆشیەوە، دێتە دەرەوە،

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٦٠٥

شەهرەزاد وتی:

وەزیرەکان دەستیان کرد بە نزا و پاڕانەوە لە خوا کە تەمەنی کوڕی پاشا درێژ بێت و بێ دەرد و بەلاّ بێت، بێ چاوێنی بێت کە هێندە زمان شیرین و زانا و قسە زانە، ئەمجا پاشای باوکی بانگی کردە لای خۆی وسەری ماچ کرد. کوڕەکەشی دەستی باوکی ماچ کرد. ئەمجا وتی:

کوڕە شیرینەکەم دەرکەوت کە ئەم کەنیزەکە مەکرباز و فێڵباز بوو بەڕاستی مەکری ژنان بۆ خۆی مەترسی یە ! بەلاّم تۆ و سەری خۆت ڕاستی بەسەرهاتی خۆتمان لە گەڵ ئەم کەنیزەکەدا پێ بڵێ! .

کوڕەش وتی:

بەوخوایە بابەگیان منت ناردە باخەکەی خۆمانەوە ئەم کەنیزەکە منی خستبووە ژێر چاودێری یەوە تاکو ڕۆژێکیان پێی وتم:

حەزم لێ کردویت! ! حەز دەکەم لە گەڵت دا ڕابوێرم! ! منیش لێی تووڕە بووم و وتم:

یەکجاری دی شتی وا بڵێیت ئەوە بەباوکم دەڵێم تا بت کوژێت. ئیتر لێم هار بوو کردی بە هاوار و ئەوانی تری لێ کۆ کردمەوە و حەیای بردم! ئەوە بوو دەست پێشخەری کرد و هانای بۆ تۆ هێنا فریوی دایت و فەرمانی لە سێدارە دانی منت دەر کرد !

باوکەی پاشایش وتی:

کوڕەکەم ئەوەی ڕۆیشت ڕوویدا ورۆیشت ! ئێستاش ئەوەکەنیزەکە کە و دەیدەمە دەست خۆت دەیکوژیت. بیکوژە بەندی دەکەیت بە ئارەزووی خۆت. کوڕە پاشا وتی:

بابە گیان ئەگەر بە دەست من بێت ئەوا وام پێ باشە ڕەوانەی شارێکی تر بکرێت، پاشایش هەر لەوێدا فەرمانی دا کەنیزەکەکەیان لە شار دەرکرد.

زەمانێکی زۆر پێکەوە کوڕ و باوك ژیان تاکو مردن لە یەکی جیا کردنەوە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٦٠٦

# چیرۆکی عومەری بازرگان و سالم و سەلیم و جۆردی کوڕی

شەهرەزاد وتی:

بازرگانێك هەبوو ناوی عومەر بوو. ئەم بازرگانە (٣) کوڕی هەبوو (سالم) کوڕە گەورە بوو، (سەلیم) ناوەنجی و (جۆدر) کوڕە بچووکی بوو. عومەری بازرگان (جۆدر)ی لە هەموویان زیاتر خۆش دەویست، براکانی تر بەغیلیان پێ دەبرد و رقیان لێ دەبووەوە، ساڵان ڕۆیشت و (٣) کوڕە گەورە بوون، باوکەکەیان تەمەنی زۆر بوو، نەخۆش کەوت، ناردی بە شوێن قازی و نووسەرەکانیدا و هەرچی سامانی بوو کردی بە (٤)بەشی وەکو یەکەوە. (٣) بەشی یەکسانی بەخشی بە (٣)کوڕەکەی، بەشی چوارەمی دایە ژنەکەی، زۆری پێ نەچوو، عومەری باوکیان مرد، کوڕەکان هەریەکەو بەشی خۆی برد و جیابووەوە. بەڵام دوای ماوەیەك دوو براکەی تر، سەریان کرد بە یەکدا و شکاتیان لە (جۆدر) کرد، کە گوایە لە وەرگرتنی میراتیەکەی باوکیاندا فێڵی لێ کردوون، دووبرا کەوتنە بەرتیل دان بۆ ئەوەی بڕیاری دادوەر بەلای خۆیاندا رابکێشن ! (جۆدر)یش بەهەمان شێوە بەتیلی دا، بەڵام کێشەکەیان وەکو خۆی مایەوە ! دوای ماوەیەکی تر تێ هەڵ چوونەوە، دیسان هەریەکەیان بەرتیلێکی زۆریان دا، بەڵام بێ سوود بوو. ئەمەندەیان سکاڵا لە سەر یەك نووسی و بەرتیلی زۆریان دا تاکو هەرسێکیان ئیفلاسیان کرد و هەژار کەوتن، دووبرا ناڵەبارەکە چوونە سەر

دایکیان و جی سامان و پاره هەبوو لێیان سەند و دەریان کرد، دایکەکە چاو بە فرمێسکەوە و دەم بە نزای خراپەوە بۆ ئەو دوو کوڕەی، خۆی گەیانده (جۆدر)ی کوڕی وەدەردە دڵی لە دەست کردن. (جۆدر) وتی:

دایە گیان منیش هەژار کەوتووم بەڵام تۆ دەخەمە سەر سەرم و بەڵکو خوا بەهۆی ڕۆزیی تۆوە ڕۆزیی ئێمەش بەرەوبان بەرێت ! نانێکمان لە گەڵ بکە بە دووکەرتەوە. دایکە زۆری بۆ پاڕایەوە کە ڕۆزیی بدات و تەمەنی (جۆدر)ی کوڕی درێژ بکات، کوڕەش وتی:

دایەگیان بەهۆی سکاڵا و سکاڵا کاری یەوە، هەر سێکمان هەژار کەوتین، ئێستاش سکاڵای تۆ نابەمە بەردەم دادگا ! دایەگیان بیان دە دەست خوا و وازیان لێ بێنە ! سەیر بکە و دڵ بدە بەم شیعرە چەندە جوانە

| | |
|---|---|
| غەدری یان لێ کردی و هیچت بۆ نەکرا | بیدە دەست کەسی ئاگای لە سەرا |
| زۆرداری نەزان:مەگەر هەر یەزدان | گڕی غەزەبی بکات بەسەرا |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٠٧

شەهرەزاد وتی:

( جۆدر)ی کوڕە بچووك هەمیشە بەسەر دایکیدا دەهات و دڵی دەدایەوە، تاکو لای مایەوەو کوڕە کوتە پەزێرایی کردنی دایکی لە ماڵەکەیدا. ڕۆژانە تۆڕی ماسیگرتنەکەی دەدا بە شانیدا و ڕووی لە دەریا و گۆم و ڕووبارەکان دەکرد. ناوی خوای دەهێنا و تۆڕی فڕێ دەدا، جاری وابوو، زۆریی زۆر باش و جاری وایش بوو، زۆریی کەمتر کەدەهاتەوە پارەکەی دەخستە دەست دایکی، ئەویش نزای خێری بو دەکرد، بەڵام دوو براکەی تری بە دزی براکەیانەوە دەهاتن بۆ ماڵی برا بچووك بەسەر دیکیان دا دەگریان، دەیان وت:

برسیمانە، دایکیشیان زۆر بە بەزەیی بوو. چێشت و خواردنی پاشماوە ئەگەر بمایەتەوە بۆ گەرم دەکرنەوە و بە دزی برابچووکە کەیانەوە بۆی دادەنان، کە تێر دەبوون دایکە کەیان ڕەوانەی دەکردن و دەیوت:

خێرا بڕۆنە دەرەوە با برابچووکەکەتان نەزانێت .

نیوەڕۆیەکیان دایکی خواردنی بۆ دانا بوون، دووبراکە نانیان دەخوارد (جۆدر) گەڕایەوە ماڵ. کەدایکی جۆدری بینی هەستا و کۆڵێ تەریق بووەوە سەری داخست، دووبراکەیشی بەهەمان شێوە، ئەمجا برای بچووك زۆر بە گەرمی بە خێری هێنان وتی:

بەڕاستی چاکتان کرد هاتن بەڕاستی بیرم دەکردن ! (٢) براکە وتیان:

ئەوەی راست بێت شەرمەزاری تۆین لە روومان نەهات بێین بۆ لات ! دایکیان نزای خێری بۆیان کرد و بەتایبەتی بۆ(جۆدر)ی کوڕە بچووکی و وتی:

بەڕاستی کوڕم سەلاندت، کە لە هەردووکیان پیاوتر و بەخشەندەتریت! (١) مانگی رەبەق برای بچووك دەچووە راوە ماسی و داونیوەڕۆیان دەگەڕایەوە ماڵ، دایکەکەیان ماڵی بۆ پاك دەکردنەوە خواردنی بۆیان ئامادە دەکرد. دووکوڕەکەی تریش تاکو نیوەڕۆ خۆیان ون دەکرد، دواتر دەهاتنەوە .

رۆژێکیان دوو جاران تۆڕی لە ئاو خست بەڵام بە چۆڵی دەری دەهێنایەوە ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

دیارە ئەم ئاوە ماسی تێدا نییە! !

ئەمجا رۆیشت بۆ ئاوێکی دی، تۆڕی چەند جارێك هەڵدایە ئاوەکەوە بەڵام بێ سوود بوو. ئەو رۆژە تاکو پاش نیوەڕۆیەکی درەنگ، ئەم گۆم و ئەو کەنار دەریا ئەو رووباری کرد ماسی یەك چی یە؟ نەیگرت! !

بۆیە بە بێ ئومێدی وبە تووڕەکەی چۆڵەوە گەڕایەوە و لە رێگا هەر خەمی رۆزیی رۆژانەی دایك و دووبراکەی بوو. لە رێگا لە بەر خۆیەوە دەیوت:

سەیرە دەڵێی ماسی لە دەریا و ئاواندا نەماوە جاباشە چی بکەم؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو .

## شەوی ٦٠٨

شەهرەزاد وتی:

(جۆدر) لە بازاڕ نانەوا خانەیەکی بینی، خەڵکێکی زۆری لە دەورەوە بوو، هەموو پارەی خۆیان بەدەستەوە بوو. کابرای نانەوا کە جۆدری بینی ناسی یەوە و وتی:

ئەگەر نانت دەوێت ئەوە نان . (١٠)نان ببە. جۆدر بێدەنگ بوو سەری داخست. کابرای نانەوا وتی:

بركەم پارەیشت پێ نییە گرنگ نییە، سبەینێ کە چوویتە ماسیگرتن (٢٠)ماسیم بۆ بێنە جۆدر وتی:

بەچاوان، لە دڵی خۆیدا وتی:

تا سبەینێ خوا خۆی دەمێنێ و موڵکی! ! ڕۆژی دواتر جۆدر لە خەو رابوو، تۆڕەی دا بەشانیدا، دایکی وتی:

کورەکەم بەسکی ناشتا مەڕۆ ! پاروویەك نان بخۆ کوڕە وتی:

دایەگیان بیخۆن کە گەیشتە سەر دەریا جارێك و دوان و سیان تۆڕی راکێشایەوە یەك ماسی نەگرت. شوێنی راو کردنەکەی گۆڕی هەر بێ کەڵك بوو! جۆدر بەغەم و پەژارەیەکی زۆرەوە ملی ڕێی گرتە بەر بەرەو دوکانی نانەواکە نانەوا تێگەیشت پێی وت :

ها ئەوە (١٠) نانی تر برۆوە ماڵ ئەگەر ئەمڕۆ خوا رۆزیی نەدایت پشت بەخوا سبەینێ رۆزیت دەدات. ماسی یەکانم بۆ بێنە ! ئەگەر سبەینێ و دووسبەیش ماسیت بۆ نەگیرا هەر وەرەوە (١٠)نانی خۆت و پارەیش ببە ! ماسیگر نزای خێری بۆ نانەوا کرد و نان وپارەکەی لێ وەرگرت. (٧) رۆژی رەبەق جۆردی ماسیگر ئەمە حاڵی بوو ماسی بۆ نەدەگیرا. دوچوودوە لای نانەوا و نانەکانی دەبردەوە ماڵ !

## بەسەرهاتی جۆدر و عبدالسلام المغربی

هەشتەم رۆژی جۆدر تۆڕی ماسی یە کەی دا بەشانیدا و ناو خوای هێنا و بەرەو گۆم و رووبار و دەریاکان بووە بۆ ماسی گرتن. زۆر دڵی تەنگ بوو، بەخۆی وت:

بۆ نەچم بۆ گۆمی قاروون!؟ بەڵکوو رۆزیی من لەو گۆمەدا بێت! ! رۆیشت تا گەیشتە گۆمی (قاروون)، لەوێ تۆڕی لە سەر شانی داگرت و ویستی فرێی بداتە ناو گۆمەکەوە، ئەسپ سوارێکی (مەغربی) سلاوی لێکرد. ئەمجا وتی:

کاك جۆدر چۆنیت!؟ ئەویش بە شێوەیەکی جوان وەلامی دایەوە، سەیری کرد، ئەم (مەغربی)یە، سەرزینی ئەسپەکەی فەرشێکە بە زێڕ و زیو چنراوە! ئەسپێکی تابلێی نایاب، کابرا وتی:

بە قوربان ئیشێکم پێتە بۆم دەکەیت!؟ ماسیگر وتی:

بە چاوان . ئەمجا لە ئەسپەکە دابەزی دەستی برد، لە خورجەکەی بەردەمیدا لە دووگیرفانی لەم لاو ئەولاوە هەیە شتی تێ دە کرێت ). ئەمجا بە ماسیگری وت:

سەرپشتی ئەسپەکەی تاڵێك قەیتانی درێژی دەرهێنا( (خورج) توورەکەیەکی درێژی چنراوە

هەردوو دەستم لە دواوە قۆڵبەست بکە، کابرا سەیرێکی مەغریبی کرد، مەغریبی وتی:

تۆ پەیمانت پێ دام بەقسەم بکەیت، جۆدر، دەستەکانی لە پشتەوە بەستەوە. ئەمجا عبدالسلام وتی:

براکەم فڕێم بدە ئەم گۆمە ئاوەوە، ئەگەر دەستێکم لە ئاوەکە دەرهێنا ئەوا تۆڕەکەت هەڵبدە سەرم، ئەگەر قاچێکی منت بینی:

وازم لێ بێنە ئەو ئەسپەم پێشکەشت بێت، بیبە بۆ بازاڕ و بیفرۆشە، پیاوێکی جوولەکەت، لێ دێتە پێش (١٠٠) دینارت دەداتێ نرخی ئەم ئەسپە، پێی بفرۆشە و بڕۆ بە رێی خۆتەوە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو..

## شەوی ٦٠٩

شەهرەزاد وتی:

کابرای ماسیگر گەڕایەوە، چووە بازاڕ و دینارێکی دابەنانەوا، ئەویش وتی:

دووڕۆژی تر بێیتەوە نان بەرێت، ئەمجا هەزار دینارەکەت خەرج دەبێت، جۆدر خواحافیزی لێکرد و چووە لای قەساب و قەرزی ئەویشی دایە و ئەمجا سەوز فرۆش گۆشت ونان و سەوزەی بردەوە و خۆی کرد بە حەوشەدا. گوێی لێ بوو، دووبراکەی لە دایکیان دەپاڕانەوە و برسیان بوو. دایکیشی پێی دەوتن پەلە مەکەن ماڵ هیچی زەخیرەی تیا نییە با جۆدر بێتەوە بەڵکوو خواردن بێنێتەوە. جۆدر سڵاوی لێکردن، گۆشت ونان و سەوزەکەی دایە دەست دایکی، ئەویش، نزای خێری بۆ کرد. بۆ شەوێ جۆدر دایکی بردە ژوورێکەوەو ئەوەی ماوەتەوە لە (١٠٠) دیناری جوولەکە دای بە دایکی و وتی:

کە براکانم زۆر پێویستیان بە پارە بوو لەم پارەیە بیان دەرێ.

بەیانی رۆژی دواتر تۆڕەکەی دا بەشانیدا و بەرەو گۆمی (قارون) کە گەیشتە سەر گۆمەکە، سوارەیەکی مەغریبی تر هات و سڵاوی لێکرد، ئەمیش بە سەر سوڕمانێکەوە سەرنجی دا. ئەسپەکەی ئەم جوانتر و لەبارتر بوو. لەو مەغریبی یەی دوێنێ، سوارە پرسی:

دوێنێ سوارەیەکی وەکو من هاتە ئێرە!؟ ماسیگر ترسا و نکۆڵی لێکرد. وتی:

چۆن؟ شتی وا نابێت! کاکە گیان لە پشتەوە قوڵبەستت کرد و فڕێت دایە، ئەم گۆمەوە، کەقاچی سەر ئاو کەوت مرد. ئامۆژگاری کردبوویت، کە ئەسپەکەی بفرۆشیت بە جوولەکەیەك لەمەیدانی ئاژەڵان. ماسیگر سەری داخست، سوارە وتی:

بـەقوربان منـیش داوا دەکـەم بەهـەمان شـێوە قوڵبەسـتم بکـەیت، فـڕێم بدەیتـە ئـەم ئاوەوە. منیش برای سوارەی دوێنێم !، ئەگەر قاچم سەر ئاو کـەوت، ئەسـپەکەی منـیش بـە هەمان شێوە بە (١٠٠) دینار بدە بە جوولەکەکە، پارەکەش پێت حەڵاڵ بێت.

جۆدری ماسیگر ئەمیشی وا لێکرد، دوای سـەعاتێك قاچـەکانی سـەر ئـاو کـەوتن. جـۆدر خنکاوەکەی بەجێ هێشت و سواری ئەسپەکە بـوو، گەیانـدی یـە مەیـدان فرۆشـتی بـە (١٠٠) دینار بەهەمان جوولەکەکە، جوولەکەکە پرسی:

ئەویش خنکا؟ ماسیگر وتی:

بەڵێ، جوولەکەکە وتی:

ماڵی تەماعکاری ئەویشم مۆر کرد !

جـۆدر (١٠٠)دینارەکـەی لـە جوولەکەکـە وەرگـرت و بـەرەو بـازاڕ بـووەوە، خـواردن و پێویـستییەکانی کـڕی و گەڕایـەوە مـاڵ، شـەوێ بەهـەمان شـێوە، ئـەوەی مـابووەوە لـە (١٠٠) دینارەکە کردی یە دەستی دایکی یەوە. دایکی سەری سوڕما! ! وتی:

کوڕە شیرینەکەم ئەم هەموو پارەیەت لە کوێ بوو!؟ کوڕەش بۆ گێڕایەوە کە چۆن ئەو مەغریبی یەی قوڵبەست کردووەو فڕێی داوەتە گۆمەکەی قاروونەوە. دایکیشی وتی:

کوڕەکەم بۆخاتری خوا ئیتر مەچۆ بـۆ ئـەو گۆمـە باتووشـی شـتێك نـەبیت . ( جۆدر) وتی:

بەخوا دایە گیان هەتا (مەغریب)یەك مابێت دەچم! ! خۆ مـن نایـان خنکێـنم ! ئەوان خۆیان لێم پاڕاونەتەوە تاکو فڕێ یـان بدەمـە گۆمەکـەوە، ڕۆژی سـێ یـەم ماسـیگر چووەوە سەر گۆمەکەی قاروون،

دوای کەمێك هێستر سوارێك سڵاوی لێکرد، کە ئاوڕی دایـەوە، سـەرنجی دا هێـستری ئەم رازاوەتر و خورجەکەی پڕترە. سوارە پرسیاری کرد:

(٢) کەسەکەی دوێنێ چیان لێهات؟ ئـەمیش وتـی ك هـەردووکیان هـەر لێـرە قوڵبەست کردو هـەردوو کیـانم فـڕێ دایـە ئـەم گۆمـەوە، خنکان! هـەر ئێـستا گـەر دەتـەوێت پـێ یان بگەیتەوە خێراکە باتۆش فڕێ بدەمە ئەم گۆمەوە. کابرا بزەیەك گرتی و وتی:

ئەوە قیتانەکە و دەستم لە دواوە ببەستە! فـڕێم بـدە هـەر وەکو ئـەوان، ماسگر پێش ئەوەی فڕێی بداتە ئاوەکەوە وتی:

بیرت نەچێت! ! گەر دەستم دەر کەوت، تۆڕەکەم بۆ هەڵبدە ! ! ماسیگر دوای فڕێی دایە گۆمەکەوە نزیکـەی سـەعاتێك چـاوەڕێی کـرد، سـەرنجی دا، ئـەمیان دەستەکانی لە ئاوەکە دەرهێنا جۆدر توورەکەی بۆ هەڵدا و رای کێشایەوە، کەهاتە کەنار گۆمەکە کلکی دوو سوورە ماسی بەدەستەوە بوو، نزای خێری بۆ ماسیگر کرد و وتی:

تۆ نەبوویتایە من شوێن ماسی دەکەوتم، بە جۆرێك نقووم دەبووم جارێکی تر سەر ئاو نەدەکەوتمەوە! دەخنکام! جۆدری ماسیگر سوێندی دا کە نهێنی ئەم خۆ خنکاندن و هێستر و ئەسپ و جوولەکەیە چی یە! !؟ کابرا وتی:

ئەی ماسیگر کەسی یەکەم (عبدالسلام)، (عبدالاحد) دووەمەیان بوو برام بوون، جوولەکەکە دیسان برامانە منیش (عبدالصمد)م ناوە، کڕیارەکەی بازاڕ یش جوولەکە نییە! ئەویش برامانە و موسڵمانی (مالکی)یە! . باوکمان(ساحر) بوو (فێری نهێنی هەڵهێنان)ی کردین، دێو و جنۆکە خزمەتمان دەکات! باوکمان ناوی( عبدالودود)ە، کە باوکمان مرد، هەموو پارە و سامانەکەیمان بە سەر هەر چوار بەراکەدا بە یەکسانی دابەش کرد. کتێبخانەکەی مابوو، ئەویشمان دابەش کردەوە، بەڵام لە سەر کتێبێك ناکۆك بووین کەناوی:

( اساگیر الاولین) بوو. کە لە دنیادا لە وێنەی نییە! ! چونکە ئەو کتێبە نهێنی کردنەوەی دەروازەی هەموو گەنجینەکانی ژێر زەوی تێدا بوو، ئیتر هەر برایە و دەیویست ئەو کتێبە بۆ خۆی بێت، شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو،

## شەوی ٦١٠

شەهرەزاد وتی:

کابرای هێستر سوار دەستی کردەوە بە قسە کردن بۆ جۆدر و وتی:

کە ناکۆکی یەکە گەشەی کرد لە نێوانماندا ئەو کەسەی کاتی خۆی باوکمی فێرە (سیحر) کردبوو، بووبە میوانمان وکەوتە نێوانمانەوە، قەشەکە ناوی (ابتن) بوو. پێی وتین:

کتێبەکەم بۆ بێنن، کتێبەکەمان دایە دەست، ئەویش وتی:

ئێوە کوڕانی کوڕی منن! بەهیچ شێوەیەك (غەدر) تان لێ ناکەم. هەر کەسێك دەیەوێت ئەم کتێبە بە دەست بێنێت، با بڕوات گەنجینەی (شەمەردڵ) بکاتەوە و نەخشەی گەردون و (کلچیۆك) و( موستیلە) و(شمشێر) پەیدا بکات، موستیلەکە (دێو)ێك پاسەوانێتی ناوی (برووسکە)یە! هەر کەسێك ئەو موستیلەیەی دەست بکەوێت، هەموو سەر زەوی دەتوانێت داگیر بکات و هیچ پاشا و سوڵتانێك ناتوانێ ببێتە ڕێگر و نەهێڵێت! شمشێرەکەش بەرووی هەر سوپێیەك دا را بوەشێنرێت ئەوا برووسکەیەکی لێ دەر دەچێت بلێی هەموو سوپاکە بکوژە دەیکوژێت! !، (بازنەی گەردون) ئەویش نەخشەی هەموو جیهانی لەسەرە خاوەنەکەی سەیری هەر شوێنێکی نەخشەکە بکات شوێنەکە و خەڵکەکە دەبینێت! خۆ ئەگەر بیەوێت ناوچەیەك سوتێنێت ئەوا ئەو شوێنە لە سەر نەخشە گەردوونەکە دەداتە

بەر خۆر ئیدی ئەو ناوچەیە گڕ دەگرێت و دەسوتێت! ئەو کەسە دەتوانێت سەیری هەموو ناوچەکانی جیهان بکات ! هەر وەکو ئەوەی کەسەکان لە بەر دەمیدا بن! ! .

(کلـچێوك)ە کـە هـەر کـەس بـی هێنێـت بـە پێڵـوی چـاوی دا چـاوی دەکرێتـەوەو گەنجینەکانی ژێـر زەوی دەبینێـت! مەرجەکەش ئەوەیـە هەر کـەس ئـەو گەنجینەیەی بۆ نەکرایەوە. ئەوە نابێت داوای ئەم کتێبە بکات، مـن و براکانم مەرجەکەمان پەسـەند کرد، ئەمجا پێی وتین:

پاشـا سـووره تەقەلایـەکی زۆری دا ئەوگەنجینەیـە بکاتـەوە بـەڵام سـەرکەوتوو نـەبوو، منالەکانی پاشا سووره لەترساندا رایان کرد و وڵاتیان جێ هێشت، بەقسەی وتووان:

منالەکانی پاشا خۆیـان کـردووە بـە گۆمێکدا کـە لـە خـاکی میـسر دایـە نـاوی ( گۆمی قاروون)ە! پاشا سووره شوێن منالە یاخی یەکانی دەکەوێت تا منالـەکان خۆیـان دەکەن بەو گۆمەدا ! (گۆمی قاروون) لە ژێر کاریگەری سیحر دا بوو. بۆیە پاشا سووره نەیتوانی، خۆی بکات بە گۆمەکەدا و منالەکان بگرێت! ناچار گەڕایەوە. ئیتر ئەوە بوو، نەیتوانی گەنجینەی (شەمەر دڵ) بکاتەوە.

ئەمجا هاتن، کە من چارەسەرێك بدۆزمـەوە بۆیـان، منـیش (ڕملـم) لێدا بـۆم تـێ روانی سەیر دەکەم ئەم گەنجینەیە، بە کەسێك دەکرێتەوە، کە لەسەر ( گۆمی قـارون) دەبینرێت! ماسیگر و نـاوی ( جـۆدر)ە! دەبێـت ئـەم جـۆدرە یەکـە یەکـە چـوار براکـە بنێرێتـە شەڕی منالانی پاشا سووره کە پاشای پەریانە! . یەکێکیان زاڵ دەبێت بە سـەر منـالانی شای پەری یاندا ! کە نازانرێ کامیانە! ! جا هەرکەسەو بەختی خۆی ! هەر برایەك کە چووە ژێر ناوی گۆمەکە بۆ شەڕی منالانی شای پەری یان، گەر توانی بەسـەریاندا زاڵ بێت ئـەوا دەستی لە ئـاوی گۆمەکـە دەردێنێـت! تـاکو تـۆڕی ماسـیگرە نـەبێت، کـە تـۆی جـۆدر، رزگـاری نابێت ئەوەشی قاچەکانی لە ئاو هێنایە دەرەوە، ئەوە کوشتوویانە !

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦١١

شەهرەزاد وتی:

سوارە مەغریبی وتی:

ئەوە بوو هەر چوارمان وتمان:

دەچینە ( گۆمی قاروون)دوە، بۆ بەدەست هێنانی (گەنجینەی قاروون). ئەمجا ئەو برایەمان کەئەسپەکانی لێ دەکرپتەوە بڕیاری دا کە نەچێتە شەڕی منالانی شا سوورەی پەری یان و تەماع ناکات! ئێمەش (پیلان)مان بۆ دانا خۆی وا دەربخات جوولەکەیە بچێتە شار لە مەیدان چاوەڕێ بێت، تاکو ئەی (جۆدر) تۆ لە سەر ئامۆژگاری خۆمان ئەسپەکەمان دەبەیتە بەر دەست براکەمان ئەویش بۆ ئەوەی ئەسپەکانمان نەفەوتێ بە بەرگی جوولەکەوە چاوەڕێی تۆ دەکات، دوایی ئەوە بوو (١٠٠) دیناری پێ دایت، بۆ هەر ئەسپێك یان هێسترێك، ئەوە بوو من چووم شەڕم لەگەڵ کردن و هەردووکیانم هێنایە دەرەوە! (جۆدر) وتی:

کاکە ئەو دووانە ماسی یە زەردە بوون! کابرای مەغریبی وتی:

نەخێر (جۆدر) گیان، ئەوانە (٢) دێو بوون! ئەمجا وتی:

(جۆدر) گیان تاکو تۆ لە گەڵم نەبیت من گەنجینەی (قاروون)م بۆ ناکرێتەوە ! بەقسەم بکە و بچۆ پاچ و خاکەناز لە شار بێنە با گەنجینەکە بکەینەوە. داوای هەرچیەك بکەیت خەلاتت دەکەم، ببە بە برام و بە دڵی خۆش دوایی دەگەڕێیتەوە نێو خێزانت، جۆدر وتی:

حاجی من بە خێوکردنی دایکم و دوو برام لەسەرە ئەگەر لە گەڵ تۆ بڕۆم! لە برساندا دەمرن! مەغریبی وتی:

ئەوە زۆرئاسانە ئەوە (١٠٠٠) دینار بڕۆوە ماڵ و بیدە بە دایکت با خەرجی بکات و پێی بژین، پێی بڵێ نزیکەی (٤) مانگم پێ دەچێت، (جۆدر) کە (١٠٠٠) دینارەکەی باس کرد دڵخۆش بوو لێی وەرگرت و گەڕایەوە شار. دایکی تێگەیاند دایکی وتی:

کوڕم خوا پشت و پەنات بێت. بڕۆ خەمی منت نەبێت. منیش نزای خێرم لەسەرە، شەهرەزدا هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.،

## شەوی ٦١٢

## سەربووردەی سەفەرەکەی جۆدر لە گەڵ عبدالصمدی مەغریبی

شەهرەزاد وتی:

کە جۆدر گەڕایەوە عبدالصمدی مەغریبی لێی پرسی:

ئاخۆ راوێژت بە دایکت کرد؟ جۆدر وتی:

بەڵێ نزای خێریشی بۆ کردم. ئەمجا مەغریبی جۆدری خستە پاشکۆی هێسترەکەی دای لە ئاوەزنگی و کەوتنە رێ، ماوەیەکی باش رۆیشتن. ئەمجا جۆدر برسی بوو، بە مەغریبی وت:

رەنگە شتێکت بیر چووبێت، مەغریبی وتی:

وەکو، جۆدر وتی:

ئەی باشە لەم چۆڵوانی یە برسیمان بوو چی بخۆین!؟ ئەویش وتی:

بۆچی برسیتە!؟ جۆدر وتی:

بەڵێ، هەردووکیان دابەزین.

ئەمجا وتی:

لەم دنیایەدا حەزت لە چ خواردنێکە؟ جۆدر وتی:

نان وپەنیر، مەغریبی پێکەنی و وتی:

مردوت نەمرێ من وتم:

لە دنیادا حەزت لە چ خواردنێکە؟ خوادنی باش بڵێ، جۆدر وتی:

کاکە گیان مرۆڤ کە برسی بوو، هەموو شتێك دەخوات ! ئەمجا مەغریبی وتی:

مەریشکی برژاو باشە؟، جۆدر لە دڵی خۆیدا وتی:

ترحێو لەم چۆڵەوانیەدا و بێ ئەوەی تەباخ و ئاگر و پێداویستی یەکانی چێشت لێنانی پێ بێت دەڵێت مریشکی برژاو! ! بەخوا هەبێ ونەبێ ئەم مەغریبی یە شێتە! ! .

بەلاقرتێوە وتی:

بەڵێ حەزم لێیەتی، وتی:

ئەی برنج بە هەنگوینەوە؟ جۆدر وتی:

حەزم لەوانەیشە. ئەمجا دەستی کرد بە ناو هێنانی چەند جۆرە خواردن خواردنەوەیەك. (جۆدر) کە جۆرەکانی ژماردبوو سەیری کرد (٢٤) جۆرە خواردنی ناو هێنا ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

بابڵێم هێندە بەسە. ئەمجا وتی:

دەستت خۆش بێت بەسە. کابرای مەغریبی دەستی برد لە تایەکی خورجەکەی سەر پشتی هێسترەکەی سینی یەکی دەرهێنا (٢) مریشکی برژاوی بەسەرەوە بوو. ئەمجا ئەوەی لێ گرت و دەستی بردە ناوخورجەکە و سینی یەکی زێرینی تری دەرهێنا، کەبابی بەسەرەوەبوو، جۆدر سەراسیمە بوو! !

مەغریبی هەردەستی دەبرد و خواردنی دەر دەهێنا و دەی دایە دەست جۆدر تاکو هەر (٢٤) جۆرەکەی لە بەردەم جۆدر ئامادە بوون، جۆدر بەدەم نان خواردنەوە وتی:

ئەوەیە خورج تەباخ و چێشت لێنەر و، زەخیرەی خواردن و ئاوو هەموو شتەکانی تیا جێگا بووەتەوە ! ! مەغریبی وتی:

بخۆ هەزار ئەو خورجە جنۆکەی (خادم)ی تیایە داوای هەرچیەکی لێ بکەم بۆم ئامادە دەکات، جۆدر وتی:

بەراستی خورجی چاکە ! !

ئەمجا کە لەنان خواردن بوونەوە دەستی برد، حەوت جۆشێکی دەرهێنا پڕبوو لە ئاو هەردووکیان دەستیان شت و چوون دەستنوێژیان هەلگرت، ئەمجا نوێژەکانیان کرد. مەغریبی قاپەکانی خستەوە خورجەکە .

ئەمجا دەستی برد مەسینە حەوت جۆشەکەیشی تێکرد و خورجەکەی دا بە سەر پشتی ئەسپەکە. ناوی خوایان هێنا و سوار بوون و کەوتنەوە، ڕێگا، بە دەم ڕێوە مەغریبی لە جۆدری پرسی:

تۆ دەڵێی چەندەمان ڕێگا بڕیوە؟ جۆدر وتی:

نازانم !، ئەویش وتی:

کوڕی باش ئەم هێسترە دێوە! دەتوانێت بە ڕۆژێك ڕێگای ساڵێك ببڕێت ! ئێستاش لە بەر تۆ هێواش دەڕوات و ڕێگەی مانگێکمان بڕیوە! ! ئەمجا کەوتنە ڕێ و (٤) ڕۆژ بە ڕێوە بوون، ئێوارە بەهەمان شێوە جۆدر حەزی لە چی ببوایە بیخوات لە مەغریبی داوای دەکرد. ئەویش لە خورجەکەی بۆ دەر دەهێنا نیوەڕوان و ئێواران بەهەمان شێوە، هەر لە بەیانی یەوە بەڕێوە دەبوون: ئەو (٤) ڕۆژە تاکو نیوە شەو. ئیتر دادەبەزین و لێی دەنووستن دەحەوانەوە، بەرەبەیان بەڕێ دەکەوتنەوە، تاکو گەیشتنە شاری (پاچ و گەسك). کە بەشاردا دەڕۆیشتن خەڵکەکە سڵاویان لێ دەکرد و هەندێکیان دەستیان ماچ دەکرد کە مەغریبی گەیشتە بەر دەرگای ماڵەوە لە دەروازەی دا، دوای کەمێك کچێکی زۆر جوانی شۆخ وشەنگ دەروازەی کردەوە. وتی:

بەخێر بیتەوە بابەگیان باوکیشی وتی:

هەر بژیت ئادەی دەرگای کۆشکمان بۆ بکەوە ڕەحمە گیان، کچەکەشی وتی:

بەچاوان، ئەمجا دابەزین و مەغریبی هێسترەکەی بردە شوێنی خۆی و بەستی یەوە، ئەمجا چووە ژوورەوە و کچەکەی شانێکی هەڵتەکاند و جۆدر بە دوایاندا .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦١٣

شەهرەزاد وتی:

ئـەمجا عبدالـصمد چـووەوە حەوشـەکە و جـۆدر بـە دوایـدا. مـەغریبی دەسـتی بـرد، خورجەکەی لە سەر پشتی هێسترەکە داگرت و دەستێکی دایە پشتی هێسترەکە دا و وتی:

بڕۆوە شوێنی خۆت، جۆدر هێندەی زانی، زەوی درزی برد و ئەسپە چووە ناوی و ئەمجا درزە کە هاتەوەیەك و شوێنی درزکە دیار نەما! جۆدر لە دڵی خۆیدا وتی:

سوپاس بۆ خوا کە بەسەلامەت لە سەر پشتی ئەم هێسترە چەند ڕۆژ ماومەتەوە! !،

ئەمجا مەغریبی خورجەکەی دا بەشانیدا و جۆدر بە دوایەوە بەدەم ڕێوە وتی:

جۆدر مەترسە ئەی پێم نەو وتی:

هێسترەکەم دێوە؟ چوونە ژووری میوان مەغریبی بە کچەکەی وت:

سـفر رابخـە کـچەش سـفرەی راخـست ئـەمجا هـەر دەسـتی دەبـرد و قاپـە خـواردنی دەردەهێنا و لە سەر سفرەکە دای دەنـا کچەی بـانگ کـرد و نـاوی خوایـان هێنـا و دەستیان کردە خواردن، جۆدر ڕووانی (٤٠)جۆرە خواردن دانراوە،، مەغریبی وتی:

ببوورن نازانم جۆدر گیان حەزت لە کام جۆرە خواردنە؟ من بە زەوقـی خـۆم خـواردنم داناوە .

جۆدر وتی:

بڕوا بکە لە ژیانمدا، رقـم لـە خواردنێـك نـەبووە. هەرچی دانرابێـت خواردوومـە خوا نەیبڕێت، ئەمجا دەستیان شت، مەغریبی بانگی (رەحمە)ی کچی کرد و وتی:

کچە شیرینەکەم بچۆ فلانە بۆخچەم بۆ بێنە لەو بووخـچانەی جل و بـەرگیان تێدایە، کچە چوو ئەو بووخچەیەی هێنا، مەغریبی دەستێك جل و بەرگی ئاوریـشمی شـاهانەی دەر هێنا و دایە جۆدر و وتی:

بڕۆ لەو ژوورەی ئەو دیو لە بەری بکە، جۆدر سوپاسی کرد و بردی، کە گەڕایـەوە بەو بەرگانەوە دەتوت کوڕە پاشایە ! (٢٠) ڕۆژی ڕەبەق جۆدر لە گەڵ مەغریبی لە ماڵدا مانەوە، ڕۆژی (٢١) هەمین، مەغریبی بە جۆدری وت:

دەی براکەم ئـەمڕۆ دەبێـت سـەفەر بکـەین، خـۆت ئامـادە بکـە، دەڕۆیـن بـۆ کردنـەوەی گەنجینەی (شەمەردڵ)، ئەمڕۆ ڕۆژی خۆیەتی .

ڕۆیـشتن تـاکو لـە شـار چـوونە دەرەوە، ئـەمجا دووئەسـپیان بـۆ هێنـان، هـەر یەکـەیان هێسترێکی وەرگرت و سـواری بـوو. لێیـان دا و ڕۆیـشتن، تـاکو نیـوەڕۆ بـەڕێوە بوون، ئەمجا گەیشتنە سەر ڕووبارێك. مەغریبی وتی:

جۆدر دابەزە گەیشتین، ئەمجا دەستی راکێشا، دوو کۆیلە پەیدا بوون، رەشمەی دوو هێسترەکەی دایە دەستیان و رۆیشتن. دوای کەمێك هاتنەوە، یەکێکیان دەوارێکی پێ بوو سنگی بۆ چەقاند و هەڵیدا و بەستی یەوە، ئەوی تریش کە راخەر و پشتی پێ بوو، بردی یە ناو دەوارەکە و رای خست و پشتی یەکانی بەردەوریدا دانا .

ئەمجا عبدالصمد خورجەکەی دانا و دەستی کردە دەرهێنانی قاپی خواردن. جۆدری بانگ کرد و دەستیان کردە خواردن، کەلێ بوونەوە، مەشکە ئاوەکەی هێناو دەستی کردە خوێندنی (عزیمە) بەسەریدا، لە ناوەوە، (٢) ماسی یەکە دەستیان کردە هاوار هاوار ! ئەمیش سەرومڕ بوو لە سەر خوێندنەکەی لە پڕێکدا مەشکەکە قەبە بوو. تەقی هەر پارچەیەك بەلایەدا، دوایی کوڕەی پاشا سوورە بە قوڵبەستراوی کەوتنە بەردەمی عبدالصمد و وتیان ئەی گەورە ئێمە خزمەتکاری تۆین فەرمانت بە چی یە؟ تاکو جێ بەجێی بکەین، عبدالصمد وتی:

دەبێت گەنجینەی (شەمەردڵ)م بۆ بکەیتەوە بەقسەشم نەکەن دەتان سوتێنم، هەردووکیان:

پەیمانیان دا گەنجینەکەی بۆ بکەنەوە بەڵام بەو مەرجەی (جۆدر) لێرە لای ئێمە بێت ئەگینا ئەو گەنجینەیەمان بۆ ناکرێتەوە. ئەمجا قامیشێکی هێنا خەڵووزێکی کرد بەو سەری یەوە و ئاگری تێ بەردا بە جۆدری کوڕی عومەری وت:

وەرە با فێرت بکەم چی بکەیت ! چونکە کە دەستم کرد بە خوێندنەوەی (عزیمە) کە ئیدی نابێت من قسە بکەم. جۆدر وتی:

فێرم بکە ئامادەم، مەغریبی وتی:

ئەو خەڵووزە ئەوەتا بووە بە پشکۆ منیش (بووخورد)ی پێوە دەکەم. فووی پیا دەکەم. تۆیش سەیری ئاوی ئەو رووبارە بکە کاتێك دەزانی رووبارەکە وشك بوو ئاوی تیا نەما! ! دەرگایەك لە بنی رووبارەکەدا دەبینی، دوو دەسکی پێوەیە بڕۆ بەو دەسکە (١)جار تەقە لە دەرگا هەستێنە ئارام بگرە. دواتر دووجار لێی بدە ئارام بگرەوە.، دواتر سێ جار بە توندی لێی بدە، دەرگاوان دێت، دەرگاکە دەکاتەوە شمشێرێکی روتی بەدەستەوەیە پێت دەڵێت تۆ ئەو کەسەیت کە گەنجینەکەت بۆ دەرکرێتەوە؟ بڵێ بەڵێ ئەووم، ئەمجا دەڵێت ملت درێژ بکە با بەم شمشێرە سەرت بپەڕێنم، تۆیش هیچ مەترسە و ملت درێژ بکە، ئەویش شمشێر دادەوەشێنێتەوە بۆ ملت. بەڵام خۆی دەکەوێتە بەرپێت! !، ئازار بە ملت ناگات، بەڵام ئەگەر لێی هەڵبگەرێیتەوە، ئەوا دەم ودەست دەتکوژێت! دوایی بچۆ ژوورەوە، دەرگایەك دێتە رێت، کابرایەکت لێ پەیدا دەبێت. رمێکی درێژی بەسەر شانەوەیە. رمەدەخاتە سەر سنگت و دەڵێت چۆن تۆ توانیوتە بگەیتە ئێرە چونکە نە جنۆکە و نە ئادەمیزاد ناتوانن بگەنە ئەم

شوێنە! ! تۆیش بەرگی سەر سنگت بکەرەوە و بڵێ فەرموو ئیدی دەم ودەست دەکەوێت و دەمرێت ئەمجا برۆ دەگەیتە دەرگای ژوورێکی دی. کابرایێکت لێ پەیدا دەبێت، هاوار دەکات: چۆن گەیشتوویتە ئێرە؟ تیرێکت تێ دەگرێت، تۆیش سنگی خۆت بدە بەر تیرەکەی هێندە دەزانیت، دەکەوێت و دەمرێت! ئەگەر لێی هەڵبگەڕێیتەوە دەتکوژێت، ئەمجا دەرگای چوارەم بکەرەوە (٧) دێو بۆت دێن لێیان مەترسە ! دەم دەکەنەوە بەو نیازەی بتخۆن لێت دێنە پێشەوە تۆیش دەستیان بۆ بەرە ئیتر دەم ودەست لە بەر پێتا دەکەون و دەمرن، تۆیش هیچت لێ نایەت، ئەمجا برۆ تادەگەیتە پێنجەم دەرگا بیکەرەوە مرۆڤێك دێت و دەپرسێت: تو کێیت؟ تۆش بڵێ جۆدرم. ئەویش پێت دەڵێت ئەگەر ئەویت و راست دەکەیت:

ئەو دەرگای شەشەمە بکەرەوە! ! تۆیش بچۆ بەردەم دەرگای شەشەمو بڵێ ( ئادەی عیسا بە مووسا بڵێ ئەم دەرگایە بکاتەوە ). دەرگاکە دەکرێتەوە. بچۆ ژوورەوە لای راست و چەپی خۆتەوە دوو ئەژدیها دەبینیت، دەمیان دا دەبچرن و بۆت دێن. هەردوو دەستت درێژ بکە بۆیان هەر یەکە ودەستێکت دەگەزن. هەموویان دەمرن، ئەمجا بچۆ دەرگای حەوتەم بکەرەوە،، کە چوویتە ژوورەوە دایکت بەرەو روت دێت دێتە پێشەوە ئامێزت بۆ دەگرێتەوە. لێی دوور بکەوە. سەیری لای راستی خۆت بکە. شمشێرێك بە دیوارەکەدا هەڵواسراوە، دەستی بدەرێ و لە کالان دەری بێنە و لە پیرەژنەی هەڵ بسوورێنە و بڵێ بەرگەکانی بەرت دابکەنە، ئەویش دەڵێت کوڕی شیرینم من دایکی تۆم. چۆن دەبێت خۆم لە بەر چاوی تۆ روت بکەمەوە؟ تۆیش هەر بیترسێنە بەرەبەرە خۆیشی لە ترساندا روت دەکاتەوە. بەزدبیت پێیدا نەیەتەوە. کەهەموو بەرگەکانی بەری کاکەند دەکەوێت و دەمرێت ئیدی مەتەڵ و نهێنی گەنجینەکە هەڵدێت. دەچیت دەرگای بەرامبەرت دەکەیتەوە سەیر دەکەیت پڕە لە زێڕ و زیوو نەختینەی جوانی بریسکەدار. تۆش دەست لە هیچ شتێك مەدە، برۆ ئەو بەرەو کەژاوە بچووکەی بەرامبەرت، پەردەکەی هەڵبدەوە. دەبینیت (شامەردڵ) لە سەر تەختە رەوانێك راکێشاوە، شمشێرێکی روتی بە دستەوەیە .! موستیلەیەکی لە پەنجە دایە! زنجیرێکی زێڕی لە ملدایە کلدانێکی پێوەیە لە نێو کلدانەکەدا کلچیوکەکەی تیایە شتێك لە سەری دایە بریسکە دەداتەوە ئەوەش ( بازنەی گەردوون)ە .

تۆیش ئەو (٤) شقەی لێ دەکەیتەوە و دەی هێنیت هەوڵ بدە هیچیانت بیر نەچێتا ! ئەگەرنا دوایی تیا دەچیت! !

ئەویش وتی:

جا باشە کێ دەڵێت ئەو مەرجانەی تۆ بۆم باس دەکەیت هەموویم بۆ جێ بەجێ دەکرێت؟ کێ دەڵێت تیا ناچم!؟ مەغریبی وتی:

مەترسە ئەوانە رۆحیان لە بەردا نییە! ! پشت بەخوا سەردەکەویت بە سەریاندا ! ئەمجا سێ چوار جار دووبارەی کردەوە تاکو جۆدر لە بەری کرد. ئەمجا عبدالصمد فووی بەقامیشەکەدا کرد و بوخودەکەی کە بە سەر پشکۆ خەڵووزەکەدا و دەستی کرد بە خوێندنەوەی (عەزیمە)کە. دوای کەمێك جۆدر رووانی رووبارەکە وشك بوو ! لە بنی رووبارەکەدا دەروازەیەکی دوو تاك دەرکەوت، جۆدر چوو هەڵە فەمسینەکەی بەدەستەوە گرت و (٣) جاران لێی دا، یەکێکلەو دیوەو بانگی کرد. ئەوە کێ یە؟ ئەمیش وتی:

منم جۆدری کوڕی عومەر کابرا دەرگای کردەوە و شمشێری لێ بلند کردەوەو وتی:

ملت درێژ بکە با بیپەڕێنم! ! جۆدر ملی درێژ کرد و کابرا کەوت و مرد. ئەمجا چووە دەرگای دووەم، بەو شێوەیە تاکو تەڵسەمی هەر (٧) دەرگاکەی شکاند.

ئەمجا دایکی بەرەو رووی هات. وتی:

خوا بێ وەیت بکات کوڕم! جۆدر وتی:

تۆ کێیت؟ ئەویش وتی:

من دایکتم و بەشیری من پەروەردە بوویت کوڕەکەم، جۆدر وتی:

هەر ئێستا خۆت روت بکەرەوە، ئەویش وتی:

تۆ کوڕی منیت:

چۆن روتم دەکەیتەوە؟ جۆدر شمشێرەکەی لە دیوارەکە کردەوە و لێی هەڵسوڕاند و وتی:

هەموو بەرگەکانت دانەکەنیت بەم شمشێرە لە ملت دەدەم! ! .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦١٤

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا جۆدر بەزەیی بە پیرەژنەکەدا هاتەوە و بیر چووەوە چ مەترسی یەکی هەیە. پێی وت:

گرنگ نییە دایەگیان خۆت روت مەکەوە، پیرە ژن وتی:

ئادەی وەرن با لێی بدەین هەڵەی خۆیەتی! جۆدر هێندەی زانی لە هەموو لایەکەوە دابارین بە سەریدا و زۆریان لێدا، ئەمجا فرێیان دایە دەرەوە و، هەموو دەرگاکانیان داخستەوە، ئەمجا مەغریبی پێی زانی و بە پەلە جۆدری هێنایە دەرەوە، لە بنی رووبارەکە

هێنایە دەرەوە (عەزیمە)یەکی بەسەردا خوێند (جۆدری) کە هاتەوە هۆشی خۆی، ئەمجا وتی:

ئەگبەت ئەوەچیت کرد پێم نەوتی:

هەڵە نەکەیت!؟

جۆدر وتی:

چی بکەم تاکو گەیشتمە دوا قۆناغی تەڵسەمەکە پیرەژنە هێندەم لێ پاڕایەوە و وتی:

با دەر پێکەم دانە کەندم شوورەیی یە! بەزەییم پێدا هاتەوە، هەر هێندەم خۆش بوو، وتم:

قەینا دایمەکەندە، ئیدی هاواری کرد ( ئەوە هەڵەی کرد ) و بانگی کردە کۆمەڵەکەی و زۆریان لێدام و فڕێ یان دامە دەرەوە، گوێم لە تەقەی دەرگاکان بوو کە دادەخرانەوە! عبدالصمد وتی:

ڕەنجی هەردووکمان بە بادا چوو فەرموو با بگەڕێینەوە ئیتر دەبێت چاوەڕوان بکەین تاکو ساڵێکی دی ئەم کاتە! ! ئەمجا گەڕانەوە بۆ دەوارەکە و مەغریبی (٢) کۆیلەکەی بانگ کرد و فەرمانی پێدان دەوارەکە کۆ بکەنەوە. دوو هێسترەکەمان بۆ بێنن، ئەوانیش ون بوون، دوای کەمێك گەڕانەوە، هەر یەکەیان هێسترێکی پێ بوو. هەردووکیان سوار بوون و بەرەو ماڵ بوونەوە .

کەگیشتنەوە ماڵ، سفرە ڕاخرا وەکو جاران چەندین جۆر خواردن ئامادە کرا، ئەمجا خۆیان شت و بەرگی نوێ یان لە بەر کرد، ئەمجا پێکەوە ژیانێکی زۆر بەختیارانەیان ئەو ساڵە بەڕێوە برد، تەنیا خەمی (جۆدر) دایکی و براکانی بوو .

ساڵ تەواو بوو، هەمان ڕۆژ وەکو جاری پێشوو عبدالصمد هەموو پێداویستی یەکانی ئامادە کردبوو. سوار بوون و ڕۆیشتن بۆ سەر ڕووبارەکە ئەمجا بەشێوەی پار لێدرا دەوار، عبدالصمد وتی:

جۆدر گیان، پار بەوەندە ڕزگارت بوو کە لێیان دایت، ئەمساڵ دوور نییە بەو لێدانە ڕزگارت بێت! هەڵە بکەیت، تیا دەچیت و دوور نییە بتکوژن !

جا با هەنگاو بە هەنگاو بۆت دیاری بکەم کە دەبێت چی بکەیت!؟

جۆدر وتی:

خوا سەلامەتت بکات پار بە جۆرێك فەلاقە نەکراوم کە مەرجەکانم بیر چێتەوە! بێخەم بە! ! . عبدالصمد وتی:

له گەڵ ئەوەشدا زیانی نییە گەر جارێکی دی بۆت باس بکەم، دەستی پێکردەوە، ئەمجا قامیش و خەڵووزەکەی دەرهێنا و پارچەی کرد ئەمسالیش بە هەمان شێوە جۆدر کە بینی ئاوی رووبار وشك بوو، دەروازە دوتاکی یەکەی بینی:

رۆیشت و لەو دەرگایەی بە هەڵەفە لێ دا، بەهەمان شێوە، شمشێریان لێ هەڵسووران و پێی وت:

ملت درێژ بکە با لە ملت بدەم، جۆدر ملی بۆ درێژ کرد، هێندەی زانی شمشێر بەدەست لە بەردەمیدا کەوت و مرد، بەم شێوەیە هەنگاو بە هەنگاو دەرگاکانی کردەوە و تەلسەمی شکاند. تاکو چووەوە ژووری پیرە ژن وردە وردە بەرگەکانی پێ داکەند کە گەیشتە سەر داکەندنی دەرپێکەی هەر چەند پیرەژن وتی:

بەزەییت پێم دا بێتەوە و گریا سوودی نەبوو، کە ئەویشی داکەند مرد و کەوت، ئەمجا چووە ژووری گەنجینەی شەمەردڵەوە. گوێی بەو هەموو زێڕ و زیوە نەدا و، چوو پەردەی کەژاوەکەی لادا و، (شەمەردڵ)شای بینی راکشاوە شمشێرەکەی لەدەست وەرگرت! زنجیری کلدانەکەی لە من کردەوەو هەڵی گرت، ئەمجا تاجە بە بریسکەکەی لە سەری داکەند کە بازنەی نەخشەی گردوون بوو. ئەمجا موستیلەکەی لە پەنجە دەرهێنا بێدەنگ گەڕایەوە کەهاتە دەرەوە بەرەو رووی مەغریبی رایکرد و باوەشی پیا کرد و ئەملاولای یەکیان ماچ کرد، مەغریبی دەستخۆشی لێکرد، ئەمجا دەواریان کۆ کردەوەو بەرەو ماڵ بوونەوە! ! .

دوای چەند رۆژ حەوانەوە عبدالصمدی مەغریبی وتی:

براکەم من لە ولاتێکی دوورەوە تۆم هێناوە و زۆرم ماندوو کردوویت. ئێستاش دەمەوێت تۆڵەی ئەو ماندوو بوونەت بۆ بکەمەوە و خەڵاتت بکەم ! جا بیر بکەوە و بە دڵی خۆت داوای چی دەکەیت:

بیکە. جۆدر زۆر دڵی خۆش بوو ئەمجا وتی:

ئەوەی راستی بێت زۆرم حەز لەو خورجی خواردنەیە مەغریبی وتی:

بەچاوان، بیگرە ! ئەمجا وتی:

هەموو جارێك دەستت کردە ناو خورجەکە ئەم عەزیمەیە بخوێنە:

( بۆ خاتری ئەو ناوە مەزنانەی پێی پابەندیت ئەی (خادم) ی ئەم خورجە فلانە خواردنم بدە دەست! ). کاکە (جۆدر) ئەگەر رۆژی (١٠٠٠) جاران داوای خواردن بکەیت بۆت ئامادە دەکات! . کاکە گیان من هۆی بژیوی تۆم! ئەگەرنا رۆژی رۆژی خوایە شەرم مەکە، ئاخر ئەم خورجە زۆر کەمە بۆ تۆ خۆت و خێزانەکەت پێویستیتان بەپارە و سامان هەیە. ئەمجا وتی:

ئەمەش خورجێکی تر تایەکی زێڕی تیایە و ناوی خوا بێنە و لێی دەربێنە ئیدی کۆتایی نایەت! تایەکەی تری مرجان و مرواری تیایە ئەویش بەهەمان شێوە! ئەمجا خوا حافیزی لە مەغریبی کرد و لە ماڵ چووە دەر، مەغریبی وتی:

جۆدر گیان سواری ئەم هێسترە ببە ئەم کۆیلەیە رەشمە کەی دەگرێت و دەڕوات هێسترەکە شوێنی دەکەوێت، تاکو دەچێتەوە بەردەرگای ماڵی خۆتان، ئەمجا هەردوو خورجەکە ببە ژوور و ئەسپەکە بدەوە بە کۆیلەکە بابگەڕێتەوە، جۆدر دەڕوات و کۆیلە هێستر رادەکێشێت، ئەو رۆژە بەرێوە دەبن، شەویش تا نیوە شەو هەر دەڕۆن، ئەمجا لا دەدەن و دەخەون، بەیانی دەکەونەوە رێگا، ئەمجا کە دەگەنەوە شار، دەچنە بازاڕ دەکەی جۆدر، کە سەرنج دەدات، دایکی لە و سەرە رێ یە دانیشتووە و دەستی درێژ کردووەو سواڵ دەکات ! خۆی بۆ ناگیرێت دادەبەزێت و لە ئامێزی دەگرێت! ! زۆر بەسەر یەکدا دەگرین، ئەمجا لە پاشکۆوە سواری دەکات و بەرەو ماڵ دەبنەوە، ئەویش هەردوو خورجەکە دادەگرێت و هێسترەکە دەداتەوە بە کۆیلەکە. چوونکە دەزانێت، هێستر و کۆیلەکە شەیتانن! شەهرەزدا هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو،

## شەوی ٦١٥

## بەسەر هاتی گەڕانەوەی جۆدری بۆ لای دایکی

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا دایك و کوڕ پێك شاد بوونەوە. پرسی:

براکانم چۆنن؟ دایکی وتی:

باشن کوڕەکەم، ئەمجا پرسی یەوە ئەی باشە بۆچی سواڵ دەکەیت، کە ئەوان ماون؟ . دایکی گریا و وتی:

کوڕە شیرینەکەم لە برساندا سواڵ دەکەم! . کوڕە وتی:

دایە گیان، دوو ئێوارە (٢٠٠) دینارم پێدایت! رۆژێکی تر (١٠٠٠) دینارم دایە دەستت، ئەو هەموو پارەیەت چی لێ کرد. دایکەکەی بە دەم گریانەوە وتی:

فێڵیان لێکردم و وتیان:

شتێك دەکرین و پێویستمان بەو پارەیەیە ! کە پارەکەیان لە چنگ دەرهێنام لە خانووکەیان دەر کردم. منیش ناچار دەستم کرد بە سواڵ کردن. جۆدر تێر بۆ دایکی گریا، دوایی وتی:

دایەگیان حەز لە چ خواردنێك دەکەیت؟ دایکە وتی:

هەرچییەك بێت تێرم بکات، جۆدر وتی:

نە خواردنێك بڵێ دڵت بخوازێت! دایکەکەی وتی:

دەی باشە. نان و پەنیر. کوڕەکەی وتی:

نە تۆ شایانی لەو خواردنە خۆشتری!

ئەمجا دەستی کرد بە خورجەکە دا و(عەزیمە)کەی خوێند و وتی:

گۆشتی سوورکراوە بێت سینی یەکی دەرهێنا لەو گۆشتەی داوای کردبوو. دایکی سەری سوڕما! ! ئەمجا وتی:

برنج و هەنگوین، سینی یەکیش لەو خواردنەی دەرهێنا ئەمجا وتی:

مەحشی ئەویشی لە خورجەکە دەرهێنا. ئەمجا بە پێکەنینەوە وتی:

دایەگیان ئەمە رۆزیی خوایە سوپاس بۆ خوا لەمەودوا چێشت لێ مەنێ! ئاوا بەئامادە کراوی لەم خورجەی دەردێنین، ئەمجا خورجەکەی تری هێنا و وتی:

دایەگیان ئەم خورجەیشیان سەیر بکە دەستی دەرهێنا پڕبوو لە زێڕ! ! دایکی بە دەم سوپاسی خواوە زێڕەکانی سەرنج دا. ئەمجا وتی:

دایەگیان ئەم زێڕ و یاقوت ومرواری یەش کۆتایی نایەت ئیدی بێخەم بە! !، پێت دەوتم:

شێت بوویت! ئەوە نییە بەڕاستمە!؟

ئامۆژگاری دایکی کرد و وتی:

هەرچی خواردنت مایەوە، لەم قاپانەوە بیکە قاپێکی ترەوەو ئەم قاپانە بە چۆڵی بکەوە ناو خورجەکە!

نابێت ئەم قاپانە بشۆیت، لەمەودوا چێشت لێنانێیت! .

دایەگیان دەبێت زۆر ئاگات لەم دوو خورجە بێت ولای کەس نایدرکێنیت! نابێت :

کەس پێمان بزانێت لەو لایشەوە براکانی لە دەرو دراوسێ دەبیستن، کە براکەیان بە هێسترێکەوە هاتەوە و گرانبەهاترین بەرگی لە بەردا بوو! دەڵێن: خۆزگە ملمان بشکایە و ناوامان لە دایکمان نەکردایە! جۆدر و دایکی دەستیان لە خواردنە کەدا بوو کە دوو براکەی خۆیان کرد بە ژووردا. جۆدر لە بەریان هەستا و فەرمووی لێکردن. هەردووکیان لە برسانا،

لەڕ و لاواز بووووبوون،، تێر و پڕیان خوارد. جۆدر پاشماوەی خواردنەکەی بۆ کردنـە چەند قاپێکەوەو دایە دەست هەر دوو براکەی و وتی:

بیبەنە کۆلان و بیبەخشنەوە بە هەژاراندا. یەکێکیان وتی:

وامەکەن هەڵی بگرن بۆ ئێوارەمان، جۆدر وتی:

براکەم ئێـوارە ڕۆزیـی خـۆی لـە گـەڵ خـۆی دایـە. ڕۆژی دووەم و سێ یـەم بـەم جۆرە بۆماوەی (١٠) ڕۆژ ئەمە کاریان بوو. ئەمجا (سالم) لە (سەلیم)ی برای پرسی:

ئەمە چی دەگەیەنێت وا (١٠) ڕۆژە، بەیانی و ئێوارە و نیوەڕۆ، ئێمە دەعوەتین لای ئەم برایەمان! ! خواردن خواردنێکی شاهانەیە! هێنـدە زۆریـشە دەی بەخـشینەوە! بۆچی ماڵی ئێمە ماڵی سوڵتان و پاشایانە!؟

ئەم بەختیارییە چی یە خوا بەخشیوی یەتی بە جۆدری برامان!؟

سەلیم وتی :

بەخوا ڕاست دەکەیت، بەڵام منیش لەم نهێنی یە ناگەم. جا باشە کێ ئەم نهێنی یـەمان پێ دەڵێت! . (سالم ) وتی:

لە دایکم زیاتر کەس ئەم نهێنی یە نازانێت! مەگەر هەر ئەویش پێمان بڵێت، ڕۆژێکیان هەردووکیان دێنەوە بۆ ماڵ هەلەکە دەقۆزنەوە کەوا جۆدری بڕایـان لـەوێ نییـە. بە درۆوە دەڵێن: دایەگیان زۆرمان برسی یە، دایکیان دەڵێت بە چاوان هەر ئێستا خواردنتان بۆ دێنم. دەڕواتە چێشت خانە و دەست دەکات بە (خورجە)کەدا و داوای خواردن دەکات. ئەمجا سینی یەك خواردن بۆ سالم و سەلیمی کوڕی دادەنێت، دەست دەکـەن بـەنان خـواردن. بـەدەم نان خواردنەوە دەپرسن: دایەگیان تۆ نـە ئـاگرت کـردەوە و نـە (فـوو)ت لێکـرد، ئـاوا خێـرا ئـەم سینی یە چێشتەت لە کوێ هێنا؟ دایکەش نەهێنای و نە بردی، وتی:

کوڕەکەم ئەم سینی یە خواردنە گەرمم لە خورجەکە دەرهێنا. وتیان:

کام خورجە؟ چوو خورجەکەی هێنا و وتی:

ئەم خورجە سیحری یە، ئەمە دەست دەکەیت بە ناویدا و هەر خواردنێك داوا بکەیت دەی هێنێتە دەرێ !، ئەمجا وتی:

کوڕەکـانم دەبێـت ئـەم نهێنیـە لای کـەس بـاس نەکـەن! ئـەوانیش سـوێند و قورئانیان خوارد کە هەرگیز ئەم نهێنی یە دەر ناخەن. وتیان:

دە دایەگیان فێرمان بکە چۆن خواردن دەر بێنین و چی بخوێنین!؟ ئەمجا هـەر جارەی بەرسی یان دەبوو، دەستیان بـە خورجەکـەدا دەکـرد و خـەزییان لـە هـەر جـۆرە خواردنێك بووایە داوایان دەکرد. جۆدری برایشیان ئاگای لە هیچ نییە .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦١٦

شەهرەزاد وتی:

کە دوو براکە لە کاری خورجەکە تێ گەیشتن و زانیان چەند گرنگە. سالم بە سەلیمی وت:

باشە تاکو کەی ئێمە وەکو خزمەتکاری بەدەستی جۆدری برامان بین و خێرمان پێ بکاتا؟ سەلیم وتی:

چی بکەین باشە؟ سالم وتی:

فێڵێکی لێ دەکەین و لە چنگی دەر دێنین، سەلیم وتی:

چ فێڵێك؟ سالم وتی:

براکەمان دەفرۆشین بە سەرۆکی دەریای (سویس) سەلیم وتی:

بەنیازیت چی بکەیت؟ سالم وتی:

دەچین بانگهێشتی ئەو سەرۆکە دەکەین خۆی دوو پیاوی، کەهاتن من هەرچیەکم وت: تۆ دەبێت بڵێیت راست دەکەیت براکەم. جا شەو دەبینیت چی دەکەم! ! ئەمجا رێکەوتن براکەیان بفرۆشن. چوونەماڵی سەرۆك و دوای بەخێر هێنانیان، وتیان:

قوربان بۆ کارێك هاتووین. پێی دڵخۆش دەبیت! ئەویش وتی:

قسە بکەن ئەو کارە چی یە؟ وتیان:

برایەکمان هەیە، پیاوێکی خراپە کاتێك باوکمان مرد میراتیەکەیمان بەش کرد. دوای ماوەیەك ئەو هەمووی لە رابواردن و خواردنەوە و قوماردا خەرج کرد. ئەمجا کەوتە سکاڵا کردن لێمان لای دادوەر تاوانباری کردین گوایە غەدرمان لێ کردووە، زۆری ماندوو کردین و زیانی پێگەیاندین. ئێستاش شەرمان پێ دەفرۆشێت جا دەمانەوێت بیفرۆشین بە تۆ تاکو بیبەیت و لەم وڵاتە دووری بخەیتەوە. باچاومان لە چاوی ببڕێت! جا تۆ هێندەت لە سەرە شەو بێیت بۆ ماڵمان و دوو پیاو لەگەڵ خۆت بێنە ئێمەش پارەتیت دەدەین قوڵبەستی بکە و لە گەڵ خۆت ببیە، چی لێ دەکەی بیکە !

ئێوارە سالم و سەلیم خۆیان کردەوە بە ماڵدا. سالم دوای کەمێك وتی:

کاکە جۆدر هاورییەکم هەیە زۆرم خۆش دەوێت ! چەند جارێك بانگهێشتی کردووم بۆ ماڵی خۆیان و تێرم لە سەر سفرەیان خواردووە، ئەمڕۆ بینیم و سڵاوم لێ کرد. روانیم دوو برای تریشی لە گەڵ دا بوون خوا لە یەکیان نەکات، بەڕاستی بران ! ئەمجا هاوری شیرینەکەم وتی:

زۆرم تاسە کردی باش بوو تۆم بینی وتی:

ئەمشەو لە ماڵی من میوان بە با تاسەم لێت بشکێت، منیش وتم:

سوپاست دەکەم، بەخوا بۆم ناکرێت برایەکی ئازیزم هەیە تازە لە سەفەر گەڕاوەتەوە دڵم نایەت جێی بێڵم! ئەویش هەڵیدایە جاکە وابوو ئێمە دێینە میوانی تۆ برای تۆ برای ئێمەیشە! بەخێر هاتنەوەی ئەویش دەکەین ! ئەوەی ڕاستی بێت، شەرمم کرد دەست بێنم بە ڕوویانەوە و وتم:

زۆرم پێ خۆشە! ئیتر ئەگەر ڕێم پێ دەدەیت ئەوا زۆر سوپاست دەکەم چونکە بەڕاستی ماڵ ماڵی خۆتە! ئەگەریش بە ئەرکی دەزانیت ئەوا دەیان بەمە ماڵێکی دراوسێمانەوە .

جۆدر زۆر لە خۆی بووەوە! پێی وت:

نەك هەر تۆ بەڵکوو سەلیمیش بۆی هەیە کاری چاك و پیاوەتی بە ماڵی منەوە بکات ! مـاڵ مـاڵی خۆتانـە میوانـەکانت بـە خێـر بێن! جوانترین خواردنیـان بـۆ دادەنـێین میوە و شیرینی و پاقلاوەیان بۆ دادەنێین منیش لە گەڵ ئێوەدا پەزیرایان دەکەم، سالم وتی:

کەوابوو دەچمە سەری کۆڵانەکە چاوەڕێیان دەکەم و ماڵیـان پـێ پیـشان دەدەم و خوا تۆمان لێ نەسەندێت.

ماوەیەك چووە دەرەوە. ئـەمجا لەگـەڵ سـەرۆك و دوو پیاوەکـە هاتـەوە و فـەرمووی لێ کردن،، نان خورا و دواتر میوە و شیرینی دانرا و تا درەنگ دەمەتەقێ یان کـرد. نیـوە شـەو، جێگـا و نـوێن داخـرا. میوانـەکان لـە گـەڵ جـۆدر و سـالم، لـە ژوورێکـدا نوسـتن. سـەرۆکی دەریـاوانی سـویس، پێـی وابـوو ئـەو هـەموو خواردنـە نایـاب و جـۆرە میوانـە هـی سالە و ئەوپەزیرایی کردوون، جۆدر بێئاگا و دڵپاك لە شیرین خـەودا بـوو، کـە سـەرۆکی دەریاوانی سویس و دووپیاوەکەی پەلاماریان دا، پەڕۆیەکیان ئاخنی بە دەمیدا تاکو دەنگی دەرنەیەت. (سالم) و (سەلیم)یش یارمەتیانی دا. جۆدری داماویان دا بە شانیان دا بردیان، گەیاندیانەوە ناو پاپۆڕەکە و هەر ئەو شەوە خۆیان لە سەر سەفەر بوون، بە دەریادا کەوتنە سەفەر. پێش ئەوەی ماڵی سالم وسەلیم جێ بهێڵن سەرۆك دەستی برد (٤٠) دیناری دا بە سالم و وتی:

ئەوە ئەوبڕە پارەیەی نرخی براکەت !

جۆدری داماو، ساڵێکی لە غەریبی کۆیلەیی بەسەر برد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦١٧

# سەر بووردەی گیرانی سالم وسەلیم لە لایەن شاشەمسەوە

شەهرزاد وتی:

بەیانی (سالم) وتی:

دایەگیان ئەوە (جۆدر)ی برامان دیار نیە؟ ئەویش وتی:

رەنگە هێشتا خەبەری نەبووبێتەوە ! ئەمجا (سالم) وتی:

بەو خوایە رەنگ بێت لەگەڵ میوانەکان رۆیشت بێت بۆ مەغریب چونکە گوێم لێ بوو باسی گەنجینە و زێڕ و زیویان دەکرد. دایکیشی وتی:

خوایارمەتی دەدات ئەو کوڕەم پیاوێکی بە ویژدانە لەبەر ئەوە، پشت بەخوا خێری دەستگیر دەبێت .

ئەمجا بە هەردووکیان بەربوونە گیانی دایکیان و زۆریان لێدا و وتیان:

باشە ئێمەش وەکو(جۆدر) کوڕی تۆ نین!؟ کە دەمانبینیت دڵت پێمان ناکرێتەوە! کە دیار نەبین دڵت بۆمان ناسوتێت و بیرمان ناکەیت!

دایکەکەیشیان وتی:

خوا ئێوەم لێ بستێنێت ئەوەتەی باوکتان مردووە ئێوە ئازاری من دەدەن. پارە و پوڵتان پێ نەهێشتم دەرتان کردم! ئەوە بوو بە پارەی سواڵ خۆم دە ژیان! بەڵام ئەو کوڕەم هەمیشە بە خەمی منەوە بووە. ڕێزی گرتووم، لە ماڵی خۆیدا نیشتەجێی کردووم ! بۆیە پەنجەیەکی (١٠٠)پیاوی وەکو ئێوەی خوێڕی دێنێت، ئەمجا دەستیان کرد بە بەش کردنی زێڕ و زیوی خورجەکە دوایی هەردوو براکە بووبە شەڕیان لەسەر ئەو خورجە (سالم )دەیوت:

بۆمن! (سەلیم) دەیوت:

نەخێر بۆ من. دەستیان دایە یەخەی یەکتری. پاسەوانێکی ( شا شەمس) کە پاشای ئەو سەر دەمەی میسر بوو، میوانی ماڵێکی دراوسێ ی جۆدر دەبێت، کە گوێی لە دەنگە دەنگی قیژ و هوڕی ماڵی (جۆدر) دەبێت پەنجەرەی بانیژەی سەر حەوشەکەیان دەکاتەوە، گوێی لەو قسانە دەبێت و باسی خورجەکە لەو دوو برایە دەبیستێت، پێی سەیر دەبێت! !، پیرە ژنەی دایکیان دەست دەکات بە گریان و دەڵێت پیاوی چاك بن ئەو خورجە تەڵیسماویە، بووجەڵ مەکەنەوە زۆر بە نرخە! گەر هەر یەکە وتایەکی ببەن ئەوا کارە سیحریەکەی ون دەکات، بیدەنە من ڕۆژانە خواردنتان بۆ ئامادە دەکەم. ماڵەکەی ئێوەی پێ بەرێوە دەبەم و کەسمان برسی نابین، بەڵام ئەوان هەر لە شەڕدا بوون و ڕێك نەدەکەوتن، بەیانی ڕۆژی

دواتر، پاسەوان چووە لای ( شاشەمس) بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. پاشایش ناردی و هەردوو براکەی گرت! (٢) خورجەکەی لێ سەندن! (عەزیمەکە)ی پێ نووسینەوە. ئەمجا فەرمانی دا بیان بەن ودارو فەلاقەیان بۆ هەڵبخەن و رۆژی جارێك لێیان بدەن. هەروەها فەرمانیشی دا مووچەیەك بۆ پیرەژنی دایکیان لە پارەی دەوڵەت بۆ ببڕنەوە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو . بێدەنگ بوو .

## شەوی ٦١٨

شەهرەزاد وتی:

هەروا بێتەوە، لەولایشەوە (جۆدر)ساڵێك لە سویس خزمەتکاربوو. جارێکیان لە پاپۆڕێکدا بوو، کە رەشەبا هەڵی کرد و شەپۆلەکانی دەریا بەسەریەکدا شکانەوە، هێندەی پێنە چوو، پاپۆڕەکە تێك وپێك شکا هەر هەموو سەرنشینەکانی لە ئاوی دەریاکەدا خنکان، تەنیا (جۆدر) نەبێت رۆژی تەواو نەبوو بوو، خۆی هەڵدایە سەر تەختەیەك، تاکو لە کەناری دەریا گیرسایەوە. جۆدر خۆی گەیاندە وشکانی، ماوەیەك رۆیشت. کۆمەڵێك عەرەبی دەشتەکەی رەشماڵ نشینی بینی چووە، ناویان و سڵاوی لێکردن. ئەوانیش خزمەتیان کرد و تێریان کرد و بەرگیان پێدا و پۆشتەیان کردەوە. کابرایەکی بازرگانیان تێدا بوو، وڵاتی میسری بینی بوو. شاری (مەکە) و(مەدینە)ی دی بوو. بە (جۆدر)ی وت:

وەرە ماڵی من و یارمەتیم بدە و منیش بەخێوت دەکەم، کاتی(حەج) کردنیش لە گەڵ خۆم دەتبەمە (حەج). (جۆدر) پەسەندی بوو. لای ئەوکابرایە مایەوە. دوای ماوەیەك کاتی حەج کردن هات و کابرای بازرگان (جۆدر)ی لەگەڵ خۆی برد و روویان کردە حەج کردن، لەوێ لە کاتی تەواف کردندا جۆدر(عبدالصمد)ی مەغریبی بینی. ئەویش تەوافی دەکرد. چووە لای و باوەشی پیا کرد و ئەم لاولای ماچ کرد. عبدالصمد کە ئەحواڵی پرسی:

جۆدر دەستی کردە گریان و لێقەومانەکەی خۆی بۆگێڕایەوە، ئەویش وتی:

دەبڕۆوە زۆر سوپاسی گەورەکەت بکەو، خواحافیزی لێبکە ودوایی وەرەوە لای خۆم کە رێ و رەسمی حەجمان تەواوکرد، دەروینەوە ماڵی خۆمان و خوا یاربێت کێشەکەت بۆ چارەسەر دەکەم، ئەمجا جۆدر چووەوە لای ئاغاکەی و وتی:

بە قوربانت بم چاکەی تۆم هەر لەبەر چاوە، ئێستا براکەمم لێرە دۆزی یەوە، ئەگەر رێم پێ بدەی ئەوا دەچمەوە لای ئەو. بازرگانی رەشماڵ نشین ئەملاولای ماچ کرد و خواحافیزی لێکرد. دەستی برد (٢٠) دیناریشی پێدا وتیشی گەر پێت باشە بانگهێشتی بکە. جۆدر زۆر نزای خێری بۆ کرد.

لەگەڕانەوەی دا کابرایەکی هەژاری بینی (٢٠)دینارەکەی وەری گرتبوو پێدا. دوای تەواو کردنی حەج کردن، (عبدالصمد)ی مەغریبی بردیەوە ماڵی خۆیان جۆدری بە بەرگێکی جوان پۆشتە کردەوەو گوێی لە بەسەرهاتی جۆدر گرت، ئەمجا دەستی برد موستیلەکەی شا (شەمەردڵ)ی پێشکەش کرد و وتی:

من ئەم دیاریەت دەدەمێ ! تۆیش مەیکە بە جاری پێشوو! بەهای ئەم موستیلەیە بزانە چونکەلە دنیادا هەر چیەکت بوێت بۆت جێ بەجێ دەکات. سەیربکە و فێری بەکار هێنانی ببە مەغریبی دەستی بە موستیلەکەی پەنجەیدا هێنا جۆدر هێندەی زانی دێوێك پەیدا بوو لەبەردەمیاندا. ئەمجا وتی ( گەورەم چیت پێویستە بۆت جێ بە جێ بکەم ! شاری کاول بوو روخاو ئاوەدان دەکەیتەوە، تاکوبۆت ئاوەدان بکەمەوە. شاری ئاوەدان کاول دەکەیت تاکو هەر ئێستا بۆت کاول بکەم! ). مەغریبی وتی:

گوێ بگرە لەمەودوا ئەم جۆدرە خاوەنی تۆ دەبێت هەرچی یەکی لێت داوا کرد دەم ودەست بۆی جێ بەجێ دەکەیت! ) ئەمجا دەستی هێنا بە موستیلەکەدا دێوەکە ون بوو. رووی کردە جۆدر وتی:

ئادەی دەست بە موستیلەکەدا بێنە. ئەویش کردی یە پەنجەی. ئەمجا وتیەوە ئادەی بەکاری بێنە لەبەر چاوم جۆدر دەستی بە موستیلەکەدا هێنا، دێوەکە ئامادە بوو وتی:

( داوا بکەوجێ بەجێی بکەم گەورەم). جۆدر سەری سوڕما ! ئەمجا دەستێکی تری پێدا هێنا و دێوەکە لە بەر چاوی ون بوو. مەغریبی وتی:

هەر ئێستا(رمڵ)ێکت بۆ لێدەدەم بزانم براکانت لە کوێن و چی دەکەن؟

کە ڕملەکەی لێدا دەستی کردە پێکەنین و وتی:

خوا بەسزای خویانیانی گەیاندووە . (شاشەمس)ی ولاتی (میسر)، هەردووکیانی لە زیندان توند کردووە !

جۆدر رووی کردە (عبدالصمد)ی مەغریبی و وتی:

زۆرئارەزوومە بگەڕێمەوە شار و ولاتی خۆم! مەغریبی پێکەنی و وتی:

زۆر ئاسانە هەر ئێستا دێوەکە بانگ بکەو داوای لێ بکە بابتخاتەسەر باڵەکانی رەنگە بە رۆژێك بگەیتەوە ولاتی میسر! جۆدر بە دڵخۆشی یەوە سوپاسی (عبدالصمد)ی مەغریبی کرد و خواحافیزی لێکرد. دەستی بە موستیلەکەدا هێنا. کە دێوەکە ئامادە بوو، فەرمانی پێدا بیخاتە سەر باڵەکانی و بیباتەوە شارەکەی خۆی لە ولاتی (میسر). دێوەکە کە ناوی (برووسکە)بوو، بردی و لە چاو ون بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦١٩

شەهرەزاد وتی :

دێوەکە نیوەڕۆ لەلای مەغریبییەوە، بەڕێ کەوت تاکو شەو بەڕێوە بوو ئێوارەی ڕۆژی دواتر گەیشتە حەوشەی ماڵی (جۆدر). دێوەکە سوارەکەی دابەزاند جۆدریش ڕێی دا بە دێوەکە ڕۆیشت و ون بوو. ئەمجا کە چووە ژوورەوە جارێکی دی دایکی لە ئامێز گرتەوە ! کە هەواڵی براکانی پرسی؟ دایکی وتی:

کوڕەکەم لەسەر هەردوو خورجەکە بوو بە شەڕیان زێڕ و زیوەکەشیان لە نێوان خۆیاندا بەش کرد. تاکوتوانیان لە منیشیان دا! دوایی پاشا کردی یە سەریان و هەردوو خورجەکەی لێ سەندن!! مووشەیەکیان بۆ من بڕی یەوە! ئێستا ئەو داماوانە لە زیندا دان و ڕۆژانە ئەشکەنجە دەدرێن جۆدر وتی:

دایەگیان بیخەم بە هەر ئێستا هەردووکیان لە بەر دەستت دا ئامادە دەکەم! دایکەکەی کە سەری سوڕمابوو! زۆری پێخۆش بوو. ئەمجا موستیلەکەی لە پەنجەیدا بادا دێوەکە ئامادە بوو وتی:

فەرمان بدە جێبەجێی بکەم! جۆدر وتی:

هەر ئێستا هەر دوو براکەم لە زیندان دەربێنە و بۆم بێنە ئێرە! دێوە ون بوو لەو لایشەوە سالم و سەلیم زۆر بێزاربوون بۆ حاڵی خۆیان دەگریان. سالم وتی:

جا گەرماوەیەکی تر لەم زیندانە بمێنینەوە دەمرین وبەرگە ناگرین هێندەیان زانی زەویەکەی ژێریان قلیشایەوە و شتێك باوەشی پێدا کردن و هەر دووکیانی برد، کە هێنانیەوە سەر زەوی، هەردووکیان بوورابوونەوە ! کە بە ئاگا هاتنەوە سەیریان کرد لە بەرامبەر دایك و جۆدری برایاندان ! جۆدر وتی:

یاخوا بەخێر بێنەوە! ماڵەکەتان ڕووناك کردەوە! ! ئەرێ براکانم چۆن لە خوا نەترسان ومنی برای بچووکی خۆتان فرۆشت! !؟ هەردووکیان سەریان داخست و دەستیان کرد بە گریان وتیان:

لێمان خۆش ببە بەڕاستی ئەوەی ئێمە بە تۆی برای خۆمان کردووە! هیچ برایەك بە برای خۆی نەکردووە!

(جۆدر)ی برای بچووکیان دڵی دانەوەو وتی :

نا نا وانیە براکانی حەزرەتی یوسف، یوسفیان خستە بیرەوە بۆ ئەوەی بمرێت! هێندەش مەگرین ئێوە هەر برای منن، هەوڵ بدەن تەماع بازی لە دڵی خۆتان دەر بکەن! خۆشەویستی بخەنەوە جێگای.

# چیرۆکی دروست کردنی کۆشکەکە

ئەمجا جۆدر بە براکانی وت:

(تۆبە)بکەن بپارێنەوە تاکو خوا لێتان خۆش بێت. من لای خۆمەوە، لێتان خۆش بووم.
ئەمجا دڵی دانەوە قسەی خۆشی بۆ کردن. باسی کۆیلەیەتی یەکەی (سویس)ی بۆ کردن .
ئەمجا (عبدالصمد)ی مەغریبی. باسی موستیلەکەی پەنجەی بۆ کردن. دووبراکەی وتیان:

براکەم تەنیا تۆ لێمان خۆش ببە ئەگەر جارێکی تر پیاوخراپیمان کرد:
لێمان خۆش مەبە !، ئەمجا جۆدر موستیلەکەی لە پەنجەیدا بادا هێندەیان زانی دێوێك لە ژوورەکەدا قوت بووەوە . (٢) براکەی هێندە ترسان چونکە وایان زانی براکەیان بۆیە ئەمەی بانگ کردووە تاکو هەردووکیان بکوژێت! خۆیان دایە پەنای دایکیان و وتیان:
دایەگیان مەهێڵە! دێوەکە وتی:
فەرمان بدە جێ بەجێی بکەم وتی:
هەر ئێستا لە شوێنێکی زۆر باشی شاردا کۆشکێکم بۆ دروست بکە کە باڵا و نایاب و پێیەکانی مەرمەڕبن، دەمەوێت هەر ئەمشەو تەواو ببێت! دێوەکە وتی:
بەچاوان و ون بوو. خێرا چوو هاواریکانی خۆی هێنا و هەر کۆمەڵێکیان و کارێکیان دەکرد هەندێکیان بەردیان ڕێك دەکردەوە، هەندێکیان بناغەیان هەڵکەند! کۆمەڵە دێوێك دیواریان دادەنا کە پێش مەلابانگدان کۆشکەکە چووبە ئاسماندا لەو ناوەدا لە وێنەی نەبوو! دیوارە مەرمەڕەکانی هێڵی زێڕینی تێ هەڵکێشرابوو. بەرەبەیان دێوەکە چووە بەردەم جۆدر و وتی:
قوربان کۆشکەکە ئامادەیە، ئەمجا جۆدر وتی:
ئێستا بچۆ بگەڕێ بەگەنجینەی سامانی پارە و زێڕی (شاشەمس)دا و هەمووی بێنە .
هەردوو خورجە سیحراویەکەشت بیر نەچێت! دواتر هەموو پارە و سامانی ( شاشەمس).
هیچی بۆ مەهێڵەوە، نە سامان و پارەی خۆی و چ هی مەملەکەت دێوەکە وتی:
بەچاوان. ون بوو. دوای کەمێك هاتەوە و وتی:
گەورەم زێڕ و زیوی پاشا ومەملەکەتم هەمووی هێناوە بە هەردوو خورجەکەوە، ئەمجا ون بوو. بەیانی دوای نان خواردن، جۆدر موستیلەی بادا دێوە ئامادە بووەوە، جۆدر پرسی:
کۆشکەکە تەواو بووە؟ دێوەکە وتی:
گەرپێتان خۆشە هەر ئێستا هەر چوارتان دەبەمە سەیری کۆشکەکە ئەوانیش وتیان:
ئەرێ بەخوا زۆریش، ئەمجا وتی:

چاوتان بنووقێنن. کاتێ چاویان کردەوە لە کۆشکەکەدا بوون، زۆریان بەلاوە جوان بوو.
جۆدر موستیلەی بادایەوە دێوە ئامادە بووەوە، وتی:
( فەرمان بدە جێ بەجێ بکەم گەورەم). جۆدر وتی:
هەرئێستا (٤٠) کەنیزەکی جوان (٤٠) کۆیلەی سپی و رەش. ئەمجا ون بووەوە (٨٠) هاواریی هێناو بڵاوەی پێ کردن بە وڵاتی هیندوستان و (چین) و(سەند) دا. ئەوانیش بەو وڵاتانەدا دەگەڕان وکیژی جوان وکۆیەلەی رێك و پێکیان دەفڕاند! هەموویان گەیاندە کۆشکە نوێ یەکە، ئەمجا جۆدر فەرمانی دا بە دێوەکە کە هەر هەموویان لە یەك جۆر قوماش بەرگیان لە بەر بکرێت وکۆیلەکان لە یەك جۆر بەرگ، ئەمجا راخەر و پێویستی کۆشك رێکخرا، ئەمجا کەنیزەك و کۆیلەکان بە دوو ریز لە کۆشکدا وەستان و دەستی جۆردیان ماچ کرد. دواتر لە دایکی پرسی:
حەز دەکەیت لە کۆشکەدا بیت؟! دایکیشی وتی:
ئەرێ، ئەمجا رووی کردە کەنیزەکەکان و وتی:
ئەم پیرەژنە، دەستی بۆ دایکی درێژ کرد لەمڕۆ بەدواوە خاتوونی گەورەی کۆشکە دەبێت فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢٠

## بەسەر هاتی تووڕە بوونی (شا شمس) لە جۆدر

شەهرەزاد وتی :
بەیانی خەزنەداری پاشا چووە سەرای دەوڵەت، دوای کەمێك دەرگای گەنجینەی پارەی بۆ پێویستی دەوڵەت کردەوە روانی هیچی تیا نەماوە ! نەقفڵ شکاوە نەشوێنەواری کردنەوەی پێوە دیارە ! بۆیە کەوتە هاوار هاوار! بووڕایەوە. کە بە ئاگایان هێنایەوە بە هەڵەداوان و لە خۆدان خۆی گەیاندە کۆشکی (شاشمس)، کە پاشای تێگەیاند پرسی:
هەردوو خورجەکەش؟ خەزانەدار وتی:
بەڵێ گەورەم! پاشا لێی تووڕە بوو وتی:
ئەمە پیلانی خۆتە! ! لێی دەکۆڵمەوە! ئەمجا شوێنی کەوت کەسەیریان کرد شوێنەواری دزەکەی بە هیچ شێوێکەوە نییە، شا تووڕە بوو هاواری کرد :
( ئەمەکێ یە لە زۆردای من، ناترسێت و وێراوی یەتی ئەم دزی یە بکات؟!

سەرکردەکانی سوپا و وەزیران هاتنە لای شا (شەمس) و وتیان:

ئەم کارە چۆن رووی داوە؟ لە کاتێکدا هەموویشیان لەوە دەترسان کە شا لێیان تووڕە بێت! شاشمس وتی:

ئەوە خەزنەدارە لێی بپرسن! خەزنەدار وتی:

کە دەوامی دوێنێ تەواو بوو، گەنجینە پڕ بوو، منیش دەرگام لە سەر داخست، ئەم بەیانی یە کە دەرگای دەکەمەوە هیچی تیا نەماوە! نەقفڵ شکاوە! نە پاسەوانان هیچیان دیوە و هیچیان لێ هاتووە!

پاسەوانی تیر ئەنداز ئەو پیاوەی هەواڵی شەڕی سالم و سەلیمی برد بۆ پاشا و باسی دوو خورجەکەی بۆ برد، خۆی کرد بەلای شا شمس دا کڕنووشی بۆ برد و وتی:

گەورەم ئەمشەو هەر چاودێری کۆشکێکم دەکرد کە جۆدری برای سالم و سەلیم ئەو دوانەی گرتن و بەندت کردن دروستی دەکرد، هێندەی بە دەورەوە بوو ! کاریان دەکرد سەرم سوڕمابوو! هەر شەو تەواویان کرد کۆشك چی؟ لە ژیانمدا کۆشکی وا جوان و رازاوەم نەدیوە! سالم و سەلیمی برایشی لەوێ بوون، هەر نازانم چۆن لە بەندیخانە دەری هێناون و ئازادی کردوون؟

شاشس چەند پاسەوانێکی نارد بۆ بەندیخانە! کە هاتنەوە وتیان:

گەورەم تیرەنداز راست دەکات! بەڕێوبەری بەندیخانەش زۆر ترسابوو. هەر خەریکی لێکۆڵینەوە بوو. ئەمجا پاشا زۆر تووڕە بوو. وتی :

کەوابوو دوژمنی خۆم بۆ دەرکەوت. هەر لەوێدا فەرمانی دا : ( ئادەی (٥٠)سەرباز کۆ بکەنەوە بڕۆن جۆدر و(٢)براکەیم بۆ بگرن و بە دەستی بەستە بۆم بێنن با هەر لێرەدا لە سێدارەیان بدەم، تووڕە بوو هاواری کرد خێرا بڕۆن.

وەزیرێك هەستاو کڕنووشی بۆ شاشمس برد و وتی:

گەورەم پەلەمەکە و ئارام بە ! کەسێك هێندە بە توانا بێت بتوانێت :

لە شەوێکدا گەورەترین کۆشك و رازاوە ترین دروست بکات، هەروا بە ئاسانی ناگیرێت! بنێرە بە دووی و بانگهێشتی ماڵی خۆتی بکە! ئەمجا پرسیاری لێ بکە. تاکو بزانین هێز و توانای چەندە؟ گەر لاواز بوو. ئەوا بیگرە و لە سێدارەی بدە! خۆ گەر بەتوانا بوو زانیت زاڵ نابیت بە سەری دا ئەوسا بەهەمووومان بە فێڵ کردن لە گەڵیدا زاڵ دەبین بەسەریدا. شاشمس هێور بووەوە. ئەمجا فەرمانی دا بە میرێك کە لە کۆڕەکەدا بوو ناوی میر (عسمان)بوو، تاکوبچێتە لای جۆدر و بانگهێشتی لای شاشمسی بکات. کە میر (عسمان) بە سەربازەکانی یەوە گەیشتە بەردەرووازەی کۆشك، پاسەوانێکی قولەڕەشی بینی، پێی وت :

دەمەوێت جۆدر ببینم! قوله ڕەش کەشانی دادابوو ڕاست نەبووەوە بە ڕاشکاوی یەوە وشان دا دانەوە وەڵامی دایەوە، میر(عسمان) تووڕە بوو وتی:

ئەوە شوورەیی ناکەیت!؟ من میرێکم ئاوا وەڵامم دەدەیتەوە؟

قوله ڕەش گوێی پێنەدا ! سەربازێك پەلاماری دا لێی بدات، قوله ڕەش کە(شەیتان) بوو چووبووە شێوەی قولەرەشەوە (٤)بۆکسی لێدا سەرباز خەڵتانی خوێن بوو. ئەمجا (٤٩) سەربازەکە ئەو شەڕەیان پێ ناخۆش بوو شمشێریان لە (شەیتان)ە کە هەڵکێشا و پەلاماریاندا. ئەویش دەرزییەکی بچووکی بە دەستەوە بوو، دەیکرد بە هەر سەربازێکدا دەیکوشت. هەموویانی ڕاونا ! گەڕانەوە .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢١

شەهرەزاد وتی:

کە میر (عسمان) گەڕایەوە سەری داخست، پاشا پرسی :

ها جۆدر چی وت؟ میر عسمان :

بۆی گێڕایەوە . چۆن قوله ڕەشێکی . دەرگاوان:

گاڵتەی پێ کردووەو لەبەری هەڵنەستاوە . ئەمیش دەرزییەکی بەدەستەوە بوو سەربازێکی نێو (٥٠) سەربازەکە پەلاماری داوە بە شمشێرەکەی بیکوژێت . چۆن ئەویش بە دەرزییە کە شەڕی لەگەڵ کردووە و هەموویانی هەڵبڕی پاشا زۆر تووڕە بوو. فەرمانی دا ئەفسەرێکی دی (١٠٠)سەرباز ببات و بڕوات بۆ قوله ڕەش. دوای کەمێك شەیتانەکە ئەوانیشی هەڵبڕی بوو. ئەمجا شاشمس فەرمانیدا ئادەی (٢٠٠)سەرباز بنێرن . ئەمجارەش هێندەی پێ نەچوو هەموویان بەسەرو دەست شکاوی گەڕانەوە!

ناچار پاشا وەزیری بەرگری بانگ کرد و وتی:

سەربازێکی زۆر زۆر ببە و خۆت پێشەنگی یان بە وەزیر وتی:

قوربان ڕێگەم بدە قسە بکەم! شاشمس وتی:

فەرموو، وەزیر وتی:

ئەمە وانابێت! ئێستا هەر خۆم دەچم، بەرگی سپی لەبەر دەکەم تەزبێحێك بە دەستەوە دەگرم و جۆدر دەبینم. پاشا وتی:

چۆنت پێ باشە وابکە، کەوەزیر گەیشتە لای قوله ڕەشی شەیتان سڵاوی لێکرد . ئەویش وەڵامی دایەوە، ئەمجا لە تەنیشتی دانیشت! دواتر وتی:

(شاشمس)، منی ناردووەو من وەزیری ئەوم، تاکو بانگهێشتی بکەم بۆ مالّی پاشا !
قولەرەش وتی:
دابنیشە با بچم بە گەورەم بلّێم، دوای کەمێك هاتەوە و وتی :
گەورەم دەلّێت بابێت خۆم قسەی لە گەلّ دەکەم. وەزیر وتی:
بە خۆشحالّیەوە . شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢٢

شەهرەزاد وتی:
کە وەزیر سەیری کۆشکی کرد سەری سوڕما! لە ژیانیدا کۆشکی وا جوان ورازاوەی نەدی بوو! کۆمەڵێك کەنیزەکی بینی شاشمس بە خۆیەوە نەدی بوو! هێندە جوان وخان و مان بوون، یەك جۆر بەرگیان لە بەر دابوو. کەچووە ژووری جۆدر سەیری هۆلّەکەی کرد و سەرنجی فەرشەکانی ئەو ژوورەی دا بۆی دەرکەوت لە دنیادا لە وێنەی نیە! ! ئەمجا دوای سلاّو کردن و بەخێر هێنان وەزیر وتی :
قوربان شاشمس هێندەی خۆش دە وێت منی وەزیری ناردووە . تاکو پێت بلّێم:
حەز دەکەم ببێتە میوانم و گەورەمان بکات! !، جۆدر پێکەنی و وتی:
سلاّوی منی پێ رابگەیەنە وبلّێ . جۆدر کە هێندە منی خۆش دەوێت با ئەو بفەرمووێت و من میوانداری بکەم! وەزیر وتی:
گەورەم پێی دەلّێم. ئەمجا خواحافیزی کرد و رۆیشت، کە وەزیر گەیشتەوە لای (شاشمس)، زۆرگرنگ کۆشکی جۆدری بۆ باس کردن ئەمجا وتی:
جۆدر دەلّێت با پاشا بفەرمووێت بۆ مالّی من! ! پاشا کە مەبەستی بوو، بە وەزیران و ئەفسەرانی وت:
دەلّێن چی؟ با هەر ئێستا بچین! ! ئەوانیش رازی بوون، ئەمجا هەوالّیان نارد کە پاشا تەشریف دێنێت ! لەو لایشەوە جۆدر موستیلەکە بادا . دێو ئامادە بوو. جۆدر وتی:
وەزیرامان بە پۆشتەیی ناردوە، ئێستا دەمەوێت دێوێکی زۆر لە شێوەی مرۆڤدا ئامادە بکەیت نوێ ترین چەکیان پێ بێت، بە دوو ریز لەم بەرو ئەوبەری دەروازەی کۆشك بیان وەستێنیت، تاکو شا شمس کە هات هەیبەتی من بزانێت بترسێت! ! دێوە ون بوو، دوای کەمێك (٢٠٠) سەربازی لە شێوەی مرۆڤدا ئامادە کرد بە نوێ ترین چەکەوە و لەم بەر و ئەو بەری دەروازەی کۆشك ریزی کردن،

## سەر بووردەی کرنووش بردنی شاشمس بۆ جۆدر

شاشمس خۆی و وەزیرەکانی بەرەو ماڵی جۆدر بوونەوە، ژمارەیەکی زۆریش چەکداری پاسەوانیشیان لە گەڵ خۆیان برد، کە گەیشتنە بەر کۆشك ئەو (٢) ریزە سەربازە پاڵەوانەیان بینی بە نوێ ترین چەکەوە، ترس دایگرتن .

ئەمجا چوونە ناو کۆشك، کەوتنە سەرنج دان، چوونە ژوور و بەردەم (جۆدر) پاشا کەوتە قسە کردن، وتی:

ئەگەر هەڵەیەکمان کردبێت داوای لێبوردن دەکەین، جۆدر کە لەبەری هەڵنەسابوو، وتی :

ئەڵبەتە، هەڵە هەیە بۆیە بەخشین پەیدا بووە ! کەشاشمس سەرنجی دا جۆدر پێی نەوت: دابنیشە ترس چووە دڵی یەوە بەخۆی وت:

پێ دەچێت رقی لەوە هەستابێ کە (٢) براکەیم زینـدانی کردووە ! بۆیە بەم شیعرە داوای لێبوردنی کرد:

ئەی نەجیب زادەی بە رەوشت و خوو
لێمان ببوورە لەوانەی کە بوو
گەر ئێمە دەرحەق ئێوە خراپ بووین یان
ئێوە بۆمن رۆیی و بەسەر چوو !

شاشمس هێندە پاکانەی کرد جۆدر لێی خۆش بوو، پێی وت:

فەرموو دابنیشە ئەمجا دانیشت بەرهەردوو براکەی وت:

ئادەی سفرە رابخەن خواردن بێنن، پاشا و وەزیران دەستیان کرد بە نان خواردن، دوایی جۆدر فەرمانیدا بەرگی نوێیان بۆ وەزیرانی پاشا هێناو پێیان بەخشین و هەموو، بەرگی دانسقە بوو خواخافیزیان کرد، پاشا هێندەی خۆ بەرەو پێشەوە بوو کە هەفتەی چەند جار دەبووە میوانی جۆدر، وای هێهات لە کۆشکی جۆدردا فەرمانڕوایی دەکرد . شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦٢٣

## جۆدر دەبێتە زاوای شاشمس

شەهرەزاد وتی:

ماوەیەکی باش . پاشا و جۆدر تێکەڵ بوون، بەڵام پاشا لە دڵەوە هەر دەترسا! ڕۆژێکیان راوێژی بە گەورە وەزیری کرد و وتی:

دەزانیت ئێستا من هەر لەم جۆدرە بە دەسەڵاتە دەترسم!؟ وەزیر پرسی:

بۆچی؟ پاشا وتی:

ڕۆژێك بێت سوڵتەم لە دەست بسەندێت و خۆی ببێتە پاشا! دیسان رقی گرتنی هەر دوو براکەی هەر لە دڵدا بێت و تۆڵەم لێ بکاتەوە وەزیر سەری داخست، پاشا دیسان وتی:

وەزیر راوێژت بۆیە پێدەکەم ڕێگە چارەم بۆ بدۆزەوە، وەزیر وتی

زۆر ئاسانە! پاشا وتی:

ئادەی چۆن ؟ بەقوربانی دەمت بم ؟، وەزیر وتی:

جۆدر ڕەبەنە تۆیش کچێکی هێندە جوانت هەیە کە لە شاردا وێنەی نییە! !

کارێك دەکەین داوای کچەکەت بکات! ! ئەمجا ئەوەش بزانە ئەو جۆدر لە تۆ بە توانا ترە! لە تۆش دەوڵەمەند ترە! خەمت نەبێت چاو نابڕێتە شوێنەکەت و ئارەزووی پاشایەتی ناکات! ! پاشا وتی:

خوا پاداشتت بداتەوە کە ئاوا دڵخۆشت کردم باشە چی دەکەیت تاکو جۆدر داوای کچەکەم بکات!؟ وەزیر وتی:

ڕۆژێك بانگهێشتی جۆدر بکە و لە ماڵی خۆتان خواردن بکەن، منیش بانگ بکە لای خۆیەوە دادەنیشم، ئەمجا ئامۆژگاری ژنەکەت بکە با کچەکەت برازێنێتەوە، ئەمجا با چەند جارێك کچەکەت بە بەردەم دەرگا کراوەکەی هۆڵی نان خواردنەکەتاندا بڕوات و بێت، لێم روونە کچەکەت هێندە شۆخ و ناسك و نازدارە سەرنجی جۆدر رادەکێشێت. ئیدی ئەوە و دوای بدە دەست خۆم، پاشا هەستاو ناوچەوانی وەزیری ماچ کرد و وتی:

خۆت و غیرەتت! ! وەزیر وتی:

گەورەم کە بووە زاوات ئیدی تۆش وەکو ئەوت لێ دێت.

پاشا جۆدری دەعوەت کرد خواردنێکی نایاب لە ماڵی دا پێشکەش درا. وەزیر لای جۆدرەوە دانیشت بوو. لە کاتی نان خواردن دا کیژەی پاشا بە جوانترین بەرگەوە بە بەردەم دەرگای هۆڵەکەدا هات و چوو، کە جۆدر کیژەی بینی هەناسەیەکی هەڵکێشا! ڕەنگی تێکچوو! وەزیریش چاودێری دەکرد، بۆیە لە جۆدری پرسی :

ها ئەوە بۆ رەنگت تێکچوو؟ خۆ هیچ نەبووە؟ جۆدر سەری نایە سەر گەورە وەزیرەوە و پرسی:

ئەو کچەی بە بەر ئەو دەرگایەدا دێت و دەچێت زۆرجوانە بڵێی کچی کێ بێت!؟ وەزیر وتی:

گەورەم ئەوە کچی پاشای خۆمانە! فەرمانیشت بە چی یە؟ سەرم لە رێتایە! جۆدر وتی:

کەشتەکە وای لێهات تۆ خۆت بۆم داوا بکە مارەییەکەشی هەرچی یەك بێت ئامادەم بیدەم! !، وەزیریش وتی:

بەچاوان منیش درێغی ناکەم، دواتر وەزیر بە نهێنی بە پاشای وت:

گەورەم بەئاواتی خۆمان گەیشتین و جۆدر، بە منی وتووە کە داوای کچەکەت بکەم بۆی! دەیوت:

هەرچییەك مارەیی داوا بکات بە چاوان! ! شاشمس وتی:

مارەییەکەی هەر ئێستا گەیشت، دەستت خۆش بێت گەورە وەزیری زانا، ئەو چاکەیە لە گەڵت کردووین کچەکەمانی پەسەند بووە .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو .

## شەوی ٦٢٤

شەهرەزاد وتی:

رۆژی دواتر گەورە وەزیر مژدەکەی گەیاندە جۆدر و پیرۆزبایی پێوت ئەمجا شاشمس رۆژێکی دیاری کرد و جۆدر و براکانی لە ماڵی شاشمس ئامادە بوون قازی و چەند شایەت لەوێ بوون، مارە برین کرا و پاشا وتی:

پێشەکی مارەیی گەیشتووە، ئەمجا وەزیران ومیوانان پیرۆزبایی یان کرد. فەرمان درا شار رازایەوە، لە هەموو سەر کووچەو کۆڵانێك خواردن بۆ خەڵکی دانرا، مارەیی کچە پاشا خورجی زێڕ و زیوەکە بوو، دوای ئەوەی زاوا زێڕ و زیوێکی زۆری لە ملوانکە و گەردانەومبازنگ دەرهێنا و کردی بە باڵای شازادەی تازە بووك دا. ئیتر ماڵی شاشمس و جۆدر بوونە یەك، پاشا تا ئەو دەمەی مرد بێخەم بوو، ئەمجا وەزیران و هاوڵاتیان چەند جارێك، داوایان لە جۆدر کرد جێ نشینی شاشمس بێت ئەو پەسەندی نەبوو، دواتر رازی یان کرد و بووە پاشا ! جۆدر سالی برای کردە وەزیری دەست راست و سەلیمی کردە وەزیری دەستە چەپ .

# چیرۆکی کوشتنی جۆدر و سەلیم بەدەستی سالم

## کوژرانی سالم لە سەردەستی ژنی جۆدر دا

(سالم) بە (سەلیم)ی برای وت باشە تاکەی ئێمە دەبێت لە بەردەستی جۆدردا کۆیلە بین؟ سەلیم وتی:

بڵێم چی برا جوانەکەم!؟ سالم وتی:

چۆن بڵێیت چی!؟ با فێڵێکی لێ بکەین لە ناوی بەرین! ! سەلیم وتی:

برگیان ئەو فرِوفێڵتە مەگەر هەر خۆت بزانیت! سالم وتی:

باشە دیارە تۆیش پێت خۆشە، کەوابوو خۆم دەیکوژم بەو مەرجەی خۆم ببمە پاشا! تۆش دەبیتە وەزیری دەستە راست، موستیلەکە بۆ من! خورجی خواردنەکەش بۆ تۆ!

سەلیم کەمێ راما ! ئەمجا پەسەندی کرد، سالم وتی:

من هەر پیلانێکم دانا تۆ هێندەت لەسەرە، سەری رەزامەندیم بۆ بلەقێنت لای جۆدری براماندا . (سەلیم) وتی:

زۆر باشە وادەکەم. رۆژێکیان کە میوانی ماڵی (جۆدر) بوون، سالم وتی :

براجوانەکەم ئێمەش ماڵمان هەیە حەز دەکەین دەعوەتی تۆ بکەین! ! ئاخر تۆ زۆر بۆ ئێمە بەخشندە بوویت، پارمەتیەکی زۆری ئێمەت داوە! بەڵام روومان نایەت چونکە بەراستی ئەوەش لە سەر سفرەی ئێمە دەیخۆیت هەر هی خۆتە جۆدر کەمێ راما و ئەمجا وتی:

باشە بە چاوان دێم بەڵام یەکەمجار میوانی کامتان بم؟ دوای کەمێك بێدەنگی سالم وتی:

یەکەمجار میوانی من بە دواتر بچۆ ماڵی (سەلیم)گیانیش، دوای چەند رۆژێك (سالم) بیری جۆدری خستەوە و رۆژێکیان دیاری کرد. سالم کەوتە، خۆ ئامادە کردن بۆ ئەو رۆژە، سالم زۆر بە وریایی خواردنەکەی جۆدری برای ژەهراوی کرد، ئەمجا موستیلەکەی لە پەنجەی دەرهێنا و کردیە پەنجەی خۆی و خولی دا دێوەکە ئامادە بوو وتی:

(فەرمان بدە و جێ بەجێ بکەم) سالم وتی:

هەر ئێستا ئەم (سەلیم)ی باریەم بۆ بکوژە ئەمجا هەردووکیان ببە لە سەربازگەی مەملەکەتدا فرێ یان بدە. کە دێوەکە ئەو دوو لاشەیەی برد و فرێی دایە بەردەم ئەفسەران و دەرجە داران ئەوان خەریکی نان خواردن بوون، هەموویان دەستیان لە خواردن کێشایەوە، سەریان لێ تێك چوو ! ئەمجا (سالم) هات و وتارێکی بۆ خوێندنەوە، تیایدا پێی وتن:

من خاوەنی ئەم هێزەم موستیلەی بادا دێوەکە لە بەر دەمیدا وەستا و خەڵکە کە زۆری لێی ترسان. ئەمجا وتی:

پێتان خۆش بێت یان نە! ! من دەچمە شوێنی براکەم و دەبمە پاشاتان، ئەگرنا ئەوا فەرمان بەم دێوە دەدەم مەملەکەت بەسەر یەکدا بتەپێنێت! ئاخۆ پەسەندم دەکەن بە پاشای خۆتان؟ یان نا ئەوانیش لە ترسدا هەموویان پەسەندی یان کرد، دوای چەند رۆژێك کردی یە سەر براژنەکەی و وتی:

هەر دەبێت شووم پێ بکەیت! براژنەکەی هەواڵی بۆ ناردەوە کە دەبێت ماوەی شەرعی خۆی تەواو بکات ئەمجا، (سالم) تووڕە بوو. هەواڵی نارد کە ماوەی شەرعی (٣) مانگ و ئەوانە نازانم دەبێت بە زوترین بتگوێزمەوە. براژنەکەی چارەی ئەو زۆردارەی نەما. بۆیە رازی بوو. لە چەند رۆژێکدا براژنەکەی خۆی مارە کردەوە و گواستییەوە. بووکە رووی خۆشی پێدا و فریوی دا، هەر ئەو شەوە ژەهری لە ئاو بۆ کرد و (سالم)ی کوشت، موستیلەکەی کردە پەنجەی و دەستی گرت بەسەر ئەو کۆشکە ئەنتیکەدا، هەردوو خورجەکەی هەڵ تەکاند و دڕی ئیدی سێحرەکە ون بوو. ئەمجا خەڵکەکەی کۆ کردەوە پێی را گەیاندن پاشای نوێ بەدکار و زۆردار بوو تیاچوو دەنێرم بە شوێن پیری موسڵمانان دا بێت و راوێژی پێ بکەن پاشایەکی بەداد و نەفس بەرز و بەویژدان بۆ خۆتان هەڵبژێرن، ئا بەو شێوەیە کۆتایی بەو بەسەرهاتە هات.

## شەربووردەی (عەجیت) و(غەریب)

دەگێڕنەوە پاشایەکی زۆر زۆردار هەبوو هاوڵاتیان لێ دەترسان مەملەکەتانی دەوروبەر بە مەترسیداریان ناو دەبرد، ئەم پاشایە پیر بوو بوو ئەمجا خوا کوڕێکی پێ بەخشی پاشا زۆر دڵی پێی خۆش بوو.

(دایەن)ی بۆ گرت شیردەریان بۆهێنا و زۆر بە جوانی پەروەردەیان کرد تاکو شازادە تەمەنی گەیشتە (٧)ساڵان، ئەمجا پاشای باوکی (کاهن)ێکی بۆ گرت تاکو فێری خوێندەواری بکات و شارەزای ئاینی خۆیان بکات. (٣)ساڵ ئەم کاهنە فێری زانست و زانیاری کرد ئەمجا پاشا چەند پاڵەوانی بۆ بەکرێ گرت فێری شەڕە و شیر و تیرئەندازیان کرد. لە تەمەنی (٢٠) ساڵاندا پاڵەوانێکی لێ دەرچوو ناوبانگی دەرکرد. ئەم کوڕە کە ناوبانگی خۆی بیستەوە کەوتە کاری خراپ کردن و کچ هەڵگرتن و پەلامار دانی سوپێی مەملەکەتەکانی دەرو دراوسێ سکاڵای خۆیان برد بۆ باوکی ! باوکیشی (٥) پاڵەوانی تایبەت بەخۆی هەبوو زۆر زۆر نازا بوون. رۆژێك رقی لە کوڕەکەی هەڵ دەستێت و فەرمان بەو (٥) پاڵەوانە دەدات :

( بڕۆن ئەو سەگەم بە دەستی بەستەوە بۆ بێنن! ! ). ئەوانیش دەڕۆن ودەیگرن قۆڵبەستی دەکەن! ! ماوەیەك لە بەندیخانە توندی دەکات، دوایی ئازادی دەکات. کوڕەکەی ئەم کینەیەی لەدڵدا دەمێنێتەوە بەرامبەر باوکی، دوای (١٠) ساڵ، باوکی خۆی دەکوژێت، ئەمجا خەڵکەکە و وەزیرانی دەوڵەت کۆ دەکاتەوە و هەڕەشەیان لێ دەکات و دەڵێت دەبێت بە پاشای خۆتان پەسەندم بکەن، ئەگەرنا لە باوکم ئازیزتر نین! ! هەموتان دەکوژم، وەزیران زۆر دەترسن، بۆیە هاوار دەکەن کە ئێمە کوڕە پاشامان پەسەندە! ! ).

ئەمجا (عەجیب)ی کوڕە پاشا بووە پاشا فەرمانی دا خەزێنەی مەملەکەت ببەخشنەوە بەسەر هەژاراندا دوای چەند مانگێك ئەمەندە بۆ خەڵکەکە باش بوو هەموویان خۆشیان دەویست، دەستی کرد بە بەخشینەوەی پارە و سامان بەسەر سەرۆك خێڵانی دەشتەکی عەرەبدا. بەسەر جەردە و ڕێگراندا کارێکی کرد هەموو خۆشیان ویست . (٥) مانگ حوکمی کرد.

## چیرۆکی خەونەکەی عەجیب و منداڵ بوونێکی سەمەرە!

شەوێکیان شاعەجیب خەونێکی هێندە ترسناکی بینی تاکو بەیانی نەتووستەوە و ئەم دیوو ئەو دیوی کرد، بۆ بەیانی کە چووە سەر تەختی پاشایەتی وەزیران بە لای دەستی ڕاست و دەستی چەپیدا دەستە ونەزەر وەستان، ئەفسەران و گەورەپیاوانی مەملەکەت لە دەوری بوون. شاعەجیب فەرمانی دا هەر ئەمڕۆ هەموو ئەستێرەناسان و فاڵچیان و ئەوانەی ڕەمڵ لێ دەدەن کۆبکەنەوە، دوانیوەڕۆی ئەو ڕۆژە لە گەڵیان کۆبووەوە پاشا دەستی بە گێڕانەوەی خەونەکەی کرد، وتی:

ئەمشەو لە خەوم دا هەموو گوێگران وتیان:

خوا بەخێری بگێڕێت!! پاشا دەستی بە سنگەوە بۆ گرتن ئەمجا لە سەری ڕۆیشت باوکم، کە مردووە، لە بەرامبەرم دا وەستابوو ژان گرتی! زیندەوەرێکی لێ هاتە دەرەوە بەهێندەی هەنگێك منیش زۆر سەرم سوڕما بوو، هەر سەیری ئەو زیندەوەرە بچووکەم دەکرد سەرنجم دا گەورەبوو گەورەتر بوو! ! تاکو بووە شێرێك ئەمجا سەیرم کرد نینۆکەکانی وەکو خەنجەر وابوون! لە پڕێکدا پەلاماری منی دا منیش هاوارم کرد و ڕامکرد لە ترساندا خەبەرم بووەوە. ئەوانەی خەویان شی دەکردەوە سەیری یەکتریان کرد، کەوتنە مقۆمقۆ دوایی یەکێکیان کە گەورەی ئەوانی تر بوو وتی:

قوربان هەموومان گەیشتینە ئەم شیکردنەوەیە ( کەسێك لە بەرە بابت لێ پەیدا دەبێت هەوڵی کوشتنت دەدات!! ). شاعەجیب وتی:

درۆ دەکەن! چونکە من هیچ برایەکم نیە لە بەرە بابم! ! ئەمجا فەرمانی دا ئادەی ئەو کۆمەڵەی خەون شی دەکەنەوە بیان گرن و لێیان بدەن، پاسەوانان ئەوکۆمەڵە ئەستێرەناس وخەون زانانە فەلاقە دەکەن. شەو دەگەڕێتەوە مال بیر دەکاتەوەو بەخۆی دەڵێت کێ دەڵێت ئەو خەون شیکەرەوانە راست ناکەن؟ دەبێت هەر ئێستا لێ پێچینەوە لە کەنیزەکەکانی باوکم بکەم، ئەمجا فەرمانی دەدات با هەموو کەنیزەکانی کۆشك کۆببنەوە. کە کۆ دەبنەوە دوای لێکۆڵینەوەیەکی فرە کەنیزەکێکی پیشان دەدەن سکی (٧)مانگ دەبێت ! دەڵێن: ئەم سکە لە باوکی رەحمەتیت بووە! کەنیزەکەش دانی پیا دەنێت، بۆ رۆژی داوتر . (٢)کۆیلە بانگ دەکات و کەنیزەکیان دەداتە دەست و دەڵێت بچن لە دارستانێکدا ئەم کەنیزەکەم بۆ بکوژن! دوو کۆیلە کەنیزەکە دەبەن و دەرۆن، لەوێ کەسەرنج دەدەن کیژێکی زۆر نایاب و جوانە، لە نێو خۆیاندا پێیان باش نیە ئەم ژنە جوانە تیابچێت. دەڵێن دەیبەین بۆ خۆمان! ئەمجا دەبێتە شەڕیان لە سەر کەنیزەکە ماوەیەك یەك دەهێنن و دەبەن، هێندە دەزانن چەند رم بە دەستێکی رەش پێست لێیان پەیدا دەبن دوای شەڕکردنێکی گران هەردووکیان دەکوژرێن کەنیزەکەکە لە نێو دارستانەکەدا ژیان بەسەردەبات کە (٩)مانگە تەواو دەکات کوڕێکی رەشتاڵەی جوانی دەبێت، لەدارستانەکەدا ناوکی دەبڕێت و لە هەندێ کۆتاڵی بەری خۆیەوە دەئاڵێنێت. ئەمجا بیری ئەو نازو نیعمەتەی جارانی خۆی دەکەوێتەوەو خەفەت دەخوات . شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢٥

شەهرەزاد وتی:

رۆژێکیان کەنیزەکەکە لە دارستانەکە دا شیری منالە بەرمەمکانەی دەدا کۆمەڵێکی زۆر لە راوچیان خۆیان بەو دارستانەدا کرد و توولە تانجی سەگی راویان پێ بوو. سوارەکان چەندین . کەروێشك و قاز و مراوی و ئاسك و کەڵەکێوی وبەچکە نەعامەیان بە قەڵپووزی ئەسپەکەیاندا هەڵواسی بوو. ئەمانە عەرەبی دەشتەکی رەشماڵ نشین بوون. لە گەرمەی راوەکەیاندا چەند ئەسپ سوار کەنیزەکەکەیان بینی و پرسیان:

تۆ کێی؟ ئادەمیزادیت یان جنۆکەیت!؟ کەنیزەکەکەش بە ترسەوە وەڵامی دانەوە ئادەمیزادم ئەی پیاوانی عەرەبی دەشتەکی بە ویژدانان! سوارەکانش هەواڵیان بردە وە بۆ

سەرۆکەکەیان کە ناوی مرداس بوو سەرۆك هۆزی (بەنی قەحتان)بوو، ئەم سەرۆکە (٥٠٠) راوچی هێنابوو بۆ راو وشکار، سوارەکانی دابەزاند و فەرمانی دا بحەوێنەوە. خۆیشی کەنیزەکەی بردە رەشماڵەکەی خۆیەوە و هەواڵی پرسی:

کەنیزەکەش چی بەسەرهاتبوو بۆی گێرایەوە، ئەمجا فەرمانی دا خۆیان کۆبکەنەوە و دەست بەکار بکەن و خەریکی راو بن.

ئێوارەی ئەو رۆژە گەڕانەوە ناو هۆزی( بەنی قەحتان)، سەرۆك (مرداس) فەرمانی دا رەشماڵێکیان لەولا خۆیەوە بۆ هەڵدا (٥) کەنیزەکی بۆ نارد تاکو پەزێرایی بکەن، دوای ماوەیەك مرداس هێندەی ئەم کەنیزەکە خۆش ویست مارەی کرد. دوای ماوەیەك کەنیزەك سکی پڕ بوو نۆ مانگە ونۆ رۆژەی بەسەر برد و خوا کوڕێکی رەشتاڵەی جوانی پێبەخشین ناوی یان نا (سهیم اللیل) و غەریبی کوڕی کە لەو دارستانەدا و لە غەریبی دا لە دایك بوو برایەکی بۆ بوو! ئەمجا (مرداس)ی مێردی کەنیزەکەکە زۆر بە جوانی هەردووکیانی پەروەردە کرد کە تەمەنیان بووە (٧)ساڵان، باوکیان مەلای بۆ گرتن و فێری خوێندن و نووسینی کردن، لە گەڵ شەرعیەت دا. هەروەها ئەدەب و مێژوو، کاتێك (غەریب) و (سهیم) تەمەنیان گەیشتە (١٥ و ١٦ )ساڵان . باوکیان هەردووکیانی ناردە بیابان و بەردەست پاڵەوانانی شەرە شیر و تیر ئەندازان تاکو بوونە ٢) پاڵەوان دەستیان بۆ رادەکێشراو باس دەکران گەر هەر یەکەیان (١٠٠) کەسی بۆ بهاتایە مەیدان لێیان نەدەترسا ! هەرچەند (مرداس)ی باوکیان سەرۆکی ئازاترین هۆز بوو، بەڵام دوژمنیشی هەبوو، هاوارییەکی (مرداس) ژن دێنێ، بانگی دەکات بۆ ئاهەنگەکەی (مرداس)یش (٤٠) سواری هۆزەکەی لە گەڵ خۆی دەبات و (٣٠٠) کەسێك لە نێو هۆزە دەمێننەوە بۆ پارێزگاری کردن لە خێزانەکان. لە هەموو لایەکەوە میوانان ئاهەنگی :

(حسان)ی کوڕی (سیدسابت) خۆش دەکەن. دواتر هەر کۆمەڵەو بەرەو هۆزی خۆی دەبێتەوە، کە (مرداس) گەڕایەوە و گەیشتەوە ماڵ سەیری کرد (٢)لاشە کەوتوون و داڵ و واشە گۆشتیان دەخۆن، زۆر ترسا، (غەریب)ی کوڕی بینی و پرسی:

چی رووی داوە؟ ئەویش وتی:

بەڕاستی لەگەڵ براکەمدا(١٠٠)سوارمان برد و کە ئێوە رۆیشتن چووینە راو! هۆز چۆڵتر بوو بوو. ( حمل کوڕی ماجد) هێرشی کردۆتە سەر هۆزەکەمان خەڵکێکی زۆریان لێ کوشتووین، ژن و مناڵانیان بە دیل بردووین! لە نێویاندا (مەهدی یە)ی خوشکم، تومەز حەملی کوڕی ماجید، کاتی خۆی پیاو ماقوڵانی هوزەکەی دەنێرێتە خواز بێنی (مەهدیە)ی کچی (مرداس). ئەمیش دەست دەنێ بە روویانەوە وکچەکەیان ناداتێ لە بەر ئەمە (حەمل) ماوەیەکی باش چاودێری هۆزی (مرداس) دەکات. بۆ هەلێك دەگەڕێت تاکو لە تۆڵەی ئەو

رازی نەبوونـەدا شـالاّ و بـەرێت بـۆ هۆزەکـەیان ! ! هـەلی چـۆڵ بـوونی هـۆزەی کـچەکەی (مرداس) دەقۆزێتەوە و دەزانێت . لەم لایشەوە . دووبرا پاڵەوانەکە (١٠٠)پیـاوی هۆزەکەیان بردووە بۆ ڕاو. چەند چەکدارێك دەهێنێت و پەلاماری هۆز دەدات! !، زۆریان لێ دەکوژێت و ژن ومناڵیان بە تالاّن دەبات، ئەمجا بـە سـەرکەوتوویی دەگەڕێتـەوە ناوهۆزەکـەی خـۆی. کە ناوی هۆزی(بەنی نـەبهان) بـوو، کـە (غـەریب) و (سـهیم اللیـل)ی بـرای دەگەڕێنـەوە لە ڕاو کردن، ڕەشماڵەکانیان دەبینن سوتاون و ژن و مناڵانیان بە تالاّن بـراون! هـاواری (سەهیم)ی برای دەکات، دەڵێت ئادەی (سەهیم)چەکدارانی ئـازا . ئـەوەتا. هیـچی هۆزەکـەمان نـەماوە . بـاهێرش بکەینـە سـەر هـۆزی (بـەنی نـەبهان). لایـەنی کـەم ژن و مناڵـەکان لـە چـنگیان دەربێنین!!

ئەمجا دووبراکە لە گەڵ ئەو (١٠٠)سوارەیەدا. هەڵدەکوتێنە سەر هوزی (بەنی نـەبهان) و پەلاماریان دەدەن، بەسەدان کەسیان لێ دەکوژن و (غەریب) دەگـەڕێت بـەدوای (مەهدیـە)ی خوشکیدا دەڕوانێت (حەمل) خستوویەتی یە بەردەمی خۆی و غار دەکات تاکو بیفرێنێت! ! غەریب بۆی دەچێت و دەکەونە پەلامار دانی یەکتری، (غەریب) سەری (حەمل) دەپەڕێنێت و خوشکەکەی ڕزگار دەکات، هەموو خێزانەکان دەهێنەوە، کەللـە سـەری (حـەمل) بەسـەری ڕمی (غەریب)ەوە بوو کە ئەو دوانیوەڕۆیە گەڕانەوە نـاو ڕەشماڵـە سـوتاوەکانیان. (غـەریب) ئەم شیعرەی وت:

لە جەنگا هێندە ئازا ناسراوم
هەتا(دێو)یش لەمن هەڵدێ لە تاوم
لە چەپم دا (مەرگ) خۆی مەڵاس داوە
بەلای ڕاستا کە شمشێرم دەهاوم
وەرە سەیری ڕمی تیژم لەجەنگا
بریسکەی دێ وەکو مانگی چەماوم
ئەگەر نەت بیستووە غەریبم ناوە
خەجاڵەت نین کە پیاوان بێنن ناوم!

(مرداس) کەسـەیری کوژراوەکـانی کـرد! ڕەشماڵـە سـوتاوەکانی بـینی، پـەژارە دایگـرت. ( غەریب) دڵی دایەوە و باسی ڕزگار بوونی خێزانەکانی هۆزی کرد و سوپاسی خوای کرد کە (مەهدی یە)ی خوشکی سەلامەتە. (مرداس)یش ئەملاولای (غەریب)ی ماچ کرد و وتی:

ڕەنج بە خەسار نەبووم لە گەڵ تۆدا! دەسـتت خـۆش بێـت، خەڵکەکـەش هـەموویان لە چواردەوریان کۆبوو بوونەوە. چەند کەسێکیان وتیان:

ئاغا گەر (غەریب) بە فریامان نەکەوتایە کەسمان دەر نەدەچوو .!

## سەر بووردەی دیل بوونی (مرداس) لە لای برای (حەمل)

(غەریب) کە خۆی (مهدیە)ی رزگار کرد بوو، بیری لەوە دەکردەوە کە ئاخۆ بۆچی داوای ناکات لە (مرداس)ی برای؟ ئەم نهێنیەی لای چەند هاورێیەکی باس کرد و راوێژی پێ کردن. (مرداس) لە زمانی خەڵکەکەوە بیستی یەوە! زۆر تووڕە بوو. دەستی کردە جنێودان بە خۆی و بە مانگ و خۆر، بە ئەو بێ کەمەکی یەی (غەریب) وتی:

تۆ سەیری بکە ئەم بێ مێشکە چۆن دەوێرێت چاو ببڕێتە کچەکەم!؟ ئەمجا یەکێك لە هاوارێ خۆشەویستەکانی بە گیرهێناو راوێژی پێکرد و وتی:

بڕیارم داوە بیکوژم!

هاوارێکەی وتی:

بە دەستی خۆت بیکوژیت:

ئەوە گونجاو نییە و خەڵك سەرزەنشتت دەکەن. چونکە دەمێك نیە کچەکەتی لە بە(دیل) بردن رزگار کرد. (مرداس) وتی:

ئەی باشە چی بکەم باشە؟ ئەویش وتی:

چاودێری بکە تاکو رۆژێك دەچێتە ڕاو، چەندکەسێك ببە و هێرش بکەنە سەری و بکوژن، لە سەرە رێیدا و لە لاپاڵی شاخەکەدا ئەشکەوتێکی لێیە خۆتی تێدابشارەوە هەر (١٠٠) چەکدارەکەی بکە سەر و پێیان بلا تانەیکوژن نەگەرێنەوە. (مرداس) وتی:

(ئەمە بیرۆکەیەکی زۆر رێك و پێکە) . شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢٦

شەهرەزاد وتی:

(مرداس) (١٥٠) شمشێر بازی هۆزەکەی ئامادە کرد و لە ناو دارستانی سەرە رێی (غەریب) خۆیان مەلاس دابوو، چاوەڕێی گەرانەوەی غەریب بوون، لەو لایشەوە کە هۆزەکەی (حەمل)ی کوژراو، هەڵدێن روو دەکەنە لای برایەکی (حەمل)، کە پاڵەوانێك بوو بۆ خۆی هانای بۆ دەبەن و باسی کوژرانی (حەمل)ی بۆ دەکەن. ئەویش . دوای تەعزیە و رێ و رەسمی (٥٠٠)سوارەی شمشێرباز کۆ دەکاتەوە و ئامادەی پەلامار دانی هۆزی غەریب دەبن. کە بەرێگا دێن و بەناو دارستانەکەدا تێ دەپەرن لوتیان دەتەقێت بەلوتی سەرۆك (مرداس) و(١٥٠)شمشێر بازەکەیدا. برای (حەمل) هاوار دەکات، بیان کوژن و ئەوەی خۆی دا

بەدەستەوە بە (دیل) بیگرن! ! . دوای شەڕ و پێکدادانێکی زۆر (٦٠)کەس لە پیاوانی (مرداس) دەکوژرێت و (٩٠)کەسیش بە (دیل)ی جەنگ دەبرێن لە نێو گیراوەکاندا (مرداس) دەبێت بە قوڵبەست کراوی.

گیراوەکان هێندە ئەشکەنجە دەدرێن مردن بە ئاوات دەخوازن!! (مرداس) لە دڵی خۆیدا دەڵێت ئەوە . لەبەر ئەوەی من ویستم غەدر لە غەریب بکەم بۆیە خواتووشی ئەم نەگبەتییەی کردم!! . برای (حەمل)ی کوژراو وهۆزەکەی ئەوشەوە کردیان بە ئاهەنگ و سەما . لەخۆشی تۆڵەسەندنەوەکەیان!

## سەربووردەی ئازاد کردنی (مرداس)و چەکدارانی لە لایەن غەریبەوە.

(سهیم اللیل)ی برای (غەریب)، خۆی کرد بە ڕەشماڵی (مەهدیە)ی خوشکیدا تاکو برینەکانی بۆ تیمار بکات. خوشکەکەی دەستەکانی ماچ کرد و کەوتە تیمار کردنی بە دەم قسەکردن و گریانەوە وتی:

( کاکە ئاگادار بە باوکم پیلانی بۆ غەریب داناوە . کە بیکوژێت . (١٥٠) کەسێکی چەکداری لە گەڵ خۆی بردووە، منیش چاودێریم کردوون ئێستا ئەوەتان لە دارستانی دۆڵەکەی سەرە ڕێی گەڕانەوەی (غەریب). تاکو هەر کە غەریب دەرکەوت ئەو هەموو چەکدارە پەلاماری بدەن و لە کاتی شەڕ کردندا (غەریب) بکوژن! ! کە (سهیم اللیل) ئەمەی بیست جلەکانی لە بەر کردەوەو شمشێری کردە قەدی دا و زرێپۆشی پۆشی و سوار بوو بەغار خۆی گەیاندە شوێنی ڕاوەکەی (غەریب). کە دۆزی یەوە، پێی وت:

دەی بەبێ من ڕاوی خۆت بکە! ئەمجا بردی یە لاوەو وپێی وت:

باوکم پیلانی بۆت داناوە بتکوژێت! چەکدارەکانی لە دۆڵەکەدا ئامادەن. غەریب سەری داخست و خەم دایگرت. (سهیم)وتی:

ئەوە منیش هاتووم، نەهێڵم ئەو پیلانە سەر بگرێت! ! لە گەڕانەوەدا بەو ڕێگەیەدا مەڕۆ! ! کەگەڕانەوە بەلای دارستانی دۆڵەکەدا ڕەت بوون ئەو ناوە کش و مات! لایان دا کەچوونە ناوەوە، زانیان دراوە بە سەریاندا و زۆریان لێ کوژراوە بە کوژراوانی برای (حەمل) دا بۆیان دەرکەوت کام هۆز پەلاماریان داون. بەرەو ڕەشماڵەکانی ئەو هۆزە بوونەوە ونیوە شەو گەیشتن. ئەمجا غەریب و(سهیم اللیل)، دزەیان کردە نێو ڕەشماڵانی هۆز گەڕان

گەڕان تاكو (غەریب (مرداس)ی بە قوڵبەست كراوی دۆزی یەوە، چوو لە لایەوە دانیشت پێی وت:

مامەگیان بێخەم بە مامیشی خۆی بۆ نەگێراو وتی:

رووزەرد خۆم! (غەریب)گەڕابوونەوە فێر كرابوون كە ئەسپەكانیان بكەنەوەو هەركەسێكی هۆزی خۆیان گەیشتەلایان ئەسپێكی بداتێ. خۆیشیان كە هاتن بۆ ئەم رەشماڵانەكۆمەڵە چەكی كوژراوانیان لە ئەسپەكانیان بار كردبوو. جا هەرچەند كەسێك بە دزی هۆزی (حەمل)ەوە كە دە چوونە كەنار رەشماڵان ئەسپێكیان وەر دەگرت . قەڵغان و شمشێریشیان وەر دەگرت و ئامادەی جەنگین دەبوون. كە هەموویان ئازاد كران . (غەریب) و(سهیم)یش چوونەوە كەنار رەشماڵان و پیلانی بۆ دانان چی بكەن. سوارەكان بە چوار دەوری رەشماڵانـدا هاواریان دەكرد، ئەوكێوانەش دەنگی دەدایەوە. پیاوانی هۆزی برای(حەمل)، پەلاماری شمشێریان دا و چونكە دنیا تاریك بوو، شەو بوو، كەس كەسی نەدەناسی یەوە، كێوەكانیش دەنگیان دەدایەوە! ئەمان سەریان لێ تێكچوو بەر بوونە گیانی یەكتری وتا رۆژ بووەوە لە خۆیان كوشت! كە دنیا رووناك بووەوە بە(٩٠) گیراوەكە و(غەریب) و (سهیم) و كۆمەڵەی راوچی، كەوتنە گیانیان ئەمان كینە لە دڵ وئەوان ماندووی جەنگی رۆژی پێشوو جەنگی خۆ بە خۆیان بە درێژی شەو ئەنجام هۆزی ( بەنو قەحتان) جەنگیان بردەوەو رشماڵانیان سوتاندن و زۆریان لێ كوشتن. ئەوانی كە نەكوژران هەڵاتن. (مرداس) و سوارەكانی (غەریب) و(سهیم)ی جوتە برا بەدڵخۆشی و سەربەرزی گەڕانەوە. كەگەیشتنەوە رەشماڵان او و خێزانان هاتن بە پیر جەنگاوەرەكانیانەوە و هەلهەلەیان لێدا. ئەمجا بەرامبەر رەشماڵی (مرداس) رشماڵێكیان بۆ(غەریب) هەڵدا كوڕوكاڵانی هۆزی (بەنوقەحتان) هەموو روویان كردە رەشماڵی (غەریب) . (مرداس)یش كە ئەمەی بینی زۆری پێ ناخۆش بوو، هێندەی رقی لە غەریب بووەوە بەو چەند كەسەی دەوروبەری وت:

هەرئێستا هاوار دەكەم ( كچەكەمت نادەمێ غەریب! ! ). یەكێكیان هەڵیدایە ئەوە كەی قسەی پیاوی ژیرە!؟ (مرداس) وتی:

ئەی چی بكەم بۆ ئەوەی (مهدیە)ی نەدەمێ؟ كابرا وتی:

كە هاتە خوازبێنی پەڵپ و بیانووی گرانی وای پێ بگرە كە بۆی جێبەجێ نەكرێت !

(مرداس) قسەكەی زۆر پێخۆش بوو. شەو لێی نووست.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦٢٧

## سەر بووردەی جەنگی غەریب بۆ دێو سەعدان

شەهرەزاد وتی:

ڕۆژی دوایی غەریب چەند پیاوێکی هۆزی لە گەڵ خۆی برد و چوونە لای (مرداس)، ئەویش بەخێری هێنان. ئەمجا (غەریب) وتی:

مامەگیان کاتی خۆی پەیمانێکت بەمن دا، ئەویش وتی:

وابوو ئێستاش خاوەنی قسەی خۆمم! غەریب وتی:

ئێستاش ئەم پیاوانەم هێناوە تاکو جێبەجێی بکەیت. مرداس وتی:

کوڕی خۆم کاتی خۆی کوڕێکم هەبوو. زۆر پاڵەوان بوو. خەڵکی باسی ئازایەتیان دەکرد. ئەم کوڕەم چووە ڕاو شکار، خۆی و (١٠٠) پاڵەوانێك، ( غەریب) خۆی بۆ نەگیرا وتی:

مامەگیان حەقی تۆ لەلای کام پاشاو سەرکردەیە ؟ تابچم تەخت و تاراجی تێك بشکێنم تۆڵەی تۆی لێ بسەندم!؟

مرداس وتی:

کوڕەکەم پەلەمەکە ئەمجا دەستی بە قسەکردن کرد و وتی:

ئەو کوڕە پاڵەوانم لە گەڵ ئەو (١٠٠) کەسەی تر دەچنە ڕاو. ئەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، ئەم شاخ بۆ ئەو کێو، تادەگەنە دۆڵێك، لەوێ دێوێکیان لێ پەیدا دەبێت، کە درێژی یەکەی (٧٠) باڵ دەبێت، پەلاماریان دەدات، هەموویان دەکوژێت و کوڕەکەی منیش دەکوژێت، ئیدی لەو کاتەوە سوێندم بە هەموو بتەکان خواردووە کە تۆڵەی ئەو کوڕە پاڵەوانەم وەربگرمەوە. دوایی خۆیشم سوپێیەکم پێکەوە ناو چووم! بەلام بێ سوود بوو، چونکە ڕاوی ناین ئەو دێوە لە دۆڵی (گولان)دایە. کە کۆشکی (صاصا)ی (شێت)ی لێیە. غەریب بێ سێ و دوو، پەیمانی دا کە دێو(سەعدان)ی بۆ بکوژێت. بە دڵی خۆشەوە لە ڕەشماڵ هاتەدەر. بەختیار سازبوو بەوەی کە بە ئاواتی خۆی گەیشتووە. کە دەگەڕێتەوە ماڵ، بۆ پیرەژنەکەی دایکی دەگێڕێتەوە، دایکی دەست دەکات بە گریان و بە غەریبی کوڕی دەڵێت کوڕی شیرینم ئەم مامەیەت زۆری ڕق لێتە! خۆشی ناوێیت ئەگەینا داوای کاری وا گرانت لێ ناکات! ! کوڕەکەم (مرداس) پیاوێکی زۆردارە بە قسەی فریو مەخۆ دێتە دەرەوە دەڕوانێت (٢٠٠)هاواریی، لە هۆزی بەنی قەحتان دەست لەسەر شمشێر چاوەڕێی دەکەن. هەموو وتیان:

گەورەم ئێمە ئامادەین لە گەڵت بێین، (غەریب) زۆری پێ خۆش بوو دوو ڕۆژ بەڕێوە بوون . ئەمجا لە بناری شاخێك لایان دا تاکو بحەوێنەوە. کە سوارەکان نووستن، دوای ئەوەی ئەسپەکانیان تاقەت کرد و بەستنی یانەوە، بەلام غەریب خەوی زڕا بەشاخەکەدا هەڵگەڕا!

گەیشتە ئەشکەوتێ. کەسەیری ناوی کرد، رووناکی یەکی بینی!، کە چووە ناوەوە، پیرەمێردێکی بینی کە لێی پرسی؟ وتی:

٢٤٠سالم تەمەنە! ! برۆکانی هێندە درێژ بوون بە سەر چاوانیدا هاتبوونە خوار ! سمێڵی هێندە درێژ بوو دەمی داپۆشی بوو. کە غەریب ئەم پیرەمێردەی بینی، زۆری بەلاوە بە بایەخ بوو. پیرەمێردە لە غەریبی پرسی:

دەڵێی گاوری بت پەرستی بەرامبەرخوا دەوەستی دوژمنی بالا دەستی!؟ غەریب ترس دایگرت. لە پیرەی پرسی:

ئەوخوایەی تۆ لە کوێیە؟ تابچم بۆ لای؟ ئەویش وتی:

خوای من هینی هەموو دنیایە دەبینێ و نای بینن ناتوانن بی دوێنن! ! بە دەستی ئەو ئەستێران و زەمین خولاوە شەو رۆژان هەرخۆی دایناوە. ئەمجا وتی:

کوڕی خۆم من لە نەتەوەی (عاد) بووم. وەکو ئەوان منیش خەریك فەساد بووم. خوا (هود) پێغەمبەری بۆ ناردین تا بۆی کرا ئامۆژگاری کردین!! چونکە من بڕوام بە خوایە هێنا خوا لە غەزەبی خۆی پاراستمی بەلام نەتەوەکەم هەموویان تیاچوون! سەردەمی نەتەوەی (شمود)یشم بینی کە حەزرەتی (صالح) ئامۆژگاری کردن بۆ خوا پەرستی. دواتر خوا غەزەبی لە ئەوانیش گرت! ! ئەمجا خوا (ئیبراهیم)ی نارد بۆ سەر (نەمروود). ئەوە هەموو بینیمان چیان بەسەر هات! ئیتر من لەم ئەشکەوتەدا مامەتەوەخوایش رۆژیم دەدات! !، غەریب زۆر بەو پیرەمێردەموعجیب بوو. بڕوایشی بە قسەکانی هێنا بۆیە لێی پرسی:

چی بڵێم بۆ ئەوەی بێمە سەر ئەم دینەی تۆ؟ پیرەمێردە وتی:

بڵێ : ( لا اله الاالله ابرهیم خلیل الله). ئەمجاوتی:

( لە دڵی خۆتدا شیرینی ئیسلام و بڕوا بوون بچەسپێنە). هەندێك لە فەرزەکانی فێر کرد، کە بیکات. هەندێکیش لە (صحف) تاکو بیخوێنێت ). دوایی پرسی:

تۆ ناوت چی یە؟ ئەویش وتی:

(غەریب). ئەمجا پرسی یەوە نیازی کوێت هەیە غەریب؟ ئیتر لە نووکەوە بەرسەهاتی خۆی بۆگێڕایەوە. تاگەیشتنە باسی هاتنی بۆ کۆشتنی( دێو سەعدان). ئەمجا پیرەمێرد پرسی:

( بۆچی تۆ شێتیت وا هەرخۆت بە تەنیا دەچیتە کوشتنی دێو سەعدان؟ ). غەریب وتی:

هەر خۆم نیم قوربان! ! (٢٠٠) پاڵەوانم لەگەڵدایە! ).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

# شەوی٦٢٨

شەهرەزاد وتی:

پیرەمێرد وتی:

براکەم ئەگەر (١٠٠٠) سوارەیشت لە گەڵ بێت زاڵ نابیت بە سەریدا ئەمە دێوسەعدانە. لەو دۆڵەدا نیشتەجێ بووە. ڕێی لە ڕێبواران بەستووەتەوە. پەلاماری داوە و سامانی خەڵکی بردووە بۆ خۆی. ئەم دۆڵەی پڕکردووە لە مەڕ و بزن ومانگا و وشتر، سامانێکی فرەی هەیە.

ئەمە کاتی خۆی باوکی ناوی هیند بووە و کە ئەم کوڕەی گەورە بوو. چەند جارێك ئامۆژگاری کردووە مرۆڤ نەخوات! ! زۆرداری نەکات ڕێگا بە خەڵك نەگرێت و پیاوی خراپی نەکات، بەڵام قسەی باوکی شکاند و بە گوێی نەکرد. ئەمجا دوای شەڕ و شۆڕشێکی زۆر باوکەکە کوڕەکەی خۆی ڕاونا و دەری کرد. کە ئەم ( دێو سەعدان)یە ئێستاش ئەم نالەبارە ماوەیەکە لەم دۆڵەدا گیرساوەتەوە و (٥) منالی هەیە. غەریب وتی:

چارە چی یە بۆ خاتر خوا پیلانمان بۆ دابنێ بەڵکو زاڵ بین بە سەریدا و خەڵکەکە لە زۆرداری ئەم دێوە ڕزگاربکەین. پیرەمێردە وتی:

بە قوربان ئەوە(صحف)ت پێیە بڕۆ وە ناو(٢٠٠) چەکدارەکەت با موسڵمان ببن و شایەتمان بێنن ئەمجا فەرزەکانی خوا بە جێ بێنن. ئەمجا ئەم شمشێرە و بەرە بزانە لەژێر دروست کراوە! (٣)باڵ درێژە (٢)بست.پانە ئەوەش زرێپۆشی سەردەمی کۆنە لەپۆلا دروست کراوە لەبەری بکە ئەم بۆری یەش(٣) هەڵمەتەی پێوەیە ڕای بوەشێنە بروسکە فڕێ دەدات. ئەمجا بەهەموتان هاوار بکەن (الله اکبر) و پەلاماری بدەن منیش لای خۆمەوە لە خوا دەپاڕێمەوە بەڵکوو خوا یارمەتی ئێوە بدات و زاڵ ببن بە سەریدا. غەریب شتەکانی لێ وەرگرت و بە بڕوایەکی پتەوەوە بە دڵی خۆشەوە گەڕایەوە ناو هاوارێکانی ئەوانیش بەرەو پیری چوون و بەخێریان هێنایەوە. ئەمجا کۆبوونەوەی پێکردن. داوای لێ کردن بچنە سەر ئەو ئایینە نوێیە وشایەتمان بێنن. هەموویان بەقسەیان کرد. ئەمجا فەرزەکانی ئەم ئایینەی فێر کردن و کەوتنە خوێندنی(صحف)بۆیان. بڕیاریان دا پێکەوە، هاوار بکەن (الله واکبر) بەهەموویان هێرش بکەنە سەر (دێوسەعدان). ئەمان، لەم قسانەدا بوون، کە پاڵەوانێك بە سواری ئەسپێکەوە لێیان پەیدا بووخووده و زرێپۆش لەبەر. شمشێر و دەست و کەمەر. هاواری کرد غەریب کە زرێپۆش لە بەربوو، چووە بەرامبەری، کەوتنە شمشێر بازی. ماوەیەك هێنان وبردن بوو. ئەمجا خوودە و ڕووپۆشی سوارەی دەشتەکی کەوتە خوارەوە لە سەری. کە غەریب ناسی یەوە لە ئەسپەکەی دابەزی و ئەویش خۆی هەڵدایە خوارەوە. ئەم لاو لای یەکتریان ماچ کرد. بەدەم پێکەنینەوە چوونەوە ناو (٢٠٠) سوارەکە و غەریب پرسی:

براجوانەکەم بۆ گەویشتوویتە ئێرە؟ (سهیم) وتی:

بە قوربان کە سەفەرت کرد، من لە ماڵ نەبووم! ئیتر کە زانیم بۆ جەنگ چوویت شوێنت کەوتم ئەوەتا سوپاس بۆ خوا پێت گەیشتمەو. ئەمجا غەریب کێشەکەی تێگەیاند (سهیم اللیل) هەر لەوێدا شایەتمانی هێناو خۆی بۆ جەنگی دێوەکە ئامادە کرد.

## سەربووردەی دیل بوونی (دێوسەعدان) و کوڕەکانی لە لای غەریب

(غەریب) و(سهیم اللیل) و(٢٠٠) سوارەکە کەوتنە ڕێ و بەرەو دۆڵەکە. دوای ماوەیەك، دێوسەعدان بە (٥)کوڕەکەی وت:

ئادەی بتان بینم ئەوە کۆمەڵێ لە ڕێگاوە بەرەو ئێرە دێن و تەپوتۆزیان بەرز بووەتەوە. بڕۆن ڕێگایان پێ بگرن. هەموویانم بۆبێنن! کوڕەکان کە زۆر درێژ و کەتە بوون، بۆیان چوونە سەر ڕێگا کە سوارەکەیان گەیشتە سەر(٥) کوڕە دێو وەستان یەکێك لە کوڕانی دێو سەعدان لێیان چووە پێش و هاواری کرد و شمشێری هەڵسووڕان ئادەی چەند دانەیەکتان دابەزێت و ئەوانی تر قوڵبەست بکات دەمێکە باوکم گۆشتی ئادەمیزادی نەخواردووە! (غەریب) لێی چووە پێش وتی:

ئەوە بەڕاستتە نەگبەت؟ بۆری و هەڵەفەکانی لێ ڕاوەشاند هەڵەفەکان پرژی ئاگریان لێ دەبووە. کوڕەی دێو سەعدان کەچەکی-وای نەدی بوو زۆر ترسا ئەمجا هاواری کرد (الله اکبر) یەك دانەی دا بە پشتی دا، بەدەما کەوت و بوورایەوە. ئەمجا پەلاماری چوار کوڕەکەی تری دێوسەعدانی دا (سهیم اللیل) خێرا دابەزی و لە گەڵ چەند کەسێکی خۆیاندا قوڵبەستیان کرد! ڕایان کێشایەوە ناو سوارەکانی خویان پەلاماری دووەمی داو، ئەویشی خستەسەر زەوی. قوڵبەستیان کرد و هێنایان. هەر(٤)کوڕەیان بە (دیل) گرت. پێنجەم کوڕی دێو سەعدان، کە ئەمەی بینی بەرەو دوا هەڵات و بە هاوار و گریان چووە لای (دێوسەعدان)ی باوکی و کارەساتەکەی بۆگێڕایەوە. باوکی کردی یە بۆڵە بۆڵ و وتی:

بڕۆ با بچم هەموویان بکوژم و ئەو خوێڕیانەی برات بهێنینەوە. هێندە تووڕە بوو هەر گەیشتە سەر ڕێگاکە باوەشی کرد بە درەختێکدا و لە ڕەگ و ریشەی دەری هێنا و خستی یە سەر شانی. کەگەیشتەلایان بێدەنگ درەختەکەی کێشا بە ناو کۆمەڵە سوارەکاندا هە لەوێدا (٥) کەسی لێ کوشتن. ئەمجا سوارانی غەریب بە هەموویان پەلاماری دێوسەعدانیان دا، ئەویش شاتاوڵێکی برد بۆ (سهیم اللیل) خستی و بوورایەوە. ئەمجا چۆن هەڵۆ چۆلەکە هەڵدەگرێت و دەیبات دێو هێندە قەبە و کەڵەگەت بوو. بەو شێوەیە پێی لەزەوی بڕی و

بردی. که غەریب (سهیم)ی برای بەدەستی دێوەوە و بە بووراوەیی بینی توند بوو. بە ئەسپەکەوە پەلاماری دا دێوسەعدان هێندە کەڵەگەت و قورس بوو، هیچ ئەسپێك بەرگەی قورسی یەکەی نەدەگرت و پشتی دەشکا. بۆەی دێوسەعدان بە پیادە رەوی هاتبوو بۆ جەنگ، کە غەریب نزیکی بووەوە، بۆری یە هەڵەفەدارەکەی لێ هەڵسووڕان و وتی:

(الله اکبر) پەنا بەخوای مەزن پەنا بەحەزرەتی ئیبراهیم، پەنا بە پێغەمبەری خوا موحەممەد(د. خ) بۆری یەکەی دا بە پشتی دێوە دا و لەپە و ڕوو کەوتە سەر زەوی. (سهیم اللیل) ی برای لە دەست بەرەڵا بوو. ئەمجا کاتێك دێو بەئاگا هاتەوە قوڵبەست کرابوو کە پێنجەم کوڕی ئەمانەی بینی دەستی بە ڕاکردن کرد و هەڵات، بەڵام غەریب شوێنی کەوت و بۆری یەکی دا بە ناوشانیدا و خستی و سوارەکانی غەریب دابەزین و ئەویشیان قوڵبەست کرد و رایان کێشان تاکوکۆشکی دێو سەعدان، کە چوونە ژوورەوە سەیریان کرد (۱۲۰۰) عەجەمی زیندانی کراون گەنجینەکەیان پڕە لە زێڕ و زیو و نەختینەی گران بەها ئاژەڵێکی زۆریان هەیە! زیندانیەکانیان ئازاد کرد. غەریب لە سەر کورسی دێو سەعدان دانیشت. (سهیم اللیل)ی برای لای ڕاستی یەوە وەستان، چەکدارانی بە دوو ڕیز وەستان لە ڕاستیدا ئەم دێوە ناوی (الصاص)ی کوڕی(شیت) کوڕی (شەداد)ی کوڕی (عاد) بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٢٩

شەهرەزاد وتی:

(غەریب) فەرمانی دا دێو سەعدان بهێننە بەردەمی، کەهێنایانن خۆی و کوڕەکانی بوون. هەموو بە دەستی بەستە. غەریب پرسی:

ها دێو سەعدان چۆنە حاڵتان؟ دێو سەعدان وتی:

( ئازادی زەوت کراوم وەك وشتر پەت کراوم خراپ بێ حۆرمەت کراوم ). غەریب وتی:

باشە تۆ بۆ شایەتمان ناهێنی و بڵێت دانی پیا دەنێم کە یەك خوا هەیە ئیبراهیم نێردراوی خوایە؟ دێو سەعدان خۆیدا بە سەر پێیەکانی غەریب دا، ئەویش نەیهێشت. ئەمجا فەرمانی دا خۆی و هەر(٥)کوڕەکانی ئازاد کرد. دێوسەعدان پرسی:

گەورەم چی بڵێین تاکو ئیسلام ببین؟ ئەویش شایەتمانی پێ وتن:

دێوەو کوڕەکانی وتیانەوە ئەمجا هەندێ لە فەرزەکانی فێر کردن. لە دێوەی پرسی:

( ئەو بەند کراوانە چین لە زیندانەکەتدا؟ ئەویش وتی:

گەورەم ئەوانە لە وڵاتی عەجەمەوە هێناومن نێچیری خۆمن و دەیان خۆم! ! جا هەر ئەو پیاوانەم نەگرتووە .! غەریب وتی:

ئەی؟ دێوە وتی:

قوربان (١٠٠) کەنیزەکم بە جیا گرتووە زۆرجوانن لەو شۆخ و بێگەردەن دەڵێی مانگی چواردەن! ! . لە نێوانیان دا کچی شا سابووری تیایە پاشای عەجەمە! ناوی :

(فەخر تاج)ە،

## پێك گەیشتنی غەریب و فەخرتاج

کەغەریب ئەمەی لە دێو سەعدان بیست سەری سوڕما! پرسی:

باشە چۆن دەستت گەیشت بەو کچە شازادەیەدا نەگبەت؟ دێو سەعدان وتی:

ڕۆژێکیان خۆم و ئەم(٥)کوڕەم و (٥) لە کۆیلەکانم، دەرچووین بۆ ڕاووشکار، زۆر دوور کەوتینەوە پێمان نەزانی بوو، چووبووینە وڵاتی شا سابوورەوە. دوای کەمێك کۆیلەیەك هاواری لێ هەستاو وتی:

ئەو تەپو و تۆزە لە دوورەوە دەبینن؟ ئێمەش سەیرمان کرد ڕاست دەکات. منیش کۆیلەیەکم نارد، خۆی لێیان دابگرێت و زانیاریمان بۆ بێنێتەوە. کە گەڕایەوە وتی:

گەورەم فەخرتاجی کچی شاسابوورە و پاشای عەجەم و تورك و دەیلەم (٢٠٠٠) سوارەی شمشێر بە دەستیان لە گەڵدایە ! منیش وتم:

هەواڵی چاك و خۆشت هێناوەتەوە. ئەوە بوو خۆم (٥) کوڕەکەم پەلامارمان دان دوای جەنگێکی خوێناوی، توانیمان (٣٠٠) سوارەیان بکوژین و (١٠٠٠) سوارەیان بگرین و دەستمان گرت بەسەر زێڕ و زیوی خاتوو فەخرتاجدا خۆشیمان بە دیل گرت لە گەڵ (١٠٠) کەنیزەکدا و هاتینەوە قەڵای خۆمان! ! غەریب پرسی:

دەستت بۆ فەخرتاج نەبردووە؟ دێو سەعدان وتی:

نە بەسەری ئێوە بەو ئایینە نوێیەی وەرم گرتووە دڵم نەهاتووە دەستی بۆ بەرم! ! . غەریب وتی:

هەر ئەوەت چاك کردووە چونکە باوکی پاشای دنیایە زۆر بەتوانایە هیچ هێزی دەوڵەتێك لە ئۆیەی نایە! ! هەرشوێن ئەو کچەی دەکەوێت و دەکاتە سەرت!! تەفروتونای دەکردیت، ئەگەر لە ئەنجامی کار ڕانامێنی دوایی زیان دەهێنی!! غەریب پرسی:

سەعدان ئەو کچەشازادەیە لە کوێیە؟ ئەویش وتی:

گەورەم کۆشکێکم بە جیا بۆ کردووەتەوە و رازاوەیە بۆی، ئەمجاوتی:

دەی بابرۆین کەنیزەکەکان ببینین! دێوەکە پێشی کەوت و بردی کۆشکی کەنیزەکان غەریب کە سەیری کرد، فەخرتاج لە سووچێکدا دانیشتووە و دەگری! کەبینی وای زانی لە مانگەوە نزیك بوومەتەوە!

(فەخرتاج) کە غەریبی بینی لە بەری هەستا دەستەکانی ماچ کرد و خۆی دا بە سەر پێی غەریب دا و وتی:

ئەی پاڵەوانی جیهان لەم دێوەم بکرەوە با ببمە کەنیزەکت و پەرێزایت بکەم، چونکە زۆر دەترسم ئەم دێوە بمخوات! ! ئەمجا غەریب فەرمانی دا ئەو کەنیزەکانە ئازاد بکەن. دێوسەعدان خێرا فەرمانی بە کورەکانی دا و ئازاد کران. ئەمجا رووی کردە (فەخرتاج) و وتی:

بێخەم بە تۆ دەگەیەنمەوە وڵاتی خۆت! ئەمجاپرسی:

باشە تۆ چۆن ئەو سەفەرە نالەبارەت کرد و تووشی ئەم رێگرە بوویت؟ شازادە وتی:

مەملەکەتی باوکم هێندە بەرفراوانە تورك و دەیلەم لە خۆ دەگرێت. لەیەکێك لە شارەکاندا کڵێسەیەك هەیە ئاگرپەرستان مانگێك ئاهەنگی تێدا دەگێڕن. کچانیش دەچن بۆ بەشداری ئەو ئاهەنگە بە تایبەتی کچە وەزیران و گەورە پیاوان. منیش بە باوکم وت و ئەویش کاروانێکی بۆ رێکخستم (٢٠٠٠) سەرباز پارێزگاری دەکردین و بەرەو ئەو شارە چووم لە رێگا ئەم دێوە هەڵی کوتایە سەرمان و، بەم شێوەیەی لێ کردین! ! جا گەر نەچوومایە بۆ ئاهەنگی کڵێسەی ئاگری ئاگر پەرستان ئاوام بەسەر نەدەهات! ! . غەریب وتی:

بێخەم بە بە وڵاتی خۆتت شاد دەکەمەوە . (فەخرتاج)ی شازادە دوعای خێری بۆ کرد. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٣٠

# چیرۆکی سەفەرەکەی غەریب لە گەڵ فەخرتاج بۆ دۆڵی گوڵان

شەهرەزاد وتی:

لە کۆشکی کەنیزەکان غەریب هاتەدەرەوەو لەگەڵ دێو سەعدان و کوڕانی و سهیم و پیاوانی، غەریب وتی:

دەمەوێت دۆڵی گوڵان ببینم. دێو سەعدان فەرمانی دا کۆیلەکان چەندین مەڕ وبزن سەر ببڕن و لێی بنێن و ئامادەی سەفەری بکەن. لەولایشەوە، (١٠٠) کەنیزەکەکەیان ئامادەی سەفەر کرد. خۆیشی (١٥٠) کەنیزەکی هەبوو (١٠٠٠) کۆیلەی هەبوو کە شەوانی مەڕومالاتی بوون، غەریب و ئەو هەمووە سەفەری دۆڵی گوڵانیان کرد. دوای ماوەیەك کە گەیشتنە دۆڵی گوڵان هەموو سەریان لە کاری خوا سوڕما! بولبول و کەناری وقومری و ریشۆڵە جۆرێك دەیان خوێند دڵێ سەد دڵ حەیرانی دەبوو ئەو هەموو رەز و باخ و دەرختە میوەدارانە کە مرۆڤ تێر نەدەبوو لە خواردنیان بۆنی ئەو هەمووجۆرە گوڵە جوانانە خەڵکی مەست دەکرد.

| | |
|---|---|
| لە نێو باخدا بولولان | دەحەوێننەوە دڵان |
| بەهشتی سەر زەمینن | شاخ و دەشت و نێودۆڵان |

(غەریب) ئەو دۆڵی گوڵانەی هێندە بە دڵ بوو فەرمانیدا رەشماڵانیان هەڵداو، خۆشی سەرپەرشتی رەشماڵەکەی (فەخرتاج)ی کیسرایی کرد. راخەری فەرشی یان تێدا راخست. ئەمجا خواردن ئامادە کرا. :

سفرە وخوان رێکخرا دەستیان کرد بە خواردن. غەریب بانگی کردە دێو سەعدان:

ئاخۆ خواردنەوەت پێیە؟ دێو سەعدان بزەیە گرتی و وتی:

بەڵێ گەورەم تەنکی یەك شەرابم پێیە! ئەمجا شەراب وپیاڵەو پێك پێکدا درا کە غەریب مەست بوو ئەم هۆنەراوەیەی لا دروست بوو

| | |
|---|---|
| شاد بوونم بە تۆ وەبیردێتەوە | سەر لە نوێ دڵم گڕ دەگرێتەوە |
| هەڵەی من نیە دابڕاوم لێت | (زەمانە) سەرم پێ دەنێتەوە |
| هەزاران سڵاو،گیانی شیرینم | دوور لە تۆ هەرگیز دڵ ناکرێتەوە |

# سەر بووردەی گەڕانەوەی غەریب و فەخرتاج بولای باوکی شاسابوور

(٣) رۆژ لەو شوێنە حەوانەوە، ئەمجا غەریب (سەهیم)ی برای بانگ کرد و لەگەڵ هەموویاندا کۆبووەوە کەوتە قسە کردن و وتی:

کاکە سەهیم تۆ چەند سوارەیەك لەگەڵ خۆت ببەو بگەڕێوە، نێو هۆزی ( بەنی قەحتان)، سەرپەرشتیان بکەن لە خۆ کۆکردنەوەدا یارمەتیان بدەن و هەموویان بهێنن بۆ

ئەم دۆڵە خۆشە ئاوەنیایە با لێرە نیشتەجێ بن خێزانی خۆیشمان لە تەکیاندا. منیش شازادە (فەخرتاج) دەگەیەنمەوە نیشتمانی خۆی و بە سەلامەتی دەیدەمەوە بە پاشا سابووری باوکی. ئەوانەشی لێرە دەمێننەوە، بکەونە ئاوەدان کردنەوەی ئەم دۆڵە دێو سەعدان وتی:

گەورەم بامنیش بێم! غەریب وتی:

نابێت تۆ لەگەڵمان بیت! شا سابوور دەستی بە تۆدا بگات، لە خوێنەکەت دەخواتەوە! !
دێو سەعدان توورە بوو وتی:

بەم کەللەیە، تورك و (دەیلەم) یش، لە گەڵ سوپاکەی دا تەفروتوونا دەکەم و لە ناویان دەبەم! ! غەریب دەستی کردە پێکەنین و وتی:

تۆ راست دەکەیت، بەڵام کاری ئێرەت گرنگترە چونکە مەڕوماڵاتێکی زۆر زێڕ و زیووێکی فرەمان پێیە دەبێت خۆت و هەر (٥) کوڕەکەت پارێزگاری دۆڵەکە بکەن! !، دێو سەعدان زۆر دڵی بە قسەکەی غەریب خۆش بوو. دایە قاقای پێکەنین بە جۆرێك ئەو کێو و دۆڵە دەنگی دەدایەوە، ئەمجا(سهیم اللیل)ی برای لە گەڵ چەند سوارەیەکدا بەرەو رەشماڵانی (بەنی قەحتان) بوونەوە و غەریب و یاوەرانی بەرەو نیشتمانی شازادە بوونەوە.

لەولایشەوە شاسابوور هەر چاوەڕێی گەڕانەوەی فەخرتاجی کچی بوو، هەر نەگەڕایەوە! بۆیە هەر(٤٠) وەزیرەکەی خۆی کۆ کردەوەو کەوتە راوێژ کردن لە گەڵیاندا، رووی کردە (دیدان)ی گەورە وەزیری وتی:

کەوابوو تەتەر بنێرە بۆ (کڵێسەی ئاگرین). بزانە کچەکەم بۆ دیار نییە؟ (دیدان)، دوای کۆبوونەوەکە تەتەری نارد داوی ماوەیەك، تەتەر گەڕایەوە و بە وەزیری وت:

دەڵێن ئەمساڵ فەخرتاج نەهاتووە بۆ (کڵێسەی ئاگرین)!! . وەزیریش چووەلای شا سابوور و ئەم هەواڵە ناخۆشەی پێدا شا سابوور کە ئەمەی بیست لە سەر تەخت هاتە خوارەوە و تووڕەبوو تاجەکەی سەری دایە زەویدا و کەوتە هاوار و جنێودان بە خۆی و هێندە تووڕە بوو، بوورایەوە و کەوت. ئاویان کردە دەم وچاویدا کە بە ئاگا هاتەوە ئەم شیعرەی کە لەبەری بوو وت :

بانگەشەی (سەبر) و هەم (گریان)م بوو — سەبرم لێ تۆرا و ئەو میوانم بوو
رۆژگارێ کە تۆی دابڕی لەمن — فرمێسکیش پڕێ بەچاوانم بوو

ئەمجا شا سابوور (١٠) سەرکردەی سوپێی بانگ کرد و فەرمانیدا هەر یەکەیان (١٠٠٠٠)سەرباز شمشێرباز. تیرانداز لە گەڵ خۆیان ببەن، هەر سەرکردە و بەرەو هەرێمێك برۆن. دایکی (فەخرتاج)یش، لـی بیابانی راخست و رەشی پۆشی. لەگەڵ کەنیزەکەکانی کۆشکدا کەوتنە شین و شەپۆر.

# چیرۆکی شەڕی نێوان غەریب و(سەمسام)ی ڕێگر

لەم لایشەوە غەریب(١٠) رۆژی رەبەق لە گەڵ چەکدارانی و (فەخرتاج) دا بەڕێوە بوون؟ رۆژی یازدەهەم سەیریان کرد لە دوورەوە تەپو تۆز بەرز بووەوە. غەریب سەرکردەیەکی عەجەمی بانگ کرد و رای سپارد بدات لە ئاوزەنگی و بڕوات بزانێت ئەو تەپۆ تۆزە چی یە؟ ئەویش بەغار رۆیشت. کە گەیشت کەوتە پرسیار کردن، ئەوانیش وتیان:

کاکە گیان ئەمە شمشێربازانی هۆزی ( بەنوهەتاڵ)ە. لە ژێر سەرکردایەتی (سەمسام)ی کوڕی (جەڕاح) داین، (٥٠٠٠) سوارین و بۆ شت دەگەڕێین کە پەلاماری بدەین و بە تاڵان بیبەین! ! سوارەی عەجەمی بە هەڵداوان گەڕایەوە بۆ کۆمەڵەکەی خۆی و بە غەریبی سەرکردەی راگەیاند ئەوانە جەردە و ڕێگرن (٥٠٠٠) سوارەن و لە هۆزی (بەنوهەتاڵ)ن، غەریب کە ئەمەی بیست، فەرمانیدا چەکەکانتان ئامادەی جەنگ بکەن دوای ماوەیەك:

ڕێگرەکان هەڵیان کوتایە سەریان و هاواریان کرد تاڵانیان بکەن! غەریب قیژاندی :

( رسوای لای خوا بن! ! سەگەکانی عەرەب ). ئەمجا هاواری کردەوە :

( الله اکبر) پشت بە ئاییني حەزرەتی ئیبراهیم:

سڵاوی خوای لێ بێت ).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٣١

شەهرەزاد وتی:

لەشکری غەریب و (سەمسام) پەلاماری یەکیان دا، یەکتریان هێناو برد. دەنگی زرمەی شمشێر و هاوار و ناڵەی کوژراوان و بریندارن تەپو تۆزی گۆڕەپان ئەوناوەی پڕکرد! تاکو ئێوارە زۆریان لە یەکتر قڕ کرد. غەریب و(سەمسام)یان وڕ کرد. کە دنیا تاریك بوو، غەریب سوپاکەی خۆی بەسەرکردەوە سەیری کرد لە چەکدارانی (بەنو قەحتان): (٥) کەس کوژراوە لە کۆیلە عەجەمەکان (٧٣)کەس کوژراوە. کوژراوانی جەردەکان مەزندە کرد بە زیاتر لە (٥٠٠) چەکدار. هەر ئەو شەوە سەمسام سوپاکەی بەسەرکردەوە و زانی زۆریان لێ کوژراوە! ! تووڕە بوو وتی:

من هەرگیز لەم جۆرە سوارانەم نەدیوە ئەو دەم ڕوتە منداڵەی سەرکردەیان شەڕێکی زۆر نازایانەی دەکرد. سبەینێش بەم شێوەیە بڕوات ئێمە تیا دەچین!! لە بەر ئەوە بانگ دەکەم لەمەیدان با سەرکردەکەیان بێتە بەرامبەرم! . رۆژی دواتر هەردوو سوپا هاتنە بەرامبەر

یەك، غەریب دەرچووە گۆڕەپان هاواری کرد لە دوژمنان کەس دەوێرێت بێتە گۆڕەپان؛ ئەسپی رەسەنی لە ژێرا شمشێرێك لە زەرکەفتی زێرا! ! سوارەکان سەرسام مابوون! لەو زرێپۆش و خوودە و شمشێرە !، پاڵەوانێك لە نەوەی (شەداد)ی کوڕی ( عاد) هات، هێرشی هێنا و وتی:

خۆت بگرە لەبەر هەڵمەتم دا رمێکی گەیاندێ کە (٢٠) رەتل کێشی (٣) باڵ درێژی بوو بەهێندەی باڵێك لە زەوی چەقی، غەریب بۆی داهاتەوە، ئەڵقە و بۆڕی راوەشاند و دای بە ناوچەوانیدا، کەللەی کرد بە دوو بەشەوە لە گۆڕەپان کەوت و رەوانی بە دۆزەخ شاد بوو. ئەمجا دەهات و دەچوو نەعرەتەی لێ دەدا دووەم و سێیەم و دەیەم پاڵەوانی رێگران هاتنە گۆڕەپان غەریب دەیکوشتن و رەوانی بەوانی تر دەگەیان!! وای لێهات پاڵەوانانی دوژمن خۆیان لە چوونە گۆڕەپان دەدزیەوە، سەمسام توورە بوو وتی:

( لەعنەت)تان لێ بێت هەرئێستا خۆم دەچمە بەرامبەری ترسنۆکێنە هات وهاواری کرد:

( سەگەپیس وات لێ هات بێیتە بەرامبەرمان و پاڵەوانانم بکوژیت!؟ هەردوکیان رم بەدەست بوون شاتاوڵیان بۆ یەکتر برد خێرابوون و بەدەست و برد، چاری یەکتریان نەکرد. چەکدارانی هەر دوولا سەراسیمە بوون لە پاڵوانێتی ئەو دووانە! ! سەمسام هەڵمەتی هێنا غەریب خۆی لادا ئەمجا دای لە ئاوزەنگی هەر زوو بە بێ دەنگی رمی چەقاندە سەر سنگی! ! هاواری کرد:

( الله اکبر) زاڵ کەرە سەر خەرەو شکێنەری گاورانە بە ئایینی ابراهیم خەلیل سڵاوی خوای لێ بێت ).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٣٢

شەهرەزاد وتی:

کە گاوران بت پرستان هەواڵی خوای خوای تاکیان بیستەوە سەریان سوڕما! لە یەکتریان دەپرسی:

ئەو چ خوایەکە کە لە وێنەی نیە!؟ وتەی وا جوان و دلگیرمان نەبیستووە! هەندێکیان هاواریان کرد:

مەجەنگێن! ! بگەڕێنەوە با شوێن زانیاری لەبارەی ئەم ئایینە نوێیەوە بکەوین بەڵکوو تێی بگەین ! ئەمجا شمشێرەکانیان کردەوە بە کالاندا لە مەیدانی جەنگ گەڕانەوە، غەریب و سوارانیش دەستیان لە شەڕ کێشایەوە، بەرەو رەشماڵەکانیان کشانەوە،

گاوران لە نێو خۆیاندا کەوتنە گفتوگۆ بڕیاریان دا :

(١٠) پیـاوی زیـرەك و دنیـا دیـدە بنێرنـە لای (غـەریب) گـەورە سـەرکردە، کـە (١٠)نوێنەرەکەی گاوران گەیشتنە لای غەریبی سەرکردە هەموویان سەریان سوڕما! کە ئاخۆچۆن جەنگیان لە بیر خۆیان بردووەتەوە!؟

## چیرۆکی ئیسلام بوونی نەتەوەی سەمسام

سوپێی غەریب هێندەیان زانـی (١٠) نوێنـەری نەتـەوەی سەمـسام هاتوون و دەیانـەوێت گفتوگۆ لە گەڵ سەرکردەکەیان بکەن. غەریب لە رەشماڵەکەی خۆیدا پێشوازی لـێ کـردن و رێزی گرتن. ئەمجا پرسی:

( ئەوە چۆن بوو لە گۆڕەپانی جەنگ کشانەوە!؟ یەکێکیان وتی:

قوربان ئەوەی راستی بێت ئەو نەعرەتەیەی دوێنێی تۆ لە گۆڕەپاندا ترسی خستە دڵی هەموومانەوە! غەریب پرسی:

بۆچی ئێوە چی دەپەرستن!؟ . وتی:

گەورەم ئێمە ( ودا)، (سواع)، (یغوس)، کە ئەمانە سەر بە (نوح)پێغەمبەر بوو، (بتن) و دەیان پەرستین! ! . غەریب وتی:

ئێمە لە خوای تـاك و تـەنیا زیـاتر کەسێکی دی ناپەرستین!! خـوای زەمـین و ئاسمانـە دروسـتکەری کێـو و شـاخانە رۆژی دەری ئـادەمیزاد و پەلەوەرانـە! ). دوای گفتوگۆیـەکی زانستیانە دەم راستەکەیان هەستاو وتی:

بەڕاستی خوایەکی بە بەزەیی و توانایە دەسەڵاتی لە بن نایە ! ئاخۆ ئێمـە بڵێین چی؟ بۆ ئەوەی موسڵمان ببین!؟ غەریب وتی:

بڵێن ( لاالـه الا الله، ابـراهیم خلیـل الله). ئـەمجا هـەر (١٠) نوێنەرەکە بەڕاسـتی ئیـسلام بوون.

شەهرەزاد هەستی کرد   شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

شەھرەزاد وتی:

غەریب بە (١٠) نوێنەرەکەی وت:

کە گەڕانەوە ئیسلام بوونی خۆتان رابگەیەنن وپێیان بڵێن:

ئێوەش ئیسلام ببن. ئەگەر بە خۆشی خۆتان ئیسلام نابن غەریبی سەرکردە دەڵێت گریان لێ بەردەدەم ئەمجا کەوتنە شی کردنەوەی ئەم ئایینە نوێیە بۆ خەڵکەکەی خۆیان ئەوانیش هەموو موسڵمان بوون. خۆیان کۆکردەوە و روویان کردە هۆزی (بەنو قەحتان) وکڕنووشیان بۆ غەریبی سەرکردە بردو وتیان:

گەورەمان . ئێمە موسڵمان بووین و ئێستا کۆیلەی تۆین ! ! فەرمانمان پێ بدە جێبەجێی بکەین.

غەریب فەرمانی پێدان کە خۆتان پێتان خۆشە روو بکەنە دۆڵی (گوڵان) خانووبەرە بۆ خۆتان دروست بکەن ئێمەش لەگەڵ شازادە (فەخرتاج) بەرو هەمان شوێن روودەکەین، وتیان:

بەچاوان ئەمجا ئامۆژکاری کردن ئەگەر دێوی شاخ (سەعدان) هاتە سەرە رێتان هەموو هاوار بکەن (الله اکبر). ئیتر خۆی و کوڕانی لە خواترس و موسڵمانن شەڕتان لە گەڵ ناکەن و رێز و پەزێرایتان دەگرن و دەکەن. ئەوانیش رشماڵەکانیان پێچایەوەو کاروانیان رێکخست بەرەو دۆڵی (گوڵان). دوای ماوەیەك گەیشتنە دۆڵی (گوڵان). دێوی شاخ و (٥) کوڕەکەی هاتنە سەرەرێیان، ئەوانیش بە کۆمەڵ هاواریان کرد( الله اکبر). دێو سەعدان گیانی هاتە لەرزین و شمشێری سەرەو خوار کردەوەو چووە ناویان و (٥) پاڵەوانەکەی کوڕی بە دوایەوە، بەخێری هێنان ئەمجا وتیان:

سەرۆك غەریب پیلانی بۆ داناون زۆری پێخۆش بوو، یارمەتیشی دان.

## بەسەرهاتی گەیشتنی غەریب و فەخرتاجی شازادە شا سابوور

لەولایشەوە غەریب وفەخرتاج، رۆیشتن و درێژەیانبە سەفەرەکەیاندا تا گیشتنە شاری (ئەسبانیر). ئەمجا درێژەیان بە سەفەرەکەیاندایەوە، هێندەیان زانی تەپ و تۆز بەرز بووەوە. غەریبی سەرکردە پیاوێکی عەجەمی بانگ کرد و فەرمانی پێدا بڕوات هەواڵی ئەو

نەسپ سوارانەی بۆ بێنێتەوە! . سوارە دای لە ئاوزەنگی و بە غار کردن بەرەو رووی کاروانەکە چوو. دوای پەرسین گەڕایەوە وتی:

گەورەم ئەوانە (١٠٠٠) جەنگاوەرن و سەربازانی سابوور شان بە شوێن فەخر تاجی کچیدا دەگەڕێن! ! (فەخرتاجیش) لای ئێمەیە! غەریب پێکەنی و وتی:

نادەی شۆڕسوارەجەربەزەکان رەشماڵ هەڵبدەن و خەمی هیچتان نەبێت ! با کەمێك بحەوێینەوە کاراوانی (بەنوقەحتان) باریان خست رەشماڵانیان سێبەری خست، ئەو رۆژە درەنگانێ (١٠٠٠) جەنگاوەرەکە گەیشتن. سەرۆکی ئەو هێزە و لەشکرەکە کە ناوی (تومان) بوو، دابەزی و داوای سەرکردەکانی ئەم چەکدارانەی کرد ئەوانیش پێیان راگەیاند ئەم چەکدارانە فەخرتاجیان پێیە و دەیانەوێت شازادە بگەیەننەوە دەست شاسابوور. ئەمجا پێیان وت:

سەرکردەیان غەریبی پاڵەوانە! ئەمجا بردیانە رەشماڵەکەیەوە ئەویش کڕنووشی بۆ (غەریب) برد و سوپاسی کرد. ئەمجا داوای کرد شازادە فەخرتاجی پیشان بدەن. ئەوانیش بردیانە رەشماڵی شازادە. (تومان) بەرەو رووی (فەخرتاج) چوو، دەستەکانی ماچ کرد و کڕنووشی بۆ برد. ئەمجا هەواڵی پرسی؟ شازادە وتی:

بەڕاستی غەریبی سەرکردە نەبووایە ئێستا خورا بووم چونکە یەکەمجار دێو سەعدان کە بە دێوی شاخ ناوبانگی دەرکردووە پەلامار کاروانەکەی دام و بە (دیل) گراوی هەموومانی بردە قەڵا قایم و تۆکمەکەی خۆیەوە دواتر ئەم غەریبە پەیدا بوو پەیمانی پێدام بمگەیەنێتەوە وڵاتی خۆم ئەمجا ئەم پیاوە ئاینێکی نوێ بڵاو دەکاتەوەو یەکتایی خوا رادەگەیەنێت! ئێستاش ئەوەتا بەرەو وڵاتی خۆمان سەفەر دەکەین تاکو بمداتەوە دەست باوکم. بەو خوا. نیوەی مەملەکەتەکەشی بداتێ لە حەقی ئەم چاکەیەدا کە بەرامبەر من و باوکم کردوویەتی هێشتا کەمە! (تومان)ی سەرکردەش باسی پەژارەی باوك و تەعزیەباری دایکی بۆ گێڕایەوە ئەمجا (توومان) چووە لای غەریبی سەرکردە و دەستەکانی ماچ کرد و وتی:

رێم پێ بدە زوو بگەڕێمەوە مژدە بدەم بە شاسابوور ! غەریب پێکەنی و وتی:

هەر ئێستا بەرەو شاری (ئەسبانیر) و مژدانەکەشت لە شا سابوور وەربگرە.

خۆی وسوپاکەی بەرەو پێیتەخت بوونەوە. هەر زوو خۆی گەیاندە کۆشکی پاشا چووە ژوور و بە روویەکی خۆشەوە کڕنووشی بۆ پاشا برد! پاشایش وتی:

دەی خۆش مژدەبیت هەواڵی چیت پێیە؟ . (توومان)ی سەرکردە وتی:

گەر هەوالی سەلامەتی فەرخرتاجم پێبوو چیم مژدانە پێ دەبەخشیت!؟ کە پاشا ناوی کچەکەی بیست هاوارێکی کرد و بوورایەوە، دەوروبەرانی گوڵاویان بە دەم وچاویدا پرژاند کە بە ئاگا هاتەوە وتی:

وەرە پێشەوە تێم بگەیەنە! ئەمجا چووە بەردەمی و بە کورتی لە نووکەوە بۆی گێرایەوە کە ئەمەی بیست دەستەکانی پێکدادا و وتی:

ئای فەخرتاجی داماو! ! ). ئەمجا فەرمانی دا هەر لە جێدا (١٠٠٠٠) دیناری مژدانە دایە (توومان)ی سەرکردە ئەمجا فەرمانی دا وەزیران و سەرکردەکانی سوپا ئامادە بکرێن و بچن بەپیری غەریبی سەر کردەوە. لەو لایشەوە هەواڵ ببەن بۆ دایکی شازادە. ئەمجا لەماڵیشەوە کەنیزەکی ناو ماڵ مژدەی دا بە دایکی شازادە و کەنیزەکانی کۆشك. لەولایشەوە غەریب کە سوارانی سوپێی شا سابووری بینی لە گەڵ براکەی و شازادە دا بە سواری چوونە پێشوازی یانەوە کە لەیەکتر نزیك بوونەوە یەکەمجار شاسابوور لە ئەسپەکەی دابەزی ئەمجا غەریبی سەرکردەش دابەزی و بەرەو رووی یەك چوون. کە بەیەك گەیشتن شاسابوور پەلاماری دەستی (غەریب)ی دا ماچی بکات غەریب دەستی کێشایەوە. بۆ ماوەیەکی کەمی حەوانەوە دوو رەشماڵیان هەڵدا و پێك شاد بوونەوە.

## سەر بووردەی شادبوونەوەی فەخرتاج بە باوك ودایكی

ئەمجا فەخرتاج چووە رەشماڵەکەی باوکی یەوە و ئامێزیان بۆ یەك کردەوە. دواتر پاشاله بەردەمی خۆیدا کچەکەی دانیشاند و وتی:

ئەمجا بۆم بگێرەوە چیت بەسەر هاتووە. کچەکەی وردورد بۆی گێرایەوە، ئەمجا باوکی وتی:

بێخەم بە زۆر رێزی دەگرم پاداشتی باشی دەدەمەوە. کچەکە وتی:

کورە بابەگیان ئەم غەریبە زۆر دانسقەیە پاڵەوانێکی بێ وێنەیە! هەوڵ بدە بیکەیتە زاوای خۆت ! باوکەکەی بە پێکەنینەوە وتی:

ئەی بیرت چووەتەوە . خورد شای پاشای شیراز (١٠٠٠) دیناری دیاری ناردووە و داوای تۆی کردووە!؟ فەخرتاج وتی:

ئاخر بە دڵی خۆم نەبێت شووناکەم ! ئەو چی دەکات بابیکات، کارێك مەکە خۆم بکوژم! !

شاسابوور، رەشماڵەکەی خۆی جێهێشت و خۆی کرد بەر رەشماڵەکەی غەریب دا کە سەرنجی بە وردی دا لە دڵی خۆیدا وتی:

کچەکەم لۆمە ناکرێت کە حەزی لەم دەشتەکی یە کردووە. زۆر جوان و قۆزە! پاڵەوانیشە! ! ئەمجا غەریب فەرمانی دا سفرە راخرا دەست بەخواردن کرا. کە رەشماڵان پێچرانەوە سەفەریان دەست پێکردەوە کە گەیشتنەوە شار شار رازابووەوە ئاهەنگ ساز درابوو سەماکەران و گۆرانی بێژان شوێنە سەرەکی یەکانیان خۆش کردبوو ئاپوورەی خەڵکەکەیان سازدا بوو . (فەخرتاج) چووەوە کۆشکی خۆی دایکی و کەنیزەکان کردیانە هەلهەلە کێشان و دایکی لە ئامێزی گرت و تێر ماچی کرد. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٣٤

شەهرەزاد وتی:

رۆژی دوایی، شا سابوور لە سەر تەختی شاهانە دانیشت و غەریب لای راستی خۆیەوە دانا وەزیران و سەرکردەکانی سوپا هاتن چاو و دڵ روونیان لە پاشا کرد. ئەم رێ و رەسمە (١٠) رۆژی خایان و غەریب بە پاشای وت:

گەورەم زۆر سوپاستان دەکەم درێغیتان نەکرد ئێستاش رێم بدە بگەرێمەوە ناو کەس و کاری خۆم. دەزگیرانەکەم چاوەرێمە دەگەرێمەوە تاکو بیگوازمەوە ! پاشا وتی:

دەزگیرانەکەت لە کچەکەی من جوانترە؟ غەریب سەری داخست. ئەمجا وتی:

خردشا ناردوویەتی یە داخوازی ئەم کچەم (١٠٠٠) دیناری بە دیاری بۆ کچەکەم ناردووە! بەڵام بەراستی وەڵامم نەداوەتەوە. بەڵام تۆ کچەکەی منت لە مەرگی دێوی شاخ رزگار کردووە ئێستاش هی خۆتە و بە تۆ رەوایە! غەریب وتی:

گەورەم من کابرایەکی دەشتەکیم کچەکەت. شایستەی زۆر لەمن باشترە! شاسابوور وتی:

کوری خۆم تۆ خۆشەویستی ئێمەیت حەزدەکەین تێکەڵمان بیت غەریب کەمێ بێدەنگ بوو. ئەمجا شا سوێندی لێ خوارد کە دەبێت یەك مانگی رەبەق میوانداریت بکەین ناهێڵم برۆیت، ئەمجا پرسی:

لەوە دەچێت حەز بە خزمایەتیمان نەکەیت!؟ کەمێك غەریب راما. ئەمجا وتی:

قوربان پەسەندمە مارەیی کچەکەت بەمن بڵێ تاکو ئامادەی بکەم.

ئەمجا شاسابوور وتی:

ئەی وەزیرە بەرێزەکان ئاگادار بن ئەوا (فەخرتاج)ی کچم بەخشی بە غەریبی سەرکردە. خەڵکەکە هاتن و پیرۆزباییان لە غەریب کرد جارێکی تر غەریب وتی:

مامەگیان سامانێکی زۆرم هەیە داوای مارەیی بکە بێمە خزمەتت. شاسابوور وتی:
تۆ خۆشەویستی ئێمەیت مارەییم لێت ناوێت! تەنیا داواکاریم سەری شا(دەمرقان)ە
پاشای دەشت و شاری ئەهوازا . غەریب وتی:
خۆم و هۆزەکەم هێرش دەکەینە سەر شا (دەمرقان)، لە ناوی دەبەین رۆژی دواتر پاشا
وتی:
دەمەوێت دەست و بازووی پاڵەوانانم ببینم. فەرمانی دا پاڵەوانان رووبکەنە گۆڕەپانی
رمبازێن، کە کۆبوونەوە شا وتارێکی خوێندەوە و وتی:
بەرمبازێن وشەڕە شیر دڵم خۆش بکەن، پاڵەوانان چوونە گۆڕەپان پاشا و سەرکردە
غەریب و وەزیران دانیشت بوون تەماشا چی بوون. دوای کەمێك غەریب بە شا سابووری
وت:
گەورەم حەز دەکەم لەگەڵ پاڵەوانانی عەجەم بجەنگێم بەڵام مەرجێکم هەیە! پاشا
وتی:
مەرجەکەت بڵێ. غەریب وتی:
من نێزەیەکی (٣) پەل دەبەمە گۆڕەپان سەرنێزەکانی لێدەکەمەوە پارچە قوماشێکی
بەسەردا دەدەم کە ئاوی ( زەعفەران) هەڵکێشرابێت. پاڵەوانێکی عەجەمیش بێتە بەرامبەرم
گەر ئەو توانی من بریندار بکات بمکات بە کۆیلەی خۆی گەر من زاڵ بووم لە یەکەم (٣)
پەلەکەمدا کە دەیدەم بە سەر سنگی دا. سەرسنگی رەنگ دەکەم و نایکوژم! ! پاشا
بیرۆکەکەی پێسەیر بوو. هەستاو هاواری کرد:
پاڵەوانانی عەجەم ریز ببن کە پاڵەوانان لە گۆڕەپان ریز بوون:
پاشا داوای ژمارەیانی کرد، وتیان:
(١٢٠٠) پاڵەوانن. ئەمجا پێی وتن:
ئازام دەوێت بچێتە جەنگی بەرامبەرێن لە گەڵ ئەم دەشتەکی یەدا. غەریب هەستا و
ئەسپ و زرێپۆشی بە کار هێنا کە رمە (٣) پەرەکەیان بۆ هێنا داوای هەڵکێشانی پارچە
قوماشەکەی دەستی کرد، لە (زەعفەران) دای بەسەر (٣) پەلەکەدا و لە ژێرەوە هەرسێ
(نێزەکەی) دەرهێنا، ئەمجا چووە گۆڕەپان. بۆی دابارین وئەویش رووی کردە ئاسمان وتی:
پەنا بەخوای تاك وحەزرەتی (ابراهیم الخليل)، پاڵەوانێك هاتە بەرامبەری داوای
کەمێك قوماشی زەعفەرانەکەی لە سنگی توند کرد و سەر سنگی زەرد کرد. ئەمجا رمەکەی
دابە پشتی پاڵەوانەکەدا و بەدەما کەوت. چەند کەسێك چوون پاڵەوانە بەزیویان دابە
شانیان دا و دووری یان خستنەوە. ئەمجا دووەم سێیەم چوارەم و زۆریان بەزین ! ! ئەوانی
تر پاشەکشەیان کرد. ئەمجا غەریب زۆر ماندووبوو کەگەڕایەوە لەگەڵ شێلانی دەست و

قاچیدا شەرابیان دەرخوارد دا ئەویش هەستا و چوو دەست بە ناو بگەیەنێت سەرخۆش بوو رێی لێ تێك چوو خۆی کرد بە ژووری (فەخرتاج)دا کچە لەبەری هەستا و بەخێری هێنا ئەمجا کەنیزەکەکانی ئیزن دا و دەوروبەریان چۆڵ بوو. ئەوشەوە غەریب لای شازادە مایەوە. شاسابوور پێی وابوو غەریب جێی هێشتوون و گەڕاوەتەوە، رۆژی دواتر غەریب چووە دیوەخان و پاشا لەبەری هەستاو لای خۆیەوە داینا دوای کەمێك پاشا لە پەنجەرەی هۆڵەکەوە سەیری دەرەوەی کرد. تەپوتۆزی بینی.، لە دەوروبەری پرسی:

چەند چەکدارێکی نارد تاکو برۆن هەواڵ بێننەوە دوای ماوەیەك سوارەکان گەڕانەوە و وتیان:

کە (١٠٠) سوارەی چەکدارن سەرۆکەکەیان ناوی(سهیم اللیل)ە. کە غەریب ناوەکەی بیست، وتی:

پاشای زەمانە ئەو سەرۆکەبرای منە و رەنگە بە شوێن مندا هاتبێت، وا خۆم دەچمە پێشوازی، (١٠٠٠) سوارەی لە گەڵ خۆی برد و لە پاڵەوانانی عەجەم، کە بە یەك گەیشتن هەردووکیان دابەزین و بەرەو رووی یەك بوونەوە و یەکتریان لە ئامێز گرت. بەدەم رێگاوە غەریب لە براکەی پرسی:

ئاخۆ هۆزی (بەنوقەحتان) هەموویان ئێستا لە دۆڵی گولانن؟ (سهیم) وتی:

ئەوەی راستی بێت (مرداس) ملی نەدا چووە سایەی شا عەجیب پاشای (کوفە)وە. ئەولاوەی داوای (مەهدیە)ی کچی کرد بوو. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٣٥

شەهرەزاد وتی:

غەریب(سهیم اللیل)ی برای بردە بەردەم شاسابوور و کڕنووشیان بۆ برد. شا بەخێری هێنان و زۆر رێزی (سهیم)ی گرت. کە پاشا پرسی:

غەریب بۆچی بێ تاقەتی؟ وتی:

گەورەم راستییەکی خەفەتباری ئەوەم (مرداس)ی سەرکردە لە گەڵ هوزەکەماندا نەهاتووە و پەیمانی درۆی بە من داوە! ئێستا خۆی کردووە بە ژێر باڵی شاعەجیبی وڵاتی (کووفە) کە لە عێراقدایە ! منیش سوێندم لێ خواردووە پەلاماری کووفە دەدەم و لە گەڵ شاعەجیب و سوپاکەی دەجەنگم تاکو (مرداس) و خێزانەکەی نەفرێنم و نەی هێنمەوە ناو هۆزی (بەنوقەحتان) کۆڵی لێ نادەم! پاشا وتی:

کوڕی خۆم ئێستا تۆ سەر بە خێزانی منیت داوای هێز و سوپا و چەك بکە هەرچیت لە سامان و پێداویستی دەوێت داوا بکە، وا (١٠) سەرکردە سوپا ئامادە دەکەم بۆت. هەر سەرکردەیەك (١٠٠٠٠) سوارەی جەنگاوەری لە گەڵ دەنێرم هەر لەوێدا فەرمانی شاهانەی بۆ دەرکردن (غەریب) زۆری پێخۆش بوو دوای چەند رۆژێك ئەو (١٠٠٠٠) سەربازە (١٠) سەرکردەیە لە گەڵ سوارەکانی (سهیم) دا و غەریبی سەرکردە، کەوتە رێ کە گەیشتنە قەلای دۆڵی گۆلان دێو سەعدان بەرەو پیریان چوو خۆی و (٥) کوڕەکەی، بە خێریان هێنان. غەریبی سەرکردە هۆزی (بەنو قەحتان)ی بە سەرکردەوە و پێداویستییەکانی بۆ جێبەجێ کردن. دوایی کە (دێو سەعدان) بە سەرهاتەکەی لە دەم غەریبەوە بیست وتی:

گەورەم تۆ بۆخۆت لێرە بحەوێوە خۆم(٥)کوڕەکەم لە گەڵ ئەم سوپا مەزنە دەچینە سەر شاری (کووفە)ی عێراق و تەخت و بەختیان تێك دەدەم و هەر هەموویان بە پاشاکەیانەوە بەدیلی دەهێنمە بەردەستتان! غەریب پێکەنی و وتی:

سوپاس بۆ تۆ! دەزانم لێت دەوەشێتەوە! بەلام دەبێت خۆیشم لە گەڵتان بم. ئەمجا غەریب (١٠٠٠) سوارەی بۆ پاراستنی قەلا و خێزانەکان هێشتەوە. فەرمانی دا. بەرێ بکەون بەرەو (کووفە)ی (عێراق).

## چیرۆکی هەلاتنی مرداس لە عەجیب و کوژرانی دایکی غەریب بە دەستی عەجیب

لەولایشەوە مرداس خاو خێزانی گەیاندە عێراق و لەوێوە بۆ شاری (کووفە) دیاری یەکی بردە بەردەم شاعەجیب و کڕنووشی بۆ برد و وتی:

پاشای زەمانە لێم قەوماوە هانام بۆ تۆ هێناوە! ! شاعەجیب وتی:

بلێ کێ غەدری لێ کردوویت تاکو حەقت بسەندمەوە! خوای دەکرد شاسابووری شای تورك و دەیلەم دەبوو. مرداس وتی:

پاشام ئەمەی غەدری لێ کردووم دەم روتێکی دەشتەکی یە! ناوی (غەریبە)ئەم غەریبە ساوایەك بوو کاتی خۆی شیرە خۆرە بە بەر مەمکی کەنیزەکێکەوە لە کاتی دەرچوونم بۆ راو: لە دارستانێکدا دۆزیمەوە! ئەمجا هێنامە مالی خۆم و دالدەی دایکەکەیم دا دوای ماوەیەك چارناچار دایکیم مارە کرد. دوای سالێك کوڕێکم لێی بوو ناوم نا (سهیم اللیل)، منالەکەی منی لە گەڵ ئەم غەریبە ئەمەك بە حەرامەدا پەروەردە کرد پێکەوە بوون تاکو

تەمەنیان گەیشتە (٢٠)ساڵان. ئەمجا غەریبی نمەك بە حەرام چاوی بڕی یە (مەهدی یە)ی کچم داوای کرد، منیش پێم جوان نەبوو بە دەستی خۆم پەروەردەی دەستی خۆم بکوژم. بۆیە پەڵپم لێ گرت بچێت دێوی شاخم بۆ بکوژێت ئەویش بەرەو ئەو دۆڵە بووەوە کە دێو سەعدانی لێیە لە جیاتی ئەوەی بیکوژێت کردیە هاواریی خۆی و (٥) کوڕەکەی لە سەر دەستی دا ئیسلام بوون و بڕوایان بە حەزرەتی ئیبراهیمی خەلیل هێنا! منیش دەزانم دەکاتە سەرم و بەر زۆر مەهدیەم لێ دەسەندێت . مەهدیەش هێندە جوانە هەر قابیلی خۆتە قوربان. کە درێژەی نەدەمێ لەو قەڵای شازادەی کچی شاسابووری لە (دیل)ی ڕزگار کرد و دەستی بەسەر ئەو قەڵایەدا گرت. بەناوی ئایینە نوێیەکەوە. شازادەشی بە شاسابوور و دایکی شاد کردەوە. ئەمجا شاعەجیب ڕەنگی تێکچوو ترسی لێ نیشت بۆیە لە میرداسی پرسی:

( دایکی غەریب لای تۆیە یان لای غەریب خۆیەتی!؟ مرداس وتی:

لای خۆمەو ئێستا لە ڕەشماڵەکەی خۆمدایە ئەمجا پرسی:

ناوی چیە، مرداس وتی:

(نوسرەت). ئەمجا بە مرداسی وت:

بنێرە بە شوێنی دا کە هێنایان سەیری کرد و ناسی یەوە، وتی:

ئەمە نوسرەتە؟ مرداس وتی:

( خۆیەتی). ئەمجا عەجیب رووی کردە کەنیزەکەکە و پرسی:

( مەلعون کوا(٢) کۆیلەکەی لە گەڵ تۆم ناردن؟ نوسرەت وتی:

گەورەم لەسەر من بوو بە شەڕیان تیا چوون. ئەمجا عەجیب زۆر تووڕە بوو هەڵیکێشایە شمشێرەکەی و کێشای بە سەریدا کردی بە دوو بەشەوە پاسەوانان لاشەکەیان ڕاکێشایە دەرەوە. ئەمجا بە (مرداس)ی وت:

خۆزگە ڕۆژێك ئەو غەریبەمم دەست بکەوتایە!! . فەرمانیدا: (٢٠٠٠٠٠)دیناریان مارەیی (مەهدیە)ی کچی مرداس دایە مرداس، لەگەڵ (١٠٠) پارچە قوماشی (ئاوریشم)ی بە زێڕ نەخشاو. (١٠٠) دەسرۆکەی کەنار زێڕ، (١٠٠) پارچە پیاڵە و پەرداخ و سینی زێڕینیش.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٦٣٦

# چیرۆکی گەیشتنی سوپێی غەریب بە دوورگەی (دامغ)ی مامی

شەهرەزاد وتی:

لەولایشەوەغەریب بە خۆی وسوپاکەیەوە گەیشتنە عێراق چوونە شاری(جزیـرە) سوپا لە کەناری شار لێی دا رەشماڵ و دەوار. سوارەکان دابەزین بەهەزار هەزار، ، خەلکەکەش لە ترساندا دایان خست دوکان و بازاڕ ! ئەوشارە لە ژێر دەستی شـا(دامـغ)دا بـوو. (دامـغ) واتـە دەمـاخ پـڕژێن. چـونکە لەگـەڵ دوژمـنی دا دەجـەنگا دەیـدا بـە کەللـەی سـەریدا ودەمـاغی دەپژاند!! . شا دامغ پاڵەوانێکی هاواریی هەبوو دەتوت بریـسکەی ئـاگرە، هێنـدە ئـازاو خێـرا بوو بانگی کرد نادەی ( شێری پێدەشت). هەر زوو بـچۆناو ئەوسـوپا مەزنـەوەو هـەواڵم بـۆ بێنەوە). شێری پێدەشت بە سواری خۆی کـرد بـە نـاو سـوپێی عەجـەمیان دا دەورەیـان دا گرتیان کەلێیان پرسی:

بۆچی هاتوویت؟ وتی:

نوێنەری (شـا دامـغ)م. بمبـەن بـۆ لای سـەرکردەی ئـەم سـوپا مەزنـە ئـەوانیش بـە نێو چەندین سەربازگەو خاوەن ئاڵای جۆراوجۆر دا رەتیـان کـرد تاگەیاندیانـە بـەردەم غـەریبی سەرکردە. کە گەیشت کرنووشی بۆ غەریب برد. ئەمجا وتی:

گەورەم پاشامان دەیەوێت، بزانێت بۆچی هاتوون؟ ئەم شـارە نـاوی دوورگـەی پـێدەڵێن پاشاکەی ناوی دامغ کـوڕی بـرای شـا(کەندەمـەر)ە خـاوەنی شـاری(کووفـە) و زەوی عێراقە! کەغەریب ناوەکەی بیست فرمێسك بە چاوانیدا هاتە خوارەوە و وتی:

خۆت ناوت چی یە؟ ئەویش وتی :

( شێری پێدەشت). غەریب وتی:

بـڕۆوە لای پاشاکەت و پێـی بڵـێ خـاوەنی ئەوسوپێیەی لـە ژمارەنایـەت نـاوی غەریبـە کوڕی (کەندەمـەر)ە کە خـاوەنی (کووفـە)یـە ئـەوەی کوڕەکـەی کوشـتی! ! ئێـستاش هـاتووە تۆڵەی خوێنی باوکی لە ئەو عەجیبە سەگە خوێڕیە بـسەنێت! ! . ( شـێری پـێدەشـت) کە ئەمەی بیست لە خۆشیاندا دای لە ئاوزەنگی وبەغار کردن خۆی گەیاندە شا دامغ پاشا لێی پرسی:

هەواڵ چی یە؟ ئەویش وتی:

گەورەم مژدەم لێت دەوێت سەرکردەی ئەو هەموو سەربازە عەجەمی و توورکە برازای خۆتە و کوڕی ( کەمەنـدەر)ی براتـە!! . شادامغ هاواری کـرد ئەمـە خـەوە؟ خەیاڵە!؟ یان راستی یـە؟ . ئـەمجا چـەندین پیـاو مـاقوولی شـاری کۆکردەوە و بـە سوارانی چـوون بـۆ بەخێرهێنانی. کە پێك گەیشتن ئامێزیان بـۆ یـەکتر کـردەوەو بـە سـەریەکدا گریـان. ئـەمجا غەریب وتی:

ئێستاش هاتووم تۆڵەی باوکم لەم (عەجیبە) خوێری یە بکەمەوە. شادامغ وتی:

کوڕەکەم خەجاڵەتم کە تاکو ئێستا نەم توانیووە تۆڵەی براکەم بکەمـەوە! چونکە مـن سوپێیەکی کەمم هەیە بەڵام ئەوسوپێیەکی فرەی هەیـە!! . بـەڵام کوڕەکەم تۆڵەکردنـەوەی تۆ هەر خوێنی باوکت نیە! غەریب وتی:

ئەی!!؟ مامی وتی:

ئەو عەجیبە خوێری یە دایکیشی کوشتیت! غەریب چاوانی بە فرمێسك بـوو بـۆدایکی وتی:

دایکمی بۆ چی کوشت؟ مامی باسی (مرداس)ی بۆ کرد و پێی وت:

(مەهدیە)ی کچی لێ مارە بڕیووە.

## چیرۆکی گەیشتنە(بابل)ی سوپێی غەریبو جەنگی لە گەڵ شا(جمك)

ئەمجاغەریب هێنـدە بـۆ دایکـی گریـا بوورایـەوە مـامی بـە ئاگـای دەهێنایـەوە و هـاواری دەکرد ئادەی سوپا سوار بن با بڕۆین! دیسان دەبوورایەوە مامی زۆر بەسەریدا هات و وتی:

گەر ئارام نەبیت ئەم جەنگە دەدۆڕێنیت! ئەمجا مامی وتی:

پەلەمەکە با سوپاکەم رێك بخەم و لە گەڵت دێم!! غەریب وتی:

مامـەگیان مـن پەلەمـە، تـۆش لـە (کووفـە) بگـەرە فریـام! . ئـەمجا درێـژەیان بەسەفەرەکەیان دا تا گەیشتنە دەروازەی شاری (بابل). پاشای شاری (بابل) ناوی شا(جمك) بوو. ئەمجا غەریب تەتەرێکی بە نامەوە نارد. کە گەیشتە دیواری بڵندی (بابل) هاواری لە دەروازەوان کرد کە نامەی سەرکردەی سوپا گەمارۆ دەری (بابل)ی پێیە!

ئەمجا دەرگاوان تەتەر و نامەکەی بردە شارەوە و کردی بە لای پاشادا تەتەر کڕنووشی بۆ شا(جمك) برد و نامەکەی پێشکەش کرد. کە خوێندیـەوە نووسـرابوو سوپاس بـۆ خـوای

ئاسمان وزەوی، رۆژیی دەری زیندەوەران توانا بەسەر هەموو شتێکدا لەمنەوە- غەریب کوڕی کەندەمەر، خاوەنی شاری (کووفە) بۆ (جمك)!! بە گەیشتنی ئەم نامەیە هەرچی بتەکانی نێو پەرستگاکانە دەبێت بیان شکێنیت! دەبێت خوای تاك وتەنیا بپەرستن ئەو خوایەی تاریکی و رووناکیت بەدەستە هەرچی شتەکانە خۆت دروستت کردوون، تواناەری بەهەموو شت، خوای ئەم دنیا و ئەو دنیایە هەر فەرمان بدا ببە دەبێت!؟ .

## چیرۆکی (دیل) بوونی شا جمك لە لای دێوەکەی شاخ

کە جمك شا نامەکەی خوێندەوە چاوی زەق بوو، دڵی بە رق بوو! ناردی بە شوێن تەتەری نامە هەڵگردا و وتی:

بە پاشاتان بلا با بەیانی بێتە گۆڕەپانی جەنگ لە سوپێی ئێمەوە ببینن زەبر و زەنگ مەرج بێت دنیاتان لێ بکەین تەنگ. رۆژی دواتر، رەشماڵ بەریز بەرامبەر بە یەك لێدرا سوپێی غەریب و سوپا جمك بەرامبەر بە یەك، شەیپووری جەنگ لێدرا یەکەم پاڵەوان دێو سەعدان چووە گۆڕەپان یەك درەختی هەڵکەند و بە دەستی یەوە بوو، هاواری دەکرد:

( کێ خۆی بە ئازا دەزانێ بۆم بێتە گۆڕەپانێ! ).

لە لەشکری جمك شاوە پاڵەوانێك هاتە بەرامبەر لوولەکێکی هەڵدەسووڕان دەتوت کۆڵەکەی ناوەراستی پاپۆڕە، هێرشی هێنا، بەڵام دێوی چیا درەختەکەی بۆ داهێنا، بە قورسایی درەخت وکۆڵەکەکەی دەستی دوژمن کەوتە بەسەر پاڵەوانی(جمك)شادا و دەم ودەست مرد ئەمجا هاواری کرد( من دێوی شاخم ئەم کوژراوەم بۆ ببرژێنن باهەر لێرەدا بیخۆم! کوڕەکانی داریان بۆ کۆکردەوە و ئاگریان لە دارەکە بەردا ئەمجا کوژراوەکەیان برژاند بۆی!! شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٣٧

شەهرەزاد وتی:

کوڕانی دێو سەعدان ئاگریان کردەوە و پاڵەوانە کوژراوی بابلیان بۆ برژاند. بە بەر چاوی ئەو سەربازانەوە کەوتە خواردنی گۆشتی برژاوو داکرماندنی ئێسقانەکانی! سوپاکەی (شاجمك) زۆر لە و دێوە شاخی یە ترسان. دوای کوژرانی یەك لە دوای یەکی ئەو پاڵەوانانەی دەچوونە . گۆڕەپانی ئیدی هەلاتن. ئەمجا غەریب فەرمانی دا شوێنیان بکەون- بیان کوژن. سوپێی عەجەم و عەرەب کەوتنە راونانی سوپا هەلاتووەکە هێندەیان لێ کوشتن

کەگەیشتنە نزیکەی (٢٠٠٠٠)سەرباز، سوپا بەزیوە کەیان گەیاندە بەر دەروازەی شاری (بابل) و فریا نەکەوتن دەروازەکە دابخەنەوە! دێو سەعدان چەند کوژراوێکی بەرز کردبووەوە ڕای دەوەشاندن . سوپابەزیوەکەی تۆقاندن.

ئەمجا دێو سەعدان پەلاماری کۆشکی (جمك شا)ی دا سەربازانی عەجەم و عەرەب بە دوایدا! بەشایدا کێشاوە کەوت و بووڕایەوە ! سەربازان قۆڵبەستیان کرد وبردیان، لە کۆشکی شا گیرا خەڵکەکە کەوتنە پاڕانەوە نەیان کوژن! کە شا(جمك) بە ئاگا هاتەوە بەقۆڵبەستی لەبەردەم غەریب دایە!! . شا جمك وتی:

ئێستا من لە سایەی تۆ دام! بمپارێزە غەریب وتی:

(ئیسلام ببە سەلامەت دەبیت گەرنا لە دەست ئەم دێوە ڕزگارت نابێت! ). دێوەکە نەعرەتەیەکی بەسەردا لێدا و وتی:

هەرئەمشەو دەتبرژێنم!! شا جمك شایەتمانی هێنا. غەریب فەرمانی دا ئازادی بکەن. ئەمجا شا جمك کەوتە پەزێرایی کردنی ئەو سوپا مەزنە و خواردنی گەنجینەکانی هەموو هێنایە دەرەوە و خواردنی سوپێی ئامادە کرد. ئەمجا وتاری بۆ هاووڵاتیانی خوێندەوە و داوای لێ کردن ئیسلام ببن، خەڵکەکەش موسڵمان بوون. ئەوسوپا مەزنە سەفەرەکەی کرد بەرەو (کووفە). لە ڕێگا گەیشتنە شارێکی خۆش ناوی (میافارقین) بوو.، کە چوونە شارەوە چۆڵ وهۆڵ بوو! تۆمەز بیستبوویان ئەو سوپێیە هێندە ئازان چییان بەسەر شاری (بابل)هێناوە خەڵکەکە هەڵاتبوون خۆیان گەیاندبووە شاری (کووفە) وپەنایان بردبووە بەر شاعەجیب! پاشایش . کەوتبووە خۆی و سوپێی ئامادەی جەنگ کردبوو. کە سوپاکەی سەر ژمێری کردبوو(٣٠٠٠٠) جەنگاوەری سوارە بوون . (١٠٠٠٠)ی پیادەش! لە هەڵاتووان و هاووڵاتیانی شاری (کوفە)یش (٥٠٠٠٠) جەنگاوەری سوارە و پیادە بوون! !، ئەمجا ئەم سوپێیەی دایە پێش و (٥) ڕۆژ بە ڕێوە بوون. تاکو گەیشتنە شاری (موصڵ). بۆی دەرکەوت سوپێی براکەی لە دەوروبەری (موصل) سەربازگەیان پێکەوە ناوە و لایان داوە. ئەمیش لە بەرامبەریاندا ڕەشماڵ و دەواریان هەڵدا. غەریب نامەیەکی نووسی. ئەمجا بە دەورو بەرەکەی وت:

کێ ئەم نامەیەم دەگەیەنێتە دەستی عەجیب!؟ (سهیم اللیل)ی برای وتی:

من دەتوانم نامەکەت بگەیەنم وەڵامەکەت بۆ بێنمەوە. سوار بوو ڕۆیشت و چووە بەردەم سەربازگەی عەجیب هاواری کرد نامەم هێناوە بۆ عەجیب پاشا. کە پاشایان ئەمەی بیست وتی:

( بی هێنن با بێت).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٣٨

شەهرەزاد وتی:

که (سهیم)یان بـردە بـەردەم شا عـەجیب لـە دەوارەکانـدا وەسـتابوو. سـهیم بـە سـواری ئەسپەکەیەوە بوو، پرسی:

لە کوێوە هاتوویت؟ سهیم وتی:

لە لای غەریبەوە هاتووم سـەرۆکی سوپێی عەجەم و دەیلەم و عـەرەب. نامەکەی لێ وەرگرت کە خوێندیەوە نوسرابوو:

(بسم الله الرحمن الرحیم)

سڵاو لە خەلیل و ئیبراهیم کە ئەم نامەیەت پێگەیشت. دەکەویتە یەکتاپەرستی! پاشای ئاسمان و زەوی بەهێز و توانا و قەوی. شایەتمانی خۆت دەڵێیت بت پەرستی لا دەنێیت! گەر بڕوات هێنا ئیسلام بوویت ئەوا براکەی جارانیت چاو دەپۆشم لە کوشتنی دایك و باوکم بـە دەستت! ئەگەرنا ئەوا لە ملت دەدەموڵاتت کاول دەکەم! والسلام علی مـن اتبـع الهـدی" کە عەجیب شا ئەمەی خوێندەوە هێندە تووڕە بوو نامەکەی دڕانـد! "سـهیم" زۆر تـووڕە بـوو هاواری کرد دەستت بشکێ! پیاوانی "عەجیب" پەلامارییان دا ئەویش شمشێری لێ ڕاکێشان. ٥٠ سوارەی کوشت. هەڵات و گەیشتەوە لای غەریبی برای. کە براکەی لێی پرسی: بۆچی ئاوا هەموو گیانت خوێنە؟ بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. غەریب هاواری کرد:

"الله اکبر ئادەی شەیپوری جەنگ لێ بدەن. هەڵمەت بەرن."

پەلاماریان دانئای لە بریسکەی شمـشێران! هەڵمـەتی ئـازا و شـێران! پـەلاماری بوێران! هەر خلیسکانی پێیان کەوتن و لەزین گلان هەڵمەتی لـە پـڕ تـاو بـوو! ناڵەی سـوارەی گلاو بوو. ئەو ڕۆژە تا تاریکی شەو داهات.. ئەمجا جەنگ کۆتایی هات. تەپڵی جیا بوونەوەی هەر دوو سوپاکە لێـدرا. جـەنگاوەران چوونەوە دەواران. ڕۆژی دواتـر کـە خـۆر کـەوت هێـرش و پـەلامار بـوو. قەسـابی و کوشـتار بـوو! یەکـەم کـەس "سـهیم اللیـل" بـوو.. بـە بـڕوا و بـە هەستەوە دوو شمشێر بە دەستەوە. نەعرەتەی لێدا "کێ بـۆم دێتـە پێـشەوە. مـەرد بێت و نەکشێتەوە؟"

سوارەیەك هات زۆر ئازا چاوانی خوێنی تێزا "سهیم اللیل" هەر زوو .. پاڵەوانەی کوشت دووەم هـات سـێیەم و چـوارەم. بـەڵام بـێ سـوود بووکـوژران لـە گۆڕەپـان ڕاکێشران! شـەڕی

بەرامبەرێن سەرومڕ بوو تاکو نیومڕۆ "سهیم اللیل" ٢٠٠ سوارەی دوژمنی لە گۆڕەپاندا خستا! ئەمجا تێك رژان . جەنگ تاکو ئێوارە درێژەی کێشا شەیپووری وەستاندنی جەنگ لێدرا جەنگاوەرەکان بەرەو سەربازگەی خۆیان بوونەوە تاکو بێ وێنەوە.

## چیرۆکی فڕاندنی غەریب بە دەستی سەیار

ئەو شەوە جەنگاوەرانی هەر دوو لا زۆر ماندوو بوون. لاڵ و پاڵ لە رەشماڵ و دەوارەکانیاندا لێی پاڵ کەوتن بەیانی کە خۆر هەلات. سوپا لە چەند ریزی دوورودرێژدا ریز بوون. "سەهیم" بە سواری ئەسپەکەیەوە دەهات و دەچوو. چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی "غەریب"ی برای بوو کە بە غار بێت و وەکو جاران پێش سوپا بکەوێتو جەنگ دەست پێ بکەنەوە. بەلام غەریب هەر نەهات! بۆیە بە غار هاتە بەر رەشماڵەکەی و لە پاسەوانانی پرسی. وتیان:

"گەورەم بێئاگاین"

چوونە ژوورەوە رەنگیان هەڵبزرکابوو. بە ترسەوە پێیان وت:

"لە ناو رەشماڵەکەدا نەماوە"

بۆی گەڕان بێ سوود بوو! تومەز لە لایەن پیاوێکی "شا عەجیب"ی برایەوە فڕێنراوە! شا عەجیب ئەو پیاوە زیرەکە فێلاوییە بانگ دەکات و دەڵێت "ئەی سەیار تۆ بۆ رۆژێکی وا نەبێت بۆچی باشیت!!؟"

ئەمجا پێی دەڵێت "دەمەوێت.. بە وریاییەکەی خۆت هەر ئەمشەو "غەریب"ی برام بۆ بدزیت! کە هێنات جیت لەم دنیایەدا بوێت بۆت جێبەجێ دەکەم."

سیاریش دەڵێت "بە چاوان"بەو شەوە. بە دزە کردن بێدەنگ بێ ئەوەی کەس ئاگای لێ بێت خۆی دەکات بە رەشماڵەکەی غەریب دا. لێی دادەنیشێت. چاوەڕێی غەریب دەکات کە خەبەری ببێتەوە. دوای کەمێك غەریب بە ئاگا دێتەوە داوای ئاو دەکات. "سەیار"یش پێش ئەوەی گۆزە ئاوەکەی بداتێ کلۆیەك "بەنج" دەکاتە ناوییەوە. ئەمجا دەیداتە دەستی. غەریب کە خەواڵو دەبێت . لێی وەر دەگرێت و ئاوەکە دەخواتەوە. دوای کەمێك لە هۆش خۆی دەچێت. سەیار جاجمێکی بۆ رادەخات. غەریبی تێ دەکات و دەی پێچێتەوە و دەیدا بە شانیدا و رەشماڵی عەجیب خۆت بگرە و هاتم!! رەشماڵەکانیش بە هۆی جەنگەکەوە زۆر لە یەکەوە دوور نەبوون. جاجمە لوول کراوەکە دەخاتە بەر دەستی عەجیب و دەڵێت "ئەوەش براکەت!"

ئەمجاجاجمە لوول کراوی بۆ دەکاتەوە. غەریب بەقۆڵبەست کراوی راکشاوە. بەم کەین و بەینە غەریب بە ئاگا دێتەوە. سەیر دەکات.. ئێرە رەشماڵەکەی خۆی نییە.. کە وردتر سەرنج دەدات "عەجیب"ی برای بە ژوور سەرییەوە! ئەمجا عەجیب دەشیرێنێت بە سەری دا "ئەوە. سەگە پیس هاتوویت! تۆڵەی دایك و باوکت بکەیتەوە!؟"

ئەمجا بە سەیاری وت:

"بتەکان پشت و پەنات بن دەستت خۆ بێت ئەمەت بۆ من هێناوە"

غەریب وتی:

"لاحول و لاقوە الا بالله العلی العظیم"

ئەمجا عەجیب شیراندی:

"ئەمرۆ هەلا هەلات دەکەم و رەوانت بە دایك و باوکت شاد دەکەم!"

غەریب وتی:

"سەگە خوێڕی.. هەر ئەمرۆ تێدەگەیت کێ براومیە! پەلە مەکە! خوای تاك و تەنیا بە توانای هەر دوو دنیا لە ناوت دەبات رەوانەی دۆزەخت دەکات بەزەییت بە خۆتدا بێتەوە بڵێ "لااله الله ابراهیم خلیل الله"شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٣٩

شەهرزاد وتی: کە خۆر هەڵات وەزیران لە رەشماڵی شا عەجیب دا کۆ بوونەوە. عەجیبیش دەیشیراند و هاواری کرد:

"ئەو شمشێرەم بۆ بێنن با هەر لێرەدا سەری لە لەشی جیا بکەمەوە"

وەزیرێکیان کە بە نهێنی ئیسلام بووبوو کڕنووشی بۆ برد و و تی:

"گەورەم پەلە مەکە لە کوشتنی! ئێستا ئێمە لە جەنگداین لەگەڵ لەشکری ئەم برایەت نەبادا لەشکرمان شکست بێنێت ئەم برایەت کایەی پێ دەکرێت لەگەڵ دوژمنەکەماندا جارێ با بمێنێت."

شا عەجیب بیرۆکەکەی بە باش زانی و وتی:

"برۆن لە بەندیخانەی توند بکەن. ١٠٠٠ پاسەوانی بۆ دابنێن نەبادا دوژمنان بێن و رزگاری بکەن."

لەولایشەوە کە دێو سەعدان بەمەی زانی .. نەڕاندی:

" ئادەی پاڵەوانان.. خۆتان ببەستن پەلامار بدەن."

ئەو سوپا مەزنە. ئەو هەموو چەك و توانایە وەكو رانی بێ شوانیان لێ هاتبوو. ئەمجا دێوی شاخ چووە گۆڕەپان. دەیشیراند كێ دەوێرێ شەڕ بە من بگێرێ!؟ ئەوەی بمناسێ هەڵدێ ئەوەش نام ناسێت: من دێوی شاخم بە هەیبەت و بۆشناخم! كۆیلەی شا غەریم! وەرن بت پەرستان!"

پاڵەوانێك چووە بەرامبەری هەر خێرا كوژرا و سەری پەڕی. ئەمجا دێوی شاخ هاواری كرد:

"كوان كوڕە پاڵەوانەكانم.. هەر لەم گۆڕەپانەدا ئاگر بكەنەوە. ئەم ئادەمیزادە كوژراوەم بۆ ببرژێنن!!"

ئەوانیش داریان بردە گۆڕەپان. ئاگریان بۆ كردەو كە پاڵەوانە كوژراوەیان بۆ برژان لەبەر چاوی دوژمنان كەوتە خواردنی گۆشتی برژاو داكرماندنی ئێسقانەكانی جەنگاوەرانی شا عەجیب زۆر ترسان بۆیە شا عەجیب فەرمانی دا.. ئادەی كوڕینە پەلاماری بدەن.. ئیدی بە سەدان كەوتنە لێدانی لە ٤ لاوە دێو سەعدان برینـدار بـوو. خـۆی بـۆ رانـەگیرا و كەوتـدوژمنان خێـرا قۆڵبەسـتیان كـرد و بـۆ زیندانەكـەی "غـەریب" بەكێـشیان كـرد. كـە غەریب دێو سەعدانی بەدیلی بینی وتی:

"لاحول ولاقوه الا ئەمجا پرسی:

"سەعدان ئەمە چی بوو بەسەرمان هات؟"

دێوی شاخ وتی:

"گەورەم قەزا و قەدەری خوایە دۆڕاندنیشی تیایە!!"

غەریب وتی:

"راست دەكەیت سەعدان" ئەو شەوە عەجیب شا زۆر دڵخۆش بوو بە لەشكرەكەی خۆی وت:

"سبەینێ خۆتان ئامادەی جەنگ بكەن دەبێت كارێكیان پێ بكەین كەسیان بە زیندوویی نەهێڵین!!"

لەولایشەوە . سوپێی ئیسلام خەمی تێكشكاندنی خۆیان دەخوارد سهیم اللیل دڵی دەدانەوە و دەیوت بەری تەنگانە كورتە! خوا یارمەتی دەرە."

## چیرۆكی ئازاد كردنی غەریب و دێوسەعدان بە دەستی "سهیم"

سهیم ئارامی گرت تاكو نیوەشەو چوو بەرگی خزمەتكاری پۆشی. ئەمجا نیوە گونییەك كلۆ بەنجی دا بە كۆڵیا و خۆی كرد بە ناو سەربازگەی شا عەجیب دا. شەو تاریك بوو. كەس نەیدەناسی و پێیان وابوو خزمەتكاری خۆیانە. سەهیم گەڕا.. تاكو دەوارەكەی شا عەجیبی دۆزیـەوە ئـەمجا خـۆی كـرد بـە ژووردا و خـۆی ـ گەیانـدە شـا و وەزیرانـی و كەوتـە مۆم داگیرساندن هەر مۆمێكی دابگیرساندایە كلۆیەك بەنجی دەكردە ناو گڕەكەوە بەنجەكەش بە هەڵمژین ئەمجا ئەو دەوارەی جێ هێشت. ئەمجا گەڕا. گەڕا تاكو ئەو دەوارەشی دۆزییەوە كە براكەی و دێوسەعدانی لێ بەند كرابوو دارێكی بـە دەستەوە گـرت و بـە مەشخەڵی تـر دای گیرساند. چەند كلۆ بـەنجی خـستە نـاو ئاگرەكەوە. لـە درەوە بـە چـوار دەوری دەوارەكەدا سوڕایەوە تاكو دوكەڵ بە نێو پاسەوانی دیلەكاندا بڵاو بووەوە. هەموویان بـەنج بـوون و لاڵ و پاڵ لێی كەوتن! ئەمجا خۆی كرد بە دەواری زیندانەكەدا و دەستی دێو سـەعدانی كردەوە دواتر دەستی "غەریب"یشی كردەوە و ئازادی كردن. ئەمجا نیازیان بوو بە دزییەوە را بكەن بەڵام سهیم بانگی كردن و بە ئیشارەت شوێنی خۆی خستن. ئەمجا جاجمێكی هێنا و لە نێو وەزیرە بوراوەكاندا "عەجیب" شـای تێكـرد و لـوولی كـرد و دای بـە شـانی دێـو سـەعدان دا لەگەڵ خۆیان بردیان و گەڕانەوە سەربازگەی خۆیان. ئەوان لـەم خـۆش رزگـار بوونـەیان دا بوون دەست خۆشیان لە "سهیم اللیل"ی باری غەریب كرد. هێندەیان زانـی بـانگ و سـەڵای اللـه اكبریـان بـوو. زرنگـەی شـەڕە شـیر بـوو. نەعرەتـەی پـەلامار دان بـوو. غـەریب چەند كەسێكی نارد تاكو هەواڵ بزانن. دوای كەمێك هاتنەوە وتیان:

"قوربـان مامـەت بـە ٢٠٠٠٠ سـەربازەوە هێرشـی هێنـاوە و سـوێندی خـواردووە تـاكو برازاكەی لە چنگی عەجیب شا دەرنەهێنێت نەگەڕێتەوە! غەریب كە ئەمەی بیست هاواری كـرد ئـادەی سـەربازانی ئیـسلام.. پـەلامار بـدەنیا.. هێرشـی مامـەم .تۆكمـە بكـەین. ئـەمجا سوارانی موسڵمانان هێرشیان برد. سوپێی "عەجیب"یان راو نا! ٥٠٠٠٠یان لێ كوشتن! ٢٠٠٠٠ یشیان لێ بە دیل گرتن. ئەمجا. غەریب بەو شەو "دامغ"ی دۆزییـەوە. باوەشـیان بـە یەكدا كرد و عەجیب سوپاسی مامەی كرد. مامەیشی وتی:

"كوڕەكەم.. بە هەوڵ بدەین عەجیب "دیل" بكەین نەهێڵین هەڵ بێتـ!"

غەریب وتی:

"مامە گیان خەمت نەبێت لای خۆمە و وەكو سەگ زنجیرم كردووە!"

ئەمجا پێكەوە گەڕانەوە نێو رەشماڵی "غەریب". ئەو ناوە هەمو گەڕان "عـەجیب" دیار نەمابوو. تومەز لە گەرمـەی .ئـەو راونـان و شـكاندنەی لەشـكری "عـەجیب"دا. سەیار ئەو پیـاوەی كـاتی خـۆی "غـەریب"ی فڕانـد و بـردی خـۆی مـەڵاس داوە هـەلی چـۆڵ بـوونی دەورووبەری قۆستووەتەوە و "عەجیب"ی داوە بە كۆڵیـدا و فڕاندوویـەتی. لە سەربازگەی

دوور خستووەتەوە. عەجیبی بردووەتە سەر کانی و ئاوێك ئەمجا دەم و چاوی شتووە. عەجیب سەیر دەکات سەیاری بە دواوەیە زۆر سوپاسی دەکات ئەمجا دەڵێت "برسیمە."

ئەویش. دەچێت باڵندەیەکی بۆ راو دەکات. ئەمجا بۆی دەبرژێنێت. دەرخواردی دەدات. لە ناوی کانییەکەش دەخواتەوە. ئەمجا تۆزێك توانای وەبەر دێتەوە. ئەمجا ئەو ناوە دەگەرێت و لەو رەشماڵە دەشتەکییانە. دوو ئەسپ دەدزێت. خۆی و عەجیب سواریان دەبن. روو دەکەنە شاری کوفە. ئەمجا وەزیران دەچن بەرەوپیری و دەیبەنەوە. ئەمجا پزیشکان کۆ دەبنەوە عەجیب پێیان دەڵێت "دەمەوێت لە ماوەی کەمتر لە ١٠ رۆژدا.. برینەکانم چاك ببێتەوە."

پزیشکان پەیمانیان پێدا ئەمجا فەرمانی بە گەورە وەزیری دا کە نامە بنووسێت بۆ هەموو هەرێمەکان داوایان لێ بکات سوپاکانیان ئامادەی جەنگ بکەن و بیان نێرن وەزیریش ٢١ نامەی نووسی و هەر یەکە و رەوانەی هەرێمێکی کرد کە سوپاکانیان پڕ چەك بکەن و بیان گەیەننە شاری "کووفە"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو.. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٤١

### شەهرەزاد وتی:

غەریب خەمێکی زۆری خوارد بەوەی کە عەجیب. هەڵاتوە (١٠٠٠) سەربازی نارد- ئەو دەورو بەرە بگەرێن بۆی. بەڵام هەر بە دەستی خاڵی گەرانەوە. ئەمجا کەوتە هەواڵ پرسینی(سهیم)ی برای. ئەویش دیار نەبوو. بۆیە کەوتە خەم خواردنی ئەویش بەخۆی وت:

دەترسم تووشی شتێك ببێت! دوای کەمێك شۆرە سوارێك بەرەو رووی هات. دابەزیو خوودە و رووپۆشی لادا. غەریب باوەشی پێدا کرد. یەکتریان ماچ کرد. ئەمجا پرسی:

(سهیم) ئەوە لە کوێ بوویت!؟ ئەویش وتی:

چوومە شاری (کوفە). سەیردەکەم ئەو (عەجیبە) خوێرییە خۆی گەیاندوەتەوە (کووفە). نامەی ناردووە بۆ هەموو هەرێمەکان کەوا لەشکریان ئامادەی جەنگی ئێمە بکەن. پزیشکانیش سەروەرن لە تیمار کرد نیدا. غەریب کە ئەم زانیاریەی بیست فەرمانی دا سوپا بەرەو شاری (کووفە) سەفەر بکەن.

# چیرۆکی جەنگی دامغ لەگەڵ سوپێی عەجیب

شەو سوپێی غەریب گەیشت. ڕەشماڵ و دەواریان هەڵدا. سەربازگەو شوێنی پشوودان ئامادەکرا. ئەو شەوە ماندوویەتیان دەرچوو. کە خۆرهەڵات رووناك بووەوە وولات یەکەم کەس کە بۆ گۆڕەپان هات دامغی مامی غەریب بوو ئەو پاڵەوانە هاواری کرد:

(من برای کەمەندەر)م کێ دێتە بەرامبەرم؟ . ئەمجا دوو شمشێر بە دەستەوە. (۲)رم بە دوولای ئەسپەوە. کە سوپێی دوژمن ئەو پاڵەوانەیان بینی سەریان سووڕما! پاڵەوانێکی گاور بۆی هاتە گۆڕەپان بێدەنگ هێرشی بۆ برد.! بەلام دامغ شمشێرێکی لە سنگی دا لە شانییەوە دەرچوو. کەوتو مرد دووەمو سێ یەمو تاکو ئێوارە (۷۳) پاڵەوانی لێ بە دۆزەخ شاد کرد! ئەمجا شاعەجیب هاواری کرد گەر بەم شێوەیە پاڵەوانانم بجەنگن هیچمان بۆ ناکرێت! ! ئادەی هەموو پەلامار بدەن هەردوو سوپا تێکرژان بووە هاوارو قیژان!! شەری دەستەو یەخەبوو بە سەدان لە زەویدا کەوتبوون جەنگ درێژەی کێشا تاوەکو تاریك داهات. کەرەنای وەستاندی جەنگ لێدرا! بەلام غەریب کۆڵی نەدا پەلاماری دان! چەندین کەللەو سەر پەرین. چەندین پاڵەوان بەزین!! تاکو رۆژ بووەوە. جەنگ بەردەوام. هەڵمەت و غارغارین بوو هاوارو شەرە جوێن بوو. رم و شمشێر بە خوێن بوو. نزیکەی (۲۰۰۰۰) سەربازی شاعەجیب دیل کران.

ئەمجا غریب. چووە ناو شاری (کوفە)وە. فەرمانی دا جارچی جاربدەن لە شارا هەرکەس لە گەورەو بچووك ژنوپیاو ئیسلام بوو. شایەتمانی هێنا کە خوا تاكوتەنیایە توانای بێخەم ماوە ئیدی خەڵکەکە رژانە سەر شەقامەکان- دەستە دەستە ئیسلام دەبوون. بێخەم و ئارام دەبوون. خۆشی چووە سەر کورسی حوکمرانی عەجیب ی برای. چەندین سیخووری بە شاری کووفەو دەوروبەردا بڵاو کردەوە. بەڵکوو هەواڵی عەجیبی بۆ بێننەوە. شوێنی مرداس بزانن. غەریب ناردی (سهیم)ی برای هات. پێی وت:

دەڵێن مرداسو خاوخێزانو هەندێك نزیکانی. چوونەتە چیای سوور. برێك سوارە بەرە. بەڵکوو باوکت بدۆزیتەوە (سهیم). لە گەڵ چەند سوارە- کەوتنە رێ بەرەو چیای سوور. ئەو ناوەیان پشکنی بێ سوود بوو. دواتر پیرەمێردێکی بینی هەواڵی مرداسی لێ پرسی:

پیرەمێرد وتی:

ئەو چەند خێزانە رەویان کرد. لێرە نەماون. ناچار (سهیم)و سوارەکانی گەرانەوە غەریب زۆری پێ ناخۆش بوو. ئەمجا کەوتە بەخشینەوەی پارەو سامان بە سەر هەژاراندا

یارمەتی زۆری لێقەوماوانی جەنگی دا. پیاو ماقوڵان و سەردارانی سوپێی کووفەی ئامۆژگاری کرد. کە یارمەتی هاوڵاتیان بدەن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٤٢

شەهرەزاد وتی:

ئەی شەهرەیارشا بە توانای گۆشا. دوای ماوەیەك. رۆژێکیان غەریب (١٠٠) سوارە دەبات و خۆی (سهیم)ی برای. دەچنە راو. ماوەیەك دەرۆن دۆڵێکی سەوزو ئاوەنیا پڕ لە درەخت و رووبارو گیا جێگای ئاسك و کارمامزان شوێنەکەی بە لاوە زۆر خۆش دەبێت و ئێوارەش دەبێت. فەرمان دەدات- لابدەن دەوارو رەشماڵ هەڵبدەن ئەو شەوە ماندوێتی سەفەرەکەیان دەرەوێتەوە. بەیانی زوو- غەریب هەڵدەستێ. دەستنوێژ هەڵدەگرێت و دوورکاتی بەیانی دەکات- لە پڕێکدا هات‌وهاواری دێتە گوێ دەبێتە قیژەو زرەوکوتی غاری ئەسپان. بۆیە غەریب روو دەکاتە (سهیم)و دەڵێت چەند سوارەیەك ببەو ناو ئەم دارستان و بێشەڵانە بگەڕێ. بزانە ئەو دەنگە دەنگە چی یە؟ ئەویش سوار دەبێت و چەند کەس دەبات و دەڕوات- شوانێك دەبینێت. لێی دەپرسێت؟ شوانە دەڵێت قوربان ئەوە جەردەیەکی رێگر هەیە زۆردارە-ئەو خەڵکەی لێ بێزارە ناوی (جەمرقان)ە- ئەوا ئێستا هەڵی کوتاوەتە سەر چەند دەوار نشینێکی نامۆی هەڵاتوو سەرۆکەکەیان کە ناوی (مرداس)ە کوشتویەتی- ئەوانی تریشی بەدیل گرتوون. خەڵکی ئەم دەوروبەرەش پێی ناوێرن!! .

## چیرۆکی شەڕی غەریب و گرتنی بەدیل گرتنی جەمرقان

غەریب فەرمانی دا سوارەکان ئامادەبوون باروبنەیان پێچایەوە. ئەمجاکەوتنە شوێن جەردەو رێگرەکان. غەریب و سەهیم وتیان:

کوڕینە رۆژ رۆژی تۆڵە سەندنەوەیە جەمرقان باوکی کوشتووین- کەس و کاریان بەدیل بردووین ئەمجا وەرەی سوارەکانی بەرز کردەوە. دوای کەمێك گەیشتنە سەریان- غەریب هاواری کرد (الله اکبر) گاوران دزوجەردەو رێگران. ئەمجا پەلاماریان دان. لە هێرشی یەکەمدا (٢١) جەردەیان لێ کوشتن- ئەمجا غەریب شمشێری هەڵسوڕان هاواری کرد:

مل هوران كوا سەرۆكتان جەمرقان!؟ ئازا بێو بێتە مەیدان هێندەیان زانی پاڵەوانێك باڵابەرز ناوشان پانو زۆربەهێز بۆریەكی ئاسنی چینی قورسی بەدەستەوە بوو. هێرشی كردە سەر غەریب بۆریەكەی دا بە تەوقی سەری غەریب دا چاوی بەگێژەوە چوو كەوتە خوارەوە لە سەر ئەسپەكەی! (سهیم)ی برایو سوارانی ئیسلام زۆر ترسان! بەڵام تاكو بە ئەسپەكەیەوە گەڕایەوە سەری غەریب سواری ئەسپەكەی بووەوە بۆ غەریب پەلاماری جەمرقانی دا. شمشێری بە سەر سنگی گەیاند چەند پەراسووی تێك شكاند لە سەر ئەسپەكەی گلا لە خوێنی خۆیدا تلا. ئەمجا سەهیم چووە سەری بە برینداری قۆڵبەستی كرد. ئەمجا جەنگاوەرانی ئیسلام پەلاماری ڕێگرانیان دا. جەنگێكی زۆر قورس ڕوویدا (٥٠) جەردەو ڕێگری گاوران كوژران ئەوانی دی كە زانیان شەڕی سوپێی ئیسلامیان بۆ ناكرێ هەڵاتن خۆیان گەیاندەوە ناو ماڵان پێیان دان هەواڵان لەم لایشەوە. دوای حەوانەوە ڕۆژی دواتر غەریب وتی:

جەمرقانم بۆ بێنن. كە هێنایان لێی پرسی:

ئەمە ڕەوایە گاوری مەلعون سامانو پارەی خەڵكی ببەیتو تاڵانیان بكەیت!؟ ئەمە تۆ چی دەپەرستێت؟ جەمرقان وتی:

ئەی پاڵەوانی زەمان من بت دەپەرستم! كە لە خورماو هەنگوین ڕۆن خۆم دروستم كردووە. هەمیشە لەگەڵ خۆم هەڵی دەگرم ئەوی ڕاستی بێت جارو بارە كە برسیم دەبێت لێی دەخۆم!! غەریب هێندە پێكەنی بە پشتدا كەوت وتی:

"ئەگبەت لە خوا زیاتر كەسی دی نابێ بپەرستێن. ئەو خوایە لە زەویو ئاسمانە هەموو شتێك ئەو دروستی كردووە! هیچی لێ ناشارێتەوە! توانایە بە سەر هەمووشتێكی دنیادا " جەمرقان وتی:

ئەو خوایە لە كوێ یە؟ تاكومن بیپەرستم!؟ غەریب وتی:

ئەو خوایە ناوی (الله)یە زەویو ئاسمانەكان ئەو درووستی كردووە! شاخو دەشتو دەوەنودار درندەو گیانداروباڵدار. دەمان بینێتو نای بینین. ڕۆزیمان دەداتو دەژین! ئەمجا جەمرقان جەستەی كەوتە لەرزین! وتی گەورەم چی بكەم تاكوبێمە ڕیزی ئێوەوە وئیسلام بم؟ غەریب وتی:

بڵێ (لااله الاالله ابراهیم خلیل رسول الله). ئەمجا لە ناخی دڵییەوە شایەتمانی هێنا. غەریب فەرمانیدا ئازادیان كرد. ئەمان لەم گفتوگۆیەدا بوون:

تەپوتۆزلە دوورەوە بەرزبووە. غەریب فەرمانیدا بە (سهیم)ی برای كە چەند سوارێك بباتو بزانێت ئەوانەكێن؟ بەرەو ئێرە دێن! دوای سەعاتێك گەڕایەوە هەواڵی هێنایەوە وتی:

ئەی پاشای زەمانە هۆزی بەنی عامرن ئەوانە! کەسانی دەمرقانن. غەریب رووی کردە جەمرقان وتی:

ئێستاخۆت ئازادیت برۆ ناو هۆزەکەتو داوایان لێ بکە با بێنە سەر دینی (ابراهیم خەلیل)و ئیسلام ببن. ئەگەرنا شمشێر لە نێوان:

ئێمەو گاوراندایە!! شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٤٣

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا جەمرقان سواربوو کەوتە ئاوزەنگی لێدان. کە گەیشت بە سوارانی هۆزی (بەنی عەمار). دابەزیو سەرکردەکانی ئەو سوارانەش دابەزین ئەمجا ئامێزیان بۆ گرتەوە. زۆریان پێخۆش بوو. کە سەرۆکەکەیان ئازاد بووەو لێی ان پرسی؟ ئەویش شمشێرەکەی لێ هەڵسوراندنو هاواری کرد:

(ئەی سوارانم هەرکەس ئیسلام ببێت رزگاری دەبێت هەرکەس بە بت پەرستی بمێنێت بەم شمشێرە پشتی دەشکێنم). ئەوانیش هاواریان کرد:

(فەرمان بدەن جێ بەجێی بکەین. ئەویش وتی لەگەڵ مندا بڵێن:

(لاالله الاالله ابراهیم خلیل رسول الله). ئەوانیش دوابەدوای ئەو وتیانەوە. ئەمجا پرسیان:

ئەم قسانەت لە کوێ هێنا؟ وتی:

لە گۆرەپان لەکاتی شەرو پێکادان غەریب دیلی کردم گرتمیو بۆ خۆی بردم.! ئیسلام بووم. ئازادی کردم! . ئەمجا هەموویان:

یەکتایی خوایان وتەوە لەگەڵ جەمرقان روویان کردە هۆزی غەریب لای ئەویش ئیسلام بوونی خۆیان راگەیاند. ئەمجا غەریب فەرمانی پێدان روو بکەنە شاری (کووفە).

جەمرقانوسوارانی (بەنوعەمار) بەرەو ماڵ بوونەوە خێزانی خۆیان ئیسلام کرد. دوای حەوانەوەیان دەوارو رەشماڵیان کۆ کردەوە. بە خاووخێزانەوە روویان کردە شاری (کووفە).

# چیرۆکی سەفەری غەریب بە دوای عەجیب

کە گەیشتەشاری کووفە- سوپا بەرەو رووی چوو بە خێریان هێنا. چووە سەر تەختی شاهانەی باوکی- وەزیران بەلای راستو چەپیدا ریز بوون. هەرلەو کاتەدا. هەواڵیان بۆ هێنا. کە (عەجیب)ی برای. گەیشتۆتە لای (جەندەل)ی کوڕی (کەرکەر) پاشای وڵاتی عەمانو (یەمەن). ئەمجا غەریب فەرمانی دا- خۆتان ئامادە بکەن دوای (٣) رۆژی تر سەفەر دەکەین. ئەمجا لەگەڵ (٣٠٠٠٠) سەربازە بەدیل گیراوەکاندا کۆ بووەوە. پێی راگەیاندن کە ئیسلام ببنو شایەتمان بە شانی ئیبراهیم خەلیل بێنن. خوا بە تاك بناسن. نزیکەی (٢٠٠٠٠ )یان ئیسلام بوون. ئەو (١٠ ) هەزار دیلەی ئیسلام نەبوون. هەموویان کوشتن. جەمرقانی کردە پێشەنگی سوپێی ئامادە کراو وخەڵاتی سەربازانی کردو بەرەو شاری عەمانو وڵاتی یەمەن بەرێی کردن بۆ شەڕ کردن لەگەڵ شا جەندەڵ کوڕی کەر کەر. سەربازان ماڵو منداڵیان لە شاری (کووفە) بەجێ هێشتو بەرەو (عەمان) کشان. ئەمجا بە ناو ژنانیدا گەڕا خێزانی (مرداس)و (مەهدی یە)ی بینی. بوورایەوەو کەوت. گوڵاوویان بە روودا پژاند و بە ئاگا هاتەوە. بۆ رۆژی دواتر. چووەوە سەر تەختی پاشایەتی. فەرمانی بە مامی دا ببێتە پاشای وڵاتی عێراق. ئاگاشی لە مەهدیەو دایکی بێت. تاکوخۆی لە جەنگی (عەجیب)ی برای دەگەڕێتەوە. ئەویش بەخۆیو (٢٠٠٠٠) سوارە (١٠٠٠٠) سەربازی پیادەوە بەرەو- وڵاتی عەمانو یەمەن رۆیشتن. کە گەیشتن سەربازەکان هێندە زۆر بوون! سوپاکە هێندە مەزن بوو خەڵکەکە لە بەریان هەڵدەهاتن. چوونە (عەمان)ەوە- بەبێ جەنگانو خوێن رشتن. بەڵام پێش ئەم سوپا مەزنە چەکدارانی شا عەجیب گەیشتبوونە دەوروبەری شاری (عەمان). جولەند پاشا چەند کەسێکی نارد تا هەواڵیان بهێنێتەوە. کە هاتنەوە پێیان وتبوو شاعەجیبو چەکدارانی لە جەنگدا شکاون و پەنای بۆ ئێمە هێناوە. پاشایش سەربازنێکی زۆر دەنێرێتە پێشوازیانو یارمەتی دانیان. دەواریان بۆ هەڵدەدەن و خواردنو پێداویستی یان بۆ دەنێرێتە هەوارگەیان. شا جەلەند:

ئازایەتی نە دەکرد کە یارمەتی عەجیب بدات چونکە ئامۆزای شا عەجیب ژنی شا(جەلەند)بوو. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بۆیە بێدەنگ بوو

## شەوی٦٤٤

# چیرۆکی ناردنی جەوامەرد لە لایەن جەلەندی کوڕی کەرکەرەوە

بۆ جەنگان لەگەڵ سوپێی موسڵمان

شەهرەزاد وتی:

کە عەجیب شاگەیشتو شا جەلەند پێشوازی کرد دوای حەوانەوەی شا لێی پرسی: هەواڵت چییە؟ ئەویش لە نووکەوە بۆی گێڕایەوە کە چی بەسەر هاتووە لەگەڵ براکەیدا. ئەمجا وتی:

(قوربان ئەم برایەم بانگەشەی یەکتایی خوا دەکات خەڵکی دەکات بە ئیسلام!! )

شاجەلەند تووڕە بوو وتی:

(بە حەقی ئەو ڕۆژەی ئاسمان سوپاکەی برات لەناو دەبەم! ) ئەمجا پرسی:

بە مەزندەی تۆ ژمارەی سەربازانی چەندن؟ عەجیب وتی:

(٥٠٠٠٠) سەربازێك دەبوون.

جەلەند شا بانگی جوامەردی کردو فەرمانی پێدا هەر زوو (٧٠٠٠٠) سەرباز ئامادە بکات بۆ جەنگی شاری (کووفە). ئەمجا وتی:

پێشەنگو سەرکردەکانم بە زیندوویی بۆ بێنە. با جۆرەکانی ئەشکەنجەیان پێ بچێژم.

(جوامەرد) بە چەند ڕۆژێك ئەو سوپێیەی ئامادە کردو سەفەریان کرد. حەوت ڕۆژ بە ڕێوە بوون. گەیشتنە دۆڵێك خۆش دارستان. جوامەرد فەرمانیدا سوپا لایان دا. ئەو ڕۆژە مانەوە تاکو نیوەشەو- ئەمجا کەوتنەوە سەفەرکردن. دواتر گەیشتنە دۆڵێکی بە دارستانو ئاوو ڕووبار لایان دا هێندە خۆش بوو شەیتان جوامەردی هەڵدا تاکو بەو شوێنەدا ئەم شعرەی هەڵدا::

| | |
|---|---|
| هێندە بە تینە پێیان باوەڕم | لەگەڵ سوپامدا دەریاکان دەبڕم |
| شۆڕە سوارانی هۆزم دەزانن | (هۆز)پارێز خۆمم ئەممندە دڕم |
| بەدەستی بەستە (غەریب) کێش دەکەم | خۆش دەکەم سەرو کەللەکەی وڕم |

کە لەشعرەکەی بووەوە سوارێکی جەنگی دای لە ئاوزەنگی. شیراندی بە سەریدا ڕوت ببەوە بەرگەکەت فڕێ بدە ئەسپەکەت بدە تا نەم کوشتویت!! جوامەرد دنیای لە بەر چاوی تاریك بوو. هاواری کرد:

خوێڕی هاتوویت من ڕوت بکەیەوە منیان ناردووە غەریب قۆڵبەست بکەم بە دیلی بیبەم! ئەمیش وتی:

ئاخ پەراسووم! زۆر ترسام! ئەمجا هاواری کردە (جەمرقان)و وتی:
(مـن پێـشەنگی سـوپێی جۆلەنـدی کـوڕی کەرکـەڕم جـەمرقان پـەلاماری داو ئـەم شیعرەی‌وت:

من ئەو سوارەم لە گۆڕەپانی شەڕا — لە ڕمی من دەترسان هەڵ دەسوڕا
جەمرقانم. دوژمنانم دەزانن: — شمشێرم چۆن لە نێو سنگا دەگەڕا
(غەریب) پاشام بێت بۆ بترسم: — هەڵۆیەکە لە نێو بەحرو لەبەڕا

(جەمرقان)و سوپاکەی (١٠) ڕۆژ بوو بە ڕێوە بوون. شەوی یازدەیەم.
باروبنـەیان خـست. تـاکو نیـوە شـەومانەوە. ئـەمجا کەوتنـەوە سـەفەرکردنو لەودۆڵە لایاندا (جەمرقان گوێی لە شعرەکەی جوامـەرد بـوو. هـەڵی کوتایـە سـەریو ئـەو شیعرەی وتو هەڵمەتی بۆ برد بە شمشێرێك کردی بە دووکەرتەوە ئەمجا هـەر (١٠٠٠)سوارەی دایـە دەست پێنج سەرکردەو لە دارستانەکەدا دابەشی کردن خۆیشی کۆمەڵێك جەنگاوەری بـردە سەر سوپێی جەمرقانو وتی:
هەر گوێتان لە )الله اکبر) بوو. ئێوەش پەلاماری لەشکری گاوران بدەن دوای کەمێك لـە هـەموو لایەکـەوە الله اکـبر داگیرکـردنو سـەرکەوتن گـاوران ڕسـوا بـوون! شـەڕ قـەوما هـەر گاوربوو دادەڕما! لەشکری گاوران پاشاکشەی کرد سوپێی ئیسلام شوێنیان کەوتن. زۆریان لێ کوژرا. (٣ ) هەزار کەسیان لێ بە (دیل) گیرا (٢٦) هـەزاریان هـەڵاتن. کـە زۆربـەیان برینـدار بوون.
سوپێی ئیسلام بە سـەرکەوتوویی مایـەوە. (١٠٠٠ )سـەربازیان نـاردەوە بـۆ شـاری کووفـە تاکو دەسکەوتەکانی ئەو جەنگە ببەنەوە.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٤٥

# چیرۆکی جەمرقان لەگەڵ (قورجان)ی کوڕی شاجەلەند

شەهرەزاد وتی:
ئەو (١٠٠٠) سوارەیەی ئیسلام گەڕانەوە کووفەو دەسکەوتەکانیان گەیانـدەوە شاغەریب دڵیان خۆش کرد. ئەویش ئافەرینی ئازایەتی کردن. هەواڵی سوپاکەی پرسی وتیان:

بەرەو مەملەكەتی جەلەنـدی كـوڕی كـەڕ كـەڕی گـاور بوونەتـەوە! ئـەویش (دێـو سەعدان)ی بانگ كردو فەرمانی پێدا زوو سەركردایەتی (٢٠٠٠٠ ) سەرباز بكاتو كوڕانی ببات. بەرەو شاری جەلەند بۆ یارمەتی دانی سوپاكە. ئـەویش دوای چـەند ڕۆژێـك سوپێی ئامادە كـردو بـەرەو شـوێنی دیـاری كـراو. لـەو لایـشەوە سوپێی جەلەنـد بـە قـوڕ پێـوان و گریانەوە گەڕانەوە. شاجەلەند قسەی بۆ كردنو وتی:

غەزەبی خۆرتان بە سەردا برژێت ئەی سوپا بەزیوەكەم! (٧٠٠٠٠) سەربازبوون كەچی (٢٠٠٠٠) سەربازی ئیسلام ئێوەی تێك شكاند ئێوەش بە سەری شۆڕەوە بـۆ مـن گەڕانـەوە!! ئەمجا فەرمانی دا بە سەربازانی شارو دەوروبەری كە چوار دەوری سوپا بەزیوەكەیان گرت. كەوتنە گیانیان هـەموویان هـەر لـە شـوێنی خۆیانـدا كوشـت! ئـەمجا گۆڕەپانیـان لـە لاشـەی كوژراوان. پاك كردەوە- دواتر شاجەلەند كوڕەكـەی خـۆی بـانگ كـرد. فـەرمانی دا (١٠٠٠٠٠) سەربازیان بۆ ئامادە بكەن.

كوڕەكەی كردە پێشەنگیان دوای چەند ڕۆژ سوپا ئامادە كرا دەست قورجان درا ئـەویش سەفەری كرد بەرەو وڵاتی ئیسلامو جەنگین لە گەڵیاندا قورجان پاڵەوانێك بوو- لە هـەموو سوپاكەی جەلەندی باوكیدا پاڵەوانی وەكو ئەم نەبوو.

قورجان كەوتە خۆ هەڵكێشان شیعر بە خۆدا هەڵدان:

ناسراوم ئالەم ناوە — كەمن قورجانم ناوە
كێ بۆ جەنگم هاتبێ — لەخوێنیدا گەوزاوە
چەند لەشكرم شكاندو — كشانەوە بۆ دواوە
عێراقیش داگیر دەكەم — دەیان خەمە دەریاوە

(١٣) ڕۆژ بەڕێوەبوون. هێندەیان زانی تـەپو تـۆز ڕووی ئاسمـانی گـرت- پێـشەنگ بـانگی چەند تەتەرێكی كردو وتی:

هەرئێـستا وەكـو باڵنـدە دەفـڕنو هـەواڵی ئـەو تـەپوتۆزەم بـۆ دەهێننـەوە. تەتـەرەكان سواربوون دوای ماوەیەك گەڕانەوە بەردەم قوڕجانی سەركردە. ئەویش وتی ها! وتیان:

گەورەم ئەوانە سوپێی ئیسلامن- سەركردەكەیان ناوی (جەمرقان)ە- قورجان پرسی: بەچەند جەنگاوەر مەزندە دەكرێن؟ وتیان گەورەم (٢٠) ئاڵایان هـەڵكردبوو! قورجانی سەركردە زۆر خۆشحاڵ بوو وتی:

خۆتان ئامادەی جەنگ بكەن ئەمجا بزەیەك گرتیو وتی:

یان هەرخۆم بۆیان دەچم بە حەقی خۆری ئاسمـان دەبێـت سـەری پـەڕیوی هەموویان بخەمە ژێر پێی ئەسپەكەمەوە.

سوپێی ئیسلام فەرمانیان وەرگرت بارو بنە بخەن ئاڵاکانیان هەڵگەن. ئەمجا کەوتنە زکری خوا دانەری ڕووناکیو تاریکی خوای هەموو شتەکان خوایەك دەبینێتو نابینرێت. تاکو تەنیا خوایە! جەمرقان فەرمانی دا کە بە ئاگابن بە چەکەکانیانەوە بخەون سیخوڕیشی ناردبوو بۆ چاودێری کردنی سوپێی گاوران- لەو لایشەوە سەرکردەی گاوران پیلانی بۆ سوپاکەی دانا بڕیاری دا. کاتێك شەو دوو سێ یەکی بەسەر چوو. هێرش دەکەینە سەریانو شەبەیخونیان لێ دەکەین! سیخوڕان گەڕانەوەو ئەم هەواڵەیان دایە (جەمرقان). جەمرقانی سەرکردە پیلانی خۆی بەم شێوەیە دانابوو. هەر شەو ووشترو ئەسپەکان زەنگۆڵە بە ملیاندا هەڵ بواسترێتو کۆمە شتێك بە کلکی ئەسپو ووشترانەوە ببەسترێت تاکو هەر کە جووڵان ئەو ناوە دەنگ بداتەوەو دوژمنان سەریان لێ بشێوێت بخەڵەتێن و وابزانن سوپێی ئیسلام زۆر زۆرن! سوپێی ئیسلام ئەم پیلانەیان جێ بە جێ کردو کۆمەڵێکی زۆر لە هێسترو ووشترانیان بەو شێوەیە لێ کردو رمیان پێوە بەستنو ئەمجا نیوە شەو چوونە سەریان و تەقو هۆڕ دەنگی زەنگو چوار ناڵەی هێسترو ووشترو ئەسپی جەنگاوەران ئەو ناوەی لەرزان دەوارو سوارەکانی گاوران بوون بە ژێر دەستو پێوە بە تایبەتی جەنگاوەرە موسڵمانەکان هاواریان دەکرد (الله اكبر) شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێگدەنگ بوو

## شەوی٦٤٦

## چیرۆکی گەیشتنی سوپێی دیۆسەعدانو پاڵپشتی کردنی سوپێی ئیسلام

شەهرەزاد وتی:

شەو بوو بەهەرایە سوپێی ئیسلام بە چوار دەوردا دوژمنان کەوتنە گیانی یەکتری هەر یەکەو ئەوی دی سەربڕی ورگی یەکیان هەڵدەدڕی زۆریان لە یەك کوشت. کە دنیا ڕووناك بووە- سەرنجیان دا کوژراوان کەوتووانی ناو گۆڕەپان تیایاندا نیە نامۆ بەوان ئەمجا قورجان هاواری کرد:

ئێمە پلانمان بۆ ئەوان دانا بەڵام ئەوان پێش ئێمە دەستی خۆیان وەشان! ئەمجا هاواری کرد ئادەی سەربازان هێرش بکەنە سەر سوپێی ئیسلام تاکیان لێ ببڕن! بیان کوژن! سەربازان سەیری دووریان کرد وتیان:

ئاخۆ ئەو تەپوتۆزە چی یە؟ قورجان تەتەری نارد دوای ماوەیەك گەڕایەوەو بە قورجانی سەرکردەی وت:

قوربان ئەوانە سوپێیەکی زۆری ئیسلامن هاتوون بۆ پاڵپشتی کردنی ئەم سوپێی ئیسلامە! سەرکردەکەیان (دێوسەعدان)و (٥)کوڕەکەیەتی! هێندەیان زانی سوپێی ئیسلام هێرشی هێناو. جەنگاوەرانی (جەمرقان) ووریان زۆر بەرزە جەنگ گەرم بوو بریسکەی نێزەو شمشێران شمشێر بوو کەللەی دەپەڕان ناڵە گوێی ئاسمانی دەدڕان گاور بوو لە پڕ دەمیزیران دەوار بوو کەوا دەگەڕان دێو سەعدانو کوڕانی بەئەو هەمووسەربازەوە خۆیان کرد بە نێووسەربازانی (جەمرقان)دا. تاکو ئێوارە هەر شەڕبوو شەو هات شەپۆڕی وەستاندنی جەنگ لێدرا هەرلەشکرەو چووەوە سەربازگەی خۆی سوپێی ئیسلام ئەو شەوە بە ئاسودەیی وبەبێ ترس لێی نووستن. بەرەبەیان هەر زوو نوێژ کرا نانی بەیانی خورا.

ئەمجا سواربوونو هاواریان کرد:

(الله اکبر) بەرەوگۆڕەپانی جەنگ چوون. لە کاتێکدا (جەمرقان)و (دێوسەعدان) هەریەکەو لەژێر ئاڵای خۆیدا وەستابوو. قورجان هاتە گۆڕەپان شمشێری هەڵسوران هاواری کرد:

(کێ دێتە بەرامبەرم تاکو لە ناوی بەرم!؟ ) پێشەنگی هۆزی (بەنوعەمار). هاتە بەرامبەر (قورجان)ی کوڕی (جەلەند)ی کوڕی(کەرکەر). هەردەتوت دووبەرانن والەیەکتر دەڕوانن!! قورجان رمەکەی لە زرێپۆشی پێشەنگی سوپێی ئیسلام گیر کرد! لە سەر زینی ئەسپەکەی هێنایە خوار سەرکردە فریانەکەوت هەستێتەوە. جەنگاوەرانی قورجان قۆڵبەستیان کرد بەرەو لەشکری خۆیان برد.

ئەمجا قورجان هاواری کرد (کێ دێتە بەرامبەرم تاکو لە ناوی بەرم!!؟ ) سەرکردەی دووەمو سێ یەمو تاکو دەوروبەری نیوەڕۆ (٧) سەرکردەی سوپێی ئیسلامی بەدیل گرت!! جەمرقان سەرۆکی هۆزی (بەنوعەمار)زۆر تووڕە بوو. خێرا لە ئاوزەنگی دا خۆی لە توخنی جەنگدا! نەعرەتەیەکی لێدا هەردوو سوپێی بەرامبەری ڕاچڵەکاند:

منم(جەمرقان) ئازاو دڵ بتەوا! ... کێ بەرامبەرم دەخوێنێ وەك کەو
قەڵا ڕووخێنم بەسەر دوژمنا ... کێ خۆی دەگرێ بە بەردەم منا؟

کە قورجان شیعرەکەی جەمرقانی بیست دەستی کردە جنێودان بە خۆڕو مانگ ئەمجا ئەویش بەم شیعرە هاتە پێش:

من قورجانم ئازاووباڵا دەسێ ... شێری بێشە لە سێبەرم دەترسێ
قەڵام گرتو بەرووی شێردا چوومەوە ... پاڵەوان لێم دەترسێوهەمووکەسێ
ئەی(جەمرقان)کەشاڵاوم هێنا بۆت ... ئاگاداربە ژێر پاڵۆکەت نەپسێ

کـە دەمرقـان ئەمـەی بیـست- ئەسـپی تـاودا کەوتنـە شـەڕە شـێر هێنـدەیان پێچوو جەنگاوەرانیش بێ تاقەت بوون! هەر چوار ناڵەبوو غارو ڕمبازی هـەر یەکـەو جۆرێك بە خـۆی دەنـازی! هـەر یەکـەو بـە ڕووی ئـەوی دیـدا هـات تـاکو ڕۆژ ئـاواو تـاریکی داهات. ئەمجارەیان (جەمرقان) ڕمە درێژەکەی بە هەموو هێـزی گەیانـدە سـەر سنگی. (قورجان) ڕەهێڵ بوو گلا!! سوارەکانی موسلمانان خێرا قۆڵبەستیان کردو وەکو ووشتر بەکێشیان کرد. ئـەمجا سـوپێی بـت پەرسـتان هێرشـیان هێنـا سـەرکردە کـەیان دەربـاز بکـەن بـەڵام سوپێی ئیسلام لێیان هاتنە دەست. دوای کـەمێك سوارانی بـت پەرسـتان وەکـو ئاسـك لـە بەردەمی ئەماندا هەڵدەهاتن! (جـەمرقان) زۆری تەقـەلا دا لەگـەڵ(قورجـان) بـەڵام موسـڵمان نـەبوو. بۆیە سەریان بە شمشێر پەڕاند کردیانە نووکی ڕمەوەو بەرەو(عومان) کەوتنەڕێ.

## چیرۆکی جەنگی دێو سەعدان لەگەڵ سوپێی جەلەند

پاشماوەی سوپێی بەزیو گەڕانەوە ووڵاتی خـۆی. هـەواڵی شـکاندنیان بـە شـاجەلەند دا ئەویش تووڕە بوو تاجەکـەی سـەری بەزەویـدا دا هێنـدەی بەخـۆیـدا دا بـۆ کـوڕی کوژراوی خوێن لەکونەلوتی یەوە هاتە دەرو بوورایـەوە- کـە بـە ئاگایـان هێنایـەوە فـەرمانی دەرکرد نامە بنێرن بۆ هەموو هەرێمـەکانی ووڵات هەرکـەس توانـای شمـشێر هـەڵگرتنی هەیە یان تیرو کەوانی هەیە دەبـێ بگیرێـت و ڕەشـبگیر بکرێـت. لـە ووڵاتـدا شـەیپوری جـەنگ لێدرا دوای ماوەیەك سوپێیەك پێك هێنرا کە(١٨٠٠٠٠) سوارەبوو دەوارو ڕەشماڵ پێچرایەوە- سوپا بۆ سەفەر ئامادە کرا. هەواڵیان بۆ هات کە سوپێی ئیسلام وا دەگاتەسەریان- تومـەز ئەوانە (٧٠٠٠٠) سەربازی موسڵمانن بە سەرۆکایەتی دێوسەعدانو جەمرقانە! کە شاجەلەند ئەمەی بیست. زۆر خۆشحاڵ بوو. ئەمجا هاواری کرد (بەوخۆرەی لە ئاسمانە دەیـان کـەم بەپەنـدی زەمانە! ئەمجا ڕووی کردە شاعەجیبو پێی وت:

(ئـەی سـەگی عێراقـی ئەمانـە شـوێن تـۆ کـەوتوون بـەهۆی تـۆوە هاتوونەتـە سـەرمان! سوێند بـە بتەکـەم ئـەم شـەڕە نەبەمـەوە و زاڵ نـەبم بەسـەریاندا هـەلا هـەلات دەکـەم! ). شەوهات دەوارو ڕەشمـاڵان بـۆ سوپاکەیان لێـدرا سـەربازگە سازدرا لەبەرامبەریـشدا دەوارو ڕەشمـاڵی سـوپێی ئیـسلام لێـدرا شـاعەجیب ئـەو چـەند سـوارەیەی مـابوو. لـەهۆزی (بەنوقەحتان) بەو نیوە شەوە کۆی کردنەوە پێی وتن:

ئەی کەسانی (بەنوقەحتان) کاتێك لەگەڵ (جەلەن)دا بـووم کـە هـەواڵی هـاتنی سوپێی ئیسلام هات شاجەلەندیش وەکو من زۆر ترسا!! جا دەبێت هەر ئەمشەو کە جەلەند چاوی

دەچێتە خەو باربکەینو ڕوو بکەینە (یەعربی قەحتانی). چونکە ئەو پاشایە خاوەن سوپێیەکی زۆر زۆرە! من دەزانم ئەم جەلەندە ناتوانێت بمانپارێزێت لە دەستی براکەم! تاکو دنیا ڕووناك بووەوە. شاعەجیب لە وڵات دەرچووبوو. شاجەلەندو سوپا مەزنەکەی مانەوە بۆ جەنگ. لەو لایشەوە جەمرقانو دێو سەعدان- (٤٠٠٠٠) سوارەیان هێنایە بەرامبەر سوپێی جەلەند هەموویان بۆ جەنگ بەپەرۆش. ئاسن بوونو زرێپۆش! یەکەم پاڵەوان کە هاتە مەیدان دێوسەعدان بوو!! دێوسەعدان- لە کافران پاڵەوانێك هاتە بەرامبەری هەر زوو لێی داو سەری بڕی- هاواری کردە کوڕەکانی هەروەکوو جارانی ئادەی ئەم کوژراوەم بۆ ببرژێنن با هەرلێرە بیخۆم!! ئەوانیش بۆیان برژان گۆشتەکەی خوارد ئێسقانەکەی دامرکاند! سوپێی گاورانیش بە سەرسوڕمانەوە سەیریان دەکرد! ! سەربازەکان ترسیان لێ نیشت- بۆیە شاجەلەند هاواری کرد پاڵەوانان بۆی بچنە مەیدان هەر ئێستا قۆڵبەستی بکەن بۆم. پاڵەوانی دووەم سێ یەم چوارەم بە دەستی دێوی چیا کوژران- ژمارەی بەزیوەکانی گەیاندە (٣٠) دانە. ئەمجا پاشەکشەیان لەو ڕووبەڕوو بوونەوەیە کردو وتیان:

کێ دەتوانێت بچێتە بەرامبەری دێوەوە!؟ ئەمجا شاجەلەند فەرمانیدا (١٠٠) پاڵەوان پەلاماری بدا دێوسەعدان رووی کردە ئاسمان پەنای برد بۆ یەزدان! هاواری کرد (الله اکبر) بۆیان چوو توانی (٧٤)پاڵەوانیان لێ بکوژێتو ئەوانی تر هەڵاتن-

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٤٧

شەهرەزد وتی:

ئەمجا شاجەلەند هاواری کرد ئادەی(١٠) سەرکردە بە خۆتانو جەنگاوەرەکانتانەوە هێرشی بکەنە سەرو بەدەست بۆم بگرن. دێوسەعدان بە دڵێکی زۆر پتەوەوە کەوتە جەنگەوە. کە سوپێی ئیسلام ئەو پەلامارەی سوپێی گاورانی بینی. هێرشیان برد- بەڵام فریای رزگارکردنی دێوسەعدان نەکەوتنو دوژمن بەقۆڵبەستیو برینداری بردیان. ئەو شەڕە تاشەو درێژەی کێشا. ئەمجا شەیپوری وەستاندنی جەنگ لێدرا هەر لەشکرەو چووەوە سەربازگەی خۆی. جەمرقان سەربازەکانی بەسەر کردەوە. بۆی دەرکەوت کوژراوان ناگەنە (١٠٠٠). ئەمجا وتی:

سبەینێ خۆم بۆیان دەچمە گۆڕەپان بە سەدان دیلیان لێدەگرم دەیدەم لە تۆڵەی دێوسەعدانداو پشت بە خوا ئازادی دەکەم. جەنگاوەرانی ئیسلام زۆر بەداخ بوون بە

بە(دیل) گرتنی دیۆسەعدان. لەو لایشەوە سوپێی بت پەرستان کۆکرانەوە شاجەلەند چووە ناویان‌و بەسەری کردنەوە ئەمجا فەرمانی دا دێوسەعدانیان بردە بەردەمی- شاجەلەند پرسی:

(سەگە خوێڕی ئەی حەماڵی کۆڵە دارکێش پێم بلا کێ قورجانی کوری منی کوشت!؟

دێو سەعدان وتی:

جەمرقان کوشتی‌و منیش برسیم بوو برژاندم‌و خواردم!!

کە جەلەند شا ئەمەی بیست چاوی پەڕیە پشتی سەری. هاواری کرد:

باکوژەر بێت (جەلاد) هات. فەرمانی دا هەر ئێستا سەری لە لەشی جیا بکەرەوە. کوژەر بە شمشێرەوە چووە بەر دەمی دیۆسەعدان. دێوی چیا خۆی ڕاتەکاند پەتەکەی پساند. پەلاماری کوژەری داو شمشێرەکەی لە دەست سەند. وسەری پەڕاند. ئەمجا پەلاماری جەلەندشای دا. بەڵام لەسەر کورسیەکەی خۆی هەڵیدایە خوارەوەو لە دەستی ڕای کرد! دیۆسەعدان کەوتە شمشێر وشاندن. کۆمەڵێك پاسەوانی شای کوشت ئەمجا دری بەسەربازەکان دەداو لێی دەکوشتن- هێندە ئازاو کارا بوو. لە بەردەمیدا هەڵدەهاتن- سوپێی ئیسلامیش کە سەربازگەکەیان بەرامبەریان بوو کە گوێ یان لەو هات‌وهاوارەبوو- وتیان:

ڕەنگە لە شکری تری پاڵپشتیان بۆ هاتبێ! بەڵام هێندەیان زانی دێو سەعدان بەبرینداری‌و بە شمشێرێکی خوێناوی یەوە- خۆی کرد بە ناویاندا. باوەشیان پێدا کردو بۆ ڕەشماڵێکیان برد. (جەمرقان) باوەشی پێدا کردو بە خێرای هێنایەوە- ئەمجا کەوتنە تیمارکردنی. لەو لایشەوە- شاجەلەندو دەوروبەرەکەی چوونەوە ناو سەربازگە ئەمجا شا ڕوویتێکردن وتی:

ئەرێ ئەوەچی بوو!؟ ئەمرۆ من دەکوژرێم ئەو پاڵەوانە منی بەر دەست بکەوتایە وەکو دەنکە گەنمێك دەیخواردم! یەکێکیان هەڵی دایە (گەورەم پاڵەوانی وەکو ئەومان هەرگیز نەدیوە! ). لەو لایشەوە سەرکردەکان‌و جەمرقان لە دەوری دێوی چیا کۆبووبوونەوە- جەمرقان وتی:

برادەرینە خوا یار بێت سبەینێ دەم بینن چۆن پەلاماریان دەدەم- (بەو برایمی خەلیلە دەبێت کارێکیان پێ بکەم بە خۆیانەوە نەدی بێت!! . یەکەمجار پەلاماری لای ڕاستی سوپێی گاوران دەدەم ئەمجا دەگەڕێمەوە- بۆ لای چەپ. کوڕینە ئێوەش ئاگادارم بن. هەر کە پەلاماری جەلەند شام دا ئێوەش لێم کۆببنەوە. هەمووکارێکیش بە دەست خوایە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## چیرۆکی گەیشتنەوەی غەریبو سوپاکەی

شەهرەزاد وتی:

دوو لە شکر بەرامبەر یەك ڕیز بوون سەیری یەکتریان دەکرد. جەمرقان چووە گۆڕەپان شمشێری هەڵسوڕان نەعرەتەی پەردەی گوێی دەدڕان شاجەلەند کەوتە بیرکردنەوەو بڕیاری دا کۆمەڵێکی زۆری چەکداران بنێرێتە سەریو وەکو دێوی شاخ دەست بگیری بکات! بەڵام هاواریان هێنا کە ئەوە تەپوتۆزێکی زۆرە ئەویش سەر قاڵی ناردنی چەند سوارەیەك بوو ناردنی هەواڵ بێننەوە بۆی! . لەم لایشەوە چەند تەتەرێك نێرران کەزوو هەواڵیان بۆ بێننەوە. دوای کەمێك سوارەکانی جەلەند شا هاتنەوە وتیان:

سوپییەکی تری ئیسلامە! کە ئیسلامەکانیش بۆ یان دەرکەوت. پاڵپشتیان بۆ هاتووە هێندەی تر وورەیان بەرز بووە. سوپا گەیشت ئالآیان بڵند بە حەواوە بریسکەی شمشێری بە دواوە سەربازان هەموو ئازا لە مەیدانی نەبەزا کە سوپاکەیان تێکەڵ بوو. فەرمان درا رەسماڵو دەوار لێدرا شاغەریب لە سەر کورسی دانیشت جەمرقانو دێو سەعدانو سەرکردەکان بەخێریان هێنا کە هەواڵی پرسین. جەمرقان دیل بوونی دێو سەعدانی بۆ گێڕایەوەو خۆ رزگارکردنی لە دەست گاوران. شاغەریب پیرۆزبایی لە رزگاربوونی دێو سەعدان کرد. لەو لایشەوە شاجەلەند پرسیاری شاعەجیبی کرد زۆر بۆیان گەڕان بەڵام دیار بوو کە هەڵاتبوو. ئەمجا لە دەووروبەرەکەی پرسی:

باشە خۆ ئێمە ئێستا شاعەجیمیان لا نیە تاکو پەنامان دابێت!! . سەرێکی بادا و ئامۆژگاری کردن:

خۆتان لە جەنگاوەرانی ئیسلام بپارێزن- ئاگاتان لە خۆتان بێت.

## چیرۆکی ناردنی نامەی غەریب بۆ جەلەندی کوڕی کەرکەر

بەیانی کە خۆر هەڵهات سوپێی ئامادەی خۆی ئامادەی جەنگ کردەوە- شاغەریب داوای کاغەزو پێنووسی کرد. ئەمجا ڕووی کردە سوپاکە پێی وتن:

ئاگاتان لە خۆتان بێت. پەنا بۆ خوای خۆتان بەرن. ئەوانیش وتیان:

گەورەم لەگۆڕەپانی جەنگدا دەمان بینیت. ئەمجا نامەیەکی بۆ جەلەندی کوڕی کەرکەر نوسی دایە دەست (سهیم)ی برایو وتی:

بیبـە بـۆ شـاجەلەند. ئـەویش سـواری ئەسـپەکەی بـوو. بـە غـار خـۆی کـرد بـە نێـو سەربازگەی دوژمندا کە لێیان پرسی:

وتی:

نامەم هێناوە بۆ پاشاتان. ئەوانیش وەستانیانو هەواڵەکەیان دا بە جەلەندشا. ئەویش وتی:

بابێتـە ژوور. ئـەمجا نامەکـەی لێوەرگـرتو کردیـەوەو خوێنـدی یـەوە تیانوسـرابوو (بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان- تەنیا خوای جیهان! بەهەموو شت زانا. خوای (نوح)و (هود)و(ئیبرایم). خوای هەمووشتەکانی دنیا. سڵاو لەوانەبێت ئەم ڕێگا ڕاستەیان گرتووە. لە تۆڵەی پەنای بـە خـۆی بـردووە. هیـچ شتێك شایانی پەرسـتن نیـە تـەنیا (الله) نـەبێت. خاوەنی ڕۆژو شەوە بەبێ خواردنو خەوە. خۆی زەوی سازاندووە چیای تێدا چاندووە! . جـا گـەر ئیـسلام دەبیـت. ئـازاد دەبیـتو سـوپێی ئیـسلام لەگـەڵ تـۆدا ناجـەنگێت! ! گـەر ئیـسلامیش نابیـت. ئـەوا شمـشێر لـە ئۆیـەت دێـت وڵاتـت کـاول دەبێـت هـەروەها داوای شاعەجیب دەکەمەوە بۆ ئەوەی تۆڵەی بـاوکمو دایکمـی لـێ بکەمـەوە) ئـەمجا ڕووی کـردە (سهیم)و وتی:

بەگەورەکـەت بڵـێ عـەجیبو خاووخێزانـەکان بـە دزی یـەوە لای ئێمـە هـەڵاتوون. ئەوەشی پێ بڵێ با ئامادەی جەنگ بێت. سبەینێ خۆر لە ئاسمان دەبێتـە یارمـەتی دەرمان! ئەمجا (سهیم) گەڕایەوە وەڵامی بۆ شاغەریب گێڕایەوە- ڕۆژی دواتر شـەیپوڕ لێـدرا سوپێی ئیسلام هاواریان کرد (الله اکبر)- پەنایان بـە خـوا گـرت بـۆ دوژمنـان هێرشـیان بـرد. ئـەمجا یەکەم کەس کەچووە گۆڕەپان شمشێری لە دوژمن ڕاوەشان هاواری کرد:

کێ بۆم دێتە گۆڕەپان؟ من قورجانم کوشت! کوڕی شاجەلەند! با بێت تۆڵەی کوڕەکەی بکاتەوە! کە جەلەند شا ناوی کوڕە کوژراوەکەی بیست. هاواری کرد ئادەی(١٠٠) سوارە بۆی بچن بەزیندوویی بۆم بێنن بـا خوێنەکەی بخۆمـەوە! سـەرکردەو(١٠٠) سـوارە پـەلاماریان دا (جـەمرقان) هێرشـی بـۆ بـردن زۆر بـەیانی کوشـت هەنـدێکیان بـە پەلـە هـەڵاتنو سەرکردەکەیان لە پێشیانەوە ئەمجا هەردوو سوپا ڕژانە ناو یەك. شەڕ بووە شەڕی دەستەو یەخە جەنگەکە هێندە گەرم بوو بە ئاشکرا ئیزرائیل دەبینـرا. شـەوهاتو دنیـا تاریك بوو شـەیپوری وەسـتاندنی جـەنگ لێـدرا. سـوارە جـەنگاوەرەکان بـەرەو سـەربازگەی خۆیان چوونەوە. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی٦٤٩

# سەربووردەی رفاندنی جەلەندی کوڕی کەرکەڕ لەلایەن (سهیم)ەوە

شەهرەزاد وتی:

غەریب چووە سەر کورسی پاشایەتی وەزیرەکان لای راستو چەپییەوە ریزبوون- غەریب پێی وتن- خەریکە شێتو هاربم کەنازانم ئەو عەجیبە خوێرییە رووی لە کوێ کردووە؟ دەمەوێت تۆڵەی خوێنی دایكوباوکمی لێ بکەمەوە (سهیم) هاتە بەردەمی کڕنووشی بۆ بردو وتی:

پاشای مەزن من عەجیب بە دەستی بەستە دەهێنمە بەردەستت- دواتر (سهیم) بەرگی گاورانی پۆشی:

بە جۆرێك نەدەناسرایەوە. ئەمجا خۆی کرد بە نێو سوپێی گاوراندا. سەیری کرد- هەموو ماندوو لاڵو پاڵ بێخەم لێی نوستوون. تەنیا پاسەوانان بەخەبەرن. (سهیم) کە خۆی گۆڕی بوو. بەرگی خۆیانی لە بەر کردبوو. بەدەواری سەرکردە گاورەکاندا گەڕا. دواتر دەواری جەلەندی دۆزی یەوە. سەرەنجی دا لە پرخەی خەودایە. دەستی برد کلۆیەکی بچوك بەنجی خستە(کونەلوتی) جەلەندەوە- چاوەڕێی کرد. دوای کەمێك شاجەلەند بوورایەوە. (سهیم) چووە دەرەوە وهێسترێکی ئامادەی وەستاندو شاجەلەندی لە ژوورەوە پێچایەوە دای بەشانیدا بردییە دەرەوەی دەوارەکەو خستییە سەرپشتی هێسترەکەو بە پەت دایبەست بە سەر پشتی دا. ئەمجا حەسیرێکی هێناو دای بە سەریدا ئەمجا هێسترەی بەکێش کردو خۆی کردەوە بە نێو سەربازگەی موسڵماناندا کە گەیشتە بەر دەم رەشماڵی شاغەریب رێیان پێگرت! نەیان ناسیەوە. دواتر دەمو چاوی بۆ دەرخستن ئەمجا بە خێریان هێناو چوونە دەواری شاغەریبەوەو خەبەریان کردەوە کە هاتە دەرەوە کابرایەکی گاورو هێسترێك بە بارەوە! پرسی:

ئەم بت پەرستە کێیە؟ سهیم سەرو کڵاوەکەی لادا غەریب ئەمجا ناسی یەوە! پرسی:

ئەی پاڵەوان بارەکەت چییە؟ (سەهیم) بە پێکەنینەوە بە پاسەوانێکی وت:

ئادەی لەگەڵم دابگرە. پاسەوان دای بەکۆڵیداو بردیە ناو دەوارەوەو رووناکی لێ نزیك کردەوە. شاغەریب زۆر سەری سوڕما!!

وتی:

دەك نەمریت برا حەیاتەکەم! ئادەی ئەم سەگە هەڵبستێنە! (سەهیم) کلۆ بەنجەکەی لە کونە لوتی دەرهێناو هەندێك هارڕاوەی بیبەری توونی دا بە لوتدا. چەلەند خەبەری بووەوە. چاوێکی گێڕا! وتی:

ئای کە خەونێکی ناخۆشە!! چاوی لێك نایەوە. ئەمجا (سەهیم) نووکە شەقێکی تێ هەڵداو پێی وت:

هەستە نەگبەت ئەمە خەون نیە!! جارێکی دی چاوانی کردەوەو پرسی:

ئێرە کوییە!؟ سەهیم وتی:

تۆ ئێستا لە بەر دەم غەریبی کوڕی کەمەندەردایت! پاشای عێراق

ئەمان لەم کەین و بەینەدا بوون. (جەمرقان)و سوپاکەی خۆیان کردەوە بەنێو سەربازگەی ئیسلام دا. ئەسپەکانیان تاقەت کرد. بڵاوەیان لێکرد تاکو ماندوویەتیان برەوێتەوە. دوای ئەوەی شاغەریب بەخێر هێنانەوە. (جەمرقان)چووە بەردەمی شاغەریبو وتی:

گەورەم دەمەوێت شتێك بکەم! شاغەریب وتی:

تۆ پاڵەوانیت! دەستت کراوەیە ئازادیت! چی دەکەی بیکە. جەمرقان وتی:

ئەم شەو بەچواردەوری سوپێی بت پەرستاندا جەنگاوەران ئامادەی جەنگ دەکەم شەو درەنگانێ شمشێرەکەم دەدەم بە قەڵغانەکەمدا هاوار دەکەم (الله اکبر) بە سوپێی خۆم سوپێی ئێرە دەیان شکێنین. (جەمرقان) جەنگاوەرانی بە چوار دەوری سوپێی بت پەرستاندا بڵاو کردەوە. ئەمجا دوای نیوە شەو. جەمرقان شمشێری دا بە قەڵغان داو هاواری کرد:

(الله اکبر) لە هەمووڵایەکەوە سوپێی ئیسلام هاواریان دەکرد:

(الله اکبر). سوپێی بت پەرستان بە خەبەر هاتن. خۆیان پۆشیو سواربوون چونکە دنیا زۆر تاریك بوو. کەوتنە گیانی یەکتریو کوێرانە زۆریان لە خۆیان کوشت. کەدنیا ڕووناك بووەوە لەشکرەکەی بت پەرستان تێگەیشتن شەبەیخوون کراون زۆریان لەخۆیان کوشتووە. ئەمجا سوپێی جەمرقان لێیان هاتنە دەست- جەمرقان هاواری کرد. بیان کوژن وخوا لە خۆتان رازی بکەن. ئەمجا زۆریان لێ کوشتنو ئابلووقەیان دان ئەوەی هەڵات ڕزگاری بوو.

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٥٠

# سەربووردەی کوژرانی جەلەندی کوڕی کەرکەر بە دەستی شاغەریب

شەهرەزاد وتی:

سوپێی ئیسلام شوێن سوپێی جەلەند کەوتن بەو دەشتو دۆڵەدا راویانان! زۆریان لێ کوژرا ئەمجا شاغەریب چووە شاری (عەمان)و لە سەرتەختی شاجەلەند دانیشت وەزیرانو سەرانی دوڵەت لای ڕاستوچەپییەوە ریز بوون. ئەمجا ناردی شاجەلەندی (دیل)یان هێنایە بەردەم شاغەریب هەوڵی لە گەڵ دا ببێتە ئیسلام بەڵام. ئەو پەسەندی نەبوو. ئەمجا شاغەریب فەرمانیدا بەسەر دەروازەی شاردا هەڵیان واسی تیر بارانیان کرد. هەرکەس سەیری بکردایە دەیوت:

بەم تیرانەوە لەژیشك دەچێت. ئەمجا فەرمانیدا گەنجینەی مەملەکەتیان خستە بەر دەستی شاغەریب- ئەویش (١٠) ڕۆژی ڕەبەق. بەسەر لێقەوماوانی جەنگوهەژارانی شاردا بەخشی یەوە.

سەرکردە جەمرقانی بانگ کردە لای خۆیەوەو فەرمانی شاهانەی بۆ دەرکرد کە ببێتە پاشای ئەم شارە! وتی:

لەبەر ئەوەی خۆت ئەم شارەت داگیرکردو خۆت لە بت پەرستانت پاك کردووەتەوە. بۆیە حکومڕانی ئەم شارەم پێ بە خشیت.

ئەمجا فەرمانی ڕەوای نوێی شارەکەش (١٠) رۆژی رەبەق لەگەنجینەی دەوڵەت بەخشیەوە

# سەربووردەی دیل بوونی شاغەریب و سەهیم لای شای پەرییان

شەوێ لە شەوان غەریب خەونێکی زۆر تۆقێنەری بینی! لە ترسداخەوی لێ نەکەوتەوە دواتر بۆ سەهیمی برای گێڕایەوەو وتی:

لەخەومدا هەردوکمان لە دۆڵێکی ئاوەنیاو پڕ لە سەوزاییو دارودرەختی بەردارداا بووین- هێندەم زانی هەڵۆیەکمان لێ پەیدابوو بۆمان دەهاتەوە بمان فڕێنێتو بمانخوات!! لەو خەونەدا هێندە ترسام خەبەرم بووەوە ئەوشەوەخەوم لێ نەکەوتەوە! سەهیم وتی:

کاکەگیان دەبێت زۆر ئاگاداری خۆت بیت ڕەنگەدوژمنێك لەکەمین دا بێت بۆت! ڕۆژی دواتر شاغەریب سوار بوو سەهیمی بینی- سەهیم پرسی:

بۆ کوێ دەچیت؟ شاغەریب وتی:

دەمەوێت تۆزێ دوور بکەومەوە سەهیم وتی:

(١٠٠٠) سوارەیەك لەگەڵ خۆت ببە. ئەویش وتی:

تەنیا تۆم لەگەڵ بێت باشە. ئەمجا دوو بەدوو ڕۆیشتن گەیشتنە دۆڵێك ئاوەنیا زۆرخۆش و پڕ سەوزەگیا درەختی بەردار ماوەیەك گەڕان ئەمجا هێندە هەوا خۆش بوو. چوونە سایەی درەختێك دوای کەمێك خەویان لێ کەوت. (٢)دێو دادەبەزنە سەریان و هەریەکەو یەکێکیان دەفڕێنێت و هێندەیان بەرز دەکەنەوە لەئاسماندا خەبەریان دەبێتەوە! دەڕووانن بەسەرپشتی دووشتەوەن یەکێکیان سەری دەڵێی سەری سەگە! ئەوی تریش مەیمون توکی لەشیان لەتووکی کلکی ئاژەڵ دەچێت! نینۆکەکانیشیان وەکو نینۆکی شێر! کە ئەمەیان بینی وتیان:

"لاحول ولاقوه الا بالله العلی العظیم". یەکێك لەشای پەریان ناوی(مرعش)بوو. ئەم مرعشە کوڕێکی هەبوو ناوی ساعق بوو! ئەم ساعقە کچێکی خۆش ویستووە لە پەریان ناوی(نەجمە)بوو. ئەم دووانە لەو مێرگە خۆشەدا کۆبووبوونەوە- غەریب و سەهیم کە لەو دۆڵەدا ئەو دووانە دەبینن تیریان پێوە دەنێن و ساعق بریندار دەکەن. (ساعق)و(نەجمە) دەدەن لەشەقەی باڵ و دەگەڕێنەوە. بەڵام (ساعق)برینەکەی خەست دەبێت و دەمرێت! (مرعش)ی شای پەریان- دەنێرێت ئەو دووانە بگرن و بۆی ببەن. ئیترئەوانیش بەو شێوەیە- دەیان هێنن! ڕۆژی دواتر (مرعش) شای پەریان لە سەرتەخت دادەنیشێت. (غەریب)و (سەهیم) کەسەیری دەکەن زۆر دەترسن! چونکە (٤) سەری هەبوو یەکێکیان لەشێوەی شێردابوو دووەم لەشێوەی (پڵنگ)دا بوو. سێ یەمیان لەشێوەی(فیل)دا بوو! چوارەمیش دیسان (شێر)دابوو. (غەریب)و(سەهیم) یان خستە بەردەم و وتیان:

گەورەم لە دۆڵی(چاوان)دا. ئەم دووانەمان بینی کەلەبەردەستتدا! (مرعش)ی شای پەریان تووڕەبوو کردیە بۆڕە بۆڕ. لە کونەلوتەکانی یەوە دەهاتەدەر گڕ!! ترساندنی ئەوانەی دەوروبەر. هاواری کرد:

"ئەی ئادەمیزادە سەگەکان کوڕەکەمتان کوشت و جەرگی منتان داغ کرد!؟ ". غەریب وتی:

کامەیە ئەو کوڕەی تۆ کە ئێمە کوشتوومانە!؟ کێ کوڕی تۆی بینیوە!؟ شای پەریان هاواری کرد:

"ئەی ئێوە کوڕەکەی منتان لەشێوەی باڵندەدا نەدیوە (تیر)تان پێوە ناوەو ئەویش بریندار بووە دواتر مرد!؟ ". غەریب وتی:

(بەحەقی خوای گەورەو تاکوتەنیایە ئێمەکوڕی تۆمان هەرنەدیووە!! نە تیرمان گرتووەتە باڵندە! "

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٥١

## چیرۆکی ئیسلام بوونی(مرعش) لەسەردەستی غەریب دا

شەهرەزاد وتی:

کە(مرعش) ئەوسوێندەی لە غەریب بیست بانگی کرد. ئادەی خواکەی خۆمم بۆ بێنن! ئەوانیش کە بۆیان هێنا تەنوورێکی بچووکی زێڕین بوو لە بنەکەی دا ئاگرێك بوو! مرعش دەستی برد مادەیەکی وردی فڕێ دایە ناوی گڕێکی شین هاتە دەر ئەمجا مادەیەکی تر گڕەکەی سەوز بوو! دواتر مادەیەکی تری تێ فڕێ دا گڕەکەی زەردبوو. ئەمجا شامرعش و دەوروبەرەکەی کڕنووشیان بۆ برد! (غەریب)و (سەهیم) لەبەرخۆیانەوە دەیان وت:

(الله اکبر). شاکە سەری بەرز کردەوە هەردووکیانی بینی:

کە کڕنووشیان بۆ خواکەی شا نەبرد! بۆیە هاواری کرد:

"سەگە پیسانە ئەوە بۆ کڕنووش نابەن؟ ". غەریب وتی:

"ئەی نەفرەت لێ کراوانە کڕنووش تەنیا بۆ خوای گەورەیە دروست کەری ئەم دەورەیە! خوا خوای. بەردو ئاوە! گەورەی کوڕو باوە! خوای (نوح)و (سالح)و (هوود)و (ئیبرایم)ە! خوا دروستکەری بەهەشتو ئاگرە! دروست کەری دارو درەختی بەبەرە تاك و تەنیاو بانی سەرە! ". مرعش شا چاوی پەڕی یەپشتی سەری هێندە تووڕە بوو. هاواری کرد:

"ئەو(٢) سەگەم لێ نزیك بخەنەوە با خوایەکەی من ببینن" غەریبو سەهیمیان قۆڵبەست کردەوەو ویستیان بیان خەنە ئاگرەوە بیان سوتێنن!! لەو کاتەدا بایەك هەڵی کردو پەردەیەکی پەنجەرەی خستە خوارەو کەوتە سەر ئاگرە کەورگری گرت! دواترخۆڵەمێشەکەی بای بەوناوەدا بڵاو ی کردەوە! . غەریب هاواری کرد(الله اکبر رسواکەری کەسی:

بێ باوەڕ الله اکبر بۆ سەر ئەوانەی روودەکەنە ئاگرو ئاگردان نایپەرستن یەزدان! ".

(مرعش) کە ئەمەی بینی وتی:

تۆ ساحریت! ئاوا ئاگرەکەی منت کوژاندەوە! ". غەریب وتی:

"شێتە گەرئاگرنهێنی‌ونگینی خۆی هەبووایە نەی دەهێشت بکوژێتەوە! " (مرعش)کە ئەمەی بیست هاواری کرد " بەحەقی ئەو ئاگرە دەبێت هەر بە ئەو ئاگرە بتان سوتێنم" ئەمجا فەرمانی دا بە(١٠٠ ) دێو بڕۆن دار کۆبکەنەوە ئەمجا نیوە شەو گڕیان تێ بەردا تاکوبۆسبەینێ ئامادە بێت. کەخۆری ڕۆژی دواتر هەڵهات هەر دوو برا کەیان هێنا ئەوانیش کەئاگرەکەیان بینی پەنایان بۆ خوا برد هاواریان کرد ( الله اکبر) ئەی توانای بە جەوهەر نابینرێت‌و دەبینیت دەورو بەر ئەی بەئاگا لەو کەسەی تێناگا یارمەتیت پێمان بگا!! . هێندەیان زانی لە ڕۆژئاواوە هەورێکی هێنا بارانێکی هێندە بەخوڕی هێنا ئاگرەکەی کوژاندەوە (مرعش)شاو ئەو هەموو خەڵکەی بەرەو ماڵ گەڕاندەوە! ئەمجا شامرعش وەزیرانی کۆکردەوەو لێی پرسین:

"ئێوە دەڵێن چی بۆ ئەم دووانە!؟ "- ئەوانیش کە زۆر سەریان سوڕما بوو! وتیان:

"پاشامان ئەو دووانە لەسەر حەقن‌و ڕەوانە! خۆمان بە چاوی خۆمان ئاگرو بارانەکەمان بینی!! ". ئەمجا شا(مرعش) وتی:

"بەڕاستی ڕەوایەتی قسەکانیانم بۆ دەرکەوتووە ئەم ئاگر پەرستی یە کەی ڕەوایەتیە؟ ". ئەمجا بزەیەك گرتی وتی:

گەر ئەو ئاگرە دەسەلاتی ببوایە بەرگری لە خۆی دەکردو نەدەکوژایەوە!! . ناردی هەردووکیان هێنایە کۆڕی وەزیرانەوە شاخۆی چوو باوەشی بە غەریب‌و سەهیم دا کرد. نێو چاوانی هەردوکیانی ماچ کرد. وەزیرەکانیش بە هەمان شێوە. دوو براکە چوونە ناو ڕەمەکی خەڵکەکە وە ئەوانیش کۆمەڵ کۆمەڵ دەهاتن‌و دەستیان ماچ دەکردن. ڕۆژی دواتر شامرعش لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت. غەریبی لای دەستی ڕاستیی یەوە دانا (هەشیم)یش لای چەپی یەوە.

ئەمجا شاپرسی:

"ئەی ئادەمیزاد ئێمەو ئەو هەموو خەڵکە چی بڵێین بۆ ئەوەی موسڵمان بین!؟ " ئەمجا غەریب هەستاو هاواری کرد:

"هەموو پێکەوە بڵێن خوا تاك‌وتەنیایە ئیبراهیم خەلیل‌و پێغەمبەری خوایە!! ". ئەمجا کەوتە باس کردن‌و فێرکردنی خەڵکەکە چۆن نوێژ بکەن!! . لەوکاتەدا هۆزو نەتەوەیەکی خۆی بیر کەوتەوە وهەناسەیەکی هەڵکێشا- ئەمجا شای پەریان وتی سەپاس بۆ خوا دڵ‌ودەروون کرایەوە خەم لەدلا ڕەوایەوە). شاغەریب وتی:

"ئەی شای پەری یان من لە نەتەوە بێئاگام‌و نازانم لە کوێن؟ چۆن بێخەم دەبم!؟ ". مرعش شا بانگی دوو دێوی کردو فەرمانی پێدان:

بەرەو یەمەن بڕۆن وهەوالّمان بۆ بێننەوە. دێویکیان ناوی کلیجان بوو. ئەوی تر قوریجان. بەرەو یەمەن فڕین.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٥٢

# چیرۆکی جەنگی کلینجانو قورینجان لەگەڵ گاوران

شەهرەزاد وتی:

ئەوە خالّی شاغەریبو براکەی بوو لەم لایشەوە. سوپێی ئیسلام بەرەو لای شاغەریب بوونەوە تاکو لە بەر دەستیابنو ئامادەی پەزیرایی بن. کە کۆشكوهەوالّیان پرسی: پێیانوتن:

سەر لە بەیانی یەکی زوو لە کۆشك چووەتە دەرو ئیتر نەهاتووەتەوە.! ! سەرۆکایەتی سوپا کە ئەمەیان بیست. کەوتنە خۆیان هەر سەرکردەو بەرەو لای یەك. کۆمەلّێکیان گەیشتنە دۆلّی(چاوان). کە بەو مێرگەدا گەڕان شمشێرو تیرو کەوانی (غەریب)و (سهیم)یان دۆزیەوە ناسیانەوە ئەسپەکانیان لەو مێرگەدا گیایان دەخوارد. زۆر گەڕان بێ سودبوو. هەندێکیان پەنا بە خواو حەزرەتی ئیبراهیم لێرەدا پاشاو براکەی ون بوون! " ئەمجا تیروکەوانو شمشێرو ئەسپەکانیان بردنەوەو تەعزیەیان بۆ دانان. تەتەرەکانیان ئامۆژگاری کرد. کەپرسیاری هەرێمەکان بکەن. لەولایشەوە (عەجیب) هەلاتووی براشی چووە لای (شایەعرب کوڕی قەحتان) ئەو شایەی دالّدەی (عەجیب)ی دابوو. (٢٠٠٠٠٠)جەنگاوەریشی خستبووە ژێر دەسەلاتی یەوە هەوالّەکەی پێ ڕاگەیاند کە غەریبو سەهیمی برای ون بوون. ئەمجا بە خۆیو سوارەکانیەوە ڕۆیشتنو پەلاماری شاری (عەمان)یان دا جەمرقان جەنگێکی ئازایانەی لەگەڵ کردن. جەنگاوەرانی ئیسلام زۆریان لێ کوژرا! ناچار کشانەوە ناو شاری(عومان)و دەروازەکانیان کلۆم دا سوپاکەی (عەجیب)یش گەمارۆی شارەکەی دی. دوا نیوەڕۆ (کلیجان)و (قوریجان) سەرنجی ئەو شارەیان دا چۆن گاوران گەمارۆیان داوە ئارام بوون تاکو شەو هات. ئەمجا هەریەکەو شمشێرێکی هێنا درێژیەکەی (١٢ )باڵ بوو! گەر بەتاوێرە بەردیشدا بکێشرایە لەتی دەکرد. ئەمجا پەلاماریان دا هاواریان کرد (الله اکبر) گرتنو رزگارکەر ئەمسەروئەوسەریان لە سەهێی عەجیب گرتو کەوتنە کوشتنیان. ئاگر لە کونە لوتیانەوە دەردەپەری سوپێی عەجیب زۆر ترسان شاخو

دەشتو دەریان لێ بوو بەسوپێی دێوان زۆر شڵەژان. بۆیە کەوتنە ڕاگردن ئەوەی کوژرا کوژرا! ئەوەشی فریای خۆی کەوت ڕای کردو هەڵات یەکەم کەس شاعەجیب خۆی بوو کەبەپەلە خۆی دەرباز کرد. ئەوانی تریش ڕەشماڵو دەواریان کۆ کردەوە شتو مەکیان بارکردو بەپەلە هەڵاتن لە (٢٠٠٠٠٠)سەرباز تەنیا(٥٠٠٠٠)سەربازی عەجیب ڕزگاربوونو هەڵاتن! ئەمجا هەردوو دێوەکە (کلیجان)و (قوریجان) بەشمشێرەکانیانەوە. چوونە لای جەمرقان سلاوی شاغەریبیان پێ ڕاگەیاندو وتیان:

ئێستا میوانی شا(مرعش)ە لەگەڵ شەهیمی برای شامرعش شای پەریان. دوای چەند ڕۆژێك دێنەوە لای ئێوە ئەوانیش زۆر خۆشحاڵ بوونو وتیان:

خۆش مژدەبن ئەی ڕەوانانی بەڕێز. هەردوو دێوەکە گەڕانەوە بۆ لای شاغەریبو هەواڵەکەیان پێ ڕاگەیاند. ئەوانیش سوپاسیان کردن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٥٣

# چیرۆکی سەردانەکەی شا(مرعش)وغەریب بۆ شاری(یافپ)

شەهرەزادوتی:

شامرعش بە(غەریب)و (سەهیم)ی برای وت:

حەزدەکەم تۆزێ ئێوە بە مەملەکەتەکەمدا بگێڕمو بچمە شاری (یافپ)ی کوڕی نوح پێغەمبەر. غەریب وتی:

بەدڵی. خۆت فەرمانیدا ئەسپیان هێناوسوار بوون- ئەمجا (١٠٠٠) سوارەی دێوانیان لەگەڵ خۆیاندا برد. کەبەسەر ڕوویدا دەڕۆیشتن زنجیرە چیان. کەگەیشتنە شاری یافپ. خەڵکەکە چوون بەپیریانەوە. بەخێریان هێنان. ئەنجا چوونە کۆشکی (یافپ) کوڕی (نوح)پێغەمبەر. لە سەرتەختی شاهانە لێی دانیشت-کەلە مەرمەڕی کون کون بە شیشی زێڕین. زەویەکەیشی بەجوانترین قوماشی ئاوریشمین ڕاخرا بوو! خەڵکێکی زۆر لە بەر کۆشکدا وەستابوون- غەریب لە سەربانیژەکەوە +وتارێکی بۆ خوێندنەوە تیایدا هاتبوو (ئەی نەوەکانی یافپی کوڕی نوح باووباپیرانتان چیان دەپەرست؟ . ئەوانیش وتیان:

باوباپیرانمان ئاگر پەرست بوون ئێمەش شوێن کەوتوانی ئەوانین. تۆیش ئاگاداریت! ).
ئەمجا وتی:

ئاگریش دروست کراوێکی خوایە ئەو خوایەی هەمووشتێکی دروست کردووە! کە من بە مەم زانی بڕوام هێنا بە یەزدان دانەری زەوی‌و ئاسمان! خۆی هەموو شت دەبینێ خەڵکیشی بە خۆی نابینان! ئیسلام ببن با سەلامەت ببن. لە غەزەبی خوا لەڕۆژی دوایدا.
ئەمجا مرعش دەستی غەریبی گرت‌وبردی بۆ ژووری چەك‌و جبەخانەکەی. (یافپ)کوری (نوح) پێغەمبەر غەریب. زۆرسەری سوڕما لەوجۆرە چەکانە! ئەمجا شمشێرێك کە زنجیرێکی زێرینی پێوە بوو. سەرنجی ڕاکێشا پرسی:

ئەی پاشا ئەم چەکە هی کێیە؟ شا مرعش وتی:

ئەوە شمشێری یافپ کوڕی نووحە! کەشەڕی جنۆکەو دێوو ئادەمیزادی پێ دەکرد. ئەم شمشێرە (جەردووم) ی زانا درووستی کردوە. لە سەر پشتی هەندێ ناوی مەزن نووسراوە کە ئەگەر بیکێشی بە کێوێکدا دەیڕووخێنێت! . بەم شمشێرە دەوترێت (لە ناوبەر). بەئادەمیزادیان دێوو جنۆکەدا بکێشرێت لە ناوی دەبات! غەریب دەستی بۆ ئەو شمشێرە برد. مرعش وتی:

ئاگات لە خۆت بێت. شمشێرەی لە کالان ڕاکێشا پێوانەی کرد. درێژی (١٢) بست بوو. پانی (٣) بست بوو. بریسکەی دەهات و ڕەونەقی پەیدا دەکرد. مرعش سەیری کرد زۆر بە ئاسانی هەڵی دەسووڕێنێت ئەو هەموو دێوو درنجە سەریان سوڕما! بۆیە شا مرعش وتی:

دەستی بەسەردا بگرە پیرۆزت بێت ئای چەندین پاشایان‌و پاڵەوانان ویستیان دەستی بەسەرا بگرن. بەڵام دەستیان پێی نەگەیشت!! سواربە با بگەڕێین. ئەمجا بەکۆڵان و شەقامەکاندا گەڕان سەردەرگاکان بە ناوی زێڕ نەخشابوون. خانووبەرەکان چۆڵ بوون! ئەمجا چوونە باخەکانەوە. ئەو هەموو درەختە بەردارانەیان بینی کانیاوو ڕووبای ناوی سازگار! ڕەزوباخ و گوڵ‌و گوڵزار قومری و بولبول و کەناری دڵان دەبوون شێت‌و هاری! تاکو ئێوارە گەڕان. هاتنەوە ناوشاری یافپ‌و ئەوشەوە تێیدا مانەوە. سوپاش لە گەڵیاندا بوو ئەوانیش چوونەوە سەربازگە ئەوشەوە حەوانەوە. شەوێ غەریب وتی:

پاشای مەزن بیری هۆزو هاوارییان‌و خێزانەکەم دەکەم زۆر دەمێکە لێیان دابڕاوم! شا(مرعش) وتی:

پەلە مەکە دەبێت مانگێك لام بمێنیتەوە تاکو دیدە لە بینینیت بحەوێتەوە. غەریب دڵی نەهات دڵی شا مرعیش بشکێنێت مانگێك لە شاری یافپ مایەوە. ئەمجا شای پەری یان خەڵاتێکی زۆری کردن چەندین پارچە زێڕی گران بەهای پێدان نەختینەی زێڕینی جوان. چەند پارچە ئاوریشم نەخشاو بە ئاوی ئاڵتوون! چەندین بەردە ئەڵماس. گوڵاوی مسك‌و

عەنبەر! ئەمجا تاجێکی شاهانەی بۆ غەریب بە کردن دا کە لە بەردی زومرت مرواری درووست بکرێت (نقێم)و (گۆ)ی تێدا بنەخشێت. دیاریەکانیان بۆ شا غەریب و سەهیمی برای لە چەند بارێك پێچایاننەوە. شای پەریان فەرمانیان بە (٥٠٠) دێو دا بۆ سبەینێ ئامادە بن و شاغەریبو سەهیم دەبەنەوە بۆ وڵاتی خۆیان. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٥٤

# چیرۆکی پیلانی بەرقان بۆ بە(دیل) گرتنی (مرعش)

شەهرەزاد وتی پاشای دێوو درنجان (بەرقان) (٧٠٠٠٠)ی فریو ژێر دەریایان و خاوەنی شاری (عەقیق)و تەلاری زێرین بوو! حوکمرانی (٥) قولەی دەکرد کە هەر قولەیەکی (٥٠٠٠٠٠) دێوی تێدا بوو. ئەم جنۆکەو دێوانە ئاگر پەرست بوون! بڕوایان بە خوا نەبوو! شا (بەرقان) ئامۆزای شا (مرعش)ی شای پەریان بوو. هۆی هێرش هێنانەکەی ئەوە بوو کە دێوێ خەیانەتی لە شا مرعش کردو خۆی گەیاندە شاری عەقیق. کڕنووشی بۆ (بەرقان) بردو باسی ئیسلام بوونی شای پەریانی بۆ کرد. شا (بەرقان) زۆر تووڕە بوو هاواری کرد چۆن مرعش پشتی لە ئاینی باوباپیرانی کردوەو ئیسلام بووە؟ ئەمجا سوێندی خواردو وتی (بەحەقی ئەم دینەی خۆم دەبێت ئەو ئامۆزایەم بکوژمو ئەو ئادەمیزادانەش هەلا هەلا بکەم! یەکێکیان بە زیندوویی ناهێڵمەوە! ). ئەمجا (ئیرهات)ی جنۆکەی بانگ کرد. (٧٠٠٠٠) پاڵەوانی لێ ئامادە کردو خۆیان گەیاندە شاری (جابرسان) دەوروبەری شارەکە گەڕان. ئەمجا بەرانبەر دەروازەی شارەکە دەواریان هەڵدا سەربازگەیان ئامادە کرد. کە شا مرعش بەو گەمارۆیەی زانی چەند دێوێکی نارد هەواڵی بۆ بێننەوە. دێوێکیان خۆی کرد بەناو سەربازگەکەدا گرتیانو پرسیان:

تۆ کێیت؟ وتی:

من نوێنەری (شامرعش)م. ئەمجا بردیانە بەردەم (بەرقان) شا نوێنەرەکە کڕنۆشی بۆ بردو وتی:

هاتووم هەواڵی ئێوە ببەمەوە! . بەرقان شا وتی:

بڕۆوە بڵێ بەرقان شایە هاتوەتە میوانت.! نوێنەرەکە گەڕایەوەو پێی وت:

شامرعش وتی:

غەریب شا تۆ لێرە بە تا کوو من دەرۆم بە پێش وازیەوە لەم لایشەوە بەرقان پیلانی وا دانابوو کە لە دەوارەکەی خۆیدا ئامێزی بۆ شا مرعش کردەوە. جنۆکەکانی دەوروبەر

بیگرن‌و قۆڵبەستی بکەن. کە شا مرعش گەیشتە دەواری بەرقان باوەشیان بەیەکدا کرد جنۆکەکان پەلاماریان داو قۆڵبەستیان کرد! شا مرعش وتی:

ئەمە چی یە ئامۆزا؟ . دێو بەرقان وتی:

سەگی دێوان چۆن پشتت لە دینی باووباپیرانت کرد و چوویتە سەر دینێك کە هیچی وای لێ نازانیت!؟ شا مرعش وتی:

ئامۆزا کەسەرنجم دا دینی حەزرەتی ئیبراهیم رەوایە!! ئەو دینانەی تر دروست نین‌و ناڕەوان). شا بەرقان پرسی:

کێ ئەم هەواڵەی بۆ هێنانو خستنییە سەر ئەو دینە نوێ یە؟ شای پەریان وتی شا غەریب پاشای عێراق ئێستا لای خۆمەو زۆری رێز لێ دەگرم! ئەمجا (بەرقان) شا سوێدی خواردو وتی:

(بەحەقی ئاگرو تیشك تاریکی‌و رووناکی ئەوو ئێوەش دەکوژم؟! ). ئەمجا لە زیندانەکەی خۆیدا زیندانی کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد  شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٥٥

## چیرۆکی جەنگی نێوان شا غەریب‌و بەرقان‌و دیل بوونی

شەهرەزاد وتی:

کە (ئیرهات) دیل بوونی پاشاکەی خۆی بینی زۆر بەپەلە گەڕایەوە و هەواڵەکەی گەیاندە شا غەریب. ئەویش هەر زوو فەرمانی دا یەکێك لەو (٢) ئەسپەی کاتی خۆی مرعش بەدیاری پێی بەخشی بوون. بۆی زین بکەن. سەهیم چوو ئەسپەکەی بۆ ئامادە کرد و پێی وت:

کاکە غەریب چۆن دەچێت بۆ ڕاوی(دێوان)!؟ - ئەویش وتی:

ترسم نیە شمشێرەکەی (یافپ)کوڕی نووح پێغەمبەر دەبەم پەنایش بە پەنای خوای گەورەو حەزرەتی ئیبراهیم دەگرم سواری ئەسپە خورمایی یەکەی بوو. کەئەسپی دێوان بوو. چەك‌و قەڵغان‌و ڕمی برد جەنگاوەرانێکی زۆری (ئیرهاتیەکان)ی لەگەڵ بوو. کە هەموویان دێو بوون جنۆکەبوون. سوپێی بردە بەرامبەر سوپێی گاوران لە دێووجنۆکەکان. شەیپوری جەنگ لێدرا- یەکەم کەس چووە گۆڕەپان- شاغەریب بوو. شمشێری دە رهێنا لە کالان دەبرسکانەوە- سەرەنجی جنۆکەو دێوانی ڕاکێشا. شمشێری بەناو بانگی (یافپ)ی کوری

نووح پێغەمبەر بوو. شاغەریب کەمێ شمشێرەکەی هەڵسوڕان و یاری پێ کرد ئەمجا هاواری کرد (الله اكبر) من پاشای وڵاتی عێراقم! لە ئاینی حەزرەتی ئیبراهیم زیاتر هیچ ئاینێکی ترم نیە! کە (بەرقان) ئەمەی بیست وتی:

دیارە ئەم سوارە پاڵەوانە بووە. کەئاینی براکەمی گۆڕیوە! بەحەقی ئاینی خۆم دەبێت سەری ئەو(غەریب)ە لە لەشی خۆی بکەمەوە- ئەمجا براکەشم دەخەمەوە سەر دینەکەی خۆمو هاوڵاتیانیش دەگەڕێنەوە سەرئاینی کۆنی خۆیان! ئەمجا ڕمەکەی چەقاندە پشتی فیلەکەی کە سواری بووبوو. فیلەکەش بە غار گەیشتە ناو گۆڕەپان چووە نزیك شاغەریب وتی:

(ئەی سەگی ئادەمیزادەکان کێ تۆی هێنایە ناو خاکی ئێمەوە!؟ تاکو براکەم تووشی فەسادو خراپە کاری بکەیت خۆیو نەتەوەکەی لە ئاینی باووباپیرانیان هەڵبگێڕیتەوە؟ ئەمڕۆ دوا ڕۆژی ژیانتە! ئەمجا بەرقان ڕمێکی گرتە شاغەریب بەڵام سەری کرد. داهاتەوە ڕمێکی تری بۆ هاویشت شاغەریب گرتی یەوەو تێی گرت دای لەلای ڕاستی فیلەکەی ژێری لەلای چەپی پەراسووەکانیەوە دەرچوو فیلەکە کەوتو گیانی دەرچوو!! بەرقان وەکو دار خورما بەرەو زەوی ڕما! ئەمجا دێوەکان هێرشیان هێنا پەریانی ئیسلام. هاواریان کرد (الله اکبر) وپەلاماریان دان. زۆریان لێ کوشتن- غەریبی پاڵەوانیش ئەم سەرو ئەوسەری جەنگەوە گۆڕەپان دەگەڕا ئەمجا بانگی (کلینجان)و (قوریجان)ی کرد ئادەی (مرعش)شای گەورەتان ئازاد بکەن کەئازاد کرا هاواری کرد:

(ئەسپە باڵدارەکەم بۆ بێنن! لەگەڵ چەكو قەڵغانەکەم) مرعش شای پەریان دووئەسپی باڵداری هەبوو یەکێکیانی بەخشی بوو بە شاغەریب سواربوون فڕین کۆمەڵەکەیشیان بە دوایاندا هاواریان دەکرد:

(الله اکبر) لە شاخەکاندا دەنگی دەدایەوە! دوای ئەوەی نزیکەی (٣٠٠٠٠) دێووشەیتانیان لێ کوشتبوون شوێنیان کەوتن ئەمجا گەڕانەوە شاری (یافپ)و هەردوو پاشا لە سەر تەخت لێی دانیشتن. داوای (بەرقان) یان کرد. چونکە بە جەنگەوە کە سەرقاڵ بوون لە بەرقانی بە دیل گیراویان نە پرسی بووەوە. تومەز دێوێك بۆی ڕێك دەکەوێت بەرقان دەبینێتو ئازادی دەکات- دەبیات بۆ هەر لایەك شەڕو کوشتارە! ناچار دەیبات و دەفڕێت بۆ شاری (عەقیق)و تەلاری زێڕین. بەرقان لە سەر تەختی پاشایەتی خۆی وەکو جاران لێی دادەنیشێت ئەوانەی بە سەلامەت لەو جەنگە خوێناوییە ڕزگار دەبنو دەگەڕێنەوە پیرۆزبایی سەلامەت بوونی لێ دەکەن. ئەویش تووڕە دەبێتو دەڵێت کامەیە سەلامەتیەکەم!؟ سوپام تێك شکا! خۆم بەدیل گیرام! لە ناو تیرەو هۆزەکانی جنۆکەو

دێوانـدا شـكام!؟ ئـەمجا نـاردی بـە شـوێن تـیرەو تایەفـەكانی دەوروبـەری شـاردا كـە هـاتن سوپێیەكی لێ پێك هێنان نزیكەی (٣٢٠٠٠)جەنگاوەر دەبوون. پێی وتن:

دەمەوێت لە ماوەی(٣) ڕۆژدا سوپێیەك ڕێك بخەنو كە ئامادەی جەنگ بێت. وتیان:

بەسەر چاوان.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٥٦

## سەربووردەی جەنگی نێوان لە شكری شاغەریبو بەرقان شا

شەهرەزاد وتی:

لەو لایشەوە مرعش شای پەریان تووڕەبوو- وتی:

گەر(١٠٠)دێومان بكردایە بە پاسەوانی (بەرقان) هەرگیز دەرباز نەدەبوو. بەلام بۆ كوێ دەرەچێت لە چنگمان!؟ ئەمجا بە شاغەریبی وت:

براكەم دەبێت ئەوە بزانێت شابەرقان لـە تۆڵـە سـەندنەوەی خـۆی بـێ دەنـگ نابێـت! بێگومان لەشكر پێك دێنێ هەڵمەتیان بـۆ دێـنێ!! پـێم باشـە پـێش ئـەوەی خـۆی كۆكاتـەوە سـوپاگەی تۆكمـە بكاتـەوە ئێمـە هەڵمـەتی بـۆ ببـەین! تـەختو تـاراجی تێـك بـدەین. شاغەریبوتی:

قسەیەكی باشە. بەغەریبی وت:

(براكـەم تـۆ بـەرەو نیـشتیمانی خـۆت بگـەڕێوە ئـەم جەنگـە بـەجێ بهێڵـە بـۆ خـۆم!! شاغەریب وتی:

جا ئەوەكەی ڕەوایە؟ لێرە ناڕۆم بەو خوایە! هەڵمـەتیان بـۆ دەبـەین سـووكو ڕسـوایان دەكـەین- هـەر كەسـێك لـەو سـوپێیە ئیـسلام بـوو هاتـە سایە! ئـازادەو مـاف ڕەوایـە. بـەلام (سـەهیم)ی بـرام زۆر ناسـاغەو لاوازە بینێـرە بـۆ شـاری (عـەمان). هـەر لەوێـدا فەرمانیـدا دیاریو خەلاتەكانی (سەهیم) ئامادە بكەنو. با(سەهیم) بەرێ بخەن بەرەو (عەمان) وتیان:

بەچاوان- نامەی نووسی. بۆ كرێكارانی مەملەكەتو. كەهاتنو داوای سەرژمێری كردن:

وتیان ژمارەیان (١٦٠٠٠) كەسە. كە هەموو شتەكان ئاكادە كراون كاروان بـە ڕێ كـەوت بەرەو شاری (عەقیق)و (تەلاری زێـڕین). لـە ڕۆژە ڕێ یەكـدا ڕێكـای سالێكیان بـڕی! ئـەمجا گەیشتنەدۆڵێكی زۆر خـۆشو فەرمانیـدا كـاروان وەسـتا ڕەشمـاڵو دەوار لێـدرا لایـان دا ئـەو

شەوە لەو دۆڵەدا بحەوێنەوە. بەیانی ئەو لەشکرە خەریکی بارکردنو ئامادەی سەفەر کردن بوون کە سوپێی جنۆکەو دێوان پەلامابیان دان. جەنگ گەرم بوو رۆژ رۆژی ڕاستەقینە بوو. ئازائەو کەسەبوو بجەنگێت بەرگری لە خۆی بکات! لەهەردوولا کوژرا! شاغەریب کە هاورێی سەفەرەکەی سەهیمی برای بوو. شمشێری رادەوشان وتی:

(اللهاکبر)

پەنای دا بەیەزدان. هەر کەللەبوو بەخڕی دا دەکەوتو دەپەڕی. تاکو ئێوارە نزیکەی(٧٠٠٠٠)چەکداری دێو وجنۆکە کوژران! ئەمجا تەپڵی دەست بەردان لە جەنگو پێکدادان لێدرا .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٥٧

شەهرەزاد وتی:

کە سوپاکان لەیەك جیا بوونەوە (مرعش)ی شای پەریان شاغەریب هەردوکیان شمشێرەکامیان پاك کردەوە! چونکە پتر لە(١٠٠٠٠)دێو درنجیان کوشتبوو! سوپاسی خوایان کرد کە نەکوژراون. لەو لایشەوە شا(بەرقان) کە سەرژمێری سوپاکەی کرد بۆی دەرکەوت زۆریان لێ کوژراوە! ناچار سەرکردەکانی خۆی کۆکردەوەو راستی جەنگەکەی پێ وتن گەر بەم شێوەیە شەربکەین بەچەند ڕۆژێك هەموومان لە ناو دەبەن! ئەوانیش وتیان ئەی چارەمان چی یە؟ ئەویش وتی:

ئەم شەو شەبەیخونیان لێدەکەین!! ئەوانیش وتیان زۆر باشە دێوێك کە لە دڵدا ئیسلام بووبوو. دوای کۆبونەوەکە خۆی دزیەوە وخۆی کرد بە دەواری شاغەریبو شای پەریاندا کرنوشی بردو وتی:

گەورەم من جەلەندم ناوە ئەمشەو پاشامان کۆبوونەوەی پێ کردینو بڕیاریان داوە دوای نیوەشەو شەبەیخونتان لێ بکەن!! دەست خۆشیان لە جەلەند کردو ئەو گەڕایەوە. ئەمجا (مرعش)شا ڕوی کردە غەریب شاو وتی:

چارمان چی یە؟ ئەویش وتی:

(ئێمە زوتر پەلاماریان دەدەین شێتو هاریان دەکەین. پشت بەیەزدانی پاك بەزیندوویان ناهێڵین یەك تاك). خێرا سەرکردەو پێشەنگەکانی بەو شەوە کۆ کردەوەوفەرمانی پێدان (ئەی دێوو درنجو پەریان ئەمشەو خۆتان ببەستن (١٠٠) کەسوپێز

ببەستن بێدەنگ گەمارۆی سەربازگەی دێوو جنۆکەکانی دوژمن بدەن! سەیر بکەن کە لە دەوارەکانیان هاتنە دەرەوە پەلاماریان بدەن شەبەیخونیان لێ بکەن. بە دەنگی بەرز هاوار بکەن. (اللەاکبر)ئەمجا بکەونە شەڕ. ئەو شەوە پەنایان بۆ خوا برد هێرشیان کرد. لەو کاتەدا کەهاتبونە سەر دەوارو رەشماڵەکانی ئیسلامەکان. ئەو شەوە تێکرژان زۆریان لە بێ دینەکان کوشت. ئەوانەی نەکوژران بەرەو دۆڵو بیابان هەڵاتن شا(مرعش)وشا (غەریب). سوپاسی خوایان کرد. کەخۆر هەڵات رووناك بووەوە شارو دێهات سوپێی ئیسلام سەفەریان کرد بەرەو شاری (عەقیق) و(تەلاری زێڕین).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٥٨

# جەنگی غەریب شاو بەرقان شینە شای پەریانو کوژرانی هەردووکیان

شەهرەزاد وتی:

کە(بەرقان). ئەو هەموو سەربازەی کوژرا جەنگەکەی دۆڕاند رووی کردە شاخو هەڵات لەوێوە چووەوە مەملەکەتی خۆیوئەو برە سەربازەی کە هەڵاتبوون. کۆکردەوەو پێی وتن:

دەبینن ئێمە جەنگمان دۆڕاند جا دەبێت پێویستی خۆتان باربکەنو شوێنم بکەون با خۆمان بگەیەنینە کێوی قاف. پەنا ببەین بۆ شینە شای پەریان مەگەر ئەو بتوانێت تۆڵەمان بکاتەوە! ئەوانیش خاووخێزانیان کۆ کردەوەو شتە بە نرخە کانیان بار کردو بەرەو کێوی قاف سەفەریان کرد. لەو لایشەوە شا(غەریب)وشا (مرعش) گەیشتنە شاری (عەقیق)و (تەلاری زێڕین). خۆیان کرد بەشارا سەرەنجیان دا چۆڵو هۆڵ کەسێ نیە لێی بپرسن هەواڵ! ئەمجا شا(مرعش) غەریبی لەگەڵ خۆی برد شاری پیشان دا دەروازەی کۆشکەکان نەخشی لە زێڕ پێوە بوو بن میچی ماڵەکان لە داری سەندەل بوو. ئەمجا بەناو کوچەو کۆڵانەکانیدا زۆر گەڕان دوایی چوونە (تەلاری زێڕین)ەوە. سەیری ناو ئەو تەلارەیان کردو سەری یان سوڕما! چوار هەیوانی تیا بوو. هەریەکەیان لەوی دی جیاواز بوو. لە ناوەراستی دا حەوزوفواوە بوو کەلە زێڕی سوور دروست کرابوو. کە لە سەر کەناری حەوزەکە چەندین شێری زێڕین هەبوو کە ئاو لە دەمیانەوە دەرژایە حەوزەکەوە!

ئەمجا لە سەر تەختی شا(بەرقان) دانیشتنو سەرکردەکان بە دووریانەوە بوون. مرعش شاپرسی:

(نیازی چی تریت؟ ) ئەویش وتی:

ئەی شای پەریان (١٠٠)سوارەم ناردوە- بگەرێن بە شوێن (بەرقان)دا. تاکو شوێنی بکەوین!

(٣) رۆژ لە کۆشك مانەوە (١٠٠)دێوەکە گەرانەوە هەواڵیان دا بە شاغەریب کە(بەرقان)و پاشماوەی سوپا بەزیوەکەی پەنا ی بردۆتەلای (شینە شای پەریان)ئەویش دالدەی داوە- شاغەریب فەرمانیدا لە ماوەی (٢) رۆژدا سوپا رێك بخرێتەوە و ئامادەی سەفەر بن. کەچی کۆمەڵە دێوەکەی سەهیمی برایان بردو گەرانەوەو هەواڵیان دا. کە عەجیب خۆی داوەتە سایەی شا(یەعرب) هۆزی بەنی قەحتان ئەویش دالدەی داوە- نامەیەکی زۆریشی ناردووە بۆ هەرێمەکانوولاتەکەی سوپێیەکی زۆر زۆری ئامادەی جەنگ کردووە- بە نیازی داگیر کردنی (عێراق)ە. شاغەریب وتی:

روویان رەش بێت گاوران پەیمان بێت کارێکیان پێ بکەم هەرنەبێتەوە! . مرعش شاوتی(ئەی ئادەمیزاد بەحەقی ناوی (عظیم) شوێنت دەکەومو بەسوپاکەمەوە تاکو زاڵ دەبێت بە سەر دوژمنانت دابە سەرکەوتوانە! دەگەرێیتەوە ولاتی خۆت). ئەو شەوە بەنیەتی سەفەرکردنی بەیانی نووستن.

رۆژی دواتر سەفەریان کرد بەرەو شاری(مەرمەر) وکۆشکی (ئەبلەق). ئەم شارە(بارق) کوری(فاقع) دروستی کردووە. کۆشکەکەشی بە جۆرێك دروست کردووە کە خشتێکی زێرو خشتێکی زیوبوو. کە لە هەموو سەر زەویدا کۆشکی لەم جۆرە دروست نەکراوە! دوای ماوەیەك هێندە نزیك بوونەوە کە نیوە رۆژێکیان مابووبگەنە شاری(مەرمەر). باریان خستوسەربازگەیان پێکەوە ناو دەوارو رەشماڵیان هەڵدا. پاشا چەند سوارەیەکی نارد بۆ ئەوەی هەواڵی شارەکەیان بۆ بهێنێتەوە- کە گەرانەوە وتیان:

پاشای مەزن بەهێندەی گەڵای داران دڵۆپەی باران جەنگاوەری دێوو درنجی تیایە!!

ئەمجا شا(مرعش) رووی کردە شاغەریبو وتی:

چی بکەین پاشای ئادەمی!؟ غەریب وتی:

تۆ سەربازانی دێوو جنۆکەی خۆت بکە بە(٤ ) بەشەوەوبە سەر هەر چوار لای شاری مەرمەردا دابەشیان بکە. با هاوار بکەن( الله‌اکبر)ئەمجا با پەلە نەکەن لە هێرش کردندا! ئەم کارە دوای نیوە شەو بەرێوە بەرن دەبینن ئەوان بەر دەبنە یەکترو لە خۆیان دەکوژن! ئەمجا شامرعش پیلانەکەی شاغەریبی بەکار هێنا کە چواردەورەی شارەکەیان گرت دوای نیوە شەو هەموویان لە چوار لاوە هاواریان کرد)اللەاکبر). پەنا بۆ حەزرەتی ئیبراهیم

خەلیل). بەڵام نەچوونە پێشەوە بۆ شەڕ کردن هەر ئەو نەعرەتەیان لێ دەدا. دێوو جنۆکەو گاورەکان بەو تاریکە شەوە بەر بوونە یەکتری! زۆریان لە یەك کوشت! کەمیان مایەوە کە رۆژ بووەوە ئەمجا پەلاماری ئەو کەمەی کە ماوەتەوە درا زۆریان لێ کوشتن. ئەوانی مانەوە هەڵاتن شاغەریبو شامرعش چوونە کۆشکی (ئەبڵەق)ەوە. کۆشکی چی؟ هەرچۆنێك سەیریان دەکرد هەر سەر سوورهێن بوو! . دیوارەکانی خشتێکی زێڕ بوو خشتێکی زیوو بوو! . کۆ لەکەی بلوریتی تیا بوو کە بەگۆی (زمرود)نەخشابوو! حەوزو فوارەیەکی تیابوو ئەو کۆشکەی جوان کردبوو! راخەری ئاوریشمی تیابوو! ئەو کۆشکە هێندەی نەختینەی زێڕو زیوی تیابوو لە ژماردن نە دەهاتن!! ئەمجا چوونە حەرەمی شینە شای پەریانەوە ژنەکەیان بینی. هەر زۆر جوان بوو لە نێو کچەکانی شینە شای پەری یان دا کچێکیان هێندە ناسكو نازداربوو دڵی غەریب بۆی بێ قەراربوو.

لە دەوروبەری ئەو کچە (١٠٠) کەنیزەك هەبوو.

کەچی تایبەت بوون! جوانو ناسكو بەهەیبەت بوون! دامێنی کراسەکانیان بەرز کرابوونەوە بە دەبووسی زێڕین هەڵواسرابوون! ئەمجا شاغەریب لە کەتیزەکێکی پرسی:

ئەو پەری زادەیە کێ یە!؟ . وتی (ئەو ئەستێرە جوانە کچی شینە شای پەری یانە! ).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٥٩

## چیرۆکی چوونەکۆشکی(ئەبڵەق) مارەکردنی کچی شینەشای پەریان

شەهرەزاد وتی:

شاغەریب رووی کردە شامرعش وتی:

ئاواتم ئەوەیە ئەم کچە مارە بکەم. شامرعش وتی:

پیلانی تۆ نەبووایە وئێمە تیا دەچووینو ئەم شارو کۆشکەمان بۆ نە دەگیرا! لە بەر ئەوە هەرچی یەك لەم شارو کۆشکەدایە هی خۆتە! چۆن بەباش دەزانی وابکە. غەریب سوپاسی کرد. لە کچە چووە پێش دەستەکانی گرتو سەرەنجی دا هێندەی دی چوو بەدڵیدا! ئەم کچە کچی پاشای چین بوو. کاتی خۆی شینە شای پەری یان لە ناو کۆشکی پاشادا دایکی هەڵگرتووە! ئەو کاتە ئەم ژنە مارە دەکاتو دواتر ئەم کچەیان دەبێت! ئەم کچە چلەی

چووە دایکی مرد. ئیدی شینەشای پەریان خۆی پەروەردەی کرد هێندە جوان بوو باوکی پێی دەوت:

ئەستێرەی بەربەیان. شاغەریب لەم جەنگەدا باوکی کوشت! ئەم کچەش زۆری رق لە باوکی بوو. کە شاغەریب داوای کرد شوی پێ بکات پەسەندی بوو. دواتر شاغەریب فەرمانی دا ئەو کۆشکەی ئەبلەقیان هەڵوەشاندەوە خشتو زێرو زیوەکانیو شتەکانی ناویان دابەش کرد بە سەر دێوو درنجاندا خۆشی (٢١)خشتی زێرینی بەرکەوت! لە شتوومەکەکانی تری کۆشکیش هێندەی بەر کەوت کە نە دەهاتە ژمارە! ئەمجا بەرەو قەڵای بەرقان چوون و شامرعش دەستی شاغەریبی گرتو کێوی قاف پیشان دا و ئەو هەمووشتە سەیرانەی بینی کە گەیشتنە ئەوێش کۆشکەکەی (بەرقان)یشیان هەڵوەشاندوبە هەمان شێوە زێرو زیوە کانیان بەش کرد شامرعش وتی:

ئەی پاشای ئادەمی. ئیدی بە شوێنتەوەم تا دەگەیتەوە وڵاتی خۆت. شاغەریب سوێندی خوارد وتی:

بە حەقی حەزرەتی ئیبراهیم لە مەندە زیاتر ماندوت ناکەم. تەنیا (کلینجان)و (قوریجان) بەگەڵ خۆم دەبەم شامرعش وتی:

کەوابوو (١٠٠٠٠ ) سوارەی جنۆکە ببە بەگەڵ خۆت شاغەریب وتی:

تەنیا ئەو دووانە! شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٦٠

## چیرۆکی گەیشتنەوە نزیکی شارەکەی غەریبوهاتنی سوپێی گاوران بۆ سەرشارەکە

شەهرەزاد وتی:

مرعش شای پەریان فەرمانیدا (١٠٠) دێو ئامادە بکەن هەمووشتومەکەکانی شاغەریب هەڵبگرن. لەگەڵ ئەستێرە بەیانی خێزانیدا فەرمانی بە(کلینجان ) و(قوریجان)دا. کە شاغەریب هەڵبگرنو ئاکایان لێی بێت. شاغەریب ویستی ئەسپە نایابەکەی لەگەڵ خۆی ببات شامرعش وتی:

ناتوانیت بیبەیت! چونکە لەسەر زەوی ئێوە دەمرێت! ناردی ئەسپێکی تریان بۆ هێنا دەریایی بوو ئەمجا ئامێزی بۆ شاغەریب گرتەوەو خواحافیزیان کرد. (کلینجان)و

(قورینجان). شاغەریبو ئەسپیان هەلگرتو سەفەر دەستی پێ کرد. دووڕۆژوشەوێك بە ڕێگاوە بوون تاکو گەیشتنە نزیك شاری (عەمان). لا یان دا بۆ حەوانەوە ئەو کاروانە ڕێگای (٥٠)ساڵی بڕی بوو!! شاغەریب فەرمانیدا بە (کلینجان) کە بڕوات بزانێت دەنگوباسی شارچی یە؟ ئەویش ماوەیەك وون بوو. کە گەڕایەوە وتی:

پاشام شار گەمارۆ دراوە جەنگ قەوماوە سوپێی بت پەرستان هێندە زۆرن! لە ژمارە نایەن ئێستا (جەمرقان) وەستابوو لە گۆڕەپان دەینالاند دەی نرکاند! داوای دەکرد بۆ زۆران! ئەمجا فەرمانیدا ئەسپم بۆ زین بکەن زرێپۆشو شمشێرم پێ بدەن. بۆ جەنگ پیاوی خۆی دەوێ تیایدا ئازاو ترسنۆك دەردەکەوێ! . ئەمجا ئەسپی دەریایی یان بۆ ئامادە کرد. (کلینجان)و (قوریجان) وتیان گەورەم ڕێگامان بدە با ئەم (١٠٠٠) جنۆکەیەی ئێمەش لەگەڵ ئێوەدا پەلاماری بت پەرستان بدات شاغەریب وتی:

بە حەقی حەزرەتی ئیبراهیم سلاّوی خوای لێ بێت تا من بە سەرپشتی ئەم ئەسپەوە بم ناهێڵم ئێوە بجەنگن!! تومەز کاتێك عەجیب شا پە نا دەبات بۆ شا (یەعرب)ی قەحتان لەوێ داڵدەی دەدات (کلینجان) و (قوریجان) پەلامار دەدەن سوپێی شایەعرب دەشکێتو کوڕی شا دەکوژرێت. شا عەجیب کۆ مەڵەکەی خۆی کۆدەکاتەوەو پێیان دەڵێت ئەگەر بچینەوە بەر دەست شا(یەعرب) پێمان دەڵێت بە هۆی ئێوەوە توشی ئەم نەهامەتە هاتووم تووڕە دەبێتو هەمووومان دەکووژێت! باشتر وایە روو بکەینە وڵاتی هیندستان و پەنا ببەینە بەر شا(تەرکنان). مەگەر ئەو بتوانێت تۆڵەمان بسەنێت! ئەوانیش ڕازی دەبنو دەڵێن بابڕۆین خوای ئاگر پشتو پەنامان بێت! چەندین ڕۆژو شەو بە ڕێوە بوون تاکو گەیشتنە (هیند) ئەمجا داوایان گرد بێنە ناو شارەوە شا(تەرکنان) ڕێی پێ دان- کە گەیشتنە بەردەم پاشا کڕنووشی بۆ بردو وتی:

گەورەم داڵدەم بدە ئاگر پشتو پەنات! ) پاشای هیند پرسی:

(تۆ کێیت!؟ ) ئەویش وتی شا عەجیبم پاشای وڵاتی عێراق برایەکی خۆم زۆردارمەو بە دوامەوەیە ئێستاش پەنام بۆ تۆ هێناوە).

ئەمجا بۆی گێڕایەوەکە چۆن بانگەشەبۆ ئاینی ئیسلام بوون دەکات لە سەر حەزرەتی ئیبراهیم. شەهرەزاد هەستی کردشەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٦١

# چیرۆکی جەنگی نێوان سوپێی غەریب شا وسوپێی (رەعد) شا

شەهرەزد وتی:

کە شای هیند ئەمەی بیست- تووڕە بوو وتی:

قسەم بە خوای ئاگر دەبێت لە ناویان ببەمو ئاینی ئاگر پەرستی خۆمان جارێکی دی بلاّوبێتەوە! ئەمجا کوڕەکەی بانگ کردو پێی وت:

هەر ئێستا سوپا کۆبکەنەوە بەرەو(عێراق)بڕۆ. لێیان بدەن مالّیان کاول بکە هەرکەسێك نەگەڕایەوە سەر ئاگر پەرستی ئەشکەنجەی بدەو بیان هێنەوە ئێرە با جۆرەکانی ئەشکەنجەیان پێ بچێژم!

کوڕە پاشای (هیند)- سوپێیەکی ڕێك خست لە (٨٠) هەزار سوارە. هەشتاهەزار سواری زەرافە بووبوون. (١٠٠٠٠)فیل. کە سەر پشتیان کەژاوەی بەسەرە وەبوو لە شیشی زێڕین دروست کرابوون. لە داری سەندەلّو بزمارەکانی زێڕبوون. ئەو کەژاوەنە. پەردەی ئاوریشمیان بە سەردا درابوون. کە بە زێڕو مرواری نەخشابوو. چەندین تەختە ڕەوانیان هەبوو کەهەر یەکەیان (٨)سەربازی بەسەرەوە بوو بە هەموو جۆرە چەکەکان دەجەنگان.

کوڕی پاشای (هیند) یەکێك بوو لە پالّەوانانی سەر دەمی خۆی! ئەم پالّەوانە ناوی (رەعد) بوو. لە (١٠) ڕۆژدا سوپێی ڕێك خست. وەکو پەلّەی هەور بەڕێ کەوتن! (٢) مانگی رەبەق بەڕێوە بوون. تا گەیشتنە شاری ( عەمان) گەمارۆی شارەکەیان دا. شاعەجیب زۆر دلّخۆش بوو. کە پێی وابوو ئەو سوپێیەی بە سەر بت پەرستاندا سەردەکەون.

لەم لایشەوە (جەمرقان)و (دێوسەعدان)- شەیپوڕی جەنگ لێدرا دێو سوعدان هاتە گۆڕەپان داوای پالّەوانێکی هیندی دەکرد بۆ (زۆران). پالّەوانێکی هیندی هات زۆر خۆی بۆ نەگیرا دێو سەعدان ڕمێکی دا بەسەری دا کەوتە سەرزەوی‌و مرد. دووەم پالّەوان هات کوژرا! سێ‌وچوارەم هات لە ناوبرا! تاکو لەو گۆڕەپانە لەو بت پەرستانە(٣٠)کوژرا!! ئەمجا یەکێکی زۆر پالّەوان شا (تەرکنان) بوو هات. کە شۆڕەسواری سەردەمی خوی بوو پێیان دەوت (کەللەبەران). شەهرەزاد هەستی گردشەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٦٢

# چیرۆکی جەنگی (غەلایب)و (کەللەبەران)

**شەهرەزاد وتی:**

(کەللەبەران) کە پاڵەوانێکی گاوران بوو چووە مەیدان بۆ دێو سەعدان هاواری کرد:

(سەگە پیس بووی بەو پاڵەوانە پاڵەوانانمان بەدیل بگرێت!؟ ئەوە بزانە ئەمڕۆ دوایین ڕۆژی ژیانتە!! ). ئەمجا کەوتنە هێرش بردن وپەلاماردان. دوای کەمێك دێو سەعدان ڕمی ئاراستەی سنگی کەللە بەران کرد. بەڵام خۆی لادا. دێوە لەگەڵ ڕمەکەدا سووڕاو کەوت پیاوانی کەللە بەران لە دەوارن هاتنە دەرەوەو لە پشتەوە قۆڵبەستیان کردو بردیان ئەمجا (جەمرقان) هاتە مەیدان ئەمجا ئەویش بەدیل برا. ئەنجا پاڵەوان دوای پاڵەوان لە بەرامبەر (کەللەبەران) دەدۆڕان دەبران تاکو (٢٤) پاڵەوانی سوپێی ئیسلام بە (دیل) بران.

**ئەمجا شا غەریب وتی:**

هاوار بە ماڵم بۆ ئاینی حەزرەتی ئیبراهیم! سواری ئەسپە دەریاییەکەی بوو شمشێرە زێرینەی (یافپ)ی کوڕی (نووح)ی لێ هەڵکێشا. چووە مەیدان کەوتە پەلاماردانی (کەللە بەران). ماوەیەکی باش یەکتریان هێناو برد. ئەنجام شاغەریب (کەللەبەران)ی بەدیل گرت. پاڵەوانی دووەم و سێیەمو لە کۆتاییدا (٥٢) پاڵەوانی سوپێی بت پەرستانی گرت. ئەسپی ژێری دێوو دەریایی شمشێری دەستی زێڕو (١٢)بست درێژو (٣) بست پان بوو! شمشێری دێو (بەرقان) بوو.

ئیتر پاڵەوانانی ئیسلام سەریان لەم سوارە ئازایە سوڕما چونکە خوودەو زرێپۆشی لە بەردا بوو نەدەناسرایەوە! دیسان پاڵەوانێکی بۆ هاتە مەیدان دوای کەمێك ڕمێکی لێدا لەسەر زین کەوتە خوار کلیجان و قوریجان بۆی چوون ئەویشیان قۆڵبەست کرد و بردیان دایانە دەست (سەهیم). شەوهات شەیپووری جەنگ کۆتا بوون لێدرا جەنگاوەران بۆ سەربازگەی خۆیان چوونەوە پاڵەوانە زرێپۆشەیش بە خۆی و ئەسپەدەریایەکەوە بەرەو سەربازگەی ئیسلام بووەوە. (سەهیم) بەغار خۆی گەیاندە ئەو پاڵەوانە ڕانی ماچ کرد و وتی:

تۆ کام پاڵەوانی دەستەکانت نەرزێ خوا لە ئیسلامت کەم نەکاتەوە ئەویش خوودەو ڕووپۆشەکەی لادا سەهیم باوەشی بۆ گرتەوەو هاواری کرد موسڵمانینە شاغەریب بەسەلامەتی گەڕاوەتەوە! کە جەنگاوەرانی شەکەت و ماندوو ئەم هەواڵەیان بیست. لە ئەسپەکانیان دابەزین و بەرەو پاشایان چوون. دەستیان ماچ کرد و بەخێریان هێنایەوە. ئیدی لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشتەوە. ئەمجا بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕانەوە کە چون

شای پەریان بردوویانە کێوی قافیان پیشان داوە! ئەوانیش لە کاتێکدا کە ئەمەیان پێ سەیر بوو! سوپاسی خوایان کرد کە پاشایان سەلامەت بووە. هەردوو دێوە (کلیجان)و (قۆریجان) هەمیشە بەدوای شاغەریبەوە بوون. ئەمجا سەربازان و گەورە سەرکردەکان بەرەو ماڵی خۆیان بوونەوە. شاغەریب شەو دەورو بەری چۆڵ بوو. بانگی هەردوو دێوەی کردو پرسی:

(دەتوانن. ئێستا بمبەنەوە شاری (کووفە) تاکو سەردانی کەس‌وکارم بکەم‌و هەر ئەمشەو بم هێننەوە ئێرە؟ نێوان ئەو دووشارە (٦٠) رۆژە رێیە بە غاری ئەسپێکی غارکەر و توانا. (کلیجان) وتی:

من لەم سەر دەتبەم با: قوریجان لەوسەر بت هێنێتەوە. کلیجان هەڵی گرت و فڕی‌و (قوریجان) بەدویدا. هەر نزیکەی سەعاتێکیان پێچوو. گەیشتنە شاری (کوفە) لەوێوە بە رەو کۆشکی شاغەریب لە دەرگای دا کە کردیانەوە مژدەیان برد بۆ شا ئەوەیش هاتوو ئامێزی بۆ شاغەریب گرتەوە. هەواڵی (فەخرتاج)و (مەهدییە)ی ژنی پرسی:

وتیان زۆر باشن. ئەمجا خزمەتکاران هەواڵیان گەیاندە هەردوو ژنەکەی شاغەریب. ئەوانیش مژدانەیان پێدان کەوتنە هەلهەلە کێشان ئەمجا شاغەریب لەگەڵ هەردوو ژنەکەی دانیشت‌و چیرۆکی سەفەری خۆی بۆ کێوی (قاف)گێڕایەوە ئەوانیش سەریان سەووڕما بوو! دەمەو بەیان (کلینجان)و (قوریجان) هاتن‌و شاغەریب خوا حافیزی لێ کردون ئەمجارەیان سواری کۆڵی دێو (قوریجان) بوو بە هاوڕی یەتی (کلیجان) دایان لە شەقەی باڵ‌و ڕۆیشتن پێش مەلا بانگ دان گەیشتنەوە شاری (عەمان) شا نوێژی بەیانی کردو فەرمانی دا جەنگاوەران خۆیان ئامادەی جەنگ بکەن فەرمان درا دەروازەی شار کرایەوە. هێندەیان زانی شۆڕە سوارێك حۆی کرد بە شاردا لەلایەن دوژمنانەوە هاتبوو دیلە کانی ئیسلامی پێ بوو کە رزگاری کردبوون. کە سەرەنجیان دا (جەمرقان)و (دێوسەعدان) لەگەڵ ئەو هەمووسەرکردانە شۆڕەسوارەکە هەموویانی دایە دەست شاغەریب جەنگاوەرانی ئیسلام حۆیان ئامادەی جەنگ کردبوو. لە بەرامبە ریزی سوپێی ئیسلام دا سوپێی بت پەرستان ریز بووبوون. چاوەڕێی شەیپووری (جەنگ)بوون

شەهرمزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی٦٦٣

شەهرەزادوتی:

یەکەم کەسێك جەنگ دەستی پێ کرد شاغەریب بوو شمشێری لە ناو بەری ڕاکێشا کە شمشێری( یافس)ی کوڕی (نووح)پێغەمبەر بوو. قامچی لە ئەسپی ژێری ڕاوەشاند بە نێو هەردووریزی خۆمانو دوژمناندا کەوتە غارغارێن! شیراندی:

(ئەوەی بمناسێت خۆی لە قەرەم نادات ئەوەشی نەمناسێت خۆمی پێ دەناسێنم من شاغەریبم پاشای وڵاتی عێراق برای (عەجیب)م). کە پاشای (هیند) ئەمەی بیست شاعەجیبی بانگ کردو وتی:

(ئەم جەنگە بە هۆی فیتنەی تۆوە ڕوویدا ئێستاش ئەوە برای خۆتە! دەبێت بۆی بچێتە (گۆڕەپان) شاغەریب کەوتە کڕوزانەوەو وتی:

بە حەقی ئاگرو خۆر بە پشکۆو تەنوور بە تاریکی بە سێبەر بە ڕووناکی دەوروبەر:

گەر هەر ئێستا نەچیتە بەرامبەری بۆ شەڕی لە سەرت دەدەم! هەرئێستا ئەو سەگەم بۆ پەت بکە شاعەجیب چارەی نەما سواربوو بۆی هاتە گۆڕەپان هاواری کرد:

(ئەی سەگی عەرەب ئەوە هێندە بە خۆت دەنازی دێیتە بەرامبەری پاشایان!؟ مژدە بێت ئەمڕۆ دوایین ڕۆژی ژیانتە! ) کە بەووردی سەرەنجیداو دەنگی ناسی یەوە هاواری کرد (بەڕاستی تۆ کێیت!؟ ). عەجیب وتی:

(من شاعەجیبی براتم! ) ئەمجا غەریب وتی:

(ئای بۆخوێنی دایكو باوکم!! ). شمشێرەکەی دایە دەست (کاینجان) و بە ڕمێکەوە بۆی چوو. لە بن دەستی توند کرد. هەر وەکو هەڵۆ چنگی پێدا کردو لە سەر زێنەکەی هێنایە خوارەوە بە برینداری! هەردوو دێوەکە بۆی چوونو قۆڵبەستیان کردو بۆ نێو سوپێی ئیسلامیان برد. شاغەریب لە خۆشیدا وتی:

گەیشتمە خۆزگەو ئاواتو هیوا

سوپاس گوزاریم بۆ تۆیە خودا

زۆر بە هەژاریو نەداری ژیام

دواتریش بوومە پاشاوپێشەوا

وڵاتانێکم گرتو کۆیلەم بوون

بە پشتی خوا بوو کەمن بۆم لوا!

کە (ڕەعد) شا بینی شاغەریب چی کرد: بە عەجیبی برای! تووڕەبوو. سواربوو شمشێرو قەڵغانی هەڵگرت. بە غار چووە بەرامبەر شا غەریب و هاواری کرد. (ئەی ڕسواترینی

عەرەب کۆڵەدار بەر بێ ئەدەب- هێندە ئازاو لێزانی!؟ (دیل)کەری پاشایانی!؟ هەر ئێستا دابەزەو خۆت دەستی خۆت ببەستە با بت بەم بە چوار دەستە! هەندێ پێت دڵخۆش دەبم دوایش هەرلێت خۆش دەبم! .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٦٤

# چیرۆکی بە(دیل) گرتنی (رەعد) شا بەدەستی شاغەریب

شەهرەزاد وتی:

کەشاغەریب ئەو هەرەشەیەی بیست هێندە پێکەنی-کە هێندەی نەمابوو بکەوێتە زەوی. ئەمجا هاواریکردە (سەهیم)ی برای ئادەی ئەو دیلانەم بۆ بێنە! کەهێنایان. یەکە یەکە لە ملی دان. ئەمجا (رەعد)شا هەڵمەتی بۆ شاغەریب هێنا وەك پڵنگ ویستی لە چنگی گیر بکا چنگ! زۆر یەکتریان هێناو برد دنیا تاریك بوو شەو هات تەپڵ لێدرا جەنگ کۆتا بوو. هەر پاشاو بەرەو سەربازگەی خۆی چوو. پیرۆزبایی کران کەسەلامەتن. جەنگاوەرانی ئیسلام لە شا(عەریب)یان پرسی:

(باشە بۆ چی ئەمەندە درێژە بەم پاڵەوان بازی یە دەدەیت؟ ) شاغەریب وتی:

راستیەکەی بەدەست من نەبوو. چونکە پاڵەوانێکی بە توانایە! منیش دەمەوێت نەیکوژم! بە (دیل)ی بگرم! چونکە بۆ ئاینی خۆمان بەسود دەبێت!

ئەگەرنا شمشێری یافپی لێ رادەکێشم! هەرزوو دەیکوژم؟ لەو لایشەوە لە (رەعد)شا کۆ بوونەوە پرسیاری پاڵەوانی بەرامبەریان لێ کرد- وتی:

(بەحەقی ئاگرو خۆر پاڵەوانێکە کەم وێنە! لە ژیانمدا پاڵەوانی وەکو ئەمەم نەدیوە! سبەینێ دیلی دەکەمو دەیبەم! ) بەیانی کە خۆر هەڵات رووناك بووەوە وڵات! تەپڵی جەنگ لێ دراوە لەشکر بەرامبەر یەك وەستاوە یەکەم کەس هاتە گۆرەپان نەعرەتەی لێدراو شمشێری راوەشان. شاغەریب بوو. هاواری کرد:

کێ دێتە بەرامبەرم تاکو لە ناوی بەرم!؟ ). قسەکەی تەواو نەکرد (رەعد) شا بەسواری فیلەوە پەیدابوو دەتوت قەڵایە! نابڕڕێتو پۆڵایە! بە راستو چەپدا شووڵ دەدات بەفیلەکەداکە لە ئەسپەکەی غەریب نزیك بووە. ئەسپەکە سڵەمیەوە شتی وای نەدی بوو! ناچار دابەزیو رمشەکەی دایە دەست (سەهیم)ی برای و شمشێری (لە ناوبەر)ی لێ راکێشا

بەپیادەیی بەرەو شا (ڕەعد) چوو. ئەویش تۆڕێکی پێ بوو. ئەو تۆڕە فڕێ دەدرا بەسەر کەسی بەرامبەردا و پەتی سەری تووڕەکە تۆڕەکە رادەکێشرێ نێچیرەکە لە نێو تۆڕەکە دەستەوسان دەبێت و دەگیرێت! شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٦٥

# چیرۆکی جەنگی لەشکری غەریب و لەشکری (ڕەعد) شا

شەهرەزاد وتی:

(ڕەعد) شا لە شا غەریب هاتە پێش تۆڕەکەی هەڵدا بەسەریدا ڕای کێشایەوە کە (کیلجان)و (قوریجان) ئەمەیان بینی بۆی چوون. (ڕەعد) شا خوڕییە فیلەکە کە بچێتەوە سەربازگەی خۆیان. (کیلجان)و (قۆڕیجان) ئەم و دیوو ئەو دیوی فیلەکەیان گرت و جووڵەیان لێ بڕی (غەریب)یش کە شمشێرەکەی پێ بوو کەوتە دڕاندنی تۆڕەکە! هەردوو سوپێیش کەتنە جەنگی دەستەو یەخە. تەپوتۆز بەرز بووەوە. خوێن ڕژا کەللەسەر پەڕا. نەعرەتە لێدرا ئەو ڕۆژەش جەنگ درێژەی کێشا و کە دنیا تاریك بوو تەپڵی کۆتا بوونی جەنگ لێدرا. جەنگاوەرانیش دەستیان لە یەخەی یەك کردەوە. شا غەریب. کە بەوشێوە ڕزگار ببوو ماندوو شەکەت بوو. جەنگاوەرانی بەسەر کردەوە. سەرنجی دا زۆریان لێ کوژراوە. بۆیشی دەرکەوت کە بەهۆی ئەو سوارانەی سەر (زەڕافە)و (فیلانە) وە بووە. چونکە سوپێی ئیسلام جەنگی لەو شێوەیەی نەدی بوو! ئەمجا فەرمانی دا برینداەرکان تیمار بکرێن_ لەگەڵ پێشەنگ‌و سەرکردەکان کۆ بووەوەو لێی پرسین:

چی بکەین باشە؟ وتیان:

گەورەم ئێمە بەیدەست و بێ توانای ئەو زەڕافەو فیلانەمان نیە گەر ئەو کێشەیەمان بۆ چارە کرا ئەوە زۆر باشە ). (کەلیجان)و (قوریجان) وتیان:

ئێمە لێیان دێینە دەست‌و زۆربەیان دەکوژین. پیاوێکی ژیری خەڵکی (عەمان) یان تێدا بوو وتی. پاشام ئەگەر بە قسەی من بکەیت_ چارەسەری ئەو (زەڕاف)و (فیل)انە لە سەرخۆم! شا غەریب رووی کردە هەمووان‌و وتی:

ئەم جەنگاوەرە هەرچییەکی پێوتن بە قسەی بکەن. ئەوانیش وتیان:

بە چاوان. جەنگاوەری (عەمان)ی پرسی:

گەورەم چەند پاڵەوانتان هەیە؟ شا غەریب وتی:

(١٠٠٠٠) پاڵەوان. ئەمجا هەر لەوێدا فەرمانیدا. با جیابکرێنەوە. کۆبوونەوە کۆتا بوو. جەنگاوەر (٥٠٠٠) جەنگاوەری بردە بەردەم گەنجینەی چەك و جبەخانەوە هەریەکە و تفەنگێکی پێدان. (٥٠٠) جەنگاوەرە پاڵەوانانەکەی تریش تیروکەوانی دایە دەستیان ئەو شەوە فەرمانی دا بەچەند سەرکردەیەك جەنگاوەران فێری بەکار هێنانی ئەو تفەنگان بکەن. لەو لایشەوە تا بەرەبەیان تیر ئەندازان فێری تیروکەوان بەکار هێنان بکەن.

ڕۆژی دواتر سوپێی ئیسلام (١٠٠٠٠) پاڵەوانی ئەمانیش ئامادەی جەنگ بوون. کە شەیپووری جەنگ لێدرا بووە (گوللە) بارانی تفەنگەکانو تیر بارانی تیر ئەندازان. (زەڕافە)و (فیلەکان) کەوتنە قیژەو هاوار بەرەودوا گەڕانەوە و بەهەڵەداوان هەڵاتن سەربازانی (ڕەعد) شا زۆربەیان بوون بە ژێر دەست و پێی ئەو زەڕافەو فیلە هەڵاتوانەوە! جەنگاوەرانی ئیسلامیش تێیان کەوتن. زۆریان لێ کوشتن. سوپێی (ڕەعد) شا هەڵات و بە بەزیوی لەو چۆڵەوانییەدا بڵاوەیان لێ کرد شا (غەریب)یش بەدەم (الله اکبر)ەوە. پێ دەکەنی و زۆر دڵخۆش بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٦٦

## سەر بووردەی ئیسلام بوونی (ڕەعد) شاو سەفەری غەریب بۆ وڵاتی (هیند)

شەهرەزاد وتی:

شا غەریب (٥) ڕۆژ لەو شوێنەدا مایەوەو هەرچی تاڵانی جەنگ هەبوو هەمووی بەسەر جەنگاوەراندا دابەش کرد. ئەمجا ناردی (عەجیب)ی برایان بۆ هێنا لێی پرسی سەگە پیس پاشای مەملەکەتانت هێنایە سەرم دایكو باوکی منت کوشت! ئێستاش ئیسلام ببە من لێت خۆش دەبم دەتکەمەوە بە پاشای وڵاتی خۆت تۆڵەی دایکمو باوکم لێت ناوێتو دەت دەمەوە دەست خوا. (عەجیب) سەری پەسەند نەکردنی ئایینی ئیسلامی بادا. بۆیە شا غەریب فەرمانیدا کۆتو زنجیری لە مل بکەن و بیبەنەوە بەندیخانە. ئەمجا ناردی (ڕەعد) شایان هێنا پێی وت:

تۆ ئیسلام دەبیت؟ (ڕەعد) شا وتی:

بەڵێ گەر دینەکەی ئێوە دروست نەبوایە زاڵ نەدەبوون بەسەر مندا!! دەستەکانت بۆ لای من درێژ بکە ئەمجا وتی:

شایەتی دەدەم تەنیا یەك خوا هەیە ئیبراهیم خەلیل پێغەمبەری خوایە!

ئەمجا شا غەریب وتی:

ئێستا مادام شیرینی ئیسلام چووە دڵتەوە ئازادیت! بۆت هەیە بڕۆیتەوە وڵاتی خۆتو بچیتەوە سەر تەختی پاشایەتی خۆت. شا (رەعد) وتی:

(گەورەم ئەوە هەرنابێت چونکە باوکم لەسەر ئیسلام بوونمدەمکوژێت! ). شا غەریب بە (کیلجان)و (قوریجان)ی وت:

حەزدەکەم بمگەیێننە وڵاتی هیند. وتیان:

بە چاوان ئەمجا (کیلجان) و (جەمرقان)و (سەعدان)ی خستە سەر پشتی_ شاغەریبو شا (رەعد)یش سواری کۆڵێ (قوریجان) بوون

## چیرۆکی کوژرانی تورکنان بەدەستی شاغەریبو کردنی (رەعد) بە پاشا لە جێی ئەو

ئەو وئێوارەیە کەوتنە فڕین بەرەبەیان گەیشتنە شاری(کەشمیر)ی هیندستان لەسەر تەلارێك دایبەزاندنو ئەوانیش بە پلیکانەدا هاتنەوە ناو تەلارەکە لەو لایشەوە (تورکنان) هەواڵی تێکشکانی سوپاکەی بیست بوو ئاداری خەم خواردنی کوڕەکەی بوو. هێندەی زانی (رەعد)ی کوڕیو دێوەکان گەیشتنە سەری! (تورکنان)شا ویستی ڕابکات.! چونکە زۆر لەدێوەکان ترسا! (رەعد)ی کوڕی هاواری کرد:

بۆ دەڕۆیت ئەی ئاگر پەرست؟ واز لەئاگر بهێنە بڕوا بە خوا بهێنە. ئەو خوایەی بینایە کەس نازانێت لە کوێ یایە! . کە باوکی ئەمەی بیست ڕمێکی تێگرت بەڵام سەری کرد دای بە دیوارەکەدا (٣)بەردی دەرهێنا. ئەمجا هاواری کردە کوڕەکەی (خۆت لە دینی باوو باپیران دەرچوویت دەتەوێ منیش لە ڕێگەی دینی باوو باپیرانم لابدەی؟ ). (رەعد)شا قورقوراگەی باوکی گرت دوای کەمێك یەخەی بەردا! ئەمجا شاغەریب وتی:

خۆت حوکمی بدە! ئەویش وتی:

ڕەوانەی دۆزەخی بکە شاغەریب. یەك شمشێری پیادا کردی بە دوو بەشەوە ئەمجا فەرمانی دا بەسەر دەروازەی شاردا هەڵی بواسن!!

هێـشتا رۆژ هـەڵ نـەهاتبوو. کـە(٣٥٠)سـوارەیان بـردە بەردەسـتی غـەریب پاشـا. کـە (کلیجان)و (قوریجان). لەلایەکیەوە وەستابوون دێو(سەعدان)و (جەمرقان) لە لایەکەی ترە و فەرمانیدا هـەر پاشاو سـەرکردەیەك هاتـە ئێرە بیگـرن قۆڵبەسـتی بکـەن! مـەهێڵن بـۆی دەربچێت!

ئەمجا رووی کردە (٣٥٠) سەرکردە دیلەکەو وتی:

بینیتان چۆن پاشاتان بەسەردەروازەی شاردا هەڵواسراوە؟ ئەوانیش پرسیان:

کێ بەو دەردەی بردووە؟ شاغەریب وتی:

من وام لێ کردوە! پشت بەخوا هەرکەسێکی دی- ئیسلام نەبوو- هەڵی دەواسم کەوابوو ئیسلام بن پارێزراون ئەوانیش چوونە ریزەی بەختیاران. شاغەریب پرسی:

شیرینی ئایین چووە دڵتانەوە و چێژتان؟ وتیان:

بەڵێ! فەرمانیدا ئازادیان بکەن- ئەمجا خەڵاتی هەموویانی کردو وتی:

بۆتان هەیە بگەڕێنەوە وڵاتی خۆتان ئەرکی سەر شانتان ئەوەیە خێزانەکانتان بهێننە سەر ئایینی نوێ هەر کەس بەقسەی نەکردن بیکوژن! ئەمجا هەموویانی خەڵات کـرد. دوای ئەوەی کە سەرکردەکان گەڕانەوە وڵاتی خۆیان سەربازانی خۆیان کۆکردەوەو کەوتنـە سـەر بانگێشت کردن بۆ بوونە ئیسلام چەند کەسێکی کەم نەبێت ئەوانیش کوژران.

هەواڵەکانیان دەناردەوە بۆ شاغەریب. ئەویش سوپاسی خوای کرد.

شـاغەریب (٤٠) رۆژ لـە (کـشمیر) مایـەوە هێرشـی کـردە سـەر شـوێنی پەرسـتگاکانی ئاگرپەرستان هەموویانی تێکدا لە شوێنیان دا مزگەوتی دروست کرد.

دیاریو خەڵاتی زۆری نارد بۆ شا (رەعد). بـە رێگـای دەریـاداو بـەپاپۆڕ- خۆشـی سواری (کلینجان)بوو. (سەعدان)و (جەمرقان)یش لە سەر پشتی قوریجان. خواحافیزیان کرد. تاکو بەرەبەیان بەرێوە بوون

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٦٧

شەهرەزاد وتی:

بەرەبەیان گەیشتنە شاری(عەمان). خەڵکێکی زۆر هاتن بە بەرەو پیریانـەوە شـاغەریب هەر گەیشتنەبەر دەروازەی شاری (کووفە). ناردی شا (عەجیب)یان هێنا. فەرمانیدا بەسـەر دەروازەکەدا لە سێدارەی دا! ئەمجا چووە سەر تـەختی شاهانە تاکو ئێوارە حوکمرانکی کرد.

نێوارەش گەڕانەوە ناو خێزانەکەی‌و (ئەستێرەی بەیان)ی ژنی بەخێری هێنایەوە. کەنیزەکان بەدڵخۆشیەوە بەخێریان هێنایەوە- ڕۆژی دووەم حوکمڕانی کرد. فەرمانیدا (٣٠٠٠) سەر مەڕیان سەربڕی لەگەڵ (٢٠٠٠)سەر گا کرابەخێرو بەخشرایەوە- (١٠٠٠) سەر (بزن)یش سەربڕڕا. (٤٠٠٠)سەر وشتریش ئەم خێرەش بەهۆی گواستنەوەی (مەهدی یە)ی کچی مرداس بوو. کەهێشتا لەدینی ئیسلامدا شتی لەم جۆرە نەکرا بوو. (١٠) ڕۆژ لە (کووفە) مایەوە ئامۆژگاری مامەی کرد کە داد پەروەر بێت لە حوکمڕانیدا. ئەمجا ژنەکەی‌و هەموو پاڵەوانەکانی خۆی برد. چوونە کەنار دەریا تاکو پاپۆڕەکانی بەخەڵاتی زێڕ بارکراو ببینن! بەسەر خەڵاتەکاندا گەڕا هەمووی بەخشییەوە بە سەریاندا. هەروەها بەسەر سەرکردەو پاڵەوانەکاندا. بەشی(سەهیم)ی برایشی دا. فەرمانیدا کە (سەهیم) ببێتە پاشای ئەم ناوچەیە. واتە ناوچەی بابل- درێژەیان بەسەفەرەکەیان دا. گەیشتنە قوللەی دێو سەعدان (٥) ڕۆژ مانەوە. تاکو حەوانەوە. ئەمجا فەرمانیدا بە (کیلجان)و (قوریجان)کە بڕۆن بۆ (ئەسبانیر) لەوێوە بۆ (تاقی کیسرا) هەواڵی (فەخرتاج)ی بۆ بێنن. لەوێش پیاوێکی خەڵکی ئەوێم بۆ دەست بگیر بکەن‌و بۆم بێنن با لە کەس‌و کاری پاشا بێت. تا خۆم پرسیاری لێ بکەم.

کاتێك ئەو دووانە بەئاسمانەوە دەفڕین سوپێیەکی زۆر مەزنیان بینی. وەکو دەریا شەپۆلیان دەدا. ئەمجا بڕیاریان دا. بنیشنەوەو هەواڵ بپرسن:

کە پرسیان پێیان وتن:

ئێمە سوپێی (عەجەم)ین‌و دەڕۆین شاغەریب‌و سوپاکەی لەناو بەرین! هەموویان بکوژین. ئەمجا هەردووکیان پیلانیان داناو خۆیان گەیاندە پاشای ئەو سوپێیە کە ناوی (ڕۆستەم)بوو. لەشەودا لە شیرین خەودا بەخۆی‌و تەختی پاشایەتی یەوە هەڵیان گرت‌و بەدەستی بەستە. نیوە شەو گەیاندیانە بەردەمی دەوارەکەی شاغەریب هاواریان کرد:

(دەستوور). شاغەریب ئەمەی بیست. ناردی بە شوێنیانداو ئەوانیش (ڕۆستەم)شایان بەخۆی‌و تەختی شاهانەیەوە لە بەردەمیدا دانا. شاغەریب زۆری پێ سەیر بوو!! پرسی:

ئەمە کییە؟ وتیان:

گەورەم ئەمە پاشای سوپێیەکە کە بەڕێوەن بۆ ئەوەی لە سوپاکەی تۆ بدەن‌و خۆیشت بکوژن. جا ئێمەش پاشا خۆیمان هێناوە کە لێی بپرسی:

! شا غەریب ناردی (١٠٠) پاڵەوان هاتن. شمشێریان خستە سەر سەری. کاتێك (ڕۆستەم) چاوی کردەوە. ئەو هەموو شمشێرەی بە سەر سەریەوە بینی زۆر ترسا! لە دەورو بەری پرسی:

نێره کوێیه!؟ به خوا خەوێکی ناخۆشه! ئەمجا (کلیجان) نووکه پییەکی تێوه ژەند چاوانی کردەوە! پرسی:

نێره بەڕاست کوییه؟ کێ خۆم و تەختی شاهانەکەمی گەیاندوەتە نێره!؟ ئەمجا پیان وت:

ئەمە شا غەریبە! زاوای پاشای (عەجەمە). (رۆستەم) یەخەی جبەکەی راکێشاو ‌‌..ندێك فووی کرده سەر سنگی‌و وتی:

ئەی هاوار ئەمە خەوه؟ یان راستییه؟ هەردوو دێوەکە کەڵبەکانیان پیشان دان شا (رۆستەم) زۆر لێیان ترسا. ئەمجا وتیان:

چیه؟ دەڵێی پێت رەوا نیه کڕنووش بەریت بۆ شا غەریب. ئەویش کە دەترسا هەستاو کڕنووشی بۆ بردوو وتی:

خوای ئاگر بۆت ببێته رابەر ئەی پاشای سەروەر شا غەریب وتی:

(ئەی سەگی عەجەم ئاگر شتێك نیه بپەرسترێت؟ چوونکه ئەسوودی هەیەو ئەزیان!! و هەر بۆ چیشت لێنان باشه! ) رۆستەم شا پرسی:

کەواته کییه دەبێت بپەرسترێت؟ شا غەریب وتی:

ئەوەی شایانی پەرستنە ئەو خوایەیە کە خۆتی درووست کردوە ئەم شێوه جوانەی پێبەخشی بە جەستەت! خوای زەوی‌و ئاسمانەکانە! شا رۆستەم وتی:

باشه چیبکەم؟ تاکو بچمە ریزی ئەو خوا ناسانەوە!؟ شا غەریب وتی بلا (لااله الا الله ابراهیم خلیل الله).

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٦٦٨

# چیرۆکی هەواڵ هێنانی رۆستەم بە مردنی فەخرتاج

شەهرەزاد وتی:

کە پاڵەوان (رۆستەم) ئیسلام بوو شیرینی ئاینی چیشت! ئەمجا شاغەریب کەوتە پرسیار کردن. (رۆستەم) وتی:

پاشام شا سابووری خەزوورت بە نیازی کوشتنی تۆیە! شا غەریب وتی:

ئەوە هەر نابێت بلێی بیری چووبێتەوە چۆن کچەکەیم ئازاد کرد!؟ عەمری نەمێنێ گەر بەو شێوەیە بیر بکاتەوە. ئەمجا پرسی:

تۆ ناوت چییە و چکاریت؟! وتی:

من یەکێکم لە سەرکردەکانی شا سابوور. ئەمجا پرسییەوە "کەوابو هەواڵی فەخرتاجی کچیم پێ بڵێ! " رۆستەم وتی:

"فەخرتاج تۆ خۆش! " شا غەریب پرسی:

چۆن مرد؟ رۆستەم وتی:

پاشام ئەو شەوە کەتۆ لای فەخرتاج روژت کردبووەوە رۆژی دواتر کەنیزەکێك هەواڵەکەی بە شا سابووری باوکی گەیاندبوو باوکی زۆر تووڕە بوو بوو. ناردبووی بە قوڵبەستراوی هێنابوویانە بەردەمی. باوکی لێی پرسی بوو چۆن وێرات ئەو دەشتەکییە لە ژووری خۆتدا تابەیانی دابنێیت! قەحبە!؟ کچەکەشی وتبووی: گوایە خۆی رێی پێدا بوو واتە باوکی! پاشاش پێی وتبوو تۆ نەڵێی مارە کرابووی نە مارەیی تۆی دابوو! نە هیچ هەڵدەکێشێتە شمشێرەکەی کە (فەخرتاج) بکوژێت! بەڵام دایکی کچە خۆی دابوو بە سەر کچەکەیداو نەی هێشتبوو. ئەمجا بەپاشای مێردی وتبوو خێزانەکەمان عەیب دارمەکە! چونکە ئەگەر بیکوژیت ناومان دەکەوێتە سەرزمانان! چارەی ئەوەیە لە ژێر زەمینێکدا زیندانی بکەو بابەند بکرێت تاکو خۆی دەمرێت! شاسابوور هەر لەوێدا فەرمانی دابوو بیبەن بەندی بکەن! . بەڵام کە شەو دادێ فەرمان دەدا بەدوو پیاو کەبە دزی یەوە بیبەن و بیخەنە دەریای (جەیحون)ەوە. مەهێڵن کەس پێتان بزانێت!

ئەوانیش فەرمانەکەیان جێ بە جێ کرد ناوی کچە لە بیر ناسیاوانی چووەوە! . کە شاغەریب ئەمەی بیست توند بوو وتی:

"بەحەقی ئیبراهیم خەلیل دەبێت بگەمە سەری و مەملەکەتەکەی کاول بکەم و خۆشی لەناو بەرم. " ئەمجا نامەی نوسی بۆ (جەمرقان) و بۆ خاوەن" میافارقین" وخاوەنی شاری (موسڵ). لەرۆستەمی پرسی:

تۆ چەند سەربازت لەگەڵدایە!؟ ئەوێش وتی:

(١٠٠٠٠٠)سەربازی (عەجەم)م لەگەڵدایە. شاغەریب فەرمانی دا " ئەو (١٠٠٠٠٠) سەربازە ببەو برۆ بۆ وڵاتی خۆت سەرقاڵیان بکەو بەشەر بێ تامن دەگەم رۆستەم جەنگاوەرەکانی بردو گەڕایەوە لە دڵی خۆیدا دەیوت: بەم کارە رووی خۆم سپی دەکەم لەلای شاغەریب ودەیسەلمێنم کە دڵسۆزی سوپێی ئیسلامم. (٧) رۆژە لەشکرەکەی بەرێوە بوو رۆستەم کەزانی (نیوەرۆژێك) رێگا ماوە بگەنە شار فەرمانیدا لەشکری لایان دا رەشماڵ و دەواریان هەڵدا. (١٠٠٠٠٠)کەی کرد بەچوار بەشەوەو پێی وتن:

بەچواردەوری شاردا بگەڕێن و شمشێریان لێ رادەن! وتیان:

بەچاوان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٦٩

# چیرۆکی زاڵ بوونی ڕۆستەم بەسەر سوپێی عەجەم

شەهرەزاد وتی:

لەشکری ئیسلام سواربوون. بەرەو چواردەوری شار بێدەنگی یان لیّ کرد. دوای نیوە شەو لە هەموو لایەکەوە هاوڵاتیان هاواریان دەکرد:

(الله اکبر)هێرشیان هێنا شەڕ نەگەیشتە نیوە شەو سوپاکەیان بە پەلە لەبەردەم سوپێی ئیسلامدا هەڵاتن. سوپێی ئیسلام دەستکەوتیان لە جەنگدا ئەسپ‌وهێسترو وشترێکی زۆر بوو چەك‌و جبە خانەیەکی زۆر. شاغەریب کە گەیشت جەنگ کۆتا بووبوو!

کەڕۆستەم پیلانی جەنگەکەی بۆ شاغەریب باسی کرد- شا زۆری پیّ خۆش بوو. وتی:

ئەم جەنگە خۆت خاوەنی بوویت! خویشت تێیدا زاڵ بوویت! بۆیە دەسکەوتەکانیش پێشکەش بەخۆت بێت- رۆستەم دەستی شاعەریبی ماچ کرد ئەو ڕۆژە لەویّ حەوانەوە- لەو لایشەوە سوپا بەزیوەکە خویان کردەوە بەشاردا. یەکسەر چوونە بەردەستی شاسابوور وباسی ئازایەتی سوپێی ئیسلامیان کرد! ئەمجا پرسیان سوپاکەیان زۆر بەتوانابوو پاڵەوانانێکی بیّ وێنەیان هەیە دێوو خێوو جنۆکەیان لە تەکدایە- هەر مەپرسە. چۆن شپرزەیانکردین. شاسابوور. تاجەکەی سەری دا بەزەویداو هاواری کرد:

رسوابووین‌و بایەحمان نەما! ئەمجا روی کردە (وردشا)ی کوڕی‌و وتی:

کوڕەکەم مەگەر خۆت تۆڵەمان بسەنیت! وردشا وتی:

بێخەم بە بەسەری تۆ دەبێت ئەو شاغەریبە وەکو سەگ پەت بکەم‌و بیخەمە بەر دەستت خۆی‌و سەرکردەکانی. شاسابوور- پرسیاری جەنگاوەرەکانی کوڕەکەی کرد ئەویش وتی:

تاکو سبەینیّ (٢٢٠)هەزار سەربازمان هەیە ئەو شەوە بەنیەتی سەفەرەکەی سبەینیّ چوونە ناوجێگاوە. هێشتا دنیا رووناك بوو سەیریان کرد:

تەپوتۆزێکی زۆر لە دوورەوە دیارە! شاسابوور بە چەند سەربازێکی وت:

هەرئێستا برۆن هەواڵم بۆ بێننەوە. ئەوانیش بەغار ڕۆیشتن. کە لە گاوران نزیك بوونەوە هەواڵیان پرسی:

بەپەلە گەڕانەوە و ئەوا دەستیان پێ کرد:"گەورەم شاغەریب خۆیەتی سوپێیەکی مەزن بەدواوەیە! هاتوون بۆ جەنگی ئێمە! . شاسابوور وتی:

ئالآکانی دەستتان بلەرزێنن سوپێی شاسابوور دەوارو رەشماڵیان لە سەر فەرمانی شاسابوور هەڵدابوو جەنگ دەستی پێکرد ئەو ڕۆژە تاکو ئێوارە شەڕبوو. ڕۆژی دواتر شەر دەستی پێکرد. هاوارو قیرەی سەربازان بریسکەی شمشێرو نێزەی تیرو کەوان- یەکەم کەس کە چووە مەیدان رۆستەمی پاڵەوان بوو. هاواری کرد. ( اللەاکبر ) منم رۆستەمی داستان پاڵەوانی عەرەبو عەجەم کێ دێتە بەرامبەرم تاکو لەناوی بەرم!؟ پاڵەوانێك هاتە گۆڕەپان بەناوی(تومان) لە عەجەمیان. هەڵمەتی بۆ رۆستەم هێنا. رۆستەمیش کەوتە خۆی پەلاماری ئەوی دا، تاکو رۆستەم رمێکی دا بەسەری دا (٧٠) رەتل کێشی بوو. پاڵەوان کەوتومرد. شا(سابوور). فەرمانیدا هێرش کرا سوپاکەی هاواریان بۆ ڕۆژ دەبرت پەنایان بە گڕ دەگرت! . ئیسلامان بەخوای تاك باڵاو بە تواناو بێ باك! عەجەمیان کەوتنە گیانی عەرەبان- ئەمجا شاغەریب شمشێری (لەناوبەر)ی (یافس کوری نووحی) لێ راکێشا بەڕاستو چەپدا پیا دەکێشا- عەجەمیانی ڕاونا بەرەو دواوە هەڵمەتەکە هەڵگەڕاوە!

ئیسلام بەرەو پێش عەجەمیان بۆ دواوە! شاغەریب کە گەیشتە ئەو پاڵەوانەی ئاڵای عەجەمیانی بڵند کردبووەوە- لەسەرئەسپ خستی یە خوار قۆڵبەست کراو بۆ ناو دەوار *هەردوو دێوە (کلیجان)و (قوریجان) یش هەمیشە هاوشانی شاغەریب بوون.

سوپێی عەجەم. کەبینیان. ئالآکەیان کەوت ئیتر دڵیان نەسرەوت. هەڵاتن لە گۆڕەپان سوپێی ئیسلام شوێنیان کەوتن زۆریان لێ کوشتن کە گەیشتنەوە دەروازەی شار بوو بوقەرەباڵغی هەندێکیان بوون بەژێر دەستو پێوە! دەرگاوان دەروازەیان بۆ دانەخرایەوە سوپێی ئیسلام خۆی کرد بەشارا! ئەمجا سوپێی بەزیوو هاواریان کرد پەنامان بدەنو چەکەکانیان فڕێ دا. ئەمجا کۆمەڵ کۆمەڵ- وەکو گاگەل درانە پێشو برانە سەربازگەکانیان- ئەمجا شاغەریب دەستو دەموچاوی لە خوێنی عەجەمیان پاك کردەوەو شتی خۆی گۆڕیو بەرگی شاهانەی کردەوە بەرو لەسەر تەختی شاهانە دانیشت. فەرمانیدا شاسابووریان هێنایە بەر دەم. لێی پرسی:

" سەگی پیس بۆچی منت بەشایستەی ئەوە نەدەزانی کەمێردی کچەکەت بم! والەگەڵ سوپاکەم دەجەنگیت!؟ شاسابوور وتی:

بەڕاستی هەڵە بوومو پەشیمانم! شەڕ کردنم لەگەڵ تۆدا لە ترسی خۆت بوو! ئەمجا فەرمانیدا لەپەو ڕوو لە سەر زەوی درێژی بکەنلێی بدەن! زۆریان لێدا تاکو کپ بوو. ئەمجا بردیانە ناو زیندان. سەرکردە عەجەمیەکانی بانگ کردو پێی وتن:

" فەرموون ئیسلام بىن خوا بە ڕەوا بزانن! " هەر لە ویدا (١٢٠٠٠٠) كەس ئیسلام بوون. ئەوانەشی بە ئاگر پەرستی مانەوە فەرمانی دا بەشمشێر بدەن لە سەریان شارەكەش هەرهەموویان ئیسلام بوون.

شاغەریب سواربوو. سوپا بەدوایەوە تاگەیشتە (ئەسبانێر). چووە سەر تەختی شاهانەو جێی شاسابوور. ئەمجا فەرمانی دا خەزێنەی دەوڵەتیان هێناو كەوتە خەڵات كردنی بەسەر دانیشتوانی كۆشك‌وخەڵكانی دەورووبەریدا خەڵكی شار كەوتنە پیاهەڵدانیو پاڕانەوە كە ئاوا دەستو دڵ باشە! هێندەی زانی بوو بە قیژەو هاوار لە كۆشكدا ناردی دایكی(فەخرتاج)یان بۆ هێنا لێی پرسی!؟ ئەویش وتی:

گەورەم ئەگەر(فەخرتاج)بیتوانیایە ئێستا دەهاتو دڵخۆشی خۆی بۆت دەردەبڕی! شاعەریب دەستی كردە گریان لەگەڵ(فەخرتاج) دا. ئەمجا ناردی شاسابووریان هێنا. (پێوەن)كرابوو. زنجیر لەملیدا بوو. كە وەستانیان لێی پرسی:

" سەگی عەجەم چیت لە كچەكەت كرد؟ " ئەویش وتی:

دابوومە دەست فلانو فیسار كەسەوە رام سپاردن بیخەنە دەریای (جەیحوون)ەوە. ئەمجا ناردیە شوێن دوو كەسەكە. كە هێنایانن. لێی پرسین:

" سابوور راست دەكات" وتیان:

بەڵێ پاشامان بەلام ئێمە كە بردمانە سەر دەریاكە بەزەیمان پێدا هاتەوەو ئامۆژگاریمان كرد- كە تەقەلا بدات خۆی ڕزگار بكات ئیدی ئێمە ئازادمان كردو گەڕاینەوە! پێشمان وت:

نەكەی بگەڕێیتەوە لای خۆمان چونكە باوكت تۆیشو ئێمەش دەكوژێت! دوای چەند رۆژێك شاغەریب ئەستێرە ناسانو سیحربازانی كۆ كردەوەو رای سپاردن. بە هەموویان (ڕمڵ)ێكی بۆ لێ بدەن بزانن ئاخوماوە؟ یان مردوە؟ دوای كەمێك یەكێكیان هەستاو وتی:

پاشام شازادە فەخرتاج ماوە مندالێكی جوانكیلەی هەیە. ئێستا لای جنۆكەكانە (٢٠) ساڵە ڕێ دوورە! حسابی خۆتی بۆ بكە! شاغەریب لێكی دایەوە تێگەیشت كە ئەم (٨)ساڵی پێدەچێت!! ئەمجا لەبەرخۆیەوە وتی:

(لاحول و لاقوه الاباللە العلی العظیم) سیحربازان بلاوەیان لێ كرد. ئەمجا ناردی بەشوێن فەرمانڕەوایانی قەلاو هەرێمەكاندا ئەوانەی كاتی خوی لەژێر فەرمانڕەوای شاسابووردا بوون ئەوەبوو هەموویان دوای چەند ڕۆژێك ئامادە بوون

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٧٠

## سەربووردەی هاتنی سوپێی کوڕی شاسابوور وەردشا پاشای شیراز بۆ شەڕی شاغەریب

شەهرەزاد وتی:

شاغەریب سەرقاڵی کارو باری مەملەکەت بوو. ڕۆژێکیان لە پەنجەرەوە سەیری دەرەوەی دەکرد تەپوتۆزێکی زۆری لە دوورەوە بینی- بانگی کردە (کلینجان)و دێو (قوریجان). فەرمانی پێدان: هەواڵی ئەم تەپوتۆزەم بۆ بێنن! ئەوانیش ماوەیەك ون بوون. خۆیان کرد بە سوپاکەداو جەنگاوەرێکیان لە سەر پشتی ئەسپەکەی هەڵگرتو گەڕانەوە بردیانە بەردەم شاغەریب وتیان:

گەورەمان ئەمە جەنگاوەرێکی ئەو سوپێیەیە کە بەرەو ئێرە دێتا شاغەریب لێی پرسی:

ئەم سوپێیە کێن!؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی:

سوپێی کوڕی شاسابوورە! ئەو کاتەی تۆ باوکی ئەوت گرتو مەملەکەتەکەت لێ سەندو لە سەر تەختی پاشایەتیەکەی دانیشتی. ئەم کوڕەی کۆمەڵێك لە سەربازانی باوکی بردو هەڵات. خۆی گەیاندە تەختی پاشایەتی شاوەردی ئێمە. پەنای بۆ هێناو باسی شاغەریبی بۆ کرد. ئەمجا باسی ئایینە نوێیەکەی ئیبراهیم خەلیلی بۆ کرد. شاوەرد کە هەواڵی ژنەکەی لێ پرسی. وتی:

شاغەریب ئەویشی (دیل) کردووە! ئیدی شا (وەرد) تووڕە بوو سوێندی خوارد کە دەبێت شاغەریب دیل بکاتو یەکێك لە موسڵمانان لە سەرزەوی نەهێڵێتا دواتر نامەی نارد بۆ هەرێمەکان وڵاتەکەی و دوای چەکداری لێ کردن. دوای چەند ڕۆژێك. توانی نزیکەی(٨٥٠٠٠)جەنگاوەر ئامادە بکاتو سەفەریان کرد. ئێستا ئەم سوپێیە هی ئەوەو بۆ جەنگ هاتوون لەگەڵ سوپێی ئیسلام. ئەم سوپێیە پڕچەکن شا(وەرد)خەڵاتێکی باشی کردوون شاغەریب فەرمانی دا سوپا سواربوون چوونە بەر دەروازەکانی(ئەسپانیر). لەوێدا (کلینجان) و (قوریجان) ئەژنۆی شاغەریبان ماچ کرد لێکی پاڕانەوە کە ئەم جەنگە بداتە دەستیانو حەقی هیچی نەبێتا بەڵام شاغەریب پەسەندی نەبوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٧١

## سەربووردەی رۆیشتنی شاوەرد بۆلای (سەیران)ساحری برای

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا دێو (کلیجان)و (قوریجان) فرینو خۆیان گەیاندە سەربازگەی دوژمن کەچوونە دەواری پاشاوە سەیریان کرد شاوەرد دانیشتوەو کوڕی سابوورشا لای ڕاستی یی‌وەوسەرکردەکانی سوپاکەیان لای چەپی یی‌وە وەستاون خەریکی راوێژ کردنی هێرش بردنە سەر سوپێی ئیسلامن. دێو (کەلیجان) کوڕی شاسابووری فران (قوریجان) شاوەرد. کە هەردووکیان لە بەردەم شاغەریب دا دانا یەکسەر شاغەریب فەرمانی دا ئادەی لێیان بدەن. هێندەیان لێدان کەوتنو بوورانەوە!

هەردوو دێوەکە سەرو شمشێریان بە دەستەوە بوو کە بە هیچ پاڵەوانێك هەڵ نەدەگیرا! ئەمجا کەوتنە لێدانی سوپێی شاوەرد ئەو سوپێیە حەپەسابوون! (٢) شمشێری درێژی قورس دەهاتنو دەچوونو کەللە سەر دەکەوتە سەرزەوی زۆر ترسان بەپەلە دەواریان پێچایەوە بەلام فریا نەکەوتن:

هەلاتن هەردوو دێوەکە (٢) ڕۆژ بەدوایانەوە بوون! زۆر زۆریان لێ کوشتن. ئەوەشی نەکوژراهەلات کە گەڕانەوە لای شاغەریب سوپاسیان کرد کەرێی پێدان! شاغەریبیش پێی وتن:

هەرچیەکیان لە گۆڕەپان لە سوپێی گاوران بەجێماوە پێتان حەلا ئبێت. ئەوانیش جارێکی دی. سوپاسیان کردولەماوەیەکی کەم دا کۆیان کردەوەو. بەرەو ولاتی خۆیان چوون شتەکانیان بردەوەو. هەم بەخێزانیان شاد بوونەوە.

لەو لایشەوە سوپێی گاوران بەشکاوی ئەوانەی نەکوژران گەڕانەوە شارو کەوتنە تیمار کرتنی برینداکان تەعزیەبارانیش تەعزیەیان بۆ کوژراوان دانا (وەرد) شا برایەکی هەبوو ناوی (سەیران)ی ساحیر بوو ئەمە لە دنیادا لە وێنەی کەم بوو لە سیحرکردندا. سەیرانی ساحر بەجیا لە قەلایەکدا دەژیا. لە ناوەڕاستی رەزو باخێکی بەرداردا پڕ لە کانیو ڕووباردا ئەم قەلایە نیوە ڕۆژە رێ یەك لە شاری شیرازەوە دوورە لە شکرە شکاوە بەزیوەکە خۆی کرد بەو قەلایەدا بەدەم هاوارو نالەو گریانەوە. کە سەیرانی ساحر پرسیاری کرد. وتیان کە سوپێی ئیسلام بەزاندوونیوهەموویانی ڕاوناوە! دوو دێو (وەردشا)ی برایو کوڕی شا ( سابوور) یان فڕاندوە! سەیرانی ساحر توند بوو هاواری کرد:

" بە ئەو دینەی لە سەریم دەبێت ئەو شاغەریبە بکوژم تاکیان لێ ببڕم هەواڵ پرسیان نەهێلم! دەستی کرد:

به ورتەورت. (شاسوورە) ش پەری یانی بانگ کرد. کە ئامادە بوو. فەرمانیدا کە بچێت بۆ شاغەریب کە لە (ئەسبانیر)ی شاران دادەنیشێت. لە سەر جێگە کەی خۆی پەلاماری بدە.
(شاسوورە) ش وتی:

بەچاوان هەر زوو گەیشتە سەر شاغەریب. ویستی پەلاماری بدات. شاغەریب شمشێری (لەناوبەر)ی راکێشا. دوو دێو (کلیجان)و (قۆریجان) هێرشیان کردە سەر لەشکری جنۆکەکانی شاسوورەی جنۆکەو(٥٣٠) یان لێ کوشتن. شاسوورەشیان برینداری کرد! زۆر بە سەختی. بۆیە لەگۆڕەپانی جەنگ هەڵاتو لەشکرەکەی جنۆکەکان بەدوایدا بەهەڵە داوان خۆیان کردەوە بەرەزەکەی (سەیران)ی ساحیردا! هەموویان هاوارو ناڵەو گریان بوو بوساحیرەکەیان وت:

قوربان شاغەریب شمشێری (یافپی کوری نووح پێغەمبەری پێی یە! بەر هەر کەسێك بکەوێت تێکی دەهاڕێت! هەروەها (٢) دێوی کێوی (قاف)ی هەیە! کاتی خۆی شا (مرعش) پێی داوە. هەر ئەویش (بەرقان)ی کوشت ئەو کاتەی چووە کێوی (قاف). دیسان شینە شای پەری یان کوشتووە! جنۆکەیەکی زۆریشی کوشتوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٧٢

## چیرۆکی فڕێ دانە دەریای شاغەریب

شەهرەزاد وتی:

کە شاسوورە ئەمەی گێڕایەوە سەیرانی ساحر زۆر تووڕەبوو. دەری کرد! کە ڕۆیشت بوڕێی خۆیەوە. سەیرانی ساحر (عەزیمە) یەکی تری خوێند دێوێك ئامادە بوو ناوی(زعاز) بوو. فەرمانی پێداو وتی:

بڕۆ کڵۆیەك (بەنج) لەگەڵ خۆت ببە خۆت بکە بە چۆلەکەیەکو چاودێری شاغەیب بکە تاکو شەو لە جێگە کەی خویدا دەخەوێت (بەنجەکە) بخەکونە لوتیەوە کە بێهۆش بوو هەڵی بگرەو بۆم بێنە! "زعاز"ی دێو وتی:

بەچاوان ئەمجا فڕی تاگەیشتە "ئەسبانیر" ی شاران لایداو لە شێوەی چۆلەکەیەکدا چووە پەنجەرەی ژووری نووستنەکەی شاغەریب کە نیوە شەو هاتە ژوورەوەو کڵۆ (بەنج)ەکەی خستە کونە لوتیەوە دوای کەمێك بێ هۆش بوو ئەمجا خستی یە

جاجمێکەوەولوولی کردو هەڵی گرتو فڕی تاگەیشتەوە رەزی میوەکەی سەیرانی ساحر. ئەویش زۆر سوپاسی کرد. شمشێری لە کالان راکێشا کە بیکوژێت! بەڵام یەکێك لە ئامادە بووان نەی هێشت! سەیرانی ساحر پرسی:

بۆچی؟ ئەویش وتی:

ئەم کابرایە شامرعش گەورە دێو دوو دێوی بە دیاری داوە پێی ئەگەر تۆ شاغەریب بکوژیت ئەویش سوپێیەك دێومان دەکاتە سەرو هەمووما‌ن لە ناو دەباتو بەرگریمان بۆ ناکرێت لە خۆمان!! سەیرانی ساحر قسەکەی بە دڵ بوو. ئەمجا پرسی:

ئەی چی لێ بکەین؟ کابرا وتی:

چارە سەری ئاسانە! هەر بە "زعاز" دا بینێرە بۆ دەریای (جەیحون). بە ئەو بێ هۆشیەوە فڕ ێ ی بداتە دەریاکەوە. دوایی کەس نازانێت چی بەسەر هاتووە! ئەمجا فەرمانی دایەوە بە "زعاز و ئەویش گەیاندیە سەر دەریای (جەیحون). لەوێ هەر چەند دێوەکە سەرنجی شاغەریبی دا دڵی نەهێنا فڕێی بداتە ئاوەکەوە داینـاو چوو بە چەند دارێكو لقی درەختان داربەستێکی بۆ دروست کردو بە توێکلە دار شاغەریبی دابەست بەو دار بەستاوە ئەمجا خستی یە دەریاوە! لەو لا یشەوە خزمەتکارەکەی چووە ژوورەکەی تاکوبە خەبەری بێنێ سەیری کرد پاشا دیار نیە! ئەمجا هەواڵی دا بەکۆشك! لە نێو خۆیاندا وتیان:

ڕەنگە چووبێتە با خەکەوە! هەندێکی دی لە سەری وەستان بێ سود بوو. وتیان:

کەوابوو ڕەنگە لای ژنە کانی بێت کەنیزەکانیان نارد! دوای کەمێك ئەویش هاتەوەو وتی:

ژنەکانی دەڵێن: لە پاش نیوە ڕۆی (دوێنێ) وە لێرە نەماوە! ئەمجا چەند کە سێك چوونە باخەکەوە لە باخەوانەکانیان پرسی:

ئەویش وتی:

پاشام نە دیوە! هەموویان گەڕانەوە بەدەم گریانەوە. دێو (کەلیجان) و (قوریجان) (٢) ڕۆژی ڕەبەق بۆی گەڕان هەروا بێ ئەنجام گەڕانەوە! . هاوڵاتیان سەربازو سەرکردەکان ڕەشیان بۆ لەبەر کرد پەنایان بۆ خوا برد لەو لایشەوە شاغەریب (٥) ڕۆژ بەسەر دار بەستە کەوە بەسترابووەوە! ئەمجا کلۆ بەنجەکە لە لوتی کەوتە خوارەوە. دوایی بەناگا هاتەوە سەیری خۆی کرد بەستراوەتەوە! خۆی کردەوە سەیری چوار لای خۆی کرد شینی دەکردەوە! لە دڵی خویدا وتی:

"لاحول و لاقوە الاباللە العلی العظیم" ئاخۆ کێ ئەمەی بەسەرم هێنابێت!؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٧٣

# چیرۆکی دەرهێنانی غەریب لە دەریا لە لایەن چەند کەشتی یە وانێکەوە

شەهرزاد وتی:

هێشتا هەر بیری دەکردەوە کە کەشتیەکی بینی دەستی بۆ راوەشاند کەشتیەکە هات. دەستیان گرتو سوار کەشتی یەکەی خۆیان کرد. ئەمجا لێی کۆ بوونەوەو پرسیان: "ناوت چی یە؟ لە کوێوە هاتوویت؟ "شاغەریب وتی:

لە پێشدا تێرم بکەن! باتوانم وەڵامتان بدەمەوە. خواردنیان بۆ هێنا، کەتێربوو. پرسی: ئەی ئێوە کێنو لەکوێوە هاتوون؟ ئایینتان چی یە؟ ئەوانیش وتیان:

لە (کەرەج) ەوە. هاتوین. (بت) ێك. دەپەرستین ناوی" مینقاش"ە ئەویش نەهێنای و نەی بردی وتی:

سەگە پیسانە خوای تاكو تەنیا ناپەرستن؟ ئەو خوایەی هەر کە فەرمان بدا ببە ئەو شتە دەبێت!! ئەوانیش پەلاماریان دا هەرکەس دەچووە پێش مشتە کوڵەیەکی لێ دەدا هەڵی دەگرتو فڕێ ی دەدایە دەریاوە! ئیدی دەخنکا! چاریان نەماو (٤٠) کەس خویان دا بەسەریدا بەیدەستیان کردو قۆڵبەستیان کرد. هەندێکیان ویستیان هەر لەو شوێنەدا بیکوژن. بەڵام زۆر بەیان وتیان:

نەخێر دەبێت بیبەینەوە وڵاتی خۆمان بیدەینە دەست پاشاکەمان! ماوەیەك رۆیشتن بە دەریادا ئەمجا گەیشتنە (کەرەج) کاتی خۆی ئەو پاشایەی ئەو شارەی دروست کردووە لە سەر هەر دەروازەیەکی ئەو شارە پەیکەرێکی پاڵەوانی لە مس دروست کردووەو دایناوە کاتێك کەسێکی (نامۆ) بەو شارە بچووایەتە ناو شارەکەوە هاواری دەکرد:

خەڵکی شار ئاگادار بن: نامۆیەکی غەیرەدین هاتە شارەوە خەڵکەکەش بۆی دەگەڕان دەیان گرت دەیان خستە سەر دینەکەی خۆیان! گەر بە قسەی نەکردنایە هەر لە وێدا دەیانکوشت! تومەز ئەو پەیکەرە مسانە شەیتان دەچووە ناویانەوە هاواری دەکرد:

گڕی لە کوونەلوتی پەیکەرەکەوە فڕێ دەدا. پاشای کەرەج گوێی لە هاواری پەیکەرە مسینەکە بوو. چووە بەردەمی. پەیکەرەکەش وتی:

پاشام کەسێکی بێگانە بەم شارە هاتووە ناوی (غەریب)ە. پاشای عێراقە. کاری هەر ئەوەیە خەڵکی بکاتە (ئیسلام) و پشتیان پێ بکاتە دینە کۆنەکەیان! ئەگەر بۆیان هێنایت لە ناوی ببە! . کەشتی یە وانەکان شا (غەریب) یان هێنایە بەردەم پاشا وتیان:

ئەمە لە خنکاندن رزگارمان کرد و هێنامانە کەشتیەکەی خۆمانەوە کەچی جنێوی بە بتەکەی ئێمە دا پاشا وتی:

بیبەن لە بەردەم گەورەخوای خۆماندا سەری ببڕنو بیکەنە قوربانی بۆی. وەزیرێك هەڵیدایە گەورەم ئەگەر سەری ببڕیت ئەوا سزاو ئەشکەنجە هەر سەعاتێك دەکێشێت. ئەبێ کارێك بکەین زۆرترین ئەشکەنجە بدرێت! پاشا پرسی:

تۆ دەڵێیت چی لێ بکەین!؟ وەزیرەکە وتی:

من دەڵێم با ئەم شەو لە زیندان دا بێت. فەرمان بدە دارێکی زۆر لە گۆڕەپاندا هەڵ بچنن نیوە شەو گڕی بدەن تاکو بەیانی دەبێتە خەرمانێك پشکۆی سوور! ئەمجا شاغەریب فڕێ دەدەینە ناوی! پاشا بە قسەی کرد. بەیانی ڕۆژی دواتر چونکە جاردرابوو کە غەیرە دینێك دەخرێتە ئاگرەوە. نیوە شەو ئاگر کرایەوە بەیانی ڕۆژی دواتر پاشاو وەزیران ئامادە بوون پاشا فەرمانی دا کە بچن (غەریب) بهێننە گۆڕەپان هاوڵاتیان چاوەڕوانن! پاسەوانان کە چوونە زیندانەکەوە سەیریان کرد کۆتو زنجیرەکە کەوتووە زیندانیەکە دیار نیە نە دەرگا شکاوەو نە پەنجەرە سەریان سوڕماو بەپەلە گەڕانەوە هەواڵەکەیان دا بەپاشا پاشا زۆر تووڕە بوو ئەمجا وتی:

بابڕۆین بۆ لای خوایەکەی خۆملێی بپرسین ڕەنگە پێمان بڵێت لە کوێ یە؟ خۆیو وەزیرەکانی چوونەوە (بتخانە) تاکو لە گەورە خوا بپرسن هەر واقیان وڕما کە بینیان خوایەکەشیان براوە!! پاشا زیاتر تووڕە بوو وەزیرو راوێژ کارەکەی بانگ کردە بەردەمی خۆیو وتی:

ئەمە گۆبەنی تۆیە! گەر پیلانو راوێژی تۆ نەبوایە. هەر زوو سەرم بڕی بوو- یەك شمشێری دا لە ملی وەزیرو لەوێدا کوشتی!! هاواریشی دەکرد:

ئەی وەزیر کوا خوایەکەم؟ وکوا دیلەکەم؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی٦٧٤

# چیرۆکی ئیسلام بوونی (زلزال) و گەڕانەوەی لەگەڵ غەریب دا بۆلای باوکی

شەهرەزاد وتی:

شەو کەغەریب بەئاگا هاتەوە دەستی کردبە(زیکر)و (تەسبیحات) زۆر لە خوا پاڕایەوە کە رزگاری بکات! ئەو جنۆکە گاورەش کە دەچووە ناو پەیکەرە مسینەکەوە و قسەی دەکرد گوێی لێ گرتبوو دڵی پڕ بوو بوو لە ئاسودەیی شیرینی ئیسلامی چەشتبوو بۆ غەریب دابەزی‌و لێی پرسی ئەرێ چی بکەم بۆ ئەوەی بێمە سەر ئەم ئاینەی تۆ چی بکەم؟ چی بڵێم؟ غەریب وتی:

بڵێ شایەتمان دێنم کە خوا تاکە تەنیایە ئیبراهیم خەلیلی خوایە! . ئەمجا کەوتە یارمەتی دانی غەریب‌و رزگاری کرد. ئەم جنۆکەیە ناوی " زلزال ی کوڕی موزەلنرل" بوو ئەمجا شاغەریبی خستە سەرشانی‌و گەورە خوای بردو ڕۆیشت تا گەیشتە ئاسمان لەو لایشەوە پاشاهێندە تووڕە بوو وەزیرە راوێژکارەکەی خۆی کوشت هاوڵاتیان کە لە گۆڕەپان کۆبوونەوە سوتاندنی غەریب ببینن!! کەچی گەورە خوای خوشیان براوە!! ئەمجا بووە مقۆ مقۆو زۆربەی خەڵکەکە موسڵمان بوون!! ئیدی ئەو زۆرینەیە بەرگیان لە بەر کردو چوون بۆ پاشاکەی خویان‌و کوشتیان هەربۆیەش لە دینی خویان هەڵگەڕانەوە بینیان خواکەیان دزراوە! (غەریب)ی ئیسلامیان بینی چۆن خواکەی خۆی رزگاری کردوە! هێندەیان لە یەکتر کوشت شار چۆڵ بوو ژنان‌و منالان شەڕیان دەکرد!

لەو لایشەوە غەریب (زلزال)ی کوڕی مزلزل) غەریبی هەڵگرت‌و فڕی‌و گەیاندی یە وڵاتی جەزائیری کافوور کۆشکی بلور و گوێرەکەی سحراوی شامزلزل گوێرەکەیەکی بەڵەکی هەبوو! بەرگی رازاوەی لە بەری کردبوو. کەنەخشی زێڕینی تیابوو. شامزلزل‌و دەورو بەرەکەی چوونە لای گوێرەکە زیوینەکە کە پەیکەر بوو. روانیان نرکەو ناڵە یەتی ! پرسیان:

بۆچی بێ تاقەتی؟ شەیتان کە دەچووە ناو پەیکەری گوێرەکەکەوە وتی:

" ئەی پاشا کوڕەکەت چووەتە سەر دینی ئیبراهیمی خەلیل! لە سەر دەستی غەریب دا خاوەنی عێراق "چی رووی دابوو هەمووی بۆ گێڕایەوە. شامزلزل گەڕایەوە چووە سەر تەختی پاشایەتی و کەوتە بیر کردنەوە- ئەمجا وەزیرانی تێگەیاند. ئەوانیش سەریان سوڕما! پرسیان چی بکەین؟ پاشا وتی:

هەرکە هاتەوە دێتەلاەو باوەشم پێدا دەکات! کە لەئامێزم گرت، پەلاماری بدەن، بیگرن.

دوای دوو ڕۆژ (زالزال) و(غەریب) گەیشتن. هەر لەبەر دەرگا. پەلاماریان دانو گرتنیان. کە هێنایانە بەردەم پاشا پرسی:

"سەگی دێوان ئەوە پشتت کردوەتە دینی خۆمان؟ " کوڕەکەی وتی:

"دینی رەوام هەڵبژاردوە! تۆش ئیسلام ببە تاکو سەلامەت بیت. بی پەرستە خوای تاکو تەنیا. ئەوەی شەوورۆژی دانا" فەرمانی دا بیبەن فڕێی بدەنە بەندیخانەوە. ئەمجا رووی کردە (غەریب) و پرسی:

"جەردەو رێگر چۆن توانیت یاری بە ژێری کوڕەکەم بکەیت!؟ لە دینی خۆی دەربکەیت!؟ غەریب وتی:

"لە تاریکی دەرم هێناوە

لە سەر رێی رووناك دامناوە! . پاشا تووڕە بوو. هاواری دێوێك هات ناوی (سەیار) بوو. پێی ئەمەش ببە بۆ (دۆڵی ئاگر). با بۆخۆی لە وێ تیا بچێت! . ئەو دۆڵە هێندە گەرم بوو دارو بەردی داخ بوو کە هەر کەس بچوایە سەعاتێك نە دەژیا! شاخێك دەورەی ئەو دۆڵە ئاگرینەی دابوو.

هێندە سەختو لوس بوو رێی پێدا ڕۆیشتنی نەبوو! دێو (سەیار):

غەریبی خستە سەر پشتیو فڕی. زۆر ڕۆیشت ماندو بوو. هەر چەند سەعاتە ڕێیەکی مابوو بۆ دۆڵە ئاگرینە لە رەزو باخێك لایدا. غەریبی لەسەر پشتی داگرت. راکشا تاکەمێك بحەسێتەوە. خەوی لێ کەوتو پرخەی دەهات! غەریب کە دێوەکەی بینی خەوتووە کەوتە هەوڵدان بۆ دەستو قاچ کردنەوەی خۆی تاکو خۆی ئازاد بکات. خوا یارمەتی دا دەستو پێی کردەوە. ئەمجا بەردێکی گەورەی بە هەردوو دەستی بەرز کردەوەو کێشای بە سەری دێوەکەدا کوشتی. کەوتە گەڕان سەرنجی دا ئەم دۆڵە لە دوورگەیەکدایە! هەر میوەیەك:

دڵ بیخوازێت تێیدایە! شاغاریب (٧) ساڵی رەبەق لەو دۆڵەدا مایەوە! خواردنی ماسی دەریاو میوەی درەختەکان بوو. لە کانیو ڕووبارەکانیش ئاوی دەخواردەوە. ڕۆژێکیان پاڵی دابووەوە ریشی درێژ درێژ قژی سەری دەمو چاوی داپۆشی بوو. هێندەی زانی دوو دێو لە ئاسمانەوە دابەزین! سەریان لەم شتە تووکنە سوڕما! پرسیان:

تۆ ئادەمیزادیت یان دێو خێوو درنجیت!؟ ئەویش وتی:

نە دێوەو جنۆکە ئادە میزادەو لێم قەوماوە! دوودێوەکە هەر یەکەیان ئادەمیزادێکی پێ بوو. وتیان:

بۆمان بگێرەوە چیت بەسەرهاتووە؟ شاغەریب سەربووردەی خۆی بۆ گێڕانەوە هەر دووکیا ن زۆریان بەزەیی پیا هاتەوە پێیان وت:

هەر لەم شوێنە چاوەڕێمان بکە بانەم دوو بەرخە چەورە بەرینەوە بۆ پاشامان تاکو نیوەڕۆ یەکێکیا ن بخوات! ئێوارەش ئەوی تریان! دواتر دێینەوە بۆ لاتو دەتبەینەوە بۆ ولاتی خۆت. غەریب زۆر سوپاسی کردنو پرسی:

کوا ئێوە بەرختان پێیە؟

وتیان مەبەستمان ئەم دوو ئادەمیزادەیە! غەریب وتی:

پەنا بەخواو حەزرەتی ئیبراهیم. پەنا بەو خوایە کەبە هەمووکارێك توانایە دوای (٢) ڕۆژ چاوەڕوانی دێوێکیان پەیدا بوو بەرگی بۆ هێنابوو ڕیشی تاشیو خستی یە سەر پشتیوفری هێندە بەرز بووە دیار نەما! غەریب گوێی لە خوا پەرستی بوو لە ئاسماندا کاتێکی زانی تیرێك هاتو دێوەکەی زامدار کرد. ناچار نزم بووە. کە غەریب سەرەنجی دا ژێری دەریایە! ڕمێکی دی هاتو دێوەکەی پێکاو غەریبی بەردایەوە بەلام خۆی سوتاو بوو بوخۆڵەمێش. غەریب نقوم بوو دواتر هاتەوە سەر ئاو. (٢) ڕۆژ لە دەریادا مایەوە بێ هێز بوو دەستی لە دنیا شت! ڕۆژی سێ یەم شاخێکی بڵندی بینی پەلە فاژەیەکی زۆری کرد. تاکو خۆی بگەیەنێتە کە ناری کێوەکە. تاکو گەیشت ئەمجا کەوتە گیا خواردن! شەو ڕۆژێکلێی کەوت تاکو بحەوێتەوە. ئەمجا بە شاخەکەدا سەرکەوتو بەلا پاڵی ئەو دیویدا شۆڕ بووەوە تاکو گەیشتە شارێك پڕ لە باخو ڕەز خۆشو جوانی سەدان تەرز. پڕ قەڵاو گومەز.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٧٥

# چیرۆکی دیل بوونی غەریب لای خاتوو جانشا پاشا

شەهرەزاد وتی:

غەریب بەرەو شار ڕۆیشت کە گەیشتە دەروازەی شار پاسەوانان گرتیانو بردیان بۆ پاشاکەیان کە ناوی خاتوو جانشابوو. تەمەنی(٥٠٠)ساڵ بوو. هەر کەسێکی نامۆ لە دەروازەی شاردا بگیرایە دەبرایە بەردەم خاتوو جانشای پاشا. ئەویش دەینارد بۆ کوژەرو دەیانکوشت! کە غەریب یان بردە بەردەمی. بەدڵی بوو. بۆیە پێی وت:

ناوت چی یە؟ خەلکی کوێیت؟ چی پەرستیت؟ . ئەویش وتی:

ناوم غەریبە پاشای وڵاتی عێراقم. لە سەر دینی ئیبرایم خەلیلم‌و خوای تاك‌و تەنیا جەپەرستم! . جانشا وتی:

" وەرەو بتەکەی من بپەرستەو پشت بکە دینەکەی خۆت! منیش شوت پێ دەکەم و دەتکەمە پاشای ئەم وڵات " غەریب تووڕە بوو وتی:

" خوت‌و دینەکەت بە نەعلەت بن! " جانشازۆر تووڕە بوو. فەرمانی دا بیبەن لە قوللەی بتەکەیدا بەندی بکەن. بەلکو دوایی دڵی نەرم بێت. ئەوانیش بردیانە قوللەی بتەوە دەرگایان لە سەر کلۆم دا. غەریب سەرنجی بتەکەی دا لە یاقوتی سور دروست کرابوو! ملی بە ملوانکەی زێڕو مرواری بوو. غەریبلێی چووە پێش و هەڵی گرت‌و دای بە زەویدا ووردو خاشی کرد! ئەو شەوەلێی نووست. بۆ ڕۆژی دواتر خاتووجانشا لە سەر تەختی شاهانە دانیشت. وتی:

دیلەکەم بۆ بێنن. پاسەوانان چوون دەرگای بیخانەیان کردەوە. کەبیبەن بۆ پاشا. سەرنجیان دا بتەکەیان شکاوە! کەوتنە گریان‌و لەخۆدان دەم‌و چاویان پڕبوو لە خوێن. ویستیان بیبەن. مشتە کۆڵمیەکی لە یەکێکیا ندا. دەم‌و دەست مرد! دووەم چووە پێش ئەویشی کوشت بەم شێوەیە (٢٥) کەسی لێ کوشتن. ئەوانی تر هەڵاتن! بە دەم هاوار کردنەوە چوونە لای خاتوو جانشا کە لێی پرسین وتیان:

دیلەکە بتەکەی شکاندوە و پاسەوانەکانی کوشتووە.

پاشا تاجەکەی دا بە زەویدا وتی:

"بتەکەیش ئاوا بێ نرخ بووە!؟ "، (١٠٠٠) پاڵەوانی لەگەڵ خوی بردو بەرەو قوللەی (بتخانە) بووەوە سەرنجی دا غەریب هاتوومتە دەرەوە خەریکی شەڕە بە شمشێرەکەی دەستی! خاتوو جانشا کە ئەو ئازایەتی یەی لێ بینی لە دڵی خوێدا وتی:

(پێویستم بەبت نیە هەمووئاواتم ئەوەیە ئەم دیلە ببێتە مێردم! ). ئەمجا فەرمانی دا لێی دوور بکەونەوە. خۆی لێی نزیك بووەوە هەندێ ورتە ورتی کرد. غەریب شمشێرەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە! دیسان قۆ لبەستیان کردو بردیان خۆیشی فەرمانیدا ئەو ناوە چۆڵ بکەن و چووەوە سەر تەختی شاهانەی خۆی و بردیانەوە بەر دەستی پێی وت:

سەگی عەرەب ئەوە بتەکەی منت شکاندوە!؟ پیاوەکانی منت کوشتوە!؟ غەریب وتی:

"مەلعون" بۆ تێناگەیت!؟ ئەگەر ئەو بتە خوا بووایە بەرگری لە خۆی نە دەکرد!؟

پاشا وتی:

(بە دینەم دەبێت خراپترین ئەشکەنجەت بدەم) چوو جامێك ئاوی هێنا هەندێکی بە سەردا خوێند رشتی بە سەر غەریب دا دەم‌و دەست بوو بەمەیموون!! ئەمجا ناردیە دەرەوە

فەرمانی دا شوێنێك بۆ ئەو مەیمونە تەرخان بكەنو خواردنی بدەنێ. (۲) ساڵ بەو شێوەیە مایەوە رۆژێكیان جانشا خاتوون غەریبی بیر كەوتەوە فەرمانی دا ئەو مەیمونەم بۆ بێنن. كە هێنایانلێی پرسی:

"لەمەو دوا گوێم لێ دەگریت!؟ " مەیمونەكە سەری رازی بوونی لە قاند. پاشا زۆری پێخۆش بوو. دیسان بەسەریدا خوێندەوە گەڕاندیەوە دۆخی جارانی. ناردی خواردنیان بۆ هێناو پێكەوە نانیان حوارد.

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٧٦

## چیرۆكی كوژرانی خاتوو جانشا

شەهرەزاد وتی:

كە غەریب تێری خوارد. پەلاماری جانشای داو ئەژنۆی خستە سەر سنگی و دەستی نایە بینە قاقای! نەی هێشت هەناسە بدات و كوشتی. ئەمجا سەیری كرد. ئەوە ژوورێكی بچووكی پڕ لە چەكی جەنگە خۆی پێدا كردو شمشێرێكی زۆر چاكی تیژی زێڕینی هێناو زرێپۆشی كردە سەر. شتو مەكەكانی شەڕی لە ژوورەكەدا لای خۆیەوە دانا ئەو شەوە درگای داخستو بێخەم لێی نووست بۆ ڕۆژی دواتر زرێپۆشی پۆشی. خوودەی كردە سەر. شمشێری بەدەستەوە گرتو چووە بەردەرگای دیوەخانی پاشا بەڕێو رەسمی جاران سەركردەو وەزیران هاتن بۆ لای پاشا جەنگاوەرەكەیان بینی بە زرێپۆ شی ئاسنی چینی یەوە. وەستان. غەریب وتی:

خوای تەنیا بپەرستن. ئەو بتەی دەی پەرستن هیچی لە دەست نایەت! ئەوانیش پەلاماریان دا. غەریب زۆری لێ كوشتن! تاكو تاریك داهات هەر سەرباز بوو بۆ غەریب دەهات. شەو سوپێی دیوان پەیدا بوو كە جنۆكەی ئیسلام بوون. بە شمشێر كەوتنە گیانی شەڕكەرانی شارو هەر هەموویان كوشتن. كە جەنگ كۆتا بوو. سەركردەكەیان چووە بەردەم غەریب. ئەویش لە ئامێزی گرتو دەست خۆشیان لەیەك كرد. غەریب پرسی:

چۆن زانیت ئەی (زلزل)ی كوڕی (مزلزل) من لە شەڕدام؟ هەواڵی تۆ چی یە؟ زلزال وتی:

باوکم (٢) ساڵی ڕەبەق زیندانی کردم. کە ئازادی کردم چوومە سەری و کوشتم. (١) ساڵە پاشام و لە جێ ی باوکم! شەوێکیان بیرم لە لای تۆ بوو. لە خەونمدا لەم وڵاتە لە شەڕدا بوویت! بۆیە هەرزوو (١٠٠٠) دێوم پڕ چەك کردو هاتین ئەوە بوو. خەڵکی شارەکەمان لە ناو برد سوپاس بۆ خوا سەرکەوتین.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٧٧

شەهرەزاد وتی:

غەریب سەری سوڕما لەو ڕێکەوتە!! شارەکەی بۆ خۆی هەڵگرت و پاشایەکی ئەو هەندە کەمەوە دانا کە نە کوژرابوون. هەر بە ئەو شەوە. سامان و داراییەکەی غەریب لە دێوەکان بارکرا غەریبیش لەگەڵ (زلزل) سەفەریان کرد. گەیشتنەوە شارەکەی (زلزل) و غەریب (٦) مانگ میوانی (زلزال) بوو ئەمجا غەریب ویستی سەفەر بکات. (زلزال)شا خەڵات و دیاریەکی زۆری پێی بەخشی. (٣٠٠٠) دێو بارکران لە زێڕو زیوو لە کەرەجەوە هێنایانن بۆ غەریب. زلزال غەریبی هەڵگرت و دێوەکان شوێنی کەوتن تاگەیشتە (ئەسبانیر)ی شارەکان نیوە شەو گەیشتنەوە کۆشك. غەریب شا سەیری کرد شار گەمارۆ دراوە! لە زلزالی پرسی:

ئەمە چییە؟ بە پلیکانە دا هاتە خوارەوە هاواری کرد:

ئەستێرەی بەیان مەهدیە! هەردوکیان بە ئاگا هاتن و پرسیان ئەوە کێ یە بانگمان دەکات؟ غەریب وتی:

ئەو پیاوە عەجیبە غەریبە!!

کە غەریبیان بینی خۆیان فڕێ دایە باوەشی یەوە و کەوتنە هەڵهەلە کێشان!

بەجۆرێك کۆشکەکە دەنگی دەدایەوە کە نیزەکانیان و خزمەتکاران دڵخۆش بوون بەهاتنەوەی شاغەریب. دانیشت و هەموویان بە چوار دەوریدا هەڵمەیان بەست. ئەمجا وتیان:

ئەوە (٣) ڕۆژە گەمارۆ دراوین! نەهێرشیان هێناوە و نەهیچیان وتووە! ئەوەندە دەزانین ئەم سوپێیە لە دێووجنۆکە و ئادەمیزاد پێکهاتووە غەریب وتی:

سبەینێ نامەیان بۆ دەنێرین تا بزانین چییان لێمان دەوێت؟ ئەوانیش وتیان:

" پاشاکەیان:

موورادشایە. (١٠٠٠٠٠) سوارەو (٣٠٠٠) جەنگاوەری پیادەو (٢٠٠) دێو درنجی هەیە! "

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٧٨

## چیرۆکی جەنگی نێوان غەریبو موراد شا

**شەهرەزاد وتی:**

هاتنی ئەو سوپێیە بۆ شاری (ئەسبانیر) زۆر گرنگ بوو. چونکە کاتی خوی شاسابوور کچەکەی خۆی لەگەڵ دوو پاڵەواندا ناردو پێی وتن:

کە کچەکەی بخەنە دەریای (جەیحون)ەوە. ئەوەبوو دوانەکە کچەکەی شاسابووریان ئازاد کردو وتیان" برۆ بەرێ ی خوتەوە- نەهێڵیت باوکت پێت بزانێت دەنا تۆش و ئێمەش دەکوژێت". کچە سەراسیمە بوو! نەیدەزانی بەرەو کوێ بڕوات! لە دڵی خۆیدا وتی:

لەکوێت بێنم (غەریب) گیان!؟ تاکو بم بینیت. ئاوا بێ نازو سەر لێ شێواوم!؟ کەوتە رێ لەم دۆڵ بۆ ئەودۆڵ. لەم باخ بۆ ئەو ڕەزوباخ- لە دۆڵێکدا گیرسایەوە درەختو داری بەردار کانیو ئاوو ڕووبار دەتوت بەهەشتی سەر زەمینە! خۆی کرد بەخانویەکدا گەورە پڕ فەرشو رازاوە (١٠٠) کونیزەکی تیابوو. کە (فەخرتاج) یان بینی لە بەری هەستانو بەخێریان هێنایەوە وایان زانی کەنیزەکی جنۆکەیە. کەلێیان پرسی:

من کچەپاشای عەجەمم! ئەمجا بەسەر هاتی خۆی. بۆ گێڕانەوە. کەنیزەکان وتیان:

بێخەم بە لەگەڵ ئێمە نان بخۆ وەکو ئێمە بپۆشە ئەویش پرسی:

ئەی ئێوە هی کێن؟ وتیان:

هی پاشایەکی جنۆکەکانین کە ناوی (سەلسالی کوڕی داڵە). مانگی یەك شەو لێرە دەمێنێتەوە. دوای چەند رۆژێك (فەخرتاج) کوڕێکی دەبێت. کەنیزەکان ناوکی دەبڕنو پەزیرایی دایکی دەکەن. ناو دەنرێت (موراد) کە ئەم منالە حەوتەی دەچێت. (سەلسالی کوڕی داڵ) دێتە کۆشك. کە بەوردی سەرنجی کەنیزە کان دەدات. بە (فەخرتاج) دەڵێت تۆ کێیت؟ ناوت چی یە؟ کەنیزەکان دەڵێن ناوی فەخرتاجە کچە شاسابووری پاشای عەجەموتورکو دەیلوم. بەسەرهاتی فەخرتاجی بۆ دەگێڕنەوە. پاشازۆری خەم بۆ دەخوات ئەمجا پێی دەڵێت بۆ خوت لێرە بمێنەوە تاکو کوڕەکەت گەورە دەبێت. ئەمجا دەتان بەمەوە وڵاتی خوتو سەری باوکت لە ملی جوێ دەکەمەوەو ئەم کوڕەت دەکەمە جێ نشینی تاکو ببێتە پاشای تورکو عەجەمو دەیلەم. فەخرتاج. کڕنووشی بۆ برد دوعای خێری بۆ کرد. ساڵانێك بۆی دانیشت لەگەڵ منداڵی پاشادا کوڕەکەی دەورە کرد وای لێهات بە سواری لەگەڵ کورانی پاشا دەچووە راووشکار. فێری ڕاوی ئاسكو شێرو پڵنگ بوو. لە گۆشتەکانی دەخوارد. تاکو دڵی وەکو بەرد تۆکمە بوو. کە تەمەنی گەیشتە (١٥) ساڵان بەخویدا هاتەوەو خۆی بە گەورە دەگرت! بۆیە ڕۆژێکیان لە دایکی پرسی:

کوڕم تۆ کوڕی شاعەریبی وەلی [illegible] بەسەرهات
بوو بۆی گێڕایەوە! کوڕە پرسی:

"بە راستتە باوکت فەرمانی داوە تۆو باوکم بکوژێت!؟ " دایکی وتی:

" بەڵێ کوڕە شیرینەکەم" ئەمجا تووڕەبوو سوێندی خوارد "بەحەقی ئەو خوایە دەبێت خۆم بگەیەنمەوە مەملە کەتەکەی و بەشمشێرێك کەللەی لە لەشی جیابکەمەوەو بیخەمە بەر دەستت! " دایکی دڵی پێی خۆش بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٧٩

شەهرەزاد وتی:

مورادشا واگەورە بوو. وا راهات لەگەڵ دێوان کە لەگەڵیان بۆ جەنگ دەچوو. مورادشا تۆڵە سەندنەوەی فەخرتاجی دایکی لە مێشکدا هەر مابوو شار بەشارو مەملەکەت بە مەملەکەت لەگەڵ سوپێی جنۆکەکاندا گەراو جەنگا تاگەیشتەوە وڵات پەلاماری کۆشکی پاشای دا. بەشمشێرێکی لە ملی پاشاداو کەللەی بەسەر تەختی شاهانەی دا تلۆر بووەوە. زۆری لێ کوشتن تاکو هاواریان لێ هەستاو ئاڵای سپیان لێ هەڵکرد. خۆیان دا بەدەستەوە ئەمجا موراد شای کوڕی فەخرتاج کە ژمارەی کردن (١٠٠٠٠) سوارەبوو. هێندەی تر سوپاکەی زۆر بوو. ئەمجا بەرەو (بەڵخە) چوون. پاشای ئەوێش یان کوشتووڵاتەکەیان داگیر کرد! سوپاکەی مورادشای فەخرتاج بووە (٣٠٠٠٠) سەرباز ئەم سوپێیە رووی کردە شاری (نوورێن). پاشای شارەکە وەزیرانی نارد بۆ پێشوازیان دیاریو خەڵاتێکی زۆری بەپاشا بەخشی هەرزوو خۆیدا بە دەستەوە. دواتر ئەم سوپێیە بە سەرکردایەتی شاموراد روویان کردە شاری (سەمەرقەند)ی عەجەم. ئەوێشیان داگیر کرد. ئەمجا سوپا کەوتە رێ بۆ ناوچەی " ئەخلات"، داگیریان کرد. روویان بکردایە هەر شارێك داگیریان دەکرد.

تادەهات سوپاکە مورادشا زۆر تر دەبوو. هەر دەستکەوتێکی پەیدا دەکرت بە سەرکردەو سەربازاندا دابەشی دەکرد. هێندەش ئازاو بەجەرگ بوو سوپاکە خۆشیان دەویست. درێژەیان بەسەفەرەکەیان دا تاکو گەیشتنە (ئەسبانیر)ی شاران فەرمانی دا وتی:

گەمارۆ بدەنو بوەستن تاهەموو سوپاکەم ئامادە دەکەم. چونکە دەبێت شاسابوور بەدەستی بەستە ببەمە بەر دەستی دایکم لە لای خۆیدا بیکوژم! (٣) رۆژ پشوویان بوو.

غەریب شا بە خۆیو دیاریو خەلاتەکانیەوە بە (٤٠٠٠) جەنگاوەری دێوەوە کە گەیشتن. پرسیان ئەم سوپێیەی گەمارۆی شاریان داوە وتیان:

(٣) ڕۆژە بێدەنگن نازانین کێن؟ چیان دەوێت؟ لەو (٣) ڕۆژەدا (فەخرتاج)ی دایکی موراد شا گەیشت. ئامێزی بۆ کوڕەکەی گرتەوەو تێر ماچی کرد. ئەمجا پێی وت:

دایە گیان تۆڵە ڕەشماڵەکەی خۆتدا چاوەڕێ بکە تاکو باوکت بە دەستی بەستە دەهێنمە بەر دەستت! دایکی دەستی پاڕانەوەی بۆ ئاسمان بڵند کردو وتی:

(خوا سەرکەوتوت بکات کوڕی شیرینم). بەیانی ڕۆژی دواتر سوار بوو. (٢٠٠) دێوی چەکدری لە لای ڕاستەیەوە بوون. سەرکردەکان ئادەمیزاد لە لای چەپی یەوە. تەپڵو کەرەنای جەنگ لێدرا. شاغەریب چووە بەرامبەر لەشکری موراد شا. سوپێی دێوان لەلای ڕاستی یەوە و سەرکردەکانی ئادەمیزادیش لای چەپی یەوە موراد شا زرێپۆشو خوودەو ڕووپۆشی پۆشی بوو شمشێر بە دەستیەوە هاتە گۆڕەپان هاواری کرد:

دەمەوێت لە گەڵ پاشاتاندا بجەنگم. گەر ئەو زاڵ بوو بەسەر مندا دەبێتە خاوەنی هەردوو سوپاکە بمکوژێت! ئوگەر منیش زاڵ بووم ئەوا وەکو کە سێکی سادە دەیکوژم! .

هەردووکیان هێرشیان بۆ یەکتر برد. هێندە شەڕە شێریان کرد شمشێرەکانیان شکا! دواتر بە ڕمەکانیان کەوتنە پەلاماردانی یەکتری! ئەسپەکانیان کەوتنو لە گۆڕەپاندا تۆپین! ئەمجا ڕمەکانی دەستیان شکان! تاکو کتوپڕ مورادشا باوەشی بە ناوقەدی غەریب دا کرد ویستی بیدات بە زەویدا بەڵام غەریب فریای خۆی کەوتو هەردوو گوێی موارادشای گرتو خەریك بوو بیدات بەزەویدا. بەڵام موارادشا هاواری کرد پەنام بۆ تۆ هێناوە دەستم بە دامێنت. ئەویش قۆڵبەستی کرد

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٨٠

# چیرۆکی شاد بوونەوەی غەریب بە موارادشای کوڕی

شەهرەزاد وتی:

دێوەکانی موارادشا ویستیان هێرش بێنن بەڵام غەریب شا (١٠٠٠) دێوی چەکداری کردبووە پاسەوانی موارادشا لە زیندانەکەیدا کە دێوەکانی غەریب زانیان ئەو دێوانە نیازیانە هێرش بێنن. پەلاماریان دان. بەڵام ئەوان بەرگریان لە خۆیان بۆ نەکرا! بۆیە هەر

زوو چەکیان داناو خۆیان دا بە دەستەوە! غەریب چووە سەر جێگەکەی بۆ نوستن. کە لە ئاوریشم دروست کرابوو نەخشی زێرینی تیا نەخشابوو. چەندین گۆی مرواری نقێمی یاقوتی پێوەبوو. فەرمانی دا موراد شای بۆ بێنن. دوای کەمێك هاتو زرەی پێوەندەکەی پێی دەهات. کە مورادشا غەریبی بینی بە تەریقی یەوە سەری دانەواند غەریب پێی وت:

سەگی عەرەب ئەمە وات لێهات هێرش بکەیتە سەر پاشایان؟ . موراد وتی:

گەورەم لێم ببورە منیش هۆی خۆمم هەیە! غەریب وتی:

"هۆیەکە چی یە؟ " مورادشا وتی:

"گەورەم بۆ ئەوە هاتووم تۆڵەی دایكو باوکم بکەمەوە لە سابوورشا! چونکە ویستویەتی هەردووکیان بکوژێت! دایکم رزگاری بوو. بۆی نەکوژرا! بەڵام بۆ باوکم نازانم کوشتویەتی؟ یان نا! " غەریب وتی:

بەڕاستی کارەکەت رەوایە! بەڵام نەت وت دایكو باوکت:

ناویان چی یە!؟ . مورادشا وتی:

باوکم ناوی (غەریب)ەو پاشای عێراق بوو. دایکیشم ناوی (فەخرتاج)ە کچی ئەم سابوورشای عەجەمەیە! . غەریب کە ئەمەی بیست هاوارێکی کردو بوورایەوە. هاتنو ئاویان کرد بە دەمو چاوی دا. کە بە ئاگا هاتەوە. پرسی:

"تۆ کوڕی فەخرتاجیتو لە غەریبیت!؟ مورادشا وتی:

بەڵێ- ئەمجا وتی:

"بەڕاستی تۆ شۆڕە سواری کوڕی شۆڕە سواری! ئادەی کوڕەکەم بکەنەوە ئازادی بکەن". کەلیجانو سەهیم زنجیری دەستو پێی مورادشایان کردەوە ئەمجا باوەشی بە کوڕەکەی دا کرد. لای خۆیەوە داینا ولێی پرسی:

" دایکت لە کۆیە؟ " مورادشا وتی:

لە دەوارەکەی خۆمدایە! ئەمجا وتی:

برۆ بیهێنە. مورادشا سواری ئەسپەکەی بوو. چووەوە دەوارەکەی خۆی. هاوڕێکانی بە خێریان هێنایەوە. ئەمجا هەواڵیان پرسی:

وتی کاتی پرسیارکردن نیە. ئەمجا چووە دەوارەکەیەوەو بەسەرهاتەکەی بۆ دایکی گێڕایەوە. دایکی زۆر دڵخۆش بوو. سوپاسی کوڕەکەی کرد. ئەمجا بردی بۆ لای باوکی هەردووکیان باوەشیان بەیەکدا کرد. فەخرتاج موسڵمان بوو. مورادیش لەگەڵ دایکیدا شایەتمانی هێنا. ئەمجا ئیسلام بوونیان لە سوپێی مورادشا داواکرد. ئەوانیش لە دڵەوە ئیسلام بوون. ناردیان شاسابووربێنن کە هات دوایان لێ کرد موسڵمان بێت بەڵام پەسەندی نەبوو. روویان کردە کوڕەکەی ئەویش سەیری باوکی کردو پەسەندی نەبوو- شاغەریب

فەرمانیدا هەردووکیان لە سێدارە بدرێن‌و بە بەردەروازەی شاردا هەڵیان بواسن! ئەمجا ڕێ‌و ڕەسمی دانانی مورادشایان بە پاشای (عەجەم)و (تورك)و (دەیلەم) بەجێ هێنا. شاغەریب مامە دامغی خۆی نارده عێراق تاکو ببێتە پادشای عێراق. ئیدی هەموویان ئەو ناوچانەی لە ژێر دەسەڵاتیدا بوون. فەرمانەکانی شاغەریب یان جێ بە جێ کرد. هەموو ئەو خەڵکە تازە موسڵمانانە شا (غەریب) یان زۆر خۆش دەویست- شار رازایەوە. ئاهەنگ گێڕا کە خەڵکی لە دەست شاسابوور رزگاریان بوو. پەنا بە خوا ئەمەبوو بەسەرهاتی (غەریب)و (عەجیب)ی برا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٨١

## چیرۆکی عەبدوڵای کوڕی موعەمەری قەیسی لەگەڵ عەتەبەی حەبان

شەهرەزادوتی:

دەگێڕنەوە ئەی پاشای بەختیار خاوەنی بڕیار (عەبدوڵا) کوڕی موعەمەری قەیس وتوویەتی:

ساڵێکیان چووم بۆ (حەج). کە ڕێورەسمی حەجم تەواو کرد. گەڕامەوە سەر گۆڕی پێغەمبەر(د.خ) گوێم لە ناڵین بوو! کەوورد تر گوێم گرت گوێم لێی بوو کەسێك دەیوت:

گەەی کۆتری‌سەر مەزاری تۆ بولبولی سینەی هێناومتە گۆ

پەژارەی کیژە گۆرانی بێژێك وای کرد بۆی بکەی هاوارو ڕۆڕۆ

ئەمجا دەنگەکە کپ بوو! کەمێك سەرم سوڕما! هێندەم زانی دەنگە گڕەکەم هاتەوە بەر گوێ ،

کەهاوارم لە بۆ یارم لە تاریکی شەوا هێنا

شەپۆلی دەریای تاریکی کۆتای بە خۆشی وا هێنا

وتی:

منیش بەرەو دەنگەکە چووم. هەرزەکارێکم بینی زۆر ناسك‌و جوان!

کە فرمێسك بە گۆنایدا جۆگەلەی بەست بوو. وتم:

رۆڵە گیان چۆنیت؟ کەمێ راما وتی:

من باشم! وتی یەوە باشە تۆکێیت؟ ئەویش وتی:
"عەبدوڵای کوڕی موعەمەر قەیسی"م. هەرزەکارەکە وتی:
هیچت پیویست نیە!؟ عەبدوڵا وتی:
لەو باخەدا بووم گوێم لە دەنگت بوو هاتم! . بەقوربانت بم هەرزەکارە وتی:
دابنیشە دانیشتم! . منیش (عەتبە)ی کوڕی حەبابی کوڕی مونزیرم لە مزگەوت نوێژم دەکرد لە کاتی کڕنووش بردنم بۆ خوای پەروەردگار. کۆمەڵێك کەنیزەکم بینی هەریەکەیان مانگێك بوون بۆ خۆیان. لە ناوەڕاستیاندا کەنیزەیەك هەبوو هەر زۆر ناسكو جوان! لە سەرسەرم وەستا وتی:
"ئەی عەتبە داوای چی دەکەیت لەو کەسەی دەبێتە هاوسەرت!؟ ئەمجالێی دا ڕۆیشت! ئیدی ئەم بینی یەوە! ئێستاش جێ بەخۆم ناگرم بۆی!
هەناسەیەکی هەڵکێشاو بوورایەوە کە بە ئاگا هاتەوە ئەم شعرەی وت:
هەرچەندە دووربن دڵ دەتان بینێ
هی ئێوەش وێنەی منتان بۆ دێنێ
دڵو دیدەکەم بە داخە بۆتان!
رۆحم لاتانەو یادشتی دوێنێ
ژینم خۆش نابێ تانەتان بینم
بە ئێوە وڵات بەهەشتێ دێنێ
پێم وت:
عەتبەگیان تۆبە بکە کێشەکەی تۆ گەورەیە! ئەویش وتی:
هەی هوو براکەم هێشتا شەو کۆتا نەبووبوو. وتم:
هەستە بابڕۆین بۆ مزگەوت. دوای هەندێ نوێژی بەیانیمان کرد. تاکو نیوەڕۆ هەر لە مزگەوت ماینەوە. دوای نوێژ هێندەمان زانی کۆمەڵە کچێکی نازدار هاتن! لە عەتبەیان پرسی :
چی دەزانیت لەبارەی ئەو کچەوە کە ویستی شوت پێ بکات!؟ عەتبە پرسی:
چی یەتی!؟ وتیان:
باوکی بردوویەتیو چووە بۆ شاری (سەماوە). منیش ناوی کچەکەم لێ پرسین. وتیان:
ناوی (ریا)ی کچی غەتریفی سەلیمی یە عەتبە سەری بڵند کرد ئەم دوو دێرەی وت:

ئای (ریا) چەندە کە شۆخو شەنگی | بەرەو(سەماوە) لێت دا ئاو زەنگی
وشك بوو کانی ی(فرمێسکی) چاوان | ئێستا قەرز یەکەم زۆر بە بێ دەنگی!

منیش وتم:

هەستە بابرۆین بۆ کۆڕی پشتیوانان! "انصار"، رۆیشتن. کەسلاّ ومان کرد زۆر جوان وەلاّمیان داینەوە. منیش پرسیم:

خەلّکینە ئەم عەتەبەو باوکیتان پی! چۆنە؟ وتیان بەگزادەگانی عەرەبن! ئەمجا وتم:

"هاتووم داوای یارمەتی دانتان لیّ بکەم لە شاری (سەماوە) بۆ ئەم پیاوە! " وتیان:

بەچاوان ئەمجا لەگەلّم هاتن بۆ شاری سەماوە. گەڕاین تاکو تیرەی (بەنی سەلیم) مان دۆزیەوەو. (غەریب) زوتر زانی بووی کە میوانی ئەوین بەرەو رووماں هات. بە خێری هێناین ئێمەش وتمان:

هەربژیت ئێمە میوانی توین". وتی:

مالّ مالّی خۆتانە. ئەمجا بانگی کردە کۆیلەکانی. هاتنو راخەریان راخست. مەڕیان دا بەزەویدا ئێمەش وتمان:

(نەمکت ناکەین تاکو داواکاریەکەمان جیّ بە جیّ نەکەیت! ) ئەویش پرسی:

" داواکاریتان چی یە!؟ " وتمان:

هاتووین داوای کچەکەت بکەینو بۆ عەتەبەی کوڕی (حەبان) کوڕی مونزیر- ئەویش وتی:

بە رێزان ئەوە لە دەست مندا نیە!

هەر ئێستا دەچم پرس بەخۆی دەکەم بە تووڕەییەوە هەستاو چووە لای کچە کەی لێی پرسی:

ریا وتی:

"باشە بابە دەتبینم تووورەیت! بۆچی؟ " باوکی وتی:

کۆمەلّە خەلّکێکی پشتیوانان (انصار)هاتوون داوای تۆم لیّ دەکەن!

(ریا) وتی:

کیّ داوای کردوم!؟ باوکەکە وتی:

بۆ کوڕێکیان بەناوی عەتەبەی کوڕی حەبانە"، کچەکەش وتی:

وەکو بیستومە عەتەبە خاوەن پەیمانی خۆیەتی! دەشزانیت چی دەوێت! " باوکی وتی:

سوێندم خواردوە نەت دەم بە عەتەبە! چونکە بیستوومە بە خراب ناوی بردوم! .

(ریا) وتی:

"بابە گیان پشتیوانان کە سانێکی پەسەندو بە نرخن. کارێك بکە ناشرین نەبیت! " باوکی پرسی:

جا چی بکەم باشە؟ . (ریا) وتی:

(مارمییەکەم هێندە گران بکە لایان کە پێیان جێ بە جێ نەکرێت! ) باوکە بە کچەکەی وت:

زۆر راست دەکەیتو چووەوە لای میوانەکانی. ئەمجا رووی کردە میوانەکانیو وتی:

کێ نوێنەری کوڕەکەیە!؟ منیشوتم:

من- وتی:

دە( کەوابوو مارەی ئەمانەی پێت دەڵێم بۆم بێنە کچەکەمت پیرۆزبێت- مارەیی یەکەی (١٠٠٠) بازنگی زێڕ (٥٠٠٠) درهەم پەنجێیی- دەستکاری هەجەر (١٠٠) جلو (عابای) تورکی قوو بزنو مەڕ! منیش وتم:

چی دەڵێیت دەیخەینە بان چاومان! ئەمجا عەبدوڵا کەسێکی نارد لە پشتیوانان بۆ شاری (مەدینە). هەموو داواکراوەکەی باوکی بوو بە زیادەوە هێنای مەڕێکی زۆر سەر بڕرا. سفرەو خوان لە گەرەکدا راخرا هەلهەلە لێدرا! ئاهەنگ گێڕرا! (٤٠) رۆژی رەبەق زەماوەند بوو ئەمجا باوکی بووکە وتی:

فەرموون بوکەکەتان ببەن ئێمەش کەژاوەمان بۆ خستە سەر پشتی وشترو چەندین بار هێستر دیاریو جیازیمان لەگەڵ هێنا! کاروان کەوتە ری تاکو نزیکەی (قۆناخ) یکمان. مابوو بۆ ناو شاری (مەدینە) هێندەمان زانی شۆرە سوارێك پەیدا بووا وابزانم لە تیرەی (بەنی سەلیم) بوو. شاڵاوی بۆ کاروانەکەمان هێنا. چەند کەسێکی لێ کوشتینو! (عەتەبە) ی تازە زاوا لە ناو زەنگی دا چووە بەرامبەری دوای چەند پەلامار. (عەتەبە) لە سەر پشتی ئەسپەکە کەوتە خوارەوە. ئێمەش چووینە سەری! روانیمان (عەتەبە)مردووە هاوارمان کرد. " ئاخو داخ بۆ عەتەبە"! تازە بووك لە کەژاوەکەوە خوی فڕێ دایە سەر (عەتەبە)و زۆر گریا بەسەریدا! لەو لایشەوە سوارانی ئەو دەورو بە رە پەلاماری شۆڕەسوارەکەیان دا راویان نا! ئەمجا لە کۆڵ کاروانەکە بووەوە بووکە بەم شێوەیە لاواندیەوە،

| | |
|---|---|
| سەبرم گرت تاکو دڵ ئازادە بێ | لەگەڵ تۆ رۆحم بەڵکو شاد بێ |
| راستیشت دەوێت دەبوو زوتر | من بۆ تۆ ژیام هەر بەربەباد بێ |

دواتر هەناسەیەکی قوڵی هەڵکێشاو مرد. ئێمەش بەگریانو چاوی فرمێسکەوە بۆ هەردوکیان یەك گۆرمان هەڵکەند هەر لەوێ ناشتمانن ئیدی گەڕامەوە ناو تیرەکەی (هۆزەکەی) خۆمو (٧) ساڵ مامەوە. دواتر بۆ حەج کردن چوومەوە (مەدینە)- لەوێش زۆرم تاسەی ئەو دووانەم کردو بەخۆم وت:

"بەو خوایە دەبێت بچمە سەردانیان! کە چوومە سەر گۆڕی (عەتەبە) روانیم درەختێکی سەوزی جوانی باڵا بە تەنیشت گۆڕەکەیەوە! منیش لە خەڵکە کەی ئەو دەورو بەرەم پرسی،

بەم درەختە جوانە دەڵێن چیو؟ گۆڕستانەکە ناوی چی یە؟ وتیان:
گۆڕستانی بووكو زاواکە! .
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٨٢

## چیرۆکی (هێند)ی کچی نوعمانو حەجاج

شەهرەزاد وتی:

هەروەها دەگێڕنەوە کە (هیند)ی کچی (نوعمان). جوانو شۆخو شەنگی سەردەمی خۆی بوو. لای (حەجاج) وەسفی جوانی ئەو کچە دەکەن. ئەویش حەزی لێ دەکاتو سامانێکی زۆر دەدات ئەمجالێی مارە دەکەن! دوای گواستنەوەی بە چەند ڕۆژێك حەجاج دەیەوێت بچێتە لای کە دەچێتە ژوورەکەی سەیر دەکات (هیند) لە بەر ئاوێنەیەك سەیری دەمو چاوی خۆی دەکاتو بە شیعر جنێو بە (حەجاج) دەدات! (حەجاج) بەرەو دوا دەکشێتەوە! ناهێڵیت هیند بی بینێت! . دوای ماوەیەك (حەجاج) دەیەوێت (تەڵاق)ی بدات! بۆ ئەو مەبەستە عەبدوڵای کوڕی تاهر دەکاتە وەکیلی خۆیو دەی نێرێتە لای هیند کە تەڵاقی بدات! عەبدوڵا دەچێتە لای (هیند)و دەڵێت حەجاجی کوڕی محمەد منی کردووە بەنوێنەری خۆیو ئەم (٢٠٠٠٠٠) درهەمەی پاشەکی یەکەتی بە مندا بۆ ناردوویتو دەیەوێت تەڵاقت بدات! (هیند)یش دەڵێت بەو خوایە عەبدوڵا ئەو ڕۆژانەی کە لە گەڵ ئەودا بووم خۆشیم نەدیووە! لە بەرئەوە کە تەڵاقیشم بدات هیچ نیگەران نیم! پەشیمانیش نیم! جا ئەو(٢٠٠٠٠٠) درهەمەش مژدانەی "ڕزگار بوونم"ە لەو حەجاجە! دیاریو مژدانەی منە بۆ تۆ!! . چونکە لەو سەگەی هۆزی سەقیف ڕزگارم بووە! وەسفی جوانیەکەی هیند گەیشتە لای میری موسڵمان (عەبدول مەلیك کوڕی مەروان). ناردی داوای کرد! . (هیند) نامەیەکی بۆ خەلیفە عەبدول مەلیك کوڕی مەروان نارد کە ڕازیە شووی پێ بکات! بەڵام تەنیا یەك مەرجی هەیە! ئەگەر پرسیت مەرجەکەت چی یە؟ دەڵێم: دەبێت (حەجاج) ڕەشمەی وشتری کە ژاوەکەی من بگرێت و بە پێ پەتی بم هێنێت بۆ لای تۆ! خەلیفە کە ئەمەی بیست زۆر پێکەنیو وتی:

(حەجاج) چار نیە فەرمانی شاهانە پەسەند بکەیت! ئەمجا (حەجاج) ناردی کە بەهیند بڵێن: با جلی بوکێنی لە بەر بکات نامادە بێت!! . کە بووك خرایە کەژاوە فەرمانیان دا بە (کەریم) ڕەشمەی وشتری کەژاوەکەی گرتو بە پێی پەتی (هیند) بە

درێـژای ڕێگاکـه لاقرتـێ ی بـه حـه‌حاج کـردو گاڵتـه‌ی پـێ کردوپێـی پـێ کـه‌نی ئه‌مجا بـه پێخه‌سووی وه‌که‌ی وت:

پـه‌رده‌ی ئـه‌م گه‌ژاوه‌یـه هه‌ڵبـده‌وه! کـه هـه‌ڵی دایـه‌وه تێـر بـه (حـه‌حاج) پێکـه‌نی!

حه‌جاجیش ئه‌م شیعره‌ی وت:

ڕه‌نگه شه‌وێك من وه‌هام کوشت بیت — به‌تاکی ئه‌شکم پێ هه‌ڵ ڕشت بیت!
پێکه‌نه ڕۆژته! ئه‌رنا بێ ده‌ماغ — لێت بده‌م به‌شی هه‌ر یه‌ك مشت بێت!

(هیند)یش به ده‌م (لاقرتێ) کردنه‌وه ئه‌م شیعره‌ی وت:

هیچ نه‌بوو جاران ڕوحمان سوڵتان بوو! — له ده‌ست چوو هه‌رچی پاره‌و سامان بوو
سامان و پاره ده‌گه‌ڕێته‌وه! — هه‌ر عه‌شقه له بری قه‌ت نابێته‌وه

(هیند) له گاڵته پـێ کـردن ولاقرتـێ کـردن نه‌که‌وت تاگه‌یشته بـه‌ر کۆشکی خه‌لیفه. ئه‌مجا دینارێکی به‌ردایه‌وه به‌ر وشتری که‌ژاوه‌که‌ی‌و بانگی کرد "وشتره‌وان " (درهه‌م) ێکم لێ به‌ر بووه وه بۆی بگه‌ڕێ! بمده‌وه. (حه‌حاج) دانه‌وی یه‌وه‌و پێی وت:

خاتوون ئه‌وه دیناره! هیند وتی:

نه‌خێر (درهه‌م)ێکه. (په‌نجا فلسی)ێکه (حه‌حاج) وتیه‌وه دینارێکه! (هیند) وتی:

سوپاس بۆ خوا که له بری (درهه‌م)ێـك دینـارێکی پـێ به‌خـشیم. بێنـه بیـده ده‌ستم! .

حه‌جاج زۆر ته‌ریق بووه‌وه. ئه‌مجا گه‌یاندیه کۆشکی خه‌لیفه‌و بردیه ژووره‌وه.

شه‌هرزاد هه‌ستی کرد شه‌و درەنگ بوو بێده‌نگ بوو

## شه‌وی٦٨٣

## چیرۆکی خه‌زێمه‌ی به‌شه‌رو عه‌کرەمه‌ی فه‌یاز

شه‌هرزاد وتی:

ئه‌ی شا شه‌هریار خاوه‌نی بڕیار ده‌گێڕنـه‌وه. لـه سـه‌رده‌می خه‌لیفایـه‌تی سوله یمانی کوڕی عه‌بدول مه‌لیك دا کابرایه‌ك هه‌بوو ناوی خه‌زێمه‌ی کوڕی به‌شه‌ربووه ئـه‌م پیـاوه لـه تیره‌ی (به‌نی ئه‌سه‌د) بووه. پیاوێکی ده‌وڵه‌مه‌ندی نان بده‌و به‌خشنده بووه بۆ براکانی زۆر باش بووه بـه‌و شێوه‌یه ژیـاوه. تـاکو توانـای نـه‌ماو لـه ماڵـه‌وه لێـی کـه‌وت! تـاکو ماوه‌یـه‌ك براکانی‌و ناسیاوانی سه‌ردانیان ده‌کردو ده‌ست گیرۆ پیان ده‌کرد. دواتر ئه‌وانیش لێی بێزار بـوون و ده‌وروبـه‌ری چـۆڵ بـوو. خه‌زێمـه‌ش هه‌میـشه کـاتی خـۆی دیـوه خـانی پـڕ لـه میوان‌وبراکانی له ده‌ورو به‌رو بوون. ئێستاش خه‌ڵکه‌که پشتی تـێ کـردووه‌و ماڵ چۆڵه!

بۆیە بڕیاری دا دەرگای ژورەکەی لە سەر خۆی دابخاتو نەچێتە دەرەوە تاکو دەمرێت! .
دواتر ماڵ زەخیرەو خواردنی تیا نەما! خەزێمە سەراسیمە بوو! نەی دەزانی چی بکا! والی جەزیرە کەناوی (عەکرەمەی فەیاز)بوو. هاوڕێی خەزێمە بوو. ڕۆژێکیان لە دەورو بەورکەی پرسی:
ئاخۆ خەزێمە چۆن بێت؟ پێ یان وت:
کارێکی بەسەر هاتووە هەر مەپرسە! ئێستا درگای لە سەر خۆی داخستووە ولە ماڵ نایەتە دەرەوە! عەکرەمە وتی:
ئەوە لە شەرمنیو دڵ فراوانی خۆیەتی! وا دەرگای لە سەر خۆی داخستووە. بۆ شەوێدا. عەکرەمە بە خزمەتکارەکەی وت:
ئەو ئەسپەم بۆ زین بکە بە دزی ژن منالەکەیەوە چووە دەرەوە. بە حزمەتکارەکەشی وت:
ئەو تووڕەکە پارەم بۆ هەڵ بگرەو شوینم بکەوە. کەوتە ڕێ تاگەیشتە بەردەم ماڵی خەزێمە ئەمجا پارەکەی لە خزمەتکارەکە وەرگرتو پێی وت:
بڕۆ دوور بکەوەرەوە. دابەزی و پاڵی بە درگاکەوە نا خەزێمە خۆی هاتە دەرەوە تووڕەکە پارەکەی دایە دەستو پێی وت:
ئەمە بگرە پێی بژی. خەزێمە لێی وەرگرت هەڵی سەنگان قورس بوو! تووڕەکەکەی خستە زەوی و ڕەشمەی ئەسپەکەی لە دەرەوە گرتو پرسی:
"بە قوربانت بم تۆ کێی؟ " عەکرەمە وتی:
" کاکە گیان بەم نیوە شەوە بۆ ئەوە نەهاتوم کە خۆم بە تۆ بناسێنم! " خەزێمە وتی:
بەرت نادەم تاکو خۆتم پێ نەناسێنیت! " ئەویش وتی:
(جابرعپرات الکریم) واتە ڕاست کەرەوەی قۆرتی نەگبەتیەکانم. خەزێمە گەڕایەوە ماڵ وتی:
ئامۆزا مژدە بێت خوای ڕۆزیی بۆ ناردین! تووڕەکەکەی
دایە دەست ژنەکەی. ئەویش دەستی لێ خست تێ گەیشت ئەوانە (درهەم- پەنجافلسی)ن لەو لایشەوە ژنی (عەکرەمە) بۆ مێردەکەی گەڕا مێردەکەی بەو شەوە لەماڵ چوو بووە دەرەوە- کاتێك مێردەکەی گەڕایەوە چووە بەر دەمیو وتی:
ئەی عەکرەمە بەم نیوە شەوە دیارە یان لای ژنی دووەمت بوویتو من نەم زانیوە ژنت بە سەرم هێناوە یان لای دۆستەکەت بوویت! عەکرەمە وتی:
خوا بت گرێ! بەخوا لەهیچ شوێنێك نەبووم لە وانەی تۆ وتت! ژنەکەی وتی:
کەوا بوو دەبێت پێم بڵێیت لە کوێ بوویت؟ عەکرەمە ناچار پێ وت:

گەر پێت بڵێم لای کەس نای لێیتا؟ وتی:
تا ئەمجا بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا لێی پرسی:
حەزدەکەیت سوێندیشت بۆ بخۆم؟ ژنەکەی وتی:
نە ءدڵم ئارام بووەوە! "خەزیمەش" لای خویەوە براو هاورێکانی ئاشت کردەوەو سەری ماچ کردن. ئەمجا دەستی بە ماڵە کەیدا هێنایەوە. خۆی کۆکردەوەو رۆیشت بۆ سەردانی خەلیفە سلیمانی کوڕی عەبدول مەلیك کە ئەو کاتەلە (فەلەستین) بوو کە گەیشت بە دەرگاوانی خەلیفەی وت:
برۆ پێی بڵێ: خەزیمە دەیەوێت بت بینێت. خەزیمە بە هۆی ئەو بەخشندەیی یەوە لە ناو تیرەکانی عەرەبدا ناسرابوو. خەلیفەش دەیناسی. کە چووە ژوور خەلیفە بە خێری هێناو لێی پرسی:
زۆر دەمێکە نەم بینیویت! خێرە؟ ئەویش وتی:
قوربان لە بەر ئەوەی زۆر بێحاڵ بووم! ئەمجا پرسی:
ئەی بۆچی هەوڵت نەدا کە ئێمە بزانین!؟ خەزێمە وتی:
"بێ هێزو توانایم ڕێی نەدام" خەلیفە پرسی:
ئەی باشە لەو نەبوونیو هەژاریەدا چۆن هەستایتەوە و حاڵت باش بوو!؟ خەزێمەش وتی:
گەورەم شەوێکیان لە نیوە شەودا پیاوێك لە دەرگای دام! چی بەسەر هاتبوو بۆی گێڕایەوە میری موسڵمانان پرسی:
ئەی نەت ناسی؟ ئەویش وتی:
خۆی گۆڕی بوو نەم ناسی یەوە! ئەمەندەی وت:
" من لا بەری قۆرتی بەردەم کەسە بەخشندەو نان بدەکانم! " خەلیفە و (یەمان)ی کوڕی زۆر بە تاسەی ناسینی ئەو کەسەوە بوون. بۆیە وتیان:
ئەگەر بمان ناسیایە پاداشتی ئەو چاکەیەمان دەداوە! ئەمجا فەرمانی شاهانەی بۆ دەرگردو کردیە کارگێڕی دەوڵەت. لە شوێنی (عەکرەمە) دانرا. عەکرەمە چوو بۆ پێشوازی (خزێمە)و بەخێری هێنایەوە. خەلیفە فەرمانی دا بە کەفالەت بەربوو بەو مەرجەش دەبێت بە دوادا چوونی بۆ بکرێت!! ئەمجا سەرنجی دا پارەیەکی زۆر ون بووە! ئەمجا وتی:
دەبێت ئەو پارەیە بدەی تەوە بە دەوڵەت! ئەویش وتی:
چی دەکەیت بیکە چونکە پارەم نیە بیدەمەوە!! ئەمجا فەرمانی دا بیخەنە زیندانەوە! نزیکەی مانگێك بەند بوو. زیندانی بوونەکەی کاری زۆر تێکرد. هەواڵی بەند بوونەکەی

(عەکرەمە) گەیشتە لای ئامۆزاکەی ئەویش زۆر پێی غەمبار بوو. کارەکەرێکی هەبوو زۆر زیرەك‌ودانابوو. بانگی کردو پێی وت:

برۆ بۆ ماڵی (خەزێمە) هەر ئێستاو بەپەلە! پێی بڵێ: "هاتووم ئامۆژگاری یەکت بکەم"

هەرکەسێکیان وتیان:

دەی. بڵێ تۆیش بڵێ دەمەوێت بەتەنیا والی بڵێم! کە هەردووکتان بوون پێی بڵێ "ئەرێ ئەوە تۆ چیت کردووە؟ ئەوە تۆڵەی ئەو کەسەی قۆرتی بەردەم کەسە بەخشندەکان لا دەدات بەوە دەی دیتەوە زیندانی دەکەیت!!؟ کوت‌و زنجیری لە گەردن و پێ دەدەیت!!

کەنیزەکە کەپێی وت

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٨٤

شەهرەزاد وتی:

کە خەزیمەی والی دوورگە ئەمەی بیست هاواری کرد:

(ئای هاوار! بۆچی ئەمە ئەوە!!؟ ). کەنیزەکە کەوتی:

بەڵێ خۆیەتی:

ئەمجا فەرمانی دا ئەسپیان بۆ زین کردو هەندێك لە گەورە پیاوانی دەورو بەری لەگەڵ خۆی برد بۆ زیندانەکەو بە دەرگاوانی وت:

ئەو دەرگایە بکەرەوە. چووە ناو زیندانەکەوە خەڵکەکە بە دوایدا. کە (عەکرەمە)ی بینی هێندەیان لێداوە شلەژاوە! سەری داخست. دواتر چووە پێش‌و سەری عەکرەمەی ماچ کرد. ئەویش پرسی:

چی تۆی گۆڕی وا ئێستا سەرم ماچ دەکەیت!؟ خەزیمە وتی:

پیاوەتی‌و بەخشندەی تۆو نمەك بە حەرامی تۆم !

عەکرەمە وتی:

خوا لە هەردووکمان خۆش بێت. خەزیمە فەرمانی دا کوت‌و زنجیرەکە لە عەکرەمە بکەنەوە. ئەمجا پێوەنەکەی هێناو کردی یە پێی خۆی. عەکرەمە پرسی:

ئەوە بۆ لە پێی خۆتی دەکەیت!؟ ئەویش وتی:

تاکو وەکو تۆ ئازار بچێژم!

ئەمجا بە پیاوانی دەوروبەری و بە عەکرەمەی وت:

دەمەوێت هەرئێستا بکەوین بەرەو (رملە) بۆ خەلیفە (سولەیمانی کوڕی عەبدول مەلیك). خەلکەکەی دەورو بەری دوای چەند سەعاتێك ئامادە بوون. کاروان بە رێ کەوت. کە گەیشتن دەرگاوان. هەواڵی دا بە خەلیفە کە (خوزیمە) دەیەوێت بت بینێت! خەلیفەش لە دڵی خۆیدا وتی:

خەزیمە لە خۆیەوە. خۆی ناگەیەنێتە لای من! دیارە کارێکی گرنگی هەیە! ئەمجا رێی پێدان و چوونە ژوورەوە. خەلیفە لێی پرسی:

خێرە وا هاتوویت؟ خەزێمە وتی:

" لابەری قۆرتی بەردەم کەسە بە خشندەکانم" دۆزیوە تەوە! ئاگادارم کە تاسەی ناسینی ئەو پیاوە دەکەیت! هاتم مژدەت بدەمێ. خەلیفە پرسی:

ئەو کەسە کێ دەرچوو؟ خەزێمە وتی:

"عەکرەمەی فەیاز"!! ئەمجا خەلیفە عەکرەمەی بانگ کردو لای خۆی و ئەم لاو لای ماچ کردو وتی:

عەکرەمە ئەو چاکەیەی کردت بە خراپە بەسەردا شکایەوە ئەمجا فەرمانی دا بە (عەکرەمە). کە چی پێویستە لە سەر کاغەزێك بۆی بنوسێت! ئەویش لە جێ ی خۆیدا پێویستیەکانە نووسی و خەلیفە فەرمانی دا. بۆی ئامادە بکەن. لە سەرو ئەوانەیشەوە (١٠٠٠٠) دینارو (٢٠) دەست جل و بەرگ. کردیە سەرکردەی (دوورگە) و (ئەرمینیا) و (ئازربایجان) ئەمجا بە عەکرەمەی وت:

ئێستاش بە دڵی تۆ دەکەم گەر بتەوێت لە سەر کارلای بدەم لای دەدەم! گەر حەز دەکەیت. لە شوێنی خۆی بمێنێتەوە! بابمێنێتەوە. عەکرەمە وتی:

با لە شوێنی خۆ یدا بمێنێت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٨٥

# چیرۆکی یونسی کاتب و وەلیدی کوڕی سوهەیل

شەهرەزاد وتی:

دەگێڕنەوە ئەی شا شەهرەیار خاوەنی بڕیار لە سەردەمی حوکمرانی هیشامی کوڕی عەبدول مەلیك دا. پیاوێك بووە بە ناوی یونسی کاتبەوە. یونس پیاوێکی ناسراو بوو. سەفەری وڵاتی شامی کرد. کەنیزەیەکی لەگەڵ خۆی برد زۆر جوان و ناسك بوو. نرخی

دمگەیشتە (١٠٠٠٠٠) درهەم. کەنزیکی شام بوونەوە. لە سەر جۆگە ئاوێك لای دا تاکو بحەوێتەوە. هێندەی پێ نەچوو سوارەیەکی لاو سلاّ وی لێ کردن ئەوانیش بە دەم نان خواردنەوە وەلاّمیان دایەوە. سوارە وتی:

میوان رادەگرن؟ یونس وتی:

فەرموو. سفرە راخرابوو حواردنی لە سەر دانرابوو. شەرابی کۆنەی لێ دانرابوو. لاوەی سوارە تێری خوارد دوایی وتی:

شەرابیشم بدەنێ! یونس پێکی یەکەم و دووەم بە دوایدا دایە دەست. کە مەبەست بوو. بە یونسی وت:

کەمێ گۆرانیم بۆ بلێ! یونس دەستی کردە گۆرانی وتن. دوای کەمێك وتی:

ئەی ئەم کە نیزەکە؟ کەنیزەك دەستی کردە گۆرانی وتن!! ئەو شەوە بە بێ خەملێی نوستن بەیانی کە رۆژ بووە وە. لێی پرسی:

بۆچی سەفەری شام دەکەیت؟ بۆ سووك کردنی قەرزەکانم بە لکو کەمێك دارایشم باش بێت! ئەمجا پێی وت:

ئەم کەنیزەکەم پێ بفرۆشە! (٣٠٠٠٠) درهەمت پێ دەدەم! یونس وتی:

لە خوا بەزیاد بێت قەرزار نیم! سوارەکە وتی:

(٤٠٠٠٠) درهەم باشە؟ پەسەندی نەبوو. ئەمجا وتی:

پێویست ناکات ئەوا بۆم کردیت بە(٥٠٠٠٠) درهەم جلوبەرگی تۆیش لە سەر من! پەیمان بێت تاکو پێکەوە بین خواردنی تۆش لە سەر من! یونس وتی:

پیرۆزت بێت. سوارەکە وتی:

لە سەر متمانە کەنیزەکەکەم دەدەیتێ!؟ یونس. کە لە لایەکەوە سەر خۆش بوو لە لایەکی ترەوە پڕ بە دلّ لێی دەترسا وتی:

ئێستا بیبە پیرۆزت بێت! . بە یەکێك لە منالّەکانی بەردەستی خۆی وت:

ئەو کەنیزەکەی بۆ سوار بکەن و لە گەڵی بڕۆن. ئەمجا لاوەکە خوا حافیزی کردو رۆیشت. دوای نزیکەی سەعاتێك هەستی کرد هەڵەی کردوە! لە دلّی خۆیدا وتی:

چۆن دەبێت من نە دەیناسم و نە دەزانم ناوی چی یە؟ وا بە ئاسانی کە نیزەکەکەم دایە دەستی؟ وابزانە دەیناسم! ئاخر ئێستا چۆن بیدۆزمەوە!؟ رۆژی دواتر کاروانەکە گەیشتە شام یونس لە جێ ی خۆی نەجولاّ بیابان هێندە گەرم بوو دەم و چاویشی خۆر سوتانی! کە بێزار بوو لە چاوەڕوانی هەستاو خۆی کۆ کردەوە تاکو بڕوات بۆ "دیمەشق" ئەمجا لە دلّی خۆیدا وتی:

ئەگەر ئێرە جێ بهێڵم ئەوا گەر پارەکەشی بۆ هێنابم نام دۆزێتەوە تاکو بمداتێ!
کەوابوو جارێکی تر غەدرم لە خۆم کرد. دەمەو ئێوارەی ئەو رۆژە یەکێك لە منداڵەکان
پەیدا بوو.! کە (یونس) دوور بە دوور منداڵەکەی بینی لە دڵی خۆیدا وتی:
" بیرم نایەت هیچ کاتێك هێندەی ئێستا دڵم خۆش بوبێت! . کە خزمەتکارە منداڵەك
گەیشت وتی:
گەورەم دوایش کەوتینو ئەمجا هێندە دڵخۆش بوو. بە سەفەرەکەی هیچی لە بارەی
کەنیزە کەکەوە رانەگەیاند. دواتر لە یونسی پرسی:
ئەزانی ئەوەی کەنیزەکەکەی لێ کڕیت کێ بوو؟ یونس وتی:
نە بەخوا! حزمەتکارە منداڵەکە وتی:
ئەوە(وەلیدی کوڕی سەهل)ی والی بوو یونس دەمی بوو بە تەڵەی تەقیو! خزمەتکاوە
منداڵەکە وتی:
هەستە ئەوە ئەسپ ئامادەیە سوار بە. یونسی گەیاندەوە ماڵەوە- کاتێ کەنیزەکەکە
یونسی بینی باوەشی پیا کرد یونس پرسی:
باشە ئەی سوارەکەی تۆی لە من کڕی. چی لێ کردی؟ ئەویش وتی:
لەم ژوورەدا بەندی کردم! هەرچیەکیشم دەویست بۆم ئامادە دەکرا!
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٨٦

شەهرەزاد وتی:
کە خزمەتکارەکە یونسی گەیاندە ناو کۆشكو بەردەرگا دیوەخانی داوای کرد رێی بدەن
بچێتە ژوورەوە. رێگەیان پێ دان. چوونە ژوورەوە. یونس سلاوی کرد والی وەلامی
دایەوەو پرسی:
تۆ کێیت؟ ئەویش وتی:
"یونسی کاتبم" ئەوەی دوێنێ تۆ میوانی من بوویت!؟ ئەمجا والی پێکەنی وتی:
ئاخۆ دوێنێ چۆن چۆنی سەرزەنشتی خۆتت کردبێ!؟ رەنگە لە دڵی خۆتدا وتبێتت:
نە دەبوو کەنیزەکەکەم بدایە لە گەڵ خۆی بیبات.
! ئاخر نە دەزانم ناوی چیە؟ نە دەزانم خەڵکی کوێ یە؟ یونس وتی:

نەخێر گەورەم هەرگیز بەو شێوەیە بیرم لێ نەکردۆتەوە! کەنیزەکێك چیە بۆ پلەو پێیەی ئێوە!؟ ئەمجا منالکی بانگ کرد فەرمانی پێدا ئادەی برۆ (١٥٠٠) دینارم بۆ بێنە. کە هێنای وەلید خستی یە بەردەمی‌و وتی:

ئەمەیان پارەی فرۆشتنی کە نیزەکەکە ئەم (١٠٠٠) دینارەش بۆ ئەوەی کە متمانەت پێ کردم! ئەم (٥٠٠) دینارەش کرێی ی سەفەرەکەی ئێرەی خۆت!! . ئیدی شتیش بۆ ماڵ بکرە ئەمجا پرسی:

خۆ گلەییت نیە!؟ یونس وتی:

دەستو دڵو چاومت پڕ کرد! بزەیەك گرتی‌و وتی:

بەوخوایە. هێشتا تێر نەبووم لە گۆرانیەکانی ئەم کەنیزەکە. دەبا گۆرانیمان بۆ بڵێت!

ئەمجا کەنیزەکەکەی بانگ کردو وتی:

دابنیشەو بە دڵی خۆت گۆرانیەکم بۆ بڵێ. ئەویش ئەم گۆرانیەی وت:

| | |
|---|---|
| ئەی کانگای هەموو سیفەتێکی جوان | باڵا کەڵەگەت بەنازو عینوان |
| لە جوانی (تورك)و (عەرەب)ت تیایە | شیرین زمانەی سەردەستەی پیاوان |
| ئەگەر لەم دنیا تۆیان بایە پێم | پشتم دەکردە دارایی‌و سامان |

زۆری پێخۆش بوو. دەستخۆشی ئەو پەروەردەیەشی کرد کە من کردومە! ئەمجا فەرمانی دا ئەسپێکی بۆ زین بکەن‌و هیسترێکیش شتومەکەکەی لێ بار بکەن. ئەمجا وتی:

"کاکە یونس هەر جارێك رێت کەوتە لای من نا ئومێدت ناکەم‌و بەوخوایە دەستەکانت پڕ سامان دەکەم کارێك دەکەم تا لە ژیاندا بیت هەژار نە کەویت! " وتی:

منیش دیاریەکانی ئەوم هێناو هاتم. کە بوو بە خەلیفە. چوومە سەردانی بەو خوایە پەیمانەکەی جێ بەجێ کردو درێغی لێ نەکردم! هێندەی سامان‌و پارە پێ بەخشیم زۆر دەوڵەمەند بووم. کە نەك لە خۆم زیاد بوو بە ڵکو میرات گرەکانیشملێی دەحەوانەوە! هاتوو چۆم لە گەڵیدا هەبوو. تا کوژرا خوا لێی خۆش بێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٨٧

## چیرۆکی (اسحاق)ی (موسلّ)ی و(أبي مرُة)ی شەیتان

شەهرەزاد وتی:

دەگێرنەوە ئەی پاشای بەختیار خاوەنی بڕیار (ایسحاقوئیبراهیم)ی موسڵی گۆرانی بێژ داوا لە هارونەرەشید دەکات هەفتەی رۆژێك پشوی پێ بدات تاکو لە ناو ماڵو منالە کەیدا بە سەری بەرێت! خەلیفەش رۆژی شەموانی بۆ تەرخان دەکات. (ایسحاق) دەڵێت رۆژی شەممە هاتو منیش بە خزمەتکارو کە نیزەکەکانم وت:

ئەمڕۆ دەرگا لە کەس مەکەنەوە دەمەوێت هەرخۆم بم لە ماڵدا دوای چەند سەعاتێك دەروانم پیرێکی سەرو ریش سپی جوان بەرەو رووم هات! گۆچانێکی دەسك زێرینی بە دەستەوە یە! بەرگی سپیو کراسێکی ناسك لە بەرداو کلاّ و قوو چەکێکی بە سەرەوەیە. بۆن مسکی ماڵەکەی پڕ کرد. منیش توند بوومو بڕیارم دا سزای دەرگاوانەکە بدەمو دەری بکەم. بە شێوەیەکی زۆر جوان سلاّوی کرد. منیش فەرمووم لێ کردو دانیشت ئەمجا کەوتە باسی ئەدەبو شیعری عەرەب. لە دڵی خۆم دا وتم:

رەنگە خزمەتکارەکان بۆ ئەوەی دڵخۆشم بکەن وا ئەم پیرە مێردە قسەزانو شیرین زمانەیان کردووە ژوورەوە! ئەمجا پێم وت:

برسیت نیە؟ وتی:

نان ناخۆم وتم:

ئەی شەراب؟ وتی:

بە ئارەزووی خۆت. دەستمان کرد بە خواردنەوە ئەمجا وتی:

ئەبو ئیسحاق دەتوانی شتێك گۆرانیم بۆ بڵێیت؟ منیش توورە بووم! دواتر وتم:

گرنگ نیە! میوانە دەستم برد عودەکەم داگرتو گۆرانیەکم بۆ وت ئەویش دەست خۆشی لێ کردم وتی:

ئافەرین ئیسحاق! منیش کە ئاوا بە روتی بەبێ هیچ رێزلێنانێك ناوی هێنام لە دڵی خومدا توورە بوومەوە. وتم:

من نازانم بۆچی ئەمەیان بێ رێپێدان هێناوەتە ژوورەوە!؟ ئاوا بێ ئەزاکەتانە ناوم دێنیّ! ئەمجا وتی:

" دەتوانی گۆرانی زیاترم بۆ بڵێیت منیش خەلاّتت بکەم؟ " منیش بە توورەییەوە عودەکەم هەلگرتەوەو زۆر شارەزایانە ئەمجارە گۆرانیم وت چونکە باسی خەلاّتی کرد! زۆری پێ خۆش بوو وتی:

دەست خۆش گەورەم! ئەمجا وتی:

رێم دەدەیت منیش گۆرانیەك بڵێم؟ وتم:

بە دڵی خۆت! لە دڵی خۆمدا وتم:

" بە خوا بێ چاوورووە! چۆن لە رووی دێت لە لای مندا گـۆرانی بڵێیـت! ؟ عوودەکـەی خستە سەر رانی جۆرێك ئاوازی پێ دەرهێنا دەتوت عوودەکەش عەرەبی زانە!!

جگەر کون کون لە سینەمدا لە داخا — بۆم بگۆڕن لە گەڵ یەکێکی ساغا

سەری (نا!! )یان لە من بادا بە جارێ — کێ دەیگۆڕی بە سوتاوێ لە ناخا!؟

بە راستی هێندەم ئەو ئاوازە بە لاوە خۆش بوو کە پێم وابـوو دیوارەکانیش لـە گەڵیـدا سەما دەکەن بە جۆرێك روحم خرۆشابوو. هەموو گیانم لە گەڵیدا دەلە ریەوە! ئـەمجارەش دەستی پێکرد ئەم گۆرانیەی وت:

گەەی کۆتران بەو لاپاڵەوە — دامیانە خەمو گری یەو ناڵەوە

هێندە سۆزیان کرد: وەختە بوو بمرم! — بە عەشقی خۆمو خەمی تاڵەوە

ئەم دی بوو کۆتر وەك خۆمان بگریو — سەر بنێتە ژێر پەڕو با ڵەوە!

دیسان بە ئاوازە ئەم شیعرەی وت:

لاوی بانی (نەجد) دیدەو هەناسەم — زیادی کرد بە خوا ئارەزوو وتاسەم

کە بەرە بەیان دەناڵم بۆ تۆ: — بای سەحەر دەیبا بۆتان ئەم باسەم

وەك چۆن ساوایەك بۆ مژین دەگری — دەگریم نەشێوێ لە من ئەم نازەم

ئەمجا پیرە مێردەکە وتی:

ئەمەی ئێستا وتم فێری ببە! کەنیزەکەکانیش فێری ئاوازەکەی بکە. منیش وتم:

کەوابوو جارێکی دی گۆرانیەکەم بۆ ببێژە با فێری ئاوازەکەی ببم. وتی:

نا بایە تۆ هێنـدە بـە سـەلیقەیت فێربوویـت! هێنـدەم زانـی ون بـوو! منـیش پـەلاماری شمشێرەکەم دا خۆم گەیاندە بەر دەرگای ژووری ژنەکەم! بەڵام داخرابوو. لە کەنیزەکـەکانم پرسی:

گوێتان لە هیچ نەبوو!؟ وتیان:

" بەڵێ خۆشترین کۆمەڵە گۆرانیەکمان گوێ لێ بوو! منیش بە سەرسوڕمانێکەوە جێم هێشتن! چوومە دەرگای دەرەوە لە دەرگاوانم پرسی:

کە پیرە مێردەکە چی لێ هات؟ ئەوانیش پرسیانەوە کام پیرە مێردە؟ بەو خوایە ئەمڕۆ کەس نەهاتۆتەماڵەوە. هاتمەوە ماڵەوە هەربیرم لێ دەکردەوە کەچی گوێم لێ بـوو یـەکێك بانگی کردم. وتی:

"ئەبو ئیسحاق بێخەم بە ئەمڕۆ من کە (ابی مرة)ی شەیتانم میوانت بووم. مەترسە! )

ئـەمجا سـوار بـووم‌و چـوومەوە بـۆ لای خەلیفـە هارونـە رەشـیدو بـە سـەرهاتەکەم بـۆ گێڕایەوە. خەلیفە وتی:

ئـەو ئاوازانـە دوبـارە بکـەرەوە کـەفێری کردیـت. منـیش عودەکـەم خـستەسەر رانم و ئاوازەکانم بۆ وتەوە شەرابی زۆری پێوە خواردەوە. ئەمجا وتی:

دەستمان بە لایەکت!! خۆزگە رۆژێکیش دەبووە میوانی مـن! . منـیش بـە پێکەنینـەوە بەجێم هێشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٨٨

## چیرۆکی جەمیل لە بەردەمی هارونە رەشیددا

شەهرەزاد وتی:

ئەی شەهرەیارشا توانـای ئـازا دەگێڕنـەوە خەلیفـە هاروونـە رەشـید شـەوێکیان خـەوی دەزڕێ دێـت‌و دەڕوا بـە ژووریّ دا دەگـەڕێ. مەسـرور بـانگ دەکات دەپرسـێت لـە دیوەخـان ئابزانە شاعیران کێ یان لێرەیـە بـۆم بـانگ بکـە مەسـرور رۆیـشت دوای کـەمێك گەڕایـەوەو وتی:

پاشام جەمیلی کوڕی موعەمەری عوزری لێ یە. ئـەمجا چـوومە ژوورەوە و ئـەویش بـە دوام دا سلاوی کردو خەلیفە وەلامی دایەوەو پێی وت دابنیشە. کە دانیشت وتی:

بەسەر هاتێکمان بۆ بگێرەوە. (جەمیل) وتی:

لەوانەی بیستوومن‌و بیرم ماون؟ یان ئەوانەی کەبە سەر خۆم هاتوون!؟ خەلیفە وتی:

لەوانەی بەسەر خۆت هاتوون! ئەمجا خەلیفە پشتیەکی خستە ژێر هەردوو ئەژنۆی کە بەتاوی زێڕ چنرابوو چەندین گۆی مرواری تێهەلکێشرابوو ئەمجا پالی دایەوەو وتی:

فەرموو. جەمیل وتی:

میری موسلمانان کاتی خۆی کـچێکم لـە عەرەبـە دەشـتەکیەك هێنـا دەوار نـشین بـوون. ماوەیەك پێکەوە بـووین. دواتـر لـە وەرگاکـەی دەوروبـەریان وشـك بـوو. ئـەوانیش باریـان پێچایەوەو کچەی خۆیان بردەوە. ماوەیەکی باش بێ ژن بووم! ئیـدی ژنەکـەمم زۆر خـۆش دەویـست بـیرم کـردەوە بەباشـم زانـی. منـیش شـوێنی بکـەوم. منـیش بـەرگم کـردە بـەر عەمامەم کردە سەر وشترم دایە بەر ماوەیەکی زۆر بەرێوە بووم شاخ‌و دۆلم بـڕی شـەوێکی

تاریکی ئەنگوستە چاو گوێم لە نەڕەی شێر بوو. لە لورەی گورگ بوو خشەی مارو دوپشکم بیست. زۆر ترسام ئەوشەوە. بۆیە هەمیشە پەنام بۆ خوای تاکو تە نیادەبرد . بەدەم ڕێوە هێندە ماندو بووم خەوم لێ کەوتبوو. وشترەش بەبێ هیچ کارێك بە ئاوەزووی خۆی ملی ڕێگایەکی گرتبوو ئەو ڕێگایەی من نەبوو! نازانم چەندێك بوو خەوم لێ کەوت بوو هێندەم زانی شت بەر سەرم کەوت! کە هەستام دەڕوانم لقی دارو درەختە هەموو دەورو بەرم ڕەزو باخە کانیاووروبارو دۆڵو شاخە!! بلبلوکەناری دەخوێنێ لقی گوڵە باخان شەماڵ دەی لەرزێنێ لە سەر کۆڵی وشترەکەم هاتمە خوار ڕەشمەکەیم بە دوا خۆم دا راکێشا ماوەیەکی زۆر ڕۆیشتم تاکو لەو ڕەزو دارو درەختە دەرچووم. ئەمجا سوار بوومەوە. کەوتمە ڕێ. بێ ئەوەی بزانم ڕوودەکەمە کوێ!؟ هەر ڕۆیشتم تاکو روانیم چەن وشترە وەستاوە ئاڵا چەقاوە هەندێ ئەسپ وەستاوە لە دڵی خۆم دا وتم:

هەبێونەبێ ئێرە شتێکی گرنگی تیا ڕوودەوا! لەم چۆڵە وانیەدا هیچی تر نابینم! بەرەو دەوارێك چووم‌و وتم:

( السلام علیکم) ئەی دانیشتوان. منداڵێکی (١٩) ساڵان لە دەوارەکە هاتە دەرەوە هەر دەت وت:

مانگی چواردەیە. کە زۆر ئازا دیار بوو. وەڵامی دامەوە. وەعەلێکمە سەلام برای عەرەب لەوە دەچێت ڕێگات ون کردبێت؟ وتم:

قسەکەی تۆیە رەحمەتی خوات لێ بێ بمخەرە سەر ڕێ ی ڕاست! ئەویش وتی:

ئەم دێیەی ئێمە (٧) ڕێ یە! ئەم شەویش تاریك‌و ئەنگوستە چاوە! زۆریش هەوا ساردە ترسی دڕندەی ڕێگەیشم لێت هەیە. لای ئێمە ئەم شەو لابدەو بحەوێوە سبەینێ ڕێگەت پیشان دەدەم. منیش دابەزیم‌و کەمێ خۆم روت کردەوە رۆیشتم وشترەکەم بەستەوە لاوەکەش چوو مەڕێکی هێناو سەری بڕی. ئەمجا ئاگری بۆ کردەوەو مەڕەی گورووو چەند پارچەیەك گۆشتی لێ کردەوەو خوێ ی پێوە کردو دەستی کردە برژاندنی وورده وورده بەشی دەدام‌و بەیەکەوە تێرمان خوارد. ئەو لاوە جاروبار هەناسەیەکی قوڵی هەدەکێشا! جارو بارەش دەگریا! . ئەم شیعرەی دەوتەوە:

| | |
|---|---|
| روحێکم ماوە کپ‌و خامۆشە | چاوان بە گریان سوورەو بە ئێشە |
| شوێنێك نەماوە لە جەستەی ماندووم | ساغ‌وتەندروست! هەمووی نەخۆشە |
| فرمێسکی چاوان هەرچەندە ئاوە | هەر دەڵێی پشکۆی ژێر خۆڵە مێشە! |
| قوڕ بەسەر ئەوەی کە دوژمنەکەی | هەستی پێ دەکاو بۆی بە پەرۆشە!! |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٦٨٩

شەهرەزاد وتی:

جەمیل رووی کردەوەخەلیفە هارونە رشیدو وتی:

گەورەم منیش تێگەیشتم کە ئەم لاوە عاشقە! بە خۆم وت:

پرسیاری لێ بکەم باشە؟ یان:

نە ئا! ئەمجا بە خۆم وت:

چۆن دەبێت دەم ببەم بۆ تایبەت مەندیەکانی!؟ لانی کەم من میوانی ئەوم!! . کە هەردووکمان تێر بووین چووە وە ناو دەوارەکەو تەشتیکو مەسینەیەکو دەستەسڕێکی ئاوریشمی هێنا کە دامێنەکانی نەخشی زێڕین بووا (حەوتجۆش)ێك ناوی (مسك)ی تێدابوو. دوای دەستو دەمو چاو شتن نزیکەی سەعاتێك گفتو گۆمان کرد. دواتر هەستاینو سفرەو خواردنمان کۆ کردەوەو چووینە ناو دەوارەکەوە تاکو بنوین. دەڕوانم پەردەیەکی زۆر نایابی لە نێوان هەردوو جێگەی نووستنەکەدا گێڕاوە دڵ تێر نابێت لە تەماشای! کە هەڵم دایەوەو چوومە سەر جێگەکەم دەڕوانم دۆشەكو پشتیەك راخراوە هەر حەز دەکەیت تەماشی قوماشەکەی بکەیت! منیش جلوبەرگەکانی بەرم داکەندو لێی نووستم لە ژیانمدا خەوی واخۆشم نەکردبوو! لەسەر جێگەکەم هەندێك بیرم لە کێشەی ئەم لاوەیش کردەوە. نیوەشەو گوێم لە ورتە ورتو کفتوگۆ بوو! سوچێکی پەردەکەم هەڵدایەوەو بە خۆم وت:

خوایە گیان لە ئێوارەوە لەلای ئەم گەنجەم هەر خۆی بوو ئێستا ئەم ورتە ورتە چییە!!؟ کە سەیرم کرد لە گەڵ کچێکی زۆر جوانو ناسکدا گفتوگۆ دەکات!! منیش بێدەنگ سەری خۆم داپۆشییەوەو لێی نووستم.

ڕۆژی دواتر کە خۆر هەڵهات نانمان خوارد. بە لاوەکەم وت:

زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر ڕێگاکەم پیشان بدەیت- ماڵت ئاوا بێت. بەڕاستی ماندووم کردیت. سەیرێکی کردمو وتی:

(برای عەرەب ڕێورەسمی ئێمە وایە دەبێت میوان (٣) ڕۆژ خزمەت بکەینو لامان بمێنێتەوە! )- منیش چار نا چار (٣) ڕۆژ مامەوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٦٩٠

شەهرەزاد وتی:

پاشا گیان کاتێك کاتی گێڕانەوەی چیرۆکەکەت هات. (جەمیل)ی شاعر وتی:

ڕۆژی چواردەم پێش ئەوەی بڕۆم. کە لە لاوەکەم پرسی‌وتی:

من فلانی کوڕی فلانم فلان کەسیش مامەمە! لە تیرەی (بەنی عوزرە)م. ئەمجا پرسیم:

باشە ئامۆزا بۆچی ئەو دایك‌و باوکە ناسراوەو مامە بەناو بانگەت جێ هێشتووەو خۆت لەو سامان‌و نیعمەتانە بێ بەش کردووە لەم چۆڵەوانیەدا هەڵت داوە!؟ ئەی هارونە ڕەشیدی بەڕێز کە ئەم پرسیارەی بیست دەستی کردە گریان. ئەمجا وتی:

ئامۆزا کچە ئامۆزای خۆم خۆش ویست! ناردمە خوازبێنی بەڵام باوکی دەستی نا بە ڕومەوە و دای بە یەکێکی دی لە تیرەی (بەنی عورزە). ئەویش ئامۆزای بردو ڕۆیشتەوە ناو کۆمەڵە دەوارەکەی خۆیان. دوای ماوەیەك کچەئامۆزا دوورکەوتەوە منیش تاسەم کرد پرزە بڕوا بووم چارەم نەما! لە داخدا سەری لوتی خۆم ڕەش کردو ئەم چۆڵ‌و بیابانەم گرتە بەر ئەوە ماوەیەکە لێرە هەڵم داوە. لەگەڵ تەنیایی ڕاهاتووم. منیش پرسیم:

ماڵی کچە ئامۆزات لە کوێیە. وتی:

لوتکەی ئەو چیایە دەبینیت؟ وتم بەڵێ. وتی:

نزیك ئەو لوتکەیە ماڵەکەیانە منیش خۆم داوەتە دەست خوای گەورە! هەر خۆی کارسازە! منیش وتم:

پیلانێکت بۆ دابنێم جێبەجێی دەکەیت؟ بەتایبەتی سوودی خۆتی تێدایە!؟ لاوە (١٩) ساڵەکە وتی:

پێم بڵێ ئامۆزا. ئەمشەو کە ئەوکچە هاتەوە. سواری ئەسپەکت ببە. منیش سواری وشترێك دەبم. ناهێڵم ڕۆژ بێتەوە ئەم بیابان و چۆڵەوانیە دەبڕین زەوی خوا پان و پۆڕە! بۆ خۆتان تێیدا بژین. نیش بە سەروماڵم و بە شمشێرەکەم پشتگیرتان دەکەم! لاوەکە وتی:

ئامۆزا پێویستە ڕاوێژ بە دەستگیرانەکەم بکەم! چونکە زۆر زیرەك‌و وریایە! چاوەڕێمان کرد تاکو تاریك داهات. ژنەکە دواکەوت لە هاتنی دا. بۆ لای دەستگیرانەکەی. لاوەکەم بینی ڕووی کردە ئاسمان و هاتە دەرەوە هەروەکو بۆنی دەستگیرانەکەی بکات ئەم شیعرەی بە دەمداهات:

| | |
|---|---|
| هەی شنەی شەماڵ هەی شنەی شەماڵ | لەلای یارەوە نەت هێنا هەواڵ؟ |
| بە جۆرێ ڕەنگی ئەوت کردتووە | دەبێ بزانێت کەی دێتە ڕەشماڵ! |

ئەمجا چووەو ناو دەوارەکەو نزیکەی سەعاتێك ئەو لاوە گریا بەمنی وت:

ئامۆزا ئەو کچە ئامۆزایەم لە ڕێگا شتێکی لێ هاتووە! ئەگینا دواناکەوێت! ئەمجا بە منی وت:

تۆ لێرە دانیشە تاکو دەڕۆم هەواڵەکەت بۆ دێنمەوە. شمشێرو قەلغانی هەلگرت و سوار بوو. نزیکەی کاتژمێرێك ون بوو. کە گەڕایەوە شتێك بە دەستییەوە لە بەر دەمیدا بوو. کە گەیشت بانگی کردم. منیش کە چووم بە دەمیەوەپرسی:

(دەزانیت هەواڵچییە!؟ منیش وتم:

نەبەخوا نازانم! ئەمجا وتی:

کەبەرەو ئێرە هاتووە لە چۆڵەوانیەدا شێرێکی لێ پیدا بووە پەلاماری داوە. خواردوویەتی ئێستاش ئەمەی ماوەتەوە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٩١

شەهرەزاد وتی:

کە بوخچەکەی کردەوە. دوای ئەوەی دابەزی ڕووانیم خوێناوی و چەند پارچە ئێسقانێکی تیایە. کەوانەکەی فڕێ داو. زۆر بەکوڵ گریا هێندە. تووڕە بوو دەی ناڵان! ئەمجا بە منی وت:

ئێرە بەجێ مەهێڵە تاکو پشت بەخوا دەگەڕێمەوە). دوای سەعاتێك گەڕایەوە کەللە سەری شێرێکی هێنایەوەو دابەزی و دیسان دەستی کردەوە بە گریان بەم شێوەیە خۆی لاوانەوە

| | |
|---|---|
| دڕندەی کێوی هەی شێری بوغرا | تۆیش ئەم پەژارەت کردم بەسەرا |
| خۆم هەر تەرە بووم! تۆیش تاکت خستم | ئەم ئاواتەم بوو کردت بە گۆڕا!؟ |

ئەمجا بەدەم گریانەوە پێی وتم:

ئامۆزا تووحەقی ئەو خوشەویستییەی نێوانمان توو حوقی ئەو نان و نمەکەی پێکەوە خواردمان وەسیەت بێت هەر کات وساتێ دێت بم کوژن! جا وەسیەت بێت لاشەکەم بهێنەوە ئەم شوێنەو لە گەڵ ئەم هەندە ئێسقانە دا لەیەك کفن دا بمان پێچنەوە لە یەك گۆڕدا رامان بکێشە!! ئەم شیعرەش لەسەر کێلی گۆڕەکەمان بنووسە

| | |
|---|---|
| تا لا ئێوە بووین زۆر خۆش بوو ژیان | پابەندی کردین ماڵو نیشتمان |

شەقی زەمانە جۆرێك دای برین:                    بۆ هەردوو گۆڕێك بۆتە دیوە خان!

دیسان دەستی کردەوە بە گریان نزیکە سەعاتێك لە ناو دەوارەکەیدا مایەوەو منیش لە دەرەوە بۆی دەگریام. ئەمجا هاتە دەرەوەو خۆی دا بەسەر بەرك و ئێسقانەکاندا. هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشا لەوێدا مرد. منیش دوای گریانێکی زۆر لەو چۆڵەوانیەدا وەسیەتەکەیم بە جێهێنا. هەردوکیانم شت و کفنم بۆ هەڵدوورین و یەك گۆڕم بۆ هەڵکەندن و هەردووکیانم تێکردو سەری گۆڕەکەم داپۆشییەوە. (٣) رۆژ لای گۆڕەکە مامەوە. ئەمجا گەڕامەوە. تاکو دوو ساڵیش جارو بار دەهاتمە سەر گۆڕەکەیان ئەمە بوو ئەو بەسەرهاتەی کە بەسەر خۆم هات ئەی مێری موسڵمانان خەلیفە هارونە رەشید بانگی دەرگاوانی کردو خەلاتێکی باشی جەمیلی شاعیری کرد. شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدانگ بوو

## شەوی٦٩٢

# چیرۆکی سکاڵای دەشتەکی یەك لای معاویە لە دەست مەروانی کوڕی حەکەم

شەهرەزاد وتی:

دەگێڕنەوە ئەی شا شەهرەیار پادشای بەختیار خاوەنی بڕیار (معاویە)ی مێری موسڵمانان. لە شوێنێك لە (دیمەشق) دادەنیشێت. کە ئەو هۆڵە لەهەر چوار لایدا پەنجەرە دەبێت. پەنجەرەکان کراوە دەبن. چونکە ئەو رۆژە زۆر گەرم هەوا وەستاو دەبێت. (معاویە) لە پەنجەرەیەکەوە کە سەرنج دادەدات عەرەبێکی دەشتەکی بەو گەرمایە بەرەو ماڵەکە دێت. ئەویش بە دەوروبەرەکەی دەڵێت بڕوانن ئەو داماوە بەم گەرمایەو بەپێی پەتی چۆن دەڕوات!!؟ نادەی یەکێك لەبەر دەرگا چاوەڕوانی بکات مەرج بێت داوای هەرچیەك بکات بۆی جێبەجێ بکەم گەر ستەمیشی لە گەڵا کرابێت تۆڵەی بۆ بکەمەوە. داوای کەمێك دەشتەکی هاتە بەردەرگاو دەرگاوان کردیە ژوورەوە. معاویە کەی پرسی:

لەکام تیرەیت؟ دەشتەکی وتی:

لە تیرەی (بەنی تەمیم)م. دیسان پرسی:

بەم گەرمایە بۆچی هاتوویت؟ دەشتەکی وتی:

(پەنام بۆ هێناویت ). معاویە پرسی:

بەرامبەر بەکێ؟ وتی:

بەرامبەر بە (مەروانی کوڕی حەکەم)ی سەرکارت. ئەم شیعرەیشی بە معاویە دا هەڵدا

(معاویە) خاون چاکەو بەخشندە زاناوپێگەیشتوو باڵای نان بدە

تاسەری دنیام لێ نەهاتە یەك لای ئێوە نەبووم بە پەناهەندە

واتووشی کردووم مردنم باشە! ئالەو زۆرداره حەقم بسەندە

(سوعاد)ی بردو بووبە دوژمنم! ماڵی شیواندم ئەو دەوڵەمەندە

کە معاویە ئەم شیعرەی لێ بیست و دەشتەکی گڕ لە زاری دەباری! وتی:

بەخێرهاتیت و ئێستا بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕەوە. دەشتەکی وتی:

ئەی میری موسڵمانان کابرایەکی خاوەن ماڵو خێزان بووم بووەو خاوەن سامان بووم. بێ دەنگ و بێ کێشە بووم بێ خەمو سەر ئێشە بووم! . ئەمساڵ بۆ من شووم بوو. هەرچی سامان و چوارپێم هەبوو خوا بردییەوە بۆ خۆی و هەژار کەوتم کار گەیشتە ئەوەی بووم بە ئەرك بۆ خزمانو کەسوکارم! کە خەزوورم بە ئەم حاڵەی منی زانی هاتە سەرمو شەڕی پێ گێڕامو کچەی خۆی لێ سەندمەوە! نیش ناچار پەنام برد بۆ (مەروان)ی کوڕی (حەکەم)ی سەرکارت و سکاڵام لە خەزوورم کرد. ئەویش ناردی و خەزوورمیان هێنا. کەهات لە بەردەم مەرواندا نکوولی کێ کردمو وتی:

نای ناسم! . منیش ناچار بووم وتم:

سوعادی ژنم بانگ بکە با ئەو قسەبکات بابزانم چۆن ئەم خەزوورەم من ناناسێت!؟ ناردی بەشوێن ژنەکەم دا. کەهاتە روو (مەروان) سەرنجی دا جوان بوو زۆری بەدڵ بوو. بۆیە لەمن تووڕە بوو لەزیندانی توووند کردم!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دەرنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٩٣

شەهرەزاد وتی:

کابرای دەشتەکی دوای کەمێك بێدنگی وتی:

گەورەم هەر وەکو لە بانێکەوە بەرم بدەنە خوارەوە وا بوو. بەبەر چاوی منەوە بە خزوورەکەمی وت:

ئەم کچەت بدە بەمن با لە سەر (١٠٠٠) دینارو (١٠٠٠٠) درهەم مارەیی مارەی بکەم من دەبمە زامنی و لەم کابرا دەشتەکییە رزگارتان دەکەم. حەزوورم قسەکەی (مەروان)ی پەسەند بوو. ئەمجا مەروان وەکو شێر هەڵمەتی بۆ هێنام و وتی:

(هەر ئێستا سوعاد تەلاق بدە! منیش وتم:

(تەلاق)ی نادەم. ئەمجا فەرمانیدا بە پیاوەکانی ئەوانیش کەوتنە ئەشکەنجە دانم. هێندەیان لێدام ناچار تەلاقم دا. ئەمجا فەرمانیدا لە زینداندا توند کردمەوە. (۳) مانگ زیندان کرام تاکو کاتی شەرعی ژنەکەم تەواو بوو. ئەمجا ئەو بێ ویژدانە ژنەکەمی مارە کردەوە و منیشی ئازاد کرد.

ئێستا هانام بۆ تۆ هێناوە حەقم بسەنە. ئەم شیعرەیشی وت:

| | |
|---|---|
| دڵی من بۆی سووتاوە | کڵپەی لە گیانم داوە |
| یەك پارچە دڵ گرکانەو | دکتۆر سەری سوورماوە |
| کە چاو فرمێسك دەڕێژێ | هی دڵە بۆی سوتاوە |
| بێکەسم پەنام خواو | بۆ خەلیفە هێناوە |

کابرای دەشتەکی کەوتە دانەچیرەو. بوورایەوەو کەوتەزەوی .! کە معاویە ئەمەی بیست وتی:

"کوڕی حەکەم سنووری ئیسلامی بەزاندووە! زۆرداری گەیشتووەتە ئەوەی پەلاماری ژنی موسڵمانان بدات! " ئەمجا کەبینی خەڵکەکە دەشتەکییەکەیان بە ئاگا هێناوەتەوە. وتی:

"ئەی دەشتەکی بەسەرهاتی لەم جۆرەم هەرگیز نەبیستووە!! " ئەمجا داوای کاغەزو قەڵەمی کرد. بۆ مەروانی نووسی:

"بیستوومە دەست درێژیت کردووەتە سەر مافی هاوڵاتیانت! سنووری ئایینت بەزاندووە. پێویستە والی چاو دابخات لە ئاستی حەزو ئارەزووەکانیدا! سەرزەنشتی کردەوەی خراپی خۆی بکات" ئەمجا ئەم شیعرەیشی بۆ نووسی:

| | |
|---|---|
| کاریکت لایە خۆت پێی نازانی! | تۆبە خودایە لە پیاوی (زانی)! |
| لاوێك هاتەلام بەدەم ناڵەوە | غەمبارە! غەمبار چۆن لێی بڕوانی |
| سوێندم خواردووە. حەقی بسێنم | نەفەوتێ ژنو ماڵو سامانی |
| گەر بێ تاوان بوو تۆ زۆرداری بوویت | بەسەرتا نەڕوات وابە ئاسانی! |

ئەمجا نامەکەی پێچایەوەو مۆری شاهانەی لێداو (کەمیت)و (نەسری کوڕ زبیان)ی بانگ کردو رای سپاردن نامەکە ببەن بۆ (مەروان)ی کوڕی (حەکەم). کە گەیشتن سڵاویان لێ کرد و نامەکەیان دایە دەست. ناوەڕۆکەکەشیان پێ‌وت:

ئەمجا ئێوارە هەردوو تەتەرەکەی بردەوە ماڵی خۆی‌و ژنەکەی تێگەیان. ناچار ناردی بەشوێن قازی داو بە شایەتی (کەمیت)و (نەسر) ژنەکەی تەلاق داو بەرێزەوە ناردییەوە ماڵە باوانی! ئەمجا (مەروان) وەلامی نامەکەی بۆ موعاویە نووسییەوە تیا هاتبوو .

| | |
|---|---|
| پەلەم لێ مەکە میر موسڵمانان | وا سوێندەکەتم خستە سەر چاوان |

حەزم لێ کردو زۆر بە حەلاڵی

میران!؟

نامەکەی مۆر کردو دایە دەست دوو تەتەرەکە تاکو بیگەیەننە دەست خەلیفە (معاویـە) ڕۆژی دواترسـەفەریان کـرد. کـە گەیـشتن نامەکـەیان دایـە دەسـت (معاویـە) ئـەویش کـە خوێندییەوە. بزەیەك گرتیو وتێ "زۆر چاکی کردووە فەرمانەکەی جێ بە جێ کردووە لە وەسفی ژنیشدا شارەزایە! ". خەلیفە داوای کرد. ئەو (سوعاد)ە ببینێت. کە بۆیـان بـرد! بە ڕاستی تا بڵێی جوان و نایاب بوو سەرنجیدا. زۆر ڕەساوو زمان پاراوو گونجاوە! ئەمجا وتی: دەشتەکییەکەشـم بـۆ بێـنن. کـە هێنایـان. غـەمو پـەژارەتێکی شـکاند بـوو. داکـەوتبوو.

معاویە پێی وت:

ئەگەر (٣) کەنیزەکت بـدەمێ و هێـشتا کـچ بـن! ڕازاوەو جوانو خـرپن! هـەر یەکـەیان (١٠٠٠) دیناریشی لە گەڵدابێت لە " خەزێنەی دەوڵەت"یش ساڵانەیەکی باشت بـۆ ببڕمـەوە! پێی دەوڵەمەند ببیت ئەم (سوعاد)ەم دەدەیتێ!!؟ دەشتەکی هەناسەیەکی قووڵی هەڵکێشاو کەوت!

کە (معاویە)پێی وابوو مردووە! کە بە ئاگا هاتەوەو هەستا معاویە لێی پرسی:

ئەوە چیتە!؟ دەشتەکی وتی:

کە مەروانی کوڕی حەکەمی والی ستەمی لێ کردم هانام بۆ تۆی خەلیفە هێنا! ئەی باشە ئەوە تا تۆیش ستەمم لێ دەکەیت! هانا بۆ کێکیتر ببەم لە ستەمی تۆ!!؟ ئەمجا وتی:

بەوخوایەی ڕۆحی هەموومانی بەدەستە تـەختی شاهانەی خـۆتو هـەموو سـامانەمتم بدەیتێ بە دەست خۆم بێت نایگۆڕمەوە بە (سوعاد)! ! معاویە کە چارەی نەما. وتی:

کەوابوو با (سوعاد) خۆی هـەڵی بـژێرت شـوو بکات بـەکێ!؟ (سـوعاد) لای تـۆوە تـەلاق دراوە! لای مەروانیشەوە هەر تەلاق دراوە! کابرای دەشتەکی وتی:

لاریم نیە! با سوعاد خۆی مێرد هەڵبژێرێت! معاویە ڕووی کردە سوعادو وتی:

بە ئارەزووی خۆت من هەڵ دەبژێریت بە تەختی شاهانەو ئەو هـەموو پـارەو سامانەو ئەو دەسڵاتو سوڵتانە یان (مەروان) ئەو پیاوە غەدارە زاڵمو زۆردارە! یـان ئـەم دەشـتەکییە برسیو هەژارە! داماوە بێ پارە!؟ ژنەکە ئەم شێعرەی وت:

| | |
|---|---|
| هەرچەندە برسیو زۆریش هەژارە | سەردەستەی خزمو هەم کەسوکارە |
| خاوەنی تاجو مەروانی سەرکار | ئاگەنە تۆزی پێی ئەم نەدارە! |

ئەمجا (سوعاد)وتی:

بەوخوایە من ئەم خستووەتە بـەر تانـەی زەمانـە! نـە هێشتوومە زەمانـە غـەدری لێ بکات! من هاوڕێیەکی کۆنی ئەم مێردەکەمم! لە بیری ناکەم! ئەرکی خۆمە لە خۆشیو نـاخۆ

شیدا یارمەتی دەری بە(معاویە) سەری سوڕما لە ئەم وەلامە جوانە! ئەمجا دەشتە کی دەستی سوعادی ژنی گرتو ڕێی ماڵەوەی گرتە بەر.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٩٤

# چیرۆکی حسێنە روتە لە بەردەم هارونەرەشیددا

شەهرەزاد وتی:

دەگێرنەوە کە شەوێکیان هارونەرەشید خەوی دەزڕێت!

دەنێرێت بە شوێن:

(اصمعی)و (حسێنە روتە)دا کە دێن پێان دەڵێت قسەم بۆ بکەن! (حسێنە روت) تۆ لە پێشەوە دەست پێ بکە. (حسێن)یش دەڵێت بە چاوان. ئەمجا دەست پێدەکاتو دەڵێت قوربان ساڵێکیان سەفەرم کردو بەرەو شاری (بەسرە) خل بوومەوە! تاکو ئەو (قەسیدە)یەی کە بە سەر (محمەدی کوڕی سولەیمانی رەبیعی)دا هەڵم دا بوو بۆی ببەم. کە گەیشتم خوا هەڵناگرێ زۆر ڕێزی گرتمو قەسیدەکەی لێ وەرگرتمو لای خۆیەوە دایناm. ڕۆژێکیان لە وێوە چوومە دەرەوەو ڕێی (مەهالیبە)م گرتە بەر. دنیا گەرم بوو. منیش زۆرم تینو بوو. چوومە بەر دەرگایەكو لێم دا. تاکو چەند قومێك ئاو بخۆمەوە. کەنیزەکێك هات کە کراسێکی (گوڵنار)ی لە بەردا جبەیەکی (سەنما)یی بە سەردا لە بەرکردبوو. موورووی زێڕی سوور بە نێوان دوو مەمکی دا شۆڕ بوو بوونەوە! سەر پۆشێکی ئاوریشمی بە نێوچاواندا بە ستبوو. کە دڵێ سەد دڵ حەیرانی دەبوو. بەداڵانی ماڵەکەدا دەهاتو بەزمێکی خەمۆکیو دڵ بەپەژارەوە وەڵامی دامەوە. ئەمجا وتم:

"کابرایەکی پیرم تینوومە گۆزەیە ئاوم بۆ بێنە خێری خۆت". ئەمیش وتی:

پیرە گیان "کوڵم لێبدە نام پەرژێتە سەر نانو ئاوی تۆ! ". پرسیم:

خێرە خاتوونەکەم!؟ وتی:

"خێری چی کابرا؟ یەکێکم دەوێت کە منی ناوێت! لە گەڵم خراپو بێ ویژدانە!! ".

ئەمجا وتی:

نابینیت ئێستا چاودێری مل ئەستوورێك دەکەم تاکو ببینم!؟ منیش وتم:

تۆ بڵی لەم دنیایەدا هەبێت حەز لە تۆ نەکات!؟ کچەکە وتی:

بەڵێ ئاخر ئەو لاوە هێندە شۆخو شەنگو قۆزە! نەبێتەوە! پرسی:

باشە لەم دالآنە دا بۆ وەستاویت؟ وتی:

چاوەڕوانیی دەکەم کەمێکی تر بە ئێرەدا دەڕوات. منیش تێر تێر سەیری دەکەم! ئەزانیت کە خۆر هەڵدێتو و تیشکی بەسەر دیوارەکانی ماڵیدا پەخش دەبێت وادەزانم ئەوە! خێرا چاودەگێرم خەمی ئەوەمە جارێك کە بینیم لە گەڵیدا رۆحم لە جەستەم بێتە دەرەوە! منیش وتم:

ئەورەنگ زەردیو خەمۆکیەت هی ئەوەیە! پێتەوە دیارە! . باشە تۆ خەڵکی ئەم شارە خۆشەی بەسەرەیەی چۆن ئاوا تووش بوویت!؟ ئەویش وتی:

بەڵای ناگەهان بوو! کوڕە بەسەرهاتی ئەوومن زۆر سەیرە! بۆ ئاهەنگی (نەورۆز) کۆمەڵێك کەنیزەکم بانگهێشت کردبوو. لە ناویاندا کەنیزەکێکی تیابوو لە (سەیران)ەوە هاتبوو کاتی خۆی لە (عومان) بە (٨٠٠٠) درهەم فرۆشرابوو. ئەم کەنیزەکە زۆر بەمن موعجیب بوو. حەزی لێم کردبوو پێکەوە. پێش نان خواردن چەند پێکێکمان هەڵدا. کەسەری گەرم بوو. مەست بوو کەوتە یاری کردن لە گەڵم. منیش بێ دڵی ئەوم نەدەکرد و یاریم لەگەڵ دەکرد. لە پڕێکدا ئەم کوڕەی کە ئێستا چاوەڕوانی دەکەم هاتە لامان. کە ئەم یاری کردنەی ئەوی بینی لەگەڵ من هەروەکو نۆمایەکی سرك! سڵەمییەوە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٦٩٥

شەهرەزاد وتی:

حسەروت دەستی کردەوە بەگێڕانەوەو وتی:

کیژەکە وتی:

مامە گیان کە ئەم لاوە ئەم دەستبازییەی لە کەنیزەکەکەی (سەیران)و من بینی تووڕە بوو چووە دەرەوە. ئیتر لەوساوە کە ئەوە (٣)ساڵی رەبەقە من داوای لێبوردنی لێدەکەمو نە نامەیەکم بۆ دەنووسێت! نە قسەیەکم لەگەڵ دەکات! نە روویەکم دەداتێ! ئەم لاوە "عەرەب"ە یان "عەجەم"؟ کچە لێم تووڕە بوو وتی: نە (کەم)ونە (زۆر) هیچم لێ نابیستێ! منیش پرسیم:

تۆ هێریت؟ یان چی؟ ئەولاوە دەڵێی مانگی چواردەیە! لە هیچی کەم نیە بێ خەوشە. تەنیا عەیبی ئەوەیە پشتی کردووەتە من! منیش پرسیم ئەمە ناوی چەیە؟ وتی:

چی له ناوی دەکەیت؟ وتم:

تەقەلا دەدەم ببینم! بۆ ئەوەی قایلی بکەم بەیەکتر بگەنو بت بینێت! ئەویش وتی:

بەمەرجێك دوعایەکی (روقعە)ی بۆ ببەیت!! وتم:

بەڵێ باشە. ئەمجا وتی:

ناوی زەمرەی کوڕی مەغیرەیە بە "أبو السخا » بە ناو بانگە کۆشکەکەی لە (مەربەد)ە. بانگی کردو وتی:

قەڵەمو کاغەزم بۆ بێنن. لە گەڵیدا چوومە سەرەوە. لێی دانیشت و منیش لەبەر دەمیدا. هەردوو مەچەکی بە بازنگی لێ هەڵکرد تاکۆ بنوسێت. دەستومەچەك تەڕو پەمەیی و ناسك. دڵی پیریشی دا دەخورپاند! نووسی:

"گەورەم نزاکەم دەخەمە سنگی نامەکەمەوە بم بوورن. بزانە گەر خوا نزاو پاڕانەوەی منی پەسەند بوایە ئاوا لێم جیا نەدەبوویتەوەو پشتت تێ نەدەکردم! چونکە هەموو پاڕانەوەم لە خوا ئەوە بوو لێم نەتۆرێیت. تەنانەت بەرەوایشت نەزانی کە کارە کەرێکت نامەیەك بنووسێ. ئێستاش هەموو ئاواتەکەم بووە بە بینینت. لەوکاتانە دا کە بەبەر دەرگاکەمدا تێ دەپەڕیت. زۆر سوپاست دەکەم ئەگەر وەڵامم بدەیتەوە"

نامەکەم لێ وەرگرت و لێم دا ڕۆیشتم. چوومە بەر دەرگای موحەممەدی کوڕی سولەیمان. سەر دەکەم کۆڕەکەیان گەرمە هەموویان پاشاو میرانن دانیشتوون! هەرزەکاریکم لە ناویاندا بینی زۆر شۆخو شەنگ جوان بوو. منیش کە پرسیم ئەوە لاوە کێیە؟ وتیان:

"زەمرەی کوڕی مەعیرەیە"! بەسەر سوڕمانەوە وتم:

بەڕاستی ئەو کچە جوانە ناحەقی نیە عاشقی بووە! دواتر. خۆم ئامادە کردو رووم کردە (مەربەد) چوومە بەر دەروازەی کۆشکەکەی. دوای کەمێك لە گەڵ کۆمەڵە خەڵکێکدا گەڕایەوە بۆ ماڵ. هەر کە بینیم هانام بۆ برد. نزاو پاڕاننەوەیەکی زۆرم بۆ کردو نامەکەم دایە دەست. هەر لەوێدا خوێندیەوە ئەمجا وتی:

مامەگیان ئەو کچەم گۆڕیوە بەیەکێکیتر دەتەوێت چاوت پێی بکەوێت؟ وتم:

بەڵێ هەر لەبەر دەروازوی ماڵەکەیەوە بانگی کرد. یەك کچ هاتە دەرەوە زۆر بەنازو خۆبادان دەرۆیشت. ئەویش نامەکەی دایە دەست وتی:

خۆت وەڵامی بدەرەوە. کە کچەکە خوێندییەوە رەنگی زەرد هەڵگەڕاو وتی:

پیرە لای خوا تۆبە بکە بۆ ئەمەی بۆت هێناوین. ئەمجا ئەی میری موسڵمانان بەبێ سوود گەڕامەوە کە چوومەوە بۆ لای کچەی خاوەن نامە. رێزی گرتمو وتی:

ها شێر بوویت یان ڕێوی؟ چیت کرد؟ وتم:

لە بێ ئومێدی زیاتر هیچم نەهێناوەتەوە! کچە وتی:

گوێ مەدەرێ دەیدەمە دەست خوا ئەمجا بانگی کرد (٥٠٠) دیناریان پێم بەخشی هاتمە دەرەوە. دوای چەند رۆژێك گەڕامەوە هامان شوێن، . سەیر دەکەم بەر دەرگا پڕە لە کوڕوکاڵو چەند سوارە. چاوەڕیی (زەمرە)ن. کاتێك دەپرسم. دەڵێن: کەسوکاری (زەمرن)ن هاتونە خوازبێنی کچە جوانەکە منیش چووم دوور بە دوور کە منی بینی وتی:

مامە پیرە سەیر بکە. سەرنجم دا ئەوە دوعای (رقعە)کەیە منیش زۆر سوپاسی خوام کرد کە ئەو کچە جوانەی بە ئاواتی خۆی گەیاندو بە دڵی خۆی شووی کرد بە خۆشەویستەکەی خۆی. ئەمجا دەستی گرتمو بردمی ئەو دیاریانەی پیشان دام کە (زەمرە) بۆی هێنابوو کە بە مەزەندەی من بایی (٣٠٠٠٠) دینار دەبوو!

هارونە رەشید وتی:

بە راستی (زەمرە) دەست پێشخەری کرد ئەگەرنا منیش بیرێکم لێ دەکردەوە. ئیدی هەمووان دەستیان کردە پێکەنین.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٩٦

## چیرۆکی ئیسحاقی موسڵیوکەنیزەكو کوێرەکە

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار پادشای بەختیار. دەڵێن ئیسحاقی موسڵی گێڕاوی یەتیەوە کە شەوێك لە شەوانی زستان باو بارانو بۆرفتێکی سەخت بوو ئاسمان دەتوت کونەی سەر بەرەو ژێرە! شەستەی دەکرد. قوڕو چڵپاو بە جۆرێك بوو. رێی لە رێبوار بڕی بووەوە! منیش خۆم بە تەنیا بوومو خەوم زڕا بوو خزمەتکارەکەم بانگ کردو وتم:

شتێکم بۆ بێنە سەرقاڵم بکات! ئەویش دوای کەمێك خواردنی بۆ هێنام. لەگەڵ هەندێك خواردنەوە. لە پەنجەرەیەکەوە سەیری دەرەوەم کرد بارانیش هەر بە لێزمە بوو. کەنیزەکێکم بیرکەوتەوە کە هی کورانی مەهدی بوو. لە ئاوازو گۆرانی دەزانی! لە دڵی خۆم دا وتم:

"بە خوا ئەگەر ئێستا لای مندا دەبوو ئەم شەوە درێژەم کورت دەبووەوە! ئەم دڵە راوکەیەیشم لە بیر دەچووەوە! " لە دڵی خۆمدا وتم:

هەندێ جار ئەندێشەی مرۆڤ هەر زوو دەبێتە راستەقینە!! . من لەم بیر کردنەوەیەدا بووم لە دەرگا درا دڵم داخورپا!! کە دەرگاکەم کردەوە سەیر دەکەم خۆیەتی کۆڵوانەیەکی

داوە بە سەریدا کە تەڕەو ئاو بە سووچەکانیدا دێتە خوارەوە- تاکو ئەژنۆی لە قوڕو لیتەدا!
شێوەیەکی زۆر سەیری هەیە! منیش هێنامە ژورەوە. دوای بە خێر هێنانی پرسیم:
چۆنە بەم لێزمەو بارانەو بەم شێوە هاتویت؟ وتی:
ئەوەی ناردبوت هێنامی یە ئێرە! وتی:
تۆ زۆرت بیر کردووەو تاسەمت کردووە! منیش نەم توانی دڵت بشکێنم بۆیە بەم شەوە شوومە هاتم! . منیش زۆر سەرم سوڕما! پێم باش نەبوو بڵێم:
کەسم نەناردووە بە شوێندا. بۆیە وتم:
سوپاس بۆ خوا زوو گەیشتیت ئەگەرنا من دەهاتم بۆ لای تۆ بە خزمەتکارەکەم وت:
ئاوی بۆ بێنە. چوو ئاوی گەرمی بۆ هێنا جلوبەرگی شتو قاچو قۆڵی لە قوڕا پاك کردەوە. ئەمجا خزمەتکار بردی یە ژووری خۆ گۆڕین جوانترین بەرگی پۆشیو تەرەکانی هەڵخست ئەمجا پێکەوە دانیشتین. پێم وت:
با خواردنت بۆ بێنێت. وتی:
برسیم نیە. ئەمجا وتم:
شەراب بێنن پەسەندی بوو. ئەمجا وتی:
کێ گۆرانی بچڕبێت!؟ وتم:
خانمەکەم من! کەچی وتی:
حەزم لە دەنگت نیە- وتم:
کەواتە یە کێك لە کەنیزەکەکانم. دیسان وتی نەخێر حەزم لێیان نیە. ئەمجا وتم:
کەوابوو خۆت گۆرانیمان بۆ بچڕە. کەچی وتی:
نەخێر خۆیشم گۆرانی ناڵێم! ئەمجا وتم:
ئەی کێ گۆرانیمان بۆ بڵێت؟ وتی:
هەستە بچۆ یەکێکمان لە دەرەوە بۆ بێنە ڕزگارمان بکە. لە ماڵ چوومە دەرەوە هەر ڕۆیشتم تاگەیشتمە سەر شەقامەکە. سەیرم کردلە کەناری ڕێگاکە (عەجەم)یەك خێرا خێرا دارەکەی دەستی دەدا بە زەویداو دەی شیڕاند:
"خوایە هەر کەسێك گوێ لە گۆرانیم ناگرێت لەو کاتانەدا کە گۆرانی دەچڕمو گاڵتەشم پێ دەکات. لەو کاتانەدا کە بێدەنگ دەبم:
سزای خراپی بدە! " منیش لێی نزیك بوومەوەو پرسیم:
(ئاخۆ گۆرانی بێژیت!؟ ) وتی:
بەڵێ. وتم:
دێییت لە گەڵمونەمشەومان بۆ خۆش بکەیت؟ وتی:

كەواتە دەستم بگرەو بابڕۆین. دەستم گرت‌و بەرەو ماڵم بردو. وتم:

خاتوون ئەمەش گۆرانی بێژێکی کوێرا کچە وتی:

بیهێنە بابێت. خواردنم بۆ هێنا تێری خواردو دەستی شت. ئەمجا شەرابم بۆ خستە بەردەم (٣) پێکی لەویش خواردەوە. پرسی:

تۆ کێیت؟ وتم:

ئیسحاقی کوری ئیبراهیمی موسلیم. وتی:

ئا ئا ناوی تۆم بیست بوو. ئێستا وا لە تەکتادادەنیشم" منیش وتم:

منیش بەختیارم بەخۆشی یەکەت. ئەو بە منی وت:

گۆرانیەکم بۆ بڵێ ئیسحاق گیان. منیش عوودەکەم گرت بەدەستەوە وتم:

بەچاوان. گۆرانیەکم وت:

ئەمجا پێی وتم:

خەریکە دەبیت بە گۆرانی بێژا دیسان پرسی:

کەسێ نیە لەم ماڵەدا گۆرانی بزانێت!؟ وتم:

بەڵێ ژنێك هەیە. وتی:

فەرمانی پێ بدە با ئەویش بیڵێت. وتم:

جا متمانەی پێ بکەین کە گۆرانی بێژە!؟ وتی:

بەڵێ. خاتوون دەستی بە گۆرانی کرد. کوێرە وتی:

هەر گۆرانی نەبووا! ئەویش بە تووڕەییەوە. عوودەکەی لەو لاوە داناو وتی:

ئەوەی ئێمە چڕیمان زاڵ بووین بە سەریدا تۆیش خێرێکمان پێ بکەو شتێ بڵێ. کوێرەکەش وتی:

عوودێکم بۆ بێنن کە دەستی کەسی بەرنەکەوتبێت. منیش بە خزمەتکارەکەم وت: بڕۆ (عوودە) نوێ یەکەم بۆ بێنە. کە دایە دەستی خۆی ساز (نصب)ی دا دەستی بە شێوەیەك پێ کرد. من نەم دەزانیو ئەم دوو دێڕە شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| چەند شەو درێژ بێت تێك ناچێ ژووان | با تاریکش بێ‌و ئەنگوستە چاوان! |
| هێندەمان وت‌و تاسەمان نەشکا: | تاکو یارەکەم بووە دەرگاوان! |

کچەکە بە وەرسی بوونێکەوە سەیری کردم وتی:

هەر سەعاتێك سنگم بۆ ئەمە فراوان دەبێتا ڕێی بدە با بڕوات. منیش هەندێ بە قوربان‌و بە ساقەی بووم. دەستەکانیم ماچ کردا ئەمجا پێ کەنیی‌و منیش بە کوێرەم وت: دەی گیانەکەم با گوێمان لە دەنگە خۆشەکەت بێت. عوودەکەی خستەوە سەر رانی: کەوتەوە وتنی گۆرانی کە گۆرانیەکەی تەواو کرد. وتی:

تەنگاوم! منیش خزمەتکارەکەم بانگ کردوو وتم:

ئەو مۆمە داگیرساوە هەلگرەو لەگەڵی بچۆ (سەراو)ەکەی پیشان بدە. دوای هەندێك کوێرە هەر نەهاتە دەرەوە! وتم:

خزمەتکار هاواری لێ هەستاو هات وتی:

گەورەم کوێرەکە ون بووا! وتم:

کورە نابێت! ئەو ماڵەمان هەموو پشکنی نەمان دۆزی یەوە! ئەمجا بۆم دەرکەوت کە ئەو کوێرە (شەیتان)بووە!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٦٩٧

# چیرۆکی ئیبراهیمی باوکی ئیسحاق لەگەڵ لاوە جوانەکە

## شەهرەزاد وتی:

ئەیشا شەهریار پاشای بەختیار زانای بە تواناو خاوەنی بڕیار! دەگێڕنەوە ئیبراهیمی باوکی ئیسحاق گێڕاویە تەوە رۆژێکیان لە ماڵەوە لێی دانیشتبووم. هێندەم زانی لە دەروازەیان دا! خزمەتکارەکەی هاتو وتی:

گەورەم لاوێکی قۆزو جوان لە بەردەرگایە بێتە ژوورەوە؟ وتم:

بابێت. کە هات سەرنجم دا شوێنەواری نەخۆشی پێوە دیار بوو. دوای سلاو کردن وتی:

گەورەم ماوەیەکە دەمەوێت بت بینم! چونکە ئیشێکم پێتە! - وتم:

خێرا! ئەویش (٣٠٠) دیناری خستە دەستمەوەو وتی:

گەورەم دوو دێڕ شیعرم داناوە ئەو پارەیەت پێ حەڵاڵ بێتو ئاوازێکم بۆ ئەو دوو دێرە دابنێ- ئادەی شیعرەکەت بڵێ.

وتی:

| | |
|---|---|
| کە داغت کردووە جەرگو هەناوم | بۆم بکوژێنەوە بە ئەشکی چاوت |
| فەلەكو قۆرتی جەستەمیان تەنی | بشمرم وەدەر نایەن لە ناوم! |

منیش هەر لە وێدا ئاوازێکم بۆ دانا کە گریاناوی بوو! ئەمجا خۆم گۆرانیەکەم بەو ئاوازە بۆ وت کەچی هەر لە وێدا بوورایەوە! کە پێم وابوو مردووە! کە بەئاگام هێنایەوە وتی:

بۆم دووباره بکەرەوە- منیش تکار ڕجام لێ کرد با گۆرانیەکە نەڵێمەوە نەبادا بمریت.

وتی:

جا کوا وابووایە! زۆر پاڕایەوە تا چار دووبارەم کردەوە ئەمجا ناڵەیەکی بڵندی تری کرد منیش گومانم ئەما کە مردووە- منیش ئاوم پرژاند بەدەمو چاویدا. هۆش خۆی هاتەوە دانیشت – منیش بێدەنگ پارەکەیم خستەوە دەستی و وتم:

پیاوی چاك بە لێم دوور بکەوە بڕۆ! ئەویش وتی:

پارەم پێویست نیە! ئەوەندەی دیت دەدەمێ گەر جارێکی دی گۆرانیەکەم بۆ بڵێیت.

منیش دڵم بە بڕی زۆری پارەکە خۆش بوو. وتم:

بۆت دەڵێمەوە بەڵام (٣) مەرجم هەیە! یەکەم دەبێت هێندە لە لای من بمێنیتەوەو نانم دەخۆیت تاکو ئەم زەردوو لاوازیەت نەمێنێ! دووەم هێندە شەراب بخۆرەوە. تاکو ورەت ببێت! سێ یەم دەبێت باسی خۆتم بۆ بکەیت ئەویش مەرجەکانی جێ بەجێ کرد.

دواتر وتی:

من شار نشین بووم بەپیاسە هاتمە دەرەوە ڕێگەی (عەقیق)م گرتە بەر لە گەڵ براکانم دا. کچێکم بینی. کەنیزەکان دەوریان دابوو. دەتوت مانگی چواردەیە ئەستێران دەوریان داوە! بە سەرهاتی خۆم بۆ خزمێکم گێڕایەوە. ئەویش وتی:

بێخەم بە ئێستا سەرەتای بەهارە!! ئەم جارە گەرباران باری خۆمو خۆت؟ لە گەڵ خۆمدا وەرە دەرەوە بەئاواتی خۆت دەگەیت. دڵی هێوەر کردمەوە. چاوەڕوانم کرد تاکو بەفری شاخان توانەوە- ئەمجا لە کۆڕێکدا دیسان یەکمان گرتەوە. کە ڕوانیم کچان هاتن هەروەکو ڕەوی ماینی سرك! بە کچێکی خزمم وت:

لە بارەی داوا کردنیەوە قسەم لەگەڵیدا بۆ بکە. ئەویش چوو قسەی لەگەڵ کرد.

ئەویش وتی:

ئەم وەڵامە شیعرەی یدەوە
پەلەم لێ مەکە سا بەڵکو خواکا
دەرگای بەختیاری لە سەرمان واکا!

ئیدی بۆ ئەوەی خەڵکی پێمان نەزانێت بێدەنگ هەستامو ئەویش لە بەرم هەستا. ئەو شوێنەم جێ هێشت. ئیدی هەوڵم دەدا بیبینم. دواتر سکاڵام بۆ باوکم کرد ئەویش کەوتە کۆ کردنەوەی خزمان تاکو بچێتە داخوازی کچەکە. جارێکیان جەعفەری کوری یەحیا وەکو عادەتی جارانی کۆڕی گەرم کردبوو. هەمووجارێك دەبوو منیش لە کۆڕیدا گۆرانیم بوتایە کە چووم ئەو شیعرەی لاوەکەم وتەوە- زۆر پێی خۆش بوو. هەرچەند مەبەست بووبوو: کە چی لێی پرسیم:

نەگبەت ئەم شیعرە هی کێ یە؟ منیش لە نووکەوە بە سەرهاتی لاوەکەم بۆ گێڕایەوە. فەرمانی پێدام سواربەو برۆەو مژدەی بدەمێ کە وابزانێت کە بەناواتی خۆی گەیشتووە! لە گەل خۆم بیهێنم.

منش چووەو دۆزیمەوەو هێنام. جەعفەری کوڕی یەحیا بە سەرهاتەکەی پێ گێڕایەوە ئەمجا پێی وت:

ئێستا چارەسەری کێشەکەت لە ئەستۆی منە بێخەم بە. لاوەکەش لە لای ئێمە مایەوە. ڕۆژی دواتر جەعفەر سوار بوو بەرەو دیوەخانی هارونە رەشید. بە سەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە هارونە ڕەشید زۆر ئەو بەسەرهاتەی پێ سەیر بوو! فەرمانیدا هەموو ئەو کەسانەی ئەم بەسەرهاتەیان بینیوە لە دیوەخانی خەلیفە ئامادە ببنەوە سەر لەنوێ بەسەرهاتەکەیان بە لاوەکە گێڕایەوە و شیعرەکەشیان بە گۆرانی پێ وتەوە! ئەمجا هەر لەو کۆڕەدا ناردی بەشوێن باوکی دەزگیرانەکەی خاوەن شیعرداوکچەکەی لێ مارە کرد پاشەکی مارەی کچەکەش بە (١٠٠٠٠٠) دینار خەملێنراو هەر لە وێدا خەلیفە دای بە باوکی کچەکە. هارونە ڕەشید ئەو لاوەشی کرد بە هاوڕێی خۆیو هەمنشینی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٦٩٨

## بەسەرهاتی (ابی عامر)ی وەزیر لەگەڵ شاناسر

شەهرەزاد وتی:

دەگێرنەوە ئەی شا شەهرەیار داناو زانیار خاوەنی بڕیار کە هەرزەکارێك بەخشرابووبە (ابوعامر)ی کوڕی مەڕوان هێندە قۆزو جوان کەس لە ئەو جۆرەی نەدی بوو! وا ڕێکەوت ناسر ئەم کۆیلە هەرزەکارەی بینی. بەخاوەنەکەی وت:

ئەمەت لە کوێ بوو!؟ ئەویش وتی:

خوا پێی بەخشیوم! ئەویش وتی:

دەڵێی بە ئەشتێران هێرشمان بۆ دێنێو بەمانگان دەمان گریتا! خاوەنەکەی خێرا داوای لێ بووردنی لێ کرد. دواتر دیاریەکی دایە دەست کۆیلە هەرزەکارەکەو بە نامەیەکەوە ناردی بۆ ناسرشا. تێدا نوسی بوی "گەر زۆر بە ڕێز نەبوویتایە ڕێم بە خۆم نە دەدا دەست بەرداری ئەم کۆیلەیە ببم! ئەم دوو دێرە شیعرەشی تیا نووسی بوو

گەورەم ئەم مانگە لە ئاسۆتایە نەك زەوی هەربۆ ئاسۆ ڕەوایە

به تیله چاوێك كار ناچێتەسەر      رۆح فیدات دەكەم ئا بەو خوایە

ناسرشا ئەو دیاریو نامەیەی هێندە پێ نایاب بوو كە دریغی نەكرد لەو خەڵاتەی كە بۆی نارد. ئەمجا كەنیزەكێكی بە دیاری بۆ نارد. (ئەبوعامر). سەیری كەنیزەكەكەی كرد رووانی هەر زۆر شۆخو شەنگو نایابە!! بۆیە لەدڵی خۆیدا وتی:

بەخوا دەترسم رۆژێك بێت بە خەیاڵیداو ئەم ناسرشایە داوای ئەم كەنیزەكەم لێ بكاتەوە بۆیە ئەمجارە هەندێك خەڵاتی نەختینەی نایابی بە كەنیزەكەكەدا ناردەوە بۆ (ناسرشا) لەگەڵ نامەیەكدا كەئەم شیعرەی بۆ نووسی بوو

گەورەم ئەم (رۆژ)ەو (مانگ)ی تۆ جوانن      هەر خۆیان ریزی یەكتر دەزانن
لێكیان مارەكەو بچۆ بۆ سەیریان      تێدەگەیت ئەوان دوو رووی یەك نانن
لە جوانیدا قەت سێ یە میان نیە!      تاقانەی دنیاو كەس ناڵێت دوانن!

بەخوێندنەوەی ئەم شیعرە! ئەمەندەی تر لای ناسرشا مەزن بوو

كەسانی دەوروبەر لێناگەرێنو ئیدەیی بە (ئەبوعامر) دەبەن. بۆیە زۆر خراپ. لە لای (ناسرشا) بۆی تێ دەچێنن. (ناسرشا) بەناوی خزمەتكارێكەوە نامەیەكی بۆ دەنووسێت "گەورەم كە لەگەڵ تۆدا بووم بەتاقی تەنیا لە نازونیعمەت دا بووم! ئێستاش هەر چەند لە ماڵی پاشایشدام بەڵام هەر حەزدەكەم لە لای تۆ بم! من زۆر لە پاشا دەترسم بزانە بە هەر پیلانێك بێت نام گێرێتەوە بۆ لای خۆت!؟ " ئەم نامەیەی بە خزمەتكارەكەدا نارد بۆ (ئەبوعامر). ئەویش كە سەرنجی مناڵەی نامە هەڵگری دا رەنگی سور هەڵگەراوە! شتێك تێ گەیشت. بۆیە لە سەر پشتی نامەكە ئەم شیعرەی نووسی:

دوای ئا ئەو هەموو ئەزمونە تازە      پەنا دەبەیتە بەر ئەو فێڵبازە!
كەسێ نیم (سۆز)م زاڵ (ژیریم) بێت      بڵێن:خراپەو چەند بەد مەجازە
بلوایە روحم:خەڵات دەكردیت      تۆیش گومان دەبەیت تازە بە تازە!

كە (ناسرشا) ئەم بلیمەتی یەی لێ بینی سەری سورما! ئیدی گوێی لە دووزمانان نەدەگرت! ئەمجا ناسرشا پرسی:

لەم داوە چۆن رزگارت بوو؟ ئەویش وتی:

(چونكە دڵم بە شداری نەبوو! )

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# چـــیرۆکی ئەحمـــەد دەنەفوحەســـەن شـــومان لەگـــەڵ (زەینەب)ی دەستبڕ

شەهرەزاد وتی:

هەبوو نەبوو کەس لە خوا گەورەتر نەبوو کەس لە بەندەی درۆزن تێر نەبوو لە سەر دەمی خەلافەتی هارونـە رەشیدا پیاوێك هەبوو نـاوی (ئەحمەد دەنـەف) بـوو پیـاوێکی تـریش هـەبوو نـاوی (حەسـەن شـومان) بـوو ئـەم دووانـە زۆر فێڵبـازو ساختەچـی بـوون! کـردەوەی سـەیرو سـەمەرەیان کردبـوو هـەر بۆیـە خەلیفـە کردبـوونی بـە پێـشەنگ‌و سەرکردەی دەستە راستی سوپاکەی. هەروەها حەسـەن شومانیشی کردبووە سەرکردەی دەستە چەپی سوپاکەی هەریەکەو مانگانەکەی (١٠٠٠) دیناریی بۆ بڕیبوونەوە هەریەکەیان (٤٠) جەنگاوەری لە بەر دەستدا بوو. لە هێزی سوارەی پاسەوانی نیشتیمان ئـەو دوانـە بـە سواری لەگەڵ والی خالیـددا بـە شـاردا دەگـەڕان. جارچییان جاڕی یـان دەدا " کە ئەحمەد دەنەف" و "حەسەن شومان". سەرکردەی پۆلیسی نـاو شـارن! لـە شـاردا پیرەژنێك هـەبوو. ناوی (دەلیلە) بـوو. ئـەم پیرەژنـە کچێکی هـەبووناوی " زەینـەب دەسـتبڕ" بـوو! رۆژێکیـان زەینەب بە دەلیلەی دایکی وت:

"بڕوانە ئەو ئەحمەد دەنەفە لە (میسر) بە دەرکراوی گەیشتە ئێرە لە چەندین بواردا کاری کردوە، تاکو گەیشتە ئەم پلەو پێیەی. تـاکو ورده ورده گەیـشتە پلـەی بـاش لـە شـاری بەغدادا دواتر خۆی لە خەلیفە نزیك خستەوە!

حەسـەنە شومانی کەچـەڵیش. بـووە پێـشەنگ و سـەرکردەی لای چـەپی سـوپێی وڵاتـ! بەیانیان‌و نیوەڕوان سفرەیان پڕە! هەریە کەیشیان (١٠٠٠) دینار مانگانەیان بۆ بڕراوەتـەوە! کە (١٠٠٠) دینارە. ئێمەش وەکو دەستی سەگ لە ماڵەوە کەوتوین نـە پلـەو پێیـەمان هەیـە! نەکـەس لێمـان دەپرسـێت!! . کـاتی خـۆی مێـردی (دەلیلـە) پێـشەنگ بـوو. مانگانـەی لای خەلیفە کە بۆ بڕرابووەوە. (١٠٠٠) دیناربوو. کەمرد دووکچی لـە دوا بـەجێ مـا! کچێکیانی شووی کـردو کوڕێکی هـەبوو نـاوی (ئەحمـەد لقیـت) بـوو کچێکی تـری قـەیرە بـوو. نـاوی زەینەب دەستبڕ بوو. دەلیلە خۆشی فڕو فێڵاوی بـوو. فێڵی لـە مـار بکردایـە لـە کوون دەی هێنایـە دەرەوە! دەرسـی شـەیتانی دا دەدا مێردەکەشـی بـورج گـرەوە (ئەسـتێرەگرەوە)ی خەلیفە بوو. ئەمیش بەهەمان شێوە مانگانەکەی (١٠٠٠) دینـار بـوو. (کۆتر)ی (نامەبـەر)ی

له كۆشكی خەلیفەوە پەروەردە دەكرد كە باڵندەیەكی هێندەی كوڕێكی شیرینی خۆی خۆش دەویست. (زەینەب) بە دایكی وت:

هەستە هەندێك فڕو فێڵ بكە بە لكو ناوبانگ دەربكەین و مانگانەكەی باوكم زیندو بكەینەوە! دایكی وتی:

بە سەری تۆ فێڵ و پیلانی وا دەزانم زۆر بە هێزتر لە فێڵەكانی (احمددنف)و (حەسەن شومان)! ! هەر خێرا هەستایە سەر پێ و بە (پەچە) یەك رووی خۆی داپۆشی و بەرگێكی شرۆڵەی هەزارانەی پۆشی! حەوت جۆشێكی پڕ لە ئاوی سەر داپۆشراو بە (٣) دینارو (لفكە) یەك! تەزبیحێكی درێژی دەنك گەورە بە دەستەوە. ئاڵایەكی سوورو زەردی دابو بەسەر دەستی دا. هەر دەڕۆیشت و دەیوت:

(الله الله) بە زمان و لە دڵیشی دا پیلانی خراپی دادەنا! چووە دەرە وەو گەلێك ئەم كۆڵان و ئەو كۆڵانی كرد تاگەیشتە كۆڵانێكی پوختەی گسك دراو ئاوەڕشێن كراو بەمەڕ مەڕ خشت رێژ كرابوو. سەرنجی دا ماڵێكی تیایە دەروازەیەكی سەردەرگا گوومەزیی هەیە! كە لە مەڕ مەڕ كراوە. پیاوێكی مەغریبی دەرگاوانێتی. ماڵەكەش ماڵی (سەركردەی چاوەش)ە كانی حەلیفەیە كێلگە ۆ رەزو باخێكی فرەی هەیە! ناوی "حەسەنی بەلای رێگایە! ". بۆیە نازناوەكەی ئەمەیە چونكە پێش قسە كردن دەستی دەوەشان! بە خۆشەویستی كیژۆڵەیەكی مارە كردبوو. پێش گواستنەوەكەی سوێندی بۆ خواردبن كە هەرگیز ژنی بەسەر نەهێنێت! هیچ شەوێكیش لە شوێنانی تر نەنوێت! . جارێكیان كە دەچێتە دیوەخانی حوكمڕان دەبینێت هەروالی یەك هەرزەكارێكی بە دواوەیە! هەندێكیان (٢) هەرزەكاری پێیە! كە خۆی كرد بەگرماویشدا و سەیری سەرو ریشی كرد، بینی مووە سپییەكانی زاڵن بەسەر مووە رەشەكانی سەرو ریشیدا!! لە دڵی خۆیدا پرسی:

ئاخۆ ئەوەی باوكمی بردەوە بۆ خۆی كوڕێكم پێ نابەخشێت!؟ گەڕایەوە بۆ ماڵەوە بەدڵی تەنگ و تووڕە بوو. ژنەكەی پێی وت:

ئێوارەت باش ئەویش وتی:

ون بە لە بەرچاوم! لەوكاتەوەی تۆم هێناوە خێرم لە خۆم نەدیووە!! . ژنەش پرسی: بۆچی؟ ئەویش وتی:

ئەو شەوەی تۆم گواستەوە سوێندت دام كە ژنت بەسەر نەهێنم! ئەوەتا سەرنجم داوە هەر (والێ)یەك منالێكی خۆی یان دوو منالی بە دواوەیە! منیش بیرم لەوە دەكردەوە كە بمرم منالێكم لە شوێن بەجێ نامێنێت! هەر كەسێك كوڕێكی نەبێت ناوی كوێر دەبێتەوە! ئەوە تا تۆیش نەزۆكیت و سك ناكەیت! ژنەكەیشی وتی:

جا گوناهی من چییە داوودەرمان نەما بەكاری نەهێنم! ! پیاوەكە وتی:

لەم سەفەرەم گەڕامەوە ژنت بەسەر دێنم! . لە ژوورەکە هاتە دەرەوە.
سەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٧٠٠

## بەسەرهاتی "دایکی زەینەب"ی دەستبڕو ژنی باچاوەش

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار خاونی بڕیار. ژنی بارچاوەش دڵی شکاوەوە چووە بەر پەنجەرەیەك کە بەسەر کۆڵانیدا دەڕوانی. سەیری پیرەژنێك لە کۆڵانەکەدا بە تەزبێحەکەیەوە. دەڕوات! تومەز (دەلیله) بوو! دەلیلەش سەیری پەنجەرەکی کرد لە دڵی خۆیدا وتی:

"سەیری ئەو هەموو زێڕو زیوەی کە پێوەیەتی!!

دەلیله ئەم هەڵە لە دەست خۆت مەدە دەر ئازایت ئەوژنە ڕوت بکەرەوە ئەو هەموو زێڕو زیوەی ببە بۆخۆت تەنانەت بەرگە نایابەکانی بەریشی!! " ئەمجا هاتە بەردەم پەنجەرەکەو دەستی کردە زیکر کردن وتی:

" الله الله" ژنەی بارچاوەش کە سەرنجی پیرەژنە دەلیلەی دا سەرتاپا سپی پۆشیوە! لە کۆمەڵێ نووری خوایی دەچوو! پێی وابوو ئەمە (سۆفی)یە ژنانی ماڵەکانی بەرامبەر بەیەکتریان دەوت:

پەنا بەخوا لەم (وەلی) خوایە! نوور لە نێو چەوانی دەبارێت! ژنی حەسەن دەستی کردە گریانو بانگی کردە کەنیزەکێکو وتی:

بڕۆ خوارەوە دەرگا لەو پیرەژنە بکەرەوەو دەستی ماچ بکەو بیهێنە ژوورەوە با بەرەکەتی بە سەرماندا بڕژێنێت! . کەنیزەکە چووە دەرەوە و پێی وت:

خاتوونم دەڵێت با بێتە ژوورەوەو لە بەرەکەتی بێ بەش نەبین. کە ویستی لە دەروازەوە بچێتە ژوور دەرگاوان ویستی دەستی ماچ بکات پیرەژن لێی دوورکەوتەوەو وتی:

دوور بکەوە با دەستنوێژەکەم نەشکێ! لە سایەی پیاو چاکاندا بیتو خوا لەم دەرگاوانیەت ئازادت بکات باوکی عەلی. دەرگاوان خۆی پارەی (٣) مانگی لای بارچاوەش بوو. هەرنەی دەدایە! کە ئەمەشی لە پیرەژن بیست لێی پاڕایەوە قومێ ئاوی لە حەوتجۆشەکەی دەستی وەکو (تەبەڕك) بداتێ! دەلیلەی فێڵباز دەستی راوەشاند لفکەی سەر حەوتجۆشەکە

کەوتە خواوەوە بەدوایدتا هەر (٣) دینارەکەش کەوت! دەرگاوان بۆ پیرەژنـەی هەلگرتـەوەو پارەو لفکەکەی دایە دەست لە دڵی خۆیدا وتی:

پارە دەبارێت! بەڕاستی ئەمـە بەلگەیـە کـە ئـەم پـیرە ژنـە سۆفییە! ئـەم نهێنـی منـی درکاندو یەکسەر زانی پێویستم بە پارەیە! ئەمجا کە دەستی بۆ راگرتبوو وتی:

دایە ئەمانە بگرە پارەی خۆتن و داکەوتن. دەلیلە وتی:

من خۆم بە دنیاوە ماندوو ناکەم. هەڵی بگرە بۆ خۆت خۆ بارچاوەش پارەکەت ناداتەوە ئەمە لە بری ئەو برە قەرزە! دەرگاوان هاواری کرد:

پەنا بەخوا بەڕاستی نهێنی منی درکاندو "چاوی باتنی" هەیە! کە نیزەکە کـە بردییـە ژوور بۆ لای خاتوونەکەی. دەلیلە سەریر ژنی بارچاوەشی کرد لە دڵی خۆیدا وتی:

سەیر بکە هەر دەڵێی گەنجینەی زێڕەو تازە بە تازە تەوقی سیحرو تەڵسەمی لـە سـەر هەلگیراوە!! ژنی بار چاوش بەرەو پیری چوو دەستی ماچ کرد. دەلیلە وتی:

کچی خۆم راوێژەم پێکراوە ئەمجا هاتووم! ژنەکە سفرەی بۆ راخستو خواردنی بەردەمی خست. (دەلیلە) وتی:

دادەگیـان مـن لـە خـواردنی بەهەشـت نـەبێت نـاخۆم! سـاڵێك (٥) رۆژ بـە رۆژوو نـابم! ئەگەنا هەمیشە بەرۆژووم. بەلام خوشکێ! دەبینم زۆر دڵت تەنگە! خۆزگـە هۆیەکـەیت پـێ دەوتم! ژنە بارچاوەش وتی:

دایـەگیان شـەوێکیان مێردەکـەم سوێند دا کـە ژنـم بەسـەر نـەهێنێت! ئێستاش منـاڵم نابێتو نەزۆکم! ئەمرۆ تووڕە بوو بە دەم خەفەت خواردنەوە چووە دەرەوە! پێی وتم:

مەرج بێت لەم سەفەرەم گەڕامەوە ژنت بەسەر بێنم! . جا دایەگیان خەمی ئەوەمە کە ژنی بەسەر هێنام تەلاقم بدات چونکە زەوی وزارو رەزو باخێکی زۆری هەیەو دەوڵەمەندە! گەر لە ژنە نوییەکەی کوڕی هەبێت ئەوا من مایەو پووچو بە دەستی بـەتاڵ دێمـە دەرەوە! پیرەژنە مەکرباز وتی:

کچەکەم بۆچی تـۆ کوێریـت و خـوا نەکـەران هـیچ نابێـت پیرەکـەی مـن قـەرز لەسـەر قەرزداران لادەبات. نەزۆك بچێتە لای سکی پڕ دەبێت! ژنە بارچاوەش وتی:

دایـەگیان نـەرێ بـەخوا کـوێرم! هـەرگیز ناچـمە دەرەوە! تەنانـەت بـۆ تەعزیـەو بـۆ ئاهەنگیش!! پیرەژن وتی:

بێخەم بە خۆم دەتبەمە تەکییەی "پیری وەبەر هێن". بەلکو خوا بکات کە مێردەکەت لە سەفەرەکەی گەڕایەوە فریای ژن هێنان نەکەوێتو تۆ سکت پڕببێ! . ئیدی خوا کچی بۆ بەخشیت! یان کوڕ گرنگ نیە. بـەلام دوایـی دەبێت ببیتـە دەروێشی ئـەو (وەلی)یـە. ژنـی

بارچاوەش هەستاو چوو خۆی گۆڕیو بەرگی نایابی لە بەر کردو زێڕو زیوەکانی لە خۆی دا ئەمجا بە کەنیزەکەکەی وت:

چاوێکت لەماڵەکە بێت ئەویش وتی:

بە چاوان ئەمجا لەگەڵ پیرەژنەدا ڕۆیشتن. تاگەیشتنە لای "ابوعلی" دەرگاوان دەرگاوان پرسی:

خاتوونەکەم بۆ کوێ دەچن؟ ژنە بارچاوەش وتی:

دەچین بۆ زیارەتی تەکیەی(وەبەرهێن)! دەرگاوان وتی:

بە خوا دەبێت منیش (١) ساڵ بەرۆژو بم دەزانی ئەم پیرەژنە (وەلی) خوایە!؟ دەزانی خاتوونەکەم شتیشی بۆ دەکرێت!؟ هەندێ نهێنی درکانم! (٣) دیناریشی بۆ باری کە زێڕی سوور بوونو پێشکەشی منی کردو خێرا زانی کە هەژارمو پیوستیم بە پارەیە!! .

دەلیلەو ژنی حەسەنی بەلای سەرە ڕێ. ڕۆیشتن. دەلیلە بە ژنەی وت:

"پشت بە خوا هەرکە زیارەتی "پیری وەبەرهێن" ت کرد. سکت دەبێت ئیتر مێردەکەیشت خۆشی دەوێت چونکە ئەم پیرە زۆر بە بەرەکەتەو دەمو نفوسی باشە! "

ژنە وتی:

بەخوا وا دەچین بزانین چۆن دەبێت!؟ .

پیرەژنە دەلیلەش لە دڵی خۆیدا وتی:

(جا باشە چۆن ئەم ژنە روت بکەمەوە لەم سەرە ڕێی هاتوو چۆیەدا!؟ . رووی کردە ژنە بارچاوەشو وتی:

من دەرۆمو تۆ شوێنم بکەوە چونکە ئەو ژنانەی منالیان لە بار دەچێت. ڕوودەکەنە من! ئەوانەشی (نەزر)دەکەن دێن دەستم ماچ دەکەنو نەزرەکەیان دەدەن بە من تاکو بۆیان جێ بە جێ بکەن!! . کیژە ناسكو جوانەکە شوێنی کەوت. پیرەژن دەرۆیشت. ئەویش بە دوایەوە. تاکو گەیشتنە بازاڕ ی بازرگانان. ژنە بارچاوەش دڕۆیشتو پاوانە زێڕینەکانی دەزرنگایەوە. ڕۆیشتن تاکو گەیشتن بەردەم دوکانی (سەی حەسەن).

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ۷۰۱

# چیرۆکی دایکی زەینەبە دەستبڕو کوڕە بازرگانو خومچی یەکە

شەهرەزاد وتی:

لە بەردوکانەکەدا پیرەژن چاوێکی لە ژنە بارچاوەش داگرتو وتی:

ئا لە بەر ئەم دوکانە دابنیشە ئێستا دێمەوە. کوڕە بازرگانی دوکاندار. کەسەیری ئەو جوانیەی کرد ئاخێکی بۆ هەڵکێشاو- پیرەژنە چووە لایو پرسی:

تۆ سەی حەسەنی کوڕی موحسینی بازرگانیت؟ کوڕەش وتی:

بەڵێ بەڵام چۆن ناوی من دەزانیت؟ پیرەژن وتی:

خێر خوایەك پێی وتووم. ئەوەی دانیشتوە کچی منە. باوکی بازرگانێکی زۆر دەوڵەمەند بوو مردماڵو سامانێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتووە! ژیرەکان وتوویانە بگەڕێ بە شوێن مێرددا بۆ کچەکەتو مەگەڕێ بە شوێن کچدا بۆ کوڕەکەت مارەی بکات! ئەمڕۆ نەبێت ئەم کچە دەرەوەی نەبینیوە! منیش دەمەوێت لە تۆی مارە بکەم! هەزار بیت دەوڵەمەندت دەکەم! لە بری (دوکان)ێك دوانت بۆ دەکرم! کوڕەش لە دڵی خۆیدا وتی:

هەمیشە دەپارامەوە بووك بهێنم! ئەوا ئێستا بووكو جوانیو دەوڵەمەندیم هاتووەتە بەر دەست! سەی حەسەن وتی:

چاکت کرد کەمنت هەڵبژارد بۆ کچەکەت هەمیشە دایکم پێم دەڵێت: کوڕە شیرینەکەم ژن بهێنە. منیش دەڵێم:

تاکو کچەکە بە چاوی خۆم نەبینم و بە دڵم نەبێت نای هێنم! ئەمجا پیرەژن وتی:

هەستە با هەر ئێستا پیشانت بدەم. کوڕە هەستاو (۱۰۰۰) دیناری خستە گیرفانیو شوێنی کەوت. لە دڵی خۆیدا وتی:

رەنگە بۆ مارە برین پێویستم بەم پارەیە بێت. یا داوابکات شتی بۆ بکرم. پیرەژن وتی:

دوور بە دوور شوێنم بکەوە. با نەزانێت کە سەیری دەکەیت. لە دڵی خۆشیدا وتی:

دەرناچن لە دەستم بە خوا دەبێت تۆشو ژنە بارچاوەش روت بکەمەوە!؟ ئەمجا ئیشارەتی ژنەکەی کردو شوێنی کەوت. (سەی حەسەن)یش بە دوایانەوە. رۆیشتن تاکو گەیشتنە بەردەم دوکانی (خومخانە)یەك. کە پیاوێك کاری تیا دەکرد ناوی حاجی مەحەمەد بوو. حاجی کە گوێی لە زرنگە پاوانەکانی ژنە بارچاوەش بوو. ژنەو کوڕە بازرگانی بینی. هێندەشی زانی پیرەژنێك لای دانیشتو سلاوی لێ کرد. ئەمجا لێی پرسی:

تۆ حاجی موحەممەدی خومچیت!؟ ئەویش وتی:

بەڵێ ئەوم چیت لێم دەوێت!؟ خێر خوایەك منی ناردۆتە لای تۆ هەروا سەیر بکە ئەوەیان کچمەو ئەویتر کوڕمە بە دەستی خۆم بەخێوم کردون. سامانێکی زۆرم تێدا خەرج کردون. بە دارو پەردو خانوێکم پێکەوە نابوو. بەنایەك پێی وتم:

نەنەگیان ئەم کۆختەیە چۆڵ بکە با نەروخێت بە سەرتا. کە دەستێکت پیا هێناو چاکت کردەوە ئەو کاتە بچۆوە ناوی. منیش بۆ شوێنێك دەگەڕام. کە بگوێزمەوە ناوی تاکو خوا دەرویەکم لێ دەکاتەوە ئیدی ئەوەبوو. خێرخوایەك ناو بانگی تۆی بۆ هەڵدام. جا داوات لێ دەگەم بەڵکو جێی ی ئەو کوڕو کچەم بکەیتەوە. تا ئەو کوختەیە چاك دەکەمەوە حاجی خومچی لەدڵی خۆیدا وتی:

"نانم کەوتۆتە ڕۆنەوە". حاجی خومچی وتی:

بە لێ خانووی چۆڵم هەیە بەڵام نایدەم بە لادێیو خاوەن ئاژەڵ. دەلیلە وتی:

کوڕی خۆم ئێمە بۆ مانگێك ئەو پەڕی (٢) مانگ تێیدا دەمێنینەوە تاکو ئەو خانوە تەعمیر دەکەینەوە کە تەواو بوو دەچینەوە ناوی. کوڕەکەم گەر میوانداریش بیت ئەوا ماڵ ماڵی خوتە میوانەکانیش ڕێز دەگرین حاجی موحەممەدی خومچی کلیلێکی گەورەو کلیلێکی بچوکی دایە پیرەژن وتی:

گەورەکەیان هی خانووەکەیەو خوارەکەشی کلیلی هۆڵەکەیە کە وەری گرت چووە ژوور ژنەکەی بارچاوەش بە دوایداو سەی حەسەنیش بە دوایاندا دەرگای هۆڵەکەی کردەوەو وتی:

کچە شیرینەکەم ئەمە شوێنی پیرەی وەبەرهێنە! بڕۆ دابنیشەو خۆت بکەرەوە تاکو دەگەڕێمەوە لات! ژنەکە چووە ژوور.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٠٢

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا کوڕە بازرگان هاتو پیرەژن پێشوازی کردو پێی وت:

بە قوربانی سەرت بم بڕۆ لەو هۆڵە چاوەڕێ بکە ئێستا کچەکەم دەهێنم. ئەو چووە هۆڵەکە پیرە ژنەش چووە لای ژنی بارچاوەش ژنە پێی وت:

زۆر حەز دەکەم پیرەی وەبەر هێن ببینم پێش ئەوەی ئێرە قەرەباڵغ ببێت. پیرە ژنە وتی:

کچە شیرینەکەم ترسی تۆمە! ژنە وتی:

لە چی دەترسیت!؟ کوڕێکی گێلی لێ یە دەم راستی پیرەی وەبەرهێنە! هاوین و زستان لێك جوێ ناکاتەوە. ئەم لاوە هێرە کە کچێکی وەکو تۆ منالّ و ناسك دێت بۆ خزمەتی شێخ دەکەوێتە ئیشارەت و گوێ خوراندن و دەم جولاندن! جاری وا هەیە یەخەی خوی بۆی دادەڕێ! تۆیش هەرچی زێڕو ئالتون و زیو مرواری هەیە بیخە سەر پۆشەکەت و بیدە بەمن نەبادا بیدزن یان ون ببێت کچە شیرینەکەم! کە زیارەتەکەت تەواو بوو. دەتدەمەوە. ژنە بار چاوەش هەموو پارچە ئالتونەکانی خستە دەسرۆکەیەکەیە. دایە دەست (دەلیلە). ئەویش وتی:

ئەمانە دەخەمە سەر رانی پیری وەبەرهێن تاکو بەرەکەتاوی ببن. رۆیشت و لە ژێر پلیکانەکاندا شاردیەوە ئەمجا چووەوە بۆلای سەی حەسەن). ئەویش بە پیرێژنەکەی وت:

کوا کچەکەت تاکو بیبینم!؟ پیرەژن دای بە سنگی خۆیدا! کوڕ پرسی:

ئەوە چی یە؟ پیرەژنە دەلیلە) وتی:

بەو خوایە کوڕەکەم دەرو دراوسێ پرسیان:

ئەم لاوە قۆزە چی دەکات لە مالّی ئێوە. وتم:

ئەوە زاوامە! کچەکەی خۆمم پێداوە! حەسودیان پێ بردم. لە کچەکەمیان پرسی:

بۆچی دایکت هێندە بە بەخێو کردنتەوە ماندوو بووە؟ تاکو خۆی بە شوت بداتا؟ نەخوازولا کوڕێکی گەڕیش!! منیش سوێندم بۆ خوارد تاکو نەتبینێت شوت پێ ناکاتا کوڕەش وتی:

"حەسودان بە لەعنەت بن! " هەردوو مەچەکی تا ئانیشکی هەلّمالّی دەتوت زیوی بریسکە دارن! ئەمجا وتی:

با بێت مەچەکەکانم ببینێتا منیش وتم:

جلە کانی تریشت لابە ئەویش تەنیا دەرپێ کورتێکی هێشتەوە لە بەریدا! پیرەژنە بە (١٠٠٠) دینارەکەوە جل و بەرگەکەی بردو وتی:

لە شوێنێکی باشدا بۆت هەلّدەگرم. ئەم بەرگانەشی بردو لە سەر زێڕو زیوەکەی ژنە بارچاوەش دانا ئەمجا هەموو شتەکانی هەردوکیانی خستە بووخچەیەکەوە لێی داو دەرگای لەسەر داخست و رۆیشت. کە هاتە خوارەوە چووە لای کابرای خومچی سەیری کرد چاوەڕوانی دەکاتا کە بینی وتی:

پیرەژن خوا بکا بالّەخانەکەیان بە دل بوبێت. دەلیلە وتی:

خێری پێوە بێت. ئەوە بە نیازم بچم حەمالّ بگرم تاکو شت و مەکەکەمی پێ بگوێزمەوە ئێرە! منالّەکان وتیان:

چێشتمان بۆ بهێنە بە گۆشتەوە. حاجی گیان ئەوە (١) دینار بیگرەو برۆ خێری خۆت خوارنێکیان بۆ ئامادە بکە بە گۆشتەوە! خۆیشت بچۆ سەرەوە لەگەڵیان بخۆ! حاجی مەحەممەدی خومچی پرسی:

ئەی کێ ئاگای لە خومخانەکەم بێت؟ ئاخر بەرگی خەڵکی تیایە!؟ پیرەژن وتی:

خوشکی خۆت!! هەستاو چوو بەلای قاپو قاچاغوتەباخەوە. تاکو خواردن دروست بکات.

شەهرەزاد هەستی کردشەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٠٣

شەهرەزاد وتی:

لەو لایشەوە پیرەژنە دەلیلە کوڕی خومچی بانگ کردو وتی:

برۆ بۆ لای باوکت تا نەگەڕێتەوە ئێرە بە جێی ناهێڵم. ئەمجا چوو حەماڵێکی بانگ کرد پێی وت:

برۆ کەرەکەت ئامادە بکە ئەم کوڕەم خاوەن قەرزەکان کردوویانەتە سەری. منیش بۆ ئەوەی نەگیرێت لە پۆلیسخانە شتو مەکەکانی لە کەرەکەی تۆ باردەکەمو دەی دەمەوە بۆ خاوەن قەرزەکان. حەماڵیش کە ماوەیەکی زۆر کاری نەکردبوو. سوپاسی خوای کرد. پیرە ژنەش دینارێکی دایە دەستو وتی:

جارێ ئەمە بگرە. بەو شێوەیە هەمووشتە بە نرخەکانی خومخانەکەی کۆ کردەوەو بردی بۆ خۆی! دوای ئەوەی جاجمێکی دا بە سەر باری کەرەکەدا بردیەوە بۆ ماڵی خۆیان. زەینەبی کچەڵێی پرسی:

ها چیت کرد؟ دایکی وتی:

هەر مەپرسە!؟ دەستی چوار کەسم پێکەوە بڕیوە! ژنی بارچاوەشو کوڕە بازرگانو حاجی موحەممەد ی خومچی وحەماڵی خاوەن کەرەکە. ئێستاش هەموو شتەکانم بە کەرەکە هێنایەوە! کچەکەشی وتی:

باشە دایە گیان کەس نەمابوو لە شارەکەدا روتی بکەیتەوە ژنی بارچاوەشی پۆلیس نەبێت!؟ یان پارەی ئەو کوڕە بازرگانە نەبێت. یان شتومەکی (خومخانە)ی خومچی. یان کەرەوان!!

دایکی وتی:

ئـای کـچەکەم ترسـی کەسـیانم نیـە کەرەوانەکـە نـەبێت! چـونکە ئـەو حەماڵـە دەمناسێتەوە! لەو لایشەوە کابرای خومچی چێشتو گۆشتەکەی دا بەخزمەتکارێکو خستی یە سەر سەریو بەرەو خومخانە. کە چووە ژوورەوە سەرەنجی دا کابرای حـەماڵ خـەریکی شکاندنی سندوقی ناو خومخانەکەیەو چەند کونو کە لە بەری خستووەتە سندوقەکانەوە! یەك جلو بەرگ قوماشی خومکراو نەماوە! کە رەوانـی چووە بـەردەمی حـاجی خومـچیو وتی:

سوپاس بۆ خوا کە سەلامەتیتو هیچت لێ نـەهاتووە! دڵم هـەر لای تـۆ بـوو! حـاجی خومچی پرسی:

ئەم دوکانە بۆچی روت کراوەتەوە و هیچی تیا نەماوە؟ حەماڵەکە وتی:

پۆلیس نووسراوی کردوتیە سەرو دەستی بە سەر خومخانەکەتـدا گرتـووە بـە بیـانووی ئەوەی کە گوایە ئیفلاست کردووە! قەرزاریت! حاجی خومچی پرسی:

کێ ئەمەی پێ وتیت!؟ ئەویش وتی:

دایکت! هـەر ئـەویش فـەرمانی بـە مـن دا کـە ئـەو سندوقوشـتانە بـشکێنم! لـە ترسـی ئەوەی کە لیژنەی پشکنەر هاتن نەڵێن: شتی بە نرخی تیایەو دەست بەسـەر خومخانەکەدا بگرن. ئەویش تووڕەبوو وتی:

خەجاڵـەت بـن زۆر دەمێکـە دایکـم مـردووە! ئـەمجا حـاجی بـە هـەردوو دەسـتی دای بەسەری خۆیداو وتی:

هاوار بەماڵم کە ئاوا: جلوبەرگی خەڵکەکەیان برد جا چۆن وەڵامـی ئـەو خەڵکەم بۆ دەدرێتەوە!؟ لەو لایشەوە- لە خۆی دەداو دەیوت: باوکە رۆ کەرەکەم تیاچوو جا ئـیتر چۆن حەماڵی بکەم!؟ ئەمجا خومچی یە خەی حەماڵەکەی گرتو بەر مشتە کۆڵەی داو وتی:

برۆ کەرەکەم بۆ بێنەوە! خەڵکێکی زۆریان لێ کۆ بووەوە. یەکێکیان پرسی:

ئەرێ وەستا مەحەمەد چی روویداوە!؟ حوماڵی کەرەوان وتی:

بـا مـن بەسـەرهاتەکەتان بـۆ بگێڕمـەوە. ئـەمجا لـە نووکـەوە کەوتـە گێڕاننـەوەی بـۆ خەڵکەکە وتی:

پێم وابوو سوپاسم دەکات کە ئەم شتومەکانەی دوکانەکەیم شکاندووە! کەچی کێشای بەسەری خۆیداو وتی:

زۆر دەمێکە دایکم مردووە! جا. ئێستا منیش داوای کەرەکەمی لـێ دەکـەم. چونکە بـە هۆی دوکانی حاجیەوە کەرەکەم ون بوو. خەڵکەکە وتیان:

حاجی گیان دیاره تۆ ئەو پیرە ژنە باش دەناسیت ئەگەرنا چۆن متمانەت پێ کردو خوومخانەکەت خستە ژێردەستی یەوە! حاجیش وتی:

بەو خوایە خەڵکینە نای ناسم! ئەوەندە نەبێت هەر ئەمرۆ باڵە خانەکەم بە کرێ دایە- خۆیو کوڕێکیو کچێکی تێیدان. یەکێکی دی هەڵیدا ئۆباڵتان بە ملم. کەرەکە وا لە ملی حاجی دایە! وتیان:

بەچ حەقێك؟ وتی:

چونکە ئەم حەماڵە داماوە بینیویوتی ئەم پیرەژنە هێندەی متمانەی حاجی خەمچی هەبووە دوکانێکی خستووەتە ژێر دەست! ئیتر ئەم داماوەش لە دڵی خۆیدا وتوویەتی جا کەرێك چی یە!!؟

یەکێکی تر وتی:

حاجی تۆ مادام باڵەخانەیەکت بە کرێ داوە بە ئەو پیرەژنە گۆڕ وایە پارەی کەرەکەی ئەم حەماڵە داماوە بدەیت! لەو لایشەوە (سەی حەسەن)ی کوڕە بازرگان هەر چاوەڕێی بوو کچی پیە ژنە ببینێت! هەر دیار نەبوو!! ژنی بارچاوەشیش چاوەڕێی کوڕە هێرەی مامە شێخی وەبەرهێن بوو. ژنە هەستا بچێتە زیارەت. کوڕە بازرگان پێی وت:

وەرە بزانم دایکت لە کوێ یە با بێت لە منت مارە بکات؟ ژنە بارچاوەش وتی:

دایکم زۆر دەمێکە مردووە! وەرە تۆیش پێم بڵێ تۆ کوڕە هێرو گێلەکەی مامە پیرەی وەبەرهێن نیت؟ ئەمجا سەی حەسەن وتی:

ئەو پیرەژنە دەرکەوت کە دەستبڕە! فێڵی لە من کردو بەرگە کانمو (١٠٠٠) دیناریشی بردوم! ژنە بارچاوەشیش وتی:

کەواتە ئاڵتوونو زێڕەکانی منیشی دزیو ڕۆیشت. کوڕە بازرگان وتی:

ئەو(١٠٠٠) دینارەو بەرگەکانم لە تۆ دەوێتەوە بڕۆ دایکت بهێنە. حاجی خومچی کە خۆی کرد بە ژووردا ڕوانی ژنەو کوڕە هەردووکیان ڕوتن!! هاواری کرد:

پێم بڵێن دایکتان لە کوێ یە!؟ بەرگی بۆ هێناونو ئەمجا هەر یەکەو بە سەر هاتی خۆی بۆ حاجی گێڕایەوە. ئەمجا حاجی موحەممەدی خومچی هاواری لێ هەستایەوەو وتی:

هاوار بەماڵم چی وەڵامێکی ئەو خەڵکە خاوەن جلو بەرگ دزراوە بدەمەوە!؟ حەماڵەکەش وتی:

باوکە ڕۆ جا من چی بکەم کەرەکەم دزرا!! کابرای خومچی لەتۆم دەوێتەوە! خومچی وتی:

تاوانبار پیرەژنە دەستبڕە کەیە دەبێت یەخەی ئەو بگریت! کوڕە بازرگانیش وتی:

زۆر عەیبە بۆ تۆ کە ئێمە پۆشتەو پەرداخ هاتینە ماڵەکەت ئێستاش بە روتو رەجاڵی بێینە دەرەوە حاجی ناردی جلو بەرگی هەردوکیانی هێناو پۆشتەی کردنەوەو رەوانەی کردن حاجی موحەمەدی خومچی بەکورە بازرگانی وت:

پیاوی چاك بكە یارمەتیم بدە با بگەڕێین بە شوێن ئەو پیرەژنە دەستبڕە دا. کەرەوانی (حەماڵ)یش شوێنیان کەوت. لە ڕێگا بڕیاریان دا هەر دۆزیانەوە بیبەن بیدەنە دەست والی بۆیە چوون بۆ لای والی. ئەویش لێی پرسین چیتان دەوێت؟ ئەوانیش هەرچیەکیان بەسەر هاتبوو بۆیان گێڕایەوە. (والی)یش وتی:

"شار پڕە لە پیرەژن! بۆمان نا دۆزرێتەوە! ئێوە بیگرن یان شوێنی دەست نیشان بکەن"

ئەوانیش هاتنە دەرو کەوتنە گەڕان بە شوێنی دا!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٠٤

بەسەرهاتی دایکی زەینەبی دەستبڕو کوڕی شابەندەری بازرگانو جوولەکەکە

شەهرەزادوتی:

پیرەژنە دەلیلەی پیلان گێڕ بە زەینەبی کچی وت:

(کچە شیرینەکەم دەمەوێت ببم بە (کارەکەر). کچەکەی وتی:

دایە گیان ئەوە کارێکی گرانە! دایکی وتی:

بە راستتە!؟ کچەکەم من وەکو دەنکە (پاقلە)ی نەکڵۆك وام. چەند بخرێمە ناوەوە ناخوسێم! هەستاو بەرگی کارەکەرانەی ماڵە دەوڵە مەندانەی لە بەر کردو کەوتە گەڕان بۆ دۆزینەوەی کار گەیشتە کۆڵانێك روانی فانۆسێکی زۆر داگیرساوە فەرش بەرێوە راخراوە دەنگی تەپڵو دەف دەبیسرێ! کچێکی بینی منداڵێکی بەسەر شانەوە بوو بەرگی جوانی لە بەرکرابوو. نەخشی زێرینی تیا چنرابوو. کڵاو فووچێکی لە سەر نرابوو. کە گۆی مرواری تێکرابوو. ئەو منداڵە کورە زریزەیەکی زێڕینی لە مل دابوو. کۆڵوانەیەك بە سەر شانەکانیدا درابوو. کە قەیفەبوو ماڵەکە ماڵی شابەندەری بازرگانی بەغدایی بوو. ئەو ڕۆژە خانووەکەیان (سواغ) دەدا. ئیدی خانووەکە تەواو دەبوو. شابەندەر نۆبەرەکەی کچێك بوو. مارە بڕرابوو. دایکی یان کەمەڵێك ژنو کەنیزەکی لە دەور بوو. کە دەهاتو دەچوو منداڵەکە بە شووێنی دا دەگریا. دایکە کەنیزەکێکی بانگ کردو وتی:

ئەو منداڵە بگرەو برۆ بیلاوێنە تاکو میوانەکان بەڕێ دەکەم. پیرەژن چووە لایەوەو وتی:

ئەم ئاهەنگە بۆچی دەگێرن!؟ کەنیزەکەکەوتی:

ئاهەنگی مارە برینی کچی خاتوونەکەمە ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

(دەلیلە ئەو منداڵە لەو کەنیزەکە وەرنـەگریت بـە کارەکـەرت دانـانێم! ) ئـەمجا پارچە پارەیەکی زەردی دەرهێنا کەنیزەکەش نەزان بوو. بانگی کردو وتی:

برۆ ئەم دینارە بدە بە خاتوونەکەتو بڵێ: دایکی خێر سڵاوت لێ دەکاتو ئەم دینارەی بۆ کچەکەت ناردووە. دوای کەمێکی دی خۆیو کچانی دێن! کەنیزەکەکە وتی:

(نەنەگیان ئاخر ئەم منداڵە کە دایکی دەبینێت بۆی دەگری! ). پیرەژنەش وتی:

منداڵە بدە بەمن تاکو دێتەوە! کەنیزەکە بەقسەی کردو رۆیشت. پیرەژنەی پیلان گێـڕ منداڵەکەی بردو هەر چی زێڕو زیوە پێوە بوو لێیی کـردەوە منداڵەکەی بردورۆیـشت بـەرەو گوزەری زێرینگەران. چاوی بە دوکانی زێڕەکاندا گێڕا ئەمجا لە دڵی خۆیدا وتی:

واچاکە ئەم منداڵە ببەم بـە بارمتـە لای ئـەم جولەکـە زێڕینگـەرە دابنـێم ملوانکەیـەکی زێڕی (١٠٠٠) دیناری پێ ببەم بۆ خۆم! زێڕینگـەرە جوولەکـەش کـە سـەرەنجی منداڵەکـەی دا بەشانی پیرەژنەوە زووناسی یی‌وە ئەو کوڕی شابەندەری بازرگانە ئەم جولەکـە زێڕینگـەرە هێندە چاو چنۆك بوو بە غیلی بەو دراوسێ دوکانەی دەبردکە زێـڕی دەفرۆشـت! زۆریـش دەوڵەمەند بوو. کە پیرەژن چووە دوکانەکەیەوە جوولەکەلێی پرسی:

فەرموو چیت دەوێـت!؟ پیرەژنـەش زوتـر نـاوی جوولەکەکـەی لـە دراوسێ دوکانەکـەی پرسی بوو. بۆیە پرسی:

(تۆ وەستاعەزرەی جوولەکەیت!؟ ) ئەویش وتی:

بەڵێ. ئەمجا پیرەژن وتی:

خوشکی ئەم منداڵەی پێمە کچی شابەندەری بازرگانە. ئەمرۆ ئاهـەنگی (مـارەبرین)یێتـی ئێستاش پیویستی بە چەند پارچە زێـڕ هەیـە بـەڵکو (٢) پاوانـەی زێـڕو (٢) تـاك بـازنـگو ئەڵقەیەکی مـرواری و ئەڵقەیـەکی زێـڕم بـدەیتێ بـایی (١٠٠٠) دینارێـك زیـڕی لێ وەرگـرت. ئەمجا وتی:

(وەسـتاگیان ئـەم زێڕانـە دەبەمـەوە بۆیـان هەرچـیەکیان بـە دڵ بـوو. هـەڵی دەگـرنو پارەکەیم دەدەنێ تاکو بیدەم بە ئێوە ئەوەی تری دێنمەوە. جا ئەم منداڵە بە بارمتە لای تـۆ دادەنێم تاکو پارەی زێڕەکانت بۆ دێنمەوە! ) جوولەکەکە وتی:

زۆر باشە. زێڕەکانی بـردو رۆیشتەوە بۆ مـاڵی خۆیـان. دوای حەوانـەوە زەینـەبی کـچی پرسی:

چیت دەست کەوت لە کارەکەرێنی!؟ پیرەژنە دەلیلە وتی:

(پیلانێکم گێڕا کوڕی شابەندەری بازرگانی بەغدام ڕوت کردەوە. ئەمجا منالە کەیشم بە بارمتەی (١٠٠٠) دینارێك لە لای جوولەکەیەکی زێڕینگەردانا! کچەکەی کە ئەمەی لە دایکی بیست وتی:

کەوابوو ئیدی ناوێریت خۆت لە شاردا دەربخەیت! . لەولایشەوە کەنیزەکەکە چووە لای ژنی شابەندەر وتی:

خاتوون دایکی خەیریە سڵاوت لێ دەکات. دڵخۆشە بە دڵخۆشیتان ڕۆژی گواستنەوەی کچەکەت دێنو دیاری تری بۆ دێنن! . ژنی شابەندەر پرسی:

(ئەی منالەکەی دام بە تۆ پێت بێت کوا!؟ ). کەنیزەکەکە وتی:

لە بەر ئەوەی کوڕەکەت بۆت نەگری لای پیرەژنەکە دامناوە کە ئەم پارەیەی ناردوە! ئەمجا دەستی برد پارەزێڕەکەی دایە دەست گەورە گۆرانی بێژی ئاهەنگەکە! کە دایکی منالەکە زەردە مسینەکەی بینی! وتی:

قەحبە بچۆ منالەکەم بۆ بێنە!! . کەنیزەکەکە بەپەلە گەڕایەوە ئەو شوێنەی تێیدا منالەکەی دابوو بەپیرەژنەکە سەرنجی دا نەپیرەژن ونە منالەکە دیار نین!! ئەمجا زریکاندی حۆشیان لێ بوو بە ناخۆشی! شابەندەری مێردی ژنە پەیدا بوو کە پرسی:

ژنەکەی هەمووشتەکەی بۆ گێڕایەوە ئەمجا هەموودەستیان کرد بە گەڕان – تاکو شابەندەر کوڕەکەی لای زێڕنگەرە جوولەکەکە دۆزیەوە سەیری کردهەموو زێڕەکانی لێ کراوەتەوە! شابەندەری بازرگان لە خۆشی ئەوەی کوڕەکەی دۆزیوەتەوە هەر نەی پرسی:

کوا زێڕەکانی ئەم منالە!!؟ کە خەریك بوو منالەکە بەرێتە دەرەوە لە دووکانەکە جوولوکەکە وتی:

خوایە سکاڵام نەگاتە بەر دەم خەلیفە!! شابەندەر پرسی:

ئەمە چی دەگەیەنێت جوولەکە؟ ئەویش وتی:

ئاخر قوربان ئەو پیرەژنە بایی (١٠٠٠) دینارێك پاوانەو بازنگو زنجیری زێڕی بردو ئەم منالەی بە بارمتە لای من دانا! گوایە پارەکەم بۆ دێنێتو منالەکە دەباتا! گەر ئەم زانیبا ئەمە منالی تۆیە بە بارمتە وەرم نەدەگرت. بازرگانەکە وتی:

(کچەکەم پێویستی بە زێڕو زیوی تۆ نیە!! هەر ئێستا ئەو زێڕو زیوەم بدەوە کە بەم منالەوە بووەو ئێستالێی داماڵدراوە! . ئەمجا جوولەکە قیژاندیو وتی:

موسڵمانینە فریام بکەون خاوەن (کەر)ی حەماڵ وحاجی موحەممەدی خوومچی پەیدا بوون، هاتنە قەرەباڵغی یەکەوەو بە دەم گەڕانەوە بۆ پیرەژنە (دەلیلە) لێیان پرسین:

ئەم دەنگە دەنگەتان لە چی یە!؟ ئەوانیش بەسەرهاتی خۆیان بۆ گێڕایەوە حاجی خومچی وتی:

کوڕینە ئەو پیرەژنە دەستبڕە دەستبڕ!! با بە شوێن ئەودا بگەڕێین! شابەندەری بازرگان وتی:

مادام منالەکەم بە سەلامەتی دەست کەوتۆتەوە ڤیروسیا با زێڕو زیوەکەش نەدۆزمەوە! بەقوربانی خۆی بێت. جوولەکەی زێڕنگەریش لەو سیانەی پرسی:

ئێستا ئێوە بۆ کوێ دەچن!؟ وتیان:

بەڕاستی ئێمە بە شوێن پیرەژنەدا دەگەڕێین. ئەویش وتی:

کەوابو منیش لەگەڵ خۆتان ببەن. ئەمجا پرسی:

باشە کەستان پیرەژنەکە دەناسێتەوە؟ حەماڵی خاوەن کەر وتی:

بەڵێ من دەیناسمەوە ئەمجا جوولەکە پیلانی گەڕانی بەم شێوەیە بۆ دوانەکەی تر دانا ئەگەر هەر سێکمان پێکەوە بۆی بگەڕێین پێمان دەزانێت و لە دەستمان هەڵدێتا وەرن باهەریەکەمان بە جیا بۆی بگەڕێین. سەرتاشخانەکەی حاجی مەسعودی مەغریبی بەناوبانگ دەکەینە جێ ژووان زوو زوو لەو دوکانەدا یەکتری دەبینین.

شەهرەزاد هەستی کردشەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٠٥

بەسەرهاتی دایکی زەینەبی دەستبڕو حەماڵی کەرەوان و سەرتاشی مەغریبی شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار پادشای بەختیار. ئەو سیانە هەریەکەو بە لایەکدا کەوتنە گەڕان بە دوای دایکی زەینەبی دەستبڕدا. لەو لایشەوە. دایکی زەینەب دەگەڕا بۆ جێ بەجێ کردنی پیلانێکی تر هەر هێندەی زانی یەخەی گیرا کەرەوانی حەماڵ وتی:

ئەوە سەر ئاسنینە لە کوێیتا؟ ئەوە چەند رۆژە من ژێر زەویت بۆ دەگەڕێم کەچی لەسەر زەویتا پیرەژن وتی:

ئەیڕۆ چی بووە؟ کوڕەشیرینەکەم. حەماڵ وتی:

بەزمانی شیرین مەم خەڵەتێنە. کەرەکەمم بدەوە! پیرەژن وتی:

بیرت نەچێت تۆ داوای کەرەکەی خۆت دەکەیتەوەو بەس! حەماڵ دڵی خۆش بوو وتی:

ئەرێ بەخوا پیرەژنە وتی:

ئەگبەت وا دەزانیت من عەقڵم پێی ناشکێت تۆ حەماڵێکی هەژاریتا؟ بێخەم بە کەرەکەی تۆم لەلای ئەو سەرتاشەی ئەو بەر بۆ هەڵگرتوویت. تۆ کەمێك لێرە چاوەڕێم بکە بابچم بە زمانێکی شیرین سوپاسی بکەم کە کەرەکەی ئەم چەند شەوە بۆ بەخێو

کردویت! ئەمجا داوای کەرەکەت دەکەم لێرە چاوەڕێ ببە- هەر کە هاتە دەرەوە بانگی کردیت ئەمجا بچۆ دەستی ماچ بکە ئاخر ئەوە حاجی مەسعوودی مەغریبی یە. پیاوێکی ناسراوی زۆر چاکە!

خاوەن کەر زۆر دڵخۆش بوو وەستا. پیرەژن. بەبەرچاوی ئەوەوە ڕۆیشت. کە گەیشتە بەر دوکانی سەرتاشخانەکە خۆی کرد بە ژووردا. سڵاوی کردو دانیشت. ئەمجا ڕووی کردە حاجی مەسعوود وتی:

بەقوربان. ئەو زەلامەی ئەوبەر دەبینی؟

حاجی لە شوشەکەوە سەیری کردو وتی:

بەڵێ. ئەمجا پیرەژن پەلاماری دەستی حاجی سەرتاشی داو ماچی کرد ئەمجا وتی:

بە قوربانت بم ئەوە کوڕی منە شێت بووە زوو زوو دەڵێت کەرەکەم بدەنەوە بردوومە بۆ لای حەکیم پێیی وتوم دووکاکیلەی کلۆرە دەبێت ئەو دوو دانەی بکێشرێت. ئەمجا پشتی هەردوو گوێی داخ بکرێت! ئەمجا دوای حەفتەیەك چاك دەبێتەوە! جا حاجی گیان هانام بۆ دیوەخانەکەی تۆ هێناوە. چیم لێ دەکەیت!؟ حاجی مەسعوود کەمێ ڕاما دوایی وتی:

پیرەژن تۆ بڕۆوە ماڵ بێخەم بە! هەرئێستا دەچمە دەرەوە بانگی دەکەمو دەڵێم:

کەرەکەی تۆ لای خۆمە تاکو دێت ئەمجا بە خۆمو شاگردەکانم دەیگرینو هەردوو کاکیلەی دەردێنم ئەمجا هەردوو پشتی گوێ یەکانیت بۆ داخ دەکەم!! پیرەژنە نزاو پاڕانەوەیەکی فرەی بۆ حاجی کردو لە دووکانەکە چووە دەرەوە.

حاجی مەسعوودی سەرتاشیش. چووە بەردەرگای دوکانەکەو دەستی لە حەماڵەکە هەڵتەکاندو بانگی کرد. کە حەماڵ هاتە دوکانەکەوە. حاجی پێی وت:

کوڕەشیرینەکەم کەرەکەی تۆ لای منە بە چاوان هەر ئێستا دەت دەمەوە. بردی یە ژوورەکەی پشتەوەو لەگەڵ دووشاگردەکەیدا دایان بە زەویدا هەر لە وێدا (٢) کاکیلەی دەرهێناو شیشێکی نارد لای ئاڵبەندێك لەو بەر خۆیەوە بە سوورەوەکراوی بۆیان هێنایەوەو پشتی هەردووگوێشی داخ کرد! کە حەماڵەکە بەدەم هاوارو گریانەوە هەستایەوە پرسی:

حاجی ئەمە چی بوو بەمنت کرد؟ حاجیش وتی:

(دایکت بەمنی وت:

گوایە تۆ ماوەیەکە شێت بوویت! هەڵ دەستیتو دادەنیشیت هەر دەڵێیت کەرەکەم کوا؟ کەرەکەم بدەنەوە! ) حەماڵیش بەدەم گریانەوە وتی:

(خوا تۆڵەی ئەو (٢) دانەی منت لێ بکاتەوە! ). حاجی مەسعوود قسەکانی دایکی بۆ گێڕایەوە. حەماڵ دەستەکانی بڵند کردو وتی:

خوایە تووشی بەڵایەکی بکەیت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٠٦

# چیرۆکی دایکی زەینەبی دەستبڕو خوومچیو حەماڵو جوولەکەوسەرتاش

شەهرەزاد وتی:

سەرتاشی مەغریبیو خاوەن کەرەکەو دەستیان دایە یەخەی یەکتری زۆریان یەکتری هێناو برد خەڵکی گوزەرەکە کەوتنە نێوانیانەوەو بەسەریاندا هاتن ئەمجا سەرتاشی مەغریبی جلو بەرگەکەی ڕێکخستەوەو چووە دوکانەکەی. سەرنجی دا هیچی تیا نەماوە!! تومەز پیرەژنە پیلان گێڕ چەند حەماڵێکی هێناوەو هەلی وەرگرتوە کە خەڵکەکە سەر قاڵی شەڕی حاجی سەرتاشو حەماڵی دان هەڵکێشراون! دوکانەکەی بڕیوەو هەموو شتو مەکەکانی بارکردوە! بەرەو ماڵ چوەتەوە. لەماڵەوە هەمووی بۆکچەکەی گێڕایەوە سەرتاش هاواری خەڵکەکەی کردو یەخەی کەرەوانی گرتو وتی:

(دەبێت دایکت بدەیتە دەستم! ) کەرەوان هاواری کرد:

(تۆ بۆ تێاگەیت!؟ ) ئەو پیرەژنە دەستبڕە! دایکی من نیە! کەرەکەی منیشی دزیوە! ئەم دووانە لەم کەینو بەینەدا بوون کە حاجی خومچیو جوولەکەو کوڕی باورگانەکە پەیدا بوون. کە سەرنجیان دا سەرتاش یەخەی کەرەوانی گرتوە کەرەوان هەردوو گوێی داخ کراوە! لێ یان پرسی:

کەرەوان ئەوە چیت بەسەر هاتووە!؟ هەر لەوێ دا چی بەسەر هاتبوو بۆی گێڕانەوە. ئەوانیش ڕوویان کردە حاجی سەرتاشو وتیان:

ئەو پیرەژنە دەستبڕو پیلا نگێڕە ئەویش وتی:

(خوالێی تێك بدات).

سەرتاشی مەغریبی دوکانەکەی داخستو بردنی بۆ ماڵی (والی). ئەمجا بە والی وت: سامانو دارایم لە تۆ دەوێتەوە بەگم! والی وتی:

خەلکینە ئەم شارە پڕە لە پیرەژن! کەستان تیایە ئەو پیرەژنە بناسێتەوە؟ حەماڵەکە وتی:

بەڵێ من دەیناسمەوە. بەڵام چاك وایە (١٠) پۆلیسمان لە گەڵبنێریت. ئەمجا حەماڵەو (١٠) پیاوی والی لەگەڵ گۆمەڵەکەدا هاتنە دەرەوە. هێندەیان زانی لوتیان تەقی بە لوتی پیرەژنە دەلیلەوە فریا نەکەون:

فێڵ و فەرەج بکاتو هەر لەوێدا گرتیانو بردیانەوە بەر دەم والی! لە بەرپەنجەرەی ژورەکەیدا وەستان چاوەڕێی هاتنە دەرەوەی والی بوون زۆر چاوەڕییان کرد (١٠) پاسەوانەکە هێندە ماندووبوون:

لێی نووستن! پیرەژنەش وەکو ڕێوی چاوانی نووقاند گوایە نووستووە! دوای ئەوان کەرەوانو هاورێکانی‌لێی نووستن! پیرەژن:

خۆی دزیەوەو چووە ژووری ژنی والی! خێرا دەستی ژنی والی ماچ کرد. پێی وت:

(والی) لە کوی یە ژنی والیش وتی:

نووستووە! چیت دەوێت؟ پیرەژن وتی:

والی پێنج کۆیلەی لێ کڕیم! بە (١٠٠٠) دینار (٢٠٠) دیناری بۆ خۆم. ئەمجا رای سپاردم بیان بەمەوە بۆ ماڵیان! ئەوەتا هێنامن. والیش ئەو ڕۆژە پێش چوونە دەرەوەی (١٠٠٠) دیناری دابووە ژنەکەی و پێی وتبوو ئەم برە پارەیە هەڵبگرە کۆیلەی پێ دەکڕین. کە ئەمەی لە پیرەژن بیست یەکسەر بڕوای کردو وتی:

کۆیلەکانم پیشان بدە پیرەژنەی دەستبڕ وتی:

خانم ئەوە ئەوانن لە ژێر ئەم پەنجەرەیەدان چونکە ماندوون نووستون! ژنە والی سەری لە پەنجەرە هێنایە دەرو کابرای مەغریبی بینی کە بەرگی کۆیلەی لە بەردا بوو. کوڕە بازرگانیش هەر دەڵێی:

کۆیلەیە! کابرای خوومچی‌و کەرەوانو جوولەکەکە سەری سفر کرابوو. ئەمجا رووی کردە پیرەژن وتی:

ئەم کۆیلانە هەر یەکێکیان (١٠٠٠) دینار دێنێ. سندوقی قاسەکەی کردەوەو (١٠٠٠) دینارەی دا بە پیرەژنو وتی:

ئەم (١٠٠٠) دینارە بگرە. کە والی لە خەو هەستا ئەوا (٢٠٠) دیناریشت بە خشیش دەدەمێ! پیرەژنە پیلانگێڕە وتی:

کەوابوو (١٠٠) دیناری هەر بۆخۆت (١٠٠) دینارەکەی تریش هەڵگرە بۆم تا دەگەڕێمەوە. ئەمجا وتی:

خاتوونەکەم . حەز دەکەم لە دەرگای پشتەوە بچمە دەرەوە. ژنە والی بە دزی یەوە بردیە دالانی سەر دەرگا نهێنیەکەیەکەی پشتەوە! پیرەژن بە پەلە گەڕایەوە بۆ مالی خۆیان. لە مالەوە باسی پیلانوکەی خۆی بۆ کچەکەی کردو وتی:

ئەم (١٠٠٠) دینارەش نرخی(٥) کۆیلەیە کە فرۆشتومە بە ژنەوالی. (٥) کۆیلەش ئەمانەن کەرەوانو جوولەکەو خوومچیو سەرتاشو کوڕەبازرگان ئەرێ بەخوا هەموویانم کردە کۆیلەو فرۆشتمن! کچەکەی وتی:

هومووجارێ گۆزە بە ساغی لەکانی ناگەڕێتەوە! کە والی لە خەورابوو ژنەکەی وتی:

دەستت خۆش بێت بەخوا هەر پێنجیان کۆیلەی چاکن! چاکت کرد لە پیرەژنەکەت کڕی. والی وتی:

کۆیلەی چی؟

ژنەکە وتی:

بۆچی لەمنی دەشاریتەوە!؟

والی وتی:

بە سەری هەردووکمان کۆیلەم نەکڕیوەو ئاگادارنیم! ئەمە کێ پێیی وتیت؟ ژنەکەی وتی:

پیرەژنێك وتی:

والی وتویەتی پارەکەت دەدەمێ، والی خۆی گۆڕیو چووە خوارەوە پرسی:

کوا کۆیلەکان!؟ سەرکردەکە وتی:

گەورەم ئەمشەو هەر ئەم (٥) کەسە لێرە بووە کە دەیان بینێت! ئەمانەش پیرەژنە پیلانگێرەکە یان گرتووە. ئەوانیش هێندە ماندوو بوون خەویان لێ کەوتووە! پیرەژنەش خۆی دزیوەتەوەو بەرەو شوێنی خۆی رۆیشتۆتەوە والیش وتی بەو خوایە ئەم پیرەژنە گەورەترین کەسە لە پیلان گێڕیو دەستبڕین دا هەر پێنجتان کۆیلەنو ئەمشەو فرۆشراون! ! من هەر پێنجتان بەیەکەوە نافرۆشم وهەریەکەتان دەدەم بە (٢٠٠) دینار، ئەمان لەم گفتوگۆیەدا بوون کە (حەسەنی رێگر) پەیدا بوو. ئەمجا لە دەوری کۆبوونەوە، لێیان پرسی:

ئاخۆ تۆ رێ دەدەی پیرەژنان هەر خەریکی پیلان دانانبن!؟ ئێمە شتەمەکی ون بوومان لە تۆ دەناسین ئەی والی! ). ئەمجا ئەویش پرسیاری لە هەر (٥) کەسەکە کرد ئەوانیش هەر یەکەو بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە، دوایی پێی وتن:

ئێوە ستەمتان لێ کراوە ئەمجا حەسەنی رێگر رووی کردە والی و وتی:

بۆچی ئەم (٥) کەسە دەگریت!! و زیندانیان دەکەیت!؟ والیش وتی:

چونکە ئەمانە ئەم پیرەژنەیان بە ماڵی من فێر کرد ئێستاش (١٠٠٠) دینـاری منیـشی دزیووە! (٥) کەسەکە روویان کردە حەسەن ڕێگرو وتیان:

خۆمان دەدەینە دەست تۆ والی بە میر حەسەنی وت:

شتومەکی ژن‌و ماڵت من زامنیان دەبم! گرتنی پیرەژنەش لە ئەستۆی خۆم! بەڵام ئـاخۆ کەستان ئەو پیرەژنە دەناسێتەوە!؟ کەرەوان وتی:

مـن بـە چـاوە شـینەکانیدا دەیناسمـەوە! شـوێنم بکـەون دوای هەنـدێك گـەڕان بـە کۆڵانەکانـدا پیرەژنـە دەلیلەیان گـرت. زۆر بـە پەلـە کردیـان بـە مـاڵی (والـی)دا! کـە والـی پیرەژنەی بینی لێی پرسی:

کوا ماڵ‌و سامانی ئەو خەڵکە! !؟ پیرەژنە وتی:

(نە من بردومەو نەبینی ومە! )ئەمجا والی فەرمانـد بـە بەڕێوەبـەری بەندیخانەکە دا شەو بیباتـەوە مـاڵی خۆی‌و بـە نـدی بکات - بەڕێوەبـەری پۆلیسی بەندیخانـە هـاواری لێ هەستاو وتی:

من نایگرمە خۆم نەبادا (پیلان)ێك بگێریت‌و لە بەندیخانە هەڵبێت! . ئەمجا والی:

پیرەژنەو (٥) کەسەی هێناو لەگەڵ خۆی بردنی بـۆ کـەناری رووبـاری دیجلە لـەوێ بـە قـژی خـۆی هـەڵیان واسـی. ئـەمجا بـەیانی دەرگـاوانی شـار گەڕایـەوەو والـی وکۆمەڵـە خەڵکەکەش بەرەو ماڵ بوونەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٠٧

# چیرۆکی دایکی زەینەبی دەستبڕو کۆچەریەکە

شەهرەزاد وتی:

پیاوێکی دەوار نشینی کۆچەری گوێی لە کابرایەك بوو دەیوت:

سوپاس بۆ خوا کەسەلامەت بووین ئەوژنە هێرە لە کوێ یە!؟ ئەویش وتی:

ئێستالەو بەغدایە زلوبیاو هەنگوین دەخوات! دەشتەکیش لە دڵی خۆیدا وتی:

مەرج بێت بچمە ئـەو بەغدایـە بیخـۆم ئـەو زلوبیایـە! کـابرای کۆچـەری سـوار بـوو لـە ئـاوزەنگی دا بەغـدا خـۆت بگـرەو هـاتم!! ئـەم کابرایـە لـە تەمـەنی دا بەغـدای نـەدیبوو! کەگەیـشتە بـەر دەروازەی شـاری (بەغـداد) ژنێکـی بینـی چـوارمێخە کێـشراوەتەوەو لـە داردراوە! لێیی چووە پێش‌وپرسی:

تۆ کێیت وا چوار مێخه کێشراویتەوە!؟ ئەویش وتی:
من پیرەژنە دەلیلەم! دەستم بە دامێنت ئەی سەرۆك تیرەی عەرەبی. کۆچەری وتی:
تۆ خواسزای داویت! بەڵام هۆی چی یە تۆ ئاوات بە سەرت هاتووە؟ پیرەژنە دەلیلە وتی:
کوڕە شیرینەکەم لای زروبیا فرۆشێك زروبیام دەخوارد. دوای کەمێك پژمیم تفوپریشك کەوتە سەرسینی یە (زروبیا)ی خاوەنی. ئەویش سکاڵای لێ کردم. دەوڵەتیش. بەم دەردەی بردم کە دەمبینی!! کۆچەری وتی:
بێخەم بە من لە دوورەوە. زوویم بە کۆڵەوە گرتوە بۆ خواردنی زروبیا هاتووم. ئەگەر تێرم لێ خوارد دێمەوە ئازادت دەکەم. پیرەژنە دەلیلە توورەبوو. وتی:
هەر کەس (زروبیا)ی ئێرە بخوات دواتر ووکومن هەڵی دەواسن وچوار مێخە دەدرێتەوە!!.
دەشتەکی وتی:
بۆ هێندە ترسنۆکیت هەر ئازاد دەبیت!! . پیرەژن وتی:
گەر تۆ ئازایت وەرە شوێنەکەی من ومن دەچم (زروبیات) بۆ دێنم لێرە بیخۆ! دەشتەکی دشداشەکەی داکەند. سەرکەوتو پیرەژنەی کردەوەو. ئەمجا پیرەژنەکە کراسەکەی خۆی کردە بەر دەشتەکی وچوارمێخەی کێشایە. خۆیشی عەگالەکەی کردە سەرو سواری ئەسپەکەی بوو. قامچی وشاند تا بەماڵی خۆیان گەیشت. چەکەی کەبینی پێیی وت:
ئەمە چی یە دایە؟ پیرەژنە دەلیلە وتی:
کچێ ئاگات لە چی یە!؟ چوارمێخەیان کێشامەوە! ئەمجا بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. لەو لایشەوە کۆمەڵەکە نووستبوون. یەکێکیان چاوێکی کردەوە و وتی:
(دەلیلە! ) کابرای کۆچەری وتی:
(ئاخۆ زروبیاوهەنگوینەکە ئامادە کراو دەیخۆین!؟ ) کابرا پرسی یەوە کۆچەری (کوا دەلیلە!؟ ) کێ ئازادی کردوە!؟ . ئەویش وتی:
"من دەستیم کردەوە تاکو بەزۆر زروبیای دەرخوارد نەدەن! چونکە حەزی لێی نیە! " بۆیان دەرکەوت:
پیرەژن پیلانێکی بۆ داناوە و فێڵی لەم کۆچەری یە کێلە کردوە! ئەمجا کەوتنە راوێژی ئەوەی ئاخۆ هەڵبێن!؟ یان درێژە بدەن بە کارەکەیان و پەنا بدەنە بەرخوا؟ هێندەیان زانی والی هات بۆ لایان و پیلان پێ گێڕانەکانی لە گەڵیدایە! دوای سڵاو کردن. فەرمانیدا ئادەی پیرەژنەکە بکەنەوەو ئازادی بکەن! خێرا کۆچەری پرسی:

ئاخۆ زروبیاوهەنگوینەکە دەخۆین!؟ کە بەرزی کردەوەو سەرنجی چوارمێخەکەی دا کابرای دەشتەکی کۆچەری پێوە بینی! لە ئەوانی دی پرسی:

ئەمە چی یە!؟ هاواریان کرد:

(دەستمان بە دامێنت بمان بەخشە) ئەویش وتی:

ئادەی بۆم بگێڕنەوە چی رووی داوە؟ وتیان گەورەم ئەو شەوە زۆر ماندووبوین! لاڵو پاڵ لێی خەوتین! کاتێ بەئاگاهاتینەوە ئەو دەشتەکی یە بە شوێنەکەیدا هەڵواسراوە! ئێستاش لە بەردەمی بو زەیی‌و بەخشندەی تۆ داین! ) والی فەرمانی دا دەشتەکیان کردەوە! بەماندوویی‌و داماویەوە. باوەشی بە (والی)دا کردو وتی:

گەورەم ئەسپ‌و جل‌وبەرگەکەم براوە بۆم پەیدا بکەرەوە دەستم بە دامێنت! کەوالی لێی پرسی:

ئەمەی تۆ چۆن بووە؟ لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. والی بە سەرسوڕمانەوە پرسی:

بۆچی دەست‌و قاچت کردەوە!؟ دەشتەکی وتی:

من چووزانم دەستبڕو ساختە چی یە!؟ ئەوانی تریشی هاواریان لێ هەستا گەورەم ئێمەش شتومەکەکانی خۆمان دەوێتەوە! ئەوەی توانیمان کردمان‌و پیرەژنەمان دایە‌دەستت! (والی) چاری نەماوهەموویانی شوێن خۆی خست‌و بردنی بۆلای (خەلیفە) کە برانە بەردەمی- پرسی:

کێ ستەمی لێ کردوەن!؟ هەریەکەیان چوونە بەردەمی خەلیفەو بەسەرهاتی خۆیان بۆ گێڕایەوە. والیش چووە بەردەم خەلیفەو وتی:

گەورەم ئا ئەم (٥) کەسەیشیان بەمن فرۆشتووە بە (١٠٠٠) دینارو وای تێ گەیاندم کەکۆیلەن! کوچی لە راستی دا نەکۆیلەن‌و نە هیچ!! خەلیفە وتی:

وا بزانن شتومەکە دزراووکانتان لای منە! بەوالی وت:

"گرتنی پیرەژنە دەلبلەی دەستبڕلە سەر تۆیە! " والی وتی:

گەورەم من گرتم‌و کۆتایی هات!! چی‌بکەم دەستی ئەم دەشتەکییە دەبڕێت‌و دیخاتە شوێنی خۆی!؟ جل‌وبەرگ‌و ئەسپەکەی ئەویش دەبات بۆ خۆی!! خەلیفە وتی:

دەتەوێت بەبەرپرسێکی دی بسپێرم ئەم کارە!؟ (والی) وتی:

ئەرێ بەخوا! ئەم کارە بدە بە "احمد دنف". ئەو بەرپرسە مانگی (١٠٠) دیناری هەیەو (١٤) کەسیشی بە دواوەیە کە هەر یەکەیان (١٠٠) دینار مووچەیەتی! " ئەمجا خەلیفە بانگی کرد:

"سەر کردە احمد! ". ئەحمەد دەنەفیش لە دەرەوە وتی:

بەڵێ گەورەم. ئەمجا هاتە بەردەم خەلیفە. خەلیفەش وتی:
گرتنی ئەو پیرەژنە دەستبڕەم بە تۆ سپارد! ئەحمەدیش وتی:
بەڵێ قوربان! بەچاوان. ئەجا خەلیفە هەر (٥) کەسەکەو دەشتەکی نارد بۆ زیندان! تاکو بەندبکرێن.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٠٨

## بەسەرهاتی پیرەژنە دەلیلەی دەستبڕو کۆمەڵەکەی (احمد دنف)

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا هەهرەیار ئەی پاشای بەختیار. کە لە لای سەرای حوکمڕان هاتنە دەرەوە سەربازەکان لە یەکتری‌یان دەپرسی:

ئەم شارە بە هەزاران پیرەژنی تیایە! ئاخر ئێمە چۆن ئەو پیرە ژنە بدۆزینەوە!؟ یەکێکیان کە پێیان دەوت:

عەلی شانە وشتر بە ئەحمەد دەنەفی وت:

راوێژ بە حەسەن شۆمان دەکەن هێندە سەرکردەیەکی مەزنە!؟ حەسەن شۆمان وتی:

عەیبە هێندە لاقرتێم پێ مەکە! بە حەقی ئەو خوایە شوێنتان ناکەوم! . تووڕە بوو لێی داو رۆیشت. ئەحمەد دەنەف وتی:

ئادەی هەر پێشمەنگێك (١٠) سەرباز لەگەڵ خۆی ببات و بڕوات بۆ کۆڵانی پیرەژنە دەستبڕ. عەلی شانە وشتر (١٠) سەربازی بردو سیانەکی تریش بەهەمان شێوە. پێش ئەوەی بڵاوە بکەن و بڕۆن گەرمەکێکی بۆ دیاری کردن کە دوای گەڕان تێیدا کۆ ببنەوە. لە شاردا بوو بە خاڵە کە ئەحمەد دەنەف راسپێرراوە پیرەژنە دەلیلەی دەستبڕ بگرێت. هەموو دانیشتوانی شار ئەمەیان بیست! "زەینەب"ی کچی پیرەژنە دەلیلە بە دایکی وت:

ئەگەر تۆ راست دەکەیت کڵاوێك بخە سەر ئەحمەد دەنەف و پیلانێکیان پێ بگێڕە!! ئەویش وتی:

کچە شیرینەکەم تەنیا لە "حەسەن شۆمان" دەترسم! ئەگەر نا بەم کەللەیە جل و بەرگی هەر (٤١) کەسەکەیان لە بەر دادەکەنم و رووتیان دەکەمەوە! ئەمجا خۆی گۆڕی و چووە بازاڕ کە گەیشتە بەردەم دوکانی وردەواڵە فرۆشێك پێی وت:

بگرە ئەوە (١) دینار حەقی کرێی ئەمڕۆی ئەو ژوورەی تەنشتت کلیلی دەرگاکەم بدەرێ. ئەمجا راخەرێکی داگرت لەسەر پشتی کەرەکەی کە رەوان (حەماڵەکە)و لە ژوورەکەدا رایخست. سفرەو خواردن و پیاڵەو شەرابی دانا. پەچەکەی لاداو لە دەرگاکەیدا وەستا. هێندەی زانی عەلی شانە وشترو کۆمەڵەکەی پەیدا بوون. پیرەژن چوو دەستی ماچ کرد. ئەحمەدیش پرسی:

چیت دەوێت؟

ئەمجا پرسی:

تۆ ئەحمەد دەنەفیت؟

ئەویش وتی:

نە بەڵام هەر سەربە کۆمەڵەکی ئەووم!

پیرەژن پرسی:

ئەی بۆ کوێ دەچن؟ عەلی شانە وشتر وتی:

بۆ پیرەژنێکی دەستبڕ دەگەڕێین کە سامانی خەڵکی بردووە. بە ئومێدی ئەوەی بیگرین. بەڵام ئەی تۆ کێیت؟ چ کارەیت؟

ئەویش وتی:

باوکم عارەق فرۆش بوو لە شاری (موسل). مردو سامانێك زۆری بۆ بەجێ هێشتم. منیش لە موسڵ هەڵاتم و وتم:

بەخوا دەسەڵات داران بەڵان! منیش کەسم نییە بم پارێزێت! لێیان! خەڵکیش ئامۆژگاریان کردم کە بچمە لای ئەحمەد دەنەف ئەو پیاوی چاکەو دەم پارێزێت! ئەوانیش وتیان:

بێخەم بە ئەمڕۆ دەی بینیت!

ئەمجا پیرەژن وتی:

لە بەرخاتری من فەرموون پارووەك نانم لەگەڵ بخۆن‌و قومێ ئاو تاکو نمەکم بکەن. ئەوانیش بەقسەیان کردو چوونە ژوورەکەوە کە روانیان سفرەو نان ئامادەیە! شەراب‌و پیاڵە لەولاوە. دەستیان کرد بە خواردن‌و خواردنەوە. تاکو بەدمەست بوون! ئەمجا (بەنج)ی بۆ کردنە شەرابەکەوەو لێ گەڕا تاکو هەموویان بوورانەوە! جل‌و بەرگی لەبەر هەموویان داکەند! کۆی کردنەوە ئەحمەد دەنەفیش بە دەم گەڕانەوە هاتەوە لای ژوورەکە. سەیری کرد:

کەس لەوناوە نیە! بۆیە دەلیلەی بانگ کرد لێی پرسی:

ئەویش لەوەڵامدا وتی:

"غەریبەم بەم شارە و کچی پیاوێکی مەیخانە چی بووم! مردو سامانێکی زۆری بۆ بەجێ هێشتم. منیش سامانەکەم هێناو لە ترسی بەرپرسە چاو چنۆکەکان سامانەکم گواستەوە بۆ ئێرە ئەوە تا ئێرەش والی کۆڵم لی ناتدات! هەموو ئاواتم ئەوەیە بێمە ژێر سایەی تۆوە! هەرچۆنێك بێت ئەوەی والی لێم دەسەنێت و دەیخوات! تۆ بیخۆیت باشترە! ".
ئەحمەد دەنەف وتی:

"تۆ دەخەمە سەر چاوان و هیچ مەدە بە والیش! ". دەلیلەش بزەیەك گرتی و وتی:

کەوابو دەبێت نمەکم بکەیت و پاروویەك نانم لەگەڵ بخۆیت! ئەحمەد دەنەف لەگەڵیدا چووە هەمان ژووری تەنیشت دوکانەکە. دەستی بەنان خواردن کرد. ئەمجا دەلیلە شەرابەکەی خستە بەردەمی و چەند پێکێکی لە شەرابەکە هەڵدا! دەلیلە هەندێ (بەنجی) بۆ تێکرد تاکو ببوورێتەوە. ئەحمەد دەنەف دوای خواردنەوەی پێکەکە بەلادا هات و بوورایەوە! دەلیلە خێرا روتی کردەوەو بەرگەکانی کرد بە بووخچە! ئەمجا خۆی کەوت و هەموو جاڵ و بەرگەکانی یانی خستە سەر پشتی ئەسپی دەشتەکی و دای لە ئاوزەنگی هەر بەغار کردن بۆی دەرچوو حەماڵەکە زوتر بە ئاگاهاتەوە! عەلی شانە وشتری خەبەر کردەوە. کە عەلی سەیری خۆی کرد روت وقوتە! سەیری ئەوانی تریشی کرد ئەحمەد دەنەفیش روت و قوتە! خەبەری کردەوە. یەکتریان بە خەبەرهێناو ئەحمەد دەنەف هاواری کرد:

"کورینە ئەمە چییە!!؟ ئێمە دەگەڕاین و راوی پیرەژنە دەلیلەمان دەکرد کەچی ئەو قەحبەیە ئێمەی راو کرد!! ئەوە حەسەن شۆمانیشمان پێ خۆش بوو!! کورینە دەبێت تا تاریك دادێت ئێمە لێرە بمێنینەوە چونکە روت و قوتین! ". حەسەن شومان بەدەم رێوە لە گەورە سەرکردەی پرسی:

" کۆمەڵە پۆلیسەکانمان لە کوێن!؟ کەسەری بەلای دەرگاکە لار کردەوە سەیری کرد هەموویان روت وقوتن!! بۆیە بەدەم پێکەنینەوە ئەم شیعرەی پیاهەڵدان:

بژیۆی خەڵکی کەوا یەك جۆرە — بۆچی؟ هەندێك پیاو! هەندێکیش بۆرە؟
زاناو نەزانان وەك ئەستێرە وان — کەمێکیان دیارەو وا: لەبەر خۆرە !

ئەمجا لێی پرسین:
ئەمە کێ روتی کردوونەتەوە؟ وتیان:
ئێمە بۆ پیرەژنە دەستبڕ دەگەڕاین کەچی کیژۆڵەیەك روتی کردینەوە!! حەسەن شۆمان وتی:

"یاخوا ئەو دەستانەی خۆش بێت! ". ئەمجا پرسیان:
ئاخۆ تۆ دەیان ناسیتەوە؟ حەسەن وتی:
ئەرێ بەخوا کچەکەیشی و خۆیشی دەناسم! ئەمجا پرسیان:

باشه چی بەخەلیفە دەڵێیت؟ ئەومیش وتی:

من هیچ ناڵێم بەڵام کە خەلیفە لێی پرسین:

بۆچی تاکو ئێستا نەتان گرتووە؟ ئێوەش بڵێن: چونکە نایناسین! ئەم کارە بسپێرە بە "حەسەن شومان" ئەوسا خەلیفە گرتنی پیرەژنە دەلیلەو کچەکەی بەم دەسپێرێت. ئەوەش بزانن ئەم پیرەژنە بۆ پارە ئەمانە ناکاتو بەس! بەڵکو دەیەوێت زیرەکی خۆی بسەلمێنێتو لە لایەکی ترەوە دەیەوێت مووچەیەکیان بۆ ببڕێتەوە! حەسەن شۆمان بەرەیی پێیاندا هاتەوە. وتیشی:

هەرگیز هەوڵی کوشتنی نادەم!! وتیشی پیرەژنەکە دەگرم بەمەرجێ نەیکوژێت. ئەمجا حەسەن شۆمان چووە بەردەم خەلیفەو وتی:

گەورەم خۆم خستووەتە ماڵە کەتەوە! خەلیفە وتی:

بێخەم بە ترست نەمێنێت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگە بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٠٩

## بەسەرهاتی حەسەن شومانو زەینەبو دایکی

شەهرەزاد وتی:

حەسەن شومان لەلای خەلیفە هاتە دەرەوەو ڕۆیشت بۆ ماڵی دەلیلەو بانگی کرد کێ لەماڵە؟ زەینەب وەڵامی دایەوە- حەسەن پرسی:

دایکت لە کوێ یە؟ ئەویش وتی:

لە سەرەوەیە. حەسەن وتی:

شتومەکی خەڵکەکە بهێنێتو بابێت پێکەوە بچنە لای خەلیفە بێخەم بێت پارێزراوە! ئەگەر ئێستا ئازادانە بە پێی خۆی نەچێت بۆ لای خەلیفە گوناهی خۆت لە ئەستۆی خۆی دەبێت. پیرەژنە دەلیلە هاتە خوارەوەوشتومەکی خەڵکی لە ئەسپی دەشتەکیو کەرەکەی کابرای حەماڵ بارکرد. کە شتومەکە براوەکانەی بردو دابەشی کردەوە بەسەر خەڵکەکەدا ئەمجا لە پیرەژنە دەلیلەی پرسی:

ئەی بەرگی گەورەکەی خۆمو کۆمەڵەکەی کوا!؟ پیرەژن وتی:

" بەناوی خوا من ئەوانم ڕوت نەکردووەتەوە! " حەسەن وتی:

پیرەژن تۆ نەبوویت کچەکەت بووە! ئەمجا چوو ئەوانی تریشی لە کچەکەی سەندەوەو دایەوە بە خاوەنەکانی حەسەن شومان پیرەژنەی بردە بەر دەستی خەلیفەو وتی:

گەورەم ئەمەش پیرەژنە دەستبڕو پیلان گێڕە!! کە خەلیفە پیرەژنەی بینی وتی:
ئادەی ببەن لەو ئاوی دەباغانەیەی وەردەن! پیرەژنەش خێرا هاواری کرد. (شومان) من
خۆم دایە سایەی تۆ فریام بکەوە "حەسەن شومان" رووی کردە خەلیفە وتی:
پاشام بیرت نەچێت دەستە سری پارێزراویت دا بە سەری مندا! ئەمجا کڕنووشی بۆ
خەلیفە برد. ئەمجا خەلیفە بیری کەوتەوەو وتی:
ئادەی پیرەژن وەرە پێشەوە ناوت چی یە؟ پیرەژن وتی:
(دەلیلە) پاشام! خەلیفەوتی:
"تۆ پیرەژنێکی فێڵاویت! بە دەستبڕ ناوبانگت دەرکردووە. باشە تۆ بۆچی ئەم پیلانانە
دەگێڕیت! خەلکەکەماندوو دەکەیت!؟ پیرەژنە دەلیلە وتی:
بەڕاستی خۆیشم حەزم لە پیلان گێڕان نیە! دەستبڕینیشم پێ باش نیە ئەوەی راستی
بێت هێندەم بیستوە لە پیلانەکانی (ئەحمەد دەنەف)و فێڵەکانی (حەسەن شومان) لەشاری
(بەغداد)دا منیش ویستم لاساییان بکەمەوە! خۆ بینیت کە هەموو ئەو شتومەکانەی لە
خەلکم سەندبوو هەموویانم گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانی کتوپڕ حەماڵەکە هەستایە سەرپێ
وتی:
ئەمڕۆ دنیایە سبەینێ قیامەت. تووڕەکەکەی سەرمان دەگرنەوە لەو دنیاش ئەم
شایەتی یەی بۆ دەدەم ئەم پیرەژنە بۆ سامانەو پارەو تەماع ئەو پیلانانەی نە دەگێڕا!! پاشا
سەلامەت بێت خۆم باشترین بەلگەم ئەوە بوو کەرەکەی لێ دزیم! بەڵام ئێوە دەزانن
پیلانێکی تری پێ گێڕاموو بە شێتی دامە قەڵەم لە لای سەرتاشە مەغریبی یەکە تا (٢)
کاکیلەی بە هەڵ کەندن نەدام کۆڵی لێ نەدام خۆ ئەم پیلانەی بۆ سامانو تەماعی دنیا نە
بوو!! هەر لەوێدا خەلیفە فەرمانیدا (١٠٠) دینار بدەن بەخاوەن کەر. ئەمجا کابرای
دەشتەکی هاتو ئەسپەکەی وەرگرتەوەو وتی:
تا ماوم (زروبیا)و (هەنگوینی) بەغدام لێ حەرام بێت. ئیتر هەر کەسەو جلوبەرگو
شتومەکی براوی خۆی وەرگرتەوەو رۆیشت بەرێی خۆیەوە. ئەمجا خەلیفە بە پیرەژنە
دەلیلەی وت:
داوای هەرچیەك بکەیت بۆت جێ بەجێ دەکەم داوا بکە". پیرەژنە دەلیلە وتی:
مێردەکەم خزمەتکاری خۆت بوو. منیش "کۆتری نامەبەر"م بۆ پەروەردە دەکردیەت.
ئاخر مێردەکەم سەرکردەی لەشکری (بەغداد) بوو. هەموو ئاواتم ئەوەیە کە مووچەی
مێردەکەم وەربگرم کچەکەشم مووچەی باوکەکەی وەربگرێت!! .
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧١٠

بەسەرهاتی بەحشینی پلەوپێیە (دەلیلە)و (کچەکە)ی لەلایەن خەلیفەوە

شەهرەزاد وتی:

ئەیشا شەهرەیار ئەی پاشای بەختیار- دەلیلەو کچەکەی چوونیان ویست خەلیفە بۆی جێ بەجێ کردن! دەلیلە بیست بووی (خان) (ئوتێل)ێکی (٣) نهۆمی لە شاری بە غدادا دروست کردووە. بۆیە وتی:

پاشام دەمەوێت ببم بە دەرگاوانی خانەکەت ئەوەی بەتایبەتی بۆ بازرگان دروست کراوە. هەروەها دەلیلە دەیزانی ئەو خانەی خەلیفە (٤٠) کۆیلەو (٤٠) سەگی هەبوو. کەکاتی خۆی لە لای پاشای شاری (سولەیمانی)یەوە بۆی هاتبوو. ئەو سەگانە مل بە زنجیر بوون. لەو خانەی خەلیفە دا کۆیلەیەك جێشت لێنەری کۆیلەکان بوو گۆشتیشی دەدا بە سەگەکان. خەلیفە وتی:

دەلیلە دەرگاوانی هیچ نیە! تۆ راست دەکەیت ببە بە سەرکردەی هێزی دەرەکی خانەکەو پارێزگاری بکە چونکە دەبیتە بەرپرسی یەکەم لە خانەکە! هەر شتێك لەو خانەدا دیار نەماو ون بوو تۆلێی بەرپرسیاری!! پیرەژنە دەلیلە وتی:

زۆر باشە پەسەندمە بەو مەرجەی کچەکەم لەو کۆشکەی تەنیشت خانەکە نیشتە جێ بکەیت کە من سەرپەرشتی دەکەم. خەلیفە فەرمانیدا زەینەب مالّی گواستەوە ئەو کۆشکە ئەمجا (٤٠) کۆتری نامەبەری وەرگرت. زەینەب جل‌وبەرگە هەر (٤٠) سەربازەی هەلّواسی. لەگەلّ بەرگی ئەحمەد دەنەف دا خەلیفەش رای سپاردبوون کە فەرمانەکانی جێ بەجێ بکەن. دەلیلەش پشتی دەروازەی (خان)ەکەی کردبوو بە شوێنی خۆی‌و چاودێری خانەکەی دەکرد. لە شەویشدا سەگەکان بەردەدەن بە چواردەوری خانەکەدا دەگەرێن‌و پاسەوانی دەکەن.! ! ئیدی رۆژانە چەند جارێك دەچووە لای خەلیفە نەبادا خەلیفە نامەیەك بنێرێت بە لایەکدا! لە دیوەخانی خەلیفە دوور نەدەکەوتەوە! (٤٠) کۆیلەش بەچەکەوە پارێزگاری خانەکەیان دەکرد تاکو دنیا تاریك دەبوو- ئەمجا ئەوان دەهاتنەوە ناو کۆشك‌و (٤٠) سەگەکەیان دەکردە دەرەوەو تا رۆژ دەبووەوە پاسەوان بوون .

# بەسەرهاتی عەلی زیئبەق‌و شەربەتفرۆشەکە

دەلیلە بەناواتی خۆی گەیشت لە شاری (بەغدادا). عەلی (زیئبەق)ی میسری لە ولاتی میسردا زۆر چالاك و لێهاتوو بوو. لە سەر دەمی شاسەلاحی میسریدا بەناو بانگ بوو. ئەم

عەلی زیئبەقە پێشەنگو سەرکردەی دیوەخانی ولاتی میسربوو. (٤٠) شۆرە سواری کارامەی بە دواوەبوو. هەوا دارانی سەلاحی میسری هەر خەریکی پیلان گێران بوون. بۆ عەلی زیئبەق! هەمووجارێك پێیان وابوو ئەم جارەیان عەلی تێوە دەگلێت! بەلام عەلی زیئبەق قوتار دەبوو نەدەگیرا! هەر بۆیە ناویان نابوو "زیئبەق" چونکە نەدەگیرا!! یان بابلێین: بە کونی دەرزیەوە دەچوو! رۆژێك لە رۆژان عەلی زیئبەق کزو بێدەنگ لە ناو هاوڕێکانیدا دانیشت بوو لە هۆڵە کەدا. دڵی گیرا بوو. (سەرتیپ)ێك لێیی پرسی:

چی یە وا دڵت گوشراوە!؟ ئیتر فێر ببە هەر بێ تاقەت بوویت فرەیەك بە ناو بازاڕ ی شاردا لێ بدە! دڵت دەکرێتەوە. (عەلی)یش هەستاو هۆی گەیاندە بازاڕ مەکانی (میسر). پێیدا گەڕا سەرنجیدا زیاتر دڵی گوشراو تەنگ بوو! خۆی کرد بە مەیخانەیەکدا. کە چووە ژوور رووانی (٧) (لۆج) واتە "ژووری بچووك"ی جیا جیای تیایە! بە مەی گێڕەکەی وت:

لۆجێکی تایبەتم دەوێت. تا گەیشتە سەر رێگەی سوور. عەلی پێی وابوو خەڵکە رەوتەنییەکە زۆری رێز یان لێ دەگرن وا رێگای بۆ چۆڵ دەکەن. لای کردەوە شەربەت فرۆشێکی بینی کە گۆزەیەك شەربەتی پێیەو هاوار دەکات "یاکەریم یا الله کەللە تەزێنە شەربەت! سەفرا شکێنە شەربەت! عەلی زئیبەق بانگی کرد وتی:

ئادەی پاراوی شەربەتی مێوژم بکە. شەربەتەی بۆ تێکرد عەلی لە دەمی رادا تفاندییەوە سەر زەوی! جاری دووەم بۆی تێکردەوە. دیسان تفاندییەوە سەر زەوی شەربەت فرۆش وتی:

کاکە کە دەیرێژی با بۆت تێ نەکەمەوە! عەلی پێی وت:

تێی بکە ئەمجارە بۆی تێ کردەوە خواردییەوە. ئەمجا دینارێکی پێدا. شەربەت فرۆش سەرنجێکی وردی وا وتی:

ئای کاکە منالانی نەتەوەیەك دەبنە گەورە پیاوانی نەتەوەیەکی دی! عەلی زیئبەق تووڕە بوو لێی راپەڕیو یەخەی گرتو شمشێری لێ راکێشا. دەتوت ئەم شیعرە بەسەر ئەودا هەڵدراوە خەنجەر وەشێن بە: بەلام رەوابێ بە تەنیاو تەنیا: ترست لە خوا بێ!

لە کەسی (زەم)کەر خۆت بە دووربگرە: کارێکیش مەکە: کێشەی لە دوا بێ!
عەلی زیئبەق وتی:

شتی پەسەند بڵێ شەربەتەکەی تۆ هەر چەندە گران بێت قاپی دەگاتە (٣) درهەم! منیش (٣) قاپم وەرگرتووە لێت (١) دینارم داوە پێت! توسەری خۆت لەمن بەخشندە ترت دیوە؟ شەربەت فرۆش وتی:

بەڵێ لە تۆ بە خشندە ترم دیوە! تاکو ژنان منالیان ببێت بە خشندەترین کەس نیتە!! ئەویش پرسی:

کێ ی ترت بینیوه له من ئازاترو به خشندەترا؟ ئەویش وتی:
ڕووداوێکی هێنده سەیرم بەسەر هاتووه! وەره با بۆت بگێڕمەوه باوکم که سەردەستەی شەربەت فرۆشەانی هەموو (میسر) بوو. که مرد (٥) وشترو هێستریك و دوکانێکی بۆ بەجێ هێشتم له گەڵ خانوویەکدا! بەڵام خۆت دەزانیت هەرگیز هەزار دەوڵەمەند نابێت! گەر دەوڵەمەندیش ئەوه بزانێ دەمرێت!! که مرد له دەڵی خۆمدا وتم:
واچاکه ڕوو بکەمه (حیجاز). تا گەیشتمه ئەوێ هەموو شتەکانم له دەست دا هەژار کەوتم! کاکەگیان وام لێهات:
(٥٠٠) دیناریش قەرزار بووم! بەخۆم وت:
هاوار بەماڵم ئەگەر بگەڕێمەوه (میسر)یش خەلکی لەسەر ئەو پارانەی که له لامەو قەرزم لێ کردوون له زیندانم توند دەکەن! لەبەر ئەوه خۆم کرد بەناو کۆمەڵەی حاجیانی وڵاتی (شام)و له گەڵ کاروانی ئەواندا ڕەوم کرد. که خۆم گەیانده (حەلەب) لەوێیشەوه شاری (بەغداد) خۆت بگرەو هاتم! له بەغداد پرسیاری سەردەستەی شەربەت فرۆشانم کرد. پیشانیان دام. چوومه خزمەتی و سڵاوم کرد. دوای وەڵام دانەوەو دانیشتنم هەواڵی پرسیم؟ ئیدی منیش چیم بەسەر هاتبوو له نووکەوه بۆم گێڕایەوه. خوا هەڵناگرێت ئەویش درێغی نەکردو له بازاڕ مەکەدا دوکانێکی بۆ چۆڵ کردمو گۆزەیەك و چەند کۆچەڵەیەکی شەربەتی پێدامو منیش دوکانەم کردەوه. دەست له دەستوتوانا له خوا کەوتمه گەڕ. هەر له دانیشتنی دوکان بێزار ببوومایه بازاڕ و دەوروبەر دەگەڕامووبانگی شەبەتەی خۆم دەکردو دەم فرۆشت. ڕۆژێکیان کوچەڵەیەك شەربەتم دایه دەست یەکێك به دەم هەڵقووڕاندنییەوه وتی:
ئەزانی که ئەم شەربەتەی تۆ بەسەر خواردنی یەکێك ڕەزیلو دەست نوقاودا!؟ ئەمجا به لاقرتێیەکەوه وتی:
بۆ چی تۆ زۆرت تێر کردووم؟ ئاوا شەربەتم پێ دەخۆیتەوه! ! منیش وتم:
برۆ به ڕێی خۆتەوه ڕسوا! چوومه بەردەم یەکێکی دی تا بەڵکو لێم بکرێت! ئەویش وتی:
"خوا بت داتێ! " بەخوا کاکه گیان بەو شێوەیه ئەو ڕۆژه تاکو ئێواره یەك پوولم پەیدا نەکردو کەس شەربەتی لێ نەکریم! له دڵی خۆم دا وتم:
" خۆزگه هەر نەهاتمایه ئەم بەغدایه" ڕۆژێکیان خەلکی بازاڕ مەکه کەوتنه ڕاکردن! منیش به ڕاکردن شوێنیان کەوتم که چوومه نزیکەوه ڕیز بەندی کۆمەڵه سەربازێکم بینی دوو دوو به شەقامەکەدا بەڕیز دەڕۆیشتن. هەریەکەیان زرێپۆش لەبەردا! کڵاو خووده له

سەردا قەڵغانی پۆلایین بە دەستی چەپەوە! شمشێر بە قەدەوە! هەر مەپرسە! منیش بە سەرسوڕمانەوە پرسیم:

ئەم سەربازانە هی کێن!؟ وتیان:

ئەمانە دەستەو دایەرەی ئەحمەد دەنەفن! دیسان پرسیمەوە ئەی ئەحمەد دەنەف کێی یە!؟ یەکێك وتی:

سەرکردەی پۆلیسانی پاسەوانانی کۆشکی پاشایە! سەرکردەی پۆلیسی پیادەی شاری بەغدایشە. مردوت نە مرێت مانگانەکەی (١٠٠٠) دینارە!! ئەوە ئێستا بەرەو پۆلیسخانە دەبنەوە! (حەسەن شومان) یش سەرکردەیەکی دی پۆلیسە ماڵ ئاوا ئەویش مانگانەکەی (١٠٠٠) دینارە! ئەویش کۆمەڵێك پۆلیسی بە دواوەیە. بۆچی ئەحمەد دەنەف خۆی نەی بینیم!؟ بە خوا ئیشارەتی دام منیش ئەم وێرا نەچم. پێی وتم:

ئادەی کوچەڵەیەك شەربەتی مێوژم بدەرێ. کوچەڵەیەکم بۆ بڵند کردەوە. کە خواردیەوە دووەمی داواکرد ئەمجا سێ یەم کوچەڵەم بۆ پڕ کرد. ئەمجالێی پرسیم:

" ئەرێ شەربەت فرۆش تۆ خەڵکی کوێیت؟ منیش وتم:

بەگم من میسریم! ئەمجا وتی:

هەر بژیت ئەی خەڵکانی میسرو وڵاتی میسر! " ئەمجا پرسی:

باشە بۆچی گەیشتویتە شاری بەغدا!؟ منیش بە کورتی بۆم گێڕایەوە: کە لە تاو قەرزاری هەڵاتووم و پشتم کردۆتە ماڵ‌ومناڵ! ئەمجا وتی:

بەخێربێیت بۆ شارەکەمان ئەوەش (٥) دینار بیگرە ئەمجا ڕووی کردە ئەوانەی دەوروبەری خۆی‌و وتی:

خێرتان دەگات دەستگیرۆیی ئەم هەژارە بکەن! ئیدی سەرو دیناریان پێدام. ئەمجا پێی وتم:

تا لەم شارەدا بیت ئاوا شەربەتت پێدااین ئێمەش بەم شێوەیە پارە دەدەین بەتۆ!! منیش چەند جارێك دەچوومە بەردەم ئەحمەد دەنەف‌و ئەویش بە هەمان شێوە پارەی بۆ کۆ دەکردمەوە. دوای چەند ڕۆژێك پارەکانم ژمارد ڕووانیم (١٠٠٠) دینارە! لەبەر خۆمەوە وتم:

چاك وایە بگەڕێمەوە نیشتمانی خۆم. ڕۆژێك خۆم گورج کردەوەو ڕووم کردەوە ئەحمەد دەنەف. کەسەیر دەکەم لە هۆڵێکی پۆلیسخانە لەگەڵ پۆلیسەکان دانیشتووە. چوومە ژوورەوەو دەستیم ماچ کرد. ئەویشلێی پرسیم:

" ها چیت دەوێت!؟ " وتم:

بەگم دەمەوێت سەفەر بکەم. ئەم شیعرەی بۆ وت:

مانەوەی (نامۆ) لەهەر ولاتێ — لە خزمان: کەسێ دەستی نایگاتێ!
ژینی کۆشکێکە بناغەی نابێ — دەرۆم: گەر گەورەم ڕێگام بداتێ!
وتم:

گەورەم کاروان ئامادەی سەفەرە بەرەو ولاتی (میسر) منیش دەمەوێت بگەڕێمەوە نیشتمانی خۆمو ناو ماڵومنداڵەکانم! ئەویش- خوا هەڵناگرێ- هێسترێکو (١٠٠) دیناری خەلات کردم! ئەمجا وتی:

دەمەوێت سپاردەیەکت پێ بسپێرم! مامەگیان! " منیش وتم:

بەچاوان سەرم لە ڕێتە- وتی:

"ئەم نامەیە ببە. کە گەیشتیەوە ولاتی میسر بیدە بەدەست عەلی زیئبەقو پێیی بڵێ سەرکردەکەت سلاوت لێ دەکات- ئێستا لای خەلیفە دامەزراوە! ئەمجا لە گەڵ کاروان بەڕێ کەوتمو نامەکەم لەگەڵ خۆم برد. لە پێشەوە گەڕام بەسەر ئەو کەسانەدا کە قەرزاریان بوومو قەرزەکانم دانەوە. دەستم کردەوە بە شەربەت فرۆشیو ئەم بازاڕ و ئەوبازاڕ م دەکرد جاروبارەش پرسیاری عەلی زیئبەقی میسریم دەکرد چونکە نەم دەزانی شوێنی ئەو پیاوە کوێ یە تاکو نامەکەی بۆ ببەم! رۆژێکیان دەردە دڵم بۆ کابرایەکی شەربەت خۆر دەکرد کە عەلی زیئبەقم بۆ نادۆزرێتەوە! کەچی کابرا وتی:

بێخەم بە مامە گیان! عەلی زیئبەقت دۆزیەوەتەوە چونکە من عەلی زیئبەقم! کوڕە نۆبەرەی ئەحمەد دەنەفم! بێنە نامەکەم بدەرێ". منیش نامەکەم دایە دەستی- هەرلە وێدا نامەکەی کردەوەو خوێندیەوە ئەم دوو دێرە شیعرەی تیا بوو نامەم بۆ نووسیت

تەنك‌وخڕێ — دام بە دەم (با)وە: کە هەڵیگرێ
حەزدەکەم خۆیشم لە تەکیا: بفرم — حەیف: مەل نیە بەباڵێك بفرێ

سلاو لە ئەحمەد دەنەفی سەرکردەی پۆلیسی پاسەوانانی کۆشکی پاشاوە بۆ کوڕە نۆبەرەی عەلی زیئبەقی میسری. پێت ڕادەگەیەنم کە من پیلانێکی زۆرم گێڕا بۆ " سەلاحی میسری"! کوڕەکانی بە قسەیان دەکردم! لەوانە "عەلی شانە وشتر" ئێستا سەرکردەی هێزی پۆلیسی شاری (بەغدا). فەرماندەی هێزی پیادەی پۆلیسی شارەکەیشم! گەر لە سەر پەیمانە کۆنەکە ماویت کارێك بکەو خۆت لە خەلیفە نزیك بکەیتەوە. بەڵکو موچەیەکی باشت بۆ ببڕێتەوە مانگانە وەری بگرە. خانوویەکیشت دەداتێ! ئیدی بمێنە بە خێر کە لە خوێندنەوەی بووەوە ماچی کردو خستیە سەر سەری.! دەستی برد (١٠) دیناری مژدانە دا بە شەربەت فرۆش ئەمجا گەڕایەوە ماڵەوە. شەو منداڵەکانی کۆ کردەوەو هەواڵەکەی پێ وتن. وتی:

ئامۆژگاریتان دەکەم هەمیشە پشتی یەك بگرن! خۆی گۆڕیو کلاوێکی کردە سەر. فوتویەکی هێنا (مزراق)ی تیابوو. دارێکیش کە (٢٤) باڵ درێژ بوو بەڵام پێکدا دەچوونەوە. کە لە پۆلیسخانە باسی سەفەرەکەی کرد پێشەنگی پۆلیسخانە وتی:

لە کاتێکدا دەڕۆیت کە گەنجینەی پۆلیسخانە چۆڵە!! عەلی وتی:

هەر بگەمە وڵاتی شام گەنجینەکە پڕدەکەمەوە- ئەمجا ڕۆیشت بەڕێی خۆیەوە. گەیشتە کاروانێك شابەندەری بازرگانی تیا بوو کە سەرۆکی (٤٠) بازرگانی تر بوو! کە هەر (٤٠) بازرگانەکان باری خۆیان بارکردو شابەندەری بازرگانیان بە جێ هێشت. کاروانچی یەکەی شابەندەر هاواری کرد پیاوی چاك بن دەستبارم بکەن بابارەکان بخەینەوە سەر پشتی هێسترەکان. دەوروبەرەکەی جنێوی یان پێداو پشتیان تێ ی کرد. عەلی زیئبەقی میسریش لە دڵی خۆیدا وتی:

واچاکە یارمەتی ئەم کاروانە بدەمو خۆم لە گەڵیاندا ڕێك بخەم. چووە پێش سڵاوی لێ کردن کاروانچی بە خێرهاتنی کردو وتی:

چیت دەوێت؟ ئەویش وتی:

مامە گیان گوێم لێی بوو داوای یارمەتیت لەو کۆمەڵە کەسە کرد بەڵام گاڵتەیان پێ کردیت! تۆیش (٤٠) باری هێسترت پێ یە! باشە بۆچی چەند کەسێکت نەهێنا بۆت باربکەن!؟ ئەویش وتی:

کوڕەکەم (٢) لاوم بەکرێ گرت. هەریەکەیان (٢٠٠) دیناری منی خستە تەنکەی باخەڵی یەوە! لە گەڵم دا بوون تاگەیشتنە (خانەقا)- لە وێ خۆیان دزیەوەو رایان کرد! عەلی زیئبەقلێی پرسی:

بەریو کوێ دەڕۆن؟ وتی:

دەچین بۆ (حەلەب). عەلی وتی:

بێخەم بە من یارمەتیت دەدەم. کاروانەکەی لەگەڵ بارکردو شابەندەری بازرگان سواری هێستری خۆی بوو. ئەوانیش کەوتنە ڕێ. کە شەویان بە سەردا هات. لایان دا نانی ئێوارەیان خوارد عەلی لەسەرشانلێی ڕاکشاو وای پیشان دا کە نوستووە. لەو لایەوە کاروانچیلێی نووست. عەلی هەستاو چوو لە بەردەم دەواری بازرگانەکەدا نووست- تابەرەبەیان لێی نووست ئەمجا هەستاو چووەوە شوێنەکەی ئێوارەکەلێی نووست. کاروانچی بەیانی کەلەخەو ڕابوو لە دڵی خۆیدا وتی:

ئەگەرلێی پرسیم: ئەمشەو لە کوێ بوویت؟ ئەوا جێم دێڵێتو دەڕوات! چەند ڕۆژێك بەو جۆرە دەیخەڵەتان تاگەیشتنە لای ئەشکەوتێك لە بناری شاخو گردێکدا بوو. ئەو ئەشکەوتە شێرێکی تێدابوو بواری نەدەدا بە کاروانچیو هەرجارەی برسی بوایە، دەبوو تێر

بکرایە کاروانچیان راهاتبوون. تیلو پشکیان دەکردو بەو قورعەیە دەبوو. یەکێك بدەن بەو شێرە بیخوات. دواتر لەسەر ڕێگەکەیان لادەچوو. ئەوانیش بێخەم دەبوون. کەگەیشتنە پێشەوە شێر پەیدا بوو کاروانچیان راهاتبوون بۆیە هەرلەوێدا ناوی هەمووانیان نووسیوقورعەیان بۆ کرد. سەیریان کرد ناوی شابەندەری بازرگان دەرچوو! شێرە راهاتبوو کە یەکێك بدا بە شانیداو بڕوات بیخوات. شابەندەر ئەژنۆکانی دەلەرزین چاریش نەبوو! ڕووی کردە کاروانچی یەکەو وتی:

خوا لەناوی دەمت بدات بۆقورعەیەك کردت. مادام وای لێهات وەسیەتم ئەوەیە ئەم کاروانە بدەیتە دەست:

منالەکانم. عەلی زیئبەقی میسری وتی:

تێم بگەیەنن ئەم بەزمەچی یە؟ تێیان گەیاند کەهەرجارێك ئەم شێرە برسی بێت ڕێگا بەکاروان دەگرێت گەر تێری نەکەنو ئادەمیزادێکی نەدەنێ بیخوات پەلاماری کاروانەکە دەدا بە ئارەزووی خۆی ملی (٥٤) کەس دەشکێنێ بۆیە کاروانچیان ئەم ڕێگایە خۆیان ئادەمیزادێکی بۆ قۆڵبەست دەکەنو بۆی دەکەن بە نێچیرو دەیخەنە بەردەمی! ئیدی دەیبات دەیخوات! عەلی وتی:

" ئەمە نەشێرەو نەهیچ" ئەمە پشیلە کێویە! مەرج بێت بەدەستی خۆم بیکوژم کاروانچی چووە لای بازرگانی نێچیرو قسەکەی عەلی زیئبەقی میسری بۆ گێڕایەوە بازرگان زۆری پێخۆش بوو. ئەمجا وتی:

" ئەگەر توانی بیکوژیت من (١٠٠٠) دیناری خەلات دەکەم! کۆمەڵە بازرگانەکانیش وتیان:

هەریەکە لە ئێمەش خەلاتی خۆی دەدات بەم پاڵەوانە!! عەلی زیئبەقی میسری بەرگی داکەند لە ژێریدا بەرگی زرێی پۆلاینی پۆشی! شمشێر بە قەدیەوە کەمەندی پۆلاینی هەڵسوراندو لە شێرە چووە پێش هاژەی هەڵسورانی کەمەندەکەی زیرەی بە شێرەکە کرد چونکە چەکی لەو جۆرەی نەدی بوو. شمشێرەکەیشی بە دەستی چەپی یەوە بوو. شێرەکە هەڵمەتی بۆ عەلی زیئبەقی میسری برد عەلیش شمشێرەکەی داهێنایەوە بۆ نێو چەوانی شێرە شمشێر هێندە تیژ بوو. شێرەکەی کرد بە دوو کەرتەوەو کەوتە زەوی! کاروانچیو شابەندەری بازرگانو (٤٠) بازرگانەکە سەیری ئەم شەڕەیان دەکرد. شابەندەری بازرگان بە راکردن چوو باوەشی پێدا کردو ناوچەوانی ماچ کرد.! ئەمجا (١٠٠٠) دینارەکەی لە لە تووڕەکەیەکدا بوو پێی بەخشی. ئەمجا بازرگانەکانی تر هەریەکە (٢٠) دیناریان خەلات کرد. عەلی زیئبەقیش کە ئەم نازناوی (زیئبەق)ەی لەوەوە بەسەردا دابڕا بوو کە هەرچۆنێك پیلانیان بۆ دادەرشت بیکوژن خۆی رزگار دەکردو هێندە فێلاوی بوو بە کونی

دەرزیشەوە دەچووا پارەکانی لای شابەندەری بازرگان دانا ئەو شەوە مانەوە و بەیانی بەرەو بەغداد بوونەوە دوای ماوەیەك گەیشتنیە (بێشەلانی شێران)و "دۆڵی سەگەل". لەو دۆڵەشدا. کابرایەکی دەشتی کە لە تیرەکەی خۆی هەڵاتبوو. هەبوو کارو پیشەی ئەو دەشتەکییە جەردەیی‌و رێگری بوو. جەردەکە هاتە سەر رێگەیان خەڵکەکە لە ترساندا هەریەکەو بە لایەکدا هەڵاتن! شابەندەری بازرگان. دای بەسەری خۆیداو وتی:

ئای هاوار چۆن سەرو ماڵم رۆیشت!؟ ". هێندەیان زانی عەلی زیئبەقی میسری بە بەرگێکی زرێ چەمەرمینەوە روو بە رووی جەردەکان بووە. کە هەمووی ریز ریزەی ئاڵقەی پۆلا بوو. هەرکە دەجوڵایەوە. زرەیەکی سەرسورهێنیان لێ دەبووەوە! تومەز زوتر دزەی کردبووە ناو خێڵەکەوەو ئەسپێکی زۆر خێرایی دزی بووا بۆیە بە سواری هاتەپێشەوە. کە ئەسپی دەشتەکی ئەو هەموو زرووهوڕەی بیست سەری لێتێك چوو. لە یەکەم پەلاماری عەلی زیئبەقی میسری دا بۆ سەر دەشتەکی رمە سێپەلەی دەستی دەشتەکی شکاند ئەمجا وەك هەڵۆ دەهاتەوە شمشێرێکی لە ملیدا سەری وەك تۆپ لە زەوی دا کەوتە هەڵبەزو دابەز!!
چەك دارەکان کە بینیان سەرکردەکەیان کوژرا پێکەوە هێرشیان بۆ عەلی هێنا عەلیش هاواری کرد:

(الله اکبر). پەلاماری دان ئەوەی کوژرا کوژرا. ئەوانەی بەرهەڵمەتی عەلی زیئبەقی نەکەوتن وەك‌و ئاسك هەڵاتن! . عەلی کەلە سەری دەشتەکی کرد بە رمەکەیەو دەیگێڕا خەڵکەکەش دەست خۆشیان لێدەکردو خەڵاتی پارەیان دەکرد. ئەویش هەموو پارەکانی دایەدەست کاروانچی وتی:

ئەم خەڵکە شایەتی بەینمان بێت ئەم پارەیەم بۆ ببەوە میسرو لە وێ بیدە بە سەرکردەی هێزی پۆلیس‌و بڵێ هی عەلی زیئبەقی میسرییە. ئەمجا شەو مایەوە. کە رۆژ بووەوە خۆی کرد بە شاردا. پرسیاری هۆبەی ئەحمەد دەنەفی کرد. کەس پیشانی نەدا! هەر رۆیشت تاکو گەیشتە سەر سەرە نۆیلکێك‌و کۆمەڵێك منداڵ لە ئەو خۆڵە عەمەلەیەدا بۆ شت‌و مەك دەگەڕان. منداڵێکیان کە ناوی "ئەحە زۆڵ"بوو. سرنجی دا لە نێوانیاندا کوڕێك قیر تەبەقێك (شەکرلەمە)ی پێیە. بانگی کردو ئەمجا منداڵەکانی بانگ کرد وەرن شەکر لەمە بخۆن! هەموویان رایان کردە سەر قیر تەبەقەکە! ئەو ئەحە زۆڵە منداڵەکانی دەرکردو بە عەلی وت راست‌و رەوان پێم بڵێ چیت لێمان دەوێت!؟ عەلیش وتی:
کاتی خۆی کوڕێکی وەك‌و نێوەم هەبوو خوا بردیوە بۆ خوی‌و مرد! لەم شەوانەدا ئەم کوڕەم هاتە خەوم‌و پێی وتم:

شیریرینی بکە بە خێر بۆم! ئێستا دەمەوێت هەریەکەتان (شەرکلەمە)یەك بخۆن. دانەیەکی دا بە (ئەحە زۆڵ) ئەحەش کە وەری گرت سرنجی دا دینارێك خراوەتە سەر (شەکرلەمە)کەی! بۆیە بە عەلی وت:

"یەخەم بەردە! من شوێنی فسق‌و فجور نازانم! " عەلی زیئبەقی میسری وتی:

کوڕی خۆم کەسانی گورج‌و گۆڵ کرێ وەردەگرن! منالآنی وریا کرێ وەردەگرن! ئەوە بزانە ئەمشارە هەمووی گەڕام پرسیارم کرد. کەس شوێنی ئەحمەد دەنەفی پیشان نەدام! منیش ئەم دینارەم دا بە تۆ کرێی پیشاندانی ماڵیان شوێنی ئەحمەد دەنەف! (ئەحە زۆڵ) وتی:

زۆرباشە لەپێش تۆوە رادەکەم. تۆش من راوبنێ! بە پەنجەکانی پێم (چەو)ێك هەڵ دەگرم‌و دیگرمە دەروازەی ماڵەکەیان تاکۆ تۆ ماڵەکەی بزانیت. ئەمجا منداڵ کەوتە راکردن‌و عەلی زیئبەقی میسری بە دوایدا تاکو بە پێی چەوێکی هەڵگرت‌و هاوێشتیە بەر درگایەك! . عەلیش ویستی "حەسەنە زۆڵ" بگرێت‌و دینارەکەی لێ بستێنێتەوە بەڵام حەسەنی بۆ نەگیرا! بۆیە وتی:

برۆ بە رێی خۆتدا بە ناموسم بە خۆت رەوایە چوونکە زیرەك‌و پێگەیشتویت! خوا یاربێت هەربوومە سەرکردە لای خەلیفە بەپۆلیس لای خۆم داتدەمەزرێنم! ئەمجا عەلی زیئبەق لە درگای دا. ئەحمەد دەنەف وتی:

ئادەی جێگری فەرماندە برۆ ئەو دەروازەیە بکەرەوە بەلە دەروازە دانەکەیدا دیارە عەلی زێئبەقی میسریە! ئەویش چوو دەروازەکەی کردەوە عەلی زیئبەق خۆی کرد بە ژووردا و باوکی لە ئامێز گرد! ئەمجا هەر (چل) پۆلیسی سوارەکان بەخێریان هێنا. ئەحمەد دەنەف هەر لەوێدا دەستێ جلی پێداو ئەویش لە بەری کرد. ئەمجا خستیانە نێوان خۆیانەوە. سفرە راخراو خواردنیان بۆ هات. دواتر مەی‌و پیاڵەو مەست بوون. تابەرەبەیان.

شەهرەزاد هەستیی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧١١

شەهرەزاد وتی:

ئەحمەد دەنەف بە عەلی میسری وت:

ئەکەی بە نێو شاری بەغداد دا بگەڕێیت! بۆ خۆت لە ئەم شوێنە ئەچیتە دەرەوە عەلیش پرس:

ئەمە چی دەگەیەنێت!؟ بۆچی من هەڵتەك هەڵتەك لە میسرەوە هاتووم بۆئەوەی لێرە زیندانی بکرێم!؟ من بۆ ئەوە هاتووم بە دڵی خۆم بگەڕێم! ئەحمەد دەنەف وتی:

کوڕەکەم وامەزانە (بەغداد)یش وەکو (میسر)ە! بەغداد چەقی هەموو دنیایە شوێنی خەلیفەکانی موسڵمانانە! خەڵکێکی گورجوگۆڵی تیایە! هەروەکو چۆن پاقلە لە زەویدا دەڕوێت ئاوایش زیرەکیو زانایی تیا دەڕوێت! عەلی (٣) رۆژ لە پۆلیسخانەبوو. ئیدی ئارامی لێ هەڵگیرا ئەحمەد دەنەف وتی:

دەمەوێت لە خەلیفەت نزیك بکەمەوە! رۆژێکیان عەلی زۆر دڵتەنگ دەبێت. بەخۆی دەڵێت هەستە برۆ بەدڵی خۆت شاری بەغدا بگەڕێ! ئەویش هەستاو کەوتە گەڕان لەم کۆڵان دەچووە ئەو کۆڵان لە ناوەڕاستی بازاڕ دا دوکانێك بوو. هەستاو چووە ناوی هەر لەوێ نانی خوارد. هاتە دەرەوە دەستی بشوات (٤٠) کۆیلەی بینی کە دوو دوو ڕیز بوو بوون. دوایەمین کەسیان دەلیلەی دەستبڕ بوو. سواری هێسترەکەی بووبوو. کڵاو خودمیەکی زێڕینی لە سەردا بوو کە لە دیوەخانی خەلیفەوە هاتبوو بەرەو خانەکەی دەچوو. کەعەلی زیئبەقی میسری بینی سەرنجێکی زۆری دا تێگەیشت کە زۆر لە ئەحمەد دەنەف دەچێت! باڵای بە هێندەی ئەوە ئازایەتی هەروەکو ئازایەتی ئەو وایە! گەڕایەوە (خان)و کەوتە گفتو گۆ لەگەڵ زەینەبی کچی. ئمجا دانیشتو(رمل)ێکی بۆ لێداو بەختی گرتەوە! سەیری کرد ئەمە ناوی عەلی میسریە ئەستێرەی لە رووناکی دایە! ئەمجا کچەکەی لێی پرسی:

لەو (رمل) گرتنەوەیە چی تێ گەیشتیت؟ پیرەژنە دەلیلە وتی:

ئەم رۆ کەلە بازاڕ دا دەگەڕام کوڕێکم بینی. زۆر لە ئەحمەد دەنەف دەچوو دەترسم روت کردنەوەیەی کە روتت کردنەوە بیست بێتی. پیلانێکمان بۆ بگێڕێت تاکو تۆڵەی ئەو (٤٠) پۆلیسە بکاتەوە. ئەمجا پیرەژن کەوتە ناوبازاڕ تاکو عەلی زیئبەقی لە بازاڕ دا بینی. بەرەو رووی چوو. کارێکی کرد شانی عەلی بەرشانی پیرەژن کەوت! بۆیە لای کردەوەو وتی:

چاوت نابینێت؟ عەلی زیئبەقی میسری پرسی:

تۆ کێیت؟ ئەویش وتی:

من کچە بازرگانم مێردەکەشم بازرگانە لە ژیانمدا ئەمڕۆ هاتوومەتە دەرەوە. چونکە چێشتو نانم ئەمڕۆ ئامادە کردوە کەچی دڵم نەچووە سەری! ئاخۆ دڵم ناشکێنیو دەبیتە میوانمونەو چێشتو نانەم لەگەڵ بخۆیت؟ ئەویش وتی:

بانگێشت کراو نالێت نا ئەمجا ئەو رۆیشتو عەلی شوێنی کەوت ئەم کۆڵان بۆ ئەو کۆڵان! کە لە دوایەوە دەڕۆیشت لە دڵی خۆیدا وتی:

باشە من کابرایەکی (نامۆ)م بەم شارە! چۆن دەبێت نەشارەزایانە شوێنی بکەوم واباشە ژیرانە خۆم بدزمەوە! ئەمجا بەژنەی وت:

ئەم بانگێشتە بۆ ناخەیتە رۆژێکی دی!؟ ژنەش وتی:

بەناوی خوا شتی وا نابێت تازە نان ئامادەیە! ! ئەمجا بەناچاری شوێنی کەوت. تا گەیشتنە بەر دەروازەیەکی داخراو. خانەخوێ وتی:

ئەم دەروازە بکەرەوە! ئەمیش وتی:

کوا کلیلەکانی!؟ ژنە وتی:

ونبووە! ناچار عەلی وتی:

هەرکەسێك دەرگایەکی داخراو بەبێ رێ پێدان بکاتەوە لە زیندان توونـد دەکرێت! ژنەکە پەچەکەی رووی لادا قۆپچەکانی کردەوە! کەوتە خوێندنی ناوەکانی دایکی (موسا). هێندەیان زانی بە بێکلیل کرایەوە! ژنە چووە ژوور ئەویش شوێنی کەوت. سەیری کرد چەندین شمشێرو شتومەکی جەنگی تیایە کە لە پۆڵا دروست کراون! ئەمجا قۆپچەیەکی کردەوە سفرەوخواردن دانرا! مەی‌ۆ پیاڵە رێکخرا! هەستاو چوو. حەوتجۆشێکی برد لە بیرەکە پڕ ئاوی کرد. دەستو پێان شت. ئەوان کە خەریك بوون ژنە کێشای بە سەرسنگی خۆیداو وتی:

"ئەیەرۆ چیبکەم! خو ئەو موستیلەیەی کە هی مێردەکەمو بە پەنجەم شل بووو منیش بە هەندێ (مێو)ی دارمێو بچووکم کردبووەوە لەکاتی ئاو دەرهێناندا لە بیرەکە لە پەنجەم داکەوتووە! کەوتووەتە بیرەکەوە ئەو موستیلەیە مرواری بوو. مێردەکەم بە (رەهن)ی (٥٠٠) دینار وەری گرتووە! ئێستاش پشتم تێبکە. با خۆم روت بکەمەوەو بچمە ناو بیرەکەوە. عەلی زیئبەقی میسری وتی:

بۆ من جوان نیە تۆ بچیتە بیرەکەوە! خۆم دەچمە بیرەکەوە. ئەمجا خۆی روت کردەوەو پەتی سەتڵی بیرەکەی لە ناوقەدی بەستو ژنەکە شۆڕی کردەوە بۆ ناو بیرەکە! بیرەکەش ئاوی زۆر بوو. ئەمجا ژنە بانگی کرد:

پەتەکە تەواوبوو لای خۆتەوە لە ناوقەدتی بکەرەوەو بەدەست بیگرە. عەلی بە قسەی کرد. هەموو باڵای نقوومی ئاوەکە بوو. بەڵام پێیەکانی نەگەیشتە بنی بیرەکە! ژنەکەش لای خۆیەوە قۆپچەکانی داخستەوەو بەرگەکانی عەی پێچایەوە. بەرەو ماڵەوە رۆیشتەوە. وتی:

"دایە هۆ دایە عەلی میسریم روت کردەوەو ئەمەش بەرگەکانی بەریەتی هێناومە! عەلیم خستووەتە بیرەکەی (مـیر حەسەن)ەوە! مەحاڵە رزگاری ببێت! ". میر حەسەن لەوکاتەدا لە ماڵ نەبوو لە دیوەخانی سەرای مەملەکەت بووا . کە گەڕایەوە. سەیری کرد ماڵ کراویە! پاسەوانی بانگ کردو لێی پرسی:

باشه من کابرایەکی (نامۆ)م بەم شارە! چۆن دەبێت نەشارەزایانە شوێنی بکەوم واباشە ژیرانە خۆم بدزمەوە! ئەمجا بەژنەی وت:

ئەم بانگێشتە بۆ ناخەیتە رۆژێکی دی!؟ ژنەش وتی:

بەناوی خوا شتی وا نابێت تازە نان ئامادەیە! ! ئەمجا بەناچاری شوێنی کەوت. تا گەیشتنە بەر دەروازەیەکی داخراو. خانەخوێ وتی:

ئەم دەروازە بکەرەوە! ئەمیش وتی:

کوا کلیلەکانی!؟ ژنە وتی:

ونبووە! ناچار عەلی وتی:

هەرکەسێك دەرگایەکی داخراو بەبێ رێ پێدان بکاتەوە لە زیندان توونـد دەکرێت! ژنەکە پەچەکەی رووی لادا قۆپچەکانی کردەوە! کەوتە خوێندنی ناوەکانی دایکی (موسا). هێندەیان زانی بە بێکلیل کرایەوە! ژنە چووە ژوور ئەویش شوێنی کەوت. سەیری کرد چەندین شمشێرو شتومەکی جەنگی تیایە کە لە پۆلا دروست کراون! ئەمجا قۆپچەیەکی کردەوە سفرەوخواردن دانرا! مەی‌ۆ پیالە رێکخرا! هەستاو چوو. حەوتجۆشێکی برد لە بیرەکە پڕ ئاوی کرد. دەستو پێیان شت. ئەوان کە خەریك بوون ژنە کێشای بە سەرسنگی خۆیداو وتی:

"ئەیەڕۆ چیبکەم! خو ئەو موستیلەیەی کە هی مێردەکەمو بە پەنجەم شل بووو منیش بە هەندێ (مێو)ی دارمێو بچووکم کردبووەوە لەکاتی ئاو دەرهێنانـدا لە بیرەکە لە پەنجەم داکەوتووە! کەوتووەتە بیرەکەوە ئەو موستیلەیە مرواری بوو. مێردەکەم بە (رەهن)ی (٥٠٠) دینار وەری گرتووە! ئێستاش پشتم تێبکە. با خۆم روت بکەمەوەو بچمە ناو بیرەکەوە. عەلی زیئبەقی میسری وتی:

بۆ من جوان نیە تۆ بچیتە بیرەکەوە! خۆم دەچمە بیرەکەوە. ئەمجا خۆی روت کردەوەو پەتی سەتڵی بیرەکەی لە ناوقەدی بەستو ژنەکە شۆڕی کردەوە بۆ ناو بیرەکە! بیرەکەش ئاوی زۆر بوو. ئەمجا ژنە بانگی کرد:

پەتەکە تەواوبوو لای خۆتەوە لە ناوقەدتی بکەرەوەو بەدەست بیگرە. عەلی بە قسەی کرد. هەموو بالآی نقوومی ئاوەکە بوو. بەلام پێیەکانی نەگەیشتە بنی بیرەکە! ژنەکەش لای خۆیەوە قۆپچەکانی داخستەوەو بەرگەکانی عەی پێچایەوە. بەرەو ماڵەوە رۆیشتەوە. وتی:

"دایە هۆ دایە عەلی میسریم روت کردەوەو ئەمەش بەرگەکانی بەریەتی هێناومە! عەلیم خستووەتە بیرەکەی (میر حەسەن)ەوە! مەحاڵە رزگاری ببێت! ". میر حەسەن لەوکاتەدا لە ماڵ نەبوو لە دیوەخانی سەرای مەملەکەت بوو! . کە گەڕایەوە. سەیری کرد ماڵ کراوەیە! پاسەوانی بانگ کردو لێی پرسی:

بۆ چی دەرگای ماڵ کراوەیە؟ ئەویش لە وەڵامدا وتی:

"گەورەم بە دەستی خۆم دام خستووە! ". ئەویش تووڕە بوو وتی:

بەم کەللەیە دزهاتووەتە ئەم ماڵەوە! ". ئەمجا خۆی کرد بە ژوورەکانداو پاسەوان بەدوایدا بەڵام کەسیان نەبینی! فەرمانیدا ئادەی ئەو مەسینەیەم لەو بیرە بۆ پڕکە با دەستنوێژەکەم بشۆم. پاسەوان دەورو بەری بیرگەڕا هەرسەتڵەکەی لێ بوو! پەتەکەی پێوە نەبوو ئەمجا گەڕا پەتێکی درێژی دۆزیەوە سەتڵی لە سەرێکی بەستو شۆڕی کردەوە بۆ ناو بیرەکە. دوایی کە رای کێشایەوە سەرنجی دا زۆر قورسە!! کەسەری شۆڕکردەوە بە سەر بیرەکە دا شتێکی رەشی گەورەی لە ناو بیرەکەدا بینی! دیسان سەتڵەکەی بەرداوە ناو بیرەکە. ئەمجا هاواری کرد:

"گەورەم ئەم بیرەی تۆ دێوێکی تیایە! ". میر حەسەن وتی:

دەی باشە بڕۆ (٤) (فەقێ)یەم بۆ بانگ بکە با بێن قورئانی بە سەردا بخوێنن تاکو بیرەکە جێ بهێڵێت. دوای کەمێك هاتەوەو (٤) فەقێی هێنابوو. دەستیان کرد بە خوێندنی بە چوار دەوری بیرەکە دا! پاسەوان دیسان پەتەکەی راکێشا زۆر قورس بوو فەقیەکان یارمەتیان داو بەدەم قورئان خوێندنەوە سەتڵەکەیان هێنایە سەرەوە. عەلی زیئبەقی میسری، خۆی هەڵدایە ناو فەقێکانو دانیشت. ئەوانیش دایان بە سەریانداو هاواریان کرد:

"دێوەکەیە دێوەکەیە!! " میر حەسەن سەرنجی دا ئەمە ئادەمیزادە! لێی پرسی:

"تۆ دزیت!؟ ئەویش وتی:

نەخێر. ئەمجا پرسی:

"کەواتە چی دەکەیت لە ناو ئەوبیرەدا!؟ ". عەلیش وتی:

"لە راستی دا. لە رووباری (دجلە) دا مەلەم دەکرد کەوتمە ژێر ئاو! کاتێ چاوانم کردەوە سەیر دەکەم لە ناو ئەم بیرەدام!! ". میر حەسەن تووڕە بوو وتی:

راستگۆبە! قسەی راستم پێ بڵێ! . ئەمجا عەلی زیئبەقی میسری. بە سەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٧١٢

شەهرەزادوتی:

میرحەسەن دەستێ جلی کۆنەی خۆی پێدا عەلی زیئبەقی میسری لەبەری کردو میرحەسەن دوای خۆی خشتو ڕۆیشتن. خۆیان کرد بە هۆڵی ئەحمەد دەنەفەدا بە خێریان هێنان ئەحمەد رووی کردە عەلیو وتی:

کوڕی باش پێم نەوتی مەچۆ ناو بازاڕ مەکەوە!؟ لە بەغدادا ژنانی مەکر بازو فێڵاوی زۆرن لە خشتەت دەبەن! ئاخر بۆ خاتری خوا چۆن بتکەمە سەرۆکی لاوانی شاری بەغدا کە کچێك ئاوا فریوت بداتا!؟ عەلی ئەمەی بەلاوە زۆر گرنگ بوو زۆر پەشیمان بوو. ئەحمەد دەنەف جلوبەرگێکی جوانتری بۆ هێناو عەلیش هەر لەوێدا پۆشی. "حەسەن شومان" پرسی:

"کچەکە ببینیت دەیناسییەوە!؟ ". عەلی وتی:

"نەبەخوا! ". ئەمجا پێی وت:

"ئەو کچە "زەینەب"ی کچی دەلیلەی دەستبڕە! پاسەوانی دەروازەی خانەکەی خەلیفەیە. وا تۆیش کەوتییە داوییەوە". عەلی وتی:

بەڵێ. ئەمجا وتی:

"عەلی گیان هێندە گوێی مەدەیە! ئەوە جلوبەرگی گەورە بەرپرسەکانی تۆیشی بردووە. " وتی:

"شەرمە بۆ ئێوە". ئەمجا پرسی:

"ئەی تۆ چیت دەوێت؟ ". ئەویش وتی:

" هاها هاها مەحاڵە! ". عەلی پرس "بەچی فرو فێڵێك مارەی بکەم!؟ شومان گیان! ". شومان وتی:

"بە چاوان ئەگەر تۆ لە قولەمستی مندا دەخۆیتەوەو لە سایەی ئالای مندا دەبیت. نیش بە ئاواتی خۆتت دەگەیەنم". عەلی زیئبەقی میسر وتی:

بەڵێ باشە. ئەمجاوتی:

"عەلی گیان جلوبەرگەکەت دایکەنە. جلەکانی داکەندو مەنجەڵێکی هێناو تێی کرد. شتێکی تێکرد وەکو "زفت" وابوو. دەری هێناو زفتەکەی چەور کرد. دواتر لێوەکانی عەلی پێ هەنوو وەکو کۆیلەی رەشی لێهات. پشتی چاوانی بەکلی سوور رەنگ کرد. ئەمجا بەرگی حزمەتکارانەی لەبەر کرد. پڕ قیر تەبەقێك کەبابی خستە سەرسەری لەگەڵ (مەی)دا. ئەمجا پێی وت:

له خانەکەی خەلیفەدا کۆیلەیەك هەیە زۆر لە تۆ دەچێت ئەو کۆیلەیە چێشت لێنەری خەلیفەیە. بچۆ خانەکەوەو بچۆ لای ئەو کۆیلەیەوەو پێی بلێ دەمێکە لە مەیخانە یەکتریمان نەدیوە! ئەمجا لەگەڵیدا بچۆ هۆڵەکەوەو سەرخۆشی بکە. لێی بپرسە بزانە چەند جۆر چێشتو خواردن ئامادە دەکات؟ خواردنی سەگەکان چییە؟ پرسیاری کلیلی چێشتخانەکەی لێ بکە. چونکە سەرخۆش نهێنی بۆ ناپارێزرێت! کە هەموو زانیاییەکانت وەرگرت. (بەنج)ی بە لوتدا بدەو بوورایەوە بەرگەکانی ئەولەبەر بکە ئەمجا سەبەتەی سەوزەکە بە دەستەوە بگرەو برۆ بۆ بازاڕ گۆشت و سەوزە بگرە! کە گەڕایتەوە! بچۆ چێشتخانەکەو خواردن ئامادە بکە. ئەمجا سینی خواردنەکەی دەلیلە (بەنج)تێ بکە. کۆیلەکانی خانو تەنانەت سەگەکانیش بەنج بکەو بابێ هۆش بکەون! ئەڵبەتە دەلیلەو زەینەبی کچیشی!! . ئەمجا بگەڕێ جلوبەرگی هەر هەموویان کۆبکەرەوە! جا ئەگەر بەڕاستی دەتەوێت (زەینەب) مارەبکەیت ئەوا هەر (٤٠) باڵندەکەشی لە گەڵ خۆت بێنە! ئەو باڵندانە گرنگن. نامە دەهێننو دەبەن! . عەلی چووە چێشتخانەکەوەو سڵاوی کرد. کۆیلە رەشە چێشت لێنەرەکەی بینیو پێی وت:

"زۆر دەمێکە لە مەیخانە دا پێکەوە کۆ نەبووینەوتەوە! ". کۆیلەکە وتی:

" هەمیشە سەرقاڵی ئامادەی کردنی خواردنی کۆیلەو سەگەکانم". لەگەڵ خۆی بردیو سەرخۆشی کرد! ئەمجا جۆرەکانی خواردنەکەی لێ پرسی:

کە ئامادەی دەکات. ئەویش وتی:

رۆژی (٥) جۆر خواردن ئامادە دەکەم بۆ نیوەڕۆ (٥) جۆری تریش بۆ ئێوارە. دوێنێ داوای جۆری شەشەمی خواردنیان کردووە! ئەمڕۆش جۆری حەوتەم ئەویش برنجی "رووبەهەنار"ە! ئەمجا عەلی پرسی:

ئەی سفرەکان چۆن ئامادە دەکەیت؟ کۆیلەکە وتی:

یەکەمجار سفرەی زەینەب دەڕازێنمەوە! ئەجا سفرەی پیرەژنە دەلیلە ئامادە دەکەم. ئەمجا خواردنی کۆیلەکان دەدەم دوای هەمووان خواردنی سەگەکان هەر سەگەی بەشی دیاری کراوی خۆی هەیە لە گۆشت! کەمترین بەشە گۆشتی سەگەکان (١) رەتڵ گۆشتە! . هەواڵی کلیلەکانی پرسی ئەمجا بەلادا هاتو بوورایەوە عەلی زیئبەقی میسری رای کێشایە سووچێکەوەو بەرگەکانی بەری داکەندو کردییە بەری خۆیو ئەویشی بە بەرگەکانی خۆی پۆشتە کردەوە! ئەمجا سەبەتەی کرد بە مەچەکیداو بەرەو بازاڕ بووەوە تاکو گۆشتو سەوزە بکرێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەوە درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٧١٣

شەهرزاد وتی:

گەڕایەوە لە دەرگاوە هاتەژوور. دەلیلەی بینی کە چاودێری دەروازەی دەرەوە دەکات. (٤٠) پیاوی شمشێر بە دەستی بینی هەندێ ترسا دوایی ورەی دایە بەرخۆی. کە دەلیلە عەلی بینی وتی:

بگەڕێوە سەرۆکی دزان! نیازتە لەخانەکەشدا (فێڵ)م لێ بکەیتو پیلانم بۆ بگێریت!؟ عەلی زیبەقی میسری وتی- کەوەکو کۆیلەکان بەرگی پۆشی بوو- لای کردەوە. بەلای دەلیلەدا وتی:

"ئەوە دەڵێیت چی دەرگاوان!؟ " دەلیلە پرسی:

"چیت لە کۆیلەی چێشت لێنەر کرد؟ راستودروست پێم بڵێ بێ هۆشت کردوە!؟ یان کوشتوتە. " عەلی وتی:

"مەبەستت لەکام کۆیلەی چێشت لێنەرە؟ بۆ لە من زیاتر چێشت لێنەری ترتان هەیە!؟ ئەمجا بەزمانی کۆیلەیان وتی:

"دەرگاوان ئاخۆ کیژە میسری یان سپین؟ یان رەش وابروات ئەم چێشت لێنەریە ناکەم! " کۆیلەیەك لەو لاوە هەڵیدایە وتی:

ئەوەچێتە ئامۆزا؟ پیرەژنە دەلیلە وتی:

ببورن ئەمە ئامۆزاتان نیە! ئەمە عەلی زیبەقی میسری یە! جا چی یە پێستی رەش دردووە! تاکو نەناسرێتەوە! عەلی وتی:

عەلی کی یە!؟ من سەعدولام ناوە! پیرەژنە دەلیلە وتی:

مـن دەرمـانی تـاقی کردنـەوەی رەنگـم لایـە! دەرمانـەی هێنـاو قـۆڵی عـەلی زیبـەقی هەڵماڵیو لە پێستە رەشەکەی داوهەندێ ولێ! کەچی سەیری کرد رەشیەکەی لێ نەبووەوە! کۆیلەکەی دی کەبینی رەشی یەکەی لێ نەکردۆتەوە. وتی:

"رێی بدە بابڕوات چێشتەکەمان بۆ لێبنێ! ماڵی تۆیشم ئاواکرد! " دەلیلە وتی:

ئەگەر ئامۆزای ئێوە بێت دەزانێت دوێنێ چیتان خواردووە!!

عەلی زیبەقی میسری وتی:

نیـسکێنە، بـرنج، شۆربا، حەوتـەم جـۆری خواردنیـان بـرنج بـوو بـە رووبـە هـەنار! " نێوارەکەیشی هەر هەمان جۆرەکانی خواردن بوون. ئەمجا چەند پاسەوانێکی لەگەڵ ناردو فەرمانی پێدان ئەگەر چێشتخانەکەی دۆزیەوە جێ ی بهێڵن! ئەگەر بۆی نەدۆزرایەوە هەرلەوێدا بیکوژن! لەبەر ئەوەی چێشت لێنەری پێشوو پشیلەیەکی راگرتبوو هەمیشە لە

بەردەرگای چێشتخانەکەدا دەوەستا! کە چێشت لێنەر دەگەیشتە بەردەرگای چێشتخانە ئەو پشیلەیە راهاتبووخۆی هەڵ دەدایە سەر شانی عەلی زیئبەقی میسری کە کلیلەکانی لە کۆیلەکە وەرگرت سەرنجی دا یەکێکیان چەورتر بوو بۆنیشی دەهات. ئەوەیانی جیا کردەوەو دەرگای چێشتخانەکەی پێ کردەوە. ئەمجا پشیلە خۆی هەڵدایە خوارەوەو کلکی بەرز کردەوە بەرەو دەرگای گەنجینەی چێشتخانەکەو (عەلی) بە دوایدا. ئەمجا کۆیلەکان چوونە بەردەم دەلیلەو وتیان:

ئەگەر ئەم کۆیلەیە چێشت لێنەرەکەی خۆمان نەبووایە کلیلی چێشتخانەی بۆ نەدەدۆزرایەوە! دەرگای گەنجینەکەشی نەدەزانی!! بەخوا سەعدولای ئامۆزامانە! بێخەم بە! " دەلیلە وتی:

" چێشتخانەکەی بەهۆی پشیلەکەوە دۆزی یەوە! ئەمە بەسەرمندا تێناپەڕێت. ئەمجا لە چێشتخانەکەدا دەستی بە چێشت لێنان کرد. کە پێگەیشت یەکەم جار سفرەی زەمینەیی رازاندەوە. عەلی زیئبەقی سەرنجی دا هەموو ئەو جلوبەرگانەی کاتی خۆی لە پیاوەکانی دامالیوە لە کۆشکدان! ئەمجا گەڕایەوە دوای سازدانی سفرەی دەلیلە سفرە خوانی کۆیلەکانی ئامادە کرد. ئەمجا سەگەکانی تێرکرد. ئێوارەش. بەهەمان شێوە- ئەو خانە تەنیا بەیانیان لەگەڵ ئێواراندا دەروازەی دەکرایەوە! رۆژی دواتر دوای نان خواردنی ئێوارە عەلی چووە حەوشەی خانەکەوەو هاواری کرد:

مەترسن ئەو پۆلیسو پاسەوانانە (بەنج)یان دەرخوارد دراوە نەمردوون! بەڵام سەگە پاسەوانەکان هەموویانم ژەهر خواردوو کردووە! خەڵکینە- دەمێننەوە یان دەڕۆنە دەرەوە ئارەزووی خۆتانەو ئۆباڵی خۆتان لە ئەستۆی خۆتانە! ئەمجا گەراو هەموو جلوبەرگە دزراوەکانو شتومەکەکانی کۆکردەوە کۆترانی نامەبەریش ئەمجا چووە هۆڵەکە- حەسەن شومان- عەلی زیئبەقی میسری بینیولێی پرسی:

" چیت کرد؟ " عەلیش هەرچی یەکی بەسەرهات بوو. بۆی گێڕایەوە ئەویش سوپاسی کرد. ئەمجا جلوبەرگی خۆی داکەندو کردیە مەنجەڵێکەوەو گیایەکی تێکردو ئاوەکەی کوڵاند! بەرگە کانی زۆر جوان سپی بوونەوەو چووەوە دۆخی جارانی. ئەمجا رۆیشت کۆیلە رەشەکەی کەکاتی بووراندبوویەوەو شاردبوویەوە دەرمانی دا بەکەپوویداو بە ئاگای هێنایەوە. ئەمە حاڵی عەلی زیئبەقی میسری بوو لەو لایشەوە پیرەژنە دەلیلەی دەستبڕیش- یەکێك فریای کەوت کە بەبەر دەروازەی خانەکە (ئوتێلە)کەدا دەڕوات پێی سەیردەبێت کە کراوەیە! دەچێتە حەوشەی خانەکە دەڕوانێت. چەند سەگێك تۆپیوە! بۆیە دەزانێت کارێك قەوماوە دەگەڕێت دەلیلە دەبینێت. بەنج بووەو بووراوەتەوە! ئیسفەنجێك لە دەرمان لەولا سەریەوەیە دەست دەبات و دەیدات بە کەپووی پیرەژنە دا دەلیلە بە ئاگا

دێتەوە. دەروانێت کاغەزێك بە ملییەوەیە! ئەمجا هاوار دەکات "من لە کوێم؟ " کابرای بازرگان پێی وت:

من بەبەر دەروازەی ئەم خانەدا تێ پەڕیم روانیم کراوەیە! بۆیە هاتمە ژوورەوە. سەیر دەکەم چەند سەگێك تۆپیوە! هەر پۆلیسەو لە سووچێکەوە بووراوەتەوە! منیش کاغەزەکەی کە کرابوو بە ملی تۆ دا خوێندمەوە نوسرابوو "ئەم تەڕنە عەلی زیئبەقی میسری پێی داویت! ". ئەمجا پیرەژنە دەلیلەو دەوروبەری دەرمانی دژە (بەنج)یان دا بە لوتی بووراوەکانی ناو خانەکە دا و بە ئاگا هاتنەوە. ئەمجا پیرەژنە دەلیلە بە کچەکەی وت:

پێم نەوتیت:

عەلی میسری تۆڵەی خۆی هەر دەکاتەوە!؟ بە کۆیلەکانی وت:

نابێت کەستان باسی ئەم "تەڕنە" بکات! ئەمجا بە کچەکەی وت:

تۆ بزانە عەلی میسر دەیتوانی زۆر لەمە زیاتر بە منو تۆ بکات! تێ دەگەیت!؟ کچەکەی وتی:

ئەرێ بەخوا راست دەکەیت! ئەمجا دەلیلە وتی:

ئەمە وا دەگەیەنێت بەشی ئاشتی تیاهێشتووەتەوە. دیارە حەز دەکات ببێتە دۆستمان. دەلیلە بەرگی شەقاوەکانی فڕێ داو بەرگی ژنانەی لەبەر کرد. بەرەو دیوەخانی "ئەحمەد دەنەف" رۆیشت. کە عەلی میسری خۆی کرد بە دیوەخانە کەدا جلو بەرگەکانی لەگەڵ کۆترە نامەبەرەکان هێنا بەڵام (شومان). پارەی (٤٠) کۆترەکەی دا بە جێگری فەرمانڕەواو. کۆترەکانی نارد بۆ سەربڕین. دواتر لەگەڵ پۆلیسە کاندا خواردی لەو کاتەدا (دەلیلە) لە دەرگای دیوەخانی دا! ئەحمەد دەنەف وتی:

ئەمە لە لەدەرگا دانی (دەلیلە) دەچێت! بڕۆ جێگری فەرماندەیی دەرگا لە (دەلیلە) بکەوە. ئەویش چوو دەرگاکەی کردەوە دەلیلە هاتە ژوورەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧١٤

# بەسەرهاتی عەلی زیئبەقی میسریو زەریقی ماسیگر

شەهرەزاد وتی:

دوای بەخێر هێنان پێی وت:

جی تۆی گەیاندە ئێرە هەی پیرەژنە نەگبەتە!؟ ئەی خۆتو (زەریق)ی برات لێم هەڵنە گەڕانەوە؟ پیرەژن وتی:

تۆ راست دەکەیت! ئەوە ملم و دەیخەمە بەر دەستت! بەڵام ئەو لاوەی ئەم تەڕنەی بە من گێڕاو ئەم پیلانەی پێم گێڕا سەر بە ئێوە نیە!! ئەحمەد دەنەف وتی:

کچێ خوابتگرێ ئەو لاوە نۆبەرەی منالەکانمەو کوڕە گەورەمە! پیرەژن وتی:

کەواتە ئەمە تۆ هانت داوە کۆترە نامە بەرەکانم سەربرێت و گۆشتەکەی لە گەڵ پۆلیسەکاندا بخوات!؟ ئەمجا ئەحمەد دەنەف وتی:

خوا سزات بدات وەکو ئەو کۆترانەت برژاند! ئەمجا فەرمانیدا بە جێگری سەرۆکی فەرماندەیی:

کە پارووێکی لەو گۆشتە بداتێ کەپلی کۆشتیان دایە خستییە دەمی دوای کەمێکی دی وتی:

ئەمە گۆشتی برژاوی کۆترە نامەبەرەکان نین!! ئەمجا وەزیر چووە پێشەوە وتی:

خوا ئەوە بگرێت!؟ ئەم کۆترانەی سەربڕی! بەڵام گۆشتی ئەو کۆترانە دەبێت تامی "مسك" بدات و بۆنی خۆش بێت! ئەمجا وتی:

مادام هێندە ئەو کۆترە نامە بەرانەت لا مەبەستە داواکاری علی زێنبەقی میسری جێبە جێ بکە تاکو کۆترەکانت بداتەوە! پیرەژن وتی:

من لای خۆمەوە بە کوڕێکی باشی دەزانم! ئەمجا حەسەن بە عەلی میسری وت:

"هەر ئێستا" "کۆترەنامەبەرەکان"ی بدەوە عەلی چوو کۆترەنایابەکانی هێنا دایەوە دەستی. پیرەژن زۆر دڵی خۆش بوو ئەمجا پێی وت:

ئەمە داوا کردن نیە داوا کردن دەبێت لە خاڵا بێت! چونکە خاڵی وەکیلی کچە کەمە! خاڵیش ناوی "زەریقی ماسیگرە". (زەریق) دوکانی ماسی فرۆشتنی هەیە و تووڕەکەی هەڵواسیوە هاواردەکات (۲) رەتڵ ماسی بە (۲) جەدید (جەدید جۆرە پارەیەکە). ئەوانیش لێ هەستان و وتیان:

ئەمە چییە قەحبە!!؟ دەتەوێت عەلی بە کوشت بدەی!؟ پیرە ژنە دەلیلە جێی هێشتن و چووەوە بۆ خانەکە (ئوتێلەکە) و بە کچەکەی وت:

عەلی زێنبەقی میسری هاتۆتە داخوازیت! کچەکەی زۆری پێ خۆش بوو. چونکە دەیزانی کوڕێکی داوێن پاکە ئەجا پێی وت:

داوم بۆ ناوەتەوەو وتوومە دەبێت بچێت خوازبێنی تۆ لە خاڵت بکات. عەلی میسریش لەوانەی دەوروبەری خۆی پرسی:

"زەریق کێیە؟" ئەوانیش پێیان وتووە "سەردەستەی شەقاوەکانی هەموو عێراقە! رەنگە کێو لە بن بێنێ! کل لە چاوان بڕفێنێ! ". ئەمجا پێیان وت:

بەڵام ئێستا تۆبەی کردووەو دوکانێکی ماسی فرۆشتنی داناوە. بە ماسی فرۆشتن (٢٠٠٠) دیناری پەیدا کردووەو کردوویەتییە توورەکەیەکەوەو توورەکەکەی بە قەیتانی ئاوریشمی بەستووەو زەنگۆڵەیەکی زۆری بەو قەیتانەدا هەڵواسیوە! کە لە مس دروست کراون. ئەویشی بە تووڵە دارێکەوە بەستووە. کە دارەکەش بە توورەکە کەوەیە. هەموو جارێك کە دوکان دەکاتەوە بانگ دەکات لە کوێن ئەی جەربەزەکانی (میسر) لاوانی (عێراق) چاپووکەکانی (عەجەم)!!؟ وەرن ببینن زەریقی ماسی فرۆش بە دوکانکەیدا توورەکەیەکی هەڵواسیوە هەر کەسێك بتوانێت بە هەر پیلانێك ئەم توورەکەی ببات توورەکەکە بۆ خۆی! خەڵکیش هەولیان دەدا بەڵام بە ژێر پێی (زەریق) خۆیدا چەند پارچە قورقوشمی بازنەیی هەبوون. دەیگرتە ئەوانەی پەلاماری توورەکەکەیان دەدا ئیدی یا دەکوژرا! یان دەستێك! یان قاچێکی دەپەڕاند!! ئەمجا عەلی گیان ئەگەر ئەوکارەبکەیت وەکو ئەو کەسەت لێ دێت کە بە لە خۆدان شوێن مردوویەك دەکەوێت بێ ئەوەی بزانێت کێیە!؟ لەبەر ئەوە کوڵ بدەو زەینەب لەبیر خۆت ببەوە. عەلی زیئبەقی میسر تەنگە گرتیو وتی:

خەڵکینە عەیبە پاشگەزببمەوە! لەبەر ئەوە دەبێت ئەو توورەکەیە ببەم. ئەمجا وتی:

بەرگێکی هەرزەکارانم بۆ بێنن کە هێنایان لە بەری کرد. لە ژێرەوە بەرگی تایبەتو دەم و لوتی هەڵبەست! دوو مەمکی لە سیو جگەری باڵندە لە سەرسینگی خۆی دروست کردو شیری تێکردن! چەند پارچە قوماشی بە سەریەکدا وەکو پشتوێن بەستو لە ژێر ئەویشەوە ئاردە داری بە چوار دەوری ورگیدا دانا بوو! کە هەر کەسی بیبینیایە دەیوت:

سەیری ئەو سمتۆ کەفەڵەی! کابرایەکیش لەولاوە هات کەرێکی دابووە پێش. عەلی بانگی کردو (١) دیناری پێداو کەرەکەی لێ کری. ئەمجا سواری بوو. بەرەو دوکانی زەراقی ماسی فرۆش. سەیری کرد بەڵێ توورەکەیەك هەڵواسراوە عەلیش بەسواری کەرەکەوەو خاوەن کەر رەشمەی کەرەکەی بە دەستەوە. عەلی وتی:

خاوەن کەر ئەم بۆنە بۆ گەنە چییە؟ ئەویش پێی وت:

بۆنی ماسییەکانی (زەریق)ە. عەلیش وتی:

من سك پڕمو ئەم بۆنە بۆمن خراپە! ئادەی پارچەیەك ماسی سوورەوە کراوم بۆ بێنە. زەریق وتی:

دە فەرموو ژنی حەسەنی رێگری بەڵای رێوبان بۆنی ئەم ماسییە سوورەوە کراوەی منی کردووەو وەکو تۆ دووگیان بووە لە ماسییەکەمی خواردووە! ئەمجا پارچەیەکی بۆ خستە سەر نانێكو بەکەرەوانی وت:

ئەمەی بدەرێ با بیخوات. یا "ستار" خوایە لە بەڵاو موسیبەتی ئەمڕۆ بمانپارێزێت. ئەمجا پارچەیەکی تری ماسی خستە تاوە کەوە تاکو سووری بکاتەوە. لەو کاتەدا ئاگرەکەی

کوژایەوە. ڕۆیشت ئاگرە کە دابگیرسێنێت عەلی زیئبەقی میسر هەلەکەی قۆستەوەو دەستی برد تووڕەکەکەی لێ کردەوە. زەنگۆڵەکان لەرینەوەو لێدران و هەڵفەکان بەریەك کەوتن. کە زەریق ئاوڕی دایەوە وتی:

ڕسوا فێڵەکەت هەڵمالڕا!! ئەوە خۆت کردووە بە ژنی دووگیانو پیلان دەگێڕیت!؟ دەبیگرە سەرە قوڕقوشمێکی تێگرت بەڵام سەری کرد! ویستی قوڕقوشمی بازنەیی دووەمی تێ بگرێت بەڵام خەڵکەکە دەستیان گرتو وتیان هێندەش سووكو بازاڕ ی مەبە نابینیت:

ئەو ژنە دووگیانەو سکی لە بەردەمیدایە!!؟ جا گەر ئاوا بازاڕ یت تووڕەکەکەت دابگرەو خەڵکیش لە بەلا خۆت بە دوور بگرە. ئەویش ناچار وتی:

ناوی خوا لەسەر سەرم! تەختە قوڕقوشمەی دانایەوە. عەلیش هەچەی لە کەرەکە کردو هەر بەسواری کەرەکەوە گەڕایەوەو خۆی کرد بە دیوانی پۆلیسخانەکەدا کە بینیان زۆر پێی پێکەنین! لێیان پرسی:

ئەمە چیت کردووە؟ ئەویش بەسەر هاتەکەی لە نووکەوە بۆ گێڕانەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧١٥

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار مەزنی بەختیار عەلی زیئبەقی میسری بەرگە ژنانەکەی داکەندو وتی:

(شومان) گیان جلوبەرگی "سەرکار"م بۆ پەیدابکە. ئەویش چوو بۆی هێنا. ئەمجا ئەو جلوبەرگەی پۆشیو قاپێك و (٥) درهەمی هەڵگرتو چوو بۆ لای زەریقی ماسی فرۆش و پێی وت:

وەستا چیت پێویستە؟ کە درهەمەکانی لە قولی مستیدا بینی پێی وابو سواڵکەرە ویستی پارچە ماسییەکی برژاوەکراوی بۆ بخاتە تاوەکەوە ئاگرەکەی کوژایەوە! دانەوەییەوە ئاگرەکە دابگیرسێنێتەوە عەلی خێرا دەستی برد بۆ تووڕەکەکە زەنگۆڵەکان لەرینەوە زەنگیان لێداو هەڵفەکان بەریەك کەتن زەریق وتی:

هەرزانیم عەلی پیلانی تۆیە! ئەمجارەیان خۆت لە من کردووە بە "سەرکار". هەر دەستت برد بۆ پارەکە زانیم عەلیت!! یەك گۆی قوڕقوشمی تێگرت. سەری کردو دای لە بن میچەکەو کەوتە ناو (تاوە)کەوە! تاوەکەیش بەرۆنی گەرمو پارچە ماسییەکەی ناوەیەوە دای

بەشانی قازیدا! چونکە "قازی" ئەگبەت لەوکاتەدا بەبەرردەمی دوکانی زەریقدا دەڕۆیشت. رۆن بەگەرمی بەشانیدا هاتە خوارەوە تاگەیشتە سەر ئەژنۆی. قازی هاواری کرد:

"ئەوە چ بلحێکی ناقۆلا ئەمەی بە من کرد!؟ " خەلکەکە لێی کۆ بووبوونەوە وتیان:

قوربان ئەوە منالێکی شوم بەردی گرتە ئەو دوکانی ماسی فرۆشەو بەردەکە دای بە تاوەکەداو ئاوا شانی تۆی رۆناوی کرد باش بوو خوا رەحمی کرد خراپتر رووی نەدا! ئەمجا چوونە دوکانی ماسیفرۆشەوە سەیریان کرد گۆیە قوڕقوشمەکە چەورەو کەوتووە! ئەمەش پەنی ماسسی فرۆشە. ئەمجا پێیان وت:

"واچاکترە ئەم تووڕەکەیە دابگریت. ئەویش وتی پشت بە خوا دایدەگرم. عەلی زینبەقی میسریش گەڕایەوە دیوانی پاسەوانانو لێیان پرسی:

ئەی تووڕەکەکە!؟ ئەویش بەسەرهاتەکەی بۆگێڕانەوە- ئەوانیش وتیان:

بەڕاستی (٢)سێ یەکی وریاییەکەت دۆڕاند! دوای ماوەیەك دیسان سەرێکی تر بۆی دەرچوو جلوبەرگی داکەندو بەرگی بازرگانی پۆشی! چووە بازار، کابرایەکی بینی تووڕەکەیەك ماری پێ بوو! کە ماری گەورەو کوبرای تیابوو.لێی چووە پێشو وتی:

خالەی مارەوان حەزدەکەم ئەم مارانە پیشانی ماڵومنداڵەکانم بدەیت چەندیش پارە دەفەرموویت بەچاوان. هێنایەوە بۆ دیوەخانو (بەنج)یدا بەلوتیدا کە بوورایەوە جلەکانی داکەندو کردیە بەری خۆیو ئەوەی خۆشی کردە بەر کابرای مارەوان. ئەمجا بە تووڕەکەمارەکەوە رۆیشت تاگەیشتە بەردەم دوکانی زەراقی ماسی فرۆش. تووڕەکەی لە سەر مێزی بەردەمی دا داناو کەوتە "دووزەلە" لێدان. زەراقی ماسی فرۆش. سەیرێکی کردو وتی:

"خوا بت داتێ" عەلی هەر سەری تووڕەکەی کردەوەو لە بەردەمیدا قلێپی کردەوە. زەراقی هەژاریش بۆ خۆی لە مار دەترسا کە مارەکان بلاوەیان کرد. کەوتە راکردن بەناو دوکانەکەدا. عەلیش دەستی برد بۆ تووڕەکەکەو زەنگۆلەکان کەوتنە لێدانو هەلەفەکان بەریەك کەوتن. زەراق هاواری کرد:

" ئەمەیشت لەگەلْ کردمو ئەم پیلانەیشت بەسەردا تێپەڕاندم!؟ ئەمجا پەلاماری گۆیە قوڕقوشمینەیەکی داو تێ ی گرت بەلام ژیری کرد! "سەرکار" ێك بەبەردەرگادا لەو کاتەدا دەڕۆیشتو پۆلیسێك بە دوایەوە. گۆیەکە دای بە پشتی "سەرکار" داو بە دەمدا خستی کە چوونە سەری وایان زانی ئێستا نەمردووە پار مردووە!! ئەمجا خەلکەکە ئاویان پرژان بەدەمو چاویدا بەئاگا هاتەوە. خەلکی گوزەرەکە چوونە دووکانەکەوە بۆ (زەراق) پۆلیسەکە لە خەلکەکەی پرسی:

ئەمەچی بوو روویدا!؟ وتیان:

براکەم بەسەر ئەم دوکانەدا بەردێك هاتە خوارەوەو بەر ئەم پیاوەکەوت. ئەمجا گۆیە قورقوشمینە کەیان هەڵگرتو بردیان بۆ (زەراق)و وتیان:

کاکە زۆرمان پێ وتیت: ئەم تووڕەکەیە لابدە! ئێستاش پیاوی چاك بە ئەم تووڕەکە بەڵایە لابدەو کۆتای بەم کێشانە بێنە. ئەویش وتی:

خوا یاربێت ئەمشەو لایدەبەم! بەو شێوەیە هەر عەلی پیلانێکی پێ دەگێڕاوپێی رادەبوارد! (٧) جار پیلانی پێ گێڕا! بەڵام تووڕەکە پارەکەی نەدەبرد! ئیدی هەر زوو جلوبەرگەکەی کابرای مارەوانی لە بەرکردەوەو جلەکانی خۆیشی لەبەر خۆی کرد! ئەمجا بە دەرمانی دژە (بەنج) بەئاگای هێنایەوەو پارەیەکی باشیشی پێدا. عەلی چووەوە بەردەم دوکانی زەراق. گوێی لێی بوو لە بەرخۆیەوە دەیوت تێناگەم ئەوکوڕە دەیتوانی لە هەرجارێکدا بیویستایە ئەم تووڕەکە دیناره زێڕەی دەبرد! بۆیە واچاکە ئەم تووڕەکە پارەیە ببەمەوە بۆ خۆم چاکە دەنا هەردەیبات بۆ خۆی. هەستاو دەستی برد تووڕەکەکەی کردەوەو خستی یە بن دەستیو بەرەو ماڵ بووەو عەلی زیئبەقی میسریش بە دوایەوە. تاکو گەیشتەوە نزیك ماڵی خۆیان. زەریق سەیری کرد:

ماڵە دراوسێکەیان شاییو ئاهەنگ دەگێڕێ. ئەمجا پێی هەڵگرتو لە دڵی خۆیدا وتی:

با کەمێ پەلە بکەم منیش خۆم بگۆڕمو بچمە ئەم ئاهەنگە عەلی بە دوایەوە بوو. زەریق کاتی خۆی کچێکی رەشتاڵەی مارە کردبوو کوڕێکیلێی هەبوو. ناوی نابوو (عەبدوڵا). زەریق بڕیاری دابوو. ئەگەر ئەو تووڕەکە پارەیەی لێ نەبرێتەوە بەو گرەوەی دوکان ئەوا کە عەبدوڵا گەورەبوو. بۆی دەدا بەژن. خۆی کرد بەماڵداو بە روویەکی تاڵەوە. ژنەکەیلێی پرسی:

ئەوە چیتە وا روت گرژ کردووە!؟ زەریق وتی:

"ملۆزمێکم لێ پەیدا بووە ئەوە (٥) جار پیلانی پێ گێڕاوم ئەم تووڕەکەیەم لە چنگ دەربهێنێت! بەڵام نەی توانیوە". ژنەکەی وتی:

"کەوابوو بیدە بەدەست منەوە با بۆ شایی کوڕەکەمانی هەڵبگرم". زەریقیش دایە دەستی. عەلی زیئبەقی میسریش لە سوچێکی ماڵەکەدا خۆی داگرتووەو ئەوان دەبینێ بەڵام ئەوان ئەم نابینن! ئەمجا زەریق بەرگەکانی داکەندو جلوبەرگی نوێی لە بەرکرد. بەژنەکەی وت:

دایك عەبدوڵا پارێزگاری ئەو تووڕەکەیە بکە وامنیش دەچم بۆ ئەو شایی یە. ژنەش وتی:

جارێ سەعاتێك بنوو باماندوویەکەت برەوێتەوە" زەریقلێی نووست. ئەمجا عەلی زیئبەقی میسری لە سەر نووکی پەنجەکانی چووە ژوورەوەو بێدەنگ تووڕەکەکەی

هەلگرتو چووە دەرەوە! لەو ێشەوە بۆ شایی یەکە، بۆ تەماشا کردن. زەریق لە خەویدا باڵندەیەکی مەزن هاتو داهاتەوە پڕی بە تووڕەکەکەدا کردو دای لە شەقەی باڵو ڕۆیشت! ئەمیش لە ترسدا بە ئاگا هاتەوەو بە ژنەکەی وت:

هەستە بزانە تووڕەکەکەمان ماوە؟ ژنە کەچوو قیژاندیو دەستی کرد بە لە خۆدانو خۆ ڕنینەوەو هاواری کرد ئای لەم بەختە ڕەشەم! بەوخوایە مڵۆزمەکەی باست کرد بردیو ڕۆیشت زەریقی ماسی فرۆش لە دڵی خۆیدا وتی:

" بەو خوایە هەبێونەبێ هەر عەلی"برزوو"ە هەلی نووستنەکەی قۆستووەتەوەو بردوویەتی! " ژنەکەی قیژاندی بەسەریداو وتی:

"بەوخوایە بەوخوایە تاکو ئێوارە تووڕەکەکە نەهێنیتەوە دەرگات لێ ناکەمەوە دەبێت لە کۆڵان بنوویت!! زەریق بە دڵی غەمگینەوە، چوو بۆ ماڵە شایی یەکە لە دڵی خۆیدا وتی:

هەبێونەبێ عەلی برزوو، لێیداوەو خۆی کردووەتەوە بە دیوەخانی سەرای (ئەحمەد دەنەف)دا. بۆیە بەپەلە خۆی گەیاندە ئەوێ سەرنجی دا نیوەڕۆ خەو دەکەن. هێندەی زانی عەلی برزوو لە دەرگای دا! زەریق چوو دەرگا بکاتەوە، پرسی:

ئەوە کێ یە؟ ئەویش وتی:

عەلی میسری! زەرقیش لەم دیو دەرگاکەوە پرسی:

تووڕەکەکەت هێنایەوە!؟ عەلی برزویش وای زانی ئەحمەد شومانە دەرگای لێ دەکاتەوە! بۆیە وتی:

ئا ئا:

بێ بەلابیت! هێناومە. بیکەرەوە. ئەمیش وتی:

نایکەمەوە تا پیشانم نەدەییت چونکە لەگەڵ سەرکردەکەت گرەوم کردووە! عەلی زیئبەقی میسریش وتی:

سوچێکی دەرگاکە بکەوە ئەوەتا! زەریق دەرگاکەی نیوە کردنەوەیەك کردەوەو تووڕەکەکەی لێ وەرگرتو یەکسەر بەرەو ماڵە شایی یەکە. عەلی زیئبەقی میسریش کە زەریق پێی دەوت:

"عەلی برزوو". وا حەپەسابوو لە شوێنی خۆی چەقی! کە بەئاگا هاتەوە زۆر بەتووندی لە دەرگاکەی دا هەموویان لە خەو راپەڕین. جێگری فەرماندەلێی کردەوەو پرسی:

تووڕەکە پارەکەت هێنا!؟ ئەویش وتی:

سوعبەت هەر نەبرایەوە؟ ئێستا نەم دایە دەستت؟ ئەی تۆ نەبوویتوتت:

گرەوم کردووەو سوێندم خواردووە تا تووڕەکەکە نەبینم دەرگات لێی ناکەمەوە!؟

ئەویش وتی:

بەوخوایە من نەبووم‌و ئاگام لێی نیە! رەنگە زەریق بووبێت! ئەمجا عەلی زیئبەقی میسری وتی:

هەر دەبێت ئەو تووڕەکەیە بهێنم! . لێیی داو چووە دەرەوە. خۆی کردەوە بە ماڵە شاییەکەدا. گوێی لێ بوو. لە ناو غەڵبە غەڵبەکەدا دەیان وت:

باوکی عەبدوڵا نوخشە بێت لە کوڕەکەی تۆیش ئەمجا بەرەو ماڵی زەریق رۆیشت. کەگەیشت لە پشتە بانەکەیانەوە چووە سەربان. ئەمجا بە پەیژەکەدا هاتە خوارەوە بەوردی گەرا سەرنجی دا ژنەکەی زەریق نووستوەو منداڵەکەی لە باخەڵیدایە! ئەویش کلۆیەك بەنجی دەرهێناو دای بە لوتیدا ژنە بوورایەوە. ئەمجا بردیە ژوورەکەی پشتەوەو جلەکانی بەری داکەندو جلی تری بۆ دۆزی یەوەو لە بەری کرد. خۆیشی جلی ژنەکەی زەرقی لەبەر کرد! منداڵەکەی خستە باخەڵی‌و لە گەڵیدا نووست. کەشایی کۆتابوو زەریق گەڕایەوە ماڵ‌و لە دەروازەی حەوشەی دا- عەلی برزوو- دەنگی خۆی وەکو دەنگی ژنە رەشتاڵەکەی لێکردو پرسی:

کێی یە؟ ئەویش وتی:

باوکی عەبدوڵا. عەلی وتی:

سوێندم خواردووە تا تووڕەکەکەم نە دەیتێ دەرگات لێ ناکەمەوە ئەویش وتی:

هێناومە ژنەکە ئەمیش وتی:

بێنە بەدەرێ پێش ئەوەی دەرگات لێ بکەمەوە! زەریق وتی:

برۆ سەبەتەو پەتێك بێنە بە سەر دیوارەکەدا هەڵیدە ئەم دیو تووڕەکەکە دەکەمە ناوی‌و بە دیوارەکەدا بۆت شۆڕ دەکەمەوە عەلی زیئبەقی میسری بەقسەی کردو ئەویش تووڕەکەکەی تێکرد. ئەمجا عەلی تووڕەکەی بردو منداڵەکەی (بەنج) کردو خۆی گۆڕیەوەو بە پەیژەکەدا سەرکەوت. لە پشتە بانەکەوە بۆی دەرچوو. پڕ زەمیلەیەك کولیچەی ماڵەکەی هێنابوو. بەپەلە خۆی گەیاندەوە مەرکەزی پۆلیسەکەو تووڕەکەکەی فرێدایە ناویان وتی:

فەرموو. ئەمجا کولیچەی بۆ دانان‌و دەستیان کرد بە دەستخۆشی لێ کردنی‌و کولیچە خواردن. وتی:

(شومان) گیان ئەمەش منداڵی زەریقە ئاگاتلێی بێت ئەویش وتی:

بەزمی تریشی پێ دەکەین. ئادەی یەکێك بچێت بەرخێك بکڕێت‌و ئەوە پارە. هەموو دەستیان کرد بە پێکەنین. پۆلیسێکیان نارد بەرخێکی سەربڕراوی هێنا. (شومان) ناردی

بۆیان کفن کرد هەروەکو مردووا . لەو لایشەوە زەریق لەبەردەرگا هەرچاوەڕێی یەا ئەمجا بەتووندی لە دەرگای دا. ژنەکەی بە ئاگا هاتەوەو بەراکردن چووە بەر دەروازەو پرسی:

تووڕەکەکەت هێنایەوە!؟ زەریق وتی:

ئەی بە سەبەتەکەداو پەتەکەو بەسەر دیوارەکەدا بۆم شۆڕ نەکردیتەوە!؟ ژنەکەی وتی:

بەو خوایە پیاوەکە نە تووڕەکەم دیوەو نەبۆت شۆڕکردومەتەوەو نەهیچ! زەریقی ماسی فرۆش وتی:

دە کەوابوو بەو خوایە عەلی برزوو فریای ئەم تەڕنەش کەوتووەو ئەم پیلانەشی بەسەرمندا تێپەڕیوە! ئەمجا بە ژوورەکاندا گەرا سەیری کرد کولیچەکان نەماوە! عەبدوڵایشیان دیار نیە! ئەمجا هاواری کرد:

" ئەی هاوار بۆ کوڕەکەمان! " ژنەش سنگی خۆی کوتاو وتی:

هەر ئێستا دەبێت سکاڵامان بگەیەنینە لای وەزیر. بڵێین: ئەو عەلی برزووە پیلانی کوشتنی منداڵەکەمانی گێڕاوە! هەمووی بەهۆی تۆوەیە پیاوەکە. زەریق وتی:

منداڵ لە من بناسە! بێخەم بە. ئەمجا خۆی گۆڕیو رووی کردە سەرای ئەحمەد دەنەف لە دەرگای دا جێگری فەرماندە لێیی کردەوەو. ئەویش چووە ناو سەرکردەکانەوە. پرسیان:

چیت دەوێت؟ ئەویش وتی:

ئێوە عەلی برزووم ئاراستە دەکەن پێی بڵێن تەنیا منداڵەکەم دەوێتەوەو تووڕەکەکە بۆ خۆی. (شومان) وتی:

خوا عەلی بگرێت باشە بۆچی نەیوت:

ئەو منداڵە منداڵی تۆیە!؟ زەریق زۆر ترساو پرسی:

بۆچی منداڵەکە چی بەسەرهاتووە؟ شومان وتی:

شەربەتمان دەرخوارد دا هێندەی خواردەوە تەقیو مرد ئەوەش لاشەکەیەتی! زەریق بەدەم گریانەوە هاواری کرد ئێستامن چی بە دایکی بڵێم!!؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٧١٦

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا هەستاو کفنەکەی کردەوە وتی:

بەڕاستی عەلی دڵی خۆش کردین ئەمجا منالەکەیان دایەوە بە زەریق- ئەحمەد دەنەف وتی:

تۆ ئەو تووڕەکەیەت بە دوکاندا هەڵواسی بوو. هاوارت دەکرت:

کێ ئازایە بیبات! ئەویش وتی:

خۆیشم پێشکەشم کردووە! ئەمجا رووی کردە عەلی زیئبەقی میسریو وتی:

دەپێی بڵێ پەسەندم کرد لەبەرخاتری زەینەبی خوشکەزات. زەریقیش وتی:

(عەلی)م پەسەندە بەزاوایی بەو مەرجەی مارەییەکەی بۆ بدرێت! ئەویش پرسی:

مارەییەکەی چی یە؟ زەریق وتی:

زەینەب سوێندی خواردووە شوو ناکات بەهیچ کەسێك. ئەوکەسە نەبێت کە "کراسی (مانگ)ی کچی (عوزرە)ی جوولەکەو تاجی چنراوو ملە گۆی زێڕین نەهێنێت بۆم. عەلی زیئبەقی میسری وتی:

ئەگەر هەر ئەمشەو ئەوکراسەی خاتوو قەمەری کچی عوزرەم نەهێنا زەینەبم مەدەنێ!! ئەحمەد دەنەف پێی وت:

هەر پیلانێکی بۆ دابنێی خۆت تیا دەچیت! ئەویش پرسی:

بۆچی هەر خۆم تیا دەچم؟ ئەحمەد دەنەف وتی:

چونکە ساحرو فێڵبازە! ئەو ساحرە جنۆکە بەکار دێنێ. لە دەرەوەی مەملەکەت کۆشکی هەیە. کە خشتێکی زێڕەو خشتێکی (زیوو!! ) هەرکاتێك دەچێتە ناو کۆشکەکەوە ئەوکۆشکە دەبینرێت! کە خۆیشی لە کۆشك چووە دەرەوە کۆشکەکە ون دەبێتو نابینرێت! ئەم ساحرە کچێکی هەیە ناوی (مانگ)ە، کراسێکی بۆ هێناوە بە ئاوی زێڕ نووسراوە هەرزوو زوو ئەوکراسە دەخاتە سەر سینی یەکی زێڕینو بانگ دەکات ئەی لاوانی جەربەزە کورجو گۆڵەکانی میسری شەقاوەکانی عێراق هەر کەسێك ئەو کراسە ببات ئەوا بۆخۆی!! هەرچی لاوی زیرەك شۆڕە سوار بوو تەقەلای دابوو بەلام سەرکەوتوو نەبوون! . ئەویش هەر کە دەدۆڕان بە سیحر دەیکردن بە (کەر)و (مەیموون)!! عەلی وتی:

" دەبێت هەر ئەو کراسە ببەمەوە!! تاکو زەینەبی کچی دەلیلەی دەستبڕ خۆی پێوە با بدا!!

# بەسەرهاتی عەلی زیئبەقی میسری لەگەڵ عوزرەی جوولەکە

ئەمجا عەلی زیئبەقی میسری رووی کردە دوکانی جوولەکەکە سەرنجی دا پیاوێکی ئەستوری تۆکمە تەرازوویەکی لەبەر دەمدا بوو. لە زێڕ دروست کرابوو. هێسترێکی لە نزیك دوکانەکەوە بەستبووەوە. زێڕو زیوەکانی کردە ناو دوو توورەکە کە (خورج)ەوە. خستی یە سەر پشتی هێسترەکەو سوار بوو. رۆیشت تا چووە دەرەوەی شار عەلی زیئبەقی میسریش هەر بە دواوەیەتی! بێ ئەوەی سوارەکەی پێیی بزانێت. ئەمجا ئەو پیاوە. دەستی برد لە توورەکەکان چەند مست گڵی دەرهێناو بەسەریدا دەیخوێندنو بە دەوروبەری خۆیدا دەی وەشاند عەلی برزوو هێندەی زانی ئەو ناوە بووە کۆشکێکی زۆر نایابو جوان!! ئەمجا جوولەکەکە بە سواری هێسترەکەوە بە پلیکانەکاندا سەرکەوت! . دواتر هێسترەکە بوو بە (دێو)! جوولەکە دابەزیو دوو توورەکە (خورجە) گڵەکەی داگرت هێسترەکە هەندێ رۆیشت وون بوو.

جوولەکە لە کۆشکدا لێیی دانیشتو عەلی چاودێری دەکرد. ئەمجا دارێکی زێڕینی هێنا بە زریزەیەکی زێڕین سینی یەکی زێڕینی پێدا هەڵواسی. عەلیش لە پشت دەرگاکەوە سەیردەکات. جوولەکە بانگی کرد:

" ئەی جەربەزەکانی میسر لاوانی عێراق گورجو گۆڵانی عەجەم هەر کەسێ جلوبەرگی ناو ئەم سینی یە ببات ئەوا هەموو ئەم شتومەکانە بۆ خۆیو پیرۆزی بێت". دواتر. (عەزیمە)یەکی خوێند سفرەیەك بە خواردنەوە و هاتە بەر دەستی! ئەویش تێری خوارد ئەمجا سفرە لابرا. جارێکی دی (عەزیمە)ی خوێندەوە مەیوپیاڵە لە بەردەمیدا دانرا! دەستی کردە خواردنەوە. عەلی زیئبەقی میسری سەرێکی باداو بەخۆی وت:

" پەلەمەکە عەلی کە سەرخۆش بوو بە ئاسانی ئەو جلو بەرگەی لە چنگ دەردێنم!!

" کەسەر خۆش بوو. عەلی لە پشتەوە بۆی چوو. دارە زێڕینەکەی لە چنگ دەرهێنا! جوولوکە لای کردەوەو عەزیمەی بەسەر دەستی دا خوێندو وتی:

بە شمشێرەکەوە بیوەستێنە. دەستو شمشێرەکەی وەستا! دەستەکەی تری بەرز کردەوە بۆ جوولەکە. ئەویشی بە ئاسمانەوە ووشك کرد. قاچی راستی بەرز کردەوە ئەویشی وەستانو وشکی کرد. ئیدی بوو بە پەیکەرێك لە سەر یەك قاچ وەستابوو. شتەکانی لە دەست سەندەوەو تەڵسەمێکی دی بەسەردا خوێند. عەلی زیئبەقی میسری وەکو جارانی لێ هاتەوە. ئەمجا لە خۆی هەر نەپرسیو (رمل) ێکی لێدا بۆی دەرکەوت:

ناوی عەلی زیئبەقی میسریە. ئەمجا لێی پرسی:

تۆ کێیت؟ چ کارەیت!؟ ئەویش وتی:

"من عەلی میسریم کوڕی ئەحمەد دەنەفم. چوومە خوازبێنی زەینەبی کچی دەلیلەی دەستبڕ. ئەوانیش کراسەکەی کچی تۆیان لێ کردمە مەرجومارەیی! جا گەر دەتەوێت سەلامەت بیت ئەوا کراسی کچەکەتم بدەرێ! " جوولەکە وتی:

بشمریت چاوت پێی ناکەوێت- زۆر کەس پیلانیان گێڕا تاکو ئەو کراسە ببەن جا ئەم ئامۆژگاریەم لێ وەربگرە بێوەی دەبیت- ئەوان ویستویانە ماندوت بکەنو تیا بچیت! . رمڵەکەم بۆگرتیەوە سەیرم کرد. ئەستێرەت لە رووناکی دایە! عەلی بەبڕوایەکی پتەوەوە وتی:

پێویستە ئەو کراسە ببەم ئەمجا تۆ بێوەی دەبیت! جوولەکەکە وتی:

جا تەنیا مەبەستت ئەو کراسەیە!؟ ئەویش وتی:

بەڵێ. ئەمجا جوولەکە کوچەڵەیەك ئاوی هێناو بەسەریدا خوێند وتی:

لە پێستی ئادەمیزادی خۆت بچۆ دەرەوەو ببە بەکەر ئاوەکە پیا پڕژاند خێرابوو بە کەرێکی پێ بەناڵی گوێچکە درێژ! دەستی کرد بە زەڕین! هەر بەئەو سیحرە بازنەیەکی لە هەوادا بە دەوریدا کێشا ئیدی کەرەکە جوڵەشی بۆ نە دەکرا! جوولەکەش شەو تاکو درەنگ خواردی یەوەو. کە بەد مەست بوو. بە عەلی وت:

باکەمێ هێسترەکەم بحەوێتەوە ئیدی سواری پشتی تۆ دەبم! ئەمجا جلوبەرگو کراسەکەوزنجیرو سینی یەکەی کردە بوخچەیەکەوە. سیحرێکی کرد تووڕەکەیەك هاتە سەر پشتی کەرەکەو بوخچەکەی تێکردو سواری پشتی عەلی بوو دەستی کرد بە هەچە هەچە کردن لە کۆشك چووە دەرەوە کۆشکەکە ون بوو!!

گەڕایەوە بۆ دوکانو بوخچەی جلوبەرگو زێڕو زیوەکەی لە شوێنێکی دوکانەکەدا بە بەر چاوی عەلی یەوە دانا. عەلیش لە بەر دوو کانەکەدا وەکو کەر بەستراببووەوە! بەڵام ژیریو چاو و گویی لە دەست نەدابوو!! کوڕی بازرگانێکی دراوسێ ی. کە کاری هەرئاو کێشان بوو. بازنەکانی ژنەکەی هێناو چووە دوکانەکەی جولەکەوە. کوڕە بازرگان وتی:

ئەم بازنانەم لێ بکڕە چونکە بە نیازم کەرێك بکڕم. جولەکە وتی:

هەمووشتێکی بێ باردەگەیت!؟ کابرا وتی:

قوربان ئاوی لە دەریاوە پێ دەکێشمو لێرە دەیفرۆشم. ئیدی رێکەوتنو جولەکە کەرەکەی بەر دوکانی پێ فرۆشت کە عەلی بوو. کڕیار سواری پشتی بوو. بەرەوماڵ بووەوە. عەلی لە ژێر خاوەنەکەیدا لە دڵی خۆیدا وتی:

جا بەوخوایە هەریەکەم بار کەبیخاتە سەر پشتم دەمکوژێت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٧١٧

شەهرەزاد وتی:

سەرت نەیەشێنم پاشای بەختیار کابرا کەرەکەی لە حەوشەکەیدا بەستەوەو چووە بازار، ژنەکەشی دوای کەمێك هاتە حەوشەکەو لە کەرەکە نزیك بووەوە. ویستی سەیری بکاتو بزانێت پیاوەکەی چۆن کەرێکی کڕیوە!؟ عەلی کەر قەپالێکی گرت لە ژنەکەو ئەویش زیراندیو هاواری کرد. دەرودراوسێ لێ کۆبوونەوەو ژنەیان لە دەم کەرەکە کردەوە.! ئێوارە، کە مێردی ژنەکە گەڕایەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا ژنەکە سوێندی لە کابرا خوارد کە دەبێت ئەم کەرە بباتەوە بۆ خاوەنەکەیو پارەکە وەربگرێتەوە! ئەگینا یەك دەقیقە لەم ماڵەدا نامێنمەوە! کە پرسی:

بۆچی؟ ژنە وتی:

"ئەمە شەیتانەو لە شێوەی کەردایە ئاخر خەریك بوو بمخوات! " ئەویش سواری بوو. بردی یەوە بۆ جولەکەکەو پێی وت:

بەکەڵکی من نایەت دوێنێ خەریك بوو ژنەکەم بخوات! جولەکەش پارەی دایەوەو کەرەکەی لێ وەرگرتەوە! کابرا ڕۆیشت ئەمجا جولەکە بەکەرەکەی وت:

ئەگبەت ئەو تەرنەیشت دا مەرج بێت ئەمجارە بتگۆڕم بە شتێك گەورەو بچوك بێنە سەیرت! ئەمجا سواری کەرەکەبوو. خورجەکەی خستە بەردەمیو ڕۆیشت تاکو چوونە دەرەوەی شاردەستی برد لە خورجەکە مشتێك لم ی دەرهێنا بەسەریدا عەزیمەی خوێندو لەکەی پرژاند بە سەر دەشتەکەدا. کۆشکەکە دەرکەوت. جولەکە خۆی کرد بە کۆشکداو دوو خورجەکەی بردو ئەمجالێی دانیشتو قامیشە زێڕینی هێناو زریزە زێڕینی پیا هەڵواسیو سینی یە زێڕینەی هێناو بەرگەکەی تێکرد. ئەمجا هەڵیواسیو وەکو ڕۆژانی پێشوو بانگی کرد:

"لاوانی وڵاتان لە کوێن!؟ کێ دەتوانێت ئەم بەرگە ببات؟ وەکو جاری پێشو (عەزیمە)ی خوێند- سفرەو خواردنی بۆ دانرا! ئەمجا (عەزیمە)ی تری خوێند. مەیو پیاڵەی هاتە بەردەستو دەستی کردە خواردنەوە. کوچەڵەکەی پڕ لە ئاو کردو (عەزیمە)ی بە سەردا خوێند. هەڵی پرژاند بە کەرەکەدا وتی:

"لەم شیوەیە بگۆڕێ بۆ شێوەی ڕەسەنی جارانت! " عەلیش بووەوە بە ئادەمیزادەکەی جاران! ئەمجا جولەکە پێی وت:

عەلی لە کەلی شەیتان وەرە خوارەوە کۆڵ بدە لە بەدەست هێنانی کراسەکە! کۆڵ بدە لە گواستنەوەی زەینەب! ئەگەرنا ئەوا دەتگۆڕم بە ورچ یان مەیمون! یان جنۆکەیەکت بۆ دەنێرم. تاکو بتباتو فرێت بداتە ئەو دیو کێوی قافەوە! . عەلیش وتی:

"ئاخر (عەزرە) من پەیمانم دا کە ئەو کراسەی کچەکەت ببەم ئەگەرنا خۆت دەکوژم! ". جولەکەکە پێیی وت:

"ئای عەلی تۆ هەر وەکو گوێز وایت:

تا نەشکێنرێیت ناخورێیت! . ئەمجا کوچەلەیەك ئاوی هێناو (عەزیمە)یەکی بە سەردا خوێندو پرژاندی بە سەر عەلیداو وتی:

"بچۆ شێوەی ورچەوە! " دەمو دەست بوو بە (ورچ)! ئەڵقەیەکی کردە ملیو دەمبەستی خستە دەمیو سنگێکی بۆ داکوتاو بەستی یەوە. جاروبار پاشماوەی خۆی دەدایە بۆئەوەی لە برسدا نەمرێت. کە رۆژ بووەوە خۆرهەلات جولەکە بەسەر ورچەکەیدا خوێندو شتومەکە زێرینەکەی خستەوە سینی یەو پێچایەوە بەرەو دوکان کەوتە رێ. کەگەیشت ئەو سەبەتەیەی هەڵی واسی بوو بە ملی ورچەکەیدا لێی کردەوەو زێرو زیوەکەی ناوی کردە شوێنی خۆی لە دوکانەکەدا. ورچەش ژیری جارانی لە دەست نەدابوو! بە چاوانی دەی بینی. بەلام نەی دەتوانی قسەبکات! دوای کەمێك بازرگانێك خۆی کرد بە دوکانی جوولەکەکەداوپرسی:

ئاخۆ ئەو ورچەم پێ دەفرۆشن!؟ بۆ ژنەکەممە! پزیشکان بۆیان نوسیوە کە دەبێت گۆشت ورچ بخواتو بەچەوریو رۆنەکەشی خۆی بهەنوێ! جوولەکەکە زۆر دڵخۆش بوو. لە دڵی خۆیدا وتی:

چی لەوە باشترە بیکوژیتو لەم هەتیوە بزێوە رزگاربین!؟ عەلی زیبەقی میسریش واتە ورچە لە دڵی خۆیدا وتی:

" بەوخوایە ئەم پیاوە دەیەوێت سەرم ببڕێت! مەگەر خوا رزگارم بکات. جوولەکە وتی:

پارەشم نەدەیتێ هەر دەبێت!

وەکو دیاریەك پێشکەشت بێت! بازرگانیش زنجیری ملی ورچەی گرتو بەرەو قەساب رۆیشت. دواتر قەسابەکە وتی:

ئەوکێردو بەردە ئەستێ یەوتەوره بێنەو شوێنم بکەوە با سەری ببڕم بۆت. قەسابەکە ورچەی بەستەوەو دەستی کرد بە تیژ کردنەوەی کێردەکەی ویستی سەری ببڕێت کە عەلی میسری بینی قەسابەکە بەرەو رووی هات خۆی هەڵدا بە هەوادا نیدی بە هەوادا

رۆیشت تاکو چووەوە کۆشکی جولەکە! هۆیەکەیشی ئەوە بوو. کە جوولەکە گەڕایەوە کۆشك کچەکەی لێی پرسی:
کە ئاخۆ ئەوەی کردویەتی بە ورچ عەلی میسریە یان پیلانگێڕێکی دی یە؟ ئەمجا بە جوولە کەکەی باوکی وت:
هەرئێستا بە جنۆکەیەکت بۆت بهێنێتەوە! باوکی (قەمەر)یش (مانگیش). عەزیمەیەکی خوێندو جنۆکەیەکە بانگ کردو وتی:
عەلی میسریم بۆ بێنە! جنۆکەکەش لە کاتی بازدانەکەی لە ترسی قەسابەکە پەلاماری داو فڕاندی. هێنایە بەردەم جولەکەکەو وتی:
عەلی میسری یە! قەسابێك خەریك بوو سەری ببڕێت! فۆستمەوەو هێنام. جولەکەکەش کوچەڵەیەك ئاوی هێناو (عەزیمە)یەکی بەسەردا خوێندو پرژانی بەسەر ورچەکەدا وتی:
بگەڕێوە دۆخی جارانت! عەلی زیئبەقی میسری بووەوە بە ئادەمیزاد.
قەمەری کچی جولەکە کە عەلی بینی زۆر قۆزو شۆخوبالاّ بەرز یەکسەر چووە دڵی یەوە! عەلیش کە قەمەری بینی دڵی بۆی لێداو حەزی لێ کرد! قەمەر لێیی پرسی:
نەگبەت ئەم کراسەی منت بۆ چی یە؟ وادەکەیت باوکم ئا بەو شێوانەت بەسەربێنێ!؟
عەلی زیئبەقی میسری وتی:
پەیمانم داوە کەبیبەم بۆ زەینەبی کچی دەلیلەی دەستبڕو ڕۆژی گواستنەوەکەی بۆ من لەبەری بکات! خاتوو قەمەر وتی:
زۆر کەسی دی تەقەلایان داوە هەموویان بەزیون!! وەرە کوڕی چاك بە! لە مێشکی خۆتی دەربکە! عەلی زیئبەقی میسری وتی:
شتی وانابێت! پێویستە ئەو کراسە بە دەست بێنم! ئەگەرنا باوکت دەکوژم! - جولەکەکە رووی کردە قەمەری کچیو وتی:
بڕوانە ئەم نەگبەتە چۆن خۆی بەکوشت دەدات!؟ ئەمجا رووی کردە (عەلی)و وتی:
ئێستا بە سیحر دەتکەم بە سەگ!! دیسان کۆچەڵە ئاوەکەی هێناو عەزیمەیەکی بەسەردا خوێندو ئاوەکەی پرژاند بەسەر عەلیداو وتی:
"ببە بەسەگ" دەمودەست بوو بەسەگ! ئەمجا خۆیو کچەکەی تاکو نیوەشەوێکی درەنگ خواردیانەوە! بەیانی سواری هێسترەکەی بووەوەو بووخچەی سینیو زێرەو قامیشە زێڕینەکەی خستە بەردەمیو خوێندی بەسەرسەگەکەدا شوێنی کەوتو سەگەکانی دی بە عەلی دەوەڕن! ئەمجا جولوکە دای بەلای دوکانێکی کۆنەفرۆشدا. دوکاندارهاتە دەرەوەو سەگەکانی تری لە عەلی دوور خستەوە! عەلی سەگیش هێندە خەفەتبارو ماندوو

بوو. لە بەردوکانەکەیدا نووست! جولەکەیش بێئاگابوو تاکو گەیشتەوە بەردوکانی زێرینگەری یەکەی خۆی! ئەمجا ئەملا سەگونەولاسەگ بێ سوود بوو جولەکە بۆی نەدۆزرایەوە. ئێوارە "کۆنەفرۆش" دوکانی داخستوبەرەو ماڵەوە بووەوە. عەلی سەگیش شوێنی کەوت! دوکاندار چووە ماڵەوە سەگەکە بە دوایدا! کچی دوکاندار کە سەگەکەی بینی سەرپۆشەکەی دایەوە بە دەموچاوی داو وتی:

"بابە گیان ئەوە بۆچی پیاوی نەناس دێنیتە ژوورەوە!؟ باوکیشی وتی:

کچی خۆم ئەمە سەگە! کچەکەی وتی:

بابە گیان ئەمە سەگ نیە! عەلی میسری یەو جولەکە سیحری لێ کردووە! باوکی پرسی:

جا بۆچی ئەو جولەکە سیحری لێ کردووە؟ کچەکەی وتی:

بەهۆی کراسێکی (قەمەر)ی کچی یەوە! من دەتوانم ئەم سیحرە هەڵبوەشێنمەوە! باوکی وتی:

گەر پێت باشە هەڵی بوەشێنەوە. کچەکەشی شەرمی لەبەر هەڵگیراو وتی:

ئەگەرخوازبێنیم لە تۆ دەکات ئەوا رزگاری دەکەم. عەلی سەگ سەری پەسەندی راوەشاند ئەمجا کچی دوکاندار کوچەڵەیەکی پڕ لە ئاوی هێناو (عەزیمە) یەکی بەسەردا خوێند. لە پڕێکدا زریکەیەك پەیدا بوو! کوچەڵەکەی لەدەست کەوتە خوارەوە! ئەویش لای کردەوە تێگەیشت کە نیزەکەکەی باوکی قیژاندوویەتی! ئەمجا هاتە گۆو وتی:

ئەوە خاتوونەکەم پەیمانەکەی نێوانمانت بیرچوو!؟ خۆ لە خۆم زیاتر کەس فێرەی سیحری نەکردوویت تۆ کاتی خۆی پەیمانت داوە بەبێ پرسی من هیچ سیحرێك نەکەیت. ئەوەش بزانە هەرکەسێك تۆ مارە بکات دەبێت منیش مارە بکات!! .

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧١٨

شەهرەزاد وتی:

پاشا بەرخوردار بێت شادو بەختیار بێت! کە کۆنە فرۆشەکە گوێی لەو قسانە بوو کە ژنەکە کردی بە کچەکەی وت:

کێ ئەم کچەی فێر کردووە!؟ کچەکەی وتی:

بابەگیان ئەم کەنیزەکە فێری کردوم حەز دەکەیت لێی بپرسە! ناچار لە کەنیزەکەکەی پرسی؟ ئەویش وتی:

گەورەم کاتی خۆی کەلای (عەزرە)ی جولەکە بووم. هەمیشە کە عەزیمەی دەخوێند: خۆم لێ دادەگرت و گوێم لێ دەگرت! کە عەزرەی جوولەکە دەڕۆیشت بۆ دوکان. دەچووم کتێبەکانی سیحرم لە کتێبخانەکەی دەردەهێناو دەم خوێندەوە! تاکو فێری زانستە ڕەوانیەکان بووم! ئەوە بوو دواتر فرۆشتمی بە تۆ! منیش کچۆڵەکەتم فێر کرد مەرجیشم بۆ دانا. بریتی بوو لەوەی "نابێت بەبێ راوێژ کردن بە خۆم هیچ کارێکی سیحری بکات! هەرکەسێ هاتە خوازبێنی دەبێت بیکات بە مەرج بەسەر زاواوە کە منیش مارە بکات! تاکو! هەمیشە پێکەوە بین!! ئەمجا جامەکەی لە سەرزەوی هەڵگرتەوەو ئاوی تێکردو (عەزیمە)ی بەسەردا خوێند دواتر پرژاندی بەسەر سەگەکەداو وتی:

"بگەڕێوە سەر شێوە ئادەمیزادیەکەت! " دەمو دەست چووە سەر شێوە ئادەمیزادیەکەی جارانی! کۆنە فرۆش سڵاوی لێ کرد. لە هۆی سیحر لێ کراویەکەی پرسی:

ئەویش بەسەرهاتی خۆی بۆ گێڕایەوە. ئەمجالێی پرسی:

کچەکەمو کەنیزەکەکەمت لێ مارە ببڕم ئاخۆ بەشت دەکات!؟ ئەویش وتی:

پێویستە زەینەب مارە بکەم! هێندەیان زانی لە دەروازەیان درا! کەنیزەکەکە چووە پشت دەروازەو پرسی:

کێ یە!؟ لە دەرگادەر وتی:

قەمەری کچی جوولەکەم ئاخۆ عەلی میسری لێرەیە!؟ کچی کۆنە فرۆشەکە لە وەڵامدا وتی:

کچە جوو . گەر لای ئێمەش بێت چی لێ دەکەیت!؟ دەروازەی بۆکردەوە. هاتە ژوورەوە. کە عەلی میسری قەمەری کچی جوولەکەی بینی وتی:

ئەوە بۆ هاتوویت کچی سەگ!؟ کچەش بە دەنگی بڵند وتی:

هاتووم بڵێم:

(أشهد أن لااله الاالله و أشهد أن محمداً رسول الله) ئەمجا پرسی:

ئاخۆ لە ئایینی ئیسلام دا ژن مارەیی هەیە!؟ یان پیاو مارەیی هەیە!؟ دیسان وتی:

من هاتووم مارەیی خۆم هێناوە. بریتی یە لە کراسەکەی خۆمو قامیشە زێڕینەکەو زریزە ئاڵتوونەکەو کەللە سەری باوکم کە دوژمنی خواو دوژمنی تۆ بووە!

# بەسەرهاتی عەلی زیئبەقی میسری و ئەحەزۆڵ

هۆی کوشتنی باوکی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە باوکی عەلی بە سیحر گۆڕی بۆ سەگ. قەمەر ئەو شەوە لەخەویدا یەکێك لە ناگاهانەوە پێی وت:

"ئیسلام ببە! " ئەویش ئیسلام بوو. کەبەناگاهاتەوە سەرتاپابیروڕای بۆ ژیان گۆڕرابوو! بۆیە چووە لای باوکی داوای لێکرد ئیسلام بێت! بەڵام باوکی بەقسەی نەکرد. بۆیە کچەکەی (بەنج) ی‌دا بە لوتی باوکی دا کە بوورایەوە کوشتی! ئەمجا عەلی شتومەکەکەی هەڵگرت و بە کۆنە فرۆشەکەی وت:

جێ ژووانی من و تۆ لای خەلیفە دەبێت. ژوانەکەیشمان بیر نەچێت! کە سبەینێ یە. کچەکەی خۆت وکەنیزەکەکەم لێ مارە بڕن عەلی بەدڵی خۆشەوە سینی یە زێڕین و کراسەکەی خاتوو قەمەر و زریزە زێڕەکەوقامیشە زێڕینەکەی هەڵگرت و هاتە دەرەوە. دوای کەمێك ڕۆیشتن. یەکێك بەدەم زیکرەوە هاتە بەردەمی عەلی و وتی:

ئەم کولیچانە خێری ئەو ماڵەی ئەوبەرەومیەو تۆیش کولیچەیەك بخۆیت خێرە! ئەویش بێ دڵی نەکردو کولیچەیەکی خوارد دوای کەمێك بوورایەوەو کەوت! چونکە (بەنج)ی بۆ تێکرابوو. حەلوا فرۆشەکە سینی و کراسەکەی قەمەرخاتوون و زریزەو قامیشی زێڕین هەمووی بردو ڕۆیشت! . بەلای قازیەکدا ڕەت بوو. قازییەکە بانگی کرد. ئەویش سندوقی حەڵواکەی کە شتومەکەکەی عەلی تێکردبوو خستی یە سەرسەری و وتی:

"داوای چی دەکەیت!؟ " قازی وتی:

" حەڵوایەکم بدەرێ! " ئەویش وتی:

ئەم حەڵوایانەی سەرسەرم فێڵیان تیاکراوە ئەمجا لە گیرفانی چەند کولیچەیەکی دەرهێناو وتی:

ئەمانە وەربگرە! ساغ و تەندروستن! قازی وتی:

ناخۆزگە ئا لەمە دەست دەکەوت تۆڵێ ی بخۆ!! حەڵوا فرۆش هەر هێندەی خۆش بوو. لە دەمیدا دانی پیانا! ئیدی (بەنج)ەکە کاری خۆی کردو حەڵوا فرۆش بوورایەوە. ئەویش هەر زوو سینی وبەرگی قەمەر خاتوون و سینی وزنجیر و قامیشی زێڕینەکەی خستە سندوقی حەڵواکەوە! دەستی بە ڕۆیشتن بەرەو سەرا ئەو شوێنەی ئەحمەد دەنەفی لێیە! ئەوانیش بۆ کێوماڵ کردن و پشکنین دەرچوو بوون قازی یەکە حەڵوا فرۆشەکەی بوورانەوە حەسەن شومان بوو!! بۆچی بۆی دەگەڕان؟ چونکە عەلی میسری پێی وتبوون:

دەڕۆم بۆ پیلان گێڕان. ئیتر زۆر چاوەڕێی دەبن! هەرناگەڕێتەوە ئیدی بەوناوەدا بڵاوە دەکەن و بۆ عەلی میسری دەگەڕێن! ئەحمەد دەنەف بە پۆلیسەکانی وتبوو: خەڵکینە بۆ

عەلی براتان بگەڕێن بە شاردا بەڵکو بیدۆزینەوە. حەسەن شومان بەرگی قازی پۆشی بوو! لەو گەڕانەدا حەسەنە زۆڵ دەبینێت خێرا دەڕوات و شپرزەیە! بەو فێڵە بەنجی دەکات و دەیباتەوە سەرا! هەر (٤٠)پۆلیسەکە بەرەو دەوروبەری شار نێررابوون! لە کاتێدا بەسەر شەقامەکانی شاردا دەگەڕان عەلی شانە وشتر هاتە پێشەوە ئاپوورەی خەڵکەکەی بینی دڕی بە خەڵکەکەداو چووە ناو ئاپوورەکەوە سەرنجی دا عەلی زیئبەقی میسری کەوتووەو بێ هۆش بووە! زۆر خەریکی بوو! تابەئاگا هاتەوە. عەلی سەیری کرد دەوروبەری خەڵکێکی زۆر وەستاون! عەلی شانە وشتر پێی وت:

بێرەوە هۆش خۆت! ئەویش پرسی:

من لە کوێم!؟ عەلی و هاوڕێکانی وتیان:

تۆمان بە بوراوەیی دۆزیەوە! ناشزانین:

کێ بەنجی کردوویت! عەلی میسری وتی:

حەڵوا فرۆشێك بوورانمیەوەو شتوومەکەکانی بردم! بۆ کوێوە ڕۆیشت؟ ئەوانیش وتیان:

کەسمان نەدیوە! هەستە بابچینەوە سەرا کە گەیشتن و چوونە ژوورەوە ئەحمەد دەنەفیان بینی. ئەویش بە خێری هێنان. پرسی:

عەلی کراسەکەت هێنا!؟ عەلی میسریش وتی:

ئەرێ بەخوا نەك هەر کراسەکە بەڵکو هەموو شتەکانیم هێنا! تەنانەت کەللەسەری جوولەکەش! بەڵام لە ڕێگا حەڵوافرۆشێك هاتە سەرە ڕێم و بەنجی دەرخوارد دام! شتەکانی بردم. لە نووکەوە بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە وتی:

بەخوا ئەگەر ئەم حەڵوافرۆشەم چنگ دەکەوێت سزام دەدا. حەسەن شومان لە ناوجێگەکەیدا هاتە دەرو پرسی:

عەلی شتومەکەکانت هێنا؟ عەلی زیئبەقی میسری دیسان وتی:

ئەرێ بەخوا هەمووشتەکانم هێنا بەڵام داخی بەجەرگم حەڵوافرۆشێك بەنجی کردم و هەمووشتەکانی بردم! بەڵام نازانم بۆ کوێ چوو! ئەویش وتی:

شوێنەکەی دەزانم.

شەهرزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو

# شەوی ٧١٩

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا هەستاو چوو ژووری گەنجینەکەی کردەوە حەلوا فرۆشە بەنج کراوەکەی بە ئاگا هێنایەوە. کاتێ چاوی کردەوە رووانی لەبەردەم عەلی میسریدایە! ئەحمەد دەنەف لایەوە وەستاوەو(٤٠) کەس سەیری دەکەن! هەر تێك چوو داماوە پرسی:

ئێرە کوێ یە؟ ئەمە کێ منی دەستگیر کردووە!؟ شومان وتی:

من تۆم دەستگیر کردوە. عەلی میسری وتی:

فێڵباز ئەمەشت کرد!؟ پەلاماری دا سەری ببڕێت. حەسەن شومان پێی وت:

عەلی دەستی لێ بگرەوە ئەمە ژن براتە! عەلی وتی:

ژنبرای چی!؟ ئەویش وتی:

ئەم فڵبازە "ئەحەزۆڵ" خوشکەزای زەینەبە! ئیتر عەلی بایدایەوەو پرسی:

ئاخر بۆچی ئاوا زۆڵ!؟ ئەمە دەلیلەی نەنکم پێی کردم. رۆژێکیان زەریقی ماسی فرۆش هاتو دەستیان کرد بە قسە کردن. زەریق وتی:

دەلیلە بەو خوایە عەلی برزوەو ئازایە ئەو کراسەی خاتوو قەمەری کچی جوولەکەکە دێنێو چاوت پێی دەکەوێت کەللەسەری جوولەکەکەیشت بۆ دێنێ! دەلیلەشلێی پرسیم:

عەلی زیئبەقی میسری دەناسیت!؟ وتم:

بەڵێ بەڵێ کاتی خۆی من ئەحمەد دەنەفم پیشان دا. دەلیلە وتی:

هەرئێستا برۆ داوێکی بۆ بنێرەوەو فێڵێکی لێ بکەو شتومەکەکانی کە پێ یەتی لێی بسەنەوە! منیش شەقامەکان گەڕام بۆ حەلوا فرۆشێكو دانەیەکم دۆزیەوە (١٠) دینارم پێداو جلوبەرگو قیرتەبەقی حەلواکەیم لێ وەرگرت! ئیدی لێرە بە دواوە خۆتان بینیتان. عەلی میسری وتی:

برۆوە بۆ لای نەنکتو زەریقی ماسی فرۆشو بەهەردووکیان بڵێ:"کەشتومەکەکەم هێناوەو کەللەسەری جوولەکە! بڵێ: "سبەینێ لە دیوەخانی خەلیفە چاوەڕێتان دەکات وەرن پێشەکی کچەکەتان وەربگرن. "ئەحمەد دەنەف زۆری پێخۆش بوو بە عەلی میسری وت:

هەر چۆن پەروەردەم کردیت بە خۆڕا نەچووە

# بەسەرهاتی عەلی زیئبەقی میسری لەلای خەلیفە

کە رۆژ بووەوە. عەلی زیئبەقی میسری:

کراس‌وسینی‌وقامیش‌و زریزە زێڕەکانی بردو کەللەسەری عەلی میزراقی جوولەکە. مام‌و ئامۆزاکانی لەگەڵدا. کڕنوشیان بۆ خەلیفە برد خەلیفە سەیرێکی عەلی میسری کرد لاوی بەتواناو ئازای نەدی بوو! لە پیاوەکانی پرسی:

ئەمە کێ یە؟ ئەحمەد دەنەف وتی:

گەورەم ئەمە نۆبەرەی منە! سەردەستەی لاوانی میسرە! هەر یەکەم بینین خەلیفە خۆشی لێهات. عەلی میسری کەللەسەری جوولەکەی لە بەردەم خەلیفەدا داناو وتی:

دوژمنانیشت بەم دەردە بچن! خەلیفە پرسی:

ئەمە کەللەسەری کێ یە؟ عەلی وتی:

قوربان ئەمە کەللەسەری عەزرەی جوولەکەیە!

خەلیفە وتی:

کێ کوشتویەتی!؟ عەلی میسر بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە.

خەلیفەوتی:

عەقڵم نەی دەبڕی. کەس بتوانیت بیکوژێت چونکە ساحرێکی بەتوانابوو! عەلیش وتی:

"خوا یارمەتی دام. " خەلیفە والی نارد بۆ ماڵی جوولەکە تاکو بپرسێت بیستی جولەکە سەری پێوە نەماوە! فەرمانی دا بیبەن بۆ دیوەخانی خەلیفە لەوێ خەلیفە فەرمانیدا لاشەی جولەکە بسوتێنن! بەڵام کچەکەی هاتە ژوورەو کڕنووشی بۆ خەلیفە بردو وتی:

گەورەم من کچی ئەو جولەکەیەم‌و موسڵمان بووم!

دیسان لە بەردەم خەلیفەدا ئیسلام بوونی خۆی راگەیاندەوەو وتی:

" گەورەم تۆ راوێژکاری عەلی زیئبەقی میسری بویت بۆ "بەشودانی من! " ئەمجا هەر لەوێدا خەلیفەی کرد بە نوێنەری خۆی‌و لە کاتی مارە بڕینی دا. خەلیفەش کۆشکەکەی عەزرەی جولەکەی پێشکەش بە عەلی کرد. بەهەموو شتوومەکەکانیەوە. ئەمجا پێی وت:

داوای چیم لێ دەکەیت بڵێ! عەلی میسری وتی:

ئاواتە خوازم نەمەکت بکەم‌و لە سەر سفرەوخوانت نان بخۆم! ئەمجا خەلیفە پرسی:

چەند هەرزەکارت لەبەردەست دایە؟ عەلی میسری وتی:

" (٤٠) هەرزەکاربەڵام هەمووله وڵاتی میسرن. ئەویش وتی:

بنێره به شوێنیان دائەمجا پرسی:

خانوو هۆڵی تایبەت بە خۆت هەیە، بۆ ئەو هەرزەکارانە؟ ئەحمەد دەنەف وتی:

گەورەم من خانوو هۆڵەکەم بۆ دابین کردوە! پۆلیسخانەکەی خۆم پێداوه خەلیفە وتی:

حەسەن شومان. پۆلیسخانەو هۆڵی بۆ خۆت! ئەمجا فەرمانی دا بە خەزنەدار کە(١٠٠٠٠) دیناری بداتێ خانوویەکی (٤٠) جێگەیی بۆ دروست بکرێت. ئەمجا ڕووی کردە عەلی میسریو وتی:

چی ترت پێویستە عەلی میسری تابۆت جێ بە جێ بکەم.؟ عەلی وتی:

گەورەم ئەوەندەم دەوێت ببیتە وەکیلمو زەینەبی کچی دەلیلەم لێ مارە بکەن. ئەوەش کراسی خاتوو قەمەروسینیوزریزەو قامیشی زێرینی پێشەکیەکەی. دەلیلە وەکیلی یەکەی خەلیفەی پەسەند کردو کراسو سینیو زریزەو قامیشە زێرینەکەی برد. دوابە دوای دەلیلە کابرای کۆنە فرۆش کچەکەیو کەنیزەکەکەی هێنایە بەردەم خەلیفەو خەلیفەش ئەو دوانەی تری لە عەلی زیئبەقی میسری مارە بڕی. ئەمجا قەمەری کچی عەزرەی جەلەکە هاتە پێشو ئەویشیان دیسان لە عەلی زیئبەقی میسری مارە بڕی. ئەمجا فەرمانی دا عەلی میسری لای خەلیفە بە میوانی خۆیو ژنەکانی مانەوە بۆ ئەوەی داوای عەلی میسری بەجێ بێت خەلیفە سفرەی نیوەڕۆ لەگەڵیان دانیشتو هەروەها بۆ نان خواردنی ئێوارەش عەلی زیئبەقی میسری (٣٠) ڕۆژی ڕەبەق ناهەنگی بۆ گێڕرا لەو ماوەیەدا نامەیەکی بۆ (٤٠) هەرزەکارە میسریەکە نووسیوبۆ گێڕانەوە چۆن خەلیفە ڕێزی لێ ناوەو داوای کرد هەموویان بێن. کە خانووەکەیان تەواو بوو هەر(٤٠) هەرزەکارەکە تێیدا نیشتە جێ بوونو تێیدا وەرزشی خۆیان دەکرد. خەلیفەش مووچەی بۆ بڕینەوەعەلی میسری سەرکردەش مووچەی خۆی بۆ بڕرایەوە. شەوێك لە شەوان عەلی میسری لای خەلیفە مایەوە. لە کاتی قسەکردن دا خەلیفە پێی وت:

عەلی زیئبەقی میسری زۆر حەزدەکەم هەموو بەسەرهاتی خۆتم بۆ بگێڕیتەوە! ئیتر ئەویش دەستی بە گێڕانەوەی کرد هەر لە دەلیلەوە بیگرە تاکو زەینەبی فێڵبازی مەکر بازو زەریقی ماسیگرو. خەلیفەش فەرمانی دا ئەمانە بنووسرێنەوەو بخرێنە کتێبخانەی مەملەکەتەوە- ئیدی بەخۆشیو شادی ساڵانی ژیانیان بەسەر برد تاکو خوا بردنیەو بۆ خۆی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٢٠

# چیرۆکی "باسم"ی ئاسنگەرو هارونە رەشید

شەهرەزاد وتی:

دەگێرنەوە ئەی شاشەهرەیار پاشای بەختیار خاوەنی بڕیار کە شەوێك لە شەوان خەلیفە هارونە رەشید زۆر دڵتەنگ دەبێت دەنێرێتە شوێن ئەبوجەعفەری بەرمەکی وەزیرو ئەویش دێت کڕنووشی بۆ خەلیفە برد. نزای لەش ساغی بۆ خواستو وتی:

گەورەم لە پەزیراییتدام.

خەلیفە وتی:

جەعفەر ئەمشەو تووشی دڵە راوکێ بوومو خەوم زڕاوە!

ئەبوجەعفەر وتی:

گەورەم بفەرموو بچینە رەزو باخەکەوە کەمێ پیاسە بکەین! بۆنی هەڵاڵەو بەیبون بکەین. خەلیفە وتی:

حەزم لێی نیە؟

ئەمجا پێی وت:

دە بابڕۆین بۆ کۆشکی (پەیکەران) با سەیری ئەو پەیکەرو وینانە بکەین کە قەشەو کاهینەکان کاتی کۆن دروستیان کردووەو وێنەیان کێشاوە! خەلیفە وتی:

بە خوا جەعفەر دڵم بەوانەش بڕواناکەم بکرێتەوە! ئەمجا وتی:

کەواتە بابچینە گەنجینەی چەكو تەقەمەنیەکانەوەوسەیری جۆرەکانی چەکی کۆنینەو چەکی نوێ بکەین دواتر بڕۆینە کتێبخانە مەزنەکەی مەملەکەتەوە چاو بەو کتێبانەدا بگێرین. بە لکو خەمت برەوێتە .

خەلیفە وتی:

نەخێر حەزم لە ئەو شوێنەش نیە- ئەبوجەعفەر وتی:

دە وەرە بابڕۆینە ناو بازاڕ ی بەغداو بگەڕێین. بەڵکو نوکتەیەك ببیستینو دڵت بکرێتەوە ئەمجا خەلیفە ئەمەیانی پەسەند بوو. بە جەعفەری وت:

برۆ بە مەسروریش بڵێو وەکو جاران خۆتان بگۆڕن. با منیش خۆم بگۆڕم. ئەمجا هەرسێکیان لە دەرگای پشتەوەی کۆشك چوونە دەرەوە بە شەقامو کۆڵانەکاندا گەڕان، بای نەسیملێی دەدان. خەلیفە گوێی راگرت گوێی لە گۆرانی بوو بەو شەوە! سەری بەرز کردەوە. باڵەخانەیەکی بینی پەنجەرەکەی لە سەر کۆڵان بوو. ژوور رووناكو تارمایی دەستو پێك هەڵدانی شەرابی بینی. لاوێك بە گۆرانیەوە ئەم شیعرەی دەوت:

ئەودەمەی مەستم کەخۆر ئاوابوو بێخەم بووم لەوەی خۆر نەتۆرابوو
تیشکی زێڕینی بەنێو خەڵکدا وەك نێزە لەدەست سوارەی زۆرابوو

هارونە رەشید بەلای جەعفەردا لای کردەوەو وتی:

"جەعفەر بڕۆ بکە ئەو ماڵەی باڵەخانەکە خەمی من دەرەوێنێت! " ئەمجا بە مەسروری وت:

ئادەی لە دەرگاکە بدە کە لە سەرەوە گوێیان لە دەنگی دەرِوازەکە بوو. یەکێك لە سەرەوە. لە پەنجەرەوە سەری دەرهێناو پرسی:

ئەوە کێیە؟ ئەبوجەعفەری بەرمەکی سەری بەرز کردەوەو وتی:

حاجی گیان ئێمەین نامۆین بەم شارەو نەشارەزاین‌و شەومان بەسەردا هاتووە. لە والی شار دەترسین خوا پاداشتت بداتەوە. خاوەن ماڵ وتی:

"بەو مەرجە دەرگاتان لێ دەکەمەوە خۆ هەڵ نەقورتێننە کاری منەوە! سواڵکەریش نەبن" خەلیفە پێکەنینی هات. ئەوانیش وتیان:

خەمت نەبێت ئێمە بازرگانین. خاوەن ماڵ پرسی:

"نانی ئێوارەتان خواردوە؟ وتیان:

خوا نەیبڕێت خواردوومانە! خاوەن ماڵ دووبارەی کردەوە " بەو مەرجەی خۆتان لە قسەی ئێمە هەڵمەقورتێنن‌و قسە لە قسەی خانەخوێ دا مەکەن " ئەوانیش وتیان:

کەڕو لاڵیشین! دەستیان بە دەمیانە گرت‌و وتیان فزە ناکەین! ئەمجا هاتەخوارەوەو دەرگای لێ کردنەوە. خەلیفە پێشیان کەوت‌و چوونە سەرەوە. خەلیفە سەیری کرد مراوی یەکی فەخفوری (چکلێت)ی تیایە. سفرە رازاوتەوەو گۆشتی سوورەوە کراوو چەندین جۆر میوەی لەسەرە! کابراش مەی و پیاڵەی رازاندووەتەوەو دەخواتەوە! خانەخوێ دانیشت ئەمجا میوانەکان دانیشتن. لێی پرسین:

"لە کوێوە هاتوون‌و؟ بۆ کوێ دەچن؟ وتیان:

لە موسڵەوە هاتووین لای هاوڕییەکمان دەعوەت بووین. درەنگانێ هاتینە دەرەوە لە ماڵەکە. ماوەیەك ڕۆیشتین سەیرمان کرد ون بووین! هەر ڕۆشتین تاکو گەیشتینە ئەم کۆڵانە ئیتر رووناکی ماڵی ئێوەمان بینی گوێیشمان لە دەنگت بوو. وتمان واباشە لە دەرگاتان بدەین و بەڵکو تا بەرەبەیان جێمان بکەنەوە. بێدەنگ دەچینە دەرەوە.

خانەخوێ پێی وتن:

"بەناوی خوا دڵم خەبەری پێ داوم کە ئێوە نەبازرگانن‌و نەهیچ چەند کەسێکی خۆ تێهەڵقوورتێنن ئەم ماڵ‌و ئەوماڵ دەکەن. بەم نیوە شەوە لەم دەرگاو ئەو دەرگا دەدەن تاکو لە گەڵیان بخۆن‌و بخۆنەوە! ". ئەمجا رووی کردە ئەبوجەعفەرو وتی:

"تۆ تۆ! ورگت دەلێی ورگە گۆزەیە! سەیری بکەن:
ئەم ورچە کۆنە! ". ئەمجا سەیرێکی مەسروری کرد وتی:
"ئەی تۆ ئەی روو رەش!! ورگت دەلێی مەشکەیە! ". ئەمجا بەهەر سێکیانی وت:
ئەو سفرەو خوانە دەبینن!؟ خوام لەو خوایە دەستی بۆ بەرن! بەم دارە دەستان دەشکێنم! ". ئەمجا هەستاو دارەکە کە سەرێکی هەڵەفەی قایشی پێوە بوو. دایگرت. دانیشتەوەو بە دەستییەوە گرت. خەلیفە بە جەعفەری وت:
" ئادەی بزانە چ کارەیەو ناوی چیە!؟ ئەبو جەعفەر وتی:
" پیاوی چاك بە کۆڵ بدە لەم کابرا با زۆڵە ئەستوورە پاڵەوانەی خوێڕییە! سەیری گوێیەکانی بکە! چون شۆڕبوومەتەوە! ئەم پیاوە مشتەکۆڵە لە هەرکەسێکمان بدات راست نابێتەوەو دەمرێت! ". خەلیفەش وتی:
نا نا چیت کرد؟ پێویستە بزانین ئەم دەوڵەمەندیو سەڵتەنەتەی لە کوێ بوو!؟ ئەویش وتی:
لە بیر خۆتکەبەوە! خانەخوێ سەیرێکی کردن و پێی وتن:
"چییە؟ هاورێیان ئەمشەو بەچاکەی خۆتان شەرمەزارتان کردم! ئەبو جەعفەر کە ئەمەی بیست وەرەی دایە بەر خۆی چونکە بینی خانە خوێ ئارام بوومەتەوەو زمانی شیرینە پرسی:
توو ئەم نمەکەی ماڵت ئەگەر پێمان نەلێیت: ناوت چیە؟ چکارەی؟ چۆن دەژیت!؟
خانە خوێ وتی:
ها ها! ئەم وت ئێوە رسواو گەوادن!؟ پرسیارێك دەکەن پەیوەندی بە ئێوەوە نیە! بۆیە وەڵامی ناشیرن دەبیستنەوە! هەستن برۆن! پشتتان (با) بێتو پێشتان کەنەدەڵان! سوێندم دەدەن بە هاوارییەتی ئێوەو من. ئاخر چ هاورێیەتیەك لە نێوان ئێوەو مندا هەیە!!؟ ئەم وت: ئێوە وان!!؟
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧٢١

شەهرەزاد وتی:

جەعفەری بەرمەکی لە سەر خۆ وتی:

گەورەم خوا لە ئاسیاوی سەعاتێك دەپرسێتەوە! ئێمە هەر لە ئێوارەوە. لە سەر بەڕەی تۆین‌و دەستی یارمەتیت بۆ درێژ کردوین ئێستاش چاومان بڕیوەتە ئەوەی دڵت نەرم بێت بۆمان‌و پێمان بڵێیت کێیت؟ چکارەیت؟ ئەویش وتی:

گەرناوی خۆمتان پێ‌بڵێم نهێنیم دەکەوێتە لای ئێوە لەبەر ئەوە هەرکەس لەم بابەتە دەرچوو زۆر خراب دەیکوژم! ئەوانیش وتیان:

پەسەندمانە. ئەمجا وتی:

میوانە ئازیزەکان ناوم (باسم)ەو ئاسنگەرم! ئارەزوویشم لە بۆکسێن‌و زۆرانبازییە! رووله خوام‌و بۆکسم لەهەر یاری زانێك دابێت (١) ساڵ لەجێدا بۆی کەوتووە! ئەوانیش وتیان:

خوا لە تۆمان بپارێزێت.

ئەمجا وتی:

میوانەکانم ئەوە بزانن رۆژیی (٥) درهەم (٥) پەنجێیی پەیدا دەکەم دوای نوێژی پاش نیوەڕۆ دەست لەکار هەڵدەگرم. دێمە بازاڕ مکە بایی (١) درهەم گۆشت‌و (١) درهەم شەراب‌و (١) درهەم مۆم‌و (١) درهەم نوقڵ‌و شیرینی‌و میوە. رۆن گەرچەك دەکرم بۆ چراکان‌و (٢) نانیش دەهێنمەوە. هیچی وام پێ نامێنێت بۆ خواردنی نیوەڕوان! . دووەم رۆژ دەست دەکەمەوە بە کار کردن تاکو دوانیوەڕۆ بە هەمان شێوە ئیدی شەوانە دەست دەکەم بە خواردنەوەو هەرگیز تێکەڵی کەس نابم!! لەبەر ئەوە لەم دنیایەدا کەس ناناسم. کە هارونە رەشیدو ئەبوجەعفەر ئەمیان بیست لە باسمی ئاسنگەر زۆر سەریان سوڕما! ! ئەمجا وتیان:

بەڕاستی پیاوێکی بەختیاری! بەو دوورە پەرێزییە شت لە خەڵك بێ ئازاری! بەڵام ئاخۆ دەمێکە بەم شێوەیە ژیان دەبەیتە سەر؟ باسم وتی:

(٢٠) ساڵێك دەبێت! هەمیشە کارم کردووە. رۆژێك چییەدوکانم دانەخستووە! خەلیفە وتی:

باشە ئەگەر خەلیفە هات بە مێشکیداو هەموو دووکانە ئاسنگەرییەکانی داخست جاڕچی جاڕیدا هەر ئاسنگەرێك (٣) رۆژ دوکان بکاتەوە لە سێدارە دەدرێت. تۆ چۆن ماڵت بۆ بەڕێوە دەچێت. چۆن مۆم دەکڕیت‌و گۆشت دەکڕیت‌و میوەو نقوڵ!؟ باسم وتی:

دەك زمانتان ببڕن هەر چیەك من بە دڵم نیە ئەوە دەڵێن. هێندە ئەم بیرە سواوە مەكەنەوە! (٢٠) ساڵە بەم شێوەیە دەژیم رۆژێك بێكار نەبووم! خەمم نە خواردووەو برسی نەبووم! . ئەمجا تووڕە بوو وتی:

خۆم بە خۆمم كرد ئێوەم هێنایەماڵەوەو نهێنی خۆمم پێ وتن! ئەوانیش وتیان:

"باسم گیان ئێمە سوعبەتمان لەگەڵ كردی ئەگینا هەرگیز خەلیفە دوكانی ئاسنگەڕان داناخات! باشە (٢٠) ساڵە فەرمانی لەوشێوەیەی دەرنەكردووە. ئێستا چۆن ئەوفەرمانە دەردەكات!؟ باسم وتی:

ها ها ئەو قسە دەڵتەنگ كەرەكەم بۆ دووبارە دەكەنەوە!؟ بە خوا رسوان! خوام لەو خوایە خەلیفە فەرمانی ئاوا دەربكات! بەو خوایە بێدەنگ نابم! هەموو ئەو بەغدایە دەدەم لە پێوەو بۆتان دەگەڕێم هەر بەردەستم كەوتن:

خۆم دەزانم چیتان لێ دەكەم!!

شەهرەزاد هەستی كرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٧٢٢

شەهرەزاد وتی:

بەدەم پێكەنینەوە هەستانو خواحافیزیان كرد. لە رێگا ئەوان پێدەكەنین بەلام خەلیفە دەمی داخست بوو. لە دەڵێ خۆیدا وتی:

گەواد مەرج بێت سبەینێ بانگت بكەمە بەردەستم! تۆ بزانە چی پێ كردین!؟ ئەمجا بەرەو كۆشكی هارونە رەشید رۆیشتنو خەلیفە لە دەرگای پشتەوە چووە ناو كۆشك. ئەوانیش هەریەكەو بەرەو ماڵی خۆی بووەوە. خەلیفە لە ناو جێگە كەییشدا هەر تەپاوتلی بوو! بەیانی خەلیفە هەستاو نوێژی بەیانی كرد. ئەمجا كاتی دەوام بەرەو سەرای حوكمڕان چوو. لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت. وەزیرانو میرانو سەرانی دەوڵەت هاتن. خەلیفەش ناردییە دوای ئەبو جەعفەر دا. كە هات فەرمانی پێدا "كە بە والی بەغداد رابگەیەنێت با جارچی بچێتە ناو بازاڕ ەكەو جاربدات "پێویستە لەسەرئاسنگەرەكان كە دەبێت (٣) رۆژی رەبەق دووكانەكانیان دابخەنو كارنەكەن! " ئەبوجەعفەریش خالیدی كوڕی تالیب ی ئاگادار كردەوە لەو راسپاردەیە. وەستاكەی باسمی ئاسنگەر خۆی و

کوڕەکەی هاتن بۆ دوکان کە بیکەنـەوەو کـار بکەن. لـەو کاتـەدا والی وسـەرکردەکانی هـاتن جارچی هاواری دەکرد:

هەرکەسێك دوکانی ئاسنگەری بکاتەوە یان چەکوشێك بـە ئاسـن دا بـدات. (٣) رۆژ کـار بکات لەسێدارە دەدرێت! هەرکەس بـڕوا ناکـات بـا ئاسـنگەری بکـات. ئاسـنگەرەکان دوکانیـان داخست. کە باسم گوێی لەو بانگەوازە بوو کلیلەکانی لە دەست کەوتە خوارەوە ئاسـنگەرێك کلیلەکانی دایەوە دەستیو وتی:

بڕۆ بۆماڵەوەو چوارەم رۆژ وەرەوە ئەم دوکانە بکەرەوە. رۆژی دواتر باسم چووەوە بـۆ دوکانەکەیو بیری چوو بـوو نابێـت دوکـان بکاتـەوە. شـاگردی ئاسـنگەرەکەی وەسـتای بینـی لەبەر دوکانەکەدا دانیشتووە لێی پرسی:

ئەوە چیە کلیلی دوکانەکـەت ئەگـەر بیرچووە هـەر ئیـستا قفڵەکـەت هێنـدە توونـد بـۆ دەوشم! کە تێك بشکێتو هەر بزمارەی روو بکاتە لایەك! وتی:

نە قفڵەکە بێ خەوشە! ئەمجا پرسی:

ئەی بۆ تۆو ئەوانەی دی دوکان ناکەنەوە!؟ وەستایەکی ئاسنگەر وتی:

باسم دەڵێی لە گوێی گادا نوستویت! یان سەر خۆشو بێئاگایت! نازانیت چی روویداوە؟ ئەمجاوتی:

هارونە رەشید فەرمانی دەرکردووە هەر کەسێکی ئاسنگەر دووکان بکاتەوە تاکو (٣) رۆژ ئەوا لەبەر دوکانەکەی خۆیدا لە سێدارە دەدرێت!! ئەوەش بڕوا ناکات با تـاقی بکاتـەوە. کـە باسم ئەمەی بیست. دەستەکانی بەیەکدا داو بیری میوانەکانی کەوتەوە! لە دڵی خۆیداوتی:

ئاخ خۆزگە ئیستا ئەو میوانە نەگبەتانەم لە بەردەستا دەبوو! ئێوە بڕوانن:

هەر چییەکیان وت: راست دەرچوو! هەر یەکەمجار ئەوانەم بینی وتم:

ئەمانە نەگبەتو شوومن! باسمی ئاسنگەر سەری شۆڕ کردو دەستی کرد بـە بیرکردنـەو چی بکات؟ تاکو پێی بژی! وەستاکەی پێی وت:

"باسم گیان بیر لە چی دەکەیتـەوە؟ تـۆ رەبـەنیت! بـەڵام مـن ژنو منـاڵم هەیـە! چۆن دەبێت (٣) رۆژ بێکـار بم؟ ئـاخر چۆن ئـەو مـاڵ و منداڵانـە بـە خێـو بکـەم!؟ ئـەمجا رووی کردەوە " باسم" وتی:

"دەروازەی دوکانەکـەت دەکەیتـەوە! بـەیانیو ئێـوارە شـوێنی رۆزیـی ئێمـە بـە بـۆنی عەرەقو شـەراب قـانگ دەدەیـتو فریـشتەکانی لێ دەتـەرێنی! خـوایش لێمـان تونـد دەبێـت! دەبڕۆ ئەوە بەشت بێت! ئەوە (٢٠) ساڵە تۆ شەوێك بەبێ خواردنەوە سەرت نـە خـستووەتە سەر سەرین! هەر ئێستا ملت بشکێنەو ئیدی نەت بینمەوە! " ئەمجا هەڵیکێشایە وتی:

"دەبڕۆ ئیدی ئەم (٣) رۆژە دەروازە کەری (سواڵ) بکە! ". ئەمجا شیراندی بە سەری دا (باسم) کە هێندە توورە بوو لێوی خۆی دەکرۆشت و پەنجەکانی خۆی توند دەگوشی لێیداو رۆیشت. کە دوور کەوتەوە وتی:

"خوایە هەر ئەمڕۆ ئەو (٣) میوانەی دوێنێم بەردەست بخەیت! بە شەقامەکاندا دەگەڕا خۆی کرد بە گەرماوێکدا تا کەمێ دەمو چاوی بشوات. هەندێ کەس لە گەرماوەکە دا بوو باسمیان دەناسی یەکێك لەوانە خالید ناوێك بوو کە بە منداڵی شاگردی بەردەستی باسمی ئاسنگەر بوو کاتی خۆی لەمو لەو پارەی بۆ کۆدە کردەوە پێی دەدا تاکو گەورەی کرد. خالید کە باسمی کۆنە وەستای بینی_ لێی چووە پێش و دەستی ماچ کردو وتی:

"یاخوا بەخێر بێیت گەورەو مامۆستای من چیت پێویستە تاکو بە شانازییەوە بۆت جێبەجێ بکەم!؟ لە پەزیراییتدام گەورەم". باسم وتی:

هارونە رەشیدی رەزا قورس فەمانی داوە هەر ئاسنگەرێك (٣) رۆژ دوکان دانەخات و ئیش بکات ئەوا لەبەر دەرزاوەی دوکانەکەیدا پەتی سێدارەی بۆ هەڵدەخرێت و هەڵی دەواسن! تۆش باش دەمناسی هەرچی پەیدا دەکەم هەر ئەو رۆژە خەرجی دەکەم! ئیدی هیچ پاشەکەوت ناکەم. ئێستا چۆن دەبێت (٣) رۆژ دوکان نەکەمەوە؟ لە ئاسنگەری زیاتر هیچ کارێکی دی نازانم!؟ خالیدی بەلان وتی:

"باشە مامۆستام گوایە تۆ (ناتری)ی گەرماو نازانیت!؟ وەرە ئەم (٣) رۆژە پشتی خەڵکی ناو گەرماوەکە بشۆو "الا الله"و بڕایەوە. هەر لەوێدا (باسم) لە گەڵێدا چووە گەرماوەکەوەو کەوتە شتنی پشتی خۆ شۆرێك کە خۆشۆڕ هاتە دەرەوەو خۆی وشك کردەوە. دەستی برد (٢) درهەمی دایە دەست باسم. تاکو پاش نیوەڕۆ (٥) درهەمەکەی جارانی پەیدا کردەوە. پارەکەی خستبوە قولەمستییەوە! لە خۆشیاندا جێی بە خۆی نەدەگرت! بۆیە وتی:

خوا تەمەنی خالید درێژ بکات بەڕاستی ئەم کاری "ناتر"ییە. زۆر ئاسان و خۆشە بە بەراورد لەگەڵ ئەو کورەی ئاگرو چەکوش وەشانندندا!

ئەمجا چووە بازاڕ و بە (١) درهەم گۆشتی کڕی. بایی (١) درهەم مەی و شەرابی کڕی. ئەمجا بە درهەمی (٣) یەم مۆمی کڕی. بە چوارەم رۆن گەرچەك بۆ کردنەناو چراکە ئەمجا (٢) نانیشی وەکو شەوانی رۆیشتوو کڕی. ئەمجا بانگی ئێوارە گەیشتەوە ماڵەوە. زۆر بە دڵخۆشی تەباخی داگیرساند چووە سەر (تاوە)کە. روانی گۆشتەکە سوور بوومتەوە دەستی کرد بە خواردنی گۆشتی سوورەوە کراو تاکو تێری خوارد. ئەمجا دەستی دایە مراوییە قالۆرەکە و پیاڵەی پێکەکەی هەڵگرت و دەستی کر بە خواردنەوە.

ئەمجا وتی:

خوایه هەر ئەمشەو دەستی (٣) میوانە نەگبەتەکە بدەیت بە دەستمەوە ئەمە حاڵی باسم بوو. ئەو رۆژە رۆیشت. شەو هات. خەلیفە ناردی بە شوێن ئەبو جەعفەری بەرمەکیدا کە گەیشت پێی وت:

"جەعفەر ئەمە زۆرنیە باسمی ئاسنگەری داماوم بیر کەوتەوە. ئاخۆ ئێستا حاڵی چۆنە؟ ". ئەبو جەعفەر وتی:

چون بێت گەورەم سوارحی بێ خواردنەوەیە! پەرداخی مەیەکەی دەمەو نخوونە!

ئەمجا هارونە رەشید وتی:

دەی جەعفەر هەستە با برۆین بۆ ماڵی باسم و بزانین ورەی چۆنەو هەندێك پێی را ببوێرین!! جەعفەر وتی:

پیاوی چاك بە بەلای باسمیشدا مەرۆ خوا لە شەری باسمی ئاسنگەر بمان پارێزێت.

خەلیفە وتی:

شتی وانیە! دەبێت هەر ئەمشەو بچینە ماڵی.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٢٣

شەهرەزاد وتی:

ئەبووجەعفەر خۆی گۆڕیو چوو بە شوێن مەسروریشدا! لە دەرگای پشتەوەی کۆشکەوە هاتنە دەرەوە. رۆیشتن. تاگەیشتنە سەری کۆڵانەکەی ماڵی ئاسنگەر- سەیریان کرد پەنجەرەکەی باسم هەر زۆر رووناکە! لە پەنجەرەی بانیژەکەوە تارمایی کەسێك دیارە پێکێك مەیی بە دەستەوەیە. زۆر سەریان سوڕما! کە گوێیان هەڵخست دەنگی باسمەو دڵخۆشانە ئەم گۆرانیەی وت:

عەرەق بێ ئاو مەخۆوە — لەرزۆك دەبیت:لەخۆوە
نیو بە نیو بن: زۆرباشە — نەك بەجیاو سەربەخۆوە
ئەویان:خەیاڵی خۆشە — ئەمیان جوانە بە تۆوە

ئەمجا هارونە رەشید بە جەعفەری وت:

ئەها جەعفەری نەگبەت! کاکەمان ئای ئایەکەی‌و ئاوازەکەی خۆشتر کردووە مەستی بەکەی بتر بووە! ئەمە بەلای خۆیەوە دوکانەکەیمان پێ داخستا! توو خوا بابچینە سەرەوە ببینەوە بە میوانی! تۆزێك پێی پێبکەنین. جەعفەر وتی:

ئای پاشا به خوا تابەکوشتمان نەدەیت! یان بە رسواکردنمان نەدەیت کۆڵ نادەیت! ئاخر باسم پیاوێکی یاری زانی بۆکسێنە! پاڵەوانە! جاری پێشوو لە قسەکانمان تووڕە بوو ئەمڕۆش لە کارەکەیمان کردووە! هێشتا بە نیازیت:

پێی رابوێریت!؟ هارونەرەشید قیژاندی بە سەریاو وتی:

ئاخر با بەزۆر نەتبەم لەگەڵ خۆم!

ئەبوجەعفەر بە ناچاری لە دەروازەی دا لە سەرەوە باسم (٣)میوانەکەی وە بیرهاتەوە! لە کاتێکدا کە بەدەمەست بوو بوو. هاواری کرد:

ئەوەکێ یە! جەعفەر وتی:

ئێمەین میوانەکانی دوێنێ شەو! ئەویش سەری لە پەنجەرەکەوە دەرهێنا کە هەرسێکیانی بینی وتی:

بەخێرنەیەن! سەلامەت نەبن! بەو خوایە دوێنێ هەردوێنێ من هەر بۆ ئێوە دەگەڕام! وائێستا بە پێی خۆتان هاتوونەتە بەر دەستم! بەوەشەوە نەوەستاون ئەمشەویشم لێ تێک دەدەن. مەسرور هاواری کرد:

بەخوا براگیان هەرخۆت دەست نوقاوو رەزیلیت! ئەوە بوو دوێنێ شەویش تێرت نەکردین!! ئەمجا جەعفەر وتی:

"حاجی باسم ئێمە ئەمشەو بۆیە هاتینە سەر دانت تاکو بزانین ئەمڕۆ کە نەچوویت بۆ دوکانو کارکردن. ئاخۆ حاڵت چۆن بێت!؟ وەرە دەروازەمان لێ بکەوە باسی خۆتمان بۆ بکە پەیمان بێت قسەیەك ناکەین کە تۆ پێی پەست ببیت! باسم وتی:

ئێوە بەردەرگاتان بەمن گرتووە ئێستا دەبینن چونتان لێ دەدەم! . باسمی ئاسنگەر هاتە خوارەوەو دەروازەی لێ وا کردن! بەڵام بە دەمەستیەکەی رەوی بووەوە ئەمجا کە چوونە ژوورەوە. بەرامبەر باسمی ئاسنگەر دانیشتن. ئەویش پێی وتن:

ئێوە رێورەسمی من دەزانن. ئەوە مراوییە قالۆرەکەیەو پڕ لە (مەی)ە. ئەوەش پیاڵە منیش دڵۆپێکتان نادەمێ ئەگەر سوێتان بووەتەوە بۆی!! چونکە چاوەڕێی (٣) میوانم نەدەکرد!! هەر بەشی خۆم دەکات! نەگۆشتی برژاوو نە نوقڵ.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٧٢٤

شەهرمزاد وتی:

مەسرور پێی وت:

"خوا نانو ئاوت ببڕێت کە هێندە دەست نووقاویت! ". بەڵام هارونە رەشیدو جەعفەر وەسفی باسمی ئاسنگەریان کردوتیان:

ئێمە تێرمان خواردووە. ئەمجا هاتووین. تەنیا بۆ بینینی خۆتو گوێ لێ گرتنت هەر خەمی دوکان داخستنی هەموو ئاسنگەرە کانمان بوو. ئەوانەی خەلیفە جاڕی داخستنیانی داوە! باسمی ئاسنگەر وتی:

ئاخر ئەوەش بەهۆی وەکو قەلەرەشە قڕاندنی ئێوەوە بوو! بێوەقەدمتان نەگبەتی بوو! بەو خوایە پێش هاتنتان دەرگاکانی ئاسمان بۆ مان کرابووەوە! بۆ خاتری خوا ئەمشەویش مەستییەکەم لێ تێك مەدەنو مەقڕێنن!! . ئەوانیش وتیان:

بێخەم بە هیچی خراپ ناڵێین. تەنیا پێمان بڵێ ئەم مەقامی گورانییەت لە کوێ پەیدا کردووە!؟ . باسمی ئاسنگەر وتی:

براکانم (٢٠) ساڵی رەبەقە ئەمە پێشەمە. بەدڵ شکاوی بە بازاڕ دا دەرۆیشتم خۆم کرد بە گەرماوێکدا تاکو دەمو چاوم بشۆم خوا کابرایەکی بەوەفای بۆ رەخساندم فێرە کاری "ئاتری" گردم. زۆر بە ئاسانی ئێ لە ئاسنگەرییە کەشم هەر (٥) درهەمم دەست دەکەوت. ئەمجا چوم گۆشتو عەرەقو شیرینیو مۆمو میوەم وەکو جاران کڕی بەکوێرایی چاوی خەلیفەوە! رۆزیی من لای خوایە! بەو خوایە لەمەو دوا ئاتری نەبێت هیچ کارێکی دی ناکەم! زۆر لە ئاسنگەرییەکە ئاسان ترە. تۆ بڵێی:

خەلیفە بتوانێت دەرگای گەرماوەکانیش دابخات!؟ خەلیفە چاوێکی لە جەعفەر داگرت کە دژی قسەکەی بدوێت. بۆیە جەعفەر وتی:

حاجی باسم ئەی گەر سبەینێ خەلیفە دیسان جاڕی دا بە شاردا کە دەرگای گەرماوەکان سبەینێ دابخەن! تۆ رۆزیی خۆت لە کوێ پەیدا دەکەیت!؟ باسمی ئاسنگەر هاواری لێ هەستاو وتی:

"ئا ئەی من کاتی خۆی پێم نەوتن "ئێوە گەوادو رسوان!؟ زمانتان بەخێر ناسووڕێ ئەی ورگ گۆزە! سمێڵ ورچەکۆن! ئەی من نەم وت:

رەشبینانە قسەمەکە؟ جەعفەر بەلای خەلیفەدا ئاوڕی دایەوە سەیری کرد پێ دەکەنێو خەریکە دە بوورێتەوە. ئەمجا بە باسمی وت:

ئەرێ بەخوا تۆ راست دەکەیت. ئەمجا کەوتە پیا هەڵدانی باسم وتی:

خاڵه باسم خۆت رابێنه له گەڵم داو بەم حەملێنه. که دەڵێین:

وادەبێتوادەکرێت. ئەوە سوعبەتت لەگەڵ دەکەین. ئەویش وتی:

بـەخێر نەیەنـەوە! بۆچی زۆرم پێخۆشـه دێنـه میـوانیم!؟ بـەو خوایـه (٢٠) ساڵه مـن بێکاره نەبووم له ئەوەته ئێوه دەبنه میـوانم ئیـدی نەگبـەتی دەمگرێـت. بێکـاره دەبم ئێـوه نەبوون کوڵتان پێ دام له ئاسنگەرییه کـه (٢٠) سـاڵی رەبەقـه ئـەوە کـارم بـوو!؟ ئـەوە پـێو قەدەمی شوومی ئێوه بوو!! ئـەوەبوو خـوا رۆزیـی خـستمه (نـاتری)یـەوەو لـوتی ئێـوەی پـێ شکاند! ئەمجا پێکێکی عەرەق تێکردو ئەم گۆرانییەی چری:

| | |
|---|---|
| ناوقەد باریکێ هێنده رووخۆشه | وەکو (گۆ)ی یاقوت بەزێڕ روو لاپۆشه |
| مانگ له ئاسماندا وەك درهەم چەقیو | له رەنگی شین دا دڵ بۆی پەرۆشه! |
| کەپرسیم: وتیان: بیخه سبەینێ: | نابینی که مانگ ئێستا سەرخۆشه!؟ |

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بۆیه بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٢٥

شەهرەزاد وتی:

پاشاگیان ئەمجا ئاسنگەر پێنەنکەی هەڵداو وتی:

ئەمەش بۆ فرو فێڵی خەلیفه هاروونـه رەشـید کـه دەیـەوێت رۆزیـم ببڕێـتو لـه کـارم بخات! سەرم لێ تیك بدات. هارونه رەشید له دڵی خۆیدا وتی:

مەرج بێت بەیانی هەموو گەرماوەکانی شار دابخـەمو بـەختت بـشێوێنم! بـا بـزانم ئـەو مەقامه جارێکی دی دەچڕێتەوە!؟ باسمیش که مەست بوو پێکێکی دی تێکردەوەو دایه بـەر رووناکی مۆمەکەو هەڵیدا ئەمجا ئەم گۆرانییەشی چری:

| | |
|---|---|
| روو له (باده) که گوێ لەمن بگره | هەردەم با مەست بێت ئەو کەلله خره! |
| به (مەی)یەك: زەرد. وەکو تیشکی خۆر | ساف کات ئەو مێشکەی به خەفەت پڕه! |

هارونه رەشید وتی:

بەو خوایه زمان پاراویو هاونیشینی خواردنەوەیو شیعروگۆرانیەکانیم زۆر پێخۆشـه! بۆیه لێی دەخۆمەوە! نزیکەی سەعاتێك باسمی ئاسـنگەر گـۆرانی بـۆ وتـن. ئـەمجا ماوەیـەك دەیخواردەوە ئەمجا به ژوورەکه دا دەهاتو دەچوو! ئەمجا مەقامی بـەیات و حیجازی دەوت. بەم شێوەیه تاکو نزیکی بەرەبەیان. ئیدی بەد مەست بـووو کەسـی بـۆ جـوێ نەدەکرایـەوە! ئەمجا جەعفەر هەستاو وتی:

وەستا باسم ڕێمان بدە ئێمە دەڕۆین. ئەویش وتی:

بڕۆن پشتتان (با) بێتو پێشتان شیوو کەندەڵان با جارێکی دی نەتان بینمەوە! چونکە رووناکی لە روتانـدا نـابینم! ئـەوانیش دەسـتیان کـرد بـە پێکـەنینو چـوونە دەرەوەو دەروازەکەیان بۆ داخستەوە ئیدی چوونەوە بەر کۆشکی هارونە رەشیدو لە دەرگای پشتەوە چوونە ژوورەوە هاروونـە رەشـید راکـشاو بـە دەم پێکەنینـەوە نووسـت. بـەیانی هەسـتاو نوێژەکەی کرد دواتر سوار بوو بەرەو سەرای حوکمڕان. یەکەم کاری ئەوە بـوو نـاردی بـە دوای ئەبو جەعفەر دا کەهات وتی:

برۆ والی بەغدام بـۆ بێنـە کە هات فـەرمانی پێدا جاربـدات بـە نـاو بەغـداد دا "هـەر کەسێك تاکو (٣) رۆژی دی گەرماوەکەی بکاتەوەو کار بکات بەسەر دەرگای گەرماوەکەیدا بە پـەتێ هەڵدەواسـرێت ئەوانـەش بـڕوا ناکـەن تـاقی بکـەنوە". بـۆ رۆژی دواتـر هـەموو گەرماوەکانی شاری بەغداد داخران! لە پێشیانەوە گەرماوی هاروونە رەشید! ئەمجا گەرماوی خاتوو زوبەیـدە. دواتـر گـەرماوی جەعفـەر. ئـەو رۆژە هـەر هـەموو گـەرماوەکان داخرانـۆ خەڵکی هاواریان لێ هەستا! دەیان وت:

"دوێنـێ ئاسـنگەڕانی داخـست. ئـەمڕۆ گـەرماوەکان. کـێ دەڵێـت دوای چـەند رۆژێـك قەیسری‌و ئوتێلەکان (خانەکان) داناخات!!؟ "لاحول ولاقوە الا بالله العلی العظیم". خـاوەنی ئەو گەرماوەی باسم ناتری بوو. بەیانی زوو دەروازەکەی داخستو بە پەژارەوە لـە بەریـدا راوەستا. ئەمجا کارگێڕانی گەرماوەکە لە خالد کۆ بوونەوەو پێیان وت:

قوڕمساغ تاکو تۆ ئەو باسمە نەگبەتەت نە هێنابوو ئێمە زۆر باش بووین! بەڵام کە ئەو باسـمـەت هێنـاو کـردت بـەناتر لـەم گـەرماوە دا قـوڕت دا بـە گەرماوەکـەمانو هـەموو گەرماوەکانی شاردا! کە باسم هات ژمارە چواری دروست دەکرد هێندە مەست بـوو. هەنـدێ لفکەو بەردە زبرەی پێ بوو. لە دڵی خۆیدا دەیوت:دەبێت بە ناتری بمرم هێندەم حـەز لـەم ئیشەیە! وردە وردە هاتـە پێـشەوە بـێ ئـەوەی ئاگـای لـە هـیچ بێـت! کـە هاتـە پێشەوەو کارگێڕانی گەرماوەکەی بینی هەموو لە بەردەرگا وەستاون! دەرگا کـە ناکرێتـەوە تـاکو هـەر ئیستا لە گرێژەنەی ببەم! وەستاکە دەستی کرد بە پێکەنین. ئەمجا لە باسمی پرسی:

دەتەوێت گەرماوەکە بکەیتەوە!؟ باسم وتی:

بێگومان! وەستاو وتی:

بۆیە بۆنی کەسێکی خنکاوی بەپەتەوە دەکەم! بەسـەر دەرگـای ئـەم گـەرماوەوە! باسـم وتی:

ئەوە دەڵێی چی؟ وەستاکە وتی:

ئەی نەت زانیوە؟ ئەمیش وتی:

چ باسه!؟ ئەمڕۆ هارونە رەشید جارچی ناردووەتە بازاڕ و هاواری کردووە تاکو (٣) رۆژی تر هەرکەسێك گەرماوەکەی بکاتەوە بەسەر دەرگای دەروازەکەیدا بە پەتێك هەڵدەواسرێت! . باسم کە ئەمەی بیست پرسی:

"ئەوە دەڵێی چی؟ " وەستاش وتی:

پێو قەدەمی نەگبەتی تۆ بوو! تکایە یەخەمان بەردەو بڕۆ بەڕێی خۆتەوە. (٣٠) ساڵ دەبێت ئێمە فەرمانی شاهانەی لەم شێوەیەمان نەبیستووە! ئەو رۆژە نەبێ کە ئێوە بە ناخێری گیانتان هاتنە ئێرە! "لاحول ولاقوه الا بالله العلی العظیم"

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٢٦

شەهرەزادوتی:

ئەی شا شەهریار پاشای بەختیار باسمی ئاسنگەر پێداویستیەیکانی "ناتر"ییەکەی دایە دەست خالدو پاشەوپاش گەڕایە دواوە. هاواری کرد:

"ئاخ خۆزگە دەستم دەگەیشت بە (٣) میوانەکە دا! داخی خۆم پێ بڕشتنایە! بەوخوا ئەوان نەبێت کەسی دی دوژمنم نیە! ئەگەر بەردستم دەکەون بەم نیوەڕۆیە ئەستێرەیان لە ئاسمان پیشان دەدەم. بە دوای گەڕان بە ناو شار دا گەڕایەوە بۆ باڵەخانەکەی و بە برسێتی لێی دانیشت. ئەمجا لە بەر خۆیەوە وتی:

"ئای کە دەستەوسانم نازانم چی بکەم!؟ ئاسنگەرییە کە کۆتا بوو! گەرماوەکانیش بە قوڕگیراو کلۆم درا! بۆ هەر شوێنێك دەچم بۆ کارکردن جنێوم پێ دەدەن دەترسم:

برسێتی رسوام بکات! ئیدی ماوەیەك ئاخی هەڵدەکێشا! ماوەیکی دی پەشیمان دەبووەوە! ماوەیەکیش بیری لە (٣) میوانەکەی دەکردەوە! بەری دەستی خۆی دەکرۆشت لە رقی ئەواندا! ئەمجا بێدەنگ پێڵاوەکانی کردە پێی و دەستی کرد بە گەڕان بە خانەکان دا بۆ (٣) میوانەکەی شەو. تاکو پاش نیوەڕۆ ئەمە کاری بوو. بەڵام نەی دۆزینەوە. لە دڵی خۆیدا وتی:

خوا ئەو خوایەیە کە بەدەستی بەتاڵ ئێوارە دەگەڕێمەوە ماڵ! گەڕایەوە ماڵو جاجمێکی لوول کردۆ بردی بۆ بازاڕ بیفرۆشێتو عەرەقەکەی شەوی مسۆگەر بکات! ئەمجا وتی:

باشە بۆ نەچم لەو مزگەوتە دەستنوێژ هەڵبگرمو نوێژێك بکەم بەڵکو نەگبەتی بەرم بدات!؟ یان هەر هیچ نەبێت بگەڕێمەوە سەر پیشە کۆنەکەی خۆم! هاتەوە خوارەوەو خۆی

کرد به مزگەتدا دەستنوێژی گرتو توێژێکی کرد. کە لێ بووەوە کەمێك لەدەرگای مزگەوتدا وەستا. لە خۆی پرسی:
ئەم (جاجمە) ببەم بۆ کوێ بیفرۆشم؟ لەو بیرکردنەوەیدا بوو. کە ژنێ بە بەردەم دەروازەی مزگەوت دا ڕۆیشت باسمی بینی کە لەگەڵتو چوارشانەوقوز بوو. ئەو جاجمە جوانەی بەسەرەوە بوو پێی وابوو نێرراوی شەرعییەو نوێنەری قازی بۆیە پێی وت:
"گەورەم تۆ نێراوی شەرعیتیان نوێنەری قازی؟ . ئەویش کە سەرنجی سەتاسەری ژنەی دا وتی:
"گەر بتەوێت نێرراوی موتەسەریفم یان ڕێ پێدراوی لەلایەن قازە قازییەکانەوە! گەر بتەوێ خۆم دادوەرم. فەرمان دەدەم مارە دەبڕم گوێ دەگرم! لە ژنو مێردا تەلاق دەدەم! حەزت لە چییە ئەوە دەبم بۆت! بلێ: چیت دەوێتا؟ . ژنەکە وتی:
"حاجی گیان ئەوانەی وتت زۆر گەورەن! بەڵام من حەقم هەیە بەسەر دوژمەکەمەوە! ئەویش وتی:
پێم بلێ تاکو سکاڵاکەت بگەیەنمە لای ئەوانەی یاسایان بە دەستە. هەر بەناحەقیش سکاڵاکە بۆت ڕەوا دەکەمو دەی سەندم! خۆت دەزانیت دادوەری لێرە لای ئێمە بە بەرامەو چەور کردنە! هەرکەس چەور نەکات کێشەکەی دۆڕاوە. ژنەکە وتی:
حاجی گیان سکاڵای من لە مێردەکەمە چونکە (٥) ساڵی ڕەبەقە پۆشتەی نەکردوومەتوە! فەرمانی بۆ دەرکراوە (٥) دینارم پێ بدا پیاوێکی هێندە باش نیە (٥) دینارەکەم بداتێ! . باسم لێی پرسی:
مێردەکەت چکارەیە؟ ژنە وتی:
پینە چی یە. باسم وتی:
چەرم سازە! پێشم بکەوە هەر ئێستا نێوچاوانی دەشکێنم! ژنە وتی:
حاجی سکاڵای لە سەر بنوسینو بیدەینە دادگا باشترە! باسم وتی:
ژنەکە قازی ڕێی داوم هەرچۆنێك بڕیار بدەم دەیدەم ئەمجا دەستی گرتولە مزگەوتەکە دوورکەوتەوە. ئەمجا وتی:
"سەیرم بکە بزانە چیت بۆ دەکەم مەرجە کارێکی پێ بکەم هەر زوو لە زیندان توونی بکەن. ژنەش زۆر دڵی بە قسەکانی خۆش بوو (٢) درهەمی دایە باسم وەری گرتو خستی بە گیرفانیو لە دڵی خۆیدا وتی:
من باسم، باسم ڕۆزیم لای خوایەو کەس ناتوانێت بیبڕێتا ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە نزیك شوێنکاری مێردەکەی چەفتەو عەگالەکەی ڕێك خستەوەو دەستێکی بە خۆیدا هێنا لێی چووە پێشەوە سەیری کرد پیاوێکی زەرد هەڵگەڕاوی لاوازە! ژنە چاوی لە باسم داگرت

که ئەوە خۆیەتی باسمیش هەر باوەشی پێدا کردو بە خۆیوەدەزگاو چەکوشەکەیەو بڵندی کردەوە! کابرای داماو هەر زیرەی کرد. هاواری کرد:

"حاجی ئەوە چیە!؟ ". باسم وتی:

ئەرکی سەر شانتە گوێ لە مستی شەرع بیت. مێردە وتی:

حاجی گیان تۆ دامگرەوە سەر زەوی با پێڵاوەکانم لە پێ بکەم بۆ کوێ دەڵێیت لە گەڵ دێم. بەچاوان. بەڵام تۆ بمخەیتە بن دەستت نایەم. باسم بە قسەی کردودانیایەوە سەر زەوی. هەرچی خەڵکی قەیسەرییەکە بوو لێیان کۆ بوونەو. پینەچی وتی:

کوا ئەوەی سکالای لێم کردووە؟ باسم وتی:

سکالا کار لە دەستت.

ژنەکەی خۆتە منیش نوێنەری ئەوم. ئەمجا ویستی پێی بڵێت (٥) دیناری لای تۆیە بەڵام لێی تێك چوو وتی (٥٠) دیناری لای تۆیە بۆ بە خێو کردنیو (نەفەقەیە)و لە بری ئەوەی بڵێت (٥) ساڵە خەرجیت نەداوەتێ و بەخێوت نەکرووە وتی (٥٠) ساڵە بە خێوت نە کردووە! پینەچی هاواری لێ هەستا " موسڵمانینە من (٥) ساڵە ئەو ژنەم مارەکردووە ئاخر چۆن دەبێت پارەی (نەفەقە)ی (٥٠) ساڵی بدەمێ!!؟ گوێ بگرن خۆم تەمەنم (٤٠) ساڵە ئەی هاوار!! . باسم وتی:

من ئەمانە نازانم!! خۆت و سکاڵا کار لە دەستت دەبەمە بەر دەستی (حاکم). ئەمجا یەخەی پینەچی گرتو هەر بەراکێشان لە قەیسەری هێنایە دەرەوە. ژنەش پێشیان کەوتبوو. لە نیوەی ڕێ کە هێندەی نەمابوو بگەنەوە بەر مزگەوتەکە. پینەچی بە باسمی وت:

براکەم ئەم دوو وشەیم لێ ببیستە! باسم وتی:

(١٠) وشەیش بڵێیت گوێت لێ دەگرم پینە چی وتی:

گوناح گوناحی منە من هەڵەم بەرامبەری کردووە. دوێنێ میوانی هاوارێکانم بووم شەو زۆرمان خواردەوە من بەدمەست بووم هەر لەوێ نووستم نەگەڕامەوە بۆ ماڵ هەر لەبەر ئەوەیە لێم تووڕە بووە! ئەگەر ڕێم بدەی ئەمشەو بچمەوە بۆ ماڵ و لەوێ بنووم لێم رازی دەبێت! جا تۆیش قسەیەکی خێری تیابکە. باسم وتی:

بڵێم چیو چی بۆ تۆ بکەم؟ پینەچی وتی:

کاکە گیان یەك قاپ عەرەقت دەدەمێ من ئازاد بکە! تا ئێوارە کاری خۆم دەکەم شەو دەچمەوە ماڵەوە ئاشتی دەکەمەوەو (الا الله) و برایەوە. چونکە لە داخی دوێنێ سکاڵای نوسیوە! دەترسم بمباتە بەردەم قازی قازی بەندم بکات! پیاوی چاك بە بەزەییت پێمدا بێتەوە ئازادم بکە. باسم وتی:

دەی گرنگ نیە رازیم بکە. پینەچی دەستی باسمی ئاسنگەری ماچ کردو (٣) درهەمی خستە دەستییەوە. باسم دەمی داپچڕی لە خۆشیداو وتی:

"من باسمم باسمم!! رۆزیی من لای خوایە!! ". ئەمجا باسم کردنی بە ئاپوورەی ناو بازاڕەکەدا پینەچی ئازاد کردو خۆی ون کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٢٧

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا باسم شاڵەکەی سەرشانی دادایەوە پشتوێنەکەی پشتی شل کردەوەو شەڕی لەبیر خۆی بردەوەو چووە شوێنێك‌و دوور بە دوور چاودێری بەردەرگای مزگەوتی دەکرد. لەولایشەوە ژنە دڵخۆش بوو بەوەی کە تۆڵەی خۆی دەکاتەوە. ژنە کە ئاوڕی دایەوە نە باسمی بینی نە مێردەکە! کەوتە لە خۆدان‌و چاوگێڕان سەیری کرد باسم بێ خەم لێی دانیشتووە! بە پەلە چوو بۆلای‌و پێی وت:

"ئەرێ کوا ئەوەی سکاڵام لە دەستی کردووە؟ ". باسم وتی:

دوژمنی تۆی چی!؟ ژنەکە وتی:

مێردەکەم. باسم وتی:

نەخۆت و نەمێردت دەناسم! برۆ ون بە لەبەرچاوم. ژنەکە دەستی کرد بە قیژە قیژو وتی:

"درۆدەکەیت پیرەژنە نەگبەت! ئەوەتەی من هەم ئاسنگەر بووم! ". ئیدی کەوتنە ناو ئاپوورەی خەڵکەکەوە. پرسیان:

چی روویداوە؟ ژنەکە وتی:

"خەڵکینە ئەمە نێرراوە دەزگای شەریعەتە هاتووە مێردەکەمی گرتووە منیش (٢) درهەمم پێداوە کەچی تانیوەی رێگا گرتویەتی‌و هێناویەتی بیبات بیداتە دەست دەزگاوە دواترمێردەکەم بەرتیلی پێداوە ئەم جوان پوختە ئازادی کردووە! منیش ئەوە تا پشتم بە خواو بە ئێوە بەستووە! ". ئەمجا ژنە دەستی بەگریان کرد. خەڵکەکەش هەندێکیان (باسم)یان ناسییەو! بۆیە روویان کردە ژنەکەو وتیان:

داماو ئەم پیاوە ئاسنگەرە! لە دەزگای شەریعەت دانەمەزراوە! ئەمجا باسم وتی:

"خەلكینە پیرەژنی ئاوا نەگبەتم نەدیوە! وەكو لەزگە پێم دا نوساوەو دەلێت تۆ نوێنەری دەولەتیت! ئەمجا خەلكە كە كەوتنە لۆمە كردنی ژنەكەو هەندێ جنێویشیان پێدا. وتیان:

تۆ بە هەلە بەم پیاوەدا ئالاویت!! . هەندێ یان وتیان:

تێكچووە! ژنەكەش بە گریانەوە. بەرەو مال بووەوە. لەم لایشەوە باسم (٥) درهەمەكەی خۆی پەیداكرد. لە دلی خۆیدا وتی:

مەرجە ئیدی ببمە نیرراوی دەزگای شەریعەت. خۆ هەرچەند وشەیەك دەلێم و (٢) درهەم وەردەگرم! جا ئەگەر شایەتیەكی درۆ بدەم (٢٠) درهەمم دەدەنێ! ئەمجا بەپێكەنینەوە، بەرەو بالەخانەكەی بووەوە. هەرگەیشتەوە مال دەستی دایە سوراحی یە مراوی یەكەی‌و عەرەقەكەی تێیدا ئامادە كرد. لە بازاڕ گۆشتەكەی كڕی‌و بردی جگەرخانەو بۆیان برژاند. مۆم‌و شیرینی‌و پێداویستی یەكانی كڕی. رۆژئاوا هەموو شتەكانی ئامادە كرد. چووەوە بەرپەنجەرەكەو سوپاسی خوای كرد كە ئەمشەویش وەكو شەوانی دی خۆی مەست دەكات. مراویە پڕ عەرەقەكەی لای راستی خۆیەوە داناو دەستی كرد بە خواردنی گۆشتە برژاوەكەی‌و شیرینی خواردن. كە تێر بوو. دەستی دایە پێكەعەرەقەكەی هەلێدا ئەمجا ئەم گۆرانیەی وت:

| | |
|---|---|
| لەزەویدا میوەو ریحانە زۆرە | زەوی داخەو هالاوەكەی تەنوورە |
| لە پێییزدا كە دار خورمای گرتووە | زەوی پاراو هەوای ساردو نەگۆڕە |
| كە زستان دێت هەورانی ئیقلیم گیرە | دنیا تەمەو بەفروباران بە نۆرە |
| بەلام بەهار پاشای دەورو زەمانە | دنیا سەوزو ڕەزوباخی بەرخۆرە |
| هەركەس بەرامەی بەهار هەلمژێ | ئەمسكی مسكەو كافوور كافوورە! |

لەولایشەوە خەلیفە هارونە ڕەشید- فەرمانی شاهانەی خۆی دەركردبوو. كە شەوداهات لەجەعفەری پرسی:

"ئاخۆ حالی باسمی ئاسنگەر چۆن بێت؟ ڕەنگە ژووری تاریك‌و چرای كوژاوە بێت! شیرینی نەمابێت‌و وەكو سەگ بومرێت؟ بابچین بۆ لای" جەعفەر وتی:

گەورەم دووجار چوینە مالی‌و هەرخوا بەزەیی پێماندا هاتەوەو بەسەلامەت هاتینە دەرەوە. پیاوی چاك بە بانەچین، ئاخر ئەوپیاوە پالەوانەو بازۆلە ئەستوور! خەلیفە وتی:

هەرئەبێت ئەمشەو بچین بۆ لای! جەعفەر وتی:

"هەموو جارێك گۆزە بەساغی ناگەڕێتەوە لە كانی". هارونەرەشید وتی:

"ئاخر با بە زۆر نەتبەم لەگەل خۆم! " ئەمجا جەعفەر چاری نەماو هەستاوچوو مەسروری هێناو خۆیان گۆڕی‌و لە دەرگای پیشتەوە. چوونە دەرەوە.

# شەوی٧٢٨

شەهرەزاد وتی:

کەوتنە رێ تاکو گەیشتنەوە. سەرکۆلانەکە. هارونەرەشید سەیرێکی سەرخانەکەی کرد پەنجەرە رووناکە ژوور چراخانەو باسم پێکەکەی بە دەستەوەیە! ئەم گۆرانیە دەلێت بۆم تێکەن یاران: دەبا پەست نەبم       بێ سوودە عەرەق گەر پێی مەست نەبم

دەلێن خەیاڵ هاتژیری باردەکات       مەرجە تۆبەکەم بەمەی رست نەبم!

خەلیفە سەری سورما! وتی:

جەعفەر بەوخوایە لە هیچی کەم نیە! مێزی رازاوەیە! ئەبوجەعفەری بەرمەکی لە دەروازەی دا باسمی ئاسنگەر پرسی:

کێ یە!؟ جەعفەر وتی:

میوانەکانی جارانتە! باسم وتی:

بەخێرنەیەن! هەستایە سەرپێ و پێی وتن:

"بەوخوایە نەرۆن و دوورنەکەونەوە لێم ئەمشەوتان دەکەم بە ناخۆشترین شەوی ژیانتان! " جەعفەر وتی:

کاکە باسم دێین کەمێ گفتوگۆ دەکەین و زوو جێت دەهێلین. باسم سەری پەنجەرەی ژووری سەرخانەکەوە دەرهێناو هاواری کرد:

"ها ها:

من کەسانێك لە خۆم ناگرم پێ وقەدەمی نەگبەتی بێت. بۆ هەموو ئاسنگەرەکان و هەموو گەرماوەکان. هەرگیز خێرم لە نێوچاوانی ئێوە نەدیوە! ". جەعفەر وتی:

"ها خێرە ئەمرۆ چی رووی دابوو؟ ئێمە کاسبی خۆمان کردوە. باسم وتی:

" ئەمرۆ شتێك رووی داوە کە ئێوەلێی بێئاگا بوون" ئەوانیش وتیان:

"تووخوا پێمان بلێ" باسم وتی:

کەوابوو وەرن با بۆتان بگێرمەوە! بەلام توخوا هیچم بۆ مەهێنن! نوقلانەی شتی خراپیش لێ مەدەن! زۆریش مەلێن! " دەروازەی بۆ کردنەوەو بردنیە سەرخانەکەو ئەوانیش وەکو جارانلێی دانیشتن. سەیری خواردنەکانیان کرد سەریان سورما. لە دلی خۆیاندا وتیان:

" پەنا بەخوا چۆن خوا گیان رۆزیی ئەم مەی خۆرە دەداو رۆزیی نابڕێت!!؟ . ئەمجا باسم وتی:

"توخوا نازانن ئەمڕۆ چیم بەسەر هاتووە؟ ئەو هارونەرشیدە خوێن ساردە چی پێ کردووم؟ ئەوانیش بە پێکەنینەوە پرسیان" چی پێ کردویت؟ " وتی:

"ئەو کالفامە فەرمانێکی شاهانەی دەرکردو جارچی جاریدا بەناو شاری بەغدادا کە تاکو (٣) رۆژ دەبێت هەموو گەرماوەکان لە کاربکەونو دابخرێن! ئەوە بوو دوێنێ پێم وتن: کە بووم بە "ناتر" و لە گەرماودا پشتی خەڵك دەشۆم. کاکە کارگێرانی گەرماوەکە تاوان باریان کردم: کە گوایە پێوقەدەمم شووم و نەگبەتی یە! ئەو رۆژە کارێکم بەسەرهات کە بەسەر کەس نەهاتبوو سەرم لێ تێك چوو نەمدەزانی چی بکەم!؟ چۆن خەرجی ئەو رۆژەم پەیدا بکەم!؟ هارونە رەشید وتی:

خۆزگە دەچوویتە گەرماوەکەی هارونەڕشید. باسم وتی:

ها ها جا تۆ تێناگەیت کوڕە براکەم یەکەم گەرماو کە داخراو لە کاریان خست گەرماوەکەی خەلیفە بوو. ئەمجا خەلیفە وتی:

ئەی دە بچوویتایە گەرماوەکەی "خاتوو زوبەیدە". ئەویش وتی:

ئەویش داخرا بووا! ئەو رۆژە شووم بوو شووم! ئەمجا وتی:

میوانە بەڕێزەکان بەڵام خوا رۆزیی منی هەر نەبڕیو (٥) دەرهەمەکەم پەیتدا کرد. بەبێ کەم کەم وزیاد! منیش هەروەکو رۆژانی پێشوو بە کوێرایی چاوی ناحەزانمەوە بە کوێرایی چاوی هارونە رەشیدو ئەوانەی لە کۆشکەکەیدان شتەکانی خۆم کڕیو ئەوەتا دەی بینن. ئەمجا پیاڵەی پڕ کردەوەو دایە بەر تیشکی مۆمەکەی بەردەمیو وتی:

دەست بۆ هیچ مەبەن خواردنو خواردنەوەکە هەر بەشی خۆم دەکات! مەسرور وتی دەك لە برسدا بمریت! رەزیل. بەو خوایە لە ژیانمدا رەزیلی وەکو تۆم نەدیوە! کە باسم ئەمەی بیست وتی:

ئەوە بۆچی وا دەڵێیت!؟ ئەی کوا دەستو دیارییەکەی ئێوە!؟ خوا خێرتان بۆ نەنووسێت! ئەگەر شتێکتان بهێنایە ئێستا دەم خستە بەردەستان. دەڵێی دەریای خوێیاوکن سوودی قومێ ئاوتان نیە! خۆیشیان بە بازرگان دادەنێن کەچی رەزیلترین کەسن. هێندەش شت نادەن کە بچێتە کلۆری دانەوە. ئەم شاعیرە چاکی وتوو کە دەڵێت خێلێکن هێندە دەستیان نووقاوە

تا سێبەریشیان بە کەس نەداوە!

تونێشوویان لە بن هەوران داناوە

کۆنە مزگەوتیان لە بێژنگ داوە

هارونە رەشید هێندە پێکەنی لە سەر گازی پشت کەوت. ئەمجا وتی:

جەعفەر دەزانی ئەم پیاوە راست دەکات لەوەیدا کە دەڵێت (٣) شەوی رەبەقە بە دەستی خاڵی دێنە سەردانم کەوابو پەیمانی بدەرێ کە سبەی شەو هاتینەوە خواردن دێنین لەگەڵ خۆمان. ئەمجا جەعفەر وتی:

بێخەم بە وەستا باسم سبەی شەو نەمەکمان دەکەیت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٢٩

باسم بڕوای نەکردو وتی:

بەخوا هەر ئەم شاعیرە دەرحەق بە ئێوە راستی وتووە قاپت سەر مۆرەو نانت شارراو

پاروت نێوانی "دووستار" ناوە

هاواریت تینووەو میوانت برسی! سەگت بە نووزەو "دەر" داخراوە

هێندەی دی خەلیفە پێکەنی. باسمیش لەولاوە پیاڵەکەی پڕ کردەوەو (٣) جاران خولاندی یەوە بە دەوەری مۆمە داگیرساوەکەدا. ئەمجا هەڵی داو ئەم گۆرانیەی چری:

زرەی پیاڵەی (پێك) خورەی شەرابە لێت دەشێوێنێ- دەڵێ گومڕابە

مەی بەبێ پیاڵە پیاڵەکەش بێ مەی نامێنێ فەرقی چاکەو خراپە!

هەندێکی دی هەڵداو نوقڵێکی خستە دەمی یەوە. ئەمجا ماوەیەك هەر دەیخواردەوە ماوەیەکی تر هەرگۆرانی دەوەت. شەودرەنگ بوو. نەیدەزانی چی بڵێت! خەلیفە هارونە رەشید بەجەعفەری وت:

خەریکە سەرودەستی ون دەکات هێندە مەستە بی دوێنە بزانین ئەمڕۆ ئەم پارەیەی چۆن پەیدا کردووە؟ جەعفەر رووی کردە باسمو وتی:

خاڵە باسم- ئەویش وتی:

ها ورچە کۆن! جەعفەر بزەیەك گرتیو وتی:

حەزدەکەم پرسیارێکت لێ بکەم بەڵام بەو خوایە مەبەستم خراپ نیەو لەگەڵ خۆشی تۆدا ئێمە دڵخۆشینو خوانەکەران گەر خەفەتباریش بیت ئێمەش خەمت بۆ دەخۆین- باسم پرسی:

"دەتەوێت چی بپرسیت!؟" ئەویش وتی:

"بەسەرهاتی ئەمڕۆت دوای ئەوەی گەرماوەکانی شار داخران!؟" ئەویش وتی:

بەمەرجێك هیچم پێ نەڵێن.

جەعفەریش وتی:

نە غە عسبەینێ ئێمە سەفەردەکەین. باسم وتی:

"هەرکە گەرماوەکان داخران بەخەمو پەژارەیەکی زۆرەوەو هاتمەوە بۆ ئەم سەرخانەی خۆم پوولوپارەم پێ نەبوو. زۆریشم برسی بوو. ئیدی چی بەسەرهاتبوو بۆی گێڕانەوە هاتمەوە بازاڕ و مالیشم ئاوەدان بووە خەمیشم رەویەوە! توخوا هارونەرەشید دەتوانیت دەستودایرەی مەحکەمە سەرخۆش بکات. کارێکی پێ بکات خەلکی بەرد بارانی بکەن!؟ ئەمە چیرۆکەکەم بوو جا خوا یاربێت دەبێت تادەمرم نێرراوی مەحکەمە دەبم خێری تیایەو حەزم لەو کارەیە! دیسان پیالەکەی پڕ کردەوەو دایە بەر تیشکی مۆمەکەی بەردەمیو هەلیدا پیالەکەی دانایەوەو ئەم گۆرانییەی وت:

| | |
|---|---|
| ئەی ئەگبەتی ئیدی بەستە | بۆهێندە منت مەبەستە!؟ |
| واهاتم رۆژیم پەیدا کەم | وتیان نەبوونیت ئەنقەستە! |
| کالڤامان شادو بەختەوەر | زاناشلە ژینی خۆی پەستە. |
| چووم ماندوبم بۆ بژێویم | دەروانم پارە لە دەستە! |

ئەمجا پێکە ئامادەکەی دووجاران بلند کردو خستی یە سەرلێوانیو وتی:

بەڕیشی خەلیفە هارونەرەشید! خەلیفەش لە سەرخۆ وتی:

"زۆرباشە گەواد" مەرجە بەیانی کارێکت پێ بکەم نەوە دوای نەوە بیگێڕێنەوە! شەودرەنگ بوو. هەستانو پێ یان وت:

لای تۆمان خۆش. ئەویش وتی:

برۆن بۆ دۆزەخ. ئەوانیش بە دەم پێکەنینەوە، چوونە دەرەوە. ئیدی بەرەو کۆشک بوونەوەو لە دەروازەی نهێنی یەوە چوونە ژوور. هەریەکەو لە شوێنی خۆیلێی نووستن. کە خۆروبان گەرم بوو. هارونە رەشید چووە دیوە خانی حوکمران میرانو وەزیرانو سەرکردەو والیان چونە لای بۆ دیوەخان. ئەبوجەعفەریش لە دەروازەی پشتەوە کە رێی نهێنی خەلیفەیە- هاتە ژوورەوەو. کڕنوشی بۆ خەلیفە برد. خەلیفە بانگی لە جەعفەر کرد. جەعفەر کڕنووشی بردو وتی:

لە پەزیراییتدام. خەلیفە وتی:

با والی فەرمانی شاهانە دەربکاتو هەرچی کارگێڕانی دەزگای (داد)و (قازی) یان هەیە سەر لە نوێ سەر ژمێری بکرێن، . هەموو کۆنەکان مووچەیان زیادبکرێت تازەکان بەند بکرێنو مووچەکانیان ببڕن- بەتایبەتی ئەوانە "نێرراویشەرع"ن. تازەکانیان فەلاقە بکرێن. تاکو نەوێرن هەلە بکەن، ئەبو جەعفەر فەرمانی دەرکردو (قازی)یان لێ ئاگادار کردەوە- لەو لایشەوە باسمی ئاسنگەر. کە میوانەکانی جێ یان هێشتلێی نووست تاکو خۆروبان

کەوت. ئەمجا دەموچاوی شتو نانی بەیانی خواردو خۆی گۆڕیو مل پێچی دا بەلای چەپی شانیداو سەری داهێناو دەستی بە سمێڵەکانیدا هێناو لە خوا پارایەوە "خوایە هەر بە نێرراوی دەزگای شەریعەت بم مرێنیت! " ئەمجا چووە خوارەوەو دەروازەی دەرەوەی داخستو خۆی گەیاندە دادگای شەریعەت. تێکەڵی خەڵکەکە بوو. لەولایشەوە کە فەرمانی شاهانە گەیشتە دەست. ماچی کردو خستی یە سەرسەریو ئەمجا هەموو نێراوە شەرعی یەکانی کۆکردەوە. کە هۆڵەکە بێدەنگ بوو هاواری کرد:

"بچن شووڵ تووڵ قامچی قایش"م بۆ بێنن! "

باسم بە سەر سورمانێکەوە وتی:

خوایە بە خێری بگێڕیت ئەمانە چیان دەوێت!! ئەمجا قازی یەکەم نێرراوی شەریعەتی بانگ کردولێکی پرسی:

ناوی خۆتو باوکو باپیرەت بڵێ. مووچەکەت چەندە؟ نێرراوی شەریعەتەکە لەوڵامدا وتی:

ناوم ماجدە باوکم سالە باپیرەم نافع مانگانەکەم (٣) قروشە! هەمووساڵێك (١) (جووخە) سەرمووچەمە! بەشایەتی فلانو فیسارکەس. سەرمووچەیەکی درایەو نێررایە ئەو لاوە. باسم لە خۆی پرسی:

ئەم سەرژمێریە چی بوو، لەم رۆدا؟ لاحول ولاقوە الا باللە العلی العظیم! .

ئاخۆ من چیم بەسەر بێت!؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٣٠

شەهرەزاد وتی:

ئەی شاشەهرەیار خاوەنی بڕیار هەروا یەکە یەکە نێرراوە شەریعەتی یەکان دەچوونە پێشو خۆیان دەناساند. کۆنەکان سەرمووچەی دەدرایە نوێیەکان جیا دەکرانەوە هەر لەوێدا فەلاقە دەکرانو(٢٠٠) شوڵیان لێ دەدان!! ئەمجا بەرەو دوا دەخرانە سەر پشتی کەرێكو بە شاردا دەیان گێڕان تاکو هاوڵاتیان بیان ناسنەوە! هەرنێرراو بوو دەچووە بەردەم قازیو حوکمی خۆی وەردەگرت. تاکو تەنیا باسم مایەوە! لە دڵی خۆیدا پەنای بۆ کەسێك برد کە نزای کەس هەروا ناگێڕێتەوە دواوە وتی:

ئەی چاکەکاری پەنادەر ئەمە چی بوو منی تێ کەوتم!!؟ خۆ من دوێنێ بوومە نێرراوی شەریعەت! لەم سێودووەی دڵی خۆیدا بوو پەلکێشیان کردە بەردەم قازی ئەمجا لێی پرسی:

ناوت؟ وتی:

باسم! ناوی باوکت!؟ وتی:

باوکم نیە! قازی وتی:

ئەم بیستووە منالٚ باوکی نەبێت!! باسم وتی:

گەورەم دابڕاوان بێ ماڵە باوان! قازی هێندە پێکەنی خەریك بوو بە پشتدا بکەوێت! ئەمجا پێی وت:

بە خوا فێڵاوی دیاریت!! ئەمجا پرسی:

باشە ئەی لە کەیەوە لێرە کاردەکەیت؟ باسم وتی:

لە پاش نیوەڕۆی (دوێنێ)وە! قازی وتی:

"سەگە پیس ئەوە دەڵێیت چی؟ من زۆر دەمێکە لە دووی تۆ دەگەڕێم! ". ئەمجا رووی کردە خەڵکەکەی دەوروبەری وتی:

" گوێ لەم گەوادە بگرن! " ئەمجا هەرچی یەکی وت بۆیان تۆمار کرد. وتیان:

"بەوخوایە گەورەم، ناحەزان خۆیان بە هەموو شوێنێکدا دەکەن بە دزی یەوە!! بەڵام عەقڵمان نەی دەبڕی خۆیان بە ناو مەحکەمەو شەریعەتی ئیسلامدا بکەن!! سەیرکەن جوتیاران جوتەکەیان جێ هێشتووەو بوون بە نێرراوی شەریعەت! کوتاڵ فرۆشەکان هاتوونەتە ناومان! بەوخوایە خەلیفە چاك پێکاوێتی! کە ئەم فەرمانەی دەرکردووە خوا بۆمان بهێڵێت. بەو خوایە لێرە بە دواوە هەرکەسێك باوکیشی نێرراوی شەریعەت نەبێت خۆی لێرە دانامەزرێنین!! تاکو نێرراوی شەریعەتێك دەربچێت شارەزای شەرعوحوکم بێت! نابێت کاڵفامان جێیان لە نێوماندا بێتەوە! . قازی بە باسمی وت:

چونکە تۆ (٢) رۆژە خۆت لێرە دامەزراندوە دەبێت دووجار فەلاقە بکرێیتو دووجاریش حەسیربەمەیدانت پێ بکرێت. ئەمجا رووی کردە سزادەرەکەو وتی:

ئەمە بە تووڵی گەڵا خوورمای تەڕلێی بدەن. خوا رووڕەشی بکات. ئەمجا پەلاماریان دا داری فەلاقەیان لە هەردوو پێ یان بە ستو کەوتنە شووڵ کێشان بە بنی پێی دا ! باسم بوورایەوە و مەستی بەریدا وسیەتیان پێ مۆرکرد کە ئیتر ببڕای ببڕ نێرراویی شەریعەت ناکات ئیدی خەڵکەکە بۆی پاڕانەوە کە بەزەییان پێدا بێتەوە. ئەوانیش کۆڵیان لێدا چاوەڕێیان کرد. کە بە ئاگاهاتەوە پەیمانو وسیەتەکەیان بۆ خوێندەوەو پێیان وت:

"بۆگەن جارێکی دی نابێت بچیتە بەر مزگەوتان و نێرراوی شەریعەتیش ناکەیت! "
ئەویش هیچی بۆ نەوترا! ئەمجا چەند زللەو شەپازلەیان لێداو وتیان:
قسە بۆ قازی بکە دەی. ئەویش سەری بە نازاری بەرز کردەوەو وتی:
"بەوخوایە قوربان تاماوم نێرراویی شەریعەت ناکەم! " ئەمجا لە بەرخۆیەوە بە دەم ڕێگاوە بە لارۆ لارۆ ئەمەی دەوت:

دوژمنت کۆڵ کە وەك ئەو گوێرێژە
یان بەوخەمەوە چاوان برێژە!!

گەیشتەوە سەر خانەکەی بە خەستە کوتراوەوە بە خەم پەژارەوە! هەندێ شتومەکی پێویستی ماڵەکەی کۆکردەوەو دار دەستێکی هەبوو کردی بە پشتوێنەکەی ناوقەدی دا ئەمجا بە خۆی وت:

نە هاوڕێ یەکم هەیە نەخزم.! لەوە دەچێت ڕۆزیم لەم وڵاتە هەڵگیرابێت! بۆیە واچاکە سەری لوتی خۆم ڕەش بکەم و سەری خۆم هەڵبگرم و بڕۆم و ئەم مەملەکەتە بە جێ بێڵم! ئەم شیعرەی لە بەر خۆیەوە وت:

| | |
|---|---|
| هەرکەس هەوڵ نەدا بۆ بژێوی خۆی | گلەیی دەکات لە دۆست و هاوڕێی |
| سەربنێرەوەو دەوڵەمەند ببە | نامۆ بشمریت، ناڵێن کوڕی کێی |
| بەهەموو شتێ ڕازی مەبە، تۆ! | شەوان دڵتەنگ بووی زیندانی ناوجێی |

ئەمجا باسم بە کۆڵانەکەدا ڕۆیشت و چووە بازاڕ مکەو هەرکەس سەرنجی بدایە وای بۆ دەچوو کە گێلە! لە ڕاستی دا دەستی خۆی دەوشی و لە بە خۆیەوە دەیوت ناکرێ خوا ڕۆزیی منی بڕی بێت! لە کاتێکدا وردە وردە دەڕۆیشت بە بازاڕ مکەدا ئاپوورەی خەڵکێکی زۆری بینی دڕی بە خەڵکەکەدا کە چووە بچوکترین بازنەی خەڵکەکە سەرنجی دا دووکەس لە یەکتری دەدەن و هەردوکیان شەلاڵی خوێنن کەسیش ناوێرێت بکەوێتە نێوانیانەوەو ناوبژیان بکات! ! کە باسم هەردوکیانی بە سەرو چاوی خوێناوی یەوە بینی کەس ناوێرێت ناوبژیان بکات ئەمیش. دەستی برد مستووی شمشێرەکەی گرت و بە چواردەوری خۆیدا هەڵی سوران. ئاپوورەی خەڵکەکەی ڕەواندەوە هەموویان ڕایان کرد چونکە پێیان وابوو سەر بە پیاوانی خەلیفەیە! سەرەڕای ئەوەش پیاوێکی بازۆڵە ئەستووری بۆشناخی پاڵەوانی مشتەکۆڵە بوو خێرا دووشەڕکەرەکە بلاوەیان لێ کرد. سەرگەورەی بازاڕ مکە- لە باسم چووە پێش و وتی:

سەرۆکی حەسحەسەکان ئەوە (٥) درهەم و پشت ملی ئەم دووشەڕکەرەم بۆ بگرەو بیان بە بەردەم بەڕێز خەلیفە هارونە ڕەشید. باسم پارەکەی وەرگرت و وتی:
"من باسمم باسم! خوا ڕۆزیم دەدات! "

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٧٣١

شەهرەزاد وتی:

پاشاگیان سەرت نەیەشێنم باسم یەخەی هەردوکیانی گرتو هەردوکیانی دایە پێش خۆی ماوەیەك بردنی بەلام خەڵکەکە لە باسم پاڕانەوە بەریان بدات خۆیان ئاشتیان دەکەنەوە. ئەمجا بەری دانو چووە بازاڕ ەکەو گۆشتوشەرابو (٢) نانەکەو پێداویستیەکانی جارانی هەموو کڕیو بە دەم ڕێوە وتی:

بە خواباش بوو (٥) درهەمە ڕۆزیی یەکەی منی بیرنەچوو خوا گیان! مەرج بێت تاکو دەمرم دەبێت (حەسحەس) بم پاسەوانی ئەو بازاڕ ە بکەم! وردە وردە پێیەم بڵند دەبێت تاکو دەگەمە دیوەخانی خەلیفە هارونە ڕەشید ئەو دەمە هارونەڕەشید (٣٠) پیاوی هەبوو. لە شارەکەدا کە شەقامەکانیان خاوێن دەکردەوەو پاسەوانی دوکانو بازاڕ ەکەش بوو (٣) ڕۆژ جارێك (١٠) پاسەوانیان دەبوو بچنە کۆشكو ڕەزوباخی خەلیفەوەو پەزێرایی بکەن. کە کاریان تەواو دەبوو دوای (٣) ڕۆژی دی (١٠) کەسی دی دەچووە پەزێرایی کۆشك. باسم بەختی یار بوو کۆشکی خەلیفەیشی بینی. کە هەمیشە تاسەی بینینی بوو. باسم سەرنجی دا جلوبەرگی ئەوان تایبەت بوو. بەلام جلوبەرگی خۆی لە هی ئەوان نەدەچوو. ئەوەندە بە وردی سەرنجی گسك دەرەکانی دابوو دەموچاوی یەکە یەکە یانی دەناسی یەوە سەرکاری ئەو (١٠) گسك دەرە هەرسەرنجی باسمی دەدا. دواتر هەر(١٠) گسك دەرەکەی لە چیمەنەکەدا کۆکردەوەو پێی وتن:

کوڕینە پێ دەچێت ئەم کابرایە کە بەدیارمانەوە دەوەستێت لە ماڵی بەڕێوبەری والی کاربکات. بەلام چونکە کارەکەی ئەوێی ئاسانە زوو زوو دێت لای ئێمە دەوەستێت جا منیش خەمی ئەوەمە ئێواران کە دەگەڕێتەوە ماڵی بەڕێوبەرەکەمان هەواڵی ئێمەی بۆ بەرێتەوەو بە خراپ باسمان بکات! دوورنیە ئەویش بە ئێمە بڵێت ئەمانە چەند وەختە لایان دەوەستم نەحسابم بۆ دەکەنو نە ڕێزم دەگرن! منیش لەلای بەڕێوبەری شارەوانی باسیان بە خراپە دەکەم!! ئەمجا سەرکارەکەیان چووە لای چاودێرە سەرەکی یەکەیان ئەویش نامەیەکی بۆ حەلواچی یەکی ناسراو نووسی. کە کارگەی خۆی هەبوو وەستاوکارگێڕی هەبوو داوای لێ کرد کە نامەیەکی بۆ بنوسێت بە (٥٠٠٠) درهەم. بۆ پێداویستی کارگەو (٣٠٠٠) درهەم. ئەو پارانە بێنێت بۆ خەزێنە. ئەمجا سەرکار نامەکەی برد بەو دووژمارەیەوە. بۆ ئەبوجەعفەری بەرمەکی ئەویش مۆری کرد. کە گەڕایەوە باسمی بانگ کردو وتی:

کاکە سەرکاری گسك دەران. باسم وتی:

"لەگەڵ منتە!؟ " ئەویش وتی:

بەڵێ. ئەمجا بە هەڵە داوان چووە بەردەمی‌و وتی:

بەڵێ کاکی کارگوزار. ئەویش وتی:

ئەم نامەیە ببە بۆ وەستا عوسمانی حەڵواچی کە کارگەی دەستکاری هەیە. فەرمانی پێ بدە زوو (٥٠٠٠) درهەم ببات بۆ خەزێنە ئەگەر رێزی لێ گرتیت‌و دەمی شیرین کردی‌و سمێڵی چەور کردی جێ ی بهێڵە بۆ جارێکی دی. لە ناتەواوی ئێمە ببورە ئەگەر کەمتەر خەم بوبین بەرامبەرت. باسمی ئاسنگەر نامەکەی وەرگرت‌و زۆر دڵخۆش بوو. لە دەروازەی کۆشك چووە دەرەوە. پێیی جوان نەبوو. کە بە پیادەی بڕوات. کەرێکی بە کرێ گرت‌و بەسواری چوو. لەمولەوی دەپرسی:

دوکانی وەستا عوسمانی حەڵواچی لە کوێ یە تاکو دۆزی یەوە. لە بەردوکانەکەیدا وەستاو وتی:

ئەمە کارگەی حەڵواکەی میری موسڵمانانە!؟ سەیری کرد وەستا عوسمان دانیشتوە! کارگێرەکان کاردەکەن. باسم نە سڵاوی کردو نە هیچ پێی وت:

"بۆ چی هێندە کەمتەرخەمیت!؟ کارێکت کرد چاودێری کارگەکەو خاوەنی کارگە چاوەڕێت بن!!؟ تاکو پارەکەیان بۆ بنێرێت هەستە هەرئێستا پارەکەیان بگەیەنە دەست. ئەمەش فەرمانی داوا کردنەکەی خەلیفەیە کە داوات دەکات. تیادا نووسراوە لە لایەنی تایبەتەوە (٥٠٠٠) درهەمت لە ئەستۆدایە! براکەم روح بۆ کوێ دەبەیت!؟ خۆ شەریکی خەلیفە نیت! هەر ئێستە (٥٠٠٠) درهەمەکە بێنە بابرۆین بۆ لای خەلیفە. کە حەڵواچی ئەمەی لەم پیاوە چوارشانە تۆکمە پاڵەوانە بیست هێندە ترسا هەڵسا!! نامەکەی ماچ کردو خستی یە سەرسەری. ئەمجا بە زمانێکی شیرین بە باسمی وت:

ئەی سەرۆکی پاسەوانان خوا چاکت بۆ بکات من بە کۆیلە یەکی خۆت دابنێ! کە مێ ئارام بە لەگەڵ بچوکی خۆت! من هێندەی ئەو قسەیە نیم. نێوانی من‌وتۆ لە چاکە زیاتر هیچی دی نابێت. چیت بوێت لەگەڵت دەیکەین بەڵام دابەزەو کەمێ لای ئێمە بە فەرمانی دا بە کارگێرەکانی کارگە باسمی ئاسنگەریان لە کەرەکە دابەزاند. وەستاعوسمان لە سەرسەکۆیەکەی هەستاو لە جێیی خۆی داینا! باسمیش خۆی گیف دەکردەوە رووی تاڵوگرژ کرد. وەستاعوسمان چاوی لە کرێکارێکی خۆی داگرت‌و رای سپارد بچێتە بازاڕ (٢) رەتڵ گۆشت ببرژێنێت‌و چەند کولێرەی گەرم بهێنێت. لەگەڵ شانەیەك هەنگوین کرێکارهاتەوەو راسپاردەکەی بە گەرمی دایە دەست وەستاعوسمان ئەویش دەستە سڕێکی گەورەی لە بەردەمیدا راخست‌و وتی:

سەرۆکی پاسەوانان پێمان خۆشە نەمەکمان بکەیت و (سەفرا)ت بجولێ بەم خواردنە. فەرمووی دڵمان مەشکێنە. ئەمجا ئیشارەتی دا بە کرێکارێك کولیچەیەکی تایبەتی بۆ دروست بکات شەربەتی بۆ پێوە بکات. گوڵاوو میسك پێدا بپژێنێت. کە بـرژا بردیان خستیانە بەردەست وەستا عومەر. ئەویش خستییە بەردەم باسمی ئاسنگەر ئەمجا فەرمووی لێ کرد وتی:

ئەم بەرکوڵە بکە تاکو خواردنی نیوەڕۆ ئامادە دەبێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی۷۳۲

شەهرەزاد وتی:

وەستا سێ بە سێ تەڵاقی خوارد کە لێی وەربگرێت. باسم وتی:

چارنیە بێنە. خۆ نابێت بهێڵین تەلاقەکەت بکەوێت. هەر ئەمڕۆ لەسەر خوانی خەلیفە میوان بووین من و سەرۆکی شارەوانی بەغدا. سفرەی خەلیفە دەجۆر خواردنی لە سەر بوو. هەر جۆرێك (٣) مریشك سوورکراوەی لە سەر دانرا بوو. لەو کاتەوە هێندە تێرم زۆر بە گران هەناسە دەدەم. وەستا عوسمان وتی:

شتەکان هی خۆتن تۆش لەبەر دڵی ئێمە شتێك بخۆ باسم وتی:

لەبەر خاتری تۆ بۆ موجامەلە چەند پارووییەکت لەگەڵ دەخۆم. هەندێکیان خوارد ئەمجا سوراحییەك شەرابی دایە دەست باسم. ئەویش دەمی پێوە نا تاکو هەموو هەڵ لووشی کۆڵی لێ نەدا شوراحییەکەی بە خاڵی یەتی دایەوە دەست وەستا عوسمان. ئەوەیش وتی:

دیۆە دێو! ئەمجا باسم بۆ (٢) ڕەتڵە گۆشتی برژاوەکە لە سەر ئەژنۆ دانیشت! قرتەی لێ بڕی و ئەوانەی دەوەروبەری بەسەر سوڕمانەوە سەیری یەکیان دەکرد! وەستا عوسمان وتی:

جا ئەمە لە کۆشکی خەلیفەوە بەتێری هاتووە بولای ئێمە ئەمە حاڵییەتی! ئاخۆ بە برسێتی بهاتایە چی بخواردایە!!؟ بەوخوایە مەگەر کەرێکمان بۆ بکردایە بە بوریانی!! ئەمجا وتی:

"خوایە ئەمڕۆ بمپارێزیت لەم بەلایە! ". بە کڕین و فرۆشتنەوە خۆی خەریك:

کرد تاکو پاش نیوەڕۆ. ئەمجا منالێکی نارد تاکۆ بزانێت ئاخۆ خواردنی باسم ئامادە کراوە!؟ لەوێ (٣) مریشکی قەڵەوی بۆ سوورەوە کرابوو. کە هێنایان ئێوارە بوو وەستا عوسمانی حەڵواچی خستییە سەر سفرەکەو بەردەستی باسم! وتی:

بەوخوایە سەرۆك پاسەوان ئەمرۆ لە برسانا تۆمان کوشت! بەلام دەبێت بە چاکی یەکەی خۆت بمانبەخشیت. باسم وتی:

کورە ئەوە گرنگ نیە برە پارەکە ئامادە بکە! با فریا بکەوم بیخەمە بەردەستی خاوەنی! وەستا عوسمان وتی:

سەرۆك پاسەوان لە بەیانییەوە تاکو دوانیوەڕۆ پێکەوە بووین. ئێستاش وا ئێوارەیە. کەچی تۆ شێوازی گفتوگۆت هەر نەگۆڕی! ئێمە خواردنمان بۆ ئامادە کردویت جارێ فەرموو! دواتر پشت بەخوا تووشی خێر دەبین. باسمی ئاسنگەر کەوتە گیانی (٣) مریشکە سوور کراوە قەڵەوەکان. هەموویانی خوارد. ئەمجا دەستی سڕیو قەڕابەیەك شەرابی کرد بەسەر دا! هەرکەس سەرنجی بدایە وای دەزانی هیچی نەخواردوو! وەستا عوسمان چووە ژوورەکەی دی. کیسەیەکی کاغەزی بۆ پڕکرد لە حەڵوا (٢٠) درهەمیشی بۆ تێکرد بۆی بردە ژوورەکەی باسمو دەستی ماچ کردو کیسە حەڵواکەی لە بەردەمدا دانا. گەورەم ئەم دیارییەم پەسەند بفەموو ئەمڕۆ فرۆختی حەڵواکەم کەم بوو. سبەینێ کڕیارەکان پارەم بۆ دێننو برە دیاری کراوەکە پشت بە خوا ئامادە دەکەمو دەی هێنم. لەگەڵ ئەم حەڵوایەدا تووڕەکەیەك پارەی تیایەو (٢٠) درهەمە پێی بچۆ گەرماوی ناوشار. کە باسم گوێی لە (٢٠) درهەمەکە بوو. ئەمجابیری کەوتەوە سەرکاری (١٠) گسگ دەرەکە ئامۆژگاری کردو پێی وت:

کە بەرتیلەکەی دا ئیدی بێدەنگ بەو باسی هیچ مەکە و پشت گوێی بخە. بۆیە وتی:

وەستا عوسمان ئەرکی سەر شانمە رێزت بگرم. ئەویش وتی:

رێزداربیت. لە شوێنی خۆت مەجووڵێ نەسبەی‌و نەمانگێکی دی! نە ساڵێکی دی. ئەمجا لە دوکانی کارگەکە چووە دەرو کیسە کاغەزەکەی لە بن دەست دا بوو. سوار بوو. لە بەر خۆیەوە وتی:

"باسمم باسم! لە هەر کوێ بم رۆزیم لای خوایە! !

شەهرەزاد هەستی کرد شەوە درەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی ٧٣٣

شەهرەزاد وتی:

ڕۆژ ئاوا بوو. کە باسم کارگەکەی جێ هێشت. لەبەر خۆیەوە وتی:

سەر لەبەیانی ئەمڕۆ (٥) درهەمم وەرگرت ئێوارە کەیشی ئەوەتا (٢٠) درهەمم وەرگرتووە! هەمووی دەکاتە (٢٥) درهەم. ئەمجا سەری بڵند کرد بەرەو ئاسمان و وتی:

خوای بانی سەر بە گسك دەرو پاسەوانی شارەوانی نەبێت گیانم مەکێشە!! بەیانیان هەر چۆنێك بچمە دەرەوە تۆ ڕۆزیی خۆمم هەر دەدەیت! جاران ڕۆژهەتا ئێوارە ئاسنم دەکوتا (٥) درهەمت ڕۆزیی دەدا. ئێستا بێ ماندووبوون ڕۆژیی (٢٥) درهەمم پێ دەبەخشیت. ئەمە بێ لەو هەموو خواردنە نایابە! ئەمجا پێداویستی جارانی لە بازاڕ کڕیو بەرەو ماڵو سەرخانەکەی ببووەوە دوای ئەوەی پێداویستی یەکانی شەوانی پێشوی مەیو پیاڵەو مەزەی ڕازاندەوە. لە بەرخۆیەوە وتی:

بەو خوایە دەبێت لە داخی ناحەزان و خۆتێ هەڵقورتێنەران ئەمشەوم لە شەوانی ڕابردوو خۆشتر بکەم. ئەمجا لە بری چرایەك دوودیوارکۆی داگیرسان. فانۆسی (٤) پلیتەیی داگیرسان ژووری ڕووناك تر لە جاران بوو. هەر وەکو جاران پیاڵەی پڕ کردو بەڕووی مۆمەکەدا بڵندی کردەوە. نۆشی کردو وتی:

"باسمم باسم!! ڕۆزیم لە سەر خوای گەورەیە (٣) پێکی هەڵدا کەمێ بێدەنگ بوو ئەمجا چوارەم پێکی هەڵداو ئەم گۆرانیەی وت:

| | |
|---|---|
| هاوڕێ ئاوە ڕێزی کا | قاوەی ئەندەرێزی کا |
| بۆ چوار دەوری ڕەوانی | گۆڵان پەراوێزی کا |
| ماندووی ژیانی نەبێو | خۆشی کاو بە پێزی کا |

لە ئەو لایشەوە خەلیفە هاروونە ڕەشیدو جەعفەری بەرمەکیو مەسرور. کە ئێوارەیان لێهات خەلیفە بەجەعفەری وت:

"ئاخۆ حاڵی باسم ئەمشەو چۆن بێت!؟ " جەعفەر وتی:

قوربان حاڵ ئەونەکبەتە چۆنە لێدراوو ماندوو داماوو بێ حاڵو گریاوە! دیوار کۆی کوژاوەیە ژووری ناڵەو ژاوەیە! (١٠٠) تووڵی لێدرا بێ! ئیفلاس بێ پارە مابێ! دیارە بە هاوارە بێ! ئەی پاشا زەمانە تۆ دەتەوێ چی بکەیت؟ ڕەشید وتی:

حەز دەکەم وەکو جاران ئەمشەویش بچینە میوانی! تاکو ئەو گەوادە بە خەمباریو شکاوی ببینم. (٢٠) ساڵی ڕەبەقە شەوێك بە بێ سەرخۆشی و مەست بوون سەری نە خستووەتە سەر سەرین! ئەبو جەعفەر وتی:

"گەورەم ئەو دەمانەی شەوانەی کە دڵخۆش و بە دەمەست بوو ئێمە دەترساین قسەمان پێ بڵێت و دەرمان بکات! ئاخۆ ئێستا کە تێهەڵدراوو داماوو برسی و هەمووگیانی شکاوە چۆن بێت بەرامبەرمان رەشید وتی:

"نەخێر! هەر دەبێت بچینە سەردانی. جەعفەر وتی:

کە هەر دەبێت بچین با هەندێك خواردن لە گەڵ خۆمان بەدیاری ببەین چونکە دوێنێ شەو پەیمانمان پێدا ئێستا برسییە و رەنگە ئەگەر نمەکمان بکات کەمێك شەرممان لێ بکات! خەلیفە وتی:

"بەو خوایە شتێکی باشت وت رەنگ ئەمشەو زۆر برسیش بێت! دە برۆ چیت بەباش زانی پێیان بلێ با بۆت ئامادە بکەن لە خواردن. ئەبو جەعفەر (٥) مریشکی مەحشیبە گۆشتی قیمەو مەنجەڵێك برنجی هێناو سێ بەسێ لە دەروازەی نهێنی ی پشتەوە چوونە دەرەوە. رۆیشتن تاکۆ گەیشتنە سەری کۆڵانەکەیان. سەیریان کرد. پەنجەرەی سەرخان لە شەوانی پێشوو روناکترە! سەریان سورما! هارونە رەشید چووە پێشەوە بۆ ژێر چەنجەرەی سەرخانەکە کە گوێی گرت گوێی لە دەنگی باسمی ئاسنگەر بوو. پێك هەڵدەداو پیاڵە پێکدا دەداو ئەم گۆرانییە دەچڕێ.

| | |
|---|---|
| ئەو شەرابەی کە soوورە | پیاڵەی جوان وبلوورە |
| هەرچەند تێکەڵی ببیت | هێشتا لە تۆوە دوورە |
| ئەوەی لێوی پی تەڕوو | خانەدان و بەفەڕ بوو |
| لە پڕا پشتی تێکا هەر | هێندەت زانی گەربوو |
| پێکە کەی ئاوی زێڕە | دەرمانی شەل و کوێرە |
| بریسکەی چراخانە | هەواکەی گەرمەسێرە |
| کەس وەسفی بۆ نەکراوە! | ئەو هەنگوێن و شەکراوە |
| هەر کەوتە سەر لێوانت | دەروونت پێی پاراوە |
| هەر کەس دەستی لێ گیر بوو | وامەزانە کە پیر بوو |
| هەرگیز پشتی تێناکا | ئەگەر زاناش بوو ژیر بوو |
| خواردەی بۆی هاوارێتی | هەردەم هەوادارێتی |
| هەتاکو گیانی تیابێ | ناوی لەسەر زارێتی |

هارونە روشید وتی:

جەعفەر لە دەروازەی بدە. باسم لە سەرەوە هاواری کرد:

"ئەوە کێیە؟ زۆرم خێر لە میوان دیوە!؟ لەشی ساغتان "سێبەرۆ"بێت! جەعفەر وتی:

حاجی باسم ئەی بەخشندە خۆمانین هاتە خوارەوە دەروازەی لێ کردنەوەوجوان سەرنجی دان دەموودەست ناسینییەوە. چونکە هەموو شەوێك دەهاتن. وتی:

"دەك بە خێر نەیەن بەملی شکاوبێن! رەزا قورسانە! خۆ هەڵقورتێنەرانە. بەو خوایە بەو خوایە هەر ئێستا لەبەر چاوم ون نەبن هەر ئێستا چوارپەلتان دەشکێنم! " جەعفەر وتی:

بەوخوایە خاڵە باسم ئەمشەو بە دەستی خاڵی نەهاتووین‌و خواردنمان بۆ تۆ هێناوە!

باسم وتی:

ئەو خواردنە بە خۆتان رەواترە من پێویستم پێی نیە! من گۆشتی مریشك‌و پاقلاوەم لایە! خێری خوا زۆرە. ئەمشەو بە هێندەی (٥) رۆژم شتومەك کڕیوە! پیاوی چاك بن برۆن‌و شەرم لێ لابەدەن ئاخر ئێوە لە رووباری "نیل" بخوێنن وشك دەکات! لەم شەوە تاریکە بخوێنن دەبێتە رۆژی رووناك!! ئەوانە هەرچیەك بڵێن رۆژەکەی روودەدات! گەر بتان بەمە ژوورەوە دڵم تەنگ دەکەن. بەغیلی بە رۆزییەکەم دەبەن. دوایش بە ریشی سپیم پێ دەکەنن! کارم پێتان نیە (الا الله)و برایەو.

ئەمجا چاریان نەما بۆیە وتیان:

خاڵە باسم ئەگەر هەر دەریشمان دەکەیت جارێ سەبەتەیەك بە گوریسێکەوە ببەستەوەو شۆڕی بکەوە با دیارییەکەت بۆ تێبکەین ئەمجا سەبەتەکە هەڵ بکێشەوە! ئەویش بە قسەی کردن‌و سەبەتەکەی شۆڕ کردەوە. خەلیفەش هەر (٥) مریشکە مەحشییە سوور کراوەکەیان تێکرد. ئەمجا باسم کە هەڵی کێشایەوە پێکەنی‌و وتی:

"ئێوە ئەوە نین (٥) مریشکی برژاوی مەحشی بۆ من بێنن! کە هەر مریشکەی بە (٢) درهەم‌و نیو بێت هەبێ‌و نەبێ لە سەر سەلوێنکی خۆڵی گەرەکەکان دەرتان هێناوەو بۆ منتان هێناوە! ئەگەرنا ئەمە خواردنی هارونە رەشیدە! خواردنی ئێوەومانان نیە! دە باشە چاکە کەتان پێم گەیشت ئیتر برۆن بەرێی خۆتانەوە. ئەوانیش وتیان:

چون شتی وا دەبێت!؟ ئێمە سبەینێ دەرۆینەوە بۆ وڵاتی خۆمان ئەمشەو دواشەوە. بۆیە هاتووین خواحافیزی لە تۆ بکەین. باسم وتی:

خێر نەیەتە رێتان پشت بەخوا. پشتتان (با) بێت پێشتان کەندەڵان. بەخوا رۆیشتنی ئێوە بۆمن وەکو جەژنە! ئاخر کەی من هاوارییی ئێوەم گوێ بگرن بەو خوایە دەبێت سوێندم بۆ بخۆن کە بە هیچ شێوەیەك پرسیاری کاری من‌و رۆزیی من نەکەن! ئەمجا لە ئەم شەو زیاتر جارەتان نابینم! ناچار هارونە رەشیدو جەعفەر سوێندیان بۆ خوارد. دواتر مەسروریش بە هەمان شێوە. ئەمجا دەروازەی لە سەر واکردن‌و چوونە ژوورەوە. هارونەرەشید سەیری کرد زوور لە شەوانی پێشوو روونـاکترە! ئەمجا ئیشارەتی جەعفەری

کرد پرسیاری رۆژیی ئەمرۆی لێ بکاتو ئاخۆ چون ئەم بژیوییەی ئەمرۆی پەیدا کردووەو ئەمرۆ چ کارێکی کردووە؟ ئەبو جەعفەر وتی:

"میری موسڵمانان پەلەی لێ مەکە با بەدەمەست ببێت. ئەوکاتە هەموو پرسیارێکی لێ دەکەین.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٣٤

شەهرەزاد وتی:

سەرت نەیەشێنم بە ختیاریت بۆبێنم هارونە رەشید نزیکەی سەعاتێك دانی بە خۆیدا گرت. بە جەعفەری‌وت:

پرسیاری لێ بکە جەعفەر وتی:

خاڵە باسم شتێك گۆرانیمان بۆ بڵێ ئاخر ئێمە بۆ خوا حافیزی هاتووینو سبەینێ کاروانەکەمان دەڕوات. باسم وتی:

بە چاوان- میوانە ئازیزەکان- ئەمجا باسم وتی:

وەرزی بـەهارم ناوەنـدی تریـنـی وەرزەکانـە تێیـدا ئاووهـەوافێنك دەبێـت. وەرزی گوڵوگوڵزارە (سوقراتی)ی حەکیم وتویەتی:

هەرکـەس لـە بـەهاردا سـەیران نـەکاتو شـاییو هەڵپـەرکێ نـەکات! ئـەوە بـێ زەوقـە! پێویـستە چارەسـەری خـۆی بکـات- هەنـدێکیش لـە فەیلەسـوفانەی فـارس وتویانـە تـوورەو توندڕەوان بێ بەری بوانن لە سەفاوگەڕانی بـەهاری! دیـسان لـە وەسـفی بـەهاردا نووسـراوە رووی جـوان دان بـە بریـسکە!! ئاوقـەد باریـك- بـۆن خـۆش رەوشـت بڵنـد!! " ئـەمجا ئـەم شیعرەی وت:

بەهار هات خۆشی هێنا مەیو سەرخۆشی هێنا
گوڵان هێندە بەپەلەن هاکا وا:
تۆیشی هێنا

ئەمجا باسم پێکەکەی هەلگرتو خواردی یەوە. دەستی دایە گوڵێكو بۆنی کردو وتی:

شنەبای بەیان بە ئاگات دێنێ بولبول بە خوێندن زوودەگرێنێ
سەنگینی گوڵت چاك بپارێزە وەك قاوەی فنجان خۆی دەسوتێنێ
میوان ئازیزیو دڵت خۆش کردین بە جێمان دێڵیت:

چۆن دڵت دێنێ؟

هارونە ڕەشید بەم گۆرانیە زۆر دڵی کرایەوەو زەوقی پەیدا کردو وتی:

خاڵە باسم شیعر وەلاوە بنێو قسەمان بۆ بکە خواحافیزیمان لێ بکە ماڵت ئاوا بێت!

باسم وتی:

بە چاوان- بەرێزان:

لە سەردەمی (کیسرا ئەنەو شیروان)دا. شێخ (عەلی) یەك بوو. بانگ بێژی مزگەوتێك بوو لە شاری:

(حیللە). پێش نوێژی بۆ خەڵکەکە دەکردو ئەرکەکانی سەرشانی ئایینی خۆی جێ بە جێ دەکرد. هەریە کە دەیان وت:

سبەینێ بەهارە کاتی باخانو گوڵو گوڵزارە! ئەم کابرایە کلیلەکانی مزگەوتی دەدایەوە، بە دانیشتوانی گەرەكو ون دەبوو. ئیدی خەریکی چوونە سەیرانو خواردنەوە دەبوو! تاکو سەوزاییو گوڵوگوڵزار بمایە ئەویش لە دەشتو دەر بوو! زۆرجاران بە بەرخواردنەوەو هەڵدانی پێکەوە ئەم شیعرەی دەوت:

| | |
|---|---|
| کەمەیلی یارم بەخەمان سوورِا | مەیلم بۆ (مەی)و پیاڵە گەڕا |
| (وەرع)و خواناسیم وەلاوە ناوە | ون بووم لە سۆزی عەشقی بێ فەڕا |
| دۆستانم بەبێ (ئیمام)جێ هێشتوو | بۆ ڕەزوباخو خۆشی ئەو پەڕا |
| دەمێ مزگەوتو دەمێ رابواردن | بە ئەمبەر ئەوبەر ژیانم دۆڕا! |

هارونە ڕەشید وتی:

باسم تۆ پیاوێکی خۆش مەشرەبی. باسم وتی:

میوانە ئازیزەکان دەگێڕنەوە هەر لە سەردەمی (کیسرای ئەنەو شیروان)دا (جۆلا)یەك بووە (۱) ساڵی ڕەبەق کاری دەکردو پشوو وحەوانەوەی نەبوو! نە ڕۆژانی هەینیو نە جەژنەکانیش! بە لام هەرکە گژوگیا سەری دەردەهێناو دەیان وت:

ئیدی بەهار هات ئیدی (داربەست)و (مەکۆ)و (تانوپۆ) کەی دەپێچایەوەو دەستی دەکردە گەڕانوسەیرانو سەری دەکردە خواردنەوە! ئیدی ئەوە پیشەی بوو تا دەمی پێییز کە گوڵوگوڵزار نەدەما (جۆلایش) (داربەستی) دەبەستەوەو (تانوپۆ)ی هەڵ دەخستەوەو دەکەوتەوە کارکردن.

(کیسرا)شا کە ئەمەی بۆ دەگێڕنەوە فەرمان دەدا جۆلای بۆ بێنن کە دەچێتە بەردەمی کڕنووشی بۆ دەبا شاکیسرا دەست خۆشی لێ دەکاتو (۵۰۰۰) درهەمی ساڵانە مووچە بۆ دەبڕێتەوە کە هارونەڕەشید ئەمانە دەبیستێت زۆری پێخۆش دەبێتو دڵی دەکرێتەوە.

ئـەمجا هارونەڕەشـيد لـە پـەناوە بـە جەعفـەر دەڵێـت هـەواڵی ئـەمڕۆیی لـێ بپرسـە! جەعفەریش دەڵێ:

میری موسڵمانان پیاوی چاك بە كابرا مەستەو لە هەوای خۆیدایە! دڵخۆشـەو بـا لێیـی تێك نەدەین! رەشید وتی:

چەند سەیریت! ئەمە دواجارەو پەیمانمان داوە ئیتر نەگەڕێینەوە بۆ لای دەبێـت هـەر پرسیاری لێ بكەین. جەعفەر ناچار بوو پرسی:

خاڵە باسم تووخوا ئـەمڕۆیی خۆتمـان بـۆ بگێـڕەوەو چیـت كـرد لەگـەڵ قـازی!؟ ئـەمجا پێمان بڵێ: ئەمشەو لە هەمووشەوانی پێشوو ژیانت خۆشتروسفرەت ئاوەدان ترە! هۆی چی یە؟ ئەوەش بزانە ئەمە دوا پرسیارمانەو سەفەر دەكەین- دەگەڕێینەوە وڵاتی خۆمان. هەر هێندە باسم ئەمەی بیـست سـوور هەڵگەڕا چاوانی سووربوون! دەمارەكانی ملـی هەسـتان. هاواری كرد:

"ورگ گۆزەی نەزان كرد ورچەكۆن! هەموو جارێك هاوڕێكانت بێدەنگن و تۆ لە زەوقم دەدەیت! هەستم یەك مشتەكۆڵەت لێ بدەم!؟ سەرت بـشكێنم!؟ ئەبوجەعفـەر زۆر بوناسـكی وتی:

خاڵـە باسـم لـە یەكـەمجارەوە بەخۆشـی لـە گـەڵ یەكـدا هێناومانـە ئێـستاش دوا میوانداریمانە تێكی مەدەلێمان توو سەری خۆت! كارێـك بكـە كـە گەڕاینـەوە وڵاتـی خۆمـان یادت بخێر بكەینەوە. باسم وتی:

"بەر لەعنـەتی خـواو تـووڕەیی خـۆی بكـەون! (٢٠) ساڵە وەك سوڵتان دەژیـم. عـەیب نەبوو لەو كاتەوەی ئێوەم ناسیوە نەگبـەتی منـی گرتـووە! لـەم كـارەوە بـۆ ئـەو ئـیش و كـار دەیگـۆڕم. سـوودی نیـە ئەمەنـدە پێوقـەدەمتان شـوومو نەگبەتییـە! لەگـەڵ ئـەم هـەموو نەگبـەتیو مانـدوو بوونـەدا"بـاسمەو رۆزیـی مـن لـە لایخوایـە! ". ئـەمڕۆش شـتی سـەیرو سەمەرەم بەسەرهات! كە بڕوا ناكەم كەسی دی وەكو منی بەسەر بێت! جەعفەری بەرمەكی وتی:

تووخوای هەردوو دنیا ئەگەر بۆمان نەگێڕیتەوە. كە ئەمڕۆ چیت بـە سـەر هـاتووە!؟ . باسم وتی:

هەر دەبێـت بیگێڕمەوە!؟ وتیان:

ئەرێ بەخوا! باسم وتی:

مەرجە نەهێڵم ببێ بە گرێ لە دڵتاندا ئەو رێكەوتو شـتە سـەیرانەتان بـۆ بگێڕمـەوە. ئەمڕۆ لەگەڵ بەری بەیاندا لە خەو رابووم نانم خواردو خۆم ئامادە كـردو بـەرەو خـانووی (دادگای گشتی) وتم دەنگ مەكە ئێستا نێـرراوی شـەریعەتمو سـەر بـە مەملەكەتم. سـەرت

نەیەشێنم بێ دەنگ لەبەر دەرگادا لێی وەستام. هێندەم زانی قازییەکان نێرراوانی شەریعەتیان کۆ کردەوەو کە وتنە بانگ کردنیان یەك یەك ناونوسیان دەکردن. پیشە کەیان دەپرسین!؟ کارێکیان بەسەر هێنام هێشتا بەسەر هیچ فەرمانبەرێکی ئەو دەزگای داد پرسییە نەهاتبوو! دەستی شکاوم هەرگیز گێڕانەوەی بەسەرهاتاکان وەکوبینینی نییە! کارێکیان پێ کردم ئاگام لە دنیا نەما! ژیانم لەبەر چاو کەوتو بەغدام لەبەر چاو رەش بوو. بڕیارم دا سەری لوتی خۆم رەش بکەم و سەر بنێمەوەو بەغدا بەجێ بهێڵم! گەڕامەوە بۆ ژووری سەرخانەکەو دڵشکاوو گیان تێ:

شکاو! بیرم بەلای ئەوە بوو ئەمشەو چۆن بەسەر بەرم؟ لە کاتێك دا (پوول)و (عانە)م پێنیە!! منیش دار خورمایەکم هەبوو چەند چڵەو لە ژوورەکەمدا جلم پێدا هەڵدەواسی ئەوەم هێناو لووسم کردو لە شێوەی شمشێردا ئەمجا گرتم بەدەستمەوە. ئەمجا کالانەکۆنێکی شمشێرم هەبوو کردم بە قایشەکەی پشتم داو تووڵە دارەکەم تێ بڕیو وەکو شمشێر مستوەکەی بە دەرەوە بوو. ئەمجا چەند پارچە لبادم هێناو لە ژێر جلەکەوە بەستم بەناوقەدمەوە. پشتوێنو شمشێرەکەم بەستەوە لە ماڵ چوومە دەرەوەو بۆ ناوبازەڕەکە هەر کەس سەیری بکردمایە پێی وابوو حەسحەسی بازاڕ مو لێپرسراوی پاكو خاوێنی بازاڕەکە!؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٣٥

شەهرەزاد وتی:

ئەی پاشای گەورە گەورەی ئەم دەورە باسم درێژەی پێداو وتی:

خۆم کرد بە بازاڕ ی چەکفرۆشاندا ئاپوورەی خەڵکەکەم بینی. کە دەرم بە خەڵکەکە دا چوومە ناوەوە دووانم بینی شەلاڵی خوێن بوون! سەرو چاویان شکابوو! پیاو ماقووڵی بازاڕەکە هانای بۆ هێنامو وتی:

ئەی سەردەستەی پاساوانانی بازاڕ ئەم (٥) درهەمە بگرەو ئەو دوانەم بۆ بگرەو بیان بە بۆ کۆشکی خەلیفە! تاکو سزای هەردوکیان بداتا منیش پارەکەم حستە تەنکەی باخەڵمەوە! هەردووکیانم گەیاندە بەردەم کۆشكو سەرای خەلیفەو بۆ بەردەم هارونە رەشید! سەیرم کرد کۆشك هێندە رازاوەو جوان بوو هەر مەپرسە!؟ دوای کەمێك ئەبو جەعفەری وەزیرم بینی ئەزانی هەروەکو تۆ وابوو!؟ ورگیشی وەکو تۆ داکەوتبوو! بەلام هەی هووا تۆ لە کوێو ئەو لەکوێ!؟ ئەو هامنشنی خەلیفە بوو! تۆیش پیاوێکی خۆ تێ

هەڵقورتێنەر! ئەمجا باسم کەوتە گێڕانەوەی بەسەرهاتکەی‌و چون ناردوویانە بۆ لای حاجی عوسمانی حەڵواچی بۆی گێڕانەوە چیان دەرخوارد داو چۆن بەرتیلی وەرگرت! ئیدی ئەو رۆژە هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە چی بەسەر هاتبوو، بۆی گێڕانەوە. کە جەعفەر ئەمانەی بیست سەری سوورما! وتی:

خاڵە باسم راست دەکەیت بەڕاستی ئەوەی بەسەر تۆ هاتووە بەسەر کەسی دی نەهاتووە! باسم وتی:

"ئەوانە بەکوێرایی چاوی خەلیفەو! ئیدی شیرینی ئەو کارەم وەرگرت! مریشکی سوورەوە کراویان کرد بە قورگمدا پارەیان پێدام! هەر مەپرسن!!؟ ئەی نابینن ئەم هەموو نیعمەتی خوایە! ماڵی ئاوەدان کردوومتەوە!؟ ئەمجا بەلاقرتێوە رووی تێکردن‌و وتی:

خەلیفە هارونە رەشید کێیە؟ چۆن دەتوانێت روزیی من ببڕێت!؟ ئەو دەرویەکم لێ دادەخات خوا دەیان دەرووی تـرم لێ دەکاتەوە! دەستی برد پیاڵە یەکی دی تێکرد نۆشی کردوئەم گۆرانیەی دەست پێ کرد:

| | |
|---|---|
| کە من بادەم لە سەر لێو نا یەك بینە لە زەردە پەڕ | کە تیشکی خۆر بێتینە |
| وەکو ئاسك خومارەو مەی دەگێڕا منی مەست کرد | ئەو لێو سوورەی چاوشینە |

ئەمجا وتی:

ئەم گورانیەش لە داخی هارونە رەشید ئەمجا خۆشەویستان مریشکی سوور کراوەم خوارد شیرینی‌و پاقلاوەیان دەرخوارد دام. ئیدی سوێندم خواردووە دەبێت بە حەسحەسی‌و پاسەوانی شارەوانی بمرم! ئیدی ئەم کارە نوێیەم ناگۆڕم! خەلیفە هێندە پێکەنی خەریك بوو بمرێت! ئیدی خەلیفە هاتە بەرچاوی چۆن لقە داری خورماکەی خستووەتە ناو کێلانێکی شمشێرەوە چون چووەتە سەر حاجی عوسمانی حەڵواچی‌و ترساندوویەتی‌و بەرتیلی لێ وەگرتووە! زۆر زۆر پێی پێکەنی‌و لە دڵی خۆیدا وتی:

"ئەم کابرایە خوا بەختەوەری کردووە! مەرج بێت شتێکی بۆ بکەم نەوە دوای نەوە باسی بکات!! ". هەرسێکیان تاکو نیوەشەو لە ماڵی باسمی ئاسنگەر مانەوە. ئەمجاداوایان کرد رێیان بدات:

بگەڕێنەوە ماڵی خۆیان باسم وتی:

رۆیشتنی خۆتان لە دەست خۆتاندایە. بڕۆن‌و خوا چاکتان بۆ نەکات! . هەر سێکیان دایانە قاقای پێکەنین‌و چوونە خوارەوەو لە حەوشەوە چوونە دەرو دەروازەکەیان راکێشایەوە. بەرەو کۆشك چوونەوە. لە دەرگای نهێنیی پشتەوەی کۆشکەوە چوونەوە ماڵی "هارونە رەشید". هەریەك‌و چووە سەر جێگەی خۆی‌و نووستن.

که رۆژ بووەوەو خۆروبان کەوت. باسم هەستاو چووە بەر پەنجەرەکە و باوێشکێکی دا وتی:

(یاالله) رۆژێکی نوێ. رۆزییەکی نوێ! بریاریشم داوە. حەسحەسی نەبێت کاری تر ناکەم. گۆرەوییەکانی کردە پێی کراسە ئاودامانەکەی کردەبەر شاڵەکەی دابەسەر شانی چەپیدا شمشێری لە کەمەر بەستو سەری پەنجەکانی تەرکردو سمێڵەکانی پێ بادا. هەردوو لاجانگی تەخت کردەوە. ئەی دەزانی چارەنووس چی بۆ ئەو رۆژەی ئامادە کردووە. چووە خوارەوەو رووەو کۆشکی هارونە رەشید رۆیشت کە گەیشت. چووە ژوورەوە. خۆی گەیاندە ئەو (١٠) گسك دەرەی لە حەوشەی ماڵی پاشا وەستابوونو چاوەرێی فەرمان بوون تاکودەست بەجێ بەجێ کردنی بکەن. لەولایشەوە هارونە رەشید چاودێری (١٠) پاسەوانەکە دەکاتو چاو دەگێرا! هێندەی زانی قولاپی چاوەکانی بە (باسم)ەوە گیر بوو! سەرنجی دا سمێڵەکانی پیت کردووە! لاجانگی تەختو تەر کردووە. سنگی دەر پەراندووە. هارونە رەشید بانگی ئەبو جەعفەری کرد. کەهات سەیری باسمی کردو چاوێکی لە جەعفەر داگرت! ئەمجا چرپاندی بە گوێیدا "سەیری هاواریکەمان بکە! تۆ بزانە ئێستا چی پێ دەکەم!؟ ". ئەمجا هارون رەشید بانگی سەرکردەکەی ئەو (١٠) پۆلیسە پاسەوانەی کرد. سەرکار هاواری کرد:

"لە پەزێرایی میری موسڵمانان دام! ". خەلیفە لێی پرسی:

چەند پۆلیسی حەسحەسی پاسەوانت هەیە!؟ سەرکار وتی:

بەگم ئێمە سێ گرووپین هەر گرووپەی (١٠) پۆلیسەو هەموومان(٣٠) پۆلیسی پاسەوانین! خەلیفە وتی:

هەرئێستا (١٠) پۆلیسەکەی خۆت لە لایەکەوە کۆبکەرەوەو یەکە یەکە بیان نێرە بۆ لام. سەرکار وتی:

بەبان چاوان. ئەمجا رووی کردە گرووپەکەیو وتی:

هاوارییان خەلیفە فەرمانی پێمان داوە کۆببینەوە وەرن لە بەردەمم دا ریزببن باسم بە دڵی خۆیدا وتی:

"یاستار یاستار! ". ئاخۆ خەلیفە مەبەستی چی بێت!؟ ئەم ماستە موویەکی تیایە!؟ کە هەموویان ریزبوون لەبەردەم خەلیفەدا لە یەکێکی نێو ریزەکەی پرسی:

ناوت چییە؟ ئەیش وتی:

(ئەحمەد) ئەمجا پرسی:

"باوکت؟ ". وتی:

(عبدالله). ئەمجا خەلیفە پرسی:

ئەو مووچەیە لە کوێوە بە تۆ دەگات!؟ تۆ پۆلیسیت تازە کردۆتەوە؟ ئەحمەد وتی:

قوربان باوکم جێگاکەی خۆی بەخشی بەمنو خۆی کارکەنار کرد. منیش چوومە جێیو ئەم راژە کردنەم بە پیرۆز دەزانم. خەلیفەش وتی:

بەراستی ئەم کارەت لێ دێت. ئەمجا ناردییە لایەکی دی ئەمجا یەکێکی تری ناردە بەردەم خەلیفە هەر گەیشتە لای خەلیفە کڕنووشی بۆ برد. خەلیفە پرسی:

ناوت خۆتو باوکتو مووچەکەت بلێ پۆلیسی حەسحەسی پاسەوان وتی:

گەورەم من خالیدی کوڕی ماجیدی کوڕی سالم بنەماڵە کەمان هەر لە سەر دەمی خەلیفایەتی شەهید وەلییەوە لەم کارە دایە مووچەکەم (٢٠) دینارە. گۆشتو ئاردو شەکرو گەنم مانگانە وەردەگرم. ئەم مووچەیەمان لە باوانمانەوە بۆ ماوەتەوە. ئەمجا بردیانە ئەو لاوەو یەکێکی دیان بان کردو دوای پرسیار کردنو وەڵامی ناردیانە ناو (٢) دانەی پێشوو. چوارەم کەس نۆرەی باسم بوو. ئەویش کە خەمی خۆی لێ هاتبوو لە دڵی خۆیدا وتی:

جا خوایەگیان من بڵێم چی!؟ ئەمە چ رۆژێکی شووم بوو!!؟ خۆزگە دوێنێ ملی خۆم بشکاندایەو سەری خۆم هەڵگرتایە جێم بهێڵایە ئەم بەغدایە! دەفەرموو. ئێستا خەلیفە لێت دەپرسێت کێیتو کوڕی کێیت؟ مووچەی مانگانەت چەندە!؟ ئاخر باسم چی پێ دەڵێیت!!؟ خۆ گەر راستو دروست بڵێم ئاسنگەرم! پێم دەڵێت گەواد کەواتە تۆ سیخوڕیتو چاودێری هەڵسو کەوتی خۆم و ماڵو منالم دەکەیت! لاحول‌ولاقوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٣٦

شەهرەزاد وتی:

باسم لە سێو دووی ئەوەدا بوو چی وەڵام بداتەوە؟ چۆن قوتار دەبێت لە دەست خەلیفە هارونە رەشید دەستەسرەکەی بەدەمەوە گرتبوو تاکو پێکەنینەکەی دەرنەکەوێتو بانگی کردو رووی لێ وەرگێڕا تاکو پێکەنینەکەی نە بینرێت حەسحەسەکەی تەنیشتی چووە بەردەمیو کڕنووشی بۆ برد ناوی ئەویشو باوکیو بڕی مووچەکەی وتو چووە ئەولاوە ئیدی تەنیا باسمی ئاسنگەر مابووەوە. ئەمجا خەلیفە خۆی گرتو سەری بڵند کردو دووبارەو سێ بارەی کردووە بەڵام باسم سەری داخست بوو. وەڵامی بۆ نەدەدرایەوە! ناچار سەر دەستەی حەسحەسەکان هاتو سیخوڕمەیەکی لە بندەستی باسم دا پێی وت:

"قوڕمساغ وەڵامی خەلیفە بدەوە! باسم سەری بڵند کردو پرسی:

ناوت چییە؟ ئەویش وتی:

ناوی من!؟ هارونە رەشید وتی:

بەڵێ تۆ. ئەمجا چووە بەردەم هارونە رەشیدو دەستەکانی سەریەك خستو سەری شۆڕ کرد نەیدەزانی چی بڵێت! خەلیفە هارونە رەشیدیش هێندە پێکەنی وەختە بوو ببوورێتەوە! ئەمجاسەیرێکی ئەم لاو لای خۆی کردو پرسییەوە ناوی خۆتو باوكو باپیرەت چییە؟ مووچەکەت چەندە؟ باسم وتی لە من دەپرسیت حاجی خەلیفە!!؟ خەلیفەش وتی:

بەڵێ تۆ. ئەمجا ئەبو جەعفەر رووی تێکردو وتی:

"ئەگبەت جوان وەڵام بدەوە یا بە شمشێرێك سەرت ئە پەڕێنم! ". باسم کەوتە لەرزین زەرد هەڵگەڕا! دانەچۆقەی پێکەوت! بەخۆی وت:

چی دەبوو گەر ئەمڕۆ ئەم کارەم نەکردایە!!؟ ئای باسمی ئەگبەت چۆن تووشی هەموو شتێ دەبیت!؟ بە خوا هەر ئێستا خەلیفە بالاخانە کەشت پێ دەزانێتو لە ملت دەدات باسم گیان!! انالله و انا الیه راجعون". لە کاتێکدا ئەوە حاڵی باسم بوو. خەلیفە پێی وت:

تۆ حەسحەسی کوڕی حەسحەسیت! باسم رەنگی سوور هەڵگەڕایەوەو تۆزێ هۆشو بیری هاتەوە و وتی:

بەڵێ حاجی خەلیفە من حەسحەسی کوڕی حەسحەسم! دایکیشم حەسحەسە! ئەمجا خەلیفە دایە قاقای پێکەنین و ئەبو جەعفەر بە دوایدا ئەمجا هەموو خەڵکەکە دایانە قاقای پێکەنین. هارونەرەشید سەیرێکی باسمی کردو وتی:

تۆ حەسحەسی کوڕی حەسحەسیو مووچەکەت (٢٠) دینارە (رەتڵ) یێك گۆشت هەموو ساڵێك چۆغەیەك وەردەگریت!! باسم خێرا وتی:

بەڵێ بەڵێ بەگم " ئەمجا خەلیفە وتی:

"ئەم حەسحەسیەت لە باووباپیرتەوە بۆ ماوەتەوە! " هارونەرەشید وتی:

گوێ بگرە برۆ (٣) کەسی دی لە کۆمەڵەکەت لەگەڵ خۆت ببە بچۆ چوارگێراو بێنەلە وانەی فەرمانی لە سێدارەدانیان هەیەبا یاسینو تەڵقینی خۆیان بدەن! بڵێن ئێمە کوشتومانە هەرئێستا بیان هێنن! جەعفەر وتی:

قوربان هەرئێستا والی دەنێرم ئەو دەیان هێنێت! ئەبوجەعفەر چووە دەرەوە دوای ماوەیەك هاتەوە چوارکەسی هێناکە دەستیان لە پشیتەوە بەسترابوو سەریان روت بوو. ئەمجا جەردەو رێگربوون خەڵکی یان دەکوشت کە خوا ئەفرەتی لێ گرتووە ئەمجا هارونە رەشید پێی وتن:

ئێوە کەتن دەرنو تاوان کارانن! ئەوانیش وتیان:

بـه مـیری مەسـڵمانان ئێمـە تاوانـە گـەورەکانمان کـردووەو خـوا شـەیتانی خـستە مێشکمانەوە نەمان توانی گوێڕایەڵی شەیتان نەبین! ئێستاش لە سەردەستی بەڕێزتانا تۆبـە دەکەین خەلیفە وتی:

ئێوە شمشێر نەبێت هیچ شتێك پاکتان ناکاتـەوە! ئـەمجا بـانگی کـردە (۳) حەسـحەس‌و فـەرمانی پێـدان کـە هەریەکـەیان تاوانبارێـك ببـات چـاوانی ببەسـتێت‌و دەست‌وقاچـی ببەستێت‌و شمشێر لە سەر ملی دابنێت‌و ئامادەی فەرمان بێت! جا هەرکەس فـەرمانی مـنی جێ بەجێ کرد ئەوا سەرمووچەی دەدەمێ! هەر کەسیش وتی:

جێ بە جێ ی ناکەم خۆیشی ملی دەبێت بقرتێت! حەسحەسە پاڵەوانەکان وتیان:

بەچاوان. هەرخێرا هەریەکەو یەکێك لەو (٤) تاوانبارەی دایە پێش‌و چاوی بەستەوەو لە بەردەم خۆیدا چوارمەشقی داینا‌و شمشێری لە سەر ملی داناو وتی:

فەرمایشتە گەورەم کە ئەو (۳) کەسە کارەکەیان زوو جێ بـەجێ کـرد باسـم بـە خـۆی وت:

"ئەمە چی بوو بەسەر من هات؟ ڕۆژ بە ڕۆژ بەلاکانم قورس تر دەبن!؟ بەو خوایە بـە مردن نەبێت ڕزگارم نابێت! ". ئەمجا خەلیفە بانگی باسمی کردو وتی:

ئەگبەت تۆ پۆلیسی حەسـحەس نیـت وەکو ئـەوان؟ وەرە پێـشەوە ئـەم تاوانبـارە مـاوە بیبەو وەکو ئەوان ئامادەی بکەو چاوەڕێی فەرمان بە. باسمیش ناچار چوو تاوانباری هێناو چاوی بەستەوەو شمشێری خستە سەر ڕیسی ملی‌و چوارمشقی داینا ئـەمجا لـە دڵی خۆیـدا وتی:

" ئەی خوای بانی سەر ئاخر ئێستا چی بکەم! ئەگەر شمشێر لـە کـالان ڕادەکێشم داری گەلا خورمایە! دەبم بە گاڵتە جاری ئەم هەموو خەڵکەو خەلیفـەش تێـرم پـێ ڕادەبوێرێـت ئەمجا فەرمان دەدات لە ملی منیش بدەن!! بۆخاتری خوا ئاخر من چیم کردبـوو ئـاوا بـەم شێوەیە تووش بووم!؟ " ئەمجا بەناچاری شمشێرەکەی بە کالانەکـەوە خـستە سەرشـانی کە گوایە. ئامادەی فەرمانی خەلیفەیە! خەلیفەش چاك دەزانێت هەڵوێـستی باسـم چۆنە؟ پـێ دەکەنێت باسمە داماویش ئاگای لە دنیا نـەماوە! ئـەمجا دەسـرەکەی گـرت بـە دەمـی یـەوەو خەلیفەش پێی وت:

"وەکو هاوڕێکانت شمشێرەکەت لە کالان دەربێنە! ". باسمیش وتی:

قوربان جوان نیە لە بەردەم مـیری موسـڵمانان دا شمـشێر دەربێـنم! " بەیەکەم کەسـی وت:

دەی ملی بپەڕێنە ئەویش کەللەسەری لە لەشی جیاکردەوە! هاورنەرەشید پێی وت:

دەست خۆش مەحەمەد. ئەمجا فەرمانی دا دیاریەکەی وەرگرتو سەرمووچەشیان بۆ نووسی. ئەمجا خەلیفە بە دووەمی وت:

"دەی عوسمان ملی بپەڕێنە! " ئەویش وتی:

بە چاوان. لە ملی دا هارونەرەشید وتی:

دەستت خۆش. خەڵاتیان بە ئەویش بەخشیو سەرمووچەیان بۆ نووسی. ئەمجا خەلیفە سێ یەمی بانگ کرد. ئەویش وتی:

بە چاوانو وەکو هاوڕێکانی جێ بەجێ ی کرد. هارونەرەشید فەرمانی ئەویشی دەرکردو خەڵات کراو سەرمووچەی بۆ نووسرا. ئەمجا قیژاندی بەسەر باسم دا "دەی حەسحەس تۆیش بدە لە ملی تاوانبار وەکو هاوڕێکانت! " باسمی داماویش لە تاو کێشەی خۆی فری بە دنیاوە نەمابوو! لە پڕ لە سەرقاچێك خولایەوەو وتی:

بە چاوان قوربان ئەمجا بە تاوانباری بەردەستی وت:

شایەتمان بێنە! تاوانبار وتی:

گەورەم شایەتمانم هێناو شایەتی دەدەم ئەمە ویستی خوایە! ئەمجا باسم وتی:

گەر برسیتە با تێرت بکەم! گەرتونیتە بائاوت بدەم! گەر ناڕەواییشت لێ دەکرێت بشیرێنە و بڵێ "زۆرداریم لێ دەکرێت! " لە دڵی خۆیشیدا دەڵێت خوایە بڵێی لەم گوتاوە رزگارم ببێت!؟ باسمیش وتی:

درۆ دەکەیت من بەڵگەیەکم پێ یە دەمەوێت تەنیا خەلیفە بی بینێت! هارونەرەشید هەر بوورایەوە ئەوەندە پێکەنی! باسم تاوانبارەکەی بە کێش کردە بەردەم خەلیفەو خێرا کڕنووشی بۆ بردو وتی:

"گەورەم تەنیا دوو وشەم لێ ببیستە! ئەم شمشێرەم لە باووباپیرانمەوە بۆ ماوەتەوە سیحری یە! زۆر سەیرە! کە شەڕی پێ دەکەم گەربەرامبەرەکەم بێ تاوان بێت ئەم شمشێرە دەبێت بە دار!! گەر تاوانبار بێت ئەوا شمشێرەکە تا بڵێ ی تیژە! ئەم شمشێرە باوکم لە باپیرەمەوە بۆی ماوەتەوەو منیش لە باوکمەوە بۆم ماوەتەوە! ئەمجا شمشێرە دارینەکەی بە کالانەوە فڕێ دایە بەردەم خەلیفەو وتی:

ئەگەر ئەم کابرایەی بەردەستم تاوانبار بێت هەرئێستا پریشك دەداتو ملی ئەم کابرایە دەبڕێت! گەر بێ تاوان بێت ئەوا:

کە دەری دێنێ دەبێت بە پارچەیەك تەختەو داری گەڵاخورما! ئەمجا خەلیفە فەرمانی دا دەی شمشێرەکەت هەڵکێشە لە کالانەکەیو لە بەرچاوم لە ملی بدە. باسم شمشێرەکەی هەڵکێشاکە تاوانبار مل پەڕین بکات دارێك هاتە دەرەوە! ئەمجا سەرێکی باداو وتی:

گەورەم ئەوەتا کابرا بێ تاوانە!! خەلیفەوەدەوروبەری دایانە قاقای پێکەنین! باسمیش خێرا خێرا دەیوت:

قوربان ئازادی بکە بێ تاوانە! ئەمجا خەلیفە بە هەمان شێوە خەڵاتی باسمیشی کردو فەرمانیدا جلوبەرگی پۆلیسی بدەنێو کردی بە سەردەستەی حەسحەسەکانو مووچەی بۆ بڕینەوە. تاکو ئەو رۆژەی باسم مرد هاورێی خەلیفە بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٣٧

# چیرۆکی بەدر باسمی کوڕی شاشەهرەمانو کچی سەمەندەل شا

شەهرەزاد وتی:

ئەی شاشەهرەیار ناسراوی ناودار خاوەنی بڕیار دەگێرنەوە زەمانی زوو ساڵانی زۆر رابردوو لە زەوی عەجەمیان شاشەهرەمان هەبوو. کە خۆراسان پێیتەختی بوو بۆیە لەوێ نیشتە جێ بوو. بەرودوا (١٠٠) دانە ژنی هێنا بەڵام مەخابن خوا نەکوڕێکی پێدا نە کچێك!! شاشەهرەمان زۆر بە داخ بوو چونکە بەشی زۆری تەمەنی بەسەر چوو بوو خوا کوڕێکی پێنەدابوو! کە ببێتە جێ نشینیو جێ ی بگرێتەوە دوای مردنی. رۆژێکیان لەماڵەوە لێیی دانیشت بوو چەند کۆیلەیەکی هاتنە بەردەمیو وتیان:

گەورەم بازرگانێكو کەنیزەکێك لە بەردەروازەی دەرەوە وەستاون کە هێشتا کەنیزەکی لەوشێوەیە جوانمان نەدیوە! ". شا شەهرەمان وتی:

بابێن کە بازرگان هێنایو پاشا سەیری کرد هێندە جوان بوو. دڵت نەدەهات سەیری بکەیت کراسێکی ئاوریشمی ئاودامانی لە بەردا بوو نەخشی زێڕینی لە سەر کێشرابوو. کە بازرگان پەچەی لە سەر رووی لادا ئەو ناوەی هەر رووناك کردەوە! دەتوت ئەم شیعر بەسەر ئەودا هەڵدراوە.

| | |
|---|---|
| دانسقەیە ئەو جوانیەی هەیەتی | زۆر شەرمنو بێدەنگیە کەسێتی |
| نە باڵا بەرز نە تەواو کورتە بنە! | پڕەو بەرگی پێوەی دیارە تەسکێتی |
| پاوانەی پێو قژی رەش و روومەتی | کەچی گۆنای خۆرێ بوو، بۆ سپێتی |

شا شەهرەمان ئەو کەنیزەکەی زۆر پێ جوانو ناسك بوو لە بازرگانەکەی پرسی:

"نرخی چەندە؟ ". بازرگان وتی:

"گەورەم کاتی خۆی بە (٢٠٠٠) دینارم کڕیوە. ئەوە (٣) ساڵە لەگەڵ خۆم دەیگێڕم تاکو گەیشتوومە ئێرە نرخی گەیشتووەتە (٣) هەزار دینار لەگەڵ ئەوەشدا قوربان هەروا پێشکەشت بێت!! ". پاشا قسەی بازرگانەی زۆر پێخۆش بوو. بۆیە خەلاتێکی زۆری کردو فەرمانیدا (١٠٠٠٠) دیناری بدەنێ. بازرگان وەری گرتو دەستی پاشای ماچ کردو لێیداو ڕۆیشت. شا شەهرەمان بەکەنیزەکەکانی وت:

بیبەنە لای خۆتانو ڕێك وپێکی بخەن. ژوورێکی بۆ تەرخان بکەن. هەرچییەکی پێویستە بۆی دابین بکەن. ئەمجا کەنیزەکەیان خستە ژوورێکەوە کە پەنجەرەکانی بەسەر دەریادا دەیڕوانی. دواتر خەلیفە خۆی کرد بە ژوورەکەیدا کەچی کەنیزەکە کە لەبەری هەڵ نەستا! هەر وەکو ئەوەی لە ئەشکەوتدا پەروەردە بووبێ‌و فێری هیچ ڕەوشتێکی باش نەکرابێت! شا سەرنجی ئەم کەنیزەکەی دا زۆری بەلاوە شۆخ بوو باڵاڕێك‌و جوان بوو پاشا بەتەنیشت کەنیزەکە کەوە دانیشت. فەرمانیدا سفرەیان بۆ ڕازاندنەوە هەردوکیان تێرو پڕیان خواردو جارجارە شا شەهرەمان خواردنی دەکرد بە دەم کەنیزەکەوە هەردوکیانتێر بوون‌و کەنیزەکە کە هەر هیچی نەوت‌و ئەنگۆی هەڵ نە هێنایەوە! ئەمجا پاشا، ناوی لێ پرسی!؟ کەچی وەڵامی نە دایەوە! ئەوەشی کە پاشای بێدەنگ کردبو جوانی‌و نازداری یەکەی بوو! شاشەهرەمان لە دڵی خۆیدا وتی:

پەنا بەخوا دروست کەری ئەم کەنیزەکە جوانە کەچی ناتوانێت بدوێت! هەرخوا خۆی بێخەوشە! ئەمجا چووە ناو کەنیزەکەکانەوەو لێی پرسین. ئاخۆ لەو کاتەوەی هاتووەتە نێوانتان قسەی لەگەڵ کردون!؟ ئەوانیش وتیان:

هیچمان لێیی نەبیستووە! خەلیفە فەرمانیدا کەنیزەکەکان خۆیان بۆ گێڕانی ئاهەنگێك ساز بدەن بۆ ئەم کەنیزەکە بەڵکو دڵی خۆش ببێت‌و قسەبکات کە پێداویسستی ئامادە کرا ئاهەنگێك گێڕڕا سەماوسوڕدانی تیا کرا یاری‌و هەڵپەرکێ ی تیا سازدرا هەموو دانیشتوانی کۆشك هەڵپەڕین‌و سەمایان کرد بەڵام بێ سوود بوو.، کەنیزەکە نوێ یەکە هیچی نەوت! شاشەهرەمان چونکە تەنگە چیقەڵانەبوو لە خۆی پرسی:

پەنا بەخوا ئەمە چی یە ئەم هەموو جوانی‌و شۆخی یە کەچی لاڵە!!؟ . خەلیفە زۆری حەز لێ کردو لەبەر ئەم کەنیزەکە پشتی کردە ئەو هەموو کەنیزەکانەی دی! شەو جێیی لەگەڵ نەدەکردن. (١) ساڵی ڕەبەق خەلیفە لە گەڵیدا بوو لە بەرچاوی نەکەوت‌و کەنیزەکەکەش یەك وشە چی یە نەیوت! . ڕۆژ بە ڕۆژ لە لای شاشەهرەمان خۆشەویست تر دەبوو. ڕۆژێکیان پێیی وت:

"تۆ ڕۆژ بەڕۆژ لای من شیرین تر دەبیت! دەزانیت لە بەرخاتری تۆ پشتم لە خێزان‌و کەنیزەکەکانم کردووە! ساڵێکە قسەیەکت لەگەڵم نەکردووە، بەڵام من هەر گوێشم نە

داوەتیێ! هەروتومە رۆژێك دێت دڵی نەرم ببێتو قسەم لەگەڵ بکات! ئەگەر هەربەزگماکی لالیت بەنیشارەت پێم بڵێ. هەموو ئاواتیشم ئەوەیە خوا کورێکم پێ ببەخشێ تاکو ببێتە جێ نشینم. ئاخر من تەنیام‌و کەسم نیە! چوو مەتە ساڵەوە". کەنیزەکەکە سەری داخستو کەوتە بیرکردنەوە. ئەمجا سەری بڵند کردو بۆ شا پێکەنی! پاشا لە خۆشیدا وای زانی بریسکە بوو کۆشکی رووناك کردەوە کەنیزەکەکە وتی:

ئەی پاشای چەڵەنگ ئازای وەك پڵنگ! بەو نزاگەرم‌و گورەوە مژدە بێت سکم پڕە!! بەڵام حەیف نازانم ئەمە کچە؟ یان کوڕە؟ بەو خوا لە خۆشی ئەم منالەی تۆ منیش هاتمە گفتوگۆ! ! شاشەهرەمان بەم دوو مژدەیە هێندە دڵی خۆش بوو. نەیدەزانی چی بکات!!؟ هەستاو نێوچاوانی کەنیزەکەکەی ماچ کرد ئەمجا وتی:

" سوپاس بۆ خوا کە هەردوو ئاواتەکەم هاتە دی هەم سکت لە من پڕەو هەم هاتیتە قسەکردن! " ئەمجا کۆشکی جێ هێشتو چووە سەر تەختی پاشایەتی. بە سنگێکی فراوان‌و روویەکی خۆشەوە. فەرمانی بە سەرۆك وەزیران دا دەست بکات بە دابەش کردنی خێرو دەسگیرۆیی هەژاران‌و بیوەژنان‌و پیرو پەك کەوتوان رایگەیاند کە بۆ ئەو مەبەستە (١٠٠٠٠٠) دینار ببەن ئەمجا چووە لای کەنیزەکەکەو پێی وت:

"ئەرێ خاتوونەکەم هۆی چی بوو (١) ساڵی رەبەق من‌وتۆ پێکەوە بووین وشەیەکت لەگەڵ نەوتم؟ قسەیەکت بۆ نەکردوم!؟ ئەمرۆ نەبێت!؟ هۆی ئەو بێدەنگیەت چی بوو!؟ کەنیزەکەکە وتی:

گەورەم من هەژارێکی بێکەسم! کەس‌وکارو دایك‌وباوکم بە جێ هێشتووە! کە پاشا ئەمەی بیست مەبەستی تێگەیشت پاشا وتی:

ئەمەیان کە دەڵێی هەژارم! وانیە تۆ سامانی پاشایەك لە ژێر دەستتایە! تەنانەت خۆیشم بووم بە کۆیلەی تۆ! ئەوەیش کە دەڵێیی لە دایك‌و باوك‌و براو کەس‌وکارم دابراوم ئاسانە! تۆ شوێنیان بڵێ‌و من دەنێرم هەموویان بهێنن! ئەمجا کەنیزەکەکە وتی:

ئەی پاشای زۆر پیاو ناوداری ناسراو من ناوم " گوڵناری دەریایە" باوکم پاشای دەریاکان بوو مردو تەختی پاشایەتی بۆ بەجێ هێشتین! ئێمە هێشتا تەعزیە بار بووین کەپاشایەکی دی بە سوپاکەیەوە هەڵی کوتایە سەرمان‌و تەختی پاشایەتی لێ داگیر کردین! ئێستا برایەکم هەیە ناوی (سالح)ە. دایکیشم ژنی دەریایە! لە گەڵ براکەمدا بوو بە شەڕم! نێوانمان تێکچوو سوێندم خوارد کە دەبێت خۆم بدەم بە دەست پیاوێکی وشکانیەوە! لە دەریا هاتمە دەرەوەو لە کەناری دەریای دوورگەی مانگدا لێیی دانیشتم. هێندەم زانی پیاوێکم لێ پەیدا بوو لەگەڵ خۆی بردمی یەوە ماڵ شەوێ ویستی لەگەڵم رابوێرێت! ناچار مشتە کۆڵەیەکم لێدا خەریك بوو بمرێت! رۆژی دواتر دەستی گرتم‌و بردمی لە

مەزادخانەی کەنیزەکان فرۆشتمی بەو پیاوەی کە هێنامی بۆ لای تۆ! بەلام ئەوپیاوە پیاوێکی چاکو رەساو بوو! جا پاشاگیان ئەگەر ببوایەو رێزی منت لە هەموو کەنیزەکانت زیاتر نەگرتایەو لە هەموویان پتر منت خۆش نەویستایە یەك رۆژ لە لای تۆیش نەدەمامەوە! دەزانی چیم دەکرد؟

پاشا پرسی:

چیت دەکرد بەقوربان!؟

گوڵناری دەریا وتی:

لەم پەنجەرەیەوە خۆم بەردەدایە دەریاوەو دەڕۆیشتمەوە بۆ لای دایكو براکەم! . بەلام دەزانی هۆیەکەی نەچوو نەوەم چی بوو؟ عاقڵ چونکە سکم پڕ بوو! شەرمم دەکرد بڕۆمەوە بم بینن بەو شێوەیە! . ئیدی هەزار سوێندم بۆ بخواردنایە شووم کردووە بە پاشایەك بڕوایان پێ نە دەکردم! دەیان وت:

بێ ئابڕوییت کردووە! ئەمە بوو بەسەرهاتی من.

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٣٨

شەهرەزاد وتی:

کە پاشا ئەمەی بیست نێوچاوانی ماچ کردو وتی:

بەوخوا بینایی چاوم رۆحی رەوانم بە بێ تۆ هەڵناکەم! بۆ سەعاتێکیش بێت! بێتو بەجێم بێڵیت ئەوە بزانە دەمو دەست دەمرم! گوڵناری دەریا بزەیە گرتیو وتی:

بە قوربان ئیدی کاتی منال بوونەکەم نزیك بوومەتەوەو دەبێت کەسوکارم لە لابن! پاشا وتی:

"باشە چۆن ئێوە بە دەریادا دێنو دەچن؟ گوڵنار وتی:

هەروەکو ئێوە چۆن بەوشکایی دا دەڕۆن! ئەویش بە هۆی ناوە جوانەکانی پەروەردگارو هێماکانی سەر موستیلەکەی حەزرەتی (سولەیمان) سلاوی خوای لێ بێت! پاشا ئەوە بزانە من پێیان دەڵێم:

کە تۆ منت کڕ یوەتەوەو یارمەتی زۆرت داومو رێزت گرتووم! بێخەم بە ئەوانیش بە چاو دەبینن کە تۆ پاشایت. شاشەهرەمان وتی:

خانمەکەم چۆنت پێ باشە بە دڵی خۆت بکە! کەنیزەکەکە وتی:

ئەی پاشای زەمان دڵخۆشی خەنـدان ئێمـەش کـە دەچینە دەریـاوە چـاومان کراوەیـەو وەکو ئێـوە شـتەکانی دەریـا دەبیـنین ئێـوە چۆن ئەستێرەکانو مـانگ دەبیـنن ئێمـەش بـە هەمان شێوە! ئەوەش بزانە لە نێو دەریادا زۆر تیرەو هۆز هەن. دەزانیت هێندەی زیندەوەر لە دەریـادا هەیـە لـە زەویـدا نیـە! پاشا سـەری سوڕما! ئـەمجا گوڵنـار دوو پارچـە قامیـشی دەرهێنـا لـە سەرشـانەکانی ئـاگرێکی کـردەوەو پارچـەیەکی فڕێدایـە نـاوی. ئـەمجا فیـشکە فیشکێکی کردو دەستی کردبە وتن بە زمانێك کەس تێ ی نەدەگەیشت. دوکەڵێکی گەورەی لێ بڵند بووەوە و واپاشاش هەر سەیر دەکات! ئەمجا رووی کردە پاشای مێردیو وتی:

پاشا ئەو شوێنەم دیاری کردووە بۆت بچۆ لە وێدا خۆت دابشارە بە جۆرێك تۆ دایکـمو براکەم ببینیو ئەوان تۆ نەبینن! بۆ خۆت هەر سەیر بکەو بڵێ پەنا بە خوا بۆ ئەو هەموو شتە سەیرانە! پاشا شەهرەمان هەستاو چووە شوێنە دیاری کراوەکە. گوڵناری دەریاش هـەر شت دەکاتە ئاگرەکەو دوکەڵ بڵند دەبێتەوەو عەزیمـە دەخوێنێت. تـاکو دەریـا وشـك بـوو! گەنجێکی قۆزو جوان هاتە دەرەوە! کە زۆر لە گوڵنـاری خوشـکی دەچوو. لێـوانی سـوور دەم وەکو یاقوتومەرجان. کە ئەم شیعرە دەبووە وەسفی:

| | |
|---|---|
| مانگی یەك شەوە رووی جوان و پڕە | تۆ هەموو رۆژێك سیمات وا خڕە |
| ئەو مانگی لە نێودڵی بورجێکە جارەی | تۆش هەموو دڵان بۆتۆیە وڕە |

ئـەمجا پیرەژنێکـی سەرئاسـن لـە دەریـا هاتـە دەر. (٥) کـەنیزەکی لـە تەکـدا بـوو. شـا شـەهرەمان سـەرنجی دا پیرەژنـەو کوڕەکـەی بەسـەر ئاوەکـەدا دەڕۆنو (٥) کـەنیزەك بـە دوایانەوە تاگەیشتنە لای گوڵناری دەریا. کە گوڵنار لە پەنجەرەکە ئەوانی بینی بە رووبەکی خۆشەوە، چووە پێشوازیان. ئـەوانیش یەکـە یەکـە لـە ئامێزیـان گـرتو بـە سـەریدا گریـان. ئەمجا پێیان وت:

گوڵنار گیان ئاخر چۆن دەبێت (٤) ساڵ لێمان دا بڕێتدا؟ و نەزانین تۆ لە کوێیت؟ بـەو خوایە نەنانمان نان بـوو نـەئاومان ئـاو! شـەورۆژ بیروهۆشمـان لای تـۆ بـوو کەنیزەکەکـەش خێـرا خێـرا دەسـتی دایکـیو براکـەیو ئامۆزاکـەی مـاچ دەکـرد. نزیکـەی سـەعاتێك لای دانیشتنو هەواڵی ژیانیان پرسی.! وپرسیان کە ئـەو (٤) ساڵە چی بەسـەرهاتووە؟ ئـەویش وتی:

کە لە ئێوارە جیا بوومەوە لە کەناری دوورگە لێی دانیشتم. پیاوێك منی بردەوە مـاڵی خۆی. رۆژی دواتـر بردمـیو فرۆشـتمی بـە بازرگانێـك. ئـەویش مـنی فرۆشـت بـە پاشـابە (١٠٠٠٠) دینار. پاشایش کە منی کڕی پشتی کردە هەر هەموو کەنیزەکەکانی هـەر خـەریکی من بوو.

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو

# شەوی٧٣٩

شەهرەزاد وتی:

کە براکەی ئەوەی بیست وتی:

"سوپاس بۆ خوا بە یەکتری شاد بووینەوە. بەڵام خوشکی خۆم حەزدەکەم لەگەڵ ئێمە بگەڕێیتەوە بۆ نیشتیمانی خۆمان! " کە شاشەهرەمان ئەمەی بیست ئارامی لە بەرهەڵگیرا بە خۆی وت:

گەر بە قسەی ئەوان بکات من هیچم بۆ ناکرێت! گوڵناریش کە براکەی قسەکەی تەواو کرد پێی وت:

"بەوخوایە کاکە ئەم پیاوەی کە منی کڕیوە پیاوێکی دەست کراوەو دەوڵەمەندە پاشایەکی مەزنە. زۆر ڕێزم دەگرێت- زیرەك و دڵنەرمە- وەجاخی کوێرەو نەکوڕ کچێکی نیە! دوای ئەوە چاکەی زۆری بەسەرمنەوە هەیە! تاکو ئێستا وشەیەکی ناشرینم لێ نەبیستووە. خۆم دەزانم جێ ی بهێڵم تیا دەچێت. ڕەنگە منیش لە دووری ئەودا دڵم بتەقێت! گەر باوکم بمایە هێندەی ئەم پاشایەی خۆش نە دەویستم! ئێستاش دەبینن شاژنی مەملەکەتێکم! سوپاس بۆ خوا منیش کە کچە پاشای دەریاکان بووم". کە براکەی و کچە ئامۆزاکانی ئەمەیان بیست کچە ئامۆزایەکی وتی:

خوشکێ هەموو ئاواتی ئێمە بە ختیاری تۆیە! ئێستاش گەرپێت خۆشە وەرەوە لە گەڵمان! بۆ خۆت دەزانیت کە چەندە ڕێزت لای ئێمە هەیە. ئەگەر بە هاتنەوەت بەختیاری خۆت لە دەست دەدەیت ئەوا بۆخۆت بمێنەوە! گوڵناری دەریا وتی:

بەو خوایە لێرە زۆر بێخەمم! ئاسوودەم. کە شاشەهرەمان ئەمەی لە کەنیزەکەکە بیست زۆر دڵخۆش بوو ئیدی بێخەم بوو. خۆشەویشتی کە نیزەکەکە هێندەی دی زیادی کرد.

## بەسەرهاتی پێك گەیشتنی پاشاو کەس وکاری گوڵنار

گوڵنار خۆی سەرپەرشتی خواردنەکانی مەتبەخی دەکرد. ئەمجا فەرمانی دا کەنیزەکەکانی دا سفرەوخوان ئامادە بکەن. میوەو شیرینی بێنن. خۆی کەس وکارەکەی تێریان خوارد. ئەمجا پێییان وت:

ئەرێ لەو ساوە تۆ وەسفی مێردەکەت دەکەیت ئێمەش بێ ئاگاداری ئەو هاتووینەتە ماڵەکەیەوە. خواردنی ئەوت بە ئێمە داوە. کەچی نە ئەومان بینی- نە ئەویش ئێمەی بینی. ئە پارووەیەك نانی لەگەڵ ئێمە خوارد تاکو نمەك بکەوێتە نێوانمان. ئەمجا هەموویان هێندە پەست بوون گڕ لە لوتیانەوە دەهاتە دەرەوە. کە شاشەهرەمان سەرنجی دان زۆر تووڕەن! زۆر ترسا. ئەمجا گوڵناری دەریا بە سەریانا هاتو دڵی دانەوە. ئەمجا هەستاو چووە حەشارگەکەیەوەو پێیی وت:

پاشا قسەکانت بیست!؟ ئەویش وتی:

بەڵێ خوا پاداشتی بە خێرت بداتەوە- بەو خوایە ئەمڕۆ زانیومە کە چەند منت خۆش دەوێت! لە نێو هەموو خۆشەویستاندا منت هەڵبژاردووە- گوڵناریش وتی:

پاداشتی چاکە هەربەچاکە دەدرێتەوە- ئێستاش کاتی ئەوەیە لەگەڵ من بێیتو بە خێریان بهێنیو رێزیان بگریتو خۆت لە دڵیاندا خۆشەویست بکەیت! ئەوەش بزانە کەدایكو براکەمو کچەئامۆزاکانم هەر بەو باسی چاکەوپیاوەتیو رێز لێنانەی من کە بۆم باس کردوون خۆشەویستی تۆیان لە دڵا چەسپیووە! بۆیە بڕیاریان داتاکو تۆ نەبینن نەڕۆن! پاشا وتی:

"بە چاوان ئەوە ئاواتی منیشە کە ئەوان ببینمو بیان ناسم! "ئەمجا هەستاو چوو بە خێری هێنان- ئەوانیش لە بەری هەستان! لەگەڵیان دانیشتو خواردنەکەی لەگەڵ تەواو کردن. (٣٠) رۆژی رەبەق لای کچەکەیان مانەوەو پاشا نەی هێشت بڕۆن.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو دزەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٤٠

## بەسەرهاتی منالْ بوونی گوڵناروبردنی لە لایەن خەلیفەوە بۆ ناو دەریا

گوڵناری دەریا (٩) مانگەو (٩) رۆژی خۆی تەواوکردو کوڕێکی جوانکیلەی بوو.

شاشەهرەمان زۆر دڵخۆش بوو. چونکە نە کوڕی هەبوو نە کچ! شاریان رازاندەوە (٧) رۆژی رەبەق ئاهەنگ گێڕرا حەوتەم رۆژ کەسوکاری گوڵنار گەیشتنو پیرۆزبایی خۆیان کرد. شاشەهرەمان پێشوازی کردنو وتی:

" بڕیارم داوە ئەم کوڕەم ئێوە ناوی بنێن! " ئەوانیش ڕێکەوتن لە سەر ئەوەی ناوی بنێن (باسم) ئەمجا کوڕەیان دایە دەست خاڵە ساڵحیو ئەویش بە کۆشکدا هێنایو بردی. لە کۆشك چووە دەرەوە. خۆی کرد بە ناوی دەریای خوێیاوکدا! هێندە ڕۆیشت. لە چاوی شاشەهرەمان ون بوو! پاشاش هێندە ترسا دەستی کرد بە گریان! کە گوڵناریش پاشای بەو شێوەیە بینی پێیی وت:

" بێخەم بە من کوڕەکەتم لە تۆ خۆشتر دەوێت! کوڕەکەمان بە براکەمە و ترسی خنکاندنو ئەوانەت نەبێت. گەر براکەم زانیبای مەترسی بۆ سەر کوڕەکەمان هەیە ئەو کارەی نەدەکرد. پشت بە خوا بە سەلامەتی دەگەڕێنەوە. "

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٤١

شەهرەزاد وتی:

دوای سەعاتێك. دەریا هەستاو شەپۆلەکان بەسەریەکدا شکانەوە لە پڕێکدا مەلۆتکەو خاڵی هاتنە دەرەوە زۆر بە خێرایی مەلۆتکەکەی هێنایەوە کە هێندە جوان بوو. دەتوت مانگی چواردەیە. ئەمجا ترسی ئەوەت بووبێ منالەکەت تووشی زیان بێت پاشا وتی:

ئەرێ بە خوا بڕوایشم نە دەکرد بە بێ وەی بێتە دەرەوە لەو دەریایە! خاڵی وتی:

ئەی پاشای وشکانی ئێمە بە (کل)ێك چاویمان ڕشتووە کە خۆمان دەیزانین! کۆمەڵە ناوێکمان بە سەریدا خوێندووە کە لە سەر موستیلەی حەزرەتی (سولەیمانی کوڕی داود) نوسراوە سلاوی خوایان لێ بێت. لای ئێمە کە منالێك لە دایك دەبێت بەوشێوەیەی لێ دەکەین، کە بینیت. لەمەو دوا بکەوێتە ئاوەوە یان نقومی دەریا بێت ناخنکێت! چۆن ئێوە بەسەر زەویدا دەڕۆن ئاوا ئەویش بەسەر ئاوی دەریادا دەڕوات! ئەمجا دەستی برد جزدانێکی لە گیرفانی دەرهێنا کە سەرمۆر بوو. مۆرەکەی هەڵپچڕیو ڕژاندیە سەرزەوی ئیدی ئەو ناوەی پڕکرد لە زێڕومرواریو یاقوت! (٣٠٠) لوولە زومرودی تیابوو! (٣٠٠) لوولەك زێڕ بوو کە بریسکەی لە تیشکی خۆر بە تین تر بوو. ڕووی کردە پاشاو وتی:

"ئەی پاشای وەخت ئەم زێڕو مرواریو یاقوتانە دیاری ئێمەیە بۆ تۆ گەر زوتر شوێنی گوڵنارمان بزانیبا بە بێ دەستو دیاری نەدەهاتین! پشت بە خوا زوو زوو بە خەڵاتو دیاری یەوە لەمەو دوا دێینە سەردانتان! لە دەریاداو لای ئێمە هەر زێڕو مرواری زۆرە!

باش‌و خراپیشی پێ دەزانین. کە شاشەهرەمان ئەو زێڕو یاقوتانەی بینی سەری سوڕما! وتی:

هەرپارچەیەك لە م زێڕانە هەموو سامانی من دێنێت. ئەمجا سوپاسی سالحی دەریای کردو سەیرێکی گوڵناری دەریای کردو وتی:

بەڕاستی خەجاڵەتی صالحی براتم بۆ ئەم دیارییە کە دیارییەکە بە هەموو سەرزەوی ئەمەیان پێ هەڵناسووڕێ! گوڵناری دەریاش سوپاسی صالحی باری کرد. براکەشی وتی:

ئەی پاشای بەوەخت تۆ چاکەت بەسەر ئێمەوەیە چونکە ڕێزی خوشکی ئێمەت گرتووە! ئێمەش هاتووینە ماڵی تۆوەو ڕێزت گرتووین.

## بەسەرهاتی ڕێپێدانی پاشا بە گوڵنار بۆ گەڕانەوەی بۆ نیشتمانی خۆی

ئەمجا صالحی ژنبرای پاشا کڕنووشی بۆ پاشا برد ئەویش پرسی:

"چیت دەوێت صالح؟ ". صالح وتی:

"ئەی پاشای بەوەخت لە چاکەو پیاوتی خۆتدا ئێمەت نقووم کرد. ئێستاش دەمانەوێ بگەڕێینەوە نیشتمانی خۆمان‌و بیری کەس‌و کارو ناسیاوانمان دەکەین! پەیمان دەدەم لە خزمەتی تۆو خوشکەکەمدا دەبم. بڕوا بکەن زۆرم پێخۆشە لە پەزێراییتان دا بم! بەڵام دەڵێی چی! ئێمە لە دەریادا پەروەردە بووین دەریامان لە زەوی پێ خۆشترە. خواحافیزیان کردو دەم ودەست لە چاو ون بوون‌و خۆیان کردەوە بە دەریادا. ئیدی پاشایش پتروپتر ڕێزی لە گوڵنار دەگرت. مناڵەکەش زۆر جوان پەروەردە بوو گەشەی کرد. نەنك‌و خاڵ‌و پوورەکانی زوو زوو سەریان لێ دەدان. تا دەهات مناڵەکە گەورەترو جوانتر دەبوو. تا تەمەنی گەیشتە (١٥) ساڵان. ئیدی بەڕاستی لە ناوچەکە دا تاك بوو بە جوانی. فێری خوێندن‌و نووسین‌و ڕێزمان سوارچاکی و شەڕە شیرو ڕمبازی کرا. کەس نەما لە شاردا بەکوڕی پاشادا هەڵنەدا! پاشا خۆیشی "بەدرباسم"ی زۆر زۆر خۆش دەویست! هەربۆیەش شا شەهرەمان ڕۆژێکیان وەزیران‌و سەر کردەکانی سوپێی مەملەکەتی کۆکردەوەو پەیمانی پێ‌مۆر کردن کە دوای خۆی "بەدر باسم"ی کوڕی بکەنە جێنشینی خۆی‌و لە سەر تەختی پاشایەتی دایبنێن‌و تاجی شاهانەی لە سەر بنێن. پاشا شەهرەمان خۆی پیاوێکی داد پەروەرو خاوەن ویژدان بوو! هەرچیەك لە بەرژەوەندی هاوڵاتیان نەبوایەنەی دەوت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی٧٤٢

## بەسەر هاتی راوێژ کردنی گوڵناری دەریا بە براکەی بۆ ژن هێنانی بەدرباسم

شەهرەزاد وتی:

وارێکەوت شەوێکیان صالحی برای شاژن هاتە سەردانی خوشکی ئەویش بە بەری هەستاو لە ئامێزی گرتو پرسیاری تەندروستیو چۆنیەتی دایکیو کچە ئامۆزاکانی کرد. ئەویش لە وەڵامدا وتی:

لە خوا بەزیاد بێت هەموو باشنو تەنیا ئاواتیان بینینی تۆیە! ئەمجا هەستاو سفرەو خواردنی بۆ دانا دوای نان خواردن کەوتنە گفتوگۆ تاکو باس بوو بە باسی "بەدرباسم"ی خوشکەزا قسەیان لەسەر شۆخیو باڵاو زیرەکیو سوارچاکیو رەوشتیان کرد. بەدرباسم راکشابوو! کە بیستی باسی ئەو دەکەن وای پیشان دا. کە نووستووە! بەڵام گوێی هەڵخستبوو بۆ گفتوگۆکەیان. صالح بەگوڵناری خوشکی وت:

خوشکێ من خەمی ئەوەمە ئەم کوڕەت بەم تەمەنی(١٧) ساڵەوە خوانەکەران شتێکی بەسەر بێتو منالێکی لە پاش بەجێ نەمێنێ! بۆیە حەز دەکەم (پەری) یەکی دەریای لێ مارەبکەین! کە هێندەی خۆی شۆخو شەنگ بێت خوشکە زاکەی وتی:

ناوی ئەو (پەری) یانە یەکە یەکە بڵێ چونکە من زۆرینەیانم بینیوەو دەیان ناسم! براکەی یەکە یەکە ناوی هێنان خوشکەش خێرا خێرا دەیوت:

نە نە !بەخوا بە هێندەی خۆی شۆخو شەنگ نەبێت نامەوێت!! ئەمجا صالح وتی:

خوشکێ گیان ئیدی (پەری) دی ناناسم! خۆ ئەو (١٠٠) پەری دەبوون کە من ناوم بردن! بەڵام دەزانی ئەگەر برۆیت سەیرێکی کوڕەکەت بکەی. بزانیت نووستوویان نە؟ چونکە خوشکەکەی قسەکەی پێبڕیو چوو لای کوڕەکەیو بە وردی سەرنجیدا! پێی وابوو نوستووە. مەبەستت چیبوو. لە نوستنی کوڕەکەم!؟ صالح وتی:

خوشکێ ناوی پەرییەکم بیر کەوتوە نەم وێرا ناوی بێنم نەبادا "بەدرسالم" گوێی لێ بێتو عاشقی ببێت!! چونکە دەترسم داوای بکەین دەست بنێن بە رووماندوەو نەمان دەنێ! کوڕەکەیشت نەبادا هەر بەبیستنی ناوەکەیو ئەم هەواڵە عاشقی ببێتو خۆیشی ببێت بە خەم بۆ ئێمەشو بۆ خزمان! چونکە: عەشق هەروەکو تەنکاوێ، وایە! گەشەی کرد ئیدی بۆ خۆی دەریایە! خوشکەکەی کە ئەمەی بیست وتی:

کاکەگیان پێم وتی زۆربەی پەریيان دەناسم‌و شازادەکانیان هاواریی خۆمن بەو خوایە هەر دڵم گرتی دەچمە خوازبێنی! یاللەی دەکرد:

هەموو سامان‌و داراييیەکەمی تێ دەچووا دە پێم بڵا مەترسە کوڕەکە نوستووە.

براکەی وتی:

دەترسم بە ناگابێت!! ئەی نەت بیستووە وتراوە هێندەیان وەسفی تۆ بۆ هێناوم

به گوێ عاشق بووم پێشتر لە چاوم

گوڵناری دەریا وتی:

خێراو بە کورتی پێم بڵێ‌و مەترسە! براکەم. بەوخوایە بەوخوایە تەنیاو تەنیا شازادە جەوهەرەی پەری کچی شا سەمەندەل نەبێت کەسی دی بە کەڵکی نایەت! چونکە مەگەر هەر ئەو بە هێندەی خوشکەزاکەی من جوان‌و ناسك‌و نازار بێ!! قەدو باڵای دەڵێی شمشاڵە پێستی پەمەیی کاڵە! لێو ئاڵتوونی سووره چاوی رەش وگەورە! لەم شێوەی ئەمی نەبووە دایکی زەمانەو دەورە! کە گوڵنار ناوەکەی بیست وتی:

"بەو خوایە براگیان راست دەکەیت! ئەوە هاواریی منالی خۆمە! بە دەیان جار یەکترمان دیوە! بەڵام ئەمە (١٨) ساڵە لە یەکتر دابڕاوین! بەو خوایە راست دەکەیت هەر ئەو کچە بۆ ئەو باشە! کە "بەدرباسم" ئەو هەموو وەسفەی دانسقەیەی لە خاڵی‌و دایکی بیست. خۆشەویستی جەوهەرەی کچی شا سەمەندەل چووە دڵییەوە! لە دەریا یەکی ئەندێشەی وادا نقووم بوو کەناری نەبوو!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٧٤٣

شەهرەزاد وتی:

صالح سەیرێکی گوڵناری خوشکی کردو وتی:

"دەزانێت لەنێو پاشایانی دەریادا لە باوکی ئەو جەوهەرەیە کەرتر هەرنیە!! لەویش بە دەسەڵات تر نیە! کەوابو جارێ باسی ئەم داخوازییە لە لای کوڕەکەت نەکەیت! چونکە ئەگەر دەستی نا بەڕووومانەوە. ئەوا بێ‌خەم دەبین‌و کیژێکی دی بۆ داوا دەکەین.

خوشکەکەی وتی:

قسەکەت زۆر راستە. ئیدی بێدەنگیان لێ کرد، ئەوشەوە لێی نووستن. شازادە "بەدرباسم"یش لە ناخەوە دەسوتا! خۆی دەخواردەوەو هیچی بە خاڵی‌و دایکی. نەوت بۆ

بەیانی ڕۆژی دواتر بەدرباسمو خاڵی چوونە گەرماوەوە خۆیان شت! ئەمجا کە هاتنە دەرەوە شەرابیان خواردەوە. صالحی خاڵی هەستایە سەرپێو بە شا "بەدرسالم" و دایکی وت:

بەیارمەتی ئێوە ئیدی دەمەوێت بگەڕێمەوە نیشتمانو دایکم! "بەدرباسم"وتی:

خاڵە تەنیا ئەمشەو بمێنەوە! خاڵیشی قسەی نەشکاند خاڵە وەرە با لەناو رەزەکە دا پیاسەیك بکەین. ئەمجا کەوتنە سەیر کردنی ڕەزەکە. "بەدرباسم" لە سێبەری درەختێکدا دانیشت. ویستی ماندوویەتی خۆی دەربکات بەڵام قسەکانی خاڵی بیر کەوتوە! چاوانی پڕ لە فرمێسك بوو. ئەم شیعرەی وت:

گەر کڵپەی ئاگر جەرگم سوتێنێ قرچە لە (گەدە)و (سنگ)م هەستێنێ

بڵێن (ئاو) یان (ئەو) بۆ تۆ پێویستە دەڵێم: تەنیا (ئەو) خەم دەڕەوێنێ! ئەمجا خاڵی ئەمەی لە(بەدرباسم)بیست هەردوو دەستی پێکدادانو وتی:

"لااله الا الله محمد رسول الله. لاحول ولا قوه الا بالله العلی العظیم" ئەمجا خاڵێلێی پرسی:

ئاخۆ کە دوێنێ لەگەڵ دایکت دا باسی شازادە جەوهەرەمان کردو وەسفمان کرد- تۆ هیچت لەو قسانە بیست!؟ (بەدرباسم) وتی:

بەڵێ خاڵەگیان- هەر لەو وەسفانەوە بۆ یەکترتان کرد من عاشقی بووم. ئێستا دڵم تێ ی چووەو ئارامم لەبەر هەڵگیراوە. خاڵی وتی:

هێندە مۆڵەت بدە با بەدایکت بڵێین ڕێگات بدات لەگەڵ خۆم بت بەم پێکەوە خوازبێنی ئەو کچە شازادەیەی پەری یانە کە ناوی جەوهەرەیە بکەین- ئەمجا بگەڕێینەوە- چونکە دەترسم بێ پرسی دایکت بتبەم لێم زویر ببێ چونکە گەر لەوێ شتێکت بەسەرهاتو لێیی دابڕایت من دەبم بە هۆی ئەو جیابوونەوە- دەوڵەتیشت لە دەست دەردەچێت! "بەدرباسم" وتی:

شتی وا ناکەم! چونکە دەزانم هەر پرسی پێ بکەم ناهێڵێت لە بەر ئەو پرسی پێ ناکەم! ئەمجا لەبەردەم خاڵیدا گریا. خاڵی دڵی نەرم بوو وتی:

پەیمان بێت لەگەڵ تۆ دەڕۆم و پرسی پێ ناکەم ئەمجا هەردووکیان وتیان:

پشت بەخوا- کە خاڵی بۆی دەرکەوت- پرس بە دایکی ناکات. دەستی برد. "موستیلە" کەی حەزرەتی سولەیمان کە نەخشی تیا کرابوو لە پەنجەی دەرهێناو کردیە پەنجەی خوشکەزاکەیەوە. ئەمجا خۆیان بە دەریادا کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٤٤

# بەسەرهاتی هەواڵ دانی خاڵی (بەدرباسم) بەدایکیو تووڕەبوونی دایکی

شەهرەزاد وتی:

بەبنی دەریادا. ڕۆیشتنو ڕۆیشتن تاگەیشتنە ماڵی ساڵح. کە چوونە ژوورەوە- نەنکی بینیو لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزمانی خۆی دانیشت بوو. چوونە ژوورەوەو دەستی دایکیوئەویش (نەنك)ی ماچ کرد. ئەویش ناوچاوانی کچەزاکەی ماچ کرد. وتی:

"یاخوا بە خێربێیت! چۆن گوڵناری دایکت جێ هێشتووە؟ ئەویش وتی:

ساغو سەلامەتە! سڵاوی بۆ ئێوەو کچە ئامۆزاکانی هەبوو. ساڵح بۆ دایکی گێڕایەوە کە چۆن باسی شازادە جەوهەرەی کچی (شاسەمەندەل)ی بۆ دایکی کردووە! ئەویش گوێی لە گفتوگۆیان بووەو عاشقی بووە! دایکی ساڵح، ڕەنگی تێکچوو! وتی:

! (شاسەمەندەل)باوکی هێندە کاڵفامو زۆردارە دەیان شازادە داوایان لێ کردووە دەری کردون. پێی وتوون:

ئێوە شایستەی کچەکەی من نین! ئێمەش خەمی ئەوەمانە دەست بنێت بە ڕوومانەوە! بە دڵی شکاوەوە بگەڕێینەوە! ساڵح وتی:

دایە گیان بیرت نەچێت کچەزاکەت عاشقە! عاشق! بەو خوایە کە لەگەڵ دایکی دا قسەم کرد وتی:

ئەگەر سامانوپارەم هەموو لەسەر داناوە هەر دەچمە خوازبێنی! چونکە گەر ئەوکچە مارە نەکات دیقوسیل دەکاتو لە پەژارەیدا دەمرێت! ئەمجا دایە گیان ئەوەش بزانە کچەزاکەت کەم نیە کوڕە پاشایەکە کە مەملەکەتێکی پانوپۆڕی لە ژێر دەستدایە! گەر بیانووی ئەوەبێت کچەکەی ئەو شازادەیە ئێمەش دەڵێن: ئەمیش کوڕی پاشایەکەو کەمترنیە!! بۆیەش زۆر تەقەلا دەدەم چونکە خۆیشم بە تاوانبار دەزانم- دەبێت چۆن خستمە دەریای عەشقەوە ئاواش کارێ بکەم مارەی بکات- دایکی وتی:

چی دەکەیت بیکە! بەڵام نابێت قسەی بەرزو نزمی بەرامبەر بکەیت!! چونکە (کەرپیاو)ەوە زۆردارە! ئەگەر هەڵە بکەیت لە ناوت دەبا!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٤٥

# سەربووردەی چوونی ساڵح بۆ خوازبێنی بۆ لای شاسەمەندەل

شەهرەزاد وتی:

ئەمجا هەستاو چەند تووړەکەیەکی پڕ لە زێڕویاقوت کردومەرجانو زومرودو بەردی بەنرخی لەگەڵ خۆی بردو خزمەتکار بۆیان هەلگرت. خوشکەزای بەگەڵ خۆی بردو رۆیشتن بۆ ماڵی سەمەندەل شا- داوایان کرد رێ یان پێ بدەن. چوونە ژوورەوەو کڕنووشیان بۆ پاشا بردو بەزمانێکی شیرین، سلاّویان کرد. کە پاشا سەرنجی دان لەبەریان هەستاو رێزی گرتن. لەلای خۆیەوە دانیان. دوای کەمێك شا وتی:

"بەڕاستی تاسەم دەکردی ساڵح! چیت پێویستەو داوای چی دەکەیت؟ تاکو بۆت جێ بەجێ بکەم! ساڵح هەستاو جارێکی دی کڕنووشی بۆ پاشا بردەوەو وتی:

ئەی پاشای زەمان پێویستی من دبە خواو بەتۆیە ئەی شێری چەلەنگ بە هەڵمەتوپلنگ! چاکەت لەسەر زارانە! ویردی هەموو شارانە! سایەت جێ ی ئارامیە! کەس لێت بێ ئەنجام نیە! ئەمجا ئەو هەموو زێڕوزیوەی نێو تووڕەکەکەی هەڵڕشتە بەردەم پێیی پاشاو وتی:

" گەورەم ئەم دیاریانەم هێناوە دەخوام پەسەندی بفەرموویتو دڵم نەشکێنیت! " شا سەمەندەل وتی:

بۆ پەسەندی بکەم!؟ چیت لەمن دەوێت!؟ پێم بڵێ!؟ ئەگەر بەمن جێ بەجێ کرا ئەوا: دەمودەست بۆت جێ ی بە جێ ی دەکەمو پێویست ناکات خۆت ماندوو بکەیت بۆ من!! گەربەمنیش نەکرا ئەوا خوایش بەندەکانی ماندوو ناکات! دیسان هەستایەوەو کڕنووشی بۆ بردەوە (٣) جاران لە سەریەك. وتی:

گەورەم پێویستیەکەم بە بەڕێزتان جێ بەجێ دەکرێت. لە ژێر دەستی خۆتدایەو خاوەنیت! هێندەش بێ ئاوەز نیم داوای کارێك بکەم کە لە توانای بەڕێزتاندا نەبێت! فەیلەسوفان وتوویانە "داوایەك لە بەرامبەر مەکە مەحاڵ بێت! داوایەك بکە بەسەریا زاڵ بێت! بەلاّم پێویستی من (کە بە هۆیەکەوە هاتوومو لە پەزێراییتاندام بە تۆ دەکرێت خوا راوەستاوت بکات). شا سەمەندەل وتی:

کە وابوو قسە بکە پێویستەیەکەت بڵێ! با لە مەبەستت تێ بگەم. ساڵح وتی:

گەورەم هاتوومەتە خوازبێنی مرواری یە تاکەکەیماڵت! شازادە (جەوهەرە)ی کچی پاشامان! خوازیارم دەست بە ڕوومەوە نە نێیتو پرزە براومان نەکەیت! هەر کە پاشا ئەمەی بیست هێندە پێ کەنی وەخیە بوو بە پشتدا بکەوێتو گاڵتەی پێ کردن! ئەمجا وتی:

پێم وابوو پیاوێکی ژیرو دانایت! قسەی هەلەقو مەلەق ناڵێیت! هەرچی هەق نەبێت نایڵێیت. ئەمە دەماغت لە کوێ یە وا ئەم قسە گەورەیەت وت!؟ ئەمە وات لێ هات هێندە کاڵفامیت ئەم داواکاریەت بدەی لە ڕووم؟

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٤٦

شەهرەزاد وتی:

ساڵح هەروەکو ئەوەی هیچی نەبیستبێت وتی:

گەورەم هەر چەند هێندەش کەسێتیم نزم نیە کە بەرێزتان دەڵێن! بەڵام چی بڵێم!؟ زەمانێك بوو منیش باوکم پاشا بوو! داخوازیەکەم بۆ شا(بەدرباسم). پاشای هەرێمەکان کوڕی شاشەهرەمانە کە خۆت تواناو دەسەڵاتی ئەوت زانی بوو! گەر خۆت بە پاشایەکی مەزن دەزانیت! شا(بەدرباسم) لە تۆ مەزنترە! گەرپێت وایە کچەکەت جوانە! ئەوا (بەدرباسم) لەکچەکەت جوانتروشۆخوشەنگ ترە! بنەماڵەکەشی لە بنەماڵەی کچەکەت ناودارترە! (بەدرباسم) شۆرە سوارەو تابڵێیت سوارچاکە! ئەگەر ئەم داواکردنە پەسەند بفەرموویت ئەوا کارێکت کردووە لە جێی خۆیدایە! ئەگەر خۆیشت لە ئێمە بە گەورەتر بگریت ئەوا بەرێیەکی هەڵەدا دەڕۆیت. شازادە (جەوهەرە) دەبێت هەر شووبکات! ئەگەر بەنیازیت بە شووی بدەیت. ئەوا خوشکەزای من زۆر لەبارە بۆ کچەکەت لواوە!

شاشەهرەیار پاشای بەختیار کە شاسەمەندەل زۆر تووڕە بوو کە هێندەی نەمابوو.، ڕەوانی لە جەستەی بچێتە دەرەوە! وتی:

"سەگە خوێڕی وام لێ هات بەو شێوەیە بم دوێنی!؟ لە نێو ئەم کۆمەڵە خەڵکەدا بوێریت بڵێیت خوشکەزاکەت بۆ کچی من شیاوە!؟ تۆکێیت!؟ خوشکی تۆ کێ یە؟ خوشکەزات کوڕی کێ یە!؟ تاکو بەم شێوەیە من دەدوێنیت! ئێوە لە چاو کچی مندا وەکو سەگن! ئەمجا دەستو پەیوەندەکانی بانگ کرد هاواری کرد:

"ئادەی لە سەری بدەن! سالح لە ژێر دەستیان هەڵاتو خۆی گەیانـدە دەروازەی دەرەوە! لە دەرەوە سەیری ئەم لاولای خۆی کرد هەرچی خزمو کەسوکاری هەیە. هاتوونو ئامادەی جـەنگن! هـەموو ئامۆزاکـانیو خزمـانو خێڵەکـەی هـاتوون هـەموو شمـشێرو قـەڵغانو بەدەستنو گورزوڕمیان ئامادەی جەنگە. تومەز دایکی ئەو هومـوو چـەکدارەی نـاردووە کـە نزیکەی (٢٠٠٠) سەرباز دەبوون کەلێیان پرسی:

بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕانەوە. کە ئەمەیان بیستو زانیان. پاشایەکی زۆر کەرو شەرانی یە. لە ئەسپەکانیان هاتنە خوارەوە شمشێریان گرت بە دەستەوە خۆیان کرد بە کۆشکدا سەرنجیان دا ئەو لە هەواڵی دەرەوەی کۆشك بێئاگایە! تووڕەیەو دێتو دەڕواتو نەعرەتە لێدەدا! کە ئەو کۆمەڵە شمشێر بە دەستەی بینی. هاواری کرد ئادەی "ئەم سەگانە بکوژن! ". بەڵام لە ترسی ئەو هەموو چەکدارە پیاوانی کۆشك هەڵاتن- لە سەعاتێکدا کۆشکیان لە پاسەوانانی پاك کردەوە. ساڵحو خزمانی شا سەمەندەلیان قۆڵبەست کرد.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٤٧

# بەسەرهاتی هەڵاتنی بەدرباسم بۆ دوورگەیـەكو گەیـشتنی بە جەوهەرە

شازادە (جەوهەرە)کە بیستی جـەنگ روویـداوەو بـاوکی قۆڵبەست کـراوە: لـە کۆشـك چووە دەرەوە هەڵات، بەرەو دوورگەکان. لەوێش هێندە دەترسا چووەسەر درەختێکی بەرز! بە هۆی ئەو جەنگەوە، هەندێك لـە خزمـەتکارەکانی شاسـەمەندەل هـەلاتن. بەدرباسـم کە ئەوانەی بینی پرسی کرد. وتیان جەنگ بەرپابووە و شاسەمەندەل قۆڵبەست کـراوە. زۆری خەفەت خوارد کە ئەو ئاژاوەیە بە هۆی ئەمەوە بـەرپابوو زۆریـش تـرسا. ئـەویش هـەڵات. بێئەوەی خۆشی بزانێت بـۆ کوێ بـچێت قـەدەری خـوا وابـوو ئـەمیش رووی کـردە هـەمان دوورگەی کە شازادە جەوهەرەی بۆ چوو بوو! کە گەیـشتە ئـەو دوورگەیـە زۆر مانـدووبوو خۆی کەتا بـۆ بـن دارێكولـە سـەرگازی پـشتلێی درێـژ بـوو. کـەس نازانێت چـی لـە چارەی نووسـراوەو چـی دێتـە ڕێـی! دوای کـەمێك چـاوانی بـە درەختەکـەدا گێـڕا چـی ببینێـت!!؟ مانگێکی زێڕین! کیژێك کە هەرگیز کچی وا جوانی نەدی بوو! لە دڵی خۆیدا وتی:

"پەنا بە خـوا لـەو کەسـەی ئـەم جوانیـەی دروسـت کـردووە! پـەنا بـەخۆت خوایـە بـۆ دەست ڕەنگینیت! بەوخوایە ئەگەر زیریەم بە هەڵەمدا نەبات- ئەم کیژە ناسکە هەر شازادە

جەوهەرمیە! کچی شاسەمەندەلە کەزانیویەتی جەنگ روویداوە، ئەویش هەڵاتووە! ئێستاش لە سەر ئەم درەختە خۆی شاردۆتەوە! ئەگەر شازادە جەوهەرەش نەبێت لە ئەو جوانترە! کەوتە بیرکردنەوە، دوایی بڕیاری دا وتی:

بۆی سەردەکەوەو دەیگرم. ئەگەر ئەو نەبوو هەرلێرە. بەخۆی دەڵێمو خوازبێنی دەکەم! هەستایە سەر پێیانو بە جەوهەرەی وت:

"ئەرێ تۆ کێیت؟ کێ تۆی گەیاندە ئێرە!؟ " کە شازادە جەوهەرە (بەدرباسم)ی بینی سەری لە جوانیەکەی سوورما! هێندەی بە لاوە جوان بوو وەکو مانگی نێو هەواران دەهاتە بەرچاوی! ئەو باڵا ڕێکە! ئەو بزەی خەندە ناسکە! ئەمجا وتی:

"کوڕی قۆز من شازادە جەوهەرەم کچی شاسەمەندەل ساڵحو سوپاکەی لەگەڵ سوپێی باوکم کەوتە جەنگەوەو سوپێی باوکم تەفرو توونا بوو- باوکمیان بە قۆڵبەستراوی برد. منیش لە ترسدا هەڵاتمو هاتمە ئێرە! " ئەمجا وتی:

لە ترسی کوشتن هەڵاتوومو نازانم زەمانە چی بەسەر باوکم هێناوە؟ " کە شابەدرباسم ئەمەی بیست سەری سوڕما لەم ڕێکەوتەیە! لە دڵی خۆیدا وتی:

گومانی نیە بەگرتنی باوکی جەوهەرە، بە ئاواتی خۆم گەیشتووم! بەدرباسم وتی:

وەرە خوارەوە شازادە، ئەم شەڕوفیتنەیە بە هۆی هەردوکمانەوە دروست بووە! ئەوەش بزانە من شابەدرباسمم، پاشای عەجەمو (ساڵح) خاڵی منە! ئەو چوو بۆ لای باوکتو خوازبێنی تۆم بۆ بکات! منیش لە بەرخاتری تۆ مەملەکەتێکم جێ هێشتووە! ئێستاش بە ڕێکەوت لێرەدا یەکتری دەبینین! وەرە خوارەوە با پێکەوە بگەڕێینەوە کۆشکەکەی باوکتو بە شوێن ساڵح دا بگەڕێین. تاکو باوکت ڕزگار بکەینو هەر لە وێدا تۆم لێ مارە بکات بە حەڵاڵی. کە جەوهەرە ئەمەی بیست لە دڵی خۆیدا وتی:

"لە بەر ئەم ڕسوایە ئەم کێشەیە دروست بووە! باوکم دەست گیرکراوەو پاسەوانانی کوژراون. منیش ئاوارەی ئەم دوورگەیە بووم. ئەگەر فێڵێکی لێ نەکەم دەکەومە بەردەستی! بە ئاواتی خۆی دەگات! " ئەمجا هاتە خوارو (بەدرباسم) زۆر نەرمونیان بوو، زمانی شیرین بوو لەگەڵی بێ ئەوەی بزانێت چی لە دڵی شازادە جەوهەرەدایە! کە شازادە هاتە خوارەوە پرسی:

چاوەکەم وتت تۆ شا (بەدرباسم)یتو کوڕی گوڵنارخانی!؟ ئەویش وتی:

بەڵێ خاتوونەکەم شازادە جەوهەرە وتی:

" خوا باوکم لە ناو بەرێت! وەکو لە ناو چوو دڵشکاوبێت هەمیشە ئەگەر کەسێکی تر بە باشتر لە تۆ بزانێت! بەخوا کاڵفاموگومرایە! " ئەمجا پێیی وت:

"ئەی پاشای زەمانە لە باوکم مەگرە! چی کردووە- ئەگەر تۆ کەمێك منت خۆش دەوێت! من هەر زۆر تۆم خۆش دەوێت! " ئەمجا ئامێزی بۆ بەدرباسم گرتەوە باوەشیان پێدا کرد.

## بەسەرهاتی سیحرەکەی جەوهەرە لە بەدرباسمو کردنی بەباڵندەوگەڕانی ساڵح بە شوێنیدا

کە بەدرباسم ئەمەی بینیو ئەو قسانەی بیست. هێندەی تر خۆشی ویستو متمانەی زۆرتری پێ کردو پێی وت:

بەوخوایە شازادە خاڵە ساڵحم دەیەکی ئەم جوانییەی تۆی بۆ وەسف نەکردم کە عاشقت بووم! شازادە جەوهەرەش هەندێ وورتە وورتی کردو بە زمانێك کە شابەدر لێیی تێنەگەیشتو تفێکی لە (بەدرباسم) کرد. وتی:

"لەم شێوە ئادەمیزادیەت بچۆ دەرەوەو ببە بە جوانترین باڵندەی پەڕ سپی دەنووك سوور! قاچ سوور! هێشتا قسەی تەواو نەکردبوو. بەدرباسم بوو بە باڵندەیەکی پەڕسپیو دەنووكو قاچ سوور! هەستایە سەرپێیانو بەرامبە شازادە جەوهەرە وەستاو سەیری ئەوی کرد، شازادە کەنیزەکێکی هەبوو ناوی (مەرسینە) بوو. شازادە وتی:

بەوخوایە ترسی ئەوەم نەبوایە کە باوکم لای (ساڵح)ی خاڵی ئەمە بەندە! هەر ئێستا بەدرباسمم دەکوشت! ئەمە شووم بوو. خۆزگە هەر نەهاتایە وڵاتی ئێمەوە! ئەم شەڕوشۆڕە لە چاوی ئەمەی دەناسم! ئادەی کەنیزەك ئەمە ببە بۆ دوورگە بێ ئاوەکە با هەر لە تینویدا بخنکێت!

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٤٨

شەهرەزاد وتی:

ئەی شاشەهرەیار کەنیزەکەکە باڵندەکەی بردو گەیاندیە دوورگەکەو ویستی بگەڕێتەوە. بەڵام کەمێك بیری کردەوەو وتی:

لاوێکی هێنده شۆخوشەنگ جوانو باڵابەرز بۆ دەبێت لە تینووانـدا بمرێـت؟! دیـسان هەڵی گرتو بردی یـە دوورگەیـەکی دی کـە پڕلـە رەزو بـاخ بـوو کـانیو رووبـارو جۆگـەی زۆری تیابوو. لە وێ جێیی هێشتو بڕایەوە بە شازادە جەوهەرەشی وت:

خانم بردمولەو دورگەیەی پێت وتم:

بەجێم هێشت. ئەبە سەرهاتی (بەدرباسم) بوو لەولایشەوە خاڵە ساڵحی کە دەسـتو پەیوەنی شاسەمەندەلی تەفرو تووناکرد داوای گرتنی جەوهـەرەی کچی پاشای کـرد بـەڵام هەر چەند گەڕان بۆیان نەدۆزرایەوە ئەمجا ساڵح گەڕایەوە بۆ کۆشك بۆ لای دایکیو وتی:

" دایە خوشکەزاکەم لە کوێ یە!؟ " دایکی وتی:

بەوخوایە هەرکەبیستی لەگەڵ شاسەمەندەل بەشەڕ هاتوویت هەڵات! کە ساڵح ئەمـەی بیست زۆر بەخەم بوو بۆی- ساڵحیش بە دایکی وت:

بەوخوایە پێم وابێت تووش بووین بە دەست ئەم شاسەمەندەلەوە دەترسم سەربازێکی شاسەمەندەل زەفەری پێ بباتا ئەوسا خوشکەزاکەم دەدۆڕێنم چونکە بـەبێ پرسـی گوڵنـار کوڕەکـەیم هێنـاوەو ئـەم کارەسـاتە روویـدا ئـەمجا بـە چـەندین چەکدارو چـەند سـیخوڕو تەتەری نارد. تـاکو سۆراغی بەدرباسـم بکـەن! ئەوانـە دوای ماوەیـەك بـەرودوا گەڕانـەوەو ساڵحیان ئاگـادار کـردەوە کـە هـەواڵیان دەسـت نەکـەوتووە! ساڵحیش زۆر دڵتـەنگ بـوو بـۆ شا(بەدرباسم)

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بو

## شەوی ٧٤٩

## بەسەرهاتی رۆیشتنی گوڵنار بۆلای دایکی بۆ پرسینی هەواڵی کوڕەکەی

شەهرەزاد وتی:

ئەوە بەسەرهاتی بەدرباسمو خاڵی بوو. لەم لایشەوە گوڵناری دەریا کە ساڵح کوڕەکـەی برد هەر چاوەڕێی گەڕانەوەی بوو. هەر چەند رۆژێك تـوانی چـاوەڕوانی بکـات. لەبەرئـەو هاتو خۆی بە دەریادا کردو چوو بۆلای دایکی. دایکی لە بەری هەستاو ئامێزی بـۆ گرتـەوە ئەمجا کچە ئامۆزاکانی. ئەمجا پرسیاری (بەدرباسم)ی لێکردن. دایکی وتی:

خۆیو خاڵی هاتن. ئەمجا خاڵی هەرچی زێرویاقوتو مەرجان هەبوو لەگەڵ خۆیدا بردیو بەدرباسمیش لەگەڵیدا! چوون بۆ لای شاسەمەندەل بۆ خوازبێنی کچەکەی! بەڵام شاسەمەندەل کردی بە شەڕە قسە لەگەڵیدا! منیش ناچار نزیکەی (٢٠٠٠) سەربازێکم ناردە یارمەتی دانی براکەت. جەنگ بەرپابوو خوا براکەتی سەرخست بەسەر شاسەمەندەل دا. سوپاکەی تیا چوو- پاسەوانانی شا کوژران شاسەمەندەلی قۆڵبەست کرد تومەز بەدرباسم کەبیستویەتی جەنگ بەرپا بووە بێ ئەوەی ئێمە ئاگادار بکاتەوە هەڵاتووە! ئیدی ئاگامانلێی نەماوە. ئەمجا گوڵناری دەریایی هەواڵی ساڵحی برای پرسی:

دایکی وتی:

کچەکەم ئێستا لە سەر تەختی شاهانەی شا سەمەندەل دانیشتووە! ئیدی سەربازێکی زۆری ناردووە تاکو بگەڕێن بۆ (بەدرباسم)و شازادە جەوهەرە! گوڵنار کە ئەمەی بیست خەمویەژارە دایگرت. زۆریش لە براکەی تووڕە بوو کە بەبێ رێ پێدانی کوڕەکەی بردووە بۆ ناو دەریا! ئەمجا وتی:

دایە گیان بێنەوەی پاشای مێردم ئاگادار بێت هاتوومەتە نێو دەریا! ئێستا خەمی پاشامە! دەترسم کە هەموو سوپاکەی بنێرێت بە شوێنم دا. مەملەکەتەکەش لە دەست بدات. بۆیە دەگەڕێمەوە بەناراستەوخۆ مەملەکەت بە رێوە دەبەم تا پشت بە خوا کوڕەکەم دەگەڕێتەوە. کوڕەکەم پشتگوێ مەخەن. ئەوەندە بزانن ئەگەر کوڕەکەم شتێکی لێ بێت ئیدی منیش تیا دەچم! دایکی وتی:

" بێخەم بە کچی خۆم" ئەمجا چەند کەسێکی نارد تاکو بۆ کوڕەکەی بگەڕێن! دایکی بەدرباسمیش. بە چاوی فرمێسکەوەو دڵ شکاوی یەوە گەڕایەوە.

## بەسەرهاتی گیرانی بەدرباسم بە دەستی راوچیان بە باڵندەیی فرۆشتنەوەی بە پاشا

لەو لایشەوە بەدرباسم کە شازادە جەوهەرە سیحری لێکردو بە باڵندەی ناردە بۆ دوورگەی تینووانو بە کەنیزەکەکەی وت:

" با لەوێ لە تینووان دا کوێرببێت و بمرێت" ئەوە بوو کەنیزەکەکە، لەو دورگەیە دڵی نەهات دای بنێو بردی بۆ دوورگەیەکی پڕ ڕەزوباخ و جۆگەلەو ئاوو درەختی بەردار. چەند شەو چەند رۆژ لە وێدا مایەوەو بێ ئەوەی بزانێت روو لەکوێ بکاتو بفڕێت.

رۆژێکیـان راوچـی یـەك رووی کـردە ئـەو ناوچـەیەی بەدریاسـم. دەگـەرا تـاکو نێـچیرێك راوبکاتو ماڵو منداڵی پێ بە خێو بکات. لە پڕێکدا ئەو باڵندە سپی یەی بینـی کـە هێنـدە جوان بوو. بەرامبەرەکەی سەرسام دەکرد. پەڕە سـپی یـەکانی بریـسکەی دەهـات دەنـووکیو قاچەکانی سـوور. ئـەویش خێـرا تۆڕەکـەی هەڵدایـە سـەریو بەدریاسـم بـوو بـە ژێریـەوە! راوچی لە تۆڕەکەی کردەوە هێندەی بە لاوە جوان بوو دڵی نەهات:

سەری ببڕێت. بۆیە بردی بۆ شارو لە دڵی خۆیدا وتی:

دەیفرۆشم هێندە جوانە پارەیەکی باش دەکات. یەکێکی شاری بینی،لێی پرسی:

"کاکی راوچی ئەم باڵندە جوانە بایی چەندە!؟ " راوچی پرسی:

" ئەگەر پێت بفرۆشم چی لێ دەکەیت!؟ ئەویش وتی:

" سەری دەبڕمو دەی برژێنم!؟ . راوچی پرسی:

" جا تووخوا کێ دڵی دێنێ ئەم باڵندە جوانە سەرببڕێت!؟ . ئەمجا وتی:

جا بۆچی نەیفرۆشم بە پاشا بـەس نیـە ئـەو بـەخێوی دەکـاتو چـێژ لـە سـەیرکردنی دەبینێت! پارەی زۆر تریشم دەداتێ! چونـدە چەندین ساڵە من راوی سـەرزەویو نێـو دەریـا دەکەم هێشتا باڵندەی واجوانم نەدیوە! بەوخوایە نایفرۆشم" ئەمجا راوچی بـەرەو کۆشـکی شاچوو.

شەهرەزاد هەستی کردشەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی٧٥٠

شەهرەزاد وتی:

کە پاشا ئەوباڵندە سپی یە جوانەی بینی زۆر پێی جوان بوو. ویستی باڵندەکە بکڕێ! دوای ئەوەی راوچی یەیان هێنایە بەردەم پاشا. لێی پرسی:

ئەم باڵندە دەفرۆشیت!؟ راوچی وتی:

نەخێر! من هێناومە خەڵاتی پاشای بکەم! پاشا پێ کەنیو لێی وەرگـرتو (١٠) دینـاری خەڵات پێدا! راوچـی وەری گـرتو کڕنووشـی بـۆ بـردو رۆیـشت. خزمەتکارەکـە باڵندەکـەی بردە کۆشكو لە قەفەزێکی زۆر جوانی خست خـواردنو خواردنـەوەی بـۆ لـە قەفـەز کـردو هەڵی واسی. پاشا خزمەتکارەکەی بانگ کردو وتی:

ئادەی باڵندەکە بهێنـە بـا سـەیرێکی بکـەم بەڕاسـتی باڵندەیـەکی جوانـە. خزمـەتکار قەفەزەکەی خستە بەر دەستی. پاشا سەرنجی دا خواردنەکەی کەمی نەکردبوو! پاشا وتی:

بەوخوایە نازانم چی دەخوادا؟ تـاکو بـۆی ئامـادە بکـەم. ئـەمجا باڵندەکـەی هێنایـە دەر لەقەفەز باڵندەش خێرا چووە سەرسفرەکەی پاشا دەستی کردە بە خـواردنی گۆشـتی بـرژاو برنجو میوە! پاشا زۆری پێ خۆش بوو. هەروەها کە سانی دەوروبەری سەریان لەو باڵندەیە سوڕما! پاشا بە کۆیلەو خزمەتکاران و کەنیزەکانی دەوروبەری وت:

"لە ژیانم دا نەم دیوە باڵندە بەم شێوەیە خواردنی مرۆڤ بخوات. ئەمجا پاشا نـاردی بـە شوێن ژنەکەیدا بێت سەیری ئەم باڵندە جوانە بکات. حزمـەتکارێك چـوو بـە هاوسـەرەکەی وت:

خاتوونە کەم پاشا داوات دەکات کە بچیت ئەو باڵندە سەیرە ببینیت کـە کرێـوێتی. کە سفرەمان بۆ پاشا رازاندەوە ئەو باڵندیە خۆی دا بە دەرگای قەفەرزەکەیداو هاتە خـوارەوەو خوێیـدا بـە سـفرەکە پاشـاداو لـە هـەموو خواردنـەکانی خـوارد. هەسـتا خاتوونەکـەم وەرە سەیری باڵندەیەکی تابلێ جوانە! شتێکە لـە سـەیرو سـەمەرەکانی جیهـانی! هاوسـەری پاشـا شتەکەی لاشیرین بوو شوێن خزمەتکار کەوت بۆ ژووری پاشا کە سـەیری کـرد بالایـەوە زۆر دوان وردتر سەرنجی دا! گەڕایەوە دواوە. سەرپۆشەکەی دایەوە بەسەری دا! پاشا لێـی چـووە پێش و وتی:

ئەمە بۆ روت دا پۆشی خۆ ژوورەکە هەر خۆمو خۆتی‌و خزمـەتکارانی تیایـە! ژنەکـەی وتی:

پاشا ئەمە باڵندە نییەو مرۆڤێکە وەکو تۆ!! . پاشا پێی وت:

درۆ دەکەیت! کە ئێستا کاتی سوعبەتە!؟ ژنەکەی وتی:

"بەوخوایە نە سوعبەت دەکەمو نەدرۆ دەکەم! ئەم باڵندەیـە شـا (بەدرباسـم)ەو کـوڕی شاشەهرەمانە پاشای عەجەمو دایکی ناوی:

گوڵناری دەریایە! پاشا لێی پرسی:

ئەی چۆن بووە بەم باڵندەیە!؟ ژنەکەی وتی:

شازادە جەوهەرەی کچی سەمەندەل شا سیحری لێ کردووە! ئەمجا بەسـەرهاتەکەی بۆ پاشا گێڕایەوە- کە چۆن چووەتە خوازبێنی بەڵام پاشای باوکی دەستی ناوە بە رووی ساڵحی خاڵی ئـەم باڵندەیـەوە. ئەویـشلێی هاتووەتـە دەسـتو تـەختو تـاراجی پاشـایەتی تێکداوە! سەمەندەل شایشی بە (دیل) گرتووە! کە پاشا ئەمەی بیست سەری سوڕما! ئەمجا وتی:

ئەگەر منت خۆش دەوێت هەر زوو ئەم سیحرە لە سەر ئەم شا بەدرباسمە لابەرە! باهێندە بە خەمەوە نەبێت- دەستی شازادە جەوهەرە بشکێت! بڕوانە چەندە بێ دینەو فێڵبازە!؟ ژنەکەی وتی:

دە پاشا پێی بڵێ بابچێتە ئەو ژووری گەنجینەیەوە. پاشا فەرمانی دا بە باڵندەکە! باڵندەش چووە گەنجینەکەوە. ئەمجا داوای کوچەڵەیەك ئاوی کرد. کە خزمەتکار بۆی هێنا هەندێ ووردە ووردی بە سەر کوچەڵەکەدا کرد کە ئەوانی دی تێ ی نەدەگەیشتن! ئەمجا بە دەنگی بەرز وتی:

لەبەر ڕەوایی ئەو ناوە گەورانە ئەو ئایەتە سەنگینانە بۆ خاتری دروستکەری زەوی‌و ئاسمانەکان- زیندووکەرەوەی مردووان. دا بە شکاری ڕۆزیی زیندووان. لەم شێوە بچۆ دەرەوەو بگەڕێوە ئەو شێوەی خوا خۆی دروستی کردووە! هێشتا قسەکەی‌و سوێندەکەی تەواو نەکردبوو باڵندەکە خۆی ڕاوەشاندو گەڕایەوە شێوەی ئادەمیزادی جارانی ! پاشا سەرنجی دا ئەمە لاوێکە هێندە جوانە لە شێوەیدا، لەسەر زەوی نیە! کە شابەدرباسم سەیری دەورو بەری کرد وتی:

"لا اله الاالله محمد رسول الله سبحان الله خالق الخلائق و مقدر أرزاقهم و ئاجالهم" ئەمجا دەستی پاشای ماچ کردو نزای مانەوەی بۆ پاشا کرد. پاشایش سەری بەدرباسمی ماچ کردو وتی:

"ئەی بەدرباسم بەسەرهاتی خۆتمان بۆ بگێڕەوە شابەدرباسم هەرچی یەکی بەسەر هاتبوو، بۆی گێڕایەوە پاشا سەری سوڕما لە بەسەرهاتی بەدرباسم! ئەمجا وتی:

"خوا لەو سیحرەش ڕزگاری کردیت ئێستا بەتەمایت چی بکەیت؟ ئێستاش داواتان لێ دەکەم یارمەتیم بدەن کە شتی یەکەم بۆ ئامادە بکەن لەگەڵ چەند خزمەتکارو هەندێ شتوومەك. چونکە ماوەیەکی زۆرە، مەملەکەتەکەم بەدوورم! خوا بکا دەوڵەتەکەم لە دەست دەرنەچووبێت! خەمێکی ترم دایکمە چونکە لێم روونە لە بەرئەوەی نازانێت کەمن لە کوێم- زیندووم یان مردووم!؟ لێم روونە دایکم بەسەر دنیاوە نەماوەو مردووە! بۆیە تکات لێ دەکەم ئەو پاپۆرەم زوو بۆ ئامادە بکە پاشاکە سەیری ئەو جوانی‌و شۆخ‌و شەنگی یەیی کردو وتی:

(بەچاوان). ئەمجا فەرمانی دا پاپۆرێکیان بۆ ئامادە کرد چی پێویستی ڕێگا هەبوو بۆیان تێکردو باریان کرد دوای ئەوەی خواحافیزی لە پاشا کرد سواری پاپۆر بوو. بە دەریادا کەوتە ڕێ شەپۆلی دەریا دەستی پێکرد پاپۆر دەمێك بەرز دەبووەوە دەمێکیش نزم دەبوو! کە بەدەریاوانەکانیش زەوت نەدەکرا! بەم شێوەیە بەڕێوە بوون تاگەیشتە بەردەم یەکێك لە گا بەردەکانی دەریا پاپۆر خۆی دا بەو گا بەردەداو تێك شکا هەرچی لە

پاپۆڕەکەدا بوو ژێر ئاو کەوت تەنیا پاشا بەدرباسم نەبێت کە خۆی فڕێدایە سەر پارچە تەختەیەکی پاپۆڕە شکاوەکە! تەختە بە سەر ئاوەکەوە دەڕوات بێنەوەی بەدرباسم بزانێت بۆ کوێ دەچێت!؟ کە هیچی بە دەست نەبوو.

## بەسەرهاتی گەیشتنی بەدرباسم بەشاری ساحران

(٣) شەوو (٣) رۆژ بەسەر ئاوەوە بوو. رۆژی چوارەم تەختەکەی ژێری بەرەو کەنارێك بووەوە. لەکەناری دەریا دابەزی شارێکی سپی بینی کەهێندە سپی بوو. لە کۆتر دەچوو! بەلاّم باڵەخانەکانی بڵند بوون دیواری چواردەوری شار تۆکمە بوو. شەپۆلی دەریا خۆی دەماڵی بە دیواری پەرژینی شاردا! کە بەدرباسم ئەم دوورگەیەی بینی زۆر دڵخۆش بوو چونکە دەستی لە ژیان شت بوو. هێندەی برسیو تینو بوو. هێندەی زانی بەلێشاو کەرگەلو کۆمەڵە هێستری زۆرو رەوەئەسپ بۆی هاتن! کەللەیان پێدا دەکێشاو نەیان دەهێشت بەدرباسم بچێتە شارەکەوە! ئەمجا کەوتە گەڕان بە ئەو کەناری دەریایەدا بەلاّم یەك ئادەمیزادی نەبینی! لە خۆی پرسی:

باشە ئەی ئەم شارە کوییە!؟ خۆ من ئادەمیزادێکم نەبینی!! هەر رۆیشت کە خۆیشی نەیدەزانی بۆ کوێ دەڕوات بیری کردەوە پیرێکی بە قاڵی بینی! کە ئەویش بەدرباسمی بینی سلاّوی لێ کردو ئەم وەلاّمی دایەوە. کە سەیری پیرەی کرد زۆر پیرێکی جوان بوو. ئەویش لە بەدرباسمی پرسی:

ئەی لاو چی تۆی گەیاندە ئەم شارە!؟ ئەویش هەرچی یەکی بەسەر هاتبوو، بۆی گێڕایەوە. پیرەش بەسەرهاتەکەی پێ سەیربوو! ئەمجا لێی پرسی:

لە رێگا کەست نەبینی!؟ بەدرباسم وتی:

مامەپیرە "من ئەوەم پێ سەیرە ئەوشارە مەزنە ئادەمیزادێکی تیانەبوو!! پیرە وتی:

کوڕەکەم بچۆ دوکانەکەوە با تیا نەچیت! بەدرباسم بەقسەی کردو خۆی کرد بە دوکانەکەدا. پیرە چوو تۆزێك خواردنی بۆ هێناو وتی:

"کوڕەکەم بچۆ ناو دوکانەکەوە پەنا بە خوا پەنا بەو کەسەی لە دەست ئەو ژنە شەیتانە رزگاری کردوویت! بەدرباسم زۆر ترسا ئەمجا هەندێك خواردنی خواردو دوایی دەستی شت- سەیرێکی پیرەمێردەکەی کردو وتی:

"ئەرێ ئەو قسانە چی بوو!؟ منت لەم شارەو دانیشتوانی ترساند!! پیرەمێردی بەقاڵ وتی:

کوڕەکەم ئەمە شاری ساحیرانەو پاشاکە ژنە! ساحیرە! دەڵێ ی شەیتانە فێڵاویو زۆردارە! ئەو هەموو (کەر)و (هێستر)و (ئەسپانە)ی بینیتن مرۆڤ بوون وەکو منوتۆ! بەلام نامۆ بوون بەم شارە! وەکو ئێستای تۆ ئەم پاشا ژنە (٤٠) رۆژی رەبەق دەیگرێتە خۆی- دوایی بە سیحر دەیکات بە (کەر) یان (هێستر) یان (ئەسپ)- ئەمجا بەرەڵایان دەکات. ئەوە کە بۆت گێڕامەوەو وتت:

خەریك بووە بمخۆن! ئەوانە ویستویانە ئەچیتە شارەکەوە، تاکو وەکو ئەوان سیحرت لێ نەکاتو نەبیت بە ئاژەڵ! ئەمجا بە بەدرباسمی وت:

"ئێستا بەتەنیا خۆی خاوەنی هەموو شارەکەیە! ئەم پاشا ژنە ناوی (لاب)ە. کە مانای راست کەری رۆژە

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو

## شەوی ٧٥١

شەهرەزاد وتی:

کە شابەدرباسم ئەم قسانەی بیست لەو پیرەمێردە زۆر ترسا! وەکو شۆرە بی ناو ئاو دەلەرزی! وتی:

هێشتا بڕوا بە خۆم ناکەم لەو بەڵای سیحرە رزگارم بووە کەچی تووشی ترسو بەڵایەکی تر دەبم! لەوەی پێشوو خراپتر کەوتە بیرکردنەوە. لەو بەڵایانەی کە بەسەری هاتبوو. کە پیرەمێردی بەفاڵ بینی کە بەدرباسم زۆر دەترسێت. وتی:

"کوڕەکەم لە سەر ئەم دوکانە دابنیشەو ترست نەبێت پاشاو هەموو دانیشتوانی ئەم شارە منیان خۆش دەوێتو لە من ناپرسنەوە! کە ئەمەی بیست هاتە بەردوکانلێی دانیشت. کەوتە سەیرکردنی ئەو خەڵکە. کەخەڵکەکە بەدرباسمیان بینی بە پیرەمێردی بە باڵیان وت:

ئەم نێچیرە نوێ یە! ئەویش پێی وتن:

ئەمە برازامە بیستم باوکی مردووە! ناردم بە شوێنی دا تاکو تەسکینی خەمی براکەمم پێی بێت. ئەوانیش وتیان:

بەڕاستی کوڕێکی زۆر باش دیارە- بەلام دەترسین شالاب پێی بزانێت! غەدرت لێ بکاتو بیبات. ئەویش وتی:

پاشا لە قسەی من دەرناچێت! خاتری منی دەوێت هەرکەزانی برازای منە نیدی ئازاری نادات! دڵی منی پێ بنێشێت. بەدرباسم چەند مانگێك لای پیرەی بە قاڵ مایەوە. چونکە بەقاڵەکە بەدرباسمی زۆر خۆش دەویست. رۆژێکیان وەکووجاران بەدرباسم دوکانی کردەوە. هێندەی زانی (١٠٠٠) کەس شمشێر بە دەست هاتنە بەردەم دوکانەکەی کە جلوبەرگی رەنگاورەنگیان لە بەردابوو. پشتوێنی چنراو بەیاقوتیان لە پشتدا بوو. شمشێری هیندیان بە دەستەوە بوو. رمیش بە دەستەکەی تریانەوەو سواری ئەسپی عەرەبی بوو بوون! سلاویان کردو لێیان دا رۆیشتن. بە دوای ئەواندا. (١٠٠٠) کەنیزەك هاتن هەردەتوت مانگن دەدرەوشانەوە. چەند جۆر بەرگی نایابیان لە بەردا بوو. کە بەدەزووی زێرین نەخش کرابوون. هەموویان رمیان پێ بوو سواری ئەسپی عەرەبی بوو بون. هەموو روویان کردە دوکانەکەی پیرەی بەقاڵ! کە شا (لاب)یان لە نێودا بوو. کە شابەدرباسمی بینی لە دوکانەکەدا دانیشتبوو. هێندە جوان بوو. دەتوت مانگی چواردەیە. زۆر سەری سوڕما!

## شەوی ٧٥٢

شەهرەزاد وتی:

شا دابەزی چووە دوکانەکەوەو لێیی دانیشت! ئەمجا رووی کردە بە قاڵەکەو وتی:

ئەم کوڕە قۆزەت لە کوێ بوو!؟ بەقاڵ وتی:

ئەمە برازامەو چەند رۆژێکە هاتووە! رێم بدە لەگەڵ خۆم بیبەم، بیدوێنم! بەقاڵەکە وتی:

" ئەگەر بت دەمێ سیحری لێ ناکەیت!؟ خاتوو لاب وتی:

بەڵێ سیحری لێ ناکەم! پیرە وتی:

کەوابوو سوێندم بۆ بخۆ. خاتوو لاب سوێندی بۆ خوارد کە نە ئازاری بدات نە سیحری لێ بکات. ئەمجا خاتوو لاب فەرمانی دا ئەسپێکی بۆ بێنن کە زۆر نایاب و جوان رازابێتەوە رەشمەکەی زێڕ بێت! قەڵپووزی زینەکەی زێڕبێت وگۆی زمرودو نقێمی یاقوت بێت. (١٠٠٠) دیناریشی دا بە پیرەی بە قاڵ. ئەمجا پێکەوە سوار بوون. کوڕ هێندە شۆخ و باڵاڕێك بوو خەڵکی کە لە رێگا سەیری ئەو کوڕە شۆرەسوارەیان دەکرد سەرسامی دەبوون لە هەمان کاتدا دەیان وت:

تاوانە ئەم کوڕە قۆزە سیحری لێ بکرێت. ئەم ژنە نەفرەت لێکراوە ئەو مەردەی بەرێت. هەر چەند بەدرباسم گوێی لەو قسانەی خەڵك بوو بەڵام چاری نەبوو پەنای بە

خوا دابوو. ئەمجا خۆیان کرد بە کۆشکدا کە بەدرباسم ئەو کۆشکەی بینی سەری لە جوانیو خۆشی سوڕما! لە ژیانیدا کۆشکی بەو شێوەی نەدی بوو. کە سەیری رەزو باخەکەی کرد. لە دەیان جۆر باڵندەو بولبولی بینی کە هەریەکەو لە ئاوازێکی دەیخوێند. خاتوو لاب شا لە بەردەم پەنجەرەکەیدا وەستابوو دەیروانی بەسەر رەزوباخەکەدا. شوێنەکەی کەلێ ی دانیشت بوو- جێ ی نووستنی بوو. (بەدرباسم) شایش لە لای دانیشت بوو. ئەمجا فەرمانی دا سفرەیان هێنا کە زێڕین بوو چەندین جۆر خواردن دانرا تێریان خواردو دەستیان شت. ئەمجا چەندین قاپی زێڕینیان هێنا. هەندێکیان گوڵدان بوون. ئەوانی دی چەند جۆر:

شیرینیان تێدا بوو ئەمجا ژنە فەرمانی دا (١٠) کەنیزەکی گۆرانی بێژ دەست بەسازو عوودەوە ئامادە بوون- هێندە جوانوناسك بوون:

چاوتێر نەدەبوو لە سەیرکردنیان پاشا پێکێکی دایەدەست بەدرباسمو خۆیشی پێکێکی گرت بە دەستەوە. چەندیان توانی خواردیانەسە- پاشا فەرمانیدا با ئاوازەکان خۆش بن! سەمای جوان بکەن. بەدرباسم مەست بوو نامۆیی خۆی بیرچووەوە! لە دڵی خۆیدا وتی:

هەرگیز جێ ی ناهێڵم! موڵك و سامانی ئەم ژنە لە هی من زۆر ترە! لە شازادە جەوهەرەیش جوانترە! لەو بەزمو رەزمەدابوون تاکو ئێوارەهاتو دنیا تاریك بوو دیوارکۆو مۆمیان داگیرسان. شەویش تاکو ماندوو بوون لە ئاهەنگدا بوون. ئەمجا پاشا فەرمانیدا نوێن بۆ بەدرباسم دابخرێتو بنوێت- ئەمجا خۆیشی چووە جێگەی خۆیەوە. دوای ئەوەی کەنیزەکەکانی نارد بۆ حەوانەوە

شەهرەزاد هەستی کرد شەودرەنگ بووە بێدەنگ بوو

## شەوی٧٥٣

شەهرەزاد وتی:

ئەی شا شەهرەیار ئاسوودەی بەختیار- پاشا بۆ بەیانیدا چوو بەدر باسمی لە خەوهەستان فەرمانیشی دابوو. سفرەوخواردنی بەیانی ئامادە کرابوو. لە سەر کورسی دانیشتن نانیان خوارد، ئەمجا کەنیزەك دەستیان شت- ئەمجا چەند پەرداخ شەربەتی میوەی جۆراوجۆریان هێنا. چێشتەنگاو، ئاهەنگوسەما دەستی پێکردەوە. بەو شێوەیە خواردیانو خواردیانەوە ئاهەنگوسەماو سەیران بوو. تاکو (٤٠) رۆژی رەبەق. ئەمجا پاشا لە بەدرباسمی پرسی:

ئێره خۆشه یان دوكانی مامت!؟ بەدرباسم وتی:

بەوخوایه ئێره خۆشتره چیم بکەم لەو مامه کاڵفامەم!؟ هەر خەریکی:

پاقله فرۆشتنه! پاشا پێکەنی. رۆژێکیان بەدرباسم لەخەو راپەری! سەرنجی دا پاشا دیار نیه! له خۆی پرسی:

"ئاخۆ بۆکوێ چووبێت!؟ " رۆیشتنەکەی زۆری پێچوو! ئەمیش ئۆقرەی لەبەر هەڵگیرا!! بەدرباسم دەوروبەری خۆی گەرا! دیار نەبوو. لەدڵی خۆیدا وتی:

رەنگه چووبێته رەزو باخەکەوە! چووه رەزەکەوە سەیری کرد جۆگه ئاوی پێدا دەروات- لەولاوه باڵنده مێچکەیەکی جوان لەولایەوه له کەناری رووبارەکەشیدا درەختێکی بڵند هەیه. که چەند جۆر با ڵنده دەخوێنێت! کەوته سەرنج دانی باڵندەکان بۆی دەرکەوت. باڵندەکان ئەو نابینن! هێندەی زانی باڵندەیەکی رەش له تەنیشت باڵنده سپی یەکەوه نیشتەوە. دەستی کرد بەشەر کردن له گەڵیدا. هێندەی زانی باڵنده سپی یەکه بوو به ئادەمیزاد. که بەدرباسم جوان سەرنجی دا شا (لاب)ە. بۆی دەرکەوت که باڵنده رەشەکه ئادەمیزادێکی سیحر لێ کراوە! شالابیش له بەر ئەو باڵنده سپی یه به سیحر خۆی دەکات به باڵندەیەکی رەش! شا بەدرباسم (غیرە) ی لێ کردو زۆر تووره بوو، رقی له شا لاب هەستا. دوای ئەمه بێدەنگ شا بەدر گەرایەوه شوێنی خۆی. دوای سەعاتێك، شالاب گەرایەوە. دەستی کرد به سوعبەت کردن لەگەڵ شا بەدرباسم! ئەویش زۆر تووره بوو! بۆیه هیچی لەگەڵ نەووت! ئەمجا تێگەیشت که بینیویەتی، که خۆی کردووه به باڵندەو لەگەڵ باڵنده سپی یەکەدا بووە! هیچی دەرنەبری. شابەدرباسم وتی:

"خاتوو شالاب دەمەوێت رێم پێ بدەی برۆمەوه بۆ دوکانی مامه بەقاڵەکەم! زۆر تاسەی دەکەمو (٤٠) رۆژه نەم بینیوە! " خاتوو لاب شا وتی:

برۆ بەڵام زوو وەرەوه چونکه بێ تۆ هەڵناکەم. بەدرباسم وتی:

بەچاوان ئەمجا سواری ئەسپەکەی بوو، رۆیشت بۆ لای بەقاڵەکە! پیره له بەری هەستاو له ئامێزی گرتو وتی:

چۆنیت لەگەڵ ئەو بێ دینەدا؟ تا ئەمرۆیش باش بووم بەڵام ئەم بەیانیه له خەورابووم خاتوو لابم نەبینی. ئەو دەوروبەره گەرام دیار نەبوو! تاکو خۆم کرد بەرەزەکەدا! ئەمجا باسی باڵنده سپی یەکەی بۆ گێرایەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٥٤

شەهرەزاد وتی:

کە پیرەی بەقاڵ ئەمەی بیست وتی:

ئاگات لە خۆت بێت! ئەو باڵندە جۆراو جۆرانە هەموویان وەکو تۆ گەنج بوون. خاتوو (لاب) شا رقی لێیان هەستاوەو بەسیحر کردونی بە باڵندە! هەموو باڵندەکان (ئامۆ) بوون بەم شارە! ئەو باڵندەش. ئادەمیزادێکی لاو بووە بە سیحر ئاوای لێ کردووە جا هەر کاتێك بیەوێت لەگەڵی بجەنگێت! سیحر لە خۆیشی دەکاتو دەبێتە باڵندەیەکی رەشو شەر لەگەڵ ئەو باڵندەیە! دەکات. ئێستاش کە پێی زانیویت تۆ ئەوت بینیوە بووە بەباڵندە خۆی دەخواتەوە! بەڵام دڵی لێت پاك نابێتەوە. هەتا لە ژێر چاودێری خۆمدا بیت بێخەم بە! من موسڵمانمو (عەبدوڵا) م ناوە. تاکو ئێستا کەس نەبووە شان بدات لەشانم لە سیحردا! زۆر جاریش سیحری ئەو ژنە لەعنەتیەم پووچەڵ کردووەتەوە. بگرە هەر زۆریشم لێ دەترسێت! خۆ هەموو دانیشتوانی ئەم شارە ساحر بوون! هەموویان لە من دەترسان! چونکە ئەوان (خۆر) پەرست بوون- تەنیا من خوا پەرستم! سبەینێ وەرەوە دوکان. بۆم باس بکە کە ئاخۆ چی لەگەڵ کردویت!؟ ئەمشەو هەوڵی لە ناو بردنت دەدات! سبەینێ وەرەوە دوکان. تاکو فێری رێگاکانی بەرگری کردنت بکەمو لە خۆیو سیحرەکانی! ئەمجا بەدرباسم شا خواحافیزی لە پیرە بەقاڵ کردو گەڕایەوە ماڵی خاتوو لاب- ئەویش بە گەرمی بە خێری هێنایەوەو لای خۆیدا داینا. خواردنو خواردنەوەی بۆ ئامادە کرد. کە تێربوون، دەستیان شت، ئەمجا خاتوون فەرمانیدا شەرابیان هێنا تاکو نیوە شەو خواردیانەوە! خاتوو لاب پاشا هێندەی شەراب کرد بە گەرووی بەدرباسم تاکو بەدەمەست بوو ئاگای لە دنیا نەما کە خاتوو لاب بەو شێوەیە بەدری بینی پرسی:

تووسەری خۆشەویستت ئەگەر پرسیارێکت لێ بکەم! بە راستو دروستی وەڵامم دەدەیتەوە؟ ئەویش کە بەدەمەست بوو وتی:

بەڵێ خاتوونەکەم! خاتوو لاب وتی:

بە قوربانت بم کە هاتیتە باخەکەوەو بۆم دەگەڕایت بۆچی منت نەبینی!؟ من بووم بووم بە باڵندەیەك! با راستی یەکەیت پێ بڵێم! ئەو باڵندە سپی یە کۆیلەیەکی خۆشەویستم بوو! رۆژێکیان زویری کردم منیش توورە بووم بە سیحر کردم بە باڵندەیەکی سپی بەڵام دوێنێ ئارامم لە بەر هەڵگیرا بوو هەر کاتێکیش بیری بکەم سیحر لە خۆم دەکەمو خۆم دەکەمە باڵندەو دەچم بۆ لای! بەڵام تۆ رقت لە من هەستا بە حەقی خوای

مەزن رۆژ لە دوای رۆژ پترو پتر تۆم لە لا خۆشەویست دەبێت تاکو ئەوەی لەم دنیایەدا هەر تۆم هەبێت ئیدی هیچم ناوێت. ئەویش بەسەرخۆشی وتی:

"راست دەکەیت، لەبەر ئەوەی دوێنێ رقم لێت بوو! خاتوو لاب وا خۆی پیشاندا کە زۆری خۆش دەوێت. ئەمجالێی نووستن. نیوە شەو، خاتوو لاب هەستا لە خەو. شا بەدرباسمیش، وا خۆی پیشان دا کە نووستووە بە دزیەوە چاودێری خاتوو لابی دەکرد. سەیری کرد شتێکی سووری لە تووڕەکەیەك دەرهێنا لە ناوەڕاستی کۆشکەکەدا چەقاندی. هێندەی زانی رووبارێك ئاو پەیدا بوو بە هێندەی دەریایەك! مشتێك (جۆ) ی هێناو لە سەر گڵەکە وەشاندی هەروەکو تۆو بکات بە زەوی دا! ئەمجا بە ئاوی ئەو رووبارە، ئاوی دا! جۆیەکە گەورە بوو گوڵی کرد. ئەمجا دووری یەوە جۆیەکەی هاڕیو لە شوێنێکی کۆشکدا ئاردەکەی هەڵگرت. چووە وەجێیی خۆیولێی نووست! بەیانی شابەدرباسم هەستاو دەمو چاوی شت. دواتر بە خاتوو لابی وا سەردانی پیرەی بەقاڵ دەکەم. کە چووە لای پیرە، بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە. کە پیرەی بە قاڵ ئەمەی بیست وتی:

"بەوخوایە ئەو شەیتانە فێڵی لێ کردووی بەڵام تۆ پشت گوێی بخە! . پیرەی بەقاڵ بە هێندەی (رەتڵ) ێك بروێشی ساوەری پێداو پێی وت:

"ئەمە چیە؟ چی پێ دەکەیت!؟

تۆیش بڵێ خێری خوایە! کەمێکی لێ بخۆ ئەگەر ئەویش بروێشی خۆی دەرهێناو پێی وتیی لەم بروێشە بخۆ خۆت واپیشان بدە لێی دەخۆیت ئامان سەد ئامان یەك دەنك چیەلێی نەخۆیت! چونکە یەکسەر هەر سیحرێکت لێ بکات سەرکەوتوو دەبێت! پێت دەڵێت لەم شێوەیەت بچۆ دەرەوە ببە بە "هەر ئاژەڵێك یان باڵندەیەك کە خۆی بیەوێت! بەڵام ئەگەر لە بروێشەکەیت نە خواردبوو، ئەوا سیحرەکەی سەرکەوتوو نابێتو کارت تێ ناکات! ئەمجا تەریق دەبێتەوەو دەڵێت سوعبەتم لەگەڵ کردیت! خۆشەویستی زیاتر لە جاران نیشان دەدات! کە هەمووی فریودانە دەیکات! تۆش وەکو ئەو زمانت لوس بێتو پێی بڵێ گلێنەی چاوم خاتوونەکەم! تۆ لەم بروێشە ساوەرەی من بخۆ بزانە چەند بە تامو چێژە!؟ ئەگەرلێی خوارد گەریەك لەتە بروێشیش بێت. مستێك ئاو بڕژە پێیدا و بڵێ لەم شێوە ئادەمیزادیەت بچۆ دەرەوەو ببە، بە "ئیدی خۆت هەرچی یەکت بووێت! - بەوە! ! یەکسەر جێی بهێڵەو وەرەوە بۆ لای خۆم. تاکو پیلانی ترت بۆ دابنێم. ئەمجا بروێشەکەی بردو گەڕایەوە بۆ کۆشك، کە خاتوو لاب بەدری بینی وتی:

دەك بەخێربێیتەوە! ئەمجا پێیی وت:

بۆچی وا درەنگ هاتیتەوە گوڵەکەم؟ ئەویش وتی:

لای مامـەم بـووم ئـەویش لـەم برِوێـشەی پێـدام! هێنـدە بـەتامو بەلەزەتـە هەرحـەز دەکەیت:

لێی بخۆیت. خاتوو لاب وتی:

خۆیشمان برِوێشمان هەیە لەوەی ئەو بە چێژو بـە تـام تـرە! ئـەمجا دوو قـاپی هێنـا. ئەوەی خۆی خستە قاپێکەوەو ئەوەکەی پیرەی خستە قـاپێکی تـرەوەو هـەردووکیانی دانـا ئەمجا وتی:

لە ئەمەی خۆمـان بخـۆ خۆشـترە! شابەدر وای پیـشان دا، لێـی خـواردووە! کـە زانـی لـە برِوێشەکەی خواردووە مستێك ئاوی کرد بە (بەدرباسم) دا وتی:

"لەم شێوە ئادەمیزادیەت بچۆ دەرەوە هەی پیسی بۆگەن! ببە بە هێستره لار کوێرێکی ناشرین! " بەڵام هیچ نەگۆرا! بۆیـە بـە پەلـە هەسـتاو پـەلاماری (بەدرباسـم) ی داو ماچـی کردو وتی:

"گیانەکـەم ئـەوە سـوعبەتم لەگـەڵ کـردی! دڵ مـەگۆرەو لێـت نـەبێت بەرِاسـت" (بەدرباسم) یش وتی:

" بەوخوایە خاتوونەکەم دڵم خراپ نـەکردووە! لێم روونـە کـە منـت خـۆش دەوێـت. بیخۆ بیخۆ بزانە برِوێشەکەی من چەند بەلەزەتە!؟

## بەسەرهاتی بە هێستربوونی خاتوو لاب، بەهۆی سیحری بەدرباسمەوە

خاتوولاب چونکە تەریقی قسەکەی بـوو کـە سـەری نـەگرت هـەر زوو مـشتێك برِوێـشی بەدرباسمی خوارد. هەر چووە گەدەیەوە تێك چوو بەدرباسم مستێك ئاوی کـرد بـە خـاتوو لاب داو وتی:

"لەم شێوە ئادەمیزادیەت بچۆ دەرەوەو ببە بە هێستر" کاتێ خـاتوو لاب سـەیری خـۆی کرد، بووە بـە هێـستر! فرمێـسك بـە چـاوانیدا هاتـە خـوارەوەو لـوتی لـە زەوی خـشاند! شـا بەدرباسم ویستی هێسترەکە، رەشمـەبکات بـەڵام نـەی هێـشت! ئـەمجا بـیری کەوتـەوە خێـرا خۆی ئامادە کردو سواری ئەسپەکەی بـوو. دای لـە ئـاوزەنگی‌و بـە غـار رۆیـشتەوە بـۆ لای پـیرەی بـە قـاڵ کـە گەیـشت بەسـەرهاتەکەی بـۆ گێرِایـەوە! ئـەمجا پـیرەی بـەقاڵ چـوو رەشمەیەکی بۆ هێناو پێی وت:

برۆوە ئەم رەشمەیە بکە سەری-لێی وەرگرتو گەڕایەوە کە هێسترەکە(بەدرباسم) شای بینی بەرەو رووی هات ئەویش رەشمەکەی کردە سەرو دەمی! ئەمجا سواری پشتی بوو، بەرەو شێخ عەبدوڵای بە قاڵ گەڕایەوە. کە شێخ هێسترەکەی بینی هەستاو وتی:

"خوا رسوات بکات! مەلعون! ".

ئەمجا بە بەدرباسم شای وت:

دە ئیتر بگەڕێوەو جێگای تۆ، لەم وڵاتە نەماوە! رەشمەکەی بگرەو بگەڕێوە نەکەی ئەو رەشمەیە بدەیت بە دەست کەسی دی یەوە! شا بەدرباسم زۆر سوپاسی پیرەی بە قاڵی کرد. خوا حافیزی کردو سواری هێسترەکەی بوو (٣) رۆژ بە رێگاوە بوو- ئەمجا گەیشتە شارێك لە رێگا پیرێکی جوانی بینی سلاّوی لێ کرد. ئەویش پرسی:

"کوڕەکەم لە کوێوە دێیت!؟ "- ئەویش وتی:

لە شاری ئەم ساحیرەوە! پیرە وتی:

ئەم شەو تۆ میوانی منی! ئەویش شوێنی کەوت. لە رێگا پیرەژنێکی بینی دەستی بە گریان کردبوو.

کە هێسترەکەی بینی ئەمجا وتی:

"لا اله الا الله" . ئەم هێسترە لە هێستری کوڕەکەم دەچێت! بەڵام هێسترەکەی ئەو تۆپی! توخوا گەورەم ئەم هێسترەم پێ بفرۆشە!

شا بەدرباسم وتی:

دایە گیان بەو خوایە ناتوانم بیفرۆشم بەکەس! پیرەژن دیسان بە پاڕاننەوە وتی:

بەو خوایە گەر ئەم هێسترەم پێ نەفرۆشیت لەوەیە کوڕەکەم لە خەمیدا بمرێت! ئەمجا کەوتە پرسیار بەدرباسم وتی:

گەر (١٠٠٠) دینار نەکات، نایفرۆشم! لە دڵی خۆیدا وتی:

پیرەژنێکی ئاوا (١٠٠٠) دیناری لە کوێ بوو، بیکڕێت!؟ پیرەژنە لە گرێی فەقیانەی کراسەکەیدا (١٠٠٠) دەرهێنا. کە شا بەدرباسم ئەوەی بینی وتی:

"دایە گیان سوعبەتم لەگەڵ کردیت! پێم وتیت:

ناتوانم بیفرۆشم! "

پیرەمێردەکەی لە گەڵیدا بوو وتی:

"کوڕە شیرینەکەم لەم وڵاتە هەرکەسێك درۆبکات دەمودەست دەیکوژن! ".

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی٧٥٥

بەسەرهاتی رزگار بوونی خاتوو لاب شا. لە سیحرەکەی‌و کردنی بەدرباسم بە باڵندە شەهرەزاد وتی:

ناچار "بەدرباسم" شا لە سەرپشتی هێسترەکە هاتە خوارەوەو رەشمەکەی دایە دەست پیرەژنەکە! پیرەژنەش رەشمەکەی لە سەری هێسترەکەە کردەوەو کوچەلەیەك ئاوی پێ بوو رشتی بە هێسترەکە داو وتی:

"کچەکەم لەم شێوەیە بگۆڕێ بۆ شێوە راستەقینەکەی خۆت! " هەرلەوێدا دەمو دەست گۆڕا بە کیژە جوانەکەی جاران! ئەمجا باوەشی بە پیرەژنەدا کرد. "بەدرباسم"شا بۆی دەرکەوت کە ئەم پیرەژنە دایکێتی! پیرەژنە فیکەیەکی گەورەی لێدا زوو دێوێك پەیدا بوو! بەهێندەی کێوێك دەبوو. بەدرباسم شا زۆر ترسا! پیرەژن چووە سەر پشتی دێویەکەو کچەکەی لە پاشکۆی خۆیەوە سوار کرد! لێیان داو رۆیشتن. هەر سەهاتێکیان پێچوو. گەیشتنە کۆشکی ئەمجا خاتوو لاب شا کە "بەدرباسم" شایشی لە گەڵ خۆی سەرخست بوو. پێی وت:

"خوێڕی هاتینە ئێرەو بە حەزو ئارەزووی خۆت گەیشتیت! پیشانت دەدەم چی بە تۆو بەو پیرە بەقاڵە دەکەم!؟ ئای چەندە باش بووم بۆ ئەوپیرە کەچی ئەوخیراپەی بەرامبەر کردم!! تۆیش بەهۆی ئەوەوە گەیشتیتە ئێرە! ئەمجا ئاوێکی پیا هەڵپرژاندو وتی:

"لەم شێوەیەوە بگۆڕێ بە باڵندەیەك ی زۆر ناشیرین! " دەمو دەست بوو بە باڵندەیکی زۆر ناشیرین! ئەمجا خستییە قەفەزێکەوە! نانو ئاویشی نەدایە! کەنیزیەکێکی کۆشك کە پێشتر ئەولاوە جوانەی دی‌بوو بەزەیی پیا هاتەوەو هەموو جارێ:

بەدزی خاتوو لابەوە دانو ئاوی دەدایە! رۆژێکیان سەرنجی‌دا خاتولاب سەرقاڵە. کە نیزەکەکە خۆی دزیەوەو چوو بۆ دوکانی پیرەی بەقاڵ‌و بەسەرهاتەکەی بۆ گێڕایەوە! پێی وت:

"خاتوون لاب شا سوورە لە سەر ئەشکەنجە دانی برازاکەت! ". پیرە سوپاسی کردو وتی:

"هەر رۆژێ دێت لە سەر تەختی پاشایەتی بکەهێنمە خوارەوەو کچی جوان تۆ بخەمە سەر تەختی پاشایەتی! ئەمجا پیرەی بەقاڵ فیکەیەکی گەورەی لێدا دێوائێك پەیدا بوو "٤" باڵی هەبوو! بەدێوەکەی وت:

ئەم کەنیزەکە ببەو بیگەیەنە لای گوڵناری دەریا و "پەپوولە"ی دایکی لە دنیادا لەو دووانە ساحیرترو بە تواناتر نیە! کە چویتە ئەوێ پێیان رابگەیەنە کە شا بەدرباسم:

لەلای خاتوو لاب شا "دیل"ە دیۆە کە کەنیزەکەکەی خستە سەر پشتی‌و فڕی بەرەو کۆشکی گوڵناری دەریا. دوای سەعاتێك گەیشتن.
شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧٥٦

## بەسەرهاتی هاتنی کەسوکاری بەدرباسم شا بۆ رزگار کردنی شابەدرباسم

کە دێوە کە لە سەر بانی کۆشکی گوڵناری دەریا نیشتەوە. کەنیزەکەکە چووە خوارەوەو کڕنووشی بۆ گوڵناری دەریا بردو "دیل" بوونی کوڕەی لای خاتوو لاب شا پێ وت! گوڵناری دەریا رێزێکی زۆری کەنیزەکەگەی گرت. مژدەیان بە خەڵکی شاردا شا بەدرباسم دۆزاوەتەوە! گوڵ، اری دەریاو "پەپوولە"ی دایکی‌و صالحی کوڕی کەوتنە خۆ هەموو تیرەو هۆزەکانی خۆیان کۆ کردەوە. لەگەڵ سوپاکەی سەمەندەلی شادا ئامادەی هێرشیان کردن بۆ سەر مەملەکەتی "خاتوو لابی‌شا"! فەرمانی هێرش درا ئاسمانی مەملەکەتی خاتوو لاب پڕ بوو لە دێوو درنج‌و جنۆکە! دەم‌و دەست کۆشکی خاتوو لاب شاگیرا!! گوڵناری دەریاش کە . کەنیزەکەکەی پێی بوو. لێی پرسی:

کوا کوڕەکەم!؟ کەنیزەکەکەی رۆیشت قەفەزەکەی بە باڵ، دە ناشیرینەکەوە هێناو دایە دەستی ئەویش لە قەفەزەکەی دەرهێنا! جامێك ئاوی پەیدا کرد بەسەریدا خوێندی پرژاندی بە باڵندەکەداو وتی:

"لەم شێوەیە دەربچۆو بگەڕێوە شێوەی ئادەمیزادیت! قسەکەی تەواو نەکرد بوو باڵندەکە خۆی راوەشاندو بووەوە بە ئادەمیزادەکەی جاران! باوەشی بە دایکیدا کردو تێر بەسەر یەکدا گریان. ئەمجا نەنکی‌و خاڵی و کچە ئامۆزاکانی پێیان زانی‌و هاتن! چاوودڵ روونیان لە یەکتری کرد. ئەمجا گوڵناری دەریا ناردییە شوێن مام "عبداللە"ی بەقاڵدا داوای کرد:

لە هاوڵاتیان کە گوێ رایەڵی فەرمانەکانی مام عبداللە بن‌و بووەتە پاشاتان‌و جێی "شالاب"ی گرتووەتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٥٧

## بەسەرهاتی مارەبڕینی جەوهەرە لە شابەدرباسم

ئـەمجا ماڵئاواییـان لـە شـاعبدالله کـردو گەڕانـەوە شـاری خۆیـان. خەڵکەکـە بـە هەلهەلـە کێشانو ئاهەنگ و سەماوە، چوونە پێشوازییان. لە کۆشکدا شا بەدرباسم:

بە دایکی وت:

ئیدی واچاکە جەوهەرەی سەمەندەڵ شا مارە بکەمو سەقامگیرببین! دایکی وتی:

"باشت وت بەڵام ئارام بە بزانین کام کچە پاشا بۆ تۆ باشە!؟ نـەنکیو کچە ئامۆزاکانی وتیان:

ئێمەش درێغی ناکەین خوا دەکات تۆ ژن دێنیت! . گوڵنار چەندین دێوو درنجی راسپارد بگەڕێن بزانن کام پاشای مەملەکەتان کیژی جوانو ناسکی هەیە!؟ . شا بەدرباسم وتی:

دایەگیان وازلەم بیرۆکەیە بێنە! هەموو "دێوان" بانگ بکەرەوە! من لە جەوهەری کچی سەمەندڵ شا زیاتر بە هیچ کیژێکی دی قایل نیم. دایکی وتی:

ئەوە بۆ خۆت. گوڵی خۆت دەست نیشان کرد! ئەمجا دێوێکی نارد شاسەمەندەلیان هێنـا شابەدر باسمیان بەرامبەری دانا! ! کە سەمەندەڵ شا شابەدر باسمی بینی لـە بـەری هەسـتاو بەخێری هێنان.

ئەمجا شابەدرباسم خوازبینی کچەی لێکرد. ئەویش وتی:

کارەکـەری خۆتــە! لـە بەردەسـتت دایـە! . ئـەمجا ناردیـان بـەڕێورەسمی شـاهانەو بـە ئاهەنگ و سەماوە هێنایان بۆ شاری شا بەدرسام، کەگەیشت لە بەردەم زاوادا باوکی پێی وت:

کچەکەم وا لە بـەردەم ئـەم خێزانـە رێكوپێـك و رێـزدارە دا تـۆم مـارە کـرد لـەم کـوڕە چـەلەنگ کـە بەهەڵـمەت وەك پڵنگە! کچە رەزامەنـدی کـە دەر بـڕی کـە نیزەکانی کۆشـك کەوتنە هەلهەلە کێشان و ئاهەنگ گێڕان.

بۆ ماوەی (١٠) رۆژ ئاهەنگ و شاییو سەمابوو لە شارا چەندین دیاری بەنرخ بۆ تازەزاوا هات، زاواش خەڵاتی خەزووری کرد تاکو کۆتایی تەمەنیان بە خۆشیو خۆشەویستی ژیان.

# شەوی ٧٥٨

## چیرۆکی سیف الملوك و بەدیعە جەمال

شەهرەزاد وتی: دەگێڕنەوە ئەی پاشای بەختیار، خاوەنی بڕیار لە سەدەکانی زوو، سالانی رۆیشتوو پاشایەکی عەجەم هەبوو. ناوی محەمەدی کوڕی سەبائك بوو. پاشای مەملەکەتی خۆراسان بوو. ئەم پاشایە سوپایەکی زۆر بەهێزی هەبوو. بۆیە هەموو سالێك پەلاماری دەولەتێکی کافری دەدا. لەو ولاتانەی دەکەوتنە: هیند و سەند و چینەوە. یان لە ئەو ولاتانەی ئەو دیو روبارانەوە. پاشایەکی دادپەروەر و بەخشندە بوو زۆری حەز بە کۆڕ و کۆمەڵ و شیعر و ئەدەبیات و چیرۆك و بە سەرهات بوو. بۆیە هەر کەسێك چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری خۆشی بۆ بگێڕایەتەوە خەلاتی دەکرد. خۆ ئەگەر کەسێکی زمان پاراو و قسەزان و رەساو بوایە ئیدی سەر تا پای بە بەرگی نایاب پۆشتە دەکردەوە. باشترین ئەسپی خەلات دەکرد. ئەمجا ١٠٠٠ دیناریشی خەلات دەکرد. ئیتر قسەزانەکە، لێی دەدا و دەڕۆیشت. وا رێکەوت پیاوێکی گەنم رەنگ پەیدا بوو، چووە لای و پاشا زۆری بە دڵ بوو. بۆیە ١٠٠٠ دیناری خەلات کرد و سەر تا پای بە بەرگی نایاب پۆشی. فەرمانیشی دا ئەسپێکی زین کراوی بدەنێ.

دەگێڕنەوە ئەم پاشایە، وەزیرێکی .. رەزیلی، پیاو خراپی هەبوو. کەسی خۆش نەدەویست. نە دەولەمەند و نە هەژاری خۆش نەدەویست. هەموو جارێك دەیوت: بەو خۆش ویستنە، سامانی دەولەت بە فیڕۆ دەڕوات!" لە راستیدا لە ئیرەیی بردن زیاتر هیچی دی نەبوو. پاشا دەنگوباسی حەسەنی بازرگانی بیست ناردی بە شوێنیدا. کە بینی پێی وت:

"حەسەنی بازرگان . ئەوە وەزیرەکەم لۆمەم دەکات کە گوایە: ئەو دەمانەی خەلاتی زانایان و ئەدیبان دەکەم سامانی مەملەکەت بەفیڕۆ دەدەم! بەسەرهات و چیرۆکێکم بۆ بگێڕەوە هەرگیز نەبیسترابێت! سەرسوڕهێنەریش بێت. گەر بە دڵم بوو ئەوا دەتکەمە وەزیری دەستە راستی خۆم و بەشداری حوکمڕانیم دەکەیت."

حەسەنیش وتی:

"بە چاوان گەورەم. بەلام دەبێت یەك ساڵ لە سەرم بوەستیت و مۆلەتم بدەیت دواتر بەسەرهاتێکت بۆ دەگێڕمەوە هەرگیز لە وێنەیت نەبیست بێت."

پاشایش وتی:

"ئەوە سالێك مۆلەت بێت. بەلام گەر بە دڵم نەبوو؛ شار بە دەرت دەکەم."

ئەمجا فەرمانی دا خەلاتێکی باشیان کرد. پێی وت:

"نه سەفەر دەکەیت و نە خۆت دەدزیەوە. گەر درۆم لەگەڵ بکەیت ئەوە نە تۆ لە ئێمەیت و نە ئێمە لە تۆ."

ئەمجا حەسەنی بازرگان کڕنووشی بۆ برد و چووە دەرەوە. ڕۆژی دواتر ناردی بە شوێن (٥) هاوڕێی خۆشەویستی خۆیدا. کە هەر یەکەیان خوێندەوار و نووسەر و شاعیر بوون . ژیر و زمان پاراو و شارەزا بوون. کە هاتن بۆ لای بەخێری هێنان و پێی وتن ڕۆژێکە و ئەمڕۆ . دەبێت فریام بکەون پاشا داوای چیرۆکێکی سەرسوڕهێنەری و بەسەرهاتێکی نەبیستراوم لێ دەکات. ئێوەش هەر یەکەتان ڕوو بکەنە هەرێمێکی وڵات و بگەڕێن بە دوای چیرۆکی "شمشێری پاشایان"دا. ئەوەش خەڵاتی هەر یەکەتان کە (٥٠٠٠) دینارە. هەر کەسێکیان ئەو چیرۆکەی بۆ هێنامەوە خەڵاتی ئەو دەکەم."

یەکێکیانی ڕەوانەی وڵاتی "هیند و سەند" کرد. دووەمیان بۆ وڵاتی خۆراسان و سێیەمیان بۆ وڵاتی "مەغریب" و ناوچەکانی. چوارەم بۆ وڵاتی "شام". پێنجەم بۆ وڵاتی میسر. ئەمجا هەر یەکە و ڕۆژێکی بۆ سەفەر کردنیان دانا. دوای (٤) مانگ چوار هاوڕێی بە دەستی بە تاڵ گەڕانەوە. بۆیە حەسەنی بازرگان خەمی دنیای لێ هات و پرزە بڕاو بوو لە ئەو هەوڵەیشی. هاوڕێی پێنجەمی کە گەیشتە وڵاتی شام خۆی کرد بە شاری "دیمەشق"دا. کە سەرنجی دا شارێکی هێمن و ڕازاوە و ئاوەدانە و دڵ تێیدا دەکرێتەوە. ئەمجا کەوتە پرسیار کردن لە بارەی داواکاری حەسەنی بازرگان بەڵام بێ سوود بوو. ڕۆژێکیان بڕیاری دا ئەوێیش جێ بهێڵێت و ڕوو لە شارێکی دی بکات. سەیری کرد لاوێك دەڕوات و لەتر دەدات. ئەم بە کرێ گیراوەش لێی چووە پێش و پرسی:

"ئەرێ ئەوە چیتە؟ بۆ کوێ دەچیت؟"

لاوەکەش وتی:

"کاکە گیان، ئەوە پەلەی ئەوەمە زوو بگەمە ئەو گۆڕەپانەی کۆڵانی ئەو دیو. لەوێ پیرەمێردێکی قسەزان چیرۆك و بەسەرهات دەگێڕێتەوە. چیرۆکەکانی هێندە خۆش و سەرنج ڕاکێشن!! هەر نەبیستراون! جا . گەر زوو خۆم نەگەیەنمە ئەو گۆڕەپانە.. جێگام بەر ناکەوێت!!"

کابرای بە کرێ گیراویش وتی:

"منیش لەگەڵ خۆت ببە"

لاوەکەش وتی:

"کەوابوو خێراکە و شوێنم بکەوە"

ئەمجا شوێنی کەوت، تاکو گەیشتنە شوێنی ئاپوورەی خەڵکەکە. ئەویش چووە نزیکی پیاوە پیرەی رووخۆشەوە . کە لە سەر کورسی لێی دانیشتبوو. قسەی بۆ خەڵکەکە دەکرد. ئیدی چیرۆك گێڕانەوە تاکو ئێوارەی خایاند. دوایی خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد. بە کرێ گیراوی پێنجەمی حەسەنی بازرگان لێی نزیك بووە و سڵاوی لێکرد. پیرەش وتی:

"فەرموو"

کابرا پرسی:

"تۆ . پیاوێکی دانا و ناسراوی . منیش پرسیارێکم هەیە "

پیرە وتی:

"بپرسە"

کابرا وتی:

"باسی کۆڕەکانی "شمشێری پاشایان و بەدیعەی جەمال"م دەوێ."

پیرەمێرد وتی:

"ئەم چیرۆکەت لە کوێ بیستووە؟"

بە کرێ گیراو وتی:

"قوربان لە وڵاتێکی دوورەوە، بە شوێن ئەم چیرۆکەیاندا ناردووم، ئەگەر لای تۆ هەیە چەندم لێ داوا دەکەیت لە خزمەتدام! چونکە بۆ ئەم چیرۆکە گیانی خۆم خستووەتە مەترسیەوە و سەفەرم کردوە. گەر بۆم بگێڕیتەوە .وا دەزانم خێرت پێ کردووم، چونکە گیانم پێشکەشت بکەم هێشتا کەمە!!"

پیرەمێرد وتی:

"کڵاو بنێ بە هەوارە ڕێوە و دەستی ئاسوودەیی بخە ژوور سەرت! ئەو چیرۆکەم لە لایە ! بەڵام ئەم چیرۆکە، لە هەموو کۆڕ و کۆمەڵێکدا ناگێڕڕێتەوە ! دەبێت دوو بە دوو بین . تاکو بۆت بگێڕمەوە. گەر ئەم چیرۆکەت دەوێت . ١٠٠ دینارم بدەرێ. منیش بە (٥) مەرج بۆت دەگێڕمەوە کە دەبێت بۆم جێبەجێ بکەیت."

بەکرێ گیراو زۆر خۆشحاڵ بوو وتی:

"١٠ دیناریشت زیادە دەدەمێ. بە مەرجەکانیشت رازیم"

پیرەمێرد وتی:

"دە برۆ پارەکەم بۆ بێنە و چیرۆکەکەت ببەوە"

کە پارەکەی بۆ هات . بە کرێ گیراوی بردەوە. کاغەز و قەڵەمی پێدا و وتی:

"جارێ مەرجەکانی من بنووسە: نابێت ئەم چیرۆکە ١- لە سەرە رێدا بگێڕیتەوە ٢- نابێت بۆ کەنیزەکان و ژنانی بگێڕیتەوە. ٣- بۆ کۆیلەیانی مەگێڕەوە. ٤- بۆ کەسانی سوك و رسوای مەگێڕەوە. هەروەها ٥- بۆ منالانیشی ناگێڕیتەوە ! تەنیا بۆ پاشا و میرانی دەگێڕیتەوە یان بۆ وەزیران و کەسانی زانا و فەیلەسوفان"

بەکرێ گیراو هەستا و مەرجەکانی پەسەند کرد و دەستی پیرەمێردی ماچ کرد و رۆیشت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٥٩

شەهرەزاد وتی: بەکرێ گیراو کە چیرۆکەکەی بە نووسراوەیی پێ بوو. زۆر بە خۆشحاڵیەوە دیمەشقی جێ هێشت و کەوتەوە سەفەر بەرەو شوێنی خۆی. کە گەیشت خزمەتکارێکی ناردەی لای حەسەنی بازرگان و هەواڵی پێدا کە گەڕاوەتەوە. پێی راگەیاند کە : بە ئاوات گەیشتووە و چیرۆکەکەی بۆ هێناوە!!"

ئەمجا کاغەزەکەی بۆ نارد . کە چیرۆکەکەی تیانووسی بوو. بە ناوی "چیرۆکی شمشێری شاهان و بەدیعەی جەمال"ە و کە حەسەنی بازرگان کاغەزەکەی بینی و چیرۆکی "شمشێری شان و بەدیعەی جەمالی" تیا خوێندەوە بەرگەکانی بەری خۆی داکەند و لەگەڵ ئەسپ و ١٠ وشتر و ١٠ هێستر و ٣ کۆیلەدا بە خەڵات و دیاری بە خزمەتکارەکەدا بۆ نارد .! بە کرێ گیراو زۆر خۆشحال بوو. ئەمجا بە دەست و خەتی خۆی جارێکی دی نووسیەوە چووە لای پاشا و کڕنووشی بۆ برد و کاغەزەکانی دایە و وتی:

"پاشام کۆمەڵە چیرۆکێکی بێ وێنە و نەبیستراوم بۆ هێناویت!!"

پاشا که کاغەزەکانی لێ وەرگرت . فەرمانی دا چەند کەسێك لە زانایان و فەیلەسوفان شاعیران و ژیر و زیرەکان کۆ بکەنەوە. کە ئامادە بوون فەرمانی دا بە حەسەنی بازرگان فەرموو بۆیان بخوێنەوە. کە حەسەنی بازرگان لە خوێندنەوەی چیرۆکەکان بووەوە گوێگرانی سەریان لەو چیرۆکانە سوڕما کەوتنە خەڵات کردنی حەسەنی بازرگان بە زێڕ و زیو. ئەمجا پاشایش شارێکی وڵاتەکەی بە خەڵات پێ بەخشی و کردیە گەورە وەزیری خۆی. ئیدی هەر جارێك پاشا دڵی تەنگ بوایە دەینارده شوێنی حەسەن دا و لەو چیرۆکانەی پێ دەخوێندەوە.

ئەو چیرۆکەی حەسەنی بازرگان: بە کرێ گرتەکەیدا ناردی بۆ پاشا و بە هۆیەوە بووە خاوەنی شارێك و وەزیری دەستە راستی پاشا ! ئەم چیرۆکە بوو:

دەگێڕنەوە: لە سەردەمی زوو . سەدەکانی رابردوو پاشایەك هەبوو . دادپەروەر و دەست بلاو و خێرۆمەند بوو. چەندین هەرێمی لە ژێر دەستدا بوو. خاوەنی سوپایەکی پڕچەکی ئازای جەربەزە بوو. ناوی "عاسمی کوڕی سەفوان" بوو. ئەم پاشایە ماوەیەکی زۆر حوکمڕانی کرد. دواتر تەمەنی گەیشتە ١٨٠ ساڵ!! هێندە پیر بووبوو هێز و توانای کەم ببووەوە. خوا نە کوڕێکی پێ بەخشی و نە کچێك بۆیە . هەر کە دەی بینی وەزیرێکی دەستی منداڵەکەی گرتووە . ئەم لای خۆیەوە زۆری پەژارە دەخوارد و لە دڵی خۆیدا دەیوت:

بەم هەموو تەمەنەمەوە خوا وەکو ئەمانە کوڕێکی بە منیش نەدا . تاکو بیکەمە جێ نشینی خۆم! ئەم هەموو سامانەم بۆ بێگانە دەبێت!!"

رۆژێکیان هێندەی خەم خوارد لە سەر تەختی پاشایەتی هاتە خوار و لە سەر زەوی دانیشت و دەستی کردە گریان زۆر گریا..! کە "فارسی کوڕی ساڵح"ی گەورە وەزیری ئەمەی بینی دەورووبەرەکەی هەموو ناردنەوە بۆ ماڵەوە. پێی وتن:

"ئەمڕۆ پاشا تاکو بە ئاگا نەیەتەوە حوکمڕانی ناکات"

لە پاشایش چووە پێش و پێی وت:

"پاشامان پایەدار بێت . پێم بڵێ بۆچی مات و بێدەنگ دەگریت . کێ ئازاری داویت . تا بچینە سەری و ریخۆڵەی دەربێنین؟ کێ . لە حوکمڕانیت هەڵگەڕاوەتەوە تاکو سوپای بکەینە سەر؟"

بەڵام پاشا کپ و بێدەنگ بوو .! وەزیر رووی تێکرد و وتی:

"گەورەم من لەبەردەستی خۆتدا گەورە بووم. ئاخر من نەزانم بۆچی دەگریت، ئەی کێ بزانێت؟"

پاشا هەر بێدەنگ بوو! ئەمجا وەزیر زۆر پەست بوو بۆیە وتی:

"بەو خوایە گەر هۆی گریانەکەتم پێ نەڵێیت ئەوە بە بەر چاوتەوە، خۆم دەسووتێنم"!.

ئەمجا پاشا سەری بڵند کرد و وتی:

"ئەی وەزیر: وازم لێ بێنە، با خەمی خۆم هەر بۆ خۆم بێت. بەشی خۆمم پەژارە هەیە .. با پەژارەی تۆیشی نەچێتە سەر "

وەزیر کۆڵی نەدا و وتی:

"پاشام پێم بڵێ . کێ دەڵێت: خەمی تۆ بە دەستی من کۆتایی نایەت!!؟"

ئەمجا پاشا وتی:

"من نە بۆ سامان دەگریم . نە بۆ ژیان! بۆ ئەوە دەگریم کە ئەوا . تەمەنم ١٨٠ ساڵە پیر و پەك کەوتە بووم خوا منداڵێکی پێ نەبەخشیم! سەیری دەورووبەرەکەم دەکەم

هەموویان شاد و بێخەمن و خوا منالّی پێ بەخشیون و لە هیچیان کەم نییە! منیش کە مردم منالّێکم نییە ببێتە پاشا و ببێتە جێ نشینم."

وەزیرەکەی وتی:

"پاشام . من لە تۆ پیرترم و وەکو تۆ وەجاخم کوێرە!! منیش وەکو تۆ خەمبارم بەلاّم بیستوومە: خوایەکەی سولەیمانی کوڕی داود زۆر بە توانایە! هەموو شتێکی بۆ دەکرێت . دەڵێی چی بچمە سەردانی حەزرەتی سولەیمانی کوڕی داود و دیارییەکی باشی بۆ ببەم. ئێ بەڵکو لە خواکەی . بۆمان بپاڕێتەوە . کە هەر یەکەمان سەر و منالّمان پێ ببخشێت!!؟"

پاشا قسەی وەزیری بە دڵ بوو. ئەمجا وەزیر خۆی ئامادەی سەفەر کرد. چەند دیارییەکی نایابی لەگەڵ خۆی برد. لەم لایشەوە خوا سروشی بۆ حەزرەتی سولەیمان نارد و پێی راگەیاند کە گەورە وەزیری میسر بەڕێوەیە بۆ لای تۆ. بۆیە تۆیش ئاسەفی کوڕی بەرخیای گەورە وەزیری خۆت بنێرە بۆ پێشوازی لەگەڵ هەندێ لە گەورە بەرپرسانتدا. بەخێریان بێنن و پەزێراییان بکەن. کە هاتنە لای ئێوە زۆر رێزیان بگرن و داوایان لێ بکە بڕوا بە خوای مەزن بێنن. بۆیە خێرا حەزرەت فەرمایشتەکەی خوای بە جێ هێنا. ئاسەفی کوڕی بەرخیای رەوانە کرد. ئەوانیش کە گەیشتنە فارس و وەزیری "میسر" بەخێریان هێنان. ئەمجا ئاسەف پێی وتن:

"بەخێر بێن . مژدەتان لێ بێت. ئاسوودە بن. ئەوەی لە پێناویدا هاتوون . جێبەجێ دەبێت."

وەزیری میوان لە دڵی خۆیدا وتی:

"کێ هەواڵی پێ داون کە ئێمە چیمان لێیان دەوێت!!؟"

کە پرسی: ئاسەفی کوڕی بەرخیا وتی:

"حەزرەتی سولەیمان هەواڵی پێ داین."

ئەمجا وەزیر پرسیەوە:

"ئەی کێ بە حەزرەتی سولەیمانی وتووە!؟"

بەرخیا وتی:

"خوای ئاسمان و زەوی، دروستکاری زیندەوەران"

فارسی گەورە وەزیریش وتی:

"کە وابوو . خوایەکەی ئێوە فرە مەزنە!"

ئاسەفی گەورە وەزیر پرسی:

"ئێوە خوای مەزن ناپەرستن؟"

وەزیر وتی:

"ئێمە خۆر پەرستین و کڕنووشی بۆ دەبەین"

ئاسەف وتی:

"خۆر لە کۆمەڵەی خۆرەکانە و دروستکراوی خوایە. خۆر هەڵدێت. بەڵام دواتر ئاوا دەبێت و ون بەڵام خوای مەزن هەمیشە . ئامادەیە. تواناداره و بە سەر هەموو شتەکاندا."

ئەمجا هەر دوو لایان گەڕانەوە تا گەیشتنە وڵاتی "سەبەء" و نزیکی تەختی پاشایانەی حەزرەتی سولەیمانی کوڕی داود "سڵاوی خوایان لێ بێت."

حەزرەتی سولەیمان فەرمانی دەرکرد بۆ دێو و درنج و دەست و پێوەنەکانی کە بە ئەمبەر و ئەوبەری ڕێگادا ریزببن. بە درێژی هەر دوو کەناری ڕێگا فیل و شێر و پڵنگ و ئاژەڵان ریز بوون. هەروەها دێو و درنج بە هەموو شێوەکانیان خۆیان دەرخست. باڵندە و فڕندەکانی ئاسمانیش بە ئاسمانەوە. بە جۆرێك سێبەریان خستە سەر ئەو ڕێگا دوور و درێژە. هەموویشیان دەیان خوێند !

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٠

شەهرەزاد وتی: کە وەزیر و سەربازانی میسر گەیشتن و ئەو دەسەڵاتەی حەزرەتی سولەیمانیان بینی قەڵەمی ئەژنۆیان لە ترساندا شکا .! کە ئاسەفی گەورە وەزیر ئەوەی بینی پێی وتن:

"مەترسن شوێن من بکەون .! ئەمانە سەربازانی حەزرەتی سولەیمانن و خوا پەرستن .!. ئێوە میوانانی خۆشەویستی حەزرەتن . بێخەم بن."

ئەمجا بە ڕێگادا ڕۆیشتن تاکو گەیشتنە شار. هەموویانی بردنە شوێنی حەوانەوەی تایبەت بە میوانان. سێ شەو و سێ ڕۆژ پەزێرایی کران. ئەمجا وەزیری میسر و گەورە لێپرسراوانی برانە سەرای حەزرەتی سولەیمان. فارسی وەزیر خەریك بوو، بە ڕێ و رەسمی خۆیان: کڕنووش ببات. حەزرەتی سولەیمان نەی هێشت. کە دانیشتن . سفرە و خوان ڕاخرا. نان و خواردن دانرا . فەرموویان لێ کرا. ئامادە بووان هەموویان تێر کران. ئەمجا حەزرەتی سولەیمان بە وەزیری میوانی وت:

"هیچ شەرم مەکە چیتان دەوێ داوا بکەن. پشت بە خوا بۆتان جێبەجێ دەکەم! هەر چەندە دەزانم لە وڵاتی میسرەوە هاتوون پاشاکەتان ناوی "عاسم"ە. زۆر پیر و لاوازە. خوا نەکوڕی پێ بەخشیوە نە کچ! ئەویش خەم و پەژارەیەکی زۆر دەخوات بەوەی وەجاخی کوێرە! تاکو وا ڕێکەوت ڕۆژێکیان لە سەر تەختی پاشایەتی دانیشت بوو کە هەندێ لە وەزیران و میرانی مەملەکەت چوونە لای. ئەویش سەرنجی دا هەندێکیان منداڵێك و

هەندێکیان دوو منداڵ و هەندێکی دی سێ منداڵیان هەیە. لەگەڵ خۆیان دەیان هێنن بۆ سەرای حوکمڕانی. پاشاکەیشتان کەوتۆتە خەم خواردن و بیر کردنەوە و لە خۆی پرسیوە: باشە  کە مردم کێ بکەمە جێ نشینی خۆم!؟"

ئەمجا هێندەی بە پەژارە بووە  چاوانی پڕ بە فرمێسك بوون. بۆیە . لە سەر تەخت هاتووەتە خوارەوە و لە سەر زەوی ژوورەکە دانیشتووە و دەستی کردووە بە لە خۆدان و گریان."

دیسان حەزرەتی سولەیمان بە فارسی وەزیری وت:

"ئەی گەورە وەزیر  وایە  یان وا نییە!؟"

وەزیر وتی:

"ئەی پێغەمبەری خوا  راستت فەرمووا بەڵام قوربان لەو ژوورەی پاشاماندا هەر خۆم و پاشا بووین  کەسی دی گوێی لێمان نەبوو ! کێ ئەم هەواڵەی گەیاندە تۆ .!؟"

حەزرەتی سولەیمان کوڕی داود وتی:

"پەروەردگارم . پێی وتم کە هەر چییەك لە بیر و هرزی مرۆڤدا بێت  هەر چیەك لە سنگ و مێشکی مرۆڤەکاندا بێت لێی بە ئاگایە . هیچ شتێك لای ئەو شاراوە نییە"

فارسی گەورە وەزیری میسر وتی:

"ئەو پەروەردگارەی کە ئێوە . دەی پەرستن زۆر مەزن و باڵا دەستە!!"

ئەمجا هەر لەو شوێنەدا . خۆی و گەورە پیاوانی یاوەری  بڕوایان بە خوا هێنا. حەزرەت فەرمووی:

"ئەوە و ئەوەتان پێیە و بە دیاری بۆ منتان هێناوە!"

فارسی وەزیر وتی:

"بەڵێ وایە"

ئەمجا فەرمووی:

"وا منیش دیارییەکانتانم پەسەند کرد و دووبارە بەخشیمەوە بە خۆتان. بڕۆنەوە شوێن هەواری خۆتان ئەمڕۆیش بحەوێنەوە. بێخەم بن. خوا یار بێت سبەینێ بۆ هەر داخوازیەك هاتبن جێبەجێ دەکرێت."

ئەمجا فارسی گەورە وەزیر گەڕایەوە شوێن حەوانەوەی و بۆ سبەینێ چووەوە بۆ لای حەزرەتی سولەیمان کوڕی داود سڵاوی خوایان لێ بێت. حەزرەت رای سپارد:

"ئەی گەورە وەزیر بگەڕێوە بۆ لای "عاسم"ی پاشات و لەوێ بڕۆنە بیابان بە فلانە درەخت دا سەر بکەون. ماوەی نێوان دوو نوێژ بە سەر درەختەکەوە بمێننەوە. دواتر هەست بە هەوایەکی فێنك دەکەن. ئەمجا لە درەختەکە بێنە خوارەوە. دوو ئەژدیها دەبینن. کە

سەری یەکێکیان لە مەیمون و ئەوی دی لە دێو دەچێت. بە رمەکانی دەستتان هەر دووکیان بکوژن. ئەمجا بە درێژی بستێك لە سەریەوە و بستێکیش لە کلکیەوە بیپێوە و ببڕە و فڕێی بدە و ئەوەی دەمێنێتەوە لە گۆشتی هەر دوو مارە ئەژدیهاکە بیبەن و بیکوڵێنن! گۆشتە کوڵاوەکە دەرخواردی ژنەکانتان بدەن. دوای ئەوە پشت بە خوا . سکیان بە دوو کوڕی جوان و زیرەك پڕ دەبێت! "

ئەمجا حەزرەتی سولەیمان سڵاوی خوای لێ بێت بوخچەیەکی هێنا (٢) گۆی زێڕینی تیابوو. دایە دەست فارسی گەورە وەزیر و پێی وت:

"بە ناوی خوای گەورە و مێهرەبانەوە وەریان بگرە و هەر دوو کوڕەکە کە گەورە بوون و بوونە دوو هەرزەکار با هەر یەکەیان گۆیەك بکات بە خۆیەوە. ئیدی پشت بە خوا ئاواتەکانتان دێتە دی و بگەڕێنەوە بۆ وڵاتی خۆتان."

فارسی گەورە وەزیر کەوتەوە رێ کە گەیشتەوە سەر سنووری میسر تەتەری نارد. هەواڵی بە سەلامەتی گەیشتنەوەیان بە پاشا رابگەیەنێت. عاسمی پاشا هەر کە هەواڵی گەیشتنەوەی وەزیر و بە ئاوات گەیشتنی خۆی و وەزیری بیست بە پەلە خۆی و هەندێ لە وەزیرانی چوونە پێشوازیان. کە گەیشتنەوە کۆشکی حوکمڕان فارسی گەورە وەزیر کەوتە باسی نگینی حەزرەتی سولەیمان و بڕوا بوونیان بە خوای تاك و تەنیا. ئەمجا وتی:

"پاشا من ئیسلام بوونی خۆم راگەیاند."

عاسمی پاشای هەر لەوێدا ئیسلام بوو! پاشا فەرمانی پێدا کە ئەمشەو بڕواتەوە ناو ماڵ و منداڵی. تاکو بحەوێتەوە تاکو رۆژی هەینی. دواتر وەرەوە با تەگبیری خۆمان بکەین. فارسی وەزیر کڕنووشی بۆ پاشا برد و خۆی و کۆیلەکانی سەرای دەوڵەتیان جێ هێشت و هەر یەکە و بۆ ماڵی خۆیان چوونەوە.

(٨) رۆژ فارسی وەزیر لە ماڵەوە حەوایەوە. ئەمجا چووە لای پاشا و سەفەرەکەی خۆی بۆ گێڕایەوە و باسی توانا و دەسەڵاتی حەزرەتی سولەیمانی بۆ کرد بە پاشای وت:

"وەرە لەگەڵم."

کە چوونە دەرەوە هەر یەکە و تیر و کەوانیان کردە شانیان چوونە سەر ئەو درەختەی حەزرەتی سولەیمانی کوڕی داود بۆی دیاری کردبوون."سڵاوی خوایان لێ بێت" بێدەنگ بوون تاکو ئەو ماوەیەی حەزرەت بۆی دیاری کردبوون. تاکو نزیکە عەسر چاوەڕێیان کرد. ئەمجا بە درەختەکەدا شۆڕ بوونەوە. کە هاتنە سەر زەوی روانیان دوو ماری ئەژدیها لە ژێر دارەکەوە هاتنە دەرەوە. ئەمجا فارسی وەزیر بە پاشای وت تیرەکەت لە کەوان بخە و نیشانە لە یەکێکیان بگرە. منیش لەوی تریان ئەمجا پێکەوە تیرەکەیان لە کەوان دەرپەڕاند و هەر دوو ئەژدیهاکەیان کوشت. هەر یکە و لای سەری ماری خۆیەوە بستێکی لێ جیا کردەوە و

هەر وەها لای کلکیەوە و فڕێیان دا و لاشەکانیان بردەوە. هەر کەسە و بۆ ماڵی خۆی. بە چێشت لێنەریان وت کە گۆشتی مارەکە بکوڵێنن. دوایی لە رۆندا سوری بکەنەوە و ئەمجا دەرخواردی ژنەکانیان دا.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦١

شەهرەزاد وتی: چێشت لێنەر گۆشتی مارەکانی بردە چێشتخانە و زۆر جوان بە جیا گۆشتی هەر دوو مارەی کوڵان و بە کەرە سووری کردنەوە. هەر کۆمەڵە گۆشتە سوورەوە کراوەی برد بۆ هەر یەکەیان. پاشا دەرخواردی ژنەکەی خۆی دا. لەولایشەوە وەزیر دەرخواردی ژنەکەی خۆی دا. ئەو شەوە لێی نووستن. قەدەری خوا وابوو، سکیان پڕ بوو. تا سێ مانگ پاشا زۆر لە دڵە راوکێدا بوەو. جار جارە لە خۆی دەپرسی: بڵێی . ژنەکەم منداڵێکی ببێت؟!" رۆژێکیان شا ژن لە کۆشکدا لێی دانیشت بوو. کە منداڵەکە لە سکی دا جووڵا شاژن خزمەتکارێکی بانگ کرد و وتی:

"بڕۆ بۆ لای پاشا لە هەر شوێنێك و هەر چەند قەرەباڵغ بوو گوێ مەدەرێ و مژدەی سك پڕی منی پێدە و داوای مژدانەی لێ بکە."

ئیدی کە خزمەتکار هاتە بەردەمی شاژن سەری ماچ کرد و هەرچی خشڵێکی زێڕ و زیوی پێوە بوو دای کەند و بەخشی بە ئەو خزمەتکارە. ئەمجا بەوانی دەورووبەریشی وت:

"هەر کەس منی خۆش دەوێت . با خەڵاتی ئەم کۆیلەیە بکات."

دانیشتوانی کۆشك هەر لە زێڕ و زیوەوە تا ئەسپ و هێستر هێندەیان بەخشی بە کۆیلەکە دەوڵەمەندیان کرد. هەر ئەو رۆژە فارسی گەورە وەزیر چووە لای پاشا و پێی وت:

"گەورەم هەر ئەمڕۆ لە ماڵەوە لەگەڵ ژنەکەمدا بووم کە منداڵەکەی سکی جووڵا! ئیدی منیش بە پەلە و بێ دواکەوتن بەرەو دیوەخانی ئێوە هاتم تاکو مژدەی سك پڕی ژنەکەمت پێ بدەم!! هێندەم خەڵات بەخشیوە بە نۆکەرەکانم کە خۆم هیچم نەماوە . تەنانەت نۆکەرەکەشم کردووەتە گەورە خزمەتکاری کۆشکەکەم."

شا "عاسم"یش وتی:

"ئەی وەزیر خوای گەورە و بە توانا . ئەم نیعمەتەی بە هەر دووکمان بەخشیوە. هەر خۆیشی ئێمەی لە تاریکی دەرهێنا و خستینیە رووناکییەوە! دەمەوێت ئەوانەی لە تاریکی بەندیخانەدان ئازادیان بکەم."

وەزیر وتی:

"به دڵی خۆت بکه."
ئەمجا فەرمانی دا: "وەزیر برۆ  تاوانباران و گوناهکاران ئازاد بکە و خەڵاتیشیان بکە. فەرمان بدە تاکو سێ ساڵ باجی داهات وەر مەگرن لە هیچ هەرێمێکی مەملەکەت و باج و باجگر نەمێنن. فەرمان بدە  شار برازێننەوە.  لە هەر کوچە و کۆڵانێکی شاردا با قەتارەی قابلەمە و مەنجەڵ ببەسترێت و شەو و رۆژێك لە بودجەی مەملەکەت خواردن بۆ خەڵك بکرێت. لە هەموو جۆرەکانی خواردن دروست بکرێت. با ٧ شەو و ٧ رۆژ دوکان و بازاڕ کراوە بن."
وەزیر .پاشای جێ هێشت و سەرداران و گەورە پیاوان و ئەفسەرانی فەرمان پێدا فەرمانەکەی پاشا جێبەجێ بکەن. هاوڵاتیان خۆیان رازاندەوە. ئاهەنگیان گێرا. کە ژنەکان ماوەی سك پڕی خۆیان تەواو کرد و کوڕەکانیان بوو پاشا فەرمانی دا و وەزیر هەرچی ئەستێرەناسان و فەلەکیان و فاڵچیان هەبوو کۆ کرانەوە. تاکو رمڵ لێ بدەن. سەیری چارەنووسی منداڵ بکەن. بۆی تێ بڕوانن! ئەوانیش کەوتنە رمڵ لێدان و کتێب گرتنەوە بۆ کوڕی پاشا .! کەوتنە گفتوگۆ. دواتر رایان گەیاند کە ئەستێرەی شازادە لە رووناکی دایە و ژیانی پڕ لە بەختەوەری. بەڵام لە سەرەتاکانی ژیانیدا کێشەیەکی دەبێت. کە ناوێرین لای پاشای گەورەدا بیدرکێنین! وەزیر پێی وتن:
"بڵێن ..پاشا پەیمان دەدات تووڕە نەبێت و ئارامی خۆیتان پێ دەبەخشێت."
ئەمجا گەورە ئەستێرەناسیان وتی:
"کوڕی پاشا لە لاویدا تووشی ژێر ئاوکەوتن دێت لە دەریادا . ساڵانێك ئاوارە و نامۆ دەبێت و چەندین . کێشە دێتە رێی!! بەڵام دواتر  . سەلامەت و ئاسوودە و بەختیار دەژی! و دەبێتە پاشای مەملەکەت و دادوەرانە حوکمڕانی دەکات."
پاشایش وتی:
"ئێمە پەنامان بە خوا گرتووە  کەس ناتوانێت دەسکاری چارەنووسی کەسێکی دی بکات!!"
کە کۆڕەکە کۆتایی پێ هات وەزیر چووە پێشەوە لە پاشا و پێی وت:
"گەورەم  گەر کوڕەکەی من ببینیت هەر دەڵێی مانگی چواردەیە!!"
پاشایش بە پێکەنینەوە . پێی دەڵێت: جا ئەوە هەر زۆر ئاسانە ژن وماڵەکەت بێنە و لە کۆشکەکەی ئێمەدا ژیان بەرنە سەر  با هەر دوو ژنەکانمان پێکەوە هەر خەریکی بەخێو کردنیان بن. فارسی گەورە وەزیریش ژن  و منداڵەی بردە ماڵی پاشا . هەر دوو منداڵەیان دایە دەست دایەن و پێداویستی یان بۆ دەستەبەر کردن. دوای ئەوەی هەر دوو منداڵەکە "حەوتە"یان چوو. دایەنەکان هێنایاننەوە بۆ لای پاشا و وتیان:

"گەورەم ناویان بنێن."

پاشا وتی:

"کوڕ بابە خۆتان ناویان بنێن . گرنگ نییە بە لامەوە."

ئەوانیش وتیان:

"قوربان پێویستە باوکان ناوی منالآنی خۆیان بنێن!!"

پاشا وتی:

"کەوابوو کوڕەکەی خۆم ناو بنێن "سیف الملوك" و کوڕی گەورە وەزیریش "ساعد".

ئەمجا پاشا دایەنەکان و شیردەرەکانی خەلآت کرد. ئامۆژگاری کردن کە پەروەردەیەکی جوان و نایابیان بکەن تاکو تەمەنیان بووە (٥) ساڵان لای دایەنەکان مانەوە. دواتر پاشا چەند مەلایەکی بۆ بە کرێ گرتن . تاکو فێری نووسین و خوێندنیان بکەن. ساڵان رۆیشت و تەمەنیان گەیشتە ١٠ ساڵان. ئەمجا پاشا هەر دوو منالەکەی دایە دەست سوارچاکان و شمشێربازان . تاکو فێریان بکەن و راهێنانیان پێ ئەنجام بدەن ! ٥ ساڵیش راهێنانیان پێ کرا و فێر کران. کە تەمەنیان گەیشتە ١٥ ساڵان ئیتر بوونە پسپۆڕ لە هەموو بوارەکانی جەنگ و هونەر و ئەدەب و زماندا. هەموو جارێك کە پاشا دەی بینین زۆر دڵی پێیان خۆش دەبوو. کە تەمەنیان گەیشتە ٢٠ ساڵان پاشا دەستی فارسی گەورە وەزیری خۆی گرت و پێی وت:

"ئەی وەزیری دڵسۆزم . نیازمە راوێژت پێ بکەم"

ئەویش وتی:

"گەورەم . بیر و راکانی تۆ پیرۆزن و دەپێکن!!"

پاشا وتی:

"دەبینیت کە بە ساڵدا چووم و تەمەنم تێ پەڕاندووە .! دەمەوێت ئەو چەند ساڵەی ژیانم کە بە دەستمەوە ماوە بە گۆشەگیری و خواپەرستی ببمە سەر ! بە مەزندەی ژیریی خۆم "سیف الملوك"ی کوڕم . ژیر و کارامە و لێهاتوو ، شۆڕە سوار و جەنگاوەر و پاڵەوانە. شارەزا و سەردەرچووە. دەتوانێت دەوڵەت بەڕێوە ببات. بەنیازم بیکەمە جێ نشینی خۆم .! تۆ دەڵێی چی؟"

فارسی گەورە وەزیریش وتی:

"بیرو رایەکی زۆر ژیرانەیە هێندەم بە دڵە وا منیش بڕیارم دا "ساعد"ی کوڕم دەخەمە شوێنی خۆم و وەکو تۆ خۆم خانەنشین دەکەم، ئیدی پێکەوە . دەیگوزەرێنین. هەر کاتێکیش خوا نەکەران . تووشی تەنگ و چەڵەمەیەك بوون ئێمەش دەبینە راوێژکاریان و لە یارمەتی دانیان دریغی ناکەین."

پاشا بڕیاری دا و وتی:

"کەوابوو . بۆ هەموو ئەو هەرێمانەی لە ژێر فەرمانڕەوایی ئێمەدان نووسراوی شاهانە بنێرە و تیایدا پێیان رابگەیەنە کە رۆژی ئەوەندەی کە خۆت دیاری دەکەیت . مانگ لە گۆڕەپانی "فیل" کۆبوونەوەمان هەیە و ئێوە بانگهێشتن."

کە وەزیر پاشای بەجێ هێشت دەم و دەست فەرمانی دا نووسراوی شاهانەیان ئامادە کرد. کە تێیدا هاتبوو رۆژی ئەوەندەی فلاّن مانگ لە گۆڕەپانی "فیل" دەبێت ئامادە بن. بە تەتەردا نووسراوەکە رەوانەی هەموو هەرێمەکانی دەوڵەت کرا. دیسان داوا لە دانیشتوانی پایتەختیش کرا کە ئەوەی پێی دەکرێت با . ئامادەی کۆڕەکە بێت. بۆ رۆژی دیاریکراو مەنجەڵێکی زۆر خرانە سەر ئاگر. خواردنێکی زۆر ئامادە کرا. لە گۆڕەپانی "فیل" سفرە و خوانی پاشا راخرا . وەزیران و پیاوماقوڵان و ئەفسەران و دەوڵەمەندانی شار و هاوڵاتیان . دەستیان بە خواردن کرد. ئەمجا جارچی جاڕی دا دوای تێر بوون کەس شوێنی خۆی جێ نەهێڵێت. پاشا وتارێکتان بۆ دەخوێنێتەوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٢

شەهرەزاد وتی: کە سفرە و خوان هەلگیرا . پاشا رووی تێکردن و وتی:

"هەر ئێستا هەڵدەستم قسەتان بۆ بکەم. هەر کەسێك منی خۆش دەوێت با لە جێگەی خۆی بۆ من هەڵ نەستێت. کە هەستا وتی: خۆشەویستانم ئێوە ئاگادارن کە من بوومە جێ نشینی پاشای باوکم . ئەم پاشایەتیەش هەر بە میراتی بۆمان ماوەتەوە. ئێستاش دەبینن پیر و کەنەفت و بەسالاّچووم. توانام نەماوە پێم باشە. ئەوەندەی تەمەنم بۆ ماوەتەوە بە خواپەرستی ببەمە سەر. بۆ خۆتان دەزانن . کاتی خۆی ئێمە "خۆرپەرست" بووین. رۆژمان کردبووە خوای خۆمان. ئەوە بوو . خوا رێی پیشان داین. لە تاریکی رزگارمان بوو. هاتینە رووناکی ئایینی خوای تاك و تەنیاوە. منیش دەمەوێت خواپەرستی بکەم و گوناهەکانی تەمەنی بێئاگایی رۆیشتووم بسڕمەوە. وا بە ئاگاداریتان "سیف الملوك"ی کوڕم دەکەمە جێ نشینی خۆم. هەر وەکو دەزانن "سیف الملوك" لاوێکی زیرەك و ژیر و بە توانایە دەتوانێت . پارێزگاری دەوڵەت بکات."

شا "عاسم" کە بێدەنگ بوو دانیشتوان هەموو هەستانە سەر پێ یەکێکیان هاواری کرد ئەی پاشای مەزن . ئەگەر تۆ کۆیلەیەکیشت بخستایە سەر تەختی پاشایەتی . ئێمە پەسەندمان بوو، چونکە تۆ بۆت هەڵبژاردووین. جا گەر "سیف الملوك"ی کوڕیشت بێت

ئەوە . زۆر زۆر پەسەندمانە. شا "عاسم کوڕی سەفوان". دواتر لەسەر تەختی شاهانەی هاتە خوار و کوڕەکەی خۆی لە نێوان کۆڕی وەزیران و بەرپرساندا خستە سەر تەختی شاهانە و دەستی برد تاجەکەی سەری خۆیشی داگرت و کردییە سەری کوڕەکەی. وەزیران یەکە یەکە چوونە بەردەمی و کڕنووشیان بۆ برد و متمانەیان پێدا. لە نێوان خۆیاندا . دەیان وت: "پاشایەتی لە خۆی دێت!!"

دواتر شا "سیف الملوك" کەوتە بەخشین و ئازاد کردنی بەندیان و یارمەتی بەخشینەوە بە سەر هەژاراندا. هاوڵاتیانیش نزا و پاڕانەوەی تەمەن درێژیان بۆ کرد. لەولایشەوە فارسی گەورە وەزیر "ساعد"ی کوڕی خستە شوێنی خۆی و خۆیش دەستی لە کار کێشایەوە. هاوڵاتیانیش پێیان وابوو زۆر گونجاوترە کە ساعد گەورە وەزیری شا "سیف الملوك " بێت . ئەمجا فارسی گەورە وەزیر فێستە وەزیریەکەی سەری داگرت و خستیە سەر سەری "ساعد". ئەمجا لە ڕێ و ڕەسمێکی دەوڵەتیدا مێز و کورسی و مۆری گەورە وەزیری درایە دەست "ساعد" گەورە وەزیری نوێ. یەك هەفتە لە شاردا ئاهەنگ گێڕا. شا "عاسم" و گەورە وەزیری پێشوو پێیان وتن:

"وەرن هەر یەکە و دیاری خۆی وەربگرێت."

لە پێشدا "سیف الملوك" سندوقی مۆری شاهانەی وەرگرت. "ساعد"یش شمشێری بەرگری لە مەملەکەتی وەرگرت. دواتر هەر یەکە و بەرەو ماڵی خۆی بووەوە. سیف الملوك سندوقی مۆری شاهانەکەی کە لە ڕێوڕەسمی شاهانەدا پێی سپێردرابوو نەکردەوە و لە تەنیشت نوێنی نووستنەکەی شەوییەوە داینا. خۆی و ساعدی گەورە وەزیر . وا ڕاهاتبوون . کە نوێنەکانیان بە تەنیشت یەکەوە بوو. کە شەو هات "ساعد"یش هاتە سەر جێگاکەی بۆ نووستن. دواتر "سیف الملوك" خەبەری بووەوە. سەیرێکی ئەملاوئەولای خۆی کرد. سندوقەکەی کردەوە. شتەکانی ناوی دەرهێنا. ڕووانی کۆڵوانەیەکی تیایە..! کە لە دیوێکی دا . وێنەی کیژێکی زۆر جوانی لەسەر کێشراوە.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو .. بێدەنگ بوو.

# شەوی ٧٦٣

شەهرەزاد وتی: کە ئەو وێنەیەی بینی هێندەی بەلاوە جوان و شەنگ بوو شێتی بوو ژیری لە دەست داو، بوورایەوە و کەوتە زەوی ! ئەمجا ئەم شیعرەی وت:

| | |
|---|---|
| عیشق لە توانای خۆمان بە دەرە | هەر دەڵێی بەڵای قەزا و قەدەرە |
| شەپۆلی حەزت دەتهێنێ و دەتبات | خۆشییەکی کەم! زۆربەی زەرەرە! |
| زانییام عەشق ئاوایە بەڕاست | بە دوور خۆم دەگرت خۆم لێ دەپاراست |
| زۆر نەزانانە تێکەوتم توومەز | کاتی بۆ نییە وەك کنگر و ماست !! |

سیف الملوك هێندە گریا و سنگی خۆی کوتا تاکو ساعدی گەورە وەزیر خەبەری بوودوە. کە سەیری نوێنەکانی سیف الملوکی کرد چۆڵە و مۆمێکی ژوورەکە نەماوە لە دڵی خۆیدا وتی:

"سیف بۆ کوێ چووە!!؟"

هەستا و کەوتە گەڕان بە ژوورەکاندا. لە گەنجینەکەدا، "سیفی دۆزیەوە. سەیری کرد دەگری و لە خۆی دەدا. ئەمجا لێی چووە پێش و پرسی:

"ئەرێ ئەوە بۆچی لە خۆت دەدەیت؟ چی رووی داوە!؟"

سیف الملوکیش سنگی خۆی دەکوتا و دەگریا. ئەمجا گەورە وەزیر وتی:

"کاکە ئێمە پێکەوە و لەم کۆشکەدا گەورە بووین، ئاخر ئێمە برای یەکین. گەر نهێنی خۆت لای من نەدرکێنیت: ئەی ئیدی کێی ترت هەیە!؟"

کەوتە پاڕانەوە و کڕنووش بردن بۆ سیف الملوك بەڵام بێ سوود بوو ! کە ساعد بۆی دەرکەوت سیف الملوك نایەوێت قسە بکات. زۆر تووڕە بوو قیژاندی بە سەریدا:

"بەو خوایە . گەر قسە نەکەیت . ئا . بەم شمشێرە خۆم دەکوژم!!"

ئەویش کە زانی ساعد بە راستییەتی رووی تێکرد و وتی:

"کاکە گیان ئەوی راستی بێت شەرم دەکەم بۆت بگێڕمەوە."

ئەمجا پێی وت:

"سەیری ئەم "کۆڵوانە"یە بکە ."

ئەویش ماوەیەکی باش سەرنجی وێنەی کچەکەی دا. هێندە جوان و ناسك و نازدار بوو دڵ تێر نەدەبوو لە سەیر کردنی. سەیری کرد لە ژێر وێنەکەدا بە وردە مرواری نووسراوە:" ئەمە وێنەی بەدیعەی کچی شەماخی کوڕی شاروخە کە پاشای جنۆکە موسڵمانەکانە و لە شاری بابل نیشتەجێن. لە ناو رەز و باخەکەی ئارمی کوڕی عادی گەورە"

کە لە خوێندنەوەکە بووەوە "سیف" سێ جاران ئاخی هەڵکێشا!! ساعدیش وتی:

"براکەم خەمی چیتە؟ ئەم "بەدیعە"یە هەر لە سەر زەوی بێت و دەست بیگاتێ دەڕۆم و بۆت داوا دەکەم."

ئەمجا پرسی:

"براکەم خاوەنی ئەم وێنەیە دەناسیت؟!"

سیف وتی:

"نە بە خوا .!"

ئەمجا وتی:

"دە وەرە ئەم نوسینە بخوێنەوە"

سیف هاتە پێش و نووسینی سەر تاجەکەی سەر سەری وێنەکەی خوێندەوە. ئەمجا ساعدی گەورە وەزیر وتی:

"سبەینێ فەرمانی شاهانە دەر بکە بازرگانان، گەڕۆکان، پیشەوەران، سوالکەران ئەوانەی پێیان دەکرێت با بێنە گۆڕەپانی گەورەی شار، ئەمجا وتارێکیان بۆ بخوێنەوە و تیادا داوایان لێ بکە هەر کەسێك ولاتی "ئارمی کوڕی عاد" پێ دەزانێت با یارمەتی دەوڵەت بدات و زانیاریمان بداتێ بەڵکو ئەمە خوایە ئەو ولاتە بدۆزینەوە!!"

ڕۆژی دواتر کە دیوەخانی دەوڵەت پڕ بوو لە وەزیران و پیاوماقولان و گەورە بەرپرسانی دەوڵەت شا "سیف الملوك" بە "ساعد"ی گەورە وەزیری خۆی وت:

"هەستە و بەم کۆڕ و کۆمەڵەی رابگەیەنە کە پاشامان ئەمشەوی رابردوو خەوی لێ نەکەوتووە چونکە حاڵی ناتەواو بوو."

کە شا عاسمی باوکی بەم هەواڵەی زانی چووە هەواڵ پرسینی کوڕەکەی. دواتر ئەستێرەناسان و فالچیان و ساحیران و پزیشکان و زانایانی کۆ کردەوە. ئەو کۆڕە دوای وردبوونەوە و چاودێری کردن و راوێژی نێوان خۆیان چەند دەرمانێکیان بۆ دەست نیشان کرد کە بیخوات و بیخواتەوە. سێ مانگ دەرمانی بە کار هێنا. بەڵام بێ سوود بوو. دیسان شا "عاسم"ی باوکی "سیف" جارێکی دی کۆی کردنەوە و لێیان تووڕە بوو وتی:

"باشە ئێستا چیتان لێ بکەم!!؟ ئاخر چۆن دەبێت پاشاکەی ولاتی خۆتان بۆ چاك نەکرێتەوە!! جا باشە نەتوانن پاشا چاك بکەنەوە . ئیدی نامۆیەکی هەژاری نەخۆش چۆن چاك دەکەنەوە!!؟"

گەورە زانایەکی کۆڕەکە هەستا و وتی:

"گەورەم . ئێمە دریغیمان لە نەخۆشان نەکردووە. چ جای کوڕی بەڕێزتان و پاشای خۆمان! نەخۆشی کوڕەکەت زۆر سەختە گەر بتەوێت نەخۆشییەکەیت پێ دەڵێین."

پاشا پرسی:

"نەخۆشییەکەی چییە؟"

وتی:

"کوڕەکەت کەسێکی خۆش دەوێت کە دەستی مرۆڤ پێی ناگات!! گەر بڕوایش ناکەیت لە "ساعد"ی برای بپرسە . ئەو دەزانێت"

ئەمجا عاسمی باوك رووی کردە ساعد. ساعدیش وتی:

"قوربان پەیمانم بدەرێ دەمبەخشیت!" ئەمجا وتی:" کوڕەکەت عاشقە!"

عاسم پرسی:

"دڵخوازەکەی کێیە؟"

ساعد وتی:

"کچی پاشای پەرییانە! کاتی خۆی کە باوگی گەورە وەزیرت رەوانەی لای حەزرەتی سولەیمان کوڕی داود – سڵاوی خوایان لێ بێت- کردبوو لە گەڕانەوەی دا حەزرەت سندوقێکی بە دیاری دابوو بە باوکم. باوکیشم دیارییەکەی دابوو بە بەڕێزتان دوو رۆژ لەمەوپێش تۆیش پێشکەش "سیف الملوك"ی کوڕت کردبوو. لە نێو ئەو سندوقەدا . کۆڵوانەیەکی تیابوو. لە سەر کۆڵوانەکە وێنەیەکی زێڕینی کیژە شای پەریانی بە سەرەوەیە. کوڕەکەت عاشقی ئەو کیژە بووە!!"

باوکە "عاسم" کە ئەمەی بیست سەری سوڕما!! ئەمجا چووە لای کوڕەکەی و پێی وت:

"کوڕی خۆم . ئێمەی مرۆڤ تواناما‌ن بە سەر پەرییانادا ناشکێ و دەسەڵاتمان نییە وەرە داوای سەدان کیژ بکە . لە هەر شوێنێکی سەرزەوی بێت بۆت دێنم."

سیف الملوك وتی:

"بابە گیان . شەرمم دەکرد باسی بکەم. ئێستاش کە زانیوتە هەوڵ بدە چارەم بکەیت"

باوکە "عاسم" وتی:

"کوڕی خۆم کە ئەو کچە ..مرۆڤ نییە، چارەمان نییە گەر وا نەبووایە پیلانێکم بۆ دادەنا..! دەستم پێیدا دەگەیشت. بەڵام لەگەڵ کچی شای پەرییان هیچم بۆ ناکرێت!!"

ئەمجا وتی:

"کوڕە شیرینەکەم وەرە بدە بەرخۆت و هەستە بڕۆ بۆ دەشت و دەر بۆ راو و شکار خۆت بە خواردن و یاری و مەیدانەوە سەرقاڵ بکە."

سیف الملوك وتی:

"بەخوا . بابە گیان .. هەر ئەو کیژەم دەوێت! کەسی دیم ناوێت!"

باوکە عاسم پرسی:

"جا . چارەمان چییە؟"

سیف وتی:

"بنێره . با . گەرۆکان و بازرگانان هەموو کۆ ببنەوە. پرسیاری "رمزی "ئارم" و شاری "بابل"یان لێ بکه ."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٤

شەهرەزاد وتی: که باوکه عاصم گەرۆکان و گەورە دەریاوان و کەشتییەوان و گەرۆکانی کۆ کردەوە. پرسیاری رمزی "ئارم" و شاری "بابل"ی لێ کردن. کۆڕەکه بێ دەنگ بوون. چونکه کەسێکیان تیا نەبوو ئەو ناوانەی بیست بێت ؟ ئیدی دانیشتن کۆتا بوو. خەڵکەکه بڵاوەیان لێ کرد. ئەمجا یەکێکیان چووە لای باوکه عاسم و کوڕەکەی وپێی وتن:

"گەورەکانم وڵاتی چین وڵاتێکی بەرفراوان و پان و پۆڕ و مەملەکەتی عاجبایەتییە! کاروانێك به دەریادا رێك بخه بەرەو چین. رەنگه به ئاواتی خۆتان بگەن."

باوکه عاسم و کوڕەکەی رۆژی دواتر کەوتنه بیر کردنەوە لەم ئامۆژگاریە! باوکی وتی:

"کوڕی خۆم تۆ له سەر تەختی پاشایەتی حوکمڕانی خۆت بکه. من پاپۆڕ ئامادە دەکەم و دەچمه چین. دەگەڕێم پشت به خوا . هەواڵی خۆشت بۆ دێنمەوە."

سیف الملوك وتی:

"بابه گیان، ئەو کێشمیه . کێشەی خۆمه. چۆن دەبێت تۆ سەفەر بکەیت!؟ بابه گیان تۆ رێی من بده . من ئەو سەفەرە دەکەم و به وردی وەدووی هەواڵی ئەو کیژە دەکەوم و ئەو رمز و وڵاته گەر به ئامانج گەیشتم ئەوا . سوپاس بۆ خوا .! گەر هیچیشم دەست نەکەوت ئەوا گەشتەکەم دەبێته هۆی دڵگرانەوە و خەم رەوانەوەم."

باوکه عاسم که زانی کوڕەکەی سوورە له سەر گەشت کردن وتی:

"زۆر باشه کوڕه شیرینەکەم خوا پشتیوانت بێت"

ئەمجا . پاپۆڕیان ئامادە کرد خواردن و خواردنەوە و پێداویستی گەشتیان تێ برد. باوك و دایکی خواحافیزیان لێ کرد و کەوته رێ. چەند مانگ و هەفته بەڕێوە بوون. تاکو خوا یارمەتی دان و گەیشتنه وڵاتی "چین". کاتێ پاشای وڵاتی چین هەواڵی پێدرا . که پاپۆڕێك و (٤٠) کەشتی پڕ به چەك و سەرباز و شتومەك هاتوونه سەر سنوورەکەی کەوتنه خۆیان و "مەنجەنیق" و جبەخانەی جەنگیان ئامادە کرد. که سیف الملوك زانی سوپای چین ئامادە باشی جەنگن. تەتەری نارد و رایسپاردن پێیان بڵێن:

"ئەم کەشتیانە هی شا "سیف الملوك"ی شا "عاسم"ە بۆ گەڕان هاتوون نەکو بۆ جەنگ . گەر ڕێمان دەدەن لە وڵاتەکەتان لا دەدەین. گەرنا دەگەڕێینەوە دواوە ؟"

کە تەتەر گەیشتە دەروازەی دیواری چواردەوری شار رای گەیاند کە لە لایەن "سیف الملوك" شاوە نێرراوە. کردیانە ژوورەوە. بردیانە لای پاشاکەی خۆیان کە ناوی "فەغفور" شا بوو. "عاسم"شای دەناسی .! کە زانی ئەو ٤٠ کەشتییە سەربازیانە . لە لایەن کوری شا "عاسم"ەوەن. تەتەرەکانی خەڵات کرد و وەزیرانی لەگەڵ خۆی بردە پێشوازیان. ئەمجا بەخێری هێنان رووی کردە سیف الملوك شا و پێی وت:

"بەخێرهاتن من بچوکتانم و لە خزمەتی خۆت و باوکتدام .داوای هەر چییەك بکەن بۆتان ئامادە دەکرێت."

شوێنی حەوانەوەیان بۆ ئامادە کرا و خواردن و خواردنەوەیان بۆ دابین کرا. تاکو (٤٠) رۆژ لە میوانان نەپرسرا هەر خەریکی میوانداری سیف الملوك بوون. ئاهەنگ گێڕان و مەی خواردنەوە و گۆرانی و سەما کردن بوو. دواتر شا فەغفور پرسی:

"برازا ئێستا چۆنیت و لە چیدایت؟ خوازیارین مەملەکەتی ئێمەت بە دڵ بووبێت!"

سیف الملوك لە وەڵامدا وتی:

"خوا پایەدارت بکات! مەملەکەت بە پاشای وەکو تۆوە جوانە."

ئەمجا شا فەغفور پرسی:

"دیارە بۆ کارێك هاتوویت . هەر چیەك بە ئێمە دەکرێت.. ئامادەین"

سیف الملوك شا وتی:

"قوربان . داواکەی من سەرسوڕهێنەرە! وێنەی کچێکم بینیوە . کە ناوی "بەدیعە"یە هاتوومە داخوازی ئەو کچە!"

شای چینیش بۆی گریا ئەمجا پرسی:

"جا . دەتەوێت من چیت بۆ بکەم؟"

سیف الملوك شا وتی:

"دەمەوێت .هەرچی گەورە بازرگانان و گەرۆکانی وڵات هەیە . کۆیان بکەیتەوە تاکو پرسیاری ئەم کچەکەیان لێ بکەم. بەڵکو ئەمە خوایە یەکێکیان زانیاری دەربارەی هەبێت!!"

فەغفور شا . فەرمانی بە جارچیان دا . مەملەکەت دەنگ بدەن . با گەورە بازرگانان و گەرۆکانی وڵاتان ئامادەی کۆڕی پاشای مەملەکەت ببن. رۆژی دواتر خەڵکێکی زۆر کۆ بووەوە. ئەمجا شا فەغفور قسەی بۆ کردنو دواتر پرسیاری شاری "بابل" و "رەمزی ئارم"ی لێ کردن. ئامادە بووان بێدەنگ بوون .! کەس ئەو وڵاتە و رمز و باخەکەی . نەبیست بوو!!

ئەمجا کە خەڵکەکە بڵاوەیان لێ کرد کەشتییەوانێك هات کڕنووشی بۆ فەغفور شا برد و پێی وت:

"پاشام . پێم باشە کەشتی گەلێك رێك بخەن و روو بکەنە دوورگەکانی هیند."

بۆیە شا فەرمانی دا. دوای چەند رۆژێك کۆمەڵە کەشتییەك ئامادە کرا . خواردن و خواردنەوەی لێ بار کرا چەندین سەرباز سوارکرا. "سیف الملوك" و "ساعد"ی گەورە وەزیری سوار بوون و کەوتنە رێ شنەی بای دەریا لە بار بوو. ٤ مانگ لە سەفەردا بوون بە سەر دەریاوە رۆژێکیان ئاسمان بووە هەور و رەشەبا لە هەموو لایەکەوە بایەکە هێندە توونـد بوو. کەشتییەکانی پێکدادا هەموویان تێك و پێك شکان. قەدەری خوا وابوو. سیف الملوك و چەند کۆیلەیەکی خۆیان کردبوو بە ئاگردانی کەشتییەکەدا. رزگار بوون و دوای هێور بوونەوەی رەشەبا و نەمانی بارانەکە بە خۆیاندا هاتنەوە. سیف الملوك پرسی:

"ئەی ئەوانی لەگەڵمان بوون چیان لێ هات. ساعدی برام کوا؟"

کەوتە لە خۆدان. کۆیلەیەك وتی:

"قوربان سەرنشینان هەموویان نقووم بوون ئێستا بوونەتە پارووی نەهەنگەکانی ئەم دەریایە .!! کەشتییەکان تێك و پێك شکان و نقووم بوون"

ئەمجا سیف الملوك کەوتە لە خۆدان و گریان.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو .. بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٥

شەهرەزاد وتی: کۆیلەیەکیان دەستی گرت تا لە خۆی نەدا. پێی وت:

"لە خۆدان سوودی نییە. بۆچی بە قسەی باوکت نەکرد!؟ ئەوە بوویتە هۆی ئەم کێشەیە و تیاچوونی ئەو هەموو کەسە و براکەیشت! بەڵام ئەمانە چارنووس بوون و کاری خوا بوون! بە کەس نەدەگۆڕا!! کاتی خۆیشی ئەستێرەناسان . ئەم کارەساتەیان بە باوکت وتبوو کە بە سەر تۆ دێت. دەڵێن بە باوکتیان وتووە:

"کوڕەکەت . تووشی ناڕەحەتی دەبێت . ئێمەش لە ئارام گرتن بەولاوە . هیچمان پێ ناکرێت تاکو خوا خۆی رزگارمان دەکات"

سیف الملوك وتی:

"لاحول و لاقوه الا بالله العلی العظیم" ئەمجا وتی:

ئای دڵەڕاوکێی بیری جەڕیووم — سەراسیمەم و خەو لێ تەریووم
چۆن من دەتوانم: جێ بە خۆم بگرم؟ — بەرگەی ئاگرم و هەر زوو بەزیووم

ئەمجا کەوتە دەریای بیر و لێکدانەوەوە. دواتر سەعاتێك لێی نووست. کە هەستا داوای خواردنی کرد. نانیان بۆ دانا. دوای تێر بوون پرسی:

"ئێستا لە کوێین؟"

وتیان:

"خۆمان داوە بە دەم باوە! کەس نازانێت دەگەینە کوێ؟"

هێندەیان زانی دوورگەیەك دەرکەوت ! هەموویان دڵیان خۆش بوو. سیف الملوك بۆ ئەوەی بزانێت خوا چی لە نێو چاوان نووسیوە لەتەکەشتییە شکاوەکەی بەرەو کەنار برد. ئەمجا کۆیلەیەکی بە دیار کەشتییە شکاوەکەوە دانا و لەگەڵ کۆیلەکانی تردا لە کەنار دەریا دابەزین و کەوتنە گەڕان. دارەکان بە میوە بوون! ئاوی کانیاوەکان سازگار بوون. ئەوانیش خۆیان تێر کرد. پیاوێکی ریش سپی دەم و چاو درێژ کۆڵە کە لە ناو درەختەکاندا بوو یەکە یەکە کۆیلەکانی بە ناوی خۆیانەوە بانگ دەکرد و پێی دەوتن:

"لەو میوانە مەخۆن نەگەییون وەرن بۆ لای خۆم میوەی گەییوتان بدەمێ!"

کۆیلەیەك سەرنجی دا و لە دڵی خۆیدا وتی:

"رەنگە ئەمە لەوانە بێت . کە لە کەشتییەکاندا نقووم بوون."

زۆر دڵی خۆش بوو. لێی نزیك بووەوە هێندەی زانی پیرە قەلەمبازێکی هەڵدایە سەر کۆڵی و قاچێکی لە ملییەوە ئاڵان و قاچەکەی تری بە پشتی دا شۆڕ کردەو ئەمجا پێی وت:

"برۆ دەی . بوویتە کەری من و هەرگیز لە کۆڵت نایەمەوە خوارەوە چونکە من "دێو"م ! ئەویش بە گریانەوە بانگی هاوڕێکانی کرد:

"لەم دارستانە بڕۆنە دەرەوە چونکە خەڵکەکەی خۆیان بۆتان مەڵاس داوە. دەتان گرن و وەکو من سواری کۆڵی دەبن."

دێوەش کۆیلەکەی ژێری غاردا بەرەو ئەوانی تر ئەوانیش بە پەلە خۆیان گەیاندەوە لەتە کەشتییە شکاوەکە. دیجووەش بە سواری کابراوە دەیوت:

"مەڕۆن . ئێمە تێرتان دەکەین و ئێوەش ببنە کەری ئێمە!"

هەر کە ئەمەیان بیست کەوتنە سەوڵ لێدان و خۆیان دایە پەنای خوا و رۆیشتن. یەك مانگ بەڕێوە و لە ناو دەریادا بوون و بە کولەمەرگی دەژیان. دوورگەیەکی تریان بینی و چوونە کەنار و دابەزین. دوورگەکە پڕ بوو لە درەختی بەردار و ئەوانیش خۆیان بە میوە تێر کرد. سەیریان کرد شتێك لە دوورەوە بریسکە دەداتەوە ! بۆی چوون کە سەیریان کرد کۆڵەکەیەکی زیوینە و بریسکە دەداتەوە و لەو سەر زەوییە. کۆیلەیەك نووکی پێی تێوە ژەند شتە درێژە بریسکە دارەکە گیانلەبەر بوو. گوێیەکی لە ژێر سەردا و گوێیەکی دی دابووەوە بە دەم و چاویدا..! هەر کە خەبەری بووەوە بە نووکە پێیەکە . راست بووە و

باوەشی بە کۆیلەدا کرد و بردی و رۆیشت تۆمەز . دوورگەکە پڕ لە غۆریلای پیاوخۆرە !
کۆیلە فڕێنراوەکەش . هاواری دەکرد  ئێرە دوورگەی غوولەکانە و مرۆڤ خۆرن. بڕۆن و خۆتان رزگار بکەن .! ئیتر فریای میوە کۆ کردنەوەش نەکەوتن ! لەو دوورگەیەش هەڵاتن و سواری پارچە پاپۆڕە شکاوەك بوونەوە و کەوتنەوە سەوڵ لێدان، بە ناو دەریادا.

چەند رۆژێك لە دەریادا بوون. دوورگەیەکی تریان بینی زۆر دڵیان خۆش بوو. سەوڵیان بەرەو کەنار لێدا. کە گەیشتن پارچە پاپۆلارە شکاویان بەستەوە و دابەزین و کەوتنە گەڕان و میوە خواردن و بە دارەکاندا هەڵگەڕان . تاکو خۆیان تێر کرد. ئەمجا کێویکیان بینی. بڕیاریان دا  بە سەریا سەر بکەون. کە چوونە سەرەوە پیاوێکیان بینی زۆر درێژ بوو. لە سەر لبادێکی رەش دانیشتبوو. لەولاترەوە قولەڕەشێکیان بینی  تا بڵێی درێژ و دانەکانی وەکو شفرەی فیل . بە سەر لێوەکانیاندا درێژ بووبوونەوە. هەر کە ئەمانیان بینی زۆر خێرا بۆیان هاتن و چوار دەوریان گرتن و بە قۆڵبەستراوی بردینان بۆ لای پاشاکەیان. پێیان وت:

"پاشامان . ئەم باڵندانانەمان لە نێو دارستانەکەدا . دۆزیوەتەوە .!"

پاشاش وتی:

"برسیمە . ئێوە جارێ دوانیانم بۆ ببرژێنن ئەوانیش ملی دوو کۆیلەیان گرت و بردیانن.
ئێمەش کە ئەمەمان بینی زۆر ترساین! قولەرەشەکانی تریش چواردەوری ئێمە و سیف الملوکیان گرتبوو. سیفیش وتی:

چاڵ بوونی چاوم دەستکردی خەمە . پیاو چاك هەزار بێت هێشتاکو کەمە

خەڵکی ئالوودەی "یەك" خەمە و منیش  وەك مامە خەمە: بە تەغار هەمە

کە پاشای قولە رەشەکان گوێی لەم لاوانەوەیە بوو دەنگی ئەم باڵندانەی بە دڵ بوو.
بۆیە فەرمانیدا هەر یەکە و قەفەزێکی جوانی لە داری تووند و تۆڵ بۆ دروست بکرێت و تێی بکرێت. رۆژانە خواردنی خۆیان بۆ ئامادە بکرێت. قولە رەشەکان فەرمانی پاشایان جێبەجێ کرد و هەر یەکەیان خستنە قەفەزێکی لە قەدی دار دروستکراوی تۆکمەوە. ریزیان کردن کە سیف الملوك و ئەوانی دی قسەیان دەکرد پاشا دەنگیانی زۆر پێخۆش بوو. ئەم پاشایە کچێکی دابوو بە شوو لە دوورگەیەکی نزیك خۆیان. کچەکە هەواڵی باڵندە سەیرەکانی باوکی بیست بوو. چەند کەسێکی نارد و داوای چەند باڵندەیەکی لە باوکی کرد. پاشای قولە رەشان هەر بە ئەو کۆمەڵەدا، کە کچەکەی ناردبووی (٤) باڵندەی بۆ نارد. کە سیف الملوك و سێ کۆیلەی تر بوون. رەوانە کران.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٦

شەهرەزاد وتی: کە شازادەی کچی شای قولەڕەشان (٤) باڵندەکەی گەیشتە لا . بە وردی سەرنجی دان کە گوێی لە گفتوگۆی نێوانیان گرت دەنگیانی بەلاوە زۆر خۆش بوو. ئەم شازادەیە زۆری خۆش دەهات لە خەڵکانی وڵاتی میسر. ساڵانێك ناردبووی خەڵکی میسریان بۆ هێنابوو. زمانیان فێر ببوو. کە سیف الملوك و سێ کۆیلەی بینی دڵی پێیان دەکرایەوە. فەرمانی دا (٤) قەفەزەکەیان بە پشتی کورسییەکەی دیوەخانیدا هەڵواسی ! سیف الملوك دەگریا و خۆی دەلاوانەوە .! بیری لە خۆی دەکردەوە کە چۆن خۆی تووشی دەردەسەری کرد. ئێستاش بە باڵندەی دەزانن و لە قەفەزیان کردوون !. (٤) ساڵی ڕەبەق ئەمە حاڵیان بوو. سیف الملوك هێندە جوان و قەد و باڵا ڕێك و قۆز بوو شازادە حەزی لێ کرد .! بۆیە زۆری لەگەڵدا خەریك بوو . بەڵام بێ سوود بوو! سیف الملوك هەموو جارێك دەیوت:

"من شوێن عەشقی کچێکی دی کەوتووم و سەرم هەڵگرتووە. چۆن دەبێت تۆم خۆش بوێت!؟"

شازادە زۆر تووڕە بوو. فەرمانی دا لە قەفەزەکان دەریان بێنن ڕۆژانە بیان بەن بۆ داربڕین! کاریان پێ بکەن ماندوویان بکەن. قولە ڕەشەکان فەرمانەکەیان جێبەجێ کرد. پاش ماوەیەك سیف الملوك زۆر ماندوو کەم وڕە بوو! بۆیە . بە کۆیلە ڕەشەکانی وت:

"لای شازادە بۆی بپاڕێنەوە! بەڵکو ئازادیان بکات"

کە کچە پاشای قولەڕەشان بەمەی زانی سیف الملوکی بانگ کرد و پێی وت:

"من هەر لەسەر پەیمانەکەی خۆم ماوم! گەر دەێیتە باخەڵم ئەوا . هەمووتان ئازاد دەکەم و بە وڵاتی خۆتان شاد دەکەمەوە. سیف الملوك دیسان خۆڕاگرانە پەسەندی نەبوو دانیشتوانی دوورگەکە هەموویان ئەم (٤) کەسەیان دەناسی و پێیان دەوتن باڵندەکانی شازادە!! کچە شای قولەڕەشانیش خەمی ون بوونی نەدەخواردن. دەیزانی دەرچوونیان نییە لە دوورگەکە و هەر کاتێك داوای کردنەوە دانیشتوانی دوورگەکە بۆی دێننەوە! بۆیە بە دوو ڕۆژ و سێ ڕۆژ نە دەگەڕانەوە . کۆشکی شازادە. داریان دەبڕی و دەیان هێنایەوە ماڵی شازادە. بە ئارەزووی خۆیان دوورگەکە دەگەڕان.(٥) ساڵی ڕەبەق لەو دوورگەیە مانەوە .! سیف الملوك هێندە لە ژیانی بێزار ببوو پێی وتن:

"تاکو کەی بەم شێوەیە بە کۆیلەیی و ماندووبوونی داربڕین ژیان ببەینە سەر!؟ وەرن با . هەڵ بێین."

کۆیلەیەکیان وتی:

"شتی وا نابێت و ناکرێت. چونکە دانیشتوانی ئەم دوورگەیە هەموو "غۆریلا" و "پیاوخۆرن"!! بمان دۆزنەوە گەر نەمان دەنەوە دەست شازادە ئەوا دەمانخۆن! ڕێگای

دەرچونیشمان نییە لەم دوورگە لەعنەتیە ئـەمجا . چارەنووسی خۆمانـە و لـە نێوچاوانمان نووسراوە!! ئیدی بۆچی بگیرێین؟ خـۆ . ئەگـەر نەشخورێین . ئـەوا دەمانبەنـەوە بـۆ کـچە پاشا .! ئەویش هێندەی تر . لێمان تووڕە دەبێت.

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٧

شەهرەزاد وتی: سیف الملوك وتی:

"کارێك دەکەم . بەڵکو خوا لەم دوورگەیە رزگارمان بکات"

پرسیان:

"چی دەکەیت!؟"

وتی:

"داری درێـژ دەبـڕین توێکڵـەکانیان لـێ دادەمـاڵین. دارەکـان بـە تەنیـشت یەکـەوە ریـز دەکەین و لە توێکلەکانیشیان گوریس دروست دەکەین و دارەکانی بە یەکەوە پێ دەبەستین. داری درێـژی سـەرپانیش دەتاشـین و چـەند "سـەوڵ"ێکـی لـێ دروسـت دەکـەین .! ئـەمجا دەیخەینـە دەریاکـەوە و خۆمـان دەدەینـە دەسـت خـوا و سـەوڵ لـێ دەدەیـن. بەڵکو خـوایش یارمەتیمان بدات و "با"ی پاڵنەری یارمەتی دەرمان بۆ هەڵ بکات. بەڵکو ئەمـە خوایـە لـەم شازادە نەفرەت لێکراوە رزگارمان بێت"

کۆیلەکان ئەمەیان بە دڵ بوو . بە خۆشحاڵییەوە چوونە کـەنار دەریـا و دەستیان کـردە داربڕین و لە توێکڵ داماڵین ئێـوارانیش هـەر یەکـە و بـە کۆڵێـك دارەوە بـۆ مـاڵی شـازادە . دەگەڕانەوە. چەند رۆژێك کاریان کرد. تاکو داربەستەکەیان تەواو کرد و خستیانە دەریـاوە. دوای ئەوەی میوەیـەکی زۆریـان لەگـەڵ خۆیـان هـەڵگرت بـۆ رێگایـان هـەر (٤) کەسـەکە بـە نهێنی کارەکەیان کرد و نەیان هێشت بوو کەس بزانێت. ئەو رۆژە چاوەڕێیان کرد. تا ئێوارە کە تاریك داهات. پشت بە خوا سوار بوون و کەوتنە سەوڵ لێدان. (٤) مانگی رەبەق بە سەر ئاوی دەریاوە بوون. هەر چەندە میوەکان زۆر بوون، بەڵام بەرگـەی نـەگرت. سـیف الملوك و کۆیلەکان . زۆر برسی و ماندوو بووبوون. رۆژێکیان هێندەیان نەزانی نەهەنگێك سەری لە ئاوەکە دەرهێنا و پەلاماری دان و کۆیلەیەکی برد و خواردی. کە ئەوانی تر ئەم کارەساتەیان بینی زۆر ترسان. سیف الملوك دەستی کردە گریان و لەبەر خۆیەوە دەیوت:"لاحول و لا قـوە الا بالله العلی العظیم."

دوای چەند ڕۆژێکی تر بە هەمان شێوە نەهەنگەکە شاتاوڵی بۆ هێنان و کۆیلەیەکی تری فڕاند و خواردی. چەند ڕۆژێکی دی بە سەر دەریاوە بوون لە پڕێکدا . شاخێکیان بینی. هەر دووکیان دەستیان کردە قیژە قیژ و هاوار کردن لە کاتێکدا سەرقاڵی سەوڵ لێدان بوون. ئاوی دەریا کەوتە شەپۆل و جووڵە. کە سەیریان کرد نەهەنگێك پەیدا بووەوە و پەلاماری سیف الملوك و کۆیلەکەی دا قەپاڵی بە کۆیلەکەدا کرد و بردی و خواردی. سیف الملوك زۆر بە داخ بوو بۆ ئەو کۆیلەیە. بە دەم گریانەوە و بە سەر داربەستەکەوە دەی قیژاند خۆ هێندەمان نەمابوو بگەینە کەناری شاخەکە .!! کە گەیشتە کەنار داربەستەکەی بەستەوە و خۆی بە لاپاڵەکەدا سەرکەوت. دارودرەختێکی زۆری بینی. چووە ناوەوە و دەستی کرد بە میوە خواردن و خواردنەوەی ئاوی کانی. کە سەری بڵند کرد. زیاتر لە (٢٥) مەیموونی زەبەلاحی بینی . کە هەر یەکەیان بە هێندەی "هێستر"ێك دەبوو!!

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بووە . بێدەنگ بوو.

## شەوی ٧٦٨

شەهرەزاد وتی: کە سیف الملوك مەیموونە زەبەلاحەکانی بینی زۆر ترسا . ! هەر هێندەی زانی مەیموونە زەبەلاحەکان لە دارەکان هاتنە خوارەوە و ئەم لاولای "سیف"یان گرت. چەند دانەیەکیان پێشی کەوتن و ئەوانی تر پاڵیان پێوەنا ڕۆیشتن تا گەیشتنە قەڵایەك. مەیموونەکانی پێشەنگ چوونە ناو قەڵاکەوە و "سیف" بە دوایانەوە. کە سەیری کرد پڕە لە شتومەکی نەختینەی لە زێڕ و زیو دروست کراو .! کەمێکی دی ڕۆیشتن لاوێکی تا بڵێی منداڵ کە هێشتا مووی لێ نەهاتبوو، زۆر کەڵەگەتی بینی!! سیف هەر لە خۆیەوە ئەولاوەی خۆش ویست..! لاوەکە سیف الملوکی بەخێر هێنا. لێی پرسی:

"ناوت چییە؟ لە کوێوە هاتوویت؟ چۆن گەیشتیتە ئێرە!؟ تکایە هیچم لێ مەشارەوە!"

سیف دوای وەڵام دانەوە وتی:

"بڕوا بکە بە ئارەزوو و ویستی خۆم نەهاتووم! بەڵام دەگەڕێم تاکو بە ئاواتی خۆم دەگەم."

لاوەکە پرسی:

"ئاواتەکەت چییە؟"

سیف الملوك ناوی خۆی پێ وت . وتی:

"کوڕی شا "عاسم"ی کوڕی "سەفوان"م لە وڵاتی میسرەوە هاتووم."

ئەمجا لەو کاتەوە دەرچووبوو بۆ سەفەر تاکو گەیشتنی بە ئێرەی بۆ گێڕایەوە. ئەمجا لاوەکە دەستی بۆ بە سنگەوە گرت و وتی:

"ئەی پاشای زەمان . من کاتێك لە میسر بووم بیستبووم تۆ سەفەری میسرت کردووە! بە ڕاستی ئەم کارەت سەرسوڕهێنەرە !"

سیف وتی:

"ڕاست دەکەیت بەڵام لە وڵاتی "چین"یشەوە سەفەرم کرد بۆ هیندستان بەڵام با و بارانێك لە دەریادا هەڵی کردە سەرمان هەر مەپرسە! هەرچی ئەو کەشتیانەی لەگەڵم بوون . هەموویان تێك شکان! ئەوە بوو بە هەزار ناڕەحەتی گەیشتمە ئێرە .!"

لاوەکە وتی:

"ئەی شازادە ئەوەی بە سەرت هات . ڕۆیشت سوپاس بۆ خوا کە گەیشتیتە ئێرە لای من بمێنەوە. ئەم دوورگەیە لە ژێر حوکمی مندایە و پێکەوە دەبین . هەر چی شتێکت بوێت . لێرە بۆت ئامادە دەکەن. دواییش ببە بە جێ نشینی من."

سیف الملوکیش وتی:

"قوربان . من جێ بە خۆم ناگرم .! هەموو دنیا دەگەڕێم بێ دەنگ نابم یان بە ئاواتی خۆم دەگەم . یان دەمرم و ماندوویەتیم دەردەچێت!"

لاوەکە بە ئیشارەت مەیمونێکی بانگ کرد . مەیمونە هات و کڕنووشی برد و ڕۆیشت دوای کەمێك خۆی و چەند مەیمونێك کە هەر یەکەیان پارچەیەك ئاوریشمیان بە کەمەرەوە بوو هاتن. سفرە و خوانیان ڕازاندەوە. ئەمجا چەندین قاپی خواردنیان هێناو لاوە و سیف الملوك تێر و پڕیان خوارد. ئەمجا مەیمونەکان بە چەندین قاپەوە گەڕانەوە کە هەر یەکەیان پڕ بوو لە زێڕ و زیو. دواتر (٤٠) جۆر "مەی" و "شەراب"یان هێنا پیاڵە و پەرداخی زێڕین دانرا. لەو کاتەدا کە ئەمان دەیان خواردەوە مەیمونەکان سەماو یاری و پاڵەوانبازیان بۆ دەکردن. کە سیف ئەمەی بینی . هێندە پێکەنی و خەیاڵ بوو . خەم و نەگبەتی خۆی بیر چووەوە.

بۆ شەو دوای نان خواردن و میوە خواردن . نوێن ڕاخرا لە هۆڵێکی گەورەدا . کە پەنجەرەکانی بە سەر دەرەوەدا دەیڕوانی . لاوەکە و سیف الولك لە سەر نوێنی خۆیان نووستن بەیانی کە خۆر هەڵهات . لاوەکە "سیف الملوك"ی هەستان و وتی:

"لەو پەنجەرەوە سەیرێکی دەرەوە و ژێر پەنجەرەکە بکە. کە سەیف سەیری دەرەوەی کرد و سەری دەرهێنا مەیموونێکی زۆر زۆری بینی .! کە سەری پاشایان لە پەنجەرەکەوە بینی کڕنووشیان بۆ برد . سیف پرسی:

"ئەمە چییە!؟"

لاوەکە وتی:

"بەیانیان لە هەموو شوێنێکی دوورگەوە مەیمونەکان دێن بۆ ئەوەی بم بینن کڕنووشم بۆ دەبەن. ئەمجا دەڕۆنەوە هەندێکیان دوو سێ رۆژ بە رێوە دەبن تا دەگەنە ئێرە هەموو شەموانێك ئەمە پیشەیانە."

شەهرەزاد هەستی کرد شەو درەنگ بوو .. بێدەنگ بوو.







@Muhammad N Hassan







زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان ٢٠